بەرگی 1

لە بیرەوەرییەکانم

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کەریم حیسامی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

لەبیرەوەرییەکانم

بەرگی یەکەم

لەمنداڵیەوە تا ساڵی ١٩٥٧

لەبیرەوەرییەکانم

بەرگی یەکەم

لەمنداڵیەوە تا ساڵی ١٩٥٧

کەریم حسامی

لەبیرەوەرییەکانم
بەرگی- یەکەم
لەمندالّیەوە تا ساڵی ١٩٥٧
کەریم حسامی
دەرهێنانی هونەری : خەلیل هیدایەت مام شێخ
بەرگ:
تیراژ : (١٥٠٠) دانە
نرخ: (٤٠٠٠٠) دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان /هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٦٧٤) ی ساڵی ٢٠١٨ ی دراوە.

ئەم نووسەر و پیاوە مەزنانە کەدەبوایە بیرەوەری ژیان و بەسەرهاتیان بنوسزێتەوە بەڵکو بەو مەبەستە بوو کەنەتەوەکەم لەژیان و بەسەرهاتی کوڕە جوتیار و زەحمەتکێشێکی کورد ئاگاداربێ و لەپەنا بیرەوەرییەکانی دا لەگۆشەیەکی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەی بۆ ئازادی و رزگاری لەسااڵەکانی دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە شارەزابێ. ئەز نامەوێ مێژوو بنووسم و لەتواناشم دا نییە. من سەرگوزەشت و ژیان و بەسەرهاتی خۆم دەنووسمەوە. لەبەرئەوە لەسەرەتای پەیدابوونی چوزەرەی خەباتی گەلەکەمان لەکوردستانی ئێران و لەتەمەنی ٢٠ ساڵیەوە لەنێو بەزم و گێرە و کێشەدا بووم وێ دەچێ خوێنەری بەڕێزی کورد بەخوێندنەوەی ئەم بیرەوەریانە گەلێك کەلێن و قوژبنی خەباتی گەلەکەی بۆ روون بنەوە. دیارە لەسەرەتاوە زۆر شتم یادداشت نەکردووە و زۆر شتیشم لێ وون بووە. وەك دیفاعیاتی خۆم لەدادگای نیزامی دا کەبەخەتی یوسفی ریزوانی نووسرا بۆوە. گەلێك بەسەرهاتیشم لەبیر نەچوونەوە و لێرەدا باسیان کراوە. لەبەشی رووداوە سیاسییەکاندا هەوڵم داوە هیچ شتێکی ناڕاست و دوور لەواقعیەت نەنووسم.

هیوادارم ئەم بیرەوەریانە بۆ خوێنەری بەڕێزی کورد تام و چێژی خۆی هەبێ و ئەگەر هەڵە و چەوتێکیشیان بەرچاو بکەوێ بەگەورەیی خۆیان لێم ببوورن.

٢١ی سەرماوەزی ١٣٦٣– ١٢ دیسامبەری ١٩٨٤

کەریمی حسامی

بەشی یەکەم

سەردەمی منداڵی و خوێندنی ناتەواو

وەك باوكم بەدابی كۆنی خوێندەواری كورد لەپشتی قورعان نووسیویە و لەپێناسم دا تۆمارکراوە. رۆژی ١٩ بەفرانباری ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی ٩ی مانگی ژانویەی ١٩٣٦ی زایینی لەگوندی (بەیرەم) ناوچەی مەنگوڕی مەهاباد لەخێزانێکی وەرزێر و دیندار لەدایك بووم. ئەوەندەی خۆم لەبیرمە قەت دەوڵەمەند و دەست رۆیشتوو نەبووین. بەڵام وەك بیستوومە ماڵە باپیرەم (عەوڵای خدرە هاری) دەوڵەمەندێکی قورسی گوندی قزڵجە بوون. خاوەنی مەڕ و ماڵات و تاوڵ و چیخ و هەوار و بانەمەڕ و مەزرا و جووت و گا و خەڵە و خەرمانی زۆر بوون.

وەك باس دەکەن کاتێك پایزان تاوڵی ماڵە باپیرەم لەکوێستانی چەکچ و مالوك هاتۆتەوە خوار هیچ ماڵێکی قزڵجە نەبووە کەروون و ماست و پەنیری ماڵە باپیرمی بۆ نەچووبێ. دەڵێن هەرکەس بۆ پێداویستی و داخوازیەك چووبێتە ماڵە باپیرەم بەناهومێدی و بەدەستی بەتاڵ نەگەڕاوەتەوە.

بابم (میرزا حامید) پیاوێکی خوێندەوار و بەسەلیقە و تێگەیشتوو لەنێو خەڵك دا خاوەنی قەدر و ڕێزێکی تایبەتی بوو. مامۆستا هێمن شاعیری بەرزی کوردستانی دەڵێ: (میرزا حامید تاقە کەسێك بوو کەشێخە الاسلامی باوکی لەبەری هەڵدەستا). ئەوەی من لەبیرمە بابم میرزا و کاریەدەستی مینئاغای قزڵجە بوو. مینئاغا تەواوی کاروباری خۆی بەو ئەسپارد بوو هەرچی کردبای لێ پرسینەوە نەبوو. مینئاغا یەکێك لەدەرەبەگە گەورەکانی دیبوکری و خاوەنی گوندەکانی (بەیرەم و بەرەجو و قزڵجە و گردەبەردان) بوو. سێ کوڕی هەبوون، میرزایەکی ڕاگرتبوو بەناوی (میرا ڕەسوڵی پیکولە) کەدەرس بەکوڕەکانی بڵێ. منیش لەگەڵ برایەکی لەخۆم گەورەتر و کوڕێکی مەلا عەوڵا بەناوی ڕەحمان لای میرزا ڕەسوڵ دەمانخوێند.

باش لەبیرم نییە خوێندنم چۆن دەست پێکردووە. ئەوەندە دەزانم منالێکی زیر و وریا بووم. مامۆستاکەمان فرە توڕە و تۆسن بوو. زۆری لێ دەداین. دەفەلاقەی دەکردین. لەبیرمە شەوێك چووبووینە قوماران و مامۆستا پێی زانیبوو. بەیانی کەچووینە مەکتەب مامۆستا لەکوڕەکانی ئاغای پرسی:

– دەرسەکانتان رەوان کردووە؟ شەو لەکوێ بوون؟

یەك بەیەك بەقوتابیان دا هات و لێی پرسین و دەرسەکانی پێ دەگوتنەوە و لەبەریان نەدەبوو.

کاتێك نۆرەی من هات گوتم: (شەو لەقوماران بووین. دەرسەکەشم لەبەربوو، فەراشی نارد دەستە شوڵێکی تەپی هێنا و گوتی ئێستا هەموتان لەفەلاقە دەدەم) منداڵەکان زەرد هەڵگەڕان و دەستیان کرد بەگریان. من رابووم و گوتم:

– مامۆستا خۆ من دەرسم رەوان بووە. بەمنیان ببەخشە.

پێکەنی... ئەوە بە (جرجوکتان دەبەخشم).

هەر لەسااڵەکانی هەوەڵی منالیم دابوو کەهەستم بەدەست کورتی و نەداری کرد. کوڕانی (خال ئوغلی) کەعەجەمی تەورێز بوون مینئاغایان لەگوندی (بەیرەم) دەرکرد. ئێمەش ناچار بووین لەبەیرەم بارکەین و بچینە قزڵجەی خوارێ. مەکتەب و دەرس خوێندنمان تێکچوو. بابم برا گەورەکەمی برد بۆ ناوچەی شنۆ و لەماڵە خزمێکمان داینا کەلەحوجرەی فەقێیان بخوێنی.

منیشیان لەبەیرەم لەماڵی (مەلا رەحمانی مام جەلال) بەجێ هێشت کەدەرسم پێ بڵێ. مەلا رەحمان یەکێك لەمەلاکانی کوردستان و لەماڵی خۆیدا زۆر بەئەعیانی دەژیا و خاوەنی خزمەتکار و دەست و پێوەند و ژیانی لەگەڵ مەلاکانی گوندی فەرقی هەبوو. کوڕێکی لەمن بچوکتری هەبوو. رۆژێك لەدیوی ژوورێ دەگریا. مامۆستا فەرمووی بچم بیهێنم. کەچووم دایکی نەیهێشت مامۆستا تووڕە بوو. سەرەوخوار لەکولەکە هەڵی ئاوەسیم. نۆکەرێکی نارد شوڵکی تەڕیان هێنا. ئەوەندەی لەبەری پێیان دام تا خوێنم لەقامکان هات. چەند رۆژ نەمدەتوانی باش برۆم. رۆژێك مامۆستا بەسەفەر چوو بوو لاقم هاتبونەوە سەرەخۆ وەدەرکەوتم و

ملی رێگام گرت کەبچمەوە قزڵجە. لەرێگاش دەترسام. هێشتا لەپەنا گوندی بووم ئاشنایەکی بابم بەسواری بۆ قزڵجە دەچوو. وەك پیاوان سواری پاشتەرکی خۆی کردم و بردمیەوە ماڵێ. باوکم بەتاوانی ئەوەی کەبەبێ ئیزنی مامۆستا هاتوومەوە دەستێکی باشی کوتام. پاشان نەیان ناردمەوە بەیرەم و لەقزڵجە لەلای مامۆستا مەلا ئەحمەدی چاوڕەش کەمەلای گوندی بوو دەرسم دەخوێند. گوڵستان و بوستان و یوسف و زولێخای پێ دەگوتم. زۆربەی شیعرەکانی یوسف و زولێخام لەبەر کردبوون. دیاربوو مامۆستا زۆر شارەزا نەبوو باوکم هێندێ جار مانای شیعرەکانی بۆ راست دەکردمەوە.

نازانم چ سااڵێك بوو لەپڕ ساردی پایز ماڵمان باری کرد و بۆ ناوچەی شنۆ ڕۆیشتین. دایکم خوشکەزایەکی هەبوو هات ماڵەکەی بارکردین بۆ گوندی (جوبریلاوا) لەوێ بێ خانوو و جێ و ڕێ هەر لەسەر ماڵە پوڕم دەژیاین. پاش ماوەیەك بابم لەگوندی (خاتاوی) جێگای خواستەوە و بوو بەپێش نوێژی ئەم گوندە. خەڵك زۆریان ڕێز لێ دەگرت، بەاڵم نەداری و هەژاری باڵی بەسەر ژیانمان دا کێشابوو. خوێندنمان تێکچوو بوو. براکەشم هاتبووە ماڵ و بابم جاروبار دەرسی پێ دەگوتین بەاڵم لەبەر فیکری نەداری و دەستکورتی زۆر ئاوڕی وێ نەدەداین. گەلێك جاریش لەخۆوە لێی دەداین. بابم کەسەردەمێك دەوڵەمەند و بەدەستەاڵت و خاوەن میرد و میوان بوو، ئێستاش لێی قەوماوبوو، ناچار بوو بۆ ژیان پێش نوێژی بکا، هەمیشە ناڕەحەت و کز و تووڕە بوو، جارجار ئەو تووڕەییەی بەئێمە دەردەکرد.

دایکم ئامۆزایەکی هەبوو بەناوی (قادر زەنگە) خوشکێکی بچووکی دایکمی مارەکرد بوو، لەگوندی (پرداوێ) نۆکەرێکی کاك عەوڵای پیرداودێ بوو. وەزعی ژیانی باش و جوتبەندێکی حاڵ خۆش بوو. جاروبار ئاردی بۆ دەناردین و بانگی دەکردین. ئەز و کاکم چەند ڕۆژ لەماڵە خاڵم دەماینەوە و لەگەڵ کوڕەکانی ئەو یاریمان دەکرد. پاشان دەرکەوت ئەو چاکە و دڵسۆزیەی قادر زەنگە لەبەر خزمایەتی و پیاوەتی نەبووە. تاقە شتێکی لەماڵی ئێمەدا جێی دڵخۆشی و

شوێنەواری رابردوو بوو، سەماوەرێکی میسواری زەردی فرە جوان و بەنرخ بوو. بابم لەکاتی خۆی دا کڕیبووی و زینەتی مالّ بوو. دایکیشم جووتە گوارێکی زێڕی هەبوو سەرەڕای نەداری و دەستکورتی نەیان دەویست سەماوەر و گوارەکە بفرۆشن.

لەم نەداری و دەست تەنگیەدا رۆژێك قادر زەنگەی خالّم کوڕە گەورەکەی نارد و داوای کردبوو کەمیوانم هاتوون و کچەکەم دەخوازن سەماوەرەکەم بۆ بنێرن پاشان دەینێرمەوە. سەماوەریان دایە و لەگەلّ خۆی برد. سەماوەر هێشتا نەهاتبۆوە رۆژێك خالّم پەیدابوو. پاش خواردنی نان و چا گوتی: (ئەوە کچەکەم دەگوێزنەوە، هاتووم گوارەکانم بەئەمانەت بدەنێ و پاشان لەگەلّ سەماوەرەکە دەیان نێرمەوە، دایك لەبەر خزمایەتی و مێرد کردنی خوشکەزای گوارەکانی دایە، چەند مانگ پێچوو گوارە و سەماوەر خەبەریان نەبوو، رۆژێك دایکم لەگەلّ برا گەورەکەم چووە پرداوێ سەماوەر و گوارەکان بێنێتەوە بەلّام بەدەستی خالّی و بەچاوی گریانەوە گەڕایەوە. قادر زەنگە گوتبووی: (چەند جار ئاردم بۆ ناردوون سەماوەر و گواران وەبەر ئاردی دەخەم).

قادر زەنگەی خالّمان گوارە و سەماوەری خواردن و سالّێکی سەخت و تووشمان لەشنۆیە رابوارد. سەرە بەهار بوو کوڕە پورێکی دیکەم لەبەر پیرانانەوە هاتبووە سەردانی ئێمە و براکەی. کەچاوی بەوەزعی ئێمە کەوت: (گوتی: من زۆرم هەیە و دەولّەمەندم و ناهێلّم لێرەبن. ئەشێ بێنە لای من و پێکەوە دەژین چەند ولّاخێکمان بەکرێ گرت و بێ ئامانج و بەرنامە و جێگا و رێگا بەرەو لاجانی پیرانان کەوتینە ڕێ. پاش دوو رۆژ گەیشتینە گوندی (جەران) کەمالّی پووڕم لەوێ دەژیان، ئیتر لەسەر مالّی ئەوان و هەموو شتێکمان لەسەر ئەوان بوو، لێرەدا قەلّەمی من زۆر لەوە بێ هێزترە کەبتوانێ چاکە و جوامێری و پیاوەتی ئەو کوڕە پووڕەم بەناوی (رەسووی زینەتێ) بنووسێ. لەبیرەوەریەکانم دا جارێکی دیکەش ناوی کاك رەسوو دێتەوە نێو ناوان و باسی چاکە و مرۆڤایەتی ئەو پیاوە دەکرێ.

نەدەکرا هەتایە لەسەر زگی خەڵك بژین. برا گەورەکەمیان ئەو جاریش ناردەوە نێو فەقێیان، بابم جاروبار لەماڵ دەرسی پێ دەگوتم، بابم وەحەولان کەوت کەجێگا و رێگایەك بدۆزێتەوە. رۆژێك نامەیەکی نووسی بۆ (سەید عەولاّی سەید هەمزە) ئاغای گەسگەسك. سەید عەولاّ لەکۆنەوە لەگەڵ بابم ناسیار و ئاشنا بوو. لەگوندی شیلاناوێ و قزڵجە تەنانەت دراوسێش ببوون. سەید عەولاّ لەگەڵ چەند ماڵە سەیدی دیکە هاتبوونە نێو پیرانان و چەند گوندیان بەئیجارە گرتبوون. دراویان بەقەرز دابوو بەخاوەن ملکەکان و پاشان وردە وردە گوندەکانیان کڕیبوو. سەید عەولاّ سێ دانگی گەسگەسکی وەبەر کەوتبوو، بێجگە لەوە مەڕ و ماڵاتێکی زۆر و دەوڵەمەندێکی قورس بوو، کاتێك چوومە ماڵی سەید عەولاّ و گوتم کوڕی میرزا حامیدم بردیانمە ژوور و نامەکەم دا بە سەید عەولاّ و گوتی بۆم بخوێنەوە، کەنامەکەم خوێندەوە گوتی: (ئەوڕۆ تۆ بچۆوە، سڵاو لەبابت بکە، خۆتان ئامادەکەن سوزی عارەبە دەنێرم و ماڵەکەتان ئەشێ بێتە ئێرە، تۆ دەرس بەکوڕەکان دەڵێی، بابیشت دەستی لەگەڵ دەستی من دەبێ)، پاشان بانگی کرد و گوتی: (کالەکانی گرەی بۆ بێنن)، کوڕێکی هەبوو بەناوی (رەحیم) پێیان دەگوت گرە. جووتە کالێکی شەمامە بەندی جوانیان هێنا و هەر لەوێ دەپێم کرد و گەڕاینەوە بۆ (جەران).

بەیانی سەید عەولاّ کوڕێکی خۆی بەعارەبەوە نارد و ماڵەکەیان بار کردین بۆ گەسگەسك. بابم شەو و رۆژ لەگەڵ سەید عەولاّ بوو، منیش دەرسم بەدوو کوڕی سەید عەولاّ دەگوت. پاشان سەید حەسەنی قەڵاتیش دوو کوڕی خۆی ناردن دەرسم بەوانیش دەگوت، هەموومان لەتەمەنێك دابووین بەڵام ئەز مامۆستا بووم، هەوایەکم بەسەردا لێ دەدان و جاروبار لێشم دەدان. هەرچەند لەمن بەهێزتر بوون لەبەر باوکیان زاتیان نەبوو تێ هەڵچنەوە، پاشان کاتێك وەبیرم دەهاتەوە کەمنالّی هاوتەمەنی خۆم بەبێ ئیزنی من نەدەبوایە لەژووڕێ بچنەدەر پێکەنینم دەهات.

ژیانمان بەرەو باشی دەچوو. ماینێك و دوو مانگامان کڕیبوو. حەزم لەسوورای دەکرد و رۆژی وا هەبوو کەسەید عەولا و باوکم لەماڵ نەدەبوون ئەسپی سەید عەولامان زین دەکرد و سوار دەبووین و غارغارێنمان دەکرد.

جاروبار فەقێ دەهاتنە جومعانە شیعرینم لەگەڵ دەکردن و بۆڕم دەدان، زۆرجار بابم لەماڵ نەدەبوو نامەکانی سەید عەولام دەخوێندنەوە و وەڵامیشم دەنووسینەوە.

لام وایە پاش دوو ساڵ سەید عەولا لەگەڵ سەید حەسەنی قوڕەیشی سەودای ملکی کرد و ماڵەکەی چووە (قەڵاتی موتاوی)، ماڵی ئێمەشی لەگەڵ خۆ برد، زۆر لەوێ نەبووین بابم لەگەڵ سەید عەولا تێکچوو بارمان کرد و چووینە زیدان لای سەید رەسووی زیدان، لەوێش دەبوایە دەرس بەکوڕی سەید رەسوو بڵێم، بڕا گەورەکەشم دەستی لەخوێندنی نێو فەقێیان هەڵگرتبوو هاتبۆوە ماڵ، ئێستا ئیتر خێزانێکی حەوت کەسی کۆببووینەوە (دوو برا و سێ خوشك و دایك و باب) بەهار کەماڵمان چووە زیدان سەید رەسوو بابمی خەڵات کردبوو پاڵتۆیەکی رەشی دابوویە. هەر هەوەڵ ساڵ لەگەڵ بابم تێکچوو. زستان دەسەری کردین پاڵتۆکەی لێ هەستاندینەوە، هێشتا نەببووە نەورۆز دەسەری کردین بڕۆین و خانووی بۆ چۆڵ کەین، سەید زەینەڵی زیدان کەپاشان باری کردبوو چووبووە زینوی شێخی ماڵەکەی ئێمەی بردەوە سەر ماڵی خۆیان و چەند مانگێك بەهەموو شتەوە بەخێوی کردین.

من لەژیانی خۆمدا هەرگیز چاکەی ئەو دوو برایە (سەید زەینەڵ و سەید حەمەد) لەبیر ناکەم. ساڵی ١٩٦٧ کەبەنهێنی بۆ کاری حیزبی چووبوومەوە عێراق بیستم کەسەید زەینەل نەساخە و لەخەستەخانە کەوتووە، چوومە سەردانی، لەپێشدا نەیناسیمەوە، پاشان کەناسیمی هەستا و ماچی کردم و گوتی: (ئۆخەی ئەوە کوردێکم دیت بەوەفابی و چاکەی لەبیر نەچێتەوە).

پاش ئەوە کەچەند مانگ لەماڵە سەید زەینەل بووین بابم لەگوندی (بەردکەمران) جێگای دیتەوە و جارێکی تر بووە پێش نوێژی ئاوایی، خەڵکی بەردکەمران

بەراتێکی باشیان دا بەبابم، کاك ئاوڕەحمانی پێرۆتی ئاغای بەردکەمران پیاوێکی تێگەیشتوو باش و حەزی لەزانین و فێربوون دەکرد، هەمیشە لەلای بابم بوو زۆریشی چاوەدێری دەکرد، ئەو ساڵە کاکم چوو بووە قەرەخدر و لای کاك عبدالصمد دامەزرابوو دەرس بەکوڕەکانی بڵێ، من لەماڵێ مابوومەوە ماینەکەم دەلەوەڕاند، زستانێ لەبەردکەمران لەگەڵ خەڵك دەچوومە راوەماسی و ماسیان بەش دەدام، بێجگە لەوە لەماڵەوە خەریکی خوێندنەوە و نووسین دەبووم و بابم یارمەتی دەدام، بەهارێ (مام ئایزی سێمانی) ئاغای کێلی سیپان) هاتە ماڵی کاك ئاوڕەحمان و لەوێ گوتبووی با کەریم بێ دەرس بەمندااڵەکانم بڵێ، لەگەڵ بابم قەراری دابوو کەلیباسم بۆ بکڕێ و ١٢ پوت گەنمیشمان بداتێ، هەر چەند منااڵ بووم و بۆیە نەدەبوو دوور لەدایك و باب لەماڵان بژیم، بەاڵم لەبەر نەداری بابم بڕیاری دا و ناردیانم بۆ (کێلی سیپان). منداڵەکانی مام ئایز کەلەلای من دەیانخوێند هەموویان لەمن گەورەتر بوون، مام ئایز بۆ خۆی کابرایەکی نەزان، قور دەماخ، بەفیز، لەگەڵ رەعیەتان زار شڕ و جنێو فرۆش و ترسنۆك. ئەگەر ژاندارمێك دەهات نەترەی دەچوو، خۆی دەشاردەوە دەیگوت بڵێن لەماڵ نییە شتێکی بدەنێ بابڕوا، زۆربەی ئاغاکانی مامەش بەتایبەت قوڵە ئاغاکانی دۆڵی لکبن و دەوروپشتی چۆمی ئاویژەر و تایفەی سێمانی و تایفەی بایزی و شیرێژ خۆر هەر وەك مام ئایز نەزان و قور دەماخ و ترسنۆکن، ئەوانە ملك و مەزرایەکی باش و بەپیت و بەرەکەت و بەرئاویان هەبوو، بەاڵم لەبەر نەزانی و بێکاری و تەوەزەڵی و زار شڕی لەگەڵ رەعیەتان، کاسبیان نەدەکرد و هەمیشە رووت و نەدار و قەرزدار بوون، بەم حاڵەش زستانان لێك کۆدەبوونەوە گوند بەگوند دەگەڕان میوانی یەکتر دەبوون، دوو سێ شەو لەماڵی ئاغا چی هەبا دەیانخوارد، لەرەعیەتەکانیش حەیوان با، قەل با، مریشك با دەیانپچڕی و دەچوون بۆ گوندێکی دیکە و میوانی ئاغایەکی دیکە دەبوون. لەم گەڕانەدا شەو و رۆژ قوماریان دەکرد، بەاڵم هیچ دراو لەگۆڕێ نەبوو، دەنکە نۆك و یان کشپەلیان

دادەنا و بەدراویان دەقەبلاّند، پاشان دەیانکردە سەلەمی گەنم و کابرای دۆڕاو دەبوایە لەخەرمانان ئەوەندە بارە گەنمە بدا بەو کەسەی کەسەلەمی کردووە.

کاك سلەمانی لاوینی نموونەیەکی بەرچاوی ئەم تاقمە چەوسێنەرەیە بوو، کاك سلەمان و کاك حەسەن ئاغای گوندی لاوین بوون، لاوین یەکێك لەو گوندە باشانەی لاجانی مامەشانە، جێگای سەد بەرەجووتی مەزرای بەر ئاوی هەبوو، بەڵام لەبەر هیچ و پوچی ئاغاکان گوندەکە هەر دە پازدە ماڵ دەبوو.

کاتێك مالّمان لەزیدان بوو رۆژێك کاك سلەمانی لاوین پیاوێکی لەدوو بابم نارد و گوتبووی نامەیەکم بۆ هاتووە بێ بۆم بخوێنێتەوە، بابم منی نارد، کەچووم کاك سلەمان میوانی هەبوون، لەنێو گوند گەڕابوون فرۆجێکیان لەمالّە رەعیەتێك هەستاند بوو، لەبەر هەیوان دانیشتبووین لەپڕ بوو بەهەرا: (کوڕە نەکەی هەتیو نەیبەی، دەبیگەنێ، بردی)، کوڕێکی کاك سلەمان بەناوی (ئیلخانی) تەمەنی دە ساڵ دەبوو دەچێتەوە ژوور و دەبینێ گۆشت مریشك لەسەر ئاگرە، تێی رۆ دێ و دەیبا، لەژوورێ بوو بەهەرا فڕاندی، بەبەر هەیوان دا هات، کاك سلەمان نۆکەری تێ بەردان، تا گرتیانەوە لاقێکی بەکاڵ و نەکوڵیوی خواردبوو، ئەوی دیکەشیان لێ هەستاند بۆوە و هێنایانەوە.

کێلی سیپان و مالّی مام ئایزی

لەسەر قەول و قەراری پێشوو بەهارێ ناردیانمە کێلی سیپان، هەرچەندە لەو تەمەنەدا نەبووم کەبیر لەو شتانە بکەمەوە بەڵام ئەوەی لەمالّی مام ئازیز دەمبینی تووشی دنیایەك فیکری و خەیالّی دەکردمەوە، لەنەزانی و قور دەماخی لەزالّمەتی، لەبێ دەستەڵاتی رەعیەتەکان، لەخەراپە و داوێن پیسی ئاغا و کارداڕەکانی لەنێو گوند و لەمالّی ئاغاش بێجگە لەوە هەر لەرۆژی هەوەڵەوە لەمالّی مام ئایز هەستم بەچارە رەشی و داماوی خۆ کرد، منداڵێکی ژیر و وریا و هەر لەو کاتەشدا دڵ ناسك بووم، من چووبووم بەخێر مامۆستا بم و دەرس بەکوڕەکانیان بڵێم، بەڵام هەموو کارێکیان پێ دەکردم، وڵاخیان پێ ئاو دەدام،

تینوو دەبوون ئاویان بەمن دەهێنا، دەیان ناردم لەنێو گوندی رەعیەتێکی بانگ کەم لەنێو ئاوایی سەگ دەورەیان دەدام دەترسام کاتێك درەنگ دەهاتمەوە مام ئایز وەك سەگ بەگژم دا دەهات و جنێوی دەدان.

پایز بوو بابم هات گەنمی بەراتەکەم بەرێتەوە، گریام و گوتم: لێرە نابم زۆر هەراسانم لێرە، لەجیاتی نۆکەر و خزمەتکار و فەراش و مامۆستا من دەکار دەکەن، با بێمەوە لێرە تێك شکاوم، بابم تووڕە بوو دێیەوە لەماڵ چدەکەی؟

ناچار بەدڵ شکاوی مامەوە، وام لێ هات ئەگەر مام ئایز دەدیت وەك جانەوەرێك ببینم وابوو، سەروبەری زستان بوو لەنێزیك گوندی (گردەبن) ملکی کاك مامەندی برای مام ئایزی دوو ژاندارم کوژران، کاك مامەند بۆ ئەوە کەتەرمی ژاندارم لەچۆڵێ نەبێ تا مەعموری دەوڵەت دێن، مەیتەکانی بۆوەوە تاخی خۆی، سەردەمی رەشی رەزا شا ژاندارم لەبیانویەکی ئاوا دەگەڕان، بەسەر گردەبن وەربوون و کاك مامەند و مرادی کوڕی و چەند کەسێکی دیکەیان تێکەوە پێچا و لەخانێ پتر لەمانگێك جەزرەبەیان دەدان و داخیان دەکردن و بەچلەی زستان شەوانە ئاویان دەبن دەکردن، خەبەری ئازار و ئەشکەنجەی کاك مامەند و گیراوەکان لەناوچە دەنگی دابووەوە، بەبیانووی دیتنەوەی قاتڵەکان ژاندارم بەلاجان وەربیوون و لەراوورووت و گرتن و لێدانی خەڵك ئاگریان کردبۆوە، خاوەن ملکی ناوچەیان کۆکردنەوە و هەموویان بەو زستانە ڕەپێچەك دان بۆ ورمێ، خواو راستان مام ئایزیش پاش قول نەدرا، ئەو دەم بەسواری ئەسپ دەچوونە ورمێ، چوون و هاتنەوە مانگێکی پتر دەخایاند، هەرچەند منیش لەزوڵم زۆری ژاندارم بێزار بووم، بەڵام رۆیشتنی مام ئایز شایی لەدڵ دا دەگێڕام، پاش رۆیشتنی مام ئایز کوڕە گەورەکەشی وەماڵی نەدەکەوتەوە لەگەڵ قولّە ئاغاکانی ناوچە لەهەوڵ و تەقەڵادا بوون، پەنایان بۆ قەرنیئاغای مامەش برد بوو کەکاك مامەند رزگار بکا، بەڵام ژاندارمی حکومەتی رەزا خان سەردار عەشیرەتی کوردیان بەهیچ نەدەزانی، ئەوانیش بەپێچەوانە بۆ نۆکەری بێگانە ملی خۆیان دەشکاند.

دوای رۆیشتنی مام ئایز لەنێو منداڵەکان دا بووژامەوە، دەرسم پێ دەگوتن و جاروبار لێشم دەدان، تۆڵەی خۆم لەوان دەکردەوە، بەڵام زۆر ڕووت بووم ئەو قەول و قەرارى دابوون کەلیباسم بۆ بکڕێ وەك هەموو قسەکانی بەدرۆ دەرچووبوو.

خوشکە مامز و حیسانەتی ئەو

مام ئایز برازایەکی کچی هەبوو بەناوی (مامز)، خوشکە مامزیان پێ دەگوت، دایك و باوکی نەمابوون، نیوە ملکی کیلێ سیپان بەوە دەگەیشت، تازە تەمەنی خۆی لە ١٩ و ٢٠ دەدا، کیژێکی شۆخ جوان چاك قیت و قۆز لەبەر ئەوە کەمیراتی زۆر پێ دەگەیشت لەماڵ دا زۆر قەدریان دەگرت، خزمەتکاری تایبەتی خۆی هەبوو، ژووری خاوێنی بەتەنیای لەحەساری دا هەبوو، نان و چێشتی تایبەتی بۆ خۆ ساز دەکرد، کەمام ئایز لەماڵ نەدەبوو لەدوای دەناردم دەیبردمە دیوەکەی خۆی، میوژ و گوێزی دەدامێ، جاری وا هەبوو کەخواردنی دروست دەکرد، بانگی دەکردم، نانی لەگەڵ دەخواردم، بەقەرەواشەکەی دەگوت بەکوڕەکان بڵێ لێرە نییە، وا دیارە بوو لەبەر بێ کەسی خۆی هەستی بەبێ کەسی منیش کردبوو، دڵخۆشی دەدامەوە، باسی بێ کەسی خۆی دەکرد، هێندێ جار دەیگوت: نازانی فاڵێکم بۆ بگریەوە بزانم چم بەسەردێ.

پاش ئەوە کەمام ئایزیان بردە ورمێ خوشکە مامز پتر پێشی بەڕەڵا بوو، دەهاتە دەرێ، کاتێك دەرسم بەمنداڵان دەگوت دەهاتە لام، هەستی بەوە کرد بوو کەزۆر ڕووتم و سەرمام دەبێ، ڕۆژێك بانگی کردم دەستێك کەوا و پاتۆڵی جوانی بۆ هێنام و گوتی دەبەریان کە، گوتم:

– خوشکە مامز ئێرە بەرگ درووی لێ نییە، ئەوانەت لەکوێ دروە؟ پاشان ئەگەر دەبەریان کەم ئامۆژنت و کوڕەکان نااڵێن ئەو لیباسەت لەکوێ بووە؟ هەموو دەزانن مامت هیچی بۆ نەکڕیوم، گوتی: بڵێ بابم بۆی ناردووم.

لەبەر ئەوە لیباسی بنەوەم هیچ لەبەردا نەبوو شەرمم کرد لای ئەو خۆم ڕووت کەمەوە، گوتم: دەیابنەم لەوەتاخی دەرێ دەبەریان دەکەم.

– نا مەیانبە، سبەینێ وەرە ئێرە بۆ خۆم دەبەرت دەکەم بزانم جوان بووی؟ سوزی پاش ئەوە لەدەرسی منداڵان بوومەوە چوومە دیوی خوشکە مامزی، نازانم چ هەستێك پاڵی پێوە دەنام، کاتێك بۆ دیوی خوشکە مامز دەچووم خۆشییەك لەشی دادەگرتم و تەزووم بەقالبی دا دەهات، ڕووخۆشی و هاوزمانی و دڵ دانەوەی خوشکە مامز ماڵەی خۆمانی لەبیر بردبوومەوە، کەوەژوور کەوتم هەستا و گوتی: شەیتان ئەوشۆ نەنوستووم کراس و دەرپێی سپیم بۆ دروی، لیباسەکانی دەبەر کردم و توند ماچی کردم، گوتی: هەرچی ویستت وەرە پێم بڵێ، تا مام ئایز نەهاتبووەوە پتر لەکن خوشکە مامزی دەبووم.

لەرەشەمەدا بوو مام ئایز هاتەوە، ڕەعیەتەکان پێیەوە دەهاتن و دیاریان بۆ دەهێنا، هەوەڵ جار بوو سینەمای دیبوو دەیگێڕاوە و درۆی پێوە دەنان، لەنێو مامەشان مام ئایز بۆ درۆیان بەنێوبانگ بوو، مام ئایز جانو ئەسپێکی توری هەبوو، هێشتا نەگیرابوو، ڕۆژێك جانوو ئەسپیان هێنا دەرێ لەزەویەکی بەر ماڵان تێرە خۆڵێکیان لێ نا و گوتی وەرە سواری بە با رام بێ، هەرچەند هاوارم کرد فایدەی نەبوو، سواریان کردم بەدوو کەس ڕێشمەیان گرتبوو، ئەسپ خۆی هەڵداویشت و جووتەی داویشتن، خۆم لەیاڵان قایم کردبوو.

دوو حەوتووی تەواو تا ئەسپ رام بوو ڕۆژێ سواریان دەکردم، لەئاخری دا بۆ من قازانجێکی هەبوو، لەسواری ڕاهاتبووم و سامم شکابوو.

تاقە دڵخۆشیم لەو ماڵە بەقورگیراوە ئەوەبوو هەر کەمام ئایز دیار نەدەبوو دەچوومە دیوی خوشکە مامز و هەموو شتێکم لەبیر دەچووەوە، ئەو کیژە جوان و باشە جار لەجار میهرەبانتر بوو، زۆرجار نان و چێشتی بۆ هەڵدەگرتم، هێندێ جار لەئامێزی دەگرتم و ماچی دەکردم، من شەرمم دەکرد.

بەهەر سەمەرگیەك بوو زستانم بردە سەر و هەواو بان خۆش ببوو ڕۆژێکی بەمام ئایزم گوت: پیاوێکم لەگەڵ بنێرە دەچمەوە، ئیتر بەهارە و لێرە نابم. گوتی: ئەو

سالّیش لێرە دەبی، لەگەڵ بابت قسەم کردووە. ئیتر بەجارێك دڵم بەربۆوە، چوومە ژوورێ لای خوشکە مامز و پێم گوت مامت ئیزنم نادا بچمەوە، نامەوێ لێرە بم، تۆ یەکێکم لەگەڵ بنێرە بمگەیەنێتەوە.

گوتی: چاك چاك دەکا، تۆ بچیەوە من بەتەنیا دەمێنمەوە، مەچوەوە ئەوسالّ مامم بۆت باش دەبێ.

– ناتوانم لێرە بم، خۆت دەزانی چم لێ دەکەن؟

– راوەستە دوکاندار دەچێتە شار دەنێرم کەوشت بۆ بکڕێ، ئەمن بەجێ دێڵی؟ پاش چەند رۆژ خوشکە مامز بانگی کردم، جووتە پێڵاوێکی سووری بۆ کڕیبووم، دەپێم نەکردن، سەرە بەهار بوو چۆم دەهات زیادی دەکرد، بەخوشکە مامزم گوت دەڕۆمەوە بەیەکێکی بڵێ لەچۆم بم پەڕێنێتەوە، گوتی: بەسۆفی دەڵێم بەیانی زوو لەچۆمی وەت پەڕێنی، سۆلەکانیشت دەدەم بەو.

بەیانی لەخەو هەستام سۆفی چاوەڕوانم بوو، لەچۆمی ئاوێژەروو دەستی گرتم و پەڕیمەوە، کەوشەکانم دەپێ کرد و بەرەو بەردکەمران، تازە تەندوریان هەڵکردبوو لەمالّێ وەژوو کەوتم، داکم و خوشکەکانم دەستیان کرد بەگریان، گوتم هەڵاتووم، دایکم گوتی: چاك چاکت کردووە ئیتر ناچیەوە.

گەڕانەوە بۆ قەڵاتی موتاوی

لەوکاتەوە کەلەزیدان بارمان کرد بوو سەید عەولاّ چەند جار نارد بووی بەدوای بابم دا کەبیباتەوە لای خۆی، لەو ساڵەدا سەید عەزیزی کوڕی سەید عەولاّ ژنی سەید حەسەنی هەڵگرتبوو برد بوویە خاڵداری ماڵە سەید شێخ محەممەدی، بۆ خۆشی چووبووە دەلاوان ماڵە کویخا مەرز کەمەسلەتی بۆ بکا، شەوێك سەید عەزیز دەچێتە خاڵدار سەری ژنەکەی بدا ژاندارم لەنێزیك گوندی خاڵدار تەقەی لێ دەکەن و دەیکوژن، سەید عەولاّ دەستی کرد بەشکایەت و شکایەتکاری، نەخوێندەوار بوو ئەم جارە پتر پێداویستی بەبابم هەبوو، ئێوارەیەك بابم سواری کردم و ناردمی بۆ سەرەخۆشی لەقەڵاتی موتاوی، رۆژێك لەقەڵاتی بووم، سەید عەولاّ گوتی: دەبێ

ماڵەکەتان بێتەوە، کەسم نییە و توشی ئەم نەگبەتییە بووم، بەبابت بڵێ دوو رۆژی دیکە عارەبە دەنێرم و بارتان دەکەم، پاش چەند رۆژ کوڕێکی نارد بوو لەگەڵ عارەبە و ماڵەکەمان جارێکی تر چووەوە لای سەید عەولاّ، دیسان دەستم کردەوە بەدەرس گوتن بەکوڕەکانی.

سااڵێکی تووش بوو، نازانم لەهەموو ئێران یا هەر لەکوردستان قات و قڕی بوو گەنم وەگیر نەدەکەوت، سەرە بەهارێ سەید عەولاّ هێندێکی گەنم بۆ ناربووین ئەویش زۆری نەکێشا تەواو بوو، ئەسپاردبووی ئەگەر نانمان نەبوو لەئاشی رۆژی سییەک (دوو کیلۆ ئاردمان بدەنێ، بابم کەمتر لەماڵ دەبوو، لەگەڵ سەید عەولاّ لەسەفەر و گێرە و کێشەی شکایەتان دابوو، رۆژی وادەبوو هیچمان نەدەبوو بخۆین، لەگەڵ خوشکەکانم تا نیوەڕۆ لەئاشی رادەوەستام کەئاردمان بدەنێ، پاشان ئاشەوان دەیگوت ئاردم نییە ئەورۆ مزەم وەرنەگرتووە.

نازانم برا گەورەکەم چۆن کەوتبووە زینوێ شێخ و لەلای حاجیەکی خەڵکی هەولێر دامەزرابوو حیسابی دوکانی بۆ بنووسێ، لەو برسیەتییەدا رۆژێک لەگەڵ کابرایەک پەیدا بووە، جل و بەرگێکی پۆشتە و چند کەلله قەند و چا و پارچە و پێڵاو بۆ دایکم و خوشکەکانم و شتی دیکەشی هێنابوو، دوو رۆژان لەماڵ بوو پاشان چۆوە زینوێ، ئەو شتانە جێی نانیان نەدەگرت، برسیەتی هێرشی هێنا بوو، گەنم فەریک بوو، دەچووم گەنمە فەریکەم دەهێنا و دەمان برژاند و دەمانخوارد، دیسان کاک رەسووی پوورزام لەفریامان کەوت هێندێکی ئارد بۆ هێناین، دروێنە دەست پێکران، لەگەڵ دایکم و خوشکەکانم دەچووینە دەسکان، لەپشت دروێنەوانان گوڵەگەنمان کۆدەکردەوە و دەمان هێنا دەمان کوتا و گەنمەکەمان دەبردە ئاشی لێمان دەکرد و یان بەئارد دەمان گۆڕیەوە، لەژیانم دا ئەو ساڵە و ئەو برسیەتییەم لەبیر نەچۆتەوە.

هاوین بوو برا گەورەکەم لەحاجی تۆزا بوو هاتەوە، پاش دوو رۆژان حاجی پیاوێکی بەدوادا نارد کەبیباتەوە، دایکم رازی کرد کەبچێتەوە کن حاجی.

قەرارمان دا منیشی لەگەڵ بچم، پاش سێ رۆژ لەبیرمە لەگەڵ کاکم بەرەو خەلان کەوتینەڕێ، ئەو دەم هاتووچۆی ئەو دیو زەحمەت نەبوو، خەڵك بەرۆژ بەکۆیستانان دا دەچوو قەند و چایان دەهێنا، ئێمەش چووینە کۆنەلاجان و بەگەلی حاجی برایمی دا تێ هەڵبووین و ئێوارە گەیشتینە خەلان، حاجی بەخێرهاتنی کردین و گەلێکی دڵخۆشی کاکم داوە، بۆ هەوەل جار دیتم لەکوردستانی ئەودیو بەزمانی کوردی دەنووسن و دەخوێننەوە، پێم سەیر بوو، لام وابوو تەنیا فارسی زمانی نوسین و خوێندنە، من کەفارسیم باش دەزانی لەوێ نەم دەزانی کوردی بخوێنمەوە.

دوو رۆژ لەماڵی حاجی بووم و پاشان لەگەڵ قاچاخچیان هاتمەوە، حاجی دەستێکی لیباس بۆ دروم و هێندێ قەند و چا و پەڕەسیغار و شتی دیکەی دامێ، هاوینی خەرمان هەڵگیران، سەید عەولا نازانم چەند بوو بەڵام بەراتێکی باشی دابوو بەبابم و گەنمی زیادیان هەبوو دەچاڵمان کرد، ئەو دوو ساڵەی لەگوندی بەرد کەمران بووین بابم دوو هێوەرە گامێشی کڕیبوون، لەقەڵاتی پایزێ یەکیان زا بوو شیر و ماستیشمان هەبوو، بەو حاڵەش رەسووی پورزام لێمان خافڵ نەبوو هەموو شتێکی بۆ دەهێناین.

بەشی دووهەم

سەرەتای ژیانێکی تازە

زستانی سالّی ١٣١٤ میواندارێك بوو بەهۆی گۆڕان لەژیانم دا و بەسەرهاتی تێ بینی نەکراو، ئاخری پایز کوێخا مەرز لەگەڵ چەند خاوەن ملّکی پیران و موریك لەقەڵاتی موتاوی لەمالّی سەید عەولاّ کۆببونەوە.

کوێخا مەر زکی بوو؟: کابرایەکی خەڵکی گوندی بێستانەی دەشتی بیتوێن لەکوردستانی گەرمێن بوو، کوێخای عەشیرەتی فەقی خەلیان و سەر بەپیرانەکانی بیتوێن بوو، عەشیرەتی فەقێ خەلیی لەدەشتی بیتوێن و دەوروبەری شاری کۆیە دەژین، عەشیرەتێکی بچوکن بەڵام ئازا و دڕن، کوێخا مەرز سالّێك لەشاری کۆیە مەقامی کۆیە و ئەفسەرێکی ئینگلیزی کوشتوە و رای کردووە بۆ کوردستانی کوێستان، لەنێزیك سنووری حاجی ئۆمەران گوندی (دەلاوانی) ئاوەدان کردبووەوە لێی دانیشت بوو، هێندێ خزمی لەخۆ کۆکردبوونەوە بەدزی و رێگری دەژیان، لەو سالاّنەی دوایی دا کاسبیشیان دەکرد، کوێخا زۆر دەوڵەمەند بوو، نێزیکەی ٧٠٠ سەر مەڕ و ئاژەڵی هەبوو. ٢٠–٣٠ سەر رەشەوڵاخ و دە پازدەیەك سم و سێ ئەسپی سواری باش و... ئەو دەم گوندی دەلاوان نێزیکەی ٢٠ مالّ بوو کەزۆربەیان خزمی کوێخا بوون، کاسبی جووت گایان لەگەڵ کوێخا بەنیوەیی بوو واتە هەموویان نیوە کار بوون.

لەسەردەمی حکومەتی رەزا شادا کەگشت عێل و عەشیرەتەکانی کوردستان چەك کرابوون کوێخا مەرز بەئیجازەی دەوڵەت ١٧ تفەنگی هەبوو، سالّ بەسالّ ئیجازەی تفەنگەکانیان بۆ نوێ دەکردەوە، لەگەڵ ژاندارم و مەعمورەکانی حکومەت هاوکاری دەکرد، رێگای بەقاچاخچیان دەگرت رووتی دەکردن و بەشی مەعمورەکانی دەوڵەتی دەدا و بەو بۆنەوە لەلای حکومەت دەستی باش دەڕۆیی.

ئەم کوێخا مەرزە میوانی سەید عەولاّ بوو، ویستبوویان نامە بۆ ئاغایەکی تر بنووسن کەئەویش بێتە قەڵاتی موتاوێ، بابم لەمالّ نەبوو، سەید عەولاّ لەدوای

منی نارد و کاغەز و قەڵەمیان هێنا و گوتی: نامەیەک بۆ قەرەداغ غای پیران بنووسە کەبێتە ئێرە، نامەکەم نووسی و بۆم خوێندەوە، کوێخا مەلا وەدەنگ هات و پرسی: ئەوە کوڕی کێیە؟

سەید عەولا گوتی: کوڕی میرزا حامیدە و دەرس بەکوڕەکانی منە دەڵێ، کوێخا گوتی: دەبێ بیدەن بەمن، دەیکەم بەکوڕی خۆم.

– دەستەڵات بەدەست خۆتە، سەید عەولا گوتی.

پاش دوو رۆژان کەمیوان دەڕۆیشتن سەید عەولا ناردی و گوتی: دەبێ لەگەڵ کوێخا بچیە دەلاوان.

– بابم لەماڵ نییە بێ ئیزنی بابم چۆن دەتوانم بچم؟

– قسەی ناکا، من دەتنێرم، برۆ بەدایکت بڵێ.

چوومەوە بەدایکم گوت، دایکم گوتی: قسەی سەید عەولا مەشکێنە، ئەگەر بابت هاتەوە دێت سەرت دەدا، سواری پاشتەرکی پیاوێکی کوێخایان کردم و ئەو جاریش بەرەو گوندی دەلاوان دایك و باب و خوشکەکانم بەجێ هێشت.

ئێوارە بوو گەیشتینە دەلاوان، هەر لەوە ژوور کەوتن دا ماڵی کوێخا و داب و شوێنی ئەوان سەرنجی راکێشام، ماڵێکی قەوغا وەتاخی پڕ فەرش و نوێن تۆکەر و چاپەزی کۆك و پۆشتە، کوێخا وەك دەرەبەگەکانی تری کورد بەفیز و لووت بەرز و قوردەماخ نەبوو، گشت پیاوەکانی گوندی دەهاتن لەلای کوێخا دادەنیشتن و نان و چایان دەخوارد، شەو خەڵکی گوندی لەوەتاخی کوێخا کۆبوونەوە، بەخەڵکەکەی گوت: کوڕێکم پەیدا کردووە و ئەوە کوڕی منە و هەموو ئاگاتان لێ بێ، بەیانی سوارێکی نارده خانێ کەوش و کەوا و پاتۆڵی بۆ کڕیم و لەماڵێ کراس و دەرپێیان بۆ دروم و بەسەر ژیانێکی تازەدا کەوتم.

نەخێکی دیکەش لەبارەی مام کوێخاوە

کوێخا مەرز سێ ژنی هەبوو، منداڵی نەدەبوو، دەیانگوت لەگەرمێن ژنێکی سکی پڕ بوە کوشتوویەتی و گوتوویە لەمن نییە، ژنێکی دیکەشی گوایا حەزلێکردنی

کردووە لەگەڵ کابرا هەردووکی کوشتوون، خۆی بەخاوەن دوژمن دەزانی، قەت بێ تفەنگ نەبوو، هەمیشە کیشکیان لێ دەکێشا، لەژوورێ تەختی نوستنی وا دانابوو کەتفەنگ لەکوڵانەوە نەی گرێتەوە.

ژنەکانی هەرسێك خزمی خۆی بوون، ژنە گەورەکەی کەیخوای مـاڵ و بـەکوێخا ژن ناودەبرا ناوی (هەمین) بوو، دەهاتە دیوەخان و لەگەڵ پیاوان دادەنیشت، ئەگـەر کوێخا لەماڵ نەبوایە دەهات میوانی بەخێرهاتن دەکردن لەژووری دەسـتووری نـان و چێشت سازکردنی دەدا، کلیلی رزق و هەموو شت بەدەست ئەو بوو، تەمەنی لـە ٤٠ ساڵ تێپەڕیبوو بەڵام ژنێکی قەڵەو و گورج و گۆڵ و ناحەزێن نەبوو.

ژنە نێونجییەکەی ناوی عەدلـە خـان بـوو، ژنێکـی وریـا، بـەکار جـوان و زمـان دار تەمەنی لە ٣٠ تێپەڕیبوو، تەواوی نان و هەویری ئەو ماڵـە لەئەسـتۆی عەدلـە خـان بوو، ژنە بچووکەکەی کوێخا (ئایشەخان) بەحاڵ دەگەیشتە ٢٥ سـاڵ، ژنێکـی بـاڵا بەرز، چاوجوان، قیت و قۆز، قەد باریـك ژنـی وا جـوانم کـەم دیبـوو، بـەخێوکردنی رەشەوڵاخ و یەك سم و ئەسپەکانی کوێخا لەئەستۆی ئایشەخان بوو.

بـەیانیان هەڵدەسـتا، ئـالیکی دەدا بەئەسـپەکان، رەشـەوڵاخی بـەردەدان رەوەی بەرەڵا دەکردن، تەویلەکانی خـاوێن دەکـردەوە، دەهـات نـان و چـای دەخـوارد و ئەسپەکانی شـاڵ و رنـەك دەکـرد، خـاوێنی دەکردنـەوە و دەیـبرد لـەکانی ئـاوی دەدان، ئەگەر کوێخا چـووبا سـەفەر ئەسـپی بـۆ زیـن دەکـرد، بـەهاران و هاوینـان هەموو ئێواران، داس و گوریسی هەڵدەگرت و لەمـەزرا کوڵـە گیایـەکی بـۆ وڵاخـان دەهێنا، ئەو گشت زەحمـەت و کوێرەوەریـە تۆزقاڵێـك لـەجوانی ئایشـەخانی کـەم نەدەکردەوە.

کوێخـا خـۆی تەمـەنی لـە ٦٠ بـاڵا بـوو، بـەڵام زینـدوو و گـورج و سوارچـاك، قـەت نەدەچووە لای دکتۆر، ئەگەر نەخۆش دەبوو شـیر و بیبـارێ تیـژی دەخـواردەوە، ساڵ دوازدەی مانگ سبەینان لەخورێنی شیرێ دەخـواردەوە. وا راهـاتبوو شـەوێ کاتی نوستن کەدەچووە ژوورێ دەبوایە لەسەر ساج ئـاگری بـۆ بکەنـەوە پشـتی و سینگی رەئاگری دەکـرد تـا سـوور دەبوونـەوە جـا پاشـان دەنوسـت، نـۆرەی بـۆ

ژنەکان راگرتبوو، هەر پێنج شەو یەك لەلای دەخەوت، نەیاندەهێشت من لەوەتاخی بنووم لەژوورێ لای خۆیان دەیان نواندم، ژنەکانی دیکەش هەر لەو ژوورە دەنوستن، بەیانیان پاش ئەوە کەکوێخا دەچووە دیوەخان، لەنێو ژنەکاندا دەبوو بەشەڕە قسە و تەوس و پەلار، دیاربوو شەو ئاگایان لەمشت و مڕ هەبووە، بەتایبەت کوێخا ژن لەو بارەوە زۆر حەسوود بوو تا نۆرەی خۆی دەهات لەماڵ دا جنێوی دەدان، جاری وا دەبوو قسەی وا سووکیان بەیەکتر دەگوت کەمن نەم بیست بوو، لەسەر ئەوەشەوە عەدلە و ئایشەخان حورمەتی کوێخا ژنیان دەگرت، زۆر لەکوێخا دەترسان، زۆرجار کەشەڕە چەقەیان توند دەبوو دەچوومە دەر و بەغار دەهاتمەوە دەمگوت مام کوێخا هاتەوە، بێدەنگ دەبوون، پاشان کەدەیانزانی راست نییە دەیان گرتم، دەیان قورنجیم و یان رووتیان دەکردمەوە، دەگریام، شەرمم دەکرد.

کوێخا قەت لەدیوی ژوورێ دانەدەنیشت، هەمیشە نانی بۆ دەهاتە دیوەخان، تەواوی رۆژ لەبەیانییەوە هەتا نیوەشەو لەدیوەخان سەماوەر دەکوڵی، خەڵکی گوندی دەهاتن دادەنیشتن و چایان دەخواردەوە، رۆژی جێژنان دەبوایە گشت پیاوەکانی گوند لەماڵی کوێخا نان بخۆن، کاسە جەژنەیان بۆ زۆر مااڵن دەنارد.

کوێخا دوو گوێ درێژی کرێبوون لەناو گوند بۆ خەڵك بەرەڵای کردبوون هەرکەس کاری بارەبەری هەبایە و زوو گرتبانیەوە دەیبردن.

من تا ئێستا ماڵی وا ئاوەدان و داب و شوێنی ئاوام نەدیبوو، ماڵێکی تەواو عەشایری سەر ئاواڵە بێ دەرکەوان و بەرگری، هەموو کەسی گوندی ئازاد دەهاتنە ماڵە کوێخا، ژن و پیاو پێکەوە دادەنیشتن گاڵتەیان دەکرد، وەك خێزانی ماڵی بەمنەوە پێنج کەس بوون، چاپە زیك و نۆکەرێکی سواریشی هەبوو، بەاڵم قەت لەدە پازدە کەس کەمتر لەماڵە کوێخا نانیان نەدەخوارد.

کوێخا کتێبێکی ئەسکەندەرنامەی هەبوو کاری من ئەوەبوو تا نیوەشەو دەبوایە ئەسکەندەرنامەی بۆ بخوێنمەوە، ئەوەندەم شیووەرد دابوە وای لێ راهاتبووم ئیتر فارسیەکەم نەدەخوێندەوە هەر راست بەکوردی پێدا دەچووم کوێخا کەیفی پێ

ساز دەبوو، خەڵکی گوندیش کۆدەبوونەوە و گوێیان دەدایە، کوێخا لەئەسپەکانی سواری یەکێکی بۆ من دیاری کرد، رۆژانە بەئایشەخان ئەسپەکەی زین دەکرد و دەیگوت برۆ لەپێش مالآن رمبازی بکە، زستانی لەگەڵ خۆی بۆ راوە کەروێشکی دەبردم، زۆرجار دەچووە سەفەر و میوانی منیشی دەبرد، ئەوجار بۆ کاری ئیداری دەیناردمە خانێ، دیاری بۆ ئەفسەر و کارمەندی عەجەم دەنارد، تاقە خوێندەواری گوندی بووم و جاروبار یاسینیشم لەسەر نەخۆشان دەخوێند، دەبوایە نوژانیش بکەم.

دەلاوان لەکوێیە؟

گوندی دەلاوان کەوتونە بناری رۆژئاوای (کەڵەکین و بندرە) کەئێستا پێگەی نیزامی پیرانشاری لێیە، قاچاخە رێگای هاتووچۆی زینوێ شێخ بەمەزرا و کوێستانەکانی دەلاوان دا تێدەپەڕی، یا رێگای کانی خلایان بەقەمتەرە و قزقەپاندا، کوێخا ئێواران پیاوەکانی گوندی کۆدەکردەوە و دەیکردن بەدوو بەش، دەستەیەکی دەنارده سەر رێگای قزقەپان و دەستەیەکیشی دەنارده سەر رێگای کانی خوا، بۆ خۆشی هەر جارە لەگەڵ لایەکی دەچوو، پیاوێکی لەزینوێ شێخ دادەنا، هەر کاروانێکی قاچاخچیان بەرەو ئیرا هاتبا، کابرا خەبەری دەدایە، رێگایان پێ دەگرت و رووتیان دەکرد، ئەوە کاری کوێخا بوو، ئەگەر قاچاخچیەك چووبا عێراق بەدەلاوان دا هاتبا و میوانی کوێخا بایە، ئەوە پیاوی خۆی لەگەڵ دەنارد و بەسەلامەتی کابرای دەبرد و دەیهێناوە.

لەسەر ئەو حاڵەشەوە سەیر ئەوەبوو قەت نوێژی نەدەچوو، هەمیشە لەرەمەزان دا بەرۆژوو بوو، بەربانگی دەکردەوە نوێژی خەوتنانی دەکرد و سوار دەبوو بۆ رووت کردنی قاچاخچیان، مالّەکەی وەك دوکانی بەزازی پڕ لەکوتاڵ و شتی قاچاخی گەرمێن بوو، ژاندارم و سەربازی گومرگ دەهاتن قاچاخچیان لەمالّی کوێخا دەبینی، بەڵام نەیان دەتوانی هیچ بێژن، کوێخا دراوێکی دەدانێ و دەڕۆیشتن، ئەوەی لەقاچاخچیانی دەستاند بەشی ژاندارم و گومرگی خانی دەدا، دیاری بۆ ژنەکانیان دەنارد، هەمیشە میوانیان دەبوو بانگێشتی دەکردن و دروشمێکی

هـەبوو دەیگـوت: عەجـەم قـونی چـەور کـەو چ دەکـەی بکـە، ئـەو دروشمـی بـۆی گرتبوو، مـەعمورەکانی سـەر سـنوور وەك مانگانـە لەگـەڵی بڕیبوونـەوە مانگانـەی دەدانێ و پێشیان بەرەڵا کردبوو.

لەو ناوچەیە یەکێك کارێکی لێ قەومابا ژنی هەڵگرتبا پیـاوی کوشـتبا ئەگـەر هاتبـا مااڵ کوێخا نەجاتی دەبوو، لەسەری وەدەنگ دەهـات، دراوێکـی زۆری بـۆ رزگـاری ئەو کابرایە خەرج دەکرد، بەو بۆنەوە مااڵ کوێخا هەمیشە ژن و پیاوی لێ قەوماوی لێ بوون و پەنایان هێنابوو.

مانگێك بوو چووبوومە دەالوان، رۆژێك کوێخـا گـوتی: بچـۆ سـەری مااڵێ بـدەوە و بەاڵم هەر رۆژێك گیربە، پیاوێکی سازکرد لەگەاڵم بێ، بارێك ئارد و پێسته پـەنیرێك و کوپە رونێك و پێـنج کەللـە قەنـد و چـا و دە تمـەن دراو گـوتی ئەوانـە بـۆ مااڵێ بەرەوە، ئەسپیان بۆ زین کردم و چـوومەوە، ژنـەکانی کوێخـا دیاریـان بـۆ دایـك و خوشکەکانم نارد، شەوێك لـەمااڵێ گیربـووم و گەڕامـەوە، بەپێچـەوانەی مـااڵی مـام ئایزی سێمانی بەتااڵووکە بووم بچمەوە مااڵی کوێخا.

هـەر لـەرۆژەکانی هەوەڵـەوە کوێخـا گـوتی: دەبـێ فێـری تفـەنگ هاوێشـتن بـی، تفەنگێکی ٣ تیری سەر تـوێی قوڵـەی دامـێ و گـوتی ئـەوە تفـەنگی تۆیـە، رۆژانـە نیشـانەی بـۆ دادەکـردم و تـەواو راهـاتبووم، لیباسـی زسـتانیان بـۆ دروبـووم، سەرکالو و دەستەوانەی گەرمیان بـۆ سـاز کردبـووم لەگـەڵ خـۆی دەیبردمـە راوە کێوی، زستانان راوە کێوی لەدەالوان زۆر خۆشە، بزنە کێـوی ئێـواران دادەکشـێن بۆ بنار و سەر چۆم، بـەیانیان زوو بەریچـکەتێ هەڵدەبنـەوە، نیوەشـەو تفەنگچـی وەخـۆ دەکـەوتن و بەرەگـەیان لێ دەگـرتن. حەیوانـە کێـوی عـادەتی وایـە ئەگـەر یـەکێك بەشـوێنێك دا تـێ بپـەڕێ، ئـیتر ئـەوانی دیکـەش بـەدوای ئـەودا دەڕۆن، تەقەشـیان لێ بکـرێ ناگەڕێنـەوە، جـاری وا هـەبوو دوو سـێ حـەیوان دەکـوژران، لەگوندی گۆشت بەشـی هـەموو مـااڵن دەدرا، ئـەو داب و شـوێنەم هـەر لـەدەالوان دیبوو، دابی کۆنی عەشیرەتی و کۆچەری تەواو پارێزرا بوو، نـەك هـەر ئـەوە مااڵ کوێخا حەیوانیان دەکوشتەوە، بەاڵم گۆشتیان بۆ زۆر مااڵ فەقیرەکان دەنارد.

ئاڵوگۆڕ لەژیانم دا

لەدەلاوان دا گۆڕانێکی تەواو بەسەر ژیانم دا هاتبوو، بووژابوومەوە، تێر و تەسەل و کۆك و پۆشتە، تاقە خۆشەویستی ماڵە کوێخا بووم، ژنەکانی کوێخا وەك کوڕی خۆیان خۆشیان دەویستم، زۆرجار دەیانگرتم ماچیان دەکردم و دەیانگریاندم و... رۆژێك گوتم ئەو هەموو عەجەمی برسی و بێکار دەگەڕێن بۆ یەکێك راناگرن لەجیاتی ئایشەخان ولاخان بەخێو کا؟ کوێخا ژن گوتی: کوێخا پیاوی سەڵت لەماڵێ راناگرێ تۆ پیاو نی بۆیە بووی بەپشیلەی مالّی، کابرایەکی پیر و فەقیر بەناوی حەسەنە لاڵ بەخۆ و ژن و کوڕ و کچێکی لەماڵە کوێخادا بوون و یاریدەی ژنەکانیان دەدا، من وەگری ئایشەخان ببووم، دەچوومە تەویلە ئەسپەکانم لەگەڵ خاوێن دەکردەوە، نەیدەهێشت دەیگوت پیس دەبی، دە ئامێزی دەگرتم دەیگوت بەقەد (حەمەدەمین)م خۆش دەوێی، (حەمەدەمین برای بوو) جاروبار سواری ئەسپێکی دەکردم و دەچووم ئاوم دەدا، سەبارەت بەماڵە کوێخا خەڵکی گوندیش خۆشیان دەویستم، کوێخا دوو برازای هەبوون (عەولا و خدر) مالیان جیا بوو، بەڵام لەگەڵ شوانان مەڕ و مالاتی کوێخایان بەخێو دەکرد، زۆریان خۆش دەویستم، زۆرجار دەچووینە مالّی کوێخا وردە وردە خوشکە مامزم لەبیر دەچووە.

بەهاری دەلاوان

بەهاری دەلاوان لەجوانترین بەهاری کوردستانە، لەسەرە بەهاردا کەنگر و مەندۆك و کارگ و ڕێواس و بیزا و کوڕادە خۆڵێك دەدەن و بەگوڵ و گوڵاڵەش دەڕازێتەوە، کیژ و کوڕ هەموو ڕۆژی رووەکەنە بناوان و گەڵی دەلاوان، زۆرجار خەڵکی گوندەکانی (کەڵەکین و بندرە و دربکە و گەپلەسەن و شیناوێ) بۆ کارگ و ڕێواسان دەهاتنە گەلی دەلاوان، لەگەڕانەوەدا لەزارگەلی دەیانکردە شایی و زەماوەند، تا ئێوارە درەنگ هەڵپەڕکێ و بەزم درێژەی دەبوو، ئێمە لەگەڵ برازاکانی کوێخا دەچووینە گەلی و نیشانەمان دادەکرد و لەگەڵ کچانیش خەریکی

دەستبازی دەبووین، لەزار گەلی دەلاوان رێگایەك هەیە بەناوی (کۆڵانی ماچان)، دوو تیشە بەردی زەلام ئەولاولای رێگایان گرتووە و کۆڵانێکی تەنگەبەر پێك هاتووە کەتەنیا تاقە بارگینێك یا زەلامێکی پێدا دەڕوا، ئێواران کەلەرێواسان دەگەڕاینەوە لەگەڵ خدری برازای کوێخا کولانمان دەگرت و کچەکانمان ماچ دەکرد، بەهاران حەوتووی جارێك ئەوە سەیرانی ئێمە بوو.

مانگێك لەبەهار دەڕۆیشت تاوڵ وەدەردەکەوتن، کوێخا ژنە هەمین و ئایشەخان دەچوونە کوێستان و عەدلەش لەگوندی دەمایەوە، کچێکی گوندیشیان لەگەڵ خۆ دەبردە هەوار کەئاوردوویان بۆ بێنی و بێر و هاوێریان لەگەڵ بکا، کوێخا پتر لەهەوار دەبوو، راوە کەوی دەکرد، زۆرجار دەچووە لای شوانەکان و مەڕی بەسەر دەکردەوە، حەوتووی رۆژێك دەهاتەوە گوندو یا بەسەفەر دەچوو، لەم ناوەدا ئەز ئازاد بووم، هێندێ جار دەچوومە کوێستان و هێندێ جاریش لەگوندی دەبووم، هەر سێ مانگ جارێکیش دەچوومەوە سەری دایك و بابم دەدا، ژیانی خۆش و سواری و دەستبازی و چنگە پرچە لەگەڵ کیژ و ژنان زووتر لەکات پێی دەگەیاندم، کوێخا مانگی دوو سێ جار دەیناردمە خانێ و دیاری بۆ فەرماندەی ژاندارمە و گومرگ و ئینتزاماتی عەشایری دەنارد، ژنە عەجەم دەوریان دەدام و داوای شتوومەکی عێراقیان لێ دەکردم.

بەهاری ١٣١٥ بوو دەوڵەت ویستی پاسگای ژاندارمە لە (دەلاوان) دابنێ، کوێخا تەنگاو بوو، دەستی کرد بەهاتووچوو و بەرتیل دان، بەڵام فایدەی نەبوو، خانویەکیان پێ چۆڵ کرد و حەوت ژاندارمان نارده دەلاوان، خەڵکی گوندەکەش پێوە هەراسان بوون، قەت ژاندارمیان لەنێو خۆیان نەدیبوو، ناویان نابوون (قولە شین)، کوێخا کەزانی جوابی نادەنەوە شەوێك چەند پیاوی ناردن کەئەسپی ژاندارمەکان بدزن، ژاندارم کردیانە تەقە و هاوار و کەس بەهاواریانەوە نەچوو، بەیانی لەسەر نانخواردن بووین ژاندارم وەژوور کەوتن، دەستیان کرد بەهەرا کەبۆچی بەهاوارمانەوە نەهاتوون، کوێخا گوتی: هەرا هەرای ناوێ، من کێشکچی ئێوە نیم، تا لێرە بن هەموو شەو ئەوە حاڵتانە، چل تمەنت دەدەمێ و ژاندارمان

بەرە و بڕۆ، بڵێ تا پاسگای قایم دروست نەکەن لەوێ ناحاوێینەوە، سەرۆکی چل پاسگە چل تەنی وەرگرت و رۆیشتن و ئەو سالّە نەهاتنەوە، پاش رۆیشتنی ژاندارمە دەلاوان وەك بازاڕی عێراقی لێ هاتبوو.

مەڕدارەکانی سندوس و شار وێران زۆربەیان هاوینان دەهاتنە کوێستانی دەلاوان، کوێستانەکانی کانی خوا و قەبری هەندوو پڕ دەبوون، حەیوان پێنج قڕان و یەك سم ووشتر تەمەنێك هەوارانە یان دەدا، کوێخا ئەستاندنی هەوارانەی بەمن ئەسپارد بوو، پیاوێکی لەگەڵ دەناردم و بەنێو تاوڵان دا دەچووین و هاوارانەمان دەستاند، ئاشنایەتی لەگەڵ مەڕدارەکان لەسالّەکانی تێکۆشانی سیاسی دا خێری دایەوە، گەڕانی کوێستان و بەڕەڵایی ژنان لەدەلاوان و ژیانی خۆش هەستێکی لەمێشك دا دەجوڵاندم و سەرم لەحەزلێکردن و خۆشەویستی دەخورا، هاوینی ئەو سالّە دوو سێ کەس ژنیان هەڵگرتبوو هاتبوونە دەلاوان کەکوێخا مەسلّەتیان بۆ بکا، کاتی گیا دروون و کۆکردنەوە بوو فەعلەش وەگیر نەدەکەوت، بۆ ئەوە کاریان پێ بکا کوێخا خۆی لەمەسلّەت مات کردبوو، ئەوانیشی دەکارێ بەردابوو، ژنەکانیش لەمالّی کوێخا بوون و یاریدە عەدلە خانیان دەدا، یەکێك لەو ژنە رەدوا کەوتوانە لەسەربانی جێگای بۆ رادەخستم پاشان بەبیانووی ئەوە شتی لەبیرچووە دەهات دەپالّم دەخزا، بەخۆیەوە دەگوشیم دەستی لێ دەدام ماچی دەکردم، دەمگوت نەچیەوە هاوار دەکەم ناچار بەجێی دەهێشتم، ئەگەر لەگوندی وەرەز دەبووم دەچوومە کوێستان، خۆشترم رادەبوارد، بێجگە لەهەوای سازگاری کوێستان و خواردنی بەتام و چێژ زۆریشیان خۆش دەویستم، هێندێ جار کوێخا ژن دەیگوت سەرمات دەبێ لەگەڵ خۆی دەی نواندم، کێژێکی هاوتەمەنی منیان هێنابووە هەواری دەیگوت وەرە با بچین مەڕە شەلەکان بدۆزینەوە، کاتێك دەچووینە نەدیو ئیتر مەڕە شەلە لەبیر دەچوونەوە.

کوردەکانی گەرمێن

ئەوسالّە هێندێ مەڕداری گەرمێنیش هاتبوونە کوێستانی دەلاوان، سەر هۆزەکەیان پیاوێك بوو بەناوی (برایمی حەمەدە شینی)، بەخزمایەتی دەگەیشتە

کوێخا و هاتووچۆی تاوڵی کوێخای دەکرد، منیشی دەبردە ماڵی خۆیان، کوڕێکی هەبوو سینفی شەشی سەرەتایی بەکوردی خوێند بوو، بەزمانی کوردی دەینووسی و دەیخوێندەوە، من نەم دەتوانی کوردی بخوێنمەوە، بیرم دەکردەوە بۆ زمانی خۆم نازانم، ئەگەر فارسی بایە من خوێندەوارتر بووم بەڵام سەرم لەکوردی دەرنەدەکرد، هاتووچۆی ماڵی کاك برایم و دۆستایەتی لەگەڵ کوڕەکەی بوو بەهۆی ئەوە کتێبی کوردی وەربگرم و بخوێنمەوە، شیعرەکانی پایەبەرز مەلای کۆیەم لێ وەرگرتبوو زۆریشم لەبەر کردبوون، کاك برایم دەیگوت وەرە لەگەڵ من بۆ خوارێ، لەقوتابخانە بخوێنە و لەگەڵ کوڕەکەی من دەبی، بەداخەوە سەری نەگرت و ماڵە کاك برایمی گەڕانەوە بۆ بیتوێنی.

کاتێك لەهەوار دەهاتنەوە خوار ژنەکانی کوێخا کاریان بەش دەکردەوە زستانی دەڵاوان سارد و تووشە، دەبوایە سووتەمەنییەکی باش بۆ زستان دابخەن، کوێخا سالّی پیاوێکی دەگرت کەئاوردوو بۆ دیوەخانی بێنی، بەڵام سووتەمەنی ژووری لەئەستۆی ژنەکان بوو، ئەوکارە چەتوونە کەوتووە سەر ئەستۆی عەدلە خان، هەموو رۆژی بەیانی دوو گوێ درێژی جل دەکرد تەورداس و گوریسی دەست دەدایە و دەچووە گوێنیان، دوو باری گوێنی دەهێنا و دەهاتەوە، ئەوەندەی دەهێنا تا پێی وابوو بەشی زستانی دەکا، هێندێ رۆژ ئەزیشی لەگەڵ خۆ دەبرد، ئایشە خانیش بەخێوکردنی وڵاخانی دەست پێدەکردەوە، پایزان سەر باربێکیشی لێ زیاد دەبوو، دەبوایە هەموو ئێواران تیلەکە پوشێکیش بۆ شیوە خواری وڵاخان بێنی، تا بەفر دەباری ئەوە کاری بوو، گەلێك رۆژان لەگەڵ خۆی دەبردمە مەزرا و قوماری لەگەڵ دەکردم و لەعەرزی دەدام.

کەپایز دادەهات کاری منیش دەست پێ دەکرا، دەبوایە دەست بەئەسکەندەر نامە بکەمەوە، ئەوەندەم خوێندبوەوە کەمتر چاوم لەکتێب دەکرد خەڵکی دەڵاوان زۆربەیان لەکوردستانی گەرمێنەوە هاتبوون، هێندێ جار لەدیوەخانی کوێخا و یا لەدیوی ژووری باسی کوردستان و شەڕی شێخ مەحمود و شەڕی نێوخۆی عەشیرەتەکانیان دەکرد سەرنجی رادەکێشام و هەوەڵ جار دەم بیست کەکورد بۆ

ئازادی شەڕی کردووە، ژنەکان باسی حەزلێکردن و ڕەدو کەوتن و پیاو لەسەر ژن کوشتنی عەشیرەتی پیران و ئاکۆیانیان دەکرد بەتامەزرۆیی گوێم بۆ رادەگرتن، ئەو زستانەش دوور لەدایك و بابم بەخۆشی لەدەلاوان ڕامبوارد، سەرە بەهاری بابم هات سەرم بدا، کوێخا مەرز ڕازی کرد کەماڵمان بێتە دەلاوان، چەند بارگین و پیاوی بردن و ماڵەکەمان باری کرد و لەدەلاوان لێك کۆبوونەوە، بڕا گەورەکەشم هاتبۆوە و ئیتر خێزانێکی تەواو بووین.

کوێخا پەڵە زەویەکی داینێ و بارێك بەهار و بەهەرەوەز چاندمان، ڕۆژی هەرەوەزی گیسکێك و ڕوون و برنجی بۆ ناردبووین کەنانی بدەین بەجوتیاران هەرچەند ماڵمان هاتبۆوە دەلاوان بەڵام ئەز هەر لەماڵی کوێخا بووم و ژنەکان نەیاندەهێشت بچمەوە ماڵی خۆمان، کوێخا تەواوی کاروباری گوندی و ئیدارە و هاتووچۆی بەبابم ئەسپارد بوو، مۆرێکی هەبوو نامە و بەڵگەی پێ مۆر دەکردن مۆرەکەشی دابوو بەبابم و کردبوویە وەکیلی خۆی.

پوشپەڕی ساڵی ١٣١٦ بوو فەرماندەی ژاندارمەی هاتە دەلاوان، بەکوێخای گوت: تۆ ئەشێ ئەم کوێستانانە بپارێزی، ئەمرت دەدەمێ ئەگەر مەڕی عێراقیەکان بێتە خاکی ئێران بیان هێنە و تاڵانیان بکە.

کوێخا بۆ کارێکی ئاوا سەرشانی خۆی دەپچڕی، سەرگورد فەخرایی فەرماندەی ژاندارمەری فەرمانێکی ڕەسمی بۆ کوێخا نووسی، پاسگایەکی ژاندارمەشیان لەدەلاوان دروست کرد و ٩ ژاندارمی هاتبوونێ، هەموویان تورکی ئازربایجان بوون، هاتووچۆی پاسگام دەکرد و فێری تورکی ببووم.

تاوڵی کوێخا ئەو ساڵەش چوبۆوە (هەواره فات) ئاخرین لوتکەی بەرزی کوێستانەکانی دەلاوان، بەو دیویشدا عێلی بابۆڵی هەڵیان دابوو و نێوانیان لەگەڵ کوێخا خۆش نەبوو، لەهاوین دا کوێخا پیاوی ناردن تاوڵەکانیان بار کرد و گوێزتیانەوە بۆ کانی خوا، پاش گواستنەوەی تاوڵەکانی کوێخا شوانی بابۆڵیان مەڕیان دەهێنا جێ هەورای کوێخا و ئاویان دەدا و دەیانلەوەڕاندن، ئەم شوێنە ملکی دەلاوان بوو، کوێخا ئێوارەیەك پیاوەکانی گوندی کۆکردنەوە و لەنیوەشەودا

بەرەو کوێستانی (هەوار فات) کەوتنەڕێ، ژاندارمیشی لەگەڵ خۆ بردن، تاریك و رووتی بەیانی بەسەر شوانی بۆڵیان دادەدەن، ئەو مێگەلانەی لەوێ دەلەوەڕان گشتیان داگیرانە خوار و بەتاڵانیان هێنا، لەگوندی را بەدووربین ژن و منداڵی بابۆڵیانمان دەبینی هاتبوونە سەر سنوور و گریان و رۆڕۆیان بوو، هۆبەی بابۆڵیان تاڵان کرا، ٢٠–٣٠ ماڵ لەساجی عەلی دانران و ماڵ وێران بوون، تاڵان گەیشتە دەلاوان و ١٤٠٠ سەر حەیوانی سپی و رەشانك بوو، کوێخا داوای کرد بۆ پارێزگاری گوند سەربازی دەوڵەتی بێنە دەلاوان، سوڵتانی (شقاقی) رەئیسی ئینتزاماتی عەشایری لەگەڵ بیست سەرباز هاتە دەلاوان و خێوەتیان هەڵدا، هەموو رۆژێ حەیوانێکی تاڵانیان سەردەبڕی و دەیانخوارد، کوێخا دەیزانی ئەو هەموو حەیوانە ناخورێ و دەوڵەتی عێراق داوای دەکردەوە دەستی کرد بەگۆڕینیان، بەران و مەڕە ئەستور و حەیوانی قەڵەو و گەورەی دەنارد لەبازاڕ دەفرۆشت و گیسك و حەیوانی وردە و لەڕ و لاواز و هەرزانی دەکڕی و لەجێی دادەنان، هەموو رۆژێ خەڵکی دەلاوان هەرکەس بۆ خۆ دەچوو مەڕی دەدۆشی و شیرەکەی دەبرد، مەڕداری گەرمێن خوری داوێنی حەیوان لەبەر پارێزگاری گوانیان نابڕنەوە لەدەلاوان دەستیان کرد بەداوێن بڕینەوە حەیوانان و خوریيەکی زۆریان وەسەر یەك نا.

سەیر ئەوەبوو کوێخا و ژنەکانی پشکە گۆشتێکی لەو حەیوانانەیان نەدەخوارد و دەیانگوت حەرامە! من زۆربەی رۆژ لەلای سوڵتان شقاقی بووم فارسی و تورکیەکەم دەمەزەرد دەکرد و زۆر پێش کەوتبووم، رۆژێك سوڵتان شقاقی گوتی: لێرە کەس نییە گۆرانییەکمان بۆ بڵێ؟

گوتم هەیە، کابرایەك لەبیتوێنی هاتبوو حەیرانی زۆر خۆشی دەگوتن بانگم کرد، کابرا دەستی لەبن گوێی نا و سێ حەیرانی زۆر خۆش و بەتامی گوتن، کەتەواو بوو شقاقی گوتی: (دوغردان بو ئیلەسوز دی ئوزادلار) واتە بەڕاستی ئەوە هەر قسەیە و درێژی دەکەنەوە.

پاش هاتووچوو شکایەت، وەك لەبیرم بێ بابۆڵیەکان ٩٠٠ سەر حەیوانیان وەگیر کەوتەوە، پایزی ئەوسالّە دەلاوان لەحالّەتی شەڕدا بوو، زۆربەی شوان دەهاتنە سەر گوندی و دەبوو بەتەقە، هاوین ئێمە بەهەرەوەز بەهار وەکومان در و وەوگێرەمان کرد ١٠ باری کردبوو، کوێخاش شەش بار گەنمی بۆ ناردبووین خۆشمان رادەبوارد، زستان خوێندنەوەی ئەسکەندەرنامە هەر لەستۆی من بوو، هێندێ شەو لەگەڵ لاوانی گوند لەمالّە کچ جوانان کۆدەبووینەوە و جورابێنمان دەکرد، زۆرجار لەگەڵ خدری برازای کوێخا بەسەر مالّان دا دەگەڕاین و خەریکی شەوڕاو و شەیتانی دەبووین، ئەوەی راست بێ شەیتانی لەرادەبەدەر و نێزیکی لەژنان تەمەنی وەپێش خستبووم.

بەهارێ کوێخا لەگەڵ کابرایەکی خەڵکی نەغەدە بەناوی (رەحیم نەلوسی) سنووری (تەمرچیان)ی لەدەولّەت بەئیجازە گرتبوو خوێی لێ بفرۆشی، بەوشتران خوێیان دەهێنا و لەسنووری تەمرچیان بەکوردی ئەودیویان دەفرۆشت خۆی لەعێراق قاچاخ بوو، کاروان دەهات باری دادەگرت و بەشەو دەگەڕانەوە، کوێخا منی نارده تەمرچیان وەك نوێنەری ئەو حیساب و پوڵ و کاروباری خۆی بەدەستی من بوو، لەپەنا ئیدارەی گومرگ و ژاندارمە ژوورێکیان ساز کردبوو لەگەڵ کابرایەك بەناوی (سۆفی سولّتان) لەوێ دەژیام، پاشان (مەلای رەش)ی رەحمەتیش ببوە شەریك و هاتە وێ، پێکەوە دەژیاین، پوڵی خوێ من وەرم دەگرت و حەوتووی جارێك بەسواری دەچوومەوە دەلاوان پوڵەکەم دەدا بەکوێخا و پاشان خۆیان لەگەڵ شەریکەکان حیسابیان دەکرد.

ئەو سالّە لۆری لەعێراقەوە گەنمیان بۆ ئێران دەهینا، من هاتووچۆی زینوێ شێخم دەکرد و لەگەڵ ژیان و هەستان و دانیشتنی کوردەکانی ئەودیو ئاشنا دەبووم، هاتووچۆی خانێم دەکرد دیاریم بۆ ژنەکانی فەرماندەی ژاندارمە و سەرۆکی گومرگ دەبرد، کاری ئێمە ئێواران دەستپێ دەکرا، کاروان ئێواران دەهات بەرۆژ بێکار بووین، کتێبی کوردیم لەزینوێ وەردەگرت و بەدزی دەمهێنا، لەگەڵ مەلای رەش

گەڕامەوە بڕیارم دا بچمە (زەرگەتەن) و لەماڵە ئاشنایەك وەژوور کەوم و چەند هەنگاو ڕۆیشتبووم گوێم لێ بوو بەناو بانگم دەکەن، ئاوڕم داوە ڕوانیم بێجگە لەو ژنە کەس دیار نەبوو، ڕاوەستام، ژنەکە هاتە پێش و گوتی:

– بۆ وا حەپەساوی؟... دیارە جوابم نادەیەوە.

– ئای فاتم ئەوە تۆی؟

– ئەدی کێیە؟ وەرە.. وەرە..

چوومە پێش، واقم وڕما.

– کچێ فاتم ئەوە لێرە چ دەکەی؟ ئەو لیباس و چارشێوە چییە؟

– تۆ دەزانی؟ ئەگەر تۆ پیاو بای من لێرە چیم دەکرد؟ جارێ لەو قسانە گەڕێ وەرە بچینە ماڵێ.

ماڵی چی؟ ناکا مێردت کردبێ؟

– مێردم بەحاجیئاغای ژاندارمە کردووە و ماڵمان لێرەیە.

حاجیئاغا و ئەکبەر شمشێری دوو ژاندارم بوون لەناوچەی پیرانان و لاجانێ مامەشان، ئاگریان کردبۆوە، کەس نەبوو لەدەست ئەم دوو ژاندارمە زاڵەی نەیە، لەهیچ جنایەتێك دەستیان نەدەگێڕاوە، هەرچی کردبایان لێ پرسینەوەی نەبوو، ئاغا و سەرەك عەشیرەتە نەزان و ترسنۆکەکانی کورد لەترسی ئەم دوو ژاندارمە کونە مشکیان بەئاوات دەخواست.

حاجیئاغا هاتووچۆی گوندی (شنۆزەنگ)ی کردبوو، لەوێ چاوی بەفاتمە جوانێ کەوتبوو بەخۆشی و یا بەزۆری فاتمی برد بوو لای قازی شێخ تەها کەهاودەستی ئەم دوو ژاندارمە خوێن خۆرە بوو، مارەی کردبوو و لەخانێ ماڵی بۆ دانابوو، فاتم وەدوای خۆی دام و بردمیە ماڵ، ماڵێکی دوو وەتاخ، فەرش کراو خاوێن، پاڵپشتی بۆ دانام و هات دانیشت و دەستی کرد بەگریان.

– بۆ دەگری؟ ماڵی لەوە خۆشتر ئیتر چیت دەوێ؟

– چۆن نەگریم؟ پاش ئەوە لەدەلاوان گەڕامەوە هەر بەهیوای تۆ بووم، ئێستا لەکوێم دەبینی، ئەو ژاندارمە سەگبابە هاتووچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد، زۆر دایکم

هەر بۆ ئەوەی لەماڵ دا نەمێنم فریوی دام، بابیشم دەیزانی، رەگەڵ حاجیئاغایان خستم.

– باشە تازە مێردت کردووە و گریانی ناوێ.

– ڕاوەستە با سەماوەرەکە تێ باوێم.

– سەماوەری چی؟ من دەڕۆم و ناتوانم لێرە بم، حاجیئاغا دەمناسێ و بێتەوە باسی سەرە.

– حاجیئاغا تا پێنج ڕۆژی دیکە نایەتەوە بەدراوسێیان دەڵێم ئامۆزامە حاجیئاغاش بێتەوە وەبەر شەقانی دەدەم، عەجەمە دەزانم چۆن سواری بم، ناهێڵم بڕۆی تۆڵەی هەموو شتێکت لێ دەکەمەوە، ئاو دێنم لاق و دەستانت بشۆ، بحەسێوە، ئێستا چا ساز دەبێ.

فاتم ئاوی هێنا و دەست و چاوم شوشت و هات چایەکی تێکرد و گوتی:

– تۆ چا بخۆوە من نان ساز دەکەم، نانمان خوارد چامان خواردەوە و یادی ئەو شەو و ڕۆژانەمان کرد کەلەدەلاوان رامان بوارد بوو، دوای بەینێك گوتم.

– زۆر ماندووم، لەسندوسیەوە بەپێیان هاتووم، جێگام بۆ چاکە با بنووم.

– یانی بەتەمای بنووی؟ خەراپ نییە، ئێستا جێگات بۆ چا دەکەم بەڵام نوستن نازانم، فاتم جێگای ڕاخست و گوتی: ئەوە جێگای تۆیە دەزانم ماندووی فەرموو ڕاکشێ

– ئەدی ئەتو لەکوێ دەنووی؟

– لەخەمی من دا مەبە، جێگام هەیە.

چوە ژوورەکەی تر و هێشتا چرام نەکوژاندبۆوە بەکراسێکی قوڵە و تەنك و نیوە ڕووتەوە لێم وەژوور کەت و دەپاڵم خزا و گوتی: جا بنوو.

بەیانی بەهیلاکی لەخەو هەستام و نان و چامان خوارد، فاتم گوتی:

– ئەگەر کارێکت هەیە بەحاجیئاغا جێبەجێی دەکەم.

– کارم نییە حاجیئاغا هەر ئەوەندە پیاوەتییە بڵا هەتا هاتم لەماڵ نەبێ بەسمانە.

خواحافیزیم لەفاتم کرد و چوومە قەڵاتی موتاوی ماڵە سەید عەولا، باسی شکایەت و شاهید نامەم کرد، گوتی: لەپێشدا بچۆ قەڵاتە رەشی لای قەرەنیئاغا ئێستا لەگەڵ کوێخا مەرەز تێکچووە، ئەگەر ئەو ئیمزای بکا ئیتر لەم ناوچەیە هەموو کەس ئیمزای دەکا.

هەر ئەو رۆژە چوومە ماڵە قەرەنیئاغای پیران، شەو لەوێ بووم و مەسەلەکەم بۆ گێڕاوە، قەرەنیئاغا گوتی: هیچ ئاگام لێ نییە، بەڵام برۆ کە ئیمانێکم هەیە ئەویش لەسەر ئێوە دادەنێم، شاهید نامەکەی ئیمزا کرد و سۆزی بەنێو پیرانان دا گەڕام و نێزیکەی بیست کەس ئیمزای کرد، دەبوایە لەخانێ شارەوانی ئیمزاکان تەسدیق بکا، هاتمەوە خانێ ئیتر لەبێ جێگایی نەدەترسام وەزڵم هەبوو، حاجیئاغا کارێکی وای نەکردبوو من بێ جێگا بمێنمەوە، شەو میوانی فاتم بووم و بەیانی چوومە شارەوانی و تکام لەسەرۆکی شارەوانی کرد کەئیمزاکان تەسدیق بکا، گوتی: ئەو ئیمزایانە ناناسم بەڵام ئەگەر قازی شێخ تەها تەسدیقیان بکا منیش مۆر و ئیمزای قازی تەسدیق دەکەم.

هەرچەند لەگەڵ قازی نێوانمان نەبوو، قازی ببوە هۆی هەژاری و دەربەدەریمان بەڵام ناچار چوومە سێ گردکان و بەو هیوایە دەتمەنی دەدەمێ و پێی تەسدیق دەکەم، بیستبووم لەگەڵ کوێخاش نێوانی زۆر ساز نەماوە، کەچوومە (سێ گردکان) خوا و راستان قازی تەشریفی لەماڵ نەبوو، قازی کورێکی هەبوو بەناوی (بابەشێخ) لەتەمەنی منـدا و رەنگە نەختێك بچوکتریش، نێوانمان لەرادەبەدەر خۆش بوو، چەند جار لەگەڵ باوکی هاتبوە دەلاوان، لەخانێ یەکترمان دیبوو، لەو تەمەنەدا کەس ئەوەندە نێوانی پێکەوە خۆش نەبووە، بابە شێخ دایکی خۆی نەمابوو، نازانم تەڵاق درابوو مردبوو یا رۆیشتبوو، لەبەر دەستی زێ دایکی زۆر کەلەلا و ناڕەحەت بوو، کزی و بێ دەستەڵاتی و لا رەملی پێوە دیاربوو، کوڕێکی ژیر و جوان و خەت خۆش بوو هەستی بەساختەچیەتی باوکی کردبوو زۆرجار کردەوە و ئاکاری باوکی لەگەڵ ژن و کارداری مانێ و بێگانە بۆ دەگێڕامەوە.

قازی برازایەکی هەبوو بەناوی (عەبدولخالق)، لەگەڵ بابەشێخ یەکتریان خۆش دەویست و بەو هۆیەوە لەگەڵ منیش دۆست بوو، ئەویش سەد ئەوەندەی بابەشێخ لەدەست مام و ئامۆژنی بێزار بوو، سالّی ئاخری کەلەدەلاوان بووین، هاتووچۆی مالّی قازیم دەکرد، عەبدولخالق دەیگوت: ئامۆژنم لەحەیفی کردەوەی مامم بۆی هەڵکەوی دەست ناگێڕێتەوە، بۆ دەستێکی ناگەیەنیەی؟ وەك بۆی دەگێڕامەوە قازی دڵ پیسی لەژنەکەی دەکرد و بێجگە لەبابەشێخ و عەبدولخالق نەدەبوایە پیَاو بچنە دیوی ژوورێ.

ئەو رۆژە بابەشێخ بەچوونی من کەیفی ساز بوو، بۆ هەوەڵ جار بردمیە دیوی ژوورێ، خێزانی قازی ژنێکی جوان و شۆخ، گەلێکی بەخێرهاتن کردم و گوتی: بابە شێخ زۆر باست دەکا، بچنە دیوەخان ئێستا نان و چاتان بۆ دەنێرم، بەبابەشێخم گوت بۆ مەسەلەیەکی ئاوا هاتووم.

– چاك بوو بابم لەماڵ نەبوو، لەماڵ با نەیدەکرد، یان پوڵێکی زۆری دەویست، باش هاتووی، مۆرەکە لەماڵە، منیش ئیمزای باوکم راست وەك ئەو دەنووسم، ئێستا مۆر و ئیمزای دەکەم و گیر مەبە بگەڕێوە.

یەك دوو جار ئیمزای باوکی پرۆڤە کرد و لەگەڵ ئیمزاکانی دیکە بەراوردمان کرد هیچ فەرقی نەبوو، شاهید نامەمان مۆر کرد و لەخوارەوە نووسی: مەتڵەبی سەرەوە و مۆر و ئیمزاکانی خوارەوە بەتەواوی تەسدیق دەکەم، سەر دەفتەری ازدواج و تەڵاقی ژمارە ۱۰ی لاجان قازی عەلائی.

کارم راست هاتبوو، گیر نەبووم گەڕامەوە بۆ خانێ، چوومە شارەوانی و بەسەرۆکی شارەوانیم تەسدیق کرد و رۆژ درەنگ بوو چوومەوە مالّی حاجیئاغا و ئەو شەوەش لەلای فاتم خەوم لێ حەرام بوو، بەیانی زوو کەوتمە رێ و هاتمەوە گوڕناوێ.

گورناوێ و قوڕکاری

ئەو خانوەی لەگوڕناوێ دا بوویانینێ، زۆر بچووك و وێرانە بوو، رۆژێك تەیمور ئاغا هات و گوتی: ئەگەر خۆتان خانوو دروست بکەن من کاریتە و کوڵەکە دار و پەردوتان دەدەمێ، بابم دەستی بەننایی هەبوو، نەخشەی نێو ماڵێك و وەتاخ و تەویلە و حەساریکی گەورەی کێشا و دەستمان کرد بەقوڕکاری، ئێمە قوڕمان دەشێلا و خۆشمان دەکرد و بابم دیوای دادنا، عەرزێك لەپەنا ماڵەکەمان بوو ئاوی تێدا رادەوەستا و ببووە گولاو، ئاوەکەمان لێ بڕی. بەخۆڵ و مشکی پڕمان کردەوە و دیوارمان لەدەوری کێشا و پەرژینێکی دڕومان بۆ ساز کرد و کردمان بەسەوزی خانە و تا ساردی پایز خەیار و تەماتە و پیواز و کەلەم و گوڵ و رەیحانە رەشە بوو، بەشی دراوسێیانیش دەدرا، لەگەڵ خەڵك باش رێك کەوتبووین، نێوانمان خۆش بوو، حاجەتی خەڵکیمان دەکرد، سەرە بەهار هەرەوەزیان بۆ کردین و زەویەکەیان بۆ کێڵاین، لەبەهاردا بابم ٥-٦ باری گەنم سەلەم کرد، بەشیلگیری خەریکی قوڕکاری بووین و خانوەکەمان تەواو کرد جیرانان جێ توتنیان بۆ خۆش کردین و ١٥ رۆژی بەهار مابوو توتنمان چەقاند.

بۆ هەوەڵ جار خۆشی هەرەوەزی توتن چەقاندنیش حاڵی بووم، توتن چەقاندن لەکوردستان دنیایەکی تایبەتی هەیە، بێجگە لەیاریدەدان و دەستەوا و هاوکاری، جێژنەی کیژ و کوڕی هەرزەکارە، لەسەر دێراوی توتن، لەرێگای چوون و هاتنەوە لەوچان و نانخواردن و حەسانەوە، هەزار راز و نیاز دەگۆڕدرێنەوە و چاوبڕکێ دەکرێن و زەردەخەنەی شیرین تەحویلی یەکتر دەدرێن، ئێمە کەلەماڵە مەلا بووین کیژ و کوڕی گوندی بەگشتی هاتبوونە هەرەوەز و یەکێك لەرۆژە خۆشەکانی ژیانمان بوو، خەڵکی گوندەکانی دەوروپشتی گورناوێ بۆ نامە نوسین و مەولود نامە خوێندنەوە دەهاتنە لامان و ئەوەندی لەتوانامان دا هەبا یارمەتیمان دەدان، بابم وێردی زمانی ئەوە بوو دەیگوت: نابی کەس بەناهومێدی لەماڵی ئێمە بگەڕێتەوە.

وەدوا کەوتنی شکایەت و هاتووچۆی شار

بابم گوتی ئێمە خەریکی کاسبی مالّ و تۆش شکایەت و هاتووچۆی شار بکە، چووینە لای مەلا حەمەدەمینی بورهانی، وەکالەت نامێکی بۆ نوسین و بەپەخشداری نەغەدە ئیمزامان کرد، بابم بۆ هەموو کارێکی ئیدارە و ئاشتی داخوازەکانمان لەکوێخا مەرەز کردبوومی بەوەکیل، دەبوایە بچمە ورمێ و شاهید نامەکە بدەم بەدادگا، لەبیرمە پێنج قرانم دا و بۆ هەوەلّ جار بەماشێن چووم ورمێ.

بیستبووم کەکوردەکان لەقاوەخانەی شێخ دادەبەزن، قاوەخانەی شێخ لەشەقامی پەهلەوی کاروانسەرای کوردان بوو، شەو جێگایەکیان پێ نیشان دام و بەیانی چام دەخواردەوە شێخ جلال وەژوور کەوت، کەچاوی بەمن کەوت گوتی:

– ها لەگەلّ بابت هاتووی؟

– نەخێر بەتەنیا هاتووم، شاهید نامەم هێناوە.

شاهید نامەکەی لێ وەرگرتم و پاشان گوتی بۆم بخوێنەوە، خوێندمەوە، قەلّەمێکی وەرگرت و لەخوارەوە ئیمزای کرد، پاشان وەدوای خۆی دام بۆ عەدلیە، دیار بوو لەعەدلیە زۆر بەکار و بەگوڕ بوو، لەدەفتەری عەدلیە شکایەتەکەی ئێمەی دیتەوە، شاهید نامەکە و وەکالەتنامەکەی منی لێ قایم کرد، رووونوسێکی تەسدیق کراوی دەفتەری دادگای وەرگرت و دای بەمن، پاشان چووینە لای بازپرسی دادسەرا، میرزا قادری ئەمینی خەلّکی سابلاخ بازپرسی داد سەرا بوو، شێخ جەلال باسی شکایەتەکەی بۆ گێڕاوە و گوتی: پێویستە هەرچی پێت دەکرێ یارمەتیان بدەی.

میرزا قادر گوتی: دادستان دۆسیەی شکایەتی حسامی ناردۆتە لای من، رووونووسی شاهید نامەکە بۆ من بێنن، ئەوەی پێم بکرێ دەیکەم، رووونووسێکی شاهید نامە و وەکالەتنامەی دا بە بازپرس و لەگەلّ شێخ جەلال هاتینە دەر، رووی لەمن کرد و گوتی: ئێرە عەدلیەیە، کەسێك کاری کەوتە ئێرە رزگار بوونی نییە، لێرەدا مەرجی سەرکەوتن ماندوو نەبوونە، نەشکانەوەیە، کۆلّنەدانە، هەرچەند دەستت

بەسینگیەوە بنێن دەبێ پتر بچیە پێش، پاشان گوتی دوو رۆژ راوەستە پێکەوە دەچینەوە سندوس.

پاش دوو رۆژ لەگەڵ شێخ جەلال سواری عارەبانێکی یەک ئەسپە بووین و شەو هاتینە گوندی ئەرمەنیان (دارباری) لەچوغری ورمێ میوانی ئەرمەنیەکی ئاشنای شێخ جەلال بووین، من هەوەڵ جار بوو نانی ئەرمەنیانم دەخوارد، پێم وابوو خاوێن نییە، لەکاتێکا نان و چێشتێکی زۆر پوخت بوو، بۆ خەوتن شەو ناردیانمە ماڵێکی تر، تا رۆژ لەترسان خەوم لێ نەکەوت، بەیانی بەدۆڵی سامورتە و بەخان تاوسدا کەوتینە رێ و ئێوارە درەنگ گەیشتینەوە دەربەندی شێخ جەلال، لەرێگا حکایەتی خۆی بۆ دەگێڕامەوە کەلەشەڕی یەکەمی جیهانی دا چۆن بەدیل گیراوە و بردوویانەتە رووسیا و لەوێ فەعلەیی کردووە، باسی زۆڵمی ژاندارم و حکومەتی رەزا شای دەکرد و جنێوی بەدەرەبەگ و سەرەک عەشیرەتی کورد دەدا.

ئەم سەفەرە و تووشبوونی شێخ جەلال لەشارەزایی و وریاییم دا تەئسیری زۆر بوو، بێجگە لەشکایەتی عەدلیە پەیتا پەیتا نامەشمان بۆ شوێنە بەرزەکانی حکومەت دەنووسی و لەچنگ زوڵمی کوێخا مەرز دادمان دەکرد، دوو جاران کوێخا مەرزیان لەگەڵ ١٧ کەس کەئێمە شکایەتمان لێ کردبوون بردبوویانننە سابڵاخ و بۆ ورمێ یان راکێش کردبوون، ئەو کارە خەڵکی دەلاوانی ترساند بوو زۆریان بەنهێنی دەهاتنە لای ئێمە و دەپارانەوە کەوازیان لێ بێنین، لەم ناوەدا سەید بابەددین میرزای کاك مامەندی کولیج و قازی شێخ تەها بەنووسین و را و تەگبیر یارمەتی کوێخایان دەدا.

ساڵی ١٣١٨ بوو قازی شێخ تەها بەتاوانی بەرتیل و کردەوەی ناڵەبار گیرا و بردیانە ورمێ، رۆژێك مامەند ئاغای پیران لەگوڕناوێ پەیدا بوو، گوتی:

– هاتووم بۆ خۆت یا یەکێك لەکوڕەکانم لەگەڵ بنێریە ورمێ، بەبابمی گوت.

بابم منی لەگەڵ نارد و چووینە ورمێ، لەفەرمانداری کاری هەبوو، من وەك دیلمناج لەگەڵی بووم، پاش ئەوە کاری تەواو بوون و هاتینە سەر گەڕانەوە گوتی: تاقە

کارێکم ماوە، ئەویش بکەین و دەڕۆینەوە، بابچین سەرێکی قازی شێخ تەها بدەین لەبەندیخانەدا.

گوتم: قازی ئەو هەموو خەراپەی لەگەڵ ئێوە کردووە ئێستا تۆ سەری دەدەی؟

– هەر بۆیە دەچم پێم خۆشە لەزیندان دا ببینم، چووینە زیندان، قازیان هێنا، پاش چاك و خۆشی قازی گوتی: مامەند ئاغا زۆرم خەراپە لەگەڵ ئێوە کرد، وەرە تۆ چاکەم لەگەڵ بکە، هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، مامەند ئاغا گوتی: قازی دەستم بڕوا یەسکانت دەخۆم و خۆ دە بەحرێ داوێم.

حەساری گەورە و مالّی ئاوەدان

پاش ئەوە کەدیواری خانوەکە تەواو بوو رۆژێك دار و پەردوو و کاریتە و کۆڵەکەیان بۆ هێناین و دراوسێ یارمەتیان کرد و خانووەمان داپۆشی، بێجگە لەژووری نێو مالّ ژووری دانیشتن و حەساری گەورە و مۆدێرن و لەناو گوندا وەك خانووی دەوڵەمەند و ئەعیانان دەچوو، گورپناوێ سەرە رێگای شنۆ و نەغەدە بوو، خانوەکەی ئێمە ئەو عەیبەی هەبوو لەدوورەوە سەرنجی میوانی رادەکێشا، ئێوارەی بازاڕان گەلێك جار میوانی نەناسراو لێمان وەژوور دەکەوتن، تا مالّمان لەگورپناوێ بوو زۆر کەم بێ میوان دەبووین، هێندێك تەنیا میوانی نانخواردن بوون و دەڕۆیشتن، بەڵام هێندێك دەبوونە دۆست و ئاشنا و هاتووچۆی یەکترمان دەکرد، لەدوارۆژدا ئەم میوان و ئاشنایانە بوون بەئەندامی حیزب و لەتێکۆشان دا بەشداریان دەکرد.

لەهاوین دا باوکم سەفەرێکی کرد بۆ بەری پیرانان، سەید حەسەنی قوڕەیشی لەچیانە ماینێکی زۆر چاکی دابوو بەبابم و بەسواری هاتەوە، من گیانێکی تازەم هاتەوە بەر، بەسواری دەگەڕام و کوڕێکی ١٥ ساڵەی کۆك و پۆشتە بووم، هاتووچۆی شێخ جەلال و چەقەی ئیدارەکان فێری کردبووم بەگژ ژاندارم دا بچم، شێخ جەلال لەوریاکردنەوەی خەڵك دا دەوڕێکی گرنگی هەبوو، خەڵکی فێری بەربەرەکانی دەکرد، لەسەر خەڵك وەدەنگ دەهات، دەربەند تاقە گوندێك بوو

لەسەردەمی حکومەتی رەشی رەزاخان دا ژاندارم رووی تێ نەدەکرد، ئەگەر لەگوندی دەربەند کارێکیان هەبایە لەدوور بانگی کوێخایان دەکرد و دەڕۆیشتن.

لەبیرمە جارێك ژاندارم ئیختاریەی عەدلیەی بۆ هێنابووین، پاش ئەوە نان و چای خوارد گوتی: فەوقولعادەم دەیە تا بڕۆم.

– فەوقولعادەی چی؟

– چۆن ئیختیاریەم بۆ هێناوی، خۆ نۆکەری تۆ نیم.

– نۆکەری دەوڵەتی نەت هێنابایە.

– وانییە ئەشێ شتێکم بدەیەی.

– کتێبی قانوون لەسەر تاقە بوو، هێنامە خوار و گوتم ئەوە قانوون مافی هیچت نییە و هیچیشت نادەمێ.

– دەبڕۆ لەعنەت لەبابی قانوون دانەر، نانی ئێمەی بڕیوە، هەستا و ڕۆیشت.

سەید حەمەدەمینی ئەندازە

هاوین کاکم فەعلەیی دەکرد و من و خوشکەکانیشم خەریکی بژار و بەخێوکردنی توتن بووین، ئێوارەیەك درەنگ سوارێك لەبەر دەرگا دابەزی، ولاخمان لێ وەرگرت، بەخێرهاتنمان کرد و هاتە ژوور، گوتی مالّم لەنەغەدەیە و درەنگ بوو لامدا شەو گوتی: من پۆستی نێوان شنۆ و نەغەدە و خانێ و نەغەدەم بەئیجارە گرتووە، دوو ئەسپی چاکم هەن، خۆشم ولاخ بۆ دەوڵەت دەکڕم، پێشم دەڵێن سەید ئەندازە. چونکە بەژن و بالاّم راست ئەندازەی دەوڵەتە بۆ ئەسپ کڕین، بەیانی بەباوکمی گوت: ئەو کوڕانەی تۆ چ دەکەن؟

– یەکیان فەعلەیی دەکا، ئەوەشیان بێکارە، خەریکی توتن و هاتووچۆی شار و بازاڕە.

سەید گوتی: ئەو کوڕەت بۆ بێکار بێ، با حەوتووی دوو جار لەجیاتی من سوار بێ و پۆست بەرێتە خانێ، بەیانی بێتە نەغەدە، پۆستی بۆ وەردەگرم، ولاّخی بۆ زین دەکەم، سوار بێ بچێتە خانێ، شەو لەوێ دەبێ و بەیانی پۆست وەردەگرێ و بۆ

نیوەڕۆ دێتەوە نەغەدە، ئەویش بێتە مالّی خۆتان، مانگی ١٦ تمەنی دەدەمێ، نازانم ئەو دەم حقوقی سەید چەند بوو بەلاّم ١٦ تمەن بۆ ئێمە زۆر بوو، بابم گوتی: ئەگەر بتوانێ و لەخۆ رادەبینێ زۆرباشە با بێ.

من کەباسی خانێ هاتە گۆڕێ، مالّی حاجیئاغام وەبیرهاتەوە، گوتم: بۆ ناتوانم زۆرباش دەتوانم، لەگەلّ سەید رێک کەوتین و رۆژی چوار شەمو زوو چوومە نەغەدە، لەگەلّ سەید چوومە ئیدارەی پۆست و تێلگراف، سەید پۆستی وەرگرت و خستیە نێو خورجینێک و ئەسپێکی باشی بۆ زین کردم و بەرەو خانێ کەوتمەڕێ، لەرێگا بەشی زۆر هەر بەغار دەڕۆیشتم، زوو گەیشتمە خانێ، بارگینم بەستەوە و چووم لەئیدارە پۆستم تەحویل دا و بەپەلە خۆم گەیاندە مالّی حاجیئاغا، حاجیئاغا لەبەر راو و رووت وەمالّ نەدەکەوتەوە، کەوەژوور کەوتم راست بۆوە و فاتم خۆی دەئامێز هاویشتم گوتی: هەر دەڵێی بۆن دەکەی کەحاجیئاغا لەمالّ نییە.

– بەراستی لەمالّ نییە؟ لەکوێیە؟

– ئەوڕۆ بۆ نێو مەنگوڕان رۆیشتووە.

ئەسپەکەم هێنا لەجێگای بارگینی حاجیئاغام بەستەوە و شەو لەلای فاتم بووم و بەیانی لەپۆستخانە پۆستم وەرگرت و نیوەڕۆ زووتر گەیشتمەوە نەغەدە، ئێوارێ چوومەوە مالّێ بەدایکم گوت شەو لەمالّی حاجیئاغا بووم، دایکم بەبابمی گوتبوو، باوکم لێم توڕەبوو، لێی قەدەغە کردم کەبچمە مالّی حاجیئاغا، ئیتر تا سالّی ١٣٢٨ چاوم بەفاتمێ نەکەوتەوە، ئەوجار کەدەچوومە خانێ شەو دەچوومە مالّی پورم لەگوندێکی نێزیک خانێ، مانگێک بوو پۆستم دەبرد رۆژێک سەید حەمەدەمین گوتی: نیوەڕۆ بچین لەمالّی ئێمە نان بخۆین، سەید پیاوێکی بەسالاّچوو بوو، تەمەنی خۆی لە ٦٠ دەدا، دوو کوڕ و سێ کچی هەبوون، دایکی منالاّن مرد بوو، ژنێکی لەبار و گەنجی ئازربایجانی هێنابوو، تازە تەمەنی لە ٢٠ تێدەپەڕی.

لەگەلّ سەید چوومەوە مالّێ، دیاربوو ژنەکە دەیویست بچێتە دەچاوی مرۆڤ، نانێکی باشی ساز کردبوو نانمان خوارد و وەدەرکەوتین.

سەید حەمەدەمین دەستی گرتم و گوتی: تۆ کوڕێکی باشی، زیرەکی، ئەگەر بزانی دواڕۆژێکی باشت دەبێ، من دەتوانم پێشنیار بکەم لەئیدارەی پۆست تێلگراف بەرەسمی داتمەزرێنم، لەکۆڵ ژیانی گوندی دەبیەوە، ئەگەر بەقسەی من بکەی.

– لەخوام دەوێ، ئەگەر کارێکی وا بکەی پێم خۆشە، باوکیشم رازی دەبێ.

– من کارێکم بەتۆ هەیە، بڕوات پێ دەکەم و دڵنیام لای کەس باسی ناکەی، هەر لەبەینی خۆم و خۆت دەبێ، بەقازانجتە.

– فەرموو، باسی ناکەم، پێم بڵێ بزانم چییە؟

– نا دەزانم بەقازانجتە، راستی ئەوەیە من فرە لەمنداڵەکانم ناڕازیم، خوێڕین، ئەوەی بچوکیان حیز بووە، ئەو ژنەتیوەم هێناوە، گەلێك پاك و خاوێنە، کابانە نان و چێشتی بەتام و چێژ ساز دەکا، بەڵام جحێڵە، منیش پیر بووم پێم داناکەوێ، لەبەر پاك و خاوێنی و رەحەتی خۆم دەستم پێ لێ هەڵناگیرێ، تۆم پێ لەهەموو کەس ئەمین تر، لەگەڵ خۆم دەتبەمەوە، هاتووچۆی مااڵێ بکە، نێوانی لەگەڵ خۆش کە، منداڵەکانم وەماڵ ناکەونەوە، فاتمی کچیشم تازە دەگاتێ، بۆ ئەوە نەزانێ و شك نەکا لەگەڵ ئەویش قسان بکە و دەستی بۆ بەرە، تا وابزانن حەز لەفاتمێ دەکەی، من لیباسی جوانت بۆ دەکڕم، دراوت دەدەمێ جاروبار دیاری بۆ بکڕە، ئەویش دەحاوێتەوە و چاوی لەولاولا نابێ و منیش ژیانەکەم لێ تێك ناچێ. خێرت دەگاتێ.

سەید بەپیاوێکی بەدین و قورعان خوێن ناسرا بوو، جومعە و جەماعەتی نەدەچوو، سبەینان لەسەر بەرمااڵ قورعانی دەخوێند، کاتێك قسەکانی تەواو بوون بێ ئەوە بیر لەقازانج و زیان بکەمەوە وشەی گەوادیم وەبیر هاتەوە، سەیدم لەپێش چاو کەوت، هەرچەند ئەدەم سەرەڕای نوێژ و ڕۆژوو پاك نەبووم و کەمتر لەخەڕاپە دەپرینگامەوە، قسەکانی سەید بێزاری کردم و جوابم نەداوە و ڕۆیشتم، ئیتر نەچوومەوە لای سەید.

پایز توتنەکەمان شکاندەوە و بۆ فرۆشتن ئامادە کرا، لەبەر ئەوە زەوینەکە جێ وێنجە و گڵە رەش بوو، توتنەکەمان زۆر ناحەز بوو بەتەما نەبووین هیچی لێ

پەیدابێ، شانسی ئێمە کارناسەکانی توتن کەتوتنی سندوسیان دەقەبلاند، سەید عەولای سەیدی و میرزا مستەفای کەریمی خەڵکی سابڵاخ بوون، بابم لەکۆنەوە دەیناسین و لەگەڵیان ئاشنا بوو، رۆژێك نامەیەکی بۆ نووسین و قاپێك ماستی گامێش و ڕوونی کەرەم بۆ بردن و چوومە مزڵەکەیان، کەنامەکەیان خوێندەوە بەخێرهاتنیان کردم و لەباوکمیان پرسی و گوتیان: کەتوتنەکەت هێنا دوخانیە خۆشت وەرە و پێمان بڵێ.

پایز ئێمەش لەگەڵ خەڵکی گوندی توتنمان بردە دوخانیە، غولام رەزا خانی ئاغای گوڕناوێ خۆی سندوقداری دوخانیە بوو، هات سەری توتنەکانی کردەوە، کاتێك هاتە سەر توتنی ئێمە گوتی: توتنەکەت زۆر ناحەزە چی لێ بکەین؟

– خان قەی ناکا، زەویەکەمان خەراپ بوو.

– بەتەیمور ئاغا دەڵێم زەوی چاکتان بداتێ.

کاتێك کارناسەکان هاتن و گەیشتنە سەر توتنی ئێمە دەستیان لەدەستی نام و گوتیان:

– ئەم تایە بەدەرەجە یەك بنووسە.

غولام رەزاخان واقی وڕما، گوتی: ئەوانە تۆ لەکوێ دەناسن؟ بۆ لەپێشدا نەت گوت تا توتنەکان گشت بکەمە هی تۆ؟

پاش چەند رۆژ کەچووین دراوی توتن وەربگرین غولام رەزا خان گوتی: هیچ لەتۆ ناستێنم، هەوەڵین بەر و بووی کاسبی و رەنجی دەست و شانی خۆمان وەردەگرت، ژیانێکی ئاسودە و تێر و تەسەلمان دەستپێ کردبوو، دوو گامێشمان هەبوون هەردووك شیریان دەدا، دوو کەڵێچەمان هەبوون بۆ بەهاری بەر نێر دەبوون و دەبوایە جوتیان پێ بکەین، پایز بەهەرەوەز زەویەکەیان بۆ دەچاندین، ساردی پایز و زستان کارمان نەبوو، دەبوایە بچینە مزگەوت و نوێژان بکەین، زستان بەسواری دەچوومە سابڵاخ بۆ سەردانی شکایەتەکەمان، لەوێوە چوومە گوندی (قەرەبڵاخ)، ماڵە مامم لەوێ بوو، نێزیکەی ١٠ ساڵ بوو لێیان بێ خەبەر بووین، مامێکی دیکەم عەمری خوای کردبوو سێ کوڕی لەپاش بەجێ مابوون،

دایکیشیان مردبوو، نەنکم لەپەنا ئەو مامەم بەخێوی دەکردن، باوکم لەبەر دەست کورتی نەیتوانیبوو ئاوڕیان وێدا، چەند ڕۆژ لەماڵی مامم بووم، پاش ١٠ ساڵ بەیەکتر شاد و شوکر دەبووین، هەستی خزمایەتی زیندوو دەبۆوە، ڕێگا بۆ هاتوچۆ دەکرایەوە، پاش دوو سێ ڕۆژ سەفەرێکی خۆش بۆ گوڕناوێ گەڕامەوە.

گوڕناوێ لەسایەی تێکۆشانی باوکم ببوە گوندێکی خاوەن مزگەوت و بانگ و جومعە و جەماعەت، ئێوارەیەکی فرە ساردی زستان، کابرایەک بەناوی عەلی پیرۆت لەسەربانی مزگەوت بانگی شێوانی دەدا، لەنیوەی بانگ دا بوو لەپڕ بانگی بڕی و خۆی لەسەربانی مزگەوت فڕێ دا خوار، خۆی لەمزگەوت هاویشت و هاواری کرد: ژاندارم هاتن، خەڵک شڵەژان، سەرمای زستان هەموو پێچ و کڵاویان لەسەر بوو، جلی کوردیان لەبەردابوو، (لەسەردەمی حیکمەتی ڕەشی ڕەزا شادا جلی کوردی و پێچ و شەدە لەترياك قاچاختر بوو، ژاندارم شاقەلی مەلایانیان بڕیبوو، پێچ و شەدەیان سووتاند بوون، نیفەکی خەڵکیان بڕیبوو، هەزاران کورد بەتاوانی جلی کوردی لەحەپسخانەی عەجەمان دابوون) خەڵک دەترسان کەژاندارم لەمزگەوت وەژوور کەوێ و سوکایەتی بەخەڵک بکا، کاتێک عەلی پیرۆتی خۆی دەژووڕێ کوتاوە ژاندارم دەیبینێ و ڕاست دێتە دەرکی مزگەوت، بەسواری ڕاوەستا و دەستی کرد بەهەرا، کەس نەبزووت، من وەدەرکەوتم و بەفارسی گوتم:

– ئێرە مزگەوتە، خەڵک نوێژ دەکا، چیت دەوێ؟

– ماڵە کوێخا لەکوێیە؟ کوێخام دەوێ.

– کوێخا ماڵی لەچیانەیە، ئێرە کوێخای لێ نییە.

– با ئەو خەڵکە بێنە دەر بزانم.

– خەڵک نوێژ دەکا و نایەنەدەر، کارت بەکێیە بڵێ بزانم.

– یەکێک بێ ئەسپەکەم تاقەت کا و میوانی بم.

– نەغەدە هێندە دوور نییە و کەسیش میوان ڕاناگرێ، لێرە کاروانسەرا نییە.

– تۆ ناوت چییە؟

– کارت بەناوی من دا نەبێ، ئێرە ملکی پەخشدارە، گیر مەبە درەنگ دەبێ.

ژاندارم رکێفی لێدا و من چوومەوە ژوور، بەسەر خەڵکەکە داهاتم و گوتم: ژاندارم لەخوێرپیەتی خەڵک کەڵک وەردەگرێ، یەک نەهاتە دەر بزانێ ژاندارم چی دەوێ و من چی پێ دەڵێم.

بەڵایەکی داخدار و پشت شکێن

فەلەک جە بەختم مەگەس مەکیانۆ

وەراکەی رەحمەت دیسان مریانۆ

تازە دەهات تووشی ئاسوودەیی و ژیانێکی خۆش بین، بەڵایەکی گەورەمان بەسەردا هات و بەهیچ چارێ نەکرا، کاکم تووشی نەخۆشی فێ داری بوو، ئێستاش لام وایە نوێژ و رۆژوو و تاعەت و مات بوون لەسەر بەرماڵ و پاشانیش سۆفیەتی لەهەڕەتی لاویەتیدا تووشی ئەم نەخۆشیەی کردبوو، یەکجار بەدین و پاک بوو، هەمیشە دەست بەدەستنوێژ و لەسەر بەرماڵ بوو، هێندە زڕە سۆفی خەڵکی ئاڵیاوێ و گورناویی لێ کۆدەبوونەوە کۆڕی خەتم و تەهلیلەیان دەبەست، بابم مریدی (شێخ حسامەددینی هەورامانی) بوو، سۆفیەکی لەڕادەبەدەر موسڵمان و بەدین، ئێمەشی وا عاملاند بوو کتێبێکمان هەبوو بەناوی (سراج الطالبین) گشتی مناقب و تەعریفی شێخی حسامەدین و سراجەدین بوو، ئەوەندەمان خوێندبۆوە لام وابوو خوای تەعالا بێ ئیزنی حەزرەتی شێخ ناتوانێ قامك لەئاو راکا، بەتایبەت کەدەمان بینی چەند مەلای زانا لەناوچەی سندوس و شارۆیران مریدی تەوێڵەن و هەموو سالّ دەچنە خزمەت شێخ و هاتووچۆی مالّی ئێمە دەکەن و وێردی زمانیان تەعریفی شێخە، بابم هەتا لەقزڵجە و بەیرەم بوو، لەگەڵ ئاغاکان دەچووە شارەزوور و لەمالّی شێخ ورتکەنان و ئاردەتووی دەهێنا و بۆ دەرمان دەمانخوارد، پێمان وابوو رزقی دنیا و تێشووی قیامەت بەدەست شێخی حسامەدینە.

کاکم دوور بەدوور شێت و شەیدای شێخ ببوو لەم سۆفیگەریەدا تووشی نەخۆشی بوو، مەلا و زڕە سۆفی گوتیان بچێتە تەوێڵە چاك دەبێتەوە، سۆفی زەمبیلی

بەچلەی زستان سازیان کرد بیبەنە زەمبیل تا حەزرەتی (سەید) دوعای بۆ بنووسێ.

کاکم کەنەدەگەیشتە تەوێلە، رەگەڵ سۆفیان کەوت بۆ زەمبیل، شەوێ دەچنە (کوسە کەرین) لەمزگەوت دەچنە ختم و تەهلیلە، حاجی مارفئاغای کوسە کەریز دەپرسی ئەم کوڕە کێیە دەڵێن کوڕی میرزا حامیدە، دەچێتە زەمبیل، بانگی دەکا و دەڵێ: بابت مریدی حەزرەتی شێخە و تۆ چۆن دەچیە زەمبیل؟ نابێ بچی، بەهار لەگەڵ خۆم بۆ تەوێڵەت دەبەم، کاکم گەڕایەوە، کردەوەی حاجی مارفئاغا ناکۆکی و ناتەبایی زەمبیل و تەوێڵەی لەسەر ڕووتاندنەوەی فەقێر و هەژاری کورد نیشان دەدا، سەیدی زەمبیل کەلەپێشدا خەلیفەی تەوێلە بوو ئێستا بۆ ڕاووڕووت سەربەخۆیی ڕاگەیاند بوو بەشی تەوێلەی نەدەدا.

کاکم گەڕایەوە بەڵام تا دەهات نەخۆشیەکەی تووندتر دەبوو، لەنەورۆزدا خەڵکی گوندی کۆبوونەوە و جێژنانەیان سازکرد و لەچیانە بەماڵە ئاغاوە چوون، منیش لەگەڵیان چووم و کەلە قەندێکم برد، گەیشتینە چیانە، بردیانینە ژوورێکی گەورە و دیارییەکانیان وەرگرت و هەریەکە ناوی خاوەنەکەیان لەسەر نووسی، زۆر پێ نەچوو غوڵام ڕەزاخان لەگەڵ خانم هات، بەخێرهاتنی کردین و لەکار و کاسبی هەموانی پرسی پاشان خانم هات گوتی: ئەو کوڕە ناناسم.

غوڵام ڕەزاخان گوتی: کوڕی مەلایە، خوێندەوارە، لەگەڵ کارناسەکانی توتن ئاشنایە، خانم گوتی: تۆ بۆ دیاریت هێناوە، هیچ کاسبیتان کردووە؟

– زەویەکیان بەهەرەوەز بۆ داچاندووین، بەڵام دەمانەوێ زەوی دیکەمان بدەنێ وەک ڕەعیەتەکانی دیکە جوتی دەکەین، دوو کەڵیچەمان هەن بەر نێر بوون و ئەوسااڵ فێرە جووت دەبن.

غوڵام ڕەزاخان گوتی: گوڕناوێ ملکی خانمە، دەبێ ئەو بڵێ.

– بەتەیمور ئاغا دەڵێم وەک جوتبەندەیەک زەویتان بداتێ، ئەو ساڵ ملکانە و دەو دوو مەدەن، بەڵام ساڵێکی دیکە وەک ڕەعیەتەکان دەو دوو بدەن، لەبێگار تەرخان بن و بێگار مەکەن.

پاش ئەو قسانە غولام رەزاخان گوتی: ئەگەر کەلیچەکان جووت ناکەن لەخانم بەرن! رەعیەتەکان دەستیان کرد بەپێکەنین، خانم گوتی: ئەوە چ بوو، دەستە گوڵت بەئاو دادا پێت پێدەکەنن.

– مەبەستم کەڵی جوتییە.

– باشە لەسەری مەڕۆ، بەتەیمور ئاغا بڵێ هەموو شتێکیان بداتێ، پاشان گوتی: وەرە بابچینە ژوور لەگەڵ منالەکان یاری بکە، کێژێك و سێ کوڕی هەبوون، بەمنالەکانی ناساندم، گوتی: وەرە لەمەدرەسە بخوێنە، دەتوانی لێرە لەماڵی ئێمە بی، لەوکاتەدا کوێخاکەیان هات، بەکوێخای گوت: وەك جوتبەندەکان زەوی بدە بەماڵی مەلا، بێگاریان پێ مەکە، ئەوسااڵ ملکانەیان لێ مەستێنە.

تەیمور ئاغا گوتی کەڵی جوتیان نییە.

– با بێن جوتە کەڵێکی من بەرن جوتی پێ بکەن.

پاش چەند رۆژ تەیمور ئاغا هاتە گوڕناوێ، لەگەڵ خۆی بۆ مەزرای بردین، بەشی گەنم و توتن و چەڵتوك و جێ وێنجە زەوی پێ نیشان داین، بابم نێر و ئاموری هەڵبەست و رۆژانە کەڵیچەکانمان فێر دەکرد، من وەپێشیان دەکەوتم و کاکم جوتی پێ دەکردن، بەهار وێنجەمان چاند و جێ چەڵتوکمان هەڵبەست و زەویەکانمان کردە شێوەرد و ئێتر جوتبەندێکی تەواو بووین.

بەهار ئامۆزاکانیشمان هێنانەوە کن خۆ، ئەوانیش لەکاسبی و جوت و گادا راهاتبوون.

رزگاری لەعەدلیە و مەسڵەت کردن

پاش بێنە و بەرەو چەند جار دادگا کوێخا مەرەز بە ٦٠٠ تمەن پول و موخارجی دادگا مەحکوم بوو، حاجی مەلا عەولای سەلاح زادە و مەلا حەمەدەمینی بورهانی زۆریان یارمەتی داین، کوێخاش لەگەڵ ئەو کوردانەی کەزەمانی پەهلەوی گیران و دوورخرانەوە کەوتە زیندانی ورمێ و لەزیندان دا مرد، پێش مردنی کوێخا برازاکانی هاتنە ماڵێ و بەتکای فەقێ ئەحمەد ناسیاری دیکە بەچوار سەد تمەن مەسڵەتمان

کرد و دۆسیەکەمان بەست، لەگێرە و کێشەی ئیدارەکانی دەولّەتیش نەجاتمان بوو.

هاتووچۆی شارەکان و دیتنی قوتابخانە و ناسیاری لەگەڵ خەڵکی شار هانی دام کەلەمەدرەسە بخوێنم، بەتایبەت خانمی غولّام رەزاخان گوتبووی لەچیانە بەو لەگەڵ منالّەکانی ئێمە بمێنەوە خۆم لەخوێندن خۆش کرد، رۆژێك لەنەغەدە دەچوومەوە لام دا چیانە و چوومە مەدرەسە، مودیری مەدرەسە کابرایەکی قەرە پەپاخ بوو بەناوی (پاشا فەیزی)، کوردی نەدەزانی و بەتورکی قسەی دەکرد چوومە لای و داوام لێ کرد کەلەکلاسی شەش قبوڵم بکا، مندڵەکانی غولّام رەزا خانیش هاتن و گوتیان خانم پێی گوتووە لێرە بخوێنێ و لەگەڵ ئێمە دەبێ.

پاشا گوتی: بابت نامەیەك بنووسی، دوایە وەرە ئیمتحان بدە، ئەگەر دەرچووی وەرت دەگرم.

چوومەوە ماڵ و بەبابم گوت، زۆری پێ خۆشبوو، کاکم گوتی: کارمان بەتۆ نییە و بچۆ بخوێنە، بابم نامەیەکی بۆ مودیر نووسی و بەیانی نامەم هەڵگرت و چوومەوە چیانە، نامەکەم دا بەمودیر گوتی: باشە ئیمتحانت دەکەم.

ئەز لەئیمتحان نەدەترسام، لەنووسین و خوێندنەوەی فارسی راهاتبووم لەسەر هیچ دانەدەمام، لەپێش دا بەزمان هێندێ شتی لێ پرسیم وەڵامم داوە، مانای شیعرێکی لێ پرسیمەوە گورج مانام لێ داوە، شیعرێکی پێ خوێندمەوە رانەوەستام، نووسین دەست پێکرا، مودیر خۆی قەرە پەپاخ بوو فارسی بەزاراوەی تورکی دەگوت، منیش فارسیم بەزاراوەی مەلایان و کوردی دەزانی.

گوتی: بنووسە (گئود) مەبەستی (قعود) بوو، من (گئود)م نووسی. بنووسە (گەریب) مەبەستی (غەریب) بوو من نووسیم (گەریب)، چەند وشەی ئاوای پێ گوتم ئەگەر بەفارسی کتێبی پێ گوتبام ئەوانە بۆ من هاسان بوو، بەڵام هیچم راست نەنووسیبوون.

مودیر گوتی ناتوانی بچیە کلاسی شەش، لەکلاسی چوار قبوڵت دەکەم، زانیاری من ئەو دەم لەکلاسی شەش زیاتر بوو، بەڵام زاراوەی تورکی و نەدوان بەزمان

زگماك هەناسەسارد و لەخۆیندن بێ بەشی کردم، هەر ئەودەم هەستم بەستەمی نەتەوایەتی کرد، ئەو کابرایە تورکە بەناهەق لەخوێندن بێ بەشی کردم، پاشان پێیان گوتم مریشکێکت بۆ ببردایە لەکلاسی دەشی دادەنای، چارەنووسی کورد هەر ئەوە بووە، نەهێڵن بەزمانی خۆی بخوێنی و بەزمانی بێگانەش ئەشێ بەرتیل بدا تا رێگای قوتابخانەی بدەن، بەهەناسە ساردی گەڕامەوە و لەماڵێ هەر بۆ خۆ خەریکی خوێندنەوە و نووسین دەبووم.

ساڵی ١٣١٩ بوو حکومەتی رەشی رەزاخان لەکوردستان دەستی کرد بەراونان و گرتن و دوورخستنەوەی خەڵك، لەسەرانسەری کوردستان ئەو کەسانەی تۆزێك نێوبانگیان هەبایە و ناسراوبان و ژیانیان خۆشبایە، دەیانگرتن و بۆ شیراز و شارەکانی دیکەی خواروی ئێران دوورییان دەخستنەوە، رێژێمی رەزاخان قاچاخچیەتی کردبووە بیانووی گرتنی خەڵك، بەڵام لەراستی دا بەهۆی هاتووچۆی خەڵکەوە بۆ کوردستانی گەرمێن هەستی نەتەوایەتی دەهات گەشەی دەکرد و حکومەتی رەزاشای خستبووە مەترسیەوە، پێش ئەوە ئەم هەستە تەشەنە بکا و ببێتە هێز، دەستیان کرد بەگرتن و دوورخستنەوەی کوردەکان، ژاندارمێکی جوجە خوری بێ شت بەدەستەڵاتێکی تەواوە کرا بوو بەمەعموری گرتن و ئەشکەنجە و ئازار و رووتاندنەوەی خەڵك و لەکوردستان ئاگری کردبووە، چەند ساڵ پاش ئەو کارەساتە جنایبەت و تاوانی (بوربور) لەسەر زار و زمانان بوو و لەبیر خەڵك نەدەچووە.

لەناوچەی شنۆ و سندوس هەوەڵین گوندێکی کەوتە بەر پەلاماری ژاندارم (دەربەند) شێخ جەلال بوو، نێزیکەی ١٥ کەسیان لەم گوندە گرت و مانگێك لەنەغەدە ئەشکەنجە و ئازاریان دەدان، پاش ئەستاندنی چەند هەزار تمەن بردیانن بۆ ورمێ، خەڵك بەجارێك نەترەی چوو بوو، ژاندارم ئاگریان کردبۆوە، چەند رۆژێك بوو خەڵکی دەربەندیان بۆ ورمێ برد بوو حاجی مەلا خالیدی وەحیدەی لەدوای ناردم نامەی بۆ بابم نووسیبوو کەبچمە دەربەند، بابم فەرمووی بچۆ بزانە حاجی مەلا کاری چییە، کاتێك چوومە دەربەند لەگەڵ حاجی مەلا خالید چووینە ماڵی

شێخ جەلال، خزم و کەسی گیراوەکان گشتیان لەوێ بوون، حاجی مەلا فەرمووی بەهەموان هاتووینە سەر ئەم بڕیارە کەتۆ بچیە ورمێ، لەگیراوەکان بێ خەبەرین، بزانیە چیان لێ هاتووە و چیان پێ گوتوون.

گوتم: بۆ هەموو خزمەتێك ئامادەم، ئەگەر بنێری بابیشم ئاگادار بکەی، نامەیەکی بۆ بابم نووسی و سوارێکیان نارده گوڕناوێ، باوکم لەوەڵام دا نووسیبوویەوە: دەستەڵات بەدەست خۆتە و کوڕی خۆتانە.

بەیانی ئەسپی شێخ جەلالیان بۆ زین کردم و پڕی خورجینێك کولێرە ناسکە و روون و ماست و هەنگوینیان لەوڵاخێکی دیکە نا و دوو پیاویان رەگەڵ خستم کەلەدزەی دوڵێ وڵاخەکان بیننەوە، لای ئێوارە لەدزە سواری ماشێن بووم و شەو چوومە ورمێ. بەیانی چوومە زیندانی شارەوانی، بەڵام لەرزوتایەك دایگرتبووم و فرە نەخۆش بووم، لەزیندان داوای شێخ جەلالم کرد، لەگەڵ چەند کەسی دەربەندی هێنایانن، کەچاوی پێم کەوت ماچی کردم، گوتی کوڕ دەبێ ئاوا شیاو بێ و چاکەی لە بیر نەچێتەوە، نامە و پوڵ و شتەکانم دایە. گوتی: وادیارە نەساخی، بچۆ لای حەکیم و بەیانی وەرە وەڵامی نامەکان دەنوسینەوە.

لەزیندان هاتمە دەر، چوومە لای دکتۆر، پاش چاولێکردن گوتی: زۆر نەخۆشی، دەبێ بچیە خەستەخانە، ئەگەر پولت هەیە تا بتنێرم لەنەخۆشخانە بکەوی.

– ناتوانم، دەبێ بچمەوە سندوس، دەرمانم بۆ بنووسە و دەڕۆمەوە، هەر ئەو رۆژە چوومەوە لای شێخ جەلال و گوتم زۆر نەخۆشم و خۆم راناگرم، نامەم لەگیراوەکان وەرگرت و سواری ماشێن بووم بۆ نەغەدە، شەو درەنگانێك گەیشتمەوە نەغەدە و چوومە ماڵی مەلا حەمەدەمینی بورهانی، ئیتر بەیانی نازانم چۆنیان بردبوومەوە گوڕناوێ، نەخۆشییەکەم زۆر توند بوو، مانگێك لەسەر رەقی پشت کەوتم، دەیان گوت (کەوتوویی یە)، سەرم دەسوڕا و دنیا لەپێش چاوم ئاوەژوو دەبۆوە.

دەرمانی دەردان

باجەی مەنیج کچەی بابە سمایلی برای ئەمین ئەلئیسلام لەشێخەکانی خەوساباد لەگەڵ برایەکی ماڵی هاتبووە چیانەی سندوس و بۆ خۆی دەزگا و دەبدەبەیەکی

ساز کردبوو، هێندێ مرید و دەروێش باوکی خزمەتیان دەکرد و شتیان بۆ دەهێنا، هەر لەو کاتەش دا دەستی حەکیمایەتی هەبوو، مالّەکەی هەمیشە پڕبوو لەنەخۆشی پێستی و شێت و نەخۆشی دیکە، ژنێکی تێگەیشتوو، نەجیب و بەڕێز و هەر لەوکاتەش دا جوان و شۆخ بوو، باجی مەنیج کۆنە ژنی شێخ حەسەنی غەوساباد ببوو، شێخ تەلّاقی دابوو بەلّام سالّی یەک دوو جاریش دەهات سەری دەدا.

کەنەخۆشیەکەی من توند ببوو دەروێش و دراوسێ گوتبوویان دەچین باجەی مەنیج دێنین، بابم لەتاوی من ناردبووی لەدوای، دەروێش ئەحمەدی خالّندی سواری عارەبەی کردبوو هێنابووی، من ئاگام لەوە نەبوو کەی لەدوایان ناردووە و کەی هاتووە؟ بەلّام لەبیرمە کەچاوم هەلّێنا ژنێکی جوان لەتەنیشتم دانیشتبوو دەستی بەسگی دادێنام، نەمناسی، گوتی: ئەوە بۆ هەلّناستی؟ من لەبەر تۆ هاتووم، تۆ چاک بوویەوە، راستی دەکرد چاک ببوومەوە، هەستم بەسوکیەک دەکرد، لام وایە سێ رۆژان لەمالّی ئێمە بوو، لەبن سەرم نەدەبزوت، بەقسەی خۆش و گالّتە وەقسەی دەهێنام، کاتێک دەروێشت گوتی: ئیتر من بووم بەشێخی تۆ کەهەستایەوە دەبێ سەرم بدەی، لەبیرت نەچێ، دایکم گوتی: خوا دەکا چا دەبێتەوە هەر دەیدەم بەتۆ، من زیندوو بوومەوە، پاشان تا سالّەکانی ١٣٣١ لەگەلّ باجەی مەنیج نێوانم خۆش بوو هاتووچۆم دەکرد و بانگێشتم دەکرد و ئیحترامێک زۆری بۆ قایل بووم، بێجگە لەهیمەت و بەرەکەت و پەنجە نەرم و شلەکانی باجە مەنیج بێگومان دەرمانێککی دیکەش لەچابوونەوەم دا کاریگەر بوو، پیرە پیاوان گوتبوویان حەیران و گۆرانی و بلوێر بۆ کەوتوویی باشە و مێشکێ دێنێتەوە سەرخۆ، ناردبوویان لەدەربەند سۆفی ڕەحمان مەجرومیان هێنابوو، سۆفی ڕەحمان بۆ گوتنی حەیران و پایزە و ئازیزە گولّێ و ئایشەگولّ نێوبانگی هەبوو، سۆفی ڕەحمان حەوتوویەک لەبن سەرم دانیشت و ئەم بەیت و گۆرانییە فۆلکلۆرییانەی بۆ دەگوتم، لەو دەمە و ئەویندارێ گۆرانییە فۆلکلۆریەکانم

و زۆریشم نووسیونەوە و لەبەریشم کردوون، بەداخەوە لەبەر دەنگ ناخۆشی ناتوانم بیان بێژم.

دوای هەستانەوەم یەك دوو جار چوومە دەربەند و سەری ماڵە شێخ جەلالم دەدا، چەند جار دەچوومە ورمێ و شتومەك و خواردنم بۆ گیراوەکان دەبرد. خانمی شێخ جەلال زۆرجار لەدوای دەناردم و هەستم دەکرد کارێکی ئەوتۆی نییە، باسی خێزانی گیراوەکانی دەکرد و باسەکەی دەهێنا سەر بەرێچوونی ئەو ژنانە کەمێردیان گیرابوون، کابرایەکی دەوڵەمەند، گوندی دیشەمس گیرابوو، جارێك خانم گوتی:

– دەڵێن ژنەکەی حەز لێکردن دەکا، پاشان بێ ئەوە چاوەڕوانی وەڵامی من بێ گوتی: ئەدی چبکا؟ ژنی جوان و جحێڵ چۆن دەحاوێتەوە؟

من تەواو هەستم بەوە کردبوو کەهەستان و دانیشتن و شێوە قسەکردن و خۆ لێ نزیك کردنەوەی ئاکارێکی ئاسایی نییە، منیش جاروبار قسێکی جەفەنگ و قۆڕم دەکرد و خانم (هەتیوە)یەکی پێ دەگوتم، بەڵام سەبارەت بەڕێز و ئیحترامێك کەبۆ شێخ جەلال قایل بووم قەت لەوەم تێ نەدەپەڕاند.

پاسەوانی حکومەتی رەزاشا

هاوینی هەرەوەز شکارتەکەیان بۆ دروویناوە و گێرە و کێشەمان کرد و یازدە باری گەنم لێ پەیدا بوو، توتنەکەشمان لەسالّی رابردوو گەلێك باشتر بوو، دوو خەروار چەڵتوکمان پێ برابوو، ژیانێکی تێر و پڕ و ئاسودە دەستی پێ کردبوو، بەڵام نەخۆشی کاکم ژیانی لێ تاڵ کردبووین، پایزی دوای ئەوە کەلەجوتی پایز و زەوی چاندن و خەلە و خەرمان بووینەوە بڕیارمان دا لەگەڵ کاکم بچینە ورمێ لای دوکتۆر و شتومەکی ماڵیش لەورمێ بکڕین، پارەیەکمان هەڵگرت و بەپێیان بۆ ورمێ کەوتینەڕێ، بەدوورۆژان گەیشتینە دەروازەی شار، پاسەوانی دەروازە بانگی کردین و داوای پێناسی لێ کردین، کاتێك پێناسەکانی چاولێکرد گوتی:

– هەی هەی، خۆ ئێوە مەشمولن، لەترسان سواری ماشێن نەبوون، ئێستا دەوبەم بۆ سەربازخانە.

– مەشمولی کاری تۆ نییە، ئیدارەی سەربازگیری هەیە و ئەگەر مەشمول بین ئەو دەزانی.

پاسەوانێکی دیکە گوتی: فەقێن لێیان گەڕێ، تەنێکی بدەنێ و بڕۆن.

– هیچی نادەینێ، چمان کردووە؟ بۆ پوڵێ بدەین؟

– بۆ شارەوانیتان دەبا، وەک ئومەرخان و شێخ جەلال لەزیندان دا دەڕزن، کابرای پاسەوان وەپێش خۆی داین و لەرێگا گوتی: ئێوە فەقێن با تووشی زەحمەت نەبن، پێنج قڕانم بدەنێ و بڕۆن.

– هیچت نادەینێ، دەچینە شارەوانی.

هێندێکی دیکە رۆیشتین و کابرا دەستی پێ کرد:

– کورە ئاقڵتان هەبێ، من کوردم خۆش دەوێن، خۆشم زەحمەتکێشم، دوو قڕانم بدەنێ و بڕۆن وەدوای کاری خۆتان کەون.

کاکم گوتی جەننەم لەدوو قڕان بکە و بیدەیە با بڕۆین، گوتم: هیچی نادەمێ.

دەروازەی شارەوانی وەدەرکەوت، گوتی راوەستن، دەڵێن کورد سەر رەقن، بۆ خۆتان تووشی کێشە دەکەن؟ قڕانێکم بدەنێ با دوو چا بخۆمەوە.

– هیچت نادەینێ، دەبێ بزانین تاوانمان چییە؟

لەم کاتەدا پاسەوانێکی تر هات کابرا بانگی کرد:

– مەحموود تۆ کوردی دەزانی، ئەوانەم بۆ حاڵی کە با تووشی زیندان نەبن.

– ئەوانە کێن بۆ کوێیان دەبەی؟

– کوردی سندوسن، مەشمولن، بگەنە شارەوانی بەریان نادەن.

مەحمود گوتی: من دایکم کوردە، مەچنە شارەوانی، ئەو هەموو ئاغا کوردە گیراوە، نەفەری پێنج قرانی بدەنێ و من ناهێڵم بتان باتە شارەوانی.

– ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ خۆی بەقڕانێك رازیە و نایدەینێ.

– قڕانێك– دەك لەعنەت لەبابی، بێ شەرەف ئابڕوی ئێمەشی برد.

گەیشتینە شارەوانی، ئێمەی لەژوورێك دانا و گوتی: لێرە بن تا رەئیس دێ، نیو سەعات پێ چوو کەس دیار نەبوو، من وەدەنگ هاتم: ئێمەت بۆ لێرە راگرتووە؟

– رەئیسی.زیندان دوای نیوەڕۆ دێت لێتان دەپرسێ.

ئەز چەند جار چووبوومە زیندان و سەرۆکی زیندانم دەناسی، رابووم و بۆ لای ژووری سەرۆك چووم، خەریك بوو پێشم بگری، خۆم دە ژووری راکرد، سەرۆکی زیندان لەژووری بوو.

– چیت دەوێ؟

– قوربان جارێ ئەو پاسەوانە بانگ گە با نەڕوا پاشان عەرزت دەکەم.

دەرگای کردەوە پاسەوان خەریك بوو رابکا، بانگی کرد، نەم هێشت پاسەوان هیچ بڵێ ئێمەی لەدەروازەڕا هێناوەتە ئێرە و دەڵێ مەشمولن، داوای پێنج قران بەرتیل دەکا، ئیتر وچانی پێ نەدا، زللێکی خۆشی دەبنی گوێی سرەواند و گوتی:

– ٢٤ سەعات ناچیە دەر، بەئێمەی گوت برۆن.

ئێمە لەشارەوانی دەرکەوتین و چووینە قاوەخانەی شێخ جێگامان گرت و چووینە لای دوکتۆر، پاش چاولێکردن دوکتۆر دەرمانی زۆری بۆ نووسی، دوو رۆژ لەنێو شار دەرمان و شتومەکی مالّمان کڕی و بەماشێن گەڕاینەوە بۆ نەغەدە.

لەپایزدا غولاّم رەزاخان ئاشێکی دروست کرد بوو جۆگەی بۆ دەکێشا، رۆژی بە ٣ قران فەعلەی بۆ دەگرت، ئێمە هەردوکمان تا بەفر باری دەچووینە فەعلەیی، زستان هەروەك سالّەکانی رابردوو لەمزگەوت خەریکی نوێژ و جەماعەت بووین، لەمالّ دینگمان هەلّبەست بوو چەلّتوکەکەی خۆمان کوتا و برنجێکی زۆری لێ پەیدا بوو، بەهاری سالّی ١٣٢٠ ئێمە ئیتر جوتبەندێکی ئامپا بووین، جێ جووتی چاك عارەبە ولاّخی سواری و دوو گامێش و حەوجیمان بەهیچ شتێك نەبوو، لەبەهاردا من دەچوومەوە جومالّ و کاکم جووتی دەکرد و شێوەردی دەبڕی و جێ تۆتنی خۆش دەکرد، هاوین دەخلّەکانمان گەیشتنی دەبوو بیان دروویەوە، فەعلەمان وەگیر نەکەوت، چووینە سەر دروێنە، کاك سەلەغانی دەکێشا وەمنیش ناچار بووم (خورم) هەلّگرم، نیوەڕۆ دەستمان هەلّگرت کەنان بخۆین، دایکم نانی بۆ

هێنابووینە مەزرا، کەدەستمان هەڵگرت من تاوێك راکشام، دایکم چێشتی گەرم کردەوە و بانگی کردم کەبچین نان بخۆین، هەرچەند کردم نەمتوانی هەستم، هەموو لەشم رەق بوو، دایکم و خوشکەکانم دەستیان کرد بەگریان، لەسەر جۆگەی چیانە درووێنەمان دەکرد، کاکم بەئامێز هەڵیگرتم و بردمی دەجۆگەی هاویشتم، بڕێك لەئاوی دا بووم و هاتمە سەرخۆ، بۆ ڕۆژەکانی تر ئیتر ڕاهاتم و کوێرەوەری دەستپێ کرا.

دیسان ژاندارم

ئەو ساڵە توتنی ئێمە کەوتبووە قەراخ ڕێگای سندوس– شنۆ، ڕۆژێك لەگەڵ کاکم سەر چنی توتنمان دەکرد، کاکم دسڕەیەکی سپی لەسەر ئاڵاندبوو لەدەم ڕێگا خەریك بوو، ژاندارمێك بەڕێگادا دەهات، گەیشتە ڕاست کاکم و بانگی کرد، کاکم چووە لای ژاندارم گوتی: ئەو دەسڕەت بۆ لەسەر بەستووە؟

– لەبەر ئارەقە، من لەمەزرام و دەسڕە ڕێی کەسی نەگرتووە.

ژاندارمی خوێن خۆر تا هێزی تێدابوو شەقە زللێکی لەکاکم دا، ئیتر من بەجارێك ئاگرم گرت، غارم دا و گوتم: کوڕە ئەوە بۆ نایگری؟ کاکم تێ ڕۆهات و من گەیشتمێ تفەنگەکەمان لێ ئەستاند و باشمان تێ هەڵدا، دوو سێ دراوسێی توتن هاتن نەمان دەوێرا تفەنگەکەی بدەینەوە، لەوکاتەدا تەیمور ئاغا پەیدا بوو، دابەزی بەهەزار تکا و ڕەجا ژاندارمی ئاشت کردەوە و دوو تمەنی دایە و لەگەڵ خۆ بردیە نێو گوند و ئیتر ژاندارممان نەدیتەوە.

لەسندوس داب وابوو کەجوتبەندەکان کلوشیان دەکێشاوە قەراخ گوند و لەنێزیك ئاوایی چیمەنێکیان بۆ گێرە و کێشە و خەرمان هەڵاویشتن تەرخان دەکرد و هەموویان لەپەنا یەکتر خەریکی خەلە و خەرمان دەبوون، کوێخا و یا سەرکار لەنێو خەرمانان کەپرێك دەکا و لەنێزیکەوە بەسەر خەرمانان دا چاودێری دەکا، خەڵك یارمەتی یەکتر دەدەن و لێك کۆدەبنەوە و ئاگایان لەیەکتر هەیە.

بـۆ ئێمـەش جێگایـەکییان دیـاری کردبـوو، کاشمـان کێشـابووە و وێـڕای خـەڵک خـەریکی خەنجـەر و خـەرمان کۆکردنـەوە بـووین، بـابم لـەگوڕناوێ قـازی ببـوە نوێنەری غوڵام ڕەزاخان و خەرمانەکانی بۆ هەڵدەگرت.

لـەمانگێ گەلاوێـژدا بـوو تـەیمور ئاغـا لەگـەڵ دوو ژانـدارم لەگونـدی پەیـدا بـوون، خەڵکی گوندیان کۆکردەوە، ئاگاداریەکیان لـەبارەی هەڵگیرسـانی شـەڕ لەئـەوروپا پێ بوو، بەخەڵکیان ڕادەگەیاند لەو کاتەدا کەشەڕ لەئەوروپا ساز بووە هیچ کـەس بەهیچ جۆر هەقی نییە باسی شەڕ بکا، بەیاننامەکە ئەوەی دەردەخست کەگـەلانی ئێران دەبێ کەڕ و لاڵ و لەهەموو شت بێ خەبەر بن.

هەوەڵ مانگی خەرمانان بوو ڕۆژێك چەند فڕۆکە لەعاسمان پەیدا بوون و کاغەزیان بەردانەوە، کابرایەکی گوندی ئێمـەش لەمـەزرا یـەکێکی هـەڵگرتبووە و هێنایـەوە، لـەنێو خـەرمانان خـەڵك لێـی کۆبوونـەوە و بانگیـان کـردم تـا بـزانم چ نووسـراوە، بەیاننامەکە بەزمانی کوردی و تـورکی باسـی فاشـیزم و شـەڕی دەکـرد، خـەریکی خوێندنـەوەی بەیاننامەکـە بـووم تـەیمور ئاغـای کوێخـا گەیشـتێ و بەیاننامەکـەی لەدەست وەرگرتم و گوتی: کارت بەو شتانە نەدابێ.

پیرە پیاوەکـانی شـەڕی یەکـەمی جیهـانی و کوشـتاری ڕووسـیان دیبـوو بـەجارێك نەترەیان چوو بوو دەیانگوت: ڕووس کەس ناهێڵن.

لەئێرانیشـدا ماوەیـەك بـوو تـەبلیغات بـۆ هیتلـەر دەکـرا و تەنانـەت عەجەمـەکان دەیانگوت: حەیدەرە.. هیتلەر نییە.. دنیا ڕزگار دەکا، ئەوەی ڕاست بێ ئـەو دەم سـەرم لەسیاسـەت دەرنەدەچـوو، ئەوەنـدەبوو وەك هـەموو کـەس لەژانـدارم و لەرژێمی دیکتاتۆری پەهلەوی بێزار بووم.

لەو ساڵەدا ڕووداوێك لەناوچەی موکریان ببوە هـۆی بـاس و خواسـی نێـو خـەڵك و کەوتبووە سـەر زار و زمانـان و لەهـەموو شـوێنێك باسـی دەکـرا، ئـەوەش گرتنـی (عەلیئاغای حاجی ئیلخانی سەرۆکی عەشیرەتی دیبوکریان) بوو.

عـەلیئاغا کەتـەواوی ژیـانی لەخزمـەت بەحکومـەتی عەجـەم دا بردبـووە سـەر و بەپاداشتی خزمەت بەحکومەت و خەراپـە لەگـەڵ نەتـەوەی خـۆی لەقـەبی (ئـەمیر

ئەسعەد)ی وەرگرتبوو لەلایەن ژاندارمەوە گیرابوو هێنابوویانە سابلاخ، بەدەست بەستراوی بۆ سووکایەتی پێ کردن بەشەقامی سابلاخ دا دەیان گێڕا و لەبەندیخانە رێگایان نەدەدا کەس چاوی پێ بکەوێ، گرتنی عەلیئاغا لەنێو خەڵک بەکارەساتێکی سەیر چاو لێ دەکرا، خەڵک لەحکومەت بێزار دەبوو ئەو بێزاریەیان بەگۆرانی فۆلکلۆر دەردەبڕی، جاروبار بۆیان هەڵکەوتبا دەستیان لەژاندارمیش دەوەشاند، لەو کاتەوە کەفڕۆکەکانی سوفێت بەیاننامەیان بەردابوونەوە خەڵک کەوتبووە سرت و خورت و گوێیان بۆ قسان هەڵدەخست و وەرزێر و زەحمەتکێش لەکۆکردنەوەی خەرمان و دەخڵ و دان و وەپەلە کەوتبوون، مەعمورەکانی دەوڵەتیش هێرشیان هێنا بوو کەزۆر گەنمی زیادی لەگوندەکان وەرگرن، ئەودەم دەیان نووسی هەرکەس دەبوایە چەند گەنمی زیادی هەیە بەدەوڵەتی بفرۆشی، ئەوەش ببوە بیانوێەك بۆ ژاندارم خەڵکی پێ بڕووتێننەوە.

مانگی خەرمانانی ١٣٢٠ بوو لەجێ خەرمانانی گوندی گوڕناوێ خەڵك خەریکی کار و کوێرەوەری بوو، ژاندارمێکی بێ حەیا و ناسراو بەخەراپ هاتە نێو خەرمانان، خەڵکی کۆکردەوە و بەیاننامەیەکی بەخشداری هێنا دەر و دەیگوت هەر ئێستا دەبێ گەنمی (مازاد) بارکەن بۆ نەغەدە، کاکم چوو بەیانەکەیان بۆ بخوێنێتەوە، کوێخا سجل دەپاڕاوە و دەیگوت چەند رۆژمان لێ راوەستە خەرمان دەردەکەون و چەند بۆ ئێرە دانراوە بۆ نەغەدەی دەبەین.. کوێخا بەخەڵکی دەگوت: با دراوێکی بۆ کۆبکەینەوە و تا چەند رۆژی تر لەکۆڵمان بێتەوە.

ژاندارم دانەبەزی و دەستی کرد بوو بەگوڕە و هەرا.

خەرمانی ئێمە لەقەراخ شەقامە رێی شنۆ– نەغەدە بوو، تەماشام کرد سوارێك بەغار دێ وەك بۆ دار بچێ، کەنێزیك بۆوە (حەسەنی مراد رەسوو) خەڵکی ئالیاوێ بوو، چوومە پێش و راوەستا، بەخێرهاتنم کرد و گوتم:

– کاك حەسەن چ باسە وا بەتاڵوکەی دەفەرموو دابەزە؟

– کوڕە چ باس بێ، هەرچی دەبێ با ببێ، خۆ ئێمە لەچنگ ژاندارم رزگار بووین، لەشکری روسان گەیشتە نەغەدە، ژاندارم و پاسەوانیان گشت چەك کردن سەرۆکی

شارەوانی و فەرماندەی ژاندارمەیان گرت، خۆ دەکەس ناگەیەنن، کاتێك لەنەغەدە وەدەر دەکەوتم رووسێك بانگی کردم (ئیدی سودا)، رکێفم لەبارگینی دا تا ئێرە رام نەگرتووە، نەجاتیمان بوو.

کاك حەسەنم دەناسی و دەمزانی درۆ ناکا، دەستم دا شانە و بەکاکم گوت: وەرە با بچین ئەو ژاندارمە سەگبابەی بکوژین، ئامۆزاکانم وەدوام کەوتن، چوومە نێو خەڵك و ژاندارم هەر شێرەی دەهات، گوتم: گیدە بێ شەرەف ئەوە چ هەرا هەرایەکتە رووس ئەوە لەنەغەدەن و تۆ لێرە لەسەر ئێمە دەنەڕێنی، وچانم پێ نەدا بەهەموو هێز شەنەیەکم لەنێو شانان دا، خەریك بوو دەرپەڕی، دەستم گەیاندە قایشی تفەنگ و لەسەر ئەسپ هێنامە خوارێ، تفەنگم لێ هەستاند و فیشەکم بردە بر، ژاندارم خۆی هاوێشتە پشت خەڵك و دەپاڕایەوە، ئامۆزاکانم دوو سێ شەقیان گەیاندێ و بابم و تەیمور ئاغا هاتن.

– کوڕە ئەوە چدەکەی؟ شێت بووی؟

– رووس گەیشتونە نەغەدە و لێ گەڕێن با بیکوژم، لەوکاتەدا دوو کەسی خەڵکی گوندی لەنەغەدەوە هاتنەوە، گوتیان (ملائیکەی چاوشین) گەیشتوونە نەغەدە و خەڵك رزگار بوو، بێجگە لەژاندارم و ئاژان کاریان بەکەس نییە.

تفەنگ و ئەسپ و زینم لەژاندارم هەستاند و تەیمور ئاغا لەگەڵ خۆی بردیەوە چیانە، ئەمیر تومانی چیانە حاکمی سندوس و بابی غولام رەزا خانی ئاغای ئێمە بوو، رۆژی دوایی ئەمیر تومان لەدوای ناردم، کەچووم گوتی: ئەوە فەقیرە ئەسپەکەی بدەوە با بڕوا، تفەنگەکەش بۆ تۆ بێ.

– ئاغا ئەوە زۆری خەراپە کردووە، بۆ کوشتن دەبێ.

– فەقیرە، ئەگەر نەیدەیەوە من ئەسپێکی دەدەمێ، هاتۆتە مااڵی من.

– باشە، لەبەر خاتری تۆ ئەسپەکەی دەدەمەوە، پیاوێکی لەگەڵ ناردم، ئەسپی ژاندارم بەرووتی بێ زین دا بەکابرا و رۆیشت، ئێستاش ژاندارمم نەدیتەوە.

دەستەاڵتی حکومەتی رەشی رەزاخان لەکوردستان کۆتایی پێ هات، لەهەموو ناوچەکان لەژاندارم و قازاخی دەوڵەتی وەخۆ کەوتن، ئەفسەری لەشکر و ژاندارم

لەکوردستان بەجل و بەرگی ژنانەوە هەڵدەهاتن و خۆیان دەگەیاندەوە تاران ئاغا و سەرۆک عەشیرەتی کوردیش لەجیاتی ئەوە لەم هەلە کەڵک وەرگرن و گورج بۆ یەکێتی دەست بەکاربن و بیرێک لەحاڵی خۆیان بکەنەوە تێ هەڵدان و شەپانکاری عەجەمیان لەبیرنەچێتەوە و بۆ پێک هێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد وەخۆکەون تفەنگ و دەمانچەیان بۆ کوشتنی یەکتر و تاڵانی فەقیر و هەژاران لەخۆ شەتەک دان، ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی لەسەردەمی حکومەتی رەزا شادا گیرابوون و سوکایەتیان پێ کرابوو جارێکی دیکە سەریان بۆ حکومەتی عەجەم دادەنواند و هەوڵ و بەرتیلیان دەدا کەئەوان بیان کەن بەحاکمی شارەکانی کوردستان.

کورد لەکۆنەوە هەر واڕاهاتووە کەبەماڵ و هێز و توانا و دەست و تفەنگی خۆی خزمەتی بێگانە بکا، قادر ئاغای ئیندرقاشی هەزار سواری لەدوو سوار بووە کەهەموویان پەری تاوسیان دەلاسەر چەقاندوە، بەڵام چووە لەمەراغە و میاندواوڕا عەجەمێکی هێناوە کردوویە بەحاکمی سابلاغ.

کوردەکە لەخەرمانانی ١٣٢٠ لەچنگ ژاندارم و قازاخی رەزاخان رزگاربوو، رۆژێک پۆلە سوارێکی رووسان بەرەو شنۆ بەرێگادا دەهاتن، گەیشتنە راست ئاوایی و کردیانە غار بۆ نێو گوند، خەڵک هەڵاتن و خۆیان شاردەوە، خوشکم بەغار خۆی لەژوورێ کوتا و گوتی: نێو دێ پڕ بووە لەعروس، من وەدەرکەوتم دیتم بەسواری لەگۆڕەپانی نێو گوند راوەستاون، بانگیان کردم و یەکیان بەتورکی گوتی:

– ئەم گوندە چۆڵە؟ بۆ هیچ کەس دیار نییە؟

– چۆڵ نییە خەڵک لەکار و کاسبیە.

– کێ لێرە تفەنگی هەیە؟

تەنیا من هەمە و ئەویشم لەژاندارمێک هەستاندووە.

چەند سواریان هاتنە حەسار و دابەزین و تەماشای تفەنگیان کرد، شیرمان بۆ هێنان خواردیانەوە و رۆیشتن، رۆژێک لەنێو گوند راوەستابووین بوو بەهەرا، دوو سێ سوار کەوتبوونە سەر بەرازێک و لەبەری قەڵاتانەوە هێنابوویان، من گورج

سوار بووم و بۆ بەرەگەی چووم، بەراز سواری بەجێ هێشتبوون و دەهات وەچیا کەوێ، دوو سێ تفەنگم هاویشتێ و بەراز وەسەریەك گەڕا، چوومە سەری تفەنگێکی دیکەشم لێدا و سوارەکان گەیشتنێ، یەکترمان ناسی و چووینەوە مالّی ئێمە، ئامۆزایەکم نارد ئاگای لەبەراز بێ چوار پێی شوانان نەچنە سەری، سوار بووم چوومە نەغەدە، بەرووسەکانم گوت بەرازێکم کوشتووە وەرن بیبەن، کەیفیان پێ هات، گاریەکیان ئامادە کرد و چوار سالّات سوار بوون و بەدوام دا، کەلاشەی بەرازیان بینی شاگەشکە بوون، ٢٥ فیشەکیان دامێ و رۆیشتن، پایزێ خەلە و خەرمانمان کۆکردبۆوە و بێکار بووین، زۆر شەو لەگوندەکانی سندوس گوێمان لەتەقە دەبوو مامەش دەهاتن خەڵکیان تالّان دەکرد، بەتایبەت قەرەپەیاخیان تالّان دەکردن، لەسندوسی عەجەم دەستیان کرد بەرۆیشتن و بۆ لای مەراغە و بناو هەڵدەهاتن، گوندەکەی ئێمەش دوو مالّە عەجەمی لێ بوون جیرانی چاك و خەراپەیان بۆ کەس نەبوو، شەوێك بوو بەهەرا لەنێو گوند، سێ چوار چەکدار ئەو دوو مالّەیان تالّان کرد و نەیان هێشت کەس لەمالّ بێتە دەر.

لەبێکاری دا هاتووچۆی نەغەدەم دەکرد و پتر لەخزمەت مەلا حەمەدەمینی بورهانی دەبووم، لەگەڵ دۆست و ئاشنایان باسی شەڕ و فاشیزم و دواڕۆژی ئێران و کاروباری سیاسیمان دەکرد، کوردەکانی نەغەدە تفەنگێکیان دەکڕی و کێشکچی و بەزمێکیان بۆ خۆ دادەمەزراند، لەگەڵ قەرەپەپاخی نەغەدە جاروبار ساردیان لەنێوان پەیدا دەبوو، میرزا شێخ محەممەدی عەلیالی لەگەڵ رووسەکان رێك کەوتبوو نەزم و هێمنیەتی شاری گرتبۆوە دەست و چەند (قولّ سوور)ی راگرتبوون و مەعاشی لەدوکانداران وەردەگرت، هاتووچۆی نەغەدە و نێزیکی لەمەلا حەمەدەمین و فەقێ ئەحمەد تەئسیری کردبووە سەرم و لەزۆر مەسەلە ئاگادار ببوم و روون ببومەوە، سەرم لەباس و دەمەتەقەی سیاسی دەخورا، دەهاتمەوە خەبەرم بۆ بابم دەگێڕاوە.

پایزی ئەو سالّە لەنەغەدە توتن نەفرۆشرا، غولّام رەزا خان مالّەکەی باری کرد و چووە ورمێ، لەزستان دا خەبەری دا کەتوتنەکان بەرینە ورمێ لەوێ دەفرۆشرێن،

خەڵکی ئاوایی چوار کەسیان دیاری کرد لەگەڵ توتنەکان بچن و حیسابەکەیان بۆ بێننەوە، لەم چوار کەسە یەکیان من بووم، توتنمان بەعارەبە بردە نەغەدە و لەوێ بارمان کردن و بۆ وەرێ، لەهەورازی شیروانشەلیان لۆریەکەمان لێ گیرسا، لۆریەکی دیکەش گیرسابوو یەک دوو نەفەری رووسی تێدابوون، گەلێك خەریك بووین دەرباز نەبووین رووسەکان بەپێ کەوتنەپێ و یەکیان کەئازربایجانی دەزانی گوتی: وەرە با بڕۆین ئەوانە بۆخۆیان دێن.. ڕێگامان داگرت و بەتورکی دەستمان کرد بەقسان.

هەوا سارد و پروشەی دەکرد، تووشی عەجەمێکی رووتە بووین دوو گوێ درێژی پێش خۆ دابوون و لەسەرمان دەلەرزی، گەیشتە ئێمە و بەدەنگ گوتی:

– ئاغا سەلام مەلێکوم.

ئەفسەری روس کەتورکی دەزانی لەوەڵام دا گوتی:

– ئاغا سەنسەن، ئاغا ئیشەگە دییلار، واتە: ئاغا خۆتی ئاغا بەکەر دەڵێن.

پاشان رووی لەمن کرد و گوتی: ئەمە چ ژیانێکە؟ بۆ چ وا ڕووت و برسین؟

گوتم: ڕژێمی پەهلەوی تاوانبارە، پشووی لەخەڵك بڕیبوو.

– ئێستا چی؟ ئێستا بۆ وەخۆ ناکەون؟ بۆ خۆتان بیری حکومەتێك ناکەنەوە، ئێستا خۆ حکومەتی پەهلەوی نەماوە؟

قسەی کابرای رووس یا ئازربایجانی کاری تێکردم، بیرم لێ دەکردەوە، ماشێنەکان هاتن، سوار بووین و لەچایخانەی رەشەکان دابەزین، نان و چامان خواردو، بانگی کردم پولێ خواردنەکەی منی دا، کە لێك جیادەبووینەوە گوتی:

– یەکێتی تان هەبێ.

گەیشتینە وەرێ، توتنەکانمان فرۆشت و شتومەکمان کڕی و ساز بووین بگەڕێینەوە، لەماڵی غوڵام رەزاخان تووشی شێخ جەلال بووم، گوتی نابێ بچیەوە، بەهەڤاڵەکانی منی گوت: بەمیرزا حامید بڵێن شێخ جەلال نەیهێشت بێتەوە.

شتومەکی کڕیبووم بەدراوسێکان دا ناردمەوە، چووینە مالّی شێخ جەلال، بەمالّە پیرێژنێکی دەولّەمەندی غەجەم پانسیونی گرتبوو، بەلاّم شوغلێ شەریفی چ بوو؟ پاش هاتنی ئۆردوی سوور بۆ ورمێ ئەفسەر و کاربەدەستی دەولّەتی ئێران رایان دەکرد و دەچوونەوە بۆ تاران، شێخ جەلال یەك دوو تورکی ئاشنای دیتبوونەوە، دەچوون خانووی ئەفسەری راکردوویان دەدیتەوە، شێخ جەلال دەچوو بەئیجارەی دەگرت، دەچووینە ناوی، شەو لێی وەخۆ دەکەوتین و بەشیش ژوور و حەسار و کەلێن و قوژبنمان دەپشکنی، بەسندوق چەك و دەمانچە و شیر و شتی باشمان دەدیتەوە، ئەوانمان دەگوێزتەوە سۆزی ئیجارەکەمان هەلّدەوەشاندەوە، خانویەکی دیکەمان بەئیجارە دەگرت، رۆژێك لەمالّی ئەرمەنیەك بانك کرا بووین، شێخ جەلال تفەنگێکی جوانی کڕی گوتی بیبەوە مزلّێ، ئێوارە تاریك ببوو، پالّتۆم لەبەرکرد و لەژێر پالّتۆوە تفەنگم لەشان کرد و رۆیشتم، لەشەقامی پەهلەوی بۆ لای راستە بازاڕ دەچوومە خوار ئەفسەرێك و سێ پاسەوان تووش بووم، ئەو دەم پۆلیسی شارەوانی لەورمێ مابوون، بانگیان کردم، من راوەستام و تفەنگەکەم هێنادەر و گوتم لەسندوسەوە دێم، رێگا بەترسە و ئێستا دە مەنزلّ و تفەنگەکە دادەنێم.

ئەفسەرەکە گوتی: با بچینە شارەوانی، تفەنگەکەت لەوێ دابنێ، بەیانی وەرە بیبەوە.

– نایەمە شارەوانی تفەنگیش لەوێ دانانێم.

لێمان بوو بەچەقە، چوومە نێو کۆلاّن و لەچەخماخی تفەنگم دا و گوتم:

– مەیەنە پێش، لەو کاتەدا دوو ساوتی رووس پەیدا بوون، تورکیان دەزانی.

پرسیان ئەوە چییە؟

– کوردم و لەسندوسەوە هاتووم و دەچمە مزلّێ، ئەوانە دەیانەوێ تفەنگەکەم لێ بستێنن.

– بۆ قوماندانی، وەپێش خۆیان داین و بردیانین بۆ قوماندانی رووس لەورمێ.

ئەفسەرێك هاتە دەر و پرسیاری کرد، نەم زانی بەرووسی چیان پێ گوت، بەئاژانەکانی گوت ئێوە بڕۆن، پاشان بەمنی گوت ئێرە دەناسیەوە؟ ئەم شەو بچۆوە، سوزە وەرە تفەنگەکەت بەرەوە، بێ تفەنگ گەڕامەوە و حیکایەتم بۆ شێخ جەلال گێڕاوە، گوتی: هیچ نییە بەیانی دەچم دەیهێنمەوە، باش بووە نەت داوە بەئاژان دەنا دەچوو.

بەیانی شێخ جەلال گوتی: خۆت بچوو تفەنگەکەی وەرگرەوە.

چوومە قوماندانی و ئەفسەرەکە هاتەدەر و گوتی: ئێوارێ وەرە تفەنگەکەت بەرەوە، ئێوارێ چوم گوتی سبەی وەرە، بەکورتی شەش رۆژی رەبەق من هاتوچۆم کرد و ئەورۆ و سبەیان پێ گوتم، شێخ جەلالیش هەموو جارێ دەیگوت: بەمەرقەدی بابم ئابرووییان دەبەم، دەیهەستێنمەوە، جارێ تۆ بزانە دەڵێن چی؟ رۆژی حەوتەم چوومەوە قوماندانی و دوو ئەفسەری دیکە لای کابرا دانیشتبوون، یەکیان تورکی باش دەزانی، کابرا هەستا و گوتی: بۆ تفەنگەکە هاتووی؟

– نا، بەوی ئازربایجانیم گوت: تکا دەکەم دوو قسەم هەیە ئەم ئەفسەرەم بۆ حاڵی بکە تفەنگەکەم ناوێتەوە.

– چی؟ بڵێ بزانم.

– من ماڵم لەسندوسە، حەوت رۆژە هاتووچۆ دەکەم درۆم لەگەڵ دەکا و ئەمرۆ سبەی ئێمە دەمانگوت لەچنگ درۆ و زوڵمی حکومەتی پەهلەوی رزگار بووین، بەڵام وادیارە خەتای ئێوە نییە، سەعدی دەڵێ:

چو کنعان را طبیعت بی هنر بود پیمبر زادگی قدرش ننیفزود

سروشتی ئێران وایە، هەرکەس بێتە ئەو وڵاتە درۆزن دەبێ و راستی لەبیر دەباتەوە ئەو هاتووچۆیەم بۆ پێدەکا، ئەگەر نام داتەوە با بڵێ و دەڕۆمەوە.

قسەکانی منی بۆ گێڕاوە، پێکەنین، گوتی راوەستە، تفەنگەکەی هێنا و لەگەڵ من هاتە دەر، فایتۆنێکی راگرت، سواری کردم و پوڵێ دا بەفایتۆنەکە و گوتی: مەترسێ، کەچوومەوە شێخ جەلال گوتی: بەمەرقەدی بابم سبەی دەم هەستاندەوە! زستانێ شێخ جەلال خانمەکەشی هێنایە ورمێ، لەماڵی پیرێژنێ

پانسیون بووین، رۆژێك بەیانی نانمان دەخوارد خانم گوتی: میرزا کەریم دەزانی چییە؟ ئەو ژنە عاشقی تۆ بووە، دەڵێ مارەم کا، دەزانی چەند دەوڵەمەندە؟

– خانم من پیرێژنێ چ لێ دەکەم، ئێستا من بۆ ژن هێنان نابم، شێخ جەلال گوتی ئاقڵ نی، سبەی دەمرێ، کەسی نییە، سەروەتی بۆ تۆ دەبێ، من جوابم نەدانەوە پیرێژن بەو خەیاڵە باشی بەخێو دەکردین.

شێخ جەلال زمانی رووسی دەزانی و هەر دوای هاتنە دەر لەزیندان لەورمێ هاتووچۆی رووسەکانی کردبوو، ئاغای شکاك و هەرکی دەهاتنە مزڵەکەی و باسی یەکێتی و پێك هێنانی حکومەتیان دەکرد، رۆژێك بڕیار وابوو لەمزگەوتی سوننی یان کۆبوونەوەیەك ساز بکرێ و شێخ جەلال وتار بدا، بەیانی رووماں کردە مزگەوت، خەڵکێکی زۆر هاتبوو، ئەفسەرێکی رووسیش کەتورکی دەزانی لەپەنا شێخ جەلال راوەستابوو، کاتی وتاردان بوو ئاغایەکی شکاك بانگی کرد: راوەستن با ئەمەرخان بێ..

شێخ جەلال گوتی: تا کەی راوەستین؟ ئاوڕی داوە کابرایەکی رووتەڵە لەوێ وەستابوو، شانی گرت هێنایە پێش و گوتی: ئەوە ئەمەرخان، ئاغای شکاکان هاروژان بوو بەهەرا و راپسان داپسان، کەم مابوو تەقە و فەرتەنە سازبێ، کابرای رووس چووە سەر کورسی و بانگی کرد: هەرکەس دەست ببزێوێ لەو مەیدانە گوێی لەبزمار دەدرێ کۆبوونەوە دەستپێکرا، شێخ جەلال لەبارەی زوڵم و زۆری رژێمی گۆرکراو و خوێرپیەتی ئاغا و سەرەك عەشیرەتەکانی کورد و لەبارەی یەکێتی وتارێکی جوانی دا.

دیسان قازی شێخ تەها

رۆژێك لەرۆژەکانی بەهاری ساڵی ١٣٢١ لەپڕ دیتمان قازی شێخ تەها بەچەند بار و بارگین و ژن و منداڵەوە لەحەسارەکەمان وەژوور کەوتن، لێی وەدەرکەوتین، هەروا بەزمانلوسی و بەپێکەنینەوە گوتی: پەنام هێناوە.. لەلێقەوماندا پەنا بۆ پیاوان دەبەن، بابم گوتی: پەنات هێناوە مالی خۆتە و بەخێرهاتی، مالّ و شرەو

بڕەمان بردە ژوور ولاخەکانی ناردنەوە، قازی پاش تێکچوونی حکومەتی رەزاشا لەبەندیخانە هاتبۆوە دەر و لەترسی پیرانان مالّەکەی برد بۆوە گوندی (رکاوێ) زستان خۆی بەسەر مالّە دەرووێشان دا بڕیبوو، بەهاریش ولاخی پەیدا کردبوون و رووی کردبووە سندوس و هاتبووە گوڕناوێ، قازی نێزیکەی دوو حەوتوو لەمالّی ئێمە بوو زۆر بەراحەت نەبوو، زۆریشمان قەدر دەگرت، بەلام دوو کوڕی جحێڵ لەمالّ دا دیار بوو بۆی دەدەر نەدەبرا، دڵ پیسی لەژنەکەی دەکرد، رۆژێك لەمالّەکەمان بۆ لەعارەبە نا و چۆوە نەغەدە، ئیتر جەنابی قازیم نەدیتەوە.

زەمبیل و نوشتەی پێنج تەمەنی

بەهارێ مستەفای ئامۆزام هاتبوو سەرمان بدا، مامم ئەسپارد بووی کەکاکم بەرینە زەمبیل خزمەت حەزرەتی سەید و نوشتەی بۆ بنووسێ چاك دەبێتەوە، ئامۆزاکەم هەڵی پێچاین کەبچینە زەمبیل، کاتێك مەسەلەی نەخۆشی کاکم دەهاتە گۆڕێ ئیتر بۆ عیلاجی ئەو هیچمان وەپێش چاو نەدەهات، دایك و بابم رایان هاتە سەر سەفەر، بۆ ئەوە کەکاکم هەر لەمالّ دانەنیشێ و تۆزێك دنیا ببینێ، بەهارێ زووش کاتی کار و کاسبی نەبوو تا ئەودەم دەگەڕاینەوە.

رۆژێك سێ کەسی رێگامان داگرت چووینە قەرەبلاخ مالّی مامم، لەوێ کوڕێکی دیکەی خزمی خۆمان هەڵگرت و چوار گەنجی هەرزەکار رێمان داگرت و بۆ زەمبیل، ئامۆزاکەم گۆرانی بێژێکی دەنگ خۆش و لەرێگا بەگۆرانی و سەیر دەڕۆیشتین، لەوەتەمیش تێ پەڕیبووین تووشی کابرایەك بووین بەتەنیا بەرەو ئەولا دەڕۆیشت، پاش ماندوونەبوونی کردن گوتی: خەڵکی سەقزم و ئەم رێگایەش شارەزا نیم، کابراش لەگەڵ ئێمە کەوتینەڕێ، بڕیارمان دابوو شەو بچینە قەرەکەند، دوور و نێزیکی گوندی بووین کەوتینە سرت و خورت، تەگبیرمان لەوە دەکرد کابرا چۆن لەخۆمان هەڵاوێرین پێنج کەس لەمالێك چۆن دەحاوێتەوە؟ کابرا هەستی کردبوو کەباسی ئەو دەکەین گوتی: برا ئەم سرت و خورتە چییە؟ بەخوا من نەشارەزام، کەس ناناسم خوا ئێوەی بۆ گەیاندوم، بچنە کوێ لەگەڵ

ئێـوەم، ئـەو شـەو لێتـان جیـا نابمـەوە و سـوزیش خـوا حافیزیتـان لێ دەکـەم، قسەکانی زۆر پیاوانە بوو، گوتمان کەوایە گشتمان ئەچینە مزگـەوت، بـا دەسنوێژ هەڵگرین و راست روو دەکەینە مزگەوت.

کەوتینە نێو گوند، مزگەوت لەدوورەوە دیار بوو، کـوڕ و کـاڵ لەهـەیوانی مزگـەوت وەسـتا بـوون، بـەجارێك پێـنج لاوی قـۆز سـڵاویان کـرد و چـوونە ژوور، تـازە لەجەماعەتی نوێژی شێوان دەبوونەوە، چووینە سەر بـەرماڵ و گوتیـان بـا نوێـژی جەماعەت بکەین، مستەفای ئامۆزام دایکوتا قامەت و کاکم وەپێش کەوت و نوێژی بەجەماعەت تەواو بوو لەنێو عالەمەکە بـوو بـەدەنگ: مـەلا و فـەقێ میـوانی مـنن، ئەوی دیکە ناوەڵا دێنە ماڵە من.

ئاخرەکەی مرۆڤێکی کەیخودا بەناوی (عبدالکریم کارەش) هەستا و گوتی:

– فـەرموون بـا بچـینەوە، ئـیتر کـەس قسـەی نـەکرد، هـەموومان چـووینە مـاڵی کـارەش، مـاڵێکی ئـاوەدان و خـەڵکێکی رووخـۆش، تەنـدوریان هـەڵکردەوە، مریشکیان سەربڕی و پلاو فیلی تێ نەدەچـوو، کەوتـە پرسـیاران، کاتێك گوتمـان کوڕی میرزا حامیدین ئـیتر راسـت بـۆوە و ماچـی کـردین و گـوتی: ئێمـە خـزمین و تافەیەکین و زۆر لێکتر نێزیکین، بەئاوات بووم خەبەرێکی بابتان بزانم، بـەخێرهاتن و چـاك و خۆشـی دووپـات کرایـەوە، دوای نـانخواردن بـەدایی محـاڵ گوتیـان بـا جـورابین بکـەین، لەگـەڵ ئامۆزاکـەم نەخشـەمان کێشـابوو کەشەوچـەڵە بـەکابرای سەقزی بکڕین، جورابیمان لەگەڵ کرد دوو دەسـتمان لێ بـردەوە، کـابرام هەڵپێچـا کەبنێری مێوژ و گوێز بکڕی، کابرا گوتی:

– من بەگاڵتەم دەزانی، ئەمە کەمە، با دەسـتێکی تـر بکـەین لەسـەر دوو تمـەن و ئەمەش دوو تمەن، پوڵەکەی دانا، ئێمـەش هـەر بـەهیوای پێشـوو دامـان مەزرانـد، نەی هێشت بیست گۆریە تەواو بکەین تەواو بوو، شەو بۆ خـەوتن پـێ خـەفیان بـۆ بردینە مزگەوت، جحێڵی گوند لێمان کۆبوونەوە دەبێ جورابین بکەین، چار نـەبوو، بۆمـان دەرکـەوت ئەگـەر کـابرای سـەقزمان لەگـەڵ نەبایـە کـەوا و پاتۆلێشـیان لێ دەبردینەوە، فریشتەیەك بوو لەفریامان هاتبوو.

بەیانی کابرا مالاّوایی کرد و رۆیشت، کاك (عبدالکریم کاپەش) نەی هێشت ئێمە بڕۆین، ئەو رۆژەش میوانی ئەو بووین، رۆژی دوایی کەوتینەڕێ و ئێوارێ چووینە زەمبیل، هەوەڵ جار بوو تەکیە و خانەقام دەبینی، خانەقایەکی گەورە، دەتگوت عەمباری توتنە هەزرمەی دەهات، دیوەخانێکیش لەولاتر بوو، ئەوێ بۆ ئاغا و میوانی قەڵەو فەرش کرابوو، شەو چێشتی گەنمەشامیان داینێ و هەرکەسەش سەولەیەکی گەنم و جۆیان هاوێشتە سەر کۆشی، هەر لەسەر نانخواردن لەگەڵ ئامۆزاکەم دەستم پێکرد، من ئەو دەم بیرم کرابۆوە و ناوی مساوات و بەرامبەریم بیستبوو، بێزاری خۆم لەو سیستەمە چەوسانەوە دەربڕی، شەو هەرکەس دەبوایە لەجێگای خۆ رابکشێ و ئەگەر بەرمالێك جاجمێکی وەگیر کەوتبایە باشبوو دەنا دەبوایە تا رۆژ لەسەرمان لەبن دەستی خۆی بدا، تاریك و رووتی بەیانی بۆ نوێژ راستیان کردینەوە، دوای نوێژ هەریەکە کولێرەیەکی گەنمەشامیان بۆ هاوێشتین، پاش خواردن سۆفیەکی ریش پانی مل ئەستووری رووەت سوور بانگی کرد: ئەوانەی دوێنێ و پێرێ هاتوون مەڕەخەستن با بڕۆن، ئێستا حەزرەتی سەید دێتە دەر، زیارەتی بکەن و بچن نوشتە لەفلاّن مەلا وەربگرن و بڕۆن، دەرکردنێکی رك و راست بوو، ئێمەش دەبوایە بڕۆین، پاش بەینێك لەبەر دەرکی خانەقا بوو بەقۆڕە و گریان و شیعر و سەلاّوەت و جەزم بوون، بوو بەکەڵەکە و پاڵ پێوەنان بۆ دەست ماچ کردنی سەیدی زەمبیل، مەلایەکی لەتەنیشنت راوەستا بوو نوشتەی دەدا بەخەڵك و پولّی وەردەگرت، نۆرەی ئێمەش هات، ئامۆزاکەم گوتی: قوربان ئەوە پەنامان هێناوە، ئەو برایەمان سەر و دڵ دەیگرێ و لەتۆ بەدەر پەنا و عیلاجمان نییە.

سەید دەستێکی بەسەر کاکم دا هێنا و بەمەلای گوت: نوشتەیەکی (صرع)ی بۆ بنووسە، وەدرەنگی کەوتین تا سەید چووە ژوور، مەلا نوشتەی بۆ نووسین و پێنج تمەنی لێ وەرگرتین ئیتر ئەم سەفەر و دیتنی ئەم وەزعە و ئەم فریودانە بوو بەبناخەی دژایەتی من لەگەڵ ئەم تاقمە فریودەر و بێ خێرە و موفتە خۆرە.

لەزەمبیل گەڕاینەوە، نەخۆشی کاکم چاری نەکرا و تا دەهات توندتر دەبوو لەگەڵ ئەوەش پەکی کار و کاسبی نەدەخست، شێخ جەلالی دەربەندی گوندی گوڕناوێم لەغوڵام رەزاخان بەئیجارە گرتبوو ئەم جارە ببوە ئاغامان، ڕۆژێك لەگوڕناوێ پەیدابوو گوتی: تفەنگێکم لای وەستا محەممەدی تۆکمەچیە ئەشێ بچی بۆم بینیەوە، چار نەبوو، ڕۆژێکی بەهار دەلینگی خۆم ڕوهێنا و بەرەو سابڵاخ، لەسەر کانی (کانیە مام سەیدە) زەلامێك دانیشتبوو نانی دەخوارد، سڵاوم لێکرد، ئاوێکم خواردەوە و کابرا گوتی:

بۆ کوێ ئۆغر بێ؟

دەچمە سابڵاخ

– بەشار وێران دا دەچی یا بەشەرگەدا؟

– بۆ دەچمەوە شار وێران زۆر دوورە، بەشەرگەدا ئێوارێ لەسابڵاخم.

– ترست نییە ڕووتت بکەن؟ دەڵێن لەشەرگە ڕێ دەگرن.

– ئەوەی ڕوتم دەکا هەر وەك من پیاوە.

– دەڵێی چی لەگەڵ تۆ بێم، من لێفە دروم، ئەم زستانە لەشنۆ کارم کردووە پوڵێکم پێیە، بۆ مااڵێ زۆریش بەپەلەم.

– وەرە با بڕۆین، دوو کەسین کێ دەوێرێ خۆمان لێدا؟، کەوتینە ڕێ تاریك داهات بوو لەپردی سوور پەڕینەوە لەقەراخ شار کابرا گوتی: من ڕێگام بێرەدایە تۆ شەو دەچیە کوێ؟

– من کەس ناناسم، شەو دێمە مااڵی ئێوە، لەمنت نەکەوێ، جا دەبوو ئەو پرسیارە بکەی؟

زۆر بەنابەدڵی– جا کەوایە بێرەدا فەرموو.

گەیشتینە مااڵی کابرا و لەدەرگای دا، ژنێکی کورتە باڵای قۆزی لەدەستان خۆش دەرگای کردەوە و بەسەری زمانی ماندوونەبوونی ڵێ کرد، مااڵێکی پاك و خاوێن سەماوەر تێ هاوێژرا و دەتگوت چاوەڕوانی هاتنەوەی مێردەکەیەتی، زۆر کەمیان پێکەوە قسە دەکرد، سەر لەئێوارە جێگایان بۆ ڕاخستم و لێی نوستم، کابرا

بەیانی زوو هەستا و چووە حەمام، بەژنەکەی گوت هەڵی بستێنە با بچێتە نوێژێ، کاتێك کابرا وەدەرکەوت ژنەکە بانگی منی کرد و گوتی: ناچیە نوێژی؟ هەستام چوومە مزگەوت و هاتمەوە نان و چام خوارد و مالاّواییم کرد و چوومە دوکانی تۆکمەچی، تفەنگەکەم وەرگرتەوە و چوار بەستە فیشەکم کڕی و لەمەیدانی مەنگوڕان تووشی کوڕەکانی مینئاغای قزلّجە بووم کەبەمندالّی پێکەوەمان خوێند بوو، چاك و خۆشی و گوتیان دەبێ میوانی ئێمە بی، گوتم دەڕۆم و شەو دەچمە کوسە کەڕێزی، لەوان هەڵبرام دوکاندارێك بانگی کردم گوتی: ئەوانەی لەگەڵیان راوەستابووی دەیانناسی؟

– بەمندالّی پێکەوە خوێندوومانە.

– ئەوانە ئێستا کاریان دزی و ڕێگریە، وریابە، دێنە سەر ڕێگات.

سوپاسی کابرام کرد و نانێکم خوارد و لەشار وەدەرکەوتم بۆ کۆسە کەڕێزە، فیشەکم دە گیرفانێ نان و بەستەیەکم هاویشتبووە سەر و قوچاخ و ملی ڕێیەم گرت.

نەگەیشتبوومە بەردە کونتێ دوو سواری چەکدارم گەیشتنێ، ماندوونەبوونیان کرد و گوتیان: خێر بێ دەچییە کوێ؟

– دەچمە کوسە کەڕێزی.

– ئەدی ئەو تفەنگە بێ فیشەکە چییە؟

– بێ فیشەك نییە و تفەنگە کڕیومە و پەنجا فیشەکیشی لەگەڵە.

– دەکرێ چاوێکی لێ بکەین بزانین چییە؟

– بڕۆن بەڕێگای خۆتان دا، بەئێوە چی چۆنە و چییە؟

ئەوان ڕۆیشتن و کاتێك گەیشتمە چایخانەی وسوکەند لەوێ دابەزیبوون، لام دا چایەکم خواردەوە و یەکیان گوتی: ئێمەش دەچینە کوسە کەڕێز، دەتوانین سوارت کەین.

– باشترە خۆتان بڕۆن و لەمن گەڕێن، ئەوان سوار بوون و بەکاروانە ڕێ دا جاروبار ئاوڕیان دەداوە، منیش بەدوای ئەوان دا هەتا بەر بناری، لەوێ تێ

هەڵگەڕام بۆ ڕێگای دریاز و ڕەسەریان کەوتم، کەوەسەر کەوتم دیتم هەردووکیان دابەزیون و چاوەڕوانی من دەکەن، لەبن بەردێك چۆکم دادا و تفەنگێکم هاوێشتنێ لەنێوان ئەسپەکان لەعەرزیم دا، ئەسپ دەرپەڕین و هەریەکە بەلایەکی دا، ئەوان وەدوای ئەسپیان کەوتن و منیش ڕێم داگرت شەو چوومە کوسە کەڕێزی.

بەرەو شامات

پاش ئەو سەفەرە حاجی مەلا خالیدی دەربەندی تەشریفی هاتە مالّمان و گوتی: هاتووم میرزا کەریم لەگەڵ عەولّای کوڕم بچێتە شامات (دێی وەیسئاغا) مالّە مەلا سەید مەحمود، کچێکی هەیە دەمەوێ بۆ عەولّای بخوازم، بابم فەرمووی لەبەر دەستی خۆت دایە، ئەو سالّە ئەسپێکی ڕەشی جوانم کڕیبوو، دەمانچەی چاك و بۆشناخ، مەلا عەولّا هات و جوتە سوارە کەوتینە ڕێ، هیچمان نەچوینە شامات و شارەزاش نین، شەو چوینە کوسە کەڕێز مالّە خوشکێکم لەوێ بوو، بەیانی ڕێگامان داگرت و چووینە گردە گڕوێ، لەوێ پرسیاری ڕێگامان کرد گوتیان: هەر وا لاڕێ بڕۆن و لەو کێوە سەرکەون شاماتە، بەکوێرەوەری و دۆڵێکدا کەوتینەڕێ و لەکێوێك وەسەرکەوتین لەو دیو دەشتێکی پان و بەرین هەر سپی دەچوو ئاو دایگرتبوو، گوندێك لەبن کێو بوو چوینە خوار و ڕوومان کردە نێو گوندی، پرسیمان گوتیان (دەلکداشە)، کەچوینە نێو گوند خەڵك لەبەر دەرکی مالێك کۆببونەوە و دەگریان، سڵاومان کرد و پرسیمان ئەوە چییە؟

– مام قۆیتاس نەخۆشە و لەگیانە لآدایە و کەس نییە یاسینی لەسەر بخوێنی، چوونە قزقەگا مەلای بینن، بێ ئەولاولا خۆم لەسەر ئەسپ فڕێ دا خوار و وەڕوور کەوتم، سڵاوم کرد و چوومە بن سەری نەخۆش و دەستم کرد بەیاسین، من یاسینم باش لەبەر بوو، خەڵك واقیان وڕما، کردیانە سرت و خورت، مام قۆیتاس موسڵمانی باشە و خوا یاسینی بۆ نارد، ولآخیان وەرگرتن و تفاقیان دانێ و مەلا عەولّا هاتە ژوور، نان و چایان بۆ سازکردین و یاسینێکی دیکەشم دەقەبەڵ کرد و کابرا چاوی هەڵێنا، کابرای لەدوای مەلایان نارد بوو هاتەوە خوا و راستان مەلا

لەماڵ نەببوو، مام قۆیتاس وەزمان هات و بۆم دەرکەوت دوو برای لەگوڕناوێ دراوسێمانن، سوڵتانی مام قویتاسیش کەلەکاروانی شەهیدان دا ناوی هاتوە لەدوا رۆژدا بوو بەتێکۆشەرێکی خەباتگێڕ و لەزیندان دا ئیفلیج بوو ئاخرەکەی پێ چوو.
نان و چامان خوارد و وڵاخەکان حەسانەوە و گوتمان: دەچینە (دێی وەیسئاغا) و نەشارەزاین، لافاویش رێگای نەهێشتوون و شارەزایەکمان دەوێ وەپێشمان کەوێ، زۆریان هەوڵ دا شەو میوانیان بین، گوتمان بەپەلەین و دەبێ بڕۆین، (خاڵەمامە)ی ژن برای مام قۆیتاسیان رەگەڵ خستین، زۆریان نسحەت کرد کەدەلای راست نەکەوێ و دەستی چەپ بگرێ، بەئێمەشیان گوت کەلەپرد پەڕینەوە لەئەسپ دابەزین و تا پشتێند خۆمان رووت کەینەوە و ئەسپەکان بەدوای خۆمان دا رابکێشین.
خاڵەمامە کەوتە پێش و ئێمەش بەدوای دا، لەپردێ پەڕینەوە و خۆمان رووت کرد تا پشتێند، ئاوێکی سارد و بایەکی ساردی دەهات، وڵاخمان دەکێشان، وڵاخ دەچەقین و بەزەحمەت دەهاتنەدەر، ئاو دەگەیشتە پشتێندمان، لەنیوەی رێگا و لەنێرەی ئاودا (خاڵەمامە) گوتی: هەر ئاوا بڕۆن و دەلای راست مەکەون، من دەگەڕێمەوە کەس نییە تفاق بدا بەگامێشەکانم.
– پیاوی چاك بە ئێمە شارەزا نین بەجێمان مەهێڵە، زۆر پاڕامەوە فایدەی نەبوو. هەڵم کێشا دەمانچە و لووڵە دەمانچەکەم لەپشتی ملی کوتا و گوتم بڕۆ سەگباب شەویش ناهێڵم بچیەوە، چۆن دەتەوێ ئێمە بخنکێین و تۆ تفاق بدەی بەگامێشان.
– بەزۆریم دەبەی؟ جا ئەوەش پیاوەتییە؟
– وەپێشم کەوە و لەسەری مەڕۆ، خاڵەمامەم وەپێش خۆدا تاگەیشتینە وشکایی. ماڵە مەلا سەید مەحمود پێشوازیەکی بێ وێنەیان لێ کردین، جێگای وڵاخەکانیان نەبوو، هەریەکە بردیانن مااڵێك، مەلا سەید مەحمود پیاوێکی قسە خۆش و رووخۆش و بەڕێز و میوان دۆست و پیاوی ئاوا کەم هەبوو بەڵام کێژەکەی، تا ئەوڕۆژە کێژی وا جوان و شۆخ و قیت و قۆزم نەدیبوو، نامەی حاجی مەلامان دا بەمەلا سەید مەحمود و گوتی:

– ئێوە حەوتوێك لێرەن، لافاو نەنیشێتەوە دەرناچن، با عەولا کچەکە بدوێنێ و ئەگەر رازی بێ هەر ئێستا لێی مارە دەکەم، تۆ خۆشت کیژەکە بدوێنە.

عەولام تێ بەردا بەلام بۆی نەگیرا، ئەو مالّەی ئەسپی مەلا عەولای لێ بوو ژنی ئەوانم راسپارد کەلەگەلّ کیژەکە قسە بکا، رۆژێك ژنی مالّەکە پێی گوتم: سەید زادە ئیشتیای لەتۆیە، مێرد بەو کوڕە ناکا.

مەلا عەولا پێی نەدەگوت، بەمنی دەگوت تۆ قسەی لەگەلّ بکە، ئاخری رۆژێك پێم گوت: ئێمە لەسەر قسەی تۆ مەحتەلین، مەلا عەولا کوڕی چاکە، بابیشت لەسەر قسەی تۆ راوەستاوە.

چاوێکی لێ کردم، گوتی: تۆ بۆ خۆت شاقەلت زۆر درێژن بۆ خەلّك دەپارێیەوە، کەنگێ دێیەوە چاوەڕوانت دەبم.

هیچ، مەلا سەید مەحمود نامەی بۆ حاجی مەلا نووسیەوە و دەست .....

لەدرێژتر گەڕاینەوە و بەداخەوە نەمتوانی بچمەوە دێی وەیسئاغا، بەلام دە سالّیش پێ چوو بوو سەید زادە و قسەکانیم لەبیر نەچوو بۆوە، پاشان بیستم شووی بەکەسێك کردبوو لەسالّەکانی ٣٥ و ٣٦ بەم لاوە دۆست و برادەر و رەفیقێکی خۆشەویست و جوامێری من بوو.

شێخ واحید و قەرە قشلاخ

لەشامات بەدلّێکی شکاو و یەکی شاد و هیوادار بەرەو سندوس گەڕاینەوە، بەلام دەبوایە بەقەرە قشلاخ دا بچینەوە، بەمەزەبی جحێلان نەدەکرا بەناوچەیەکدا بڕۆی و سەری دۆست نەدەی، دەم زانی تازە بوکێك بەسەفەر چۆتەوە مالّی بابی و چاوی لەرێ بوو بەوێدا بچمەوە، پێش نیوەڕۆیە بوو گەیشتینە قەرە قشلاخ، لەمالّە بابی دۆستەکەم پرسی و پێیان نیشان دام، کەچوینە حەساریّ و لێمان وەدەرکەوتن دایکی بانگی کرد فاتم وەرە میرزا کەریم هاتووە، ولّاخیان لێ وەرگرتین و چووینە ژوور، بەخێرهاتنێکی گەرم و چاك و خۆشی و پلار و تاو بەلام وەزعی مالّەکەم جۆرێك هاتە بەرچاو، من جاری دیکەش لەوێ میوان ببوم، ئەم

جارە مالّی فەرش کراو و چەند دەستە نوێن بۆ پالّە و پشت دانرابوون و سەماوەر دەکولّێ و خەریکی نان و چێشت بوون.

کردم بەگالّتە و گوتم: ئەوە چییە؟ دەلّێی مالّە بوکێیە، فاتم گوتی: خەونم دیبوو دەمزانی تۆ دێی.

دایکی گوتی: شێخ واحد میوانمانە، دەرۆێشی لەگەلّن، چۆتە مالّێکی دیکە و بۆ نان خواردن دێتەوە، گوتم میوانی تۆیە یا میوانی فاتمێیە؟

شێخ واحید کێ بوو؟ بیستبوم کابرایەکی کوێر ماوەیەك بوو لەسندوس و شنۆ و شارۆێران پەیدا ببوو، خۆی بەتایفەی شێخی سندولان ناساند بوو، چەند دەرۆێش کەروگای لەخۆ کۆکردبوونەوە و دەستی کردبوو بەراو و رووت و دەسوڕاوە و دەیکرد و دەیخوارد، ساختەچی و داوێن پیسی وا نەبوو، من هەر ناوم بیستبوو رقم لێی بوو جا ئێستا هاتبوو لەمالّە فاتمێش میوان بوو.

کەدایکی فاتمێ ناوی شێخ واحیدی هێنا عەولّای حاجی مەلا خالید سپی هەلّگەڕا.. گوتی: کوڕە رابە بلا برۆین، تووشی کێشە دەبین، ئەو سەگبابە زستان هاتبوە دەربەند، من فەقێم لێ هاندان و لەگوندیان دەرکرد، نەڕۆین من لێرە ببینێ باسی سەرە، نەختێك عەولّام دلّخۆشی داوە، نەش دەکرا بڕۆم، بیانوویەکی ئاوا بۆ رۆیشتن نەبوو، چیم بەفاتمێ دەگوت؟ لەم باس و خواسەدا بووین شێخ هاتەوە، چوار پێنج دەرۆێشی مل ئەستوری لەگەلّ بوون وەژوور کەوت، خانەخوێشی لەگەلّ دا بوو، بەخێرهاتنم کرد و دوور لەشێخ لەوبەری تەندور دانیشتم.

پرسی لەکوێوە هاتووی؟ خاوەن مالّ هەلّیدایە و گوتی.. خەلّکی گوڕناوێیە کوڕی میرزا حامیدیە.

– ها وەبیرم هاتەوە، ئێمە دوو شەو لەگوڕناوێ بووین باسی تۆش کرا دەیان گوت لەورمێیە، باوکت پیاوی چاکە، تاوێك مات بوو، پاشان چاوێکی لەعەولّا کرد و گوتی:

– ئەوە کێیە لەگەلّت؟

– برادەرێکمە، چووبوینە شامات و لەوێوە دێینەوە.

– ئەوە کوڕی مەلای دەربەندی نییە؟

– بەڵێ هەوە.

– ئەو سەگەی بۆ لەگەڵ خۆت دەگێڕی؟ ئەوە کافرە مولحدە.

– ئاگات لەزاری خۆت بێ، ئێستا لەگەڵ منە و میوانە.

– نا.. دەبێ رەجم بکرێ، فەقێی وەدوای من خستبوون و دەریان کردم.

– ئەوە رابردووە و ئێستا میوانە، رەنگە خەتای ئەویش نەبووبێ.

– نا ئەوە مەلعونە دەبێ پەت بکرێ.

– ئاگات لەزاری خۆت بێ، کەس ناتوانی هیچ غەڵەتێك بکا.

– تۆش، ئێستا بەدەرووێشان دەڵێم هەردوکتان پەت بکەن.

کەوای گوت ئاگام لەخۆ نەما، بەری چاوم تاریك بوو، بەتایبەت فاتم دەیبیست کەقسە بەمن دەگوترێ، ئیتر قایشی دەمانچەم ترازاند و گوتم:

– هەر سەگبابێك لەجێی خۆی ببزوێ وەك سەگ دەیتۆپێنم، دیارە تۆ رێزی خۆت نازانی، دەبا سەگبابێك جولّە بکا، بەولاّت دا دەسوڕێیەوە کەس نازانێ لەچی دەگەڕێی.

خاوەن ماڵ و ژنەکان کەوتنە بەین و بەسەر شێخ دا هاتن:

– قوربان ئەوە میوانی ئێمەیە، چەندمان خۆش دەوێ، من هەستام و گوتم لەگەڵ چاوەشان لەژوورێك دا نابم، تۆ چاوەشی لەنان دەگەڕێی، فاتم و دایکی هاتن و لەئامێزیان گرتم و نابێ بڕۆی، شێخ کەوتە کلکە سوتە.

– تۆ بەخۆڕایی توڕە بووی، کەس لەگەڵ تۆی نەبوو، ئەوانە سوکایەتیان بەمن کردبوو.

– تۆ دەزانی ئەوە هەڤاڵی منە، میوانە، تۆ شێخی دەبێ لەسەرخۆبی، جا ئەگەر هەر وەك خەڵك بی فەرقت چییە.

دەرووێش کەتا ئەودەم بێ دەنگ بوون وەدەنگ هاتن: قوربان پیاوی خوا ئەبێ بەحرێی نابێ بەچۆرە ئاوێك شلوێ بێ، ئێمە مانان نەفامین تووشی سەد گوناح ئەبین ئێوە دەبێ بمان بەخشن.

شێخ گوتی هەستە وەرە لای من.

– فەرقی نییە وا لێرە دانیشتووم.

– نابێ، بەسندولآن دەبی بێیە ئێرە.

دەرویێشەکان: دە بێ قەزا بی شێخ سوێندی خوارد و بچو لەوێ دانیشە، پاشان دایکی فاتم هات باسکی گرتم و بردمی لای شێخ داینام.

شێخ چایەکی لەپێش بوو هەلگیرت لەپێش منی دانا، نانیان هێنا، سفرەی من و شێخ نانی گەنم و پڕ لەخۆراکی جۆر بەجۆر، ئەوانی تریش نانی جۆیان بۆ دانابوون، (پێویستە ئەوە روون کەینەوە کەشارویێران لەبەر (سن) گەنمی نەدەبوو پتر خەلّك نانی جۆی دەخوارد، یەك یەك مالّ گەنمیان دەبوو).

پاش نانخواردن هەستام دەستم بشۆم، فاتم ئاوی بەدەستم دا دەکرد، گوتم شێخ تەماعی دەدایکت کردووە، گوتی: ئەویش وەك تۆ.

لەگەلّ شێخ رێك کەوتینەوە و دەستمان کرد بەقسان و عەولّا هاتەوە سەرخۆ، دوای چا خواردنەوە سوار بووین و بەنابەدلّی قەرە قشلاّخمان بەجێ هێشت.

بەهار دەستمان کردەوە بەکار و کاسبی و لەسالاّن زیاتر کوێرەوەریمان هەبوو، ئاشنایەکی عەجەممان هەبوو لەرادانە دەژیا، لەترسی تالاّن کردن حەفتا سەر مەڕ و ماینێکی هێنابووە لای ئێمە و زەحمەتی ئەویشمان لێ زیاد ببوو، عەجەمێکی لای مەراغەمان بەنۆکەر گرتبوو، گوێ درێژێکمان بۆ کرێبوو لەکێوی گوێنیان بینی رۆژێك عەجەم لەگوێنیان نەهاتەوە، وەدوای کەوتین و هەموو سندوس گەڕاین عەجەم ئێستاش بەکەرەوە رۆیی و نەهاتەوە.

بەشی چوارەم

سەرەتای ژیانی سیاسی و شانازی

باری ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان لەسەروبەندی حکومەتی رەشی رەزاشادا لەرادەبەدەر شێرزە و کەلەلا بوو، بێجگە لەفشار و زوڵم و زۆری ژاندارمی دەوڵەتی، بێکاری و هەژاری لەدێهاتی کوردستان پشتی خەڵکی شکاند بوو، ئامراز و کەلوپەلی جوت لەئامور و گاسن تێ نەدەپەڕی، بەبرەوترین حاسڵ و بەروبووی وەرزێر و رەشایی گوندی توتن بوو، پتر لە هەشت- نۆ مانگ بەخاو و خێزانەوە پێیەوە خەریك دەبوون ئاخرەکەی یان وەبەر باران دەکەوت یان لەدوخانیە بەنمرە ٢ و ٣ دەنووسرا و یان دەکرا بەجهەندەمی و دە عەمباری دەوڵەتی دەکرا، پاش ئەو هەموو کوێرەوەریە و بێنەوبەرە ئەگەر لەدەست ژاندارم و کارناسی قەبلاندن و قوڵە مەعموری دوخانیە رزگار بوونایە دەکەوتە دەست ئاغا، ئیتر کابرای توتنچی نەیدەزانی توتنەکەی چەندی گرتۆتەوە و چی بۆ ماوەتەوە، دەبوایە دەست بگرێتەوە ئەگەر ئاغا وێژدانی هەبوو شتێکی دایە باشە و دەنا دەبوایە لەشار خۆ لەدوکاندار و قەرز خواز بدزێتەوە و بەلارە ملی بڕواتەوە، نموونەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ خۆم رووی داوە.

دراوسێیەکمان هەبوو کوڕێکی باش و زەحمەتکێش و کاسبکار، لەگوڕناوێ توتنی دەکرد ئەوسالە توتنەکەی رەش هەڵگەڕا بوو هیچی لێ پەیدا نەبوو، کاتێك لەدوخانیەی نەغەدە پوڵی توتنمان وەرگرت، عەلی هیچی بۆ نەما بووە، گوتم با بچین کەباب بخۆین و بچینەوە، گوتی: بەمیرزا غەنی عەلیالی قەرزدارم و ئابڕوم دەبا.

رام کێشا بۆ نێو بازاڕ و نانمان خوارد و تووشی میرزا غەنی عەلیالّی بووین، دوای ماندوونەبوونی کردن گوتی قەرزەکەت بۆ هێناومەوە؟ عەلی گوتی: ئاغا میرزا غەنی لەتوتن هیچم بۆ نەماوە، بەڵام رۆژی بازاڕ حەیوانێك دێنم دەفرۆشم و پوڵەکەت بۆ دێنم، کابرا وەك سەگی هار بەگژی داچوو، زۆری قسە پێ گوت و

تەنانەت جنێوی ناموسی پێ دا، عەلی هیچی نەگوت تا لەبازاڕ دەرباز بووین و گەیشتینە تەپۆلکەی قەبران کەئەو دەم خانووی لێ نەبوون و چۆڵ بوو، میرزا غەنی وەدوای کابرای کەوتبوو دەستی لێ هەڵنەدەگرت، عەلی لەپڕ بایداوە سەر و دایگرت بەجنێوان، میرزا غەنی سەری دانەواند و ملی حیزکرد و ڕۆیشت.

گوتمان حیساب و دراوی تۆتن ئاغا وەری دەگرت و هیچی نەدەدا بەوەرزێری فەقیر، بەڵام بەو حاڵەش بێجگە لەهێندێ سەرەک عەشیرەت و دەرەبەگی دەوڵەمەند کەخوێنی خەڵکیان مژی بوو ئاغا و دەرەبەگی کورد سوالیان لەسەگ دەکرد، من لەبەشی یەکەمی ئەم نوسراوەدا بەکورتی باسی ئاغاوەتی لاجانم کردووە، بەڵام دوو نمونەی دیکەشم لەبیرە و بۆ باس کردن دەبن.

کاك عەولای ئاغای پرد ئاوێ لەناوچەی شنۆ سبەینان لەخەو هەڵدەستا و دەچوو لەسەربانی هەردووك دەستی دەکەلەکە دەنا و چاوی دەگێڕا تا جیرانێك پیاڵە ماستێکی بۆ بێنێ و نانی پێ بخوا.

یەکی دیکەش عەولای بادیناوێ پیرانان بوو، ئەم ئاغایە سێ تەن بەسەید عەولای قەڵاتی قەرزدار بوو، ڕۆژێك لەورمێ دەهاتەوە و سەید عەولا لەخانێ تووشی دەبێ، داوای پوڵەکەی لێ دەکا، دەڵێ ئێستا نیمە و چووم ددانم چاك کردوون و بۆت دەنێرم، سەید عەولا هەڵی دەپێچی و دەڵێ: ددانەکانم دەیە.

لەهەل و مەرجێکی ئاوادا رژێمی پەهلەوی ڕوخا، پلەی سیاسی خەڵکیش سفر بوو، ئیتر بەئاغا و ڕەعیەتەوە خەڵك بۆ بووژانەوە و دەوڵەمەندی و پەیداکردنی سەروەت و مالێ وەخۆکەوتن، هەرچی سەرەك عەشیرەت و ئاغا و دەرەبەگ بوون دەستیان کرد بەتالان و ڕاوەڕووت و خۆ فرۆشتن بەشەکر و چا و نۆکەری بۆ حکومەتی ڕزیو و نەماوی تاران و هەوڵ دان بۆ هێنانەوەی حکومەت بۆ کوردستان.

ئەوی کاسب و زەحمەتکێشیش بوو بەشی زۆری دەستی کرد بەهاتووچۆی عێراق و ئالوێر لەگەڵ کوردستانی گەرمێن و لەم ڕێگایەوە خەڵك دەهات ببوژێتەوە.

عێل و عەشیرەتی کورد کەچەکدار بوون لەجیاتی بیرێك لەچارەنووسی خۆ بکەنەوە و بۆ یەکێتی هەوڵ بدەن لەشکریان لێك دەکرد و یەکتریان دەکوشت، لەهەلومەرجێکی ئاوادا لەمەهاباد (سابڵاخ) رێکخراوی (کۆمەڵەی ژ.ك) دامەزرا.

برادەرێکم لەنەغەدە هەبوو بەناوی کاك (حەمەدەمینی هیجری) بەهۆی مەلا حەمەدەمینەوە لەگەڵی ببومە ئاشنا، دۆستایەتیەکەمان لەبرادەری و دۆستایەتی ئاسایی تێ پەڕیبوو، وەك دوو برای خۆشەویست و یەك ماڵ و لەیەك نزیك بووین، لەنێزیك ئاشی قولیخان سەوزیخانێکی هەبوو بەهار و هاوین و پایز لەسەوزیخانەدا دەژیا و کاری دەکرد و زەحمەتی دەکێشا، زۆر جاران شەو لەنەغەدە لای ئەو دەمامەوە، حەمەدەمین لەجاران پتر باسی یەکێتی و برایەتی و کوردی دەکرد و هێندێ لەقسەکانی بۆ من تازە بوون، ساردی پایزێ بوو رۆژێك گوتی: نابێ شەو بچیەوە کارم پێتە، پاشان گوتی: با بچین دەستنوێژ هەڵگرین و دەچینە مزگەوت، لەرێگا گوتی: کارێکم پێتە و دەبێ هەر لەلای خۆت بێ، نابێ لەکن بابیشت باسی بکەی، لەتۆ رادەبینم و دەبێ بەقسەم بکەی.

– ئەگەر بکرێ بەچاوان، لای کەسیش باسی ناکەم، خێرە ئیشەڵا، چییە بیڵێ دەسنوێژمان هەڵگرت و چووینە ماڵێك، کەچوومەژوور (رەحمانی کوڕی میرزا کەریمی مەعروفی)م لەوێ دیت، رەحمان باوکی لەرادەبەدەر فەقیر بوو، خۆی دەستی لەخوێندن هەڵگرتبوو حیسابی بۆ دوکانداران دەنووسی، کوڕێکی باش و دەمناسی و نێوانمان خۆش بوو، رەحمان بەخێرهاتنی کردم و بردمی بۆ ژوورێکی تر، کورسیەك دانرابوو وەم زانی خەڵوزی تێدایە، جاجمێکی جوانی بەسەردا درابوو.

هەرسێکمان دانیشتین و رەحمان گوتی با دەست پێ بکەین، جاجمەکەی لابرد، لەسەر مەجموعەیەك قورعان و شیرێك و ئاڵایەك دانرابوو، رەحمان دەستی پێکرد:

– دەزانی لەچنگ ژاندارم چمان کێشا، دەبێ یەك بین و بۆ رزگاری کوردستان هەوڵ بدەین، خەیانەت بەیەکتر نەکەین، کۆمەڵەیەك دامەزراوە دەبێ ببینە ئەندام و بەقورعان و بەئاڵای موقەددەسی کوردستان سوێند بخۆین کەنهێنییەکانی

کۆمەڵە ئاشکرا نەکەین و بەگیان و مـاڵ بـۆ بردنەپێشـی ئامانجـەکانی کۆمەڵـە تێدەکۆشین.

کەوتمە ژێر تەئسیری قسەکانی و سوێندم خوارد و لەدەفتەر ناوم نوسرا و ئەندامی ژمـارە ١٨ی کۆمەڵـە بـووم لەناوچـەی سـندوس، کاتێـك هاتمـەوە مـاڵ باسـی سەربەخۆیی کورد و ئازادی و یەکێتیم دەکرد بابم قسەکانی منی پێ سەیر بوو.

لەگوندی خۆمان دەستم پێ کرد ئەوەی تۆزێك تێگەیشتوو گەنج و رەنگ پیاو بـوو قسـەم لەگـەڵ کـرد و کـردمن بەئەنـدامی کۆمەڵـە، دەسـتم کـرد بەهاتووچـۆ بـۆ گوندەکانی دەوروبەر، زۆر زوو کۆمیتـەی نەغـەدە (کەپاشـان دەرکـەوت ئینسـانی ترسـەنۆك و بێکـارە بـوون و یەکیشـیان لـەکۆڕی خەباتـدا نـەمان) بـۆ تێکۆشـان لەناوچەی سندوس و شنۆ کردمی بەمەعمور، کەمتر دەهاتمەوە مـاڵ و ئـیتر کـار و فیکرم تەبلیغات و تێکۆشان بۆ کۆمەڵەبوو، یەك دوو جار سەفەری مەهابادم کرد و لەگەڵ دڵشادی رەسوڵی و رەحمانی کەیانی و شاپەسندی کۆدەبوومـەوە، جارێـك نامەیەکیان دامێ بۆ کۆمیتەی نەغەدە، چووم لەمزگەوتی سوور نوێژێ بکەم، دیتم مزگـەوت چـۆڵە و تـەنیا فەقێیـەك دێـت و دەچـێ و دەوران دەکاتـەوە، نامەکـەم کردەوە لەچەند لاپەڕەدا بوو خوێندمەوە، نامەی رەسمی و مۆری کۆمەڵەی پێـوە بـوو، فـەقێ لـێم نێزیـك ببـۆوە و دیـار بـوو لەبنـەوە تەماشـای کـردووە و مـۆری کۆمەڵەی ناسیوە، پاش ماوەیـەك کەچـوومەوە سـابڵاخ شـا پەسـندی پێـی گـوتم: نامەی تۆ بردبووت لەمزگەوتی سوور خوێندراوەتـەوە، زۆر پێـی تێکچـووم و گـوتم راستە، لام وایە ئیتر ئەم کارە دووپات ناکرێتەوە.

بوکهێنان و شایی و زەماوەند

نەخۆشـیەکەی کـاکم تـا دەهـات تونـدتر دەبـوو، گوتیـان ژنـی بـۆ بێـنن لەوانەیـە تەئسـیری هـەبێ، وسـێنی مامەڕەشـی وردە مـالکێکی فـرە پیـاو و دەوڵەمەنـدی گوندی (پێ بەجگ) کیژێکی باش و جـوانی هـەبوو بۆمـان خواسـت، چـوینە ورمـێ جلـی بوکێمـان کـڕی و بـەهارێ بۆمـان گوێزتـەوە، لەتـەواوی دۆسـت و بـرادەر و

ئاشنایانمان گێڕاوە و حەوت رۆژ شایی و زەماوەند و هەڵپەڕکێ بوو، گشت خەڵکی گوندی بەگەورە و بچووکەوە وەك برایەك بەشداریان لەشایی دا دەکرد، شایی بەخۆشی گوزەرا و بوکمان هێنا، ئەوەش بووە هومێدێك بۆ باشتر بوونی کاکم.

من کەمتر خۆم بەکار و کاسبییەوە ماندوو دەکرد، لەناوچەی شنۆ و لاجان و سندوس خەریکی پرۆپاگەندە و تێکۆشانی سیاسی بووم، ئەو دەم دکتۆر سمایلی ئەردەلآن رۆژنامەیەکی لەتاران دەردەکرد بەناوی (کوهستان)، رۆژنامەکەم دەکڕی و زنجیرە وتارێکی تێدا بڵاودەکراوە بەناوی (کورد و کوردستان سنە و ئەردەلآن) بەوردی ئەو رۆژنامەم دەخوێندەوە و سەرنجی رادەکێشام.

هەوەلین وتاری سیاسی

باشم لەبیر نییە، ئەوەندە دەزانم رۆژنامەی (کەیوان) چاپی ورمێ لەوەلآمی ئەم شیعرەدا کەبلآو ببۆوە:

زەمانی شادی و عەیشە لەغوصە و دەرد و غەم هەلّدە

ئەگەر مەردی کوڕی کوردی لەئاثاری عەجەم هەلّدە

وتارێکی توندی نووسیبوو، وتاری (کەیوان) لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی رووناکبیرانی کوردا ببوە جێگای باس و خواسی رۆژ، لەزۆر ناوچەی کوردستان لەوەلآمی (کەیوان)دا وتار نوسرابوون، لەسندوس منیش لەوەلآمی رۆژنامەی ناوبراو وتارێکم نووسی، کۆمیتەی کۆمەڵە لەنەغەدە وتارەکەی بەتایپ و رۆنیو بڵاوکردەوە، رۆژێك کاك قاسم پیرۆتی ئاغای گردە قیت کەیەکێك لەخوێندەوار و ژیری ناوچە بوو لەنەغەدە بانگی کردم و پیرۆزبایی لێ کردم، گوتی لەورمێ ئەم وتارەی تۆ چاپ دەکەم، بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە لەنێو گەنج و لاوانی نەغەدەدا لایەنگری زۆری بۆ پەیدا کردم، لەلایەکی دیکەشەوە بوو بەهۆی تەشویق و تێکۆشانی پتری من لەخەبات دا.

لەگەڵ پەرە گرتنی رێکخراوەکانی کۆمەڵە دەستەڵاتی بەڕێوەبەری کاروباری شار و شکایەت و لێ پرسینەوە دەکەوتە دەست کۆمیتەی نەغەدە، بەڵام ئەندامانی

کۆمیتــە زۆربــەیان لــەو کەســانە بــوون کەلەکۆنــەوە ملیــان بــۆ حاکمیــەتی قەرەپەپاغــەکان راکێشــابوو خۆیــان بــەپیاوی قوڵیخــانی نەغــەدە دەزانــی، عەجەمــەکانی نەغــەدە نــەیان دەویست مــل بــۆ دەســەڵاتی کوردەکــان رابکێشــن، هەمیشە لەسەر حاکمیەت لەشاری نەغەدە لەنێوان کورد و قەرەپەپاخ کێشە بــوو، پاشا خانی ئاختەولە و مەمەد تەقیخانی حەسەنلیان عەجەمەکانی نەغەدەیان هان دەدا و دەیانویســت قولیخــان بکەنــە حــاکمی ســندوس، کۆمیتــەی نەغــەدە لەکۆبوونەوەیــەك دا بڕیــاری دا کــەمن بچــمە شــاری شــنۆ و رووســەکان لەمەترســی پەلاماری قەرەپەپاغەکان بۆ سەر کوردان ئاگادار بکەم، ئەو دەم هێندێ ســاڵات و چەند ئەفسەری رووس لەشنۆ دەبوون، سوار بووم چوومە شنۆ، بەهەڵکەوت شــێخ ســمایلی شــنۆ ئــەم شــەوە میوانداریــەکی گــەورەی بــۆ رووســەکان و ئاغــا و پیــاو ماقوڵــەکانی شــنۆ ســازکرد بــوو، ئەفســەری سیاســی ئــۆردووی ســوور لەشــنۆ و ئازربایجانێ بوو، بەدرێژی قسەم لەگــەڵ کــرد، لــەوەڵامی قســەکانی مــن دا گــوتی: ئێوە دەبێ خۆتان چەکدار کەن، دژی دەرەبەگەکان یــەك بگــرن، نــەهێڵن ئاغاکــان سەر بەرز کەنەوە، ئەوان خزمەتی تاران دەکەن، بچووە، یەك بگرن و خۆ چــەکدار کــەن، لــەو ســەفەرەدا لەگــەڵ شــێخ مــارفی کــوڕی شــێخ سمایــل بوومــە ئاشــنا و دۆستێکی نێزیك کەپاشان باسی ئەو دێتە گۆڕێ.

لەگەڕانــەوەدا چــوومە حەســەن نــوران مااڵــە هــەمزەی ســوارە، هــەمزەی ســوارە ئاغایەکی بەزیبك و ئازا و زاڵمی مامەشان بوو، هەر لەو کاتەش دا خــۆی بــەکوردی وڵات پارێز دەزانی، بەڵام دێهاتی چوغری ورمێشی هەموو تــاڵان کردبــوون، لەگــەڵ قەرەپــەپئاغان نێــوانی نــەبوو، حیســابیان لەســەر دەکــرد، عەجــەمان دەیــانگوت هەمزە ئاغانن ئاتتیسی گیلسەدا هیچ واتە (ســوارە هــەمزئاغان بــین کــار تــەواوە). هەمزە ئاغا گوتی: بەهەموو تواناوە بۆ پارێزگــاری کوردەکــانی نەغــەدە ئامــادەم، هەرکاتێك نامەی رەسمیم بۆ بنوسن بەخۆم و لەشکرەوە دەگەمێ (دیارە بۆ تــاڵان دەهات)، کەهاتمەوە نەغەدە کۆمیتــەی نەغــەدە بڕیــاری دا کــە (حەمــەد)ی کــوڕی هەمزە سوارە بێنیتە نەغەدە و بیکا بەحاکم، هەرچەند من ئەندامی کۆمیتە نەبووم

بەڵام ناڕەزایی خۆم لەو بڕیارە راگەیاند و لەنێو لاوەکان دا بڵاوم دەکردەوە کەکۆمیتەی نەغەدە ئاغایان بەسەر خەڵك دا زاڵ دەکا، من لەسەر قسەی رووسەکان کەیەك دوو جار لەرێگا و لەورمێ و لەشنۆیە لەگەڵیان دوا بووم لەنێو لاوانی گوندی و نەغەدە دژی راو و روتی دەرەبەگەکان قسەم دەکرد.

بەڵای لابەلا

گوتمان شێخی جەلالی دەربەند گورناوێ لەغوڵام رەزاخان بەئیجارە گرتبوو، پایزێ سەیدێکی پیری کوێری قوردەماخی ناردبووە گوڕناوێ و کردبوویە کوێخا، سەید حەمەد دەیگوت لەئی ماڵە شێخ کەماڵیم و بەو بۆنەوە خۆی بەشێخ و بەئاغا و بەکوێخا دەزانی، دوو سێ سۆفی کەریشی لەخۆ کۆکردبوونەوە، رۆژێك لەمزگەوت سەید گوتی: ئەوی ماڵە جوتبەندەیە دەبێ بۆ ئاوردووی زستان دوو بارە گوێنیم بۆ بێنێ.

من گوتم: چەند ساڵە بێگارمان نەکردووە و ئێستاش بێگار ناکەم.

– ئەگەر بێگار نەکەی دەبێ خانووم بۆ چۆڵ کەی و بڕۆی.

– لەبەر سەیدایەتی رێزت لێ دەگرم دەنا بەپیاوت نازانم و جوابیشت نادەمەوە.

هەستام وەدەرکەوتم و نامەیەکم بۆ غوڵام رەزاخان نووسی، غوڵام رەزاخان بۆ شێخ جەلالی نووسیبوو کەسەید لەگوڕناوێ لابەرێ، سەید لێم بەقین دا چووبوو دەستی کردبوو بەشەیتانی و فیتنە بەتایبەت ماڵە مێرد و مام و خزمی ئەو ژنەی لێ تێژ کردبووم کەلەقەرەقشلاخ میوانی بووم.

هەوەڵ مانگی زستانێ بوو شێخ جەلال نامەی بۆ نووسیم کەبچمە ورمێ، ئێوارەیەك لەنەغەدە دەهاتمەوە، پێش ئەوەی بچمەوە ماڵی خۆمان لەمزگەوت لام دا، خەڵکێکی زۆر لەمزگەوت دانیشتبوون و سەیدیش لەوێ بوو، سڵاوم کرد و پێڵاوم دەرنەهێنان لەسەر کورسیەکی پێش کوڕە دانیشتم، باسی کۆمەڵە و تێکۆشان و کورد و عەجەمی نەغەدەم بۆ خەڵك دەگێڕاوە، برادەرێکم گوتی: با سبەی بچینە میرئاوێ کارێکم هەیە، پێم خۆشە تۆ لەگەڵم بێی.

– ناتوانم چونکە شێخ جەلال نامەی بۆ نوسیوم و دەبێ بچمە ورمێ، خۆم حازر دەکەم، سەید هەڵێدایە و گوتی: من نازانم لێرە چکارەم، شێخ جەلال بۆ نامە بۆ من نانوسێ؟ هەموو خەتای تۆیە دەتەوێ بەدەرکردنم بدەی.

– کارم بەتۆ نییە و تۆش کارت بەمن نەدابێ، کەوام گوت سەید راست بۆوە و بەخزمەکانی ژنەکەی گوت: کەڵەگاییتان لێ دەکا بۆ راست نابنەوە، ئیتر بەجارێك پێنج شەش کەس راست بوونەوە، لەگەڵ هەستانی ئەوان ئەز رابووم و دەستم هاویشتە سەر چەخماخی تفەنگ و کشامەوە گوتم وەك سەگ دەوتۆپێنم، دوو برای قادر خەجێ کەزۆر برادەر و یەك ماڵ بووین لەپشتەوە ڕا لوولەی تفەنگیان گرت و پاشەوشکێنیان کردم و تفەنگیان لەدەست دەرهێنام، دوو مامی فاتمێ ئامبازم بوون، هەڵم کێشا خەنجەر و داموەشاندە یەکیان هاواری لێ بڵند بوو لەسەر پشتێنەی بەحاستەم گەیشتبووە سەر پەراسووی، خەنجەرێکی دیکەم داوەشاندە ئەوی دیکەیان دەستی وەبەرهێنا چوار قامکم هەڵبرین، خوێن بەسەر بەرماڵی مزگەوتێ دا رژا و بوو بەهەرا، غارم دا سەید نەیانهێشت و لەمزگەوتیان وەدەرنام، لەنێو گوند بوو بەهەرا، لەبن دیوارێکی نەدیو راوەستاو نەوەکو پەلاماری مااڵمان بدەن، خەڵك کۆبوونەوە و بابم هاتە دەر و تێکڕا چوونەوە مزگەوت، لەم نێوەدا گوێم لێ بوو فاتم دەیگوت: ئەو هەتیوە لوسکەی مەلا دوو کەلاکی لێ خستووین.

شەو پەڕیمەوە گوڕناوێ قازی ماڵە سۆفی عەلی، ئەویش کۆێخای غوڵام رەزاخان بوو، کوڕی سۆفی عەلیم نارد ئەسپ و تفەنگ و پاڵتۆ و لیباسی گەرمی بۆ هێنام و سوزی لێی سواربووم و بەرەو ورمێ کەوتمەڕێ.

لەزینوێ شیروانشالیان گەیشتمە کاك (هەمزەی نەلوسی) بۆ قەرەتیغای هەشت سواری لەگەڵ بوون دەچووە ورمێ، هاوڕێی باش بوون و دەیاننناسیم هەتا گەیشتینە ورمێ پێکەوە بووین، کاك هەمزە لەڕێگا باسی شەڕی یەکەمی دەگێڕاوە کەلەگەڵ ڕووسان بەشەڕ هاتوون، برایەکیان بریندار بووە هەمزەی سوارەی هاویشتوویەتە سەرشان و بەجێی نەهێشتووە، هەم شەڕی کردووە و هەم هێناویە.

شێخ جەلال نێزیکەی دوو مانگ لەورمێ رایگرتم، دەچوینە مالّی غولّام رەزا خان و خەڵکی تر هاتووچۆیان دەکرد و لەزۆر بارەوە چاوم دەکراوە و بیرم فراوانتر دەبوو ئەو دەم تەنیا غولّام رەزاخان رادیۆی هەبوو گوێی دەدایە و باسی شەڕی ستالین گرادی بۆ دەگێڕاینەوە.

مانگی رەشەمە بوو لەورمێ گەڕامەوە، تا من هاتبومەوە بابم لەگەڵ مالّە کابرای مەسلّەتی کردبوو ٦٠ تمەن خوێنی قامکەکانی دابوو، پاش چەند رۆژ لەگەڵ کەیخودا و ریش سپی ئاوایی چوومە مالّە کابرا و ئاشت بووینەوە.

کارەساتی پشت شکێن

بەهاری سالّی ١٣٢٣ بەڵایەکی گەورەم بەسەر شان دا هات، ژیانم لێ تێك چوو کاکم کەتاقە پشت و پەنا و داشدارم بوو هەر ئەو بوو کەدەرەتانی سەفەر و سەربەستی ژیانێکی پاك و خاوێنی بۆ پێك هێنابووم و نەیدەهێشت کار بکەم و ماندوو و هیلاك بم کۆچی دوایی کرد و ژیانی لێ تێك دام، دایك و بابم زەبرێکی قورسی گیانیان لێ درا، خەفەت و کەسەری دایك و بابم هەر ئەوە نەبوو کەرۆڵەیەکی جوان و چاك و کاسب و خۆشەویستیان لەکیس چووە بەڵکو ئەوەش ببوە سەربار کەمن نازم لێ شێواوە و بەتەنیا ماومەوە، زەبرێکی قورسم وێ کەوت، بەجارێك روحیەم تێك شکا، وەك گێژانم لێ هاتبوو دەستم بۆ هیچ نەدەچوو، ناهەق نەبووم، برایەکم لەکیس چووبوو کەقەت جارێك لەجاران دەستی وەبەر دەستی نەهێنا بووم، نەیدەهێشت ماندووبم کار بکەم، دەیویست کۆك و پۆشتە و پاك و خاوێن بسوڕێمەوە، من برایەکی ئاوام لەدەست چووبوو.

دوای مانگێك مەلا حەمەدەمینی بورهانی و فەقێ ئەحمەدی نەغەدە و مەلا مەعصوم و مەلا سەید نەجمەدین و چەند دۆست و برادەری دیکە هاتن و لەگەڵ خۆیان بردم بۆ دەربەند و شنۆ و حەوتوێك گێڕایانم، زۆریان دڵخۆشی دامەوە و ئامۆژگاریان کردم کەتازیە و دامان بۆ تۆ نابێ، مالّێکت بەئەستۆ بووە و ئەشێ وەخۆ کەوی.

جەنگەی کار و کاسبی لادێ بوو، کاردار وەگیر نەدەکەوت، ئامۆزا گەورەکەم لەپێشتر رۆیشتبوو بەجێی هێشتبووین، کاتی ئاوداشتن و شیوەرد بڕین و جێ توتن خۆش کردن بوو، دەبوایە خۆم لەکار هەڵکەم، بەشەو دەچوومە جووتی و تا چێشتەنگاو جوتم لێ دەخوڕی، بەرۆژ دەچوومە ئاو داشتن، تێکۆشانی سیاسیم وەلا نابوو، دۆست و برادەری نەغەدە حەوتووی جارێك دەهاتن سەریان دەدام، جاروبار سوار دەبووم شانەکانی رێکخراوم بەسەر دەکردەوە، مالّی خۆش و ئاوەدان و بەزەوقی ئێمە تەمی خەم و خەفەتی بەسەردا باری بوو، تاقە دڵخۆشیم هاتنی دۆست و هاوڕێیان بوو.

لەلایەکی تر لەو ساڵەدا دەغڵ و دانەکەمان گرتبووی و دەغڵەکانی ئێمە لەگوڕناوێ تاق بوون، ئەوساڵە دەغڵ گران بوو بەتایبەت لەئازربایجان قاتی بوو، عەجەم بۆ سوالّ کردن رووبان کردبووە کوردستان و برسی بوون، رۆژێك لەجووتی دەچوومەوە تووشی کوڕە جحێڵێکی جوان چاکی عەجەم بووم رێگای داگرتبوو لەبرسان لاکەی دەهات، لێم پرسی: لەچی دەگەڕێی؟ خەڵکی کوێی؟ ناوت چییە؟

– ناوم غوڵامە، خەڵکی شوشەوانم لەکارداری دەگەڕێم، لەتەورێز لەماڵە ئەربابێك خزمەتم کردووە، دەربان کردووم، دەمەوێ کارداری بکەم.

– چی دەزانی؟ جووت کردن مەڵەغان کێشان ئاوداشتن چ کارێك دەزانی؟

– هیچ نازانم بەڵام فێر دەبم.

لەگەڵ خۆم بردەوە مالّ و نان و چام دایە و گوتم لەلای من کاربکە، بەو شەرتە چیت پێ دەکەین بیکەی، گوتی قوربانیشت دەبم، دەی ساڵی چەندت دەمێ؟ نازانم قەرارم لەگەڵ کرد تا زستان چل تمەن پوڵ و لیباسی بدەمێ، لەگەڵ خۆم دەبردە جوتی و پاش چەند رۆژ فێر بوو ئەم جارە بەتەنیا دەچوو، زەلامێکی باڵا بەرز هاتبۆوە سەر خۆ فێری کاری مالّ و مەزرا ببوو خۆشم دەویست، کاتی وێنجە درون هات و غوڵام بوو بەمەڵەغان کیشێکی گەورە و تا رادەیەکی زۆر حەساندبوومیەوە.

رۆژێك نیوەڕۆ لەهەیوان نانمان دەخوارد عەجەمێك هاتە ژوور سوالّی دەکرد، بەتورکی گوتی لەرێی خوادا شتێکم دەنێ برسیمە، غولّام کەسەری هەلّێنا تێکچوو، هەستا چووە ژوورێ، بابم گوتی بزانە غولّام بۆ وای لێ هات؟ کەچوومە ژوور دەگریا.

– غولّام ئەوە چییە بۆ دەگری؟

– ئەوە بابمە سوالّ دەکا، لەپار پایزێوە ئاگامان لەیەکتر نییە، نەم دەزانی چیان لێ هاتووە، ئێستا ئەوە دەیبینم.

گوتم وەرە هیچ نییە، بەخێراتنی بکە، من یارمەتی دەدەم، غولّامم هێناوە دەرێ، شانۆیەکی دلّ تەزێن، هەردووك دەستیان کرد بەگریان، دایك و بابیشم لەگەلّ ئەوان دەستیان کرد بەگریان، عەجەممان دانا، نانی باشمان دایە، گوتی: منداڵەکانم لەنەغەدەن، دایکم لەهەموو شت توربەی بۆ پڕ کرد، کابرا رۆیشت و دوای چەند رۆژ غولّام گوتی ئیجازە بدە بچم سەرێکی دایکم بدەم، دایکم زۆر شتی دایە و چووە نەغەدە، رۆژێکی تر بەعارەبە وێنجەمان بردبووە نەغەدە غولّام گوتی: با بەکن دایکم دا بچینەوە، کەچووین لەکۆنە کاولێك دا چەند تەلیسیان کرد بوو بەسێبەر لەبنی دا کۆببونەوە، ژنێکی جوان بالّابەرز کولّمە سوور لەگەلّ سێ کیژی منالّ و یەکی پێ گەیشتوو لەبن ئەم تەلیسانەدا دەژیان، زۆر تێکچووم، کزەم لەجەرگی هات، ئەوەندەی تر هەستم بەچەپەلّی نیزام کرد، هاتینەوە پاش چەند رۆژ غولّام بەدایکمی گوتبوو با میرزا کەریم خوشکەکەم بێنی حەیفە لەبرسان دەمری، بەلّام لەوە خەراپتر، رۆژێك لەنەغەدە تووشی بابی غولّام بووم سوالّی دەکرد، سلّاوی کرد و گوتی: ئاغا بیر ئەرزم وار، واتە قسەیەکم هەیە، لام وابوو شتێکی دەوێ.

– فەرموو مامە بلّێ بزانم چیت دەوێ؟

– تۆ ژنت نییە، مالّی من هی خۆتە، فەرموو با بچینەوە، دایکی غولّام باش دەتوانێ خزمەتت بکا، ئێستا جێگاشی هەیە.

پێنج قڕانم دایە و ڕۆیشتم، جارێکی دیکەش بیرم لەچارەنووسی ئەم هەژارانە کردەوە کەناچارن لەبرسان پیاو بەرنەوە مالّی خۆیان.

ڕۆژێك لەنەغەدە دەگەڕامەوە تووشی کوڕە جحێلّێکی جوان و چاك و ڕەنگ پیاو بووم ڕێگای داگرتبوو بەرەو شنۆ دەڕۆیشت، ماندوونەبوونیم لێ کرد و پرسیم: خەڵکی کوێی؟

– خەڵکی گوڕناوێم.

– گوڕناوێ مەلای هەیە؟

– نەخێر مەلای نییە.

– مەلای راناگرن؟

– ئەگەر مەلای چاك بێ بۆچی؟ ناکا جەنابت مەلا بی؟

– من ئامۆزای شێخ حەسەنی غەوسابادم، لەم شێخانەی قولەرین، باوکم نەماوە، برایەکم لای شێخ حەسەنە و برایەکم لەگەڵ خۆمە، دایکم و دوو خوشکم هەن، ئەگەر بگونجێ لەگوندێك پێش نوێژی بۆ خەڵك دەکەم و بانگ و سەلاّ دەڵێم و ئەرکم زۆر هاسانە، خانوویەکم دەوێ هیچی تر.

– جارێ با لەم گوندە بچین نان و چایەك بخۆین و بحەسێوە پاشان قسەی لێ دەکەین، لەمالّی ئێمە لامان دا و تەماشام کرد کوڕێکی قسە خۆش تێگەیشتوو و خوێندەوار، خۆم لێ خۆش کرد بیکەم بەکۆمەڵە.

گوتم: ئێرە مەلای نییە، بابم پێش نوێژیان بۆ دەکا، پێشتر بەراتیان دەدایە، ئێستا دوو ساڵە بەرات وەرناگرێ و پێش نوێژیشیان بۆ دەکا، ماڵەکەت بێنە ئێرە، خانووش هەیە، ئێمەش دراوسێیەکی باش دەبین.

– کوڕە لەخولاّم دەوێ، ئەگەر ئەوە بکەی قەت لەبیرم ناچی، تۆ بڵێی خەڵك رازی بن.

– ئێوارە خەڵك کۆدەکەمەوە و قسەیان لەگەڵ دەکەم و رازیش دەبن، بانگی کەیخوداکانم کرد و ناردمان ماڵە سەید برایممان بارکرد و هێنامان، دوو برابوون زۆر فەقیر و هیچیان نەبوو، شیعری باشیان دەزانی و دەنگیان خۆش بوو دەفەیان

باش لێ دەدا دایکێکی فرە بەڕێز و ئینسان و باشیان هەبوو، دوو خوشکیان هەبوون یەکیان بێوەژن بوو مێردی مردبوو هەتا بڵێی جوان و شۆخ و رەنگ ژن و بەحورمەت، بەناوی (شوشە) ئەوی دیکەشیان منداڵ بوو بەڵام زۆر جوان بەدبەختیان ئەوەبوو ئیدعای شێخایەتیان دەکرد، نوشتەیان دەنووسی، دەچوونە سەر نەخۆشان و ئەم کارە حیزانە، کاریان نەدەکرد، ئەو ساڵە فەعلەیی زۆر گران بوو، هیچیان نەبوو بەڵام نەدەچوونە کار، بەشی زۆر هەر لەماڵی ئێمە بوون و لەهەموو شت چاودێریمان دەکردن.

کوڕی قسە خۆش و رەحەت سووک پیاو لێیان بێزار نەدەبوو، دەرۆیشی فێربببوون و هەرچی هەیان با خۆیان و لەگەڵ میوان دەیانخوارد، خوشکیان زۆرجار لای دایکم باسی دەکردن کەتەمبەڵن کار ناکەن.

دەغڵەکانم گەیشتنێ و کاتی دروێنە بوو یەکجار زۆر بوون و منیش بەتەنیا، غوڵام فێری مەڵەغان ببوو، بەناوی یارمەتی و تەنیایی سەید برایمم هاندا کەبێ یارمەتیم بدا، وام نەکرد کەهەست بکا کەبەهەق کار دەکا، بەڵام زیاتر لەفەعلە بوون حیلب دەکرد و یارمەتیم دەدا.

ئەحمەدی حاجی قادری هەریری

بێجگە لەسەید برایم کەیارمەتی دەدام دیسان پێویستیم بەکاردار و فەعلە هەبوو، لەنەغەدە بەبرادەرانم ئەسپارد بوو کەفەعلەم بۆ پەیدا کەن، رۆژێك چوومە نەغەدە حەمەدەمینی هیجری گوتی: چاك بوو هاتی، ئەحمەدی کوڕی حاجی قادرم بۆ گرتووی و ئەوڕۆ بۆم دەهێنای، حاجی قادری هەریری گەورەترین دەوڵەندی کوردی نەغەدە بوو، ئەو کوڕەی دەرکردبوو دەسوڕاوە، ئەحمەدمان دیتەوە و قەرارم لەگەڵ کرد رۆژی بەچوار تمەن بێ درەغ بکا، پێشەکی ٥٠ تمەنی لێ وەرگرتم و رەگەڵم کەوت.

ئەحمەد دە رۆژ کاری کرد و رۆژێك کەهەستاین بۆ سەر کار بچین نەمابوو، ماوەیەك پێ چوو رۆژێك لەنەغەدە لەگەڵ چەند برادەران دەخولامەوە تووشی

ئەحمەد بووم، گوتم: ئەحمەد تۆ دە تمەنت لەکنە، یا وەرە کارم بۆ بکە، یا پولّەکەم بدەوە، هەروەك سەگی درِ بەگژم داهات، کرمانج، فەعلەیشمان پێ دەکا و لەنێو بازارِ ئابڕوشمان دەبا، داوای شەرەف دەکەم، گوتم: هەتیو ئەگەر شەرەفت هەبایە کارەکەت تەواو دەکرد و خۆت نەدەشاردەوە، ئێستا تاوانباریشم دەکەی؟

– دەست هەڵناگرم شەرەفی منت شکاندووە، لەبازارِ بڕوام پێ ناکەن.

ئیتر ئاگرم گرت، لێی گەڕامەوە تا هێزم تێدابوو زللەیەکم لێدا، ئەوە لەجیاتی پێنج تمەن، پاشان حیسابت لەگەڵ دەکەم.

ئەحمەد وەدوام کەوتبوو دەیگوت لەجیاتی ئەم زللەیە دەبێ پێنج تمەنم بدەیەی، کوڕەکان گاڵتەیان پێ دەکرد و دەیانگوت هەقتە دەبێ پێنج تمەنت بداتێ، ناچار چوومە دوکانی حاجی قادر و گوتم حاجی تۆ ئەو کوڕەت بۆ شڵتاخ بەرەڵا کردووە، عەیب ناکەن، میرزا عەولّای کوڕی هات دوو سێ شەقی لێدا و دە تمەنەی من تێداچوو.

شێخ مارفی کوڕی شێخ سمایلی شنۆیە

بەهۆی سەفەری شنۆ و چەند جار یەکتر دیتن لەگەڵ شێخ مارف ببووینە ئاشنا، رۆژێك تەماشام کرد لەجەنگی گەرمای هاوین دا سوارێك لەدەرکێ دابەزی، کەدەرکەوتم شێخ مارف بوو، ولّاخم لێ وەرگرت و بەخێرهاتنێکی گەرم و میوانداری و گەلێك باسی تێکۆشانی سیاسیمان کرد و پاشان گوتی: من گیر نابم، کارێکم هەبوو لام دا، لام وایە بۆ برای خۆت درێخی ناکەی.

– فەرموو، لەدەستم بێ بەچاوان.

– ماڵە ئەو سەیدەی لێرەن خوشکێکیان هەیە، ئەوە ژنی سەید کەریمی دنخە بووە، پێم خۆشە بزانم مێردم پێ دەکا؟

– جا بنێرە سەری، بێوەژنە و ئازادە، برایەکانی کوڕی باشن و لام وایە خزمایەتی جەنابتیان پێ خۆش دەبێ.

– نا ئەوانە بۆ خزم نابن، پولّیان بدەیەی هەموو شت دەکەن، من ژنەکەم پێویستە کەریم حاڵی دەبی؟ پێم خۆشە بیدوێنی، چەند رۆژی تر پیاو دەنێرم وەڵامم بۆ بنووسەوە.

بەڵێم تەحویل دا و دەشێخ مارف گەیشتم، لەگەڵ شێخەکانی غەوسابات نێوانیان نەبوو، دەیویست بەسەید زادە شوشە فێربێ و بیکاتە قۆمرغانە، کاریشی هەر ئەوەبوو.

رۆژێك (شوشە) بەتەنیا هاتە ماڵی ئێمە، گوتم: دەزانی شێخ مارف لێرە بوو لەئێوەشی دەپرسی؟

– ئەو کونیە لەچی دەگەڕا؟

چۆن شتی وا دەڵێی؟ ئەو منی راسپارد پێت بڵێم شووی پێ بکەی.

چاوێکی بەمانای لێ کردم، گوتی: وام لەتۆ رانەدەدی، پێم وابوو بۆ خۆتم پێ دەڵێی، هەزار کەرەت لەو پیاوتری، تۆ ئەو خوێرپیە ناناسی، هەر لەسوك کردن دەگەڕێ، نازانم بۆچی تۆ بەمن رازی نی؟

وەڵامەکەی تاوێك ماتی کردم گوتم: راستی ئەوەیە تۆ ژنێکی بازنە لەقۆڵ و دەست و پێ سپی و کارت نەکردووە، منیش وەرزێرێك شەو و رۆژ کار دەکەم، ژنی من دەبێ نیوە شەو هەستێ هەوێر بکا و تەندور ئاوران سازبکا و نانی بکا و بچێتە مەزرایە.

گوتی: بازنەکانم لەسەر بەرد ورد و خاش دەکەم، دەبمە قەرەواشی دایك و بابت، لەو رۆژەوە لەگەڵ سەید زادە شوشە ئاخافتن و هەستان و دانیشتنمان جۆرێکی دیکە بوو، بەڵام قەت لەخۆشەویستیەکی پاك و بەئابڕوانە تێ نەپەڕی.

سەرەڕای کشتوکاڵ و کاسبی خۆم ئەو ساڵە لەگوندی (ئاڵی ملّك) رەزێکیشم بەئیجارە گرتبوو کابرایەکی فەقێرم لەسەر دانابوو بیفرۆشێ، جاروبار ئێواران دەچوومە ئاڵی ملّك و لەمێشە و دارستانەکە راوە کۆترم دەکرد، رۆژێك کابرای لەسەر باخم دانابوو لەگەڵ عەجەمێکی جیرانی بەشەڕهات و عەجەم سەری شکا، کەخوێنی بینی هاواری کرد و لەباخەکانی دەوروبەر و لەگوندی ڕادە پازدە کەس

بەچوماخەوە رووبان کردە کەپرەکەی ئێمە، لەسندوس خانووی دوو تەبەقە لەسەر باخ دروست دەکەن و پێی دەڵێن (کۆڵەباخ)، دیتم لەخوارێ بێن دەرەقەتیان نایەین، چووینە سەر کۆڵە و پەیژەمان هەڵکێشا و ڵێ گەڕاین تا وەنێزیک کەوتن، لەپڕ دەنگم دان و تاپڕێکم دەپاڵ کردن، بۆ بەیاحوسین و هەریەکە بەلایەکدا تێی تەقاند، خولاً وەتحەسێنێ هەتا پایز ترێ خەلاس بوو جیرانەتیمان زۆر خۆش بوو.

باپیر ئاغای سۆفیانێ

ئەو ساڵە غولاّم رەزاخان گوندەکەی بەباپیر ئاغای قادری کوڕی مام وسێنی سۆفیانێ ئەسپارد بوو یا بەئیجارەی دابوو، لەجەنگەی گێرە و جەنجەر و خەرمان کۆکردنەوەدا رۆژێك باپیر ئاغا هاتە گوڕناوێ، رەعیەتەکانی کۆکردنەوە و گوتی: هەرچی جوبتەندەیە دەبی لەشنۆیە را عارەبە دارێکم بۆ بەرێتەوە سۆفیانێ، خەڵکەکە هیچی نەگوت و نەشیان دەتوانی هیچ بڵێن، سیستەمی دەرەبەگایەتی و رەعیەت بێ سەر و زمان بوو، گوتم: باپیر ئاغا هەموو دەزانن من لێرە لەبێگار تەرخان بووم، لام وایە تۆش بێگار بەمە ناکەی.

باپیر ئاغا گوتی: من شوانی شیرینم شوانی بەرەکەت نیم، بێگاری نەکەی دەبێ برۆی، سبەی خەڵکیان دەنگ دا بچن لەشنۆیە ڕا دار بەرنەوە لاجان، من گوتم ناچم و دەڕۆم، غولاّم رەزاخان هاوین هاتبووە چیانە، چوومە لای پێم گوت باپیر ئاغا جوابی کردووم.

گوتی: وەرە گوڕناوێ قازی، لەوێ خانوو هەیە.

هەرچەند دراوسێ و دۆست و برادەر گوتیان وەختی ماڵ بارکردن نییە و ماڵ وێران دەبی گوتم بێگار ناکەم و ناچمە ژێربار، ماڵەکەم گوێزتەوە بۆ گوڕناوێ قازی، خەرمانەکانی گوڕناوێ ئەو ساڵە لەسەر جۆگەی چیانە و لەگەڵ گوڕناوێ قازی ئەوبەرەوبەر بوون.

خەرمان و دەغڵ و دانمان کۆکردەوە و دەبوایە جێگایەک بدۆزینەوە ماڵەکەمانی بەرینێ، بابم سوار بوو وەدوای جێگا کەوت، لەشەریفەددین لەلای (حامید ئاغای) قەرەپەپاغ جێگای دیتبووە، دەغڵ و دانمان کۆکردەوە و بارمان کرد چووینە شەریفەددین. چەڵتوکمان مابوو من بۆ دروێنەی چەڵتوک و گێرە و کۆکردنەوەی پتر لەگوڕناوێ دەبووم و لەماڵی سەید برایم دەبووم کەوەک ماڵی خۆم وابوو، رۆژ بەرۆژ لەگەڵ (شوشە) پەیوەندیمان قایمتر دەبوو، غوڵام رەزاخان کەزانی بارم کردووە لەدوای ناردم و گوتی تۆ دەبێ بێیەوە لای خۆم، ئەوسااڵ کا و وێنجە و تفاق هەرچی هەتە بیبە. ئەوە یارمەتییەکی باش بوو هەر لەوکاتەش دا دژی باپیر ئاغا بوو، لەکۆمیتەی نەغەدە دەرکردن و زەرەر و زیانی خۆم باس کرد، بەڵام نە دەستەڵاتی نواند و نە کۆمەڵە سیاسەتی ئەوە بوو کەدژی دەرەبەگان لەسەر زەحمەتکێشان وەدەنگ بێ.

شەریفەددین گوندێك بوو لەنێزیك رادانە، گوندێکی قشلاخ و خاوەن ئاو و لەوەر بۆ جووت و گا نەدەبوو، شەش حەوت ماڵی لێ بوون تەنیا گامێش و مانگایان دەلەوەڕاند و کاسبی دیکەی نەبوون، یەك دوو پەڵە زەویان بەئێمە نیشان دابوو پایزی چاندمان و ئیتر بێکار مامەوە، تەنیا چاکەی شەریفەددین ئەوەبوو مەلا رەسووی عەباسی برای مەلا عەولای زەلیلان کەلەدەست مامەشان (حاجی عەولای قەڵاتان) رای کردبوو ماڵی هاتبووە ئەم گوندە و جیرانێکی باش و هاودەنگێکی باشی بابم بوو. خاسیەتێکی دیکەی ئەوەبوو (کاك ئەحمەدی برای شێخ حەسەنی غەوسائاباد) ماڵی لەوێ بوو دوژمنی هەبوون، خۆی دەڕۆی بۆ نێو دەرۆێشان و من ناچار وەك دراوسێ دەبوایە هاتووچۆیان بکەم و هێندێ حاجەتی ماڵیان بۆ پێك بێنم.

بەڵام حامید ئاغا، بەعومری خۆی قسەی راستی بەسەر زمان دا نەدەهات، کابرایەکی زەلام درۆزن ترسەنۆك (دەیانگوت لەو دو خانیەی سابڵاخ مەنگوڕ بەکێشە دێن و لێك هەڵدەکێشنە دەمانچان، حامید ئاغا لەوێ دەبێ هەڵدێ و

بەسەر تا توتنان دا دەکەوێ، یەکی مەنگوڕ دەڵێ: دەڵێم دەدایەت نێم حامید ئاغا لەتی کەن سێ حامید ئاغای تێ دەبن).

من هەر لەساردی پایزەوە بێکار بووم، پتر دەچوومە نەغەدە و لەماڵی مەلا حەمەدەمین یا فەقێ ئەحمەد و یا حەمەدەمینی هیجری دەبووم، کۆمەڵە دەهات تەشکیلاتی ئیداری دابمەزرێنی و دەستەڵات بنوێنی، بەڵام بەڕێوەبەرانی کۆمیتەی نەغەدە ئەو کەسە نەبوون کەشایانی ئەم کارە بوون، میرزا برایمی ئیندرقاشی لەلایەن کۆمیتەی نەغەدەوە کرابوو بەبەرپرسی ئەمنیەتی شار، چایخانەی هەبوو خۆشی نەخوێندەوار بوو، چایخانەکەی مەکۆی ئەندامانی کۆمەڵە بوو، لەبەرئەوە کەدەستی دەڕۆیشت زۆربەی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵە لەماڵی ئەو دەبەستران.

من لەگەڵ هێندێ لەلاوەکان لەدێهات دەستمان کرد بەپێك هێنانی دەستەی نیزامی لاوان، کوردێکی کوردستانی ئەو دیو بەناوی (مەلا سەلام) هاتبووە ئەم دیوە و لەگوندی ئارپە ببوە مەلا، کوڕێکی قوچاخ، دڵسۆز، نیشتمان پەروەر، پۆلی نیزامی لاوانی لەگوندەکانی قەڵاتان و ئارپە و دیلانچەرخ و حەلب و کویك و هی تر پێك هێنابوو، پێوەندی ئەو کۆمیتانەی لاوان بەمنەوە بوو، کۆمیتەی نەغەدەش لەرێگای منەوە پێوەندی پێوە دەگرتن، لەسەر بەدەست گرتنی حکومەت لەشاری نەغەدە ناکۆکی لەنێوان کورد و قەرەپەپاغەکان رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبوو، ناچار دەبوایە بەهێز نیشان بدرێ، بڕیاردرا لەسابلاخەوە هێندێ چەکدار بێن، لەسەرانسەری سندوس بەخەڵکمان راگەیاند کەهەرچی سوارە و چەکی هەیە تاوهەڵ نەیە بگاتە نەغەدە، ئەو رۆژی دیاری کرابوو میرزا وسێنی فروهر بەجلی نیزامی ئەفسەریەوە لەسابلاخەوە گەیشتێ، نێزیکەی ٥٥٠ سواری کورد بەچەکەوە بەریز و نەزمێکی تایبەتی کەدوو کەس بەناوی (مرادی ئایشەخاڵە و کەریم کاشان) رێبەریان دەکردن، گەیشتنە نەغەدە و نیشان دانی هێزێکی گەورە بوو، میرزا وسێن بەدرێژی قسەی کرد و کۆبوونەوە بڵاوەی کرد، بەڵام ئیتر مەسەلەی دەستەڵات لەسندوس بەجارێك چارەسەر کرا.

لەبەهاردا کۆمیتەی نەغەدە بەبۆنەی لەدایك بوونی ستالین بڕیاری دا جێژن بگرێ و ئەفسەری رووسیش کەهاتبوونە نەغەدە بانگیان بکا، کۆمیتە بڕیاری دا کەمن وتار بدەم، هەوەڵین جار بوو لەکۆبوونەوەیەکی وا گەورەدا قسە بکەم، سۆفی سەعید و سۆفی سالّح دوو برای کوردی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بوون، مریدی شێخ عەبدولقادری نەهری بوون و هەر بەو بۆنەوە بۆ کوردایەتی سوتابوون، بەهەردووکیان وێنەیەکی گەورەی ستالینیان هەڵگرتبوو لەپێش خەڵکدا دەڕۆیشتن تا گەیشتینە دوخانیە کەمزڵی رووسەکان بوو، ئەوانیش هاتنەدەر و میتینگ دەست پێکرا و من چوومە سەر کورسی وتارێکی پێشتر ئامادەم کردبوو بەراشکاوی خوێندمەوە، وتارەکە برادەرێك بەتورکی وەری دەگێڕاوە.

زستانێ لەشەریفەددین دەغڵەکانمان دەریان هاوێشت بوو هیچیان لێ شین نەبوو، بەناچار هەر بەو دەغڵ و دانە بەڕێ دەچووین کەلەگوڕناوێ هێنا بوومان، لەبەهاردا بێکار بووم، لەبێگار و ژێر دەستەڵاتی دەرەبەگانیش بێزار ببوم و نەم دەویست بچمە گوندێك کەتووشی بێگاری ئاغا و ژێر دەستی بم، لەشەریفەددین کەس کاری پێمان نەبوو، حامید ئاغا مانگی جارێك دەهات نانێکی دەخوارد و دەڕۆیی، حاسڵی ئەم گوندە بۆ حامید ئاغا بڕێك گیا و مالیاتێك بوو لەو وڵاخانەی دەستاند کەخەڵکی رادانە لێیان دەلەوەڕاند، سەرەتای بەهار بوو وبستم لەمحال سەرێکی مالّی مامم بدەم، ئێوارە درەنگ گەیشتمە سابلاخ، وڵاخم لەکاروانسەرایەك بەستەوە و هاتمە شەقام، لەپڕ تووشی کوێخا عەولای برازای کوێخا مەرەز بووم، پاش ئەوە مەسڵەتمان کرد بوو هەوەڵ جار بوو یەکترمان دەبینی.

کوێخا کەچاوی بەمن کەوت ئامبازم بوو یەکترمان ماچ کرد و گوتی: تەڵاقم کەوێ لەتۆ دەگەڕام، وەرە با برۆین.

– بۆ کوێ راوەستە کارم هەیە.

– کار و مار نازانم، لێرە پێوە بووم و کەسم نییە، وەرە با برۆین.

چووینە مزڵی کوێخا، نانمان خوارد و هێندێ وەرەقەی دوخانیەی هێنان، گوتی: دوو مانگە لەسەر پوڵی ئەوەندە توتنە مەحتەلم، ئێستا دەڵێن پوڵ هاتوە و لەمیاندواو دەیدەن، بۆم لێك دەوە چەندە و لەگەڵم لەوەرە میاندواو پوڵەکە وەردەگرم.

– من بەسواریم و ئەسپەکەم لەکاروانسەرا قڕ دەبێ.

– ئێستا دەنێرم بیهێننە کن وڵاخەکانی ئێمە.

عیلاج نەبوو، شەو تەماشای وەرەقەکانم کرد و کۆم کردنەوە هەموو نێزیکەی دوو هەزار تمەن دەبوو، وەرەقەیەکیان لەنێو بوو تەنیا بەسیفر (٢٤٠) نوسرابوو، باش لێی ورد بوومەوە بەحەرف نەنوسرابوو، ئەم ژمارەیە لەتاقە نوختەیەك دەبوو بە (٢٤٠٠)، دوو سەد و شازدە تمەنی زیاد دەکرد، بەکوێخا عەولام گوت ئەم وەرەقە ئاوایە، با نوختەیەکی بۆ دانێم و (٢١٦) تمەن زیاد دەکا، کەس بەکەس نییە.

کوێخا گوتی: کاکە لێ گەڕێ، مالێ وێرانم مەکە، ئەوی دیکەشم لەکیس دەچێ، بڕێکمان قسە کرد (گوتی باشە، نوختەی بۆ دانێ، دەهات قەڵەمی بۆ بەرم دەستی دەگرتم، کاکە لێ گەڕێ مالێ وێران دەبم، بەقسەی کوێخا عەولام نەکرد و سیفرێکم لێ زیاد کرد، بەیانی چووینە میاندواو، کەگەیشتینێ حیسابدار پوڵی دەهێنا بۆ سابلاخ چەند ئاغای دیکەش چاوەڕوانیان دەکرد، کوێخا تفەنگەکەی دا بەمن و لەگەڵ ئەوان خۆی دەماشێن ئاخنی، پاش ماوەیەك سواری ماشینێکی رووسان بووم چوومەوە سابلاخ کەچووم کوێخا عەولا لەدوکانی حاجی عەولای چەلەبی دانیشتبوو.

کەچاوی بەمن کەوت هەستا و هاتە دەر گوتی: دەرم هێنا، با بچین نان بخۆین نانمان خوارد و گوتی: با بچین کەوا و پاتۆڵێکت بۆ بکڕم.

– کەوا و پاتۆڵم هەیە، پوڵە زیادیەکە بێنە بەش کەین.

– ئەوە روت کردنە، پوڵی خۆمە و دوو مانگە لەسەری مەحتەلم.

– من پولّی تۆم ناوێ، ئەوەی زیادم کردووە نیوەم دەوێ، پاش چەقەیەکی زۆر ١١٠ تەنم لەکوێخا عەولاّ ئەستاند و چووم بارگینم زین کرد و چوومە ماڵە مامم، دوای چەند رۆژ بۆ ماڵێ گەڕامەوە.

ئیجارەی باخی تری

لەشەریفەددین هیچ کار و کاسبیم نەبوو، رۆژێك حەمەدەمینی هیجری گوتی گوندی (میهماندار) باخێکی تریی باشی لێیە، با بەئیجارەی بگرین، ملکی میرزا رەحمەتی شافیعیە، رۆژێك چووین تەماشای رەزەکەمان کرد بەرێکی باشی هەبوو، برپارمان دا بچم لەمام بایەزیدی خانچی نوێنەری میرزا رەحمەت لەتازە قەلاّ بەئیجارەی بگرم، خەبەرم زانی میرزا رەحمەت هاتۆتە تازە قەلاّ، میرزا رەحمەت گوندەکانی خۆی بەرەسوڵ ئاغای کوڕی کاك حەمەدی مەمیندی ئەسپارد بوو، (ئەمە راست ئەو پرۆسەیە بوو لەکوردستان کەلەولاّتەکانی تریش لەکاتی ریشە داکوتانی سەرمایەداری دا بۆرژوازی شار بۆ پاراستنی سەروەت و سەرمایەکەی لەگەڵ دەرەبەگی گوندی خزمایەتی دەکرد و پێوەندی بەتین دەکرد، بۆ نمونە زۆر لەسابلاّخیان کچیان دەدا بەدەرەبەگەکان و یان ژنیان لێ دەخواستن.

کاتێك چوومە تازە قەلاّ میرزا رەحمەت و رەسولئاغا لەوێ بوون، میرزا رەحمەت نەی دەناسیم بەلاّم رەسولئاغا و مام بایەزید باشیان دەناسیم، دوای بەخێرهێنان مام بازید پرسی: خێرە شوکر ئەوە چۆنە رێت خەلەت کردووە؟

– بیستم ئاغا لێرەیە و هاتووم باخەکەی میهماندار بەئیجارە بگرم، خۆت دەزانی لەشەریفەددین هیچ کاسبی نییە و بێکارم، حەمەدەمینی سەوزەچی لەنەغەدە شەریکم دەبێ.

میرزا رەحمەت گوتی: بەچەند بەئیجارەی دەگری؟

– نازانم ئاغا، چەند باشە ئەوەندە، دەمانەوێ قازانجی لێ بکەین.

مام بایەزید گوتی: هەزار تمەن چاکە؟

– هەزار تمەن زۆرە، حەوت سەد تمەن باشە.

– میرزا رەحمەت گوتی: باشە بیدەنێ.

مام بایەزید گوتی ئیجارە نامە بنووسە و بنێرە سەری.

میرزا رەحمەت گوتی: ئیجارە نامەی ناوێ، بچنە سەری و بەساحێبی کەن.

چوومەوە نەغەدە و لەگەڵ حەمەدەمین چووینە میهماندار، خەڵک دەیان گوت ئەو باخە قەت هیچی لێ پەیدا نەبووە، باخەوانێکی عەجەمی لەسەربوو گوتی: باخەوانی من بدەن دەڕۆم، دەبوایە پێنج یەکێك (واتە سەد و بیست تمەن) باخەوانی بدەینێ، گوتمان دەبێ لەسەر باخی بی و چەندی لێ پەیدا بوو باخەوانی خۆت هەڵگرە، عەجەم بەئیجبار لەسەر باخ مایەوە، هاوین لەگەڵ حەمەدەمین هاتینە سەر باخ، بەڵام باخ بەرێکی گرتبوو کەس شتی وای نەدیبوو، ئەم جار ئێمە دەمانویست باخەوان بڕوا باخی بەجێ نەدەهێشت، کێژێکی و لەبار و منداڵکاری هەبوو دایکی نەمابوو لەگەڵ کوڕێکی چکۆلە هێنابوویە باخ لەوێ دەژیان، لەگەڵ کچەکەی دەستبازی و گاڵتەم دەکرد، مەشدی ترسی کەوت کەکێژەکەی فریو بدەم، رۆژێك گوتی من لێرە نابم چەندەم دەدەنێ رازیم و دەڕۆم، سەد و ٢٠ تمەنمان دایە و باخی بەجێ هێشت، هاوینی ئەو ساڵە لەسەر باخ زۆر خۆشم رابوارد، بەنەغەدە دۆست و برادەر دەهاتن و لەنێو گوندی دەسوڕامەوە، جاروبار سەرێکی مااڵێم دەداوە و دەنا لەکۆڵەی باخی رام دەبوارد، حەمەدەمین نەی دەهێشت کار بکەم، هەموو رۆژ دووبار ترێی لێ دەکردەوە و دەیبردە بازاڕ، باخەکە بەری ئەوەندە زۆر بوو ناچار بووین بیکەینە کشمیش، زۆریشمان داپۆشی بۆ زستان، بەکورتی پاش هەموو شت حەوت سەد تمەنی قازانج کرد.

ئەو ساڵە عارەبەیەکم لەعەجەمێکی فەرخوزادی کڕیبوو سێ تمەنی لەسەرم مابوو، نێوانی فەرخوزاد و میهماندار سەعاتە رێیەك پترە، هەموو رۆژێ رێگای داگرت و دەهاتە میهماندار، لەرێگا پێاڵوەکانی دادەکەند و بەپێ خواسی دەڕۆی، کەدەگەیشتە نێزیك کۆڵەی باخی الڤی لەئاوەر دەدا و کەوشەکانی دەکردە پێ و ئێمە لەسەر کۆڵە دەمان بینی، حەمەدەمین دەیگوت: مەشهەدی هات، مەشهەدی دەگەیشتی سەالم مەلێکوم، یاالڤ مەشهەدی بەخێر بێی، تۆزێك دادەنیشت.

دەمگوت: مەشدی ببەخشە ئێستا هیچ پولم بەدەستەوە نییە بۆت دەنێرم.

– قەی ناکا خوا بەزیادی کا، دەڕۆیشت، سێ مانگەی هاوین ئەوە سەیری ئێمە و مەشهەدی بوو.

ئەو سااڵە بارزانییەکان هاتبوونە کوردستان و ئێران و بەسەر گوندەکانیان دا بڕیبوون، ١٣ مااڵیان نارد بوە میهماندار، هەموو رۆژێ دەهاتنە باخ و ترێمان دەدانێ بۆ منداڵەکانیشیان بەرنەوە.

دیسان بێگاری دەرەبەگان

من لەگوڕناوێ بارم کردبوو زیانێکی زۆرم لێ کەوتبوو تەنیا لەبەرئەوە کەبێگار بۆ ئاغا نەکەم، لەشەریفەددین هەرچەند جێگای کاسبی و کشتوکاڵ نەبوو بەاڵم ئەوەندەبوو ئاغا کاری بەکەس نەبوو دەکرا پیاو بەئازادی بژی، ئەوسااڵ حامید ئاغا چوو بەشەریفەددینی دابوو بەئیجارە بەرەسووی قەاڵتان کوڕی قادری پێرۆت ئاغا.

رەسوئاغا و پێرۆت ئاغا دوو برا بوون لەقەاڵتانی کن گردە قیتی خۆیان بەدەرەبەگ دەزانی و هاتبوون شەریفەددینیان بەئیجارە گرتبوو، هەموو رۆژ سوار دەبوون دەهاتن لەوێ دادەبەزین، داهاتی شەریفەددین تەنیا ئەو پولە بوو کەبۆ لەوەراندنی مااڵت لەخەڵکی ڕادانە و فەرخوزاد دەستێنرا، قازانجێکی دیکەشیان ئەوەبوو کەبێگاریان بەرەعیەتەکان دەکرد.

لەشارۆێران و سندوس لەنێو دیبوکریان ئەو دا بەگاوە هەبوو پایزان جوتبەندەیان دەنارد لە (پایین) نێزیك شوشەوان، مااڵی عەرەبە داریك بۆ سوتەمەنی ئاغا بێنن، جاری وا هەبوو دوو کەڕەتیان پێ دەکردن، ڕێگای دوو شەو و رۆژ زۆر جار کەڵی جوتی لەڕێگا بەهیلاك دەچوو، بەاڵم هەر چۆنێ بوایە دەبوو سوتەمەنی ئاغا دابین بێ و زستان سەرمای نەبێ.

رەسوڵ ئاغای قەاڵتانیش پایز لەسەری کردین کەدەبێ بچین لە (پایین) مااڵی عارەبەیەك دارم بۆ بێنن، حەوت مااڵی جوت بەندە بووین ناچار بووم بچم ڕێگای

سێ رۆژان داری سوتاندن بۆ ئاغا بێنم، پایز درەنگ بوو، نەدەکرا بۆ هیچ کوێ بار بکەم و بڕۆم، ئەوەندە بوو بڕیارم دابوو ئیتر لەژێر دەستەڵاتی دەرەبەگ دانەنیشم.

زستانی شەریفەددین ئەوساڵە زۆر ناخۆش گوزەرا، لەمانگی بەفرانباردا بوو مەلا سەید عەلی ئاڵیاوێ و مەلا مەعصوم و مەلا بابە ویسی و چەند مەلای دیکە میوانمان بوون چەند رۆژ لەوێ بوون و پاشان بڕیارمان دا بچینە سابڵاخ، لەقاوەخانەی کوسەکەرێز زۆر مەحتەل بووین ماشێن نەهات، سەعات دەی شەو بوو لۆرییەك هات سواری کردین و نیوەشەو گەیشتینە سابڵاخ، لەمیوانخانە جێگامان وەگیر نەکەوت، گوتیان با بچینە خانەقای تەوێڵە و سۆفی ئەحمەد دەناسین، شەو گەرمە لەوێ دەخەوین، فیکری چاك بوو، چوینە خانەقا و بانگی سۆفی مان کرد جواب نەبوو، سەرما، دەلەرزین، لەپڕ مەلا مەعصوم گوتی بکشێنەوە و دەنگ مەکەن، چووە پشت دەرگا بانگی کرد: سۆفی سۆفی دەرگا بکەوە ئەو مەیتە بێنینە ژوور، حاجی.. عەمری خوای کردووە، گورج دەرگا کراوە و مەلا خۆیان دەژورێ راکرد، بڕێکیان قسە بەسۆفی گوت و شەو لەخانەقا لێی نوستین، بەیانی مەلا سەید هاشم هات و چووین لەماڵی ئەو نان و چامان خوارد.

لەدێهاتەوە بۆ شار

هەر لەزستان دا بڕیارم دا ئیتر لەگوند دانەنیشم و چی تر بێگار بۆ ئاغا نەکەم، چەند رۆژی مابوو بۆ نەورۆز چوومە نەغەدە کەخانوو پەیدا بکەم، بەهەڵکەوت تووشی کاك ئەحمەدی سەروکانی بووم، پاش چاك و خۆشی گوتم هاتووم خانویەك پەیدا کەم و ماڵەکەم بێنمە نەغەدە، کاك ئەحمەد گوتی: من لێرە خانووم هەیە، خانووی خۆتە، وەرە دانیشە و هەتا پێت خۆشە تێیدا بە، ئێستا عەجەمێکی رووتەی تێدایە وەرە بچین پێی بڵێین چۆڵی کا، کەدەچین خانویەکی گەورە خۆش حەسارێکی مەزن بەعەجەمەمان گوت تا دوو رۆژی تر چۆڵی کا، من بۆ شەریفەددین گەڕامەوە و ماڵم بارکرد و هاتمە نەغەدە، فێری ژیانی شارستانی

نەببوین دایك و بابم ماوەیەك زۆر ناڕەحەت بوون، شارستانی بێ کار و کاسبیش بەڵایەکی گەورەیە، جوت و عارەبە و یەك دوو گامێش و کەڵیچە و پاتاڵم هەبوون فرۆشتمن و تاقە گامێشێکم بۆ دۆ هێشتەوە.

پوڵێکم هاتە دەست و چومە تەوریز، لەتاجرێك شوشە و بلوریاتم کڕی و هێنام بەدەستە بەدوکاندارانم فرۆشتەوە و خێرێکی باشم کرد، کەوتمە سەر کاسبی و بابیشم لەپێشدوکانی سەرتاشێك هێندێ وردەوالّەی دانابوو هەم خۆی پێوە خەریك دەکرد و هەم پێگەیەك بوو بۆ کار و کاسبی من.

هاتنی نەغەدە تێ هەڵچوونەوەی تێکۆشانی سیاسی بەدواوە بوو، لاوەکانم لێم کۆدەبوونەوە و کۆمیتەی نەغەدە زۆرجار کاری پێ دەسپاردم، (محەمەدی قادری) کاك (حەمەدی سەروکانی) کەپاشان هەوەڵین کەس بوو لەکۆماری دیموکراتی مەهاباد میدالّی قارەمانی وەرگرت و دەرەجەی (کاپیتانی) درایە، هاتە نەغەدە، ئەو بۆ کورد نەما بوو شەو و رۆژ هەڵدەسوڕا و تەبلیغاتی دەکرد، لاوەکانی کۆدەکردەوە مەشقی پێ دەکردن، گۆڤاری نیشتمانمان بەلاوەکان دەکڕی و لەگەڵمان دەخوێندنەوە.

نەغەدە ببوە ناوەندێکی گەرمی تێکۆشان، کوردەکانی گەرمێنیش رووبان تێ کردبوو تێکەڵی و سەودا و کڕین و فرۆشتن لەنێوان برایانی گەرمێن و کوێستان ا لەباری ژیانیشەوە خەڵکی بووژاندبووە و بارێکی مەنفی ئەو بڕەو بازاڕ و هاتووچۆیە ئەوەبوو کەموفتەخۆری پەیدا کردن بوون، بەسەدان کەس بەنێوی (دەڵاڵ) بێکار دەسوڕانەوە و بەسەر حیسابی سەودا و مامەڵەی خەڵکی تر دەژیان، کۆمیتەی نەغەدە کەحاکمایەتی گرتبووە دەست ئەوەندەی عورزە نەبوو دار و لەلەیەك بۆ ئەو موفتە خۆرانە دابنێ.

رۆژێك برایەکی هەولێری لەبازاڕ شتێکی فرۆشتبوو هاتبوو لەبن دیوار پارەکەی دەبژارد، دەڵاڵێك چاوی پێکەوت کەوا کوردێکی گەرمێن پارە دەژمێری، چووە کنی و گوتی: بدە بۆت ببژێرم.

– لۆ لۆخۆم چیمە، وا خۆم ئەیبژێرم.

– ئاخر من دەڵاڵم.

– من چی بکەم تۆ دەراری.

– من دەڵاڵم دەبێ شتێکم دەیەی.

برای هەولێری هەر راست بۆوە و گوتی: یەك دەرار، دوو دەرار، سێ دەرار، لۆ لۆخۆ ناچن گەوادی بکەن، کابرا خەریك بوو کێشەی پێ بکا، چووم بڕێکم سەرکۆنە کرد و ڕۆیشت.

کۆمەڵە دەهات وەك هێزێکی نیزامیش خۆ بنەینێ، هێندێك لەکادرە بەکار و چالاکەکانی کۆمەڵە لیباسی ئەفسەری شێوە ڕووسیان دەبەر دەکرد، یەك لەو تێکۆشەرانە کاك سەعیدی قولپی بوو، چەند سوارچاکی لەخۆ کۆکردبوونەوە وەك مەعموری کۆمەڵە کاری دەکرد، هێندێ کەسیش هەر بەو ناوە کەڵکی خراپەیان وەردەگرت و ڕاووڕوتیان دەکرد.

ڕۆژێك لەسابڵاخ بەمەیدانی ئاردی دا دەڕۆیشتم کابرایەکی ڕەشتاڵەی گڕوێ شاڵێکی لەنێوقەدی هاڵاندبوو دەسحیبێکی دەنك گەورە لەشان، وەکازیك بەدەستەوە و هاتە پێش و گوتی: بەشی دەڕۆیش بدە.

چاوێکم لێ کرد ناڵەبارم هاتە بەرچاو گوتم: دەڕۆیشی چی؟ شەرم ناکەی سواڵ دەکەی؟ بڕۆ بۆخۆت کارێك بکە.

– تۆ لەم قسانە گەڕێ بەشی دەڕۆیش بدە.

– دەڕۆیشی چی؟ ساختەچی؟ هەر وام گوت هێندێ ورتکە بەرد و خیز لەوێ ڕوکرابوو مستێکی ورتکە بەرد هەڵگرت و هاویشتیە زاری و گوتی: سوکایەتی بەئەولادی پێغەمبەر دەکەی؟

ئیتر هەڵم کێشا دەمانچە و لولە دەمانچەکەم دەپشت ملی کوتا و وەپێش خۆم دا بۆ شارەوانی، سەید پیرەی ڕەحمەتی سەڕۆکی شارەوانی بوو، دەستی کرد بەپاڕانەوە، دوکاندارەکانی گەڕەك بانگیان کرد، بەقوربانت بم بەری مەدەن، بەبیانووی نوشت و دوعا ژنی گەڕەکی نەهێشتووە، وەپێش خۆم دا تووشی وسێنە زەرد و کاك سەعیدی ڕەحمەتی بووم، خۆی هاویشتە سەرچەکمەی ئەوان

و دەپاڕاوە و دەیگوت، ئەمجارە ئازادم کەن لێرە نامێنم دەڕۆم تۆبە دەکەم، بەدوو قۆڵ سوران دا ناردم بۆ شارەوانی، پاشان دەرکەوت جاسوسی ئینگلیز بووە، دابوویان بەتەواریشان و بردبوویان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان

خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤ شاری سابڵاخ بوو بەناوەندی خەباتی رزگاریخوازی کورد و لەسەرانسەری کوردستانەوە دەرەبەگ و سەرەک عەشیرەت و خاوەن ملک بۆ سابڵاخ بانگ دەکران، کۆمەڵەی ژ.ک بوو بەحیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆنگرەی حیزب لە ٣ی خەزەڵوەر بەسترا.

دامەزراندنی حیزبی دیموکرات

لەمانگی گەلاوێژی ١٣٢٤دا ئاگادارییەک بەئیمزای ٧١ کەس لەروناکبیر و پیاو ماقوڵ و مەلا و وردەبورژوازی و دەرەبەگ و سەرەک عەشیرەتەکانی کوردستان لەبارەی دامەزراندنی (حیزبی دیموکراتی کوردستان) بڵاوکرایەوە، هێندێ لەبەڕێوەبەرانی کۆمەڵە و قازی محەممەدیش ئیمزایان نەکردبوو، دەقی ئاگادارییەکە بەم جۆرەیە بەبێ دەسکاری بڵاوی دەکەمەوە.

بیسمیل لاهی رەحمانی رەحیم، ئاگاداری حیزبی دیموکراتی کوردستان/ هاونیشتمانان، برایان.

ئاگری شەڕی دووهەمی جیهانی کەلەلایەن وەژێرپێخرانی دیموکراسی وەبەدەستی دوژمنانی ئازادی دەست پێ کرابوو بەباسکی بەهێزی سەربازانی وڵاتەکانی هاوپەیمان کوژاندراوە، جیهانی دیموکراسی سەرکەوت، وەجیهانی فاشیزم کەئەیویست نەتەوەکان و گەلانی جیهان بخاتە ژێر ئەسارەتی مستێك رێگر و خوێن خۆر بەتەواوی نابووت بوو، هەرچلۆنێك کەچاوەڕوان دەکرا رێگەی ئازادی بۆ نەتەوەکان و گەلانی جیهان ئاوااڵ کراوە.

ئەمڕۆ تەواوی گەلانی جیهان ئەیانەوێ لەم ڕێگەیەی کەئاواڵە کراوەتەوە سوود وەرگرن، ئەوان ئەیانەوێ لەم وادانەی کەلەپاکتی مێژوویی ئاتلانتیکدا دراوە سوود وەربگرن، ئەوان ئەیانەوێ کار و باری خۆیان بەئارەزووی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

ئێمە کوردەکان کەلەئێران دەژین بەدرێژایی چەندین ساڵ و چەندین سەدە لەپێناوی مافی نەتەوایەتی وەهاوجێگایی خۆمان دا خەبات دەکەین وەکردومانە، وەلەم ڕێگایەدا قوربانیەکی زۆرمان داوە بەڵام حاکمە دیکتاتۆرەکانی ئێران هیچ کاتێك بۆ بیستنی پێویستەکانی ئێمە ئامادە نەبوون وەتەنانەت نەیان هێشتووە لەو مافانەش کەبەگوێرەی قانونی ئەساسی دراوە بەئەیالەت وە ولایەتەکان سوود وەربگرین، ئەوان بەهۆی گوللە و بۆمبا و تۆپ و گرتن و تەبعید و کوشتن و یەخسیر کردن وەڵامی ئێمەیان داوەتەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی دیکتاتۆری بیست ساڵەی ڕەزاخان دا ئێمە بۆ لەبەرکردنی جل و بەرگی نەتەوایەتی کوردیش ئازاد نەبووین، ئەوان بەهۆی نوکە نێزە بەهۆی ئەفسەرە دز و خائین و ڕێگرەکان تەواوی مەوجودیەتی ئێمەیان، ژیان و ناموسی ئێمەیان خستبوە ژێر پێ.

ئەوان بۆ نابوت کردنی نەسڵی ئێمە لەهیچ چەشنە کارەساتێکی دڕندانە و بێ شەرمانە نەپرینگاونەتەوە، ئاخر ئێمەش ئادەمیزادین، ئێمەش مێژوو، زمان، ڕێووشوێن و دابی تایبەتی خۆمان هەیە، وەئەمانەمان خۆش دەوێ، بۆچی ئەبێ مافی ئێمە پێشێل بکرێ؟ بۆچی ناهێڵن بەزمانی زگماکی خۆمان منداڵەکانمان پەروەردە بکەین، بۆچی ناهێڵن کوردستان ببێتە ولاتێکی خود موختار، وەلەڕێگەی ئەنجومەنی ویلایەتی کەلەقانونی ئەساسی دا دیاری کراوە کاروباری بەڕێوە ببردرێت.

هاونیشتمانەکانی خۆشەویست، پێویستە ئەمەی بزانن کەهەق نادرێت هەق دەستێندرێت، بۆ ئەمەی هەقی خۆمان دەسەلاتی نەتەوایەتی و هاوجێگەیی خۆمان وەدەست بێنین ئەبێ خەبات بکەین، بۆ ئەم خەباتەیە یەکیەتی پێویستە، بۆ ئەمەش تەشکیلات و دەستەی پێشڕەو پێویستە، دامەزراندن و دەست بەکاربوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەمەهاباد بۆ ئەم ئامانجە بەڕێزەیە،

ئێوە هاونیشتمانانی خۆشەویست، ئەبێ چاو و گوێی خۆتان ئاوالّە بکەنەوە، لەدەوری حیزبی خۆتان وەخڕ بن وەبۆ وەدەست خستنی مافی قانونی و نەتەوایەتی خۆتان فیداکاری بکەن حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرۆك و رێگە نیشاندەری ئێوەیە، بەتەنیا لەژێر ئالآی ئەم حیزبەدا نەتەوەی کورد لەخەتەری تێدا چوون نەجاتی دەبێت وەمەوجودیەت و ناموسی وەپێویستییەکانی نەتەوایەتی ئەو پارێزگاری لێ دەکرێت، بەتەنیا بەهۆی ئەم حیزبە گەلی کورد ئەتوانێت لەنێو سنوری دەوڵەتی ئێراندا خود موختاری نەتەوایەتی وەدەست بخات.

هاونیشتمانانی خۆشەویست، ئێمە جیا لەمافی قانونی و ئینسانی خۆمان شتێکی ترمان ناوێ، شوعاری ئێمە لەو بەندانەی ژێرەوەدا بەکورتی نیشان دراوە ئەم شوعارانە بخوێننەوە وەلەهەموو پیاوێکی کوردی حالّی بکەن.

ئەمانەن شوعارەکانی ئێمە

١- نەتەوەی کورد لەداخلّی ئێراندا بۆ هەلّسوڕاندنی کاروباری مەحەللی خۆی سەربەخۆ و ئازاد بێت، وەلەسنوری دەوڵەتی ئێراندا نەتەوەی کورد خود موختاری خۆی بخاتە دەست خۆی.

٢- مافی خوێندن بەزمانی زگماکی خۆی هەبێت وەتەواوی کاروباری دائیرەکان بەهۆی زمانی کوردی بەڕێوە ببردرێت.

٣- لەسەر ئەساسی قانونی ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان بەزووبی هەلّبژێردرێت بەتەواوی کاروباری کۆمەلّایەتی و دەوڵەتی رابگا وەچاودێریان بەسەردا بکات.

٤- کار بەدەستانی دەوڵەت بەبێ قسە دەبێ لەخەلّکی مەحەللی بن.

٥- ئەبێ لەسەر ئەساسی قانونێکی گشتی دا لەنێوان لادێی و خاوەن مولّکاندا پێك هاتنێك پێك بهێندرێت وەدوارۆژی هەردووك لا دابین بکرێت.

٦- حیزبی دیموکراتی کوردستان تێ ئەکۆشێت کەلەخەباتدا بەتایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان وەگەلەکانی تر کەلەئازەربایجان ئەژین (ئاسوریەکان و ئەرمەنیەکان وەهتد) یەکیەتی و برایەتییەکی تەواو پێك بهێنێت.

٧- حیزبی دیموکراتی کوردستان بەئامانجی بەرەو پێش بردنی کشتوکاڵ وەبازرگانی کوردستان وەپەرەپێدانی کاروباری فەرهەنگی و تەندروستی و باشتر کردنی ژیانی ئابوری و مەعنەوی گەلی کورد دەست ئەکات بەسوود وەرگرتن لەسامانەکانی سروشتی و کانگاکانی کوردستان وەلەم رێگەیەوە تێ ئەکۆشێت.

٨- ئێمە ئەمانەوێ بەتەواوی گەلەکانی ئێران هەلی تێکۆشینی بەئازادی بدرێت و بۆ بەختەوەری و پێش کەوتنی نیشتمانی خۆیان.

بژی کوردستان خود موختار و دیموکراتیك

ئەوانەی ئەم بەیاننامەیان ئیمزا کردبوو لەسەر یەك دەستە و تاقمە پێك هاتبوون: ٢٤ دەرەبەگ و خاوەن ملك ١٦ سەرۆك عەشیرەت ١٨ وردە بورژوازی شار ٩ روناکبیر ٤ پیاوی ئاینی.

لەم سەر و بەندەدا سابلاخ ببوە ناوەندی تێکۆشان و هاتووچۆ و کۆبوونەوەی کورد لەهەموو لایەکەوە، رۆژی دووی مانگی خەزەلوەری ١٣٢٤ هەوەلین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێك هات، پاشان لەژمارە یەکی رۆژنامەی کوردستان دا ئەم بەیاننامە بلاوکرایەوە.

دەقی بەیاننامەکە بەم جۆرەیە

حیزبی دیموکراتی کوردستان

لەدوای ئەوە لەهەوەلی مانگی خەزەلوەر (ابان)ی ١٣٢٤ حیزبی دیموکراتی کوردستان لەمهاباد داندرا و بەیان نامەی خۆی بلاوکردەوە لەرۆژی ١٣٢٤/٨/٢دا هەوەل کۆنگرەی خۆی کەتێکەڵ بوو لەسەران و نوێنەری کوردان بەترتیبی ژێروو:

١- ماکۆ و ئارارات، ئاغای عمر خانی جلالی، ئاغای شێخ حسن، ئاغای شێخ کی، ئاغای حسن ئاغای دلابی، ئاغای عبدالله ئاغای ملان، ئاغای فخری.

٢- سۆما- برادۆست- دەشت- مەرگەوەر: ئاغای عمر خانی شریفی، ئاغای طاهر خانی سمکۆ، ئاغای عباس ئاغای فن نەك، ئاغای قۆیتاس ئاغای مەمەدی، ئاغای حاجی وەتمان، ئاغای شێرو، ئاغای عبدی، ئاغای حسن تیلۆ، ئاغای تەمەر خان، ئاغای مراد، ئاغای نورکو، ئاغای زییید، ئاغای عزۆ، ئاغای حسن هنارە، جەنابی ئاغای حاجی سید عبدالله افندی.

٣- شنۆ: ئاغای مورسی خانی زەرزا، ئاغای قەرەنیاغای زەرزا، ئاغای میرزا سعید ئاغای قازی محمد، ئاغای کاك هەمزە.

٤- سندوس: ئاغای احمدی کاخضر، ئاغای قاسم ئاغای پیروتی، ئاغای محمد امین ئاغای پیروتی.

٥- لاهیجان: ئاغای عبدالله ئاغای قادری، ئاغای کاك مامند قادری، ئاغای کاك حسین محمدی، ئاغای پیروت ئاغای امیر عشایری، ئاغای محمد امین ئاغای پیروتی.

٦- پیران: ئاغای محمد امین ئاغا، ئاغای قەرەنیاغا.

٧- میاندواو: ئاغای محمد حسین خانی سیفی قاضی.

٨- بوکان: ئاغای عبدالرحمن شەرەفکندی، ئاغای رەشید عەلیزادە.

٩- منگور: ئاغای ابراهیم ئاغای ادهم، ئاغای مام حسن، ئاغای کاك سلیمان، ئاغای کاك حمزە، ئاغای مینئاغا.

ئێستا کەباسی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات هاتۆتە گۆڕێ و دامەزرێنەران و بەشدارانی هەوەلّین کۆنگرەی حیزب ناسراوە بێ جێ نابێ کەمەرامنامەی حیزبی دیموکراتیش بۆ مانەوە لێرەدا تۆمار بکەین، هەروەك لەسەرەتادا نوسیومە مەبەست لەم بیرەوەریانە نووسینی مێژوو و لێکۆلّینەوەی بەسەرهاتەکان نییە هەربۆیەش لەشی کردنەوە و لێکدانەوە و لێکۆلّینەوەی چۆنیەتی و تێکەلّی و نێوەرۆکی بەرنامە و دامەزرێنەرانی حیزبی دیموکرات خۆ دەپارێزم.

مەرامنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان

فەسڵی یەکەم

١- نێوی حیزبەکەمان حیزبی دیموکراتی کوردستانی.

٢- بناغەی حیزبەکەمان لەسەر ئەمانەی ژێرەوەدا دانراوە: حەقیقەت، عەدالەت، تەمەدون تەواوی نیزامنامە و قانونەکانی حیزب لەپاش تەسدیق کران لەکۆنگرە بەجێ دەگەیەندرێت.

٣- قەڵەم و گوڵەگەنم بەنیشانەی حیزب قبوڵ کراوە.

فەسڵی دووەم

٤- لەسەردەمی ئێستادا ئامانجی هەرە گەورەی حیزب بریتییە لەمەی کەلەنێو سنوری دەوڵەتی ئێراندا پارێزگاری لەمافەکانی گەلی کورد بکات وەبۆ پەرەپێدانی ئەم مافانە ڕێ و شوێنی خود موختاری دابمەزرێنێت، لەتەواوی ئەو ئەیالەت و ویلایەتانەی کەبەدرێژایی مێژوو کوردی لێ ئەژیت وەزەحمەتیان تێدا کێشاوە هەروەها لەمەڵبەندی کوردستان دەبێ لەسەر ئەساسی دیموکراسی دا سوودی کۆمەڵانی گەل لەبەرچاو بگیرێ ئەبێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی نەتەوایەتی و قەومیەت و مەزهەب حقوقی بەرامبەریان پێ بدرێت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شورای میللی.

٥- ئامانجی حیزب بریتییە لەپەرەپێدانی دیموکراسی وەلەسەر ئەساسی ئەمە بۆ بەختەوەری بەشەریەت تێ دەکۆشێ.

٦- حیزب لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی هیچ دوژمنایەتی و ناکۆکیەکی نییە وەبەتەنیا ئەیەوێ لەڕێگەی ئاشتییەوە بۆ دامەزراندنی پەرەپێدانی فەرهەنگ و تەندروستی وەکشتوکاڵ گەلی کورد کەلەئەنجامی دەسەلاتی بەدفەڕی ئیستعماردا وەپاش کەوتووە تێ بکۆشێ، وەبۆ ئەمەش داوای مافی خود موختاری نەتەوایەتی دەکات.

فەسڵی سێیەم

٧- تـەواوی مالّیـات و داهـات بـەگوێرەی پێداویستی وەکـو ئـەکرێت وەلەسـەر ئەساسی حیسابی بودجە تەنزیم ئەکرێت وەدابەش ئەکرێت.

٨- حکومەتی میللی لەیەکەمین هەنگاوەوە دەست ئـەکات بـەئاوەدان کردنـەوەی ولّات و پـەرەپێدانی تەشکیلاتەکانی ئابوری و سیاسی و لەبەر ئەمە نـاتوانین زیـاتر لەسەدا ٣ی مالّیاتی وەکۆکراو بەحکومەتی ناوەندی بدات.

٩- ئەبێ تەواوی مەئمورەکانی کیشوەری و سیاسـی و تەشـکیلاتەکانی کشـتوکالّ لـەکوردان بێـت، حکومـەتی نەتەوایـەتی هـەرکاتێك بەپێویسـتی بزانێـت ئـەتوانێت مشاورینی دەرەوە بانگ بکات، تەواوی کاروباری کۆمەلّایەتی و دەولّەتی و عەدلیە ئەبێ بەزمانی کوردی بنوسرێت و بەڕێوە ببردرێت.

١٠- حیزب بۆ پـەرەپێدانی کشتوکالّ تێ ئەکۆشێت ماسینی نوێی کشتوکالّ بکرێت حیـزب تـێ ئەکۆشـێت ئـەو داهاتـەی کەلادێیـەکان وەدەسـتی ئەخـەن بەباشـی بفرۆشرێ.

١١- حیزب تێ ئەکۆشێت بۆ ئاوەدانکردنەوە و خاوێن راگرتنی دێیەکان و تـەواوی ئەو کۆسپانەی کەبۆ کۆچ کردنی لادێیەکان لەدێیەکڕا بۆ دێیەکی تر هەیـە لـەنێوان لا ئەبات.

١٢- حیـزب بـەبێ لەبەرچـاوگرتنی جیـاوازی نەتەوایـەتی و قەومیـەت و مەزهـەب لەژیانی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و تەندروستی تەواوی ئەو زەحمەتکێشانەی کەلەکوردستان ئەژین پاڕێزگاری ئەکات.

١٣- بەئامانجی پەرەپێدانی عیلم و شارستانی لەنێو خەلّکی کوردستاندا خوێندنی ئیبتیدایی و نـاوەنجی ئەبێتـە ئیجبـاری و لەتـەواوی قوتابخانـەکان ئـەبێ خوێنـدن بەزمانی کوردی بێت.

١٤- بەئامانجی بەرەو ژوور بردنی رادەی خوێندەواری و ژیانی شارستانیەتی گەل گـەلێك کانگـای زانسـتی و کتێبخانـە و قەرائەتخانـە و کلـوب و تیـاترۆ و مەیـدانی وەرزشی دائەمەزرێت.

١٥- تەواوی ئەو مەئمورە کوردانەی کەلەئیالەت و ویلایەتەکانی تر لەئیدارەکان و لەشکر دا کار ئەکەن ئەبێ بۆ کوردستان بگێڕدرێنەوە.

١٦- حکومەتی میللی بەلەبەرچاوگرتنی قازانجی خۆی لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر وەلەنۆبەی یەکەم دا لەگەڵ دەوڵەتی مەزنی شورەوی پێوەندی فەرهەنگی و ئابوری رائەگرێ.

١٧- حکومەتی مەحەللی کورد لەتەواوی ئەو کۆنفرانسە بەینەلمللیانەی کە بۆ ژیانی بەشەریەت دائەمەزرێن بەگوێرەی نفوسی خۆی تەواوی حقوقەکانی خۆی داوا ئەکات.

١٨- حکومەتی خود موختاری کوردستان ئەبێ ئیختیاری ئەمەی هەبێت کەئیمتیازی کانگاکانی رەعەمەل هێندراو وەرەعەمەل نەهێندراوی کوردستان بەهەر کەسێکی بییەوێت بدات.

فەسڵی چوارەم

١٩- حکومەتی میللی بۆ دابین کردنی پێداویستی خەڵکی کوردستان لەرێگەیەکی هەرزان و بێ دەردی سەر وەبەربەرەکانیەکی بەتین بەپێچەوانەی سەلەم خۆر و گران جان و موحتەکیران بەڕێوە ئەبات.

٢٠- حکومەتی میللی ئابووری کوردستان پەرە پێ ئەدات وەلەتەواوی شارەکان سەنعات دائەمەزرێنێت، ئەبێ دەستی بەدفەڕی ئیستعمار لەسەر سەروەتی تەبیعی ئێمە ببڕدرێت بۆ خۆمان ئەبێ لەو سەروەتە سوود وەربگرین وەلەعەینی کاتدا بەقازانجی بەشەریەتی بگەیەنن.

٢١- ئەبێ لەتەواوی کاروباری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا ژنانیش وەک پیاوان خاوەنی حقوقی بەرامبەر بن.

٢٢- مافی کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان کەلەکوردستان ئەژین (ئازەربایجانی ئەرمەنی ئاسوری) بەتەواوی ئەبێ لەبەرچاو بگیرێت.

حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئازەری ١٣٢٤

پاش دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەندامان و رێکخراوەکانی کۆمەڵە بوون بەبەشی حیزب و تێکۆشان بەناوی کۆمەڵە لەگۆڕێ دا نەما، حیزبی دیموکرات بەگورجی دەستی کرد بەدامەزراندنی هێزی بەرگری و گرتنی پێشمەرگە و دانانی قوتابخانە بەزمانی کوردی و دانانی چاپخانەی کوردستان و دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان و دانانی رادیۆ لەمەهاباد و هەنگاوی بەکەلکی دیکە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە دەسەڵات کەوتە دەست خاوەن ملّك و دەرەبەگ و هێندێ بۆرژوازی شار و کەسانی هەلپەرست کەخۆیان لەدەزگاکانی حیزب و ماڵە قازی نێزیك کردبۆوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە لەنێو زەحمەتکێشانی شار و گوندا ببوو بەشایی و زەماوەند و جێژنە و خۆشی لەکەم گوندی کوردستان شەو و رۆژ شایی و هەڵپەڕکێ نەبوو.

رۆژی کردنەوەی چاپخانەی کوردستانم لەبیرە بەراستی بەو بۆنەوە هێندێ کەس هەر بۆ ناو وتاریان دەدا کەهیچ پەیوەندێکیان بەرۆژنامە و چاپخانە و نوسین و زانست و فەرهەنگەوە نەبوو، یان رۆژی دووی رێبەندان رۆژی راگەیاندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان ئەم کەسانە وتاریان دا (سمایلی ئیلخانی زادە، برایمی ئیلخانی زادە، زیرۆ هەرکی، رەحمانی ئیلخانی زادە، شێخ حەسەنی شەمسی بورهانی، برایمئاغای ئەدهەم، جەعفەرئاغای کەریمی، حەسەنئاغای مەعروفی و...) کەهیچ یەك لەوانە نەك هەر بەکۆماری مەهاباد و جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد وەفادار نەبوون، بەڵکو خیانەتیشیان پێ کرد لەپشتەوە خەنجەریان لێدا.

لەم سەروبەندەدا رایانگەیاند کەخوێندکار بۆ یەکێتی سۆڤیەت دەنێرن، کۆمیتەی نەغەدە منی پێشنیار کرد کەبچم بۆ خوێندن، بەڵام من کوڕە جوتیارێك بووم نەکوڕە ئاغا بووم و نەکوڕە بۆرژوازی شار پاش هاتوچۆیەکی زۆر منیان بەبێ دەلیل لەریزی نێردراوان دەرهاویشت بوو، پاش ئەوە من بەجارێك لەتێکۆشان دڵسارد بووم و دەستم کرد بەکاسبی و خەریکی بەرێچوون و ژیان بووم.

چەند بیرەوەرییەکی خۆش

رۆژێ کەمەلا مستەفا دەهاتە سابلاخ یەکێك لەرۆژە مێژوویییەکانی سەردەمی جولانەوەی کورد لەکوردستان بوو، خەڵکی شار بەگشتی خۆی بۆ پێشوازی ئامادە کردبوو، لەگوندەکان و شارەکانی دیکەی کوردستانیشەوە خەڵك هاتبوو، مەلا مستەفا بەپێشوازی و بەخێرهێنانێکی گەرم و بێ وێنە گەیشتە نێو شار و لەدەفتەری حیزب میوان بوو، ئەزیش سەبارەت بەناسیاری لەگەڵ کاربەدەستان و شارەزا بوونی تێکۆشانم یەکێك لەو کەسانە بوم کەتوانیم لەمەجلیسی بەخێرهێنان و دانیشتن دا بەشداربم، عالەمێکی زۆر دانیشتبوون و قسە دەکرا، یەکێك لەتایفەی قازیان کەدوکتۆر بوو ماوەیەك بوو لەتورکیا ژیا بوو تازە بەمیوانی هاتبۆوە هەڵیدایە و خۆی بەمەلا مستەفا ناساند و گوتی: قوربان من دوکتۆرم و لەتورکیا دەژیم، بڕیارم داوە کاتێك بێمەوە کوردستان کەهەموو شوان و گاوانێکی کورد رۆژنامەی بەدەستەوەبێ و بیخوێنێتەوە.

رەحمەت بێ مەلا مستەفا گوتی: جا ئەودەم بۆ چ دێیەوە کوردستان، ئەو دەم گەلی کورد چ پێویستی بەتۆ دەبێ، ئەگەر راست دەکەی کوردی نیشتمانپەروەری ئەمڕۆ وەرەوە کوردستان، کورد ئیمڕۆ پێویستی بەتۆ هەیە، ئەگەر هەموو شوان و گاوانی کورد خوێندەوار بوون ئیتر هیچ پێویستیان بەتۆ نییە و مەیەوە.

کابرا بێدەنگ بوو مرتەقی لەبەر نەهاتەدەر.

ناو دیتنەوە بۆ ئاغا

لەسەردەمی تێکۆشانی کۆمەڵە و دامەزراندنی حیزب دا کۆڕی خوێندەوار و زانایان کۆدەبوونەوە و دەیانویست وشەی کوردی بدۆزنەوە و لەنووسین و ئاخافتن دا بەکاری بێنن، رۆژێك لەمەهاباد لەکۆڕێك دا بەشدار بووم کەباسی ئەم مەبەستەی دەکرد، هاتنە سەر ئەو بڕیارە کەلەجیاتی وشەی (خانم) وشەی (یای) بەکاربێنن، کەئەم وشەیە لەنێو هێندێ عەشیرەتی کورد بەتایبەت (مەنگوڕ) باوە و جوانە، پاشان دەگەڕان کەبۆ (ئاغا)ش وشەیەکی کوردی بدۆزنەوە، پاش باسێکی زۆر

حاجی بایز ئاغا گوتی: عەجالەتەن بەئێمەش هەر بڵێن (یای) تا ناوێکمان بۆ دەبیننەوە.

کێ کوردە؟

دیسان لەسەردەمی تێکۆشانی کۆمەڵەی (ژ.ك) دا هەستی ناسیۆنالیستی و وڵات پارێزی خەڵك هەر شەپۆلی دەدا و باس هەر باسی کورد و هەموو کەسیان بەکورد دادەنا، رۆژێك لەکۆبوونەوەیەك لەسابڵاخ باسی ئەوە دەکرا کەکێ کورد بووە، هێندێ دەیانگوت (ئیبراهیم پێغەمبەر) کورد بووە، هێندێکی تر لەو کۆنتریشیان بەکورد دادەنا، رووبان دە (برایمی مەحمود ئاغا) کرد و گوتیان: برایمئاغا تۆ بیروڕات چییە؟ برایمئاغا گوتی: بەخوا من ئاقڵم لەشێخی بورهان و سەیدی زەمبیل بەولاوە بڕ ناکا، ئەوانەم پێ کوردە و هەورازتر ناچم.

دووی رێبەندان و کۆماری دیموکراتی کوردستان

هەر لەمانگی بەفرانبارەوە لەشار و گوندی کوردستان شایی و خۆشی کەوتبووە نێو کۆمەڵانی خەڵك و لاوەکان دەستە دەستە دەچون ناوی خۆیان لە (هێزی بەرگری میللی) دا دەنووسی، لەلایەکی تریش زۆربەی ئاغا و دەرەبەگ کرابوون بەئەفسەری حکومەتی میللی و دەرەجە و نیشانیان درابوویە، لەهەموو ناوچەکانی کوردستان بەشی زۆری دەسەڵات بەدەست ئاغا و دەرەبەگانەوە بوو، لەسندوس سەید ئەحمەدی کوڕی سەید تەها کرابوو بەسەدری کۆمیتەی سندوس، شەو و رۆژ خەریکی رابواردن و پارە کۆکردنەوە بوو، رۆژی دوو جار حەوت هەشت چەکداری وەدوای خۆ دەدا و بەبازاڕی نەغەدەدا نومایشی دەدا، کچی غولام رەزاخانی چیانەی خواست حەوتویەتی تەواو ژن و کیژی نەغەدەی بەزۆری بۆ شایی دەبرد، بێجگە لەوە جوابی حیزب و حکومەتیشی نەدەداوە، باشم لەبیرە ئێوارەیەك حەمەدەمینئاغای کوڕی کاك مامەندی کوڵیچی کە معاونی پێشەوا بوو بەکارێکی حکومەتی هاتبۆوە نەغەدە و دەبوایە سەید ئەحمەد ئەنجامی بدا، سەید ئەحمەد نەك هەر جوابی نەداوە بەڵکو لەنەغەدە دەریشی کرد.

حاجی مەلا خالیدی دەربەند کەیەکێك لەتێکۆشەرانی ناسراوی (کۆمەڵەی ژ.ك) بوو قادر ئاغای بابخالأوی لەدەربەند دەری کرد و رەزێکی بەدەستی خۆی چەقاند بووی لەرەگ و ریشەی دەرهێنا، حکومەتی میللی کوردستان دەنگی لەبەر نەهاتە دەر.

لەشار وێران حەمەد ئاغای (لەجی) دەستی چاپەزیکی خۆی پەڕاند، رۆژنامەی کوردستان خەبەری جنایەتەکەی بڵاوکردەوە بەڵام کەس هیچی بەحەمەد ئاغا نەگوت.

لەشامات سمایلی شێخ ئاغایی رەعیەتێکی لەگەڵ سەگێك تێك خستبوو دەچاڵێکی هاویشتبوو گوتبووی دەبێ قازی بێ لەئەستۆی سەگت بکاتەوە.

زۆر لەدەرەبەگەکانی مامەش و مەنگوڕ و دیبوکری و قەرەپەپاغ رایان کردبوو چووبوونە پاڵ حکومەتی ئێران و دژی کۆماری ساوای کوردستان پیلانیان دەگێڕا و خزم و کەس و کاریان لەکوردستان جاسوسیان دەکرد بەڵام حکومەتی میللی کوردستان دەستی لێ نەدەدان، نموونەی یەکجار زۆر لەخەراپەی ئاغاکان و بێ زیپکی بەڕێوەبەرانی حیزب و حکومەتی میللی کوردستان بەدەستەوەن کەلەنووسین نایەن.

هاوینی ١٣٢٥ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دموکراتی کوردستان بەگوێرەی برپارێك رایگەیاند کەهەرکەس چەکی هەبێ پێویستە خۆ بەهێزی بەرگری کوردستان بناسێنێ، سەید ئەحمەدی سەید تەها کەسەدری کۆمیتەی نەغەدەبوو لەدوای ناردم و گوتی: پێویستە لەگەڵ میرزا برایمی قاوەچی بچیە پادانە و چەکداری ئەو ناوە بنێرن بۆ مەهاباد، هەرچەند بیانووم هێناوە کەنەچم فایدەی نەبوو، لەگەڵ میرزا برایم و پێنج (قۆڵ سوور) چوینە پادانە، پادانە شارۆکێکی بچوك و ناوەندی سندوسی خواروە، خانوێکمان دۆزیەوە و ئالأی کوردستانمان لەسەر هەڵکرد و رۆژی دوایی لەنێو شار جارمان کێشا کە (کەهەرکەس چەکی هەیە بێتە ئیدارە و هەرکەس تەمەنی لەچل سالّ کەمترە بێ ناوی خۆی بنووسێ) کەدەهاتن لێمان دەپرسین (چەکیان هەیە یان نا) ئەوەی چەکی هەبا دەمان نووسی، ئەوەی بێ

چەك با و ئامادەی رۆیشتن بایە بۆ هێز ئەویشمان دەنووسی، زۆر کەسی وا هەبوو چەکی هەبوو بەڵام پیر بوو چەکەکەی دەدا و خۆی نەدەچوو، لەرۆژی دیاریکراودا ١٢٠ کەسمان ئامادەکرد کەبەڕێیان بکەین بۆ مەهاباد، لەنێو شار و گوندەکانی دەوروبەر عالەم کۆبۆوە و بوو بەشین و گریان وەك رۆژی عاشورا، لەگۆڕەپانی نێو بازاڕ چوومە سەر کورسی و پتر لەسەعاتێك قسەم بۆ خەڵك کرد و تۆزێك هێدی بوونەوە و ترومبێلەکانی دەیان بردن گەیشتنە جێ و سوارمان کردن بۆ مەهاباد، پاشان من گەڕامەوە بۆ نەغەدە و داوام لەسەید ئەحمەد کرد کەئازادم بکا کاسبی خۆم بکەم.

لەشکر بۆ جەبهەی سەردەشت

لەنەغەدە خانوەکەی من بەرامبەری مالّی شێخ محەمەد سدیق بۆ مەلا مستەفا بوو، مەلا مستەفا زۆرجار لەوێ دادەبەزی و جێگای کۆبوونەوە و هاتووچۆی بارزانیان و خەڵکی دیکەش بوو، لەگەڵ عەلی کوڕی شێخ محەمەد سدیق نێوانم خۆش بوو، بڕیار درابوو لەشکر بۆ جەبهەی سەردەشت بچێ، هێزی ئەساسی و شەڕکەر لەحکومەتی میللی کوردستان دا بارزانیەکان بوون، ئەودەم هێندێ ئەفسەر و سەربازی رووسیش لەنەغەدە بوون، ماشێنی رووسەکان هاتووچۆیان دەکرد، مەلا مستەفا ناردبووی ماشینێکی روسان بێ بارزانیان بەرێ بۆ جەبهە، شوفێرەکە ماشێنی نەدابوو، مەلا مستەفا تورە بوو ناردی شوفێرەکەیان هێنا، مەلا مستەفا گوتی: بۆچی ماشێنت نەداوە، نازانی بۆ جەبهە لەهەموو شت پێویستترە؟ کابرا تۆزێك فارسی فێربببوو گوتی: من ئێرانی نیم خۆم کارم بەماشێنە.

مەلا مستەفا هەردووك دەستی هاویشتە سەر شانی و لەپێشەوە دوو شەقی لەگوندێنی دا شوفێرێکی ئەرمەنی لەوێ بوو رووسی دەزانی، بەکابرای گوت: ئەوە ژەنەڕاڵە.

کابرای رووس دەپاڕاوە و دەیگوت: تەواریش ژەنرال گو خوردم غەلەت کردم تواریش ژنرال مرا ببەخش، مەلا مستەفا گوتی: عومەر ئاغا هەر، شێست کەس سوارکە و گیر مەبە بۆ سەردەشت.

ژن بەژنە

هەر ئەو دەم کەمالّم لەگوڕناوێ بوو لەگەلّ کیژێکی دراوسێمان نێوانم خۆش بوو پێم خۆش بوو بیهێنم، بەلّام ئەوانیش خوشکی منیان دەویست کەخوشکم رازی نەبوو. هەوەلی پایزی سالّی ١٣٢٥ رۆژێك باوکی کیژەکە هاتە نەغەدە و حاجی مەلا خالیدمان بانگ کرد و کیژەکەیان لێ مارە کردم و خوشکی منیشیان لەکوڕی کابرا مارە کرد.

سەرەتای مانگی سەرماوەز بوو کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات فەرمانێکی دەرکرد کەلەتەواوی ناوچەکانی کوردستان لەشکر بۆ سەقز بڕوا، سەید ئەحمەدی سەدری کۆمیتەی نەغەدە لەسندوس و شنۆ ٢٥٠ سواری چەکدار کۆکردبووە کەبۆ جەبهە بچێ نێزیکەی ٣٠٠ سواری کورد و قەرەپەپاغیشیان بەسەرۆکایەتی حامید ئاغای قەرەپەپاغ بۆ چۆمی مەجید خان ناردبوو کەلەخەتی بۆکانەوە بۆ سەقز بڕوا، بەلّام حامید ئاغا لەشکری لەقەباکەندی و شامات راگرتبوو تا دیبوکریەکان پردی بۆکانیان خەراکرد و لەشکری ئێران بەرەو میاندواو هات و لەشکری حامید ئاغا بلّاوەی کرد.

بەلّام سەید ئەحمەد تازە لەسەفەر گەیشتبوومەوە پیاوێکی سەید ئەحمەد هات گوتی: سەید ئەحمەد بانگت دەکا.

کەچووم سوارە هەمووی ئامادە و بەڕیز راوەستابوون، ئەسپێکی سپی کوڕی مەحمود کەرشین یان بۆ راگرتبوو وەك قارەمانێك دەهات و دەچوو، کەچوومە پێش گوتی: بڕۆ سواربە بۆ سابلّاخ بڕۆین، رۆژی تێکۆشانە.

– تازە لەسەفەر هاتوومەوە، خۆم و ئەسپەکەم هیلاکین، پاش دوو رۆژ لەمەهاباد خۆم دەگەیەنمە ئێوە.

– باشە لێرە بمێنەوە بەڵام لەگەڵ شارەوانی هاوکاری بکە، ئەوەی گوت و سوار بوو، دەنگوباسی شەڕ و هێرشی لەشکری ئێران بۆ ئازربایجان بەسرتە و جاروبار دەبیسترا، چەند رۆژێك بەسەر رۆیشتنی سەید ئەحمەد دا تێ پەڕیبوو ئێوارەیەك (ئەنوەر دڵسۆز) لەنەغەدە پەیدا بوو، (ئەنوەر دڵسۆز) کوردێکی کوردستانی گەرمێن بوو هاتبووە نێو جوڵانەوەی کوردستانی ئێران و لەحکومەتی میللی کوردستان دا کاریان دابویە و لام وایە کرابوو بەسەرۆکی گومرگی ناوچەی لاجان و سوندس، جلی ئەفسەری لەبەر دەکرد و سمێڵی گەورە، کۆمیتەی حیزبی لەنەغەدە هیچ ئاگاداری و دەنگوباسێکی لەبارەی شەڕ و جەبهە بەخەڵك رانەدەگەیاند، دیاربوو (ئەنوەر دڵسۆز) زانیبووی کەحکومەتی کوردستان شەڕ ناکا و لەشکری ئێران بۆ پێشەوە دێت لەمەهابادەوە خۆی گەیاندبووە نەغەدە و دەیویست بەرەو عێراق تێی تەقێنێ، لەنەغەدە ئەمری کرد جارِ بکێشن و خەڵك کۆبێتەوە، وای نیشان دەدا کەلەلایەن حکومەتی میللیەوە هاتووە و قسە دەکا، دوای نیوەڕۆ بوو خەڵکێکی زۆر بەهیوای خەبەری خۆش لەگردی قەبران کۆبوونەوە. کاك ئەنوەر بەسمێلێکی زەردی زەلام و بەجلی ئەفسەریەوە هات و چووە سەر کورسی و بەژیستەوە دەستی پێ کرد: لەو کاتەدا کەحکومەتی رەجعی تاران خەریکە هێرش بکاتە سەر کوردستان پێشمەرگە قارەمانەکان و هێزی بەرگری کوردستان بەقارەمانەتی بست بەبست خاکی نیشتمان دەپارێزن و کوردستان دەکەنە قەبرستانی دوژمن، لەم کات و هەل و مەرجەدا هەر کەسێکی دژی حکومەتی میللی کوردستان دیعایە بکا و رۆحیەی خەڵك تێك بشکێنێ بێ موحاکەمە ئیعدام دەکرێ.

خەڵك بڵاوەی کرد و ئیتر تا ساڵی ۱۹۵۹ چاوم بەکاك ئەنوەر نەکەوتەوە، دەرکەوت دوای ئەم وتارە شۆڕشگێڕیە شەو لەنەغەدەش گیر نەبووە و بەرەو عێراق تێی تەقاندووە.

هەڵاتنی سەید ئەحمەد و کارەساتی نەغەدە

دوو رۆژ دوای وتاری ئەنوەر دڵسۆز و راکردنی، خۆم ساز کرد کەبچمە مەهاباد، ئێوارێ سوار بووم چوومە (گوڕناوێ) ماڵە دەزگیرانەکەم بەو مەبەستە کەبراکەی ئەویش لەگەڵ خۆم بۆ مەهاباد بەرم، شەو خەڵکی گوندیم لێ کۆبوونەوە و باسی وەزعی شەڕ و هاتنەوەی لەشکر و بەربەرەکانی خەڵکمان دەکرد، بەیانی تازە زەردە وەسەران دەکەوت لەخەو هەستام و دەم و چاوم دەشوشت، بۆ دەزگیرانەکەم بەغار لەکانی هاتەوە گوتی: بەو بەیانیە سوارێك لەلای نەغەدەوە بەغار دێت، لەگەڵ کو وای گوت خورپەم لەدڵی هات، رام کرد بۆ سەر رێگا، سوار کەگەیشتێ ناسیم خەڵکی ئاڵیاوەیە و لەو سوارانە بوو کەلەگەڵ سەید ئەحمەد چووبووە لەشکر، گەیشتە حاستی من و راوەستا، ماندوونەبوونیم لێ کرد و پرسیم: بەو بەیانە خێرە؟ چۆنە وا هاتوویەوە؟

– خێری چی؟ کوردستان تەسلیم بوو، دوێنی سەید ئەحمەدی سەید تەها سوارەکانی کۆکردەوە و گوتی بڵاوە بکەن، هەرکەس بۆ کوێ دەڕوا بڕوا، ئیتر بڵاوەمان کرد، من سوار بووم و ئەم شەو لەرێدا بووم، سەید ئەحمەد بەماشێنێکی حکومەتی میللی هەر بەشەشو هاتۆتەوە نەغەدە ماڵ و شتومەکی تێك ناوە و ژن و دایکی هەڵگرتووە و تفەنگی قوڵ سووپەکانی هەستاندووە و چەند پێشمەرگەشی لەگەڵ خۆ بردوون و رۆیشتووە بۆ عێراق.

کەئەو خەبەرەی بۆ گێڕامەوە بەپەلە گەڕامەوە ماڵە خەزورم و تا ئەسپیان بۆ زین کردم چایەکم خواردەوە و سوار بووم بەسەر رەو بۆ نەغەدە، لەچیانە لام دا ماڵە غوڵام رەزاخان کەخەزوری سەید ئەحمەد و سەرۆکی مالیەی حکومەتی میللی کوردستانیش بوو لەسندوس، چوار دەوری سەربانی تفەنگچی لێ راوەستابوون، دەنگیان دام گوتیان مەیە پێش، نۆکەرەکانی غوڵام رەزاخانیم دەناسی، گوتم خەبەر بدەنە خان پێویستە ببینم، زۆر پێ نەچوو گوتیان وەرە بۆ حەسارێ، کەچومە حەسار غوڵام رەزاخان شەست تیرێکی برنۆی لەسەر شان بوو گوتی: دامەبەزە، کەللەی (ئینتیزار) وەبەر ئەو شەست تیرە دەکەوێ، گیر مەبە بچۆ

نەغەدە، سەید ئەحمەد خوێڕی بوو هەڵات، مەنیجیشی برد، من لێرە پشتیوانی کوردانم، ئەگەر قەرەپەپاغ لەشکر بکەنە سەر نەغەدە خەبەرم بۆ بنێرە، لەرێگا ئاگات لەخۆت بێ.

(ئینتیزار ئاغای کەڵوان بوو، یەکێك لەو قەرەپەپاغانە بوو دژی حکومەتی کوردستان و هەر لەو کاتەش دا لەگەڵ مالّە ئەمیر تومانی چیانە دوژمنایەتی هەبوو).

لەحەساری غوڵام رەزاخان هاتمە دەر و رکێفم لەئەسپی دا تا حەساری خۆمان گیر نەبووم، کەدابەزیم جیرانێکمان بەغار هات و گوتی: ئەوەش رەش و رووتی عەجەمە، ئیدارەی فەرهەنگ وێران دەکەن و دەرك و پەنجەران دەبەن.

بەپەلە وەدەرکەوتم تەماشام کرد ئەوە دەرك و پەنجەرەی ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان دێننە دەرێ، تفەنگێکم بەسەردا هەڵتۆقاندن و هەریەکە بەلایەکدا هەڵاتن، یەك دوێکم وەبەر قۆنداخە تفەنگان دان بۆ مالّێ دەگەڕامەوە برادەرێك هات سپی هەڵگەڕابوو دەلەرزی.

– ئەوە چیبە بۆ وادەکەی؟

– کەس نەما ئیدارەکان هەموو چۆڵ کراون، سەید ئەحمەد هەڵاتووە، ئێستا جارپیان کێشا کەکوردەکان هەموو لەمزگەوت کۆببنەوە.

تۆزێکم دڵخۆشی داوە و رۆیشتین بۆ مزگەوت، تەماشام کرد مزگەوت پڕ بووە و گشتیان بێ چەکن و هەموو وەك تازیە داران سەریان بەرداوەتەوە، ئەندامانی کۆمیتەی حیزب و بەرپرسی ئیدارەکان کەس دیار نییە، حاجی قادری هەریری کەدەوڵەمەندێکی قورسی نەغەدە و سەر بەقەرەپەپاغەکان و لەکۆنە سندوسیەکان بوو هەستا و دەستی کرد بەقسان: هەموو دەزانن کەوا کۆماری کوردستان رووخا و ئەوە سەید ئەحمەد هەڵات و ئێمەش تا لەشکری ئێران دەگاتەوە واباشە بچین ئاغای (ئینتیزار) لەکەڵوان بینین و لێرە بمان پارێزێ تا حکومەت دێتەوە، ئێمە هیچمان پێ ناکرێ و لەبەینمان دەبەن، قسەکانی زۆر بێ تام و خوێڕیانە و بۆدەڵانە بوو، زۆری رست و پاشان دانیشتەوە کش و ماتی

خەڵکی داگرت و کەس وەدەنگ نەهات، من دوو سێ ریز خوارتر دانیشتبووم هەستام و چوومە میحراب و تفەنگم چەقاند و گوتم:

قسەکانی حاجی قادری قسەی کوردی نەغەدە نین، قسەی ئەو کەسانەیە کەلەکۆنەوە لەژێر دەسەڵاتی قەرەپەپاغان دا ژیاون، کۆماری مەهاباد نەڕووخاوە، بەهەزاران پێشمەرگەی هێزی بەرگری، بارزانیە قارەمانەکان، لەجەبهەی سەقز و ساینقەڵا و سەردەشت شەڕ دەکەن، ئازربایجان تەسلیم نەبووە و بەربەرەکانی دەکا، هەڵاتنی سەید ئەحمەد خەیانەتە و بەمانای روخانی کۆماری کوردستان نییە، ئەو خوێرپیانەی خۆیان شاردۆتەوە نوێنەری خەڵك نەبوون و کوردەکانی نەغەدە خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوەدەبەن و ڕێگا نادەن هیچ بێگانەیەك بێتە نێو شار تا لەمەهاباد خەبەرمان بۆ نەیە، هەر کوردێکی پەنا بۆ گەڵوان و بۆ (ئینتزار)ی دوژمنی کورد بەری گوللەی پێ سارد دەکەمەوە و شار بەدەری دەکەین، ئەوانەی چەکیان هەیە تا نیو سەعاتی دیکە دەبێ بەچەکەوە لەمزگەوت حازر بن، ئەوانەی تفەنگیان هەیە و ناتوانن بێت تفەنگەکان بێنن و دەدرێن بەو کەسانە کەپیاوانە شار دەپارێزن.

تەواو لەقسەکانم نەببوومەوە برایەکی کوردستانی گەرمێن بەناوی (حەمەشنۆیی) کەلەنەغەدە دەژیا و لەوێ ژنی هێنابوو راست بۆوە و هات لاچاوی ماچ کردم و گوتی: هەرچی لەگەڵ تۆ خۆ بەکوشت نەدا پیاو نییە، بەخۆم و بەتفەنگەوە ئامادەم، پیاوێکی تر بەناوی (سۆفی ڕەحمانی بەزاز) هەستا و گوتی: با ئێمەش پیاوبین و سەر بۆ عەجەمان دانەنوێنین، تفەنگێکم لەماڵ هەیە ئێستا دەچمەوە بۆت دەنێرم و پوولێش چەندم دەنووسی دەیدەم.

بەدوای ئەوان دا ١٧ کەسی تر رابوون و گوتیان بەچەکەوە ئامادەین، لەماوەی سەعاتێك دا ٢٥ تفەنگ لەمزگەوت کۆبووە، پتر لە ٢٠ کەس لەلاوەکان بێ چەك بۆ هاوکاری و هاتوچۆ ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاند، هەوەڵ بڕیارمان ئەوەبوو کەهەر لەوێ کۆبوونەوە ئەم بڕیارانەمان دا:

١- هەر چوار ڕێگای ئەسلێ کەدێنە نێو شار بگیرێن.

٢- لەسەر هەر رێگایەك پێنج تفەنگچی و دوو کەسی بێ چەك راوەستن.

٣- هیچ کەسێ بەچەکەوە رێگا نەدرێ بێتە نێو شاری نەغەدە.

٤- چوار کەس لەگەڵ من لەمزگەوت بمێننەوە و بەسەر کاروباری بازاڕ و پۆستەکانی سەر رێگاکان رابگەین.

٥- سێ کەس بنێرینە تێلگرافخانە و خەبەرکانی تێلگراف و تەلیفۆنمان بۆ بێنن.

٦- هەشت کەس لەلاوەکان سەری رێگاکان بدەن و نان و خواردەمەنی بۆ برادەران بەرن.

سەعاتی ١٢ی نیوەڕۆ بوو خەبەریان هێنا کەکۆمەڵە سوارێك نێزیکەی ٣٠ سواری چەکدار لەرێگای (قارنە)وە بەرەو نەغەدە دێن، بەگورجی لەسەر رێگاکان سێ چەکدارمان بانگ کردەوە و لەسەر گردی قەبران بەرەو رێگای قارنی لەحەسار و لەمەتەرێزاندا دامەزراین، سوارێکمان بەغار نارد بزانێ کێن و لەچی دەگەڕێن، پێیان رابگەیەنی کەنابێ بێنە نێو شار.

سوار بەغار گەڕاوە گوتی: ئاغاکانی مامەشی تایفەی حەمەد ئاغان، لەرادیۆ تاران بیستوویانە کەکۆماری مەهاباد تەسلیم بووە، کۆبوونەوە و هاتوون دەڵێن ئەم شۆ لەنەغەدە دەبین و سبەی بۆ مەهاباد دەچین.

مەسەلەکە روون بوو، ئەمانە دوژمنی کورد و کۆماری کوردستان بوون، هاتبوون پێش ئەوە بەخەیاڵی خۆیان لەشکری ئێران بگاتە سندوس وەك تەورێز لایەنگرانی کۆماری مەهاباد و بەرپرسەکان بگرن و بیانکوژن و تاڵانیش بکەن، بڕیارمان دا نەهێڵین بێنە نێو شار، من گورج شتێکم بەم جۆرە نووسی و بەسوارێکدا ناردمان: لەبەر ئەوە وەزعی شار ئاڵۆزە بڕیار دراوە رێگا نەدرێ کەس بێتە نێو شار، تکایە ئەگەر بۆ مەهاباد دەچن رێگای دیکە هەیە و بگەڕێنەوە، ئەگەر بتانەوێ بێنە نێو شاری نەغەدە تووشی کوشتار و شەڕی خوێناوی دەبن.

سوار ڕۆیشت و پاش نیو سەعات راوەستان و تۆزێ گەڕاوە، ئەوانیش سەری ولاخانیان باداوە و بەرەو بالفچی و بەرێگای بناردا بۆ لای خەلیفان و دزە.

لەنێوان گوندی (خەلیفان و دزە) تووشی (مـیرزا ئەحمـەدی کـوڕی مـەحمود کـەر شین) دەبن، ئەحمەد لاوێك بوو جوان چاك شۆخ ئازا تێکۆشـەر و تاقانـەی دایـك و بابی و تازە ژنمان بۆ گوێزتبۆوە، لەهەوەڵێ دامەزراندنی کۆمەڵـەوە ببـووە ئەنـدام بەبێ موچە و بەرات شەو و رۆژ کاری حیزبـی دەکـرد و ببـوە (قـۆڵ سـوور)ی نێـو شار و ئەسپێکی شازی کرێبوو مەعموریەتی گوندەکانیش ئەنجام دەدا، لەوکاتەوە سەید ئەحمەد ببووە سەدری کوەیتی نەغەدە ئیتر ئەحمەدی برد بـووە لای خـۆ و شەو و رۆژ لەگەڵ خـۆ دەیگێـڕا، ئەحمـەد لـەنێو خـەڵك زۆر خۆشەویست و لـەنێو لاوەکانی نەغەدەدا جێگای تایبەتی هەبوو، کاتێك لەشکر دەچوو بۆ مەهاباد سەید ئەحمەد سواری ئەسپی ئەحمەد بوو ئەویشـی لەگـەڵ خـۆ بـرد، لەمـەهاباد کاتێـك دێتە سەر هەڵاتن و بڵاوە بەسـواران دەکـا ئەحمـەد سـوار دەبـێ و بەتاقـە سـوارە دەگەڕێتـەوە بـۆ نەغـەدە، لـەنێزیك گونـدی (دزە) تووشـی ئـەو مامەشـانە دەبـێ، دەیان ناسێ و ئەوانە هەمیشە هاتوچۆی ماڵە مامیـان دەکـرد، ماندوو نـەبوونی و چاك و خۆشی و پاشان دەڵێن: ئـەو ئەسـپ و تفەنگـە مـاڵی کۆمـاری مـەهابادە و دەبێ بیدەی بەئێمە.

ئەحمەد دەڵێ: ئەوانە حکومەتی نین و هی خۆمن، ئەگەر حکومـەتیش بـن نایـدەم بـە ئێـوە، تێـی رو دێـن کـەرووتی کـەن، رکێـف لەئەسـپی دەدا و لـەنێویان دەردەکـەوێ، دەسـرێژی لێ دەکـەن و سـێ گوللـەی لێ دەدەن، ئەسـپ و تفـەنگی دەبـەن و دەڕۆن، خـەڵکی گونـدی (دزە) دەچـن مەیتەکـەی دەبەنـەوە گونـد و لەمزگـەوت دایـدەنێن و خەبـەریان بـۆ نەغـەدە هێنـا، هـەواڵی کوشـتنی ئەحمـەد نەغەدەی لەرزاند، سەدان کەس ژن و پیاو و گـەورە و بچـووك و پـیر و لاو بەشـەو بەپێ و بەسواری بەرەو گوندی (دزە) کەوتنەڕێ، من ئەو شـەوە لەبـەر ئەمنیـەتی شـار نەچـووم، بـەیانی زوو سـوار بـووم کەچـومە مزگـەوت، تـەرمی ئەحمـەدی جوانەمـەرگ و هـەڤاڵ و هـاوڕێی تێکۆشـەر و خۆشەویسـتم سـێ گوللـەی ئاغـا خۆفرۆشـەکانی مامەشـی تایفـەی حەمـەد ئاغـای پێوەبـوو لەمزگـەوت دانرابـوو، هاویشتمانە سەر عارەبە و هێنامانەوە بۆ نەغـەدە، شـاری نەغـەدە تازیـەدار بـوو،

خەڵکی نەغەدە بەگشتی بەپێشوازی مەیتەکەوە هاتبوو، خەڵکی گوندەکانی دەوروبەریش هاتبوون، لەم کارەساتە دڵتەزێنەدا رادیۆ تاران خەبەری گرتنی تەورێزی بڵاودەکردەوە، خەڵك لەترس و نیگەرانی دا بوو، لەوە دەترسان کەلایەنگرانی حکومەتی تاران بەخەڵك وەربن و ئەوەی لەتەورێز و لەورمێ کردیان لەنەغەدەش بیکەن.

لەسەر قەبران هێندێ براەری گوندی کەتفەنگیان هەبوو گێڕاماننەوە وەزعی بەرگری و پاراستنمان بەهێزتر کرد، دوو رۆژ دوای ئەم کارەساتە لۆریەکی پڕ لەبارزانی لەمەهابادەوە گەیشتە نەغەدە، کەچوومە پێشیان (زیرار کوڕی سلێمان بەگی دەرگەڵە) بەرپرسیان بوو، یەکترمان دەناسی و پێشتر ئاشنا بووین، هومێدێکمان هاتەوەبەر و خەبەرمان لێ پرسی، زیرار گوتی: چەکداری بارزانی هێشتا لەناوچەی بۆکان و شاروێران ماون، مەلا مستەفا لەمەهابادە، ئەمری کردووە ژن و منداڵ و پیرە پیاوان بنێرین بۆ شنۆ چەکداری سەڵت و بەکاریش لەنەغەدە بمێننەوە، ئێستا فیکری بەنزین و جێگا بۆ چەکدارەکان بکەنەوە.

بەنزین لەنێو شار وەگیر نەدەکەوت، برادەرێك هات و گوتی: مەشهەدی سەفەر بەنزینی هەیە، مەشهەدی دوکانی داخستبوو ناردم هێنایان، دوکانمان پێ کردەوە و شەست تەنەکە بەنزینی هەبوو بەنرخی رۆژ لێمان کڕی و بردمان لەماڵێك دامان نا، لۆریەی ژن و منداڵمان بەڕێ کرد بۆ شنۆ و جێگامان بۆ چەکدارەکان لەئیدارەکانی دەوڵەتی کردەوە، رۆژی دوایی میرحاج لەگەڵ چەند بارزانی گەیشتە نەغەدە، لەماشێن دادەبەزی چوومە لای و بەخێرهاتنم کرد و زۆر بەکەیف بوو، گوتم: وادیارە هیچ نەقەوماوە تۆ وا کەیفت سازە؟

گوتی: چی قەوماوە؟ تۆ نازانی، تا ئێستا ئێمە هیچمان نەبوو خەباتمان دەکرد لەمەودوا هاوار دەکەین و دەڵێین حکومەتمان هەبووە، کۆماری کوردستانمان هەبووە و لێیان تێك داوین.

ئێوارەیك خەبەریان هێنا و گوتیان (ئینتیزار) ئاغای گەلوان هاتۆتە نێو شار و لەمزگەوتی عەجەمان خەڵکی کۆکردۆتەوە، پاش ئەوە کەبارزانی هاتبوونە نەغەدە

ئیتر رێگرتن و کێشکی جاران نەبوو، خۆمان بەهێز دەزانی، (ئینتیزار) لەگەڵ چەند سوارێك هاتبووە نەغەدە و عەجەمی لەخۆ کۆکردبوونەوە، لەگەڵ زیراری سێمان بەگ و چەند چەکدار چووینە مزگەوتی عەجەمان، چەکدارانمان لەدەروویەری مزگەوت دانا و خۆمان لەگەڵ سێ چەکدار چووینە ژور، من چوومە پێش بەخێرهاتنم کرد و گوتم: ئاغا لەو کاتەدا هاتنی ئێوە بۆ نەغەدە کارێکی باش نییە، بارزانییەکان لێرەن و لەخۆیان ئەمین نین، باشترە هەر ئێستا سواربی بچیەوە گەلوان.

– میرزا کەریم دەرم دەکەی؟

– من دەرت ناکەم، بەقازانجی تۆیە، ئێستا ئەو چەکدارانە لێرە بەجێ دێڵم تا سوار دەبی و لەشار وەدەردەکەوی، گیربوونت مەسڵەحەت نییە.

رۆژەکانی ئاخری سەرماوەز بوو مەلا مستەفا هاتەوە نەغەدە، پاش ئەوە کەقازی محەمەد بەقسەی ناکا و لەگەڵ ئەو لەشار وەدەرناکەوێ، مەلا مستەفا لەگەڵ شەست چەکدار دێتە گوندی (کەرێزە) نێزیك مەهاباد، پاش ئەوە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز قازی دەچێتە میاندوا و سەر لەشکر هومایۆن دەبینی و لەشکر دێتەوە مەهاباد، مەلا مستەفا شەو دێتە گوندی (مەحمەشە) و پاشان هاتە نەغەدە، لەرووبەری مالّی ئیمە لەمالّی شێخ محەمەد سدیق دەژیا، شێخ سولەیمانیش لەمالّی (محەمەدی ئەسمەرێ) دراوسێ ئیمە دەژیا، دوو گامێشمان هەبوون شیریان دەدا، ئیتر هەموو رۆژێ شیر و ماست و هەرچی ویستبایان بۆمان دەناردن، مالّە شێخ محەمەد سدیق وەك مالّی خۆیان تەماشایان دەکرد و هەرچی پێیان ویستبا (عەیشۆك) دەهات و دەیبرد.

پاش ئەوە کەبارزانییەکان هاتنەوە نەغەدە من خۆم لەهەموو کار و بارێکی سیاسی کێشاوە، کۆمیتەیەك داندرا کەمالیات لەدوکاندارەکان و خەڵکی تر بەگوێرەی توانا وەربگرێ و بۆ بەرێوەچوونی بارزانییەکان خەرجی بکا.

وەزعی ژیان لەنەغەدە شپرزە بوو، کاسبی و سەودا و مامەڵەیەك نەبوو، دەوڵەت رێگای نەدەدا هیچ شتێك بۆ نەغەدە بێت، بۆ نمونە کیلۆی شەکر لەمیاندواو بە ٣

تەمەن بوو بەڵام لەنەغەدە بە ٢٥ تەمەن وەگیر نەدەکەوت، لەشکری عەجەمان هاتبووە ئاختەوڵە و محەمەدیار و پێشتر نەدەهات، بارزانیەکان بێجگە لەوانەی کەلەنەغەدە بوون لەگوندەکانی لاجان و پیرانان و نێو مامەشان دامەزرابوون و دەسەڵاتی تەواو بەدەست گرتبوو، دیارە وردە وردە فێری دەست درێژی و هەستاندن و زوڵم و زۆریش ببوون، لایەکیشی ناعیلاجی بوو دەبوایە بەرێ بچن و بژین.

لەوەزعێکی ئاوادا نەم دەتوانی بێکار دانیشم و بڕیارم دا بچمە میاندواو شەکر بکڕم و بەوشتر بەقاچاخەرێ دا بیهێنمەوە نەغەدە، زستانێکی سارد و تووش و ڕێگاوبان ناخۆش و بەترس، بەزەحمەت دایك و بابم رازی کرد کەبچمە مەهاباد و نەچمە میاندواو کەشاری عەجەمانە، مالّی دنیا ٣٠٠ تەمەنم هەبوو ئەسپێکی زۆر باش و بەکاریشم هەبوو رۆژێك بەیانی سوار بووم و شەو چوومە کوسەکەرێز مالّی خوشکم، خەڵك هاتووچۆی مەهابادیان دەکرد و دەیانگوت عەجەم کاریان بەکەس نەداوە، سوار بووم چوومە مەهاباد کەشەکر بکڕم، لەبازاڕ تووشی سەید ڕەحمانی کوڕی سەید عەولای قەرت بووم، دۆست و ناسیار و چەند سالّ پێکەوە ژیا بووین، نیوەڕۆ بوو گوتی: با بچین لەمزڵی من نان بخۆین، مالّە ئامۆزایەکی لەوێ بوو چووینەوە، پاش ئەحوالّ پرسی بابم گوتی: چدەکەی؟ خەریکی چی؟

– هاتووم هێندێ شەکر بکڕم، لەنەغەدە زۆر گرانە.

– شەکری چی؟ بێ خەبەری؟ عێراقی هاتوون تفەنگ و فیشەك دەکڕن، لێرە زەحمەتە وەگیرت کەوێ، گیر مەبە و بچۆ شامات، دۆست و ئاشنات هەن و تفەنگ بکڕە، تا خەڵك ڕوویان تێ نەکردوە دەرفەتە، گیر مەبە ئەم شەو بچۆ گوندی (حاجی خۆش) مالّە پورم، مالّێکی زۆر دەوڵەمەندە و ئاوەدان و زۆر پیاون، دەتناسن، من باسی تۆم بۆ کردوون و کچێکی زۆر جوانیشیان هەیە لەگەڵ پورم ڕێك دەکەوی بۆت دەخوازم.

نانم خوارد و سوار بووم بەرەو حاجی خۆش سوارێکی کۆك و پۆشتە و بۆشناخ، لیباسی چاك ئەسپی چاك زین و لغاوی چاندراو و جوان، بۆیە دەبووم لەهەموو

مالێـك رام بگـرن و بـەخێرهاتنم بکـەن، لـەکوردەواری دا ئـەم شـتانە لەبەرچـاو دەگیرێن.

مەسەلەی کوردیە دەڵێن: کەوای سوور پلاو دەخوا.

ئێوارەیەکی سارد و تووش تفت هەڵاویشتبا دەیبەست، گەیشتمە (حـاجی خـۆش) پرسیارم کرد مالە (قەیتەران) لەکوێیـە؟ پیاوێـك مالەکـەی نیشـان دام، کەچـوومە حەسار هـەموو نیشـانەیەکی دەوڵەمەنـدی لێ دیـاربوو، مالـە قەیتـەران مـەڕدارێکی گەورە و جوتبەندێکی ئامپا و لەشار وێران بەناوبانگ بوون، گەیشتمە حەسار یـەك دوو پیاو وڵاخیان لێ وەرگرتم و بەخێرهاتنیان کردم و یەکیان دیوەخانی پێ نیشان دام، دیوەخانێکی پڕ لـەمافورە، خـاوێن و گـەرم کـورە دایسـا، دانیشـتم پیاوەکـە چـەکمەی لـەپێ دەرهێنـام و پیاوێـك ریـش سـپی، کەڵـە پیـاو وەژوور کـەوت، زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم و پاشان کردی بەهەرا.

– کوا خەجیج... کاڵێ... ئـەوە لـەکوێن؟ کـوا سـەماوەر؟ بـۆ کـەس دیـار نییـە؟ لەگـەڵ هـەرای ئـەو ژنێکـی رەنـگ ژن وریـا رووخـۆش بـەڕێز وەژوور کـەوت، زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم و رووی کردە پیاوەکە و گوتی.

– زەلام ئەو هەرا هەرایەت لەچییە؟ ئێستا هەموو شت حازر دەبێ.

تۆزێ خۆم گەرم کردەوە و پرسیم: لەکوێ دەتوانم دەسنوێژ هەڵبگرم؟

ژنەکە بانگی کرد: کاڵێ... دا تەشت و مەسینە بێنە بۆ دەسنوێژ.

ئەوەندەی پێ نەچوو کێژێکی جوان و چـاك قیـت و قـۆز کوڵمـە سـوور، پۆشـتە و لیبـاس خـاوێن وەژوور کـەوت و تەشـت و مەسـینەی دانـا و بـەخێرهاتنی کـردم و بەرماڵی راخست و ئاوی بەدەستی دا کردم، لەکاتی ئاو بەدەسـت داکـردن دا یـەك دوو جار لەبنەوە چاومان لێك کرد و ناشزانم نوێژەکەم چەندە وەبەرکەوت، مـن تـا ئەو دەم جوانی ئاوام کەم دیبوو یا هەر نەم دیبوو، تـا مـن لەنوێـژ بوومـەوە کاڵـێ سەماوەری هێنا و دەزگا ئامادەبوو.

هەر لەنوێژ بوومەوە کابرا کەبۆم دەرکەوت (مام هەمزە) بوو بانگی کرد:

– دا وەرن چایە تێکەن، دایکی کاڵێ کەناوی (خەجیج) بوو هاتە ژوور و لەبن سەماوەر دانیشت، چایەکی تێکرد و من ئیتر سەما و ماندووبوون و ڕێگام لەبیرچووبۆوە و حەسابوومەوە، مام هەمزە بانگی کرد و گوتی: ئەسپی میوان برسی نەبێ، وێنجە و ئالیکی بدەنێ، پاشان گوتی: هەموو شت زۆرە لەخەمێ دا مەبە، مام هەمزە گوتی: خۆ پرسیار عەیب نییە، با ئێمە میوانی خۆمان بناسین.

– خەڵکی نەغەدەم ئاشنا و برادەری سەید ڕەحمانم، پێکەوە لەشار بووین و ئەو ناردوومی میوانتان بم.

خات خەجیج وەدەنگهات: دەك ڕەببی بەخێربێی، ناکا تۆ میرزا کەریم بی؟ سەید ڕەحمان ئەوەندەی باسی تۆ کردووە هەر بەئاوات بووین بت بینین.

بەخێرهاتن و چاك و خۆشی دووپاتە کراوە و چایان تێکرد و دوو سێ پیاوی دیکە هاتنە ژوور بەخێرهاتنیان کردم، نان و چێشتێکی فرە بەتام و چێژیان ساز کردبوو، شەو قسە و باسمان زۆر گەرم و خۆش بوو، خات خەجیج کەوتە پرسیاران، وەزعی ژیان و دایك و باب و چەند خوشك و بران و بۆچی ژنت نەهێناوە و....

شەوێکی خۆشم ڕابوارد و بەیانی دوای نان و چا خواردن، گوتم ئەسپەکەم بۆ زین کەن دەڕۆم، زۆریان هەوڵ دا کەگیر بم، خات خەجیج و پیاوەکان گوتیان ئێرە ماڵی خۆتە و دەبێ پتر هاتووچۆیە بکەی، وادیار بوو خات خەجیج و کەیخودا و کاربەدەستی ماڵ بوو، پێش ئەوە چەکمەکانم دەپێ کەم خەجیج بانگی کرد: ئەرێ کاڵێ... ئەوە گۆریەی جوانت نییە بۆ میرزا کەریم بێنی، زۆر ساردە، کاڵێ جۆتە گۆریەکی زۆرجوان و نەرمی (کورو)ی بۆ هێنام، پێکەنیم و گوتم زۆر جوانن و جا ئەوە بەچیت لێ وەرگرم؟

مام هەمزە گوتی: کوڕە دەپێیان کە و بەنیشانەی وەرگرە، بوو بەپێکەنین و هەستام سوار بووم بەرەو دەلکداش، گوتیان چاوەڕوان دەبین بێرەدا بێیەوە.

نیوەڕۆ بوو گەیشتمە دەلکداش و ماڵە مام قۆیتاس کەکانی خۆی یاسینم لەسەر خوێند بوو، بەڵام ئێستا ببوینە خزم و برازای مام قۆیتاسم مارە کردبوو، لەگەڵ

کاك سولّتانی زِر کوڕی مام قۆیتاس چەند جار یەکترمان دیبوو دۆستی نێزیك و هاوڕێ بووین.

کاك سولّتان کەلێم وەدەرکەوت واقی ورِما، چووینە ژوور و گوتی: جارێ پێم بێژە بەو سەرما و سۆلّە، بەم نا ئەمنی رێگا و ئەم ناوە هەموو لەشکری عەجەمی تێدایە، خێرە ئیشەلاّ و لەچی دەگەڕێی؟

– ئەوڕۆ رۆژی پیاوانە، هاتووم دوو سێ تفەنگان بکڕم.

– هەر بەجارێك حەپەسا، تفەنگی چی؟ جا وەختی ئەو قسانەیە؟

– تۆ لەوە گەڕێ، خۆت سازکە و بەیانی بچینە نێو گۆرانان تۆ دەیاننناسی و تفەنگ پەیدا دەکەین.

کاك سولّتان لەنێو گۆرانەکانی سەر چۆمی جەغەتوو دۆست و برادەری زۆر بوون و دەیان ناسی، بەیانی ئەسپەکەمان بەجێ هێشت و بەپێ بۆ گوندەکانی گۆرانان کەوتینەڕێ، دوو سێ گوند گەڕاین و میوانی دوو سێ برادەری کاك سولّتان بووین لەهەر شوێنی باسی تفەنگمان دەکرد، پێمان پێدەکەنین و دەیانگوت باس مەکەن.

کاتی نیوەڕۆ چوینە گوندێکی مەزن ملّکی (حەمید خانی) گۆران، دەستە برایەکی هەبوون لامانداِ لەمالّی ئەوان چایان سازکرد و کاك سولّتان پێی گوت لەچی دەگەڕێین، کابرا گوتی: ئێرە ملّکی حەمید خانە، خۆی لەسەردەمی دیموکرات دا رای کردبوو چریکی حکومەتی بوو، ئێستا سواِرە و چەکداری هەن و پیاوی دەولّەتە، لێرە نابێ باسی ئەم شتە بکەن.

لێم پرسی: حەمید خان لەمالّە؟

– نازانم، هەموو رۆژێ دەچێتە میاندواو، پیاوی دەولّەتە.

– تکایە پرسیارێك بکە بزانە لەمالّە.

کاك سولّتان گوتی: بۆ بەتەما چی؟

– دەچمە لای حەمید خان و دەلّێم لەتفەنگ دەگەڕێم.

– ناکا وابکەی؟ بەگرتنمان بدەن و نەجاتیمان نەبێ.

– ئەم گۆرانانە زۆر پیاون، هیچمان لێ ناکا، زۆر زۆر دەڵێ نیمە و بڕۆن.

کابرا هاتەوە و گوتی: ئێستا لەمیاندواو گەیوەتەوە، کابرا لەگەڵمان هات بۆ مـاڵی حەمید خان، حەسارێکی گەورە دوو تفەنگچی لەبەر دەرگا رایان گرتین تـا خەبـەر بەخان دەدەن، تاوێك پێ چوو کـورێکی مێـرد منـدالّ هـات بـەخێرهاتنی کـردین و پێشمان کەوت بۆ دیوەخان، دانیشتین و کاك سـوڵتان نیـوە گیـان ببـوو دەیگـوت لەم کارەی تۆ سەرم سوڕماوە، زۆر پێ نەچوو سەماوەریان هێنا و چـایان بـۆ تـێ کردین و پاشان نانیان هێنا و جارێ خان دیار نییە، کوڕەکەش جاروبار دێت تۆزێ دادەنیشێ و دەڕوا، دوای نان خواردن حەمید خان وەژوور کەوت، پیاوێك باڵا بەرز چـوار شـانە سمێڵێکـی زل کـەلێوی داپۆشـی بـوو، دەمانچـە بەقـەدەوە، دەسـتی لەدەست نابن و بەخێرهاتنی کردین و پرسی: لەکوێوە هاتوون و لەچی دەگەڕێن؟

– خان رەنگە پێت سەیر بێ ئەگەر بڵێم لەچی دەگەڕێین، مـن خـەڵکی نەغـەدەم، خۆت دەزانی لەشکر هێشتا نەهاتۆتە سندوس، پڕە لەبارزانی، هاتبووم بەڵکو لـەم گوندانە تفـەنگێك بکـڕم، زۆر گـەڕاوین وەگیرمـان نەکـەوتووە، نێوبـانگی جـەنابتم بیستبوو ئەم شیعرەی سەعدیم هاتەوە بیر کەدەڵێ:

جز بەخرد مند مفرما عمل　　گر چە عمل کار خرد مند نیست

بڕیارم دا بێمە لای جەنابت جا نازانم.

– زۆر بـەخێربێن، بـەڵام تـۆ نـازانی مـن دژی دیمـوکرات بـووم و ئێسـتا چـەکداری حکومەتم دەوڵەت گەڕاوەتەوە و بێجگە لـەپیاوی حکومـەت کـەس ناتوانـێ چـەکی هەبێت؟

– ئەوانە هەموو دەزانم، من لەچوارچێوەی قـانون و حکومـەت دا نـەهاتووم داوای چەك لەجەنابت بکەم، من نەدیو و نەسیاو هاتومە مااڵت، ئەگەر تفەنگ نەبێ نـان و چامان خواردووە و ماڵاوایی دەکەین.

لەگـەڵ ئێمـە چـایەکی خـواردەوە و هەسـتا رۆیشـت، زۆری پـێ نەچـوو کـوڕە مێرمنداڵەکە تفەنگێکی برنـۆی سـوارەی بـەدوو سـەد فیشـەکەوە هێنـا و لەپێشـی دانام، تەماشام کرد لەرادەبەدەر جوان و تازە بوو، گوتم قیمەتی چەندە؟

– بابم هیچی نەگوتووە.

چاوەڕوان بووم خان بێتەوە و بزانم چەند پارە بدەم، خان وەژوور کەوت.

– چۆنە؟ ئەو تفەنگەت بەکەیفێیە؟

– زۆر سوپاس.. زۆر جوانە.. بەڵام نازانم قیمەتی چەندە؟

– قیمەتی نییە.. تۆ لەم کاتەدا کەدەوڵەت هاتۆتەوە و چەک قەدەغەیە لەخۆت رادیوە هاتوویە مالّی من ئەو تفەنگەت پێشکێش دەکەم.. دنیا زۆری بەبەرەوەیە، بەڵام ئاگاتان لەخۆ بێ، لەجێگای تر باس مەکەن، لێرە بن تا ئێواری، تاریک داهات وەدەرکەون و کەس نەتان بینێ، دەستی لەدەستی نەین و ڕۆیشت، پاشان کوڕەکەی هات لەپەنام دانیشت، پەنجا تمەنم لەپێش دانا وەری نەدەگرت، بەزۆری خستمە نێو گیرفانی چووە دەرێ سەد فیشەکی دیکەشی بۆ هێنام، تاریک داهات وەدەرکەوتین و شەو لە (دێی وەیسئاغا) چوینە مالّی (مینەی فەتاحی)، لەو سەفەری لەگەڵ مەلا عەولّای حاجی مەلا خالیدم کردبوو لەگەڵ (مینەی فەتاحی) ببوومە ئاشنا، براکانی وەدەرکەوتن و زۆریان پێ سەیر بوو، ڕۆژێک لەوێ بووم بەهۆی مینە فەتاحەوە چوار تفەنگی دیکەم کڕی، بەکورتی پێنج تفەنگ و ۷۰۰ فیشەک بۆم کەوتبوونە ۲۹۰ تمەنی، دەبوایە کاک سولّتانیش لەگەڵ خۆم بەرم بۆ سندوس، شەوێک لەگەڵ کاک سولّتان قۆیتاس سوار بووین شەو هاتینە کوسە کەریز و سبەی شەو سوار بووین چوینە گوڕناوێ مالّە دەزگیرانەکەم، بەیانی تفەنگەکانمان بەجێ هێشت و دەهاتین بۆ نەغەدە لەسەر جۆگەی چیانە توشی کاک ئەحمەدی کوڕی سەید ڕەسوی زیندان بووم، دوو کەسی عێراقی لەگەڵ بوون. بەخێر هاتن و چاک و چۆنی و گوتی: ئەوە دەهاتمە مالّی ئێوە، دەبێ دوو سێ تفەنگانم بۆ پەیدا کەی.

– وەختێکی باش هاتووی، پێنج تفەنگم هەن با بچین بیان بینە ئەگەر بەکەیفت بن هەڵیان گرە، هەر لەوێ لەگەڵ کاک ئەحمەد گەڕاینەوە بۆ گوڕناوێ، لەسەر یەک هەموو تفەنگەکانی یەکی بە ۷۰۰ تمەن هەڵگرت، پارەکەی دا و ئیتر نەهاتە نەغەدە و گەڕاوە.

زستانی یەك دوو سەفەری دیکەم کرد و پـۆلێکی باشـم قـازانج کـرد، دوو بـارگینی دیکەم کڕین و جاروبار ژن براکەشم لەگـەڵ خـۆ دەبـرد، هـەموجار دەچـوومە لای مـەلا مستـەفا و خەبـەری لای میانـدوا و لەشـکری دەوڵـەتی لێ دەپرسـیم، هـەموو جـاریش سـەرێکی حـاجی خۆشـم دەدا و لـەو مانـە باشـە لەرادەبـەدەر رێزیـان لێ دەگرتم، بەڵام نەم گوت بوو دەزگیرانم هەیە و جاروبار لەگەڵ خات خەجیج و کاڵێ بەلاتاو باسێکی وام دەهێنا گـۆڕێ کـەکاڵێم خۆشـدەوێ، خـات خـەجیج زۆری پـێ خۆش دەبوو قسەکانی بۆنی هیواداریـان لێ دەهـات، لەلایـەکی دیکـەش دەزگـیرانم هەبوو هیچ نەدەکرا.

لەزستان دا (سەفەر خانی قارەمانی و پـوڵا بڵوت) کەئەفسەری فیرقە ببـون و ئـەم دوانەم پێشتر لەشـامات دەناسـی و بـۆ ئازایـەتی نێویـان هـەبوو هاتنـە نەغـەدە و میـوانی مـن بـوون، ئـەو دەم سـەرهەنگ غـەفاری بـۆ وتوێـژ لەگـەڵ مـەلا مسـتەفا جاروبار دەهاتە نەغـەدە و میـوانی قولیخـان دەبـوو، قولیخـان کەکاربەدەسـتێکی بەرزی حکومەتی میللـی ئازربایجـان بـوو ئێستا ببـوە خزمـەتکاری بـڕوا پێکـراوی حکومـەتی ئێـران، خەبـەریان زانیبـوو کەئـەم سـێ ئەفسـەری فیرقـەی دیمـوکرات لەمانی من میوانن، رۆژێك قولیخان لەدوای ناردم و گوتی: دەوڵـەت دەزانـێ ئەوانـە لەمانی تۆن، سەرهەنگ غەفاری باسی کردوون، بۆ تۆ باش نییە، یان دەریـان بکـە یان دەنێرم دەیانگرم.

گوتم: تا لەمانی من بن کەس ناتوانێ بیان گرێ، هەتا خۆشیان نەڕۆن میوانن و من دەریـان ناکـەم، بـەڵام دوای چـەند رۆژ خۆیـان هەسـتیان بـەوە کـرد کـەلێیان دەخەفتین چونە چیانە و لەمانی (عەزیز بەرکـەل) بـوون و تـا لەگـەڵ بارزانیـەکان وەدەرکەوتن و لەشەڕەکانی شنۆ و دەشتەبیل دا بەشداریان کرد و پاشـان چـوونە عێراق و لەزینوێ شێخ گیرسابوونەوە.

لەمانگی رەشەمەدا هێشتا بارزانیەکان لەنەغەدە مابوون و هیچ باسی ئـەوە نـەبوو کەبکشێنەوە بۆ شنۆ و یا شەڕ دەست پێ بکا سەفەرێکی دیکەم کرد بـۆ شـامات، ناردم لەمیاندواو چوار فەردە شەکریان بۆ کڕیم و بەوشترانناردمـە حـاجی خـۆش

ماڵە قەیتەران، چومە بازاڕی شەیتاناوا و کابرایەکمان دیتەوە گوتی: تفەنگێکی سوارم هەیە، بەپێنج سەد تمەن سازاین و پارەکەم دایە و قەرارمان دانا سبەی شەو بچم وەری بگرم، لەدێی وەیسئاغا سوار بووم چومە (توبزئاوا) کابرا لەماڵ نەبوو خێزاتی گوتی: چۆتە میاندواو، رۆژێکی دیکە چووم کابرا گوتی: پارەم داوە قەرأرە بۆم بێنن، بەکورتی کابرای عەجەم حەوتوپەکی تەواو دەستاودەستی پێ کردم.

رۆژی شەمو لەبازاڕی شەیتاناوا بەکابرام گوت: من پتر گیر نابم، دەچمەوە سندوس پاش پازدە رۆژ دێمەوە تفەنگەکەم بۆ حازر بکە.

هەر ئەو رۆژە لەبازاڕ تفەنگێکم لەکابرایەکی خەڵکی تاڵاو کڕی و قەولی دا نوێژی شێوان بۆم بێنێتە (دێی وەیسئاغا) ماڵە مینەی فەتاحی.

شەڕە کورد لەنێوەڕاستی بازاڕ

لەگەڵ برادەران لەنێو بازاڕ دەخولاینەوە دیتمان دوو کورد ملیان دەبەر ملی یەک ناوە و لێک دەدەن و بەکەس لێک نابنەوە، من لێیان چوومە پێش و بەتوندی و بەشێوەیەکی ئامرانە، دەنگم دان و گوتم: سەگبابینە کورد لەو حاڵە دایە و ئێوە لەسەرچی بەشەڕدێن، بکشێنەوە تولّە باب.

وەک سامێک بیان گرێ و پێیان وابوو داخوا من کێم، کشانەوە هەریەکە رووبان دەلایەک کرد، خەڵکەکە بڵاوەی کرد و کاک سوڵتان و مینەی فەتاحی گوتیان: باشە ئەوانە بۆ ئاوا بەقسەی تۆ لێک بوونەوە، بۆچی نەیانگوت تۆ چکارەی؟

تازە تاریک دادەهات کابرای تاڵاوی تفەنگەکەی بۆ هێنام، پاش نان خواردن سوار بووم لەگەڵ برای مینە فەتاحی چوومە (توبزئاوا)، لەدەرکی کابرای عەجەم دابەزیم و بارگینم دا بەمەفالەکەم و بەلوولەی تفەنگ دەرگام کردەوە، کابرام دەنگ دا گوتم: نەبزووی ئاگرت تێ بەر دەدەم، دایکی و ژنەکەی دەستیان کرد بەگریان و پاڕانەوە، گوتم: لەجێی خۆت مەبزوو ژنەکەت پارەکەم بۆ بێنێ و یا تفەنگ، ژنەکەی هەستا لەیەخدانێک پارەی هێنا دەر و نەمهێشت بێتە پێش،

پارەکەی دانا دەستم دایە و وەدەرکەوتم، لەدەرەوە دەرگام گالّەدا و سوار بووین، شەو لەمالّە مینەی فەتاحیش گیر نەبووم و دوای نیوەشەو گەیشتمە حاجی خۆش لەمالّە کالّێ لێم وەدەرکەوتن و تفەنگەکەیان شاردەوە و جێیان بۆ داخستم و لێی نوستم.

وەک لەبیرم مابی خوشکی خات خەجیج مێردی بەیەکێك لەئاغاکانی (حاجی خۆش) کردبوو، بەیانی بەفراوین لەمالّی ئاغا بانگێشت کراین، پوری کالّێ گوتی پێمان خۆشە ببیە زاوامان، کالّێ کچێکی باشە، بەداخێکەوە ناچار بووم کەراستی بلّێم گوتم: من دەزگیرانم هەیە و تازە مارەم کردووە، ئەم راستیە بەهیچ جۆر هەلّوێستی ئینسانی و خۆشەویستی خات خەجیج و کالّێی نەگۆڕی، ئێستا کەئەو بیرەوەریانە دەنووسمەوە رێز و حورمەت و پیاوەتی و جوامێری ئەو مالّە باشە و ئەو ئینسانە پاکانەم هەر لەبیرە و لەیادم ناچن، شەو داوام لێ کردن کەشەکرەکەم بەوشترێ خۆیان بۆ بەرنەوە نەغەدە، کاك عەزیز کەدەمراستی مالّێ بوو بەبراکەی گوت: شەوەکی ئەم دوو بارە شەکرە بارکە و بیبە نەغەدە، ئادرێسی مالّم دایە و ئێمە نوستین.

شەوەکی ئەو برادەرە جوامێرە وشتران بار دەکا و بۆ نەغەدە، لەقاوەخانەی کوسەکەرێز تووشی حەسەنئاغای کوسەکەرێز دەبێ، لێی دەپرسێ:

– ئەو بارانە چین و بۆ کوێیان دەبەی؟

– شەکری میرزا کەریمی حسامیە و دەیبەمە نەغەدە.

– بیان بە کوسەکەرێز و لەمالّی خوشکی دایان بنێ، بارزانی لەنەغەدە وەدەرکەوتون و لەشکری ئێران چۆتە نێو شار، بچیە سوندوس وشترەکانت دەچن و شەکرەکەش دەڕوا، ئیتر برای کاك عەزیز وشتیان دەباتە کوسەکەرێز و بارەکان لەمالّی خوشکم دادەنێ، شەو نانمان دەخوارد هاتەوە، حیکایەتی بۆ گێڕیانەوە، من کێچم کەوتە کەولّ و گوتم: ئەسپم بۆ زین کەن دەڕۆم، زۆریان هەولّ دا کەگیر بم تا خەبەرێکی راستمان بۆ دێت، نەم دەتوانی، نەم دەزانی دایك و بابم چییان بەسەر هاتوە، پیاوەکان وەدەرکەوتن کەئەسپم بۆ زین کەن من و خات خەجیج و

کاڵێ مابووینەوە و فیشەکدانم لەخۆ دەبەست کاڵێ گوتی: بۆ لای دەزگیرانی بەپەلەیە، خات خەجیج گوتی: گوێت لەپلاری کاڵێ هەیە.

– گوێم لێیە، جارێکی تر بێمەوە جوابی دەدەمەوە.

– ئێرە مااڵی خۆتە و پێمان لێ نەبڕی.

وەدەرکەوتم سوار دەبووم، ئێستاش ئەو دوعایانەم هەر لەبیرە کەخات خەجیج بۆی دەکردم، بەسوپاس و مەمنونیەکی زۆرەوە لەگەڵ حەسرەتێکی دەروونی لەو پیاو و ژنە باش و بەشەڕەفانە مااڵ ئاواییم خواست، بەداخەوە سەفەری دواییم بوو بۆ حاجی خۆش.

شەو بەبناری خەلیفان و بالفچی دا چوومە گوڕناوێ مااڵە دەزگیرانم، کەچوومە حەسار و دەرگایان لێ کردمەوە دیتم دایك و باب و خوشکم بەسەڵت و قۆلتی لەنەغەدە مااڵیان بەجێ هێشتووە و لەوێن.

وەفای بارزانیان

لەپێش دا گوتم مااڵەکەمان ڕووبەڕووی مااڵە شێخ محەمەد سدیق و مزڵی مەلا مستەفا بوو، دوو بارگینم لەمااڵێ هەبوون و بەو هیوایە ئەگەر بارزانی لەنەغەدە وەدەرکەوتن لەگەڵیان بڕۆم، کاتێك بارزانی بڕیار دەدەن لەنەغەدە بڕۆن عایشۆك دەچێ بەدایکم دەڵێ ئێمە دەڕۆین، باوکم خەریك دەبێ خۆ کۆبکاتەوە و بارگینەکان بارکا و بچێتە گوڕناوێ، دوو بارزانی کەناسیار بوون و هەمیشە هاتووچۆیان دەکرد و لەمااڵە شێخ محەمەد سدیق دا بوون، دەچنە مااڵێ و بارگینەکان لەبابم دەستێنن و دەیان بەن، دایکم دەچێتە مااڵە شێخ محەمەد سدیق و بەعەلی کوڕی محمد سدیق دەڵێ: ئێمەش دەمانەوێ بڕۆین و ناتوانین لێرە بین، بارزانی هاتوون و بارگینەکانی ئێمەیان بەتۆپزی بردووە، لەوەڵام دا پێی دەڵێن لەشنۆیە وڵاخەکانتان دەدەینەوە.

باوکم لەترسی ئەوە کەمن ناسراو بووم ئیتر لەگەڵ دایکم و خوشکم و ئامۆزایەکی بچوکم رادەکەن و دەچنە گوڕناوێ، زۆر کەسی تریش لەکوردەکانی نەغەدە

لەترسی عەجەمان هەڵدێن و مـاڵ بـەجێ دێڵـن، لەگـەڵ هاتنـەوەی لەشکر ئـیتر عەجەم پێ وەر دەبن و ماڵەکەمان تاڵان دەکـەن، باشبوو بـاوکم چـەند رۆژ پـێش تێبینـی کردبـوو یـەک دوو دەسـت پێخـەف و گامێشـەکان و هێنـدێ شـتومەکی ناردبووە گوڕناوێ.

کاتێک گەیشتمەوە دایک و بابم گەلێک پەشێو بوون، مااڵیان تاڵان کرابـوو پـاش ئـەو هەموو خزمەتەی کەبەبارزانیانیان کردبوو، وڵاخیان لێ ئەستاند بوون، لەسەر ماڵان بوون، بارزانی لـەکاتی کشـانەوەدا بـۆ شـنۆ لەهـەمو گونـدەکان وڵاخیـان لەخـەڵک ئەستاندبوو ئەویش بەشی خۆیان ناهەقیان لەخەڵک کردبوو، لەگوڕناوێ دوو بارگین و گوێ درێژیان بردبوو، رۆژێک لەماڵ حەسامەوە و خەبەرم زانـی کەحەمـەد ئاغـای مێرگەسوور لەقەاڵتانە، دوو کەسی خەڵکی گوڕناوێم لەگەڵ خـۆ بـرد و چـوومە الی حەمەد ئاغا، هاشمی سەعیدی خـەڵکی سـابڵاخ وەک نووسـەر لـەالی بـوو، حەمـەد ئاغا دەیناسیم، پاش بەخێرهاتن گلەییم لێ کرد و گوتم: ماڵە شێخ محەمـەد سـدیق بەراسـتی چـاکەیان داوینـەوە، دوو بارگینیـان لـەباوکم ئەسـتاندووە و بردوویانـە، بارگین و گوێ درێژی ئەم دوو کەسەشیان لـەگوڕناوێ بـردووە، زۆری پـێ نـاخۆش بوو پسوڵەیەکی نووسی: وڵاخی هـەڵگری ئـەم پسـوڵەیە الی هەرکـەس بـێ ئەشـێ تەسلیمی بکرێنەوە.

نامەکـەم وەرگـرت و گەڕامـەوە بـەرێگای جاشـیران دا بچـم بـۆ شـنۆ، لەجاشـیران بارزانییەکان گامێشێکی ماڵـە ئاغایـان کوشـتبووە و لێـی هـاڵ بـوون، وڵاخـەکانی گوڕناوێ لەبەر دەرگای ماڵێک بەسترابوونەوە، چوومە ماڵەکـە یـەک دوو بـارزانی لێ بوون، گوتم ئەم وڵاخانە ئی مەن و بمان دەنەوە.

کابرا گوتی: ئەز بۆ خۆم هێناون و نادەمەوە بەکەس.

پاشان چووم مەال حەسەنم دیتەوە مەسئولیان بـوو، نوسـراوی حەمـەد ئاغـام پـێ نیشان دا و گوتم: وڵاخەکان لێرەن، بۆ خۆی هـات وڵاخـەکانی تەسـلیم کردینـەوە، ئەوانم ناردەوە بۆ گوڕناوێ و بۆ خۆم لەگەڵ مامی دەزگیرانم چـوومە شـنۆ، لـەماڵی شـێخ محەمـەد سـدیق دەگـەڕام بەهەڵکـەوت لـەپێش حەسـارێک عایشـۆکم دیـت،

کەچاوی بەمن کەت ماندوونەبوونی لێ کردم و گوتی: ئێستا عەلی دەنێرم، چووە ژوور و عەلی هاتە دەر.

– دەکەرەم کە وەرە ژوور.

– نایەم، چۆن دەبوایە ئێوە بارگینی من لەباوکم بستێنن.

– خودێ ئەز تشتێك نازانم.

عایشۆك گوتی: ئەز زانم کێ بردوونی، ناوی دوو بارزانیانی گوت.

عەلی گوتی بلا بچین لای شێخ ئەحمەد، ولاخی تە ناچن، حەوشێکی گەورە نێزیکەی هەزار کەس لەدەروبەری راوەستا بوو، زۆربەیان لەناوچەی بۆکان و محالێ و شارۆیرانەوە هاتبوون و وەدوای ولاخان کەوتبوون کەبارزانی کاتێ گەڕانەوە لەجەبهە لێی ئەستاند بوون، زۆر پێ نەچوو شێخ ئەحمەد هاتە دەر، عەلی چوە پێش و بەزمانی خۆیان گوتی: کەریم لەنەغەدە دراوسێی بووە، گەلێك بۆ ئێمە چاك بوونە، ناوی دوو کەسانی گوت کەئەوانە ولاخیان لەبابی ئەستاندوە، شێخ ئەحمەد بەخێرهاتنی کردم و گوتی: عەزو بێژن بلا بێت، بارزانیەکی درێژ هاتە پێش و شێخ فەرمووی: لەگەلّ کەریم هەرە، ولاخی ئەو لای هەر کەس بن لەهەر کوێ بن بیدەوە، مرۆڤێك لەگەلّ بنێرە تا دەگاتەوە مالّی خۆ.

عەزۆ ناوی بارزانییەکانی پرسی و گوتیان ئێستا لە (پرد ئاوێن)، هاتینە گوندی پرد ئاوێ و بارزانیمان دیتەوە، کابرا لەپێش دا گوتی: نایاندەمەوە.

عەزۆ گوتی: ئەمری خودانە.

– ئەمری خودان لەسەر سەرا لەسەرچاوا.

ولاخمان وەرگرتەوە و هەر بەشەو هاتینەوە گوڕناوێ، چەند رۆژێك لەگوڕناوێ بووین شەڕی بارزانیان لەگەلّ لەشکری ئێران و دەرەبەگە خائینەکانی کورد کەچەکیان هەلّگرتبوو هاتبوونە سەریان لەنەرزەمێر و قەلاتان و دەربەند دەست پێکرا.

مالّە خەزوریشم چوو بوون لەگوندی (قزلقوپی) شارۆیران جێگایان دیتبۆوە و باریان دەکرد، رۆژێك لەگەلّ مالّە خەزورم بارمان کرد بۆ شارۆیران، لەنێزیك

کوسەکەرێز ئێمە لامان دا چووینە کوسەکەرێز ماڵە خوشکم و دەزگیرانیشم لەگەڵ خۆمان بـرد، ماڵـە خەزوریشـم چـوونە قزلقـۆپی و خوشـکمیان لەگـەڵ خـۆ بـرد، ئەوەبوو شایی و ژن گوێزتنەوەم.

بەشی پێنجەم

دیسان کوێرەوەری و درێژەی تێکۆشانی سیاسی

لەکۆسەکەرێز ماوەیەك لەسەر ماڵە خوشکم وەزعێکی باشمان نەبوو، رووخانی کۆماری مەهاباد، لەداردانی پێشەوا زوڵم و زۆری داگیرکەران، ترس لەگرتن پەرێشانی کردبووم، نێزیکەی مانگێك لەماڵ دەرنەدەکەوتم، بەڵام بێکار و کاسبی و لەسەر ماڵان ژینێکی خۆش نەبوو، تفەنگ و دوو بارگینەکەم فرۆشت سوار بووم چومە شامات، لەو ماوەیەدا لەشامات دۆست و برادەری باشم پەیدا کردبوون، لەبازاڕ تووشی (جەعفەر کرمانج) بووم، جەعفەر کرمانج پیاوێکی ناسراو و ئازا و کاتێك پیاوی مستەفا خان و پیاوی جەعفەری کەریمئاغا بوو، دەمناسی و بەپیاوێکی جوامێرم دەزانی، گوتی تفەنگێکی سوارەم هەیە لێم بکرە، دوو رۆژی تر وەرە لە (لەجێ) وەری بگرە، پارەم دایە و هاتمەوە کوسەکەرێز، دوای دوو رۆژان چووم گوتی: ببورە تفەنگەکەیان نەهێناوە.

بەکورتی یەك دوو جار چووم یا دەیانگوت لەماڵ نییە یا بیانویەکی دەهێناوە، لەم بەینەدا نەخۆش کەوتم، مانگێکی رەبەق کەوتم، دایك و بابم شەو و رۆژ لەبن سەرم دەگریان باوکم دوو جار چووبوە لای کاك جەعفەر، هەرجارە بەقسەیەك بەڕێی کردبوو، رۆژێك تازە دەهات خۆم دەگرتەوە سوار بووم چوومە لەجێ، داوای پارەم کرد، جەعفەر کرمانج گوتی: ئەوانەی تفەنگم لێ کڕیبوون پارەکەیان خواردوە و ئێستا کێشەمە لەگەڵیان، وەرە با لەجیاتی پارەکە گەنمت بدەمێ، یەك دوو برادەرم هەبوون گوتیان هەرچی بیدا لێی وەرگرە، ناچار دە بار گەنمم لێ وەرگرت، بردمە ورمێ ٢٤٠ تمەنی زەرەر کرد و نەجاتیم بوو.

کێشەی دوو سەیدی موسوڵمان

رۆژێك لەکوسەکەرێز لەماڵەوە دانیشتبووم سەید رەحیمی کوڕی سەید عەولای قەڵاتی موتاوی پەیدا بوو، بەخێرهاتن و پاش نان و چا گوتی: پیس پێوەبووم عیلاجێکم نەکەی تێدا چووم.

– چییە؟ چت لێ قەوماوە؟ هەرچی لەدەستم بێ بەچاوان

– سەید گوڵ خەڵکی سستەمی پەنا تالاوی هەزار تمەنی لێ وەرگرتووم کەدوو تفەنگانم بداتێ، ئەوە دە رۆژە دەستاو دەستم پێ دەکا و فریوم دەدا، هاتوومە لای تۆ یارمەتیەکم بدەی.

سەید گوڵ لەو شێخانەی غەوسابات بوو، هاتبوو لەشامات ئەویش بەشی خۆی دەرویش کەری دیتبوونەوە و خۆی بەخێو دەکرد، بابم فەرمووی سوار بە لەگەڵی بچوو، سوار بووم لەگەڵ سەید رەحیم چووینە دەلکداش ماڵە کاك سوڵتان قۆیتاس، بەیانی بازاڕی شەیتاناوا بوو کاك سوڵتانیشمان برد و چوینە بازاڕ، لەوێ چەند دۆست و برادەرم دیتنەوە و مەسەلەکەم پێ گوتن، گوتیان ئێستا دەی بینینەوە و پارەکەی لێ دەستێنینەوە، سەید گوڵمان دیتەوە و لەهەموو لایەکەوە بەسەری داهاتین و گوتی: بەدەستمەوە نەبووە، سبەینێ فەرموون وەرنە ماڵێ و پارەکە وەرگرنەوە، دەبێ بمبورن.

شەو هاتینەوە دەلکداش و سبەی لەگەڵ سەید رەحیم سوار بووین چوینە سستەك لەماڵی سەید گوڵ دابەزین و گوتی یاخوا بەخێربێن دەزانی ئەو شەو تفەنگەکانیان هێناون.

– باشتر کەوابوو تفەنگەکان دەبەین.

– باشە ئێستا ئیسراحەت بکەن و تاریك دابێ تفەنگەکان دێنم، نوێژی شێوان نانمان دەخوارد سەید گوڵ وەدەرکەوت، زۆری پێ نەچوو بەهەناسە بڕکە خۆی کرد بەژوورا و گوتی: دەخیلتان بم راکەن، ژاندارم گەیشتنە نێو گوندی، سەر و ماڵمان تێدا دەچێ، پاشان خۆم ولاخەکانتان بۆ دێنم.

سەید رەحیم تەمای بوو دەرپەڕێ، گوتم دانیشە، ژاندارم هاتن جهەندەم، هەموو لەشکری ئێران بێ نابزوم یا پارە و یا تفەنگەکان.

هەرچەند شێر و رێوی هێناوە فایدەی نەبوو، ئاخری پارەکەمان لێ هەستاند و سوار بووین چوینەوە مالّی کاك سولّتان لەدەلکداش.

بازاڕی محەمەد یار و عەجەمی بەشلّتاخ

رۆژی هەینی بازاڕی محەمەد یار دەبوو بەناوەندی کڕین و فرۆش و لەکوردستان و ئازربایجانەوە خەڵك رووی تێ دەکرد، منیش بۆ ئەوە سامم بشکێ و بچمە نێو خەڵك رۆژی بازاڕ لەگەڵ سەید عەزیزی زاوام سوار بووم چوومە مەحمەد یار، لەدوکانی برادەرێك دانیشتبووم چام دەخواردەوە کابرایەك هاتە پێش دوکان بەتورکی گوتی:

– سەن میرزا کەریم دایل سەن؟ واتە تۆ میرزا کەریم نی؟

– بەڵێ هەوم، کارێکت پێم بوو؟

– ئەوە لەتۆ دەگەڕام، لەبیرتە لەباخی ئاڵی ملّك سەرت شکاندم و تفەنگت دەست دابویەم، کەلێی ورد بوومەوە عەجەمی ئاڵی ملّك بوو کەپێش سێ ساڵ باخەوانەکەم سەری شکاند بوو، گوتم: کێشەی پێش سێ ساڵ زیندوو مەکەوە.

– چووم خۆم نووسیوە بەژاندارم تا تۆڵەی خۆم بکەمەوە.

– باشە ئەگەر بووی بەژاندارم وەرە قسان دەکەین.

– نا.. دەست هەڵناگرمەوە، ئەو زەمان رۆی.

– برۆ کاکە کێشەم پێ مەفرۆشە.

– ها ئێستاش زمانت دەگەڕێتەوە، جنێوی دا.

ئیتر ئاگام لەخۆ نەما، تا هێزم تێدابوو مستێکم لەدەمی دا و زاری پڕ بوو لەخوێن، رای کرد کەشتێك بدۆزێتەوە و بەگژم دا بێ، لەوکاتە قولیخانی بۆ پاشا خانی ئاختەولە چەند چەکداری بەدواوە بەوێ دا هات، چوومە پێش و دوای سڵاو گوتم:

خان ئەگەر رێگا بدەن عەجەمەکان وەدوای وردە حیسابی کۆن بکەون لێرە شەڕی کورد و عەجەم ساز دەبێ.

– بۆ چی بووە؟

مەسەلەکەم بۆ گێڕاوە، بەنۆکەرانی گوت: بچن بیهێنن، سەیفەلی یان هێنا، خوێنی هەر بەلغاوانەوە بوو، نەی هێشت قسە بکا بڕێکی جنێو پێدا و گوتی: ئێستا لەبازاڕ وەدەری بنێن، نەهێڵن لێرە بمێنی.

ئەم هەنگاوە تۆزێك غیرەتی وەبەر نام و نەچوومەوە کوسەکەڕێز و شەو چوومە نەغەدە بەڕێکەوت تووشی سەید رەحمانی کوڕی سەید عەولاێ قەڵاتی بووم، شەو پێکەوە لەمزڵی ئەو رامان بوارد، بەیانی چوومە نێو بازاڕ و لەقاوەخانەیەك دانیشتبووم عەجەمێکی خەڵکی نەغەدە لەگەڵ ژاندارمێك وەژوور کەوت و بەقامك منی نیشان دا و گوتی: ئەوەیە، ئیتر ژاندارم بێ پرس و را دامگژایە، راست بوومەوە و شەقێکم لەژاندارم دا، دوو سێ عەجەمی دیکە راست بوونەوە لەگەڵ ژاندارم لەقاوەخانەیان بردمەدەر و بەهەموان دەوریان دام، لەوکاتەدا ئاجودانی ژاندارمەری گەیشتە بەر دەرکی قاوەخانە و دەنگی ژاندارم و عەجەمانی دا و گوتی: بەری دەن، بانگی دوو ژاندارمەی گەشتی نێو بازاڕی کرد و گوتی: بیبەن بۆ ئیدارەی ژاندارمە، وەپێش خۆیان دام و خەڵکی نێو بازاڕ بەسەیرەوە چاویان لێ دەکردم و کەس نەبوو زمانی بگەڕێ، لەئیدارەی لەژوورێکیان کردم و دەرگایان داخست.

زۆری پێ نەچوو ئاجودان هاتەوە، بانگی کردم و گوتی: دەمێکە لێت دەگەڕێین تۆ تفەنگچی بووی یارمەتی بارزانیانت داوە، ئەفسەری فیرقە لەمالّت بوون، ئێستا دۆسیەت بۆ ساز دەکەم و دەتنێرم بۆ ورمێ، لەو قسانەدا بووین سەید رەحمان هات، بەئاجودانم گوت: کاتێك دەوڵەت نەبووە هەموو کەس چەکدار بوو، ئێستا دەوڵەت هاتۆتەوە منیش دانیشتووم و کاسبی دەکەم.

سەید رەحمان بەئاجودانی گوت من لەبەر میرزا کەریم هاتم، لەو پرسیارانە گەڕێ پازدە تمەنی لەپێش دانا و گوتی ئەوەش شیرینی تۆ و ئێمە کارمان هەیە، لەگەڵ

سەید رەحمان هاتینەدەر و بەوەندە لێدان و کێشەیە رێگای نەغەدەم بۆ کرایەوە، یەک دوو رۆژ لەنەغەدە بووم و لەگەڵ دۆست و برادەران کۆدەبوونەوە و باسی دەست نەکردنەوەی رێبەرانی حیزب و حکومەتی میللی کوردستانمان دەکرد و ئاخمان دەخوارد.

بۆ گردە قیت

مانەوەمان لەکوسەکەریز دایک و بابمی زۆر ناپەحەت کردبوو، هەوڵم دا بچمە مەهاباد بەڵام نەدەسمایەم هەبوو بۆ کاسبی و نە خانوم وەگیر کەوت، چەند دۆست و ئاشنا گوتیان ئەگەر لەگوندێکی قەوغا دوکان دانێی بۆ کاسبی باشە و لەبەرچاوانیش ون دەبی، گردە قیت گوندێکی گەورەیە و قاسمی پیرۆتئاغاش پیاوێکی بەزییکە و ژاندارم زۆر خۆ لەوێ نادەن.

رۆژێك سوار بووم چوومە (گردەقیت) و میوانی قاسمی پیرۆتئاغا بووم، پاش نان خواردن گوتم: هاتووم دوکانی گوندم بەئیجارە بدەنێ و ماڵەکەم بێتە ئێرە و خەریکی کاسبی بم.

– زۆر بەخێربێی، خانووی مەلا چۆڵە، خانویەکی باشە ماڵەکەت بێنە و دوکان دانێ و هەرچی دەکەی بکە و هیچیشت لێ ناستێنم.

– زۆر سوپاس، بەڵام ئاوا نایەم، دوکان بەئیجارە دەگرم و بێ منەت کاسبی دەکەم.

لەو کاتەدا کاك فەتاحی برای هات، باسی ئیجارەمان کرد و کاك فەتاح گوتی:

– سالّی ٢٥٠ تمەنی بدە و کەسی تر لەگوند دوکان دانەنێ.

بەو قەرارە رێك کەوتین، عارەبەیەکمان نارد ماڵەکەم بارکرد و چوینە گردە قیت، چووم لەمەهاباد هێندێ شرە و برەی دوکانم کڕی و باوکم خەریکی دوکان بوو بەئینسافی خۆی شتی دەفرۆشت، گردە قیت گوندێك سەر رێگای ماشێنی مەهاباد و ورمێ بوو هاتووچۆ بۆ ئەم شارانە هاسان بوو، ئەسپەکەم فرۆشت و کردم بەدەسمایە.

کۆمەڵەی لاوانی لادێ

لەمانگی جۆزەردانی ١٣٢٦ رۆژێك چومە نەغەدە و لەگەڵ چەند برادەرێك باسی تێچوونی کۆماری مەهاباد و زۆڵم و زۆری حکومەت و خەیانەتی دەرەبەگەکانی مامەش و دیبوکریمان هێنا گۆڕێ و هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەبەنهێنی رێکخراوێکی تازە ساز بکەین، لەوێوە من چوومە شنۆ و لەگوندی نەلوس تووشی یەکێك لەکوردەکانی ئەودیو بووم بەناوی (عەبدولقادر)، لەسەردەمی کۆمەڵەوە هاتبووە کوردستان و لەکۆمەڵەدا ئەندام بوو پیاوێکی دڵسۆز و بۆ کورد سوتاو، پاشان لەگوندی نەلوس ژنی هێنا بوو لەگەڵ بارزانیەکان نەگەڕابووە عێراق، کەچاوم پێ کەوت لەداخی کەم و کوڕی کۆماری مەهاباد و بێ سەرەو بەرەیی و تێکچوونی حکومەتی میللی داخی دەڕشت و دەستی کرد بەگریان، بردمیە ماڵەکەی خۆی لەتاقە ژوورێکی کاول بوودا دەژیا، نانمان خوارد و بۆ نوێژ چووینە سەر چۆمی و پاشان بەچۆم دا هەڵکشاین و لەبن داریك دانیشتین، باسی وەزعمان هێنا گۆڕێ و گەیشتینە ئەو باوەڕە کەپێویستە لەپێش دا دژی ئاغا و دەرەبەگی کورد خەبات بکرێ، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کۆمەڵێك لەلاوانی گوند دابمەزرێنین و تێیان بگەیەنین کەخەیانەتی دەرەبەگی کورد بۆتە هۆی رووخانی کۆماری کوردستان، عەبدولقادر کەپاشان بوو بەمیرزا قادر دژی ئەوە بوو کەبەنوسین بەیان و پڕۆگرامێك بڵاوکەینەوە، جارێ تەنیا ناسیار و باوەڕپێکراوەکان ببینین، هەرکەس بوو بەئەندام مانگی تمەنێك بدا، من لەناوچەدا هێندێ لاوی تێکۆشەر و خوێن گەرم دەناسین چاوم پێیان کەوت و میرزا قادرم پێ ناساندن بۆ نەغەدە گەڕامەوە.

لەنەغەدە لەگەڵ چەند برادەر پێوەندیم گرت و لاوێکی تازە پێگەیشتووی گەنجمان بەناوی (کەریم پارسا) بەنوختەی پێوەند و نوسین و نامە گۆڕینەوە دیاری کرد. قاوەخانەی محەممەدی سۆفی رەوو وەك بنکەی رێکخراو دیاری کرا، لاوەکان لەوێ کۆدەبوونەوە و بەلاتاو و بەپلار باسی ئاغاکانیان دەکرد، من

حەوتووی رۆژێك دەهاتمە نەغەدە و نامەم بۆ میرزا قادر دەنووسی، نامەکان کەریم پارسا دەینووسین کەخەتی خۆش و کوردی باش دەنووسی.

باوکم تا رادەیەك لەدوکان و کاسبی گردە قیت رازی بوو، رۆژەکانی هەینیَ دوکانی دەبردە بازاڕ و منیش ئەگەر چووبام لەمەهاباد شتێکم بۆ کڕیبایە دەنا بێکار بووم، لەگوندی (تازەقەڵا)ی سندوس کابرایەکی دەوڵەمەندی دوکانداری قورس هەبوو بەناوی (حاجی سەید محەممەد)، حاجی چەند جار چوبووە حەج و لەرێگای ساختەچیەتی و بەناوی حەج پارەیەکی قورسی وەسەر یەك نابوو، هەموو سالێ لەسندوس بەپیرە پیاوان دا دەگەڕا پارەی لێ هەردەگرتن کەگوێا لەمەککە حەجیان بۆ دەکڕی، کەدەهاتەوە هەریەکە گەزە کەشیدەیەك و یەك دوو وێنەی مەککە و مەدینەی بۆ دەهێنان و دەیکردن بەحاجی، لەم رێگایەوە ببوە سەرمایەدارێکی گەورە و سەید مستەفای کوڕی لەتاران بەلۆری کوتالّی دەهێنا و بەدوکانداراَنی دەفرۆشت، ئەوسالّەی مالّمان لەشەریفەددین بوو هاتوچۆی دوکانی حاجی سەیدم دەکرد و لەگەڵ سەید مستەفای کوڕی ئاشنایەتیم هەبوو، رۆژێك لەبازاڕی محەمەد یار حاجی سەید بانگی کردم و ناردی چایەکیان بۆ هێنام و گوتی: وەك بزانم ئێستا بێکاری، من دراوم هەیە با هێندێ پارەت بدەمێ قازانج بەنیوەیی سەودای پێ بکە.

– پێم خۆشە بەڵام سەودای چی بکەم، ئێست کاسبی زۆر کەمە.

– دەڵێن لەعێراق تفەنگ چاك دەفرۆشرێن ئەگەر یەك دوو سەفەرت کرد بان زۆر باش دەبوو، لەوسەریش دەتوانی پارچە بۆ من بێنی.

من کەبێکار بووم لەخوام دەویست کاسبیەك پەیدابێ و هەر لەو کاتەش دا بەبیانووی کاسبی و گەڕان دۆست و برادەران ببینم و کۆمەڵەی لاوانی لادێ پەرە پێ بدەم، لەگەڵ حاجی رێك کەوتم و ۷۵۰ تمەنم لێ وەرگرت چوومەوە بۆ باوکم گێڕاوە، بابم گوتی پێم خۆش نییە قاچاخی بکەی دەست هەڵگرە.

– لەبێکاری هەر باشترە و تازە پارەشم وەرگرتـەوە بـا سـەفەرێك بکـەم، سـواری ماشێن بووم چومە سابلاخ و لەوێوە چوومە شامات (دێی وەیسئاغا) چـوومە مـاڵی مینەی فەتاحی.

تـازە گەیشـتبوومە جـێ مینـە لـەنێو گونـدی بـوو، چـوون بـانگی کەنـەوە، لـەپڕ ئەفسەرێك و پێنج سەربازی سوار هاتنە حەسارێ، ماڵە کابرا بەجارێك وشك بوون، دوو برای لەماڵێ بوون خۆیان شاردەوە، وەدەرکەوتم کابرای ئەفسەرم بـەخێرهاتن کرد، ستوانێکی فارس بـوو نەدەهاتـە ژوور، گـوتی: مـن نایەمـە ژوور، ئـەمرم پـێ کراوە هەر ئێستا مینەی فەتاح بەرم بۆ میاندواو، سواربە با بڕۆین.

– من مینە نیم، ئامۆزای ئەوم و ئێستا لەسندوسەوە هاتووم سەریان بـدەم، مینـە لەنێو گوندە و دەنێرم بێتەوە، فەرموو وەرە ژوور.

ئەفسەر پاش تۆزێ بیرکردنەوە هاتە ژوور، وەتاخێکی پڕ فەرش و خـاوێن، چـایان هێنا، پێم گـوت بـا سـەربازەکانیش دابـەزن و بێنـە ژوور، نـان دەخـۆین و پاشـان منیش دێم چونکە مینە فارسی نازانی، لەوکاتەدا مینە هاتەوە، سەربازەکان هاتنە ژوور و نانێکی باشیان سازکرد، ئەفسەر گوتی: بەراستی منیان خەراپ تـێ گەیانـد بووم، لام وابوو کورد لەماڵی خۆیان سەری خەڵك دەبڕن، ئێستا لەمیوانداری ئێـوە سەرم سوڕماوە، دەڵێم خۆزیا نەهاتبام، لەوکاتەدا کەتۆ هاتووی سەریان بدەی من ناچارم مینە لەگەڵ خۆم بەرم، گوتم قـەی ناکـا، پێمـان خۆشـبوو کـەتۆ شـارەزای داب و رەسمـی کـوردەواری بـووی، دایـك و بـابی مینـە هـاتن و دەسـتیان کـرد بەپارانەوە، بەقوربانت بین تۆ لەگەڵی نەچی مینە پێوە دەبێ، ولاخیان بـۆ منـیش ساز کرد و سوار بووین چووینە میاندواو.

بردیانینە لەشکر و ئەفسەر چووە ژوور و پاش بیست دەقیقە ئێمەیان بـانگ کـرد، ئەفسەرێك لەپشت مێزێك خۆی هەڵساند بوو پرسی: مینە کێیە؟

مینە هەستا سەرپێ و گوتی منم.

– فارسی دەزانی؟

– نەخێر.

بەمنی گوت بۆی تەرجومە بکە، دیاربوو ئەفسەری پێشوو باسی بۆ کردبوو.
رووی لەمینە کرد و گوتی: وەک بەئێمە گوتراوە تۆ تفەنگ و فیشەک دەکڕی و بۆ عێراقیان دەنێری، ئەوە سزای ئیعدامە، ئێستا دەوڵەت هەیە و چەک کڕین و فرۆشتن بەجارێ قەدەغەیە.
مینە گوتی: قوربان بەجوقەی ئەعلا حەزرەت درۆیە، من جوتبەندەیەکی ئامپام، چوار جوتم دەگەڕێن ٣٠٠٠ سەر مەڕم هەیە، دە پازدە گامێش و مانگام هەن، چەند ولاخی سواریم هەیە، پێویستیم بەقاچاغی و کڕین و فرۆشتن نییە.
بۆم تەرجومە کرد و گوتم: جەنابی سەروان ئامۆزای من زۆر دەوڵەمەندە، پێم خۆشە رۆژێك تەشریف بێنی میوانی بی، راپۆرتی بەدرۆیان لێ داوە.
– باشە لەبەرتۆ ئیزنی دەدەم بێتەوە، بەڵام دەبێ شتێك ئیمزا بکا کەهەر کاتێك لەدوامان نارد بێتەوە.
من چەند دێرێکم نووسی، مینە قامکی پێوەنا و دەستمان لەدەستی سەروان نا و دەرکەوتین، ئێوارە درەنگ گەیشتینەوە، کەوەژوور کەوتین خەڵکێکی زۆری گوندی لەماڵە مینە بوون و نیگەرانی بوون، مینە زۆری سوپاس کردم و گوتی: میرزا کەریم لەگەڵم نەبا وا بەهاسانی دەرباز نەدەبووم، من پێشتریش هاتووچۆی ئەم گوندەم کردبوو دەیان ناسیم، بەڵام ئەو سەفەرە و چوونە میاندواوم لەگەڵ مینە لای خەڵك خۆشەویستی کردم.
بەیانی چوومە بازاڕی شەیتاناوا، مینە گوتی تفەنگێك لەتالاو هەیە من بۆت دەکڕم پوڵیش نەدەی گرنگ نییە تا جارێکی تر دێیەوە، دەبوایە ئەسپێك بکڕم، ولاخێکی زۆر جوان و قەڵەویان راگرتبوو دەیانفرۆشت، سواری بووم بەکەیفێم بوو، بەسێ سەد تمەن بەزینەوە کڕیم، دوو رۆژ گیربووم تفەنگێکی دیکەشیان بۆ پەیدا کردم و شەوێك سوار بووم هاتمە قزلقوپی ماڵە خەزورم، بەڵام هەر شەوێ هەوەڵ بارگین سەر سمی دەدا و هەموو جار کەم دەما وەعەرزێ کەوێ، زانیم فریون خواردوە، بەرۆژ ئەسپم تێرکرد و تاریك داهات سواربووم بەو هیوایە تا بەیانی بگەمە قەڵاتی موتاوی ماڵە سەید رەحمانی.

لەهەورازی (چوغری) پشتی (بەگم قەڵا) بارگین وەستا، هەرچی کردم نەبزووت، بەهەزار حاڵ تاو لەسەرانی دەدا وەسەر کەوتم بۆ دیوی دەشتی قورێ، تەماشام کرد لەمەزرای (حاجی غەلدە) تاوڵێك هەڵدراوە، سەرەو ژێر بارگینم راکێشا و خۆم گەیاندە نێزیك چادرەکە، میرگ دروابوون و هێندێ گالیشە گیا کۆکرابوونەوە، تفەنگ و فیشەکەکانم شاردەوە چەخماخی تفەنگەکانم هێنادەر و زینم لەئەسپەبۆر کردەوە ئەسپم بەرەڵا کرد و رووم کردە چادرەکە، کەچووم تازە تاو هەڵدەهات، ژنێك و کیژێکی تازە پێگەیشتوو مەشکەیان دەژاند، سڵاوم کرد گورج لبادێکیان راخست و بەخێرهاتنێکی گەرم و چایان ساز کرد، لەمەشکە ژاندن بوونەوە نان و شیرێژ و روون و ماستیان هێنا و ژنەکە هات دانیشت و چای بۆ تێکردم، نان و چام خوارد و ژن وەدەنگهات:

– ئەرێ برا گیان خۆ پرسیار عەیب نییە، بەو بەیانیە لەکوێوە دێی؟ هەروەك شتێکت لێ قەومابێ وایە.

– هیچم لێ نەقەوماوە، دەچووم بۆ بەری پیرانان، بارگینەکەم وەستاوە، والەمەزراوە بەرەڵام کردووە و خۆشم هاتووم تا ئێواری فێنك دەبێ میوانی ئێوەم، ئێواریش دەڕۆم.

– رەببی زۆر بەخێربێی سەرچاوان مااڵی خۆتە.

– چادری کێیە؟

– چادری حاجی عەولایە.

– ئەگەر سەرینێکم دەنێ دەمەوێ هێندی بنووم، زۆر هیلاکم.

سەرینێکی بۆ هێنام و راکشام، پۆپەشمینێکی پێ دادام، خەوم لێ نەکەوتببو کەبەکیژەکەی گوت بچووە گوند و فرۆجێك و هێندێ نانی جوان بێنە.

سەرم هەڵێنا گوتم: ئەگەر هەر وایە زەحمەت نەبێ هێندێکیش جۆ بۆ ئەسپەکەی من بێنە دەنا دەرناچێ و ناچار هەر لێرە دەبم.

– بەقوربانت بم مااڵی خۆتە، لەمیوان ناترسین، کچێ جۆت لەبیر نەچێ.

راکشام و خەوم لێ کەوت، نیوەڕۆ بوو بەدەنگە دەنگی ژنان لەخەو رابووم، دیتم سێ چوار گەورە کچ هاتوونە مەڕ دۆشین و لەچادر دەستیان کردووە بەگاڵتە.

ژنەکە چای بۆ هێنام و گوتی: ئەیڕۆ بەخوای راستیت پێ گوتوین، دیارە زۆر هیلاکی ئەگەر هیچت لێ نەقەوماوە بەو بەیانە لەچی دەگەڕێی؟

– نا هیچم لێ نەقەوماوە، دوو تفەنگم پێن بۆ عێراق دەچم، بارگینەکەم وەستاوە، تفەنگەکانیشم شاردۆتەوە تا ئێوارێ.

– ئەیڕۆ جا ئەوە کارە؟ ژاندارم و ئاغاکانی شاوەلە و پەسوی وەک سەگی هار بەو نێوەدا دەسووڕێنەوە، جا ئەوە کاسبی نەماوە، بەخولایێ ژنت نییە دەنا نەی دەهێشت ئەو کارە بکەی.

کیژەکە هاتبووە، تورەکێك جۆی هێنابوو، نان و چێشتێکی بەتامیان ساز کردبوو، نانیان بۆ هێنام، خۆشیان لەدیوی چیغی نانیان خوارد، هاتن پێکەوە چامان خواردەوە، نێزیك رۆژئاوا چووم بارگینم گرتەوە و زینم کرد و هەگبەی فیشەکانم هاویشتە سەر زین و تفەنگم دەست دانێ و چوومەوە چادر.

ژن کەچاویان بەتفەنگان کەوت حەپەسان، تورەکە جۆم وەسەری بارگین خست و تفەنگ و فیشەکم لەوێ دانان و دانیشتم، چایان سازکردەوە نانیان بۆ هێنام و دوعایان بۆ دەکردم، دوو سێ نان و هێندێ شیرێژ و رۆنیان پێچاوە و دەهات رۆژئاوا بێ سواربووم و لەنێو پەرژینی دوعایان دا مالاواییم لێ کردن و رۆیشتم، بەڵام تا ئێستاش حیسانەتی و میواندارێ ئەو ماڵەم لەبیر نەچۆتەوە.

بەهیوا بووم شەو بچمە قەڵاتی موتاوی بەڵام دیسان بارگینە بۆر لەنێزیك شنۆ زەنگ وەستا، بەهەزار رکێف و قامچی تاو هەڵدەهات گەیشتمە لاوین، لەسەر جۆگەی پێش ماڵان کابرایەك خەرمانی هەڵداویشت، ناچار لام دا سەر خەرمان و دابەزیم، بەسۆفیم گوت براگیان لێم قەوماوە، بارگینەکەم وەستاوە و دەرناچێ، با ئەو تفەنگ و فیشەکانە لێرە وەشێرم و بارگینەکەشم با لەسەر خەرمان بێ تا ئێوارێ دەڕۆم، کابرا وەك پیاوان تەلیسێکی هێنا و تفەنگەکانی تێوەر پێچا و دەمالۆسکی جۆدا دایپۆشین و هەگبەی فیشەکانیشی لەکادا شاردەوە و بارگینی

رووت کرد و گوتی: فەرموو هەر ئەم خانوەی پێشەوە ماڵە برای خۆتە فەرموو با بچینەوە لەماڵ بحەسێوە و کەسیش شك ناکا، لەدوێنێوە هێندێ عەجەم لەزیدان لەماڵە سەید شێخ محەممەد دابەزیون و کەس نازانێ لەچی دەگەڕێن، چوینە ماڵ لەبەر هەیوان دانیشتین چایان لێ نا و پاش چا خواردنەوە کابرا هەستا گوتی: جا تۆ ئیسراحەت بکە، خولاّ بکا ئەو سەگبابانە پێ نەزانن.

– سەگباب کێن؟

– کاك سلەمانی لاوین و هەتیوەکانی، شرەخۆرن زۆر بێ ناموسن هەر لەراوڕووت دەگەڕێن.

– مەترسێ دەیانناسم و ئەگەر پێش بزانن کاریان بەمن نییە یەکتر دەناسین.

– جسنی ئاغا بێ ناموسە و نابێ بڕوایان پێ بکرێ.

لەو قسانەدا بووین منداڵێك هات و گوتی: سۆفی وەرە کاك سلەمان بانگت دەکا، سۆفی چوو و هاتەوە و گوتی: کاك سلەمان دەڵێ ئەو بارگینەی سەر خەرمان ئی کێیە؟ گوتوومە میوانە، ئیتر بێدەنگ بوو رۆیشت.

هەر بەدوای ئەودا کوڕێکی کاك سلەمان وەژوور کەوت، گوتی: بابم گوتویە: بچۆ بزانە میوانی سۆفی کێیە؟ هەتیو رۆیشت و تەماشام کرد ژنێك بەپەلە خۆی کرد بەماڵە سۆفی دا، تەماشام کرد بووکی کاك سلەمانی لاوین بوو، ئامین خوشکی هەمزە برای عەولاّی فەقێ وسێن و سەردەمێك جیران ببوین و نێوانمان زۆر خۆشبوو، ئەوانیش خۆیان بەقولّە ئاغا دەزانێ و لەبەر جوانی کوڕی کاك سلەمان خواستبووی، لەسەر دەمی حکومەتی میللی دا کەماڵم لەنەغەدە بوو یەك دوو جار هاتبوومە لاوین ماڵە پوورم و لەگەڵ ئامین راز و نیازی کۆنی سەردەمی دراوسێیەتیمان زیندوو کردبۆوە.

ئامین کەهاتە ژوور بێ ئەوە لەژنی سۆفی بسڵەمێتەوە گوتی: ئەیڕۆ ئەوە بۆ دانیشتووی؟ ئێستا خەریکن بێن تفەنگ و فیشەکەکانت بەرن، چاك و خۆشیم لەگەڵ کرد و گوتم: تفەنگی چی؟

– چۆن سۆفی ردێن کلکە سەگە پێی گوتون، ئێستا لەژوورەکەی من خەزور و مێردە سەگبابەکەم باسیان دەکرد، دەیانگوت دوو تفەنگی پێیە.

ژنی سۆفی وەدەنگ هات و گوتی: بەقوربانت بم بەخولای ئامینە خانم راست دەکات، سەگبابی مێردم راستی گوتوە.

– وەرە جارێ دانیشە هێندێ قسان بکەین پاشان بیری لێ دەکەینەوە.

– کوڕە قسەی چی؟ ئەو سەگبابانە ناناسی، دەزانن تۆی و ناسیویانی.

– کەوایە ئامین یەکێك پەیدا کە بەسواری کاغەزێك بۆ قەلات بەرێ و بیدا بەسەید رەحمان، نامەیەکم نووسی بۆ سەید رەحمان گوتم: زۆر بەپەلە یەکێك لەکوڕەکان نەنێری لەلاوین تووشی شەڕ و کێشە دەبم، ئامین نامەکەی وەرگرت و بەژنی سۆفی گوت:

– نەکەی دەنگ بکەی، بۆم دەرکەوت ئامین و سۆفی ژن شتێکیان لەنێوان دا هەیە. ئامین رۆیشت و چوومە سەر خەرمان، تفەنگەکانم هێنا دەر و گوتم: مام سۆفی زۆرت لێ مەمنونم، تکایە تۆ بچۆوە مالێ تا من دەڕۆم، با تووشی کێشە نەبی.

– بۆچی؟ چی بووە؟ چۆن وا بەنوێژی نیوەڕۆ دەڕۆی؟ زیدان عەجەمی تێدان.

– سۆفی لەسەری مەڕۆ، تۆ چووی راستیت گوتوە، ئێستاش بچۆ بەکاك سلەمان بڵێ ٦٠٠ فیشەکم پێیە کەسێك نیم رووت بکرێم، تا ئاخر فیشەك شەڕ دەکەم.

تفەنگ و فیشەکەکانم هەڵگرت و خەندەکێك لەپشت خەرمانەکە بوو ئەوێم رەچاو کرد و بارگینم زین کردەوە و چاوەڕوان دانیشتم، زۆری پێ نەچوو کوڕێکی کاك سلەمان لەگەڵ سۆفی هاتن و گوتیان: کاك سلەمان دەڵێ مالّە سەید شێخ محەممەدی زیدان عەجەمی تێدان با تووشی کێشە نەبێ ٢٠٠ فیشەکمان بداتێ و بڕوا.

گوتم: بەکاك سلەمان بڵێ عەیبە، یەك فیشەکیش نادەم هەرکەس لەجۆگەش بپەڕێتەوە تەقەی لێ دێنم، چاوەڕوانی کارەسات بووم و خۆم بۆ شەڕێکی قورس ئامادە کردبوو لەپڕ سەید مستەفای برای سەید زەحمان بەسواری پەیدا بوو،

گەیشتە سەر خەرمان و گوتی: سواربە بەچۆمی دا دەچینە خوار و بەخوا جالی دا دەڕۆین، بەداخەوە نەمتوانی خواحافیزی لەئامینەخانم بکەم سوار بووم بەپشت مالآن دا شۆڕ بووینەوە قەراخ چۆمی لاوین و چوینە قەلآتێ، ڕۆژێک لەوێ حەسامەوە، ڕۆژی دوایی بارگینم لەوێ بەجێ هێشت و سواری ولآخێکی ئەوان بووم و لەگەڵ سەید مستەفا چووینە کۆیستانی پیرانەکانی بیتوێن بەدیوی عێراق دا و چووینە ماڵە (ڕەسووی خاڵە)، کۆیخا ڕەسوو ڕیش سپی و کۆیخای هۆبەی پیرانەکانی بیتوێن بوو، لەکۆنەوە لەگەڵ ماڵە سەید عەولآ ئاشنایەتی هەبوو، گەیشتینە بەردەرکی ڕەشماڵ و لێمان وەدەرکەوتن، یەک دوو کەس جڵەوی بارگینی منیان گرت و کەس خۆی دەسەید مستەفا نەگەیاند، دیار بوو لەرانک و چۆغەی تازە و بۆشناخی من لایان وابوو سەید مستەفا پیاوی منە و داخوا من کێم؟ کەکوێخا ڕەسوو هاتەوە سەید مستەفای ناسی و بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین.

پاش نان و چا واردن سەید مستەفا گوتی: کاک ڕەحمانم ئەو دوو تفەنگەی ناردۆتەوە لای تۆ بیانفرۆشی، کوێخا ڕەسوو تەماشای تفەنگەکانی کرد و بانگی کرد:

– دا هێندێک پارە بێنن، ژنێک کیفێکی لەپێش دانا، هەزار و پێنج سەد تمەنی هێنا دەر و لەپێش سەید مستەفای دانا، گوتی: بەسە یا زیاتر دابنێم؟

گوتم: بەسە و قیمەتی خۆیانە، دوای نیوەڕۆ سوار بووین و چووینە زینوێ شێخ.

من پێشتر چووبوومە زینوێ و خەڵکم دەناسی، بەنێو دوکانەکان دا دەگەڕام دیتم برایمی نادری وەزیری فەرهەنگی کۆماری مەهاباد لەدوکانێک دانیشتووە[1] برایمی نادریم دەناسی و بەتایبەت پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان کەهاتبوە نەغەدە زۆرم قەدر گرتبوو، کەچاوی بەمن کەوت ئامبازم بوو لەئامێزی گرتم و دوای ماچ کردن و لێم پرسی: چیت لێ هات و چۆن گەیشتوویە ئێرە؟

---

(1) ئیبراهیمی نادری کوردێکی کرماشانی و زۆر خوێندەوار و زانا بوو، لەساڵی ١٣٣٥ کرا بەوەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان.

– پـاش ئـەوە بارزانیـەکان لەنەغـەدە وەدەرکـەوتن ماوەیـەك لەشـنۆ و لـەنێو مامەشان خۆم بوارد، پاشان زەلامێکم بەکرێ گرت کەبمگەیەنێتەوە زینـوێ شـێخ، لەمەزرای کەڵەکین

کابرای چاوساخ گوتی: بـا تاوێك لـەبن ئـەو گالیشـە گیایـە بحەسـێینەوە و تـۆزێ تاریك دابێ و دەکەوینە رێگا.

راکشام و خەوم لێ کەوت، بەهەرای کابرایەك وەخەبەر هاتم کەجنێوی دەدان، هاتە پـێش و دەسـتی هەڵنـەدەگرت کەبۆچـی ولاخمـان وەسـەر گیـا کـردووە، منـیش بەتوندی بەگژی دا چووم، گوتی: مـن رەسـوڵ ئاغـای کەڵەکینم، راوەسـتە ئێسـتا پێت دەڵێم، رۆیشت و زۆری پـێ نەچـوو ئـەمجارە بەتفەنگـەوە گـەڕاوە، بـەکابرام گوت کاکە لەزینوێ یەکتر دەبینینەوە، سواربووم بۆ دەربکە، رەسوڵ ئاغـا کەوتـە سەرم و وەبەر تفەنگانی دام، رام کرد بۆ دەربکە، مارفاغای دەربکە کەدەمناسی و لایەنگری کۆماری مەهاباد بوو بەپەنام زانی و رووم کـردە بـەر دەرگـای دیوەخـان کەلەوێ راوەسـتا بـوو، لـەدوورەوە دەنگـی دام و گـوتی: مەیـە ئێـرە، بـام داوە و بەچۆمی دا کوتام، تاریك دادەهات و کابرا لەدەربکە لەدوام گەڕاوە، چوومە گوندی (گەپلەسەن)، شەو کابرایەکم بـەکرێ گـرت و هاتمـە زینـوێ، ئێسـتا ئـەوە لێـرەم، قازی لەرێگای ئەم میللەتەدا بەکوشت چوو، لەزینوێ شێخ لەگەڵ مستەفای کـوڕی شێخ عوبەیـدوڵا بوومـە ئاشـنا، ئـەو پـتر باسـی کۆمۆنێسـتی و یەکسـانی دەکـرد، فیکری لـەمن رووبـتر بـوو، چـاوم بەکاحەمـەدی سـەروکانی کـەوت کـەرای کردبـوو لەگەڵ کاك ئەحمەدی برای چووبوە خەلان و لەماڵە شێخ عەلائەددین بـوون، پـاش دوو رۆژ لەگـەڵ سـەید مسـتەفا هاتینـەوە بـۆ قـەڵات، سـەید رەحمـان چـۆنیەتی سەفەرەکەی پرسی، سەید مستەفا گوتی: جا سەفەری چی؟ هەتا کاك کەریم ئـەو رانك و چۆغەی لەبەردابێ تازە سەفەری لەگەڵ ناکەم.

کاتێك گەڕامەوە چوومە لای حـاجی سـەید و هێنـدێ پارچـەم بـۆ هێنـابوو دامـێ و حیسابم لەگەڵ کرد و ویستم پووڵەکەی بدەمەوە، حاجی پارەکەی وەرنەگرتەوە و گوتی بەڵکو سەفەرێکی دیکەش بکەی، ماوەیەك لـەماڵێ بـووم سـەفەرێکی دیکـەم

بۆ عێراق کرد ئاشنایەتیم لەگەڵ کاك مستەفای شێخ عوبەیدوڵا و چەند کەسی تر لەسەر تێکۆشان سوورتری کردم، لەگەڕانەوەدا حیسابم لەگەڵ حاجی کرد و نێزیکەی شەش سەد تمەنم قازانج دا بۆیە، سەید بەهیوای قازانجی پتر پارەکەی وەرنەگرتەوە.

دوکانی گوندی بەشی زۆر لەهاوین و لەجەنگەی خەرمانان دا کار دەکا، دەبوایە یارمەتی بدەم میوەی بۆ بێنم، لەبەر ئەوە باوکم ئیجازەی نەدا کەخەریکی هاتووچۆی عێراق بم، دوکانەکەمان باشی کار دەکرد، عەیبێکی دیکەی ئەوەیە کەدەبێ هەمووی بەقەرز بدەی، بۆ ئەو کارە دەسمایەی زۆری دەوێ، ئێمەش هەرچی دەمانکڕی بەقەرز دەڕۆی، لەجەنگەی خەرمانان و کۆکردنەوەی قەرز و قۆڵ دا، رۆژێك قاسمی پێرۆتئاغا لەدوای ناردم و گوتی: دەبێ لەگەڵم بێیە نەغەدە، لەگەڵ ئاغاکانی مامەش کۆبوونەوەمان هەیە کەس نییە لەگەڵم بێ.

گوتم: کاك قاسم من بۆیە دوکانم بەئیجار گرتووە کەبێگار نەکەم، ئێستا جەنگەی کاسبی ئێمەیە، ناتوانم بێم.

– کەس نییە لەگەڵم بێ هیچ پیاوم نین تۆ لەگەڵم وەرە.

تەماشام کرد فایدەی نییە و لەگەڵ ملهوڕ هیچ ناکرێ، چوومەوە بارگینم زین کرد و چوومە لای قاسمئاغا و گوتم ئامادەم، تا گەیشتینە نەغەدە قڕ و قەپ یەك قسەشمان نەکرد.

گەیشتینە نێو شار و گوتم: کاقاسم خواحافیز، بەسەرسوڕمانەوە:

– یانی چی؟ بۆ کوێ دەچی؟

– کاقاسم من نۆکەری ناکەم، بۆ نۆکەری نابم، من بێم لەپاشخانە دابنیشم و بڵێی نۆکەرم لەگەڵە و کەوشت بۆ دابنێم؟ لەگەڵت نایەم و دەچم بار دەکەم و لەگردەقیتیش نابم، هەرچەند هەوڵی دا رکێفم لەبارگین دا و چووم لەکاروانسەرایەك دابەزیم.

سۆفی رەحمانی بەزاز دوکاندارێکی نەغەدە بوو رای کرد بوو مااڵی چوبوە بۆکان، خانوویەکی باشی هەبوو کلیلی دابوو بەئاشنایەکی خۆی و دۆستێکی من، چوومە

لای و گوتم: دەمەوێ بێمەوە نەغەدە، خانووم وەگیر ناکەوێ، هاتووم خانووەکەی سۆفی رەحمانم بدەیەی تا بۆ خۆی دێتەوە، وەك پیاوان کلیلی خانوەکەی لەپێش دانام و گوتی: ئەوە کلیل و خۆت زانی لەگەڵ سۆفی رەحمان.

کلیلم وەرگرت و چومە ڕادانە، برادەرێکی ئازربایجانیم هەبوو کەڵ و عارەبەم لێ وەرگرت و شەو چوومەوە گردەقیت، بەباوکم گوت: لێرە نابم، دەیانەوێ بمکەن بەنۆکەری سواری و بێگارم پێ بکەن، خانووی سۆفی رەحمانم وەرگرتوە و دەچینە نەغەدە.

بابم زۆر ناڕەحەت بوو، گوتی: هەرچی هەمانە بۆتە قەرز، مالّ وێران دەبین، بۆمان کۆنابێتەوە، بەڵام حەوانەوەش لەگەڵ ئەو ئاغایانە زەحمەتە.

بەیانی مالّمان بارکرد کاك فەتاحی برای قاسمئاغا هات، زۆری هەوڵ دا کەبار نەکەین، مالّەکەمان لێ نا و چوینە نەغەدە، خانوومان هەبوو بەڵام بێ کار و کاسبی، بارگینەکەم فرۆشت و حەوتووی جارێك دەچوومە گردەقیتی کەقەرزەکان کۆبکەمەوە، ئاغاکانی گردەقیت هەریەکەی دوو سەد تمەن تا سەد و حەفتا تمەنم پێ قەرزدار بوون نەیاندەداوە، ئەم کارەساتە بەجارێك لەسیستەمی دەرەبەگی و جسنی ئاغا بێزاری کردم ئەو جار ئیدی لەنەغەدە بووم و شێوەی تێکۆشان و پێوەندیم لەگەڵ لاوان بەتینتر کرد، بێکاری لەنەغەدە و دانیشتنم لەچایخانان، لەگەڵ هێندێ جووڵانەوەم ژاندارمەری سڵ کردبوو ئاگام لێ بوو چاوەدێریان دەکرد، قەرزەکانم بۆ کۆنەدەبوونەوە و یا بەشی ئەوەندەم کۆدەکردەوە کەبیخۆین، هێوەرە گامێشێکمان هەبوو یەك دوو جار وبستم بیفرۆشم و بیکەم بەدەسمایە و کاسبیەك بکەم، دایکم نەی هێشت و دەیگوت ئاوسە و لەزستان دا دەزێ و ماستمان دەبێ.

لەم وەزع و هەل و مەرجەدا نەخۆش کەوتم، پتر لەدوو مانگ لەسەر جێ بووم، کابرایەك بەنێوی (دوکتۆر لوتفی) کەلەعێراقەوە هاتبووە کوردستانی ئێران و لەنەغەدە گیرسابۆوە و ژنی هێنابوو لەگوندەکان دەسوڕاوە و نەخۆشی دەرمان دەکردن، دیارە تەماشاکردن و دەرمانکردنی بەقاچاخی بوو دەوڵەت نەك هەر

ئیجازەی نەدابوو بەڵکو چونکە ئێرانی نەبوو پێناسی ساختەی پەیدا کردبوو جاروبار بانگێشت دەکرا و ئەزیەتیان دەدا، بەڵام ژاندارمە بەپوڵێکی کەم وازی لێ دەهێنا، پاشان کەباسی دەکەم بەقیمەتی ئیجازەی مانەوە و دەرمانکردنی، بوو بەجاسوسی ئێران و خزمەتی دەکردن.

هەرچۆنێك بێ دوکتۆر لوتفی دەفریام کەوت، نەخۆشیەکەم زۆر تۆند دەبێ و حەوت رۆژ بێ هۆش لەگیانەڵا دا دەبم، مەلاکانی خەلیفان و بالفچی و ئاڵیاوە و دزە و نەغەدە دێنە سەرم و رێگای چارە لەوەدا دەبینن کەسوڕەی (رعد) لەقورئانی پیرۆز بخوێنن و زوو گیانم دەرچێ و ئەوەندە بەگیانەڵاوە نەبم، وەك دوایە بۆیان دەگێڕامەوە ماوەی حەوتوێك خەڵکی نەغەدە و گوندەکانی دەوروبەر لەهاتووچۆی مالّی ئێمەدا بوون و رۆژی جومعە بۆ مانەوەم لەمزگەوت دوعای بەتێکڕایی کرابوو.

لەم حاڵەدا دوکتۆر لوتفی لەدێهاتەوە دەگاتەوە نەغەدە و خەبەری نەخۆشی من دەبیستێ، ئیتر گیر نابێ و دێتە لام، راستم دەکاتەوە و ئامپوڵێکم لەباسکی دەدا، من هۆشی ئەوەم نەبوو چۆن راستیان کردومەوە، بەڵام لەگەڵ ئامپولەکە چاوم هەڵێنا خوێنێکی رەشم دیت لەباسکم دێ، ئیتر نازانم دەرمانی دیکەی دامێ یان نا بەڵام لەمردن و زەحمەتی گیان دەرچوون رزگار بووم.

راست لەو کاتە ناسك و دژوارەدا کەمن وا شپرزە بووم و خەڵك بەتێکڕایی بۆم بەپەرۆش بوون و دوعایان بۆ دەکردم و هێندێ دۆست و دڵسۆزی کوردی نەغەدە شەو و رۆژ لەبن سەرم دەبوون، حاجی سەید محەممەدی تازە قەڵا دێتە سەر بابم بۆ پولّەکە، بابم وەزعەکەی پێ دەڵێ و داوای لێ دەکا کەراوەستێ تا من هەڵدەستمەوە، حاجی سەید و موسوڵمان پێی لێ دەکەوشێ دەکا و هێوەرە گامێشەکەی لەجیاتی ۲۵۰ تمەن لێ دەستێنی و دەیبا، نەخۆشی من لەلایەك و کردەوەی سەیدی موسوڵمان لەلایەکی تر بەجارێك رۆحیەی دایك و بابمی تێك شکاند بوو، کەهەستامەوە تەواو هەستم بەدەرد و داخی دایك و بابم دەکرد، نەدەهاتمەوە سەر حاڵ و خۆم لەراست دایك و بابم بەشەرمەزار و تاوانبار دەزانی،

دۆست و برادەر دەهاتن بەتایبەت لاوەکان سەریان دەدام و جاروبار پولێکیشیان بۆ دەهێنام، هیچمان نەمابوو، هەرچی هەمانبوو خواردبوومان و بەداو دەرمان و میوانان تەواو ببوو، تاقە شتێکی زیندووی راگرتبووم سەردان و هاتووچۆی برادەران بوو، پایزێکی سارد لەنەخۆشی هەستامەوە و توانیم هاتووچۆی بازاڕ بکەم، لەوکاتەدا سۆفی رەحمان پەیدا بووە و گوتی: مالّەکەم دێتەوە و خانوەکەم پێویستە، هەقی خۆی بوو، تا ئێستا پیاوەتی کردبوو، ناچار گەڕام چاوە خانوەیەکم لەحەساری مالێك دا دیتەوە و بەپێنج سەر خێزانەوە لەو چاوە خانوەدا دەژیاین.

داخ و کەسەرێکی قورس و بەژان گیانی رێك دەگوشیم، جوت بەندێکی تێر و تەسەل و دەست رۆیشتوو و ژیانی خۆش، بەلاّم ئێستا بێکار، موحتاج، بێ بژێو لەحاست دایك و بابم چاوم هەلّنەدەهات و من ببوومە هۆی پێك هاتنی وەزعی شپرزەیی ئەوان و ژیانم لێ تێك دابوون.

کۆمەلّی لاوان دەهات پەرەی دەگرت و رۆژانە دەهاتنە لام و دەبوایە رێبازی خەبات دیاری بکەین، ئەوەش ببووە سەرباریّك، لەتێکۆشانی لاوان دەرچوو بوو هێندێ کەسی باوەڕپێکراویشمان وریا کردبوونەوە، یەك لەوانە (مەلا مەعسوم) کوڕی خەلیفە مەلا حەسەنی قەلاّ بوو، لەکۆمەلّەدا یەکێك لەتێکۆشەرانی ناوچەکە بوو، پاش کۆماری مەهاباد مەلا وەك کەولّە رێوی قاچاخ بوون، ئەویش چوو بوو ببوە نوسەری حاجی مەلا عەولای سەلاح زادە، بەلاّم لەگەلّی رێك نەکەوتبوو، هاتبوو لەخەلیفان گوندی مارفاغای شاوەلە ببوە مەلا، جێژنی رەمەزان یا قوربان دەبێ مەلا لەگەلّ خەلّك دەچێتە لای مارفئاغا بۆ جێژنە پیرۆزە، لەدانیشتن دا مارفئاغا لەلای رەعیەت و میوانان رووەکاتە مەلا مەعسوم و دەلّێ: مەلا ئێستا مەلا سەگەکان چ دەکەن؟

مەلا مەعسوم لەوەلاّم دا دەلّێ: مارفئاغا تا ئێستا هەزار کتێبم خوێندۆتەوە بەقورئانی لێم خوێندووە یەك مەلای سەگم لەکتێب دا نەدیوە بەلاّم هەزار ئاغای سەگم چاو پێکەوتووە، ئیتر رادەبێ و دێتەوە خەلیفان، لەم حالّە شپرزەی خۆم دا

مەلا پەیدا بوو، دەسەریان کردوم دەبێ بڕۆم، لەهیچ کوێش جێ نییە و هیچیشم نییە، یەکێك لەکوڕەکانی نەغەدەم ناردە قەرە قەساب یەك دوو کوڕی بەکار و پیاومان لەوێ هەبوون هاتن و گوتم: دەبێ مەلا مەعسومی بەرن دایمەزرێنن و بەراتی بۆ بستێنن و بەخێوی کەن، مەلایان برد و تا مردن هەر لەقەرە قەساب بوو لەتێکۆشانی سیاسیش قەت وازی نەهێنا.

دیسان سەید حەمەدەمینی ئەندازە

پاش هەستانەوەم جارێکی دیکەش چوومەوە گردە قیت و هێندێ قەرزم کۆکردنەوە، بەڵام ئاغاکان جوابیان نەدامەوە و ئێستاش کاك فەتاح حەفتا تمەنم هەر پێ قەرزدارە، سەرەتای زستان هێشتا بەفر نەباری بوو رۆژێك سەید حەمەدەمین پەیدا بوو، دانیشت و گوتی: رۆڵە تۆ کاسبی نازانی، ئەگەر کاتی خۆی بەقسەی منت کردبایە ئێستا وا نەدەبووی، پیاوێکی تر بووی، تازە رابرد، ئێستا گەنمەشامی چاك دەفرۆشرێ، پارەت دەدەمێ سواری ئەسپی من بە بچۆ لاجان، گەنمەشامی بکرە و بینێرەوە، قازانجی باش دەکا.

لەخولاّم دەویست کارێکم بۆ پەیدا بێ و لانی کەم ماوەیەك لەماڵ دوورکەومەوە، هێندێکی پارە دامێ و ئەسپێکی باشی هەبوو بۆی زین کردم و سوار بووم بۆ بەری پیرانان، چوومە گوندی (یەمنابات) ماڵە پووڕم، ماڵە رەسووی پوورزام کەپێشتر باسم کردووە، دوو رۆژ ناردم لەگەنمە شامی بپرسێ وەگیر نەکەوت، پاشان بەپوڕم گوت: هیچم نییە زستانیشە و کاسبی نییە و گەلێك شپرزەم، پوڕم گوتی: رەسوو پولّی هەیە لێی بستێنە، رۆژێك بەیانی گوتم: کاکە رەسوو من دەچمەوە، زۆر دەست تەنگم و دەبێ هێندێکم پولّی بدەیەی کاسبیەکی دەکەم و پاشان دەت دەمەوە.

– جا بەو زستانە پارە لەکوێ بوو، گامێش نافرۆشرێ دەنا دەم فرۆشت و دەم دایەی.

– تۆ قەت بێ پولّ نابی، خۆ ئیشەلاّ بەدەستی خاڵیم بەڕێ ناکەیەوە.

– جا ئەگەر نەبێ چ دەکەم.

گوتم: پورێ تۆ پارەت هەیە بمدەیە.

– رۆڵەگیان من هیچ شك نابەم، هانێ کلیلی یەخدانت دەمێ بگەڕێ ئەگەر هیچی تێدابوو ببیە و جوابی کەس مەدەوە.

کا رەسوو وەدەنگ هات: جا ئەوە قسەیە؟ چۆن کلیلی یەخدان دەدەی بەکەریم؟

– رۆڵە بۆ نەیدەمێ؟ ئەگەر هیچی تێدا نەبێ خۆ یەخدانەکە نابا.

– دایە ئەوە کار نییە، دژی من ڕێك کەوتوون.

پورم کلیلی بۆ هاویشتم و گوتی برۆ بیکەوە، کاك رەسوو راست بۆوە و گوتی:

– وانابێ، نابێ یەخدان بکەیەوە، چەندت دەوێ دەت دەمێ جا نازانم کەی دەم دەیەوە.

– تۆ جارێ لەخەمی دانەوەدا مەبە، هەزار تمەنم بۆ بێنە و بەسمە.

– ئەوە دەڵێی چی؟ هەزار تمەن بەکێ پەیدا دەبێ؟ پاش چەقەیەکی زۆر لەگەڵ پورم چوار سەد تمەنمان لێ هەستاند و گەڕامەوە بۆ نەغەدە.

باشبوو هەرچۆنێك بوو زستانمان پێ بردەسەر، بەڵام بێکار و بێ کاسبی لەشار دا ژیان نەدەکرا، لەزستان دا کۆمەڵەی لاوانمان تۆزێك ڕێك و پێك کرد، لەدێهات کاك سەید عەلی حاجی کاکەمین خەڵکی ئاڵیاوێ و حەمەدی خانمی لەئارنی و میرزا قادری نەلوس و لەشاریش من و محەممەدی سۆفی رەسووی قاوەچی وەك کۆمیتەیەك کۆبوونەوە و بڕیارمان دا ١٥ ڕۆژ جارێك لەنەغەدە کۆبینەوە، من بەشێلگیری لەگەڵ ناسیار و برادەرانی کۆن کەلەکۆمەڵەی ژ.ك دا دەمناسین پێوەندیم دەگرت، نامەکان هەمووی کەریم پارسا دەینووسین و بەتەواوی جێگای دڵنیایی بوو.

لەسەرە بەهاردا دەبوایە بۆ ژیان هەوڵ بدەم و کاسبیەك بدۆزمەوە، لەشاردا کاسبی بێ پارە ناکرێ، جارێك قەرەنیئاغای پیران لەدوای ناردم کەبچم ببم بەمیرزای ئەو، بەڵام من کەدژی ئەم چینە چەوسێنەرە خەباتم دەست پێکرد بوو نەم دەتوانی بچمە لای ئەو، برادەرێکمان هەبوو لەگوندی (مەمەلیان) ملکی

هەمزەی کەریمئاغای قونقەلا، گوتی وەرە لەمەلیان دوکان دابنێ، گوندێکی ئاوەدان و نێزیك بازاڕ و بۆ کاسبی باشە چوومە مەمەلیان لەگەڵ کوێخای هەمزئاغا قسەم کرد بەدوو تەنەکە روون سالّی دوکانم لێ بەئیجارە گرت، مالّەکەمان بار کرد و چوینە مەمەلیان، پولّێکی زۆر کەم مان هەبوو، لام وایە تەنیا پەنجا تمەنمان مابوو، چووم لەسابلاخ هێندێ قەند و چا و شڕە و بڕەی دوکانی گوندێك کڕی و باوکم بەدوکانەوە خەریك بوو لەبێکاری رزگار بوو.

لەبەهار و هاوین دا لەگەڵ برادەرانی کۆمیتە بڕیارمان دا هەموو رۆژی هەینییان لەبازاڕی مەحەمەد یار چاومان بەیەك بکەوێ، لەسندوسی خوار تەمەن مەلا مەعسومی قەرە قەساب و قادری سۆفی هەمزە و سەید عەولّای مەمیند و میرزا برایمی دەرویّش حەمەد وەك ئەفرادی تێکۆشەر هاتبوونە مەیدان و هاوکاریان دەکرد.

بەهاری سالّی ١٣٤٧ رووداوێکی سەیر و بێ وێنە لەناوچەی موکریان رووی دا، مەلا ئەمجەد کوڕی خەلیفە مەلا حەسەنی قەلاّ و خەلّکی گوندی قەلاّ رەسولّەسیت ناوچەی چۆمی مەجید خان، کەیەکێك لەئەندامە ناسراو و تێکۆشەرەکانی کۆمەلّە و پاشان حیزبی دیموکرات بوو زانایەکی بەنێوبانگ و خەت خۆش و مۆر هەلّکەن و هونەرمەند بوو، نووسراوەیەکی بەخەتێکی جوان دەتگوت بەئاوی زێڕ نووسراوە بلّاوکردبووە، لەنووسراوەکەدا گوترابوو: کۆماری مەهاباد نەرووخاوە، حیزبی دیموکرات هەر ماوە، گەلی کورد خەباتی خۆی درێژە پێ دەدا، هەرکەس ئەم نووسراوە دەبینێ لەسەر فەرز واجبە کەحەوت نوسخەی لەبەر بنووسێتەوە و بلّاوی بکاتەوە و بۆ حەوت کوردانی بخوێنێتەوە، وەزیفەی دینی هەموو کوردێکە.

ئەم نووسراوەیە بەشێوەیەکی نهێنی بلّاودەکراوە و دەست بەدەست دەگەڕا، مەلا مەعسوم کەهاوکاری ئێمە بوو برای مەلا ئەمجەدیش بوو رۆژێك لەبازاڕی محەمەد یار بەکابرایەکی دیتبوو، هێنایە مەمەلیان، بڕیارمان دا بۆ هەموو برادەرانی کۆمەلّەی لاوانی لادێی بنێرین، مەلا بایزی چەقەلّ مستەفا و میرزا برایمی دەرویّش حەمەدم بانگ کرد و هەریەکە دە نوسخەم پێ نووسینەوە و بۆ برادەرانم نارد،

هەڵسوران و جموجۆڵی ئێمە هێندێ کەسی دیکەشی وریا کرد بووە و دەیانویست بزانن ئێمە چ دەکەین.

جێژنی قوربان یا رەمەزان بوو هەمزەی کەریمئاغا لەتاران هاتبووە و جەعفەر ئاغای کەریم کەئەفسەرێکی دیموکرات و سەرۆکی گومرگاتی کوردستان بوو بەئیعدام مەحکوم کرابوو هەمزەئاغا وەدوای کەوتبوو ئازادی کرد بوو، رەعیەتی مەمەلیان پێیەوە دەچوون و منیش رەگەڵیان کەوتم، هەمزەئاغا پرسیاری لەهەموان کرد و لەمنیشی پرسی، پاشان بەکوێخای گوت ئیجارە لەمیرزا کەریم مەستێنە، ئەو یارمەتیەکی زۆر بوو بەمن و پتر لەتێکۆشان دا دەستی ئاوالە دەکردمەوە.

هاوینی ١٣٢٧–١٩٤٨ رۆژێك كاك (سوڵتانی شێخ ئاغایی) خەڵکی تاڵاو لەدوای ناردبووم کەلەگەڵ مەلا مەعسوم بچمە شامات گوندی (تازە کەند)، سوار بووین و چوینە ماڵە مەلا بابە وەیسی، کەچووین سوڵتانئاغا لەوێ بوو، دوای فراوین چووینە مەزرا و لەبن کێشە گەنمێك دانیشتین و هاتینە سەر باسی روخانی کۆماری مەهاباد و درێژە پێدانی خەبات، زۆرمان باس کرد کاك سوڵتان گوتی: پێویستە بەشێوەیەکی تازە خەبات بکەین، پێم خۆشە تۆ لەسابلاخ بچی رەحیمی سوآتانیان ببینی، ئێمە ئەوە لەم لایە خەریکین و ئێوەش لەگەڵ رەحیم قەرار و مەدار دابنێن.

گەڕاینەوە بۆ سندوس و من چوومە مەهاباد و رەحیمی سوڵتانیانم دیتەوە، لەگەڵ کاك رەحیم ماڵی ئەوان و باسی زیندووکردنەوەی خەباتمان دامەزراند، تەماشام کرد هەر ئەو رێبازەیە کەئێمە لە کۆمەڵەی لاوانی لادێ دا گرتومانەتە پێش، واتە خەبات دژی دەرەبەگ و سیستەمی دەرەبەگایەتی، رەحیم زۆر لەمن تووندتر بوو، دەیگوت دەبێ وەرزێر و فەقیر و هەژاری لادێ روون کەینەوە و وابکەین یەکتر بگرن و ئەم جار دەرس لەرابردوو وەربگرین، رەحیم کۆڕێکی تێگەیشتوو قسە خۆش و زوو ئینسانی بۆ لای خۆ رادەکێشا، قەرارمان دانا دوای حەوتوویەك بچمەوە مەهاباد و بەرنامەی کار دیاری بکەین، منیش گەڕامەوە برادەرانی کۆمیتەی

کۆمەڵەی لاوانم کۆکردەوە و مەلا مەعسوم و کەریم پارسا بەزیادی بەشدار بوون و مەسەلەی مەهابادم بۆ باس کردن، بڕیارمان دا لەگەڵ مەهاباد هاوکاری بکەین.

لەکاتی دیاری کراودا چوومەوە مەهاباد، کاك رەحیم نووسراوەیەکی بۆ هێنام کەبەمۆرێکی سوور (ك.ك.ك) (کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستان) مۆر کرابوو، لەنوسراوەکەدا مەعموریەت درابوو بەمن کەبۆ زیندوو کردنەوەی خەبات و شانەکانی حیزبی لەشنۆ و سندوس و لاجان و شارویران، کار بکەم و مەسئولیەتم هەبێ، بۆ نامە نووسین رەمزێکی ئەلف و بێمان دانا و بڕیارمان دا بە (رەمزە نامە و دەنگوباس بۆ مەهاباد بنێرم، بڕیارمان دا تەتەر و نامە بنێرم بۆ لای (وەستا کاکلی پینەچی)، کوردێکی کوردستانی گەرمێن بوو لەمەهاباد گیرسابۆوە و ژنێکی سابلاخی هێنابوو، کوڕێکی خوێن گەرم، دڵسۆز، سووتاوی کوردایەتی و تێکۆشەری چینایەتی، ماوەیەکی زۆر پێوەندیم لەگەڵ وەستا کاکل هەبوو، ئێستاش ناتوانم ئینسانیەت و ئازایەتی و جوامێری ئەو پیاوە لەبیر بکەم.

لەگەڕانەوەدا سەفەرێکم کرد بۆ لای سندوسی سەرێ و شنۆ، بێجگە لەبرادەرانی پێشوو ئەم جار بەبەرینتر دەستم کرد بەپێوەندی گرتن و پەیداکردنی ئەندام، هەرکەس مۆری سوورم نیشان دەدا دەگریا و ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری و یارمەتی مالّی رادەگەیاند، ئەفرادی خوێندەوار و رووناك بیر هاتنە رێزی تێکۆشان، وەك سادقی پێش نوماز، سەدیقی عەلائی، مستەفای ساوجبلاغچی، لەشنۆیە عەبدولاّ سوار و هی تر.

مەلا مەعسومی قەرە قەساب وەك نووسەری کۆمیتە بەرەمز نامەکانی دەنووسی، لەقەرە قەساب و چەقەڵ مستەفا و خەلیفەلیان هێندێ لاوی گورج و گۆڵ و سوارمان پەیدا کردبوون و نامەمان بۆ شانەکانی تردا پێدا دەناردن، لەهەر گوندێك شانەیەکی سێ کەسیمان دامەزراندبوو زۆر بەنهێنی کاریان دەکرد، خەباتەکە لەواقیع دا خەباتی چینایەتی و دژی دەرەبەگ و سەرمایەداران بوو.

هەوەڵین کتێبی سیاسی

سەفەرێك لەمەهاباد كاك رەحیمی سوڵتانیان كتێبێكی دامێ بەناوی (ئوسوڵی تەشكیلاتی حیزبی) نووسینی (ئەردەشێر ئاوانسیان)، خوێندنەوەی ئەو كتێبە جۆرێك كاری تێكردم ئیتر لام وابوو دەبێ هەمیشە لەخزمەت حیزب دابی و لەم رێگایەدا هەمووشت فیدا بكەی.

زستانی ١٣٢٧ گۆواری رێگا لەمەهاباد بڵاوكرایەوە، گۆواری رێگا بەناوی (ئۆرگانی كۆمەڵەی ژیانی كورد) لەلایەن كاك حەسەنی قزڵجی و غەنی بلوریانەوە لەسوڵەیمانی بەرۆنێ لەشەش لاپەڕەدا بەكوردی و فارسی بڵاوكرابۆوە، و گەیشتبوە مەهاباد، ئەم دوو دروشمە لەلاپەڕەی هەوەڵی (رێگا)دا دەدرەوشان.

– پێشكەش بەگیانی پاكی شەهیدەكانی رێگای ئازادی... بژی ئازادی و ئازادیخوا، بمرێ ئیستعمار و دیكتاتۆری.

بڵاوبوونەوەی گۆواری (رێگا) هاوكات بوو لەگەڵ تەقە لەحەمە رەزاشا لەزانستگای تاران، بیانوویەكی چاك بۆ پۆلیس هەڵكەوت، لەمەهاباد دەستیان كرد بەگرتنی خەڵك، ئێمە لەنەغەدە جموجۆڵەكەمان تا رادەیەك وەستاند.

لەسەرە بەهارێ دا سەفەرێكم كرد بۆ بەری پیرانان، لەلاجانی چاوم بەدۆست و ناسیاران كەوت و قەولی هاوكاریان دا، سەید حەمەدی زەرگەتەن و كاك ئەحمەدی زێدان و سەید مستەفای برای سەید حەمەد و كاك مامەندی زەرگەتەن و پیرۆت ئاغای دەربكە و چەند كەسی دیكە، ئەم جارەیان مەمەلیان ببوە ناوەندی كاروباری سیاسی ناوچە، رۆژ نەبوو یەك دوو كەس نەیەن و خەبەر نەهێنن و داوای رێنوێنی نەكەن.

كەریمئاغای قونقەڵا مەمەلیانی لەهەمزەئاغا هەستاندەوە و دای بەجەعفەر ئاغا كەتازە لەزیندان بەربوو، بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی گۆواری (رێگا) سەرلەنوێ جەعفەر ئاغاش گیراوە، ماوەیەك لەمەهابادیان راگرت و پاشان بردیان بۆ تەورێز.

من جاروبار دەبوایە بچمە سابڵاخ و شرە و بڕەی دوكان بكڕم و هەموو جاریش چاوم بەوەستا كاكل دەكەوت، پاشان رەحیمی سوڵتانیانم دیت و عەبدوڵای

ئیسحاقی کەقوتابیەکی سینفی نێوەنجی بوو پێی ناساندم و گوتی: پێوەندیت لەگەڵ ئەو برادەرە دەبێ، رۆژێك لەمەهاباد تووشی قادر ئاغای کەریمی بابی جەعفەرئاغا بووم گوتی: کارێکم پێتە دەیانەوێ جەعفەر بۆ تەورێز بەرن، نامەیەك هەیە دەبێ بیبەی بۆ تەورێز بۆ سەرۆکی شارەوانیەکانی ئازربایجان، من وەدوای کاری خۆم کەوتبووم و دیسان تووشی بێگاری ئاغا بوومەوە، مەسەلەی گرتنی جەعفەر ئاغا باریکی سیاسی هەبوو نەمتوانی بڵێم ناچم، لەگەڵ خۆی بردمیە مالە میرزا رەحمەتی شافیعی، ئاغا میرزا رەحمەت بەستەیەکی هێنا و لەگەڵ نامەیەك، گوتی: ئەوە دیاریەکە بۆ خانمی سەرۆکی شارەوانیەکانی ئازربایجان، بچۆ تەورێز و بەم ئادرێسە بچۆ مالیان و نامە و دیاریەکەی بدەیە.

سواری ماشێن بووم و چوومە تەورێز، دیاری و نامەکەم گەیاند وەڵامم وەرگرتەوە و هاتمەوە، بەڵام هیچ فایدەی نەبوو جەعفەر ئاغایان بردە تەورێز و من جارێکی دیکەش تووشی بێگار بوومەوە، کاسبیەکەمان تا رادەیەك باشبوو سەبارەت بەسەفەر و هاتووچۆ بارگینێکم کڕی، ئەم جارە کەدەچوومە سابڵاخ رۆژنامەی نهێنی حیزبی تودەیان دەدامێ و منیش بۆ هێندێ برادەری خوێندەوارم دەنارد، هاوینی ساڵی ١٣٢٨ رۆژێك لەقونقەڵا پیاوێکی قادر ئاغا پەیدا بوو گوتی: ئاغا لەدوای تۆی ناردووم، عیلاج نەبوو چومە قونقەڵا، کەچووم قادرئاغا گوتی: دایکی جەعفەر لەدوای ناردووی بچۆ ژوورێ، کەچووم شەرافەت خانم دایکی جەعفەرئاغا بوو زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم و گوتی بۆیەم ناردووە بچیە تەورێز و هێندێ شت بۆ جەعفەری بەری، نەدەکرا بڵێم ناچم، چوومە تەورێز و پاش چەند رۆژێ گەڕامەوە، ئیتر لەو رۆژەوە من بوومە تەتەری نێوان قونقەڵا و تەورێز و کەلەدوایەش دا باسی نەتیجەی دەکەین.

ساردی پایز لەگەڵ سەید محەممەدی بالاگیر کەیەکێك لەدۆست و برادەرە نێزیك و خۆشەویستم بوو سەفەرێکمان کرد بۆ دەشتە بیل و مەرگەوەر، لەگوندی حەسەن نوران برادەرێکمان لەگەڵ خۆ سوار کرد و رۆیشتین نێزیك نیوەڕۆ گەیشتینە کانی سپی، کەسمان نەدەناسی و لەمالە (تەهای هەرکی ئاغای کانی سپی و هەموو

دەشتەبیل) لامان دا، تەمای هەرکی بێجگە لەوە کەسەرۆکی عەشیرەتی هەرکی دەشتەبیل بوو خۆشی مەڕدارێکی گەورە و دەوڵەمەندێکی قورس بوو لەبەردەرگا نۆکەر و دەست و پێوەند لێمان دەرکەوتن و ولاخیان لێ وەرگرتین و ئێمە چوینەژوور، برادەرێ لەگەڵمان بوو لەگەڵ ولاخەکان چوو تفاقیان بداتێ، سەرمایەکی بێ رەزا و بەفریش دەباری، کەوەژوور کەوتین ژوورێکی گەرم و کورە دایسا، تەها بەخێرهاتنی کردین و چایان هێنا، هەڤاڵەکەمان پاش تاقەت کردنی ولاخەکان هاتبوو لەپاشخانە دانیشتبوو، من گوتم ئەرێ ئەو هەڤاڵەی ئێمە چی لێ هات با بێتە ژوور بێگومان تەها بەگ وەك ئاغاکانی لای ئێمە نییە رەعیەت نەتوانێ لەلای دابنیشێ.

تەها گوتی: با بێتە ژوور، لەنێو ئێمەدا ئاغایەتی نییە، ریش سپیەتی هەیە، هەربۆیەش ئەگەر ئێستا من لێرە بار بکەم گشت عەشیرەتەکە لەگەڵم بار دەکەن، بەڵام ئاغایەکی دیبوکری یان مامەش ئەگەر بار بکا، رەعیەتەکان گۆزەی رەشی لەدوا دەشکێنن.

کاتی فراوین تەماشام کرد هەر زەلامە دێتە ژوور و دەچێ لەلای سەروو دادەنیشێ دیوەخان پڕ بوو، چوار پێنج کوڕی تەها هاتنە ژوور لەلای خوارەوە دانیشتن، نانیان هێنا، هەر بەدوو کەسان مەجمعەیەکیان لەپێش دانان، تەها بانگی کرد کەلەگەڵ ئەو نان بخۆم، لەسەر نان خواردن پێم گوت: ئاغا وادیاری پێ و قەدەمی ئێمە خێر بووە ئەو هەموو میوانە لەکوێ پەیدا بوون؟

گوتی: میوان نین، خەڵکی گوندین، دابی ئێمە وایە خودانی مالّ دەبێ بێت لەگەڵ ئێمە و لەدیوەخانی ئێمە نان بخوا.

دوای نان خواردن رادێویان هێنا و گوێمان لەدەنگوباس گرت، رادیۆ تاران باسی شەڕی نێوخۆی یۆنانی دەکرد، موهەندیسێکی یۆنانی بەناوی (مسیۆ) کارناسی توتن بوو لەدوخانیەی ورمێ، مسیۆ کەناوەکەی نەزانرا کابرایەکی سمێل زلی قەڵەوی کەڵەگەت هەمیشە یاپێکی بەلالغاوەوە، مسیۆش بۆ مەسەلەی توتن هاتبووە کانی سپی، فێری فارسی ببوو و سەر و گوێی دەشکاند، لەسەر وەزعی

یۆنان لەگەڵ کوڕەکانی تەها لێی بوو بەقەرەم و دم بەدەمە، مسیۆ دیفاعی لەکۆمۆنیستەکانی یۆنان دەکرد، کوڕەکانی تەهاش لەژێر تەئسیری رادیۆ تاران و خوێندنی قوتابخانە لەورمێ دیفاعیان لەبورژوازی یۆنان دەکرد، باسەکەیان خۆشبوو، تەها گوتی: لەم کێشەیەدا تۆ نەزەرت چییە؟

– من میوانم و ئێستا دەڕۆم، وادیارە مسیۆ و کوڕەکان کێشەکەیان تازە نییە.

– هەتا مسیۆ بێتە ئێرە ئەو کێشە هەیە.

– من لایەنگری بیروڕای مسیۆ دەگرم، خەڵکی یۆنان و پێش هەموان حیزبی کۆمۆنیست دژی فاشیزم شەڕی کردووە ئێستا لەشکری ئینگلیز و ئەمریکا هاتوون و دەیانەوێ بورژوازی سەر بەخۆیان بەسەر خەڵک دا زاڵ بکەن، کەقسەکانم تەواو بوون تەها گوتی:

– لەناو ئێمەدا باو نییە لەمیوان بپرسن لەکوێوە هاتووە و لەچی دەگەڕێ؟ بەڵام من ئێستا ناچار دەپرسم لەکوێوە هاتوون دەچنە کوێ و لەچی دەگەڕێن؟

– خەڵکی سندوسین، هێندێ خزم مان لەمەڕگەوەڕ هەن دەچین سەریان دەدەین، ئەگەر ئیجازەش بدەی با وڵاخمان بۆ بێنن و مەڕەخەست دەبین.

پاشان بەمسیۆم گوت پێم خۆشە ئادرێسی خۆتم بدەیەی رەنگە منیش توتن بێنمە دوخانیە.

– من هەمیشە لەدوخانیە دەبم، ئەگەر هاتی بمبینەوە بەچاوان ئەگەر توتنت هەبێ.

تەها گوتی زۆر سارد، ئەو شۆ لێرە بن، بەڵکو بتوانم لێتان حاڵی بم.

ئیجازە بفەرموی دەڕۆین، مسیۆ لەگەڵ کوڕەکانی تەها وەدەرکەوت و دیوەخان چۆڵ بوو، بەتەهام گوت: لام وایە تۆ بۆیە نابێ مەسەلەی نەتەوایەتی و نیشتمانیت لێ بشارینەوە، من مەسئولێکی سیاسی حیزبی دیموکراتم، ئێمە خەریکین رێکخراوەکانی حیزب زیندوو کەینەوە، تۆ نێوبانگێکی باشت هەیە، لەگەڵ عەجەمان نەبووی، دژی بارزانیەکان شەڕت نەکردووە، جا بۆیە داوات لێ دەکەم کەخۆت لەریزی نیشتمان پەروەرانی کوردستان هەڵنەوێری و خۆت جیا نەکەیەوە.

تەها گوتی: دەزانی ئێستا عەجەم زاڵن، جاسوسی وان پڕن، مرۆڤ نەکاری تشتێك ببێژی.

گوتم: هاوکاری تۆ لەگەڵ ئێمە جۆرێکی تایبەتی دەبێ، هەرکەس جۆرێك دەتوانی یارمەتی بدا و خزمەت بدا، هەموو کەس نایە لەگەڵ تۆ پەیوەندی بگرێ.

– من بۆ هەموو هۆکاریەك بۆ کورد ئامادەم، بەو شەرتە تۆ بمناسی، رەمز و نیشانەیەکمان دانا و سوار بووین چووینە مەڕگەوەر ماڵە خەلیفە سەید وەهاب، ئامۆژنی سەید محەممەد لەوێ بوو دەبوایە لەگەڵ خۆمان بیهێنینەوە بۆ کۆنە قەڵا، چەند رۆژ لەمەڕگەوەڕ بووین، چوومە دزە و لەگەڵ سەید عەبدولقادری کوڕی حاجی سەید عەبدوڵا ئەفەندی قسەم کرد، لەگەڵ سەید موسی و کوڕی خەلیفە سەید وەهاب قسەم کرد و قەولی هاوکاریان دا، نیشانە و رەمزی پێوەندیم لەگەڵ داناں، پاش حەوتوێك بۆ سندوس گەڕاینەوە، لەگەڕانەوە دا زانیم کەقازی شنۆ مالّی لە (کانی سپیە)، قازی شنۆیەم دەناسی، دادستانی گشتی کۆماری دیموکراتی مەهاباد بوو، یەك لەو کەسانە بوو کەلەگەڵ ئاغا و سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد چووبووە باکۆ و لەگەڕانەوەدا شیعرێکی دانابوو لەیەکێك لەچاپەمەنیەکانی ئەودەمی کوردستان دا بڵاو کرابوو، چەند شیعرم هەر لەبیر ماون ئەمانە بوون:

گەلی کورد ئیتفاق و گەر نەدیوە– بچن بۆ خاکی پاکی شورەویوە

تەواریش ئیستلاحێکە عروسی– لەباتی ئوخوەتی ئیسلام خسوسی

ستالین ئەو رەئیسی وا بەهیممەت– تەواریشە لەگەڵ ئەفرادی میللەت

وەکوو میر جەعفەری سەرداری باکی– دەڵێ یولّداش بەحەمال و بەخاکی

ئەم زاتە پاش رووخانی کۆماری مەهاباد رای کردبوو چوبووە دەشتە بیل و لەکانی سپی فەقێی راگرتبوون و پێش نوێژی دەکرد، بەهەلم زانی سەرێکی لێ بدەم و لەگەڵی باس بکەم، ماڵە قازیمان دیتەوە چوین لەدەرگا دابەزین، پیاو هەق بڵێ بەخێرهاتنێکی کوردانەی کردین، یەك دوو میوانی دیکەشی هەبوون، سەروپێیەکی زۆر بەتام و خۆشیان لێ نابوو، بەلاتاو هێندێ پەلارم هاویشت و باسی نەخشی

مەلاکانم کرد لەوریاکردنەوەی خەڵک و رێنوێنی و درێژەی خەبات، قازی زۆر ترسا و گوتی:

ئام وایە جارێ پیاو واز لەو قسانە بێنی، وەزع موساعید نییە.

دیتم کابرا زۆر ترساوە و بۆ دواندن نابێ و پاش نان خواردن سوار بووین و کەوتینەڕێ و شەو هاتینەوە کۆنەقەڵا.

لەهاتووچۆی تەورێز و قونقەڵا بۆ لای جەعفەرئاغا عومەری بۆ جەعفەرئاغا کەئاغای گوندەکان و بەسەر قونقەڵا و مەمەلیان رادەگەیشت دۆستایەتیمان خۆشبوو ئیتر پێوەندی ئاغا و رەعیەتی نەبوو، وای لێهات پێم ڕاگەیاند کەمن خەریکی تێکۆشانی سیاسیم و پێویستە تۆش یارمەتیم بدەی، لەلایەکی دیکەشەوە شەرافەت خانمی دایکی جەعفەرئاغا رای ئەسپارد کەدوو تەنەکە ڕوونی ئیجارەم لێ نەستێنن، بێجگە لەوانە هەموو جار کەلەتەورێز دەهاتمەوە کەریمئاغای قونقەڵا لەدوای دەناردم و ماوەیەکی زۆر قسەمان دەکرد، لەم جەرەیانە کەڵکم وەرگرت و لەنێو پیاوەکانی مالّی کەریمئاغا و لەقونقەڵاش دەستم کرد بەتێکۆشان، میرزا عەلی مرادی خەڵکی ئیندرقاش کەپیاوی سمایلئاغای کەریمی بوو هاتە ریزی تێکۆشان و میرزا محێ الدینی قونقەڵا کەکوێخا سجیل و یەکێك لەپیاوە تێگەیشتوو باشەکانی شاروێران بوو بوو بەئەندام و لەرێگای ئەوانەوە لەرا و تەگبیر و کۆبوونەوەی ئاغاکان ئاگادار دەبووین.

جارێك لەسەفەری تەورێز پارچەیەکی ئەفسەریم کڕیبوو کردبووم بەچاکەت و پانتۆڵ ئەم پارچەیەش یەك یەك لەئاغاکان لەبەریان دەکرد، ڕۆژێك بەسواری لەشاروێران دەهاتمەوە لەنێو خەلیفەیان هەمزەئاغای خەلیفەیان راوەستا بوو سڵاوم کرد و بێ ئەوە کەوەڵامی سڵاوەکەم بداتەوە گوتی: ئەوە بۆ ئەو پارچەت کردۆتە لیباس؟ ئەوە بۆ کرمانج نابی، گوتم: هەمزە ئاغا من رەعیەتی تۆ نیم، پاشان خۆم لەهیچ ئاغایەك بەکەمتر نازانم.

زستانی ئەو ساڵە بەفرێکی زۆر و سەرمایەکێ تووش بوو، مزگەوتی مەمەلیان ئاوەدان بوو، دەچوومە مزگەوت و خەڵکی گوندی بەگشتی شەوانە لەمزگەوت

کۆدەبووینـەوە هێنـدێ باسـی وەزعـی سیاسـیم بـۆ دەکـردن، پاشـان لەسـەر دادپەروەری عومەری کوڕی خەتاب خەلیفەی چوارەم قسەم دەکرد و دەم هێنـاوە سەر زوڵم و زۆری ئاغاکان و بێ غیرەتی خەڵک و یەک نـەبوون، دەمگـوت ئیسـلامی بەراستی ئەشێ بەغیرەت بێ و زوڵم قبـوڵ نـەکا، مەلایـەکمان هـەبوو (مـەلا قـادر) پیاوێکی فەقیر و هاوینان دەبووە سەرکاری ئاغـا و خـەرمانی هەڵدەگرتن و پـێش نوێژی زستانانیشی دەکرد، لەمزگەوت خەڵک رووی تێ دەکرد دەمامۆسـتا فـەرموو باسی شتێکمان بۆ بکە.

– ئەوە نییە میرزا کەریم لێرەیە، دەفەرموو وەڵا حەوسەڵەم نییە.

پاش قسەکانم دەمگوت: مامۆستا ئەگەر هیچی بێ شەرعی دەڵێم بفەرموو.

– نەخێر ناوەڵا هەموو موتابیقی ئایەت و حەدیسە.

بـرادەر و دۆسـت و جیرانێکـی لەرادەبـەدەر پیـاو و جـوامێر و بـاش تێگەیشـتووم هـەبوو بـەناوی (مینـەی عـەلیئاغا) کاکەمینـە وا دیـار بـوو لـەپێش دا لەمەمـەلیان ملکیـان هـەبووە و پاشـان وردە وردە زۆرداران لێیـان کـەم کردوونـەوە یـەک دوو پارچە زەوی مابوون دەیکێڵان و لـەنێو ئاغاکـانیش دا رێـز و ئیحترامێکـی هـەبوو، زۆرجار ئاغاکانی خەلیفەیان لەدوویان دەنارد و دەهاتنە مااڵی، کاکەمینە کوردێکی دڵسۆز و بێزار لەدەرەبەگ و سیستەمی دەرەبەگی، دۆستایەتیەکەمان گەیشتبووە برایەتی، رۆژێك گوتی: ئاگات لەخۆت بێ، بابم لەمەجلیسی ئەو ئاغایانە هەر باسـی تۆیە، دەڵێن لەمزگەوت رۆژنامە بۆ خەڵك دەخوێنێتەوە، دژی ئێمە تەبلیغات دەکـا و زۆر قسەی دیکەش.

دۆستایەتی کاك عومەر و هاتووچۆی مااڵی قادر ئاغـا و پشـتیوانی دایکـی جەعفـەر ئاغا تا رادەیەك بێ منـەتی کردبـووم، کابرایـەکی فـەقیر و بـاش بـەنێوی (سـەعید قەڵغان) لەمەمەلیان دەژیا، هەشت سەر خێزان بوو، لای خۆی جوتبەندە بوو بەاڵم قەت لەبەر سەلەم خۆر و سوت خۆر و قەرز قـول ئەوەنـدەی بـۆ نـەدەما کەبەشـی ژیانی سااڵ بکا، رۆژێکـی سـاردی زسـتان هاتـە الم و گـوتی: تـەگبیرێکم بـۆ بکـە، زەواتم لەماڵ دا نییە، دوو رۆژە ئارد لەماڵان قەرز دەکەین، چوومە ماڵە (رەحمـان

کشپەلی) بەڵکو هێندێ دەغڵی لێ قەرزکەم، دەڵێ بارە هەرزنێکت دەدەمێ بەو وەعدەی سەر خەرمانان بەچوار بار گەنم، لەسەر خەرمان دەبی چوار بار گەنم بدەیەوە، جا تەماشای ئەو بێ ئینسافە کە؟

رەحمان کشپەل دەوڵەمەندێك قورسی مەمەلیان بوو، نێزیکەی ٣٠٠ مەڕی هەبوو، وشتر و گاڕان و جوت و عارەبە، مزڵی ئاغاکان بوو بەتایبەت قادری کەریمئاغا دەهات بەرۆژ خۆی دەمالّە کشپەل دەخزاند، لەم ڕێگایە و لەڕێگای سۆت و سەلەم ئەم سەروەتەی وەسەر یەك نابوو، بەسەعید قەڵغانم گوت: بچوو لێی وەرگرە، تا سەر خەرمانان خوا کەریمە، سەعید چوو بوو بارە هەرزنێکی لێ وەرگرتبوو و لەکن مەلا قەبزی لێ هەستاند بوو، پوڵدارەکانی کورد ئاوا خوێنی هەژارانیان دەمژی کەحاجی سەید محەممەدی تازە قەڵاش نموونەیەکی تر بوو کەباسم کردووە.

ڕۆژێك چومە مەهاباد، برادەران گوتیان خەلیفە مەلا عەلی خەلیفەی سەیدی زەمبیل بەوڵات دا دەگەڕێ و لەهەموو شوێنێ دژی حیزبایەتی و دژی کۆمۆنیزم تەبلیغ دەکا، بچوو پێی رابگەیەنە کەدەست لەو گەڕانە و خەڵك فریودانە هەڵبگرێ، سوار بووم چوومە ئیندرقاش و میوانی میرزا عەلی مرادی ئەندامی حیزب بووم، کەچووم گوتی: ڕەببی بەخێربێی و ئەو شۆ خەلیفەش میوانی ئێمەیە.

– خەلیفەی چی؟ شەرم ناکەی؟

– چبکەم چەند برای کەرم هەن دەرۆیشن و بانگیان کردووە، عیلاجم نییە.

گوتم: سێ چوار کەس لەبرادەرانی حیزبی با شەو بێنە ئێرە، هەر ئێستا خەبەریان بۆ بنێرە.

ئێوارێ دوای نوێژی شێوان خەلیفە لەگەڵ گاڕانێك سۆفی و دەرۆیش و کەیخودای گوندی هاتنە مالّە میرزا عەلی، عەلی بایزئاغاش کەپارچە ملکێکی لەئیندرقاش هەبوو خزمی کاکەمینەی مەمەلیان و دۆستێکی خۆشەویستی ئێمە و پیاوێکی ئاقڵ و بەشەخسیەت بوو ئەویش لەگەڵ خەلیفە بانگێشتن کرا بوو، لەگەڵ عەلی بایزئاغا چاك و خۆشیمان کرد و گوتی: ڕەببی بەخێرهاتی، بەڵام بەخوا هاتنت بێ قسە نییە.

نانیان هێنا و پاش نان و چا کەوتنە سرت و خورت و دەرویێش خەریك بوو جەزم بن بەئیستلاحی خۆیان کۆڕی زیکر بگرن، من پێشتر خەلیفە مەلا عەلیم دەناسی و لەگەڵ باوکیشم ئاشنایەتی کۆنی هەبوو، پێش ئەوە بەزم سازبێ رووم کردە خەلیفە و گوتم: قوربان دیارە پرسیاری شەرعی ئیجازەیە.

– بەڵێ فەرموو میرزا کەریم.

– من زۆر لەخزمەت مەلایان بووم و بیستوومە جەماعەتێك چوونە خزمەت شێخی ئبینول حەجەر لێیان پرسی جەماعەتێك پەیدا بوون پرچ دەهێڵنەوە و سەر هەڵدەسوڕێنن جەزم دەبن و حاڵەت دەیانگرێ، شوشە دەخۆن و خەنجەر لەخۆ دەدەن ئەو کارە بەشەرع چۆنە؟

فەرمووی: ئەگەر لەدەست پیاوی بەدین واقیع بێ و بەشەرع بجوڵێتەوە کەرامەتە ئەگەر لەدەست پیاوی بێ دین واقیع بێ ئەگەر سیحر نەبێ لەسیحر خراپترە.

نەزەری جەنابت لەو بارەوە چییە؟

مەلا حەمەدەمینی ئیبن و شەیتان کەتازە هاتبوە ئینـدرقاش و خۆی کردبووە خەلیفە و دەستی بەراوڕووت کردبوو نەیهێشت خەلیفە مەلا عەلی وەڵام بداتەوە هەڵیدایە و گوتی:

– شتی وا نییە، گوتم باشە تۆ مەلای بنێرە کتیچبی ئیبنو حەجەر بێنن و تەماشای بکە روون دەبێتەوە وایە یان نا.

گوتی: ناوەڵا دەنێرم (عەبدوڵا یەزدی) بێنن.

– لەشەرع دا ئیبنو حەجەر لەهەموان موهتەبەر تر، منیش باسی ئیبنو حەجەرم کردووە.

گوتی: تۆ کافری، هەقی ئەو پرسیارەت نییە.

گوتم: تۆ کافری و کەریشی، بەعەبایەك و ریشێکی حیز خەڵك فریو دەدەی و چاوی خەڵك دەبەستی، سەگبابی کەر من پرسیارێکی شەرعیم لەخەلیفە کردووە تۆ بۆ دەم تێ وەردەدەی؟

گوتی: کوا دەرویێش لەکوێن؟ بۆ ئەو کافرە وەدەر نانێن؟

دوو سێ سۆفی و دەرویشی کەر لەدیوێکی دیکەوە ویستیان بێنە ژوور، برادەرانی حیزب راست بوونەوە و عەلی بایزئاغا لەدەرویشان هەستا و دەنگی دان: وەدەزکەون دەوید باب بەشەقانوو دەکوژم، رووی کردە ئیبنو شەیتان و گوتی: مەلا میرزا کەریم پرسیاری لەجەنابی خەلیفە کردووە تۆ بۆ هەڵدەدەیەی؟

– نا ئەوە کافرە کۆمۆنیستە.

گوتم: سەگباب لەبەر خاتری خەلیفە مەلا عەلی نەبێ ئێستا بەو لاوانە دەڵێم پەتکت بکەنە ئەستۆ بۆ هەموو شێخ و خەلیفەی دنیا ئاقڵت بکەن.

خەلیفە مەلا عەلی وەدەنگ هات گوتی: کاك کەریم ناڕەحەت مەبە، پیاو دەبێ لەسەرخۆ بێ.

– قوربان من هیچم نەگوتوە، بەڵام تاوانی گەورە لەئەستۆی ئێوەیە، هەر کەرێکی سەری سپی بوو دەیکەنە خەلیفە و بەگژ خەڵکی دادەکەن، زەمانی راوروت بەناوی شێخایەتی بەسەرچووە، خەڵك وریا بۆتەوە، ئێستا خەڵك بۆ ئازادی هەوڵ دەدا و سەربەستیەکەی پێ لەبەهەشتی خەلیفە باشترە، کێشەی ئەو شەوە لەناوچە دەنگی داوە، ئاغاکانی شارۆیران چونکە بۆ خۆیان مریدی شێخی بورهان بوون ئەمەیان بەکەیفی بوو، کەریمئاغا گوتی دەستت خۆش بێ دەبوایە هەر بەو شەوە دەری کەی.

لەم ناوەدا رەحیمی سوڵتانیان و رەحیمی خەرازی دەچنە تاران و لەگەڵ صارم الدینی صادق وەزیری پێوەندی دەگرن و پاش باس و تەگبیر لەگەڵ دۆست و برادەران بڕیار دەدەن کەتێکۆشان هەر بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بێ و (ك.ك.ك) هەڵوەشێتەوە، حیزبی تودەی ئێران وەعدە و بەڵێنی دەدا کەیارمەتی بەزیندووکردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات بدا، بەر لەهەموو شت لەبارەی کادر و رێنوێنی تەشکیلاتیەوە یارمەتی بدا، ئێمە بەناوی حیزبی دیموکرات کار و تەبلیغاتمان دەکرد، بەڵام لەواقیع دا وەك بەشێك لەرێکخراوی حیزبی تودەی ئێران بووین، بەتایبەت کادری بەڕێوەبەری خۆیان بەتودەیی دەزانی، برادەرانمان بەتاوانی تودەیی دەگیران، ریژیم بەئانقەست دەیویست ناوی

حیزبی دیموکرات نەمێنێ و کەس بەو تاوانە پرسیاری لێ نەدەکرا لەدادگا و لێ پرسین دا، خەباتی نەتەوایەتی، تەبلیغات بۆ مەسەلەی کورد یا وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی، هەر باس نەدەکرا، ئەساس و بناخەی تێکۆشانمان لەسەر خەباتی چینایەتی دامەزرا بوو، بەهیچ جۆر سەرەڕای ئەو هەموو ئیمکاناتە بێرێك لەدەرکردنی رۆژنامەیەك بەزمانی کوردی نەدەکراوە، رێبەرایەتی حیزبی تودە باسی مەسەلەی نەتەوایەتیان جارێکیش نەهێنا گۆڕێ، ئەو کەسانەی ئەودەم باسی کوردایەتیان نەدەکرد و بەناوی کۆمیتەی بەڕێوەبەری کاریان دەکرد و خۆیان بەتودەیی دەزانی لەپاشان بوون بەناسیۆنالیستی بەرچاو تەنگ و ئەم جارە خەباتی دژی تودەیان بەئەساس دا دەزانی.

حیزبی تودەی ئێرانیش تووشی ئەم هەڵەیە بوو کەرێکخراوی خۆی بەناوی حیزبی تودە لەکوردستان دانەدەمەزراند، رێکخراوی خۆی لەرێکخراوی حیزبی دیموکرات جیا نەدەکردەوە، لەو ماوەیەدا بیرمان لەبەرنامە و ئەساسنامەیەك بۆ تێکۆشانی خۆمان نەکردەوە، ناوی حیزبی دیموکراتمان پاراستبوو بەڵام لەراستی دا تابیعی رێکخراو و دەستوراتی حیزبی تودەی ئێران بووین، رۆژنامەی بەسۆی ئایندە شەهباز چەلەنگەر کەسەر بەحیزبی تودەی و ئۆرگانی ئاشکرای ئەو حیزبە بوون، ئەساسی ماتریال و نوسراوە و خوێندنەوەی ئێمە بوو، رێکخراوی حیزبی پەرەیان دەگرت و خەباتی چینایەتی تا دەهات تووندتر دەبوو، حیزبی تودە کرێکارێکی کارخانەی چیت سازی تارانی نارد بووە مەهاباد کەلەباری تەشکیلاتیەوە یارمەتی برادەران بدا، ئەوەی برادەرانی مەهاباد وەریان دەگرت بۆ کۆمیتە و رێکخراوەکانی دیکەیان دەنارد تا ئەنجامی بدەن.

لەپایزی ساڵی ١٣٢٨ (١٩٤٩) نامەیەکی رەمزم بۆ هات نووسرابوو حکومەتی ئێران داوای لەحکومەتی عێراق کردووە کە (حەسەنی قزڵجی، عبدالرحمانی زەبیحی هەژار و سەمەدی) کەلەسولەیمانی لەماڵی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمودن بیانگرێ و تەحویلی ئێرانیان بداتەوە، داوایان کردبوو کەبەگورجی خەبەریان بدەمێ، هەر ئەو رۆژە قادری سۆفی هەمزەی خەڵکی قەرە قەسابم سوار کرد

ناردم بۆ زینوێ شێخ، نامەیەکم بۆ برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق نووسی کەخەبەریان بدەنێ جێگای خۆیان بگۆڕن زوو خەبەریان پێگەیشتبوو رۆژێك پێش ئەوە کەبچنە سەریان شێخ لەتیف نارد بوونیە گوندی (سیتەك) و ئەم جارە نەجاتیان ببوو.

سەرە بەهاری سالّی ١٣٢٩ (١٩٥٠) رۆژێك مەلا قاسمی زەند لەمالّمان پەیدا بوو گوتی: باڕێکم توتن هێناوە لەگەلّم وەرە بچین لەشارۆچکان بیفرۆشین و لەوێش یەك دوو تفەنگ دەکڕین و دەیانبەین بۆ عێراق، لەمالّ من هەر بێکار بووم، لەگەلّ مەلا قاسم چووم شارۆچکان، توتنمان فرۆشت و دوو تفەنگمان کڕی و چوینە کوێستانەکانی دیوی عێراق مالّە (رەسوی حاجی شێخە)، تفەنگەکانمان فرۆشت و کوێخا رەسوو پەنجا هەزار تمەنی داینێ کەحەیوانی بۆ بکڕین حەیوانی پێنج تمەن بدا بەئێمە، لەگەلّ مەلا قاسم گەڕاینەوە چوینە کانی زەرد و دێلکە و هەوشینان و ١٢٤ سەرمان شەك کڕی و بەدۆلّی لکبن دا هاتینە خوار و لەنێزیك گوندی (گەپلەسەن) مەلا قاسم گوتی من دەچمەوە کوڕەکەم دەنێرم لەگەلّ شوانەکە ئاگای لەحەیوانان بێ، تۆش وەرەوە مالّێ، کوڕی مەلا قاسم هات و لەو دەمەدا مام رەسووی ئاغای گوندی (خەراپە) کەتفەنگی لەدەولّەت وەرگرتبوو راوی بۆ عەجەمان دەکرد پەیدا بوو گوتی ئەو حەیوانانە بۆ کوێ دەچن؟ گوتم: چێودارین و بۆ بازاڕی سندوسیان دەبەم، گوتی: نا وانییە، ئەو جەلەبە بۆ عێراق دەچێ، من مەعموری دەولّەتم دەیگرم، دەنگی نۆکەرەکانی دا و گوتی بیان بەن بۆ گوندی خەراپە، من دەچمە خانێ و عەجەمان دێنم.

وەپێش خۆیان داین و لەرێگا پیاوەکانی جنێویان پێدەدا و دەیانگوت بۆتە نۆکەری عەجەمان و راوڕووت دەکا، ئەوەندەی بۆم کرا قسەم بۆ کردن و وریام کردنەوە، شەو لەگوندی خەراپە خەلّکمان لێ کۆبووە، دەستم کرد بەقسان و گوتم: خۆتان دەبینن چۆن ئاغاکان شەرەفی خۆیان فرۆشتووە و راوروت بۆ عەجەمان دەکەن، ئەوە تەنیا لەگەلّ من نییە، ئێوەش هەر ئاوا دەچەوسێننەوە، پێویستە بۆ رزگاری یەك بگرن، ئەگەر هەمووتان یەك بن ئاغا ناتوانێ زوڵمتان لێ بکا، داوام

لێ کـردن کەببنـە ئەنـدامی حیزبـی دیمـوکرات و بەیـەکێتی و تێکۆشـان لەچـنگ دەرەبەگان خۆ رزگار بکەن.

شەو لەوێ بووین، بەیانی یازدە سەرباز لەخانێوە هاتن، حەیوانەکانم لـەوێ بـەجێ هێشت و کوڕی مەلا قاسم لەلایان بەجێ ما و منیان برد بـۆ خانـێ، لـەرێگا لەگـەڵ سەربازان بەقسەکردن دەهاتین تا نێزیک خانێ، لـەوێ دەسـتیان بەسـتم و بردیـانم بۆ لای سەروان گێلەکی فەرماندەی پادگای خانێ و حاکم و هەمـە کـارەی ناوچـە، کەچوومە ژوور، سەروان راست بۆوە و دەستی پێکرد، گوتم: تا دەسـتم نەکەنـەوە وەڵام نادەمەوە، دەستیان کردمەوە گوتی: تۆ قاچاخی دەکەی، حەیوان بۆ عێراق دەکڕی.

– نەخێر درۆیە، من چـێوەدارم و لـەئێران دا کاسـبی دەکـەم، مـن لەسـنوور دوور بووم و تەنانەت لەچۆمی لاوێنیش نەپەڕیومەوە.

– گوتی مام رەسوو دەڵێ قاچاخن، بۆ ورمێت دەنێرم.

– کەیفی خۆتە بۆ کوێم دەنێری بنێرە، بەڵام مام رەسـوو کابرایـەکی دز و رێگـر و ناسراوە، ئەم تفەنگەی هەر بـۆ راوڕووت لەدەوڵـەت وەرگرتـووە، ئێستاش ئەگـەر رەسیدی لێ وەرنەگری حەیوانەکان دەخوا و حاشایان لێ دەکا.

مام رەسوو کەلەوێ دانیشتبوو گوتی: ئەو قسانە بکە وەبەر دەستم دەکەوی.

بەسەروانم گوت: ئێستا لەلای تۆ هەڕەشەم لێ دەکا، بچێتەوە حەیوانەکان دەخوا، سەروان رەسیدێکی لەمام رەسوو وەرگرت و لەگەڵ نامەیەک خستیە نێـو پاکـەتێک و لەگـەڵ سـەربازێک سـواری ماشـێنێکی کـردم و بـۆ ورمـێ، شـەو لـەورمێ لەمیوانخانەیک ماینەوە و بەیانی چووین بۆ ستادی لەشکر، پاش ماوەیەک لەروکنی ٢ بانگیان کـردم و سـەروانێک لێـی پرسـیم: حـەیوانت لـەکوێ کڕیـون و بـۆ کوێـت دەبردن و چەندە لەسنوور دوور بووی؟ پاش وەڵام دانـەوە، کـابرا نووسـی کەئـەو حەیوانانە قاچاخ نین و دەبێ بدرێنەوە بەخاوەنەکەیان، نامەیەکی نووسـی و دایـە دەستم و گوتی بڕۆ حەیوانەکانت وەرگرەوە.

نامەم وەرگرت و چوومەوە خانێ، تا من چووبوومەوە حەیوانەکانیان بردەبۆوە گوندی پەسوی و ئەم جارە عەلی قەرەنیئاغا خۆی لێ کردبوونە خاوەن و حەیوانەکانی راگرتبوون عەلی قەرەنیئاغا لەگەڵ دیبوکریان نێوانی ناخۆش بوو، منیش رەعیەتی دیبوکریان بووم رەعیەت و هەژاری کورد هەر ئاوا ببوونە قوربانی خۆپەرستی و قوڕ دەماخی و ناکۆکی نێوان دەرەبەگە بێگانە پەرستانی کورد.

لەخانێ نامەکەم دا بەسەروان گێلەکی، گوتی: حەیوانەکان چوونە پەسوی، سەربازێکت لەگەڵ دەنێرم بچۆ وەریان گرەوە، لەگەڵ دوو سەرباز چووینە پەسوی، لەمەزرای پەسوی لەسەر خەرمانێك لامان دا، ساحێب خەرمان چایان بۆ لێ ناین و بەخێرهاتنیان کردین، من باسی حەیوانەکانم و شکایەتم بۆ گێڕانەوە، زۆریان جنێو بەعەلیاغا دا و لەدەست زوڵم و زۆری ئەو زاڵەیان دەهات، دەیانگوت هەموو جوتبەندەکانی بەزۆری کردۆتە نێو کار، نیوە تۆومان دەداتێ و دەبێ بەنیوە تۆوی خۆمان و بەجوت و گای خۆمان ببینە نیوەکار و نیوەی بەروبووی کاسبی و زەحمەتی سالانەمان بدەین بەئاغا، بڕێکم قسە بۆ کردن، گوتیان: ئەگەر تۆ ئەو حەیوانانە بستێنیەوە بەجارێك دەشکێ و سەرکەوتنی هەموو زەحمەتکێشانە.

کەچووینە پەسوی نامەی سەروانمان دا بەعەلیاغا و گوتی: دەوڵەتیش بیانداتەوە من ئەو حەیوانانە نادەمەوە.

گوتم: عەلیئاغا خۆت مەشکێنە، ئەو حەیوانانە دەستێنمەوە، لەگەڵ سەربازان بۆ خانێ گەڕاینەوە، سواربووم چوومەوە ورمێ، بەیانی کەدەچوومە ستادی لەشکر سەر لەشکر زەنگەنە فەرماندەی لەشکری چوار، لەگەڵ عەلی قەرەنیئاغا و پیرۆتی مارفئاغای شاوەلە لەپێش ستاد راوەستا بوو، چوومە پێش و نامەکەم دا بەسەر لەشکر، کەخوێندیەوە رووی کردە عەلیئاغا و گوتی: ئەو حەیوانانە بۆ نادەیەوە؟ مەگەر بۆت نەنووسراوە؟

– قوربان ئەو حەیوانە قاچاخن، بۆ عێراق دەچوون، بابێ بدرێنەوە.

گوتم: تیمسار زەمانی دیموکرات مام عەزیزی بۆ عەلیئاغا چوو بوو عێراق و لاجانی بەعەرەبان دەفرۆشت، ئێستاش عەلیئاغا ئەم ناوچەیە بەخاکی ئێران نازانێ، ئەو حەیوانانە ٣٠ کیلۆمەتر لەسنوور دوور بوون، من ئێرانیم و لەئێرانیش دا کاسبی تا ئێستا ئازاد بووە.

زەنگەنە رووی کردە عەلیئاغا و گوتی: گوێت لێ بوو؟ پاشان بانگی سەرۆکی روکنی ٢ی کرد و گوتی: نامەی بۆ بنووسە بچێ حەیوانەکان وەرگرێتەوە.

نامەیەکیان نووسی بۆ خانێ کەحەیوانەکانی بۆ دەستێننەوە و دەینێرنەوە بۆ سندوس نامەم وەرگرت و گەڕامەوە بۆ خانێ، بەسەروان گێلەکیم گوت: دوو سەد تمەنت دەدەمێ بۆ خۆت و چەند سەرباز لەگەڵم وەرە بۆ پەسوێ، حەیوانەکانم بۆ وەرگرەوە، ولاخێکیش بۆ من پەیدا کە سواری بم، سەروان کەدوو تمەنیشی وەردەگرت لەگەڵ دوو سەد تمەن گەشکە بوو، بانگی سەر گروهبانێکی کرد و گوتی: لەگەڵ دە سەرباز فەوری بۆ پەسوێ حەرەکەت بکە، پاشان ولاخێکی بۆ من پەیدا کرد و ناردی رەسولاغای کەڵەکینی هێنا و سوار بووین بۆ پەسوێ، لەگوندی شنۆ زەنگ لامان دا، کاك مامەندی شنۆ زەنگ کەئامۆزای عەلیئاغا بوو زۆری تکا کرد کەسەرباز نەبەمە پەسوێ، دەیگوت عەلیئاغا ئابڕووی دەچێ، جوابم نەداوە گەیشتنە پەسوێ، وەسەر قەلاتی پەسوێ کەوتین کابرای فارس بەقەد نێرە کەرێك زەلام لەدوورەوە نەڕاندی:

– کو ئەمیر عەشایری؟

عەلیئاغا هاتەدەر و گوتی: جەنابی سەروان فەرموو دابەزە.

– بۆ یاخی بووی؟ نامە دەنووسم حەیوانان نادەیەوە، بەتەمای چی؟

– فەرموو دابەزە، ئەو لەشکر کێشیەی ناوێ، حەیوان نەخوراون.

دابەزین چووینە ژوور و نانمان خوارد و سەروان گوتی: بنێرە حەیوانان تەحویلی حسامی بدەنەوە، چووم حەیوانەکانم وەرگرتەوە و هەر لەوێ شوانێکم گرت و لەگەڵ کوڕی مەلا قاسم بەڕێم کردن بۆ بازاڕی محەمەد یار، نامەیەکیان لێ ئەستاندم کەدەبێ لەبازاڕ بیانفرۆشم و نوسراوێك بەرمە ورمێ کەلەبازاڕ

فرۆشتومن، لەبازاڕی محەمەد یار یەک دوو براوەری قەرە قەسابم دیتنەوە و نامەیەکمان نووسی کەئەوان حەیوانەکانیان کڕیون، مەلا قاسمیش پەیدا بوو ئیتر هەر ئەو شەوە مەلا قاسم لەگەڵ دوو شوانان جەڵەبیان وەپێش خۆدا بۆ زینوێ شێخ و دابوویانەوە بەخاوەن پارە.

پاش ئەوە کەنامەکەم بردە ورمێ و لەکێشەی دەرەبەگ و عەجەمان نەجاتیم بوو چوومەوە ماڵ، کاتی خەرمانان دوکانی گوندی دەبێ هەمیشە میوەی هەبێ، ئامۆزاکەم لەلامان مابوو میوەی دەهێنا و دوکان وەگەڕ کەوتبوو.

رۆژێک بەیانی زوو کەهاتمە دەر دیتم دو تەلیس پڕ لەتوتن لەحەساردا کەوتوون توتنم بردە ژوور و ئەو سااڵەش توتن وەگیر نەدەکەوت و زۆر گران بوون بابم توتنەکەی کێشا دوو پوت بوو، گوتی: بیفرۆشە و ئەگەر خاوەنی پەیدا بوو پوڵەکەی بدەوە، نمونەی توتنم بردە ڕادانە و پوتی بە ١٢٠ تمەن فرۆشتم و عەجەم هاتن بردیان، حەوتویەک پێ چوو بوو رۆژێک لەبازاڕی محەمەد یار دەگەڕامەوە لەرێگا دوو سواری بۆشناخ گەیشتنێ و سااڵویان کرد و پرسیان خەڵکی کوێی؟

– خەڵکی مەمەلیانم.

– ئەرێ خۆ پرسیار عەیب نییە، پێش حەوتویەک هێندێ توتنمان هاویشتە حەسارێک و رۆیشتووین، ئێستا نە حەسارەکە دەناسینەوە نەدەوێرین پرسیار بکەین.

– با جارێ لادەین لەماڵە من نان و چایەک بخۆن و پاشان دەپرسین، لامان دا و بەباوکم گوت ئەو خزمانە توتنیان لێ ون بووە، بابم پرسی: توتنەکە چەند بووە و بایی چەندی بووە؟

– دوو پووت بووە و پوتی بە ٦٠ تمەنمان کڕیوە.

– بەتەما بوون بەچەند بیفرۆشن؟

– خۆمان لەپوتی سەد تمەن خۆش کردبوو بەاڵام ئەوە جارێ ون بووە.

بابم گوتی: توتن لەحەساری ئێمەدا بووە، فرۆشتومانە پوتی بە ١٢٠ تمەن، ئەوەش پولەکەی، لەپێش دا حەپەسان، بابم پولەکەی لەپێش دانان، زۆر سوپاسیان کرد و چل تمەنیان دا بەبابم، پاشان گوتیان دەبێ لەسێلەکە میوانمان بی، ئێمە کورِ و خزمی (مام وەتمان)ین.

مام وەتمان کێ بوو؟

وەتمانە سوور خەڵکی گوندی دیبوکر بوە، وەختی خۆی گەورە نۆکەری بایز پاشای مەنگورِ بووە، لای کاخدری دیبوکری وەك ریش سپی و کەیخودا رێز و حورمەتی هەبووە، نازانم لەسەر چی لەگەڵ عەولای کاخدری دیبوکری تێکچووە، تۆرابوو لەگەڵ چەند ماڵە خزم و دەوروبەری هاتبووە لای قادر شای ماسوی و لەسێلەکە دایمەزراندبوو، ماڵێکی گەورە ماڵ، خاوەن تاوڵ و رەشماڵ و مەڕدار، خاوەنی چەند جووت دوو کوڕی بەژن و ماڵ و زۆر پیاو و جوامێر.

بێجگە لەوانە چوار نەوەی هەبوون کەدایك و بابیان نەمابوون، ئایشەگوڵ لەنێو ماڵ و لەنێو نەوەکاندا وەك ئەستێرەیەك دەدرەوشا، ئایشێ کیژێکی ٢٠ ساڵەی بێ دایك و باب، کیژە مەنگورِێکی گوندی، لەئاقڵ و جوانی و کەماڵ دا وێنەی کەم هەبووە، قەڵەمی من ناتوانێ باسی جوانی ئایشێ مام وەتمانی بکا، هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم لەو کاتەوە ئەگەر ژنێکی جوانم بەچاو کەوتبێ، ئایشێ مام وەتمانم وەبیر هاتۆتەوە.

یەکی دیکەی لەو ماڵانە کەلەگەڵ مام وەتمان هاتبوونە سێلکەماله (عەولای رەسو سواره) بوو، کاك عەولا پیاوێکی تێگەیشتوو بنەماڵ، سێ چوار برا بوون حەمەد یەکێك لەو برایانە بوو کەلەقسە خۆشی و پیاوەتی و خزم دۆستی باسی ناکرێ.

خەرمانی سەید قەڵغانی

رۆژێك لەماڵ دانیشتبووم سەید قەڵغان هات

– کاکە هاتووم چارەم بکەی.

– چییە کاك سەعید؟ چ قەوماوە؟

هیچ نەقەوماوە، خەرمانەکەم سووڕە، ڕەحمان کشپەل جەوالێ و عارەبەی هێناوە و لەجیاتی بارە هەرزنی زستان ئێستا چوار بار گەنمی دەوێ، ئەو گەنمەم لێ بستێنی هیچم بۆ نامێنێتەوە.

– مەیدەیە، هەرزن زستان بەچەندی بووە بایی ئەوەندە گەنمی بدەیە.

– کاکە دەرەقەتی نایەم، ئاغاکان بەقسەی دەکەن.

– کەنگێ خەرمان هەڵدەگری؟

– ئەوڕۆ، ئەوە هاتم بانگت کەم بۆ نانخواردن بێیە مالّی ئێمە، جیرانەکان لەسەر جێخونن.

– تۆ بڕۆ، ئێستا منیش دێم ئابڕووی دەبەم باسی گەنم بکا.

لەکوردەوار باو بوە ڕۆژی خەرمان هەڵگرتن کوێخوا و جیرانی گوندی بۆ میوە خواردنی سەر خەرمان و نانخواردن بانگ دەکرێن، کەچوومە سەر خەرمان ڕیش سپی گوندی لەوێندەرێ بوون، مەلا قادر و عەولاّ گۆجی کوێخاش لەسەر کار بوون و هاتبوون خەرمان هەڵبگرن، دۆستە پیاو و جوامێرەکەی منیش کاکە مینەی عەلیئاغا لەوێ بوو.

خەرمان پێورا، ملّکانەی ئاغا و گزیرانە و سەرکارانە و جومالاّنە هەموو سوور و ساتی لێ جیاکراوە، بەشی سەعید قەڵغانیش لەولا ڕۆکرا، کالّەك و شوتیمان خوارد و ڕەحمان کشپەل گوتی: سەعید با گەنمەکەی من دە جەوالاّن کەین.

گوتم گەنمی چی؟ بۆ مام ڕەحمان تۆش ملّکانەی لێ دەستێنی؟

– ناوەلاّ ملّکانە نییە، پێم قەرزدارە، لێم سەلەم کردووە.

– ئەوە شتێکی دیکەیە، حیسابی خۆتانە.

سەعید قەڵغان وەدەنگ هات: کاك کەریم زستان هیچم نەبوو، مام ڕەحمان مالّی ئاوا بێ بارە هەرزنێکی دامێ، بەلاّم قەبزی چوار بارە گەنمی لێ ئەستاندووم ئێستا ئەو گەنمەی دەوێ.

گوتم: جا ڕەنگە مامۆستاش ئەو قەبزەی نووسیبێت، مەلا وەدەنگ هات:

– جا من بڵێم چی، هاتن گوتیان قەبزمان بۆ بنووسە.

– باشە مامۆستا وەڵاهی رۆژی قیامەت هەر بەتاوانی نووسینی ئەو قەبزە دەت سوتێنن، جا ئەوەش ئیسلامەتییە؟ ئینسافە؟ جێرانەتیە؟ ئەرێ خزمینە بۆ دەنگ ناکەن؟ کابرا برسی بووە هیچ عیلاجی نەماوە، نالێن برسیەتی حەرامی حەڵاڵ دەکا؟ کابرا کەبرسی بوو گۆشتی سەگ دەخوا، چۆن مام رەحمان بەراستیتە چوار بار گەنم لەسەعیدی قوڕبەسەر دەستێنی؟ ئەوەی بکەی تف و لەعنەتت دەکەن.

– بۆ تف و لەعنەتم دەکەن؟ خۆ دزیم نەکردووە، سەودایە و لێم سەلەم کردووە.

– دزی زۆر باشترە، سەودای چی؟ عەیبە، بارە هەرزنێك چەندی دینێ گەنمی لێ وەرگرە و بڕایەوە.

– دەنکێك کەم بێ وەری ناگرم، هەقی خۆمە.

– ئەگەر دەنکێکت بداتێ پیاو نییە، شەرم بکە.

کاکەمینە و کەریم عەجەم وەدەنگ هاتن:

– زۆر بێ ئینسافیە، بەشتێك بیبڕن و با تەواو بێ، سەعید فەقیرە، منداڵی زۆرن.

– دەنکێك کەمی لێ وەرناگرم، هەموو کەس وا پیاوی چاك نییە.

گوتم: سەعید دەنکێکی مەدەیە بزانین چ دەکا، من نازانم کابرای دەوڵەمەند چۆن دەبێ بتوانێ ئاوا دەستی خەڵك ببڕێ؟ فەقیرەکان تاکەی وا خوێری دەبن، بۆیە دەبێ کێشەی لێ بسووتێنن، وشتری لێ بکوژن، هەزار خەراپەی لەگەڵ بکەن.

لەو کێشە و هەرایەدا بووین کاك عومەری بۆ جەعفەرئاغا گەیشتێ، دابەزی و گوتی: میوەت خواردووە؟ لەدوای تۆ هاتووم.

رەحمان کشپەل چووە پێش و گوتی: کاك عومەر ئەوە دەهاتمە قونقەلاّ.

– خێرە شوکر مام رەحمان، پێکەوە دەچین.

– نا زستانێ گەنمم لەسەعید قەڵغان سەلەم کردووە و ئێستا کاك کەریم ناهێڵێ بم داتێ، مەلا قادر چووە پێش و حیکایەتەکەی بۆ گێڕاوە.

عومەر گوتی: منیش ئەو سەودایەم کردبا نەدەبوو بمدەنێ، من بەکاك کەریم ناوەستم، هەرباشە بایی هەرزنەکەشت دەدەنێ، وەری گرە و برۆ.

ئیتر رەحمان کشپەل مرتەقی نەکرد و سەعید قەڵغان نەجاتی بوو، ئەو پشتیوانیە لەنێو گوند و لەگوندەکانی دەوروبەریش دەنگی دایەوە، خەڵك بۆ گیروگرفتێك دەهاتن و یارمەتیان دەخواست.

کاك عومەر لەگەڵ خۆی بردم بۆ قونقەڵا و جارێکی دیکەش بۆ تەورێز.

خەلیفە و مولاقاتی زیندان

لەتەورێز لەموسافیرخانەی (گیلان) میوان دەبووم، ئەم سەفەرە خەلیفەیەکی زەمبیل لەگەڵ چەند دەرۆێش و سۆفی لەو موسافیرخانەیە میوان بوون، من ئیتر لەفرۆفێڵی شێخ و خەلیفە و گێژکردنی خەڵك بێزار بووم و ئەوانیش وەك ئاغاکان دەکەوتنە بەر هێرشی تەیلیغاتی، بەیانی کەچومە سالۆنی دانیشتن خەلیفە تەشریفی لەوێ بوو، سڵاوم کرد و بەخێرهاتن و پرسیم چۆنە تەشریفت هاتووە؟

– شێخ عەلی گیراوە و هاتووین سەری بدەین، جا نازانم مولاقات هەیە یان نا؟

– بەڵێ مولاقات هەیە، بەتایبەت بۆ جەنابت پێش گێڕانەوە نییە، منیش دەچمە لای جەعفەر ئاغا، خەلیفە هەستا و رۆیشت، منیش دوای نیو سەعات سواری تاکسی بووم و چوومە زیندان، کەچووم خەلیفە لەگەڵ دەرۆێش و سۆفی لەپشت دەرگا راوەستا بوو.

– قوربان ئەدی ئەوە بۆ راوەستاوی؟

– کوڕە ئەو مەلعونانە دەرگا ناکەنەوە، دەڵێن رۆژی مولاقات نییە.

من بەپۆلیسی بەر دەرگام گوت ئەفسەری کێشك بانگ کە، زۆری پێ نەچوو ئەفسەری کێشك هات، دەیناسیم، بۆ لای جەعفەرئاغا هەمیشە مولاقات ئازاد بوو، دەرگای کردەوە و چوومە ژوور، چاوم بەجەعفەرئاغا کەوت و گەڕامەوە، خەلیفە هەر لەوێ راوەستا بوو، بەهەلم زانی گوتم: تەشریفت نەچوە ژوور، بێگومان بەم عەبا و مەندیل و ریشە هەزار کەست وەدوای خۆ داوە کەبۆ بەهەشتیان دەبەی،

لەکاتێکا سەعاتێکە عەجەم دەرگات لێ ناکەنەوە تۆ بڵێی دەرکەوانی بەهەشت لەدەرکەوانی زیندان خوێڕی تر بێ و وا بەهاسانی دەرگات لێ بکەنەوە؟ باشتر نییە بۆ ئازادی میللەتەکەتان تێ بکۆشن و ئەم بازارە کۆ بکەنەوە، خەلیفە چاوی بەردانەوە و منیش رۆیشتم.

نافەقێی سەرخۆش

پاش گەڕانەوە لەتەورێز سەفەرێکی ورمێ و مەڕگەوەڕم کرد، ئێوارەیەک لەگەڵ چەند کوردی ناوچەی موکریان لەموسافیر خانەی (ژاڵە) دانیشتبووین دوو پاسەوان کابرایەکی درێژی موو زەردەیان گرتبوو هێنایان و کابرا مەندیلێکی لەسەر و سەڵتە و کەوای درێژ لەبەردا و گۆیا (موستەعیدە)، لەموسافیرخانە گوتیان ئەوە مەلای کوردانە لەخیابان مەست و کەلەلا بووە و رەت دەبا و قسەی بێ جێ دەکا، ئەوە ئابڕوی کوردان دەچێ، بۆ خۆتان بزانن چی لێ دەکەن، لەفەقێم پرسی: خەڵکی کوێی؟

– خەڵکی لای بانەم، ناوم مەلا سمایلە، لەنێو شکاکان مەلایەتیم کردووە.

– شەرم ناکەی ئارەق دەخۆیەوە و لەشەقام بەمەستی دەگەڕێی؟

– بەتۆ چی، پوڵی خۆم خەرج دەکەم.

هەتا هێزم تێدابوو زللەیەکم لێدا، تۆ ئابڕووی مەلا و فەقێی کوردان دەبەی ئێستا بەگرتنت دەدەم، دەستی کرد بەگریان، چم لێ دەکەن بەڵام با نەمگرن، جلەکانم دەگۆڕم و دەڕۆم، لەم ناوچەیە نامێنم.

بەجەلیل ئاغای خاوەن موسافیر خانەم گوت: بیبەن دە ژوورێکی کەن و مەهێڵن ئەمشەو بێتە دەر، فەقێیان بردە سەر و بەدوای ئەو دا پاسەوانێك پیاوێکی پیر و کورێکی گەنجی وەپێش خۆدابوو هاتە ژوور و گوتی: ئەوانە لەزیندان بوون، سێ مانگ بووە گیراوە، ئێستا ئازاد کراون بەڵام دەبێ یەکێك ببێتە دەستەبەر هەر کاتێك داواکران بیان هێنێتەوە، لێرەش کەس ناناسن.

لێم پرسی خەڵکی کوێن؟

– خەڵکی گوندی (جاشیرانین) نۆکەرێکی عەجەممان هەبوو بەشڵتاخ شکایەتی لێ کردم ژاندارمەی شنۆیە رەپێچەکی داوین و ئەوە سێ مانگە لەزیندان لێرەین، عەجەمیش کەس نازانێ لەکوێیە، فەقیریش نیم، جوتبەندەم، بەڵام ئەوەندەیان مۆڵەت نەدام کەدراوێك لەگەڵ خۆم بێنم، ئێستا قڕانێکمان پێ نییە هەر پێی بچینەوە، جا نازانم دەبێ چ بکەین.

پەڕە کاغەزێکم وەرگرت و ئیلتزامێکم نووسی و پاسەوانم بەڕێ کرد، گوتم دانیشن چایەك بخۆنەوە، ئەو شەو لێرە بن و سبەینێ پێکەوە دەچینەوە نەغەدە، بەجەلیل ئاغام گوت لەسەر حیسابی من ژووریان بدەیە، کەشەفیکم وەرگرت، دوو ئەفسەر لەسەرێ لەژوورێك بوون چوومە لایان و گوتم: دوو کەسی لێقەوماوی دەستی ژاندارم لەزیندان ئازاد کراون و هیچیان نییە، دەمانەوێ یارمەتیان پێ بکەین.

ئەفسەرەکان پێنج تمەنیان دا، هاتمەوە خوار بەخەڵکەکەم گوت یارمەتی بدەن ئەوان دەبێ بچنەوە، سێ تمەنی دیکەش کۆبۆوە، پوڵەکەم دانێ و گوتم پوڵی موسافیر خانەش مەدەن، بەیانی سواری ئۆتۆبۆس بووین بۆ نەغەدە، لەقاوەخانەی دزە دابەزین، نان و چام بۆ کڕین و هاتینەدەر، چاوەڕوانی سواربوون بووین، کابرا هات و گوتی:

– ئەرێ قوربان پرسیار عەیب نییە تۆ ئاغای کوێی باب تناسین؟

– ئاغای چی؟ من لەجسنی ئاغا بێزارم، زەحمەتکێشێکم وەك ئێوە، وەك تۆش جوتبەندە بووم، لەبەر زوڵمی ئاغایان ئێستا هیچم نییە، چاو لەجل و بەرگم مەکە، تاکەی هێندە فەقیر و بەد بەخت دەبن پێتان وایە ئاغا پیاوەتی دەکا، لەکاتێکدا لەخەراپە بەدەر هیچیان لەدەست نایە، ئەگەر ئاغا پیاو بان بۆچی تۆ وا لەبەردەستی عەجەم ڕەزیل دەبووی، من بەدەنگ قسەکانم دەکرد و خەڵك گوێیان دابوویە، کەتەواو بووم کوڕە جحێڵێکی کۆك و پۆشتە هاتە پێش و گوتی: کاکە من لەدوێنێوە لەموسافیر خانە ئاگام لەتۆیە، با بزانم خەڵکی کوێی؟ من خۆم ئاغام،

زۆریش دەولّەمەندم، بەلّام هەزار ئاغا بەقوربانی پیاوەتی تۆ بن، پێم خۆشە بتناسم.

– خەلّکی مەمەلیانم دوکاندارم.

– منیش خەلّکی (ماسوێ)م هەباسی کوڕی کاکە ڕەزام، لەگەلّ کاك هەباس بووین بەئاشنا دوایە بووین بەدۆست و برادەر، دوایە بووین بەهاوڕێ و هاوکاری حیزبی.

جوانەگای شێخی

تێکۆشانی سیاسی تا دەهات ئاشکراتر دەبوو، ڕۆژنامەکانی حیزبی تودە بەنیوە ئاشکرا بلّاو دەکرانەوە، لەمەهابادەوە نامەیەکیان بۆ نووسیم کەسەفەرێکی محالی شازادە بکەم و بنکەیەکی حیزبی لەو ناوچەیە دابمەزرێنم، من ئیتر هەر بەناو کوڕی مالّی خۆمان بووم، ژیانم پتر بۆ تێکۆشانی سیاسی تەرخان کردبوو.

بازاڕەکانی کوردستان کەڕۆژی جیاواز لەناوچە جیاوازەکانی کوردستان پێك دەهاتن، جێگای هەرە باشی یەکتر دیتن و کۆبوونەوە و دۆزینەوەی خەلّك بوون، لەسەرانسەری کوردستانەوە، دەهاتن بۆ بازاڕ و دەکرا بەسانایی دلّخوازی خۆت وەدۆزی.

ڕۆژێك سوار بووم بۆ محالی شازادە بەو هیوایە کەبچمە بازاڕی شەیتاناوا و لەوێ دۆست و ناسیاران وەبینم و قسەیان لەگەلّ بکەم، ئێوارە درەنگ گەیشتمە گوندی (قولەسەن). کەسم نەدەناسی، ڕووم کردە حەسارێکی گەورە یەك دوو کچ و ژن لەحەسار بوون، بانگیان کرد، میوانمان هات وەرە ولّاخی لێ وەرگرە، کوڕە جحێلّێك وەدەرکەوت ئەسپی لێ وەرگرتم، ژنەکە گوتی: فەرموو بچۆ ژوورێ، ئەسپەکەت تاقەت دەکا.

وەژوور کەوتم، مالّێکی گەورە، چەند حەسیر راخرا بوون گورج بەڕەیەکی جوانیان هێنا رایان خست، ژنەکە بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، زۆری پێ نەچوو سۆفیەکی ردێن جوان هاتە ژوور بەخێرهاتنی کردم و گوتی: کوا سەماوەر؟ میوان لەمێژە هاتووە؟

– تازە دابەزیوە، ئێستا نان و چا حازر دەبێ، ژنەکە گوتی:

کیژێکی جوانکیلە خەریکی سەماوەر بوو جاروبار لەسیلەیەك خۆی دەردەخست، وادیار بوو جلی جوانی لەبەردا نەبوو، چایان هێنا، ژنەکە گوتی: ئەیرۆ خەجالەت خۆین قەندیشمان نییە هەر شیرنیاتمان هەیە چای پێ بخۆینەوە، دا کچێ بزانە لەو مالە جیرانە هێندێ قەند ناهێنی.

گوتم بۆ هیچ کوێ مەچو، منیش وەك ئێوە چا بەشیرنیات دەخۆمەوە.

پاشان نانیان هێنا، دیاربوو فرۆجیان کوشتبۆوە، سفرەیان دانا نانی جۆیان هەبوو، دیسان ژن وەدەنگ هات: دا بزانە دوو سێ نانی گەنم پەیدا ناکەی، بەزیاد بێ نانی جۆ بۆ شۆرباو نابێ.

گوتم: هیچ فەرقی نییە و نابێ بچنە هیچ کوێ، منیش وەك ئێوە.

سۆفی دوای نانخواردن هێندێ پرسیاری لێ کردم، خەڵکی کوێی؟ دەچیە کوێ؟ گوتم: دەچمە بازاڕی شەیتاناوا، تەقویمێکم پێ بوو هێنامەدەر و هێندێ شتم لێ نووسی لەو کاتەدا ژنەکە بەسۆفی گوت: جوانەگای شێخی قەڵەو بووە، حەوتووی داهاتوو بۆی دەبەم، مێردەکەی دەنگی نەکرد، من پرسیم: شێخ کێ یە؟ جوانەگای شێخ بۆ لێرەیە؟

سۆفی گوتی: ئەوە دوو ساڵە جوانەگایەکی بۆ شێخ حەسەنی غەوساباد دیاری کردووە بۆی دەبا، دەنگم نەکرد و لەتەقویمەکەم دەڕوانی، سۆفی ژن گوتی: ئەرێ بەقوربانت بم دەڵێی تۆ خوێندەواری ئەدی بۆ قسێکی خۆشمان بۆ ناکەی؟

– قسەی چیتان بۆ بکەم، پێم وانییە لەقسەی من حاڵی بن.

بۆ بەقوربانت بم ئێمە چین؟

– ئێوە زۆر ئینسانی باشن، مالێکی چاکن بەڵام زۆر دواکەوتوون، میوانتان هاتووە خەریکی کچەکەت بنێری لەماڵان قەند بێنی، نانی جۆتان هەیە دەینێری نانی گەنم پەیدا بکا، وادیارە کچەکەت لیباسی جوانیشی نییە پێی عەیبە بێتە بەرچاوان، لەسەر ئەو حاڵە جوانەگای بۆ شێخ دەبەی، نازانم ئەم میللەتە کەنگی دێنەوە سەرخۆ ئاقڵ دەبن؟ شێخ لەدنیا چی بۆ کردوون تا لەقیامەت بتوانێ هیچ بکا؟ بۆ

جوانەگای خۆت نافرۆشی و لەدەرد و مەرگی خۆتی خەرج کەی و بۆ منداڵانی بەشت بدەی.

کوڕەکە بۆ هەوەڵ جار وەدەنگ هات و گوتی: دایکم بۆتە دەرویش، ئەو زەمانە شێخ هەر لەجوانەگایان دەگەڕێن، سۆفی گوتی: بابم قسەکانت زۆر هەقن، بەیانی جوانەگا وەپێش خۆ دەدەم بۆ بازاڕ بۆ منداڵانی خەرج دەکەم.

– کاری باشت ئەوەندەیە، دەست لەو شێخ و خەلیفانە هەڵبگرن، ئەوڕۆ گەلی کورد پێویستە یەک بگرێ و بۆ رزگاری لەدەست ئاغا و دەرەبەگ و عەجەم و دەسبڕەکان تێ بکۆشی، زۆرمان قسە کرد و سۆفی ژن دڵی نەرم بوو، بەیانی سۆفی لەگەڵ من جوانەگای هێنایە بازاڕ و لەدواڕۆژدا بوو بەئەندامێکی حیزبی و تێکۆشەر.

مانگێ مام وەتمانی

توتن لەگەڵ برایمی مام وەتمان و حەمەدی رەسووی سواری کردبوومیە ئاشنا، رۆژێك لەدوام هاتن و بانگێشتنیان کردم بۆ سێلەکە، سوار بووم چوومە مانگێ مام وەتمانی، لەنێزیك گوندی تاوڵیان هەڵدابوو خانوویان دروست دەکرد، پێشوازیەکی گەرمیان لێ کردم، مام وەتمان مەنگوڕێکی قسەخۆش و دنیا دیتوو، مانگێکی خۆش و سەر ئاوەڵە، سێ رۆژان گیریان کردم، چەندی ئەوان رایان دەگرتم، بۆخۆشم لاقی رۆیشتنم نەبوو، جوانی و ئاقڵ و کەمانگی و ئایشی رێگای گەڕانەوەی لێ بڕیبووم، وەزعی ئایشێم لەمانگێ عەوڵای رەسووی سوار پرسیار کرد، گوتیان: زۆر کەسی هاتوونە سەر و خوازبێنی زۆر بوون بەڵام مام وەتمان بەمێردی نادا.

لەو ماڵە گەورەیە ئایشێ کابان و دەسەڵات دار و گەورەی مانگێ بوو، دەبوایە ئەو بڵێ نان و شێو حازر کەن و یا چ لێ دەنێن، بەمامەکانی دەگوت بەرخ یا کاریلە یا مریشك بکوژنەوە، کەس نەبوو دەستی وەبەر بێنی، من ئەو دەم خێزانم نەمابوو، بڕیارم دا بەئایشێ بڵێم مێردم پێ بکا، رۆژێك بەتەنیا لەتاوڵ درێژ ببووم،

بەرمالێکیان پێدادابووم ئایشێ هات، پێم گوت: ئەگەر شووم پێ بکەی دەنێرمە سەرت.

– قسەکەت وەعەرزی دەکەوێ، من بەمێرد نادەن.

من لەسێلەکە بووم کاك هەباسیش هات و میوانی مالێ مام وەتمان بوو، ئاشنایەتیەکەمان تازە کردەوە، باسی ورمێ و رێگای بۆ مام وەتمان گێڕاوە، ئەوەندەی دیکەش لەمالێ مام وەتمان بەپێز بووم، برایم و حەمەد بوون بەئەندامی حیزب و لەدواڕۆژدا هاوکاری باشیان کرد، لەگەڵ مالێ مام وەتمان پێوەندیمان رۆژ بەرۆژ زێتر دەبوو، هاتوچۆیان دەکرد، رۆژێك کاك هەباس لەسێلەکەوە لەدوای ناردم و چوومە مالێ مام وەتمانی.

کاك هەباس چالێ دەردەهێنا و منیش لەمالێ مام وەتمان راکشا بووم گوێم لێ بوو یەکێك وەژوور کەوت، سلاوێکی کرد و مالێ مام وەتمان بەژن و پیاوەوە بەگەرمی بەخێرهاتنیان کرد: مەلا بەخێربێی، دەمێکە دیار نی، نوشتووی گوێلکەکە کاری نەکرد.

– ئەم جارە نوشتەی چاکترتان بۆ دەنووسم، کوا دا ئایشە خانم جووتە گۆرەویەکی جوانم بۆ بێنە، بەخوا دەنا دەستەوانەشم نییە و لەتۆم دەوێن.

– بەخوا مەلا گۆریە و دەستەوانەم نییە.

– چۆن، من راتبەی خۆم بەزۆر دەستێنم.

لەبن پۆپەشمینەوە چاوم لێکرد، فەقێی ورمێ بوو، ئەو کابرایە بوو پاسەوان بەمەستی هێنابوویانە موسافیرخانە، هەستام و باوێشکم هێنا خۆ و چاوێکم لەفەقێ کرد، فەقێ کەچاوی بەمن کەوت سپی هەڵگەڕا و تێك چوو، مام وەتمان تێی گەیشت و گوتی:

– مەلا ئەوە لەبۆ وات لێ هات؟

– هیچ چۆڕە ئاوێکم بۆ بێنن.

گوتم فەقێ لەکوێ دەخوێنی؟

– لەقونقەڵا دەخوێنم.

– ناوت چییە؟ لەوێ نەم دیوی، من زۆر دەچمە لای فەقێکانی قونقەڵا.

– ناوم حەمەدەمینە، تازە هاتوومە وێ.

– کوڕە تۆ شەرمێ ناکەی؟ تۆ قەولت نەدا کەجلی مەلایان لەبەر نەکەی و دەست لەم هۆقە بازیە هەڵگری؟

– کابرا تۆ لەگەڵ کێتە؟ کەی من تۆم دیوە بۆ بێ حورمەتی بەمەلایان دەکەی؟

– چۆن ئەوە زمانیشت دەگەڕێ؟ تۆ مەلا سمایل نی؟ لەورمێ مەست و سەرخۆش نەبووی؟ پاسەوان نەیانهێنایە موسافیرخانە؟ زللەیەکم لێ نەدای؟ نەپاڕایەوە و سوێندت نەخوارد کەجلی مەلایان نەکەیە بەر؟ ئێستا ناوی خۆت گۆڕیوە و دەستی ژنان دەبڕی.

– قوربان بێ ئیلتفاتی من هەونیم.

مام وەتمان گوتی: کوڕە رەببی بەخێربێی، ئەو ژنانەی ئێمەی ڕووت کردۆتەوە، بەنوشتە، گۆریە و دەستەوانەی پێ نەهێشتوون، لەو قسانەدا بووین کاك هەباس هاتەوە، کەچاوی بەمەلا کەوت هەر واقی وڕما و گوتی: حەی خۆ ئەوە مەلاکەی ورمێیە.

گوتم کاك هەباس تۆ شاهیدی لەورمێ چۆن بوو، ئێستا سەگباب حاشا دەکا.

– ئەوجاریش بم بەخشن، تازە لەم ولاتە نامێنم، تۆبە دەکەم.

– هەستە برۆ شەرم بکە، لەم ناوچەیە نەمێنی، مەلا ڕۆی، بەڵام ئایشە گوڵیشیان نەدا بەمن.

دیسان تەورێز

لەپایزدا عومەری کەریمئاغا داوای لێ کردم کەبچم لەتەورێز ماشێنی بۆ تەعمیر بکەم، لەبەر هۆی زۆری سیاسی و غەیرە سیاسی و دۆستایەتی لەگەڵ عومەرئاغا، کارێکی بەمنیان هەبا دەمکرد، چوومە تەورێز و ماشێنم دا بەسەرویس و خۆم لەموسافیرخانەی کێلان بووم، لەوکاتەدا قادر ئاغای بابی جەعفەر ئاغا هاتبووە تەورێز و ئەویش لەهەمان موسافیرخانە دەژیا، یەك دوو جار کاری پێ ئەسپاردم

دەنگم نەکرد، رۆژێك بەیانی وەدەردەکەوتم شوفێرەکەی هات گوتی قادر ئاغا بانگت دەکا، کەچووم گوتی: ئەو بوخچەم بۆ هەڵگرە دەچمە حەمام، ئیتر چاوم عەرزی نەدیت، گوتم: قادرئاغا بۆ پێت وایە من قادر سەر رووتم خەڵات و بەرات وەرگرم، (قادر سەر رووت نۆکەرێکی مالّێ کەریمئاغا بوو) من بۆیە نا بم بوخچە بۆ کەس هەڵگرم، لەم رۆوە هەقت نییە هیچ کارێك بەمن بکەی، وەدەرکەوتم لۆریەکە چاکراوە و چوومەوە قونقەڵا، بەعومەرم گوت: لەمەودوا لەدوای من مەنێرە من بۆ نۆکەری نابم، ئیجارەی خۆم دەدەم و بێگاری کەس ناکەم.

پایز و زستانی ١٣٢٩ (١٩٥٠) لەمالّێ بووم و لەگوندەکانی دەوروبەر زۆربەی لاوەکان و ئینسانە باشەکانم بۆ نێو حیزب راکێشابوون، لەگەڵ فەقێکانی خەلیفەلیان و قونقەڵا تێکەڵاویم زۆر بوو زۆریان ببوونە حیزبی، لەعێراقەوە جاروبار وردە کتێبی کوردیان بۆ دەناردم، جارێك (قەسیدەی مەولایە صەلی)یان بۆ ناردبووم کەکرابوو بەکوردی، دابووم بەفەقێکانی قونقەڵا، رۆژێك ماڵە دۆستێکی من لەقونقەڵا مەولودیان دەکرد، منیش بانگ کرابووم، فەقێکانم فێرکرد کەلەجیاتی (مەولایە صلی وەسەلیم) تێکڕا کوردیەکە (برێژە رەحمەت خودا بەدایمی تا ئەبەد– بۆ سەر خۆشەویستەکەت چاترینی خەلقە بەجەم) بخوێننەوە، مەولودنامە دەست پێکرا و گەیشتە ئەم شیعرە و فەقێ تێکڕا بەکوردی دەستیان پێ کرد، مەلا سادقی رەحمەتی قوت بوو گوتی:

میرزا کەریم ئەوەشت ساز کرد؟

– مامۆستا بۆ من سازم کردووە، شتێکی زۆر جوانە و خۆ بێ شەرعی نییە.

– نا هەر دەڵێم ئەوەشت ساز کرد.

وەدەرنان لەگوندی

ئەو سێ ساڵە لەمامەلیان هەرچەند بەنێو دوکاندار بووم بەڵام لەراستی دا بێگارچی قادر ئاغای بابی جەعفەر ئاغا بووم، پایزێ کەجەعفەر ئاغا ئازاد کرا ژنیان بۆ عومەری برای دەگوێزتەوە لەگەڵ کاکە سواری جەلدیان ژن بەژنەیان کردبوو، بۆ

سەر داوەت لەزۆربەی خەڵکی مەمەلیانیان گێڕا بۆوە بەڵام تازە کاریان پێم نەمابوو منیان وەپاش گوێ خستبوو، دیارە هێندێ هۆی دیکەش هەبوون کەمنیان بانگ نەکردبوو.

بیست رۆژی مابوو بۆ نەورۆز کوێخا هات و گوتی: قادر ئاغا گوتوویە دەبێ مالّی بڕوا و رایناگرم.

گوتم هەتا نەورۆز ئیجارەم داوە و نەورۆزیش دەڕۆم، چوومە مەهاباد و لەگەڵ برادەران باسم کرد، هاتینە سەر ئەو بارە کەمالّم بچێتە شار، بەڵام چونی شار دژواو و دەسمایەی دەویست، لەمەهاباد چوومە لای قادر ئاغا لەمالّی حاجی بایز بوو، گوتم: کوێخات راسپاردووە کەبار بکەم و بڕۆم، پاداشی ئەو هەموو خزمەت و هاتووچۆی تەوڕێز دەبوایە هەر وابێ، هەتا نەورۆز لەوێ دەبم و نەورۆزیش دەڕۆم، گوتی: من نەم ناردووە، جەعفەر ناردوویە، تۆ ناوی کۆمۆنیستیت لەسەرە، جەعفەریش تازە بەربووە، دەترسێ تووشی بکەنەوە.

گەڕامەوە بەبابم گوت لەشار خانویەك پەیدا دەکەم و دەچینە شار، دایك و بابم زۆر ناڕەحەت بوون، گوتیان هیچمان نییە و لەشار ناحەوێینەوە، بەڵکو لەگوندێکی تر جێگا بدۆزیەوە و هەر چۆنێك بێ لەگوندی ژیان هاسانترە، سوار بووم نێزیکەی دە رۆژ لەشاروێران و سندوس و لاجان گەڕام لەهیچ کوێ رایان نەگرتم.

کاك سەید عەلی حاجی کاکەمین کەهەوەڵین کەس بوو لەسندوس بۆ زیندووکردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی و دامەزراندنی کۆمەڵی لاوانی لادێ هاتبوە مەیدان و بەگەرمی تێدەکۆشا، دانگ و نیوێکی گوندی (ئالّیاوێ) سندوسی بەئیجارە گرتبوو، گوتی: مالّەکەت بارکە وەرە ئێرە، وەتاغێکم هەیە ئێوە لەوێ دابن و ئێمەش لەنێو مالّ دا دەژین، هەرچی هەمانە پێکەوە دەیخۆین، کەس لەبرسان نەمردووە، خانوویەکی چۆڵیش هەیە ئەگەر پێتان باشبوو خاوێنی دەکەینەوە و بچنە ناوی.

چاری دیکەم نەبوو، گەڕامەوە لەگوندی نیزامایات سێ وشترم بەکرێ گرتن و چوومەوە مەمەلیان، گەیشتمە نێو گوندی، کاکەمینەی عەلیئاغا بانگی کردم

گوتی: لادە بۆ ئێرە، کەدابەزیم دایك و بابم لەوێ بوون، پاش رۆیشتنی من پازدە رۆژی مابوو بۆ نەورۆز جەعفەرئاغا پیاوی ناردبوون و و شرە و بڕەیان لەخانوو وەدەر نابوو، کاکەمینە شتەکانی بردبووە مالّی خۆیان و دایك و باب و خوشکیشم هەر لەمالّی ئەوان ژیابوون، دایك و بابم زۆر ناڕەحەت بون، دلّخۆشیم دانەوە و گوتم: تازە چارەنوسم لەوە باشتر نابێ، ئەو تاوان و جنایەتە پتر لەم رێگایەدا سور ترم دەکا، شەرت بێ تا مردن دژی ئەم نیزامە و سیستمی دەرەبەگایەتی دەست لەخەبات هەلّنەگرم.

وشترەکان گەیشتنێ، خەلّکی مەمەلیان کۆببوونەوە، زۆریان گریان، برادەرانی حیزبی پارەیان کۆکردبووە و کرێی وشترەکانیان دابوو، یەك دوو برادەری خەلیفەلیان و قەرەقەساب هاتبوون و هاودەردی خۆیان نیشان دەدا دوو ولّاخیان هێنابوو دایك و بابم سوار بوون، برێکم قسە بۆ خەلّك کرد و گوتم: کارێکی واتان کرد، تازە قەت دەست لەخەباتی دژی دەرەبەگایەتی و ڕژێمی دیکتاتۆری هەلّنەگرم، مالّاوایی مان لەخەلّك کرد بەلّام بارکردنەکەم وەك خۆپیشاندانی دژی ئاغای لێ هاتبوو.

ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە مەمەلیان، لەمالّێ کاك سەید عەلی بارگە و بنەمان بەعەرزی دادا، سۆزی برادەران هاتن خانوە چۆلّەکەیان خاوێن کردەوە و چووین دەخانوو، وەزعێکی ناخۆش دیسان لەبەر ناڕەحەتی دایك و بابم سەرم هەلّنەدەهات.

لەم حالّەدا عەلی قەرەنیئاغا پیاوی نارد کن سەید عەلی کەنابێ کەریمی حسامی رابگری، سەید عەلی بەکابرای گوت: سالّ و نیوێك ئیجارەم ماوە، هەتا ئیجارە تەواو دەبێ، ملّکی خۆمە و خانووی خۆم داوەتێ، پاش تەواوبوونی ئیجارە پێکەوە دەڕۆین.

رۆژێك چوومە نەغەدە بزانم خانویەك کارێك پەیدا بکەم، گەیشتمە نێو شار و ژاندارم بردیانم بۆ ئیدارە، سەرگورد ئەحراری فەرماندەی ژاندارمەی نەغەدە بانگی کردم و گوتی: حسامی راپۆرتی زۆر لەتۆ دراون، لەچی دەگەڕێی؟

– ئێستا ئاغا لەگوند دەریان کردووم، ئێوەش مەهێڵن لەئێران دا بگەڕێم، قانون و دادپەروەری رژێم ئەوەیە، هاتووم خانوبەك پەیدا بکەم و بێمە ئێرە، لێتان نێزیك دەبم، گوتی: بۆ خۆت کاسبی بکەی باشترە، ئێمە ئاگامان لەهەموو شت هەیە.

هاتمە دەر و چووەمە دوکانی کاك سەعیدی قوبی، کاك سەعید یەکێك لەتێکۆشەرانی (کۆمەڵەی ژ.ك) بوو، هاتبوو لەنەغەدە دوکانی دانابوو، پاش بەخێرهاتن و باسی خەبات و تێکۆشان بۆم گێڕاوە کەدەریان کردووم و ماڵەکەم هێناوەتە ئالیاوێ، بەڵام لەوێ ناحەوێمەوە، کاك سەعید گوتی: ٣٠ بارم جۆ کڕیوە لەگوندی دورگە چاڵ دایە، ماشێنێك بگرە بچۆ باری بکە و لەتەورێز بیفرۆشە و بیکە دەسمایە و وەرە خانوبەك پەیدا دەکەین و لێی دانیشە.

– زۆر سوپاست دەکەم، یارمەتیەکی گەورەیە، دەچمەوە هەر دوو رۆژی تر دێم و دەچم باری دەکەم.

– ئەو شەو ناچیەوە، لێرە دادەنیشین و بڕێك قسە دەکەین، برادەری دیکەش دێن، پاشان ئەحمەد حەلەب و یەك دوو برادەری دیکە هاتن و گوتیان با بچین بۆ قەراخ چۆم، دوکانیان داخست و بەقسەکردن بۆ سەر چۆم دەڕۆیشتین گەیشتینە پێش گاراژ فەرماندەی ژاندارمە و بەخشدار و سەرۆکی ئیدارەی سەبت و ئیدارەی دارایی، راوەستا بوون قسەیان دەکرد، گەیشتینە حاستی ئەوان و تووشی سەید مستەفای کوڕی حاجی سەیدی تازەقەڵا بووین کەگامێشێکی لەجیاتی ٢٥٠ تمەن لەبابم ئەستاند بوو، بەحیسابی خۆی ٢٥٠ تمەنی پێ قەرزدار مابووم، سەید مستەفا بێ ئەوە کەماندوونەبوونیم لێ بکا و یا سڵاو بکا بەتوندی رووی لەمن کرد و گوتی:

– ئەرێ ئەو قەرزەمان بۆ نادەیەوە، بەتەمای چی؟

– بەتەمای هیچ نیم، ئەوە کاك سەعید ماشێنێکی جۆ داومێ دەیبەم لەتەورێز دەیفرۆشم و ئەو دەم حیسابی دەکەین.

بەدەنگێکی بەرز نەڕاندی بۆ ئەوەی فەرماندەی ژاندارمە گوێی لێ بێ گوتی:

– ناوەڵا وانیە، کۆمۆنیستی کۆمۆنیست بۆیە نایدەیەوە، کەوای گوت ئاگرم گرت، غارم دایە شەقێکم لەگوندێنی دا و گوتم: قەحپەباب ئەگەر من کۆمۆنیست بم سەگبابی وەک تۆ چۆن دەتوانی داوای قەرزم لێ بکا؟

هاواری کرد چۆن لێشم دەدەی؟

– بەڵێ لێشت دەدەم و داوای پوڵیش بکەی خەراپت پێ دەکەم، ئەحمەد حەلەب و کاك سەعید توند بەسەر سەید دا هاتن و گوتیان:

– شەرمێ ناکەی؟ قەرز چی بەسەر سیاسەت داوە، نازانی ئەوەتا سەرگورد و بەخشدار لێرە راوەستاون؟

من بێدەنگ نەدەبووم جنێوم پێ دا و سەرگورد ئەحراری هاتە پێش و گوتی: ئەوە چییە؟ بۆ ئێوە عەیبە شەڕ دەکەن.

سەید گوتی: جەنابی سەرگورد کۆمۆنیستە قەرزم ناداتەوە.

سەرگورد تورە بوو، گوتی: بڕۆ نا سەید تۆ داوای قەرز دەکەی یا دەوڵەتی حیسابی کۆمۆنیستی لێ دەکێشی؟ بڕۆ بێ شەرەف شەرم بکە.

سەید سەری شۆڕ کرد و ڕۆیشت، ئێستاش داوای قەرزی نەکردەوە.

چەند ڕۆژێك لەئالیاوێ بووین بابم زۆر ناڕەحەت بوو، بەتایبەت لەوە دەترسا کەشەو بێنە سەرم و بمکوژن، ڕۆژێك خاڵم هات و گوتی مامۆستا (قەزەناوی)یە، مەلای نییە، گوندێکی خۆشە، با باوکت بێتە وێ و ببێتە مەلا، من گوتم تازە ناچمەوە دێهات، بابم پێی خۆش بوو، لەگەڵ خاڵم چوە قەزەناوی، پاش دوو ڕۆژ چەند وڵاخێکیان هێنا و دایك و بابم چوونە قەزەناوی و زوڵم و ستەمی دەرەبەگان لێکی جیا کردینەوە.

لەنەغەدە لەحەساری وەستا ڕەحمانی دارتاش، چاوە خانوێکم بە ١٣ تمەن بەئیجارە گرت و لەگەڵ خوشکم و ئامۆزایەکی دە دوازدە ساڵەم چوومە نەغەدە، بارگینەکەم فرۆشت و بێکار مامەوە، لەنەغەدە هەوەڵێن کار کۆمیتەی ناوچەی حیزبمان لەحەوت ئەندام دامەزراند، لەلاجان و شنۆ مەسئولەکانی حیزبم دیاری کرد و کاری حیزب و تێکۆشان کەوتە سەربار و بەڕێك و پێکی دەچوە پێش.

بـەهاری سـاڵی ١٣٣٠ (١٩٥١) بێجگـە لەژانـدارم، پۆلـە سـەربازێکیش بـەناوی ئینتیزامـات بەسـەرۆکایەتی سـەرهەنگ شـکوهی هاتـە نەغـەدە، سـەرهەنگی شاهەنشاهی ئەرکی خەباتی دژی کۆمۆنیستی پێ ئەسپێرا بوو، بەرتیل خۆرێك بوو تەنێکیشـی وەردەگـرت، ئاگـام لێ بـوو چـەند سـەرباز هەمیشـە لەدەروبـەری خانوەکەم بەدوام دا دەگەڕان، هێندێ کتێبی سیاسییان بۆ ناردبووین، لەشانەکان دەبوایە باسی سیاسی بکرێ و (ئوسـولی تەشـکیلاتی) بـەدەرس بگوترێتـەوە، مـن کتێبـی (پـۆلا چـۆن ئـاوە سـوو بـوو) لەگـەڵ (ئیتاعـەتی کـوێر کوێرانـە) نوسـینی خوسـرەوی رۆزیـەم بـۆ هـاتبووم دەم خوێندنـەوە، نەمـدەوێرا لەژوورەکـەی خـۆم بخوێنمـەوە، جـاری وابـوو لـەپڕ ژاندارمێك وەژوور دەکـەوت، پـێم دەگـوت لەچـی دەگەڕێی؟ ببەخشە.. نەمزانی.

وەستا رەحمان کادێنێکیی هەبوو روناك بوو، نیوەڕۆیان دەچوومە کادێنەکە و تێر کتێبم دەخوێندەوە، جـاری وابـوو سـەربازی سـەرهەنگ شـکوهی دەهاتـە مااڵێ، بەخوشکم گوتبوو ئەگەر هاتن بڵێ شـەویش نەهاتۆتـەوە، سـەرباز گێـژ دەبـوون، دەسوڕانەوە. پێیان وابوو خەریکی چم و بۆ بـزر بـووم، بـۆ ئـەوە لـەبێکاری و ژێـر چاوەدێری ژاندارم و سەرباز رزگار بم چووم لەگاراژی (هەمزەلی) قەرەپـەپاغ بـووم بەنوسـەری گاراژ مانگی بەسەت تمەن، لـەکاراژ هـەم یاریـدەی خـەڵکم دەدا و هـەم کاری سیاسیم باشتر بۆ بەڕێوە دەچوو، زۆرجار بـێ پـول بـرادەرانم بـۆ ئـەم الو ال دەنـارد، پـاش مانگێـك دیـتم نـاتوانم لـەو مـەکۆی زوڵـم و زۆرداری دا کـار بکـەم، هـەمزەلی کابرایـەکی بـێ حـەیا و درۆ ساختەچـی بـوو، دار و دەسـتەکەی لـەو بـێ حەیاتر بـوون، پـوڵی زیادیـان دەسـتاند قسـەیان بەخـەڵك دەگـوت، جنێویـان پـێ دەدان، زۆرجار وەدەنگ دەهاتم، رۆژێك کوردێکی فـەقیر دەچـووە ورمـێ، جێگـای گرتبـوو دانیشـتبوو، عەجـەمێك هـات نـاوی نووسـی و بەهـەمزەلی گـوت لـەکوێ دانیشـم؟ ئـەویش چـوو کوردەکـەی هەسـتاند و جێگاکـەی دا بـەکابرای عەجـەم، کوردەکـە هەڵنەدەسـتا، دەیگـوت دانیشـتووم و جێگـای خۆمـە، ئـیتر هـەزەلی

دایگژایە، خۆم پێ رانەگیرا، چووم گوتم بۆ لەو کابرایە دەدەی؟ شەرمێ بکە، من جێگام داوەتێ، لێمان بوو بەکێشە و ئیتر گارازم بەجێ هێشت.

هەواڵدەری رۆژنامە و شێلگیری تێکۆشان

مانگی جۆزەردان بۆ کۆبوونەوەیەکی حیزبی چوومە مەهاباد، پاش لێکدانەوە لەگەڵ برادەران، هاتینە سەر ئەو باوەڕە بۆ ئەوە کەژاندارم و سەرباز تۆزێ لێم بپرینگێنەوە کارتێکی هەواڵدەری رۆژنامە پەیدا بکەم، ئەو دەم رۆژنامەیەک بەناوی (کارزار) لەتاران دەردەچوو، مودیرەکەی وا دیار بوو پشتی بەدەربار و پۆلیس قایم بوو، کابرایەکی درِ و بێ حەیا و شەرلاتان، دژی مەعمورەکان دەینووسی و بەگژ هەموو کەس دا دەهات عەزیزی لوتفی لەمەهاباد بەپیاوی حکومەت ناسرا بوو نوێنەری رۆژنامە و گۆزارەکانی تاران بوو، گوتیان بچۆ لای عەزیزی لوتفی و بڵێ لەنەغەدە دەبمە نوێنەری رۆژنامە و لەگەڵی رێک کەوە، چوومە کن ئاغای لوتفی و پاش سڵاو گوتم رۆژنامەی کارزارم بۆ بنێرە دەیفرۆشم ئەگەر بەرۆژنامەکەم بناسێنی خەبەری ناوچەشی بۆ دەنێرم، زۆری پێ خۆشبوو، داوای ئادرێسی کرد، گوتم: نەغەدە شارێکی بچوکە ناوی من بنووسی پێم دەگات. عەزیزی لوتفی چەند حەوتوو رۆژنامەی بۆ ناردم، پاشان راستەوخۆ نامەم نووسی بۆ مودیری رۆژنامە، زۆری پێ نەچوو کارتی هەواڵدەری رۆژنامەی بۆ ناردم، لەرۆژنامەش دا نووسی کەفلانکەس لەسندوس و شنۆ هەواڵدەری ئێمەیە.

هەرچەند ئەو کارە ژیان و بەرێچوونی تێدا نەبوو بەڵام ژاندارم و سەربازم لێ دەپرینگانەوە، لەوکاتەدا نەخۆشێکیان لەلاجانەوە هێنابووە شێر و خورشید، لەوێ رایان نەگرتبوو کابرا مرد بوو، بۆ رۆژنامەم نووسی، کارزار خەبەرەکەی بڵاوکردبۆوە و داوای کردبوو کەسەرۆکی شێر و خورشید ئەشێ دادگایی بکرێ، پاش بڵاوبوونەوەی خەبەر سەرۆکی شێر و خورشیدیان بردە ورمێ، ئەویش دۆستی فەرماندەی ژاندارمە بوو، سەرگورد ئەحراری لەدوای ناردم و گوتی: تۆ هەقت نییە ئەو خەبەرانە بنووسی، ئەگەر وەدرۆی نەخەیەوە زیندانیت دەکەم،

هاتمە دەر و بەتێلگراف شکایەتم لەژاندارمە کرد، بۆ رۆژنامەم نووسی، پاش دوو رۆژ مودیری کارزار تێلگرافی بۆ فەرماندەی ژاندارمە کردبوو رووتوسیشی بۆ من نارد بوو، لەرۆژنامەدا نووسیبووی سەرگورد ئەحراری لەنەغەدە ئیجازە نادا دەنگوباسی ناوچە بۆ رۆژنامە بنووسرێ، هەڕەشەی لەهەواڵدەری ئێمە کردووە، داوای کردبوو کەلەنەغەدە لاببرێ و سزاش بدرێ.

پاش نووسینی کارزار فەرماندەی ژاندارمەیان هەڵپێچا، دەهاتە لای من و دەپاڕاوە کەلێی خۆشبم، ئاخرەکەی چل تمەنی دامێ تا نوسیم کەچاو پۆشیم لێ کرد، ئەم شکایەت و رووداوە بوو بەهۆی ئەوە کەئیدارەکان کلکە سووتەم لەبەر بکەن، رۆژنامەم بۆ ئیدارەکان دەنارد و سەری مانگ پولەکەیان بەزیادی دەهێنا، پاشان گۆواری ئومێدی ئێران، کاویان، تەرەقی، ئیتلاعاتی حەفتەیم بۆ دەهات، گۆواری کاویان و ئومێدی ئێرانیش کارتی هەواڵدەری یان بۆ ناردم، لەپەنا ئەوان دا رۆژنامەکانی حیزبی تودە (بەسۆی ئایندە، شەهباز، چەلەنگەر)م بۆ دەهات و بڵاوم دەکردنەوە، دوو منداڵی هەشت نۆ ساڵە (محەمەدی مەجرومی و سەعید پیشنوماز) رۆژنامەیان لەبازاڕ دەگێڕا و دەیانفرۆشت، ئەم جار مەسەلەی جێگا ببوە کۆسپ، دوکان نەبوو کەبیگرم، ئاشنایەکی بابم هەبوو بەناوی مەحمود خاڵە، دوکانێکی هەبوو وێنجەی لێ دەفرۆشت، پێش دوکانەکەی هەیوان بوو، گوتی وەرە مێز و کورسی لێ دابنێ و کاری خۆتی لێ بکە، رۆژنامەکانم لەوێ دادەنا، برادەران دەهاتن لەوێ کۆدەبوونەوە، پێوەندی گوندەکان، پێوەندی لەگەڵ کۆمیتەکانی حیزبی، لەدەوری ئەو مێزە جێ بەجێ دەکران، ئاغاکانی ناوچە تێکڕا ببوونە ئابونە و رۆژنامەم بۆ دەناردن، بەتایبەت گشت رۆژنامەکانی چەپیم بۆ ئاغاکانی ناوچە دەنارد و پولەکەم لێ دەستاندن، گوندییەکان شکایەت و سکاڵای خۆیان دەهێنا لای من و رێنوێنیم دەکردن.

رێکخراوی حیزب لەنەغەدە یەکێك لەرێکخراوە هەرە چالاکەکانی کوردستان بوو، کەم گوندی سندوس و شنۆ هەبوو کەشانە و ئەفرادی حیزبی تێدا نەبن، راستە لەنێو خەڵك تێکۆشان بەناوی حیزبی دیموکرات بوو، بەڵام هیچ بەرنامە و

سیاسەتێکی نەتەوایەتی و کوردستانیمان نەبوو، دەستورات و ئەوامری حیزبی تودە دەهاتن و بەگوێرەی ئەوان تێکۆشان بەرێوە دەچوو، دیارە ئەودەم بۆ زەحمەتکێشانی کوردستان مەسەلەی خەباتی دژی دەرەبەگایەتی و زوڵم و زۆری ئاغاکان لەهەموو شت گرنگتر بوو، هێندێ مامۆستای ئازربایجانی خەڵکی ورمێ لەنەغەدە دەرسیان دەگوت، ئەوان لەکۆبوونەوە و شانەکانی ئێمەدا بەشدار دەبوون.

پوشپەڕی ئەم ساڵە بۆ هەوەڵ جار ناردیانم بۆ تاران، لەتاران لەگەڵ هاوڕێ سادق وەزیری کەئەو دەم لەگەڵ کۆمیتەی مەهاباد پێوەندی هەبوو بوومە ئاشنا، سادق وەزیری لەرۆژنامەی شاباز کاری دەکرد و یەکێك لەبەڕێوەبەرانی (کۆمەڵی میللی خەبات دژی ئیستعمار) بوو، چەند رۆژ هاتووچۆی رۆژنامەکانی بەسوی ئایندە و شاباز و چەلەنگەرم دەکرد، چوومە لای مودیری کارزار و مودیری گۆواری ئومێدی ئێران و کاویان و هتد رۆژێك بۆ نان خواردن چوینەوە ماڵێ ئاغای سادق وەزیری، یەکێك لەبەرپرسەکانی حیزبی تودە هات کەپاشان بۆم دەرکەوت (هۆشمندی راد) بوو، لەسەر وەزعی کوردستان و شێوەی خەبات و چۆنیەتی تێکۆشان گەلێکمان قسە کرد، پاش هەشت رۆژ سارم خان پێی گوتم بۆیە هاتبووی کەچەند مانگ لێرە بمێنیەوە و لەکلاسی کادری سیاسی دا بەشداربی، بەڵام ئێستا بوونت لەکوردستان پێویستترە، ناچار گەڕامەوە بۆ وڵات.

هاتنە سەر کاری حکومەتی دوکتۆر موسەدەق تارادەیەکی زۆر دەرەتانی بۆ تێکۆشانی سیاسی پێك هێنا، کاتێك قونسوڵخانەی ئینگلیز لەخوزستان بەسترا و ئاڵای ئێران لەساختومانی شێرکەتی نەوت هەڵکرا لەسەرانسەری ئێران تێلگرافی پشتیوانی بۆ موسەدەق لێ دەدرا، منیش لەنەغەدە تیلگرافێکی پشتیوانی و پیرۆزباییم بۆ دوکتۆر موسەدەق نارد رادیۆ تاران تێلگرافەکەی خوێندەوە و دوکتۆر موسەدقیش بەتێلگراف جوابی دابۆوە و سوپاسی کردبوو، پاش ماوەیەك لەمەهاباد نامەیەکم بۆ هات نووسرابوو برادەرانی سەرۆ (دیارە مەبەست حیزبی تودە بوو) لەتیلگرافی پیرۆزبایی تۆ رەخنەیان گرتووە، ئەوان دەڵێن: حسامی

کەسێکی ناسراوە، تێلگرافی پشتیوانی ئەو دەبێتە هۆی ئەوەی کەخەڵك حکومەتی موسەدەقیان پێ باش بێ، هەر ئەم بیروڕایە و گەلێك نمونەی دیکەش سیاسەتی چەپڕەوی حیزبی تودەی لەحاست موسەدەق نیشان دەدا، کەپاشان درەنگ خۆشیان لەو بارەوە رەخنەیان لەخۆ گرت، بەڵام رەخنەی هێندێ حیزبی سیاسی وەك نوشدراوی پاش مەرگی زۆرابە.

جنایەتی دەرەبەگی مامەش

رۆژێك کابرایەکی فەقیری خەڵکی (کێڵی بەلەبان) هات و دەپاڕاوە.

– چیبە چیت لێ قەوماوە؟

– جا چیم لێ بقەومێ، کاك سمایلی ئاغای کێڵی بەزۆری دەست درێژی بۆ کچەکەم کردووە لەخانێ شکایەتمان کردووە، کاك سمایلیان بردە خانێ بەڵام هەر ئەوی رۆژێ هاتەوە، پەنام بۆ تۆ هێناوە، بۆ رۆژنامەم نووسی کەسەرگورد هاشمی مەرزەبانی خانێ، ئاغای تاوانباری بەرەڵا کردووە کەس نییە بەدەرد و سکاڵای گوندییەکان رابگا.

رۆژنامە خەبەرەکەی نووسی، مەسەلە بڵاوبۆوە، کاك سمایلیان راکێشا بۆ نەغەدە و بۆ وەرمێ، سەرگورد هاشمی دەهات و دەپاڕاوە، دەیگوت چەندی بڵێی دەتدەمێ شتێك بنووسە و ئەم خەبەرە وەدرۆ خەوە، گوتم: تا خوێنی کچەکە نەستێنی و بابی رازی نەکەن دەست هەڵناگرم، هاتووچۆیەکی زۆریان بەکاك سمایل و سەرگورد هاشمی کرد، ئاخرەکەی پۆلێکی چاکیان دا بەکابرا و رازیان کرد و نەجاتیان بوو.

دەرەبەگەکانی مامەش لەو مەسەلەیە زۆر تووڕە بوون، رۆژێك لەمەهاباد لەحوجرەی میرزا حوسێنی داودی دانیشتبووم عەلی قەرەنیئاغا و چەند ئاغای دیکەی مامەش وەژوور کەوتن، عەلیئاغا رووی لەمن کرد و گوتی: تۆ بۆ دەو ئاغایانەت هەڵپێچاوە؟ تۆ ئەگەر وابکەی ناتوانی لەنەغەدە دابنیشی.

– ئەگەر ئاغا دەست لەزولّم و جنایەت هەلّبگرن کەس کاری بەوان نەداوە، منیش بۆیە لەنەغەدە دانیشتووم کەس بەئاغا نازانم.

ئەم رووداوانە دەبوونە هۆی ئەوە کەخەلّك پتر روو لەحیزب بکەن و بەپشتیوانی خۆیانی بزانن، رۆژێك لەنەغەدە لەدوکانی کاك سەعدە دانیشتبووم، کابرایەکی گوندی کورد بەبازاڕدا دەهات، عەجەمێکی دوکاندار پێشی بەکابرا گرت و داوای قەرزی لێ کرد، کابرا گوتی: ئێستا نیمە، بازاڕێکی دیکە بۆت دێنم، کابرا دەستی لێ هەلّنەگرت، لەوکاتەدا ئاجودانی ژاندارمەری نەغەدە بەوێ دا دەهات، دوکاندار بەئاجودانی گوت: ئەو کوڕە قەرزم ناداتەوە، ئاجودان بەکابرای گوت بۆ پولّەکەی نادەیەوە؟

– ئێستا نیمە، بۆی دێنم خۆ حاشای لێ ناکەم، ئاجودان تا هێزی تێدابوو زللەیەکی لەکابرا دا، من وەدەرکەوتم و بەگژی دا چووم، گوتم: بێ شەرەف بۆ لەو فەقیرە دەدەی چی کردووە؟ ویستی چەقە بکا زللەیەکم لێ دا و گوتم ئێستا بۆ رۆژنامەکان دەنووسم، رۆیشتم بۆ تێلگرافخانە، ئاجودان یەقەی کاك سەعدەی گرت و وەدوام کەوت و دەپارایەوە، بەتکای برادەران ئاجودان نەجاتی بوو.

سەید عەولای کەمالی و دوکانداری

کابرایەکی خەلّکی کوردستانی عێراق بەناوی سەید عەولای کەمالی لەسەردەمی کۆماری مەهاباد دا هاتبووە نەغەدە، لەعێراق جولەکەیەکی کوشتبوو دراوێکی زۆری جولەکەی هێنابوو، عەرزێکی زۆری کڕیبوو، خانو و دوکانی لێ دروست کردبوون و کچێکی کاخدری سەروکانی خواستبوو، دوکانێکی بەزازی دانابوو دەستی کرد بوو بەگوێ بڕی و سوت و سەلەم، پارچە و قوماشی بەقەرز دەدا بەخەلّك قەرزەکەی لێ دەکردنە سەلەمی گەنم بەوەعدەی سەر خەرمانان، باری گەنمی لەئاغایەکی بەرد کەمران بەچوار تمەن سەلەم کردبوو لەسەر خەرمانان باری گەنم ببوە چل تمەن، ئەوەندەی خوێنی خەلّك مژتبوو، زۆر لەئاغاکانی پیران و مامەش قەرزەکەیان نەدەداوە.

رۆژێك ناردبووی كەبۆ فراوین بچمە مالّی ئەو، پێم سەیر بوو، چووم، پاش نان و چا گوتی: پێم خۆش نییە تۆ بێكار بی، دراوێكی زۆرم هەیە دوكانێكی گەورە و پڕی عەتتاری و بەقالّیت بۆ دادەنێم، دەزانم باش كار دەكا و كڕیارت زۆر دەبن، سەرمایەی من و قازانجیش بەشەریكی، خۆت هاتووچۆی تەورێز بكە و سەودا و مامەلّەی خۆت بەڕێوەبەرە.

دیارە سەید ئەوەندە پیاو نەبوو كەبۆ من دلّسۆز بێ، بەلّام ویستبووی قەرزەكان بەمن كۆ بكاتەوە، چونكە نەیاندەداوە.

من بۆ ئەوە كەبێكار نەبم، لەخولاّم دەویست كارێكی وام بۆ هەلّكەوێ، گوتم زۆر باشە ئامادەم، گوتی: جا كەوایە با سەفەرێكی لاجان بكەین هێندێ قەرز كۆكەینەوە و پاشان دەچینە تەورێز و ئەشیای دوكان بكڕە، چوینە لاجان و بەری پیرانان، هەرجێیەك دەچووین دەیانگوت، تۆی لەگەلّ نەبێ، هیچی نادەینێ، نازانی چۆن دەستی بڕیوین و مالّ وێرانی كردووین.

هەر چۆنێك بوو نێزیكەی چل بار گەنمی كۆكردەوە و بارمان كرد بۆ تەورێز و لەوێ بایی چوار هەزار تمەن ئەشیای دوكانمان كڕی، لەنەغەدە دوكانێكی باشم كردەوە، كڕیار زۆر بوون و سەرۆكی ئیدارەكان بەگشتی بوونە كڕیاری دوكان، بێجگە لەوە دوكان بوو بەجێگای رۆژنامەفرۆشی و كۆبوونەوەی حیزبی قەلەمندارەی برادەران و شوێنی پێوەندییەكانی حیزبی.

لەم ماوەیەدا دایك و بابم لەئێمە دوور بوون و جێژنی قوربان ولاّخێكی سواریم لەئاغا مەجید وەرگرت و چووم سەرم دان و هێندێ شتومەكی پێویستم بۆ بردن.

هەلّبژاردنی پارلمان

سەرماوەزی ۱۳۳۰ (۱۹۵۱) مەسەلەی هەلّبژاردنی پارلمان هاتە گۆڕێ، هاوڕی صارم الیدینی صادق وەزیری بۆ نوێنەری مەهاباد دەستنیشان كرا، بێجگە لەصادق وەزیری دوكتۆر محەممەدی موكری و جەعفەر خانی حەیدەری و پاشاخانی ئاختەولەش لەمەهاباد خۆیان دەستنیشان كردبوو، حكومەتی

موصـەدەق رایگەیانـد بـوو کەهەڵبـژاردن ئـازادە، کۆمیتـەی چـاوەدێری بەسـەر هەڵبژاردندا لەتاران و لەشارەکان پێك هاتبوو.

تێکۆشانێکی توند بۆ بەشداری لەهەڵبـژاردن دا و دەنـگ دان بۆ صـادق وەزیـری لەلایەن رێکخراوەکانی حیزبییەوە دەست پێکرا، چەند رۆژ پێش هەڵبـژاردن هـاوڕێ صادق وەزیری هاتە مەهاباد، دژبانی لەشکری مـەهاباد لـەدەروازەی شـار صـادق وەزیری دابەزاند کەچەمەدانەکانی بپشکنی، صادق وەزیری زۆر پیاوانـە و ئازایانـە لەبەرامبـەر ئەفسەری دژبان راوەستا و گوتی: تۆ ناتوانی چەمەدانی مـن بپشـکنی، من قازی عەدلیەم و لێرە داد سەرا و دادستانی هەیە و تا نوێنـەری دادسـتان نەیـە ناتوانی چـاو لەچـەمەدانی مـن بکـەی، تـا ئـەم رۆژە لەمـەهاباد کـەس بـەم جـۆرە لەبەرامبـەر دژبـانی لەشـکر رانەوەسـتابوو، کوردسـتان بەتـەواوی لەبـەر دەسـتی لەشکر دابوو، ئەرتـەش دەسـەڵاتی هـەموو شـتێکی هـەبوو، وەك وڵاتـی داگیرکـراو چـاویان لەکوردسـتان دەکـرد، راوەسـتانی صـادق وەزیـری لەبەرامبـەر دژبـان دا خـەڵکی وریـا کـردەوە، نوێنـەری دادسـتان هاتـە دەروازەو و صـادق وەزیـری بەسەرکەوتنەوە لەنێو پێشوازی گەرمی خەڵك دا هاتـە نێـو شـار و لـەماڵێ حـاجی سالحی خەرازی میوان بوو.

پـاش هـاتنی صـادق وەزیـری لەمـەهاباد کۆمیتـەی چـاوەدێری بەسـەر ئـازادی هەڵبژاردن دا بەسەرۆکایەتی ئاغای تابانی وەکیلی عەدلیـەی دامەزراند، هەرچـەند من لەنەغەدە بووم بەڵام پاشمله منیـان وەك جێگـری سـەرۆکی کۆمیتـە دیـاریکرد بوو.

مەسـئولیەتی بـەڕێوەبردنی کاروبـاری هەڵبـژاردن لەسـندوس و لاجـان بـەمن ئەسپێردران من دەبوایە بۆ بەشداری لەکاری کۆمیتەی چـاوەدێری بێمـە مـەهاباد، لەسندوس بەشەو سوار دەبووم لەگەڵ دوو برادەر دەچوومە گوندەکانی سندوس و لەباری دەنگ دان بۆ صادق وەزیـری قسـەم دەکـرد، ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوچـە هەریەك بەمەسئولی چەند گوند بۆ هەڵبژاردن دیاری کران.

سەفەری خانێ

دەبوایە سەرێکی خانێ و لاجان بدەم، رۆژێك سوار بووم لەگەڵ دوو هاوڕێ چوومە سەروکانی، کاحەمەدی سەروکانیمان هەڵگرت و سواری ماشینێك بووین بۆ خانێ، کەچوویند مەرزەبانی سەر گوند هاشمی گوتی ئێرە سنوورە هاتنی ئێوە بۆ ئێرە باش نییە ئەمرم پێکراوە کەدەبێ بگەڕێنەوە.

گوتم ئێرە ئێرانە، منیش هەواڵدەری رۆژنامەم و بۆ زانینی وەزعی هەڵبژاردن هاتووم، پاش چەقەیەکی زۆر گوتی: تۆ دەتوانی بمێنیەوە بەڵام هاوڕێکانت دەبێ ئێستا بڕۆن، ماشێن نەبوو، لۆریەك زوخاڵی لێ دابوو بۆ ورمێ، پێمان گوت سوارمان کا، گوتی بەسەر بار ئەگەر دەتوانن سوار بن، چارە نەبوو ئێمە سێ کەس سوار بووین و کاحەمەد بەجێ ما و گوتی: ئێوە برۆن لەسەر پردی دەربکە دابەزن و بەپێ بچنە دەربکە مااڵی مارفئاغا منیش دێم.

ئێمە لەسەر پرد دابەزین و چووینە گوندی دەربکە، کەچوینە مااڵێ مارفئاغا کاك حەمەد لەدیوەخان دانیشتبوو، واقمان وڕما، چۆن وا زوو گەیشتوویە ئێرە؟

– کەئێوە رۆیشتن چوومە چایخانەیەکی عەجەمان تریاکیان دەکێشا، وەرم گرت دوو سێ مژی تونـدم لەتریاك دا و هاتمە دەر، تا ئێرە رام کردووە و ماندووش نەبووم.

لەدەربکە ولاخی سواریمان وەرگرت و بەگوندەکانی شنۆ زەنگ و بەلەبان و ئەندێزێ دا هاتینەوە سەروکانی، مااڵێ کاحەمەدی قادری، ئەگەر هاتین شێخ مارفی کوڕی شێخ سمایلی شنۆ لەوێ میوان بوو، شەو تا درەنگ دانیشتین و لەسەر وەزعی هەڵبژاردن قسەمان کرد، شەو درەنگ بوو شێخ مارف گوتی: دە هەستە حەمەد برۆوە ئێمە دەخەوین، کاحەمەد گوتی: شێخ مارف هەرسێك تەاڵقم کەوێ بەجێت ناهێڵم لێت خافڵ بین دەچیە زگ ژنەکان!

لەسەروبەندی هەڵبژاردن دا بڕیار وابوو بۆ سەرکەوتنی صادق وەزیری هەموو توانایەك بەکاربێنین، چەند رۆژ پێش دەنگدان عەلی قەرەنیئاغا و هێندێ ئاغای تر هاتنە نەغەدە، مااڵێ حەمەد ئاغای مامەش کەدەهاتنە نەغەدە لەمااڵێ حەمە

مزگـەر میـوان دەبـوون، دەرەبـەگ لەشـارەکان هەمیشـە لـەمزڵی نـەرم و نـۆڵ دەگەڕان، کەمتر دەچوونە هوتێل و میوانخانە، مـاڵێ حەمـە مزگـەریش بـۆ نـەرم و نۆڵی بەنێوبانگ بوو، لەگەڵ کۆمیتەی ناوچە بڕیارمان دا کەبچینەی لای عەلیئاغا و داوای لێ بکەین کەبەکوێخاکانی گوندەکانی خۆیان بسپێری کـەبۆ صـادق وەزیـری دەنگ بدەن، دیارە ئێمە کاری خۆمان کردبوو، ناوی صـادق وەزیریمـان نوسـیبوو لەهەموو گوندەکانی سندوس دابوومان بەو کەسانە کەدەبوایە دەنگ بدەن، پێمان گوتبوون ئەگەر ئاغاکان نـاوی کەسـێکی دیکـەیان بـۆ نوسـین وەری بگـرن لەسـەر سندوق ناوی صادق وەزیری بخەنـە نێـو سـندوق و ناوەکـەی تـر کـەئاغا وێیـداون بیهێننەوە، لەڵام لەگەڵ ئەوەش برادەران بڕیاریان دا کـەمن بچـمە لای عـەلیئاغا و داوای لێ بکەم کەلەهەڵبژاردن دا یارمەتیمان بکا.

لەگەڵ برادەرێکی تر چوومە مـاڵێ حەمـە مزگـەر، ئاغاکـانی شـاوەلە و دیگـۆجیش لەوێ بوون، دوای سڵاو و بەخێرهاتن عەلیئاغا بەخۆشی گوتی: ئەوە چۆنە؟

– هاتووم بەکوێخاکان بسپێری کەلەسندوس رەعیەتەکانی ئێوە بۆ ئاغـای صـادق وەزیری دەنگبدەن.

– تۆ دژی ئاغاکانی و تەبلیغاتەکەت دژی ئێمەیە و دەتەوێ دەنگیشت بۆ بدەین؟

– عەلیئاغا ئەوە مەسەلەیەکی ترە، ئەگەر لەم مەڵبەندە کوردێك کاندید بایـە مـن بێ لایەن دەبووم، بەڵام بۆ لەجیاتی پاشا خانی قەرەپەپاغ، کوردێکی خوێندەوار، دڵسۆز بەشەخسیەت نەبێتە نوێنەری مەهاباد؟

– من بۆ تودە دەنگ نادەم.

– صـادق وەزیـری کـوردە و تـودەیی نییـە.. کاندیـدی ئێمەیـە.. منـیش ناچـم خواهیشت لەهەموو کەس ناکەم.

– چونکە وا بەتێ رادیۆی هـاتووی، کوێخاکـان دەنێرمـە لای تـۆ، چـۆنی دەتـەوێ بەقسەت بکەن.

– زۆر سوپاس، ئەم تکایەم لەپیروتئاغا و سەلیم خانیش هەیە.

گوتیان بەکوێخاکان دەڵێین بێنە لات و خۆت تەرتیبی بکە، قسەکانیان راست بوو کوێخاکان هاتن و خەڵکی گوندەکانی ئەوان بۆ ئێمەیان دەنگ دا، سیستەمی دەرەبەگی هێندێ ئاکاری پیاوەتیشی تێدا بەدی دەکرا، عەلیئاغا باش دەیزانی ئێمە چکارەین، بەڵام چونکە چووبوینە لای ئەو، ئەو، پیاوەتیەی کرد، منیش قەت لەبیرم نەچۆتەوە و زۆر جاریش باسم کردووە، بەڵام هەر لەمامەشان ئاغایەکی دیکە.

برایمئاغای کوڕی حاجی عەولاغای قەڵاتان زۆر دەهاتە لام خۆی بەپێشکەوتنخواز و کورد پەروەر نیشان دەدا، جاروبار برادەران یارمەتی باشیان لێ وەردەگرت، بەتایبەت لەگەڵ من نێوانی زۆر خۆش بوو، رۆژێك هات و گوتی: ئێوە کارتان بەخەڵکی قەڵاتاون و زەلیلان نەدابێ، خۆم ناوی صادق وەزیری دەنووسم و دەیاندەمێ بیخەنە سندوق.

– زۆر باشە سوپاست دەکەین و هەر چاوەڕوانی ئەوەشمان لەتۆ هەبوو.

تەشکیلاتی حیزبی لەگوندەکانی ئەو زۆر بەهێز بوو، کەم کەس مابوو نەبێتە ئەندام و یا لایەنگر نەبێ، ناوی صادق وەزیری نوسرابوو درابوو بەهەموو کەس، پێیان گوترابوو کەنوسراوەکانی برایمئاغا بێننەوە، رۆژی دەنگ دان خەڵکی قەڵاتان و زەلیلان گیرفانیان پڕ بوو لەم ناوانەی کەبرایمئاغا نوسیبووی دابوینێ کەبیخەنە سندوق، نوسیبووی (پاشاخانی ئەمیر فەلاح)، هەڵبژاردن تەواو بوو، برایمئاغا هات و گوتی:

قەڵاتان و زەلیلان بەگشتی بۆ صادق وەزیریان دەنگ دا.

– چاوێکم لێ کرد و نوسراوەکانی خەتی ئەوم لەلا بوون، لەپێشم دانان و گوتم: ئەوانە خەتی کێن؟ سەری بەرداوە و دەنگی نەکرد، گوتم ئەوەندە بزانە لەگوندەکانی تۆ، ئێمە لەتۆ بەهێزترین، دۆستی بەراستی بە.

لەکاتی هەڵبژاردن دا ئەحمەدی قاسملۆ وەك نوێنەری صادق وەزیری لەتارانەوە هاتبووە مەهاباد و لەوێشەوە هاتە نەغەدە و دوو رۆژ میوانی من بوو، هەوەڵ جار تووشی ئینسانێکی خوێندەوار، شارەزا، سادە، بێ فیز و ئازا و تێکۆشەر دەبووم،

بەهەموو کوردەکانی نەغەدە و هاوڕێیانی حیزبیمان راگەیاند بوو کەڕۆژی دەنگدان هیچ کەس دوکان دانەنێ و سەعات هەشتی بەیانی بەکۆمەڵ بچنە سەر سندوق و دەنگ بدەن، لەولاشەوە پاش خانی ئەمیر فەلاح بەشەو نێزیکەی ٢٠٠ رەعیەتی چوماخ بەدەستی هێنابوو خەریك بوو لەسەر سندوق کێشە ساز بکا، لەنێو شاریش کردبوویانە قاوکە هەرکەس لەکوردەکان بچێتە سەر سندوق لێی دەدەن.

کوردەکانی نەغەدە بەتایبەت برادەرانی حزبیش کەئەوەیان بیستبوو بەیانی دوکانیان کردبوونەوە کەس نەچوو بوە سەر سندوق، من شەو چوومە یەك دوو گوند و گەڕامەوە، بەیانی زوو هەستام بۆ نێو بازاڕ چووم، تەماشام کرد دوکان و بازاڕ هەیە کەس نەچۆتە سەر سندوق، پرسیم ئەوە چییە؟ بۆ نەچوون دەنگ بدەن؟

– پاشا خان چوماخ بەدەستی هێناون و هەڕەشەی کردووە هەرکەس بچێ دەیکوژن.

بەتووڕەیی هێندێ قسەم پێ گوتن و گوتم: ئەوا من دەچم ئەگەر کوشتیانم ئێوە مەبزوون، لەنێو بازاڕ یەك دوو کەس پێشیان گرتم و نابێ بچی، خۆت تووشی کێشە بکەی، جوابم نەدانەوە رۆیشتم، دوو ژاندارم دوور لەمزگەوت کەسندوقی لێ بوو بۆ پاراستنی هێمنیەتی راوەستابون، پێش مزگەوت هەر جمەی دەهات و چوماخ بەدەستی پاشاخان دەوری مزگەوتیان گرتبوو، بەژاندارمەکانم گوت: ناوتان چییە؟ من سەعات بەسەعات راپۆرتی هەڵبژاردن بۆ رۆژنامەکان دەنووسم، وریابن نەهێڵن کەس ئاژاوە ساز بکا و کێشە و هەرا بنێتەوە.

گورج ناوەکانیان گوت و گوتیان تکایە لەبیرت نەچێ ناوی ئێمە بۆ رۆژنامە بنووسی.

– وەرن وەپێشم کەون بۆ سەر سندوق، ژاندارمەم وەپێش خۆ دان، خەڵکیان دڕ پێدا و چوومە مزگەوت، کاتێك من بەیانی لەماڵ دەردەکەوم کاك مامەندی زەرگەتن یەکێك لەدۆست و ئاشناکانی من و لایەنگری حیزب بوو دەچێتە ماڵی ئێمە و دەپرسێ، دەڵێن وەدەرکەوتوە، ئیتر کاك مامەند یەکسەر بەدوای من دا

دێ و لەنێو بازاڕ قسە بەکوردەکان دەڵێ کەبۆچی لەگەڵ من نەهاتون، من لەسەر سندوق بووم کەئاوڕم داوە دیتم کاك مامەند نەختێك دوور لەپشتم راوەستاوە، قولیخانی نەغەدە کەئەندامی ئەنجومەنی هەڵبژاردن بوو گوتی: ئاغای حسامی بۆ کێ دەنگ دەدەی؟

– خان مەعلوومە، ئەوە دەنوسم (صارم الدینی صادق وەزیری) من خەریکی نووسین بووم تێلگرافێك هات دە رۆژ هەڵبژاردن وەدوا خرابوو.

لەگەڵ کاك مامەند گەڕاینەوە، سوپاسێکی زۆری پیاوەتی و دۆستایەتی کاك مامەندم کرد، ئێستاش کەئەو بیرەوەریانە دەنووسمەوە ئەو پیاوەتیەم هەر لەبیرە و سوپاسی دەکەم.

لەکۆبوونەوەی حیزبی دا هەڵوێستی برادەران رەخنەی لێ گیرا، کوردەکانی نەغەدە سەرکۆنە کران.. لەماوەی ئەم دە رۆژەدا کەهەڵبژاردن وەدوا خرابوو چوومە مەهاباد، لەمەیدانی ئاردی دوو چەقووکێش قەرەپەپاغ بەناوی جەلیل و فەتاح کەجاسوسی روکنی ۲ بوون پێشیان پێ گرتم و گوتیان: ئێمە لەترسی تۆ نەمان وێراوە بێینە نەغەدە، جنێویان دا، گوتم بێدەنگ نەبن ئێستا بانگ دەکەم بەشەقانو بکوژن، ئەوان رۆیشتن و من چوومە موسافیرخانەی کەریمی ئەحمەدەمین.

پرسیم: ئەحمەدی قاسملۆ لەژوورەکەیەتی؟

میرزا کەریم کابرایەکی لەکن دانیشتبوو چاوێکی لێ هەڵتەکاندم و گوتی: وەدەرکەوتوە، چوومە موسافیرخانەی کەریمی خوسرەوی، دانیشتم و سەرۆکی دژبانی مەهاباد لەگەڵ چوار دژبان و جەلیل و فەتاح وەژوور کەوتن.

فەتاح گوتی: ئەوەتا، جنێوی بەشاهەنشا دەدا.

سەرۆکی دژبان گوتی: فەرموو بچینە دژبان.

– من سەرباز نیم، کارم بەدژبان نییە، ئێرە شارەوانی هەیە.

– من ئەمرم پێکراوە کەتۆ بەرمە دژبان، تکایە فەرموو.

هەستام وەپێشیان کەوتم، کەچوینە روکنی ۲ سەرۆکی روکنی ۲ پرسی:

– تۆ خەڵکی کوێی؟ لێرە چدەکەی؟

– من ئێرانیم و ئێرەش ئێرانە.

– بۆ چوویە موسافیرخانەی گوڵشەن؟ چکارت بەقاسملۆ بوو؟

– قاسملۆ نوێنەری ئاغای صادق وەزیریە، منیش ئەندامی کۆمیتەی چاوەدێریم بەسەر هەڵبژاردندا، دیتنی ئەحمەدی قاسملۆش تاوان نییە.

– چیت لەباخەڵان دایە لەسەر ئەو مێزەیان دابنێ، دەت پشکنین.

– ئێوە هەقتان نییە من بپشکنن، ئێرە دادستانی لێیە، نوێنەری دادستان بێ ئەودەم بم پشکنن، تەلەفۆنیان کرد جێگری دادستان هات، هەرچی لەگیرفانم دا هەبوو دەرم هێنا و گوتم فەرموو باخەڵانم بگەڕێن.

– تکایە فەرموو بڕۆ، راپۆرتی بەدرۆمان پێ گەیشتبوو، کەهاتمە دەر مێرزا محێدینی قونقەڵا کەکوێخا سجیل و ئەندامێکی بەبیروبڕوای حیزب بوو چاوەڕوانی دەکرد.

– چۆنە هاتووی؟

– ئاغاکانی شارۆیران لەقونقەڵا کۆبوونەوەیان هەیە، خەبەریان بۆ هێنان کەحسامی گیرا، منیش بەغار هاتووم بزانم چییە.

پاش چوونی من بۆ دژبان خێرا خەبەرەکە بەشاردا بڵاوببۆوە، رەحیمی سوڵتانیش لەئیدارەوە هاتبوو بۆ دژبان، من وەدەرکەوتم تووشی بووم، گوتی با بچینەوە ماڵێ نان بخۆین، بەبازاڕدا دەڕۆیشتین، سمایلی شەریفزادە لەپێش دوکان خوانچەی دانابوو وردەواڵەی دەفرۆشت، ویستم شیش گۆرەوی لێ بکڕم، پرسیم.

– ئەم شیشانە بەچەندین؟

– خاڵە خەڵکی کوێی؟

– خەڵکی نەغەدەم؟

– کەریمی حسامی دەناسی؟

کاك رەحیم گوتی: سمایل کەریمی حسامیت بۆ چییە؟

– پێم خۆشە ببینم، ئەوشەو لەماڵی ئێمە باسیان دەکرد، ئێستا گوتیان گیراوە.

– ئەگەر بیبینی شیش گۆرەوی بەخۆڕایی دەدەیەی؟

– یەك شابی لێ ناستێنم.

– ئەوە خۆیەتی کەریمی حسامیە.

سمایل گەشکە بوو، شیش گۆرەوی هێا و پوڵی نەدەویست، کاك ڕەحیم پوڵەکەی دایە و ڕۆیشتین.

پاش دە ڕۆژ هەڵبژاردن دەست پێ کرا، لەناوچەی سندوس لە ٤٨٠ دەنگ ٤٠٠ کەس بۆ صادق وەزیری دەنگی دابوو، کۆمیتەی نەغەدە وەك قارەمانی هەڵبژاردن بەنووسین دەستخۆشانەی لێ کرا، لەمەهاباد لە دوو هەزار دەنگ ١٨٠٠ دەنگ بۆ صادق وەزیری درابوو، بەڵآن بەو حاڵەش ئیمام جومعەی تاران لەسەر کورسی نوێنەرایەتی مەهاباد دانیشت!

سەفەرێك بۆ زینوێ شێخ

ساردی پایزی ١٣٣٠ (١٩٥١) سەفەرێکم کرد بۆ بەری پیرانان، چەند ڕۆژ لەگەڵ کۆمیتە و شانەکانی ناوچە کۆبوونەوەمان هەبوو، پاشان ئیجازەم لەمەرزەبانی وەرگرت کەبچمە زینوێ شێخ، ناردم کوێخا خدری دەلاوان بارگینێکی بۆ ناردم و سوار بووم چوومە زینوێ و میوانی شێخ عوبێدوڵآی ڕەحمەتی بووم، نێزیکەی دە شەو لەوێ بووم، لەگەڵ شێخ و کوڕەکانی و دوکاندارەکانی زینوێ نێوانم زۆر خۆش بوو نەیاندەهێشت، بێمەوە ئەو شەوەی بڕیارم دا سۆزی بگەڕێمەوە بەفر باری، بەیانی دوو سواریان دەگەڵ ناردم تا ئاوی شیوە ڕەش، سنووری ئێران و عێراق (بەرەسمی).

سوارەکان گەڕانەوە و من بەتەنیا ڕێم داگرت، لەنێزیك پۆستی تەمر چیان بارگین لەبەفردا عاسێ بوو نەبزوت، هیچ چارم نەما، لغاوم لەسەرکردەوە و بەجێم هێشت بەپێ چوومە تەمەرچیان مالێ باپیرئاغا، خۆی لەماڵ نەبوو، ژنەکان زۆر بەخێریان هێنام، گوتم دوو سێ زەلام بچن ئەسپەکەم بێننەوە لەنێزیك پۆستی ژاندارمە کەچۆڵ بوو عاسێ بووە، خێرا سێ چوار زەلام جۆیان برد و پاش سەعاتێك

بارگینیان هێناوە، شەو لەماڵە باپیرئاغا زۆریان قەدر گرتم و بەیانی سوارێکیان رەگەڵ خستم تا گەیشتمەوە زەرگەتەن مالێ کاك مامەندی، هەر ئەو رۆژە بارگینم بۆ کوێخا خدر ناردەوە، شەو بەفرێك باری تەواوی رێگا و بانی گرتن و تەواو مانگێك لەزەرگەتەن مامەوە.

رۆژێك لەگەڵ کاك مامەند چوومە خانێ، خەڵك کۆببووە و لەبەر بێ نەوتی زاڵەیان بوو، نەوت نەدەهات، خەڵك بەکۆڵ شتیان دەبرد، ولاخ دەرنەدەچوو، دوکاندارەکان نەوتیان شاردبۆوە و تا بەگران بیفرۆشن، دوکاندارێکی عەجەمیان نیشان دام و گوتیان: نەوتی هەیە و بەنهێنی چەلەنگی بەدە تەمەن دەفرۆشێ.

چوومە ئیدارەی مەرزەبانی و بەسەرهەنگم گوت: نەوت وەگیر ناکەوێ، دوکاندار شاردوویانەتەوە، بەگرانی دەفرۆشن، تۆ بێدەنگ بووی، من ئەم وەزعە بۆ رۆژنامە دەنووسم.

– مەعمورێك لەگەڵ خۆت بەرە، نەوت لەکوێ هەبوو بیهێنە دەر و بیدەن بەخەڵك، گروبانێك هات و چوینە دوکانی کابرای خاوەن نەوت، لەپێش دا حاشای کرد، چومە پشتی دوکانەکەی ٦٠ چەلەنگ نەوتی شاردبۆوە، نەوتەکەمان پێ هێنادەر و راوەستام تا بەنرخی دەوڵەتی هەموویان کڕی، چەند دوکانداری دیکەش لەترسان نەوتیان هێنادەر و فەرحانی پەیدابوو، خەڵك دەهاتن و سوپاسیان دەکرد.

سەیدی ئەولادی پێغەمبەر

کابرایەکی دوکاندار هەبوو بەناوی سەید شامە کوڕی سەید مرادی، پێشتر دەمناسی مالّی لەشاری شنۆ بوو زۆر ڕووت و فەقیر بوو، چوبوو لەخانێ دوکانی دانا بوو بەدوو سێ ساڵان (ماشەڵا) ببوە لورد و خودا بەسەری دا ڕژاندبوو!

ڕۆژێك لەگەڵ کاك مامەند لەدوکانەکەی دانیشتبووین، کابرایەکی خەڵکی گوندی دیلزە هاتە دوکان، سەید شامە کابرای هەڵپێچا و گوتی: بەفر باری و چەڵتوکەکەت بۆ نەهێنام، دەبێ قەبزەکەم بۆ تازە کەیەوە، ئەوەتا میرزا کەریم لێرەیە قەبزەکەمان بۆ دەنووسێ، کابرا پاڕاوە و گوتی: خولاّ هەڵناگرێ، سەنگ و سوکیەکم لەگەڵ بکە، منداڵم هەن.

پرسیم ئەوە چییە؟

کابرا گوتی: ئەم کاك سەیدە خەرواری چەڵتوکی لێ سەلەم کردووم بە ٢٥ تمەن خەروار ٢٥ پوتە، ئێستا خەرواری بە ١٧٥ تمەنە، چەڵتوکی چاك هەتا دوو سەدیش هەیە، لەجیاتی پوڵەکەش قەند و چا و شڕە و بڕەی دامێ بەگران بۆ ئەو خەرواری ٢٠ تمەنیش نەکەوتووە.

بۆم ڕوون بۆوە کەسەید شامە چۆن بەسێ ساڵ وا دەوڵەمەند بووە و ئەو هەموو سەروەتەی وەسەر یەك ناوە، یان (خودا داویەتی)، بەسەیدم گوت: ئینساف بۆ دینیش فایدەی هەیە، زوڵم شتێکی باش نییە، جا ناکا لێشی بستێنی؟

– بۆ هەقی خۆمە، زوڵمی چی؟ ئەوە سەودایە.

– کوڕە ئەمە کەی سەودایە، ئەمە ڕێگریە، فەرقی ئەوەیە بەشەو ناچیە سەر ڕێگا خەڵك روت کەی بەڕۆژی ڕووناك لەنێو شار لەسەر دوکان خەڵك ڕووت دەکەی.

بەکابرام گوت مەیدەیە ٢٥ تمەنەکەی بدەوە بەسیەتی.

– وەلاّ ئەگەر لێم ڕازی بێ ٥٠ تمەنیشی دەدەمێ، ڕازی نابێ.

بەسەید شامەم گوت قەبزەکەی بدەوە و لەگەڵی ڕێك کەوە، دەنا بۆ ڕۆژنامەی دەنووسم ئابڕوت دەچێ، کاك ماممند قسەی لێ کرد و بڕیان بە ٧٥ تمەن قەبزی

کابرامان پێ دڕاند، ڕێگا و بان شکان و لەگەڵ دوو سێ بڕادەر بەپێیان هاتمەوە نەغەدە.

جارێکی تر لێك کۆبوونەوە

نەورۆزی ساڵی ١٣٣١ (١٩٥٢) دوکانی (بالفچی) م لەمیرزا سدیقی بلوریان بەئیجارە گرت و دایك و بابم هێنانەوە بالفچی و جارێکی تر هەموومان لێك کۆبوونەوە، تێکۆشانی سیاسی، هاتووچۆی شار و گوندەکان پەکی کاسبی خستبووم، من هەر بەناو کوڕی ماڵێ بووم، تەنانەت بەدوکانەکەی خۆشم لەنەغەدە باش ڕانەدەگەیشتم، باوکم لەبالفچی وەزعی ژیانی باش بوو، ئامۆزایەکم هەبوو لەبەر دەستی دا کاری دەکرد و دوکانەکەی هەڵدەسوڕاند، خەڵکی گوندی (بالفچی) لەرادەبەدەر باش بوون و ڕێزیان لێ دەگرت، چەند مانڵ لەو مەڕدارانە بوون کەوەختی خۆی لە (دەلاوان) یەکترمان ناسیبوو ئێستا ببوونە ئەندامی حیزب و هاوڕێی بەوەفا بوون، من شەوانە دەچوومەوە (بالفچی) و بەرۆژ دەهاتمە نەغەدە.

ڕۆژێك برادەرێکی خەڵکی (بالفچی) هاتە لام و گوتی: دوێنێ خانمەکانی قەرە پەپاغ چوونە سەر سوڵتان و هومایلێکی زۆریان بەسەر قەبرەکە داداوە.

سوڵتان چ بوو و کێ بوو؟ چاکێکە لەپشت بالفچی و لەسەر لوتکەی چیا، دەوروبەری دارستان و ئاوی سارد و سازگار، گۆیا ئەسحابەی پێغەمبەرە و لەسەر ئەو چیایە کوژراوە، کەسیش نازانێ ئەم کابرایە کەگۆیا ناوی (سوڵتان با یاقوبە) لەمەککە و مەدینەوە بۆ گەیوەتە کوردستان و لەگەڵ کێ بەشەڕ هاتووە و بەدەستی کێ کوژراوە؟ ئەوەندەیە ئێستا بۆ کورد بۆتە جێگای ڕاز و نیازان لەم کەژە خانویەکیان لەسەر دروست کردووە گڵ کۆیەکیش لەوێ بەرز بۆتەوە و (ماشەلا) بەقەد دوو کەسیش درێژ دەبێ، ڕۆژی جێژنە و نەورۆز خەڵکی گوندەکانی سندوس و تەنانەت هێندێ گوندی شنۆیەش دەچنە سەر سوڵتان دەبێتە شایی و هەڵپەڕکێ و زەماوەند (جێگای درکاندنی هەستی دڵانە)

سەیرانگایەکی زۆر خۆشە و منیش بیرەوەری خۆشم لەسەر ئەم ئەسحابەیە هەیە، بەڵێ خولاّ هەڵناگرێ سوڵتان خێر و بەرەکەتی بۆ کیژ و کوڕی لاو هەبووە، ئێمە ئەم شوێن و ئاهەنگانەمان بۆ کاری سیاسی باش بەکاردەهێنا، برادەران هەمیشە دەچوون رۆژنامە و بەیاننامەیان دەبرد و دەیاندا بەخەڵک، قسەمان بۆ خەڵک دەکرد، دۆست و برادەرمان دەدیتن، ئێمە لەسندوس و شنۆ لەشایەر و زوڕنا ژەن و دەهۆڵ کوتیش باش کەڵکمان وەردەگرت، لەشنۆ زوڕنا ژەنێکی بەناوبانگ بەناوی کوڕی غەنی چاوەش هەبوو، ببوە دۆستی من و لایەنگرێکی تۆندی حیزب بوو، بۆ هەموو شایی و زەماوەندی گەورە لێیان دەگێڕاوە، هەموو جار رۆژنامە و بەیاننامەمان دەدایە و لەزەماوەندان دا بەتاقمەکەی خۆی بڵاوی دەکردنەوە، جێگای خۆیەتی باسی رەسوو چاوەش بکەم کەلەم بارەوە زۆری یارمەتی داوین.

با بگەڕێمەوە بۆ لای سوڵتان، پاش ئەوە کەخەبەری چوونی ژنە قەرە پەپاغانی بۆ سەر سوڵتان بۆ هێنام، بانگی برادەرێکم کرد کەزۆر فەقیر بوو، کوڕێکی مەرد و رەند، بەدەستەوە ئازا، پەیکی گوندەکان، گوتم ئێوارە بچۆ سەر سوڵتان، هەرچی لەسەر گڵکۆیەکە دانرابوو بیهێنە و بۆخۆت بەکاری بێنە، سۆزی هاتەوە لام گوتی: زۆر سوپاست دەکەم، هومایل ئەوەندە زۆربوو بێجگە لەکراس و دەرپێی منالاّن بەشی بەرگە لێفەشی کرد.

حەمەدی مەولودی

رۆژێك لەدوکان دانیشتبووم برادەرێکی حیزبی لەشنۆیەڕا گەیشتێ و پەشۆکابوو گوتی: ژاندارمەی دەشتە بیل حەمەدی مەولود و محەممەدی عەولاّ چەپە و هاشمیان گرتووە و ئێستا هێنایانن بۆ نەغەدە و لەژاندارمەری حەپسن.

هەستام و چوومە ژاندارمە، بەئاجودانم گوت: بیستوومە چەند دز لەشنۆ گیراون هاتووم بزانم کێن و چۆن گیراون تا بۆ رۆژنامە بنووسم.

ئاجودان گوتی: دز نین خەڵکی مەهابادن زەمانی دیموکرات هەڵاتوون تاوانی قەتڵیان لەسەرە.

– دەکرێ بیانبینم رەنگە بیان ناسم.

– بچۆ ئەوە لەزیندان دان.

کەچوومە زیندان راست بوو، کاحەمەدی مەولودی و محەممەدی عەولاّ چەپە و هاشم بوون، لێم پرسین چتان گوتووە و لەکوێ گیراون؟ گوتیان: لەپاسگای (کانی سپی) دەشتە بیل گیراوین و گوتومانە هاتووین خوری بکڕین، عیلاجێکمان نەکەی نەجاتیمان نایە.

چومەوە لای ئاجودان، گوتم: دەیان ناسم، بەخۆڕایی بۆ خەڵك تووشی زەحمەت دەکەن، ئەوانە کاریان خوری کڕینە و هیچیان لەسەر نییە.

– باشە ئێمە دەیان نێرینە مەهاباد لەوێ بەریان دەدەن.

– بۆ دەیان نێریە مەهاباد؟ لێرە من دەبمە دەستە بەریان ئازادیان کە.

– ئەدی من لێرە کا دەخۆم؟

– باشە شیرینی تۆ من دەیدەم.

– بچۆ لەنێو بازاڕ شاهید نامەیەك بگرە چەند کەس ئیمزای بکەن کەئەوانە بێ تاوانن.

هاتمە بازاڕ شاهید نامەم بەدە کەس ئیمزا کرد و بردمەوە لای ئاجودان، پێنج تمەنم دایە و هەرسێکم هێنانە دەر و لەگەڵ برادەرێك ناردمنە بالفچی مالّی خۆمان، لەبازاڕ سەد تمەنم کۆکردەوە لیباسم بۆ کڕین سێ رۆژ لەبالفچی حەسانەوە و رۆیشتن، بەداخەوە کاحەمەدم نەدیتەوە، بەڵام پاش چەند ساڵ هاشم و محەممەدم لەعێراق دیتنەوە.

جارێکی دیکەش بۆ تاران

لەو ماوەیەدا کەدوکان دانرابوو سەید عەولاّ دەهات لەدوکان ئەشیای دەبردەوە و بەخەتی خۆی دەینووسی، رۆژێك حیسابم لەگەڵ کرد بایی چوار هەزار تمەن ئەشیای لەدوکان بردبۆوە، گوتم با بچین سەنەدی سەبتی بەتاڵ بکەین و لێك جیابینەوە.

گوتی: بـا دوکانەکـە هـەر بمینـێ، رەسـیدێکی چـوار هـەزار تمـەنت دەدەمـێ، مـن هەرگیز بیری ئەوەم نەدەکردەوە کەسـەید عەولاّ لەگـەڵ ژاندارمـە رێـك کـەوتووە و دەیانەوێ بەدەستی سەید عەولاّ تووشی کێشەم بکەن، رەسیدی چوار هەزار تمەنم لێ وەرگرت، کۆمیتەی مـەهاباد خەبـەری دامـێ کەپێویسـتە بچـمە تـاران و شـەش مانگ لەکلاسی کادری سیاسی دا بەشدار بم، بۆ ئەوە تا لەتاران دێمەوە دوکانەکـە بێ ساحێب نەبی بڕیارمان دا بیدەم بەمستەفای ئاغا مەجید و ئەو پیاوێکی لەسەر دابنێ حیسابمان کرد بایی هەزار و پێنجسەد تمەن بوو قەبزێکم لێ هەستاند.

برادەران لەمەهاباد بڕیاریان دا تا لەتاران دێمەوە مانگی ٢٥ تمەن یارمـەتی بـاوکم بکەن کەقەت بڕیارەکەیان نەبردە سەر، چوومە تاران و جارێ مانگێك لـەتاران بـێ کار دەسوڕامەوە و هەر دەیانگوت چاوەڕوان بە، کوڕەکانی مەهابادی کاك ئەمیر و قازی و سـولەیمانی مـوعینی و مسـتەفای ئیسـحاقی لـەتاران دەیانخوێنـد، منـیش لەگەڵ ئەوان دەژیام، لەم ماوەیەدا هێندێ برادەری تورکی سندوس هاتنـە تـاران، ئەو تورکانە خەڵکی گوندی (زولمابات و عەجەملیان) بـوون، ئاغاکـان دەیانویسـت لەگوند دەریان بکەن، ئـەوانیش ببوونـە لایـەنگری حیـزب و ئێمـە پشـتیوانیمان لێ دەکردن، چەند جار لەگەڵیان چـووبوومە تـەورێز و ورمـێ، پیاوانـە بەربـەرەکانیان دەکرد، کەزانیبویان لەتارانم هاتبوونە تاران، لەگەڵیان چوومە لای وەزیری عەدلیـە و داستانی گشتی و حوکمێکمان هەستاند کەدەبێ پێش لەزوڵم و زۆری دەرەبەگان بگیرێ و کەس هەقی نییە دەریان بکا، سەرکەوتنی ئەوان لەناوچە دەنگی دایەوە، بـوو بـەهۆی ئـەوە کەزەحمەتکێشـانی تـورك لەسـندوس بـۆ لای ئێمـە بـێن و پشتیوانیمان لێ بکەن.

پـاش مانگێـك ئاغـای صـادق وەزیـری گـوتی: لەمـەهابادەوە نامـەیان نووسـیوە کەبچیەوە، دەڵێن بوونی لەمەڵبەند پێویستە و کارەکـان بەڕێوەناچـن، سـوزی بـۆ نـانی نیـوەڕۆ وەرە مـاڵی ئێمـە، بـەیانی چـوومە مـاڵێ صـارم خـان، کەچـووم هۆشمەندی راد لەوێ بوو، بڕێکمان باسی سیاسی کرد و پاشان گوتی: برایمئاغـای قادری دەناسی؟ چکارەیە و چ پیاوێکە؟

– برایمئاغا کوڕی کاخدری سەروکانی و بـرای کاپیتـان قـادری و ژن بـرای سـەید عەولای کەمالی بوو، خۆی کردبـووە ئەنـدامی حیـزب و مـانگی ٢٠ تمـەن مانگانـەی دەدا و بۆ هاتووچۆی دێهات ولاخمان لێ وەردەگرت و جاری وابوو بەکۆمەڵ بـانگی دەکردین.

گـوتم برایمئاغـا ئەنـدامی حیزبـە و یارمـەتی دەدا، کـاك حەمـەدی بـرای ئەنـدامی کۆمیتەی نەغەدەیە و یەکێك لەتێکۆشەرانی حیزبە.

نووسراوێکی هێنادەر و لەپێشی دانام گوتی: ئەم خەت و ئیمزایە دەناسی؟

تەماشام کرد خەت و ئیمزای برایمئاغا بوو، گوتی: بیخوێنەوە.

کەخوێندمـەوە برایمئاغـا راپـۆرتی لێ دابـووین و دابـووی بـەروکنی ٢ی سـتادی لەشکری چواری ورمێ، ناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوچەی نووسیبوو، ناوی هێنـدێ ئەندامی تێکۆشـەری حیزبـی نووسـیبوو، پاشـان گوتبـووی ئەگـەر ئەوانـە نـەگرین ناوچەکە دەشێوێ، نامەکـەی دا بـەمن گـوتی: بـا لـەلات بـێ، بـەڵام وریـا بـن ئـەو کەسانە خۆیان لەنێو حیزب خزاندووە.

بەخشداری سندوس

سندوس بەخشداریکی بۆ هاتبوو چەندی بڵێی خـەراپ و کۆنەپەرسـت و دژی ئێمـە بوو، لەکێشە و هەرای وەزیر و دەرەبەگاندا پشـتی ئاغاکانی دەگـرت، چـەند جـار کێشەمان ببوو، شکایەتم لێ کرد بوو، لەگەڕانـەوەدا لـەتاران لەتـەوریز چـوومە لای ئوستاندار شکایەتم لێ کرد و بەسەنەد و بەڵگە بەخشدارم تاوانبار کـرد، ئوسـتاندار مەعمورێکی لەگەڵ ناردم بۆ نەغـەدە، کـابرا هـات و چـوو لەمالّـە بەخشـدار میـوان بوو، ئێمە ناردمـان لەگونـدەکان ئەوانـەمان کـۆکردەوە کەشـکایەتیان لەبەخشـدار هـەبوو، لەسـاڵۆنی شـارداری نەغـەدە و کۆبوونەوەیـەکی گـەورە لەسـەرۆکی ئیدارەکانی سندوس و هێندی بڕواپێکراوی نەغەدە پێك هات، ئەوانەی شـکایەتیان هـەبوو هاتنـە ژوور و قامکیـان دەچـاوی بەخشـدار دەنـا، کـابرا گـەڕاوە بـەڵام بەخشداریش هەر لەجێی خۆ مایەوە.

لەوکاتـەدا لەنەغـەدە هەیئـەتی ئەسـناف هەڵدەبـژێردرا، کوردەکـانی نەغـەدە بەتێکڕایی منیان هەڵبژارد بوو، لەبەر کاری سیاسی نەمتوانی قبوڵی بکەم، دوکتۆر مصدق لەو ساڵەدا بۆ پێشگری لەشۆڕشی قولی کۆمەڵایـەتی لـەجیاتی ئیسـلاحاتی زەوی و زار قانونی سەدی بیستی پەسند کرد، قـانوونی سـەدی بیسـت ئـەوەبوو کەلەبەهرەی خاوەن مولک سەدی بیستیان دەگێڕاوە، لـەم سـەدی بیسـتە سـەدی دەیان بۆ ئاوەدانی گوند دادەنا و سەدی دەشـیان دەداوە بـەوەزیر، ئـەم قانوونـە دەرەتانی ئـەوەی پێـک هێنـا کەبـەناوی بـەجێ گەیانـدنی قـانوونی سـەدی بیسـت خـەبات دژی دەرەبـەگ و خـاوەن مولکـان تونـدتر بکـرێ، لەگونـدەکان کۆمیتـەی وەرزێریمان پێک دەهێنا کـەبۆ خۆیـان بەسـەر چـۆنیەتی بـەجێ گەیانـدنی قـانونی سەدی بیست رابگەن.

حکومەتی مصدق لەبەرامبەر ئەم قانونەدا قانوونی کۆمیسیۆنی ئەمنیـەتی پەسـند کردبوو کەبەگوێرەی ئەو لەهەموو شارێک کۆمسیۆنێک لەبەخشدار و یا فەرمانـدار و فەرماندی ژاندارمە و سەرۆکی عەدلیە و سەرۆکی مالیە و دادسـتان پێـک دەهـات و ئەم کۆمیسیۆنە دەسەڵاتی هەبوو هەر کەسێکی بیەوێ بەناوی (ئاژاوەچـی) دووری خاتەوە و یا شەش مانگ حەپسی بکا.

لەزۆربەی گوندەکانی سندوس کۆمیتەکانی وەرزێری کـار و بـاری گنـدیار گرتبـووە دەست و جـوابی ئاغایـان نـەدەداوە، لەمـەهاباد کۆمیتـەی وەرزێـری سەرانسـەری کوردستانمان پێک هێنابوو، یەکێک لەهەڵەکانی ئەم کۆمیتەیە ئـەوە بـوو کەبێجگـە لەمن و لەکاک سوڵتانی حاجی باغر ئەندامەکانی تری کۆمیتە خەڵکی گوند نەبوون، گـەنجی مـەهابادی بـوون، دەچـوونە گونـدی زمـانی خـەڵکی گونـدیان نـەدەزانی، لـەوەزعی ژیـانی دێهـات و کاروبـاری کشـتوکاڵ شـارەزا نـەبوون، لـەزۆر شـوێن هەڵوێستیان زیانی دەگەیاند.

سەفەرێکی تەورێز

لەئاخری بەهاردا سەفەرێکی تەورێزم کرد، رۆژێك لەشەقام تووشی کاك بایزی کوڕی سوارەی ئەحمەدی گوڵاوێناغای مەنگوڕ بووم، کوڕەکانی خاڵ ئوغلی تەورێزی شکایەتیان لێ کردبوو ئەوەندەیان لێر و لەوێ دابوو تەڕایی یان لەبەر بڕیبوو، پاش بەخێرهاتن و چاك و خۆشی گوتی: جارێ با بچین نانێك بخۆین، چوینە جێگایەکی خاوێن و چلاو کەبابمان خوارد، زۆرم پێ خۆشبوو گوتی: جا پوڵەکەی بدە، کەهاتینە دەر گوتی: هیچ پێت سەیر نەبێ، عەجەم هیچیان پێ نەهێشتووم یەك تمەنم لەگیرفان دا نییە.

– من پوڵم پێیە با بت دەمێ.

– نا، سابڵاخی لێرەن لێیان وەردەگرم.

نازانم بۆ چوومە موسافیرخانەی شەرافەت، تەماشام کرد ژنێکی کورد لەبن دەرگای موسافیرخانە هەڵکڕوشماوە، سڵاوم لێ کرد و پرسیم خەڵکی کوێی؟

– خەڵکی گوندی (قەرەبڵاخم) لەسەر دوکتۆر بووم چاویان عەمەل کرد بووم، ئێستا لەخەستەخانەوە دەریان ناوم و هێناومیانە ئێرە، دایکی وسێنی حەمە شێخەم، نەکەس دەناسم و نەدەزانم چبکەم.

گوتم هیچ کارێکت هەیە لێرە؟

– نا بەقوربانت بم کارم نییە، دەمەوێ بچمەوە بەڵام چۆن نازانم.

– دوای نیوەڕۆ من دەچمەوە مەهاباد لەگەڵ خۆم دەت بەمەوە.

– ئەی خولا دەستت دەعەمری گرێ، ئەگەر ئەو چاکەم لەگەڵ بکەی قەت لەبیرم ناچێ کوڕەکانی من زۆر پیاون، چاکەت دەدەنەوە.

دوای نیوەڕۆ لەگەڵ خۆم بلیتم بۆ کڕی و هێنامەوە مەهاباد بردمە ماڵە خزمێکی خۆی، پاش چەند رۆژ وسێنی حەمە شێخە دایکی بردبۆوە و هاتە نەغەدە وسێن بوو بەئەندامی حیزب، پیاوێکی جوامێر، ئاقڵ، قسەخۆش لەسەر حیزبایەتیش چەند ساڵ کەوتە زیندان.

زیندانی سەید عەولای کەمالی

رۆژێك لەدوکان دانیشتبووم دیتم مەعمورێکی ئیجرا هات، پەڕێکی ئیجرای پێ بوو کەلەماوەی دە رۆژ دا دەبوایە چوار هەزار تمەن بدەم بەسەید عەولا.

بەخشدار و فەرماندەی ژاندارمە ئیجرایان پێ صادر کردبوو کەبەگرتنم بدەن، رێگای قانوونی ئەوە بوو کەچوار سەد تەن لەعەدلیە دابنێم تا شکایەت دەکەم و دادگا تەواو دەبێ، چوومە ورمێ، چوار سەد تمەنم لەدەفتەر عەدلیە دانا و ئیجرا راگیرا سەید عەولایان فێرکردبوو کەداوای گرتنم بکا، لەبەرئەوە زۆر لەمامۆستاکانی تورك لەسندوس لەشانەکانی ئێمەدا بەشدار دەبوون و کوردی ئێمەش لەورمێ لەشانەکانی حیزبی تودەدا بەشدار دەبوون بڕیار درا بوو کەمن لەکۆبوونەوەکانی کۆمیتەی شاری ورمێ دا بەشداربم، هەر پازدە رۆژ جارێك دەچوومە ورمێ و کۆبوونەوەمان دەبوو.

بێجگە لەوەش لەگەڵ دوکتۆر گرمان زۆر نێزیك بووم و زۆرجار نەخۆش و دەردە دارمان دەنارد لاو یارمەتیەکی زۆری دەدایێ، بۆ بەشداری لەکۆبوونەوەدا چووبوومە ورمێ، لەدەرەوەی شار لەباخی برادەرێك بەناوی (فەلاح) کۆبوینەوە و لای ئێوارە هاتم کەبێمەوە بۆ نەغەدە تووشی سەید عەولا بووم، دوو ئاژانی لەگەڵ بوون و گوتی ئەوەتا، ئاژان هاتنە پێش گوتیان فەرموو بۆ شارەوانی، سەرۆکی شارەوانی ورمێ سەرهەنگێکی بێناموسی شاپەرست بوو، بردیانمە لای سەرهەنگ.

بەتووڕەیی بەگژم دا هات: تۆ بۆ ئاگرت کردۆتەوە.

– هیچم نەکردووە، مەبەست چییە؟

بەینێك لەوەو پێش بۆ چووبویە تەورێز؟

– کاری خۆمە و تۆ هەقی ئەو پرسیارەت نییە.

گوتی دەستبەندی لەدەستی بدەن و بیبەنە زیندان.

– ناتوانن دەستبەندم لەدەستی بدەن، بەبێ ئەمری دادستان چۆن زیندانیم دەکەی؟

– بچۆ زیندان پاشان ئەمری دادستان دێ.

بردیانم بۆ زیندان، مودیری زیندان گوتی: بەبێ ئەمری دادستان ناتوانم بیگرم دیاربوو سەرۆکی شارەوانی تەلەفۆنی بۆ کردبوو کەبەناوی تەوقیف رایگرە.

بردیانم بۆ حەساری سیاسیان، چەند برادەرێکی ئازربایجانی گیرابوون دەمناسین شەو خۆشمان رابوارد، بەیانی سەرگورد وەکیلی سەرۆکی زیندان هات، پێشتر باش یەکترمان دەناسی، ئینسانێکی باش و ئازادیخواز بوو، گوتی هیچ ئەمری راگرتنت نەهاتووە، لەوە دەگەڕێن بەڵکە بۆ راگرتنت بدۆزنەوە، من لە ٢٤ سەعات پتر رات ناگرم، دوای نیوەڕۆ لەدەفتەری زیندان بانگیان کردم گوتیان ئیجرای عەدلیە نوسیویەتی قەرزدارە و دەبێ بگیرێ، برادەرانی ئازربایجانی ناردیان نوێن و پێ خەفیان بۆ هێنام، رۆژی دوایی بانگیان کردم بۆ عەدلیە، کەچوومە عەدلیە برایمی مەعسومی سەرۆکی دادگای شارستان کەلایەنگری حیزبی بوو بانگی کردم، گوتی: ئەوڕۆ زانیم کەگیراوی، ئەو سەیدە بێ شەرەفەیان فێرکردووە کەداوای گرتنت بکا، جارێ بچۆ لەدەفتەر چوار سەد تمەنەکە وەربگرەوە با ئەویش نەبات، بانگی مودیری دەفتەری کرد و گوتی چوار سەد تمەنەکەی حسامی بدەوە، پوڵەکەم وەرگرتەوە هاتمەوە زیندان.

خەبەرم دا باوکم بەڵگەی چوار هەزار تمەنەکەی بۆ هێنام کەلەسەیدم وەرگرتبوو لەعەدلیە شکایەتم کرد، برادەرانی حیزبی هەموو رۆژ لەنەغەدە و شنۆ و لاجان دەهاتنە لام، کیژە ئاغایەکی بەشەرەف خەبەری ناردبوو ئەگەر بەپارە نەجاتی دەبێ من گوارە و دەرزیلەی خۆم دەفرۆشم بۆی دەنێرم.

پاش مانگێك سەید کەهەستی بەوە کردبوو لەدادگا مەحکوم دەبێ و برادەرانیش دیار بوو هەڵیان نابوو نامەی نووسیبوو بۆ عەدلیە کەئازادم بکەن.

رۆژێك لەدەفتەر زیندان بانگیان کردم، کەچووم دیتم سەید عەولا لەگەڵ مەلا عەزیزی عەبباسی لەوێ دانیشتووە، هەستا دەستی لەئەستۆ کردم و گوتی: هاتووم لێم ببووری، من خەراپەم کرد تۆ چاکەی بکە، لەزیندان هاتمەدەر و چومەوە نەغەدە.

من بەرۆژ لەنەغەدە دەبووم و شەو دەچومەوە (بالفچی)، لەئیدارەی ژاندارمەری گروبانێك لەدەفتەر کاری دەکرد، کوڕێکی ئازادیخواز و هاوکاری دەکردین و خەبەری بۆ دەهێناین، رۆژێك هات گوتی: نابێ بەشەو بچیەوە بۆ بالفچی، دەیانەوێ ژاندارم بنێرنە سەر ڕێگات و بەبیانووی قاچاخی تەقەت لێ بکەن.

کۆمیتەی شار بڕیاری دا هەموو رۆژ دوو برادەر تا (بالفچی) لەگەڵم بێنەوە.

ڕاپەڕینی وەرزێرانی موکریان

جوڵانەوەی کرێکاری و وەرزێری لەسەرانسەری ئێران پەرەی دەگرت، پێ بەپێی خەباتی دژی ئیمپریالیستی و دژی کۆمپانیەکانی نەوت و دژی دەربار کەحیزبی تودەی ئێران پیشقەرەوڵ و هاندەر و ڕێبەری بوو، لەکوردستانیش خەبات دژی زوڵم و زۆری دەبەرەگان پەرەی دەگرت، وەرزێری کورد چاوی دەکراو، دەیویست خۆ لەچنگ ژێر دەستی دەرەبەگان رزگار بکا، هەروەك گوترا ئێمە لەو هەلە دەرفەتمان وەرنەگرت و جارێك مەسەلەی نەتەوایەتیمان نەهێنا گۆڕێ و لەگەڵ خەباتی کۆمەڵایەتی تێکەڵمان نەکرد، حیزبی تودەش بەجارێك لەو سەردەمەدا مەسەلەی نەتەوایەتی خستە پشت گوێ و باسی نەکرد.

لەمانگی بەفرانباری ١٣٣١ (١٩٥٢) کۆمیتەکانی وەرزێری لەژێر ڕێنوێنی ڕێکخراوەکانی حیزب بۆ کورت کردنەوەی دەستی دەرەبەگان کەوتنە کار.

ئەمجار ئیبتکاری بەکاردەهێنا، لەمزگەوت کۆدەبوونەوە سوێندیان دەخوارد کەخیانەت بەیەکتر نەکەن، پوڵیان کۆدەکردەوە بۆ شکایەت و هاتوچۆی شار و کێشە و هەرای ژاندارم، لەم خەباتەدا زۆر لەمەلاکانی کوردستان دەوری جوان و پیرۆزیان هەبوو، ڕۆژنامەکانی تاران دەیان نووسی کوردستان بۆتە کۆمۆنیستی.

لەگوندی (گوڵ) ناوچەی محالی (یەختەچی) زەماوەند ساز دەکرێ، مالێ بڕایمئاغای قارەمانی کەیەکێك لەدەرەبەگە ناسراوەکانی جاسوس و سەر بەدەربار بوو، دەیانەوێ بیانوو بەمەلا عەولای مەلای گوند بگرن و بەزۆری کیژی مەلا بەرنە نێو شایی، وەرزێران لێیان وەخۆ دەکەون و مالێ ئاغا پەلامار دەدەن، ئاغاکان

لەگوند دەردەکەن، دەرەبەگەکانی ناوچە خەریك دەبن بەهاواری برایمئاغاوە بێن کۆمیتەکانی حیزب لەو مەڵبەندە داوای لەوەرزێران کرد کەهەر خاوەن ملکێکی بەهاواری برایمئاغاوە بچێ، لەگوند دەری بکەن، وەرزێران لەسەرانسەری ناوچە لەدەرەبەگان وەخۆ کەوتن، گوندەکانی (گوڵ، مەلالەر، عەمبار، ناچیت، شاریکەند، رەحیم خان و ناوچەی فەیزوڵا بەگیان) ناوەندی راپەڕینی وەرزێری بوو، لەهەموو گوندێك ئاغاکانیان وەدەرنان، دەرەبەگەکان پەنایان بۆ بۆکان برد و شاری بۆکان بوو بەمەکۆ و پەنای دەرەبەگە هەڵاتووەکان، وەرزێران بۆ دیفاع دەستەی چەکداریان پێك دەهێنا، بەداخەوە کۆمیتەی سەرکردەیی لەمەهاباد و رێبەرایەتی حیزبی تودەش نەیانتوانی راپەڕین بەهێز بکەن و بۆ لای شۆڕشێکی راستەقینە پاڵی پێوەنێن کۆمیتەی مەهاباد غەنی بلوریان و عەزیزی یوسفی کردە مەعمور کەبگەنە ناوەندی راپەڕین و رێبەرایەتی بکەن، بەڵام ئەوان لەمیانداوە دەچنە تەورێز و لەوێوە دەچنە کرماشان و لەتاران سەریان هێنادەر، سەرتیپ موزەفەری فەرماندەی سوپای مەهاباد لەشکری بەتانك و تۆپەوە بەهاواری دەرەبەگانەوە نارد، قاسمئاغای ئیلخانی زادە سەرۆکایەتی دەرەبەگە هەڵاتوەکانی گرتە دەست و چەکی لەژاندارمە وەرگرت و بەپشتیوانی تانك و تۆپی لەشکر، راپەڕینی وەرزێران سەرکوت کرا، دەرەبەگ و کۆنەپەرستی ناوچە لەهەموو لایەك لەوەرزێران وخۆ کەوتن، محێ دینی بابانزادە لەدۆستانی پەنا سابڵاخەوە بۆ سەرکوت کردنی راپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی بۆکان کەوتەرێ و دەستی گڵاوی بەخوێنی وەرزێران سوور کرد، ئەم گوندانەی کەخاوەن ملکەکانیان لەترسی وەرزێران رایان کردبوو کەوتنە بەر پەلامار و هێرشی دەرەبەگ و ژاندارم.

دەستیان کرد بەکوشتار و تاڵانی وەرزێران، منداڵی بەر مەمکانیان بەبێشکەوە خستبوە چۆمی تەتەهوو، لەناوچەی شامات خەڵك بێشکەی منداڵی خنکاو و تەرمی کوژراوەکانیان دەگرتەوە، لەهەموو ناوچە مەلاکانیان لەگوندی وەدەردەنا و وەرزێرە سەر بزێوەکانیان دەردەکرد، دەرەبەگەکانی ناوچەی بۆکان و بەشی

بەگزادە و مەڕ و گاڕانی تالآن کراوی وەرزێرەکانیان دەنارد بۆ بازاڕی محەمەد یار لەسندوس بیفرۆشن.

کۆمیتەی نەغەدە کۆبوونەوەی تەواوی لەئەندامان پێك هێنا و پاش لێکۆڵینەوەی رووداوەکان ئەم بڕیارانەی ژێرەوە پەسند کرد و هەریەك شەو لەسەرانسەری سندوس بەرێکخراو و کۆمیتەکانی حیزبی راگەیاند:

١- شانە و رێکخراوەکانی حیزبی لەگەڵ کۆمیتەکانی وەرزێری لەوپەڕی وریایی و ئامادەیی دابن و هەموو خەبەر و جموجۆڵی دەرەبەگەکان بۆ کۆمیتەی نەغەدە بنێرن.

٢- هێزی بەرگری لەلاوان پێك بێنن و شەو و رۆژ لەئامادەیی و کێشك دا بن.

٣- ئەو گوندانەی ئاغایان لێ نیشتەجێ نییە، رێگا مەدەن کەئاغا بێتە نێو گوند.

٤- برادەرانی گوندەکانی (قەرەقەساب و خەلیفەلیان و مەمەلیان) لەسەر رێگاکانی (شەرگە و زینوێ باراملووان) کێشك بکێشن و مەڕ و مالآتی تالآن کراوی وەرزێرەکانی ناوچەی بۆکان و یەختەچی کەبۆ بازاڕی محەمەد یار بێ، بیهەستێنن و بیهێنن بۆ نەغەدە و تەحویلی کۆمیتەی نەغەدەی بدەن، قادری سۆفی هەمزە لەقەرەقەساب بەمەسئولی ئەم بەشە دیاری دەکرێ.

٥- هاوڕێیانی حیزبی لەگەڵ کۆمیتەکانی وەرزێری خەریکی کۆکردنەوەی یارمەتی و پیتاك بن بۆ لێقەوماو و دەرکراوەکانی ناوچەی بۆکان.

٦- هەموو رێکخراو و ئەندامانی کۆمیتە پەیوەندی دائمییان لەگەڵ مەسئولی تەشکیلات هەبێ.

مالّەکەی من وەك مزگەوتی لێ هات، شەو و رۆژ لەسەرانسەری ناوچەوە برادەران دەهاتن و خەبەریان دەهێنا، لەزۆربەی گوندەکان ئاغاکان لەژوورێ دا وەك حەپس وابوون و نەدەهاتنەدەر، چاوەڕوان بووین کەلەمەهابادەوە دەستوری راپەڕین بدرێ.

بۆ ئەوە جموجۆڵەکە تۆزێ لەبەرچاوی ژاندارم ون بێ، برادەران بڕیاریان دا بۆ چەند رۆژ من نەیەمەوە نەغەدە و هەر لەبالفچی بم، کا حەمەدی قادریش لەگەڵ

مـن بـێ، تـازە ژنم هێنـابوو رۆژێـك دایـك و بـابم لـەماڵ نـەبوون لەگـەڵ خێـزانم دانیشـتبووین پێکـەوە نانمـان دەخـوارد، لـەپڕ هاوڕێیـەکی خـەڵکی گوڵـێ وەژوور کەوت، کەئێمەی دیت پێکەوە نان دەخۆین حەپەسا، گوتم وەرە پێش بـۆ وا مـات بـووی، دانیشـت و نـان و چـای خـوارد و وەڵامـی نامـەکانی وەرگرتـەوە و رۆی، کەچووبۆوە بەبرادەرانی گوتبوو: هەر ئەومان پیاو لەنێودا بوو ئەویش هیچ.

پرسیبوویان بۆ چ بووە؟

– چۆن کەچوومە ژوور لەگەڵ ژنەکەی نانی دەخوارد!

برادەرانـی قـەرە قەسـاب و خەلیفـەلیان نێزیکـەی ٥٠٠ سـەرمەڕ و رەشـەوڵاخیان لەنۆکـەر و چـڵکاوخۆری دەرەبـەگان ئەسـتاند بـووە و کـەهێنابوویان لـەبازاڕ بیفرۆشن، لەنەغەدە دوو کاروانسەرامان دیـاری کردبـوون ئـەم ئـاژەڵ و ماڵاتـەمان لـەوێ رادەگـرت و خەبـەرمان دا بەمـەهاباد کەرابگەیـەنن خاوەنـەکان بـێن مـەڕ و ماڵاتیان بەرنەوە، ئەوانەی بۆ فرۆشتنیان هێنابوون لەنەغەدە بەگرتنمان دان.

دەرەبەگـەکانی لاجـان و سـندوس و شـنۆ ناوچـەیان بـەجێ هێشـتبوو چـووبوونە ورمێ، کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی شارستانی ورمێ بڕیاری دابوو کەهێندێ لەو کەسـانە بگرێ کەلایان وابـوو ئـاژاوە دەنێنـەوە، فەرمانـدەی ژاندارمـەری ورمـێ و جێگـری فەرماندار هاتبوونە نەغەدە و لەبەخشداری لەگەڵ فەرماندەی ژاندارمە و بەخشـدار و سەرۆکی ئیدارەکان کۆبوونەوەیان هەبوو.

من وەك هەواڵدەری رۆژنامە چوومە بەخشداری و چوومە دیوی کۆبوونەوە.

فەرماندەی گوردانی ژاندارمە پرسی: ئاغای حسامی کارێکت هەبوو؟

– وێسـتم بـزانم جـەنابت بـۆ هاتۆتـە نەغـەدە؟ بـۆ پێشـگری لەکوشـتار و تـاڵانی وەرزێرانی ناوچەی بۆکان چ هەنگاوێکتان ناوە؟

– فەرموو تەشریفت تاوێك لەو دیو دابنیشی وەڵامەکانت ئەدەمەوە.

چـوومە دیوەکـەی تـر و چـایەکیان بـۆ هێنـام چـام خـواردەوە و گروبانێـك و دوو ژاندارم هاتنە ژوور و گوتیان: ئاغای حسامی فەرموو بۆ ئیدارەی ژاندارمە.

– من کارم بەئیدارەی ژاندارمە نییە بۆچی دێم؟

– تۆ حەپسی و فەرموو بۆ ئیدارە.

چار نەبوو وەپێشیان کەوتم و لەئیدارەی ژاندارمە خستیانمە زیندانەوە، زۆری پێ نەچوو یەك یەك و دوو دوو برادەرانی ئەندامی کۆمیتە و هێندێ هاوڕێی تێکۆشەری دیکەشیان هێنان، گیراوەکان بریتی بوون لە:

کاك حەمەدی قادری، مستەفا ئاغای مەجید، کاك سەعدە، ئەحمەد حەلەب، مەحمود حەلەب، سدیقی عەلائی، حەمەدی خانمێ، هەمزە ئاشەوان، محەمەدی سۆفی رەسو، قاسمی پینەچی.

هەموویان لەژوورێك دا کۆکردینەوە، شەو لەماڵەوە ڕانان و پێ خەفەیان بۆ هێنایین، بەیانی چوار شەمۆ و رۆژی بازاڕی نەغەدە بوو، ئۆتۆبۆسێکیان هێنا و گوتیان نەفەری سی تەن بدەن بۆ ورمێتان دەبەین.

– هیچ نادەین، ئێوە دەمان بەن بۆ ورمێ، پوڵی ئۆتۆبۆسیش بدەن.

ئاجودان هات گوتی: ئیدارە بودجەی نییە، دەبێ خۆتان کرێی ئۆتۆبۆس بدەن، دەنا بەپێ دەتان نێرین.

– پێمان خۆشە بەپێ بمان نێرن، دەبێ بیست ژاندارمەمان لەگەڵ بێت، دە ڕۆژ بەڕێوە دەبین، لەرێگا خەڵك دەمان بینێ، هەر ئەوەمان دەوێ.

چەقەیەکی زۆری کرد جوابمان نەداوە، بڕێك جنێوی بەفەرماندەی ژاندارم دا و سواری ئۆتۆبۆس بووین، بەشوفێری ئۆتۆبۆسم گوت ناسیار بوو، لەنێو بازاڕ رایگرە هێندێ پوڵ لەبرادەرێك وەردەگرم.

گەیشتینە نێو بازاڕ و ئۆتۆبۆسی راگرت، خەڵك بەجارێك لێمان کۆبووە، من لەئۆتۆبۆس هاتمەدەر و چوومە سەر پێشی ئۆتۆبۆسەکە، سەودا و مامەڵە راوەستا و لەدەورمان کۆبوونەوە، ژاندارم هاتنەخوار و لەچەخماخی تفەنگیان دا و گوتیان وەرە خوار، گوێم نەدانێ و دەستم پێکرد:

برایانی بەڕێز زەحمەتکێشانی شار و گوند، وەك دەبینن حکومەتی دوکتۆر مصدق لەهەموو شوێنێ پشتیوانی لەدەرەبەگان دەکات، ئێستا بەپشتیوانی لەشکری مەهاباد بەتانك و تۆپەوە چوونە سەر وەرزێرانی ناوچەی بۆکان و فەیزوڵا بەگی،

ئەو زەحمەتکێشانەی داوای مافی ژیانیان دەکرد و دەیانگوت با ئاغا چیدی نەمان چەوسێننەوە خراونەتە بەر هێرشی چەکدار و لێیان کوژراوە و تالآن کراون، ئێمە لێرە ٥٠٠ سەر مەڕ و مالآتی تالآنکراومان ئەستاندۆتەوە و خەبەرمان داوە بێن وەری گرنەوە، ئاغاکانی سندوس و لاجان و شنۆ ئێستا لەورمێ کۆبوونەوە و داوای چەکیان کردووە کەلەم ولآتەش ئەو تاوانە دووپات بکرێتەوە، ئێمە کەبەرهەلّستی ئەم جنایەتەمان دەکرد و پشتیوانیمان لەماف و خەباتی ئێوەی زەحمەتکێشان دەکرد، ئەوا گرتوویانین و بۆ ورمێمان دەبەن، بەلآم نابێ ئێوە بێلّن بەگرتنی ئێمە خەبات راوەستێ، دەبێ کۆمیتەی وەرزێران کەدامەزراوە بەهێزتری بکەن، پشتی یەك بگرن، لەتێلگرافخانە شکایەت بکەن، برادەرانی ئێمە زۆر لەدەرێ ماون و لەگەلّ ئەوان هاوکاری بکەن، ژاندارم کردیانە هەرا و هاواریان برد بۆ ژاندارمەری، ئاجودان هات، گەیشتێ من قسەکانم دەهات تەواو بن، یەك دوو جار گوتی: تکا دەکەم وەرە خوارێ، هاتمە خوار، دوو برادەر ١٧٠ تمەنیان هێنا گوتیان ئێستا لێرە کۆمان کردۆتەوە، ئۆتۆبۆس لەنێو شوعاردان و چەپلّەرێزان دا کەوتەرێ.

گەیشتینە ورمێ، لەگاراژ دابەزین و بەپێیان بەشەقام دا ژاندارمە وەپێش خۆیانیان داین، خەلّکی ورمێ لەوبەر و بەری شەقام راوەستابوون و سەیریان دەکرد، یازدە کەس بەجلی کوردی لایان وابوە داخوا رێگرن، بەژاندارمەکانم گوت بابەفایتون بچین، لەخولآیان دەویست.

فایتونێکم راگرت و سەرکەوتم، تا فایتونی تر دەهات دەبوایە راوەستین، لەسەر فایتوون هەستام و بەتورکی رووم کردە خەلّك و گوتم: هاونیشتمانیانی ئازربایجانی پێتان وانەبێ ئێمە لەسەر دزی یا شەڕ و کێشە گیراوین، ئێمەیان بەتاوانی دیفاع لەمافی زەحمەتکێشان و پشتیوانی لەخەباتی وەرزێران گرتوە، لەبۆکان دەرەبەگ و ژاندارم و لەشکر دەیان وەرزێریان کوشتوە و تالآنیان کردوون، نەك هەر لەکوردستان لەسەرانسەری ئێران ئازادیخواز کەوتونە بەر پەلاماری حکومەت،

ئێستا ٢٥ تێکۆشەری خەڵکی ورمێ لەزیندان دان، ئێمەش بۆ لای ئەوان دەبەن، ژاندارمەکان کردیانە هەرا و فەیتون هاتن و بردیانین بۆ ئیدارەی ژاندارمە.

دوو رۆژ لەژاندارمەری رایان گرتین و بێ ئەوە کەهیچمان لێ بپرسن، رۆژی سێهەم کردمان بەهەرا و گوتمان: ژاندارم حەقی نییە ئێمە رابگرێ، نەمان بەن بۆ داد سەرا نان ناخۆین، دوای نیوەڕۆ بردیانین بۆ داد سەرا و قازی بڕیاری راگرتنمانی دا، ئێمەیان برد بۆ زیندانی شارەوانی، کاتێك ئێمە گەیشتینە زیندان ٢٥ هاوڕێی ئازربایجانی لەزیندان ئازاد دەکران، لێفە و دۆشەك و قاپ و قاچاخ و هەموو شتومەکی پێیان بوو بۆ ئێمەیان بەجێ هێشت، ئەو دەم زیندانی سیاسی رۆژی ١٧ قڕان جیرەیان دەدایە، نان و چێشتیان لەزیندان دا بۆ خۆ دروست دەکرد، رۆژی بەدەیان کەس دەهاتە مولاقات و پۆلیس هەموو شتێکی پێویستی بۆ زیندانی دەکڕی، زیندان کتێبخانەی هەبوو، کتێبی باش دەهاتنە زیندان و لەواقیع دا مەکتەبێکی سیاسی بوو، دوو رۆژ بێدەنگ دانیشتین و رۆژی سێهەم پاش نانی بەیانی گوتم: کاغەز و قەڵەم بێنن تا شکایەت بکەین و تێلگراف بکەین بۆ مصدق و بۆ رۆژنامەکان و بۆ شوێنە بەرزەکانی دەوڵەتی، بزانین ئێمەیان لەسەر چی گرتووە؟

کاحەمەدی قادری بەرەحمەت بێ گوتی: دەتەوێ چبکەی؟ نووسینی چی؟

– تێلگراف بکەین شکایەت بکەین خۆ نابێ هەر وا بێدەنگ دابنیشین.

– هەرسێك تەڵاقم کەوێ قەڵەمی پێدا ناهێنی، لێمان گەڕێ با تۆزێك بحەسێینەوە و یەك دوو جەمی خۆش بخۆین، خۆ من بەنان و شیرێژی سەروکانی چاوم کوێر بوون.

هێندی برادەرانم دڵخۆشی داوە، کردمانە بەرنامە رۆژی چوار سەعات ئێوارە و بەیانی باسی سیاسی و خوێندنەوەی کتێبمان هەبوو، گروهبانێکی ئەرتەشی هەبوو بەناوی (شەوقەلی) بەخێر ئازادیخواز بوو بەڵام هەمیشە لەزیندان بوو، ئازادیان دەکرد پاش دوو رۆژ دەچوو کۆنە بەیانێکی دەدۆزیەوە و لەپێش ستادی لەشکر بڵاوی دەکردەوە دیسان دەیانگرتەوە، برا ئازربایجانیەکان دەیانگوت

هـاوڕێ (شـەوقەلی) لـەدوو شـت دەترسـێ، یەکـەم ئیعـدام، دووەم ئـازاد کـردن، هەرکەس هاتبا زیندان و لەبەندی سیاسیان بایە بێ ئەوە کـەبزانێ کێیـە و لەسـەر چی گـیراوە شـەوقەلی دەچـووە پـەنای و دەیگـرت و باسـی سیاسـی بـۆ دەکـرد و بەئیستلاحی خۆی (رووتی دەکردەوە)، دەستی لـەکابرا هەڵنـەدەگرت و پشـوی لێ دەبڕی.

رۆژێکیـان دوای نـان خـواردن شـەوقەلی ئەحمـەد حەلـەبی گـرت و بـەبن دیـواردا هاتووچۆی پێ دەکرد و قسەی بۆ دەکرد، تا سەعات بوو بەیەک پشووی پێ نـەدا، سەعات یەک بانگمان کردن نان بخۆین، کەدانیشتین ئەحمەد حەلـەب یـادی بـەخێر بێ گوتی: راوەستن قسـەم هەیە، گوێ راگرن، بڕیـارم دا بـوو هـەتا دەمـرم دەسـت لەخەبات و تێکۆشانی سیاسی هەڵنەگرم، بەڵام تەڵاقم کەوێ ئەم جـارە بچـمە دەر تازە کارم بەسیاسەت و تێکۆشان نابێ، بەڵکو جارێکی دیکەش گـیرام و شـەوقەلی هەر لێرە بوو، مێشکی سەرم دەبا و مااڵ وێـران دەبم، کـوڕە ئـەوە تـۆ چـت لـەمن کرد؟

دەستمان کـرد بەنووسـین و شـکایەت، لەنەغـەدە و مـەهاباد لەسـەر گرتنـی ئێمـە تێلگرافی سکاڵا و ئیعتراز بۆ تاران دەنێردران، بەدوای سـەرکوت کردنـی راپـەڕینی وەرزێران لەناوچەی بۆکان و گرتنی ئێمە لەسـندوس، دەرەبەگـەکان لـەم ناوچـانە کەوتنەخۆ و دەستیان کرد بەدەرکردنی وەرزێران لەگوندەکان، ئـەوەی دەیـانزانی سـەر بزێـوە و بـۆنی حیزبایـەتی لێ دێ، دەریـان دەکـردن، لەگونـدەکانی ئارنـە و قەڵاتان و دیلاخ چـەرخ ١٣ مـاڵی قـەرە و جوتبەنـدەیان دەرکرد بـوون، لەبالفچی میرزا صدیقی مامی غـەنی بلوریـان مـاڵی ئێمـەی دەرکـرد بـوو، لەناوچـەی بۆکـان بەدەیان ماڵیان دەرکرد بوون و لەهیچ کوێ رایان نەدەگرتن.

پیاوەتی و ئینسانیەت و ئازایەتی خانمە خانمی سەدری قازی نابێ لەبیر بچێتەوە، زۆر لـەو ماڵانـەی دەردەکـران ئـەو لەگونـدەکانی گوێگجـەلی و برایمابـات خـانووی دەدانێ و رایدەگرتن، چەند کەس لەدەرکراوانی سـندوس هاتنـە زینـدان و گوتیـان لەهیچ کوێ رامان ناگرن.

گوتم: ئەگەر لەحەلب و کوێکان راتان بگرن چۆنە؟

– زۆرباشە لەدەغڵ و دانمان نێزیك دەبین و هەروەك لەسەر جێ و ڕێی خۆمان بین وایە، نامەیەکم نووسی بۆ مام وسێنی خەلیل و مستەفای خەلیل (پاشایی) لەحەلب و کوێکان، ئەوان خۆیان بەدۆستی حیزب دەزانی و نێوانیان لەگەڵ من زۆر خۆش بوو، بۆم نووسین ئێستا ڕۆژی ئیمتحانە، تکا دەکەم ئەو ١٣ ماڵە ڕابگرن و جێگا و ڕێگای باشیان بدەنێ.

برادەران گەڕانەوە، پاش دوو ڕۆژ محەممەدی کوڕی مام وسێن هاتە مولاقات، هەموو برادەرەکانی بانگ کرد، گوتی بابم ناردومی دەیگوت ئێمە خاوەن موڵك نین بۆ هەموو هاوکارێك ئامادەین، هەر ١٣ ماڵیان ڕاگرتبوون و لەوێ حەوابوونەوە.

ڕۆژێکی دیکە میرزا مەولود و کەریم لیتان هاتنە زیندان، بانگیان کردم و پاش چاك و خۆشی گوتیان: خەڕاپ قەوماوە، هەموو کوردستانمان کردووە لەهیچ کوێ ڕامان ناگرن، ماڵە برایم لیتان لەو کەسانە بوون کەلەڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی بۆکان دا دەورێکی پیاوانەیان هەبوو، میرزا مەولود و میرزا کەریم ئازا و نەترس و بەکار بوون، برایم لیتان پیاوێکی بەناوبانگ و دەستکەرەوە بوو، ئاغاکان بۆ ڕاگرتنی برایم لیتان ڕقە بەریان دەکرد، بەڵام پاش هەرای بۆکان لەگوندی (عەمبار) دەریان کردبوون و لەهیچ کوێ ڕایان نەدەگرتن، چووبوونە دەشتە بیل و مەڕگەوەریش جێگایان وەگیر نەکەوتبوو، گوتیان: وەزعەکە ئاوایە و هاتووین بزانین تەگبیر چییە؟

گوتم: ئەگەر بچنە ئاڵیاوێ شنۆیە من نامە بۆ موزەفەرخان دەنووسم خانوو و جێگاتان بداتێ.

– ئەگەر وابکەی لەبیرمان ناچێ، چوینە شنۆیە جێگامان وەگیر نەکەوت، ئاڵیاوێ زۆر جێگای چاکە و لەخولاّمان دەوێ.

نامەیەکم نووسی بۆ موزەفەرخان، داوام لێکرد کەئەو ماڵانە ڕابگری و جێگای باشیان بداتێ، موزەفەرخان بێجگە لەوە کەبرای خێزانم بوو، کوڕێکی پێشکەوتنخواز و خۆی بەلایەنگری حیزب دەزانی، میرزا مەولود و میرزا کەریم

گەڕانەوە، پاش دوو حەوتوو هەردووکیان هاتنەوە زیندان، مالّەکەیان هێنابووە ئالّیاوێ و باش دامەزرابوون.

هێندێ پارۆل و ڕێنی و شوێنی خەباتم لەناوچەی شنۆ پێ نیشان دان و گەڕانەوە.

هێشتا لەزیندان بووم مستەفای موئمنی هات، مستەفای موئمنی برادەرێکی حیزبی بوو لەورمێ مامۆستای وەرزش بوو، کوڕێکی هەڵسوڕ، مالّەکەی مزڵ و مالّی هەموو برادەرانی حیزبی بوو، بەکاری خەڵکەوە ماندوو بوو، رابیتی ئێمە بوو لەگەڵ برادەرانی ئازربایجانی، بەداخەوە پاشان دەستی لەخەبات هەڵگرت و لەتاران کاسبی دەکرد، مستەفا هات و گوتی: تاهیر خان توتنی بردوونە دخانیە و هاتووم نامەیەك بۆ مسیۆ بنووسی کەتوتنەکانی باش بۆ بقەبڵێنی، نامەم بۆ مسیۆ نووسی و پاش چەند ڕۆژ تاهیر خانی سمکۆ هاتە لام و سوپاسی کرد.

پاش ٢٥ ڕۆژ لەباز پورسی بانگیان کردین، باز پورس گوتی: ئێوە ئازاد دەکرێن بەو شەرتەی لەشاری ورمێ نەچنە دەر و لێرە بمێننەوە.

گوتم: ئێمە لێرە گیر نابین، خەرجی ئێرەمان نییە، ئەگەر تاوانبارین دادگاییمان بکەن، ئەگەر تاوانێکمان نییە لێرە گیر نابین و لەم گرتنەش خۆش نابین.

– ئەگەر ئەوانیش بچنەوە تۆ پێویستە لێرە بی.

برایانی ئازربایجانی خەبەری ئازادی ئێمەیان زانیبوو، نێزیکەی ١٠٠ کەس بەدەستە گوڵەوە هاتبونە دەرکی زیندان، هێندێ کوردی شنۆ و نەغەدەش هاتبوون و بەشێوەیەکی شایی و پێشوازیەکی گەرم لەزیندان هاتینەدەر، چوویینە موسافیرخانەی ژالە، هێندێ لەبرادەران ناڕەحەت بوون و بۆ چوونەوە بەپەلە بوون، گوتم ئەوەی دەیەوێ با بچێتەوە من لێرە دەبم و وەلّام دەدەمەوە، چەند کەس لەبرادەران چوونەوە و پاش دوو ڕۆژ هاتنەوە ورمێ، دوای چوار ڕۆژ بڕیارمان دا بچینە فەرماندارى و ڕابگەیەنین کەیا دەچینەوە یا دەبێ لێرە موخاریجمان بکێشن، لەبەر دەرگای موسافیرخانەی جهان نووما توشس کاك ئەحمەدی سەروکانی برای کاپیتان قادری بووین، گوتی:

– وەرن چایەك بخۆنەوە ئێمەشیان بۆ فەرماندارى بانگ کردووە و پێکەوە دەچین، کەچوینە ژوور عەولاّى بایزئاغا لەوێ بوو، دانیشتین و کاك ئەحمەد گوتى: عەولاّئاغا ئەوە کاك کەریمى حسامییە، نایناسى؟

عەولاّئاغا هەستا و هات لەکن من دانیشت، گوتى: دەلّێم تۆ بۆ دە ئاغایانت هەلّپێچاوە؟ چت لەگیانى ئێمە دەوێ؟

– عەولاّئاغا خەراپیان حالّى کردووى، من دەلّێم کورد بۆ خۆ میللەتە، زمانى خۆى هەیە، خاوەنى مێژوو و رابردووى خۆیەتى، بۆچى دەبێ کورد هیچ دەستەلاّتى نەبێ و هەر عەجەم حوکمانى لەسەر بکا؟ من دەلّێم لەجیاتى مەعمورى تورك و فارس بۆ کورد لەکوردستان مەعمور نەبن؟ من دەلّێم با چیدیکە کورد ژێردەست نەبن و بۆخۆیان دەستەلاّتى ولاّتى خۆیان هەبێ، ئەوەیە تێکۆشانى من، جا ئەوانەى نۆکەرى عەجەمانیان پێ خۆشە دژى من قسە دەکەن.

کاك ئەحمەدى سەروکانى گوتى: عەولاّئاغا ئاغاى حسامى بۆ کورد هەولّ دەدا خەراپیان حالّى کردووى، عەولاّئاغا گوتى: ئێستا ئەوە حالّى بووم، بەمەرقەدى شێخى برهانى دەبێ بێیە ترکەش و خەلاّتیشت دەکەم.

کەچووینە فەرماندارى کۆمیسیۆنى ئەمنیەت کۆبوونەوەى هەبوو، دەیانویست بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کەئێمە ئازاد بکرێین یا دورمان خەنەوە، من دانیشتم و لەبەر بێ کورسى برادەران راوەستان، رووم کردە فەرماندار و دادستان و گوتم:

ئێمە چاوەڕوانى ئەوە بووین کەفەرماندەى ژاندارمەرى تەمبێ بکرێ، ئەو بێ ئیجازەى دادستان ئێمەى هێناوەتە ئێرە و ٤٨ سەعات لەژاندارمەرى رایگرتووین، ئێمە بەنوسین شکایەتمان کردووە و ئێستاش داوا لەدادستان دەکەم کەبەشکایەتى ئێمە رابگا.

فەرماندەى ژاندارمە هەستا و گوتى: لەبەر قانوون نەبایە تۆم نەدەهێنا زیندان لەبن داران دا دەمکوشتى.

گوتم: ئەگەر قانوون هەبایە کۆنە قازاخی وەک تۆ بەم چەشنە راوڕووتی نەدەکرد، بۆ فەرماندار و دادستان شەرمە کەژاندارمەیەک بەئاشکرا لای ئەوان هەڕەشەی کوشتن دەکا.

دادستان رووی کردە کابرای ژاندارمە و گوتی لەکۆبوونەوەی رەسمی دا پێویستە رعایەتی قسە بکرێ.

بەفەرماندارم گوت: بەگوێرەی کام قانون ئێمەتان لێرە راگرتووە؟ ئێمە بەگوێرەی کام قانوون مانگێک زیندانی کراوین؟ ئەگەر تاوانمان هەبوە بۆچی بازپورس هیچی لێ نەپرسیوین؟

دادستان گوتی: دەوڵەت کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی داناوە، کۆمیسیۆن هەقی هەیە تا شەش مانگ یەکێک زیندانی بکا، ئێستا ئێوە بڕۆنەوە، کارێکی وا مەکەن کەناوچە ئالۆز بێ.

ئێمە وەدەرکەوتین و گەڕاینەوە بۆ نەغەدە، ئەم جار ئەو ئاغایانەی وەرزێریان دەرکردبوون کەوتبوونە کلکە سوتە و رۆژێ دەهاتن دەپارانەوە کەبا بێنەوە سەر شوێنی خۆیان کۆمیتەی وەرزێرانمان تێ گەیاند کەدراوی توتن و چەوەندەر بۆ خۆیان وەربگرن و نەهێڵن ئاغا وەری بگرێ، نامەی بەکۆمەڵمان پێ دەنووسین بۆ دوخانیە و کارخانەی قەند کەدراوی توتن و چەوەندەر مەدەن بەئاغاکان، پێشتر وەرزێر نەیدەتوانی دراوی توتن و چەوەندەر وەربگرێ، نەیدەزانی چەندی هەیە.

پاش هاتنەوەم لەزیندان رۆژێک هاوڕێیانی دەربەند بانگیان کرد بووم، لەگەڵ دوو سێ برادەر چوینە دەربەند، گوتیان سەید مارفی کامووسی مردوە و لەگەڵمان وەرە بچینە سەرەخۆشی، منیش کوڕەکانی سەید مارفم دەناسی و چوینە کامووس.

دانیشتبووین و میوان زۆر بوون رادیۆ تاران خەبەری دەگوت و باسی شەڕی کورەو و سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکانی دەکرد، سەید رەحمانی کوڕی سەید مارف گوتی: کاک کەریم چونکە کۆمۆنیستە ئەوە خەبەری چەند پێ خۆشە.

گوتم: من هاوڕێیانی دەربەند هێنایانم دەنا نایەمە مالّی تۆ، ئەوە دەڕۆم و مەگەر بەلەشکر بێمەوە مالّت، هەستام وەدەرکەوتم، وەرزێرەکانی کاموس چونە کارخانە و پولّی چەوەندەریان وەرگرتبوو، سەید رەحمان هەموو رۆژێ دەهات دەیگوت:

– پولّەکەیان وەرگرتووە هیچ، بەلاّم رێگا نادەن کەپەیمانی چەوەندەر ببەستم.

– هەقی خۆیانە، بۆ تۆ پەیمان ببەستی؟ تۆ چەوەندەر ناکەی، کوێرەوەری ناکێشی ئەولادی پێغەمبەریش بەستە.

قاوەخانەی سەید کاکە ببوە مەکۆ و جێگای کۆبوونەوە و هاتووچۆی خەڵک و جێگای سکالاّ و نامە نووسین، رۆژی جارێک دەچووم سەعاتێک قسەم بۆ خەڵک دەکرد و بۆ یەکێتی و درێژەی خەبات هانم دەدان.

کەلەزیندان هاتمەدەر مالّەکەی ئێمەشیان دەکردبوو، بابم هاتبوو لەنەغەدە خانویەکی لەحەساریّکی گرتبوو دیسان بێ کار و کاسبی مابووە، کوێخا مەحمودی بالفچی زۆر پیاوانە مالّەکەی بەعارەبەی خۆی هێنابوە نەغەدە، ئاورد و دار و بار و شتی پێویستی بۆ هێنابوون، چاکە و پیاوەتی کوێخا مەحمودم لەبیر ناچێ و نەچوە، ئامۆزایەکم هەبوو لەقەڵاتان سەڵت و کارداری خەڵکی دەکرد، بیستبووم گەنمی هەیە، ئێوارەیەک چومە قەڵاتان و بەئامۆزاکەم گوت: هاتووم ئەو گەنمەی هەتە و دە چاڵت کردووە بەقەرز بمدەیەی.

– قەرزی چی. خۆ دەزانم نامدەیەوە، سبەی چاڵەکە دەربێنە و بیبە.

برادەران گوتیان شەو مەچۆوە، بەیانی چاڵ دەردێنین و بەعارەبە بۆت دەبەینەوە نەغەدە، راوەستا بووین قسەمان دەکرد، برایمئاغا هات، سڵاوی کرد و گوتی: هاتووم شەو میوانی من بی.

– میوانی تۆ نابم، رابردوویەکی خاوێنت نییە، مەسەلەی هەڵبژاردنم لەبیرە.

– با وەدوای رابردوان نەکەوین، هاتووم میوانم بی.

زۆری پێ داگرت، چەند برادەری حیزبیم برد و چووینە دیوەخانی ئاغا، کەچووین کاك سەعیدی کوڕی حاجی سەید حەسەنی کۆنەقەڵا لەوێ بوو، کاك سەعید کۆڵکە مەلایەکی خدر موقەدس بوو هیچی نەدەزانی و لەبەر خاتری حاجی سەید حەسەن

کردبوویانە مەلای قەڵاتان و ئاغاکان بەمەلائیکەتیان دەزانی، لەگەڵ کاك سەعید چاك و خۆشیمان کرد و سەعات حەوت کاتی بڵاوبوونەوەی دەنگ و باس بوو.

گوتم: برایمئاغا کوا رادیۆت نییە؟ کاتی ئەخبارە، با بزانین دنیا چ باسە.

– کاك سەعید تەشریفی لێرەیە.

– جا چبوو؟ کاك سەعیدیش وەك ئێمە گوێ دەداتێ.

– ئیجازە نادا.

رووم لەکاك سەعید کرد و گوتم: ئیجازە دەفەرمووی گوێ بدەینە دەنگوباس؟

– کاك کەریم حەرامە حەرام.

– بۆ حەرامە؟

– بۆی ناوێ حەرامە و بڕایەوە.

– کاك سەعید خۆ تۆ لەگەڵ عایز کاکل قسان ناکەی، لەگەڵ من قسە دەکەی، پێم بڵێ بۆ حەرامە تا منیش گوێ نەدەمێ.

– حەرامە، کافر دروستیان کردووە و ئێمەش موسڵمانین!

– دەوا بفەرموو تا دەلیلەکە بزانین و ئێمەش قانیع بین، کەوام گوت کاك سەعید پێی خۆش بوو وای زانی بەراستیمە و بێدەنگ دەبم، گوتم کاك سەعید پێم نالێی ئەو کەوا و پانتۆڵەی لەبەرت دان و نوێژیان پێوە دەکەی کێ دروستی کردووە؟ ئەو مەندیلەی لەسەرت هاڵاندووە کێ دروستی کردووە؟ ئەو شاڵەی لەپشتت بەستووە و جولەکە شینیان کردوە کێ دروستی کردووە؟ تا کەی بەم قسانە و بەناوی ئیسلام خەڵك گێژ دەکەن؟ بەناوی حەڵاڵ و حەرام چاوی خەڵك دەبەستن؟

– لەگەڵ تۆ قسە ناکرێ، بێنن ئەخباری خۆتان بگرن.

رادیۆ هاتە دیوەخان و برایمئاغا گوتی: خوا وەتحەسێنی لەچنگ کاك سەعید رزگار بووم، بەیانی برادەران چاڵە گەنمیان دەرهێنا و بردم لەنەغەدە فرۆشتم.

هێندێ بیرەوەری جۆر بەجۆر

برادەرانی لەکۆمیتەی ناوچەکە هاوکاریان دەکرد بەتێکڕایی هاوڕێی تێکۆشەر، خەباتگێڕ، ئازا، جوامێر، بەدیسیپلین، بەڵام لەنێو هەموان دا (کاحەمەدی قادری، کاحەمەدی سەروکانی، کاپیتان قادری) جێگا و شوێنی تایبەتی هەبوو، کاحەمەد تاقە کەسێك بوو لەکۆماری دیموکراتی کوردستان میدالّی قارەمانی پێ بەخشرابوو، متالّایەکی زۆری لەسەر مارکسیزم هەبوو، ئەو ماوەیە کەپاش روخانی کۆماری مەهاباد رای کردبوو چوو بووە عێراق لەگەڵ کۆمۆنیستەکان پێوەندی گرتبوو.

زۆر شت فێر ببوو لەسەر خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی پێیدا دەگرت، شاعیر بوو شیعری دەگوت و چەند شیعرێکم لەشیعرەکانی کاحەمەدی رەحمەتی هەر لەبیر ماوە و بەیادی ئەو لێرە دەیان هێنمەوە:

کورده هەسته، پشت ببەسته، رامەوەسته، توند برۆ
وەختی ئیشە، دامەنیشە، دەسته ئەژنۆ و رەنجەرۆ
گەرچی مێژوو نۆ دەنوسن میللەتی کوردی رەشید
من دەڵێم کەمتر لە جوونە خان و ئاغا بێ درۆ
نیشتمان دایکی مە بوو گایان و ئاغا چی نەگوت
مۆشێ گەر دایکی بگێن بێ شك دەڵێ ئەی دایەڕۆ
گەرچی خۆشی خانە جەنگی خانی وا بەزیاد نەبێ
دوژمنی مە شەو بێدارە و ئێمە نوستووین نیوەڕۆ

رۆژێك لەمەهاباد رەحیمی سوڵتانیان تەلەفۆنی کرد و گوتی: یا بۆ خۆت یا برادەرێکی تر بنێرە ئەم شەو بێتە مەهاباد کاری پێویست هەیە.

ماشینی عەلی عەجەمی دوکانداری سەروکانی دەچووە سەروکانی، بۆ کاك حەمەدم نووسی، گیر مەبە هەر لەگەڵ ئەو ماشینە وەرە بۆ ئێرە، زۆری پێ نەچوو ماشین هاتەوە و کاحەمەدی تێدا، لەگەڵ چەند برادەرێك‌راوەستابووین و چاوەڕوانی ئەو

بووم، کاحەمەد دابەزی و بەخێرهاتن و دەستی دەگیرفانی رۆکرد حەوت تمەنی هێنا دەر و دای بەمن.

– ئەوە چیبە کاحەمەد؟

– دار و نەدارم ئەو حەوت تمەنەیە، ئەوەشم بەناوی تۆ لە.... وەرگرتووە، جا چەندم لێرە رادەگری و چۆنم بەخێو دەکەی خۆت دەزانی، پولّەکەم لێ وەرگرت، دەمزانی دەچێ گورج بەئارەقی دەدا، گوتم بچۆ قاوەخانەی محەممەدی سۆفی رەسوو، ئێستا دێم دەچینەوە مالّێ، کاحەمەد رۆیشت و گەڕاوە، گوتی:

– ئەرێ تمەنێکم نادەیەی؟

– بۆچیتە تمەنێك؟

– گوتم نەوەك لەپێش دوکانی عەجەمێك لەگوزەیەك هەڵبنگووم با پێم بێ، دەی قەی ناکا، پێچەکەم لەبارمتە دادەنێم تا تۆ دەبیننەوە.

حەوت تمەنەکەم داوە و رۆیشت، پاشان چوینە مالّی ئێمە نانمان خوارد و گوتم:

– ئێستا بچۆ گاراژ، گیرمەبە سواربە بچۆ مەهاباد، بچۆ مالّە رەحیمی سولّتانیان، بزانە چیان دەوێ، یادداشتی بکە و بەیانی وەرەوە.

کاحەمەد هەستا و رۆیشت، نێزیکەی سەعات پێنجی ئێوارێ برادەرێك هات گوتی: کا حەمەد ئەوە لەمەیخانەی سەرەوەی گاراژ ئارەق دەخواتەوە.

هەستام راست چوومە مەیخانە، پرسیم کاحەمەد لەکام دیوە؟

پێیان نیشان دام، کەدەرگام کردەوە ئیستکانی ئارەقی بەدەستەوە بوو قسەی بۆ سێ مامۆستای ئازربایجانی دەکرد، کەچاوی بەمن کەوت ئیستکانەکەی دانا، منیش زۆر بەتوندی ئێستاش کەوەبیرم دێتەوە خۆم سەرکۆنە دەکەم گوتم: جا تۆ بۆ پیاو دەبی؟ وەدەرکەوتم، بەدەڵاّلی گاراژم گوت کەماشێن هەبوو بۆ مەهاباد خەبەرم بدەیە، چوومەوە مالّ، سەعات حەوت بوو لەگاراژەوە هاتن گوتیان ماشێن هەیە بۆ مەهاباد چووم سوار بووم و شەو چوومە مالّی کاك رەحیم، شەو قسەکانمان کرد و بەیانی نان و چایمان دەخوارد لەدەرگەیان دا، کەدەرگایان

کـردەوە کاحەمـەد وەژوور کـەوت، بـەخێرهاتن و کاحەمـەد ئـەوە چـیبە چـۆن هاتووی؟

– کـەتۆ دەنگـت دام هاتمـە دەر، دوو نـانم کـرین و بـەپێیان ملـی رێگـام گـرت و بەشەرگەدا ئێستا ئەوە دەگەمە ئێرە.

کاحەمـەد رەعیەتـەکانی خۆیـان فێـر دەکـرد کـەبێگار نەکـەن، ئاغاکـانی مامـەش قینیان لێ دەبوە، قەت دە تمەنی لەگیرفانی دا نەبوو، ئەگەر پولێکی هەبایە گـورج دەیدا بەسندوقی حیزب، بەزەحمەت سالێ دەستە لیباسێکیان بۆ دەکڕی.

مەولودنامە

من زۆرجار دەچوومە سەروکانی، منداڵەکانی کاك ئەحمـەد وەگـرم ببـون و بابیـان دەیگوت: منداڵەکان هەموو هاتونە سەر دینی تۆ و من بەشم پێیانەوە نەماوە.

جارێك ماڵە دەوڵەمەندێك مەولودیان کردبوو من و کاحەمەدیشیان بانگ کـرد تـازە مەدرەسە دەهاتە سەروکانی، کاحەمەد بەماڵان دا دەگەڕا و تکای لەخـەڵك دەکـرد کەمنداڵان بنێرنە مەدرەسە، پێیان بخوێنن، حاجی مـەلای گونـدی لەمەولودنامـەدا دەستی کرد بەتـەبلیغات دژی مەدرەسـە و خوێنـدنی منـداڵان، خـۆم پـێ نـەگیرا، بەرپەرچی مەلام داوە و گوتم:

– مامۆستا زۆر عەیبە تۆ دژی خوێندن قسە دەکەی، بۆچی دەتانەوێ گەلەکـەمان هەر لەنەزانی دا بژین؟ هەر نەبێ لەجـەنابی مـەلای کۆیـە دەرس وەربگـرن یەکـەم کەس بووە کەکێـژی خـۆی ناردۆتـە قوتابخانـە و پێـی خوێنـدووە، چـەند شـیعری حاجی قادرم خوێندەوە و توند بەسەر مەلادا هاتم و داوام لەخەڵك کـرد کەمنـداڵان بنێرنە مەدرەسە و بخوێنن.

لەنێو مامەشان هێنـدێ قوڵـە ئاغـا بـۆ راووڕوت تفـەنگیان لەحکومـەت وەرگرتبـوو قاچاخچییان دەگرتن و خەڵکیان ڕووت دەکرد و ڕەگەڵ ژاندارم دەکەوتن و ببوونـە جاشی حکومەت، ڕەسووی عبدالصمد و ڕەسووی خەراپە و ڕەحمانی شـیلجاران و هـی تـر، جارێك لەسـەروکانی بـووم ڕەسـووی عبدالصـمدی لەگـەڵ سـێ نۆکـەری

چەکدار گەیشتە وێ، تازە چەکی وەرگرتبوو دەستی کردبوو بەراوڕوت، کاك بایزی دەربکەش کەخزمی کاحەمەد و کابرایەکی کۆنەپەرست و زاڵم و نەزان و هیچ بوو لەوێ میوان بوو، رەسووی عبدالصمدی گوتی: بریا لێرەم نەدیتبای جا خۆت دەدیتەوە، تۆ بۆچی هەموو ئاغای ئەم وڵاتەت دەعەزاب ناوە؟ نازانم بۆچی؟

– من هیچ نااڵێم، دەڵێم مەبە بەنۆکەری عەجەمان، چەك وەرمەگرە فەقیری کوردی پێ ڕووت کەی.

– ئەو قسانەت لەبیر نەچێ.

– قسەی زیادی مەکە، هەر ئێستا بانگ کەم لێرە پەتت لەئەستۆ دەکەن.

– کاك ئەحمەد وەدەنگ هات و گوتی مام رەسوو تۆ میوانی وەدوای کاری خۆت کەوتووی کاك کەریم بۆ نییە نابێ کێشەی لەگەڵ بکەی.

لەسااڵەکانی حکومەتی مصدق دا زۆربەی ئاغاکانی مامەش تایفەی قادری خۆیان بەالیەنگری حیزب دەزانی، پێمان گوتبوون کەداوای مەدرەسە بکەن، داوایان کردبوو زۆربەی گوندەکانی الجان مەدرەسەیان چووبویە، مامۆستاکان هەموو کورد بوون و سابالخی، زۆربەیان ئەندامی حیزب و لەوریاکردنەوەی خەڵك دا دەوریان هەبوو، مامۆستایەکی سابالخی بەناوی صدیقی میزانی کچی کاك ئەحمەدی سەروکانی هەڵگرت بیانوییەکی گەورە کەوتە دەست ئاغا کۆنەپەرستەکان، دژی حیزب دەست کرا بەتەبلیغات، لەهەموو گوند قوتابخانەکانیان داخست، بەتایبەت بۆ ماڵە کاحەمەد بوو بەهۆی سەرکۆنە و براکانی کاحەمەدیان لەگوندی دەرکرد و ناردیانی گوندی بێ بەجك لەسندوس، لەدیوەخانی ئاغایان باس هەر سەرکۆنەی کاحەمەد و دژی حیزب بوو، لەپێش دا وایان بااڵوکردبووە کەمن ئەو کارەم کردووە، بابی کیژەکە هاتە نەغەدە و کەچاوی بەمن کەوت گوتی: من سەرشۆڕ بووم ئابڕووم چوە، بەاڵم زۆر شوکر کەتۆ ئەو کارەت نەکردووە، ماوەیەکی زۆر کاری تەشکیالتیمان لەالجان شوشتنەوەی ئەم کارە بوو.

ئارەحمانی بەلەبان و پوڵی توتن

تازە لەزیندان هاتبووینەدەر، رۆژێك لەچایخانەی مەحمودی قاوەچی دانیشتبووم دوو کابرای زەلام وەژوور کەوتن و لەقاوەچییان پرسی لەکاك کەریمی حسامیّ دەگەڕێین، مەحمود هاتە لام گوتی: ئەو دوو کابرایە کاریان بەتۆیە.

– بأ بزانین چییان دەوێ، هاتنە پێش و سڵاویان کرد و گوتیان ئێمە مامّڵان لەگوندی (بەلەبان)ی نێو مامەشان بوە، بارمان کردووە و چووینە گوندی (ئادە)، توتنمان هێنا بووە دوخانیە، ئێستا فرۆشراوە و کاك ئارەحمانی ئاغای بەلەبان دراوی توتنەکەی وەرگرتووە و بەشی ئێمە نادا.

– دراوی بەشی ئێوە چەندە؟

– بەشی ئێمە چوار سەد تمەنە، دەڵێ بەرتیلم داوە و قەرزدار بوون و لێی کردووین بەهەشتی پاك و نوێ پیس، هیچمان ناداتێ.

قاوەخانە پڕ بوو لەخەڵك، گوێیان دابووە قسەکان، گوتم دا زەحمەت نەبێ هەستە سەر پێ، کابرا وەك چەلەکەیەك راست بوە، گوتم: تۆ گەورەتری یا کاك ئارەحمان؟ تۆ بەهێزتری یا کاك ئارەحمان؟

– وەڵا ئەگەر بەوێ قسێ بێ، دوو ئەوەندەی ئەو بەهێزم.

– دەك داوەشێی، بۆ لەنێوەڕاستی شەقام نایگری وەبەر شەقانی بدەی و پوڵی خۆتی لێ بستێنی، تاکەی ئێوە هێندە خوێڕی و بێ دەستەڵات دەبن؟ ئێستا لەکوێیە؟

ئەوە لەدوکانی میرزا رەحمانی مەعروفیە.

هەستام لەگەڵ کابرا چوومە دوکانی میرزا رەحمان، سڵاوم کرد و چایەکیان هێنا بەکاك ئارەحمانم گوت: دراوی توتنی ئەو فەقیرانە بۆ نادەی؟ ژن و منداڵیان لەبەر هەتاو سوتاوە تۆش هەقی خۆیان نادەی؟

– پێم قەرزدارن.

کابرا گوتی: هیچت پێ قەرزدار نیم، ئەگەر مامّڵم باری کردووە هەموو حیسابێکت لێ گێڕاومەوە.

گوتم کاك ئارەحمان منیش رەعیەت بووم و مالّم لەگوندی بـوە، رەعیـەت قـەرزدار بێ ئاغا تا قەرزەکەی بەزیادیـەوە لێ نەسـتێنێ ناهێلّـێ بـڕوا، تـۆش ئێستا بەشـە دراوی خۆی بدەیە و ببڕێتەوە.

– جا بەتۆ چی خۆ تۆ وەکیلی ئەوان نی؟

– ئەوە قسەی زیادیە، لەبەر خاتری میرزا رەحمان هیچ نـالّێم، بـەلّام دراوی کـابرا باشە کەنەیگێڕیەوە، مەحمود حەلەب لەوبەر هات و گوتی: بابم کاك ئارەحمـان تـا کەی ئەو فەقیر و هەژارە دەڕوتێننـەوە، بـۆ پـوڵی کـابرا نـادەی؟ بـۆ خـۆت سـوك دەکەی؟ زانـی تینـی بـۆ دێ گـوتی: لەگـەڵ دوخانیـە هێشـتا حیسـابم نـەکردووە، سبەی پولی وەردەگرم، با سبەی بێتە ئێرە لەکن مـیرزا رەحمـان حیسـابی لەگـەڵ دەکەم.

هەسـتام و پسـولەیەکم بـۆ حەمـەدەمینی ئیمـامی سـندوقداری دوخانیـە نووسـی کەپوڵی توتنی ئەو کابرایە بگێڕێتەوە و نەیدا بەکاك ئارەحمانی بەلەبانی.

نووسـراوەکەم نـارد، لـەوەڵام دا نووسـیبوویەوە کـەئارەحمانی بەلـەبانی دوێنـێ حیسابی کردووە و تەواوی دراوی وەرگرتووە و هیچی لەدوخانیان نەماوە.

پرسیم لەکوێ دەبێ؟

گوتیان لەکاروانسەرای سوڵتان دابـەزیوە، یـەك دوو بـرادەری گـورج و گـۆڵم بـانگ کردن و گوتم بچنە دەرکی کاروانسەرای سوڵتان، ئەگەر ئارەحمـانی بەلـەبان هاتـە دەر لێی دەن، بۆ خۆشم چوومە حەسار و ئەگەر چـووم نۆکەرەکـەی ئەسـپی زیـن دەکرد، گوتی:

– چاك هاتووی، سەگباب خەریکە رابکا.

لەدەرگا راوەستام تا دێتە دەر، لەوکاتەدا ئاجودانی ژاندارمەی هات، سڵاوی کرد و پرسی بۆ لێرە راوەستاوی؟

– ئارەحمانی بەلەبان چوار سەد تمەنی لەسەرە چـاوەڕوانم بێتـەدەر لێـی بـدەم و لێی بستێنم.

– بۆ لەژاندارمە شکایەتت نەکردووە؟

– ژاندارمەی چی؟ بۆ خۆم ئێستا بزانە چۆنی لێ دەستێنم؟

– ئەوڕۆ هیچم وەگیر نەکەوتووە دە تەنم دەیە دەچم لێی دەستێنم کێشەش نابێ، قسەکەی حیسابی بوو، ئاجودان پێنج قڕانیشی وەردەگرت، گوتم: باشە بەڵام دەبێ دە تەنیش لەو بستێنی.

– ئۆکی هیچ؟ واتە هەر ئەو قسەی لێ ناکرێ.

پوریا ئاجودانی ژاندارمە چووە سەر، زۆری پێ نەچوو بانگی کردم: وەرە پوڵەکە وەرگرە.

– نایەم خۆت بۆم بێنە خوارێ.

پوریا چوار سەد تەنی هێنا خوار و گوتی: پازدە تەنم لێ ئەستاندوە بەڵام کەمە بەشی ئەوڕۆم ناکا، تۆش بیکە پازدە تەن، پوڵەکەم دایە و ئەوی دیکەشم داوە بەخاوەنی و پێم گوت بەسە، چیدیکە مل بۆ زوڵم و زۆر رامەکێشن.

بەرەو فیستیوالی لاوانی جیهان

لەبەهاری ساڵی ١٣٣٢ حیزبی تودەی ئێران بۆ یارمەتی بەحیزبی دیموکرات عبدالرحمانی قاسملۆی وەك کادری سیاسی نارده مەهاباد، لەپێش قاسملۆدا کابرایەکی دیکەی ناردبوو کرێکاری کارخانەی چیت سازی تاران بوو، ئەو زۆر شارەزای تایبەتیەکانی ناوچە نەبوو، پاش چەند مانگ چووە تاران رەحمانی قاسملۆ هات.

رەحمانی قاسملۆ کێ بوو؟

عبدالرحمانی قاسملۆ کوڕی مەمەد ئاغای وسوق خەڵکی ورمێ و باوکی یەکێ لەخاوەن ملکە قوڕسەکانی ورمێ و دەوروبەر بوو، لەسەردەمی دیموکرات دا، رەحمانی قاسملۆ لەورمێ لەگەڵ لاوانی فیرقەی دیموکرات دەبێ و پاش تەواوکردنی خوێندنی نێونجی دەچێتە پارس بۆ خوێندن، ئەودەم لەمەجلیسان زۆر باسی ئەوە دەکرا کەمەمەد ئاغای وسوق کوڕەکانی هەموو ناردۆتە دەرەوە بۆ خوێندن و تاقە کوردێکە ئاوا بەکوڕەکانی دەخوێنێ، قاسملۆ لەپاریس لەگەڵ

ئەحمەدی برای دەست بەخۆێندن دەکا و لەگەڵ هێندێ کوردی بەشەکانی تری کوردستانیش دەبێتە ئاشنا و لەئاخردا لەگەڵ نورالدین زازا و چەند کوردی دیکە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا پێك دێنن، پاشان هەردووك بۆ قاسملۆ (ئەحمەد و رەحمان) دەبن بەئەندامی حیزبی تودەی ئێران، ئیرەجی ئەسکەندەری دەچێتە پاریس و دەڵێ کوردی هەر ولاتێك پێویستە لەگەڵ رێکخراوی خوێندکارانی ئەم وڵاتە خەبات بکا، لەسەر بنج و بناغەی ئەو تیۆرە چڵکنە کەگۆیا کورد ناشێ رێکخراو و حیزبی سەربەخۆی مارکسیستی یاخۆ کۆمۆنیستی هەبێ، ئەوانیش واتە قاسملۆکان، بەیانێك دەردەکەن و یەکێتی خوێندکارانی کورد هەڵدەوەشێننەوە، تا ساڵی ١٩٥٦ کەجارێکی تر هێندێ لاوی نیشتمانپەروەری کورد، کۆمەڵە دادەمەزرێننەوە، رەحمان و ئەحمەدی قاسملۆ لەئەوروپا دەچنە نێو رێکخراوی خوێندکارانی ئێران، سەر بەحیزبی تودەی ئێران.

پاشان کەدەوڵەتی ئێران ئەرزی خوێندکاری لەقاسملۆ دەبڕێ حیزبی تودەی ئێران دەیهێنێتە چسکوسلواکی و لەوێ خوێندن درێژە پێ دەدا، پاشان لەساڵی ٥٢–٥٣دا کەجووڵانەوەی دژی ئیمپریالیستی لەئێران دا پەرەی دەگرت قاسملۆ هاتبووە ئێران و لەتاران لەحیزبی تودەدا کاری دەکرد و هەتا ئەو دەم کەوەك کادرێکی حیزبی تودە نەهاتبوە مەهاباد هیچ پەیوەندێکی بەکوردستانەوە نەبوو.

ساڵی ١٦٦٠ لەگەڵ رەحمانی قاسملۆ لەبەرلین لەکۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا بەشداربووین، کامەران بەدرخانیش هاتبوو، لەگەڵ قاسملۆ چاك و خۆشی کرد و کەناسی گوتی: تۆ جارێك کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردت تێکدا.

لەوەڵامدا گوتی: میرم ئەوە من نەبووم کاکم بوو.

دیارە قاسملۆ باشتر لەکاروباری حیزبی دەزانی و لەشانەکانی حیزبی تودەدا کاری کردبوو، بەڵام ئەوەی باسی نەکرابایە مەسەلەی کورد و یا نەتەوایەتی بوو.

لەمانگی جۆزەردانی ١٣٣٢ (١٩٥٣) بۆ پێشوازی لەفیستیوالی چوارەمی لاوانی جیهان و بەشداری لەفیستیوالی لاوانی سەرانسەری ئێرانی لاوانی مەهاباد و دەوروبەر کۆبوونەوەیەکی گەورە و ئاهەنگیان لەدەرەوەی شاری مەهاباد لەباخی

میکائیل پێك هێنا، هەر ئەو رۆژە کۆمیتەی شاری مەهاباد بەبەشداری نووسەر کاك سوڵتانی حاجی باغری تاڵاو لەماڵە میرزا کەریمی وەیسی کۆبوونەوەی هەبوو، کاتێك لاوان بەرەو شوێنی ئاهەنگ دەڕۆن فەرماندەی لەشکر پۆلێك سەرباز بەسەرۆکایەتی سەرگورد رادپور سەرۆکی دژبان بۆ بڵاوەکردنی ئاهەنگی لاوان دەنێرێ، تازە دێ ئاهەنگ دەست پێ بکا سەرباز گەمارۆیان دەدەن، تەقەیان لێ دەکەن، قوتابیەك بەناوی حەسەنی رەمەزانی وەبەر گوللە دەکەوێ و دەکوژرێ، یەك دوو کەس وەبەر دەستی گروبان و سەربازان دەکەون و لێیان دەدەن، لاوانی مەهاباد تەرمی کوژراوەکە و لاشەی کوتراوی محەممەدی رەوشنفیکر لەسەر دارەمەیت دادەنێن و بۆ نێو شار دەگەڕێنەوە.

ئێمە لەکۆبوونەوەدا بووین تەقە هات، گوتمان تەقە لەلاوان کرا، من و رەحیمی سوڵتانیان وەدەرکەوتین، لەپێش ستادی لەشکر گەیشتینە تەرمەکان لەسەر شانی لاوان بوون و خەڵك هەڵەشکوت بوو، من و عەولای ئیسحاقی و رەحیمی سوڵتانیان کەوتینە پێش خۆپیشاندان و دروشمەکە بوو بەوە (موجازاتی قاتلین)، بەجارێك خەڵك دەیگوتەوە، رۆیشتین تا چرا بەرق گەڕاینەوە بەو مەبەستە کەلاشەکان بەرینە پێش عەدلیە، لەپێش مزگەوتی هەباسئاغا بەجارێك ئاژان و سەرباز خۆپیشاندانیان پەلامار دا، لەم ناوەدا ئازایەتی ئامینی کیژی حەمەدی مەولود بەرچاو و جێگای سوپاس بوو، لەپێش مزگەوتی هەباسئاغا خۆی وەبەر سەر نێزەی سەربازان دا کەدەیانویست لەتەرمەکان بدەن، بوو بەراکردن و بڵاوە، هێندێ لەلاوان تەرمەکانیان دانەنا و هاتینە خوار تا بەر دەرکی ستاند، لەوێ هێرشەکە توند بوو مەیتەکانیان لێ ئەستاندین و دەست کرا بەگرتنی برادەران و نێزیکەی حەفتا کەس گیران و بردیانین بۆ شارەوانی، لەبەر دەرگای شارەوانی من بەسەرۆکی شارەوانیم گوت: منیان بۆ هێناوەتە ئێرە، من خەڵکی نەغەدەم و ئێستا گەیشتوومە مەهاباد وەپێش خۆیان داوم، گوتی برۆ کەس کاری بەتۆ نییە، ئیتر ماشێن هەبوو بۆ نەغەدە سوار بووم و هاتمەوە نەغەدە، لەمەهاباد لافاوی سکاڵا و ئیعتزار رێکخرا، نێزیکەی سەد کچ و ژن چوونە تێلگرافخانەی مەهاباد و

دانیشتن تا ئازادی گیراوەکان نەهاتنە دەر، لەنەغەدە تیلگرافی سکالاّ و پشتیوانی لـەلاوانی مـەهابادمان بەسـەدان کـەس ئیمـزا کـرد و داوای سـزادانی قاتلّـەکانمان دەکرد.

دوو رۆژ دوای گەڕانـەوەم لەمـەهاباد کـاك سـولّتانی حـاجی بـاغر هاتـە نەغـەدە، سولّتانئاغا راپەڕینی وەرزێرانی بۆکان و شامات دەوری هەبوو، ئەویش گوندەکەی خـۆی بـەجێ هێشت بـوو هـاتبوە مـەهاباد، پـاش رووداوی مـەهاباد ویسـتبوویان بیگرن، رای کردبوو هاتـە نەغـەدە، نێزیکـەی دوو حـەوتوو زۆر خۆشمـان رابـوارد، رۆژێك بڕیارمان دا کەبچـینە شـاری شـنۆ و میـوانی شـێخ مـارف بـین، ئـەز و کـاك سـولّتان و مسـتەفای ئاغـا مەجیـد و سـدیقی عـەلائی سـواری ئۆتۆبـۆس بـووین و چووینە شنۆ، بەدوای ئێمەدا ژاندارمەری نەغەدە تەلیفۆنی کرد بـوو بـۆ ژاندارمـەی شنۆ کەنەهێلّن لەشـنۆ بمێنینـەوە، گەیشـتینە شـنۆ و چـووینە مـالّی شـێخ مـارف لەمالّ نەبوو، گوتمان لەدوای بنێرن بێتەوە میوانی هاتوون، چوینە موسافیرخانە و ناردمان گێلاسیان بۆ هێناین، خەریکی گـێلاس خـواردن بـووین دوو ژانـدارم پەیـدا بوون، گوتیان هاتووین هـەمووتان بێنـە ژاندارمـەری، هەسـتاین و چـوینە ئیـدارە، ئەفسەری ژاندارم بەخێرهاتنی کردین و گوتی: ئاغای حسامی ئـەمرمان پـێ کـراوە کەئێوە تەشریف بەرن و نابێ شەو لێرە بمێننەوە.

– زۆر ئەمرێکی بێ جێیە، ئێرە ئێرانە، ئێمەش بێگانە نـین، بەتایبـەت مـن هـەواڵ دەری رۆژنامەم و کەس ناتوانێ پێشی هاتووچۆی من بگرێ، لەم چـەقە و کێشـەدا بووم ژاندارمەیەك هاتەژوور، کەچاوی بەکاك سولّتان کەوت قوت بوو:

– ها ئاغای سولّتانی شێخ ئاغایی ئەوە لێرە چدەکەی؟ کەیفت چۆنە؟

کاك سولّتان سەری هێنامە بن گوێ و گوتی: کێشە مەکە با بـڕۆین، ئـەو سـەگبابە لەمیاندواو بوو، ئاگای لەدۆسیەی میاندواو و هەرای شامات هەیە، دەمگرن ئەویشم لێ زیندوو دەکەنەوە، دەست هەلّگرە با بڕۆین.

دام نواند، گوتم باشە بەلاّم ئێستا ماشێن نییە چۆن بڕۆین؟

– تۆ ماشێن پەیدا دەکەی، تکایە شەو لێرە مەمێننەوە.

وەدەرکەوتین و هاتینە گاراژ، بەعەولا سوارم گوت ماشێنێکم بۆ پەیداکە تا نەغەدە، عەولا سوار هاوڕێیەکی حیزبی و تێکۆشەر و خاوەن گاراژ بوو، گورج ماشێنی هێنا و سوار بووین شەو هاتینە گوندی (لەواشلی) میوانی میرزا ئەحمەدی زەناویری بووین، بەیانی بەسەیران هاتینەوە نەغەدە.

سەفەرێکی مێژوویی

مانگی جۆزەردانی ئەوسالە کۆمیتەی مەهاباد بڕیاری دا بەسەرۆکایەتی دەستەی نوێنەرایەتی لاوانی کوردستان، بۆ بەشداری لەئاهەنگی فیستیوالی لاوانی سەرانسەری ئێران دا بچمە تاران و لەوێشەوە بۆ بەشداری لەچوارەمین فیستیوالی لاوانی جیهانی دا بچمە بوخارست بێ تەختی کۆماری دیموکراتیکی رۆمانی.

لەنەغەدە مستەفا ئاغا مەجیدمان بەبەرپرسی کۆمیتەی سندوس دیاری کرد خواحافیزیم لەهاوڕێیان کرد و چوومە مەهاباد، لەمەهاباد دەستەی نوێنەرایەتی کە ٩ کەس بووین لەمالّە غەنی بلوریان کۆبووینەوە و رەحمانی قاسملۆ هات بەبۆنەی سەفەرەوە پیرۆزبایی لێ کردین و گوتی:

– هیوادارم سەفەرێکی سەرکەوتوانە بێ، ئەوپەڕی چالاکی و دیسیپلین نیشان بدەن، بەرپرسی دەستەی نوێنەرایەتی کاك کەریمی حسامییە، بەئامینی کێژی حەمەدی مەولودی گوت: پێویستە بەبێ ئیجازەی کاك کەریم بۆ هیچ کوێ نەچێ و هەر لەگەڵ ئەو بێ، کاك کەریم لەتارانەوە دەچێتە بوخارست و ئێوەش دەگەڕێنەوە بەمنی گوت لەتاران هاوڕێ صادق وەزیری دەبینی و رێنوێنیتان دەکا.

رۆژی رۆیشتنمان لەترسی ئەوە نەوەك دژبان پێشمان بگری بەرنامەی ئاهەنگی بەڕێ کردنمان تێك دا، بەبێدەنگی سواری ئۆتۆبۆس بووین و چووینە تاران.

لەسەرانسەری ئێران لاوانی سەر بەحیزبی تودە بۆ فیستیوالی میللی هاتبوونە تاران و بەرنامەی جۆربەجۆری باش و بەکەڵك رێکخرا بوون، ئێمەیان دا بەمالێکی تورك لەباکۆوە هاتبوون، چوار برا بوون و ئاسنگەر بوون، مالێکی گەورە،

خێزانێکی باش و میوانگر و کۆمۆنیست، بێجگە لەمندالّەکان هەموویان لەباکۆ گەورە ببوون، زمانیشیان تورکی ئەوبەر بوو.

رۆژی کردنەوەی ئاهەنگی فیستیوال لەتالاری سەعدی من بەئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی فیستیوالی میللی دیاری کرابووم و شوێنی تایبەتیم بۆ دیاری کرابوو، کاتی نۆرە وتاری من هات بەرانك و چۆخەی کوردی هەستام و لەسەر نەخوێندەواری و بێ بەشی لاوانی کوردستان و ستەمی نەتەوایەتی و بەشداری لاوانی کورد لەخەباتی دژی ئیمپریالیستی و جنایەت و تاوانی لەشکر و ژاندارم لەکوردستان قسەم کرد، باسی کوژرانی حەسەنی رەمەزانیم کرد و گوتم کوردستان تاقە جێگەی ئێرانە کەلەپێناوی ئاهەنگی فیستیوال دا خوێنی داوە، وتاری من بەچەپڵە و بژی کوردستان بەگەرمی پێشوازی لێ کرا.

بەڵام هەر ئەودەم هەستم بەوە کرد من کەباسی کوردستان دەکەم خەڵك هەر بەمەهاباد و دەوروبەر لەکوردستان دەگەن، چونکە دەستەی نوێنەرایەتی لاوانی کرماشان و سنە بەجیا هاتبوون و هەر باسی کوردیان نەدەکرد، باسی حیزبی دیموکراتیش هەر لەگۆڕێ دا نەبوو، لەسەر ئەو مەسەلەیە لەماوەی سەفەردا لەبوخارست و مۆسکۆ و لەتفلیس لەگەڵ شووینیستە ئێرانیەکان کێشەم لێ پەیدا بوو.

رۆژی هەوەلی مانگی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩٥٣) دەستەی نوێنەرایەتی لاوانی ئێران لەنێو بەڕێکردنی هەزاران لاوی کێژ و کوڕ و خەڵکی تر بەئۆتۆبۆس بەرەو جلفا سنوری یەکێتی سوویتی کەوتە رێ، خەبەر درا بوو بەشارەکان لەهەمووی خەڵك هاتبوونە پێشوازی کاروان، شەو لەتەورێز ماینەوە و بەیانی نێزیك نیوەڕۆ گەیشتینە سنوور و لەجلفا لەپرد پەڕینەوە و گەیشتینە یەکێتی سوویتی، لەجلفا شیرینی و میوەیان هێنا و پاش حەسانەوە سواری قەتار بووین بۆ ئێرەوان، لەئێرەوان هەزاران کەس هاتبوونە پێشوازی و شەو میوانی کۆمۆسۆمۆلی ئەرمەنستان بووین، بەیانی دیسان بەقەتار کەوتینەرێ و دوای نیوەڕۆ گەیشتینە باتوم، شارێکی سەر دەریا گەرم شەدار و جوان، لەوێوە سواری پاپۆڕ بووین بۆ

سوچس و سوخوم و یالتا، بەداخەوە یادداشتی رۆژانە و ناوی شوێن و سەیرانگا و چاوپێکەوتن و ئەوانەم کەنووسیبوونەوە لەگەڵانەوەدا سەریان تێدا چوو هەر ئەوەندەی لەبیرم ماون لێرەدا دەیانگێڕمەوە.

جهانگیری ئەفکاری سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی لاوانی ئێران لە (یالتا) گەیشتە ئێمە، لەیالتاوە سوار پاپۆڕ بووین و بەرەو لەنگەرگای (کوستانزا) لەرومانی کەوتینەڕێ، سەفەری چەند شەو و رۆژی دەریاش خۆشی و ناخۆشی خۆی هەیە.

لەکوستانزا پێشوازیەکی گەرمان لێکرا و سواری قەتار بووین بۆ بوخارست، بێ تەختی رۆمانی و شوێنی فیستیوالی چوارەمی لاوانی جیهان، لەبوخارست جێگا و شوێنمان بۆ دیاری کرا، بەرنامەی ئاهەنگی فیستیوال و چاوپێکەوتنی دەستەی نوێنەرایەتی لاوانی ولاتانی دیکە و بەرنامەی خواردن و هاتوچۆمان بۆ دیاری کرا و هەریەکە نوسخەیەکمان درایە، رۆژی کە فیستیوال دەست پێ دەکرا من جلی کوردیم لەبەرکرد بوو یەك دوو فارس کەگۆیا حیزبیش بوون، گوتیان ئێمە هەموو ئێرانین و ئەم جلەی تۆ مانای جیاوازی دەدا و خۆت بەجیا دەزانی، لێمان بوو بەکێشە و جهانگیری ئەفکاری هات گوتی: هاوڕێمان نوێنەری لاوانی کوردە، پێویستە جلی میللی خۆی لەبەربکا، ئێوە هەقتان نییە لەوبارەوە رەخنە بگرن، پاشان بەمنی گوت: تکایە چۆنی دەتوانی بۆ ناساندنی میللەتی کورد کار بکە، بەرنامەت بۆ دادەنێم کەلەرادیۆ بوخارست بەکوردی قسە بکەی، بۆ هەموو چاوپێکەوتنێك لەگەڵ لاوانی ولاتانی تر لەگەڵ ئێمە دەبی و بەجلی کوردیەوە.

لەبوخارست لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتی لاوانی عێراق بوومە ئاشنا، دوکتۆر نەزیهە دیلمی، دارا رەشید جودەت، وەئوف مەعروف و هی تر، رەئوف مەعروف لەسلێمانی ئادرێسی کتێبفرۆشی (گەلاوێژ)ی دامێ و برپارمان دا نامە بۆ یەکتر بنووسین، کەچی ساڵی ١٩٥٨ کەچوومە سولەیمانی، چومە کتێبخانەکە، پرسیم کاك رەئوف مەعروفم دەوێ، گوتی: فەرموو خۆمم، لای وابوو پارێکی زۆرم هێناوە و کتێب دەکڕم، گوتم من کەریمی حسامیم لەبوخارست پێکەوە بووین و ئادرێست دابوومێ ویستم سڵاوێکت لێ بکەم.

– ئا... عەفوم بکە.... من نەبووم، من نەچوومە ئەوروپا.

چاوم بەهەژاری شاعیر کەوت، باسی ولاتمان کرد، بڕیاری دا کەلەگەڵ ئێمە بێتەوە ئێران، من بەجهانگیری ئەفکاریم گوت و ئەویش لەگەڵ لاوانی یەکێتی سوویت باسی کرد بوو کەهەژار لەگەڵ ئێمە بگەڕێتەوە، پاشان نازانم چۆن بوو لەگەڵمان نەهاتەوە.

لەبوخارست داوایان کرد لەرادیۆ وتارێك بخوێنمەوە، وتارەکەم لەبارەی وەزعی فیستیوال و پێشکەوتنی رۆمانی و بێ بەشی گەلی کورد و بەتایبەت لاوان بەفارسی نوسیبووی برادەرێکی ئێرانی (ناظمی) کەلەوێ دەیخوێند و ناسیاری قاسملۆ بوو، قاسملۆ نامەی بۆ نوسیبوو، وتارەکەی کرد بوو بەرۆمانی، من بەکوردی وتارەکەم لەرادیۆ خوێندەوە و بەرۆمانیش وەرگێڕاوەکەی بڵاوکرایەوە.

رۆژێك لەبوخارست چووبووینە مۆزە، لەدەفتەری یادداشتی مۆزە بەکوردی دەمنووسی، دوو کەس لەئێرانیەکان کەدیتیان من شتێك دەنووسم گوتیان: رەفیق مەسئولی ئێمە نووسیویەتی ئێتر پێویست ناکا تۆ بنووسی.

من بەکوردی دەنووسم.

– یانی چی؟ مەگەر ئێمە هەموو ئێرانی نین؟

– ئەگەر هەموو ئێرانین وەرە بزانم دەزانی من چیم نوسیوە؟

رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ رادیۆ خەبەری دا کەشای ئێران رای کردووە و لەئێران داوای رژێمی جەمهوری دەکرێ، بوو بەشایی و لوغان و دەستەی نوێنەرایەتی ولاتانی جیاواز بۆ پیرۆزبایی دەهاتنە لای ئێمە، بەپەلەداوامان کرد کەبگەڕێینەوە، رۆژی ٢٨ی مانگ سواری قەتار بووین، بەرێگای سوویتدا بەرەو ئێران کەوتینەڕێ.

لەبوخارست بەهەلکەوت تووشی کوردێك بووم خەڵکی سنە و لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانی کەوتبوە رۆمانی و گیرسابۆوە، بەڵام لەوێش هەر پینەچی بوو، من هەوەل جار بوو دەچوومە ئەوروپا، هێندێ شتم چاو پێ دەکەوت پێم سەیر و تەنانەت عەیبیش بوو، وەك شالواری دەلنگ کورت، یا بەستەنی خواردن لەسەر شەقام، یا ماچ کردنی کیژ و کوڕ لەشەقام و لەبەرچاوی خەڵك.

لەکاتی رۆیشتن دا بۆ بوخارست چەندە شاد بووین لەگەڕانەوەدا سەد ئەوەندە، خەبەرمان زانیبوو شا رای کردووە و چۆتە ئیتالیا، گەیشتبووینە مولدداوی لەپڕ رادیۆی قەتار رایگەیاند خەبەرێکی گرینگ، قوت بووین و گوێمان هەڵخست، گوتی لەئێران کودێتا بووە، مصدق گیراوە، رێکخراوەکانی حیزبی تودە کەوتوونە بەر پەلامار و هەزاران کەس حەپس کراوە، بەجارێك تۆزی خەم و خەفەت باری، شاییمان لێ بوو بەشین، قەتار رێگای خۆی بڕی و شەو چووینە کی یەف، رۆژی دوایی چوینە مۆسکۆ، لەمۆسکۆ کۆیان کردینەوە و گوتیان: وەزع لەئێران ئاڵۆزە، شا گەڕاوەتەوە، رێکخراوە دیموکراتیەکان کەوتوونە بەر پەلامار، ئەوکەسانەی نایانەوێ بچنەوە ئێران و دەخوازن بچنە رۆژئاوا لێرەوە دەیان نێرین، ئەوانەی دەیانەوێ زوو بچنەوە ئێران دیسان راست بۆ تارانیان دەنێرینەوە.

دیار بوو جیایان کردبووینە، ئەوانەی حیزبی نەبوون سواری فڕۆکەیان کردبوون و راست بۆ تاران، ئێمە ٩٠ کەس مابووینەوە، بۆم دەرکەوت ئەفرادی ئەوتۆ هاتبونە فیستیوال کەنەك هەر پێشکەوتوو نەبوون بەڵکو کۆنەپەرست و خەراپیش بوون.

یەکێکی ئەسفەهانی تەختە نەرد و شەترەنجێکی کەلاوانی سنە نارد بوویان بۆ فیستوال و شتێکی عەنتیکە و نەیاب بوو، دزیبووی نەیدابوو بەکۆمیتەی فیستیوالی لاوانی جیهان، ئەوانەی ماینەوە لەمۆسکۆ گەلێك جێگای جوانیان پێ نیشان داین، چووینە مۆزەی کرملین، مۆزەی دیاریەکانی ستالین، مۆزەی جل و بەرگی ژنانی پاشاکانی روسیا، باخی وەحشی، کارخانەی ماشێن سازی و شوێنی دیکە، لەمۆسکۆ داوایان کرد کەلەرادیۆ قسە بکەم، وتارێکی لەسەر وەزعی کوردستان، دواکەوتوویی بێ بەشی و نەخوێندەواری و سیاسەتی زوڵم و زۆری رێژیمەکانی ئێران، خوێندەوە، باسی ئەو شتانەم کرد کەلەیەکێتی سوویت دیتوومانە، رۆژی دوایی پاکەتێکیان بۆ هێنام ٣٧٠ روبلی تێدابوو.

جهانگیری ئەفکاری لەمۆسکۆ گوتی: رەفیق تۆ لەکوردستان زۆر ناسراوی، وەزعی تۆ لەئێران باش نابێ، ئەگەر دەخوازی لێرە بمێنەوە بخوێنە.

گوتم: لەم وەزعە دژوارەدا لێرە نامێنمەوە، دەگەڕێمەوە بۆ ئێران، لەمۆسکۆ بەقەتار بردیانین بۆ ستالین گراد، دوو ڕۆژ لەستالین گراد بووین، وێرانی شار شوێنی شەڕ و گەمارۆدانی لەشکری فاشیزم و کارخانەی تەراکتۆرسازی ستالین گرادمان بینی، لەستالین گرادەوە سواری پاپۆڕ بووین، بەوۆلگادا تا بەندی وۆلگا دون کەتێکەڵ کراوەتەوە، ئەوەی لەبیرم مابێ پاپۆڕ لەهەشت حەوز وەسەردەکەوێ و لەچواران دێتە خوار و دەچێتەوە نێو چەمی دون، وا دروست کراوە پاپۆڕ دەچێتە نێو حەوزی یەکەم، ئۆتۆماتیك دەرگای حەوزەکە دادەخرێ و دەرگای پێشەوەی دەکرێتەوە ئاو لەحەوزی پێشەوە دێتە نێو ئەم حەوزەی کەپاپۆڕی تێدایە، بەهەشت دەقیقە پڕ دەبێ، کەپڕ بوو پاپۆڕ سەردەکەوێ و دەگاتە بەرامبەر حەوزی پێشوو، دیسان دەرگا لەپشتەوە قەپات دەبێ و دەرگای پێشەوە دەکرێتەوە و پاپۆڕ ڕەسەر دەکەوێ، بەم شێوە لەهەشت حەوز دەچێتە سەر و پاشان دێتەوە خوار و بەچەمی دون دا دەڕوا بۆ ڕوستۆف.

لەڕوستۆف سواری قەتار بووین بۆ شاری گورکی، ئەم شارەی کەلینینی مەزن لێی لەدایك بووە، ڕۆژێك لەوێ بووین و پاشان چووینە تفلیس، من جلی کوردیم لەبەرکرد، دوو کوردی تفلیس کەمامۆستا بوون هاتنە لام و بردیانم بۆ مالّی خۆیان و چەند کوردی دیکەم لێ هاڵان، بەڵام بەداخەوە زۆر کەم لێکتر حاڵی دەبووین.

ئێوارەیەك بەقەتار لەتفلیسەوە کەوتینەڕێ لای بەیانی بوو گەیشتینە باکو پێ تەختی ئازربایجانی سوویتی، تا لای ئێوارە لەباکۆ گێڕایانین، هێندێ دیاری و شتمان کڕی من داوام کرد کەکوردە ئێرانییەکان ببینم، گوتیان: لەباکۆ نین و چوونە مەڕەخەستی دوای نیوەڕۆ سواری پاپۆڕ بووین بەدەریای قەزوین دا بەڕەو بەندەر پەهلەوی.

گەیشتنەوەی ولاّت و هەڵوێستی کۆدێتا چییان

شەو لەبەر شەپۆلی بەحر و ئالۆزی نەمانتوانی بڕۆین و لەنێو دەریادا ماینەوە، پاپۆڕی ٧٠ هەزار تۆنی وەك بێشکە لەسەر ئاو جولاّنەوەی دەکرد، هەموو دەڕشانەوە هیچ نەدەخورا، کاپیتان رایگەیاند کەناتوانین بڕۆین، بەیانی کەهەستاین چەند گەمی نەجات هاتبوون و لەدەوروبەری ئێمە راوەستابوون، بەیانی ڕۆیشتین و لای ئێواری گەیشتینە بەندەری پەهلەوی.

لەلەنگەرگا سەرباز چاوەڕوانیان دەکرد، یەك یەك کەدابەزین پاسپۆرتەکانیان لێ وەرگرتین، پاشان بردیانین بۆ فەرمانداری نیزامی، دە ژوورێکیان کردین و یەك یەك بانگیان دەکردین لەپێش دا سەر و سمێڵیان بەمەکینە دەتاشین و هەرکەس بەگوێرەی شانس برێکیان لێ دەداین و دە ژوورەکەیان دەکردینەوە، هەرچی پێمان بوو لەدیاری و لیباس و پوڵ و نوسراوە لێیان دەستاندین و لەوێ کۆیان دەکردەوە، کەنۆرەی من هات فەرماندارێ نیزامی وەك لەبیرم بێ سەرهەنگ نەسیری بوو دوو زللەی لێ دام و گوتی: ڕەفتە بودی ملا مستەفارا بیاو ری؟ بەوەندەی من رزگار بووم، یەك دوو گۆرانی بێژمان لەگەڵ بوون، سەریان تاشی بوون لێیان دابوون پاشان هێنا بوویان کەگۆرانی بۆ سەربازان بڵێن، بێجگە لەوانە جنێو لاتاو بەژنەکانی لەگەڵ مان بوون باسی ناکرێ، هەموویان تا ڕۆژ لەژوورێك کردبووین بێ نان و ئاو و بێ سیغار، جا لەم حاڵەدا یەك لەخانمەکان دەیگوت: رفقا اعتراض کنید.

بەیانی روت و برسی و سەر تاشراو سواری کامیۆنی ئەرتەشیان کردین و بۆ ڕەشت، لەوێ بردیانینە سەربازخانە و دە ژوورێکیان کردین، برسیەتی و بەتایبەت بێ سیغاری هێرشی هێنا بوو، من هاتمەدەر و لەوکاتەدا سەرهەنگێك تێ دەپەڕی، بانگم کرد، گوتم: جەنابی سەرهەنگ ئێمە ئێرانین، بەئیجازەی دەوڵەتی وەخت چوینە فیستیوال، پاش خەبەری کودیتا خۆمان گەڕاوینەوە، ئێستا دوو ڕۆژە بێ نان و ئاو و سیغار ئێمەیان ڕاگرتوە و هیچیان نەداوینێ، دوو سەربازی بانگ کرد و

گوتی بڕۆن: نان و دوو سەوەتە تریێ و دوو بوخچە سیغاریان بۆ بکڕن و زوو بۆیان بێنن.

لەوکاتەدا من قسەم لەگەڵ سەرهەنگ دەکرد، سەروانێکی ئەرتەشی هات، گوتی:

– تۆ کوزدی؟

– بەڵێ کوردم.

– منیش کوردم و خەڵکی مەهابادم، ئاخر تۆ چیت لەئەوروپا دابوو.

– پێم وابوو دەنێری نان و پێخۆرمان بۆ بێنن، جا وەختی ئەو پرسیارەیە؟

بەسەربازەکانی گوت زوو بڕۆن وەرنەوە، زۆری پێ نەچوو نان و دوو سەوەتە تریێ و دوو بوخچە سیغار هاتن، دەستم کرد بەدابەشکردن، بەجارێك (بڕی کورد) سالۆنی پڕ کرد، لەوێ سواری کامیۆنانیان کردین و بۆ تاران، ئێوارێ گەیشتینە تاران و بردیانین بۆ فەرمانداری نیزامی، یەك یەك ناونیشانیان دەپرسین و لێکیان جیادەکردینەوە، ئێمە ٤٥ کەسیان برد بۆ شوێنێکی دیکە، پاش دوو شەو و رۆژان بەیانیەك دوو ئەفسەر و گروپان هاتن، گوتیان: ئەوانەی ناویان دەخوێنمەوە ئازادن، بێن ئیلتزام بدەن کەلەتاران نەچنە دەر.

من نەفەری ٤٣ی بووم بانگیان کردم، چووم نوسیم کەبەبێ ئیجازەی فەرمانداری نیزامی لەتاران ناچمە دەر، وەك سلقی رووت بەتای کراسێك و شالوارێك سەرتاشراو وەدەرکەوتم، بچمە کوێ؟ چی کەم؟ کەس ناناسم قرانێکم پێ نییە ناوێرم هیچ لەکەس بپرسم، رەسمیان لەرۆژنامەکان دا چاپ کردووین سەر و سمێڵیان تاشراوە. بێ بەرنامە دەسوڕامەوە، لەشەقامی سەعدی گوێم لەدەنگێکی ناسك بوو بەناوی (رەفیق... رەفیق...) بانگ دەکا، نەم وێرا ئاوڕ بدەمەوە، پاش چەند هەنگاو لەپشتەوە باسکی گرتم و گوتی: رەفیق من باشما هستم، واتە لەگەڵ تۆمە، ئاوڕم داوە و گوتم: من تۆ ناناسم، بێگومان بەهەڵە چووی.

– نا بەهەڵە نەچووم، تۆ ئەو رەفیقی کوردی لەفیستیوالی میللی دا لەهەیئەتی رەئیسی بووی، وتارت دا، جلی کوردیت لەبەربوو، چوویتە بوخارست، بێ شەرەفانە سەریشیان تاشیون.

نیشانەکانی راست بوون، گوتم: راستە، بەڵام وای لێ هاتووە مرۆڤ ناوێری لای کەس قسە بکا.

– ئێستا بۆ کوێ دەچی؟ من خوێندکارێکی ئیسفەهانیم، لێرە دەخوێنم، یەکی دیکەم لەگەڵە، دەتوانی بێیە مەنزلەکەی ئێمە.

– سوپاس، دەمەوێ بچمە ماڵە عەلی قازی، بەڵام ئادرێسەکەم نەماوە و شارەزاش نیم.

– من بەماڵەکەیان دەزانم، با پێکەوە بچین، پاشان دەچین کراس و شالوارت بۆ دەکڕم.

چوینە ماڵە کوڕی رەش، گوتیان لێرە نەماوە چۆتەوە مەهاباد، گوتی:

– کەوایە با بچینە مزڵەکەی من، جێگای تۆ دەبێ، ژوورەکەمان گەورەیە.

– نا، دەچمە موسافیرخانەی فیردەوس، رەنگە کوڕەکانی مەهابادی لەوێ بن.

– کەوایە با هێندێکت پارە بدەمێ، رەنگە هەر ئەو کراسەشت هەبێ.

– پوڵم ناوێ، لەوانەیە مەهابادیەکان بدۆزمەوە لەوان وەردەگرم.

– من پوڵم هەیە، تازە ١٥٠ تمەنیان بۆ ناردووم، با ئادرێس ماڵەکەم بنووسم، هەرکاتێك ویستت وەرە لای ئێمە، حەفتا تمەنی دەرهێنا و دایمێ، پولەکەم لێ وەرگرت و ئادرێسەکەم یادداشت کرد و قەڵەمێکی دامێ و لێك جیابووینەوە، چوومە موسافیرخانەی فیردەوس، کەچووم سولێمانی موعینی و مستەفای ئیسحاقی و ئەحمەدی قازی حاجیابات و چەند کەسی تر لەوێ بوون، ماوەیەك دانیشتین، دیتم لەوە دەترسێن کەلەگەڵ من بیان بینن، مەسەلەی گەورەش ئەوەبوو دەست کرابوو بەرەخنە لەحیزبی تودە، سولێمان گوتی با وەدەرکەوین، وەدەرکەوتین چووین نانمان خوارد، پاشان سولێمان گوتی: من سدیقی ئەنجیری دەبینم، پێی دەڵێم کەئازاد کراوی، سەعات حەوتی ئێوارێ لێرە یەکتر دەبینینەوە، چل تمەنی دامێ و لێك جیابووینەوە، چوومە دوکانی ئەو برا تورکە ئاسنگەرە کەپێش رۆیشتنم لەماڵی ئەوان میوان بووم، کەدیتیانم گەشکە بوون، ماچ و چاك و خۆشیەکی گەرم، گورج منداڵێك حەوت هەشت ساڵیان لەگەڵ

ناردمەوە، گوتیان بۆ هیچ کوێ ناچی، وەتاغی تۆ هەر بەتاڵە و جێگای خۆتە و زۆر کەم وەدەرکەوە.

کەچوینە ماڵەکەیان دایکی و ژنەکان بەپیرمەوە هاتن و گەلێك چاك و چۆنی و بەخێرهاتن، چوومەوە ژوورەکەی خۆم، تاوێك راکشام و هەستام بۆ لای جێ ژوان لەگەڵ سولێمان رۆیشتم، چوین لەچایخانەیەك دانیشتین، کراس و لیباسی ژێرەوەی بۆ کڕیبووم، باسی وەزعی مەهابادم لێ پرسی، گوتی: کەس لەشار نەماوە، هەندێك چوون بۆ عێراق، هێندێك لەنێو مەنگوران خۆیان شاردۆتەوە، هێندێك هاتوونە تاران و ئێستا ئێرە پڕە لەمەهابادی، ناو و ئادرێسی کابرایەکی پێ بوو لەئیدارەیەکی فێرکردن و عاملاندن، گوتی: کاك سدیق گوتوویە بچێتە لای ئەو کابرایە، پاشان خۆشمان یەکتر دەبینین.

ئادرێسەکەم وەرگرت و ئادرێسی ماڵەکەی خۆم دا بەسولەیمان و بڕیارمان دا هەموو رۆژێك لەم شوێنە یەکتر ببینینەوە، شەو چومەوە ماڵە برا تورکی بەشەرەف و ئینسان، هەموویان لەماڵ وبون، تا نیوەشەو باسی فیستیوال و رێگا و چۆنیەتی سەفەرم بۆ گێڕانەوە، پرسیاری جۆربەجۆریان دەکرد، بیروڕای جۆربەجۆر لەسەر وەزعی ئێران دەردەبڕا، گوتیان ئێرە مالّی خۆتە، ناتوانی بچیەوە کوردستان، لێرەبە و بەمالّی خۆتی بزانە.

بەیانی چووم کابرام دیتەوە، هیچی پێ نەبوو، گوتی: جارێ هەر لەو ماڵە بمێنەوە، سی تمەن پولی دامێ، گوتی پاشان سدیق دەبینی و لەبارەی وەزعی کوردستان لەگەڵ ئەو تەگبیر بکەن.

چوومە بازاڕ ئەسبابی ریش تاشین و فرچە و خاولە و شتی پێویستم کڕین و چوومەوە ماڵ حەمامم کرد و چاوەڕوان بووم زوو تووکی سەرم بێتەوە، رۆژانە رۆژنامەکانی تارانم دەکڕی و پڕ بوون لەدۆزینەوەی رێکخراوەکانی حیزبی تودە و پەشیمان بوونە و شتی ناخۆش و داخدار، رۆژێك لەسەر قەراری پێشوو لەگەڵ کاك سدیقی ئەنجیری و سولێمان یەکترمان دیت، باسی وەزعی خەبات و دۆزینەوەی

رێکخراوەکانی حیزبی تودە هاتە گۆڕێ، گوتم: ئەو هەموو دۆزینەوەی شانە و رێکخراوەکان و گرتنی ئەندامانی حیزب شتێکی هەڵکەوت نییە، پۆلیس خۆی خزاندۆتە نێو حیزب.

کاك سدیق تووڕە بوو: هاوڕێ چۆن قسەی وا دەکەی؟ باسەکەمان درێژەی هەبوو، سدیق تووڕەبوو رۆیشت و بەجێی هێشتم.

رۆژێك سولێمان گوتی: میرزا خەلیلی خوسرەوی لێرەیە و دەخوازێ بتبینێ.

جێگایەکی پێ گوتبووم چومە ئەوێ، کەچووم میرزا خەلیل بەرەحمەتبێ چاوەڕوان بوو.

پاش یەکتر ماچ کردن گوتی: با برۆین.

– بۆ کوێ؟

– تۆ وەرە کارت نەبێ، وەزع خەراپە، دەبێ بچینە شوێنی ئەوتۆ کەنەمان ناسن.

– جا لەتاران کێ ئێمە دەناسێ؟

– نا وانیە، پیاو نابێ ئیحتیات لەدەست بدا، بابرۆین.

لەشەقامی ناسر خوسرەو لەدەرگایەك چووینە ژوور، سەرکەوتین بۆ قاتی دوەەم، چایخانەیەکی گەورە پڕ لەخەڵك هەر زممەی دەهات، پڕ لەدووکەڵی قەلیان و سیغار لەقوژبنێك دانیشتین و گوتی: ئێرە جێگای چاکە، کەس نایەتە ئێرە.

قاوەچی دوو چای لەپێش داناین، داوای قەلیانم کرد، لەپڕ میرزا خەلیل گوتی:

– ئەو کابرایە وا لەوێ دانیشتووە دوێنێ لێرە نەبوو، شەبکەی لەسەرە، زۆریش دەڕوانێ.

– هیچ نییە، رەنگە ئەویش وەك ئێمە خۆی شاردبێتەوە.

– نا ئەوانە بێکار نین، دنیا پاکی بۆتە پۆلیس، رێکخراوەکانی حیزبی کەشف دەکرێن دەبێ وریا بین.

تا درەنگ لەوێ دانیشتین، کەدەرچووین گوتی: ئێرەمان جێ ژوان بێ، لێرە ئەو دەمانە یەکتر دەبینینەوە، من چوومەوە مالّ، کێژێکی جوانی شۆخی بالآبەرز

دەرگای کردەوە، چوومە ژوور، دایك وەك رۆژان بەگەرمی بەخێرهاتنی کردمـەوە و گوتی:

– نانت خواردووە؟

– بەڵێ خواردوومە.

– چۆن وادەبێ؟ بۆ لەدەرەوە نان دەخۆی؟ لێرە نان دروست دەکەین، ئەم دختر خانمەش میوانی تازەیە، لێرە دەبێ، یەکتر بناسن.

کچە جوان دەستی لەدەستی نام و گوتی: بەدیتنت خۆشحاڵ بـووم، باسـی تۆیـان بۆ کردم، چەندەم پێ خۆشبوو لەگەڵ تـۆ بوومـە هـاومزڵ، مـن خـەڵکی (سـاری)م کێژی سەرۆکی دادگوستەریم، ناوم لەرێکخراوێکی حیزبی تودەدا دەرکەوتووە، رام کردووە هاتومە ئێـرە، داویـانم بـەو ماڵـە، زۆر خێزانێکـی باشـن، تـەواو تـودەیین، دەبێ بەوردی باسـی فیسـتیوالم بـۆ بگێڕیـەوە، رۆژنامـەکانم دەخوێنـدەوە، زانـیم لەگەڕانەوەدا چییان لێ کردوون، با بچینە ژوورەکەی من، کتێبی باشم پـێن ئەگـەر بخوێنیەوە.

چووینە ژوورەکەی ئەو رووبەرووی دیوەکەی مـن بـوو، شـیرنی هێنـا، هاومزڵەکـەم نەك هەر جوان بوو بەڵکو خوێندەوار و رووکـراوە و خـۆش قسـە بـوو، لای ئێـوارە گوتی:

– با بچینە دەر، خۆ تۆ کارت نییە؟

– کارم نییە، بەڵام ئێستا بۆ خوێندنەوە دەرفەتە، وەخت بەخۆڕایی دەچێ.

وەدەرکەوتین، تاوێك سووڕاینەوە گوتم: من ئەشێ بچمە نێو شار، کارم هەیە.

– زوو وەرەوە، هیچت ناوێ بۆت بکڕم؟

– سوپاس، هیچم ناوێ، لەوانەیە زوو بێمەوە.

چـوومە موسـافیرخانە و لەگـەڵ بـرادەران دانیشـتین و ئـیتر رەخنـە لەرێبەرایـەتی حیزبی تودە و باسی کەشف بوونی رێکخراوەکانی حیزب و لێکدانەوەی جۆربەجۆر ببوە نوقڵی مەجلیس و دانیشتن، لەوکاتەدا (جزوەی ٢٨ی گەلاوێژ) بڵاوکرا بـۆوە، گەلێك شێر و رێویان تێدا هۆندبووە و فەلسەفەیان ساز کردبوو کەتەنیا ساویلکە و

خاوەن مەسلەحەت توانایان هەبوو بڕوای پێ بکەن، کاك سدیقی ئەنجیری دیفاعی لێ کرد و منیش پێی قانیع نەبووم، زۆرجار لێمان دەبوو بەموناقەشە، کاك سدیق هات بردمیە مالّەکەی خۆی، زۆرجار لەمالّی ئەوان دادەنیشتین و سولێمانیش هەر لەگەلّمان دەبوو.

پاش کۆدێتای ئیمپریالیستی ٢٨ی گەلاوێژ ئاغا و سەرەك عەشیرەتی کورد هاتبوونە تاران بۆ پیرۆزبایی لەشا و بەجلی کوردیەوە دەسووڕانەوە لایان وابوو فەتحیان کردوە، رۆژێك بەبەردەرکی موسافیرخانەی (گیلانی نەو)دا تێ دەپەڕیم دیتم ئاغا مەنگوڕەکانی لای مەهاباد هەموویان لەپێش دەرگا راوەستاون، ویستم خۆ نەناس کەم و تێپەڕم، لەپڕ یەکیان گوتی: ئەوە حسامیە.

عەولّای بایزئاغا بانگی کردم، گەڕامەوە سلاّوم کرد و گوتی:

– دەلّێم ئەوە هاتوویەوە؟ ئەوە نەیان گرتووی؟

– بۆ دەمگرن عەولاّئاغا؟ چیم کردووە؟

– دەلّێم لەچی دەگەڕای؟ تۆ چت بەئەوروپا داوە؟

– عەولاّئاغا سەفەری ئەوروپا خۆشە بەتایبەتی سەفەرێکی ئاوا.

– بەمەرقەدی شێخی بورهانی دەلّێم تودە ناردبوویانی.

– عەولاّئاغا من کوردم و نوێنەری لاوانی کوردستان بووم.

– دەلّێم ئێمەش کوردین و ئاگاشمان لێ نەبووە.

– ئێوە کوردێکی دیکەن، ئێستا بۆ هاتوونە ئێرە؟

– هاتووینە کن شای و هاتۆتەوە.

– جا بەئێوە چی، ئەو شایە چی بۆ کورد کردووە؟

– ئەی.. دەلّێم خۆ زمانیشی دەگەڕێ.. هێشتا دەست هەلّناگرن.

– چمان کردووە، دەمانەوێ بەئازادی بژین.

– تۆ لەو قسانە گەڕێ، دەوێری بێیەوە مەهاباد؟

– بۆ ناوێرم؟ چم کردووە بترسێم؟

– هێشتا چت نەکردووە؟ ناوێری بێیەوە مەهاباد، بەڵام وەرە ترکەش، مااڵ خۆتە و کەس ناتوانێ چت پێ بڵێ.

– زۆر سوپاس عەوڵائاغا، بۆ سەردانت هەر دێم، خواحافیزیم لێ کرد و رۆیشتم.

لەمااڵ برادەری ئازربایجانی زۆر بەرەحەت بووم، بەڵام فیکری دایك و بابم و بێ خەبەر لەوەزعی کوردستان نەی دەهێشت ئاسووده بم.

رۆژێك هەومزڵەکەم لەبازاڕ هاتەوە، گۆرەوی دەسڕە و ژێر کراس و کراسی بۆ کڕیبووم، گوتی: بابم زۆر دەوڵەمەندە، منیش پوڵم هەیە، ئەوانە شتێك نییە.

چومە ژوورەکەی خۆم و خەریکی خوێندنەوە بووم لێو وەژوور کەوت، گوتی:

– رامی دەزانی؟

– نازانم، رامی چییە؟

– یاری بەورەقە، یارییەکی خانەوادەکیە، زۆر خۆشە، با بێم یاری بکەین فێر دەبی.

– دوو دەستی وەرەق هێنا و رێ و شوێنی یاریەکی پێ گوتم و وردە وردە فێر بووم.

سەرگەرمییەکی باش بوو، پەکی خوێندنەوەی خستبووم.

حاجی شێخ عەوڵای ئەفەندی

رۆژێك کەچوومە لای میرزا خەلیل گوتی: مزگێنیت دەمێ حەزرەتی شێخ هاتووە، لەمااڵی رەزا ئەفشار نوێنەری ورمێیە.

– پێم خۆش بوو کەنگێ بچینە خزمەتی؟

– من عەرزی دەکەم و قەرار دادەنێم.

میرزا خەلیل بەتەلیفوون گوتی: بۆ رۆژی هەینی قەرارم داناوە، زۆرت ئارەزوو دەکا هاومزڵەکەم گوتی: بلیتی سینەمام کڕیوە، فیلمێکی خۆش هەیە.

– بەشەو چوونە دەرمان باش نییە.

– کێ بەکێیە؟ کێ دەزانێ ئێمە لێرە خۆمان شاردۆتەوە؟ کەشفی ڕێکخراوەکانی حیزب پۆلیس خۆی تێ خزاندووە.

شەو چوینە سینەما، کەهاتینەدەر قۆڵی خستە ناو قۆڵم و خۆی پێوە دەنووساندم، تەزوو بەلەشی دا دەهات، شەرمم دەکرد.

ڕۆژی هەینی لەگەڵ میرزا خەلیل چووینە خزمەت حاجی سەید عەولا ئەفەندی زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، وەزعی سەفەر و گەڕانەوەی پرسی، پاشان باسی سەید عەزیزی لێ پرسیم گوتم: بەداخەوە کوردە ئێرانییەکانم نەدیوە.

گوتی پێش ئەوە بێم بۆ ئێرە لەنەغەدە بووم، بابت لەماڵە میرزا شەریف هاتە لام، زۆر لەخەمی تۆدایە و نیگەرانە، پێم گوت دەچمە تاران و خەبەرت بۆ دەنێرم، نامەیەك ئێستا بنووسە من بۆ میرزا شەریفی دەنێرم بیدا بەبابت، چەند ڕۆژی دیکە دەگەڕێمەوە لەگەڵ تیمسار ئەمیر عەزیزی مەسەلەی تۆ باس دەکەم، ئەمنیەتی تەواوی تۆی لێ وەردەگرم نامەت بۆ دەنووسم، ئەگەر نامەم بۆ نووسی گیر مەبە وەڕەوە، بابت زۆر بەتەنیایە، تا قەولی لێ وەرنەگرم نامەت بۆ نانووسم، نامەکە بەئادرێسی میرزا خەلیل دەنێرم، زۆر سوپاسم لێ کرد و نامەیەکم بۆ بابم نووسی و دام بەشێخ و هاتینەدەر.

تەنیا کەسانێك لەتاران دەم بینین سولێمان و کاك سدیقی ئەنجیری و میرزا خەلیلی خوسرەوی بوون، لەگەڵ هاومزڵەکەم خەریك ڕامی و کتێب خوێندنەوە دەبووین و ناخۆشیشمان لێ نەدەگوزەڕا، بەرنامەی دیتنی میرزا خەلیل هەروەك خۆ مابۆوە، جاروبار شوێنەکەی دەگۆڕی و جێگەی پەناتری دەدیتەوە.

پێش سەفەرم بۆ ئەوروپا لەگەڵ دوکتۆر جەعفەر ڕەحمانی ببومە ئاشنا، ڕۆژێك لەگەڵ سولێمان چووین سەری بدەین، زۆری پێ خۆشبوو، باس و خەبەری ئەوروپا و سەفەری پرسی، لەکوردەکاری عێراقی پرسی، کێم دیوە و کێ هاتبووە فیستیوال.

پاشان گوتی ئێستا لێرە چ دەکەی؟ خۆ ناتوانی بچیەوە نەغەدە؟

– لێرە بێکارم، هەر دەسوڕێمەوە، پێم خۆش نییە بێکار بم بەڵام چاریش نییە.

– پاش سێ رۆژی تر سەرێکم لێ بدە.

کەهەستاین برۆین، هەشت تمەنی هێنا گوتی با بێ پوڵ نەبی، بەڵام لەبیرت نەچێ بیرەوە لام، وەدەرکەوتین، سوڵێمانیش جاروبار دەهاتە مزلەکەی من و رامی دەکرد، رۆژێك کەچوومە لای میرزا خەلیل گوتی: مزگێنیم دەیە، نامە حەزرەتی شێخ هاتووە، نامەکەم وەرگرت و تا سالّی ١٩٥٨ کەبۆ عێراق رۆیشتم نامەکەم هەر پاراستبوو، پاش رۆیشتنم ئەویش وەك تەواوی نوسراوە و سەنەد و بەڵگە و کتێب لەبەین چوون.

حاجی سەید عەوڵا ئەفەندی نوسیبووی: چاوم بەتیمسار میر عەزیزی فەرماندەی لەشکری چوار کەوت، باسی تۆم لەگەڵ کرد، قەولی شەرەفی داوە کەهیچ کەس کاری بەتۆدا نەبێ و ئازاد بی، منیش لەسەر قەولی ئەو، ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم داوات لێ دەکەم گیر مەبە وەرەوە با چیدیکە باوکت بەریشی سپی ناڕەحەت و تەنیا نەبێ چاوەڕوانی گەڕانەوەت دەکەم.

میرزا خەلیل گوتی: جا گیر مەبە، حەزرەتی شێخ قسەی لێ کردووە و تەواوە.

– با بزانین چۆن دەبێ، لام وایە حیزب خەریکە خۆ کۆبکاتەوە، ئەم دەم خەباتمان لەپێشە.

پاش سێ رۆژ لەگەڵ سولێمان چووینەوە لای دوکتۆر جەعفەر، گوتی ژنێکی زۆر دەوڵەمەند هەیە، کوڕێکی لەئەوروپایە و کوڕێکیشی لێرەیە تەمەنی ١٧–١٨ ساڵە، نەخۆشی ئەعصابی هەیە، پێویستە یەکێك هەمیشە لەگەڵی بێ شەترەنج و تەختە و یا وەرەقی لەگەڵ یاری بکات، هاودەمی بێت، ئەگەر قبوڵ بکەی زۆر ئاسودە دەبی پوڵێکی باش دەدا، دایك و کوڕێکی تێگەیشتوون.

گوتم زۆر سوپاس، پێویستە بیرێکی لێ بکەمەوە، نامەیەکی حاجی سەید عەوڵا ئەفەندیم بۆ هاتوە، ئەگەر نەگەڕێمەوە دێمە لات.

– هەر وەختی ویستت فەرموو، مالّی خۆتە.

لەگەڵ سولێمان وەدەرکەوتین، گوتی هەتیو پاروو دەروونی کەوتوە، لەسەر دایکی لەگەڵ کوڕەکە شەترەنج بکە، جێگا و کاری وا باش وەگیر ناکەوێ، ئەگەر هاومزڵەکەت دەستت لێ هەڵگرێ.

لەم بەینەدا هێندێ دوکانداری نەغەدە هاتنە تاران، پرسیبوویان و هاتنە لام، نامەم بۆ بام نووسی و هێندێ پارەم بۆ ناردەوە، ساردی پایز بوو، رۆژێك سولێمان گوتی: كاك سدیق چاوەڕوانە ئەوشەو بچینە ماڵەکەی ئەو، ئێوارێ چوینە لای كاك سدیق، برادەرێکی فارس لەوێ بوو نەم دەناسی، دەستمان کرد بەقسان، گوتی حیزب بڕیاری داوە کەئەو کەسانەی لەناوچەکانەوە هاتوونە تاران ئەشێ بۆ شار و ناوچەکانی خۆیان بگەڕێنەوە، پێویستە تۆ برادەرانی کوردی ناوچەی مەهاباد بدۆزیەوە و پێیان رابگەیەنی کەبۆ وڵات بگەڕێنەوە، چەند کەس ئامادەبوون بلیتیان بۆ دەکڕین و لەگەڵ خۆت بیان بەوە، لەتەورێز لەگەڵ ئەحمەدی قاسملۆ یەکتر دەبینن و ئەو چۆنیەتی گەڕانەوەتان پێ دەڵێ.

رۆژی دوایی لەگەڵ سولێمان کوردەکانی مەهابادمان دیتەوە، نێزیکەی ٧٠ ئەندامی حیزبی هاتبوونە تاران، پێمان راگەیاندن کەپێویستە بگەڕێنەوە، خۆمان بۆ خەباتێکی جیددی ئامادە دەکەین، بێجگە لەسولێمان هیچ کەس ئامادە نەبوو بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد، ناچار لەگەڵ سولێمان رۆژی گەڕانەوەمان دیاری کرد و بلیتی ئۆتۆبۆسمان کڕی، شەو کەچوومەوە ماڵێ، دوای نانخواردن بەهاوڕێیانی خانەخوێم گوت: ئێوە بەیانی دەچنە سەرکار، با هەر لەئێستاوە لەگەڵ سوپاسێکی زۆر ماڵ ئاوایی تان لێ بکەم، من بەیانی سەعاتی چوار دوای نیوەڕۆ دەکەومە ڕێ بۆ مەهاباد، هاومزڵەکەم زۆر تێکچوو.

– چۆن دەگەڕێیەوە، دەتناسن، دەگیرێی.

– دەبێ بگەڕێمەوە بلیتم کڕیوە، خواحافیزیم لەبرایانی ئازربایجانی کرد و چووم لەژوورەکەی خۆم دانیشتم، هاومزڵەکەم هات، زۆر ناڕەحەت بوو، زۆرمان قسەکرد ئادرێسی ماڵە باوکی دامێ، تا زۆر درەنگ هەر لەلام بوو، بەیانی بەیەکجاری

لەدایك و خێزانی مالّێ خواحافیزیم کرد و لەگەلّ هاوەزلّەکەم هاتینە نێو شار، من چوومە لای سولێمان و ئەویش رۆی گوتی دیمە گاراژ.

سەعات سێ و نیو چووینە گاراژ هێندێ لەبرادەران هاتبوون و دیتمان هاوەزلّەکەم هات، چەند جووت گۆرەوی و دەستەوانە و دوو کراس و شیرینی و هەنار و سێوی بۆ هێنابووم، لەوێ راوەستا تا ئۆتۆبۆس کەوتەڕێ.

لەتەورێز چووینە مالّی زڕ دایکی سولێمانی موعینی، رۆژی دوایی چوینە مالّی ئەحمەدی قاسملۆ کەچووین دیتمان رەحمانی قاسملۆش لەوێیە، دانیشتین باسی وەزعی مەهابادمان کرد، رەحمان گوتی کەس لەشاردا نەماوە، من ماوەیەك لەمالّی پێشەوا خۆم شاردەوە پاشان سواری گوێ درێژ بووم و بەنێوی کارداری باخی تا وسوکەند هاتووم، لەوێ سواری ئۆتۆبۆس بووم چوومە ورمێ و ئێستاش دەچمەوە تاران، برپارمان دا من بچمەوە دەوروبەری مەهاباد و پاشان بچمەوە نێو شار و خەبات درێژە پێ بدەم، رەحمان گوتی: حیزب خۆ بۆ خەباتی پارتیزانی ئامادە دەکا، لەبەهاردا شەڕی پارتیزانی دەست پێ دەکەین، پێویستە ناوی ئەو کەسانەی کەدەتوانن لەخەباتی پارتیزانی دا بەشداربن بنوسرێ، سەد تمەن پولّی دامێ کەبۆ بابمی بنێرمەوە.

سولەیمانم لەگەلّ یەك دوو کەسی مەهابادی چەند رۆژ پێشتر ناردەوە مەهاباد ئێوارەیەکی سارد، لەتەورێز بەشەقامی پەهلەوی دا دەڕۆیشتم هەمزە خەلیل و مام وسێنی برای لەگەلّ دوو سێ کەس راوەستا بوون، من ویستم تیژ تێپەڕم، چەند هەنگاو رۆیشتبووم و سینەزەرد لەپشتەوەڕا باسکی گرتم.

– بۆ کوێ دەڕۆی؟ ئێمەت نەدیبوو؟

– دەچمەوە مزلّ و ئێوەشم نەدیبوو.

– وەرە کاك هەمزە بانگت دەکا.

لەگەلّی گەڕامەوە، کاك هەمزە لەگەلّ چەند کەس راوەستا بوو، بەخێرهاتنی کردم و گوتی: وا توند تێپەڕی، خۆت لەئێمە دەشاردەوە؟

– نەخێر، بۆ خۆ لەئێوە دەشارمەوە، زۆر سارد و دەمویست بگەمەوە مزلّەکەم.

– مزڵی چی؟ دەبێ بێیە ماڵی ئێمە.

کەوای گوت ترسم لێ پەیدا بوو، هەمزە خەلیل لەگەڵ روکنی ٢ی ستاد هاوکاری دەکرد، دوژمنی سەرسەختی دیموکرات و حیزبی تودە بوو، وەسەر خۆم نەهێنا، گوتم:

– ئەگەر ئیجازە بدەی دەچمەوە مزڵی خۆم، کارم هەیە.

– ئەو شەو میوانی من دەبی، ئەوەی گوت و فایتوونێکی بانگ کرد و رۆیشتین.

هەمزە خەلیل مزلێکی لەتەورێز بوو کوڕەکانیان لەوێ دەیانخوێند، گەیشتینە مـاڵ و میوانی دیکەشی هەبوون، دانیشتین و گوتی:

– دەی، کاك کەریم باسی وڵاتی روسانمان بۆ بکە.

– مەبەست یەکێتی کۆمارەکانی سووێتی سۆسیالیستییە؟

– تۆ وای گەورە مەکە مە، رووسن– رووس، خۆ ئێستاش دەست هەڵناگری.

– بۆ ئێستا چ بووە؟ باسی چی وڵاتی سوویت بکەم؟ وڵاتێکی تێـر و پـڕ، بێکـار و فەقیر و سوالکەر نییە، کار بۆ هەموو کەس هەیە، ئازادی هەیە، باسی چی بکەم؟

– یانی نانتان وەگیر دەکەوت بخۆن؟

– چۆن شتی وا دەڵێی، گوندییەکی سووێتی سـەد کـەرەت لەئاغایـەکی ئێـرە تێـر تـرە.

– دڵم نایە بڵێم درۆ دەکەی، بەمەرقەدی شێخی بورهانی ئەو سەگبابانە هـەر بـۆق و قرژاڵان دەخۆن.

بەیانی نان و چامان خوارد و کاك هەمزە گوتی:

– دۆسـت رۆژی لێ قـەوماوان دیـاری دەکـا، بڵێـی و نـەڵێی، بەمەرقـەدی شـێخی بورهـانی لێـت قـەوماوە، ئێسـتا دەسـتم دەڕوا، مـاڵێکم لێرەیـە، کوڕەکـان لێـرە دەخوێنن، تاڵاویش ماڵی خۆتە، ئێرە یا تاڵاو کوێت پـێ خۆشـە وەرە و بـێ تـرس لێی دانیشە، کەس ناتوانێ قسەت پێ بڵێ.

زۆر سوپاسی کاك هەمزەم کرد و رۆیشتم، جارێکی تر قاسملۆم دیتەوە و ماشێنێکم گرت بۆ ساروقامیش، ئێوارە درەنگ چوومە ساروقامیش مالّە ئاغای سالار.

ئاغای سالار لەرادەبەدەر رێزی لێ گرتم، سالاری میرزا فەتاح ئامۆزای پێشەوا قازی محەممەد پیاوێکی زانا، تێگەیشتوو، ئازا، قسەخۆش و شەخسیەتێکی هەڵکەوتووی کورد و نیشتمانپەروەرێکی ناسراو بوو، ناردم عەولاّ بارزانیان دیتەوە و هێنایان.

عەولاّ بارزانی کابرایەکی کوردی عێراق بوو، لەگەڵ بارزانیان هاتبوە ئێران و پاش رۆیشتنی بارزانیەکان خۆی شاردبووەوە چووبوە تاران، لەوێ لەگەڵ برادەرانی حیزب ببوە ئاشنا و پەگەل حیزبی ئێمە کەوتبوو، پاش کودەتا ناردبوویانەوە ناوچەی مەهاباد لەگوندەکان دەگەڕا.

عەولاّ بارزانی هات و وەزعی گوندەکان و ئەندامانی حیزبم لێ پرسی و لای خۆم رام گرت، چەند رۆژ لەساروقامیش بووم، قسەی خۆش و بەکەلکەکانی ئاغای سالار دووری و خەفەتی وەزعی دایك و بابمی لەبیر بردبوومەوە، کوڕێکی کاکە رەحیمی سالار بەناوی (عەبەسوور) وەگرم ببوو بۆ نوستن نەبا لێم جیا نەدەبۆوە.

کاتێك لەساروقامیش بووم رۆژێك قازی حاجیباد برای ئاغای سالار و بابی کاك ئەمیری قازی، بانگێشتی کردین، ئێوارەیەکی سارد سوار بووین چووینە حاجیاباد. پایزێکی سارد، تۆزێ بەفر باری بوو بەڵام تەواو عەرزی نەگرتبوو، نوێژی شیوان ئاغای سالار نوێژی دەکرد کوێخای گوندی هاتە ژوور، قازی گوتی:

– خەڵکەکەت دەنگ داوە، کەس نەمێنێتەوە.

– بەڵێ قوربان بەهەموو کەسم راگەیاندووە، قەرە و جوتبەندەم دەنگ داون.

ئاغای سالار سڵاوی نوێژی داوە و گوتی:

– هەرەوەزی چی بەو سەرمایە؟

– هێندێ چەوەندەری سەیزادە ماونەوە هەڵنەکەنراون، گوتمان بەهەرەوەز تا بەفر نەباریوە بۆی هەڵکەننەوە.

زۆر سوپاسی کاك هەمزەم کرد و رۆیشتم، جارێکی تر قاسملۆم دیتەوە و ماشێنێکم گرت بۆ ساروقامیش، ئێوارە درەنگ چوومە ساروقامیش مالّە ئاغای سالار.

ئاغای سالار لەرادەبەدەر رێزی لێ گرتم، سالاری میرزا فەتاح ئامۆزای پێشەوا قازی محەممەد پیاوێکی زانا، تێگەیشتوو، ئازا، قسەخۆش و شەخسیەتێکی هەڵکەوتووی کورد و نیشتمانپەروەرێکی ناسراو بوو، ناردم عەولاّ بارزانیان دیتەوە و هێنایان.

عەولاّ بارزانی کابرایەکی کوردی عێراق بوو، لەگەڵ بارزانیان هاتبوە ئێران و پاش رۆیشتنی بارزانیەکان خۆی شاردبووەوە چووبوە تاران، لەوێ لەگەڵ برادەرانی حیزب ببوە ئاشنا و پەگەل حیزبی ئێمە کەوتبوو، پاش کودەتا ناردبوویانەوە ناوچەی مەهاباد لەگوندەکان دەگەڕا.

عەولاّ بارزانی هات و وەزعی گوندەکان و ئەندامانی حیزبم لێ پرسی و لای خۆم رام گرت، چەند رۆژ لەساروقامیش بووم، قسەی خۆش و بەکەلکەکانی ئاغای سالار دووری و خەفەتی وەزعی دایك و بابمی لەبیر بردبوومەوە، کوڕێکی کاکە رەحیمی سالار بەناوی (عەبەسوور) وەگرم ببوو بۆ نوستن نەبا لێم جیا نەدەبۆوە.

کاتێك لەساروقامیش بووم رۆژێك قازی حاجیباد برای ئاغای سالار و بابی کاك ئەمیری قازی، بانگێشتی کردین، ئێوارەیەکی سارد سوار بووین چووینە حاجیاباد. پایزێکی سارد، تۆزێ بەفر باری بوو بەڵام تەواو عەرزی نەگرتبوو، نوێژی شیوان ئاغای سالار نوێژی دەکرد کوێخای گوندی هاتە ژوور، قازی گوتی:

– خەڵکەکەت دەنگ داوە، کەس نەمێنێتەوە.

– بەڵێ قوربان بەهەموو کەسم راگەیاندووە، قەرە و جوتبەندەم دەنگ داون.

ئاغای سالار سڵاوی نوێژی داوە و گوتی:

– هەرەوەزی چی بەو سەرمایە؟

– هێندێ چەوەندەری سەیزادە ماونەوە هەڵنەکەنراون، گوتمان بەهەرەوەز تا بەفر نەباریوە بۆی هەڵکەننەوە.

ئاغای سالار گوتی: هەرەوەزی چی؟ بۆ نالێی بێگار، ئاخر تۆ لەسەر بەرمالێ پێغەمبەر دانیشتووی، بەرمالێ پێغەمبەر لەگورچوت دا، بەو سەرما و سەیاقە ژن و منداڵی خەڵك دەبەن و بێگاریان پێ دەکەن، نیو میلیۆنت دراوی چەوەندەر دەبێ.

– ٥٠٠ تمەنی لێ بدە و بەکرێ بۆی هەڵگەنەوە، (سەیزادە خێزانی قازی حلجیاوبا بوو)، پاشان رووی کردە من و گوتی: کاك کەریم پیاو ناوێری دەنا کاری خوا بۆ دەست تێوەردان دەبن.

پاش چەند رۆژ عەولا بارزانیم نارەوە شار لەوێ بێ تا من دەچمەوە، (عەولا بارزانی پاشان هێندێ زێڕ و دراوی مالّە پێشەوا قازی محەممەدی دزی و خۆی شاردەوە، سالّەکەی دوای ٧٠ بیستمان لەهەولێرە و لەنەقابات سەیاران کاردەکا و ناوی خۆی گۆڕیوە).

لەسەروقامیشەوە لەگەڵ دوو برادەر چوومە گوندی (کەلبە رەزاخان)، لەوێ و لەقەبا کەندی برادەرانی حیزبیم دیت و دەستکاریەکی شانە و ئەفرادم کرد و دوو سێ رۆژ لەسەر سەفەری ئەوروپا و ژیان لەیەکێتی سوویەتی قسەم بۆ کردن، رەمز و پاڕۆڵی پێوەندیم بۆ دنان و چوومە شامات لە (دێی مەسوور) میوانی مالّە (حاجی حەمە سوور) بووم، مالێکی مەڕدار، دەوڵەمەند، مالێکی سەر ئاوالّە، برادەرێکی بەئەمەکی حیزب، زۆری پێ نەچوو تەماشام کرد مارفی کوڕی سمایلی شێخ ئاغایی هات، لەگەڵ ناوی ئەندامانی حیزب عەولا بارزانی ناوی ئەویشی دابوو، برادەرانی حیزبم کۆکردەوە تەماشام کرد مارفئاغا هەموو کارەیە، هیچ نەدەکرا، حاجی حەمەسوور گوتی: ئەو کابرایەیان رەگەڵ حیزب خستووە، کوڕە ئەوە زۆر خراپە، لەگەڵ ژاندارمەی میندواو سرت و خورتی هەیە، ئەم حاجیە نەخوێندەوارە لەرێگای هەستی چینایەتییەوە مارفئاغای ناسیبوو، سۆراخی سولّتانئاغام گرت.

گوتیان: پاش کۆدێتا لەترسی هەمزە خەلیل و ژاندارمی میاندواو هەلّاتووە و چۆتە مالّی حاجی بایزئاغا.

لەدێی مەسوور بووم رۆژێك محەمەدی برای كاك سوڵتان هات، گوتی:
– زۆر شپرزەین، هەمزە خەلیل و سێنە زەرد ناهێڵن كەس هاتووچۆمان بكا، ئاردمان نەماوە ناهێڵن وشترمان بدەنێ گەنم بنێرینە ئاشی.
بەحاجی.حەمە سورم گوت سێ وشتران بنێرە گەنمی ماڵە سوڵتانئاغا بەرنە ئاشی خەتایی، گوتی كورە: ئەو سەگبابەی خۆشمان موخالیفە، مەبەستی مارفئاغا بوو، حاجی وەك پیاوان وشتری ناردن بار ئاشیان بۆ ماڵە كاك سوڵتان لێ كرد و هێنایانەوە.
پاش دوو سێ رۆژ لەوێ رۆیشتم چوومە گەزەلین ماڵە (سۆفی هەمزەی قادری سووری) ئەندامێكی باوەڕپێكراو قادری كوڕی لەسندوس یەكێك لەكوڕە چالاكەكان بوو، دەمویست خۆ لەسمایلی شێخ ئاغا و مارفی كوڕی بشارمەوە، نێزیكەی بیست شەو لەگەزەلین بووم، جێگایان لەتەویلە بۆ چاك كردبووم، بەرۆژ لەتەویلە دادەنیشتم و بەشەو لەگەڵ دوو برادەر دەچوومە گوندەكانی شامات و ئەندامانی حیزبیم كۆدەكردەوە و لەبارەی خەباتی پارتیزانی دوارۆژی نێزیك قسەم بۆ دەكردن، لاوەكان ناوی خۆیان دەنووسی و ئامادە دەبوون.
لەوكاتەدا لەپڕ بەیاننامەیەكی حیزبی تودەیان بۆ ناردم، نووسرا بوو ئەژمارە شانەكانی شار و گوند و ئەندامان و رێزی ئەو كتێبانەی كەلەشانەكان دەیانخوێننەوە داهاتی مانگانە و ناوی كتێبەكانیش بنێرن.
كەر لەكوێ كەوتوە و كوندی لەكوێ دڕاوە، ئێمە ئەوە برادەران بۆ خەباتی چەكدار ئامادە دەكەین و حیزبی تودە داوای شانەی وەرزێران دەكات، نامەیەكی دوور و درێژم نووسی و لەناردنی ئەم جۆرە بەیاننامانە بۆ كوردستان رەخنەم گرت و نووسیم مەسەلەی شانەی وەرزێران و خوێندنەوەی كتێب لەشانەكان دا بۆ كوردستان وەك راوی سەر كاغەز وایە و خەڵك دڵسارد دەكا.
خەبەرم دا بەمەهاباد كەبرادەرێك بنێرن دایم لەگەڵم بێ، حەمەدەمینی بۆ حەمەدی مەولودیان نارد بوو، حەمەدەمینم ناردە نەغەدە، نامەم بۆ برادەرانی نەغەدە نووسی و سەبارەت بەشێوە خەباتی نهێنی هێندێ رێنوێنیم كردن، نامەم

بۆ دایك و بابم نووسی، هاومزڵەکەی تارانم لیباسی بۆ کچەکەم کڕیبوو لەگەڵ هێندێ پوڵ بۆم ناردنەوە، بۆخۆشم چوومە محالی شازادە، دوو سێ ڕۆژ لەگوندەکانی محالی شازادە برادەرانم کۆکردەوە، ڕەمز و پارۆڵی تازەی پێوەندیم لەگەڵ دانان و گەڕامەوە بۆ گەزەلین، پاش چەند ڕۆژ نامەیەکم بۆ هات کەبچمەوە مەهاباد و بەڕپرسی کۆمیتەی شار وەئەستۆ بگرم، ئێوارەیەك لەگەڵ دوو برادەر چوومە سەر ڕێگای ماشێن و سوار بووم بۆ مەهاباد، لەنێزیك شار دابەزیم، بەتەنیشت باغی سەدا و بەقەراخ چەم دا تا بەردەرگای ماڵە پێشەوا، لەوێ برادەرانم گیراوە و خۆم چوومە ماڵە قازی، بەخێرهێنان و ڕێز لێ گرتنی خانم و کچەکان باسی ناکرێ و لەنووسین نایە، کەمن چووم عەولا بارزانیش لەوێ بوو، برادەرانی لەشاردا مابوون و دەبوایە هاوکاریم بکەن کۆم کردنەوە، وەزعی شانەکان و بەڕپرسی برادەران و ڕێگای پێوەندی و هاتووچۆمان دامەزراند، بڕیاردرا حەوتووی دوو جار بەنۆرە لەشانەکان دەرس بڵێمەوە مێژووی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سوویتی و ئوسوڵی تەشکیلاتی حیزبیم دەرس دەگوتەوە، لەهێندێ حەوزە نەیان دەناسیم، گوتبوویان ڕووسە هاتوە لێرە کار دەکا.

چونکە عەولا بارزانی لەماڵە پێشەوا بوو وابەمەسڵەحەت زانرا کەمن بگوێزمەوە بچمە ماڵە خانمە خانمی کچی شەهید سەدری قازی، لەماڵە خانمە خانم ناوم سمایل بوو، لێرەدا قەڵەمەکەم لەتوانای دا نییە باسی ئینسانیەت و شەرافەت و پیاوەتی و ئازایەتی ئەو شێرە ژنە بنووسێ، لەو هەل و مەرجەدا کەتارمایی پۆلیس و ڕوکنی ٢ عاسمانی مەهابادی تاریك کردبوو، خەڵك لەسێبەری خۆی دەڕەویەوە، پۆلیس و لەشکر چەندجار لەدوایان ناردبوو هەڕەشەیان لێ کردبوو کەلەسیاسەت لەئەفرادی (ئاژاوەچی) بەدوور بێ، ئەو ژنە ڕوناکبیرە، لەهیچ یارمەتیەك دریخی نەدەکرد، هاوکارەکان زۆرجار دەهاتنە لام و کۆبونەوەمان لەوێ دەبوو، جارێك نێوچاوانی تێك نەنا و نەژاکا.

کەمیوانی دەهاتن من هەڵدەستام دارم دەشکاندن، دەیگوت ڕەعیەتی خۆمانە وەلەگوێگجەلییەوە هاتوە، دوو کەسی کەزۆر بەدەستەوە بوون و هەمیشە

لەهاتووچۆدا بوون و نامەم بەوان دا بۆ برادەران و شانەکان دەنارد کاك جەلیلی گادانی و خوشکی سەعادەتی کچی پورە توبا بوون، ئەم دوانە بەراستی زەحمەتیان دەکێشا و بەبەفر و سەرما لەهاتووچۆدا بوون، قاسمی سولتانیان عەولای حەکیم زادە یونس بلوریان وەك ئەندامی کۆمیتەی شار، هاوکاریان دەکرد. کورێکی کرماشانیش حیزبی تودە بۆ یارمەتی رێکخراوی لاوانی ناردبوو لەکۆبوونەوەکان دا بەشدار دەبوو.

پاش کۆدێتا کەبرادەران پەرەوازە دەبن و هەریەکە روو دە لایەك دەکەن غەنی بلوریان لەگەڵ ئەسعەدی خودا یاری دەڕۆن بۆ کوردستانی گەرمێن، لەزستان دا ئەسعەد لەگوندی (قەرەچەلان) نامەیەکی بۆ نووسیبووم و داوای کرد بوو کەدەبێ بۆ خۆم بچم ببینم، زستانێکی سارد و بەفر زۆر، چار نەبوو کالّە و گۆریەم هەڵگێشان و برادەرێکم سازکرد و چوومە قەرەچەلان، ئەسعەد نامەی کاك غەنی هێنابوو سێزدە هەزار تمەنیشی پولّ ناردبوو، پارەکەم لێ وەرگرت و نامەم بۆ کاك غەنی نووسیەوە و ئەسعەد گەڕاوە.

دووی رێبەندان نێزیك دەبۆوە، بۆ شکاندنی سامی کۆدێتاچیەکان و زیندووبوونەوەی وردی خەڵك دەبوایە بەبۆنەی دووی رێبەندانەوە چالاکیەك نیشان بدەین، هاوڕێیانی کۆمیتەم بانگ کردن کەلەسەر چۆنیەتی چالاکی دووی رێبەندان قسە بکەین، پاش باسێکی زۆر هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەئالای کوردستان ساز بکەین و شەوی دووی رێبەندان لەسەر داشانمەجید و قولقولاخ و کێوەکانی دەوروبەری مەهاباد بیچەقێنین، لەدیوارەکانی نێو شاریش شوعار بنووسین.

برادەرانی کرماشانی کەحیزبی تودە بۆ کاری رێکخراوی لاوان ناردبوو، وەدەنگ هات و گوتی: دووی رێبەندان فیکرەیەکی ناسیۆنالیستییە، ئێمە گشتمان ئێرانین و نابێ بیری جیاوازی خوازی بڵاوبکەینەوە، لەم بارەوە لەلایەن حیزبی تودەوە شتێك بۆ من نەنووسراوە، زۆرمان قسە لەگەڵ کرد فایدەی نەبوو، گوتم:

– تۆ وەك یارمەتی دەر بەرێکخراوی لاوان هاتوویە ئێرە، لێرە کۆمیتەی حیزبی دیموکرات بڕیار دەدا.

– حیزبی دیموکرات چەس؟ من هەوەڵ جارە ئەم قسەیە ئەبیستم، من تەنیا حیزبی تودەَ ئەناسم.

– باشە تۆ هەر حیزبی تودە بناسە، بەڵام لێرە حیزبی دیموکرات یادی دووی ڕێبەندان زیندوو دەکاتەوە.

هەستا و کۆبوونەوەی بەجێ هێشت، شەوی دووی ڕێبەندان بڕیارەکانی کۆمیتە هاتبوونەدی، ئاڵای کوردستان لەسەر بەرزاییەکانی دەوروبەری مەهاباد هەڵکرا بوو، دروشمی (بژی دووی ڕێبەندان) لەدیواران نوسرابوو، پۆلیس و لەشکر هار بوو، دەستیان کرد بەگرتنی خەڵک، زۆر کەسیان لەلاوان گرت و ئازار و ئەشکەنجەیان دان، لەنێو گیراوەکان دا مەحمودی خوسرەوی شپرزە کرابوو، هەموو لەشیان داخ کردبوو، لەبەر ئەوە کەنەکوو بمرێ لەزیندان رایان نەگرتبو ناردبوویانەوە ماڵ، ویستمان بینێرینە تەورێز لەدەروازە دژبان پێشی گرت و نەیانهێشت لەشار بچێتە دەر.

عەولای حەکیم زادە هاتووچۆی دەکرد و دەرمان و ئامپولی پێویستی بۆ دەبرد هەرچەند هێندێ لەلاوەکان و خەڵک گیران بەڵام لەنێو شار تەئسیرێکی باشی هەبوو، برادەرانی چووبوونە نێو مەنگوڕان دەیان نارد لیباس و سیغار و گۆرەوی و شتی دیکەیان بۆ بنێرین، عەولای حەکیم زادە و جەلیلی گادانی ئەو کارانەیان بەباشی ڕادەپەڕاند، شەوێك هاتمە دەر و چووم سەری حاجی مەلا خالیدم دا، دوای کۆدێتای ٢٨ی گەلاوێژ حاجی مەلا خالیدیشیان چەند ڕۆژ گرتبوو، پاشان بەدەست بەستراوی بەنێو بازاڕ و شەقام گێڕابوویان، کەچووم یەکجار زۆر شاد بوو، گەشاوە، تۆزێك گریا، پاشان فەرمووی من هەر دوعاتان بۆ دەکەم کەبەئاوات بگەن، کورد لەچنگ ئەم زاڵم و زۆردارانە رزگار بێ، پێم گوت نامەیەك بۆ بابم بنووسی و یا خەبەری بۆ بنێری بێتە مەهاباد چاوم پێ بکەوی، باوکم هات و دوای شەش مانگ چاوم پێ کەوت، دڵخۆشیم داوە، زۆر گلەیی لەبرادەرانی حیزبی هەبوو کەجارێك سەریان نەداوە، بابم چووە نەغەدە و پاشان دایکیشم هات و چەند ڕۆژ لەلام بوو.

زستانی ١٣٣٢ (١٩٥٤) بەفرێکی زۆر باری و سەرمایەکی سەخت بوو، برادەری کرماشانی هەڵی پێچاین و گوتی: لەمەهاباد گیر نابم و ئەشێ بمنێرنەوە تاران، نەیدەتوانی لەگاراژیش سواری ماشێن بێ، قاچێکیشی شەل بوو بەزەحمەت دەڕۆیشت، سولێمانی موعینیش تووشی نەخۆشیەکی بوو لەمەهاباد چاری نەدەکرا و دەبوایە بینێرینە تەورێز، ئەویش نەدەکرا بێتەدەر و بەئاشکرا سواری ماشێن بێ، هەردووکیان هەڵیان پێچابووین کەبەڕێیان بکەین.

ناچار رۆژێک دوای نیوەڕۆ جلێکی دێهاتیانەم کردەبەر و تەوەرداسێکی دار شکاندنم لەسەر شان دانا و لەماڵە خانمە خانم هاتمەدەر و ئەوانیشم ناردبۆوە دەر لەشار وەدوای خۆم دان بۆ گوندی (قەرەبلاخ).

کادری کرماشانی نەیدەتوانی بڕوا، تا وەسەر هەورازی (بەسری) کەوتین تاریک داهات، بوو بەکڕێوە و سەرمایەک پێش خۆمان نەدەدیت، هەرچۆنێک بوو درەنگ خۆمان گەیاندە قاوەخانەی بەسری، لەدەرگامان دا قاوەچی دەرگای نەدەکردەوە دەیگوت دزن و تاڵانم دەکەن، پاش هەرایەکی زۆر گوتم:

– من فلانکەسێکم، دەرگا بکەوە سەرما رەقمان دەکا.

– سوێند بخۆ تۆ کەریمی حسامی دەرگا دەکەمەوە.

– سوێندی ناوێ هەوم، دەرگا بکەوە دەمناسی.

پاش چەقەیەکی زۆر دەرگای کردەوە، سەرما لەپێی خستبووین، زۆری بەخێرهاتن کردین و مریشکی کوشتەوە و تەندوری هەڵکردەوە و گەرم بووینەوە و نانێکی باشمان خوارد، سبەی کەهەستاین بەفر باری بوو رێگای پرکردبۆوە، چەندی گوتی نابێ بڕۆن کەوتینە ڕێ، رێمان لێ گۆڕا، بەڵام من بەنیشانەی کێوەکان دەمزانی گوند لەکام ئاقارە، لەپڕ دیتمان چوینە سەر کێوی پشت قەرەبلاخ و گوند لەژێرمانەوەیە.

بەربووینەوە بۆ نێو گوند و لەماڵی (وسێنی حەمە شێخەم) پرسی، کەچووینە حەسار و لێمان وەدەرکەوتن ئیدی بەخێرهێنان و خزمەت باس ناکرێ، دایکی کاک وسێن کەلەتەورێزم هێنا بۆوە بەدەورەم دا دەهات و دوعای بۆ دەکردم.

گورج گیسکیان کوشتەوە، جیران و کەیخودا لێمان هاڵان و دایکی بۆی باس دەکردن کەچۆن نەدیو و نەناسیو دەفریای کەوتووم، شەوێکی خۆشمان رابوارد، بەیانی گوتم: دوو ولاخی سواری زین کەن، ئەم دوو کوڕانەم بۆ بگەیینە گوندی ساروقامیش ماڵە کاك رەحیمی جەوانمەرد کوڕی ئاغای سالار.

وەك پیاوان بەبراکانی گوت دا ولاخان زین کەن، هەر لەماڵی خۆیان دووماین زین کران و سولێمان و کرماشانیم سوار کرد و دوو برای کاك وسێن وەپێشیان کەوتن، نامەیەکم نووسی بۆ کاك رەحیم کەئەم دوانە بەڕێ بکا بۆ تەورێز.

دوای نیوەڕۆ کاك وسێن لەگەڵم هات بۆ شار و تا دەرکی خانمە خانم هات و گەڕاوە.

حەسەنی سەیفی قازی

ئەم سالە حەسەنی کوڕی خانمە خانم سینفی یەکی سەرەتایی بوو، منداڵێکی وریا، زیر، لەژێر تەربیەتی دایك دا گەورە دەبوو دەیخوێند.

حەسەن جۆرێك وەگری من ببوو زۆرجار نیوەشەو یا لای بەیانی لەکن دایکی رادەپەڕی و دەهاتە لای من و دەیگوت قسانم بۆ بکە، شتی سەیری دەپرسی و پرسیاری ئەوتۆی دەکرد کەبۆ تەمەنی ئەو نەدەبوو، من لەگەڵ ئەمیری کوڕی کاکە رەحیم لەژوورێك دەنوستین، دایکی زۆرجار دەیگوت: حەسەن کاك سمایل ناڕەحەت نەکەی، لەپێش دا هەر وای دەزانی کەسمایلم و خەڵکی گوێچەلیم، رۆژێك سجلەکەم لەبەردەستان بوو تەماشای کردبوو، بیستبووی کەمن چوومە فیستیوال.

من کەباسی فیستیوالم دەگێڕاوە وام باس دەکرد گوێا یەکی دیکە بۆی گێڕاومەوە، رۆژێك لەسەر نانخواردن هەر چاوی لێ دەکردم و پێدەکەنی، دایکی گوتی:

– حەسەن ئەوە چییە؟ بۆ نان ناخۆی؟

– ناخۆم.. بۆ کاك سمایلی بەقەستی بڕوا بەمن ناکا؟

– ئەو قسانە چین نانەکەت بخۆ.

– ئامە ئەوە کاک کەریمی حسامییە، چۆتە فیستیوال، خۆمن لەکن کەس باس ناکەم، تازە نەدەکرا بیشارینەوە، گوتم: حەسەنئاغا باسی هەموو شتێکت بۆ دەکەم، نابێ باس بکەی، ئیتر حەسەنئاغا زمانی پێ کێشا بووم، هەزار جۆر پرسیاری دەکرد، ئەوەندە ژیر و بەئەدەب بوو دڵم نەدەهات دڵی بشکێنم.

رۆژێك لەمەدرەسە هاتەوە و گوتی:

– کاک سمایل ئەمڕۆ یەکێکم بینی حەتمەن تودەیی بوو.

– بەچی دەزانی؟

– هەر دەڕۆیی و ئاوڕی دەداوە !

هەموو رۆژێ کەلەمەدرەسە دەهاتەوە سڵاوی دەکرد و دەهات لەکن من دادەنیشت، رۆژێك هاتەوە سڵاوی نەکرد، کیفەکەی فڕێ دا و پاڵتۆیەکەی بۆ لایەك فڕێ دا و چوو لەقوژبنێك دانیشت.

دایکی وەدەنگ هات: ئەوە چییە حەسەن؟ بۆ واشێت بووی؟ چیت لێ قەوماوە؟ بۆ سڵاو ناکەی؟

– ئاخر ئامە لەحەیفی ئەو بێ شەرەفە هەموو شتم لەبیرچۆتەوە.

– لەگەڵ کێتە؟ بەکێ دەڵێی بێ شەرەف؟

– بەکوڕی رەش ئاغا دەڵێم.

– ئەی.. تۆ غەڵەت دەکەی قسە بەکوری رەش دەڵێی.

– ئامە خۆ لەخۆڕا نییە، غاری دا گۆڤاری (تەرەقی) چاپی تارانی لەکیفەکەی دەرهێنا و دای بەمن گوتی: هانێ کاک سمایلی بەقەستی، چاوی لێ بکە، دەستی کەسێك ماچ دەکا کەبابی کوشتووە.

پاش کۆدێتا عەلی قازی چووبۆوە کن شا و داهاتبووە دەستی حەمە رەزا شای ماچ کردبوو، لەم کاتەدا وێنەیان لێ هەڵگرتبوو وێنەکەیان لەپشتی گۆڤاری تەرەقی چاپ کردبوو، لەگەڕانەوەی مەدرەسەدا رۆژنامە فرۆشەکان دانەیەکیان دابوو بەحەسەنی کوڕی خانمە خانم.

عەولای رەشیدی گوڵێ

ساڵی ١٣٢٩ (١٩٥٠) کەماڵم لەگوندی (مەمەلیان) بوو لەگوندی گوڵێ چومەلان، کوڕێکیان پێ ناساندم بەناوی (عەولا کوڕی کاك سمایلی گول) لەتایفەی قازیان، ئەم کوڕە خۆی کردبووە ئەندامی حیزب، کوڕێکی خوێن گەرم، بەقسە خەبات کەر و هەر ئاوری دێنان، نێوانمان لەرادەبەدەر خۆش و هاتووچۆمان زۆر بوو.

دوای کۆدێتای ٢٨ی گەلاوێژ زۆر لەو گەنجە قیت و قۆزانە کەلەکاتی فەرحانی دا ئاگر خۆر بوون، ئاوی ساردیان پێ داکرابوو بایان دا بۆوە و لەخشە دەسەڵمینەوە، یەك لەوانە عەولای رەشیدی گوڵێ بوو، کاتێك لەماڵە خانمە خانم بووم رۆژێك لەحەسار دەهاتم و دەچووم و دەرگا دانەخرابوو، عەولای رەشی بێ ئەوە لەدەرگا بدا دەرگای کردەوە کەبێتە ژوور، کەچاوی بەمن کەوت ناسیمی، هەروەك بەسەر ماردا بکەوێ رەویەوە و پاشەوپاش گەڕاوە، راست چوو بوە ماڵە پێشەوای شەهید، دەستی کردبوو بەقوڕ پێوان: جا ئەوە کارە، بۆ وادەکەن، تایفەی قازی تێدا دەچن، پۆلیس بزانێ ئاورمان لەماڵ بەردەدا و...

عیسمەت خانی کچی پێشەوا وەدەنگ هاتبوو گوتبووی:

– میرزا عەولا ئەوە لەگەڵ کێتە و دەڵێ چی؟

– چۆن؟ دەچوومە ماڵە خانمە خانم کەریمی حسامی لەحەساری ئەوان بوو، چۆن وادەبێ، لەشکر پێ بزانێ ئێمە چدەکەین؟

عیسمەت خانم گوتبووی کوڕە شەرم بکە، تۆ تا دوێنێ ئاگرت دێنان، خۆ پۆلیس بشزانێ هیچ لەتۆ ناکا، تۆ لەگوند بۆچی وا زراوت چووە؟ عەیبە، خۆ تۆ لەهەموو کەس زیاتر دۆستی حسامی بووی.

عەولا سەری بەردا بۆوە و ئیتر تا ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩) عەولام نەدیتەوە، ئەودەمیش لای خۆی پێمەوە هاتبوو دەستی پێ کردبوو کەحیزب زەوی دەدا بەخەڵك و کرمانج لێمان هەڵگەڕاونەوە، برێکم بەسەر و گوێیان دادا و رۆیشت.

سەفەری سەقز

لەمانگی رەشەمەی ئەوسالّەدا خەبەریان دامێ کەبچمە تەورێز، کەچووم هێندێ لەبرادەران لەتەورێز کۆببونەوە، غەنی بلوریان هاتبۆ وە تەورێز و عەزیزی یوسفی و قادری یوسفی و سولێمانی موعینی و یەك دوو کەسی تر بوون، دوو مەسەلەمان لەکۆبوونەوەدا باس کرد، یەکیان دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان و دووهەمیان رێك و پێك کردن و زیندووکردنەوەی رێکخراوەکانی حیزب، بڕیاردرا من سەفەرێك بۆ لای بانە و سەقز بکەم و رێکخراوەکانی ئەم ناوچانە دامەزرێنمەوە.

لەتەورێز گەڕامەوە نەچوومەوە مەهاباد راست چوومە بۆکان، برادەرێکی حیزبیمان قاوەخانەی هەبوو میوانی ئەو بووم، چەند رۆژ مەحتەل بووم لەبۆکانەوە، چێب نەبا ماشێن بۆ سەقز دەرنەدەچوون، بەفر مابوو، دەبوایە لەگەڵ کاروان بڕۆم، کاروانیش نەبوو، رۆژێك لەچایخانە دانیشتبووم جێبێك هات، لەبەر دەرکی چایخانە رایگرت و کابرایەکی تەپڵە بەسەری لێ هاتەدەر، تفەنگێکی بڕنۆی سەر تۆپی بەدەستەوە بوو، تەنەکێکی زەردی لەقۆنداخی درابوو، لەتەنەکەکە نووسرابوو (هدیه اعلیحضرت هما یونی).

کابرا ئاغایەکی تیلە کۆیی بوو، چوو بوە خزمەت حەمە رەزا شا و دیاری وەرگرتبوو هاوڕێی چاپچی گوتی: ئەو سەگبابە دەچێتەوە سەقز، ئەگەر لەگەڵ خۆت ببا زۆر باش دەبێ، با پێی بڵێین، بەشکەم پیاوەتی هەبێ.

چوومە پێش و سڵاوم کرد و گوتم رەنگە تەشریفت بۆ سەقز بچی.

– بەڵێ دەچمەوە سەقز، جا نازانم رێگا چۆنە؟

– منیش ئەوە دوو رۆژە لێرە ماومەوە، بەتەمام بچمە سەقز، بەڵام وەسیلە نییە، هاتم خوا هیشت بکەم ئەگەر زەحمەت نەبێ لەگەڵ خۆتانم بەرن، زۆر مەمنون ئەبم.

– قەی ناکا، چایەك ئەخۆینەوە و دەڕۆین.

سوار بووین لەرێگا پرسی: بۆ ئەچیە سەقز؟

– کابرایەکی بانەیی چای پێ فرۆشتووم، پتر لەمانگێکە پارەی لێ وەرگرتووم و تائێستا دیار نییە، وەدوای دەکەوم و بزانم چێ لێ هاتووە.

ئێوارە درەنگ گەیشتینە سەقز، لەدەروازەکە ئەودەم بەتوندی دەیانپرسی، لەبەر کابرا پرسیاریان نەکرد، گوتم: من شارەزا نیم، قەت نەهاتوومە ئەم شارە، تکایە لەموسافیرخانە یا کاروانسەرایەك دامبەزێنن سوپاستان دەکەم.

کابرا گوتی: من مالّم لێرەیە، برازام لێرە دەخوێنن، ئەمشەو میوانی ئەوان دەبێ سۆزی خۆت بڕۆ جێگا بدۆزەوە و وەدوای کاری خۆت کەوە.

چوینە مالّی کابرا، دوو کوڕی هەرزەکار لەپۆلی ناوەنجی دەیانخوێند، مزلّێکی گەرم و خاوێن، پێش خزمەت و ژیانێکی دەرەبەگی، نان و چێشتێکی باشیان ساز کردبوو نانمان خوارد و برازای ئاغا دەستیان پێ کرد، مامیان هەلّپێچا:

– زۆر شەرمە ئەو کەچە تفەنگەت وەرگرتوە، جنێویان بەشا دەدا.

ئەویش دەیگوت، ئێوە منالّن، نازانن، شا لەمصدق زۆر باشترە، دنیا دەبۆوە کۆمۆنیستی، باسەکەیان توند بوو، منیش خۆم مەلاّس دابوو دەنگم نەدەکرد.

ئاغا رووی کردە من و گوتی: ئەرێ کاقادر تۆ بۆ هیچ نائێژی؟ ئەم کوڕانە منالّن سەریان لەکار دەرناچێ.

– منیش سەرم لەسیاسەت دەرناچێ، ئەگەر باسی چا فرۆشتن بایە قسەم دەکرد.

– وانییە، ئەم زەمانە هەموو کەس سەری لەسیاسەت ئەخورێ، ئەمانە لەجیاتی دەرس بخوێنن وەدوای ئەم قسانە کەوتوون، باوکم بەخوا مصدق مابایە کەس خاوەنی هیچ نەدەبوو، دا توخوا تۆش پێیان بێژە.

– من میوانم، پاشان تۆ چاکەت لەگەلّ من کردووە، دوو رۆژ بوو لەبۆکان کەوتبوومەوە تۆ نەبایەی نەدەگەیشتمە ئێرە، جا لەبەر ئەم پیاوەتییە ناتوانم قسە بکەم، لەبەر ئەمە نەبێ بەخوا کوڕەکان هەقیانە، ئاخر تفەنگێك بۆ ئاغایەکی وەك تۆ نرخی چییە؟ تا کەی کورد بەتفەنگ فریو دەخوا، شا ئەمریکای سپی هێنایانەوە و حکومەتی مصدقیان روخاند، شا بەتفەنگ سەرۆك عەشیرەتی کورد دەکرێ، شا دوژمنی کوردە.

– دەك خوا موبارەکی کا، سەد رەحمەت لەکوڕەکانی خۆمان، باوکم بەخوا تۆ لەچا کڕین ناگەڕێی، تۆ من تەماشا کە بەدەستی خۆم گورگم خستۆتە کۆزی خۆم.

– قوربان راستە، بەدەستی خۆتان گورگ بەخێو دەکەن، ئەو گورگە شایە.

– باوکم جێگای خۆت دۆزیوەتەوە، لەگەڵ کوڕەکان باش ڕێك ئەکەوی.

بەیانی کوڕەکان گوتیان: مامەمان ئەڕوا، تۆ لای ئێمە بمێنەوە، ئێمە ئەچینە مەدرەسە و تۆش ئەگەر دەردەچی پاشان وەرەوە.

چوومە نێو بازاڕ، دوکانی قادری دەبباغیم دیتەوە، قادری دەبباغی بەر لەکۆدێتا بەرپرسی ڕێکخراوی سەقز بوو، بەخێرهاتنی کردم و پێم گوت کەبرادەرانی کۆمیتە کۆبکاتەوە تا ڕێکخراوی تازە بەگوێرەی وەزعی ئێستا دابمەزرێنینەوە، گوتی:

– ئاگاداریان دەکەم و جێگا و کاتی کۆبوونەوە دیاری دەکەین، مزڵێکی پێ نیشان دام گوتی: لەم ماڵە بمێنەوە کەس فیکرت ناکا، ماڵە ژنێکی سەقزی بوو دیاربوو وەك کاروانسەرا و مزڵ خەڵکی دەهاتێ، بەڵام پاك و خاوێن بوو، پیرێژن کچێکی هەبوو بەناوی مەستورە، لیك و لوس بوو هێندێ ئاغای بەگزادە دەهاتن لەوێ قوماریان دەکرد بەژنەکەم گوتبوو خەڵکی کەلبە ڕەزاخانم، هاتووم چا دەکڕم، سەرە بەهارێکی سارد بوو کەمتر وەدەردەکەوتم، ژنە تیو پرسیاری لێ دەکردم و قسەمان دەکرد و لەپڕ دەیگوت: بەخوا دوور لەتۆ درۆ ئەکەی، تۆ لەچا کڕین ناگەڕێی؟

حەوتوویەك لەسەقز مامەوە، هەموو ڕۆژ دەچوومە دوکانی قادری دەبباغی لەوێ نەدەبوو کوڕێکی مێرمنداڵ لەسەر دوکان دەیگوت نەهاتووە، بەخوا تا ساڵی ١٣٥٨ کەلەئەوروپا دەگەڕامەوە میرزا قادری دەبباغیم نەدیتەوە.

چوومە ماڵە ڕابیعە خانم خوارزای پێشەوا، ئەم کیژە لەبرایانی جیابێوە و لەسەقز دەژیا، کیژێکی بەڕێز تێگەیشتوو لەکەولّی دەرەبەگایەتی هاتبوەدەر و وەك روناکبیر دەژیا، زۆری پێ ناخۆش بوو کەلەمزڵی ژنە سەقزیم، گوتی پێویستە لێرە بمێنیەوە، جێگا هەیە، بەڵام ئیتر نەدەکرا بمێنمەوە، ڕێگای بانە گیرابوو هاتووچۆ

بەکەلی خان دا زەحمەت بوو، چەند لاوی پۆلی ناوەنجیم دیتنەوە، زۆر روون بوون، ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری دەربڕی، هێندێ قەرارو مەدارم بۆ دانان و گەڕامەوە بۆ مەهاباد.

میرزا رەحیمی سوڵتانیان

رەحیمی سوڵتانیان وەك باسمان کرد مەسئوڵی یەکەمی کۆمیتەی کوردستان لەمەهاباد بوو، پاش کۆدێتا ئەویش رای کردبوو لەناوچەی محال و بەشی ئەختەچی لەدێهات دەسووڕاوە و کاری حیزبی دەکرد، لەو ناوچانەی ئەو لێ بوو رێکخراوەکانی حیزبی ساخ مابوونەوە و وردەی خەڵك بەرز بوو، رۆژێك تەماشام کرد نامەیەکی کاك رەحیم هات، لەنامەکەدا نووسیبووی: خۆتان دەزانن مالّ و منداڵم هەیە، ناتوانم هەر ئاوا دەستیان لێ هەڵگرم، ئەگەر مالّ و منداڵم بەخێو دەکەن یا خانمە خانم لەگوێگچەلی خانووم دەداتێ و بەخێوم دەکا ئەوە دەمێنمەوە دەنا دێمەوە خۆم تەحویل دەدەمەوە.

رەحیم وەزعی ژیانی باش بوو، فەقیر نەبوو، مالّ و منداڵی موحتاج نەبوون، بەتایبەت مەسئوڵی یەکەم بوو، من بەنامەکە زۆر تێکچووم، بۆم نووسی کەچاوەڕوانی نوسینی شتێکی وام لەتۆ نەدەکرد، ئێستاش راوەستە تا برادەران ئاگادار دەکەم، ئەوەندەی پێ نەچوو، خەبەر هات کەرەحیمی سوڵتانیان چۆتە باجەوەند ماڵە شێخ رەحیمی شەمسی بورهانی و بەوەسیلەی خەزوری حاجی عبدولخالق تەئمین بۆتەوە و هاتۆتەوە مەهاباد.

ئەم کارەی رەحیم لەنێو برادەرانی حیزبی دا تەئسیرێکی زۆر خەراپی کرد، بوو بەجێگای باس و رەخنە لەشانەکانی حیزب دا، رۆژێك خەبەری نارد کەدەمەوێ چاوم پێ بکەوێ، گوتم با بێ بیبینم، میرزا رەحیم هاتە لام، باسێکی تۆند و برایانەمان هەبوو، هەنگاوەکەی ئەوم مەحکوم کرد، گوتی:

– لەتوانام دا نەبوو خەبات درێژە پێ بدەم، ئێستا هاتوومەوە دەچمەوە سەر کاری خۆم، خەیانەت ناکەم، خۆم هەر بەدۆستی ئێوە دەزانم، بەڵام خەباتم پێ

ناکرێ، دەمانچەیەکم لەلایە لەگوندی سەهولان دامناوە، نیشانەی دامێ کەبنێرم وەری گرمەوە.

چەند زۆڕ دوای هاتنەوەی، رۆژێك لەکۆڵانی مزگەوتی عەجەمان ئاژان پێشی پێ دەگرن، ئەوەندەی لێ دەدەن هەموو گیانی دەشکێنن، کۆمەڵانی خەڵك ئەو لێدانەیان زۆر پێ ناخۆش نەبوو.

دیسان مەسەلەی ژیانی دایك و بابم

لەنەورۆزدا ئیجارەی خانووی باوکم لەنەغەدە تەواو دەبوو، بێکار و کاسبی مابوونەوە و هیچیان نەبوو، دەبوایە فیکرێك بۆ ژیانی ئەوان بکەمەوە.

رۆژێك مینا خانم خێزانی پێشەوا لەدوای ناردم و گوتی: ئێمە کەسمان نییە بەسەر ملکەکان رابگا، کەسی لەتۆش ئەمینتر و باشتر وەگیر ناکەوێ، پێم خۆشە مالەکەت بەریە قارنجە هەم لەنەغەدە دوور دەکەویەوە و رەنگە دەوڵەتیش لەبەر ئێمە خۆت تێ نەگەیەنێ، لەوێش کوێخا و گزیر و کاردارت لەبەردەست دەبن و یارمەتی بەبرادەرانی حیزبیش دەکەی.

پێشنیاری مینا خانم بەدڵ بوو، هەم ژیانم دابین دەبوو هەم دەمتوانی خەبات درێژە پێ بدەم، دیارە مەسەلەی ژیان و بەڕێچوونی دایك و باب و ژن و منداڵم بۆ من هەمیشە مەسەلەیەکی گرنگ بووە و بەداخەوە لەسەرەتای تێکۆشانی سیاسیەوە قەت نەمتوانیوە دابینی بکەم، من لەژیانی سیاسی دا هەمیشە واقیعی بیرم کردۆتەوە، من بۆیە خەباتم کردووە لەژێر دەستی و برسیەتی نەجاتم بێ، بۆیە نەچووبوومە ریزی تێکۆشانەوە کەلەبرسان بمرم، لام وایە خەباتی هەموو کۆمۆنیستێك و تێکۆشەرێکی راستەقینە هەر بۆ ئەوەیە کەنەتەوەکەی لەژێر دەستی و لەهەژاری و برسیەتی رزگاربێ و بگاتە ریزی گەلانی پێشکەوتووی جیهان.

من بەپێچەوانەی ئەو کەسانە کەبەفیشال و ئیحساسات بەقسە دەڵێن هەموو شتێك و مالّ و منداڵ فیدای حیزب دەکەن، هەمیشە گوتوومە مالّ و منداڵی خۆم پێش

هەموو شت لەهەموو کەس خۆشتر دەوێ، ئەگەر منداڵی خۆم خۆش نەوێ درۆ دەکەم چۆن منداڵی خەڵکم خۆش دەوێ، ئەو کەسانەی لەژێر ناوی ئینترناسیۆنالیستی دا واز لەمەسەلەی نەتەوەی خۆیان دێنن درۆ دەکەن، کەسێك بۆ میللەتی خۆی خەبات نەکا و بۆ ئازادی نەتەوەی خۆی تێ نەکۆشێ، چۆن بۆ ئازادی نەتەوەیەکی بێگانە خەبات دەکا، راست نییە، ئەو کەسانەم زۆر دیون کەبەقسە هەموو شتێکیان فیدای حیزب کردووە، بەڵام بەزۆریش تەنێکیان بۆ حیزب لەدەست نەهاتۆتە دەر.

مەلا عەولای حەیاکی (حەسەن زادە) نموونەی زیندوە، دەیگوت: بەشەرەف پێنج منداڵم هەن حیزب بڵێ هەر پێنجیان سەردەبڕم، بەڵام لەسەر پێنج دینار کەحەمەدەمینی سیراجی لەمەعاشی گێڕابۆوە لەئەندامەتی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی ئیستعفای دا و تەڵاقی خوارد هەتا هەیە لەحیزبی دیموکرات دا هیچ مەسئولیەتێك قبوڵ ناکا، دیارە ئەویشی هەر راست نەبوو، تا بۆوە بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کەوشی دادەنان.

بەمینا خانمم گوت: پێم خۆشە بەدوو شەرت، یەکەم دەبێ پرسی برادەران بکەم و پاشان بڕیاری ئەوان بچم، دووهەم دەبێ دەستەڵاتی تەواوم هەبێ.

– دەستەڵاتی تەواوت دەبێ و کەس لێت ناپرسێتەوە، برادەرانیش نابێ دژی ئەوە بکەن چونکە لەوێش یارمەتیان دەکەی.

لەم کاتەدا عەولای ئیسحاقی هاتبۆوە نێو شار، مەسەلەکەمان باس کرد، عەولا گوتی: ئەگەر بچیە قارنجە دەترسم پەکی تێکۆشانت بکەوێ، ئەگەر نەچی وەزعی ژیانی دایك و بابت ناخۆشە و ئێمە هیچ یارمەتیمان نەداون، با راوەستین تاپرس بەبرادەرانی دیکەش دەکەین.

– زۆرباشە، بەڵام ئێستا با من ماڵەکەم بنێرمە قارنجە با لەنەغەدەوە دوورکەون، ئەوە بۆ خۆی نوایە کە، پاشان بڕیاری برادەران چ بوو وادەکەین.

سەید عەولای ئیسحاقی موافقی ئەم پێشنیارە بوو، گوتی ئێستا دراومان هەیە دوو سەد و پەنجا تمەنت دەدەینێ بۆ ماڵێ بنێرە، لامِ وایە هیچیان نییە.

دایکم هاتبوو سەرم بدا، ناردمەوە نەغەدە و گوتم ئەگەر وشترم ناردن بار کەن وەرنە قارنجە، لەمەهاباد خواحافیزیم لەبرادەران کرد و لەگەڵ پیاوێکی ماڵە پێشەوا چوومە قارنجە، لەگوندی (ئاغەڵیان) لەماڵە سەلیمی فەتاح شیرخانی دەژیام، ماڵێک دەوڵەمەند، گەورەماڵ، سەر ئاواڵە، کاک سەلیم پیاوێکی تێگەیشتوو ئەندامێکی دڵسۆز و چالاکی حیزبی، رۆژانە دەچوومە قارنجە و شەو دەهاتمەوە ئاغەڵیان، سەرێکی ئاغای سالارم دا، گوتی زۆرم پێ خۆشە هاتوویە ئێرە، بەڵام دەترسم شەیتان و شوفار لێت نەگەڕێن، بەینێك خۆ مات کە، کارە سیاسیەکی بەهی دیکە بکە، لەگەڵ کاك حەسەنی سریلاوا کەئەندامێکی دڵسۆزی کوردایەتی بوو هاتووچۆمان خۆشبوو، شانەیەکی حیزبیم لەسێ برادەری تێگەیشتوو پێك هێنا و رێگای کارکردن و هەڵسوڕانم بۆ دامەزراندن، ناردم لەکن میرزا رەحیمی گویگجەلی دەمانچەیەکی چاردەخۆرم هێنا، ئەسپێکی زۆر شاز و کەحێلم کڕی، خانم پیاوێکی نارده گوندی و بەرەعیەتەکانی راگەیاند کەبۆ هیچ کارێك نەیەنە شار کاك کەریم ئیختیاری تەواوی هەیە، وشترم ناردن لەنەغەدە ماڵەکەیان بارکرد و هێنایانە قارنجە، دایك و بابم و خێزانیشم بەماشێن هاتبوونە مەهاباد و لەوێشەوە هاتنە قارنجە و پاش حەوت مانگ هەموومان لەخانویەك دا کۆبوونەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم کۆبوونەوە زۆری نەخایاند و ئەم جارە بۆ هەمیشە لێك جیابوونەوە و قەت یەکترمان نەدیتەوە.

دەمویست تۆزێك خۆ مات کەم و لەگەڵ ئاغاکانی دەوروبەر کەناجسن و سەر بەرێژیم بوون مودارا بکەم، قارنجە بەرە مەزرایەکی هەبوو ئاو نەیدەگرتەوە، بەڵام بەئاوی گوندی (سمایل مامە) کەملکی سمایلی باپیرئاغا و براکانی بوو ئاو دەدرا، بۆ چەوەندەر خاکێکی بێ وێنەی هەبوو، ساڵەکانی پێشوو ماڵە برایمی باپیرئاغا کردبوویان بەچەوەندەر و بەرەعیەتەکانی خۆیان رەعامەلیان هێنابوو پولێکیان دابوو بەماڵە قازی، ئەوسالیش دەیانویست هەر بەم جۆرە بیکەنە چەوەندەر، من کوێخام نارد و گوتم نەیکێڵن تا دەچم لەکارخانە پەیمان دەبەستم و رەعیەتەکانی قارنجەش دەیکەن بەچەوەندەر و لەگەڵ ئەوانیش رێك دەکەوین.

قەرەو رەشایی قارنجە زۆریان پێ خۆشبوو دەیانگوت بێ کارین و ئەوبەر مەزرایە بکەینە چەوەندەر تەواوی دەکا.

ئاغاکانی سمایل مامە دەیانویست بەناوی خۆیان پەیمان ببەستن و لەملکی قارنجەش چەوەندەر بکەن، ئێوارەیەک سمایلئاغا لەدوای ناردم و بۆ شەو بانگێشتی کردبووم، سێ کەسم لەگەڵ خۆ برد و چوومە سمایل مامە، زۆریان رێز لێ گرتم و گوتیان:

– پێمان خۆشە هاتوویە ئێرە، هیوادارین جیرانەتیمان خۆش بێ، پاشان باسی چەوەندەر و ئەوبەرە مەزرایەیان هێنا گۆڕێ، گوتم: زۆرم پێ خۆشە پێکەوە بیکەین بەچەوەندەر، بەڵام من پەیمان دەبەستم و ئێوە بەشە دراوی خۆتان لەمن وەرگرن، زۆریان شێر و رێوی هێناوە فایدەی نەبوو، لەسوار بوون دا کەدەگەڕامەوە سمایلئاغا گوتی:

– ئەوە دەچیەوە لەگەڵ ئێمە رێك کەوی قازانج دەکەی.

قسەکانی بۆنی هەڕەشەی لێ دەهات، زانیم لەراپۆرت و شەیتانی کەشوغلێ دایمی ئەوانە بوو راناوەستن، پاش پەند رۆژ ئاغای سالار تەشریفی هات، باسی مەزرا و قسەکانی سمایلاغام بۆ گێڕاوە، فەرمووی: زۆر کارێکی پیاوانەت کردووە، ئەوانە کاریان نۆکەری عەجەمانە لەجیاتی چەوەندەر مەزراکەشیان بدەیەی واز لەراپۆرت ناهێنن.

لەم بەینەدا برادەرانی حیزبی لەمەهاباد قارنجەیان کردە قەلەمندارە، بۆ هەر کوێ چووبان سەرێکیان لەقارنجە دەدا، کردبوویانە رێگای ئێوارە و سبەینان بۆ تەورێز و تاران و شوێنەکانی تر.

مالێکم دیاری کرد کەئەگەر بێنە قارنجە لەوێ بن، مالەکەی من هەمیشە پڕ بوو لەخەڵك، بەڵام دەت بینی لەپڕ وەژوور دەکەوتن و دەستیان دەکرد بەقسە کەنەدەبوو بیکەن، غەنی بلوریان و قادری یوسفی لەتەورێز رۆژنامەی کوردستانیان چاپ دەکرد، لەهەموو دەورانی حکومەتی مصدق دا نەمان کرد رۆژنامەی کوردستان یا نوسراوێکی کوردی بەناوی حیزبی دیموکرات

بڵاوبکەینەوە، ئێستا لەدوای کۆدێتا باسی ئیمپریالیزم و ئاشتی و کۆدێتامان دەکرد، ناچار نامەیەکم بۆ برادەران کەهیچ کەس مەنێرن بۆ قارنجە، لەمەودوا هەرکەس دێ بێتە ئاغەڵیان کەبەلاوەیە، برادەری وا هەبوو گۆیا بۆ کارێکی حیزبی هاتووە بەڵام چەند رۆژ دەمایەوە کەگۆیا بحەسێتەوە. (هیوادارم تا ئەو کتێبە چاپ دەکرێ ئەم برادەرانە هەر لەژیان دا بن جا وەبیریان دێتەوە و دەزانن چەندە بێکار لەقارنجە و ئاغەڵیان سوپاونەوە).

نەک هەر ئەوە رۆژێک عەولای ئیسحاقی نامەیەکی نارد بوو داوای کردبوو کەوڵاخێکی سواری بۆ بنێرم دەچێتە نێو گەورکان، منیش نامەیەکم بۆ سەعدون ئاغای قورغان نووسی و خوا هیشتم لێ کرد کەئەسپێکی سواریم بۆ بنێری چەند رۆژ کارم پێیەتی، سەعدون ئاغا بارگینێکی بەزینەوە بۆ ناردبووم، بارگینم نارد و نوسیم تکایە لەپێنج رۆژ زیاتر رای مەگرن ئەمانەت وەرم گرتووە.

پازدە رۆژ پێ چوو بارگین نەهاتەوە، من بەسەردا گیرام، لەزیندان بووم سەلیمی مام فەتاح هات گوتی: بارگینی سەعدون ئاغا تۆپیوە.

بارگین کەوتبووە دەست منداڵە سابڵاخیان، بەقەولی خۆیان ئەوەندەیان (ماین ماینین) پێ کردبوو بارگین لەکولتەپەی گەورکان تۆپی بوو، بەهەزار حاڵ تا زینەکەیان وەگیر کەوتبۆوە، لەزیندان بووم کاکە رەحیمی سالار هاتە لام، تکام لێ کرد بچێتە کن سەعدون ئاغا و مەسەلەی بارگین عیلاج بکا.

کاکە رەحیم چوو بوە لای سەعدون ئاغا و گوتبووی کارە هاتووە و فلاّن کەس هێشتا لەزیندانە، چەندی دەڵێی دەیدەین لەجیاتی بارگین.

سەعدون ئاغا گوتبووی: خولاّ دەکا ئەو ئازاد دەبێ، بارگین بەقوربانی ئەو بێ، نامەیەکم بۆ سەعدون ئاغا نووسی و سوپاسم کرد و پیاوەتی ئەوم هەر لەبیرە و لەبیر ناچێتەوە.

غەنی بلوریان لەگەڵ چەند کەس لەتەوریز خەریکی (رۆژنامەی کوردستان) بوو پێنج ژمارەی لێ بڵاوکردەوە و رۆژنامەکە گیرا جێگای دۆزراوە و پەکی کەوت، هەوەلین جار پاش کۆدێتای ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۳۲ (۱۹۵۳) نێوی حیزبی دیموکرات

دەهات و رۆژنامە وەك ئۆرگانی حیزب بڵاودەکراوە، بەڵام بەرنامەیەك و تاکتیك و ستراتیژیەك لەگۆڕێ دا نەبوو، هێندێ برادەر بێ بەرنامە لەکوردستان دەسوڕانەوە و هێندێکیش لەتەورێز و تاران خۆیان حەشار دابوو.

منیش لەوکاتەدا کەلەسەر ملّکی ماڵە شەهید پێشەوا ئاغایەتیم دەکرد کارم ببوە ئەوە کەبرادەران بۆ ئەو تەورێز و تاران و سەقز بەڕێ بکەم و یا ئەگەر دراو یا بارگین یا شتێکی دیکەیان پێویست بایە لەسەر حسابی مالّی قازی جێ بەجێی بکەم.

بەشی شەشەم

زیندان و رووداوەکانی حەپسخانە

رۆژی ١٥ی مانگی پوشپەڕی ١٣٣٣(١٩٥٤) بەیانیەك پاش نان و چا خواردن سوار بووم کەبچم سەری مەزرا بدەم، پیاوێك هات گوتی: هێندێ عەجەم لەوبەری چۆمی راوەستاون و داوا دەکەن لوتکە بچێ بیان پەڕێنێتەوە.

گەڕامەوە چوومە سەر چۆم، دیتم سەرهەنگ شکوهی گۆرینە، لەنەغەدە یەکترمان دەناسی، لەوبەری چۆمەوە بانگی کرد:

– ها... ئاغای حسامی ئەوبەر خانەی مالّە قازی بەتەنیا دەخۆی و ئێمەشت لەبیر کردووە، چۆن وادەبێ، ئەگەر میوان رادەگری لوتکەیەك بنێرە بپەڕینەوە، بەکاری لوتکەوانم گوت: بچوو بیان هێنە، خۆم گەڕامەوە مالّ هێندێ کاغەز و کتێبم لەمالّێ هەبوون رام گوێزتن و دەمانچەکەم دا بەپیاوێك بیشارێتەوە و چوومەوە سەر چۆم و جەناب سەرهەنگ لەگەلّ یازدە سەرباز پەڕینەوە.

باوکم نەساخ بوو لەژووری درێژ ببوو، کەچاوی بەعەجەمان کەوت ئەوەندەی دیکەش تێك چوو، دایکم و خێزانم زەرد هەلّگەران و ناهەقیشیان نەبوو، پاش ئەوە هەموو دووری و ناڕەحەتیە تازە پشویەکان دەدا و هەموومان لەخانویەك دا کۆدەبووینەوە و ژیانیان ڕێك و پێك دەبوو، دایکم و خێزانم دلّخۆشی دانەوە.

سەرهەنگ چایەکی خواردەوە و گوتی ئێمە بۆ نان خواردن گیر نابین، ستادی لەشکر لەمەهاباد داوای تۆی کردووە، بەداخەوە کاتێکی خەراپ هاتووم، باوکت نەخۆشە بەلّام هیچ نییە سۆزی دەگەڕێیەوە، با بڕۆین وەدرەنگێ نەکەوین.

گوتم: ناکرێ تۆ بچیەوە من بەیانی خۆم دەچمە مەهاباد و باوکیشم دەبەمە سەر دکتۆر.

– سەرهەنگ کیسرا سەرۆکی ستاد داوای کردووی، بابڕۆین.

چار نەبوو، دایك و بابم دلّخۆشی دانەوە.

سواری لوتکە بووین و لەچۆمی پەڕینەوە ماشێنەکەیان ڕاوەستا بوو سوار بووین چووینە حاجیابات مالّە قازی بابی کاك ئەمیر، لەوێ هەستمان بەمەترسی گیران

کـرد، بـەڵام نـەبوونی بەرنامەیـەکی شۆڕشـگێڕی، نـەبوونی سیاسـەتێکی ڕوونـی حیزبی، دیار نەبوونی شێوەی خەبات، سەر لێ شێواوی کادر و ئەندامان لەسەرەوە بۆ خوارێ، منی دەست و پێ بەستە لەبەردەستی سـەرهەنگ نـابوو، کـاك ئـەمیر بەباوکی گوت بزانە چەند بەرتیلی دەوێ بیدەیە با کاك کەریم نەبا، جـەنابی قـازی قسەی لەگەڵ کردبوو گوتبـووی کـاتی کـار و کاسـبیە، کارەکـانی گونـدی پـەکیان دەکـەوێ ٥٠٠ تمـەنت دەدەمـێ حسـامی مەبـە، ئـەم سـەرهەنگەی دەمناسـی و لەتمەنێکیش بەند بوو قبوڵی نەکردبوو.

ڕۆیشتین، لەمیاندواو گـوتی: گەرمایـە تـۆ بچـۆ لەموسـافیرخانە ئیسـتراحەت بکـە، دوای نیـوەڕۆ وەرە لای مـن سـڵاوێکیش لـەخانم بکـە و نامەیـەك دەنووسـم بچـۆ مەهاباد، سەعاتی سێ چـوومە ماڵـە سـەرهەنگ و چـایەکم لای خـانم خـواردەوە و خانمی سەرهەنگم لەنەغەدە دەناسی، لەگەڵم هاتە سەر شـەقام و ئۆتۆبۆسـێك بـۆ مەهاباد دەچوو، بانگی دژیانێکی کرد گوتی: سـواربە لەگـەڵ ئـەوە بچـۆ مـەهاباد، زیندانی نییە هـا...

ڕۆیشتین ئێوارە گەیشتین، چووینە موسافیرخانەی کـەریمی خوسـرەوی، بـەکابرام گوت تۆ لێرە بە من تا مالّی قازی دەچم و دێمەوە، قبوڵی نەکرد، چووینە سـتادی لەشکر، ئەفسەرێك لەدەفتەری ستاد بوو ناوی پرسیم، تەلیفۆنی کرد بۆ شارەوانی گوتی: جەناب سەرهەنگ گوتوویە ڕایگرن.

بردیانم بۆ شارەوانی و بێ سەر و سـەودا دایـان کـردم، بـەیانی سـەرگورد وەکیلـی سەرۆکی شارەوانی مەهاباد هـات، لەگـەڵ سـەرگورد وەکیلـی ناسـیاریمان هـەبوو، ئینسانێکی باش و ئازادیخواز بوو، بانگی کردم بۆ دەفتەر، کەچوومە ژوور پێکەنی گوتی: چیت پێ بڵێم؟ ئێوەش دەڵێن شۆڕشگێڕین، ئێوەش خەبات دەکـەن؟ وەك مـەڕ دەکەونـە بەردەسـتی ئەوانـە، چـۆن تـۆ لەگونـد نـاتوانی خـۆ وەبەردەسـت نەدەی؟ بەرت نادەن، دەمێکە پێوەن بتگرن.

دوو ڕۆژ بێ پرسیار لەزیندان بووم، پاشان بردیانمە کن سەرهەنگ کیسرا سـەرۆکی ستای لەشکری مـەهاباد، گـوتی: خـانمی قـازی ناردوویەتـە لام کـەئازادت بکـەین،

لەبەر مالّە قازی نامانەوێ بتگرین، بچۆ پەشیمانی و تنفر نامەیەك لەحیزبی تودە بنووسە و وەفاداری خۆت لەعاست ئەعلا حەزرەت رابگەیێنە تا بنووسم ئازادت بکەن و بچۆ خەریکی ژیان و کاری خۆتبە.

گوتم: من تودەیی نەبووم و کارێکی واشم نەکردووە لێی پەشیمان بم و پەشیمان نامە بنووسم، من بەهیچ و خۆڕایی گیراوم.

– بڕۆ بیری لێ بکەوە دەبێ ئەو شتانە بنووسی.

چەند رۆژ پێ چوو دوکتۆر شیرازی هاتە لام و گوتی: خانم زۆری هەوڵ داوە کەتۆ ئازاد بکرێی، سەرۆکی ستاد قەولی داوە، بەڵام دەبێ شتێك بنووسی، من دەیبەم بۆ سەرۆکی ستاد و ئازاد دەکرێی.

گوتم: هیچ نانووسم، خەتایەکم نەکردووە کەپەشیمان ببمەوە، تا پازدە رۆژ هیچیان لێ نەپرسیم، پاش پازدە رۆژ لەباز پورسی لەشکر بانگیان کردم، سەرهەنگ خواجە نووری دەستی کرد بەپرسیار و لێکۆڵینەوە.

– بۆ چوویە شورەوی؟

– من چوومە فیستیوال و بەئیجازە و پاسپۆرتی ئێرانی چووم، رێگامان بەشورەوی دا بوە، لەسەرەتا گوتی بنووسە هەرچی لێم دەپرسی راستی دەڵێم، ئەوەم نوسی.

گوتی: چەند زمانی بێگانە دەزانی؟

– دوو... دوو زمانی بێگانە دەزانم.

– بیانڵێ بزانم کامانەن؟

– فارسی و تورکی.

ئاگری گرت، راست بۆوە توڕە بوو: مەگەر تۆ ئێرانی نی؟

– بەڵێ ئێرانیم بەڵام کوردم، زمانی فارسی و تورکی بۆ من بێگانەن.

– هەر ئەوەندە بۆ تاوانباری تۆ بەسە.

هێندێ پرسیاری دیکەی لێ کردم هیچیان شتێکی وا نەبوون کەبۆ دادگا بەن، گێڕایانمەوە بۆ زیندان.

دیمەنێکی دڵتەزێن

لەباز پورسی یان دەگێڕامەوە ئازانێك و دوو سەرباز لەگەڵم بوون، گەیشتمە بەردەرکی شارەوانی، تەماشام کرد بابم بەرەو رووی دەرگای شارەوانی لەبن دیوار لەسەر عەرز دڕێژ بووە، بەجارێك دنیام لەپێش چاوان تاریك بوو، ڕۆیشتم بۆ کن بابم، هەرچەند سەرباز و پاسەوان دەنگیان دام جوابم نەدانەوە، چووم دەستم گرت و راستم کردەوە و هێنامە دەفتەری زیندان، بابم پێشتر نەخۆشی پشت ئێشەی هەبوو زۆری لەبەر ناڕەحەت بوو، بەنەخۆشی هاتبوە مەهاباد کەچاوی بەمن بکەوێ، لەزیندان گوتبوویان بردوویانە بۆ باز پورسی، ئیتر خۆی پێ ڕانەگیرا بوو ڕووبەرووی زیندان لەسەر عەرز ڕاکشابوو، من زۆر تێکچووم و پێم گوت نەدەبوایە بەنەخۆشی خۆت ئەزیەت بدەی.

گوتی پێیان گوتووم نامە بۆ سەر لەشکر موقبیلی بنووسم.

– هیچ فایدەی نییە، دەڵێن دەبێ تەنەفور نامە بنووسی، منیش ئەوە ناکەم، دەزانم ئێوە زۆر پەریشان و ناڕەحەتن، بەڵام تکا دەکەم بمبەخشن، من نەمتوانیوە بۆ ئێوە خزمەتکارێکی باش بم، بەڵام تازە ڕابردوە، ناتوانم لەو ڕێگایە بگەڕێمەوە کەخۆم هەڵم بژاردووە، پێم خۆشە بچیەوە، بازپورس شتێکی وای لێ نەپرسیوم، لەوانەیە ئازادم بکەن، بچۆ لای دوکتۆر و پاشان گیر مەبە بچۆوە.

هەستا بەچاوی بەفرمێسکەوە ماچی کردم و ڕۆیشت، ئەوە ئاخرین دیداری ئێمە بوو تاڵترین ڕۆژ بوو لەژیانمدا ، جارێکی دیکەش بردیانم بۆ تەحقیقات و باز پورس گوتی: دۆسیەکەت دەنێرم بۆ دادگای لەشکر.

سەرگورد وەتەمیشی و سمایلی ئاژان

لەم ماوەیەدا سەرگورد وەکیلی سەرۆکی شارەوانی مەهابادیان گۆڕی و سەرگورد وەتەمیشی سابلاخییان کردە سەرۆکی شارەوانی، کابرایەکی بێ شەرەف، بێ حەیا، کۆنەپەرست و بێ هەموو شت، زۆریش لەبرادەرانی دیکە گیرابوون و لەدوو ژوور دەژیاین، ڕۆژێك لەگەڵ میرزا وسێنی فرۆهر ڕۆژنامەمان دەخوێندەوە،

سمایلی حسامیش برنجی دەبژارد و لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەگوت، سمایلە کەچەڵی ئاژانیش لەحەساری زیندان بوو، هاتە بەر دەرگا و گوتی: بۆ کیمدی ئیشك کیمی ئانگرر. (واتە ئەوە کێیە وەك کەر دەزەپێنی).

من راست بوومەوە و لەپێشەوە شەقێکم لەگوندێنی دا، پاشەوپاش کەوت و سەری شکا. بوو بەهەرا و ئاژان هاتن و کەچەڵیان بردەدەر، زۆری پێ نەچوو بانگیان کردم و بردیانم بۆ لای وەتەمیش، سڵاوم کرد و دانیشتم، وەك سەگی هار بەگژم دا هات:

– کێ ئیجازەی داوە دانیشی؟

– ئیجازەی کەسی ناوێ، تۆ ناردووتە بێمە لات، دادەنیشم، ئەگەر کارت نییە ئەوە رۆیشتم، هەستام کەبڕۆم گوتی:

– وەرە.. راوەستە.. کارم پێتە.. تۆ لەزیندان دەتەوێ هاربی؟ چاو لێ کە من سەرگوردم.

دانیشتمەوە و گوتم هەرا هەرای ناوێ، سەرگورد بی یا نەبی فەرقی نییە، دەڵێی چی؟

– بۆ لەپاسەوان دەدەی؟ دنیا بێ حاکم و دەوڵەت نییە، نازانی ئەو هەموو تودەییە لەخارك و فەلەکێك دا ئەوە دەرزن، بۆ خارکت دەنێرم.

– لەخارك و تەبعید ناترسم، پاسەوانی بێ شەرەف و بێ حەیا دەبێ لێی بدرێ بەپاسەوان بڵێ بەئەدەب بێ جنێو نەدا کەس لێی نادا، ئێوە بزانن ئێمە زیندانی سیاسین، دەزانی لەسەر چی گیراوین؟ ئیجازە نادەین کەس لەعاست ئێمە بێ ئەدەب بێ.

کەوا بەتوندی وەڵامم داوە داینواند و گوتی:

– هەستە برۆ خۆت تووشی تەبعید مەکە.

من هاتمەوە ژوور و سمایلە کەچەڵ ئیتر نەهاتەوە زیندان، لەپێش ئەوەدا کەبچمە دادگا هاوڕێیانی حیزبی و دۆست و برادەر دەهاتنە لام و زۆرجار لەماڵە پێشەوا نان و چێشتیان بۆ دەهێنام، لەگەڵ برادەران پێکەوە رامان دەبوارد، چەند لاوی

غەیرە سیاسی گیرابوون برپیارمان دا دەرسییان پێ بڵێین، سمایلی حسامی ئەو کارەی وەئەستۆ گرت و دەرسی پێ دەگوتن، میرزا وسێنی فروهر کتێبێکی قانوونی سزای گشتی لەلابوو گیراوەکانی رێنوێنی دەکرد نامەی بۆ دەنووسین، زیندانمان کردبووە مەدرەسە، تاقە ناخۆشیەك ئەوەبوو برادەرانی مەهابادی جاروبار بەکێشە دەهاتن و شەڕە دندوکەیان دەبوو، پێویستە بڵێم گشتیان بەچاوێکی ڕێز و ئیحترام چاویان لەمن دەکرد، زۆرجار لەحەساری زیندان شایی و هەڵپەڕکێمان ساز دەکرد و گیراوەکانمان دڵخۆشی دەداوە.

کاك ڕەحیمی جەوانمەردی قازی یەك دوو جار هاتەلام، سەلیمی مام فەتاحی ئاغەڵیان رانکو چۆخەیەکی سپی جوانی بۆ هێنابووم، مینا خانم پیاوی ناردبووە لای شێخ محەمەدی شێخ بورهان کەلای سەر لەشکر موقبیلی تکا بکا ئازادم بکەن، بەڵام شێخ و تکا و پاڕانەوە لای زۆرداران و داگیرکەران نرخی نییە.

لەمانگی گەلاوێژدا برادەرێکی خەڵکی قارنجە هات و نامەیەکی بۆ هێنابووم دایکم خەبەری کۆچی دوایی باوکمی بۆ نووسیبووم، زۆر ناڕەحەت و پەڕیشان بووم دایك و ژن و کچێکی دوو ساڵەم بێ کەس و بێ سەرپەرشت دەمانەوە، برادەران مەجلیسی فاتیحەیان دانا، مەلا غەفووری حافزیان هێنا قورئانی خوێند، زۆر کەسی خەڵکی قارنجە و ئاغەڵیان و پیر وەلی باخی و سریلاوا، هاتبوونە سەرەخۆشی، جیرانەکانی قارنجە گوتیان لەخەمی دایکت و خێزانت دا مەبە، وەك دایك و خوشکی خۆمان خزمەتیان دەکەین.

هیچ نەدەکرا، راست پاش دە ڕۆژ نامەیەکی دیکەم بۆ هات نوسرابوو خێزانیشم مردووە، ئەم جارەش مەلا غەفوور هاتەوە زیندان و خەمی تەنیایی دایکم و کێژۆڵێکی منااڵ، جەرگی ڕێك دەکوشیم، ئامۆزایەکم هەبوو تازە دەگەیشتێ، ئەویش دایکمی بەجێ هێشت بوو ڕۆیبوو، نامەیەکم بۆ دایکم نووسی کەبێتە مەهاباد و کچەکەش لەگەڵ خۆی بێنێ، با چاوم پێیان بکەوێ، ڕۆژێك دوای نیوەڕۆ ئاژان بانگیان کردم گوتیان دایکت هاتووە، کەچوومە دەر دایکم و خوشکم لەوێ بوون، هەستان ماچیان کردم، کەڕوانیم گەلاوێژم نەدیت.

دایەگیان ئەدی کوا گەلاوێژ؟

دایك لەپڕمەی گریانی دا: گەلاوێژ دوێنێ مرد، مالّی لێ چۆڵ کردم.

بەپێوە راوەستابووم، خورپەیەکم لەدڵی هات، دایکم دڵخۆشی داوە، هەستم بەخەم و خەفەتێك کرد، بۆم نەدەچووە سەر یەك، بۆچی خورپەم لەدڵی هات و ئەو خەمە بۆ دایگرتم؟

دانیشتم، دایکم و خوشکم پتر دڵخۆشی دانەوە، بەدایکم گوت: تۆ ناتوانی بەتەنیا لەخانوبەك دا بژی، مالّەکەت بارکە و بچۆوە کن خوشکم، نامەیەکم بۆ خانمە خانم نووسی کەپوڵێك بدا بەدایکم تا مالّەکەی پێ بار بکا و بچێتەوە لای خوشکم، زۆر سوپاسی دەکەم چل تمەنی دابوویە، زاواکەمان هاتبوو مالّەکەی بارکرد بوو بۆ لای خۆیان. (ئەو دوعایەم لێ گیر ببوو کەدەڵێ: مالّت بشتەوە سەر بەشی دەمالآن).

پاش چەند رۆژ دادگای سوپای مەهاباد نامەی بۆ زیندان نووسیبوو کەپەروەندی فلآن کەس هاتۆتە دادگا و پێویستە بۆ خوێندەوەی پەروەندە و دیاری کردنی پارێزەر، بینێرنە دەفتەری دادگا لەسەربازخانەی مەهاباد.

لەدەفتەری زیندان بانگیان کردم، گوتیان خۆت سازکە دەبێ بچیە سەربازخانە بۆ دەفتەری دادگا، چوومەژوور بەبرادەرانم گوت پەروەندەکەیان داوە بەدادگای نیزامی و ئەشێ بچمە سەربازخانە بۆ خوێندنەوەی پەروەندە، برادەران ناڕەحەت بوون، هەوەڵ کەس بووم لەمەهاباد بەتاوانی سیاسی لەدادگای نیزامی دادگایی دەکرام.

رانك و چۆخەی سپی خاوێنم کردەبەر و هەروەك بۆ سەر شایی بچم خاوێن، قۆز و شیك، هێندێ کاغەز و گۆڤارم بەدەستەوە گرت و هاتمەدەر، دوو سەرباز و ئاژانێکیان رەگەڵ خستم بەرەو سەربازخانە، زیندان و سەربازخانە ئەوسەر و سەری شار بوون، دەبوایە بەنێوەڕاستی خیابان و بەکۆڵانەکانی شاردا بڕۆم، شارەوانی ماشێنی نەبوو، من بەخەباتی رابردوو بەسەفەری فیستیوال لەنێو مەهاباد ناسرا بووم، بەتایبەت لاوانی کوردستان پێش کۆدێتا بەرنامەی پێشوازی منیان رێك خستبوو سەفەری من بۆ فیستیوال دەنگی دابۆوە، لەئەوبەرەو بەری

شەقام دۆست و لایەنگرانی حیزب کەدەیان دیتم هەڵدەستان و لەبنەوە سڵاویان دەکرد، لەکۆڵان کیژ و ژنی مەهاباد کۆدەبوونەوە و تەماشایان دەکردم و بەدەنگ دوعایان بۆ دەکردم، بەفیزەوە هەستم بەشانازیەك دەکرد.

کەچوومە دەفتەری دادگا پەروەندەیان لەپێش دانام و گوتیان دەتوانی بیخوێنییەوە و یادداشتی لێ هەڵگری، پێویستە بۆ دیفاع پارێزەرێك دیاری بکەی.

لەبارەی پارێزەرەوە گوتم: من پارەم نییە پارێزەر بگرم، دادگا کێ دیاری دەکا خۆی دەزانێ، لەپەروەندەدا هێندێ شتم بۆ روون بۆوە کەپێشتر بیرم لێ نەدەکردەوە، راپۆرتێك درابوو بەروکنی ۲ی سوپا کەگۆیا من مەسئولی کۆمیتەی وەرزێرانی کوردستان بووم، لەکاتی گەڕانەوەدا هاتوومە شامات، لە (دێی مەسور) میوانی مارفئاغا بووم، رۆژێك لەشامات لەگەڵ مارفئاغا چووبوومە راوە کەروێشك.

رۆژی چوونە راو، جل و بەرگی چوونم بۆ محالی شازادە، سەفەر بۆ سەقز هەموو بەروکنی ۲ گوترابوو، ئاگایان لەوە نەبووکەلەمەهابادم، نووسیبوویان ماوەیەکە ونە.

هەموو هەر راپۆرت بوو بەڵگەیەك نەبوو کەتێکۆشانم سابیت بکا، دەمتوانی یەك رۆژ پەروەندە بخوێنمەوە بەڵام بۆ ئەوە پتر بەنێو شاردا هاتووچۆ بکەم نووسیم دەبێ پێنج رۆژ بێمە دەفتەری دادگا تا پەروەندە تەواو بخوێنمەوە و خۆم بۆ دیفاع لەدادگا ئامادە بکەم، چوونم بۆ سەربازخانە بەو شیك و خاوێنی و سەربەرزی، خەڵکی تۆزیك وریا دەکردەوە و غیرەتێکی وەبەر دەنان.

دەفتەری دادگا نووسی کەپێنج رۆژ بیهێنن بۆ دەفتەر، دادستانی دادگا لەئیدیعانامەدا نووسیبووی، عبدولکەریم حسامی لەتێکۆشانی دژی دەوڵەت دا ئەوەندە بەژیری و وریایی جوڵاوەتەوە کەبەڵگەیەکی بەدەستەوە نەداوە، بەڵام راپۆرتەکانی بەروکنی ۲ و شارەوانی گەیشتوون نیشانی دەدەن کەیەکێك لەمەسئولە تێکۆشەرەکانی حیزبی تودە بووە، هەربۆیەش ناردوویانە بۆ شورەوی، نازانین لەشورەوی چاوی بەکێ کەوتووە و چی کردووە؟ بەڵام هەر ئەو سەفەرە نیشانی دەدا کەچەند باوەڕپێکراوی حیزبی تودە بووە، لەتەواوی

تێکۆشانی خۆی دا بۆ رووخاندنی ریژیمی پاشایەتی و جیاکردنەوەی کوردستان لەنیشتمان خەباتی کردووە، بەگوێرەی ماددەی ٣١٧ی قانونی موجازاتی گشتی سزاکە ئیعدامە، داوا لەدادگای بەڕێز دەکەم لەبارەی عبدولکەریم حسامییەوە ئەم مادەیە لەبەرچاو بگرێ.

لەئیدیعانامەی دادستان رۆنووسێکم هەڵگرت و گەڕامەوە، لەگەڕانەوەدا لەبەرامبەر ستادی سوپا تووشی کاك ئەحمەدی سەرووکانی و چەند ئاغایەکی مامەش بووم، ئەو ئاغایانەی کەپێش سەفەرم بۆ ئەوروپا دەهاتن و لەخولاّیان دەویست قسەیان لەگەڵ بکەم و لەدوورەوە سەریان دا دەنواند، کەچاویان بەمن کەوت سڵ بوون و رەوینەوە سەریان لەبەر خۆنا و لایان دا، جارێکی دیکەش ترسەنۆکی و بێگانەپەرستی و هیچ و پوچی ئەم چینە چەوسێنەرەم بۆ دەرکەوت و کزەم لەجەرگی هات بۆ ئەوە کەزەحمەتکێشانی کورد لەبەر دەستی کێ دا رەزیلن.

گەیشتمەوە زیندان برادەران نانیان نەخوارد بوو چاوەڕوان بوون، کەدەرگایان کردەوە و چوومە ژوور بەجارێك گیراوەکان دەورەیان دام و دەستیان کرد بەپرس و باس.

– بۆمان بگێڕەوە چ بوو؟ دەڵێن چی؟

– هیچ نەبووە، دادستان بەگوێرەی مادەی ٣١٧ داوای ئیعدامی کردووە.

هێندی لەزیندانییە ئاساییەکان قوت بوون: جا چۆن؟ ئیعدامت دەکەن؟

– دادستان وادەڵێ، جا ئەگەر ئیعدام کرام رانك و چۆخەکانم بدەن بەرەسوڵ.

رەسوڵ کێ بوو؟ رۆژێك کوڕە جحێڵەیەکی هەرزەکاری شازدە ساڵەی روت و کز و داماویان هێنا زیندان، رەسوو خەڵکی سەر کەپکانی بیتوێنی کوردستانی گەرمێن بوو، لەگەڵ شێخ عەلی چەتە بۆ رێگری هاتبوونە ئێران و لەنێزیك شاریکەند ژاندارمە دەورەیان دابوون، چەتەکان پێنج کەس کوژرا بوون و ئەم منداڵەش کەبێ چەك ببوو نانی بۆ هەڵگرتبوون گیرابوو، لەزیندان دەگریا، دڵخۆشیم داوە و لیباسم بۆ کڕی و کتێب و دەفتەریم بۆ کڕین و دەرسم پێ دەگوت، رۆژێ دەهات لەکن ئێمە بێدەنگ دادەنیشت.

گوتم ئەگەر کوژرام رانك و چۆخەم ئی رەسولّن، دوو رۆژی دیکەش چوومە دادگا و سەر رێگام لەکۆلّانەکان وەك جۆرە خۆپیشاندانی لێ هاتبوو، بۆ رۆژی چوارەم بەیانی جێبیکی ئەرتەشی هات سواریان کردم بۆ دادگا، لەروکنی ٢ نووسیبویان حسامی بۆ خۆپیشاندان دەنێرنە سەربازخانە، ئیتر نەیانهێشت بەپێ بچم، تا دادگا تەواو بوو بەماشێن دەیانبردم.

دینسان حاجی سەید عەولاّ ئەفەندی

لەم سەرو بەندەدا حاجی سەید عەولاّ ئەفەندی تەشریفی هاتە مەهاباد، دایك و باب و کەس و کاری گیراوە سیاسییەکان چووبوونە لای و داوایان لێ کردبوو کەلەکن سەر لەشکر موقبیلی تکایان بۆ بکا و بەلّکو ئازاد بکرێن، سابلاّخی زۆریان مریدی نەهری و حاجی سەید عەولاّ ئەفەندین، برادەران هانیان دام کەمنیش نامەیەکی بۆ بنووسم، نامەیەکم بۆ نارد و نووسیم من لەسەر قەول و نوسراوەی جەنابت هاتوومە و ئێستاش گیراوم و لەدادگای نیزامی موحاکەمە دەکرێم، هیوادارم هەروەك بۆت نووسیبوم کارێکی وا بکەی ئازاد بکرێم.

بەخوا وەك پیاوان هیچ وەلاّمی منی نەدابۆوە، بەکەس و کاری هاوڕێ گیراوەکانی گوتبوو: منداڵەکانتان نەسیحەت بکەن وەدوای کاری بێ جێ نەکەون.

هەڵوێستی حاجی سەید عەولاّ ئەفەندی لەنێو برادەران بوو بەباس و دەم بەدەمە، هێندێ لاوی خوێن گەرم قسەیان پێ گوت، میرزا وسێنی فروهو توڕە بوو دیفاعی لێ دەکرد، منیش گوتم ئەوە کێشە و ناخۆشی ناوێ، ئەویش وەك هەموو شێخ و دەرەبەگێك قازانجی چینایەتی خۆی دەپارێزێ، هەرکەس توانا و دەستەلاّتی هەبوو لەگەلّ ئەوە.

میرزا وسێن بەگژم داهات و گوتی: هەرکەس قسە بەماڵە نەهری بلّێ خائینە.

– دەك خوا موبارەکی نەکا، تۆ ئەوە لەسەر سیاەت لەوانەیە ئیعدامت بکەن و تازە دیفاع لەماڵە نەهری دەکەی؟

لەگەلّ میرزا وسێن بەکێشە هاتین، برادەران توند بەسەری دا هاتن و ئاشت بووینەوە.

پاش ئەوە کەخوێندنەوەی پەروەندە تەواو بوو دەستم کرد بەنوسینی دیفاع و بڕیارم دا بەتوندی دیفاع بکەم، میرزا وسێن لەنووسینی دیفاع دا یارمەتی دام و یوسفی رێزوانی کەخەتی خۆشبوو دەینووسیەوە، دیفاعیاتەکەم بەخەتی یوسفی رێزوانی تا رۆیشتم بۆ عێراق هەر مابوو، پاشان لەگەڵ کتێب و بەڵگە و نووسراوە هەموو بەین چوون و نەمان.

لەلایەن دادگای نیزامیەوە ستوانێکی ئەرتەشی کرابوو بەپارێزەرم کەلەدادگا دیفاعم لێ بکا.

رۆژێك هاتە زیندان و بانگی کردم، گوتی: چووم پەروەندەکەم تەماشا کردووە، دادستان ئیدعا دەکا کەتۆ تودەیی بووی، بۆ روخانی رژێمی پاشایەتی هەوڵت داوە، ئەوە تاوانێکی گەورەیە، تۆ پێویستە هێندێ سەنەد و بەڵگە پەیدا بکەی لەدادگا ئێمە نیشانی بدەین کەتۆ ئەندامی حیزبی تودە نەبووی!

گوتم: جەنابی ستوان وادیارە تۆ سەرت لەقانون و کاری قەزایی دەرناچێ من دەڵێم تودەیی نیم، لەنێوچاوانیشم نەنووسراوە، دادستان کەئیدیعایەکی ئاوا دەکا دەبێ ئیسپاتی بکا و سەنەد و بەڵگەی کەمن ئەندامی حیزبی تودە بووم، بێجگە لەراپۆرتی بەدرۆ، بەڵگەیەك لەسەر تێکۆشانی غەیرە قانونی من بەدەستەوە نییە.

زۆرم قسە لەگەڵ کرد، بۆم حاڵی نەبوو کەدادستان دەبێ سابیتی بکا من تودەیی بووم، ئەفسەری شاهەنشاهیم بۆ حاڵی نەبوو.

لەم بەینەدا رەسوڵ هەموو رۆژی دەپرسی: کەنگێ دادگاکەت دەست پێ دەکا؟

رۆژێك لەحەسار شەترەنجمان دەکرد و زیندانی لێمان کۆببوونەوە تەماشایان دەکرد، رەسوڵ هات و پرسی: کاك کەریم نەچوویە دادگا؟

کابرایەك گیرا بوو بەناوی مەحمود چاردراو روو، لەسەر دزی گیرا بوو، هەموو مانگێك بەریان دەدا و دەگیراوە، مەحمود لێی راست بۆوە و غاری دایە:

– سەگباب دەتەوێ ئیعدام بکرێ تا رانك و چۆخەت وەگیر کەون؟ بەهەزار حاڵ مەحمودیان لەکۆڵ رەسوو کردەوە.

رۆژی دادگا ماشێنیان هێنا سواریان کردم و بۆ سەربازخانە، لەدەرگای ژوورێك نوسرابوو دادگای ئاشکرای حسامی دەست پێدەکا، دوو سێ سەرباز و گروبانی عەجەمیش هاتبوون دانیشتبوون، سەرۆکی دادگا ئەفسەرێکی ئەرتەشی رایگەیاند ئەگەر تاوانبار یا پارێزەری لەئاست سەلاحیەتی دادگا قسەیان هەیە بیکەن، پارێزەرەکەم دەنگی نەکرد، من هەستام و گوتم:

– بەگوێرەی قانون دادگا سەلاحیەتی نییە بەتاوانی من رابگات، دادستان لەنامەی خۆی دا منی تاوانبار کردوە کەبۆ تێکدانی ریژێمی پاشایەتی هەولّم داوە، کەوابوو تاوانەکەم تاوانی سیاسییە، بەگوێرەی قانون پێویستە داد گوستەری و هەیئەتی منصفە بەتاوانی من رابگەن، ئێوە نووسیوتانە دادگا ئاشکرایە، بەڵام کێ دەزانێ ئەورۆ من لەسەربازخانەدا دادگا دەکرێم، ئێوە ئەگەر رۆژی دادگاتان لەشار راگەیاندبایە ئێستا لەوانەبوو سەدان کەس هاتبانە دادگا، من کەسێك بووم بەنوێنەرایەتی هەزاران لاوی کورد لەگەورەترین فیستیوالی لاوانی جیهان دا بەشدار بووم، ئێستا بەنهێنی لەسەربازخانە موحاکەمەم دەکەن، داوا لەدادگا دەکەم نەبوونی سەلاحیەتی خۆی رابگەیەنێ و پەروەندکەم بدەن بەدادگوستەری.

پاش قسەکانی من، ئێمەیان وەدەرنا و دوای بیست دەقیقە بانگیان کردینەوە و رایان گەیاند کەدادگا سەلاحیەتی هەیە، بەیانی دادگا کاری خۆی درێژە پێ دەدا.

گەڕامەوە بۆ زیندان جارێکی تر بەکۆمەڵ چاوێکمان لەلایحەی دیفاع کرد و هێندێ لەبرادەران پێیان وابوو تونده و پێویست ناکا وا بەتوندی جواب بدرێتەوە.

بەیانی سواری چیبێکی ئەرتەشیان کردم و بۆ سەربازخانە، دادگا بەخوێندنەوەی ئیدیعانامەی سەرگورد رەمزی دادستانی سوپای مەهاباد دەست پێکرا.

لەئیدیعانامەدا بێجگە لەهێندێ قسەی بێ جێ شتێك نەدەبینرا، سەرۆکی دادگا رووی کردە ستوانی پارێزەر کەهەستێ دیفاع بکا، ستوان هەستا هێندێ قسەی کردن، لەقسەکانی دادستان بێ تامتر بوون، من داوام کرد کەرێگا بدەن خۆم دیفاع بکەم، هەستام و گوتم:

– ئیدیعانامەی دادستان ئەوەندە دوور لەواقعیەتە و بێ سەنەد و بەڵگە منی تاوانبار کردووە کەپێویست بەدیفاع ناکا، چاوەڕوانی ئەوەم دادگا ئیدیعانامە رەت کاتەوە و حوکمی بێ تاوانیم بدا، دەبوایە سەنەد و بەڵگەیەك هەبایە تا من دیفاع بکەم.

مەعلوم نییە دادستان بەگوێرەی کام بەڵگە من تاوانبار دەکا؟

دادستان هەستا گوتی: راستە کە(کەریمی حسامی) لەماوەی تێکۆشانی خۆیدا بەڵگەی بەدەستەوە نەداوە، بەڵام هەر لەرەنگ و رووی دەم و چاوی دیارە ئەوە سەر بەرووسانە و کۆمۆنیستە.

کەدادستان وای گوت هەستام و گوتم: داوا لەدادگا دەکەم لەم قسەی دادستان بکۆڵنەوە، لەکام وڵاتی دنیا بەتاوانی رەنگ و روخسار، خەڵك موحاکەمە دەکەن؟ ئەگەر رەنگ و روخسار بەڵگەی کۆمۆنیستی بێ، جەنابی ئاغای سەرگورد و رەمزی دادستان دەبێ موحاکەمە بکرێ و ئیعدامیش بکرێ، چونکە لەم سەفەرەدا بەهەزاران روسم دیوە راست رەنگیان وەك دادستان سووڕە. (دادستان وەك چەوەندەری سوور وابوو) ئێستا کەچارەنووسی من کەوتۆتە بەر ئیدیعانامەی دادستان رێگا بدەن با لایحەی دیفاعیاتی خۆم پێشکێش بکەم، دەستم کرد بەخوێندنەوەی دیفاعەکەم و لام وایە سەعاتێك قسەم کرد، کەتەواو بووم گوتیان بچنەدەر، پاش پازدە دەقیقە بانگیان کردینەوە و نووسەری دادگا حوکمی دادگای خوێندەوە، لەحوکمی دادگا نووسرا بوو: لەبەرئەوەی هیچ سەنەد و بەڵگەیەك بەدەستەوە نەبوو کەتاوانبار کراو بۆ روخانی ڕژێمی پاشایەتی هەوڵی دابێ سزای ماددە ۳۱۷ لەبارەی ئەوەوە راست نییە و رەت دەکرێتەوە، بەڵام لەبەرئەوە کەناوبراو ئامادە نەبوو لەدادگا وەفاداری خۆی لەعاست ئەعلا حەزرەتی هومایونی شاهەنشا رابگەیەنێ، بەهەژدە مانگ مەحکوم دەکرێ، تاوانبارکراو و دادستان هەقی ئیعترازیان لەحوکمی دادگا هەیە.

گەڕامەوە بۆ زیندان و لەحکومی دادگا ئیعترازم گرت و داوای چاوپێخشاندنەوەی حوکمی دادگای نیزامیم کرد، بە ۱۸ مانگ مەحکومِ کرام و رەسوولّ رانك و

چۆخەی وەگیر نەکەوت، چەند جار نامەم بۆ میرزا قادری لاوەی کەنووسەر و یاجێگری باز پورسی مەهاباد بوو، نووسی کەرێگایەك بۆ ئازادی رەسوولّ بدۆزێتەوە و ئازادی بکا، ئاخرەکەی رەسولّ بەئیلتیزام ئازاد کرا.

زیندانی شارەوانی ورمێ

پاش ئەوە کەلەدادگا مەحکوم کرام ئیتر کەس نەهاتە لام و سەری نەداك، دایکم جاروبار دەهاتە لام و لەماڵە خوشکم دەژیا، پاش دوو مانگ بۆ دادگای چاوپێخشاندنەوەی نیزامی بردیانم بۆ ورمێ، ئەو رۆژەی کەدەبوایە بڕۆم، خۆم کۆکردەوە و لەگەڵ برادەران یەکترمان ماچ کرد و هاتمەدەر، لەدەفتەری زیندان سێ سەربازی دژبان، چاوەڕێیان دەکردم، ئەفسەری کێشك گوتی: تۆ ناسراوی، باش نییە دەستانت با نەبەستن، پێنج تمەنیان بدەیە و بڕۆن.

– هیچیان نادەمێ و با دەستم ببەستن، کەزانیان پوڵ نادەم رۆیشتین و لەگاراژ سواری ئۆتۆبۆس بووین، هێشتا ئۆتۆبۆس نەکەوتبوە ڕێ، سەرهەنگێکی ورگ زل پەیدابوو، کوپە ترشیاتێکی گەورەی بەدوو سەربازان هەڵگرتبوو دەیبردە ورمێ.

تەماشایەکی نێو ئۆتۆبۆسی کرد و بەسەربازەکانی لەگەڵ من بوون گوتی: یەکێکتان ئەو کوپە ترشیاتە لەپێش خۆ دابنێ.

سەرباز گوتی: جەناب سەرهەنگ ئێمە زیندانیمان پێیە ناتوانین کوپە رابگرین.

– کەوایە بیدەن بەزیندانی با لەپێش خۆی رابگرێ.

گوتم بەداخەوە من لەو زیندانیانە نیم، کوپەی سەرهەنگ رابگرم.

چاوێکی لێ کردم و گوتی: هەر لەسەر ئەو زمان درێژیە گیراوی.

– نەخێر، لەسەر ئەوە گیراوم کەنەهێڵم تۆ کوپە ترشیات لەخەڵك بستێنی، بۆ خۆت کوپەی خۆت چاکتر پێ هەڵدەگیرێ، من زیندانی سیاسیم، زیندانی سیاسی کوپەی سەرهەنگ راناگرێ، بۆم هەڵکەوتبوو لەنێو ئۆتۆبۆس و لەگاراژ قسە بکەم. سەرهەنگ لەخولاّی دەویست بێدەنگ بم، کوپەی لەسەر کۆشی خۆی دانا و ئۆتۆبۆس کەوتەڕێ.

گەیشتینە ورمێ و راست چووینە زیندانی شارەوانی و دایانم بەبەندی سیاسیان، نێزیکەی ٥٠ کەسی ئازربایجانی گیرابوون، سمایل ئارش، یوسف عەلیار، عەبدولاّ تەئییدی، حەمزە ئەسلێ داشچی و هیتر کەپێشتر دەمناسین و پێکەوە لەورمێ کارمان کردبوو، چوونم بۆ زیندانی ورمێ، بۆ گیراوەکانی ئەوێ ببوە جێژن، شەو هەموو لێم کۆدەبوونەوە باسی فیستیوال و یەکێتی سوویتیم بۆ دەکردن، ئارش دەرسی ئابوری سیاسی پێ دەگوتین، من لەسەر جولاّنەوەی کورد و خەباتی حیزبی دیموکرات قسەم دەکرد، زۆری نەخایاند، برادەرانی مەهابادیشیان هێنا، صدیقی خاتەمی، یوسفی رێزوانی، میرزا وسێنی فروهەر، محەممەدی کەریاسی، کەریمی وەیسی، سمایلی حسامی، هاشمی وسێن زادە و چەند کەسی دیکە، بەداخەوە لەزیندانی ورمێش سابلاّخیەکان زۆرجار کێشەیان دەبوو بەشەڕ دەهاتن، رۆژێك صدیقی خاتەمی و محەممەدی کەر باسی کێشەیان ببوو، سدیق زۆر ناڕەحەت بوو، سفرەمان داخست و بانگی صدیقمان کرد بێ نان بخوا، گوتی نایەم.

پاشان من چووم و هێنام، لەسەر سفرە هەستا و دیخۆنی کردەوە.

– هەتیو ئەوە چ دەکەی، نان دەخۆین؟

– لێم گەڕێ کاك کەریم لێم گەڕێ خۆم وا لێ دەکەم چۆن من وام لێ هات محەممەد قسەم پێ بڵێ.

رۆژێکی دیکە، لەدیوی محەممەدی کەریاسی و وسێنی فروهر بوو بەهەرا، کەچوین محەممەد خوێنی لەباسکی دەهات، فروهر بەئاسنێکی تیژ لەباسکی دابوو، میرزا وسێنیان بردە زیندانی تەنیایی و پاش چەند رۆژ تکام لەسەرۆکی زیندان کرد هێنایانەوە، جارێکی دیکە سەرگورد وەکیلی کراوە بەسەرۆکی زیندان.

پەلاماری پۆلیس و ئەرتەش بۆ سەر هێزە سیاسییەکان، بەتایبەت رێکخراوەکانی حیزبی تودە کەوتبوونە بەر هێرشێکی دڕندانە، لەکوردستان هەرکەس دەگیرا بەناوی تودەیی دادگا دەکرا و پرسیاری لێ دەکرا، هەرچەندی لەدەرەوە پتر حیزبە ئازادیخوازەکان کەوتبانە بەر پەلامار فشاریش لەسەر زیندانە سیاسیەکان

زیاتر دەبوو، لەپێش دا کتێب و رۆژنامەیان بۆ دەهێناین پاشان لێمان قەدەغە کرا، دەستمان کرد بەشکایەت و نووسین و ئاخرەکەی سەرۆکی زیندان پۆلیسێکی راسپارد کەهەموو رۆژێ رۆژنامەی کەیهان و یا ئیتلاعاتمان بۆ بێنی.

رۆژێک رۆژنامەی نەهێنا، سەرۆکی زیندان هاتەژوور و پێمان گوت: ئەورۆ رۆژنامەیان بۆ نەهێناوین، بانگی پاسەوانی کرد و گوتی: بۆچی رۆژنامەت نەهێناوە؟

– دەستی هەڵێنا و قاچی لێك دان و گوتی: جەناب سەرگورد (باشنی گرمزینان یاز میشد یلار) واتە: سەریان بەسوور نووسیبوو.

وەکیلی رووی لەمن کرد و گوتی: حسامی ئێوە لەگەڵ ئەوان رووبەروون.

بەپاسەوانی گوت: بەسووریش نووسرابێ رۆژنامەیان بۆ بێنە.

لەمانگی خەرمانانی ١٣٣٣دا ژمارەی گیراوە سیاسییەکان لەزیندانی ورمێ گەیشتە ١٠٠ کەس، وردە وردە لێیان دەپرسین و ئازاد دەکران، پاشان ٦٢ کەس مانەوە، کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی زیندان لەپێنج کەس هەڵبژێردرا، منیان کردە مەسئول و وتەبێژی زیندان، جۆرە شانە بەندیەکمان دامەزراند کەهەرچەند کەس پێوەندیان بەبرادەرێکی ئەندامی کۆمیتەوە هەبوو، هەموومان بەکۆمەڵ دەژیاین و سندوقی هاوبەشمان دانا هەرکەس پوڵێکی بۆ هاتبا دەیدا بەسندوق و ئەگەریش ویستبای بەقسەی کۆمیتە بۆی دەکردرا، کەس هیچی بۆ خۆ هەڵنەدەگرت.

دادگای چاوپێخشاندنەوەی نیزامی

لەمانگی رەزبەری ١٣٣٣ (١٩٥٤) لەلایەن دادگای چاوپێخشاندنەوەی نیزامی پێم راگەیەنرا کەدادگات دەستپێ دەکا و پێویستە پارێزەرێك بۆ خۆت دیاری بکەی، دەنا دادگا پارێزەری ئیجباریت بۆ دیاری دەکا، لەوەڵام دا گوتم من ناتوانم پارێزەر بگرم، لەلایەن دادگاوە سەروان حساس کابرایەکی سنەیی بۆ پارێزەر دیاری کرا، ئەم سەروان حسایە کاتی خۆی پارێزەری پێشەوا قازی محەمەدیش ببوو، سەروا حساس دەکرا بەپارێزەری زۆربەی سیاسییەکان، کابرایەکی دەڵاڵ و جاسوسی

روکنـــی ۲ بـــوو، لـــەجیاتی دیفـــاع هەمیشـــە هـــەوڵی دەدا کـــەگیراوی سیاســـی لەوبیروباوەڕەی خۆی پەشیمان بکاتەوە، زۆرجاریش لـەم ئەرکـەدا سـەرکەوتبوو، سەروان حساس چەند جار هاتەلام و گوتی ئەگەر تەنەفور نامـە و پەشـیمان نامـە بنووسێ حەپسەکەت دەکرێتە شەش مانگ و ئازاد دەبی.

لەم رۆژانەدا کەقەرار بوو بچمە دادگا دایکم هات گوتی: دەڵێن حاجی سـەید عـەوڵا ئەفەندی لەورمێیە، نامەیەکی بۆ بنووسە دەچم بـۆی دەبـەم، دەم زانـی فایـدەی نییە بەڵام لەبەر خاتری دایکم کەتەنیا لەسەر مااڵن و دڵ بریندار بوو نامەیـەکم بـۆ نووسی وەبیرم هێناوە کەبەنامەی تۆ و لەسەر قەولی تـۆ هاتوومـەوە کوردسـتان و ئێستاش لەورمێ دادگایی دەکرێم، تکایە کارێکی وا بکە بەڵکو ئازاد بکـرێم، دایکـم نامەی بردبوە موسافیرخانەی جیهان نوما و کەس جوابی نەدابۆوە.

لەو سـەروبەندەدا رێکخـراوی لاوانـی حیزبـی تـودە لـەئازربایجان نامەیـەکی نـاردە زیندان و نووسرابوو بەهەر وەسیلەیەك بـێ تەنانـەت بەنووسـینی تەنـەفور نامـەش کـارێکی وا بکـەن لەزینـدان بێنـەدەر، لەزینـدان دا لەسـەر نێـوەڕۆکی نامەکـە بـوو بـــەباس و دم بـــە دمـــە، ئەوانـــەی ئەنـــدامی رێکخـــراوی لاوان بـــوون پشـــتیوانیان لەنووسراوەکە دەکـرد، بـەڵام ئەنـدامانی حیـزب دژی تەنـەفور نامـە بـوون، لـەوێ بۆمـان دەرکـەوت کەلـەحیزبی تـودەدا نـاکۆکی هەیـە و رێکخـراوی لاوان خەریکـە سەربەخۆ کار بکا، کۆمیتەی زینـدان بڕیـاری دا کەتـەواوی ئـەو کەسـانەی دەچـنە دادگا دەبێ دیفاعەکەیان کۆمیتە بیبینی.

رۆژی ۲۷ی رەزبـەر ئـەورۆژەی کەهـەوەڵین دەسـتەی ئەفسـەرانی حیزبـی تـودە گوللەباران کران بردیانم بـۆ دادگـا، لەکوریـدوری سـتادی لەشـکری ورمـێ تووشـی سەید موسا و ئەمیرخانی کوڕی رەشید بەگی هەرکی و برازای نوری بـەگ و چـەند شکاکی دیکە بووم، پێشتر دەمناسین، سڵاو و ئەحواڵ پرسیان کرد و گوتم ئـەورۆ دادگای من دەست پێدەکا، پێم خۆشە بێنە دادگا و ئاگاتان لەرەوەندی موحاکمـە بێ.

دادگا ئاشکرایە و دەتوانن تەشریف بێنن، زۆریان پێ خۆشبوو، چوون ئیجازەیان وەرگرت و هاتن لەسالۆنی دادگا دانیشتن، سەرۆکی دادگای نیزامی کابرایەك بوو بەنلوی سەرهەنگ هادەوی، مۆسیقا چی بوو، سەرۆکی دەستەی موزیکی لەشکری چوار بوو، زەنگی دادگا لێ درا، سەرۆکی دادگا رایگەیاند و گوتی:

– دادگای چاوپێخشاندنەوەی نیزامی بۆ پێ راگەیشتنی تاوانی عبدالکریمی حسامی دەست بەکار دەکا، ئەگەر تاوانبار یا پارێزەر ئیعترازێکیان هەیە دەتوانن قسە بکەن.

سەروان حساس هەستا و گوتی: من قسەیەکم نییە، دادگا دەتوانێ کاری خۆی درێژە پێ بدا.

من هەستام و گوتم لەسەلاحیەتی دادگا ئیعتیرازم هەیە، یەکەم ئەوەیە تاوانی من تاوانێکی سیاسیە، بەگوێرەی قانون دادگای نیزامی ناتوانێ بەتاوانی سیاسی رابگا، دووەم دادستان ئیدیعا دەکا کەگۆیا من بۆ روخانی رژێمی پاشایەتی تێکۆشاوم، وەك دەزانن سەرۆکی دادگا سەری لەمۆسیقا دەردەچێ، چۆن دەتوانێ لەتاوانێك بکۆڵیتەوە کەئامانجی گۆڕینی رێژیمی وڵات بووە؟ کەوابوو داوا دەکەم کەدادگا نەبوونی سەلاحیەتی خۆی رابگەیەنێ و پەروەندەکەم بدا بەداد گوستەری.

دادگا ئێمەی وەدەرنا و پاش پێنج دەقیقە بانگیان کردینەوە و رایگەیاند کەدادگا سەلاحیەتی هەیە و کاری خۆی دەست پێدەکا.

دادستان هەستا ئیدیعانامەی خوێندەوە و رایگەیاند کەسزای حسامی زۆر کەمە و پێویستە بەتوندی سزا بدرێ.

پاش دادستان سەروان حساس هەستا و بەناوی پارێزەر دەستی کرد بەدوعا بۆ گیانی شاهەنشا و قسەی قۆڕ، نەم هێشت قسەکانی تەواو بکا، رووم کردە دادگا و گوتم:

– لەبەرئەوەی جەنابی سەروان حساس نایەوێ باسی ئەسڵی تاوان و مەسەلە بکا و قسەکانی بەپێچ و پەنا لەتەئییدی دادستان دان، من لەپارێزەری خۆمی دەخەم

و ئیجازە دەخوازم خۆم دیفاع بکەم، سەروان حساس دانیشت و من دەستم کرد بەرەتکردنەوەی قسەکانی دادستان و دیفاعەکەی خۆم لەسی و پێنج لاپەرەدا خوێندەوە، کەتەواو بووم سەرۆکی دادگا وتی:

– پرسیارێکم هەیە دەمانەوێ رێك و راست وەلآم بدەیەوە، بیروباوەرت سەبارەت بەرژێمی پاشایەتی چۆنە؟ ئەگەر بڕوات بەرژێمی شاهەنشاهی هەیە وەفاداری خۆت بەشاهەنشا دەربڕە، لەپەروەندەدا بنووسرێ.

– ئێرە دادگای پشکنینی بیروباوەڕ نییە، ئێوە دەبێ لەسەر سەنەد و بەڵگە قەزاوەت بکەن، من بەهەموو سوننەتەکانی میللی خۆم وەفادارم.

سەرۆکی دادگا کۆتایی دادگای راگەیاند، ئێمەیان وەدەرنا، کوردەکان هاتنەدەر و دەستیان لەدەست نام و پیرۆزباییان کرد و رۆیشتن، پاش چارەگە سەعاتێك بانگیان کردینەوە، حوکمی دادگا خوێندرایەوە، لەپێنج ئەندامی دادگا ٣ کەس بۆ ٣ سالّ دەنگیان دا، دوو کەسیش بۆ ١٠ سالّ، حوکمی ٣ سالّ حەپسیان پێ ئیمزا کردم و بردیانمەوە زیندان.

بیرەوەری و رووداوەکانی زیندان

سالّەکانی زیندان هەرچەند بەناخۆشی گوزەران، باوك و ژن و منداڵم مردن و دیدار ئاخرەت بوو، دایکم بێ کەس و تەنیا لەسەر مالآن دەژیا، بەلآم رێز و حورمەت و موحیببەتی هاوڕێیان تا رادەیەك تۆلّەی ژان و میحنەتی زیندانی کردبۆوە، ئەوەی لەرادەبەدەر خەفەتباری کردبووم وەزعی دایکم بوو، زۆر بێ کەس و بێ پەنا بوو، لەزیندان زۆر بێ پوڵ بووم و هیچ کەس نەبوو جارێکیش بێتە مولاقاتم.

کاتێك لەدەرەوە بووم خەنجەرێکی دەسك سپی لەرادەبەدەر جوان و جەوهەر دار و باشم هەبوو، پێم وابوو قیمەتی تەواو نابێ.

نامەیەکم بۆ دایکم نووسی کەخەنجەرەکە بفرۆشێ و بێتە لام، دایکم خەنجەرەکەی دابوو بەکاك ئەحمەدی حاجی مستەفا و ئەویش بەشا محەممەدی خەلّکی قارنی فرۆشت بوو بە ٩٠ تمەن، دایکم هات و زۆر ناڕەحەت بوو پەرۆشی خەنجەرەکەی

بوو، پێویستە سوپاسی سەرگورد وەکیلی بکەم هەرچەند نەماوە، تا دایکم دەهات بێ سنوور دەیبردمە دەر و هەرچەندی ویستبام لەلای دادەنیشتم.

سمایلی حسامی کەزانی دایکم هاتووە هاتە لام و گوتی: وەزعی ژیانی دایکم و خوشکم زۆر شپرزەیە، هیچیان نییە، پێم خۆشە نامەیەك بۆ خانمە خانم بنووسی بەڵکو یارمەتیەکیان پێ بکا و لانی کەم هێندێ ئاردیان بداتێ.

نامەیەکم بۆ خانمە خانم نووسی و ئەو چل تمەنەی بۆ بارکردنی مااڵ دابووی بەدایکم بۆم نارد‌ەوە و بۆشم نووسی تکایە بەگوێرەی ئیمکان یارمەتی بەدایك و خوشکی سمایلی حسامی بکە، داکم نارد‌ە مەهاباد و نامەکەم پێدا نارد.

دایك چو بووە مااڵ خانمە خانم، پوڵەکەی دابۆوە، جارێکی تر کەدایکم هاتە لام گوتی: ئیتر ناچمەوە مااڵ خانمە خانم، بێجگە لەوە پوڵەکەی لێ وەرگرتمەوە زۆریش لالوت بوو، بەاڵم بەو حااڵەش سوپاسی دەکەم یارمەتی بەمااڵێ سمایلی حسامی کردبوو.

مانگرتنی ١١ رۆژە

پاش کەشف و دیتنەوەی رێکخراوی ئەفسەری حیزبی تودە و ئیعدامی ئەفسەران، کۆنەپەرستی ئێران لەدەرەوە و لەزیندان هێرشی بۆ سەر ئازادیخوازان توندتر کرد، لەپێش دا بەزیندانی سیاسی حیساب دەکراین و رۆژی نەفەری ١٧ قڕانیان دەداینێ لەزیندان خۆمان نان و چێشتمان ساز دەکرد و زۆر بەباشی دەژیاین.

جیرەی نەغەدەیان لێ بڕین و پێیان راگەیاندین کەوەك زیندانی عادی دەبێ لەچێشتخانەی زیندان خۆراك وەرگرین، شکایەتمان کرد و نامەمان نووسی فایدەی نەبوو، کۆمیتەی زیندان پاش لێکۆڵینەوە و پرس و را بەبرادەران بڕیاری دا کەمانگرتنی گشتی لەزیندان رابگەیەنێ، چەند نامەمان بۆ دادستانی لەشکری و ملکی نووسی و رۆژی مانگرتنمان دیاری کرد، زیندانیە سیاسیەکان ٦١ کەس بوون بەتێکڕایی بڕیاری کۆمیتەیان پەسند کرد، ئێمە بێ ئەوەی وەزعی سیاسی لێك بدەینەوە، ئەم واقعیەتە لەبەرچاو بگرین کەجوواڵنەوە لەپاشەکشەیە، دوژمن

پەلاماری دەست پێکردەوە، دەنگمان بەهیچ کوێ راناگات، کەس نییە لەدەرەوە لەسەرمان وەدەنگ بێ، رۆژنامە نییە بیروڕای گشتی لەمانگرتن ئاگادار بکا.

کۆمیتەی زیندان سێ کەسمان لەژوورێك راکشاین و دوو کەسیش لەژوورێك، بۆ ئەوە ئەگەر نەمانتوانی هەموومان کۆببینەوە سێ کەس بڕیار بدات، پێشبینیمان کرد بوو لەوانەیە ئەندامانی کۆمیتە راگوێزن، جێگرمان دیاری کردبوون کەکاری زیندان بەڕێوەبەرن، مانگرتن ١١ رۆژی خایاند، ١١ رۆژ ٦١ کەس بەبرسێتی رایبوارد و هیچ خواردەمەنییەك نەهاتە ژووری حەساری ئێمە، لەم ماوەیەدا چەند تیلگراف و شکایەتمان کرد فایدەی نەبوو، زۆر لەبرادەران هیلاك ببوون، یوسفی ڕێزوانی و عەولای عیزەت پور زکچوونی خوێنیان گرتبوو، رۆژی ١٠ی مانگرتن نامەیەکم بۆ سەرۆکی شارەوانی و دادستان نووسی و ڕام گەیاند لەوانەیە چەند کەس بمرن و ئێوە مەسئولن.

سەرۆکی شارەوانی ورمێ لەداوێنی نامەکە نووسیبوویەوە: زندان تحریکات ادامه دارد مراقبت کامل بعمل اید.

بەدوای ئەم نووسراوەدا پۆلیکیان سەر باز بەموسەلسەل و چەکی دیکەوە نارده زیندان و لەسەربانی زیندان دامەزران، هەر لەوسەر و بەندیش دا لەزیندانی ڕەشت پێنج زیندانی سیاسیان کوشتبوو، وەزع دەهات شپرزە دەبوو، دوکتۆرێکی زیندان هەبوو ئەگەر نەترسابایە پیاوێکی خەراپ نەبوو، دادستانی ئەرتەشی دیاری کردبوو، پازدە رۆژ جارێك دەهاتە زیندان، رۆژی ١١ی مانگرتن دوکتۆر هات و چووبوە دیوی یوسفی ڕێزوانی و عیزەت پور، پاشان هاتە دیوەکەی من و گوتی:

– حسامی جوابتان نادەنەوە، ئەم دوو کەسەی زکچونی خوێنیان گرتووە لەوانەیە بمرن، تۆ بەمەسئول دەزانن، باشترە مانگرتنەکە بشکێنن، دەنووسم شیرتان بۆ بێنن و تا ٣ رۆژ بێجگە لەشیر و ئاو و خواردنی ئاوەکی، نابێ هیچی تر بخۆن.

کۆمیتەی زیندان پاش لێکدانەوەی وەزع بڕیاری دا مانگرتن بشکێنین، نامەیەکمان بۆ سەرۆکی زیندان نووسی: بۆ ئەوە کەزیندانیانی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەر، فیدایی سەرەڕۆیی و زوڵم و جنایەتی کار بەدەستانی رژێم نەبن، بڕیاردرا دەست

لەمانگرتن هەڵبگرین، داوا دەکەین دوکتۆری زیندان بێ و بەگوێرەی دەستوری ئەو خواردنیان بدرێتێ.

ناردیان دوکتۆر هات، شیریان هێنا، حەسەنی ئەردەهالی خەبەری نارد کەلەماڵەوە ئاش و شیر برنج بێنن، مانگرتنی یەك پارچەی ٦١ زیندانی سیاسی بێ گەیشتن بەنەتیجە کۆتایی پێ هات.

پاشان لەباس و لێکۆڵینەوەی بڕیاری مانگرتن دا هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەبڕیارە کە لەجێی خۆی نەبووە، هێندێ تەئسیری نالەباریش لەسەر وڕەی هێندێ برادەران ببو.

لەنێوان زیندان دا لایەنگرانی شەرمینی ئەندامی رێکخراوی لاوانی حیزبی تودە رێبەرایەتی حیزبیان پەلامار دەدا، برایانی ئازربایجانی ناکۆکی توندیان لەنێودا پەیدا بوو، لەزیندان دا رۆژی دووی رێبەندانمان جێژن گرت، لەزیندان دا کلاسی دەرسی سیاسیمان دانا، هێندێك زمانی ئینگلیزیمان دەخوێند، برادەرێکی ئەرمەنی دەرسی روسی بەچەند برادەرێك دەگوت.

تا دەهات پتر فشاریان بۆ دەهێناین، رۆژنامە و کتێبمان لێ قەدەغە کرا، تیغ و ئەسبابی ریش تاشینیان لێ قەدەغە کردبووین، هێندێ لەزیندانیەکان لەبیانویەك دەگەڕان کەخۆجیاکەنەوە و یا بەجۆرێك بچنەدەر.

لەم سەروبەندەدا دەنگوباس بڵاوبۆوە کەگۆیا سوپەیای ژنی شا کوڕی دەبێ دەیانگوت ئەگەر وابێ، فەرمانی لێ خۆشبوونی گشتی دەردەچێ، گیراوە سیاسییەکان ئازاد دەکرێن، رۆژێك لەنێو برادەران باسی ئەم مەسەلە بوو.

سمایل ئارش بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی ورمێ، یادی بەخێر بێ گوتی:

– هاوڕێیان با تۆزێك بیر لەخۆمان بکەینەوە و قوڕ وەسەرمان بکەین، ئێمەی کەرۆژێك دەمانویست رژێمی پاشایەتی دەرووخێنین و رژێمی خەڵکی دادەمەزرێنین، ئێستا چاومان دەفلآن جێی سوپەیا بڕیوە کەکوڕی لێ بێتە دەر و ئازادمان کەن.

موقەددەس

رۆژێك پاسەوانی حەساری ئێمە درەنگ هات، پاشان خوسرەوخان کەوەکیل داخلە بوو هاتەژوور و ئاژانێکی وردیلەی تریاکی پیسی لەگەڵ خۆ هێنا و گوتی:

– ئەمەیان تازە بۆ کیشکی حەساری ئێوە لەشارەوانییەوە ناردووە، لای نیوەڕۆ سنەرگورد وەکیلی سەرۆکی زیندان هاتەژوور و بەعادەتی خۆی هات لەدیوەکەی من قوونی وەسەر قەرەوێلّە دا و بانگی کابرای پاسەوانی کرد و گوتی: گیدە ئیسمایل گیل برە (واتە کوڕە سمایل وەرە ئێرە)، سمایل هات قاچی لێك دان، رووی لەمن کرد و گوتی: حسامی ئاگاتان لەئیسمایل بێ، کوڕێکی (فرە موقەددەسە).

پاسەوان سەرێکی بۆ دانواند و دەستی بەسینگیەوە نا و (ئەلاعمومر وپرسنیکی) پێ گوت و رۆیشت.

پاشان گوتی کەریم دەزانی مقدس یانی چی؟

– چۆن نازانم، بەڵام ئاژانیش مقدس دەبێ؟

– گوتم نازانی، با پێت بڵێم، مقدس چوار حەرفە (میم هەکەی یانی ماسك کێشە، قاف هەکەی یانی قورمساخە، دالەکەی یانی دەێوزە، سینەکە یانی سیکترانە)، ئەو سەگبابە بێ شەرەفە جاسووسی سەرۆکی شارەوانییە، بەبێ پرسی من ناردوویەتە ئێرە، ئاگاتان لەخۆ بێ.

ئیسماعیل وەك رێوی خۆی لەپشت دەرگاکان مات دەکرد، گوێی هەڵدەخست، لەنۆرە کێشکی شەوانەی زووتر چرای لەسەر دەکوژاندینەوە، بەکورتی بۆ ئەزیەت دانی ئێمە ناردرا بوو، رۆژێك ٢٥ی مانگ بوو دەمزانی ئیسماعیل قرانێکی لەگیرفان دا نییە، پاسەوانی رژێمی شاهەنشاهی پاش ١٥ی مانگ قەرزدار بوو هیچی نەدەما، بەتایبەت ئەگەر تریاك کێش بایە، چومە لای ئیسماعیل و سڵاوێکم لێ کرد و گوتم: چۆنی؟ دەستی پێ کرد لەژیان گلەیی هەبوو، دەیگوت منداڵم نەخۆشن پارەم نەبوە دەرمان بکرم، لەوە دەچوو لەبەر بێ پارەیی تریاکی نەکێشابێ.

گوتم: ئیسماعیلاغا تۆ کوڕێکی باشی، بەتایبەت سەرۆکی زیندان لێت رازییە، لەبەینی خۆمان بێ دەرنەچێ دەزانم پوڵت نییە، پاسەوانی فەقیر پارەی لەکوێ بوو من لێرە پارەم هەیە، دەتوانم هەتا سەری مانگ بەقەرز بت دەمێ.

چاوێکی لێ کرد و وەک سەگی هار بەگژم دا هات: تۆ زیندانی سیاسی چۆن پارە دەدەی بەمن، ئەوە سزای هەیە، من خزمەتکاری دەوڵەتم، ئێوە دوژمنی دەوڵەتن، ئێستا راپۆرت بدەم دەزانی چیت لێ دەکەن؟

– گونی بارگینم دەگرن، من بەسێ سالّ مەحکوم بووم، هیچ غەڵەتی دیکەیان بۆ ناکرێ، من لەبەر تۆ بوو، منداڵت نەخۆشن، ئێوە ئەوەندە فەقیرن قازانج و زیانی خۆتان نازانن، پارەت ناوێ بەجهەندەم.

چەند رۆژ پێ چوو رۆژێك ئیسماعیل هات و لەحەساری زیندان هاتووچۆم دەکرد، سڵاوی کرد و گوتی: (ئاغا کەریم بیر ئەرزم وار) واتە عەرزێکم هەیە.

– فەرموو بزانم دەڵێی چی؟

– منداڵەکانم نەخۆشن، ئەگەر دە تمەنم بەقەرز بدەیەی فرە مەمنون ئەبم.

حقوقم وەرگرت دەت دەمەوە، بەڵام لەبەینی خۆمان دابێ.

– بەچاوان، دەزانم تۆ کوڕێکی فەقیری، ئێستا بۆت دێنم.

چوومە لای مەسئولی مالی و گوتم: دە تمەنم بۆ بێنە دەیدەم بە (مقدس).

– کوڕە لەو بێناموسەی گەڕێ تووشی بەزمێکت دەکا.

– بۆم بێنە کارت پێدا نەدابێ، دە تمەنی بۆ هێنام و دام بەئیسماعیل، ئەڵا سەنی نەجات ویرسن، ئەوەی گوت و رۆیشت.

پێنج و شەشی مانگ بوو هات و گوتی: پوڵەکەم بۆ هێناویەوە، زۆر سوپاس.

– من لەزیندان پێویستم نییە، دەزانم حقوقی ئێوە بەشی هیچ ناکا، جارێ تۆ خەرجی کە، ئەگەر منداڵەکانت چاك بوونەوە و پارەت هەبوو بمدەوە.

– ئەلاعومر ویرسنێکی گوت و رۆیشت.

١٧ی مانگ بوو بەئیسماعیلم گوت:

– کارێکم پێتە، تیغم نەماوە، زۆر مەمنون دەبم دەستە تیغێکم بۆ بێنی، لەبەینی خۆمان دەرناچێ.

– وەك سەگ بەگژم داهات، چۆن شتی وا بەمن دەڵێی؟ قەدەغەیە، من خەیانەت ناکەم، جارێکی تر باسی شتی وا مەکە.

– باشە توڕە مەبە، پێم وابوو هاسانە و کەس نازانێ، بێنە دە تەنەکەم بدەوە.

– بەچاوان سەری مانگ بۆت دێنمەوە.

– غەڵەت دەکەی، تۆ پاسەوانی دەوڵەتی، چۆن پوڵ لەزیندانی سیاسی وەردەگری؟ ئێستا بانگی سەرگورد دەکەم، لەجیاتی خزمەت هاتووی لەگەڵ زیندانی قەرز و قوڵ دەکەی.

بزێکا، تێکچوو، دەستی کرد بەپاڕانەوە، منداڵم هەن بەدبەختم مەکە، لەسەرخۆ، دەنگ هەڵمەبڕە، لەبەر تیغ وادەکەی بێنە تەنێکم دەیە ئەو ژارە مارەت بۆ دێنم. تەنێکم دایە و تیغی بۆ هێناین، ماوەی چەند مانگ لەگەڵ (موقەددەس) ئەوە بەزمم بوو، سەری مانگ پارەکەی دەهێناوە لێم وەرنەدەگرتەوە. ١٦ و ١٧ی مانگ هەڵم دەپێچا، هەرچی ویستبام پێم دەهێنا.

ئەگەر پیاو بم بەسمە

خوسرەو خانی وەکیل داخیلە یەکێك لەو ئاژاوە بێ زەڕ و هێدی و باشانە بوو کەبەشازلە نێو جسنی ئاژان دا هەڵدەکەت، لەگەڵ من نێوانی خۆش بوو، دەهاتە ژوور دەیگوت: حسامی شلۆقی دەکەی، هەرچی لەم زیندانە بکرێ خەتای تۆیە.

ڕۆژێك هاتە حەسار و بانگم کرد گوتم وەرە چایەك بخۆوە.

– لای تۆ چا بخۆمەوە لێم گەڕێ، چای تۆم ناوێ.

– بریا زراوت چووبا، وەرە چایەك بخۆوە.

خوسرەو خان هاتە ژوور و قونی وەسەر قەرەوێلەکەم دا و بەیوسفی ڕێزوانیم گوت: چایەکی بۆ تێکە، چایەکەی خواردەوە و هەستا.

– ڕاوەستە چایەکی دیکەش بخۆوە.

– کیشی ئۆڵسەم بەسم دی. (واتە ئەگەر پیاوبم بەسمە).

خوسرەو خان رۆیشت، پاش دوو رۆژ کەنۆرەی بوو دەبوایە بێتەوە زیندان دیار نەبوو، لەدوو نۆران هەر نەهات، پرسیم خوسرەو خان دیار نییە.

– دەریان کرد.

پاش سێ مانگ رۆژێك خوسرەو خان لەحەساری زیندان وەژوور کەوتەوە.

کوڕەکان بەگەرمی بەخێرهاتنیان کرد و منیش چاك و خۆشیم لەگەڵ کرد و پرسیم:

– ئەوە چیت بەسەر هات؟

– تۆ دەزانی؟ تاقە چایەکی تۆ بۆ من بەپێنج هەزار تمەن کەوت، ئەو رۆژە کەلای تۆ چام خواردەوە ئیسماعیل پاسەوان راپۆرتی داوە کەخوسرەو خان هەموو رۆژێ بەیانی دەچێتە دیوی حسامی و قسان دەکەن، رۆژی دوایی لەشارەوانی بانگیان کردم و نامەی (چاوەڕوانی خزمەت)یان دامە دەست، پاش ٢٢ ساڵ خزمەت خانویەکم پەیدا کرد بوو منداڵەکانی تێدا دەحەوانەوە، ناچار خانوەکەم لەبارمتەی پێنج هەزار تمەن دانا و چوومە تاران ٣ هەزار تمەنم بەرتیل داوە و دوو هەزارم خەرج بووە و هاتوومەوە، پێم نەگوتی: کیشی ئۆڵسەم بەسم دی.

بۆ تەویلەی سەربازخانە

لەمانگی جۆزەردانی ١٣٣٤ (١٩٥٥) سەرگورد وەکیلی سەرۆکی زیندانیان گۆڕی، ئەفسەرێکی فارسی بێ حەیا و شاپەرستیان کردە سەرۆکی زیندان، هەر رۆژی هەوەڵ هاتە نێو ئێمە و بانگی کردین و گوتی:

– پێم خۆشە بزانن من زۆر جیددیم لەکاری خۆم، بێ ئیزباتی قبوڵ ناکەم، ئێوەش بەزیندانی سیاسی نازانم هێندێ قسەی بێ جێ.

من پێم گوت: وادیارە تۆ تازە کاری، ئێمە ئەرکی خۆمان زۆر باش دەزانین و بەهیچ جۆر رێگاش نادەین کەس بێ قانوونی بکا، ئێمە خۆمان بەزیندانی سیاسی دەزانین و تۆش باشترە هەر ئاوامان بناسی.

پاش دوو رۆژ هاتنە زیندان ناوی پێنج کەسیان خوێندەوە و گوتیان ئەشیای خۆتان بپێچنەوە و ئامادەبن بەڕێ دەکرێن.

مەعلومیش نەبوو بۆ کوێ و بۆچی؟

کۆمیتەی زیندان لەپێش دا لای وابوو کەپێویستە ئیعتیراز بکەن، ئەوانەی بانگ کراون نەچن، پاشان لێکمان داوە فایدەی نەبوو، ئەز و یاوەر زادە خانیشانی و ئەسفەری زموودە و یەکی دیکەیان بردەدەر، لەپێش دا خەبەرێکی وا هەبوو کەبۆ زیندانی تەورێزمان بەرن، کاتێك وەدەرکەوتین سواری ماشێنیان کردین و بردیانین بۆ سەربازخانە، لەپێش دا لەعەمبارێك لیباسیان لێ وەرگرتین و تەنیا بیجامەیان داینێ، لەتەویلە هێستریان دەرکێشان و دوو بەدوو دەتەویلەیان کردین، من و ئەسفەری زموودەیان پێکەوە دەتەویلە کرد، رۆژی نانێکی وەك سەولەیان دەهێنا و لەئاخورەکەیان داویشت، لەسەر سمینتی رووت پێڵاومان لەبن سەر دادەنا و درێژ دەبووین، ئەوانی تر لێمان دوور بوون و نەماندەتوانی پێکەوە قسە بکەین، رۆژێ قاپە چێشتێکی سەربازخانەیان بۆ دەهێناین و پێمان نەدەخورا، رۆژی جارێك دەیان بردینە سەر ئاو، ئاودەستەکە لەدەرەوەی حەساری سەربازخانە بوو.

لەو نانەی بۆیان دەهێناین مۆرەی شەترەنجمان دروستکرد و لەسەر عەرز شەترەنجمان کێشا و یاری مان دەکرد، کەنانەکەیان دەهێنا شەترەنجەکەیان دەبرد، ئێمە دروستمان دەکردەوە و رۆژێکی تر دەیان برد.

زموودە نەخۆش بوو زکچوونی گرت، رۆژێك دوکتۆری نیزامی هات تەماشای کرد، لاقیشی دێشان و رۆماتیزمی بوو، دکتۆر دەرمانی رۆماتیزمی بۆ ناردبوو، کەهێنایان نووسرابوو بیخواتەوە، بەڵام دەبوایە دەقاچی هەڵسوێ، بۆنی پێوە کرد، گوتی: بۆنی زۆر گرانە ناخورێتەوە.

– کورە هیچ نییە وەزارتی کە.

شوشەی بەزاریەوە نا خواردیەوە و هێندەی پێ نەچوو وەعەرزی کەوت، کردم بەهاوار و هاتن بردیان و ئیتر نەیان هێناوە، بردبوویانەوە زیندان.

بەتەنیا لەتەویلەدا مامەوە، تەویلەی سەربازخانەی ئێران دەرگا کە هەتا سەر نییە، هەتا سینگی ولاخ دێ و سەرەوەی ئاوڵەیە، ولاخ پێدا مل دێنێتە دەر، رۆژانە لەسەر سمینت درێژ دەبووم و یا لەجێگای هێسترەکەدا هاتووچۆم دەکرد، لەبەرخۆمەوە شیعر و گۆرانیم دەگوتن، ئەو سەربازانەی بۆ کێشک دەیان هێنا پێیان دەگوتن نابێ قسەمان لەگەڵ بکەن، نابێ رێگا بدەن قسان بکەن، کاتێک شیعرم دەخوێندەوە سەربازەکە دەیگوت قسە مەکە.. بێدەنگ بە. گوێم نەدەدایە، بانگی سەرگروهبانی دەکرد و دەیگوت:

– (سەرگروهبان بو ئویز ئویزنە دانیشر هیچ بیلمرم نەدییر) واتە لەخۆوە قسە دەکا نازانم دەڵێن چی.

سەر گروهبان دەیگوت: با قسان نەکان، گوێم نەدەدایە، شەوانە خەوم لێ نەدەکەوت، پاش ماوەیەک پۆلیس سەربازی کوردیان هێنابوو، شەوانە کۆدەبونەوە بلوێریان لێ دەدا، پێڵاوەکانم لەبن سەر دەنا و درێژ دەبووم لەگەڵ دەنگ و هەوای بلوێرەکە خەیاڵ هەڵی دەگرتم و خەوم لێ دەکەوت.

رۆژێک سەربازێک هەر دەنگی دەدام کەقسە نەکەم، پێم گوت: ئێوە بۆچی ئەوەندە فەقیرن، بۆ لەگەڵ من قسە ناکەن، منیش وەک ئێوە ئێرانیم، لەسەر دزی و پیاوکوژی نەگیراوم، دیتم گوێ هەڵدەخا، چەند قسەی دیکەم کرد، کابرا چاوێکی دەوروبەری خۆی کرد و گوتی: بەئێمە دەڵێن تۆ دوو ئەفسەرت کوشتوە ئیعدام دەکرێی، نابێ قسەت لەگەڵ بکەین.

– درۆ دەکەن، من لەسەر سیاسەت گیراوم، بۆ ئەوە کەباش تێ بگا گوتم: من فیرقەچیم، کەناوی فیرقەم هێنا قوت بوو، گوتی:

– بەراستیتە؟ من مامێکم فیرقەچی بوو، لەمیانە ئیعدامیان کرد.

– منیش وەک مامی تۆ فیرقەچیم، بۆیە ناهێڵن ئێوە قسەم لەگەڵ بکەن.

سەرباز وەختی تەواو بوو رۆیشت، یەکی تر هاتە جێگای، پاش دوو رۆژ کەنۆرە کێشکی بوو هاتەوە، خەیارێک و دوو تەماتەی سووری بۆ هاویشتم.

رۆژێك ١٥ کەسی خەڵکی باراندوز چایی یان هێنا و لەنێزیك من دەتەویلەیەکی گەورەیان کردن، دەنگمان دەگەیشتە یەك، برادەرێکی ئەرمەنیان لەگەڵ گیرابوو دەمناسی، جارێکی تر پێکەوە لەزیندان ببووین، پێم گوت (خونە) بۆ گیراون؟

– جەمشیدی خوێڕی دوو رۆژان هاتووچۆی کردین و گیرا، ناوی ئێمەی گوتوە و گیراوین دڵخۆشیم دانەوە، غیرەتیان کەوتەبەر، حەوتویەك لەوێ رایان گرتن، هەموو رۆژ داوەتیان دەکرد.

رۆژێك داوام کرد بچمە ئاودەست، سەربازێکیان ناد وەپێش خۆی دام، کەلەحەساری سەربازخانە چووینە دەر، بەتورکی لێم پرسی: خەڵکی کوێی؟

بێدەنگ بوو، جوابی نەداوە.

– لاڵی جواب نادەیەوە؟

– تورکی نازانم.

– کوردی، باشتر خەڵکی کوێی؟

– خەڵکی چەقەلا مستەفام.

– کوڕی کێی؟ من خەڵکی چەقەلا مستەفا هەموان دەناسم.

– ناکا تۆ کاك کەریمی حسامی بی؟

بەڵێ هەوم تۆ کوڕی کێی؟

خەریك بوو بگری، گوتم هیچ نییە ناڕەحەت مەبە، کوڕی کێی؟

– کوڕی وەستا رەحمانی دارتاشم، بابم چەند رۆژ پێش ئێستا سەرم بدا باسی تۆی کرد و گوتی دەڵێن کوژراوە، دایکی هاتۆتە ورمێ لەزیندان نەیدیوە.

– گوتم ناڕەحەت مەبە و ئەگەر کەسی لای خۆمانت دیت بڵێ ماوە، دایکم لەدورگەیە و بەڵکوو خەبەری بدەنێ.

پاش دوو مانگ رۆژێك دادستانی لەشکر لەگەڵ یەك دوو ئەفسەران پەیدا بوو، هاتە بەر دەرگای تەویلەکە و گوتی: بۆ دەبێ کارێکی وا بکەی جێگات ئێرە بێ، گوتم: لەرۆژمی ئێوەدا ئەوە شتێکی سەیر نییە، بۆچی ئێوە رێگا نادەن سکاڵای خۆم بۆ شوێنە بەرزەکانی حکومەت بنێرم، ئێوە بۆچێ لەکاغەز و قەڵەم دەترسێن؟

رژێمێك لەقەڵەم بترسێ و قانوون لەژێر پێ بنێ ئەو ریژێمە راناوەستێ با سەرنێزەشی لەپشت بێ، بەتوند و بەتووڕەیی قسەم دەکرد، دادستان گوتی زمانت گرێدە.

ئەگەر بەنووسین بەڵێنی بدەی کەلەزیندان هێدی و هێمن دەبی دەتنێرمەوە شار.

– لەزیندان هیچم نەکردووە، ئێوە بەمەعمورەکانی زیندان بسپێرن، کەوەك ئینسان ببزونەوە، ئەوەی دەوڵەت بۆ زیندانی دیاری کردووە بیدەنێ لێی نەدزن، لانی کەم ئەم قانوونە چەپەڵەی خۆتان لەبەرچاو بگرن، رۆژنامە و کتێبی ئازاد بێننە زیندان.

دوای قسەکانی من دادستان رۆیشت، زۆری پێ نەچوو ئەفسەرێك و دوو سەرباز پەیدا بوون، بردیانمە دەر، جل و بەرگەکەیان دامەوە و سواریان کردم بۆ زیندانی شارەوانی.

هاوڕێیان کەدیتیانم لەئامێزیان گرتم، سەرو ریشم هاتبوو، ئاوێنەیان بۆ هێنام و بۆ هەوەڵێن جار تاڵە مویەکی سپیم لەریشم دا دیت، بۆم بوو بەفیکر و گەلێکی پێوە ناڕەحەت بووم.

هەر ئەو رۆژە ئەوانی دیکەشیان هێناوە زیندان، یاوەڕ زادە کەمەسئوڵی لاوان بوو سەر و سمێڵێکی زۆر رەش و جوانی هەبوو، وبستبوویان سمێڵی بتاشن، بەربەرەکانی کردبوو، گروهبان هاتبوون دەستێکی باشیان کوتابوو پاشان سەرو سمێڵیان جوان تاشی بوو.

وەزعی زیندان وەك جاران نەما، هێندێك بەتەنەفورنامە دەچوونە دەر، هێندێ لەکۆمۆن جیا دەبوونەوە و بەتەنیا دەژیان، ئەو تەنگ و چەڵەمەی کەلەسەردەمی شکانی جوڵانەوەدا پەیدا دەبن لەزیندانی ورمێ دا سەریان هەڵدابوو.

یوسفی رێزوانیان بردبووە زیندانی تەورێز، نامەیەکی بۆ نووسیبوم کەغەنی بلوریان و سولێمانی موعینی گیراون، عەزیز یوسفیش گیرابوو بەڵام پاش ١٣ مانگ ئازاد کرابوو، لەتەواوی ئەو ماوەیەدا هیچ پەیوەندیەکی حیزبی لەگەڵ زیندان نەگیرا.

لەزیندانی عادی دا

لەگەڵ وەکیل داخیلە ڕێك کەوتبووم کەحەوتووی ڕۆژێك ڕێگام بدەن بچمە نێو زیندانی عادی، خەڵکی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان بەتاوانی جۆربەجۆر دەگیران و دەیان هێنان بۆ زیندانی ورمێ، دەنگوباسی ناوچەم دەزانی، نامەم بۆ فەقیر و هەژاران دەنووسی، فێرم دەکردن لەدادگا و باز پورسی چ بڵێن، کوردەکان لێم کۆدەبوونەوە و هەرکەس دەردی دڵی خۆی دەکرد، نەتیجەی گشت باس و قسەکانیش هەر ئەوەبوو (ئیشەڵا ئازاد دەبی).

ڕۆژێك گوتیان کابرایەکی پیری خەڵکی نێو مەنگوڕانیان هێناوە، ئیجازەم وەرگرت و چوومە بەندی عادیەکان، کاتێك دەچووم لەژوورێ عەوڵای بۆ عەوێز دادەنیشتم، عەوڵا خەڵکی زەرگەتەن بوو، لەسەر ژن کوڕی سەید مارفی نالّبەندی کوشتبوو بەحەپسی ئەبەد مەحکوم کرابوو، لەدەلاوان وەختی خۆی جیران بووین و یەکترمان دەناسی، عەوڵا لەزیندان فیکری گۆڕابوو، تۆزێك خوێندن فێر ببوو، بیری کوردایەتی و ژێر دەستی چوبوە دەمێشکی، ببوە مرۆڤێکی ئازادیخواز، لەزیندان پارەیەکی کۆکردبووە و دەستی فەقیر و هەژارانی دەگرت، حەوتووی ڕۆژێك منی بانگ دەکرد، نان و چێشتی باشی ساز دەکرد.

لەژوورەکەی عەوڵا دانیشتم و گوتم دەڵێن یەکی مەنگوڕ گیراوە بانگی کەین، پیرە پیاوێکی ریش سپی ڕووتەکە کوڕێکی مێر منداڵی لەگەڵ بوو هات دانیشت.

بەخێرهاتنم کرد و لێم پرسی:

خەڵکی کوێی و ناوت چییە؟

– خدرەکەچەڵی سوستانیم پێ دەڵێن، ئەو هەڵەش خوارزامە.

– مام خدر لەسەر چی گیراوی؟

دەستی بۆ خوارزاکەی ڕاداشت و گوتی: دەڵێم لەژنی من بپرسە لەبۆ لەمن دەپرسی؟

دەستمان کرد بەپێکەنین، مام خدر گوتی:

– جا بەئاغای خۆم بڵێم لەپشتی شنۆیە لەکوێستانی رەنۆلی زەرزان لەبۆ ماینی مام سالاّن برد، ماینێکم گرت و هێنام وەژنی خۆم دا. (بەخوارزاکەی دەگوت) گوتم بیگرە تا دەچم یەکی دیکەش دێنم، ماین لەدەست ژنێ من بەر هەل بوو، چووە نێو رەشمالاّن، لێمان وەدەرکەوتن گرتیانین و دایانین بەژاندارمە شنۆیە، لەوێ دوو رۆژ رایان گرتین و ئێستاش ئەوە دەکونە رەشیان کردووین.

گوتم: مام خدر کاغەزت لەبۆ دەنووسم و ئیشەلاّ بەر دەبی، بەلاّم ئیتر دزی مەکە، لەباز پرسیش حاشا بکە بڵێ درۆ دەکەن.

– ئەگەر ئەوجار نەجاتیم دەبێ، هەرسێك تەلاّقم کەوێ دەبمە تاژی بایزە روتێ تازە قەڵەتی لەبۆ نادەم.

یەك دوو جار نامەم بۆ مام خر نووسی و ئیلتیزام بەریان دا.

بابەکر چاوشین

رۆژێك گوتیان دوو کەسی خەڵکی شنۆ گیراون، تکام لەوەکیل داخیلە کرد کەئەو دوو کەسەم بۆ بێنیتە حەساری ئێمە لەشنۆیە راهاتوون رەنگە خەبەرێکی دایکم بزانن، وەکیل داخیلە چوو هێنانی، کەهاتن یەکیان بابەکر چاوشین بوو پێشتر دەمناسی پیاوێکی قسەخۆش و سەیر بوو، جاروبار تۆکەری ئاغایانی دەکرد و هێندێ جار مەڕدار و خۆش نوشین بوو، جاری وا هەبوو قاچاخی دەکرد، کەهاتەژوور و چاوی بەمن کەوت گەش بۆوە، بەخێرهاتنم کرد و دانیشتن، تەماشای کرد دیوەکەی من پاك و خاوێن و قەرەوێلّە و شتی تری لێیە پێی سەیر بوو گوتی:

– ئەوە تۆش زیندانی؟ ئەدی بۆچی دیوی ئێمە دەڵێی تەویلەیە، تەلاّقم کەوێ ئەو دەولّەتە کەرە، تۆ ئەوە دەیرووخێنی ئاوات رادەگرێ، منیش هیچم نەکردووە دەتەویلەی کردووم.

– جارێ پێم بڵێ لەسەر چی گیراوی؟ تۆ و زیندان؟

– جا ئێستا چت پێ بڵێم لەو گاندەرەی بپرسە؟

هەتیوێکی لەگەڵ بوو دەستی بۆ راداشت.

هەتیو وەدەنگ هات و گوتی: بابەکر نابێ ئاگات لەزاری خۆت بێ.

– چۆن ئەوە زمانیشت دەگەڕێ؟ ژنی من، تۆ دەچیە زك کچە رەعیەتی فەقیر و بێناموسی دەکەی من تووشی زیندان دەبم.

گوتم مەسەلە چییە بۆم باس کە.

– ئەو خوێڕیە کوڕی قەرەنیئاغای زەرزایە، بۆ مستەفا خانە، ژنێ من شەو چۆتە زگ کچە رەعیەتێك، کچ هاواری کردووە و بابی کیژەکە چووە لەشنۆ شکایەتی کردووە ئەو هەتیوەیان بردووە و لەوێ گوتوویە بابەکرم لەگەڵ بووە، شیرم لەسەری تۆدابێ ئاگا و خەبەرم لێ نەبووە، رووی لەهەتیو کرد و گوتی: جا بێ عەدەبیە لەخزمەت کاك کەریم بەڵام تۆ ئەو خودایە لەگەڵت بووم ژنێ من؟

ئێمە پێدەکەنین و هەتیو سەری دەبەر خۆ نابوو، گوتم جارێ با چایەکت بۆ ساز کەم لێرە رەعیەت زۆر گیراون پێیان بڵێ تۆڵەی لێ بکەنەوە، بەیوسفی رێزوانیم گوت:

– یوسف گیان چایەك بۆ بابەکر سازکەین، یوسف پەرەمێزی هێنا، یەك دوو ناسوسی لێ دا و شەمچەی پێوە نا و گرەی لێوە هات، بابەکر چاوشین زۆر بەسەیرەوە تەماشای کرد و گوتی ئەوە چییە؟ شتی سەیرت لەکنە.

– چۆن ئەوە پەرامێزە زۆر بەهاسانی نان و چێشت و چای لەسەر ساز دەکرێ.

– جا ئەوە دەزانی بۆچی چاکە؟

– بۆچی؟

– جا کاکی خۆم ئەوەت لەمانێ هەبێ، جا بڵێ دەی، نیوە شەو میوانت لێ وەژوور کەون، دەتەوێ ژنە تیوی هەڵبستێنی چایەك سازکا، وەخەبەر نایە و راست نابێتەوە، ئەوەی بێنی لەپێش خۆت دایبنێی و چای خۆت سازکەی و دایەی وا لێ بکەی بەشی نەدەی.

بابەکر کەهەموو ژینی لەگەڵ میوانی قاچاخی و شتی ئاوا بردبووە سەر، هەموو فیکر و بیری لەبارەی پەرامێزەوە لەسەر ئەوەندە ساخ ببووە.

خۆ لەسەر پیاو کوشتن نەگیراوین

رۆژێك سەرگورد وەکیلی سەرۆکی زیندانی شارەوانی ورمێ بانگی کردم و گوتی دەمەوێ تکایەکتان لێ بکەم، دوو هەتیوی حیز لەسنوری تورکیا گیراون، باندێکی قاچاخ ویستوویە بیان با لەتورکیا بیان فرۆشی، داد سەرا ناردوونیە ئێرە تا دەیان نێرنەوە بۆ تاران، ناوێرم بیان دەم بەزیندانی عادی، لەکەلکیان دەکەن، لەحەساری ئێوە دیوێك چۆلە رێگا بدەن دوو سێ رۆژ با لەوێ بن تا دەڕۆن.

سەبارەت بەدۆستایەتی وەکیلی گوتم با بێن بەلام با برادەران نەزانن کەشوغلی شەریفیان چییە.

هەتیویان هێنا و چوونە ژوورە بەتالەکە، لەگەڵ کچان فەرقیان نەدەکرا، لەزیندان دا هیچ شتێك ون نابێ، ئاشکرا بوو کەلەسەر چی گیراون و شوغڵیان چییە چەند رۆژ لەحەساری ئێمە مابوونەوە و سەودایان لەسەید حەسەن کردبوو، سەید حەسەن خەڵکی سەرابی ئازربایجان بوو، لەزەمانی حکومەتی میللی ئازربایجان دا لەسەراب بەرپرسی تەشکیلاتی فیرقە ببوو، کاتێك حکومەتی ئازربایجان تێکچوو بوو، دەرەبەگ و شا پەرستی ناوچە چووبوونە سەری بیکوژن، سەید حەسەن وەك شۆڕشگێڕێکی راستەقینە دەستی نەدابوو، شەڕی کردبوو ١٧ کەسی کوشتبوو تا ئەرتەش گەیشتبوونە، خۆی تەسلیمی ئەرتەش کردبوو، سەید حەسەن لەدادگای نیزامی مەحکوم کرابوو بەئیعدام، دادگای چاوپێخشاندنەوەی نیزامی بەو دەلیلە کەدژی دەوڵەت شەڕی نەکردووە و تەسلیمی ئەرتەش بووە، شەڕی پێش دیفاع لەخۆی بووە حکومەتی ئیعدامی کردبووە ئەبەد و بەزیندانی سیاسی دەناسرا.

لەزیندانی تەورێز لەگەڵ زیندانیە سیاسییەکان لەمانگرتن و هەرادا بەشداری کردبوو هێنابوویانە زیندانی ورمێ، گەلێکمان رێز لێ دەگرت، دوکانێکی دانابوو برپیارمان دا بوو هەموو شت لەسەید حەسەن بکرین، لەجیاتی سەید پێمان دەگوت (میری).

رۆژێك ئەو دوو هەتیوە نازانم لەسەرچی لەگەڵ میری بەشەڕ هاتبوون، هەتیو کەلەسەر حیزی گیرابوو بەسەید حەسەنی گوت:

– بێ شەرەف خۆ من وەك تۆ لەسەر پیاو کوشتن نەگیراوم.

میری ئاگری گرت، هاواری کرد: کوڕە وەرن بمکوژن گۆڕی ١٧ کەسم گاوە، چەکداری سەراب و ئەردەوێڵم وەسەرگەڕان تەسلیم نەبووم ئێستا گاندەرێك پێم دەڵێ وەك تۆ لەسەر پیاو کوشتن نەگیراوم.

میری گوتی: یوڵداش کەریم تا دوو سەعاتی دیکە ئەوانە لێرە وەدەرنەنێی هەردووکیان دەکوژم، کوڕەکان گاڵتەیان لەگەڵ میری هەبوو گوتیان میری تۆ ئەوە چەند ساڵە لەزیندانی با دەریان نەکەین و شەو بێنە لات.

وەکیل داخیلەم بانگ کرد و گوتم ئەوان لێرە راگوێزن، هەتیویان بردنەدەر و لەژوورێك پاسەوانان چەند رۆژێك رایان گرتبوون.

بزم پایی (واتە بەشی ئێمە)

لەبەندیخانەی ورمێ زستانان بۆ گەرم کردنی ژوورەکان لەشەو و رۆژدا ٣ کیلۆ خەڵوزیان دەدا، عەمباری خەڵوزە کەلەحەساری دەرێ بوو، دەبوایە بەسەر پێنج دەرگا و قەرەوەڵ دا رۆیشتبای تا دەچووی خەڵوزت دەهێنا، خەڵوزیان بۆ دەکێشای و پاسەوانێکی لەوێ راوەستابوو دەیگوت: بزمکینی ئات، واتە هی ئێمە باوێ، ئەو دوو کلۆ خەڵوزی دەبرد، لەگەڕانەوەدا لەچوار جێگا پاسەوان رێگایان دەگرت و هەریەکە دوو سێ کلۆ خەڵوری دەبرد و بەزەحمەت نیوەی دەگەیشتەوە زیندان.

یا برادەر دەهاتن، میوە، شیرینی، یا شتی تریان دەهێنا، هەر پاسەوانێکی دیتبای بەشی خۆی دەویست، خۆیان بەشەریك و برا بەشی زیندانیان دەزانی.

گەڕانەوە بۆ زیندانی مەهاباد

بەهاری ١٣٣٥ (١٩٥٦) چەند نامەم بۆ دادستانی لەشکر نووسی کەبمنێرنەوە مەهاباد و پاشماوەی زیندانیم لەوێ تەواو دەکەم، سەرۆکی شارەوانی مەهاباد

موافەقەتی کردبوو بردیانمەوە مەهاباد، هەوەڵ رۆژ سەرۆکی شارەوانی بانگی کردم گوتی: لێرە زیندانی سیاسیمان نییە، جێگامان تەنگە، تکات لێ دەکەم لێرە بەهێدی و هێمنی بڕۆ، با ماوەی مەحکومیەتت تەواو بێ و ئازاد بکرێی.

پێم گوت: من زیندانی سیاسیم، ئەرکی خۆم باش دەزانم، دوو خوا هیشتم لەجەنابت هەیە، یەکەم، من لەنێو زیندانی عادی دا ناژیم، بفەرموو ژوورێکی بەتەنیام بدەنێ با لەگەڵ زیندانی عادی تێکەڵ نەبم و کارم بەکەس نەدابێ، دووەم من بێ خوێندنەوە ناتوانم، بفەرموو ئەو کتێب و رۆژنامە و گۆڤارانەی کەلەوڵات چاپ دەکرێن و بڵاوکردنەوەیان ئازادە بۆم بکڕن.

سەرۆکی شارەوانی کابرایەکی بەسالاچوو بوو، کۆنەژنی سمایلئاغای سمکۆی مارە کردبووە و کچێکی سمایلاغاش لەکن ئەو دەژیا، کەیفی بەخەراپە نەدەهات.

ئەفسەرێکی کێشکی بانگ کرد، گوتی: ژووری ژمارە ٢ چۆڵ بکەن، خاوێنی بکەنەوە، حسامی بەتەنیا دەڕۆی، زیندانی دیکە مەدەن بەژووری ئەو، گۆڤار و رۆژنامە چی دەوێ بۆی بکڕن.

یەك دوو سەعات لەدەفتەری زیندان دانیشتم تا ژوورەکەیان خاوێن کردەوە و شتومەکیان بردنە ژوور، قەرەوێلە و پەرامێز و هەموو شتی پێویستیان بردە ژوورەکە و چوومە زیندان، میرزا قادری لەلەعەبباسی و یەك دوو کەسی تر کەبەئەبەد و بەسالێ مەحکوم کرابوون و پێشتر دەمناسین هاتنە لام و بەخێرهاتنیان کردم.

زیندانییەکانی تر واقیان وڕما بوو دەسڵەمینەوە، برایم خەلیلی پاسەوان کەبەچاخان و درۆزن و بەرتیل خۆر ناسرابوو، لەمەهاباد کەس نەمابوو کەبرایم خەلیل بەجۆرێك روتی نەکا، چووبوە ژووری زیندان و بەزیندانییەکانی گوتبوو هەرکەس بچێتە لای حسامی و قسەی لەگەڵ بکا ئیتر نەجاتی نابێ.

ئێوارێ زیندانییەکان گشتیان لەحەسار کۆببونەوە چوومە نێویان، ئەحوالێ پرسیم کرد و پاشان گوتم: هەرکەس کارێکی ئیدارەی هەبێ، نامە بنووسێ، شکایەت و سکالای هەبێ بێتە لای من، هەرچی لەدەستم بێ یارمەتیتان دەدەم، کەس شەرم

نەکا هەرکەس کارێکی بەمن هەبێ ئامادەم خزمەتی بکەم، رۆژانە گیراوەکانم دەدواند تا بزانم خەڵکی کوێن، لەسەرچی گیراون تاوانیان چییە، نامەم بۆ دەنووسین، بەشانازییەوە دەتوانم بڵێم کەم کەس هەبوە لەزیندان دا ئەوەندە رێزی لێ بگیرێ، ناتوانم لەبیرم بچێتەوە ٩٠ کەس زیندانی عادی نەخوێندەوار، هەموو جۆرە، لەزیندان دا بوون، لەژوورەکەی خۆم نیوەڕۆیان درێژ دەبووم، بەژوورەکان دا دەگەڕان دەیانگوت: هەرا هەرا مەکەن کاك کەریم نوستووە.

هەر ئەو رێز و حورمەتی زەحمەتکێشان و وەفاداریان، پردی پشتەوەی لێ روخاندم و لەپێناوی ئازادی و خێر و خۆشی و رزگاری زەحمەتکێشانی کوردستان دا قەت لەرێبازی راستی خەبات لام نەدا.

ماوەی زیندانی مەهابادم بەخۆشی گوزەرا، دایکم لێم نێزیك بوو دەهات سەری دەدام، یوسفی رێزوانی کەبەپێنج ساڵ مەحکوم کرابوو لەزیندانی تەورێز بوو نامەی بۆ بابی نووسیبوو کەهاتووچۆم بکا، میرزا جەلیل دەهات سەری دەدام و چێشت و خواردەمەنی باشی بۆ دەهێنام، پێوەندی حیزبی پچڕابوو، غەنی و سولێمانی موعینی گیرابوون، کادرەکان هەریەکە لەلایەك بێ بەرنامە دەسووڕانەوە عەولای ئیسحاقی و عەزیزی یوسفی لەدەرەوە بوون و جاروبار هاشمی حوسێن زادە لەتاران دەچوو سەری دەدان، قاسملۆش پاش ئەوە کەلەتاران گیرابوو بەقەول و بەڵێنی خۆی نەجات دا بوو رەگەڵیان کەوتبوو پێوەندی خۆیان لەگەڵ حیزبی تودە بەجارێك پچڕاندبوو، رەحمانی قاسملۆ و عەولای ئیسحاقی بۆ وتوێژ لەگەڵ رێبەرانی حیزبی تودە چووبوونە ئەوروپا و لەوێ ناکۆکی و کێشەیان لەنێودا ساز ببوو دەمیان تێك نابوو.

بیرەوەریەکانی زیندانی مەهاباد

لەزیندانی مەهاباد دا بیرەوەری خۆشم بۆ مانەوە، دۆست و برادەری باشم بۆ پەیدا بوون، دەیان کەسم بۆ نێو حیزبی دیموکرات رێنوێنی کرد و بوون بەهاوڕێی

تێکۆشەر، زۆرم یارمەتی بەزەحمەتکێشان کرد و لەسەریان وەدەنگ هاتم ئەگەر نەشتوانم هەموویان بنووسمەوە بێ جێ نابێ کەم و زۆر باسیان بکەم.

هەرچەند بەتەنیا لەژوورێك دەژیام بەڵام لەنێو خەڵك دا بووم، برادەرێکی خەڵکی ئاختەتەر بەتاوانی قەتڵ گیرابوو، کوڕێکی مەرد و رەند، قسە خۆش و تێ گەیشتوو، نان و چێشتی دروست دەکرد و پێکەوە نانمان دەخوارد، کاتێك نان ساز بوو دەیگوت: کاك کەریم وەرە با نانەکەمان بخۆین.

– هێشتا زووە کاك قادر با تۆزێك راوەستین.

– کوڕە وەرە، ئێستا دۆستێك دێ کاری دوژمنێکمان لەگەڵ دەکا.

منیش لەدەوڵەت زەنینم

لەناوچەی سندوس کابرایەك هەبوو بەناوی موسا شێت، وەك دەیانگوت کار و کاسبی دۆست بوو، رۆژێك موسا شێتیان هێنا زیندان، هەموو رۆژێ دەهاتەلام عەریزەیەکم بۆ دەنووسی، ئاخرەکەی بردیان بۆ لێ پرسین، لەبازپورسی لەشکر لێیان پرسیبوو، لەگەڕانەوەدا یەکسەر هاتە دیوەکەی من، لێم پرسی دەی موسا چییان لێ پرسی؟

– کورە هیچ نەبوو، سەرهەنگ گوتی: دەوڵەت لەتۆ زەنینە.

– لەوەڵام دا گوتم منیش لەدەوڵەت زەنینم، هاتوومەوە.

بایزەبۆر

رۆژێك دەرگای زیندان کراوە، کابرایەکی مەنگوڕیان دەژووڕێ کرد، هەموو لەشی خوێن و جل و بەرگی درابوو، هەر بەلادا دەهات، ژاندارم ئەوەندەیان بەشوڵکی شێلان لێ دابوو هەموو لەشی بریندار ببوو.

زیندان هێندێ شتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوانەی گیراون لەرۆژەکانی هەوەڵدا مات و بێدەنگ و داماون، پاشان رادێن، ئەم جار گاڵتەوگەپ بەو کەسانە دەکەن کەتازە دەگیرێن، یا گاڵتەی جۆربەجۆر ساز دەکەن و رۆژی پێ دەبەنەسەر.

دیواری زیندانی مەهاباد بەردێکی رەشی تێدابوو، وە نەبێ بەئانقەست لەدیوار گیرابێ، کاتی دیوار دانان کەوتبوە ئەم شوێنە، ئەگەر یەکی تازە گیراو دەهات، زیندانی دەیان بکردە هەرا و کابرای تازە گیراو ناشارەزایان دەبرد و پێیان دەگوت ئەو بەردە رەشە ماچ کە، ئەگەر ماچی کەی بەحەپسی ئەبەد مەحکوم دەبی، ئەگەر ماچی نەکەی ئیعدامی.

ئەوە ببوە بەشێك لەگاڵتەی زیندانیەکان، ئەورۆژەی بایزە بۆریان هێنا لێیان کرد بەهەرا و بەردە رەشەیان پێ ماچ کرد، بایز یەك دوو رۆژ دەستەو ئەژنۆ لەبن دیوار دادەنیشت و مات بوو، رۆژێك بانگم کرد و دڵخۆشیم داوە.

بایز هاتەوە سەرخۆ و ئەم جار رۆژانە دەهات لەدیوەکەی من دادەنیشت، رۆژێك گوتی:

– ئەرێ کاك کەریم راستیم پێ بڵێ زیندان هەر ئەوەیە؟

– هەر ئەوەیە بایز هیچی دیکە نییە، تازە تۆ لەلێدانی ژاندارمە نەجاتیت بووە.

– جا ئەگەر وابێ هەرسێك تەڵاقم کەوێ لەمەودوا ژاندارمەم پێ ژنی خۆش نییە.

بایز کابرایەکی قسەخۆش سەیر و مەنگوڕێکی تۆخ، رۆژێك کوێخا مستەفای پیاوی قادرئاغای ماسوی لەژوورەکەم دانیشتبوو بایز هات، دانیشت و چاوی دەکوێخا مستەفا بڕی و رووی لێ وەرنەدەگێڕا.

گوتم: ئەوە چییە بایز وا دەکوێخا مستەفا دەڕوانی؟

– ئەوەهەڵەی دەڵێی؟ هەرسێك تەڵاقم کەوێ سێ حەوتوو سەر و ردێنی نەتاشم لەبازاڕی قەباکەندی بەکەڵێچەی دەفرۆشم.

رۆژێك تەماشام کرد قادری شاری ماسوی و کاك هەباسی برای و چەند کەسی دیکەیان لەگەڵ ئەوان دە زیندانێ کرد، لەگەڵ کاك هەباس دۆستی کۆن و ناسیار هێنامنە دیوەکەی خۆم، پاشان کاك قادری کوڕی کا خادری دیبوکریان لەگەڵ چەند کەس دە ژووری کرد، چەند رۆژی تر کاك رەزاقی فەتاحی قازی قزڵجەیان هێنا، هەمو لەدیوەکەی من بوون، ئێواران شاییمان دەگرت و محەممەد جەیرانی گۆرانی بێژ گیرابوو گۆرانیمان پێ دەگوت، هەر ناوێ زیندان بوو دەنا زۆر

خۆشمان رادەبوارد، پاشان لەگەڵ هەمووان بوومە ئاشنا و دۆست، کاتێك ئازاد کران کاك رەزاق چەند جار دەهاتە مولاقات و ماست و روون و کولێرە ناسکەی بۆ دەناردم.

کاك هەباسی ماسوێ بوو بەئەندامی حیزب و هاوکاری دەکرد و پێش ئازاد بوونم دەستێك کۆت و شەڵواری بۆ ناردبوومە زیندان، کاك قادری دیبوکری دەهاتە لام و لەکوێستانی مەیدان بەلەك بانگی دەکردم.

فەقێ محەممەدی گاپیسی

ئێوارەیەك فەقێیەکی مێر منداڵیان دەزیندان کرد، دایان بەو ژوورە کەقادر ئەختەری تێدا بوو، لەفەقێم پرسی: لەسەر چی گیراوی؟

– خەڵکی گاپیسی شار وێرانم، لەعێراق دەم خوێند، لەگەڕانەوەدا لەنێزیك سەردەشت ژاندارم گرتیانم.

تۆزێك پشکنیم بزانم داخوا ئاگای لەسیاسەت هەیە یان لەعێراق چ باسە، دیتم کەرێکە لەو دەشتە و هەر تەقەی لەسەر دێ.

بەیانیەك لەخەو هەڵنەستابووم دیتم کابرایەکی زەلام بەناوی عەولا زەلامە کەبەتاوانی ژن هەڵگرتن گیرابوو، خەریکە لەخەوم هەستێنی، گوتم ئەوە چییە؟ بەو شەوە لەچی دەگەڕێی؟

– پەنام بۆ هێناوی، بۆ خاتری خوا، ئەو فەقێیە بوختانم پێ دەکا دەڵێ شەو هاتویە سەر جێگام.

– وەدەرکەوە سەگباب، زیاد لەهەموو کەس بۆ بوختان بەتۆ دەکا، وەدەرم نا، بەیانی فەقێ هات و دەستی کرد بەگریان، گوتی عەولا زەلامە هاتۆتە سەر جێگام وەخەبەر هاتووم، چەند کەس لەحەساری زیندان راوەستابوون گوتم دا لەو سەگبابە بدەن، دایگژانێ و باشیان کوتا و لەلێدان دا سەری شکا.

پۆلیس هات، کابرایان بردەدەر و خەبەریان دا بەدادسەرا، بازپورس هات.

هاتە دیوکەی من و رووداوەکەم بۆ گێڕاوە، گوتم من بەخەڵکم گوتوە لێی دەن، ئەوە سوکایەتیە بەدین.

عەولا زەلامەیان پێنج رۆژ لەژوورێکی تەنیا کرد و فەقێشیان بەئیلتزام بەردا، ئەو جەنابی فەقێیە ببوە ئەم مەلا محەممەدە کەلەزیندا لەسەر برادەرانی حیزبی ببوە جاسوس و چووبوو لەقوم ببوە شیعە و پاش روخانی رژێمی شا دژی کورد کاری دەکرد.

لەزیندانی مەهاباد تەواوی گۆڤارەکانی ئێرانیان بۆ دەهێنام، یەک دوو پاسەوان هەرچی ویستبام بۆیان دەهێنام، حاجی مەلا خالید جاروبار دەهاتە لام برادەرانی کۆنی حیزب دەهاتن و لەبێ خەبەری و وەستانی خەبات سکالایان هەبوو، دڵخۆشیم دەدانەوە دەم گوت خۆتان پاک رابگرن رێگای خەبات دژوار و درێژە.

محەممەد جەیران

محەممەد جەیران گۆرانیبێژێکی ناوچەی سەردەشت بوو رۆژێك دە ژووریێیان کرد، زۆر بۆشناخ و کەوا و پاتۆڵێکی شاز لەبەردا دەیگوت دەمانچەیان لێ گرتووم، هەموو ئێواران هەڵپەڕکێمان ساز دەکرد و جەیران گۆرانی دەگوت، حەیرانی خۆشی بۆ دەگوتین، محەممەد جەیرانیان دا بەدیوی قادر ئاختەتەری، گوتبووی چل تمەنم پوڵ پێ بووە لەدەفتەری زیندان رایان گرتووە، قادر ئاختەتەری بەهیوای چل تمەنە سیغار و چا و نان و چێشتی دابویە، جەیرانیش بەهیوای خوا باشی خواردبوو.

نیوەڕۆیەك راکشابووم گوێم لێ بوو یەکێك بەسەبرۆکە بانگم دەکا، کەسەرم هەڵێنا محەمەد جەیران وەك چەلەکەی درێژ بەکراس و دەرپێیەکی دەلینگ قوڵەوە راوەستاوە، ئەوە چییە محەممەد.

– چت عەرزکەم، کاك قادر کەوا و پاتۆڵ و شەدە و پشتێندی لێ ئەستاندووم.

– بۆچی؟ بەکێشە هاتوون؟ عەیب ناکەن؟

– کێشەمان نەبووە، کاغەزی ئازادیم هاتووە، منیش ئەو ماوەیە لەسەر حسابی کاك قادر سیغار و نان و چێشت و چام خواردوە، حیسابمان کرد چل تمەنی کەوتە سەرم، پوڵیشم نییە، لیباسەکانی لەجیاتیان لێ ئەستاندووم، ئێستا ئاوا رووت و قووتم دەبینی، جا ئاوا چۆن دەچمەدەر، هاتووم عیلاجێکم بکەی، هەر منداڵ دەکەونە دوام و دەڵێن شێتە.

– ئاخر تۆ نەت دەگوت لەدەفتەر پوڵم هەیە؟

– وەڵا هیچم نەبوو گوتم با وا بڵێم ئاخری یەکێك وەدوام هەر دەکەوێ پوڵێکی لێ وەردەگرم، ئێستا ئازادیان کردووم، کەسیش دیار نییە، هاتوومە لای تۆ، قەت ئیشەڵا ناهێڵی ئاوا بچمەدەر.

زیندانی دیکە لێی کۆبوون و گاڵتەیان پێ دەکرد.

– بابم خواردن ریانەوەی دەبێ.

– راست و چەپ لێی دەدا پێی موفت بوو.

– رۆژ نەبوو هێلکە و رۆن نەخوا.

– باللی.. ئادەن من تومانی چخادلار (واتە بەڵێ دەرپێی پیاو دەردێنن).

عەجەمێکیش بەشی خۆی تێخست.

گوتم قادر بانگ کەن

قادر هات، دیوەکەم بوو بەمزگەوت، پۆلیس یەك دوو جار دەنگی خەڵکی دا.

– لێیان گەڕێ سەیرێکی ناخۆش نییە.

گوتم کاك قادر جا توخوا دڵت دێ جەیران ئاوا بنێریە دەر، کوڕە بایی سەد تمەن هەر حەیرانی بۆ گوتووین.

– کاك کەریم ئەوە دەبێ هەر ئاوای لێ بکەی، لەحەیفی درۆکانی رووتم کردوە، با گوتبای پوڵم نییە، لەگەڵ من ژارە مارێکی هەر دەخوارد، بەڵام فەرمانی دەدا، وەڵا ئاغا.... وا ناخوا.

– ئێستا چی لەگەڵ بکەین؟ هەر ئاوا بەرووتی بڕوا؟

– چاوی دەرێ، خۆ کەوا و پاتۆڵەکانی چل تمەن ناهێنن، چل تمەنم پێ قەرزدارە، خۆت دەزانی من بەتاوانی قەتڵ گیراوم، کەس نایە سەرم بدا، چل تمەن بۆ من زۆرە.

– نەدەکرا بەقادر بڵێم دەست لەچل تمەن هەڵگرە، پێشم ناخۆش بوو جەیران ئاوا بەرووتی بچێتە دەر، ناچار گوتم: کا قادر لیباسەکانی بدەوە، من چل تمەنت دەدەمێ.

محەممەد جەیران گوتی ئەوەم لەگەڵ بکەی، تا مردن لەبیرم ناچێ، ناهێڵم قسەت بێتەوە سەر و ئەو پوڵەت بۆ دێنم.

قادر گوتی: تۆ پیاوەتیت نییە، منیش ئەو پوڵە لەکاك کەریم دەستێنم، پاشان رووی لەمن کرد و گوتی: کاك کەریم لای من بەقەت ئەو خوایە گەورەی، بەڵام ئەو پوڵەم لەتۆ دەوێ.

محەممەد جەیران چوو جلەکانی کردەوەبەر و هاتەوە سەر شکڵی پیاوان.

لام وایە دە پازدە رۆژ پێ چوو بوو لەدەفتەری زیندان بانگیان کردم، کەچوومەدەر دیتم محەممەد جەیران لەوێ دانیشتوە، بەخێرهاتن و چاك و خۆشی، بەحەمبال قارتەڵەیەکی کاڵەك و شوتی هێناوە، کەللە قەندێك و پاکەتە چایەکی هێناوە، گوتی:

– چاکەی تۆم پێ نادرێتەوە، ئەو قەند و چایەم بۆ قادر ئاختەتەری هێناوە، ئەوەش چل تمەنەکە، بەڵام بانگی ناکەم، ئەو کاڵەك و شوتیەشم بۆ تۆ هێناوە.

– دەی محەممەد ئەوە چت کردووە؟

– ئەو رۆژەی لەزیندان هاتمەدەر لەمەیدانی ئارد دەخولامەوە، گوێم لێ بوو دوو کەس خەڵکی حاجیالی کەند بۆ سەر شایی لەگۆرانی بێژ دەگەڕێن، گوتم من گۆرانی بێژم، لەگەڵیان چووم، داوەتم بۆ گێڕان پوڵێکی باشم وەگیر کەوت، چوومە گوندی دەرمان لەوێش داوەت هەبوو پوڵێکم بۆ هات، ئەوە قەرزی کاك قادر و هەتا مردنیش چاکەی تۆم پێ نادرێتەوە.

گروهبانی حیز و بەقەستی

رۆژێك وەکیل داخیلە هاتەژوور و گوتی: زیندانیەکمان هەیە تا دەینێرینە تەورێز با لەدیوی تۆ بژی.

– قەی ناکا بینێرە، کەهات هەتیوێکی لووسی جوان، جلی نیزامی خاوێن لەبەر دا و رێك و پێك، پێم وابوو گروهبانی ئەرتەشیە و بەئانقەست بۆ جاسوسی ناردوویانە بزانێ من لەزیندان چ دەکەم، جاروبار یەك دوو کەسم دەهاتنە لا ئەوانیش لایان وابوو جاسوسە و یا بۆ پلانێك ناردوویانە، دەیانگوت ئاگات لەخۆ بێ.

سێ رۆژ پێ چوو هەتیو خۆی نیشان دا، هەتیوێکی بڵح و حیز و لەسەر دزی گیرابوو، بانگی برایم خەلیلم کرد گوتم ئەو هەتیوە لێرە لابە، بردیانە دەر و چەند رۆژ لەدەفتەر رایان گرت و پاشان ناردیانە تەورێز.

لوقمان زادەی میاندواوێ

کابرایەکی روتەڵەی فەقیریان هێنا و بەتاوانی تودەیی دە ژوورێیان کرد، تاوانبار کرابوو گوێا لەگەڵ مۆسکۆ پەیوەندی هەیە، پیاوێکی نەخوێندەوار بەڵام قسەخۆش و گاڵتەچی، دەیگوت دوو ژن و حەوت منداڵم هەیە، هیچیش شك نابەم، رۆژێك پاسەوان بانگی کرد: لوقمان وەرەدەر ناسیار هاتووە.

– ئەمن و مولاقات، سەیرە، کێ سەری من دەدا؟

لەپەنجەرەوە بانگی کرد ناتوانم بێمە دەر، کێ هاتووە با لێرەوە بزانم چی دەوێ عەجەمێکی روتەڵە سڵاوی کرد و گوتی: لوقمان ئەوە هاتبومە ئێرە و دەچمەوە هاتم بزانم هیچ کارت نییە؟

– زۆر مەمنونم، کاری زۆر پێویستم هەیە، تکایە ئەگەر چوویەوە حاجی وسێن قولی دەناسی؟

– بەڵێ دەیناسم.

– کەوایە بچۆ لەجیاتی من دوو تف دەرووی حاجی وسێن قولی بکە، کارم ئەوەندەیە.

گەلێك پێکەنین و گوتم لوقمان جا ئەوەش بوو بەکار؟ حاجی وسێن قولی کێیە؟

– عامیلی قەند و شەکرە، سێ مانگ بوو قەند و شەکری نەدەدا، چووم بەری دوکانم پێ گرت و داوای قەند و شەکری دەولّەتیم لێ کرد، چۆتە شارەوانی و گوتوویە لوقمان زادە تودەییە، هاتن گرتیانم، لێیان پرسیوم تۆ لەگەڵ مۆسکۆ پێوەندیت هەیە!

عەلی بەگی خواجە میر

لەهەموو ناوچەکانەوە زیندانیان بۆ مەهاباد دەهێنان، هەلێك بوو من لەگەڵ خەڵکی جۆربەجۆری ناوچەکانی کوردستان دەبوومە ئاشنا، زۆرکەس قەولی هاوکاریان دەدا و بەوەفا دەمانەوە، جاری وا دەبوو ژوورەکان پڕ دەبوون، زۆر کەس بەناهەق دەگیران و ژاندارمە شڵتاخی پێ دەکردن.

ئێوارەیەك گوتیان ئاغایەکی بانەیان هێناوە، یەکێکم نارد گوتم بچۆ بزانە ئەو بانەییە کێیە؟

هاتەوە گوتی: عەلی بەگی خواجە میرە نێزیك بانە، من عەلی بەگم نەدەناسی بەڵام دەمزانی عەزەی کوڕی ئەندامی حیزبە، هاتمەدەر و کەچوومە ئەو دیوەی عەلی بەگیان دابوویە، دیتم لەسەر کەوشان لەبەر دەرگا جێگایان کردبۆوە.

دانیشتم و بەخێرهاتنم کرد، پاشان گوتم فەرموو با بچینە حەسار، حەساری ئێرەش ناخۆش نییە، لێم پرسی لەسەر چی گیراوی؟

– کیژێکم بەمێرد بوو هاتبوە ماڵ بەمیوانی، رۆژێك چۆتە دیوەخان و تفەنگ لەوێ بووە و خۆی کوشتووە، ئێستا منیان گرتوە و هێناویانمە ئێرە.

– جا ئێستا تفەنگی چی؟ تۆ بۆ تفەنگت لەماڵ بووە؟

– تفەنگی دەولّەتیم لەکنە، لەناوچەی بانە دەولّەت تفەنگی داوە بەئاغاکان، بەخوا منیش وەرم گرتوە.

– رژێمی شا خۆی بەئاغایانەوە راگرتوە، کورد لەخزمەتی بێگانە چەند ئازایە، دەی عەلی بەگ تۆ پیر و بێ تاقەتی، لەنێو ئەم خەڵکە ناحەوێیەوە وەرە دیوەکەی من.

عەلی بەگ مات بوو، گوتی: تۆ ئەڵێی چی؟ لەدەفتەر بەمنیان گوت: یەکێك بەتەنیا لەژوورێك دەژی، هاتووچۆی مەکە با بارت قورستر نەبێ.

گوتم بەقسەی پاسەوان بێ کەس نابێ وێك بکەوی، من خۆم رێگا نادەم کەسی تر بێتە لام، جاران بانەیی ئازا بوون، بەڵام وادیارە ئەوەی تفەنگ لەدەوڵەت وەرگرێ ترسەنۆك دەبێ، لام وایە عەزەی کوڕت لەتۆ بەغیرەت تر ەە.

کەوام گوت عەلی بەگ چاوێکی لێ کردم و گوتی: نازانم بڵێم چی؟ باوکم بەخوا من ناوی تۆم بیستووە وێکەوتنت سەدەمەیە.

– دەی برۆ شتومەکت بێنە و وەرە لای من، عەلی بەگ هات، پیاوێکی دنیا دیتوو، قسەخۆش، کاتی خۆی لەگەڵ شێخ مەحموود بووە و باسی شەڕی شێخ مەحمودی بۆ دەگێڕامەوە، کەم کەم هاتە سەر باسی کوردایەتی و سوتا بوو، ئازادی کوردستانی دەویست بەم شەرتە عەشیرەت چەکدار بن، ئاشکرای کرد کەهاشمی اقل الطلاب و یەکی دیکە هاتووچۆی مالّی دەکەن و لەگەڵ عەزەی کوڕی سرت و خورتیانە، کاتێك ئەوەی بۆ دەگێڕامەوە کەناوی عەزەی دەهێنا گەش دەبۆوە و بزەی دەهاتێ، رۆژێك بانگیان کرد، چووەدەر و کەهاتەوە زۆر مات و خەمبار و دلگیر بوو.

– ئەوە چییە عەلی بەگ خودا بەد نەدا بۆ وات لێ هات؟

دەستی کرد بەگریان گوتی: شێخ مەحمود وەفاتی کردووە، مەیتەکەیان هێناوەتەوە سولەیمانی، دوکان و بازاڕ داخراوە، خەڵك بەگشتی بەپێشوازی مەیتەکەوە چوون، بۆتە خۆپیشاندانی سیاسی، پۆلیس تەقەی لەخەڵك کردووە گوایا کوژراویش هەیە.

رۆژێك پاسەوان کابرایەکی هێنا و گوتی: رەئیس گوتوویە ئەم دکتۆرە با لەلای تۆ بێ تا دەینێرینەوە سنە، کابرا مرۆڤێکی وێچوو، خاوێن، جەمەدانێکی بچوك بەدەستەوە هاتە ژوور، بەخێرهاتنم کرد و دانیشت، تاوێك پێ چوو لێم پرسی بۆ گیراوە.

– لەدێهاتی دەوروبەری سنە کابرایەك نەخۆش بووە، چۆتە سەری تەماشای کردووە ئامپولی لێ داوە کابرا مردووە، ئێستا بازپورس گرتوویەتی.

دەرکەوت کەکابرا مردووە ئەوە رای کردووە بۆ ناوچەی بۆکان، لەوێ گرتوویانە، کابرا جەمەدانی کردەوە و لەنێو کتێبێك رەسمی شای هێنادەر و بەپونیسیك لەپشتی جەمەدانی دا و لەتەنیشت خۆی دانا.

لێم پرسی ئەوە چییە؟ خۆ ئێرە دوکانی عەکاسی وێنەگری نییە، ئەمەت بۆ هێنادەرێ ئەمە رەسمی کێیە؟

– چۆن ئەمە ناناسی؟ ئەمە رەسمی ئەعلا حەزرەتە و ئەشێ لەگشت مالێك هەبێ.

– تۆ پیاوێکت کوشتوە و ئێستا ئەتەوێ بەم رەسمە خۆت نەجات بدەی؟ پاشان من بۆ نەمانی ئەم کەسە تێکۆشاوم و بەو تاوانە گیراوم، تۆ چۆن رەسمی ئەو لەژووری من دەدەی؟ چونکە من نامەوێ ببینم.

– ئێرە زیندانە، مەردم لێرەدا ئازادن چی بکەن؟

– ئێرە زیندانی ئینسانانە، تۆ پیاوکوژی، ئەشێ بچیە نێو پیاوکوژان، هەستە لێرە وەدەرکەوە، پیاوکوژ.

عەلی بەگ لەم دەم بەدەمە تۆزێك ترسا و پاشان وەدەنگ هات و گوتی:

– دوکتۆر تۆ میوانی ئەم برادەرەی، هەق نییە ئەم قسانە بکەی، ئەمە ژووری ئەوە ٣ ساڵە لەزیندان دایە، دەتوانی بچێ لەدیوەکانی تر رەسمی شا لەسینگ بدەی.

کابرا سنەیی بوو، دیاربوو دەیویست درێژە بەچەقەکردن بدا، گوتم لەسەری مەڕۆ، هەستە وەدەرکەوە، تۆ پیاوکوژی چۆن دێلّم لەژووری من بی؟

چوو بانگی پۆلیسی کرد، برایم خەلیل هات، گوتی: تکایە با شەو لێرە بێ.

– پیاوکوژە ناهێلّم سەعاتێك لەژووری من بێ، زیندانی قاتلّت هەن ببە با لەکن ئەوان بژی، بردیە دیوێکی تر کە (٣٠) کەسی تێدا بوون، نێزیکەی دە رۆژ مایەوە، زیندانیم فێرکردن ناڕەحەتی بکەن، لێم لەهەرا دا گوتم ئەوە گوندییەکی کوشتووە

و رای کردووە، لەوێش نەیان هێشت رەسمی شا هەڵاوەسێ، پێم وایە خۆشی لێ نەگوزەرا.

عەلی بەگ گوتی باوکم تۆ کەڵەگایی ئەکەی، بەخوا ئەترسم تووشی بەڵایەکت بکەن.

شەقی سی دیناری

کابرایەکی خەڵکی گوندی مەلا شێخ گیرابوو، دەیگوت ئاشێکم هەیە، حەمەی قادر ئاغا بۆ ئەوە ئاشە کێك لێ بستێنی، کوژرانی کابرایەکی بەستۆی من دا هێناوە.

عەزیز زەلامێکی قەبە، زلحۆل، دەیانگوت شێتە، زۆر دەهات لەژوورەکەی من مات دەبوو، سیغارێکم دەدایە وەقسە دەکەوت، دەیگوت:

– کوڕە تۆ نامەیەکم بۆ بنووسە با ئازادم کەن، یا خۆت لێم گەڕێ با برۆمە دەر.

دەڵێن بەدەست تۆیە، بێچارە تێکچووبوو، عەزیز کەڵاشێکی لەپێ دا بوو تا ئەودەم پێڵاوی ئاوام نەدیبوو.

رۆژێك لەگەڵ عەلی بەگ لەحەسار هاتووچۆمان دەکرد، عەجەمێکی رووتە لەسەر دزی گیرابوو لەپڕ شەقێکی لەعەزیز هەڵدا.

عەزیز کەوتە سەری و سووڕاندی، گەیشتە پێش ئێمە و عەجەم هەڵەنگوت، عەزیز گەیشتە سەری و شەقێکی لێدا، بەدەمەوە دە حەوزی ئاوی هاویشت.

عەلی بەگ گوتی: ئۆخەی وەڵاهی وام زانی دەخۆمی هەڵدا، ئەم شەقە لەسولەیمانی برا نایدا بەبرا بەسی دینار.

عەوڵای حەمە جندارى

کوێخا عەولا خەڵکی گوندی سورەبانی ناوچەی سەردەشت بوو، بەتاوانی قەتڵ گیرابوو، کوێخا عەولا لەوڵاتی خۆی کەیخودا و ریش سپی تایفەی خۆ بوو، لەزیندان زۆر کەساس بوو، حەیرانی خۆشی دەگوتن، رۆژێك هاتە لام گوتی:

– کاك کەریم لەولاتی خۆم زۆر پیاو بووم، خەلك بەپیاوی دەزانیم، خوێنم دەکوژاندنەوە، مەسلەتی ژنی بەمێردم دەکرد، ئێستا کەوتوومە ئێرە کەس لێم ناپرسی، خاڵی دە سەگبابی زۆر دەولەمەندم هەن، ئەوە سەر هەڵ نادەن، زۆر بێ پارەم سیغارکێشم ئەوڕۆ سیغارم نەکێشاوە، کەسیش نییە پوڵێکی لێ قەرزکەم.

دڵخۆشیم داوە، هێندێکم پوڵ دایە، رۆژێ دەهات لەژوورەکەی من دادەنیشت جاری وا هەبوو لەخۆوە حەیرانێکی تێ هەڵدەکرد، رۆژێك هات دانیشت و دەستی دە ئەژنۆیان وەرێ نابوون و دەگریا.

– کوێخا عەولا بۆ تۆ عەیبە دەگری، پیاوێکی دنیا دیتووی، زیندان هیچ نییە.

– کوڕە نازانی بۆچی دەگریم؟ بۆ ئایشێ دەگریم ئایشێ، هەرسێك تەڵاقم کەوێ قوزی وەك قەیسی وایە هەر ئەوەندۆکەیە. (ئایشێ ژنی بوو).

ئێوارەیەك لەحەساری زیندان هەڵپەڕکێمان ساز کرد و یەکیش گۆرانی دەگوت، عەلی رەبیعی پاسەوانێکی خەڵکی مەهاباد، لەسەربان کێشکی دەکێشا، بانگی کرد:

– ئەو زەڕە زەڕە چییە، ئەو شاییە تێکدەن.

گوتم تۆ بۆ هێندە بێ حەیای، بەتۆ چی؟ تۆ کێشکی سەربانی، بۆ قسە بەخەڵك دەڵێی؟

– قسەیان پێ دەڵێم و چاویان دەردێنم.

– ئێمە ئەوە شایی دەکەین تۆ وەرە مەهێڵە، پاش تاوێك عەلی رەبیعی هاتە ژووری زیندان گوتی کوا ئەو سەگبابەی گۆرانی دەگوت؟

گوتم: هەتیوە تۆ بۆ ئەوەندە بێ حەیای، تۆ سەگی سەربانی کێشکی خۆت بکێشە بۆ هاتوویە ئێرە، خەریك بوو چەقە بکا بەزیندانیەکانم گوت وەدەری نێن.

غاریان دایە و بوو بەهەرا، دوو سێ شەقیان گەیاندێ و ئەفسەری کێشك هات.

گوتم ئەوە پاسەوانی سەربانە بۆ هاتۆتە ئێرە جنێو دەدا و شڵتاخ دەکا، ئێستا بۆ سەرۆکی زیندان دەنووسم، عەلی رەبیعی بردەدەر و تێ هەڵدانی پێ ما.

زیندانیەکان ببونە مریدم، چاویان کرابۆوە، ئەوانەی ئازاد دەبون پاشان دەهاتنەوە سەریان دەدام.

هەرچەند لەئازاد بوون وەنێزیك دەکەوتم فیکر و خەیاڵم پەرێشان تر دەبوو، بیرم لەژیان لەخەبات لەدواڕۆژ دەکردەوە، بێ ماڵ و حاڵ، بێ پوڵ، پیرە دایکێك لەسەر ماڵان.

بیر لەنەخشەی تێکۆشان، پێوەندی گرتن لەگەڵ هاوڕێیان، هەزار فیکر و خەیاڵ و نەخشە، ئاخرەکەی ڕۆژی ١٦ی و پوشپەڕی ساڵی ١٣٣٦ (١٩٥٧) لەزیندان ئازاد کرام، لەزیندانی شارەوانی مەهاباد، لەچوار دیوارێکی بچوك و پەرژینی سەرباز و پاسەوان هاتمە دەر و کەوتمە زیندانێکی گەورە و بەرفراوان و سەر ئاوااڵەی ئێران و کوردستان.

پێڕست

پێشەکی ٥
بەشی یەکەم ٦
سەردەمی منداڵی و خوێندنی ناتەواو ٦
کێڵی سیپان و مانگی مام ئایز ١٣
خوشکە مامز و حیسانەتی ئەو ١٥
گەڕانەوە بۆ قەڵاتی موتاوی ١٧
بەشی دووهەم ٢٠
سەرەتای ژیانێکی تازە ٢٠
لەبارەی مام کوێخاوە ٢١
دەلاوان لەکوێیە؟ ٢٤
ئاڵوگۆڕ لەژیانم دا ٢٦
بەهاری دەلاوان ٢٦
کوردەکانی گەرمێن ٢٨
بەرەو گۆڕانی ژیان ٣٥
بەشی سێیەم ٤٠
کوێرەوەری و گێرە و کێشەی ئیدارەی عەجەمان ٤٠
برایمئاغا کێ بوو؟ ٤٣
شکایەت و ئیدارەی عەجەمان ٤٧
گۆڕناوێ و قورگاری ٥٣
وەدواکەوتنی شکایەت و هاتوچۆ ٥٤
حەساری گەورە و مانگی ناوەدان ٥٦

سەید حەمەدەمینی ئەندازە ٥٧
بەڵایەکی داخدار و پشت شکێن ٦٢
رزگاری لەعەدلیە و ئاشت بوونەوە ٦٤
دەرمانی دەردان ٦٧
پاسەوانی حکومەتی رەزاشا ٦٩
دیسان ژاندارمە ٧٢
دیسان قازی شێخ تەها ٨١
زەمبیل و نوشتەی پێنج تمەنی ٨٢
بەرەو شامات ٨٧
شێخ واحید قەرەقشلاخ ٨٩
بەشی چوارەم ٩٣
سەرهتای ژیانی سیاسی و شانازی ٩٣
بوک هێنان و شایی و زەماوەند ٩٦
هەوەڵین وتاری سیاسی ٩٧
بەڵای لابەلا ٩٩
کارەساتی پشت شکێن ١٠١
ئەحمەدی حاجی قادری هەریری ١٠٥
شێخ مارفی شێخ سمایلی شنۆیە ١٠٦
باپیر ئاغای سۆفیانێ ١٠٨
ئیجارەی باخی ترێ ١١٣
دیسان بێگاری دەرەبەگان ١١٥
لەدێهاتەوە بۆ شار ١١٦
حیزبی دیموکراتی کوردستان ١١٩
دامەزراندنی حیزبی دیموکرات ١١٩
دەقی بەیاننامەی حیزب ١٢٢
مەرامنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ١٢٤

چەند بیرەوەری خۆش..... ۱۲۸
ناودیتنەوە بۆ ئاغا ۱۲۸
کێ کوردە..... ۱۲۹
دووی رێبەندان..... ۱۲۹
لەشکر بۆ جەبهەی سەردەشت ۱۳۱
ژن بەژنە..... ۱۳۲
هەڵاتنی سەید ئەحمەد..... ۱۳٤
شەڕە کورد لەبازاڕ ۱٤۸
وەفای بارزانیان..... ۱۵۰
بەشی پێنجەم ۱۵٤
درێژەی تێکۆشانی سیاسی ۱۵٤
کێشەی دوو سەیدی موسوڵمان..... ۱۵۵
بازاڕی محەمەد یار و عەجەمی بەشڵتاخ..... ۱۵٦
بوگردە قیت ۱۵۸
کۆمەڵەی لاوانی لادێ ۱۵۹
دیسان سەید حەمەدەمینی ئەندازە ۱۷۳
هەوەڵین کتێبی سیاسی ۱۷۸
مام وەتمان کێ بوو؟..... ۱۹٤
خەرمانی سەعید قەڵغان ۱۹۵
خەلیفە و مولاقاتی زیندان ۱۹۷
فەقێی سەرخۆش..... ۱۹۸
جوانەگای شێخی ۲۰۰
ماڵە مام وەتمانی ۲۰۲
دیسان تەورێز..... ۲۰٤
وەدەرنان لەگوندی ۲۰۵
هەواڵدەری رۆژنامە ۲۱۱

جنایەتی دەرەبەگی مامەش..... ٢١٤
سەید عەولای کەمالی..... ٢١٥
هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢١٦
سەفەری خانێ..... ٢١٨
بۆ زینوێ شێخی..... ٢٢٤
سەیدی ئەولادی پێغەمبەر ٢٢٦
جارێکی تر لێك کۆبوونەوە ٢٢٧
حەمەدی مەولودی ٢٢٨
جارێکی دیکەش بۆ تاران..... ٢٢٩
بەخشداری سندوس..... ٢٣١
سەفەرێکی تەورێز ٢٣٣
زیندانی سەید عەولای کەمالی ٢٣٤
راپەڕینی وەرزێرانی موکریان..... ٢٣٦
هێندێ بیرەوەری جۆربەجۆر ٢٥٠
مەولودنامە ٢٥٢
ئاڕەحمانی بەلەبان و پوڵی توتن ٢٥٦
بەرەو فیستیوالی لاوان ٢٥٦
سەفەرێکی مێژوویی ٢٦٠
گەڕانەوە بۆ وڵات و هەڵوێستی کۆدێتاچیان..... ٢٦٦
حاجی شێخ عەولا ئەفەندی ٢٧٣
حەسەنی سەیفی قازی..... ٢٨٦
عەولای رەشیدی گوڵ ٢٨٨
سەفەری سەقز..... ٢٨٩
میرزا رەحیمی سوڵتانیان ٢٩٢
مەسەلەی ژیانی دایك و بابم..... ٢٩٣
بەشی شەشەم..... ٢٩٩

زیندان و رووداوەکانی حەپسخانە ٢٩٩
دیمەنێکی دڵتەزێن ٣٠٢
سەرگورد وەتەمیشی و سمایلی ئاژان ٣٠٢
دیسان حاجی سەید عەولاّ ئەفەندی ٣٠٨
زیندانی شارەوانی ورمێ ٣١٢
دادگای چاوپێخشاندنەوەی نیزامی ٣١٤
بیرەوەری و رووداوەکانی زیندان ٣١٧
مانگرتنی ١١ رۆژە ٣١٨
موقەددەس ٣٢١
ئەگەر پیاو بم بەسمە ٣٢٣
بۆ تەویلەی سەربازخانە ٣٢٤
لەزیندانی عادی دا ٣٢٩
بابەکر چاوشین ٣٣٠
خۆ لەسەر پیاو کوشتن نەگیراوین ٣٣٢
بەشی ئێمە ٣٣٣
گەڕانەوە بۆ زیندانی مەهاباد ٣٣٣
بیرەوەریەکانی زیندانی مەهاباد ٣٣٥
بایزەبۆر ٣٣٦
فەقێ محەممەدی گا پیسی ٣٣٨
لوقمان زادە ٣٤٢
عەلی بەگی خواجە میری ٣٤٣
شەقی ٣ دیناری ٣٤٦
عەولای حەمە جنداری ٣٤٦

لەبیرەوەریەکانم

بەرگی دووەم

١٩٥٧-١٩٦٥

پێشەکی

بەتەما نەبووم بۆ بەرگی دووەمی بیرەوەریەکانم پێشەکی بنووسم، بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەرگی یەکەم و پێشوازی هاونیشتمانانی بەڕێز گەلێك نامە و راسپاردە و بیروڕای جیاواز لەسەر نێوەڕۆکی بەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانم دەگەیشتنە دەستم، لەدەستخۆشانەوە بگرە تا رەخنە و لێکۆڵینەوەی نووسراوەکان و باسی ئەدەبی و... هتد.

بەگشتی ئەگەر تەواوی نامە و راسپاردە و تەلیفۆن و بیروڕای خوێنەران لەسەر چۆنیەتی بەرگی یەکەم بێتە بەراورد کردن و هەڵسەنگاندن، لام وایە پارسەنگی تای تەرازوو بەلای پەسەند کردن و دەستخۆشانەدا قورستر دەبێ، لەم کورتە پێشەکیەدا لەگەڵ سوپاس بۆ خوێنەران و ئەو برادەرانەی دەستخۆشانەیان لێ کردووم ئەم بەشە وەلا دەنێم و باسی بەشی رەخنە و بیروڕای رەخنەگران دەکەم.

رەخنەکان لەسەر یەك بەم جۆرەن:

١- زۆرکەس لەو باوەڕەدا بوون کەفرە باسی خۆم کراوە.

٢- هێندێك گوتویانە باشی رابواردوە و دڵداری کردووە.

٣- هێندێ لایان وابوە کەباری ئەدەبی نووسینەکان لاوازە و بەزمانی سادە نووسراوە، واتە نووسەر هەوڵی نەداوە مێشکی خۆی ڕێك بگوشێ و وشە و رستەی داتاشراو و ناقۆڵا بەنێوی ئەدەبی بدۆزێتەوە و خەڵکیان پێوە ماندوو بکا.

٤- هەبوون رەخنەیان ئەوەبووە کەتەنیا بەسەرهاتەکان نووسراون، بابەت و رووداوەکان شی نەکراونەوە و لێیان نەکۆڵدراوەتەوە.

بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو برا رەخنەگرانە و خوێنەرانی بەڕێز بەپێویستم زانی ئەم مەبەستانە ڕوون کەمەوە.

١- من چیرۆك و رۆمانم نەنووسیوە كەبەخەیاڵ پاڵەوان دروست بكەم، ژیان و بەسەرهاتی خۆم نووسیوە و دەبوایە هەر باسی خۆم بكەم و ژیانی خۆم بێنمە سەر كاغەز.

٢- باسی دڵداری سەردەمی هەرزەكاری كەپتر سەرنجی زۆر كەسی راكێشاوە، لەدەست پێكردنەوە بەڵێنم دابوو كەشتی بەدرۆ نەنووسم، جا ئەگەر لەبیرەوەریەكانم دا خۆم كردبا بەمەلائیكەتی سەر زەوی و وام نیشان دابا كەدەستم وەدەستی نامەحرەم نەكەوتوە و دەستنوێژم لەكەس نەشكاوە و بەدرۆ ئاوێكی پاك و خاوێنم بەخۆم و كۆمەڵی كوردەواریدا كردبایە، دیاربوو درۆم دەكرد، ئەو دەم لەبەشی سیاسەت و خەبات و تێكۆشانیشەوە دەبوایە درۆ بكەم.

لام وایە ئەوەی من نووسیومە زۆر یا كەم لەسەردەمێكی دیاری كراوی تەمەنی هەموو ئادەمیزادێك دا دێتە پێش و رووداوێكی ئاساییە، كۆمەڵی كوردەواریش وەك هەموو كۆمەڵی ئادەمیزاد كێڕ و كوڕ و ژن و پیاوی تێدا دەژی لەیاسای سروشت بەدەر نییە، لەژیان دا ئاڵوگۆڕ هەیە، وەك دەبینن لەبەرگی دووهەم دا بوم بەشێخی تەریقەت و مریشكی كەسم لەئاو نەكردووە !

٣- من واراهاتووم سادە و رەوان بەزمانی خەڵك بنووسم، خۆم ماندوو ناكەم لەوشەی قەڵەو و داتاشراو بگەڕێم، چیم بەمێشك و نووكی خامەدا بێ دەینووسم و نووسیومە، بێجگە لەوە پەخشانی ئەدەبیم نەنوسیوە، بەسەرهاتی خۆم چۆن بووە ئاوا پێدا هاتووم.

٤- نەهاتووم لەرووداوەكان بكۆڵمەوە و نێوەرۆكیان هەڵسەنگێنم و بەسەرهاتەكان شی بكەمەوە، ئەو رووداوانەم نووسیون كەراستەوخۆ پێوەندیان بەژیانی خۆمەوە هەبووە، هیچ نەبێ كەرەسەیەكن بۆ ئەو كەسانەی كەبیانەوێ لەدواڕۆژدا لەرووداوەكانی كوردستان بكۆڵنەوە.

لەگەڵ سوپاس بۆ ئەو كەسانەی رەخنەیان گرتووە و دەستخۆشیان پێ گوتوم و لەئامادەكردنی یارمەتیان داوم، ئەوە بەرگی دووهەمی بیرەوەرییەكانم دەخەمە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێزی كورد و بەهیوای بڵاوبوونەوەی بەرگی سێ و چوار و

پێنج کەگەلێك رووداو و بەسەرهات و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران روون دەکەمەوە.

کەریمی جسامی

هاتنەدەر لەزیندان

رۆژی ١٦ی جۆزەردانی ١٣٣٦- شەشی ژوێنی ساڵی ١٩٥٧ پسولەی ئازادیم لەزیندان هاتبوە دەفتەری زیندانی مەهاباد، پۆلیس بانگی کردم کەلەزیندان وەدەرکەوم، لەگەڵ گیراوەکان یەك یەك مالاّواییم کرد، هێندێ شتوومەکی زیادیم لەلابوو، دام بەچەند کەسی نەدار و فەقیری گیراو.

دەرگای زیندانم لێ کراوە و هاتمە دەرێ، لەنێو چوار دیوارێکی زیندانەوە هاتمە زیندانێکی بەرفراوان و ئاوالّە کەولاّتەکەم بوو، کەهاتمە دەفتەری زیندان میرزا جەلیلی باوکی یوسفی رێزوانی لەوێ راوەستابوو چاوەڕوانی منی دەکرد، پێ خەف و جلەکانی بەعەمبارێکی هەڵ گرت بۆ مالّی خۆیان، من هیچ چاوەڕوانی ئەوە نەبووم، بەڵام دیاربوو یوسف لەزیندانی تەورێزەوە بۆ باوکی نووسیبوو کەبێتە زیندان و من بەرێتە مالّی خۆیان، لەرادەبەدەر بەخێراتنیان کردم، میرزا جەلیل دایکی یوسفی تەڵاق دابوو، با بڵێین دەری کردبوو کۆنە ژنی حەمە رەسوو سەر سووری مارە کردبۆوە، ژنێکی لەچاو میرزا جەلیل جحێڵ، ژنێکی جوان و پاك و خاوێن، لەحەمەرەسوو سەر سوور جیابێوە و مێردی بەمیرزا جەلیل کردبوو، لەلایەك ببۆوە هۆی تێك دانی وەزعی ژیانی دایکی چەند منداڵان و لەلایەکی دیکەش لەگەڵ میرزا جەلیل تەمەنیان یەکی نەدەگرتەوە.

رۆژێك پاش ئازاد بوونم چوومە خزمەت حاجی مەلا خالیدی وەحیدی ئەو کەسەی کەلەزیندانی مەهاباد دەهاتە لام و سەری دەدام، لەبارەی ژیان و تێکۆشانی سیاسی دواڕۆژ قسەمان کرد، پاشان چوومە مالّی پێشەوا قازی محەمەد، مینا خانم بەجلی رەشەوە لەحەسار دانیشتبوو زۆر بەویشکی بەخێرهاتنی کردم، نێزیکەی نیو سەعات لەلای بووم پاشان هەستام و وەدەرکەوتم، رۆژی دوایی

چوومە مالّی خانمە خانم، سەبارەت بەشەخسیەتی ئەو شێرە ژنە و بەپاسی رێزێکی لەو ماوەیەدا کەلەمالّیان بووم لەمنی گرتبوو، بەپێویستم زانی بچم و سلاّوێکی لێ بکەم، تاوێك پێ چوو حەسەنی کوڕی هاتە لام و بەخێرهاتنی کردم، خانمە خانم نەهات، من ماوەیەکی زۆر لەهەلومەرجی نهێنی دا لەمالّی خانمە خانم ژیابووم، هەمیشە لەسەر سفرەیەك پێکەوە نانمان خواردبوو، بێجگە لەپەیوەندی حیزبایەتی رێز و قەدرێکی تایبەتی خوشك و برایانە بۆ یەکتر قایل بووین، بەراستی پێم وابوو کەخانمە خانم نەیە و بەخێرهاتنم نەکا، دیار بوو وەزع گۆڕابوو، نێزیکەی سەعاتێك دانیشتم و پاشان هەستام خوداحافیزیم لەحەسەنی کوڕی کرد و ئیتر قەت نەچوومەوە مالّیان.

چەند رۆژێك لەمالّی میرزا جەلیل بووم سەرەڕای رێز و حورمەتی زۆر تەماشام کرد مانەوەم لەوێ کارێکی جوان نییە، ژنێکی قیت و قۆز و بەقسە، بوونی من ئیتر مەسلّەحەت نەبوو، هەرچەند میرزا جەلیل زیاتر لەباوکم بۆ من جێگای رێز و ئیحترام بوو.

پاش چەند رۆژ مانەوە لەمەهاباد، هاتنی برادەران بۆ لام، چوومە گوندی دورگە لای دایکم کەلەمالّی خوشکێکم دەژیا پاش سێ سالّ دووری جارێکی تریش لەگەلّ دایکم و دوو خوشکم لێکتر کۆبوونەوە بەلاّم لەمالّی زاوا، دوو سێ رۆژ لەوێ بووم پاشان چوومە نەغەدە مالّی کاك ئەحمەدی ئاهەنگەری، بێجگە لەرابردووی تێکۆشانی سیاسی و حیزبایەتی، لەگەلّ کاك ئەحمەد دۆست و برادەرێکی گیانی بووین، کەم کەس هەبووە لەدۆستایەتی دا ئەوەندە پێکەوە یەك بن، ئەو برادەرانەی نەغەدە کەلەپێشدا لەگەلّ من تێکۆشانی سیاسیان هەبوو، دەهاتنە لام و لەوەزعی تێکۆشان گلەییان دەکرد و هیواداریان دەردەبڕی کەبەهاتنەدەری من لەزیندان وەزعی تێکۆشانیش گۆڕانی بەسەردا بێت، لەمالّی کاك ئەحمەدی ئاهەنگەری چاوم بەخەجیجی کیژی کاك ئەحمەد کەوت کەدایکم پێشتر بۆی باس کردبووم و تەنانەت هێشتا لەزیندانی ورمێ بووم کەدایکم قسەی لەگەلّ کردبوو کەبێمە دەرێ شوم پێ بکا، هەر لەوێ بڕیارم دا ئەگەر قەرار بێ ژن بێنم لەو کیژە

باشتر بۆ من دەس نادا، بەتایبەت کەدایکم زۆری خۆش دەویست، چەند رۆژێك لەنەغەدە بووم، دۆست و برادەری گوندەکانی سندوس و شنۆ دەهاتنە لام و بۆ تێکۆشان هانم دەدان.

بڕیارم دا سەفەرێکی ورمێ و تەورێز بکەم، سەر لەو هاوڕێیانە بدەم کەلەگەڵم لەزیندان دا بوون و مەحکوم کرابوون، دوو رۆژ لەورمێ مامەوە کاتێك ویستم بۆ تەورێز بچم هەمزە ئەسل داشچی کەهاوڕێیەکی ئازربایجانی بوو دوو ساڵ پێکەوە لەزیندان بووین هێندێك پارەی بۆ هێنام، گوتی برادەران بۆیان ناردووی، بۆم دەرکەوت کەلەئازربایجان تێکۆشانی سیاسی دووبارە هەرای ناوەتەوە، لەتەورێز چوومە زیندانی شارەبانی بۆ سەردانی یوسقی ڕێزوانی، پۆلیس بانگی کرد دانیشتین باسی وەزعی زیندانی کرد زۆر ناڕازی بوو، باسی ناکۆکی و کێشەی نێوخۆی گیراوە سیاسیەکانی دەکرد، دووبەرەکی و ناکۆکی نێوان ڕێبەرانی حیزبی تودە گەیشتبوە نێو زیندانەکان و تەنانەت ڕێکخراوەکانی حیزبیشی گرتبۆوە.

ئەم وەزعەی بۆ حیزبی تودە هاتبووە پێش، حیزبی دیموکراتیشی گرتبۆوە عبدولڕەحمانی قاسملۆ کەکادرێکی حیزبی تودە بوو، وەپێشتر لەلایەن حیزبی تودەوە بۆ هاوکاری لەگەڵ کۆمیتەی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتبووە مەهاباد، پاش ئەوە کەدەگەڕێتەوە تاران ساڵی ١٩٥٥ لەتاران دەگیرێ، پاش چەند رۆژ مانەوە لەزیندان مەعلوم نەبوو چۆن ئازاد دەکرێ، پاش ئازاد بوونی لەگەڵ ڕەحمەتی شەریعەتی و سەید عەولای ئیسحاقی و غەنی بلوریان و عەزیزی یوسفی بڕیار دەدەن کەهەموو پێوەندیەك لەگەڵ حزبی تودە بپچڕێنن و بەناوی حزبی دیموکراتی کوردستان وەك تەشکیلاتی سەربەخۆ کار بکەن، بەڵام بەرنامەیەك و ڕێنوێنیکی کاری تەشکیلاتی و تەبلیغاتی لەگۆڕێ دا نەبوو، قاسملۆ ئەوەی بۆیە ساز کردبوو کەبەنێوی حیزبی دیموکرات بتوانێ لەئێران وەدەرکەوێ، دەنا هەروەك ئەندامی حیزبی تودە مابۆوە، پاش ئەوە کەقاسملۆ لەزیندان دێتەدەر پێشنیار دەکا لەگەڵ عەولای ئیسحاقی بچنە ئەوروپا لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی تودە وتوونژ بکەن، ڕەحمانی قاسملۆ لەگەڵ عەولای ئیسحاقی دێنە عێراق

و بەهۆی برایانی پارتی دەچنە ئەوروپا، کاك عەزیزی یوسفی وەك بەرپرسی حیزبی دیموکرات لەئێران دەمێنێتەوە، ئەوکاتە غەنی بلوریانیش لەزیندان دا دەبێ، رۆژی ئاخری مانەوەم لەتەورێز چوومە لای یوسفی رێزوانی، تۆپە گوڵێکی زۆر جوان و نایابی لەهەویری نانی بۆ دروست کردبووم و بەدیاری بۆی هێنام کەهەتا ماڵم مابوو وەك دیاریەکی بەنرخ پارێزرا بوو.

کاتێك لەتەورێز گەڕامەوە دەبوایە بیرێك لەوەزعی ژیان و بەڕێ چوون بکەم، دایکم لەم دەربەدەرییە نەجات بدەم و لەگەڵی بژیم، لەمەهاباد لەماڵی سۆفی سالحی سەلیمی ژوورێکم بەئیجارە گرت، دایکم و کچێکی خوشکم کەهەر بەمندالی ئێمە بەخێومان کردبوو هێنامنە مەهاباد و جارێکی تر وەك ماڵ لەخانوبەك دا کۆبوینەوە دوو مەسەلە هەمیشە بیری منیان بەخۆوە خەریك کردبوو، یەکیان مەسەلەی ژیان و بەڕێ چوون کەهیچم نەبوو، دوهەم مەسەلەی زیندوو کردنەوەی پێوەندی لەگەڵ ئەندامانی حیزب و بوژانەوەی تێکۆشانی سیاسی.

رۆژێك لەمەهاباد کاك رەزاقی قازی ئاغای قزڵجەی سەرێ کەماوەیەك پێکەوە لەزیندان بووین، ئەسپێکی بۆ ناردبووم و بانگی کردبووم کەچەند رۆژ بچمە گوندی و میوانی بم، لەگەڵ ئەو پیاوەی ناردبوی سوار بووم و چوومە قزڵجە، دوو سێ رۆژ میوانی کاك رەزاق بووم، زۆر خۆشمان رابوارد، سەعاتم نەبوو کاك رەزاق سەعاتی دەستی خۆی بەدیاری دامێ کەتا بیست ساڵیش وەك یادگاری دۆستێکی خۆشەویست رام گرتبوو.

پاش هاتنەوەم لەقزڵجە، سەرهەنگ سالاری زادە سەرۆکی روکنی دووی سوپای مەهاباد بانگی کردم و گوتی:

– بۆ چووبوویە قزڵجە، لەچی دەگەڕای؟

– قزڵجە ئێرانە و منیش ئێرانیم، ئاغای قزڵجە لەگەڵ من لەزیندان بووە دۆستایەتیمان پەیدا کردووە و بانگێشتی کردووم و منیش چووم میوانی بووم.

بێدەنگ بوو، پاشان گوتی:

– ئاگات لەخۆ بێ، ئاگامان لەهەڵ سوڕانی تۆ هەیە!

بیرم کردەوە سەرێکی عێراق بدەم، بزانم ئەگەر بۆم بلوێ، لەجێگایەك بحەوێمەوە و کارێك پەیدا بکەم بەیەکجاری بچمە کوردستانی عێراق و ئێران بەجێ بێڵم، پێشڕ هات و چۆی زینوێ شێخیم کردبوو، دۆست و ناسیار و هاوڕێی زۆرم هەبوون، خەبەرم دا بەکاك قادری کوڕی کا خدری دیبوکری کەوڵاخێکم بۆ بنێرێ میوانیان دەبم (لەبەرگی یەکەم دا باسی مالّی کاخدری دیبوکری و کوڕەکانیم کردووە کەلەزیندان بووینە ئاشنا)، هەر ئەوێ رۆژێ ئەسپێکیان بۆ ناردم و سوار بووم چوومە گوندی دیبوکری، کاخدری دیبوکری پیاوێکی موسوڵمان قسەخۆش و نیشتمانپەروەر، دنیا دیتو زۆر حەزی لەپیاوەتی بوو دەستی کرد بەباسی کوردایەتی و حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان و ئاخرەکەی هەموو بیروقسەکانی لەسەر ئەوە راوەستا گوتی:

– هەموو کەس کوردە، ئێوە سەرۆك عەشیرەتەکان بگرن تەواوی خەڵك لەگەڵتانە!

پاشان چوومە هەواری مالّە کاخدری لەسەری مەیدان هەڵیان دابوو، دوو شەو لەتاوڵێ مامەوە، لەتوانام دا نییە باسی ئەو خزمەت و میوانداریە بکەم کەلەوێ تووشی بووم، پاش دوو رۆژ حەمەدی خالّە کەیەکێك لەو کەسانە بوو کەلەزیندان ناسی بووم و وەك ئەندامێکی حیزبی لەزیندان هاتبوە دەر، کوڕێکی تێگەیشتوو جوامێر بوو، ئەسپی بۆ زین کردم و بەرەو عێراق کەوتمەڕێ، نیوەڕۆ لەگوندی گەنەدار، میوانی کاکە سەنی گانەدار بووم، ئەو پیاوە سالّی ٥٣ پاش روخانی حکومەتی مصدق کەدایك و بابم لەنەغەدە بوون زۆر یارمەتی دابوون و پیاوەتی کردبوو، وەزیفەم بوو سەری بدەم و سوپاسی بکەم بەدیتنم زۆر شاد بوو، زۆری پێ نەچوو دو ژاندارم پەیدا بوون، یەکیان ئەو کەسە بوو کەلەسندوس لەسەردەمی کۆمەڵەدا لێم دابوو سەرم شکاندبوو (لەبەرگی یەکەم دا باسی کراوە)، دابەزین کەمنیان لەوێ دی پێکەوە سرتەیەکیان کرد، ژاندارمی دیکە پرسی: خەڵکی کوێی و بۆ کوێ دەچی؟

گوتم: من فلّان کەسم حەقی ئەو پرسیارەت نییە ئێرە ئێرانە، من لەتۆ ناپرسم بۆ کوێ دەچی؟

کابرا کەدیتی دەستی لەهیچ گیر نابێ گوتی: ئاجز مەبە هەر پرسیارم کرد.

لەوێوە چوومە گوندی جەڕان و لەگەڵ قاچاقچیان چوومە زینوێ و میوانی شێخ عبیدالله بووم من پێشتر هاتوچۆی ماڵە شێخ عبیدالله م کردبوو لەگەڵ هەموان دۆست و ئاشنا بووم شێخ عبیدالله پیاوێکی نیشتمانپەروەر و کوردێکی دڵسۆز بوو، بەسەدان کوردی لێ قەوماو لەگوند و لەماڵەکەی ئەو حەوابوونەوە، مستەفای کوڕی سەردەمێك لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی عێراق کاری کردبوو، بەڵام پاش ئەوە کەگیرا بوو ماوەیەکی کەم لەزیندان دا مابۆوە ئیتر وازی هێنابوو ئاغایەتی دەکرد، زۆریش باسی کوردایەتی و سیاسەتی پێ خۆش بوو، هەرچەندی شێخ عبیدالله کورد و نیشتمانپەروەر بوو خەڵك، ئەوەندەش لەمستەفای کوڕی ناڕازی بوون.

شێخ عبیدالله سەبارەت بەتێکۆشانی سیاسی لەرادەبەدەر ڕێزی لێ دەگرتم، زۆرجار دوای نوێژی نیوەڕۆ لەسەر تاتان لەبن دارە گوێز بانگی خەڵکی دەکرد، باسی سیاسی ساز دەکرد و دەیویست لەسەر مەسەلەی کورد قسە بکەم، هەمیشە باسی بەشخوراوی کوردی دەکرد، بەڵام یەکجار زۆر قینی لەکۆمۆنیستەکان بوو، منیش بەراشکاوی دیفاعم لەکۆمۆنیستەکان دەکرد لەسەر ئەو مەسەلەیە هەمیشە دم بەدەمان بوو، بەڵام نێوانیشمان هەمیشە یەکجار خۆش بوو.

ماوەی حەوتوێك لەزینوێ شێخی بووم، تەماشام کرد ناتوانم لەنێو کۆمەڵی زینوێ دا بژیم بڕیارم دا بگەڕێمەوە، لەگەڕانەوەدا کاك عومەری کوڕی شێخ عبیدالله رادیۆیەکی ئەندریای باشی بەدیاری دامێ، هاتمەوە مەهاباد، ڕۆژێك هاشمی حوسێن زادە هاتە لام و گوتی:

– دوو کەس لەبرادەرانی حیزبی ئەوانەی لەدەرەوە کاردەکەن دەیانەوێ چاویان پێت بکەوێ، قەرارە بێنە قاوەخانەی دیبوکری، ئەتۆش بچیە وێ لەوێ چاویان پێت بکەوێ، قەرارە بێنە قاوەخانەی دیبوکری، ئەتوش بچیە ئەوێ یەکتر دەبینن، قوڵاپێکی بۆ هێنام و گوتی: بەبیانوی ڕاوەماسی لەشاری وەدەرکەوە، بچۆ

قاوەخانە و لەسەر چۆمی خەریکی راوە ماسی بە، ئەگەر ئەوان هاتن، قاوەچی هاوڕێی خۆمانە بانگت دەکا.

بەیانی قوڵاپم هەڵگرت و بەسەر چۆمی سابڵاخ دا هەڵکشام و چوومە قاوەخانەکە، بەقاوەچیم گوت: دەچمە سەر چۆمی، ئەگەر برادەر پەیدا بوون وەرە خەبەرم بدەیە، هەتا لای ئێوارێ لەسەر چۆمی بووم، کەس پەیدا نەبوو، لەهاتنی ئەوان ناهومێد بووم، ئاخر جار قوڵاپم هاویشت ماسییەك پێوەبوو بەکاوەخۆ سێ کیلۆ دەبوو، ماسیم هێنادەر و بەشوڵکمەوە کرد و گەڕامەوە بۆ شار، باش بوو ماسیەکە لەدیتنی برادەران خێرێ کەمتر نەبوو.

پاش دوو سێ رۆژ دیسان هاشمی حوسێن زادە پەیدا بوو گوتی: ئەو رۆژە برادەران پێیان نەکراوە بێن، سبەینێ لەسەیداوا لەچادرێ حاجی سەید حەسەنی بابی گەورە چاوەڕوانت دەبن دەبێ هەر بچی کاریان هەیە و پێویستە تۆ ببینن.

خەبەرم دا حەمەدی خاڵەی ئەسپی بۆ هێنام، سوار بووم چوومە سەری مەیدانێ، لەتاوڵی ماڵی کاخدری بەربەسێڵێکی مەنگوڕیم خواردە، دوای نان خواردن لەگەڵ حەمەدی حاڵە سواربووین بۆ شوێنی دیاریکراو.

ئەم دوو برادەرە کەبڕیار بوو بیان بینم بریتی بوون لەکاك هاشمی اقل الطلاب و سمایلی قاسملو، لەنێو توتنی برادەرێك دەبن بەناوی ئەحمەد، کەچاویان بەئێمە دەکەوێ هەرچەندە چاوەڕوانی من بوون پێیان وادەبێ بێگانەین، لەترسان خۆیان لەبن شیشە توتن و گژوگیادا دەشارنەوە ئەم جارەش نەم توانی چاوم پێیان بکەوێ.

بێ کاری و پەل و پا بۆ بەرێ چوون

لەبەر بێکاری سەرم لێ ئەستوور ببوو، نەپوڵم هەبوو کاسبی بکەم و نەکارێك هەبوو خۆمی پێوە خەریك بکەم و نانیشی لێ پەیدا بێ، برایمی دەرویش حەمەدی ئەندامێکی تێکۆشەری حیزب و دارتاشێکی باش بوو، لەگوندی (دارەلەك) دەرەبەگەکان دەریان کردبوو، هاتبوو لەمەهاباد دوکانێکی دارتاشی دانابوو، چەند

شاگردی گرتبوون و کاری باش بوو، رۆژێك گوتی: وەرە لەگەڵ من کاربکە وەك شاگردێك، مانگێ نەوەد تمەنت دەدەمێ، واتا رۆژی سێ تمەن، عیلاجم نەبوو، دەبوایە بژیم و دایکیشم بەخێو بکەم، ئەو کەسەی نێزیکەی ١٥ ساڵ لەپێناو دابین کردنی مافی زەحمەتکێشان خەباتی کردبوو ماوەی سێ ساڵ لەزیندان دا بەسەربەرزی بەربەرەکانی کردبوو، دەبوایە لەمەهاباد رۆژانە بەسێ تمەن شاگردی بکا، چوومە لای وەستا برایم، من دارتاشیم نەدەزانی کارم ئەوەبوو کاتێك تۆقی ئارەبەی سور دەکردەوە، دەبوایە لەمزگەوتی بازاڕ بەدوو ستڵ ئاوێ بکێشم و بەتەگەرەکانی دابکەم تا سارد دەبنەوە، هێندێك لەئاغاکانی شارۆێران بەئانقەست دەهاتن لەوێ رادەوەستان بۆ ئەوەی من لەو حاڵەدا ببینن، بەڵام گوێم نەدەدایە و کارم دەکرد.

رۆژێ بەسێ تمەن بەپێ چوون زەحمەت بوو، بیرم لەوە کردەوە بەڵکو لای میرزا رەحیمی خەرازی لەکورەخانە بەسەر پاڵە یان نووسەر دابمەزرێم، لەلایەك لەوانە بوو مزەی رۆژانەم پتر بێ و لەلایەکی دیکەش لەشار و لەنێو خەڵك دوور دەبووم و نەختێ بەئاسوودەتر دەژیام، میرزا رەحیم لەگەڵ خانمە خانمی سەدری قازی لەکورەخانە ببوە شەریك، حەسەنی حسامی لەکورەخانە نوێنەری خانمە خانم بوو.

بەحەسەنی حیسامیم گوت: لەگەڵ میرزا رەحیم قسە بکا و بەڵکو لەکورەخانە کارێکم بدەنێ، پاش چەند رۆژ حەسەن هات و گوتی: زۆرم هەوڵ دا میرزا رەحیم قەبوڵی نەکرد، دەی گوت ئەو لەلای دەوڵەت تاوانبارە ئەگەر بێتە ئێرە، کورەخانەکەم پەکی دەکەوێ.

ئەو میرزا رەحیمە لەسەرەتای زیندووکردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی دا یەکێك لەو کەسانە بوو کەکاری دەکرد و تەنانەت سندوقداری حیزبیش بوو، بەڵام ئەوکاتەی کەجوڵانەوە لەپاشەکشەدا بوو تەنانەت منی بەنوسەر یان سەرپاڵەش رانەدەگرت.

لەلای میرزا برایم درێژەم بەشاگردی دا، باش بوو دەمتوانی نانی رۆژانە پەیدا بکەم، رۆژێك هاشمی حوسێن زادە هات و گوتی: دوو برادەر لەنەغەدەن، دەیانەوێ چاویان بەتۆ بکەوێ، سواری ماشێن بووم و چوومە نەغەدە، لەماڵە حەمەدێ خانمێ، یەکێك لەهاوڕێیانی قەدیم و تێکۆشەری حیزبی دیموکرات، چاوم بەو دوو هاوڕێیە کەوت کەهەمان هاشم و سمایلی قاسملۆ بوون، لەسەر رێباز و بەرنامە و شێوەی کار و تەبلیغاتی حیزبی پرسیارم لێ کردن، بۆم دەرکەوت کەئەو برادەرانە زۆر زەحمەت دەکێشن، خۆ لەمەترسی داوێن، بەڵام بۆ تێکۆشان و کاری تەشکیلاتی بەرنامەیان نییە، لەو بارەوە هێندێ پێشنیارم دان و داوام کرد کەکۆنفرانسێکی حیزبی ببەسترێ و نەخشە و بەرنامەیەك بۆ تێکۆشان دابندرێ، بەڵێنیان دا کەبگەڕێنەوە بۆ لای بانە و لەگەڵ برادەرانی مەسئول باس بکەن.

گەڕامەوە بۆ مەهاباد لەلای وەستا برایم کارەکەم درێژە پێدا، رۆژێکی هەینی کەبێکار بووم، سواری ماشێن بووم و چوومە نەغەدە، کاتێك لەگاراژ دابەزیم، ژاندارمەیەك هاتە پێش و گوتی: لەئیدارەی ژاندارمە بانگت دەکەن، بێ ئەوە کەڕێگا بدا بچمە نێو بازاڕ و کەسێك ببینم وەپێش خۆی دام بۆ ئیدارەی ژاندارمە، کاتێك چوومە ژوور، سەرگورد ئەحراری سەرۆکی ژاندارمەی نەغەدە گوتی: ئاغای حسامی لەروکنی دوی سوپا دەستوور دراوە کەهەر بەو ماشێنەی پێ هاتووی بتگێڕمەوە بۆ مەهاباد، حەقت نییە بێیە ئەولایە، گوتم: بەتوندی ئیعتراز دەکەم، سندوس ئێرانە، منیش ئێرانیم، چەند ساڵ ماڵم لێرە بووە، دۆست و برادەرم هەن، چۆن لەئێراندا رێگای هاتوچۆ دەگرن؟

گوتی:

– خۆت دەزانی وەختی ئیعتراز نییە، پێم خۆشە بۆ خۆت سواری ماشێن بی و بچیەوە مەهاباد، دەنا ناچارم لەگەڵ ژاندارمە بتنێرمەوە.

دیتم مەسەلەکە تونده، ئوتوبۆس هات سوار بووم و چوومەوە مەهاباد، بەیانی تازە لەخەو هەستابووم گروبانێك هات و بردمی بۆ روکنی ٢، سەرهەنگ سالاری زادە سەرۆکی روکنی ٢ بێ ئەوەی هیچ بڵێ وەپێشمَ کەوت و بردمی بۆ ستادی

لەشکر، کەچووینە ژوور سوپەبود وەرەهرام لەگەڵ حاجی سالّحی شاتری دانیشتبون، سالاری زادە دەستی بەرز کرد و قاچی لێك دان و گوتی:

– تیمسار! حسامی حازرە.

وەرەهرام سەری هەڵێنا و گوتی:

– تۆ چی و چت دەوێ؟ بۆ هەدا نادەی؟ نەی هێشت وەڵام بدەمەوە، روی کردە حاجی سالّحی شاتری و بەمنی گوت: ئەم ئاغایە دەناسی؟

– نەخێر نای ناسم، من حاجی سالّحم باش دەناسی، دەمزانی چۆن لەخزمەتی رێژیمی دیکتاتۆری و چەپەڵی شا دایە، هەر بۆ ئەوە کەبەهەندی نەگرم و بەهیچی بزانم گوتم: نەخێر نای ناسم، نازانم ئەوە کێیە، تورە بوو گوتی:

– چۆن ئاغای حاجی سالّحی شاتری ناناسی؟ بەڵێ دەبێ نەی ناسی، چونکە ئەگەر تۆ بی ناسی، ئیتر ئەوە ئاغای حاجی سالّحی شاتری نییە.

پاشان رووی کردە سالاری زادە و گوتی: حەقی نییە لەمەهاباد وەدەرکەوێ، بەم جۆرە بەکردەوە کەوتمە ژێر چاوەدێری پۆلیس و دەبوایە هەموو رۆژێ بچمە روکنی ۲ خۆم نیشان بدەم، هێندێ رۆژ نەدەچوم، گروبان یا ئیستیواریەکی روکنی ۲م دەبینی دەم گوت: شاهید بن لەمەهابادم!

کار لەلای وەستا برایمی دارتاش بێجگە لەوە کەمانگانەیەکی کەم بوو، فیز و پریستیژی سیاسی منیشی دێنا خوارێ، لەکۆمەڵی دواکەوتووی کوردەواری دا دەژیام، لەزۆر کەسم دەبیست دەیان گوت: نەتیجەی زیندان و کوێرەوەری لەرێگای میللەت دا هەر ئەوەیە، هەستم بەخۆ بەکەم زانین دەکرد، لەلای وەستا برایم دەستم لەشاگردی هەڵگرت و بێکار مامەوە.

چەند جار چوومە لای سەرۆکی شارەوانی مەهاباد، داوام لێکرد کەکارم بۆ پەیدا بکا، سەرۆکی شارەوانی سەرهەنگێکی پیر و پیاوێکی خەراپ نەبوو، کۆنە ژنی سمایل ئاغای سمکۆی مارە کردبۆوە، دەیویست لەگەڵ خەڵك چاکە بکا، دوو سێ جار چوومە سەری و داوای کارم کرد، رۆژێك گوتی:

– لەگەڵ ئەو دەستەیە کەمەلاریا دەپڕژێنن کار بکە، بەمەهەندیس دەڵێم حقوقی باشت بداتێ، خۆت لەگەڵ ئەو بخافڵێنە.

– زۆرباشە، ئەو کارە دەکەم، من لەخوام دەویست کارێکی ئاوا پەیدا بێ کەبتوانم لەمەهاباد بچمەدەر و لەدێهات بسوڕێمەوە، دۆست و برادەران ببینم و بۆ تێکۆشانی حیزبی رێ و شوێنێك بدۆزمەوە بۆم دەرکەوتبوو کەلەناوچەی مەهاباد رێکخراو و تێکۆشانی حیزبی لەگۆڕێ دا نییە، دەرفەتێکی باش بوو، دەمتوانی ئەندامانی پێشووی حیزب ببینم و بۆ تێکۆشان ئامادەیان بکەم.

سەرهەنگی شارەوانی موهەندیسی بەرپرسی دەستەی خەبات دژی مالاریا ی بانگ کرد و گوتی: دەبێ حسامی بەمسئولی دەستە بنوسی و حقوقی باشی بدەیە.

لەگەڵ مەهەندیس بوومە ئاشنا، دە کەسی دیکە لەگەنجانی مەهاباد لەگەڵ ئەو دەستەیە کاریان دەکرد هەموویان کوڕی باش بوون، رێزێکی زۆریان بۆ من دادەنا، نێزیکەی چل رۆژ لەناوچەی شارۆێران و شازادە و بەری پیرانان گەڕاین، زۆربەی برادەرانی پێشووی حیزبیم دیتنەوە قەرار و نیشانەی پێوەندی تایبەتیم لەگەڵ دانان، هێندێکیان ئەرکی تایبەتیم پێ ئەسپاردن، لەگەڵ مەهەندیس باش رێك کەوتبووم، پێشنیاری دەکرد لەگەڵ ئەو بچمە تاران وەلەئیدارەی (خەبات دژی مەلاریا) دام بمەزرێنێ، لەو ماوەیەدا رۆژی شەش تمەنی بۆ من دەنوسی، ئەوە یارمەتیەکی گەورە بوو.

رۆژێك لای ئێوارێ لەگوندی (باین دەری) دەگەڕاینەوە بۆ نیگبەتی لەسەر پردی مەهاباد تووشی وەرەهرام بووین، من لەپێشەوەی ماشین سوار ببوم کەچاوی بەمن کەوت ماشینەکەی راگرت پرسی:

– ئەوە لەکوێ دێنەوە؟ تۆ بۆچی لەو ماشێنەدای؟

– لەگەڵ ئەم دەستەیە کار دەکەم، بێکار ناژیم و دەبێ کار بکەم، بڕێکی جنێو بەمەهەندیس دا و گوتی: بیانوی باشت بۆ رێك کەوتوە کەحیزب زیندوو کەیەوە، دابەزە و برۆ، لەمەهاباد وەدەر نەکەوی.

لەو بەینەدا قەرەنی ئاغای پیران لەمەهاباد هاتە لام گوتی: مالّەکەت بێنە لای من، دەستەلاتی خۆم هەموو لەبەردەستی تۆ دادەنێم، زۆر چاکت بەخێو دەکەم، زۆرم پێ خۆش بوو لەمەهاباد بچمەدەر و لەگوندێك دانیشم و لەبەرچاوی حکومەت نەبم، چوومە روکنی ٢ بەسەرهەنگ سالار زادەم گوت: دەچمە گوندی شین ئاوا لەلای قەرەنی ئاغای پیران دامەزراوم لەوێ دەبم.

– حەقت نییە لەمەهاباد وەدەرکەوی.

لەم بێکاریەدا کاك هەباسی کوڕی کاکە رەزای ماسوێ قەت لێم خافڵ نەبوو، لەهەموو بارێکەوە یارمەتی دەدام، ناتوانم چاکەی ئەو جوامێرەم لەبیر بچێتەوە.

رۆژێك لەشار تووشی قادر ئاغای ماسوێ بووم بۆ نیوەڕۆ بانگێشتنم کرد، دیارە مالّ و وەزعێکی ئەوتۆم نەبوو کەئاغایەك بانگێشتن بکەم، بەڵام پێم خۆش بوو لەگەڵ زۆر کەس دۆستایەتی درێژە پێ بدەم، قادر ئاغا بۆ نیوەڕۆ هاتە مالّ و عەلی شەوقی لەگەڵ خۆ هێنابوو، میرزا عەلی شەوقی ئەو دەم مامۆستای مەدرەسەی ماسوێ بوو، نان و چێشتێکی خۆمانەمان ساز کردبوو، نانمان خوارد و چامان دەخواردەوە، باسی سەردەمی کۆماری کوردستان و وەزعی سیاسی ئەو دەم هاتە گۆڕێ، ئەو مامۆستایە بێ شەرەفە بێ پێشەکی دەستی کرد بەجنێودان بەپێشەوا و بەقەبری قازی محەممەد، هیچ مەعلوم نەبوو ئەو بێ ناموسە چ کاری بەپێشەوا دابوو، من خۆم پێ رانەگیرا و گوتم:

کەسێك قسە بەقازی بڵێ گو بخوا باشترە، لەگەڵ قادر ئاغای نەبای، خراپم پێ دەکردی.

قادر ئاغا زۆر تێك چوو، گوتی: میرزا عەلی[1] ئەم قسانە لەتۆ زیادین، پیاوی وەك قازی لەکورد هەڵ نەکەوتوە، رووی دەمن کرد و گوتی: کاك کەریم ببورە من لەهاتنی ئێرە پەشیمانم.

---

(1) ئەو میرزا عەلییە بێ شەرەفە کەدۆستێکی گیانی حەسەنی شەرەفی بوو بەفێڵ و تەڵەکە زەوی و زاری هەمزەی برای قادر ئاغای ماسوێی داگیر کردبوو، ئەو کابرایەی لەساجی عەلی دانابوو، پاش ڕووخانی ڕێژیمی شا هەمزە ئاغا لەحیزبی دیموکرات شکایەتی کرد و سەنەد و بەڵگەی زۆری نیشان دان، من کەبەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد بووم نوسیم کەحاسڵی

دایکم پیر و نەخۆش دەیویست ژن بێنم، بەڵام ژن هێنان بەر لەهەموو شت پوڵی دەویست، منیش بێ پارە بووم، کچی ئاغایەکی ناوچەی مەهاباد کەلەگەڵ باب و براکانی زۆر دۆست بووم پێی دادەگرت کەبیخوازم، پێم دەگوت من هیچم نییە، چارەنووسم زیندان و دەربەدەرییە، تۆ نادەن بەمن، خۆشەویستی ئێمە بێ نەتیجەیە، هەر ئاواش بوو.

بڕیارم دا کەکچی کاك ئەحمەدی ئاهەنگەری بێنم لەهەموو بارێکەوە بۆم دەلوا، بێجگە لەدۆستایەتی لەگەڵ کاك ئەحمەد و ویستی دایکم کەتەنیا لەسەر هێنانی ئەو پێی دادەگرت ویستی خۆم کچەکەش باشترین دەرفەتی پێك هێنابوو، بەڵام لەترسی سازمانی ئەمنیەت بابی نەی دەوێرا کچەکەم لێ مارە کا، یا بەگوێرەی داب و رەمسی کوردەواری بمداتێ، ناچار ٢٧ی رەزبەری ١٣٣٦ نوامبری ١٩٥٧ چوومە نەغەدە و کچەکەم لەگەڵ خۆم هێنا، دەفتەری مارە و تەڵاقی مەلا عبدوالرحمانی سرنج داغی نامەی بۆ بابی کچەکە نارد و پێی راگەیاند کەئەگەر تا ١٥ رۆژ بۆ مارەکردنی خەجیجی کچت لەکەریمی حسامی ئامادە نەبی، دەفتەر لێی مارە دەکا.

چوکەڵی گەوهەری نامەکەی بردە نەغەدە، کاك ئەحمەدی بابی کچەکە گوتبووی من ناوێرم لێی مارەکەم، با دەفتەری مارە و تەڵاق بۆ خۆی بڕیار بدات، پاش ١٥ رۆژ ملا عبدوالرحمانی سرنج داغی کچەکەی لێ مارە کردم، جارێکی دیکەش پاش مردنی دوو ژن و دوو منداڵ و تێکچوونی ماڵ و حاڵ بوومەوە بەخاوەن ژن و بەرێ چوونی خێزانێکی گەورەترم کەوتە سەرشانی.

زەوی زاری داگیر کراو بدەنەوە بەهمزە ئاغا، بەڵام کاك حوسێنی مەدەنی کەلەلایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە کرابوو بەبەرپرسی کۆمیتەی زەوی و زار، سابڵاخی گەری گوڵی کردبوو، بۆ دیفاع لەعەلی شەوقی نەی هێشت بڕیاری تەشکیلاتی مەهاباد بچێتە سەر، کاتێك دوکانی (ئەسکەندەری) جاسوسمان دەکردە کتێبخانەی پێشەوا، کاك کەمالی شافعی هات گوتی: ئەو کابرایە میرزا عەلی شەوقی هاتوە بەئاشکرا دژی حیزب قسە دەکا، من قسەکانی ئەو خۆفرۆشەم هەر لەبیر مابوو، پێشمەرگەم نارد کەبیگرن، بەداخەوە خۆی شاردبۆوە و نەیان دۆزیەوە، پاشان چەند جار بەتەشکیلاتی نەغەدە و مەهابادی حیزبی دیموکراتم گوت کەئەو کابرایە زوڵمی لەهەمزەی کوڕی کاکە رەزا کردووە، بەئاشکرا دژی حیزب کار دەکا پێویستە لێ بدرێ و تەمبێ بکرێ، لەمەهاباد حەسەنی شەرەفی و لەسندوس مستەفای مسئوڵی رێکخراوی دایما و پشتیان دەگرت و هەر وا مایەوە.

سەفەری سەر شایی

خزمێکی چوکەڵی گەورەی لەگوندی (پەلکێ) نێزیک گوندی کەوتەر بەناوی (ئەحمەدی چوکەڵی) رۆژێك هات لێی گێڕاینەوە کەبچینە سەر شایی، لەلایەك پێم خۆش بوو، لەجێگای ئاوا مرۆڤ خەڵك زۆر دەبینێ، خەڵك دەناسێ، دەتوانی بیروڕای سیاسی بەشێوەی جۆربەجۆر بڵاو بکاتەوە، لەلایەکی تر سەرشایی پارەی دەوێ، بێ پارە بچیە سەر شایی ئەگەر ئابڕو چوون نەبێ عەیبە و چاوبرەژێریە.

میرزا برایمی حەربی لەگەڵ کاك چوکەڵ هەڵیان پێچام لەگەڵیان بچم، میرزا برایم گوتی: پارە هیچ نییە ئەوەندە پارە هەیە کەشاباش بدەی، چووم بەسالاری زادەم گوت: دەچمە سەر شایی، پاش ئەوەی کەبڕێکی هەڕەشە کرد گوتی بچوو.

لەگەڵ میرزا برایمی حەربی و چوکەڵ کەوتینەڕێ، گوتم با بچینە گوندی دێبوکر، نیوەڕۆ لەماڵە کاخدری نان دەخۆین، ئەسپێکیان لێ وەردەگرم بەسواری دێم، نیوەڕۆ لەدێبوکر لامان دا، ماڵە کاخدری زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێ کردین، نان و چێشتێکی باشیان بۆ ساز کردین، پاش نان خواردن ماینی کاك قادریان بۆ زین کردم و بۆیان هێنام، سوار بووم و کەوتینەڕێ، لەگوندی وەدەرکەوتبوین، مامە رەشی پیاوی کاخدری بەغار وەدوامان کەوت و بانگی کرد کەراوەستین، کاتێك هات لەچوکەڵ و میرزا برایمی جیا کردمەوە، گوتی کارم پێتە، بڕێك وەدور کەوتین، پەنجا تمەن پارەی هێنا دەر و گوتی ئەوە (یای بەگم) بۆی ناردووی (یای بەگم کچی کاخدری دێبوکری بوو، کاحوسێنی کەوتەر تەڵاقی دابوو، لەماڵە بابی دەم راست و خاوەن دەسەڵاتی ئەو ماڵە گەورە بوو).

گوتم: هیچ مانای نییە، من یای بەگم ناناسم، نەم دیوە بۆچی ئەو پارەی بۆ من ناردوە؟ مامە رەش گوتی: لەوەی گەڕێ پێم وایە خۆی لێ خۆش کردووی، گوتویە دەچێتە سەر شایی رەنگە پارەی نەبێ، پەنجا تمەنم وەرگرت و گوتم: زۆر سڵاوی لێ بکە.

لەسەر شایی خەڵکێکی زۆر کۆببۆوە، دەرفەتێکی باش بوو، چاوم بەزۆر کەس کەوت، هێندێ ئاغای مەنگوڕ بۆ سەر شایێ بانگ کرابوون، شەوێ قوماریان

دەکرد، یەك دوو کوڕی میر منداڵی ئاغاکانی سیاقوڵ لەوێ بوون زۆر لەدەورەم دەبوون و شتیان لێ دەپرسیم وەك لەبیرم مابێ، یەکیان ناوی سوارە بوو، هاتنە لام گوتیان دەبێ قوماری بکەی، گوتم نازانم قەت قومارم نەکردووە، هەریەکە پێنج تمەنیان هێنادەر و دایان نا گوتیان دەبێ تۆ قوماری پێ بکەی، من لەژیانم دا قومارم نەکردبوو، بەڵام دەستم پێ کرد، بۆم دەهات کاتێك قومار تەواو بوو سەت و بیست تمەنم بردبۆوە، پوڵەکەم دا بەکوڕەکان، هەرچی کردم وەریان نەگرت، گوتیان هەر پێمان خۆش بوو بەشداری بکەی، بەکورتی پارەیان لێ وەرنەگرتم، کاتێك لەشایی گەڕاینەوە سەت و حەفتا تمەن پوڵم هەبوو.

تازە ژنم هێنابوو دەبوایە لانی کەم جل و بەرگی بۆ بکڕم، بیرم کردەوە ئەگەر بچمە زینوێ شێخی هەم هەرزانتر شت و مەکی بۆ دەکڕم هەم رەنگە هێندێ کەسیش ببینم، بۆ سەفەری زینوێ وڵاخی سواری پێویست بوو، پارەم لەمیرزا برایمی حەربی وەرگرت کەبارگینێك بکڕم، چوومە بازاڕی مەهاباد کەئێواران لەنێزیك قەبران کۆدەبوونەوە ئاژەڵ و یەك سم و رەشەوڵاخ و رۆن و پەنیری لێ دەفرۆشرا.

لەمەهاباد هێندێ کەسی بێکارە و بەرەڵڵا و مفتەخۆر و سەرسەری فێربیون لەسەر حیسابی خەڵکی گوندی نەخوێندەوار و فەقیر و هەژار دەژیان، نێوی خۆیان نابوو (دەڵاڵ) کابرای دێهاتی ماست و پەنیر و رۆن و خوری و دانەوێڵەی بۆ فرۆشتن دەهێنا بازاڕ، لەدەرەوەی شار پێشیان پێ دەگرت شتەکەیان لێ وەردەگرت و کابرای خاوەن وەك سوالکەر وەدوایان دەکەوت، دەیان برد بەکەیفی خۆیان دەیان فرۆشت، خاوەن شتەکە دەبوایە دەست بگرێتەوە هەرچی دابایانێ ئەوەبوو، نەی دەوێرا دەنگ بکا، ئەگەر وەدەنگ هاتبا جاری وابوو هەر لێشیان دەدا، وردە بۆرژوازی شاری مەهاباد و بیرۆرای گشتی زۆرباش ئاگاداری ئەو ناحەقییە و بێ ویژدانییە بوون، بەڵام لەبەرئەوە کەهەموو تەنیا لەفیکری دەس بڕی و چەوسانەوەی هەژار و وەدەست هێنانی قازانجی تایبەتی دابوون، کەس وەدەنگ نەدەهات.

یەك دوو جار ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی هێنا گۆڕێ و گوتم: ئەو تاقمە سەرسەرییە رەش و رووتی گوندیان روتاندۆتەوە، پێویستە بەشێوەیەك پێشی بگرین، فایدەی نەبوو، چەند کەسیش لەوانەی کەناوی ئەندامەتی حیزبیان لەسەر خۆ دانابوو رەگەڵ ئەو تاقمە کەوتبوون و شەریك بوون و لەم رێگایەوە بەڕێ دەچوون.

ئەگەر عەزیز نەسینێکی کورد هەبایە دەیتوانی چەند کتێب لەسەر کردەوەی چەپەڵی ئەو تاقمە لەمەهاباد بنووسێ، دەڵاڵ و کڕیار و دوکاندار هەموویان شەریك بوون و خەڵکیان دەڕووتاندەوە، رێگاکانی شار و گەڕەکەکانی بازاڕیان لەنێو خۆ دابەش کردبوو، هەر دەستەی چەند کەسێکی بۆ سەر رێگایەك و بۆ مەیدانێك دەنارد، یەك خۆی دەکردە کڕیار، یەکیش دەبوو بەدەڵاڵ، نەیان دەهێشت کابرای گوندی دەرچێ و بەهەر فرۆفێڵێك بایە دەستیان دەبڕی.

چوومە بازاڕ بارگینێکم کڕی بە ١٣٠ تمەن، پوڵەکەم دابوو، بارگینم رادەکێشا بێمەوە نێو شار، دیتم دوو کەس لەو دەس بڕ و گوێ بڕانە پەیدابوون زۆر سەیربوو کەنەیان دەناسیم، پرسیان:

– ئەو بارگینە دەفرۆشی؟

– نا کڕیومە.

– بەچەندت کڕیوە؟

– بەهەرچەندی بێ لەگەڵ خاوەنەکەی رێك کەوتوین، تازە تەواو بووە.

– ئەدی دەڵاڵی نێمە؟

– دەڵاڵی چی؟ ئێوە چکارەن؟ شەرم ناکەن لەجیاتی کار و کاسبی بەدەڵاڵی دەژین؟

من بۆ نێو شار دەهاتمەوە ئەوانیش وەدوام کەوتبون، جاروبار دەیان گوت: خۆت پیاو خراپ مەکە دەڵاڵیەکەمان دەیە با برۆین.

گوتم وەرن با بچینە کاروانسەرا، لەوێ دەڵاڵیتان دەدەمێ، گەیشتمە مەیدانی مەنگوڕان، تووشی کاوسێنی حاجی لەتیف و محەمەدی ماملێ و رەشەی

قاچاخچی بووم، چاك و خۆشێکی گەرم و گوڕ، گوتم ئەرێ بزانن ئەوانە کێن چییان دەوێ بۆ وەدوای من کەوتون؟ ئەوان دەیان ناسین کاوسێن گوتی:

هەتیو چۆن ئێوە کاك کەریم ناناسن؟ بەخێر دەڵاڵی لەویش دەستێنن؟ برۆن برۆن شەرمێ بکەن، ئەوجار دەستیان هەڵنەدەگرت:

– دەبێ بمان بەخشێ.. نۆکەری تۆین نەمان ناسیوی!

سەفەری عێراق

رۆژێك لەگەڵ چەند قاچاخچی خەڵکی مەهاباد کەیەك دووێکمان دۆست و هاوڕێ بووین چوومە زینوێ شێخی، چەند رۆژێك لەوێ بووم، هێندێك شتومەکی پێویستی ماڵێم کڕین و گەڕامەوە، لەگەڕانەوەدا شەوێ چوومە گوندی (قازیاوا) ناسیارێکم لەوێ هەبوو دەبوایە لەگەڵ ئەو بەرۆژ شتەکان بێنمەوە نێو شار، برادەری ناسیار کەمیوانی بووم پیاوانە سوار بوو هێندێ لەشتەکانی لەپاش تەرکی قایم کرد و منیش هێندێ شتم لەخورجینێك دا بەسەر بارگین دا هێنا و بەرەو مەهاباد کەوتینەڕێ.

لەسەر بستوی تەقەدار سەرباز راوەستابوون، وڵاتەکەی مە هەمیشە وەك وڵاتی داگیرکراو ئەرتەش و ژاندارمە حوکمیان بەسەردا کردووە، دەنا هیچ مانای نەبوو دەوروبەری شار بەسەرباز بگیرێ، بانگیان کردین راوەستاین دوو سەرباز هاتن خەریکی پشکنینی پاش تەرکی برادەرەکەم بوون تا ئەوان خەریك بوون، من رکێفم لەبارگین دا و بەرەو شار، هەرچەند دەنگیان دام کەراوەستم فایدەی نەبوو، گەیشتمە نێو شار چوومە ماڵی ناسیارێك، بارگین و شتەکانم لەحەساری ئەوان دانا و گەڕامەوە بۆ بنکەی سەربازەکان کەلەسەر شەقامی سەربازخانە بوو، تەماشام کرد برادەرەکەی منیان گرتوە بەبار و بارگینەوە هێنایانە بنکەی سەربازەکان کەگروبانێك بەرپرسیان بوو.

گوتم: ئەو شتانە هەموویان ئی منن، بۆ ماڵی خۆم کڕیومن، هیچیان بۆ فرۆشتن و بازاڕ نین، ئەو برادەرە بۆی هەڵگرتوم ئەگەر بیان دەن بەگومرگیش هیچ بەئێوە

نابڕێ، شتەکانیشم دەدەنەوە، بەگروبانم گوت پەنجا تمەنت دەدەمێ وازبێنە، کابرا پاش نەختێك چەقە رازی بوو.

– بەڵام پارەم پێ نییە، سەربازێکم لەگەڵ بنێرە ئێستا پەرەکەت بۆ دەنێرم، شتەکانمان هەڵگرت و بەبرادەرەکەم گوت: تۆ برۆ شتەکان لەماڵی خوشکت دابنێ، پاشان دەتبینمەوە، سەرباز لەگەڵم هات هەتا گەیشتینەوە ماڵێ چووینە ژوور و پێم گوت: برۆ بەسەر گروبان بڵێ پارەم نییە، شتێکی بۆ ماڵی خۆم بیکڕم جەریمەی نادەم، سەرباز تاوێك راوەستا و ملی هیز کرد و رۆیشت، پاش دوو رۆژ گەڕانەوەم لەعێراق بەیانییەك دوو دیژبان هاتن و گوتیان لەدیژبانی مەهاباد وێستویانی، لەگەڵ خۆیان بردم بۆ دیژبانی مەهاباد ئەفسەری کێشك گوتی:

– بەئەمری بازپۆرسی سوپا تۆ زیندانی، بنێرە پێخەفت بۆ بنێرن، چونکە هیچمان نییە پێ بخەوی، سەربازێکم ناردەوە ماڵێ، خێزانم لەگەڵ کچی خوشکم دەستە نوێنێك و نان و چێشتی بەگریانەوە بۆ هێنام، دڵخۆشیم داوە و گوتم:

– پێم گوتبوی چارەنووسی من هەر زیندان و دەربەدەرییە، ئێستاش مەگری بچۆوە ئاگات لەدایکم بێ.

دوو رۆژ بەبێ پرسیار لەدیژبانی مەهاباد رایان گرتم، نیوەڕۆ و ئێوارە خێزانم نانی بۆ دەهێنام و بڕێك دەگریا، منیش دڵخۆشیم دەداوە و غیرەتم وەبەر دەنا.

پاش دوو رۆژ بردیانم بۆ ستادی لەشکر، لەئیدارەی بازپۆرسی، سەرهەنگ بەهار مەست بازپۆرسی سوپای مەهاباد داینام و دەستی کرد بەپرسیار و لێکۆڵینەوە، لەپێشدا ناو و نازناو و کار و جێگای دانیشتنی پرسی، پاشان گوتی بنووسە هەرچی لێت دەپرسم راستی بڵێ، ئەوەم نووسی، دەستی پێ کرد.

– چەند زمانی بێگانە دەزانی؟

– دوو زمانی بێگانە دەزانم.

– چی و چی؟ بیان نووسە

– فارسی و تورکی.

کاتێك ئەوەم نووسی، جەناب سەرهەنگ ئاگری گرت، هەستا سەر پاشوان و نەڕاندی:

– ئەو قسانە چییە؟ یانێ چی؟ چۆن فارسی زمانی بێگانەیە؟

– بەڵێ من کەکوردم بۆ من زمانی بێگانەیە، من لەسەرەتاوە نووسیومە هەرچی لێم بپرسێ راستی دەڵێم، راستی ئەوەیە فارسی و تورکی بۆ من زمانی بێگانەن.

– دەزانی ئەو قسانە بۆ تۆ بەگران تەواو دەبن؟

– دەزانم، راستی گوتن لەو ریژێمەدا باسی سەرە.

– بەگوێرەی ڕاپۆرتی گەیشتوو، تۆ چوویە عێراق لەوێ چاوت بەهێندێ کەسی دژی ریژێمی شاهەنشاهی کەوتوە، لەگەڵ ئەحمەدی ئاهەنگەری نەغەدە و چەند کەسی تر کۆبوونەوەی حیزبیت هەبووە، راستیەکەی جواب بدەوە.

– راستە چوومە زینوێ شێخی، تازە ژنم هێناوە چووم هێندێ شت و مەکم بۆ خێزانم کڕیوە، بەڵام هیچ کەسی دژی ریژێمم نەدیوە، ئەحمەدی ئاهەنگەری ئێستا لەگەڵ من نێوانی نییە، کچم لێ هەڵگرتووە، مەسڵەتی لەگەڵ نەکردووم تۆ رەنگە نەختێك داب و شوێنی کوردەواری بزانی، کەسێك کچی لەیەکێك هەڵگرت ناتوانێ کۆبوونەوەی حیزبی لەگەڵ بکا، من ئێستا دەستم لەسیاسەت هەڵگرتووە، ئێوەش بەڕاپۆرتی بەدرۆ بڕوا مەکەن.

– لەبارەی عەلی ئەمیر عەشایری دەڵێی چی، خۆ ئەو دوژمنی تۆ نییە؟

– ساڵی ١٩٤٨ عەلی ئەمیر عەشایری چەڵەبی لەمن ئەستاندبوو، شکایەتم لێ کرد حەیوانەکانم لێ ئەستاندەوە، ئەگەر لەبیرت بێ تۆ ئەودەم حوکمی ئەستاندنەوەی حەیوانەکانت نووسیوە، تۆ ئەودەم لەورمێ لەروکنی ٢ دا بووی.

وڵامەکانی پێ ئیمزا کردم و گوتی: بیبەنەوە زیندان.

پاش دوو سەعاتان بانگیان کردم، گوتیان ئازادی عەمبالێك بانگ کەنوێنەکانت بۆ هەڵگرێ، بۆ خۆم نوێنەکانم هەڵگرت و کاتێك لەماڵێ وەژوور کەوتم، ئیتر دایکم و خێزانم لەخۆشیان واقیان وڕما نەیان دەزانی بڵێن چی بڕیارم دا ئیتر نەچمەوە عێراق، هەوڵ بدەم کارێك پەیدا بکەم، بەڵای گەورەتر لەبێکاری و نەداری

نەخۆشی دایکم بوو، دایکم تووشی نەخۆشی سیل هاتبوو پێویستی بەدەرمان و ئاپۆڵی زۆر هەبوو، لێرەدا پێنووسەکەم لەتوانای دا نییە پیاوەتی و جوامێری عەوڵای حەکیم زادە بنووسێ، یارمەتی و مرۆڤایەتی ئەو هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، یەکی دیکە کەپێویستە ئێستاش زۆر سوپاس بکەم و چاکەی ئەو لەبیر نەبەمەوە سەیزادە ئیفتیخاری بوو کەلەشێر و خورشید پەرستار بوو، زۆر بەدڵسۆزی دەهات ئامپوڵی لەدایکم دەدا و لێی دەپرسی و دەرمانی بۆ دەهێنا، بەڵام هەتا ژنم نەبوو ئەو هیوایەکی دیکەشی هەبوو کەبەداخەوە نەگەیشتە جێ، چوکەڵی گەوهەری هەموو جارێ دەیگوت: لەئاهی سەیزادە نەجاتیت نابێ.

رەنگە خەتاباریش بووبم چونکە جاروبار وا دەبزووتمەوە کەسەیزادە هومێدێکی بۆ پەیدا بێ.

لەوانە لەهەموان گرنگتر و جێگای سوپاس هەڵوێستی سەروان هێروئابادی بوو، ئەفسەرێکی گەنجی سوپا لەمەهاباد و دوکتۆرێکی باشبوو.

ئێواران شوێنی تەماشاکردنی نەخۆشانی هەبوو، خەڵکێکی زۆر دەچووە لای منیش رۆژێك دایکم بردە لای دوکتۆر تەماشای کرد، کاتێك دەرم هێنا کەپوڵی بدەمێ، لام وایە دوو تمەن هەقی تەماشاکردنی وەردەگرت، پوڵەکەی نەویست، چەند ئامپول و شوشەیەك حەبی دامێ و گوتی پاش ئەو حەبانە بیهێنەوە.

جارێك خێزانم نەخۆش بوو، چووینە لای دوکتۆر هێرۆئابادی پاش تەماشاکردن و هێندێك دەرمان کەوتە سەر پرسیاری ژیان و کار و بەرێ چوونم وەزعی خانوو و جێگای دانیشتنی پرسی، پێم سەیر بوو، ئەفسەری ئەرتەش بۆچی باسی ئەو شتانە لەگەڵ من دەکا!

گوتی: دایکت زوو زوو بێنە، مەهێڵە دەرمانی لێ ببڕێ، دۆستایەتیم لەگەڵ دوکتۆر هێروئابادی تا دەهات پتەوتر دەبوو، زۆرجاران بێکار دەچوومە لای دادەنیشتم، هەمیشە بەخۆشی پێشوازی لێ دەکردم، هەموو جارێ لەنەخۆشی دایکمی دەپرسی، رۆژێك لەپڕ لەماڵەکەمان وەژوور کەوت تاقە دیوێك چوار کەس تێدا

دەژیاین دوکتۆر گوتی: ئەم ژوورەی ئێوە بۆ ژیان نابێ، دایکت نەخۆشی سیلی هەیە، خێزانت و خوشکەزاکەت گەنجن مەترسی ئەوە هەیە کەئەوانیش بگرنەوە.

گوتم: جێگای باشترم وەگیر ناکەوێ، بەتایبەت خاوەن مالّەکەمان ئەوەندە باش و دلّسۆزن زەحمەتە لەهەموو مەهاباد خاوەن مالّێکی ئاوا وەگیر بکەوێ خەلّك من زۆر دەناسێ، دێنە مالّمان، لەمەهاباد هەموو کەس رێگا نادا خەلّکی بێگانە هات و چۆی حەساریان بکا، مالّی مام سالّح بەتایبەت نوسرەتە خاتوون ئەوەندە باشن هەتا مردن چاکەی ئەوان نادەمەوە، دوکتۆر گوتی: بچۆ شێرو خورشید داوا بکە با دایکت بنێرنە تاران بۆ نەخۆشخانەی تایبەتی نەخۆشی سیل، منیش بەسەرهەنك کدخوداییان دەلّێم بەلّکو موافقەت بکا، من بەنامە دەنووسم کەپێویستە ئەم نەخۆشە بۆ تاران بچێ.

تەگبیرێکی باش بوو، نووسراوەیەکم لەدوکتۆر هێروئابادی وەرگرت و چوومە شێرو خورشید، نامەیەکم نووسی دام بەسەرهەنگ کەدخوداییان، گوتی پاش دوو رۆژی دیکە وەرەوە، کاتێك پاش دوو رۆژ چوومەوە گوتی: ناتوانین بینێرین، تۆش ناتوانی لەگەلّی بچی روکنی ۲ چوونەدەری تۆی لەمەهاباد قەدەخە کردووە، تۆ چکارەی؟ بۆچی لەگەلّ تۆ یەك نین؟

گوتم: من نەم توانیوە خراپەی دەولّەت بکەم بەلّام مەعمورەکان بێ لوتفن.

پاش چەند رۆژ چوومە لای دوکتۆر هێروئابادی، گوتی: هەموو شتێك دەزانم لەمنیان پرسیوە ئەم نوسراوەت بۆچی بۆ حسامی نوسیوە؟ لەوەلّام دا گوتومە: من دوکتۆرم، واتێ گەیشتووم کەئەو نەخۆشە پێویستە بچێتە خەستەخانی شائاباد.

بەم حالّەش دوکتۆر هێروئابادی لەهیچ یارمەتیەك بەنەخۆشی دایکم دەستی نەدەگێڕاوە، بێجگە لەوە ئەگەر دۆست و برادەری گوندیش نەخۆش دەبوون دەمبردن بۆ لای دوکتۆر هێروئابادی و زۆرجار بێ پارە تەماشای دەکردن.

نەخۆشێکی دیکە

دایکم نەخۆشی سەر پێ بوو، پێوویستی بەحەسانەوە و هەوای خاوێن و خواردەمەنی باش هەبوو، بەداخەوە هیچیان بۆ من دەرەتانیان نەبوو، وەك گوتم تاقە ژوورێکمان هەبوو بۆ چوار کەس سەرەڕای ئەوە میوانیشمان دەهات.

رۆژێك لەپڕ تەماشام کرد کاك قادری کوڕی کاخدری دیبوکری لەگەڵ دوو زەلامان نەخۆشێکیان لەوڵاخ دابەزاند و بەکۆڵ هێنایانە ژوور، کیژێکی پازدە ساڵە، نەوەی کاخدری دیبوکری بەناوی گوڵێ، ئەم کیژە دایکی نەمابوو بەمندالّی هێنابویانەوە ماڵە باپیری لەلای بابی نەدەژیا، کیژێکی لەرادەبەدەر جوان، کوڵمەی وەك دەنکی هەنار و بەراستی گوڵێ بەراستی بوو دایکم و خێزانم گورج جێگایان بۆ چاکرد زۆر نەخۆش بوو، خێرا چووم دوکتۆرم هێنا تەماشای کرد دەرزی و دەرمانێکی زۆری بۆ نووسی، کاك قادری خاڵی دوو رۆژ لەمەهاباد لەماڵێکی دیکە مایەوە، رۆژانە دەهاتە ماڵی ئێمە و لای گوڵێ دادەنیشت، پاش چوار رۆژ حاڵی باشتر بوو، وەقسە هات خواردنی سوکی دەخوارد، دایکم زۆر پێوە ماندووبوو خزمەتی دەکرد، خاڵی بەجێی هێشت و کیژەکە لەماڵی ئێمە بەنەخۆشی مایەوە، هەموو رۆژێ لەگوندیەوە پیاوێکیان دەنارد و لێیان دەپرسی.

دوکتۆر هەموو رۆژێ دەهات سەری دەدا، گوڵێ وردە وردە دادەنیشت، هەڵدەستا لەژووری دەهات و دەچوو، رۆژێك کەدەچوومە دەرێ کاتێك وەدەرکەوتم دایکم بانگی کردم، گەڕامەوە گوتی: گوڵێ دەڵێ نابێ بچێتەدەر، ئەگەر ئەو دەڕوا حاڵم خراپ دەبێ، چووم لەپەنای دانیشتم، دڵخۆشیم داوە گوتم ئێستا دێمەوە، کارم هەیە دەبێ بچمە دەرێ، کاتێك هەڵدەستام هەردووگ باسکی هاویشتە ئەستۆم گوتی: ناهێڵم... بەجێم مەهێڵە... دایکم گوتی دانیشە ئێستا دێتەوە سەرخۆ..

تا دەهات گوڵێ باشتر دەبوو، دوکتۆر گوتی: هێندێ دەرمان لەگەڵ خۆی بەرێ دەتوانێ بچێتەوە، خاڵی هات کەبیباتەوە، دەستی کرد بەگریان دەیگوت نایەمەوە دیبوکری هەر لێرە دەبم، چەند رۆژێکی دیکەش گوڵێ لەماڵی ئێمە مایەوە رۆژی ٢١ی سەرماوەزی ١٣٣٦ ویستم لەگەڵ خێزانم بچینە تەماشای رێژەی سەربازان،

گوڵێ گوتی منیش دەبێ لەگەڵ خۆتان بەرن، چووینە سەر شەقام، دەستی منی گرتبوو بەری نەدەدا، کاتێك لەشەقام راوەستابووین خێزانم و خوشکەزاکەم لەئێمە دوورکەوتبوونەوە، گوڵێ گوتی: تو ئەو خودایە مەهێڵە بچمەوە، دەمەوێ هەمیشە لەکن تۆ بم.

گوتم: ئێستا بچۆوە من جاروبار دێمە دیبوکری سەرت دەدەم باش نییە لێرە بمێنیەوە، گریا گوتی: نامەوێ بچمەوە دەمەوێ لەکن تۆ بم، چەند رۆژ پێ چوو دوو خاڵی هاتن کەبیبەنەوە، کاتێك وەدەر دەکەوتن لەکن خاڵی لەلای دایکم و خێزانم ئامبازم بوو دەستی دەئەستۆی کردم و ماچی کردم، لەکوردەواریدا زەحمەتە شتی ئاوا رووبدا، هەوەڵ جار بوو ببینم کیژێك لەکن خەڵك و لەپێش چاوی کەس و کاری خۆی پیاوێکی بێگانە ماچ بکا.

هەرچۆنێك بوو گوڵێ چۆوە، حەوتوێەك پێ نەچوو بوو ئێوارەیەك دەرەنگ پیاوێکی کاخدری دیبوکری بەهەرەمە گەیشتە ماڵی ئێمە و نامەیەکی کاخدری پێ بوو، لەنامەکەدا نووسیبووی: وەزعی گوڵێ گەلێك خەراپە تکایە بەهەر قیمەتێك بێ دوکتۆرێك لەگەڵ خۆت بێنە، چاوەڕوانین.

ناچار بەو شەوە هەوڵم دا دوکتۆر هێروئابادی بدۆزمەوە نەم توانی لەسەربازخانە کێشك بوو، چوومە ماڵە سەرهەنگ کەدخوداییان سەرهەنگ هاتە دەرێ و پرسی بەم شەوە چ قەوماوە؟ رووداوەکەم پێ گوت، گوتم: هەرچەندی بڵێی پارەت دەدەمێ، تکایە لەگەڵم وەرە بۆ دیبوکر.

– ئێستا شەوە، دیبوکر دوورە دەبێ سەد تمەنم بدەنێ.

– زۆرباشە چەندی بفەرموون دەی دەم.

بانگی شۆفێری کرد سواری ماشێن بووین و سەعاتی ٩ی شەو گەیشتینە دیبوکر، ماڵی کاخدری زۆر پەرێشان بوون، گوڵێ بێ هۆش بوو، ژن لەدەوری دەگریان دوکتۆر تەماشایەکی کرد و ئامپولێکی لەباسکی دا، خوێنێکی رەشی لەباسکی هات، گوڵێ چاوی هەڵێنا، چاوی گێڕان من چووم لەپەنای دانیشتم دەستم گرت

گوتم چۆنی؟ بۆچی وا ناڕەحەتی؟ سەری هەڵێنا و سەری لەباوەشی من نا گوتی ئێستا باشم.

ژنەکانی مالّی کاخدری پوری و خاڵوژنەکانی پێکەنین گوتیان:

ئەوە بۆ کاك کەریم نەخۆش بووی!

دوکتۆر شوشەیەك حەبی بۆ دانا گوتی درەنگە دەبێ بچمەوە دەکرێ تکات لێ بکەم دوو رۆژ لێرە بی، ئەو کچە بەدیتنی تۆ رەنگی گۆڕا مانەوەی تۆ یارمەتی دەدا، سەد تمەنیان دا بەدوکتۆر هەر بەو شەوە گەڕاوە، من لەوێ بەجێ مام، تا شەو درەنگانێك لەکن گوڵێ دانیشتبووم کاخدر لەپەنای ئێمە دانیشتبوو زۆر بەپەرۆشەوە بوو بۆ کچەکەی، رۆژی دوایی دەبوایە بگەڕێمەوە بۆ شار یای بەگم پوری گوڵێ ئاواتێکی هەبوو بەهەموو جۆر دەینواند، گوڵێ لەتامی بردبوە دەر و نەخۆشی کردبووە بیانوو کەلەپەنای دانیشم، منیش لەلایەك تازە ژنم هێنابوو کەزۆرم خۆشدەویست، لەلایەکی تر لەفیکری ژیان و بەرێ چوونی خۆم دا بووم.

پاش دوو رۆژ گوڵێ هەستاوە لەنێو مالّ دا دەهات و دەچوو، ولّاخیان بۆ من ساز کرد مالّ ئاوایم لەهەموان کرد سوار بووم و گەڕامەوە، بەداخەوە ئێتر مالّە کاخدرم نەدیتەوە.

ماوەیەك پێ چوو بوو رۆژێك لەمالّە برادەرێك میوان بووم، خوشکەزاکەم هات گوتی: وەرەوە میوانمان هاتووە، کەچوومەوە تەماشام کرد یای بەگم لەمالّێ دانیشتووە، زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنم کرد دایکم و خێزانم زۆر بەڕێزەوە لەگەڵی دەدوان، نان و چێشتیان ساز کردبوو، گوتی نەخۆش بووم، هاتبوومە لای دوکتۆر، گوتم با سەرێکی دایکت بدەم، گوتم کارێکی زۆر باشت کردووە، بەڵام وادیارە ئێوە هەتا نەخۆش نەبن کەستان وەبیر نایەتەوە.

گوتی: تۆ هەر دەنگێ مەکە ئاهی نەخۆشان داخوا تووشی چ بەڵایەکت بکا، یای بەگم لای ئێوارێ رۆیشتەوە، دیداری ئاخریمان بوو.

کارم بۆ پەیدا بوو

بێکاری لەشار دەردێکی گرانە، بەتایبەت بێکار بی و پارەشت نەبێ، ئەگەر کابرایەکی هەژار و نەناسراو لەشار بێکار بێ دەکرێ لەقوژبنێك بەحەمبالّی و بەهەر سەمەرگێك بێ ژیان بەرێتە سەر، بەلّام کابرای ناسراو لەشار بێ و نەداریش بێ ژیانی بۆ تالّ و دژوارە.

ژیانی من لەمەهاباد تالّ بوو بێکار بووم، نەم دەتوانی لەشار وەدەرکەوم رۆژێك کاك عەزیزی یوسفی هات و گوتی: پێم خۆشە لەگەلّ چەند برادەر کۆبوونەوەمان هەبێ، رۆژی کۆبوونەوەمان دیاری کرد، کاك عەزیز، هاشمی وسێن زادە، رەشەی قاچاخچی، چوکەلّی گەوهەری لەگەلّ کورێکی دیکە کەکاری شوشەبڕی بوو، هاتن.

کاك عەزیز گوتی: پێویستە کۆمیتەیەکی شار پێك بێنین ئەو برادەرانە هاوکارت دەبن تۆش بەرپرسی کۆمیتە وەئەستۆی خۆ بگری، گوتم: من تازە لەزیندان هاتوومەدەر پێویستە بزانم وەزعی حیزب چۆنە؟ ئێستا کۆمیتەی بەرێوەبەری کێن و لەکوێن؟ پێوەندی لەگەلّ حیزبی تودە چۆنە، بەرنامەی کاری سیاسی و تەشکیلاتیمان چییە؟ بەشی زۆری کادرەکان کەلەزیندان هاتوونەدەر تەنەفورنامەیان نووسیوە وەزعی ئەوانە روون کراوەتەوە یان نا؟ کاك عەزیز گوتی پرسیارەکان هەموو بەجێن یادداشتیان دەکەم لەگەلّ برادەران ئەگەر چاوم پێیان بکەوێ باسیان دەکەین، بێگومان تۆش لەو چاو پێ کەوتنەدا بەشدار دەبی، ئێستا وەزع زۆر باش نییە رەحمان و عەولای ئیسحاق لەدەرەوە دمیان تێك ناوە، بەلّام خۆ ناکرێ تێکۆشان رابگیرێ پێویستە تۆ کاروباری شاری بەرێوەبەری.

پاش هێندی باس و وتوێژ بڕیار درا وەك بەرپرسی کۆمیتەی شار لەگەلّ ئەو ئەندامانەی خۆم دیارییان دەکەم تێکۆشانی حیزبی دەست پێ بکەین، چەند رۆژ پێ چوو کاك حەمەدی سەروکانی (کاپیتان قادری) هاتەلام لەوەزعی تێکۆشانی حیزب و بێ بەرنامەیی گلەیی هەبوو، دەیگوت تەنیا ئەسعەدی خودایاری هاتوچۆی ناوچەی ئێمە دەکا ئەویش هەروەك کادرەکانی دیکە بێ بەرنامە بووە، پێشنیاری دەکرد کەکۆنفرانسێکی حیزبی بگیرێ و لەو کۆنفرانسەدا وەزعی

رێبەرایەتی و بەرنامە و تاکتیکی حیزب دیاری بکرێ، کاك سەعدەی برای سەعید ئاغای قۆپی کەیەکێك لەئەندامە تێکۆشەرەکانی ناوچە بوو لەگەڵ یەك دوو برادەری شامات و شارۆێران پەیدا بوون پاش قسە و باسێکی زۆر داوایان دەکرد کەکۆنفرانسی حیزبی بگیرێ و لەو بێ بەرنامەیی و بێ سەر و بەرەیی رزگار بین، بڕیارمان دا کەمن لەگەڵ کادرەکانی دەرەوە پێوەندی بگرم و وێستی برادەران رابگەیەنم.

بەهاری ١٣٣٧–١٩٥٨ سەید عەولای ئیسحاقی نامەیەکی بۆ نووسیم و داوای کردبوو بچم لەدەوروبەری سیاقوڵ لەشاخی چاوم پێ بکەوێ، ئێوارەیەك کەوتمە رێ و پاش پێنج ساڵ لەچیاکانی نێزیك سیا قوڵ چاومان بەیەکتر کەوتەوە، لەسەر وەزعی حیزب بەرنامە و کۆنفرانس قسەمان کرد، گوتی شتێکمان بەناوی کۆنفرانس هەبووە بەڵام هیچ بەرنامەیەکمان دانەناوە لەقسەکانی بۆم دەرکەوت کەلەنێوان ئەو چەند کەسەی کۆمیتەدا ناکۆکی زۆر هەیە کاتێك وەزعی رەحمانی قاسملۆم لێ پرسی لەوڵامدا گوتی: ئەو خەریکی کاری خۆیەتی پێوەندی بەحیزبەوە نەماوە، بەفێڵ منی بردبووە ئەورووپا کەبەحیزبی تودەم بفرۆشێ.

قەرارمان دانا بەنێوی (تیکان) لەگەڵ من پێوەندی بگرێ و نامەم بۆ بنووسێ، گەڕامەوە بۆ شار لەگەڵ چەند برادەرێك کۆمیتەیەکی نهێنی شاریمان پێکەوە نا.

رۆژێك میرزا برایمی حەربی کەلەپێشدا لەلاجان مامۆستا بوو ئەندامێکی حیزب بوو دەمناسی لەکار دەرکرا بوو هاتە لام و گوتی:

– باش نییە تۆ هەروا بێکار بسورێیەوە، لەمەیدانی ئاسنگەران دوکانێکم گرتوە، دوکانێکی خاوێن، مێز و سەندەلّی لێ داندراوە، وەرە رۆژێ لەوێ دانیشە، من و چوکەلّیش دەسورێینەوە رۆژانە شتێك پەیدا دەکەین و بەشی دەکەین، لەبێکاری باشترە.

– جا بەدانیشتن هیچ پەیدا دەبێ؟

– من قاچاخچیەکان دەناسم، ئەگەر مەرکەزێك هەبێ هەموو رووی تێ دەکەن، شتەکانیان لێ دەکڕم دراوێکیان بەعی دەدەمێ، پاشان دەیفرۆشمەوە، پولّەکەی

ئەوان دەدەم و قازانجەکەشی بەش دەکەین، تۆ هەر لەدوکان دانیشە چای بخۆوە و هیچ مەکە.

من دەمزانی دانیشتن لەو دوکانە لەلایەن حکومەتەوە بەقاچاخچی دەناسرێن بەڵام هەر کارم بەسیاسەت نەبێ هەرچی بیکەم بۆ ئەوان گرنگ نییە، بێجگە لەوە هەرچی بێ لەبێکاری و سوڕانەوە باشترە، لەگەڵ میرزا برایمی حەربی و چوکەڵی گەوهەری کەوتم، رۆژانە دەچووم لەدوکان دادەنیشتم کڕیاری شتی قاچاخ دەهاتن، قسەم لەگەڵ دەکردن، میرزا برایم و چوکەڵ شتەکەیان دەبرد دەیان دانێ، شەوی ئەوتۆش هەبوو یارمەتیم دەدان دەچووین لەدەروبەری شار شتی قاچاخمان دەهێناوە، لەپەنا ئەوەدا هێندێ کۆبوونەوەی حیزبیشم بەڕێوەدەبرد عەولای ئیسحاقی جاروبار نووسراوی حیزبی بۆ دەناردم، رۆژێك بەهۆی حەمە کەچەڵی قاچاخچی دا نامەیەکی بۆ نوسی بووم، سەید عەولای رەحمەتی داوای کردبوو کە (کتاب سیاه و سیر کمونیسم در ایران) نووسراوی بەختیاری سەرۆکی ساواکی بۆ بنێرم، هەروەها داوای کردبوو هەر کتێبێکی دژی یەکێتی سۆڤیەتی نووسرابێ پەیدایان بکەم و بۆیان بنێرم بۆ عێراق، لەنامەکەدا نەی نووسیبوو ئەم کتێبانەی بۆ چن و چییان لێ دەکا، پێم وابوو کەئەو کتێبانە لەعێراق دەدا بەباڵوێزخانەی سۆڤیەت و نیشانی دەدا کەلەئێران بەم چەشنە دژی کۆمۆنیزم تەبلیغات دەکرێ، چوومە دوکانی ئاغای موفقی کتێبی زۆرم لەو بارەوە کۆکردەوە و بۆم ناردن، پاشان بۆم دەرکەوت کەئەو کتێبانەیان دژی حیزبی تودە و کۆمۆنیزم بەگوندەکان دا دەگێڕا.

دیسان لەدوکانی بەتاڵ

رۆژێك لەدوکانی گۆرین دانیشتبووم، کابرایەکی قەرەیەخە هاتە ژوور و سڵاوی کرد، گوتی لەمەراغەوە هاتووم هێندێ سابوون و قالیچە و چای عەتریم دەوێ، حیسابی کرد بایی هەزار و چوار سەد تمەنی دەویست، گوتی لەدەرەوەی شاری مەهاباد تەحویلم بدەن.

گوتم ئەو شتانە هەن، پولێکم بەعی بدەیە شەوێ بۆت دێنین ٤٠٠٠ تمەن پولی هێنا دەر و بژاردی و لێم وەرگرت، گوتی رەسیدم بدەیە، لەگەڵ کو باسی رەسیدی کرد، بەدڵم دا هات کەدەبێ پیاوی گومرگ یا روکنی ٢ بی.

– مالّی قاچاخ رەسیدی ناوێ، ئەگەر باوەڕ ناکەی فەرموو پارەکەت وەرگرەوە پارەکەی وەرنەگرتەوە، وەدەرکەوت.

رۆژی پێشتر میرزا خانەی موشیری کەحیسابداری دارایی مەهاباد بوو، هاتبوو هێندێك سابوون و چای عەتری بۆ دوکانی یوسفی برای لەمیرزا برایم کڕیبوو، جەمەدانێکی هێنابوو لەدوکانەکە دابنابوو کەشتەکانی بۆ تێ بنێ، بەڵام سەوداکە هەر قسە بوو، میرزا برایم رۆژی دە سەودای بەقسەی دەکرد کەهیچ لەگۆڕێ دا نەبوو.

میرزا خانە هات گوتی: شتەکانیان نەهێناوە کەوابوو جەمەدانەکەم دەبەمەوە، دەستی دا جەمەدان و وەدەرکەوت، تەس کابرای هاتبوو شت لەئێمە بکڕێ گروبانی گومرگ بووە، دە دوازدە سەربازی گومرگی هێناون بەو خەیاڵە کەدوکان پڕە لەمالّی قاچاخ، لەدەروبەری دوکان رای گرتبوون کەلەکاتی خۆیدا دوکان پەلامار بدەن.

کاتێك میرزا خانەی موشیری جەمەدانی بەتالّی دەس دایە و لەدوکانێ وەدەرکەوت، سەربازەکانی گومرگ بەو خەیاڵە کەجەمەدان پڕە لەمالّی قاچاخ تاویان دایە، هاواری کرد من حیسابداری دارایم فایدەی نەبوو، داگژانێ و جا وەرە لێدە، بەدوازدە سەرباز لێیان دەدا و هاواری دەکرد، من بەگورجی دەرپەڕیم و رام کردەوە بۆ مالّ، هێندێ نووسراوە و بەیان نامەی حیزبیم لەمالّێ بوون، دەستم دانێ و رام کرد بۆ مالّی ئاغای (تەوحیدی) لەدەرگام دا، ئەفسەر خانم لەپەنجەرەوە گوتی ئەوە دێمە خوار، دەرگای کردەوە پارەکە و نووسراوەکانم دایە گوتم بۆم راگرە، دێن مالّم دەگەڕێن.

بیرم کردەوە لەوانەیە بێنە مالّێ و ئەگەر لەمالّێ بم تووشی کێشە دەبم، رۆیشتم بەڵام بچمە کوێ؟ وام بەباش زانی بچمە ماڵە (فەتاح سمێڵ)، ئەو کابرایە لەگەڵ

روکنی ٢ هاوکاری دەکرد دەیان گوت جاسوسی ساواکە، بەڵام ئەگەر تووشی من دەبوو بەگەرمی سڵاوی لێ دەکرد، پێم وانەبوو خراپەم لەگەڵ دەکا، کەدەرگای کردەوە زۆر بەخۆشی بەخێرهاتنی کردم و چووینە ژوورێ، تازە دانیشتبووم میرزا برایمی حەریی و چوکەڵیش وەژوور کەوتن، ئەوانیش چووبوونەوە بۆ لای دوکان، کەدەبینن سەرباز دوکانیان گەمارۆ داوە دەگەڕێنەوە ئەوانیش راست دێن بۆ ماڵی فەتاح سمێڵ، شووتی باشی هەبوو دەستمان کرد بەشووتی خواردن پاشان میرزا برایم گوتی: ئەتو ناناسن پێم خۆشە سەرێکی ماڵی ئێمە بدەی، ترسم هەیە بچن ماڵەکەمان بگەڕێن دایکم فەقیرە دەترسێ.

هەستام بۆ لای ماڵی میرزا برایم چووم کەگەیشتمە نێزیک ماڵەکەیان سەرباز دەوری ماڵیان دابوو، کابرای گروبان کەپوڵی دابوو بەمن لەوێ راوەستابوو، ئیتر دەورەیان دام و کابرا گوتی:

– بۆ کوێ؟ چۆن نەجاتیت دەبێ، کوا پارەکەم بدەوە، تەماشام کرد وەختی کێشە نییە ئەگەر کێشە بکەم تووشی لێدان دەبم و بەخۆڕایی دەچێ.

گوتم: پارەکەم لەدوکانێك داناوە با بچین وێت دەمەوە، سەربازەکانی بەجێ هێشت و رەگەڵم کەوت، بەئانقەست بردمە پێش ئیدارەی شارەوانی، بەهەڵکەوت سەرۆکی کەڵانتەری شارەوانی مەهاباد کەستوانێکی فارس بێ حەیا و بەرتیل خۆر بوو لەپێش شارەوانی راوەستابوو، کاتێك لەزیندان بووم لەگەڵ ئەو ئەفسەرە بێ ناموسە زۆرجار هەرامان ببو، سڵاوم کرد گوتی:

– چۆنی چ دەکەی؟ خەریکی چی؟

– لەمن مەپرسە لەو کابرایە بپرسە بزانە چی لەگیانی من دەوێ؟ خۆت دەزانی لەهەموو شتێك خۆم دەپارێزم، ئێستا ئەو کابرایە نازانم کێیە و چی لەمن دەوێ؟

گروبان وەدەنگ هات: ناکا حاشام لێ بکەی؟ جەناب سەروان گروبانی گومرگم چووم بزانم چی قاچاخیان هەیە، چوار سەد تمەنم داوەتێ.

گوتم: تۆ غەڵەت دەکەی بەمن دەڵێی قاچاخچی، من هیچ پوڵم لەتۆ وەرنەگرتووە و ناشت ناسم، لەو قسانە دا بووین سەرۆکی شارەبانی هات، بانگیان کردینە

ژووریّ، کابرای گروبان دەستی پیّ کرد داوای لەجەناب سەرهەنگ کرد کەپارەکەم لیّ بستێنێتەوە.

– درۆ دەکا ئەگەر داوای پارە دەکا دادگوستەری هەیە، با بچیّ شکایەت بکا، کابرا بەتەلیفۆن بانگی سەرۆکی گومرگی مەهابادی کرد، هێندە پیّ نەچوو سەرهەنگێکی مل هوڕی بیّ حەیای کۆنە قازاخ پەیدا بوو، سڵاوی لەسەرۆکی شارەوانی کرد و گوتی:

– ئەوەیە پوڵی ئێمە دەخوا؟ هەر لەبن داراندا دەیکوژم، جەناب سەرهەنگ بێنە پەروەندەی بۆ سازکە و بینێرە زیندان، من هیچم نەگوت تا کاغەزیان هێنا و نووسەری شارەبانی هات و دەستی کرد بەپرسیار:

– خۆت بناسێنە، ناونیشانی خۆت بنووسە.

دەستم دا قەڵەم و نووسیم:

– لەبەرئەوە کەسەرهەنگی سەرۆکی گومرگی مەهاباد لەکن سەرهەنگی سەرۆکی شارەوانی هەڕەشەی لێدان و کوشتنم لیّ دەکا، هەتا دادستان یان بازپورسی دادسەرا نەیەنە ئێرە، هیچ وڵام نادەمەوە، هەروەها دژی سەرهەنگی سەرۆکی گومرگ ئیعلامی جورم دەکەم و داوا دەکەم سزا بدرێ، قەڵەمەکەم دانا.

کاتێك سەرهەنگی شارەوانی و گومرگ تەماشایان کرد ئاگریان گرت:

– ئەوە چییە نووسیوتە؟ وڵامی پرسیارەکان بدەوە.

– وەڵام هەر ئەوەیە هەتا دادستان نەیە وەڵام نادەمەوە، رووم کردە سەرهەنگی شارەوانی و گوتم: زۆر شەرمە بۆ تۆ کەبەرپرسی ئەمنیەت و سڵامەتی خەڵکی شاری، ئەفسەرێکی گومرگ هەڕەشەی کوشتن لەمن دەکا تۆ وەدەنگ نایەی، من ناچارم ئەو مەسەلەیە لەدادسەرا بێنمە گۆڕێ، چەند ساڵ لەسەر ئەوە زیندانم کێشاوە کەپێشی ئەو ملهوڕییە بگیرێ.

سەرهەنگ گوتی: ئەوە هیچ، ئەو پرسیار و وڵامە دەدرێنین، پوڵی ئەو گروبانە چی لیّ دێ؟

– من نازانم ئەوە گرویانە یان نا، لەوانەیە درۆ بکا، ئەگەر گرویانە بۆ جلی نیزامی لەبەردا نییە، وادیارە لەگەڵ جەناب سەرهەنگ رێك کەوتوون کەشلّتاخ بەخەڵك بکەن.

سەرهەنگی گومرگ دەی نەڕاند: فەقیرە... ژن و منداڵی هەیە... دەبێ ئەو چوار سەد تمەنە لەگیرفانی خۆی بدا.

– کەیفی خۆیەتی چۆن ئەو پیلانەتان رێك خستووە ئاواش چوار سەد تمەنەکە پەیدا بکەنەوە بچن شلّتاخ بەکەسێکی دیکە بکەن، من شارەزای ئێوەم.

سەرۆکی شارەوانی کاغەزەکەی وەرگرت و دڕاندی گوتی هەستە برۆ، هەستام وەدەرکەوتم چووم میرزا برایم و چوکەلم دیتەوە.

رۆژی دوایی سەعاتی یازدە سەربازێك هات نامەی سەرهەنگی گومرگی بۆ هێنابووم لەنامەکەدا نووسیبووی: تکایە بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ تەشریف بێنە ماڵی ئێمە، چاوەڕوان دەبم.

میرزا برایم و چوکەڵ گوتیان نابێ بچی، کەڵەکێکت بۆ ساز دەکا، گوتم دەچم و نانەکەش دەخۆم، ئێوەی بانگ نەکردووە حەقتانە، نیوەڕۆ چوومە ماڵی سەرهەنگ نانێکی باشیان ساز کردبوو خانم هات بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم جەناب سەرهەنگ بەشێوەی کۆنە قازاخی بەفێڵ برێکی تەعریف کردم.

پێکەوە نانمان خوارد و پاشان گوتی:

– دەزانم تۆ بێکاری، دەوڵەت زوڵمی لێ کردووی، ئەگەر هاوکاری ئێمە بکەی حقوقێکی زۆر باشت دەدەینێ، پێشنیار دەکەم لەئیدارەی گومرگ بەرەسمی دابمەزرێی.

گوتم جەناب سەرهەنگ چاوەڕوانی ئەوە نەبووم پێشنیاری ئاوا بەمن بکەی، من ئینسانێکی سیاسیم، دژی ئەو دەوڵەتە خەباتم کردووە، سێ ساڵ لەزیندان بووم، ئێستا بێم هاوکاری ئەو حکومەتە بکەم، بەراستی ئەگەر زانیبام ئەو خەیاڵەت هەیە نەدەهاتم، زۆر سوپاسی خانم دەکەم بۆ نان و چێشتەکەی، وەدەرکەوتم.

رۆژێکی میرزا خانەی موشیری هاتە دوکان و گوتی:

– فیکرێك بۆ من بکەنەوە، دەیانەوێ چوار سەد تمەنەکە لەمن بستێننەوە.

گوتم: جوابیان مەدەوە، تۆ بایی چوار سەد تمەنت وێ کەوتووە.

من چوار سەد تمەنم خوارد، نازانم پاشان چییان بەسەر حیسابداری دارایی خۆیان هێنا!

ئیستواری ئەرتەشی شاهەنشاهی

رۆژێك لەدوکانی گۆرین دانیشتبووم، میرزا برایمی حەربی لەگەڵ ئیستیوارێکی سمێڵ فشی ئەرتەشی شاهەنشاهی هاتەوە دوکان، دانیشتن و بانگی کرد چەند چایان هێنا و گوتی: ئەو ئیستواره عەمبارداری سوپای مەهابادە، پیاوێکی زۆر باش و بەشەرەفە! قسەم لەگەڵ کردووە کەوش و شاڵوارێکی ئەمریکایی کەبەتایبەت بۆ ئەفسەران دێ لەگەڵ پەتوی ئەمریکایی بۆمان دێنێ ئێمەش دەیفرۆشینەوە.

گوتم: ماڵ وێران کەس نەماوە تا ئیستواری ئەرتەش نەبینیەوە، دەست لەئەرتەشیان هەڵگرە، بەتایبەت بۆ من مەترسی زۆرە، هەر لێم لەبیانوون، شتێکی ئەرتەشیمان لێ بگرن من تێدا دەچم.

گوتی: هیچ نییە، ئەو ئیستواره زۆر بەشەرەفە شتەکان دەباتەوە ماڵە خۆی ئێمەش دەچین هەم سەری ماڵێ دەدەین هەم شتەکان دێنین.

لەگەڵ ئیستواری ئەرتەش سەودا دەس پێ کرا، کەوشی ئەفسەری ئەمریکایی پێ دەفرۆشتین بەپازدە تمەن، دەمانداوە بەشێست تمەن، شەڵواری ئەفسەری ئەمریکایی پێ دەفرۆشتین بەپازدە تمەن دەمان داوە بەشێست تمەن، سێ شەڵوار دەستێك کەوا و پاتۆڵی کوردی لێ ساز دەبوو، هەرسێکمان کەوا و پاتۆڵی پارچەی ئەفسەریمان ساز کردبوو کەس لەبەری دا نەبوو، پەتووی ئەمریکایی بۆ دێناین بەهەرزان زۆر بەگران دەمان فرۆشتەوە، بەکورتی پولێکی باشمان لەئیستوار وەدەست کەوت.

رۆژێك ئیستوار هات دانیشت و گوتی: هێندێکم فیشەك لێ بکڕن.

– باسی فیشەك مەکە هەستە وەدەرکەوە.

– فیشەك هیچ بۆ تانگێکم لێ ناکڕن، بەحوسێن پێتان دەفرۆشم لەسەری مەیدان بەڵەك تەحویلتان دەدەم.

گوتم: هەستە وەدەرکەوە.. تەماتە سەرمان بەفەتەرات بدەی، ئیستوار جاروبار دەهات دەیگوت: خانم لەماڵە شتەکان لەوێن من کارم هەیە خۆتان بچن وەریان گرن.

بەمیرزا برایم و چوکەڵم گوت: لام وایە ئیستوار نەخشەیەکمان بۆ دەکێشێ من ئیتر نایەمەوە ئێرە، هەستم دەکرد کەمەعمورەکانی سازمانی ئەمنیەت و روکنی ٢ پتر لەجاران دەورەم دەدەن، کەمتر لەماڵێ دەهاتمەدەر، جاروبار لەکۆمیتەی شار کۆدەبوینەوە و لەسەر شێوەی پەرەپێدانی تێکۆشان قسەمان دەکرد، غەنی بلوریانیش تازە لەزیندان هاتبوە دەر وەدەر نەدەکەوت جاروبار بەشەو دەچووم سەرم دەدا، ئەویش لەوانەی لەدەرێ بوون زۆر ناڕازی بوو.

رۆژێك برادەرێکی ئازەربایجانی بەناوی (حوسێنی ئەحەدی) کەبەحوسێن مەراغەیی ناسرابوو، ماوەیەکی زۆر بوو هاتبوە مەهاباد، ژنی کوردی هێنابوو، ببوە ئەندامی حیزب و کوڕێکی بەکار و تێکۆشەر بوو، هاتە لام و گوتی: باش نییە تۆ بێکار بی، من دوکانێکی باشم هەیە وەرە دەبینە شەریك، تۆ هەر لەدوکان دانیشە و هیچ مەکە، قەرز و حیسابی دەفتەر بنووسە من سەرم لەکاسبی دەردەچێ.

– من دەس مایەم نییە چوار سەد تمەنم هەیە، دوکانی تۆ زۆری تێدایە چۆن دەبمە شەریك.

– دوکانەکە حیساب دەکەین، دەس مایەکان دیار دەبن لەقازانجیش شەریك دەبین.

تەماشام کرد فیکرێکی خراپ نییە لەبێکاری نەجاتیم دەبێ دەتوانم کاری سیاسیشی بەبەرەوە بکەم، بەڵام حوسێن مەراغەییش بێجگە لەهاودەرد و دڵسۆزی بۆ من، قازانجی خۆشی تێدا دیتبوو، پاش ئەوەی من چوومە دوکانی

حوسێن مەراغەیی تەواوی گروبان و مەعمورەکانی روکنی ٢ و ساواك بۆ سەودا و شت کڕین رووبان کردە دوکانی ئێمە، دەهاتن بزانن چ دەکەم کێ دێتە لام، چ دەفرۆشین و... بێجگە لەوە دۆست و برادەری زۆر لەشار و لەدێهات رووبان کردبووە ئەو دوکانە فرۆشی چەند هێندی جاران بوو.

ئەوەی لەم دوکانە دیتم بۆ من شتێکی سەرسوڕهێنەر بوو، خاسیەتی وردە بۆرژوازی و شێوەی پارە پەیداکردن پتر بۆ من روون دەبۆوە، من تەنیا دەفتەر و حیسابی قەرزەکانم دەنووسی، هەموو شتێکی بەقەرز دەدا بەمەعمورەکانی روکنی ٢، ستادی ئەرتەش و ساواك، سەری مانگ پارەکەی لێ دەساندن لێبان نەدەترسا، زۆر ئازایانە پارەکەی دەستاند، بەڵام خوا هەڵ ناگرێ ئەگەر سەد تمەنی لەسەر یەکێك دەنووسی، هەر بایی شێست تمەنی دابوبێ، لەماست و رۆن و قەند و چا و میوە و هەرچی شتی کێشان بایە بێ قسە کەمتری بۆ دەکێشان لەجیاتی دوو کیلۆ کیلۆ و نیوێکی دەدانێ، زۆرجار پێم دەگوت: وسێن ئاغا ئەوە کارێکی باش نییە، کەمیان مەدەیە بەگران پێبان دەفرۆشی قەی ناکا بەڵام کەم کێشان دەبێتە دزی، دەی کێشنەوە دێنە سەرمان کارێکی جوان نییە.

– تۆ حەقت نەبێ دەفتەرەکە بنووسە، سەگباب بۆ جاسوسی دێتە ئێرە، ئەگەر دەزانێ کەمە یا گرانە، با نەیەتە ئێرە شتم لێ نەکڕێ.

ئەو ماوەی لەدوکان بوم سەر لەشکر وەرەهرام دوو جار لەدوای ناردم، دەستی دەکرد بەهەڕەشە: ئاگام لێیە دەزانم چ دەکەی.. دەزانم کێ هاتووچۆت دەکا.. لەو قسە قۆڕانە.

ئەفسەرانی ساواك دەهاتن شتیان دەکڕی دەیانزانی شتەکە گرانە هەڕەشەیان دەکرد: رۆژێك دەکەوییە بەردەستمان.

رۆژی ٢٣ی پوشپەڕ چاردەی ژوئیەی ١٩٥٨ لەمالّی برادەرێکی دێهاتی کەتازە هاتبوە شار کۆبوونەوەیەکی حیزبیمان هەبوو لەتارانەوە خەبەریان دابوو کەبرادەرێك بنێرینە تاران کاك عەزیز و رحمەتی شەریعەتی لەتاران بوون، سەید عەولّای ئیسحاقی نامەی بۆ من نووسیبوو: ئەگەر بۆ کاری حیزبی پارەت پێویست

بوو بەمحی الدین ئاغای بابان زادە بڵێ.. هاوڕێی خۆمانە بڕوای پێ بکە، ڕام ئەسپاردوە تەنیا لەگەڵ تۆ پێوەندی هەبێ.

محی الدین ئاغا زۆر دەهاتە دوکان و ئەحوالّ پرسی دەکرد، جارێك سەد تمەنم لێ وەرگرت بۆ برادەرێکی کەکادری دێهات بوو، جارێکیش هات داوای لێ کردم کەچەند ئەندامی حیزبی بنێرم بۆ کێشەی مولّکی شاهیدی بەدرۆی بۆ بدەن، خستمە پشت گوێیان، لەکۆبوونەوەدا باسی محی الدین ئاغا هاتە گۆڕێ، یەك دوو کەس لەئەندامانی کۆمیتەی شار گوتیان محی الدین ئاغا سالّی ١٣٣٢ لەشکری کردوە و بەهاواری دەرەبەگەکانی ناوچەی بۆکانەوە چووە چەند جوتیاری کوشتوە، ئێستا چۆن بۆتە هاوڕێی حیزبی، داوایان کرد نامە بۆ برادەران بنووسم ئەو مەسەلەیە ڕوون کەمەوە، سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ بوو رادیۆ مۆسکۆمان کردەوە گوێمان لەخەبەر بێ، هەوەلّ خەبەری گوتی: ڕێبەرانی پەیمانی بەغدا بۆ پێشوازی لەپاشای عێراق لەفڕۆکەخانەی ئەستەنبوّلّ کۆببونەوە، بەلّام ئەو نەهات بۆ هەمیشەش هەر نەهات، لەعێراق شۆڕشی نیزامی کرا سەرهەنگ عبدالکریم قاسم ڕێبەری شۆڕش، کاروباری وڵاتی گرتە دەست، کردمان بەخۆشی و چەپڵەلێدان، لەوکاتەدا خوشکەزاکەی من هاتە ئەو ماڵە گوتی: خاڵە مزگێنیم دەیە کوڕێکمان بووە.

دوو خەبەری خۆش لەکات و سەعاتێك دا هەر لەوێ برادەران بڕیاریان دا ناوی لێ بنێن، لەوکاتەدا لەلوبنان شەڕ بوو، لەشکری ئەمریکا هاتبوە ڕۆخەکانی لوبنان و یارمەتی بەکامیل شەمعون دەکرد، کەمال جونبەلاّت ڕێبەری هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستی بەربەرەکانی دەکرد، بڕیاریان دا کوڕەکەی من بەناو کەمال جونبەلاّت بکەن کەناویان نا کەمال، لەکۆبوونەوە هاتمە دەر چوومە حەساری شارەوانی دەستە گوڵێکی زۆر جوانم لەئەفسەری کێشك وەرگرت و چوومەوە ماڵێ، دایکم بەپیرمەوە هات ماچی کردم، مزگێنی کوڕی دامێ، منیش مزگێنی شۆڕشی عێراقم دایە.

لەپێش شۆڕشی عێراقدا ناوی جەمال عبدالناصر لەجیهاندا بڵاو ببۆوە، میللی کردنی کاناڵی سوێز، پەلاماری سێ قۆڵی ئیسرائیل و ئینگلیس و فەرانسە بۆ سەر میسر، دیفاعی خەڵکی میسر لەپۆرتی سەعید، خەڵکی وەختەبەر هێنابوو، باسی ڕۆژانەی خەڵك هەر شەڕی میسر و جەمال عبدالناصر بوو، ئولتیماتومی یەکێتی سۆڤێتی بەدەوڵەتانی پەلاماردان لەدڵی خەڵکدا هیوا و هومێدی پێك هێنابوو، بێجگە لەوە لەقاهیرە ڕادیۆی کوردی کرابۆوە، خەڵك بەتامەزرۆیی بەدزی گوێیان بۆ ڕادەگرت، خەبەرەکانیان بۆ یەکتر دەگێڕاوە.

لەدوکانی ئێمە هەموو ڕۆژێ ئێواران وسێن ئاغا لەبەر دەرکی دوکان ڕادەوەستا، من لەژوورێ ڕادیۆم دەگرت و گوێم دەدا دەنگوباس، ئەگەر مەعمورێکی ساواك لەدوورەوە بۆ لای دوکان دەهات وسێن ئاغا دەیگوت: خاڵم دێ، من ڕادیۆم بێ دەنگ دەکرد یا دەمکرد بەتاران.

پاش شۆڕشی عێراق خەڵك لەچایخانەکان ڕادیۆی بەغدایان دەکردەوە، دەنگوباسی بەشی کوردی پێشوازی گەرمی لێ دەکرا، مەعمورەکانی ساواك و ڕوکنی ٢ وەك سەگی هار بەنێو شار وەردەبوون و ڕادیۆکانیان بێ دەنگ دەکرد بیانویان بەخەڵك دەگرت، ئەو ڕۆژەی مامۆستا برایم ئەحمەد لەڕادیۆی بەغدا قسەی دەکرد نێو شاری مەهاباد وەك خۆپیشاندانی لێ هاتبوو.

لەو سەروبەندەدا بەیاننامەیەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانمان پێ گەیشت، پێش شۆڕشی عێراق نووسرابوو، لەژێر تەئسیری ڕادیۆی قاهیرەدا لەبەیاننامەکەدا گوترابوو: بۆرژوازی عەرەب کەوتۆتە سەر ناسینی مافی نەتەوایەتی کورد.

ئێمە لەمەهاباد بڵاوبوونەوەی ئەو بەیاننامەیەمان بەکارێکی گرنگ دانا و بەهەراوی بڵاومان کردەوە، پاشان دەرکەوت بەتەنیا سەید عەولای ئیسحاقی ئەو شتەی نووسیوە و نێوەڕۆکێکی زانستی نییە، چونکە بۆرژوازی عەرەب یان فارس و تورك ئەوە نین کەمافی نەتەوایەتی کورد بناسن.

چەند ڕۆژ دوای شۆڕشی عێراق لەڕوکنی ٢ هاتن بردیانم بۆ لای وەرەهرام، دوو سێ قوتابی پۆلی نێوەنجیشیان هێنابوو یەکێکیان جولەکە بوو، کەچوینە ژوور،

وەرەهرام رووی لەمن کرد و گوتی: پێت وانەبێ زەمانی سمایل ئاغایە و بەتفەنگی سێ تیر دەتوانن ولّات بشێوێنن، دەستور دەدەم لە (ورمێ)ەوە هەتا (سەردەشت) بۆمبارانی بکەن ئەو فیکرانە لەسەری خۆتان بەرنەدەر.

– تیمسار زۆرم پێ سەیرە، نازانم باسی چ دەکەی ئەو شتانە چ پێوەندییەکیان بەمنەوە هەیە، بۆچی باسی سمایل ئاغا و بۆمباران لەگەلّ من دێنیە گۆڕێ؟ کەیفی خۆتە دەستور بدە بۆمباران بکرێ، بەلّام هیچ میللەتێك بەبۆمباران لەبەین ناچێ.

– دەزانم فیکرتان چییە، ئاگام لەهەموو کارێکتان هەیە، پاشان رووی کردە برادەرە جولەکەکە و بەبێ شەرمی گوتی:

– هەتیوە حیزە تۆ دەلّێی چی؟ پێت وایە نازانم چ دەکەی، لەگەلّ کێ دەگەڕێی بڕۆن وەدەرکەون.

قسەکانی وەرەهرام و بانگ کردنی ئێمە نیشانی دەدا کەترسێکی زۆریان هەیە و لایان وایە کەحیزبی دیموکرات هێزە و دەتوانێ شتێك بکا، لەو بەینەدا یوسفی رێزوانیش پاش پێنج سالّ حەپس ئازاد کرابوو، هەر کەگەیشتەوە مەهاباد بەنووسین پێی راگەیاندم کەئامادەیە هاوکاری بکا و دەست لەتێکۆشان هەلّ ناگرێ، بێکاری و نەداری ئەویش سەربارێك بوو، زۆرمان هەولّ دا کارێکی بۆ پەیدا بکەین فایدەی نەبوو، رۆژێك تووشی جەعفەر ئاغای کەریمی بووم، بەو زمانە لوسەی کەهەیبوو، سلاّوی کرد و گوتی: قوربان بۆ هەموو خزمەتێك ئامادەم، پێم گوت: تکایەکم هەیە، یوسفی رێزوانی بێکارە لەکورەخانە بیکە سەرپالّە حقوقێکی باشی بدەیە با لەپێش چاوان وون بێ.

– بەچاوان... بەچاوان ئەو رۆژانە پێت دەلّێمەوە.

بەخوا ئێستاش پێی نەگوتمەوە و بەلّێنەکەی نەبردەسەر، یوسف هات لەپەنا دوکانەکەی ئێمە کەوەر و پیوازی دەفرۆشت، لەکاتێکدا ئامۆزایەکی بابی یەکێك لەدەولّەمەندەکانی هەرە گەورەی مەهاباد بوو.

گەزی ئیسفەهان و ئەفسەری ئەمریکایی

پاش رووخانی حکومەتی دوکتۆر مصدق ئەرتەشی ئێران بەکردەوە کەوتە بەردەستی ئەفسەرانی ئەمریکایی، کوردستان کرا بەپێگەی نیزامی بۆ دروست کردنی پێگە نیزامیەکانی خانێ و جەڵدیان پڕ ببوو لەئەفسەر و گروبانی ئەمریکایی.

رۆژێك ئەفسەرێکی ئەمریکایی لەگەڵ ستوانێکی ئەرتەشی ئێران کەوەك وەرگێڕ لەگەڵی بوو هاتە دوکان داوای گەزی ئیسفەهانی کرد، منیش قوتویەکم دایە و پارەم لێ وەرگرت، کابرا پاش دوو سەعات هاتەوە گوتی: ئەم گەزە خەراپە... نامەوێ پارەکەم بدەوە.

– من دروستم نەکردوە قوتوەکە سەری نەکراوەتەوە پوڵەکەش نادەمەوە، کابرا چەقەیەکی زۆری کرد پێم گوت: ئێوە لەخەڵکی ئێران دوو ئەوەندەی ئەفسەری ئێرانی حقوق وەردەگرن، ئێستا هاتووی بۆ پارەی قوتوە گەزێك کێشەی دەکەی، ئەفسەری ئێرانی کەوەرگێڕ بوو دیار بوو قسەکانی منی پێ خۆش بوو، بەئینگلیزی بۆی دەگێڕاوە، گوتی: بیدەیەوە باشە دەترسم تووشی کێشەت بکا.

– نای دەمەوە، با بچێ شکایەت بکا، ئاژانێك بەوێ دا هات ئەفسەری ئەمریکایی بانگی کرد و گوتی: ئەو دوکانداڕە گەزی خراپی بەمن فرۆشتوە پارەکەم ناداتەوە.

کابرا ئاژان منی دەناسی پێش ئەوەی وەدەنگ بێ پێم گوت: تۆ خۆت پیاو خراپ مەکە بابچێ لەشارەوانی شکایەت بکا، ئاژانەکە گوتی: شارەوانی نێزیکە بچۆ لەوێ شکایەت بکە.

هێندێ خەڵك لەدەوری دوکانەکە کۆببونەوە دەرفەت بوو کەلەسەر ئەفسەرانی ئەمریکایی لەئێران دا قسە بکەم، کابرای ئەمریکایی رۆیشت و چووە شارەوانی پاسەوانێك هات گوتی: رەئیسی شارەوانی بانگت دەکا، کاتێك چوم سەرهەنگی شارەوانی گوتی:

– ئاغای حسامی تۆ هەمیشە لەکێشە دەگەڕێی، پارەی گەزێك هیچ نییە بیدەوە.

– جەناب سەرهەنگ پێم خۆشە لەو ئەمریکاییە بپرسی: لەپوڵی خەڵکی ئێران چەند حقوق وەردەگرێ؟ حقوقی تۆ کەسەرهەنگی لەگەڵ حقوقی ئەو رەنگە گرۆبان بێ چەندی فەرق هەیە.

سەرهەنگ رەنگی پەڕی گوتی وەختی ئەم قسانە نییە هەستە بڕۆ من پارەکەی دەدەمەوە.

وەدەرکەوتم خەڵك پتر لەبەرامبەر شارەوانی راوەستابوون بزانن بۆچی منیان بردۆتە شارەوانی و چم لێ دەکەی، کێشەی من لەگەڵ ئەفسەری ئەمریکایی چەند رۆژ ببوە جێگای قسە و باسی خەڵك.

نەخۆشی دایکم تادەهات تووندتر دەبوو، مەترسی ئەوە هەبوو منداڵەکەمان و خێزانم و خوشکەزاکەم تووشی نەخۆشی سیل بن، دوکتۆر هێروئابادی هەمیشە دەیگوت هەوڵ بدە دایکت بنێرە بۆ تاران ترسی ئەوە هەیە منداڵەکان هەموو نەخۆش بن، نامەیەکی دیکەم بۆ وەرەهرام نووسی، داوام کرد کەئیجازە بدا دایکم بەرمە تاران و لەخەستەخانەی شائاباد بیخەوێنم، لەداوێنی نامەکەی لەوڵامدا نووسیبووی: حەقی نییە لەمەهاباد وەدەرکەوێ.

لەو بەینەدا ئەو برادەرانەی بەناوی بەرپرسی حیزبی لەتاران بوون بڕیاریان دابوو کەعەوڵای ئیسحاقی بێتەوە ئێران و لەناوچەی سنە کار بکا، عەزیزی یوسفی بچێتە عێراق و نوێنەری حیزب بێ، عەزیز لەتارانەوە دێتە ورمێ، لەوێ سواری لۆریە دەبێ کەبێتەوە ناوچەی مەهاباد و بڕوا بۆ کوردستانی عێراق لەگوندی بالآنیش ژاندارمە پێشی لۆری دەگرن و کاك عەزیزی یوسفی دێننە خوارێ و دەیگرن، ئێمە لەمەهاباد نەمان زانی کەعەزیز گیراوە، رۆژێك سالاری زادە رەئیسی روکنی ۲ قادری یوسفی برای کاك عەزیز بانگ دەکا و لێی دەپرسێ:

– عەزیز لەکوێیە؟ قادر دەڵێ: نازانم بیستومە لەتاران شاگرد خەیاتە.

– نەخێر لەتاران شاگرد خەیات نییە ئێستا لەزیندانە.

قادر هاتە لای من گوتی عەزیز گیراوە لەبالآنیش گرتویانە بردویانە بۆ تاران، خەبەرێکی ناخۆش بوو، ترسی ئەوەش هەبوو لەمەهاباد ئێمەش بگرن، بڕیارمان

دا ئەوانەی ناسراون کەمتر هاتووچۆی یەکتر بکەن، لەبازاڕ و لەشەقام و لەگەڵ خەڵکی دیکە و لەگەڵ یەکتر رانەوەستن.

مانگی رەزبەر بوو، ئێوارەیەک خوشکەزاکەم هاتە سەر دوکان و گوتی: دوو پاسەوان هاتون دەڵێن ماڵەکەتان دەگەڕێین، راست چوومە لای دادستان نامەیەکم دایە و نووسیبوم: دوو پاسەوان بەبێ ئیجازەی دادسەرا چوونە ماڵی من و منداڵیان ترساندوم، داوا دەکەم نوێنەری دادستان بێت و بزانێ ئەو پاسەوانانە لەماڵی من چ دەکەن؟ دادستانی تەلیفوونی بۆ کرد بۆ دادیار و چوم دادیارم هەڵگرت و چوومەوە ماڵێ، کەچوین رەحمانی رەسو زۆرە لەگەڵ عەلی رەبیعی کەهەردووکیان پاسەوان بوون بەچەکەوە لەحەسارێ راوەستابوون دادیار هەردووکی وەپێش خۆ دان بۆ شارەوانی لەوێ ئەمری گرتنی هەردووکیانی نووسی، چەکیان لێ کردنەوە و لەزیندانیان کردن، بەیانی سەرۆکی شارەوانی بانگی کردم و گوتی: ئەوانە فەقێن، ئەگەر لێیان خۆش نەبی نەک هەر لەشارەوانی دەردەکرێن، بەڵکو بەحەپسیش مەحکوم دەبن.

– ناتوانم لێیان خۆش بم یەکەم کاری بێ قانونیان کردووە بێ ئیجازەی دادسەرا چوونە ماڵی من، دووهەم منداڵیان ترساندووە، سێهەم لەگەڕەک منیان بەقاچاخچی ناساندووە، دەبێ بەگوێرەی قانون سزا بدرێن.

کەس و کاریان دەستیان کرد بەهات و چوو پاڕانەوە، بەڵام بڕیارم دا لێیان خۆش نەبم، بەتایبەت عەلی رەبیعی کەلەزیندان لەسەر برایەکی دێهاتی لەگەڵی بەشەڕ هاتبووم، ویستبوی تۆڵەی ئەو شەڕە بکاتەوە، ماوەیەک پێ چوو لەزیندان دا بوون، شەوێک کاک محەمەدی مامڵێ لەپڕا وەژوور کەوت، پاش چا خواردنەوە گوتی: هاتووم هەتا نامەی لێ خۆشبوونی رەحمانی رەسو زۆرەی نەنووسی لەو ماڵە ناچمە دەر، دایک و بابی هاتوونە ماڵی من و ئێستا لەوێ دانیشتون، من محەمەدی مامڵێ وەک هونەرمەندێکی مەزنی کورد و مرۆڤێکی بەشەخسیەت هەمیشە خۆشم ویستوە، هەر دەست بەجێ نامەیەکم نووسی و لەرەحمانی خۆش بووم و داوام کرد ئازادی بکەن، لام وایە کاک محەمەد بەمەمنونی بەخۆشی

گەڕاوە، بەیانی رەحمانی رەسو زۆرە ئازاد کرا، هاتە دوکان و عوزری هێناوە گوتی: عەلی رەبیعی تووشی ئەو هەڵەی کردم، رەبیعی لەزیندان دا مابۆوە، نەمزانی چی بەسەر هات و کەنگێ ئازاد کرا چونکە ئیتر من لەئێراندا نەمام.

دەربەدەری و دووری لەنیشتمان

رۆژی ١٩ی سەرماوەزی ١٣٣٧– ١٩٥٨/١٢/١٠ بەیانی تازە دەگەیشتمە دوکان دوو گروبانی روکنی ٢ گەیشتنە بەر دەرگا گوتیان فەرموو لەروکنی ٢ داوات دەکەن، وەپێش خۆیان دام و لەروکنی ٢ سەرهەنگ سالاری زادە وەپێشم کەوت بۆ دەفتەری سوپا کەسەر لەشکر وەرەهرام لەوێ دادەنیشت، بۆخۆی چووە ژوور و منیان لەدەرەوە راگرت، پاش چەند دەقیقە بردیانمە ژوور، وەرەهرام سەری هەڵێنا و گوتی: دایکت هەر نەخۆشە؟ خەتای خۆتە، پێم گوتی هەدادە ئێستا رۆژی شەموو ٢١ی سەرماوەز کەرۆژی ئازادی ئازربایجانە لەمەهاباد لەشکر رێژە دەڕوا، لەو میتنگەدا کەبەم بۆنەوە ساز دەکرێ دەبێ بێی دژی حکومەتە پوشالیەکانی ئازربایجان و کوردستان، دژی جمهوری عێراق، دژی مەلا مستەفای بارزانی، وەدژی حیزبی تودە قسە بکەی، پاشان بچی لەرادیۆی مەهاباد قسەکانت دوپاتە بکەیەوە، ئەودەم رێگا دەدەم دایکت بەریە تاران، هەر ئێستا بەسەرۆکی شێرو خورشید دەڵێم بۆ خەرجی رێگا سەد تمەنت بدەنێ دەتوانی بچی وەریگری کەلەتاران هاتیەوە لەفەرمانداری مەهاباد کاری باشت پێ دەسپێرم، بۆ خۆت بژی فیکری ئازاوە لەسەرت بەرە دەرێ.

گوتم: تیمسار من دەستم لەسیاسەت هەڵگرتوە ئێستا ئەوە لەدوکانێك کاسبی دەکەم، ئێوە تەنانەت رێگا نادەن نەخۆشێکی کەلەسەرەمەرگ دایە بۆ خەستەخانەی بەرم، لەقانونی هیچ دەوڵەتێکدا رێگای چوونی نەخۆش بۆ خەستەخانە ناگیرێ، من کارم بەسیاسەت نەماوە لەرادیۆ و لەمیتینگ دا ناتوانم قسە بکەم.

گوتی: باسی قانوون دەکەی... ریدم تو قانون (واتا گوم کرد لەقانون) ئێوەِ بەقانون شای ئێمەتان راونا؟ لەو قسانە گەڕێ، هەر ئێستا دەتنێرم بۆ سەربازخانە و هەتا مردن لەتەویلە نایە دەرێ، حاڵی بووی؟ مێشکت کار دەکا.

تەماشام کرد وەزعەکە شپرزەیە، ماوەیەك پێش برادەران لەتارانەوە خەبەریان دابوو ترسی ئەوە هەیە حسامی بگرنەوە نابێ بەهیچ جۆر خۆ بەدەستەوە بدا، هەڕەشەی وەرەهرام و راسپاردەی برادەران تۆزێك وریای کردمەوە، بڕیارم دا پێویستە بەجۆرێك خۆ دەربازکەم.

گوتم: زۆرباشە کەنگێ دەفەرموی دەچم لەرادیۆ قسە دەکەم لەمێتینگیشدا قسە دەکەم.

– زۆرباشە، بچوو وتارەکە بنووسە، بیهێنە تەماشای کەم، پاشان دەچی دەیخوێنیەوە.

– تیمسار من خوێندەواریەکی وام نییە بتوانم مەقالە بنووسم، ئێوە چۆنی دەنووسن من دەیخوێنمەوە.

– دەست لەو قسانە هەڵگرە ئەگەر لەزیندان دیفاعی زیندانیەکانت تەماشا دەکرد خوێندەوار بووی، بەڵام ئێستا ناتوانی مەقالە بنووسی، بڕۆ بینووسە رۆژی شەموو بەیانی بیهێنە تەماشای بکەم هەر ئێستا بچوو لەشێرو خورشید پارە وەرگرە، رۆژی شەموو دایکت بەرە بۆ تاران، هەر لەوێ تەلیفۆنی هەڵگرت و بەسەرۆکی شێرو خورشیدی گوت: ئەوە حسامی دێت سەد تمەن پولی بدەیە نامەی بۆ بنووسە بۆ خەستەخانەی شائاباد کەدایکی رابگرن.

هەموو خوێنم بوو بەئاو، بڕیاری خۆم دا ددانم بەجەرگم داگرت گوتم: باشە دەچم وتارەکە دەنووسم، بەیانی شەموو دەیهێنمە خزمەتت.

– بڕۆ باشە لەتاران گەڕایەوە وەرە لام، کارت بۆ دیاری دەکەم.

وەدەرکەوتم، چومەوە دوکان دەس بەجێ بەبرادەرانی کۆمیتەم راگەیاند سەعاتی چواری دوای نیوەڕۆ لەمالّی وسێن ئاغا کۆبنەوە، بەدوای من دا غەنی بلوریانیشیان هێنابوو بەئەویشیان گوتبوو دەبێ رۆژی ٢١ی سەرماوەز لەگەڵ

کەریمی حسامی لەرادیۆ قسە بکەی، ئەویش گوتبوی باشە، چووبووەوە مالّێ، نیوەڕۆ لەمالّێ دانیشتبووم غەنی لەدوای ناردم گوتبوی شەوێ بێتە مالّی ئێمە.

عەزیزی فەلاحی کەتازە لەزیندان ئازاد ببوو کابرایەکی جنگە نوکە، شەڕ فرۆش، بێ بیروباوەڕ لەشەقام بێکار دەسوڕاوە و قوتە قوتەی دەکرد بانگی دەکەن بۆ روکنی ٢ دەیگرن ماوەرانیەکان کەخزمی بوون دەچن بۆی دەبن بەکەفیل و بەری دەدەن، کاتێك دەزانێ کەمن و غەنی بلوریانیان بانگ کردووە رادەکا و لەشار وەدەر دەکەوێ.

سەعاتی چوار کۆمیتەی شار کۆبۆوە، چوونی لای وەرەهرام و قسە و باسەکەم بۆ گێڕانەوە گوتم: بیری لێ بکەنەوە و بڕیار بدەن، پاش هێندێ قسە و باس گوتیان بیروڕای خۆت چییە و چۆن بڕیار دەدەی؟

– خۆم نامەوێ بچم لەرادیۆ لەمیتینگ قسە بکەم، ئەگەر لەزیندان دا بڕزم ئەو کارە ناکەم، بەڵام پێویستە ئێوەش نەزەر بدەن.

بەتێکڕایی سوپاسیان کرد گوتیان هەر چاوەڕوانی ئەوەمان لەتۆ دەکرد، بەڵام لەو حاڵەدا ناتوانی لەئێران خۆ بشاریەوە، پێشنیار دەکەین بچی بۆ عێراق، ئێستا دەرەتانی مانەوە لەعێراق هەیە، شۆڕشی عێراق بۆتە بنکەی ئازادیخوازان، بێجگە لەوە ئەگەر بچیە عێراق یارمەتی تێکۆشان بەبرادەران دەکەی، لەسەر غەنی بلوریان بڕیارمان دا کەنابێ بچێ قسە بکا لەگەڵ من بێت بۆ عێراق، دەبوایە رۆژی جومعە ٢٠ی سەرماوەز لەشار وەدەرکەوم بچمە سیاقوڵ، قاسمی سوڵتانیان بەناوی حیزبی (فەتاح) لەوێ بوو دەبوایە بەڕێم بکا بۆ عێراق، هەر ئەو رۆژە نامەیەکم بۆ نووسی بۆ کاك قادری کوڕی کاخدری دیبوکری، داوام لێ کرد کەبەیانی (واتە رۆژی جومعە) دەستێك جلی کوردی و دوو وڵاخی سواریم بۆ بنێری دێمە دیبوکر.

من بۆ خۆم جلی کوردی رانکوچۆخەی جوانم هەبوو، جلی کوردیم بۆ غەنی بلوریان دەویست، چونکە دڵنیا بووم کەغەنی ناچێ لەسەر رادیۆ قسە ناکا و لەگەڵ من وەدەر دەکەوێ، شەوێ هەستام چومە مالّی غەنی، تەنیا یونسی برای لەکن بوو،

یونس پێشتر گیرابوو، لەسەر غەنی و چەند برادەرێکی دیکە ئیعترافی کردبوو، لەگەڵ ساواك نێوانی خۆش بوو، بەو حاڵەش یونس لەلای ئێمە دانیشت، غەنی قسەکانی خۆی لەگەڵ وەرەهرام بۆ گێڕامەوە گوتی:

– تەگبیر چییە، چ بکەین؟

– لەسەر ئەو باوەڕەم بچینە عێراق، نابێ بچین لەرادیۆ قسە بکەین، کۆمیتەی شاریش هەر ئەو بڕیارەی داوە کەبڕۆین بچینە عێراق، وەزعی برادەرانی ئێمە لەعێراق شپرزەیە، ئێمە دەتوانین وەزعی حیزبیش ڕێك و پێك بکەین.

– فکرێکی باشە، ڕێگای دیکەمان نییە، بەڵام با ئەوەشت پێ بڵێم کەحەوانەوە لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی زۆر زەحمەتە، ڕەنگە زیندان باشتر بێ دەیناسم و دەزانم چییە، بەڵام عیلاجمان نییە، چۆن بڕۆین؟

– دوێنێ نامەم نووسیوە لەدیبوکر دوو ئەسپ و جلی کوردیمان بۆ بنێرن، سوار دەبین و دەڕۆین، من شارەزام پیاوی دیکەش لەگەڵ خۆمان دەبەین.

– زۆرباشە بەیانی لەکوێ دەبی بەهاشمی حوسێن زادەدا نامەم بۆ بنێرە دێمە لای تۆ، ئەگەر ئەسپ و جلی کوردی هاتن دەڕۆین.

شەو گەڕامەوە مالێ حیکایەت و مەسەلەی ڕۆیشتنم بۆ دایکم گێڕاوە گوتم: دایەگیان ئێستا باش بیری لێ بکەوە، یان دەبێ بچم لەرادیۆ و لەمیتینگدا قسە بکەم و پاشان بەسەرشۆڕی لەنێو شاردا بگەڕێم و لەلای ئێوە بمێنمەوە، یا دەبێ بڕۆم و ئێوە بێ کەس و بێ سەرپەرشت بەجێ بێڵم، ڕەنگە من دەرباز بم، بەڵام نازانم ئێوە چیتان بەسەر دێت.

دایکم بەئاخێکی سارد و بەکوڵی گریانەوە گوتی: قەت نابێ کاری وا بکەی بچی بۆ عەجەمان قسە بکەی، ئێستا ئێمە بەناو و بەکردەوەی تۆ سەربەرزین، ئەگەرچی بچی لەرادیۆ قسە بکەی پاشان لەروت هەڵنایە لەم شارەدا بی، ئەتۆ بڕۆ، خولا بکەم دەرباز بی ئێمە ئەگەر ژیاین ئەوە دەژین و تۆش دەبینینەوە، ئەگەر مردیشین ئەتۆ خۆش بی.

بەداخەوە دایکم مرد و چاوم پێی نەکەوتەوە، ئەو رۆژەی لەکن سەر لەشکر وەرەهرام هاتمە دەر، چومە لای حاجی مەلا خالیدی وەحیدی باسەکەم بۆ گێڕاوە، حاجی مەلا دوو سێ دڵۆپە فرمێسکی بەسەر ریشە سپی و نورانیەکەی دا هاتە خوارێ و گوتی:

– باشە.. ئەدی وەزعی منداڵەکانت چی لێ دێ؟

– نازانم.. مەجبورم بەجێیان بێڵم، ناتوانم بچم لەسەر رادیۆ قسە بکەم و پاشانیش لەشاردا بژیم.

– نا... نابێ کاری وا بکەی ئێستا بۆ عێراق رێگا هەیە، تۆ دەبێ بڕۆی بۆ ژیانی منداڵەکانیش خودا کەریمە.

هەر ئەو رۆژە لای ئێوارێ چوومە لای دوکتۆر هێروئابادی، ئەحوالّی دایکمی پرسی، مەسەلەکەم بۆ گێڕاوە، گوتم: دەڕۆم ناچم لەرادیۆ قسە ناکەم، تکایە جاروبار سەرێکی دایکم بدە، گەلێك خەفەتبار داما پاشان پوڵێکی هێنا دەرێ و گوتی: تکایە ئەو پوڵە بۆ خەرجی رێگا هەڵگرە، بەگەرمی دەستی یەکترمان گوشی و وەدەرکەوتم، هاتمە دوکان بەوسێن ئاغام گوت: ئێستا بڕیارە دەبێ بڕۆم منداڵەکان بەتۆ دەسپێرم.

لەوکاتەدا گروپانێکی پیری ژاندارمە هاتە دوکان ئەو کابرایە دۆستی وسێن مەراغەیی بوو، سەودای لێ دەکرد، سڵاوی کرد و گوتی: پەنا گیتر میشم (واتا پەنام هێناوە)، وسێن ئاغا گوتی: سەرگروبان خولاّ نەکا، چ بووە.. چ قەوماوە بڵێ دوکانی خۆتە، هەرچی بتەوێ هەیە، بەحەزرەت عەباس دوکانی خۆتە.

– مەسەلە دوکان نییە، مەسەلە ئەوەیە دەمنێرن بۆ سەردەشت، من قەت نەچومە کوردستان، دەڵێن لەشکری عێراق لەسەر سنوری ئێرانە، لەوانەیە شەڕ ساز بێ منی چارە رەش چ بکەم ژن و منداڵم لێرە دەمێننەوە.

– خاتر جەم بە... بەمنداڵەکان بڵێ هەرچی وێستیان بێنە دوکان، مەحتەلیان ناکەم، ئەگەر درەنگ هاتیەوە منداڵەکانت سواری ماشێن دەکەم دەیان نێرمەوە مەراغە، بەحەزرەت عەباس بۆ خۆشم لەگەڵیان دەچم، وسێن ئاغا بەتورکی لەگەڵ

کابرا قسەی دەکرد، بەکوردیش بەمنی دەگوت دینی وا لێ دەکەم ئەگەر خولاّ دەکا شەڕ دەبێ و دەکوژرێ ناهێڵم ژنەکەی بێ ساحەب بێ.

گوتم باشە سەرگروبان خۆ تۆ بەتەنیا نی لەشکری ئێران بەهێزە.

– ئەی ئاغا... هێزی چی... ئاگات لێ نییە ئەوە حەوتویەکە ئەفسەرەکانی ئەرتەش و ژاندارمە بەشەو ژن و منداڵیان بۆ تەورێز و تاران بەرێ دەکەن، خۆ ماڵیان لێرە نەماوە، خۆیان بۆ هەڵاتن ساز دەکەن.

– کەوایە تۆش ژن و منداڵەکەت بنێرە مەراغە.

– ناهێڵن.. ناهێڵن ئێمە ژن و منداڵمان بەرینەوە، دەڵێن خەڵك پێ دەزانی.

وسێن ئاغا گوتی: سەر گروبان دەخەمی منداڵەکان دا مەبە بۆ خۆم وەك تۆ چاوم لێیان، دەبێ ئێستا چت دەوێ؟

– بڵێم چی.. هاتوم ئاغای حسامی کاغەزێکم بداتێ ئەگەر لەسەردەشت شتێك قەوما هەتا دەگەمەوە مەهاباد خۆمی پێ نەجات بدەم، کورد نەمکوژن.

– سەرگروبان کاغەزی چی؟ خۆ من فەرماندە نیم.

– هەموو دەڵێن کاغەزی حیسامیت پێ بێ، کەس دەستت لێ نادا.

– کاغەزی ناوێ.. خولاّی کرد، بوو بەشەڕ و ئێوە شکان، تۆ گەیشتیە هەر گوندێکی بەکوردەکان بڵێ دەچمە کن حسامی، دەستت لێ نادەن هەر ناوی من بێنی بەسە.

– ئەڵڵا عومر ورسن، ئەڵڵا سەنی بزە چوخ گویرماسن.

گروبان رۆیشت، ئێمە لەگەڵ وسێن ئاغا بیرمان لەوە دەکردەوە بن دەستی کێین و کێ حوکماتمان لەسەر دەکا! پوڵێکم لەوسێن ئاغا وەرگرت و خوداحافیزیم لێ کرد و وەدەرکەوتم، جاسوسی ساواك و روکنی ۲ لەدەوروبەری دوکان دەسوڕانەوە، ئەو شەوە لەماڵێ خەوم لێ نەکەوت، خێزانم زۆر ناڕەحەت بوو، دواڕۆژێکی تاڵ و دژواری دەبینی، هەتا رۆژ نەنوست نەی هێشت منیش بنوم، ئاگام لێ بوو دایکم دەگریا، بەڵام لەبەر ئەمن دەری نەدەبڕی، لەگەڵ کازیوەی بەیانی هەستام بەبیانوی حەمام هاتمەدەر و راست بەشەقام دا رووم کردە گەرماوی

شێروخورشید، نامەیەکم نووسی دام بەخێزانم بیبا بۆ هاشمی حوسێن زادە کەبیدا بەغەنی بلوریان ئەویش بێتە مالّی چوکەڵ، لەمالّێ گوتم: دەچمە مالّی چوکەڵی گەوهەری با خوشکەزاکەم سەعات هەشت جلی کوردیم بۆ بێنێ، گەیشتمە حەمام و بام داوە چومە مالّە چوکەڵی، نان و چای بەیانیمان دەخوارد خوشکەزاکەم هات، رانك و چۆخەی بۆ هێنابووم، گوتی: بەیانی هەر پاش وەدەرکەوتنی تۆ دوو دژبان هاتوون لەتۆیان پرسیوە، گوتومانە شەوێ نەهاتۆتەوە، خوشکەزاکەم نارد‌ەوە و گوتم زوو نامەی هاشمی حوسێن زادە بەرن بیدەنێ.

سەعات بوو بەیازدە غەنی پەیدا نەبوو، مەلا رەحمانی پیاوی خانمە خانمی بەهەناسە بڕکە وەژوور کەوت:

– ئەوە بۆ لێرە دانیشتووی، بەحەقی خودا دەت کوژن، هەرچی گروبان و جاسوسی ساواکی هەیە وەنێو شار کەوتون و لەتۆ دەگەڕێن، هەر کەسێکی جارێك لەگەڵ تۆیان دیتبێ، هاتووچۆت کردبێ، دەیگرن و لێی دەدەن، بۆخاتری خوا... هەستە بڕۆ... بەجۆرێك لەشار وەدەرکەوە.

نەدەکرا چی دیکە چاوەڕوانی غەنی بم یان راوەستم کەلەدێبوکرەوە ولّاخی سواریم بۆ بێ پاش هاتنی مەلا رەحمان و نەهاتنی غەنی بلوریان رانك و چۆخەم لەبەرکرد و راست رووم کردە سەربازخانەی شار، فیکرم کردەوە پۆلیس نابێ فیکری ئەوە بکا کەسێکی خۆی شاردبێتەوە بچێتە سەربازخانە، بەتایبەت رۆژی هەینی بۆ خەڵکێکی زۆر بۆ سازدانی سەربازان دەچونە سەربازخانە ئەو شەقامە پڕ لەخەڵك بوو.

کاتێك خێزانم نامە بۆ هاشمی حوسێن زادە دەبا کەبیدا بەغەنی بلوریان و بێتە لای من، کەدێتە دەر دەبینی گروبان لەمن دەگەڕێن، لەترسان دەچێتە حەمام و نایەتە دەر، غەنی لەمالّی خۆیان وەدەردەکەوێ لەمالّێکی دیکە خۆ دەشارێتەوە، پاشان دەچێتە نەغەدە مالّی وەهابی برای کەهاوکاری ساواك بوو وەهاب تکای بۆ دەکا و دەس لەغەنی هەڵدەگرن، پاش رۆیشتنی من ئیتر وازیان لەهاشمی حوسێن زادە و ئی دیکە هێنا و شار ئارام ببۆوە.

بەیەک دوو کوچە و کۆڵانان دا بام داوە و ڕووم کردە سەربازخانە بەتەنیشت سەربازخانەدا هەڵکشام و گەیشمە سەر بستوی نێوان هەمزاوا و پشتەپ.

لەسەر زینوێ تووشی کاروانێک بوم لەشار دەگەڕاوە ماندو نەبونیم لێ کردن و ڕێگای سیاقۆڵم پرسی، یەکیان گوتی:

– ئەرێ تۆ میرزا کەریمی حسامی نی؟

– نا... بۆچی میرزا کەریم کێیە؟ بۆ دەپرسی؟

– لەدوکانی خاڵم بووم دوو گروبان هاتن لەوێ دەگەڕان، لەخاڵمیان پرسی یەک دوو قوناخە تفەنگیشیان لێدا.

– خاڵت کێیە؟ ناوی خاڵی هێنا دەمناسی پێم گوت تۆ خەڵکی سیاقۆڵی؟

– بەڵێ خەڵکی سیاقۆڵم.

– کەوایە لەگوێ درێژەکەت دابەزە و لەگەڵ من وەرە، کوڕەکە وەک پیاوان هاتە خوارێ و بەهاوەڵەکانی گوت: ئێوە برۆن من پاشان دێم، برێک ڕۆیشتین گوتی: دەترسم وەدوات کەون، با بچینە ئەو دۆڵە لەبن ئەو دار گێزۆ و شیلانە دانیشین تا ڕۆژ ئاوا دەبێ، ئەگەر تاو پەڕی دەڕۆین، لەدۆڵێکی نێزیک ڕێگا هێندێک دارە گێزۆ و شیلان هەبوو، لامان دا چووین لەبن دارەکان دانیشتین، ڕۆژئاوا بوو هەستاین کەوتینەڕێ، لەنێزیک گوندی سیاقۆڵ گەیشتینە ئاشێک، گوتی با سەرێکی ئەو ئاشە بدەین بزانین خەبەری گوندی چیبە، کەچووینە ئاش تەماشام کرد عەزیزی فەلاحی لەوێ دانیشتووە.

– کوڕە عەزیز لێرە چ دەکەی؟

– لێرە چاوەڕوانی تۆ و غەنی بلوریان دەکەم، غەنی پێی گوتم تۆ برۆ ئێمەش دێینە سیاقۆڵ.

– تۆ مااڵی ماوەرانیت بەزامن داوە هاتنە دەرت عەیبە و بێ جێیە، ئێستاش کەس نەی زانیوە، هەستە بگەڕێوە هیچ لەتۆ ناکەن.

عەزیز کەبێکار دەسوڕاوە لەخۆاڵی دەویست کەبیانوی بۆ هەڵکەوێ بڕوا بۆ جێگایەک و ناوی سیاسیش لەخۆ بنێ، فایدەی نەبوو گوتی: بۆ کوێ بچی لەگەڵ

تۆ دێم، تازە ناگەڕێمەوە بۆ شار، چوینە گوندی سیاقۆڵ، ناردم قاسمی سوڵتانیانیان دیتەوە نیوەشەو هاتە لام، پاش چاك و خۆشی و حەسانەوە گوتی: دەبێ بڕۆین لەوانەیە بەیانی ساواك و ژاندارم بگەنە ئێرە، بەڵام عەزیز لەچی دەگەڕێ؟ عەزیز گوتی تازە ناچمەوە مەهاباد، دەوڵەت زانیویە رام کردووە بگەڕێمەوە دەمگرن.

عەزیز وەك چەل و مل بەستۆمان داهات، تاریك و روونی بەیانی کەوتینەڕێ، لای ئێوارێ گەیشتینە گوندی (چوارگا)، هەر پاش ئێمە کوڕەکانی ماوەرانی لەگەڵ دوو ماشێن سەرباز دێنە سیاقۆڵ وەدوای عەزیزی فەلاحی دەکەون، ماڵەکانی گوندی هەموو گەڕابوون، بەڵام تازە عەزیز دەرچووبوو.

لەچوارگا چووینە ماڵی برادەرێکی حیزبی، وادیاربوو ئەو ماڵە مەکۆی برادەرانی حیزبی بوو، کردبویانە لیسەخەرتەل، بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردین، ئێوارە بوو تەندوریان هەڵکردەوە، مریشکێکیان کوشتەوە، شەو چەند کەسی خەڵکی گوندی لێمان کۆبوونەوە، برادەری خاوەن ماڵ کەبەداخەوە ناوەکەم لەبیر چۆتەوە، پاش نان خواردن پرسی:

– عەیب نەبێ پرسیارێکم هەیە با بزانم خەڵکی کوێی؟

– خەڵکی مەهاباتم.

– چی؟.. هەرسێك تەڵاقم کەوێ مەگەر بەرێبواری بەسابڵاخدا رۆیشتبی.

سابڵاخی چی؟ تۆ ئەوە چەند سەعاتە لێرەی، دەڵێی سەت ساڵە لەنێو مەنگوڕانی، هەموو هەستان و دانیشتنی ئێمە دەزانی، ئەو سەر روتانە (دەستی بۆ قاسمی سوڵتانیان راداشت) ئەوە سێ ساڵە لەنێو ئێمەدا دەگەڕێن، ئێستاش دەڵێی تازە لەسابڵاخ وەدەرکەوتوون.

شەو تا درەنگ دانیشتین لەسەر وەزعی سیاسی قسەم بۆ کردن، بەیانی برادەرێکی حیزبیمان ساز کرد لەگەڵمان بێتە گوندی (سلامەت) نێو گەورکان خۆمان ساز کرد کەبڕۆین، سوارێك بەغار لەگوندی سیاقۆڵەوە گەیشتێ برادەرێکی حیزبی بوو نامەی هێنابوو، کەنامەکەم وەرگرت، هاشمی حوسێن زادە

نووسیبووی: سەرۆکی روکنی ٢ بەدوای دا ناردوم، گوتویە خەبەر بدە بەحسامی بگەڕێتەوە، بێتەوە شار کەس خۆی تێناگەیەنێ، ئێستاش وا بەباش دەزانم سەفەر نەکەی بگەڕێیەوە.

لەگەڵ قاسم کەوتینە ڕاوێژ، هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەقسەی کاربەدەستانی لەشکر و ساواک جێگای بڕوا نییە، بەبرادەرەکانم گوت: بڵێ ڕۆیشتبوو نەی گەیشتمێ، قاسم گوتی: بۆ خۆم وڵامی بۆ دەنووسمەوە.

لەچوارگاوە لەگەڵ برادەرێکی چاوساخ کەوتینەڕێ، شەو چوینە گوندی سلامەت ماڵە مەلا کەریمی، ئەندامێکی تێکۆشەری حیزب و پیاوێکی باش و ماڵ خۆش.

لەگوندی سلامەتەوە برادەرێکیان ڕەگەڵ خستین بۆ دیوی بانە، نیوەڕۆ بوو گەیشتینە گوندی (گەنمان) لەحەسارێکی گەورە و ماڵێکی سەر ئاواڵە لامان دا، پێویست ناکا باسی پیاوەتی و ڕووخۆشی و میوانگری ئەو ماڵە بکەم، چونکە لەکوردستان ماڵی ئاوا زۆرن میوانگری و نان دان خەسڵەت و ڕەوشتی جوانی کوردەوارییە، بەڵام ناکرێ باسی جوانێك نەکەم کەلەهەموو ژیانی خۆمدا نەم دیبوو قەتیش لەبیرم نەچۆتەوە، کیژێکی پازدە، شازدە ساڵە، باڵابەرز، چاوکاڵ، پرچ درێژ، قیت و قۆز، سەرکولمەی وەك گوڵە باخ ڕەنگی دەداوە، ئێستاش پاش بیست و شەش ساڵ کەئەم بیرەوەرییانە دەنووسم دەتوانم بڵێم لەهەر شوێنێ کیژێکی فرە جوانم دیتبێ، ئەم کیژەی گەنمانم وەبیر هاتۆتەوە، زۆرجاریش باسی جوانی ئەو کیژە کوردەم بۆ برادەران گێڕاوەتەوە، لەبەرامبەر پیاوەتی ئەو ماڵە و جوانی ئەو کیژەدا، کەسیشم لەهاوڵی بەزۆر پێوە بەستراوەکەی خۆم (عەزیزی فەلاحی) جینگەنەتر و هیچ و پوچتر نەدیوە، لەخۆوە لەماڵی کابرا لەنان خواردن زیز بوو، دەم و لووتی تێکنا، دەتگوت کابرا پێی قەرزدارە، نانمان خوارد و کەوتینە ڕێ، بەعەزیزم گوت:

– کەس بەتۆ قەرزدار نییە حەق نییە لەماڵە خەڵکی جۆرێك ببزوێیەوە کەخاوەن ماڵ ناڕەحەت بێ، دەستی کرد بەجنێودان بەکابرای خاوەن ماڵ، دەیگوت ماستیان هەبوە، بۆیان نەهێناوین، لەکاتێکدا هێلکە و ڕۆنیان بۆ ساز کردبووین،

پەنیریان دانابوو، بێجگە لەوە هەر بەرووخۆشی و پیاوەتیان مرۆڤ تێر دەبوو، عەزیز نانی نەخوارد، بەڵام لەرێگا برسی بوو، برادەرێ لەگەڵمان بوو، لەماڵی خۆی نان و شیرێژی هێنا بوو، داوای لێ کرد لەسەر ئاوێك دانیشت و نان و شیرێژی بەئاوێ خوارد.

شەو گەیشتینە گوندی (سووتو) برادەرێکی حیزبی زۆر باش و تێکۆشەرمان لەوێ هەبوو چووینە ماڵی ئەو.

قاڵەی مام عەولا یەکێك لەو هاوڕێ تێکۆشەر و تێگەیشتوانە بوو کەبەشاز هەڵدەکەون، ناوی منی بیستبوو، زۆری پێ خۆش بوو کەمیوانی بوین، تەواوی شەو نەی هێشت بنوین، وەك خوێندەوارێکی سیاسی باسی مەسەلەکانی جیهان و ئێرانی دەکرد، پاشان گوتی: سەرم لەکاری حیزبی خۆمان و کردەوەی کادرەکان سوڕماوە، ئێمە تا ئێستا دژی دەرەبەگەکان خەباتمان دەکرد ئێستا کادرەکان ئەگەر دەچنە ماڵی ئاغا بەکەیفی ئەو قسە دەکەن، هەریەك دەچنە ماڵی وەرزێرێك دژی ئاغا قسە دەکەن، بێجگە لەوە کادرەکانی ئێمە کتێبی رەش و سەیری کۆمۆنیزم لەئێران کەبەختیار نووسیویە دەیگێڕن و بەخەڵکی نیشان دەدەن کەحزبی تودە خیانەتی کردووە.

من بۆ کاکە قاڵەم روونکردەوە گوتم ئەوە سیاسەتی حیزب نییە، رۆژێك مەحتەڵی کردم دەیگوت: رەنگە قادر شەریف پەیدا بێ، ئەو دەم لەگەڵ سمایلی قاسملۆ کادری ناوچەی بانە بوون و پێکەوە دەگەڕان.

بەداخەوە ئەوان نەهاتن نەم توانی بیان بینم، رۆژی دوایی کەوتینەڕێ کاك قادر بۆ خۆی لەگەڵمان هات لەرێگا دەمێکیش لەپرسیار و باسی سیاسی بێ دەنگ نەدەبوو، بەدڵسۆزی و تامەزرۆیی باسی تێکۆشانی حیزب و پەروەردەی کادری دەکرد، دوای نیوەڕۆ لەنێزیك سنور گەیشتینە ماڵی برادەرێك، رۆژێك لەوێ حەساینەوە برادەری خاوەن ماڵ زۆر پیاوانە پێمانەوە ماندوو بوو، لەگوندێکی دیکە ژن برای خۆی هێنا کەلەگەڵمان بێت بۆ سولێمانی، ئێوارێ ماڵ ئاواییمان لەکاکە قاڵە و خاوەن ماڵ کرد بەرەو سولێمانی کەوتینەڕێ، تاریکە شەو

رێگایەکی هەوراز و لێژ و بەردەڵان، لەچوارتا نیوەشەو لەماڵێك لامان دا، نان و چامان خوارد بڕێك حەساینەوە، ملی رێگامان گرت و چێشتان بوو لەقەڵاچوالان لەماڵە برادەرێك لامان دا، ئەو ماڵە ناسیار و دۆستی برادەرانی ئێمە بۆو، وەك لەبیرم مابێ ناوی خاوەن ماڵ فەتحوڵا بوو ماڵێکی سەر ئاواڵە چەند کوڕ و برای پیاو و رووخۆش، پاش حەسانەوە و نان و چا خواردن کەوتینەڕێ و لای ئێوارێ گەیشتینە سولێمانی.

من قەت نەچووبوومە سولێمانی، بەگوێرەی راسپاردەی برادەران دەبوایە بچینە ماڵی (قالە تەگەرانی).

قالە تەگەرانی کابرایەکی کۆنە چەتە و قاچاخچی و دۆستی نێزیکی سەید عەوڵای ئیسحاقی بوو، برادەرانی حیزبی لەماڵی ئەو دەبوون، برادەری شارەزا وەپێشمان کەوت و چوینە ماڵی دیاریکراو، قادر بۆ خۆی لەماڵ نەبوو وەك هەموو ماڵە کوردێك بەخێرهاتنیان کردین و حەساینەوە، پاش نان و چا خواردن عەزیزی فەلاحی گوتی: با بچینە نێو شار، سولێمانی بەشەو جوانە.

عەزیز پێشتر لەگەڵ غەنی بلوریان چووبووە عێراق و ماوەیەك لەسولێمانی مابۆوە، هەرچەند زۆر ماندوبوم ناچار لەگەڵ عەزیز وەدەرکەوتم، کاتێك گەیشتینە نێو شار عەزیز گوتی:

– راستی ئەوەیە من ئارەق خۆرم لەمەهاباد هەموو رۆژی خواردوومەتەوە، ئیستکانە ئارەقێك نەخۆمەوە دەمرم.

– ئێمە لێرە میوانین، بەخێر ئینسانی سیاسین و نوێنەری حیزبێکین، من نە ئارەق خۆرم، نەدەخۆمەوە، تۆش باشترە خۆت رابگری و ئارەق خواردنەوە لێرە جوان نییە.

– خۆم پێ ڕاناگیرێ.

– باشە، خۆت بچوو چ دەکەی بکە، من ئارەق ناخۆمەوە.

– پارەم پێ نییە.

– چۆن تۆ بۆ سەفەرێکی ئاوا وەدەرکەوتوی پارەت نەهێناوە.

– هیچم نەبووە، من بەتەمای تۆ و غەنی هاتوم، کەچەڵ نەهات و خۆی گێڕاوە، دیتم کابرا خۆی پێ ڕاناگیرێ، گوتم باشە جێگایەك بدۆزەوە، ئیستکانێك ئارەق بخۆوە من پارەکەی دەدەم، لام وابوو سولێمانیش وەك شارەکانی ئێران مەی خانە و شوێنی ئارەق خواردنەوەی هەیە، گەلێك سوڕاینەوە هیچ شوێنێکمان نەدیتەوە، تووشی ساختمانێکی گەورە بوین تابلۆیەکی زەلام لەسەر دەرگا هەڵواسرابوو، لێی نووسرابوو (مصرف الرافدین) من عەرەبیم نەدەزانی عەزیز تابلۆکەی خوێندەوە و دەستێکی لەرانی دا و گوتی: ئای داخی گرانم.. ئێرە هەوە و.. بەڵام داخراوە.

جێگا وەگیر نەکەوت شەو بەناهومێدی گەڕاینەوە بەیانی کەچوویتە بازاڕ تەماشامان کرد ئەو شوێنەی کەعەزیز بەمەی خانەی دەزانی و داخی بۆ دەخوارد (بانکە)، گەلێك پێکەنین هەموو جارێ کەئەو باسەم دەگێڕاوە عەزیز بەخۆدا دەشکاوە.

قالە تەگەرانی هاتەوە، ئادرێس و تەلیفۆنی عەولای ئیسحاقی دامێ لەبەغدا، تەلیفۆنم بۆ کرد زۆری پێ خۆش بوو بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، بەڵام هاتنی عەزیزی زۆر پێ ناخۆش بوو گوتی: ئەو هەتیوەت بۆ هێناوە، ئەو نەحیزبیە و نەلەگەڵ کەس دەحەوێتەوە، بەد ئەخلافە، سبەی دێم بۆ سولێمانی.

کتێبخانەی گەلاوێژ

ساڵی ١٣٣٢–١٩٥٣ لەفیستیوالی لاوانی جیهان لەڕۆمانیا لەگەڵ (ڕەئوف مەعروف) خاوەنی کتێبخانەی گەلاوێژ لەسولێمانی ببوومە ئاشنا ئادرێس و ناوونیشانمان دابوو بەیەکتر، ئەودەم ئەو سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی لاوانی عێراق بوو، بەدەرفەتم زانی کەکتێبخانەی گەلاوێژ بدۆزمەوە و لەگەڵ ئاشنای قەدیم و پێشکەوتوخواز دیدارێك تازە بکەمەوە، بەخەیاڵی خۆم پێم وابوو بەدیداری من شاد دەبێ و پێی خۆش دەبێ، نەختێك سوڕامەوە توشی کتێبخانەی گەلاوێژ بووم، چوومە ژوورێ کابرا خۆی بوو یەکی دیکەش لەپەنای ڕاوەستابوو، چەند

کەس لەوێ کتێبیان دەکڕی، راوەستام تا ئەوانی بەڕێ کرد، ئاگام لێ بوو جار جارە لەبنەوە خێسەیەکی لەمن دەکرد، پاشان گوتی: برا تۆ چت دەویست؟ چوومە پێشتر و سڵاوم کرد و گوتم:

– منْ تەنیا ویستم سڵاوێك بکەم و پاش چەند ساڵ دیدارێك تازە بکەمەوە، یادی سەفەری خۆش و رۆژانی خۆش هەر خۆشە، لەرۆمانیا پێکەوە بووین ناونیشانەکەم هەر لەبیرە.

کاك رەئوف مەعروف لەبیستنی ئەو قسانە پەشۆکا، گوتی: من.. من.. نەبووم بەهەڵە چووی.. داخوا کێ بووە.

– ئێرە مەکتەبەی گەلاوێژ نییە؟

– بەڵێ هەوە.. وا لەسەر دەرگا نووسراوە.

– بەهەڵە نەچووم تۆش کاك رەئوفی، ئەو دەم کاك رەئوف بووی، ئێستا کەهەونی ئیتر ئەوە خۆت دەزانی.

– دەبەخوا برا هەو نیم داخوا کێ بووە.

وەدەرکەوتم، عەولای ئیسحاقی کەببوە (ئەحمەد تۆفیق) گەیشتبوە سولێمانی و بەدوام دا دەگەڕا، توشی یەکتر بوین، بەخێرهاتنێکی گەرم و چاو روون بونەوە، لەچایخانەیەك دانیشتین و پاش هێندێ قسە و باس گوتی: کار زۆرە دەبێ هەر ئەمڕۆ بگەڕێینەوە بەغدا، بەعەزیزی فەلاحی گوت: تۆ لێرەبە لەماڵە قاڵە تەگەرانی هەتا خەبەرت لێ دەگێڕمەوە، ئەو کوڕەی لەگەڵمان هاتبوو بانگی کرد چەند دینارێکی دایە، لام وایە سێ دیناریشی دا بەعەزیزی فەلاحی و گوتی بابڕۆین، نیوەڕۆ بۆ نان خواردن چوینە ماڵی حەمەی حاجی تاهیر، هێندێ کەسی دیکەش لەوێ بوون دەس بەقسە و باس کرا نێوەڕۆك و سەر و بنی قسەکان هەمووی دەهاتەوە سەر ئانتی کۆمۆنیزم و رەخنە و پلار لەحیزبی کۆمۆنیستی عێراق من سەرم سووڕما تا ئەو دەم حیزبە کۆمۆنیستەکانم بەدۆست و هاوکار و پشتیوان دەزانی، پێم سەیر بوو لەعێراق لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست ئاوا ناکۆکی هەیە، گوێم لەقسەکان راگرت وەسەر خۆم نەهێنا، لەو مەجلیسەداَ ئەوەم بۆ دەرکەوت عەولای

ئیسحاقی کەبۆتە (ئەحمەد تۆفیق) لەگەڵ ناو گۆڕینی فیکر و بیروباوەڕیشی گۆڕاوە، هەر لەوێ هەستا دوو جار تەلیفۆنی بۆ مەلا مستەفا کرد، قسەکانی هەر بۆ خۆڕانان بوون دەنا نرخی پارەی تەلیفۆنەکەیان نەبوو.

بەرەو بەغدا

پاش نان خواردن سواری ترومبێل بوین و بەرەو بەغدا، کەوتینە ڕێ چوونی بەغدام پتر لەبەر ئەوە پێ خۆش بوو کەلەعەزیز وەدور دەکەوتم، کاتێك گەیشتینە بەغدا چوینە مالێك کەبەئیجارەیان گرتبوو پێکەوە دەژیان، قادر شەریف و (هاشمی اقل الطلاب)، سمایلی قاسملۆ و مەلا باقی لەوێ دەژیان، پێشتر مەلا باقیم لەزیندانی مەهاباد دیبوو دەمناسی، تێگەیشتنی سیاسی نەبوو بەڵام پیاوێکی فەقیر و ئەمین بوو، پاش دوو ڕۆژ دیتم ڕەحمانی قاسملۆش پەیدا بوو، زۆر بەگەرمی چاك و خۆشیمان کرد دەرکەوت ڕەحمانیش هەر لەو خانوە ژیاوە، عەولای ئیسحاقی بەمنی گوت: (ڕەحمان سەلاحیەتی حیزبی نییە، قسەی لەسەرە لەتاران گیراوە، قەولی هاوکاری دابوو بەساواك، لەسەفەری ئەوروپاش بۆم دەرکەوت کەلەگەڵ تودەیە، دەیویست بەدیاری بماندا بەتودە، بەڵام ئەوانیش بڕوای پێ ناکەن).

گوتم: لام وایە وەختی ئەو حیسابانە نییە ڕۆژی ئەوەیە کەلەم وەزعەی عێراق بەقازانجی خۆمان کەڵك وەربگرین، گوتی دەمەوێ ئاگاداری بی باسی کاری حیزبی لەلای ڕەحمان ناکەین.

چەند ڕۆژێك بوو لەبەغدا بووین، ڕۆژێك گوتی با بچینە کن مەلا مستەفا، هەستاین چوینە مالّی مەلا مستەفا، زۆر دڕەنگ هاتەدەر، دانیشت و ئەحمەد تۆفیق گوتی: ئەوە برای تێکۆشەرمان کاك کەریمی حیسامییە، چەند ساڵ لەزیندان بووە سەری بۆ دوژمن شۆڕ نەکردووە.

من گوتم: ڕەنگە مەلا مستەفا بمناسێتەوە، لەنەغەدە جێران بووین، خانوی ئێمە بەرانبەر بەمالّی شێخ محەمەد سدیق بوو.

مەلا مستەفا گوتی: لەبیرمە.. وابزانم زۆرجار لەماڵی ئێوە شیریان بۆ دێنام.
پرسیم: شێخ سولێمان گەڕاوەتەوە یان نا؟ لەگەڵ ئەو پرسیارە هەستم کرد کەتێك چوو، جوابی نەدامەوە، پاشان بۆم دەرکەوت کەلەگەڵ شێخ سولێمانی برازای یەك نییە، من لەکاتی خۆی لەئێران لەگەڵ شێخ سولێمان زۆر رەفیق بووین و باشم دەناسی.
ئەو رۆژە لەژوورێکی تایبەتی لەگەڵ مەلا مستەفا نانمان خوارد لەنێو میوانان نەبووین.
چەند رۆژ پێ چوو رۆژێك رەحمانی قاسملۆ داوای کرد با کۆبوونەوەیەکمان هەبێ، کۆبوونەوە دەست پێ کرا، رەحمان بەهێدی هەڵ سوڕ داسوڕی عەولای ئیسحاقی بەشێوەکاری تەك ڕەوی و غەیرە حیزبی دانا پاشان هاتە سەر ئەو بەیاننامەیە کەئەحمەد تۆفیق بەناوی حیزب بڵاوی کردبۆوە و نووسیبووی:
بۆرژوازی عەرەب کەوتۆتە سەر ناسینی مافی کورد، رەحمان گوتی:
نێوەڕۆکی ئەو بەیاننامەیە لەباری زانستییەوە هەڵەیە، بۆرژوازی ناتوانێ مافی نەتەوەی ژێر دەست بەرەسمی بناسێ، قسەکانی رەحمان مەنتقی بوو، ئەحمەد تۆفیق هیچ دیفاعێکی نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێ کەدەیگوت رەحمان بەحیزبی ناناسم.
پاش ئەو کۆبوونەوەیە رەحمانی قاسملۆ نێمەی بەجێ هێشت و چووبوو لەماڵی خەسرەو تۆفیق دەژیا، رۆیشتنی رەحمان لەنێو ئێمە پتر مەیدانی بۆ ئەحمەد تۆفیق چۆڵ کرد کەبەناوی حیزب بەکەیفی خۆی بجوڵێتەوە.
چەند جار مەلا باقی داوای لەمن کرد کەبچینە لای مەلا مستەفا و پێی بڵێین هەتا برادەرانی دیکە لەئێرانەوە نەیەن کەس حەقی نییە بەناوی حیزب قسە بکا، چونکە ئەحمەد تۆفیق بەتەنیا خۆی بەحیزب دەزانێ و مەیدانی کردۆتە ئی خۆی.
لەو بەینەدا هاتینە سەر ئەو فیکرە کەیارمەتیەك بۆ حیزب کۆبکەینەوە، ئەحمەد تۆفیق پرسی بەمەلا مستەفا کردبوو، کارتێکی ساز کردبوو وێنەی مەلا مستەفا و قازی محەمەد و شێخ رەزا و شێخ سەعید و شێخ مەحمودی لەدیوێك چاپکرابوو،

لەدیوەکەی دی ژمارەیەک پارە لەگەڵ یارمەتی بەحیزبی دیموکراتی کوردستان چاپکرابوو، بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم کارتە ئەحمەد تۆفیق چووبوو ئیجازەی لەعەبدولمەجید مودیری سازمانی ئەمنیەتی عێراق وەرگرتبوو، پاشان کارتەکەی بردبوە لای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، ئەودەم هەمزە عەبدوڵا، نەژاد ئەحمەد عەزیز، خەسرەو تۆفیق، سالح حەیدەری ئەو دەستەیە رێبەری پارتی بوون، ئەگەر بەجۆرێکی دیکە بیڵێن باڵی چەپی پارتی لەسەر کاربوو، هەمزە عەبدوڵا و مەکتەبی سیاسی ئەوکارەیان بەکردەوەیەکی ناسیۆنالیستی دانابوو پەسەندیان نەکردبوو، تەنانەت نامەیەکیشیان نەدابویە کەلەکوردستان رێکخراوەکانی پارتی یاریدەمان بدەن، لەم کارانەدا رەحمانی قاسملۆ بەکردەوە وەلانرابوو، لەجیاتی ئەوەی لەنێو ئێمەدا بژی بەگەڵ خەسرەو و نەژاد و هەمزە عەبدوڵا رای دەبوارد، ئەحمەد تۆفیقیش بەپیایی و مەرایی و دانی هێندێ خەبەری بەدرۆ بەمەلا مستەفا خۆی لەمەلا مستەفا نێزیک کردبۆوە، هەر لەو کاتەش دا لەگەڵ تاقمی برایم ئەحمەد و عەلی عەبدوڵا و باڵی راستی پارتی پێوەندی بەهێز کردبوو.

عەولای ئیسحاقی لەگەڵ من نێوانی زۆر خۆش بوو، هەمیشە پێکەوە دەگەڕاین، منیش لەکەریمی حیسامیەوە، ببومە (سالح تۆفیق).

بارزانیەکان لەو سەروبەندەدا لەیەکێتی سۆڤیەتی دەگەڕانەوە، بۆ پێشوازی لەبارزانییەکان چوینە بەسرە، لەوێ لەو هوتێلە میوان بووین کەمەلا مستەفای لێ بوو.

هەوەڵی زستانی ۱۹۵۹ من و ئەحمەد تۆفیق و قادر شەریف و سمایلی قاسملۆ چووینە سولێمانی لەماڵی قالە تەگەرانی میوان بووین، ناکرێ بڵێم میوان لەراستیدا ماڵەکەی بۆ ئێمە وەک بنکەی حیزبی بوو، هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەژمارەیەک رۆژنامەی کوردستان دەرکەین، وتارەکانمان نووسی و بەرۆنیۆ چاپمان کرد، ئەحمەد تۆفیق دەیبردە نێو شار دەیدا بەخەڵکی دەیگوت لەکوردستانی ئێرانەوە هاتوە.

پاشان هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەچەند برادەرێك بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ئێران، رۆژنامە لەگەڵ خۆیان بەرنەوە، بڕیارمان دا قادر شەریف و سمایلی قاسملۆ بگەڕێنەوە، خۆیان ئامادە کرد کەبڕۆن دەبوایە پارەیەکیان پێ بێ، لەپڕ ئەحمەد تۆفیق گوتی: سەت دینارم پێ بوە کەوەدەرکەوتوین لەژوورێ لێم بەجێ ماوە، دەستمان کرد بەگەڕان و پرسیار، گوتیان کاری نۆکەری قالە تەگەرانییە، کابرای فەقیر و هەژارمان هەڵپێچا دەگریا و دەپاڕاوە دەیگوت:

هیچم نەدیوە، دەستمان لێ هەڵگرت، هێندێکمان هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەئەگەر ئەحمەد تۆفیق پارەی لێ بەجێ مابێ، بێجگە لەقالە تەگەرانی کەس هەڵی نەگرتووە، بەکورتی سەت دینار بێ سەر و شوێن چوو، ئەحمەد تۆفیق سەت دیناری دیکەی لەقالە تەگەرانی قەرز کرد و قادر شەریف و سمایلی قاسملۆمان بەرەو ئێران بەڕێ کردەوە.

چەند رۆژ لەسولێمانی بوین پاشان من و ئەحمەد تۆفیق چوینە رانیە، کاتێك گەیشتینە رانیە ئێوارە بوو، بەڵام ئێمە گیر نەبوین ماشینێکمان بەکرێ گرت و چوینە سەر کەپکان مالّی (هەباسی مامەند ئاغا) بەفرێکی زۆر و سارد و سەرما بوو، کاتێك ئێمە لەرانیە گیر نەبوین ئەو فیکرە بۆ هێندێ کوردی ئازادیخواز! هاتبوە پێش کەئێمە پیاوی حکومەتی ئێرانین و هاتوین بۆ لای هەباسی مامەند ئاغا و گوایا دژی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم خەریکین ئاژاوە ساز بکەین.

وەزع و هەوای کوردستان بۆ ئەم فیکرە ئامادەیی هەبوو، رێکخراوە سیاسییەکان نەك هەر یەك نەبوون، بەڵکو دەستیان کردبوو بەدم بەدمە و بەربەرەکانی یەکتر، بەتایبەت لەکوردستان لەنێوان ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست و پارتی دیموکراتی کوردستان دا ناکۆکی تەواو هەبوو، پارتی وەك حیزبێکی کوردی دەیویست بەشی زۆری تاقم و توێژی کۆمەڵی کوردەواری لەریزی خۆیدا کۆبکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە بۆرژوازی کورد و سەرۆك عەشیرەتەکانی کەرابردوی سیاسی خیانەتیان نەبوو بۆ لای خۆی رادەکێشا، حیزبی کۆمۆنیستیش پتر باری چینایەتی

لەکوردستان بەهێز دەکرد، کۆمۆنیستە کوردەکان لەکوردستان هێندێك چەپڕەوی و هەڵەشەییان دەنواند و مەسەلەی نەتەوایەتیان زۆر بەهێند هەڵنەدەگرت.

پریشکی ئاگری ئەم ناکۆکیە وەئێمەش دەکەوت، ئەحمەد تۆفیق کەبەنوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ناسرابوو، بەگوێرەی بیروباوەڕ و هەڵوێستی خۆی، نەی کردبوو بێ لایەنی خۆی بپارێزێ، نەك هەر پتر لەگەڵ پارتی هاوکاری دەکرد و نێزیك ببۆوە، بەڵکو بەقسە هێندێ جار پتر لەئەندامانی پارتی دژی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق دەبزووتەوە، هەر ئەم هەڵوێستەش لەلایەك لەمەلای مستەفای وەنێزیك خستبوو، لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست بەچاوی دۆستانە تەماشای ئێمەیان نەدەکرد، لەکاتێکدا سیاسەت و نووسراوەکانمان دژی ئیمپریالیزم و دژی ریژیمی دیکتاتۆری شا بوو.

هەرچۆنێك بێ من بیرەوەریەکانم دەنووسم و ناچمە سەر لێکۆڵینەوەی وەزعی ئەودەمی عێراق.

لەڕێگای نێوان رانیە و سەرکەپکان ماشێنەکە گیرسا و هەرچەندی کردمان نەهاتەدەر، ماشێنمان بەجێ هێشت و بەپێیان، بەسەرما و بەهیلاکی گەیشتینە سەر کەپکان هەباس ئاغا زۆر پیاوانە بەخێرهاتنی کردین شەوێکی خۆشمان رابوارد بۆ بەیانی تازە چامان خواردەوە ئەفسەرێك و چەند پۆلیس گەیشتنە سەر کەپکان و لەدیوەخانی ئاغا وەژوور کەوتن.

هەباس ئاغا بەخێرهاتنی کردن پرسی: خێرە بەو بەیانییە؟

– خێر دەبێ ئیشەڵڵا.. دوێنێ دوو ئێرانی هاتونە ئێرە، هاتووین لەگەڵ خۆمان بیانبەین.

هەباس ئاغا گوتی: دانیشن بحەسێنەوە، پاشان قسەی لێ دەکەین، من وەدەنگ هاتم گوتم: زۆر بەخێربێن ئێرانیەکە منم لەگەڵتان دێم و لەگەڵ قایمقام قسە دەکەم، نان و چایان خوارد و لەگەڵیان سوار بووم و چوومە رانیە، ئەحمەد تۆفیقم بەجێ هێشت.

کاتێك لەبەغدا وەدەرکەوتبوین، ئەحمەد تۆفیق ناوی خۆی و منی دابوو بەمودیری ئەمن، لەرانیە چوومە لای قایمقام و پێم گوت.. راستە ئێمە کوردی ئێرانین، بەڵام دۆستی حکومەتی عێراقین و بەئیجازەی حکومەت لێرەین، تکایە ئەم دوو ناوانە لەمودیری ئەمنی عام بپرسە، یەك دوو پۆلیسی کوردی خەڵکی بیتوێن لەوێ بوون لەرادەبەدەر پێمانەوە ماندووبوون و خزمەتیان کردم، زۆری پێ نەچوو هەباس ئاغا لەگەڵ چەند پیاوی چەکدار هات.

لەو کاتەدا خەبەر هات کەعەبدوالوەهاب شەواف لەموسڵ کودەتای کردووە و شەڕ دەست پێ کراوە، ئەوجارە مودیری پۆلیس و قایمقام دەترسان، بانگیان کردم و گوتیان:

– ئێوە دەبێ کارێکی وا بکەن هەباس ئاغا لێرە دژی حکومەت رانەپەڕی، وەزعی ئێمە لەمەترسی دایە، ئێوە دەبێ یارمەتیمان بدەن، خەبەری شەڕ لەنێو خەڵکدا ئاڵۆزیەکی پێك هێنابوو، لەگەڵ هەباس ئاغا شەوێ لەرانیە ماینەوە چووینە ماڵە زڕدایکی هەباس ئاغا کەلەرانیە خانوی هەبوو، دوو هەوێ کەهەردووکیان ژنی مامەند ئاغای ئاکۆ بوون و زڕدایکی هەباس ئاغا بوون.

پێکەوە دەژیان ماڵێکی خۆش و خانەدان و ژنی بەڕێز بوون.

بۆ سبەینێ ئەحمەد تۆفیقیش هاتە رانیە، لەبەغداوە بەقایمقامیان گوتبوو، ئەوانە ئازادن و کارتان پێیان نەبێ، لەرانیە شێخ حەمید بانگێشتی کردین و هێندێ ئەندام و کادری پارتی دەهاتنە لامان و یارمەتیەکی باشیان بۆ کۆکردینەوە، دیتنی شێخ حەمید لەرانیە بناغەی دۆستایەتیەکی خۆشی لەگەڵ من دامەزراند تا ئەو ساڵانەش پێکەوە دۆست بووین و هاتوچۆمان هەبوو.

بڕیارمان دا ئەحمەد تۆفیق بچێتەوە بەغدا و من لەکوردستان بمێنمەوە، بەڵکو بتوانم هێندێ لەکارتەکانی چاپکراو بڵاو بکەمەوە و یارمەتی وەربگرم، لەگەڵ هەباس ئاغا چوینەوە سەر کەپکان، لەو سەروبەندەدا لەبیتوێن بەفرێك باری کەلەپێشدا قەت نەباریبوو، یەك دوو رۆژ لەسەریەك دەچوینە راوە کەو هێندێ لەلاوانی گوندی بەیانی دەچوون کەویان لەشاخێ هەڵدەفڕاند تا دەگەیشتنە سەر

لوتکە چیا کەدەبڕاوە، لەوێوە ناچار دەفڕین بۆ چیای ئەوبەر بەڵام نەدەگەیشتنێ و دەکەوتن، خەڵك لەنێو بەفر پێ وەردەبوون.

رۆژێك لەگەڵ هەباس ئاغا چوینە مالّی شێخ خدری لەسەید ئاوا نێزیك رانیە، شێخ خدر پیاوێکی جوامێر و نیشتمانپەروەر لام وایە یارمەتیەکی باشی دامێ، پاش چەند رۆژ هەباس ئاغا پیاوێکی لەگەڵ ناردم بۆ سەر خمە مالّی قادری سوار ئاغا و لەوێشەوە بۆ کۆیە، لەسەر کەپکان لەگەڵ مامۆستا کەریم شێخانی بوم بەئاشنا، کوردێکی دڵسۆز، پیاوێکی بەشەرەف کوردی زانێکی باش دۆستایەتیمان تا ئەو سالانەش بەردەوام بوو.

لەسەر کەپکانەوە لەگەڵ پیاوی هەباس ئاغای سوار بوین شەوێ چوینە گوندی سەرخمە، هەرچەند هەباس ئاغا پیاوەکەی راسپاردبوو کەقادر ئاغا یارمەتیم بدا، پێشی گوتبوو کەکێم و لەچی دەگەڕێم؟ بەڵام شەو لەدیوەخانێکی رەق و تەق لەگەڵ پیاوەکەی هەباس ئاغای ماینەوە، قادر ئاغا هەر نەهاتە لام بەیانی بەچا پەزیدا پێنج دیناری بۆ ناردبووم، پێنج دینارەم وەرنەگرت، گوتم بەقادر ئاغای بڵێ زۆر شەرمە لەدوێنێوە لێرەم لەپاڵ ژنان نەهاتۆتەدەر.

سوار بوین چوینە کۆیە میوانی کەمالی حاجی مەجید بووین.

لەمالّی کەمال زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردین، بەکەمالم گوت کەلەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دێم، کەمال بەرێکخراوی پارتی راگەیاندبوو، چەند برادەرێکی پارتی هاتنە لام پاشان بردیانم بۆ مالّی دوکتۆر خالید سەعید کوڕێکی جوامێر، نیشتمانپەروەر، دڵسۆز مالێکی ئاوەدان، خالید لەو کوڕانە بوو کەلەهەموو رۆژوو رووداوەکانی دوایش دا وەك دۆستێکی خۆشەویست حیسابم لەسەر دەکرد، هەرچەند سەبارەت بەبیروباوەڕی مارکسیستی ناکۆکیمان زۆر بوو بەڵام دۆستایەتیمان بەهێز بوو.

لەمالّی خالید هەموو شەوێ کادر و ئەندامانی پارتی دەهاتنە لام، لەسەر وەزعی کوردستان قسەمان دەکرد، چایخانەیەك هەبوو شەوێ پارتیەکان لەوێ کۆدەبوونەوە، شیعریان دەخوێندەوە، وەك بزانم کاکە سوور هەڵسوڕێنەری ئەم

بەزمە بوو، چایخانەی کۆمۆنیستەکانیش جیا بوو ئەوانیش لەوێ کۆدەبوونەوە شەوێك چەند مامۆستای ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست هاتنە لام، بەڵام هەموو قسە و پرسیارياں لەسەر پێوەندی حیزبی تودە و حیزبی دیموکرات بوو، کاتێك باسی یارمەتیم هێنا گۆڕێ، مات بوون و هیچ یارمەتیان نەدا پێیان وابوو کۆمەك بەدژی شۆڕش دەکرێ!

لەکۆیە لەگەڵ کاکە زیاد بووم بەئاشنا، من هێشتا لەئێران بووم لەو کوردانەی گەرمێن و کوێستانیان دەکرد ناو و ناوبانگی حەمە ئاغای کۆیەم بیستبوو، ئەو چەند رۆژەی لەکۆیە بووم بۆم دەرکەوت کاکە زیاد شوێنی حەمە ئاغای کوێر نەکردۆتەوە، چەند جار بانگی کردم بەو بۆنەوە زۆر کەسی دیکەشی بانگێشتن دەکرد یارمەتییەکی باشی پێ کردین.

با لێرەدا خۆشی ئەو سەفەرەش نەشارمەوە، مالّی کاك سەعیدی حەمە قالە لەکۆیە باخەوان و بێستانچی کاکە زیاد بوو، کاك سەعید خەڵکی مەهاباد و لەسەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا یەکێك لەتێکۆشەرەکان بوو.

رای کردبوو، وەك زۆر کەسی تر هاتبووە کوردستانی گەرمێن و لەکۆیە گیرسابۆوە، سابلاّخی گەڕی لەهەموو شوێنێك خۆ دەنوێنێ لەهێندێك جێ بۆ هێندێك کەس تامی خۆشی پێوەیە، کاك سەعید بردمی بۆ مالّی خۆیان، کچێکی هەبوو بەناوی ئامین تازە دەگەیشتێ، شۆخ، جوان، شیرین، لەبەر دلاّن، هێندێك رۆژ کەبێکار دەبووم دەچوومە مالّی کاك سەعید و لەگەڵ ئامین قسەی خۆشمان دەکرد.

حەوتوێك پتر لەکۆیە مامەوە ئیحترام و دۆستایەتی برادەرانی پارتی و پیاوەتی کاکە زیاد و دۆستایەتی دوکتۆر خالید و خۆشی مالّی کاك سەعیدم لەبیر ناچێتەوە، ئەحمەد تۆفیق رۆژێك عەزیزی فەلاحی ناردبوو کەبگەڕێمەوە بۆ بەغدا، عەزیزی فەلاحی پاش ئەوە کەئەحمەد تۆفیق لەسولێمانی بەجێ هێشت، هاتبوە بەغدا و چووبۆوە هوتێل سامان، خانوەکەی ئێمەی پێ نەدەزانی بەڵام محەمەدی دەڵاّلّی دیتبۆوە، محەمەدی دەڵاّلّ دۆستی ئەحمەد تۆفیق بوو بەماڵەکەی ئێمەی

دەزانی، رۆژێك كوت و پڕ عەریزی فەلاحی هێنا و وەژوور كەوت، تازە هیچ نەدەكرا عەزیز لەنێو ئێمە مایەوە.

لەكۆیەڕا چوومە هەولێر، لەهەولێر میوانی شەمسەدین مفتی بووم یەك دوو رۆژ لەهەولێر مامەوە پاشان گەڕامەوە بۆ بەغدا.

تودەییەكان لەبەغدا

لەم بەینەدا دوكتۆر رادمەنیش سكرتێری حیزبی تودەی ئێران چەند ئەندامێكی حیزبی تودەی هێنابوە بەغدا بەو نیازە بەڵكو بتوانن لەئێراندا تەشكیلاتی حیزبی زیندووكەنەوە، هەر لەو كاتەشدا هەولیان دەدا كەلەگەڵ حیزبی دیموكراتی كوردستانیش بگەنە یەك، بەو مانایە بەبیروڕای ئەوان دەبوایە حیزبی دیموكرات ببێتە رێكخراوی حیزبی تودە لەكوردستان، یەك دوو كەسیان لەباكۆوە هاتبوون بەداخەوە بەهیچ جۆر لەمەسەلەی نەتەوایەتی تێ نەدەگەیشتن، بەڵام پیاو حەق بڵێ لەچێشت لێنان و میوانداری هاوتایان نەبوو، زۆرجار ئێمەیان بانگ دەكرد بۆ نان خواردن بەو هیوایەش مەسەلەی حیزبی دیموكرات یا مەسەلەی كورد لەئێران هەر بەو كۆبونەوانە چارەسەر دەكرێ، نێوانی ئەحمەد تۆفیق و قاسملۆ تا دەهات ناخۆشتر دەبوو ئەحمەد تۆفیق دەیگوت رەحمان لەگەڵ حیزبی تودەیە و دەیەوێ حیزبی دیموكرات لەبەین بەرێ، دیارە هێندێك هەڵوێستی قاسملۆ ئەو فیكرەی لەنێو برادەرانی دیكەدا بەهێز كردبوو، قاسملۆ زۆر كەم دەهاتە لای ئێمە، پتر لەگەڵ تودەییەكان یا لەگەڵ نەژاد و هەمزە عەبدوللا بوو، بێجگە لەوە ژنەكەشی هێنابوە بەغدا بەهۆی مەلا مستەفاوە لەوەزارەتی رێگاوبان لەلای نوری شا وەیسی رەحمەتی دامەزرابوو، بۆ خۆشی لەزانستگای بەغدا دەرسی كوردی دەگوتەوە، لەراستیدا پێوەندی بەحیزب و تێكۆشانەوە نەبوو، بەڵام هەر لەو كاتەشدا دەیگوت بڕیارمان داوە (دیار نەبوو كێ بڕیاری داوە) كەئەحمەد تۆفیق بچێتەوە بۆ ئێران لەناوچەی سنە كاری حیزبی بكا، بەڵام یاخی بووە و ناگەڕێتەوە.

سەرسوڕمانێك

ڕۆژێك كاك عومەری كوڕی شێخ عوبێدوڵڵای زینوێ لەبەغدا هاتە لام گوتی پێم خۆشە بچم لەیەكێتی سۆڤیەتی بخوێنم، هاتووم لەگەڵم بێی بۆ لای مەلا مستەفا بەڵكو یارمەتیم بدا كەلەسۆڤیەت قبوڵم بكەن و بچم بخوێنم.

زۆرم پێ خۆش بوو، شێخ عوبێدوڵڵا و عومەری كوڕی منیان دەناسی، دەیانزانی بیروباوەڕم چیە، خۆشیان دەویستم، منیش زۆرجار گوتبووم خۆزیا دەچووی لەسۆڤیەت دەتخوێند، زۆر بەتێ رادیۆی لەگەڵ كاك عومەر چوینە مالّی مەلا مستەفا، دانیشتین، چامان خواردەوە پاشان عەرزی مەلا مستەفام كرد:

كارێكی تایبەتیمان هەبوو ئەگەر وەخت هەبێ عەرزت بكەین.

زۆر بەخۆشی هەستا و چوینە ژورێكی چۆڵ دانیشتین، گوتم: كاك عومەر دیپلۆمی وەرگرتوە، حەزدەكا خوێندنی بەرز درێژە پێ بدا، ئەگەر تۆ یارمەتی بدەی دەیەوێ بچێ لەیەكێتی سۆڤیەتی بخوێنێ.

مەلا مستەفا بەشێوەیەكی زۆر ناحەز و توڕە گوتی: بۆچی؟... دەچێ ببێتە وڵاخ... ببێتە كەر... ببێتە ماشێن؟ لەوێ ئینسانیەت هەیە؟ هەموو وەك وڵاخ دەبێ كار بكەن، كار و كار و كار، بۆ دەچێ؟

ئیتر من تاسام واقم وڕما، قسەم پێ نەكرا، كاك عومەریش وەك ئاوی ساردی پێداكەن سپی هەڵگەڕا، لەسەری نەڕۆیشتین بێ دەنگ رابوین و وەدەركەوتین، كاك عومەر گوتی: ئەوە چ بوو، ئەدی ئەو چەند ساڵە لەسۆڤیەت چۆن ژیاوە، من كەچەند ساڵ هاتووچۆی زینوێ شێخیم كردبوو، لەهەموو قسە و باسێكیشدا تەعریفی یەكێتی سۆڤیەتیم كردبوو پاش ئەو قسانەی مەلا مستەفا نەمتوانی هیچ بڵێم، جوابی عومەرم پێ نەدراوە، بەڵام لەدڵی خۆمدا قسەكانی مەلا مستەفام پێ ناخۆش بوو.

وەزعەکە شێرزەتر دەبوو

پاش هەرای موسڵ وردە وردە نێوانی مەلا مستەفا و کۆمۆنیستەکان بەرەو ساردی دەچوو، دەوروبەری مەلا مستەفا بۆ تێکدانی پێوەندی کۆمۆنیستەکان و مەلا مستەفا دەورێکی گڵاویان هەبوو، ڕەحمانی قاسملۆ (ئەو دەم هێشتا دوکتۆرای وەرنەگرتبوو) لەپێشدا لای مەلا مستەفا زۆر نێزیك و بەقەدر بوو بەڵام بەهاتووچۆی مامۆستا مەلا مستەفا قەدری نەمابوو مەیدان بۆ ئەحمەد تۆفیق ئاوااڵ بوو بەکەیفی خۆی ڕای دەدا، ئەو دەم مەلا مستەفا مامۆستا همزە و نیژاد و ڕێبەرایەتی ئەودەمی پارتی لەسەر کار وەلا نابوو، ئەوکەسانەی لەوانیش نێزیك بوون لەبەرچاوی مەلا مستەفا دەکەوتن.

ئێمە زۆرجار دەچوینە لای مەلا مستەفا و بەجیا لەمیوانان لەگەڵ ئێمە نانی دەخوارد، ئەحمەد تۆفیق هێندێ ڕەسمی مەلا مستەفای ناردبۆوە بۆ ئێران و بڵاوکرابوونەوە.

لەم سەروبەندەدا قادر شەریف گەڕاوە بۆ بەغدا و قاسمی سوڵتانیانیشی لەئێرانەوە لەگەڵ خۆی هێنابوو، ئەحمەد تۆفیق داوای کرد کەکۆبوونەوەیەکی حیزبیمان هەبێ، من پێشنیارم کرد کەپێویستە ڕەحمانی قاسملۆش بەشدار بێ، ئەحمەد تۆفیق گوتی مەلا مستەفا لێی توڕەیە، ئەو لەگەڵ شیوعیەکان و لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا ڕێگای خۆی جیاکردۆتەوە، بەکورتی زۆربەی بەشداربوەکان دژی ئەوەبون کەقاسملۆ بێتە نێو کۆبوونەوە.

ڕۆژی پێش کۆبوونەوە ئێوارەیەك ئەحمەد تۆفیق بەکەیف و شاد هاتەوە ژوور و سەد و پەنجا دیناری هێنا دەر و لەگۆڕێ دانینا، گوتی: فرۆشتنی کارتی یارمەتی ئاوا دەبێ.

یەکێك لەکوڕەکان پرسی: ئەوە کێ وا پیاو بووە؟

– کارتان بەوەدا نەبێ پارەکە هەڵگرن.

مەلا باقی حیسابدار بوو پارەکەی هەڵگرت، پاشان ئەحمەد تۆفیق بەمنی گوت: چوومە لای عەبدولمەجید مودیری ئەمن، کارتێکی ١٥٠ دیناریم لەپێش دانا.

من دەمێك بوو لەهەڵسوڕان و چالاکی و پێوەندی ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ ئەمنی عێراق وەشك کەوتبووم، بەڵام دۆستایەتی کۆنم لەگەڵ سەید عەوڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) بەسەر فیکرکردنەوە و بڕیاردانم دا زاڵ بوو، مەلا باقی زۆرجار دەهاتەلام و دەیگوت:

فیکرێك بکەوە، ڕەحمانی قاسملۆ ڕەگەڵ تودە و هەمزە عەبدوڵڵا کەوتوە ئەحمەد ئەوە دەبینێ چ دەکا ئەگەر زوو تەگبیرێك نەکەی تووشی هەڵدێری گەورە دەبین.

کۆبوونەوەی پێشنیارکراو لەحەساری ماڵەکەمان دا ئێوارەیەك پێك هات، لەو کۆبوونەوەدا ئەحمەد تۆفیق، قادر شەریف، مەلا باقی، قاسمی سوڵتانیان، عەزیزی فەلاحی و خۆم بەشداربووین.

کۆبوونەوە بە دم بەدمەی ئەحمەد تۆفیق و قادر شەریف دەس پێ کرا، تۆزێك ڕەخنەی غەیرە حیزبی و غەیرە سیاسیان لەیەکتر گرت، من بڕێکیان بەسەردا هاتم و گوتم با بزانین بۆچی کۆبوونەوە؟

ئەحمەد تۆفیق گوتی: دەوڵەتی ئەمریکا هاتۆتە سەر ئەوە کەیارمەتی کورد بدا قەولی داوە، ئێمە پێویستە لەو هەل و مەرجە کەڵك وەربگرین.

قاسمی سوڵتانیان بەتوندی بەگژ ئەو قسانەدا چوو، بۆ ئەوە کەپتر نەخشەکە ئاشکرا بێ و ڕێگای پێوەندیەکەی بدۆزمەوە گوتم: ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرینگە پێویستە بیری لێ بکەینەوە بۆ پێوەندی گرتن دەبێ ڕێگای باش و پیاوی دڵنیا و سیاسی بدۆزینەوە.

ئەحمەد تۆفیق گوتی: حیزب بیری لەوە کردۆتەوە، ڕێگای دەدۆزێتەوە.

گوتم: وشەی حیزب زۆرجار بەکاردەهێندرێ، حیزب کێیە و چییە؟ ئێستا حیزب لەئێمەدا ساخ بۆتەوە، ئێمە پێویستە بڕیار بدەین.

مەلا باقی گوتی پێویستە پرس بەمەلا مستەفا بکەین بزانین بۆ ئەو کارە ڕازییە؟

ئەحمەد تۆفیق گوتی: مەلا مستەفا کوردە کوردستانی دەوێ.

پاش باسێکی زۆر هاتینە سەر ئەو بڕیارە کەئەو مەسەلەیە لەگەڵ برادەرانی حیزبی لەئێران باس بکرێ، بڕیاردرا ئەحمەد تۆفیق نامە بۆ برادەران بنووسێ.

رۆژی دوایی رەحمانی قاسملۆم چاو پێ کەوت مەسەلەکەم لەگەڵ باس کرد گوتم ئەحمەد تۆفیق مەسەلەیەکی ئاوای هێناوەتە گۆڕێ، برپارمان داوە نامە بۆ برادەرانی ئێران بنوسین.

رەحمان گوتی: چۆن تۆ رێگا دەدەی مەسەلەی ئاوا بکرێ و پێشنیاری ئاوا بێتە گۆڕێ؟

گوتم: مەبەستم ئەوە بوو کەباش لەنەخشەی ئەحمەد تۆفیق ئاگادار بم، بەڵام تۆ بۆچی خۆت شاردۆتەوە و کەس نازانێ چ دەکەی؟

ئەودەم ئیتر لەراستیدا رەحمانی قاسملۆ کاری بەمەسەلەی حیزب و تێکۆشانەوە نەبوو، کاری پەیدا کردبوو لەزانکۆی ئەدەبیات دەرسی کوردی دەگوتەوە، خێزانی کەبەپاسپۆرتی عێراقی بەناوی (مەدیحە کاظم) چووبوە چیکۆسلوواکی و لەپراگیش هەر بەو ناوە بۆ ئەوە کە بورسی خوێندن وەربگرێ وەک بێگانەیەک لەزانستگا ناوی خۆی نووسیبوو، هێنابویەوە عێراق و لەوەزارەتی رێگاوبان لەلای کاک نوری شاویس کەمودیری عام بوو دای مەزراندبوو مەعاشی وەردەگرت، لەلایەکی دیکەش پتر هاتوچۆی تودەییەکان و مامۆستا هەمزە و نەژادی دەکرد، کاری بەئێمە بەحیزبی دیموکرات و بەتێکۆشانەوە نەمابوو، پاش کۆبوونەوەی گۆرین برپاردرا کەئەحمەد تۆفیق نامە بۆ مەهاباد بنێرێ، کەژن و منداڵەکەی من بنێرن بۆ عێراق.

پاش ئەوە کەکۆبوونەوە تەواو بوو، قاسمی سوڵتانیان هاتە لام و گوتی (ئێمە بۆ کوێ دەچین؟ رێبازی حیزبی ئێمە کەی ئەوە بووە؟ ئەگەر فیکرێک نەکەیەوە تووشی خیانەتێکی گەورە دەبین) گوتم لێرە هیچ ناکرێ نامە بۆ غەنی بلوریان دەنووسم تۆ لەگەڵ خۆت بیبەوە، کارێکی وا بکە بگا بەدەستی غەنی، ئێستا خەریکن تۆ لێرە گل دەنەوە، بەڵام نابێ قەبوڵ بکەی، ئەگەر لەبەر خاتری نامەکەش بێ هەر دەبێ بگەڕێیەوە، نامەیەکی دوور و درێژم بۆ غەنی بلوریان نووسی وەزعی عێراق و هەڵسوڕانی ئەحمەد تۆفیق و لادان لەرێبازی حیزب و وەزعی برادەرانم بۆ نووسی، داوام لێ کرد ئەگەر بۆ کۆبوونەوەش بێ پێویستە

سەفەرێك بۆ عێراق بكەی، یا بێیە سنوری كوردوستانی عێراق تا لەوێ كۆبینەوە و بەڵكو بتوانین چارەی وەزعەكە بكەین، پاش روون كردنەوەی وەزعی عێراق وەزعی ئەحمەد تۆفیق پێشنیارم كردبوو ئەم خاڵانەی خوارەوە لەگەڵ كۆمیتەی شاری مەهاباد باس بكا:

١- سەید عەبدوڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) سااڵێك مەسئولیەتی حیزبی لێ بستێنرێتەوە و لەجێگایەك دابندرێ موتالآ بكا و بخوێنێتەوە.

٢- دەركردنی بەیاننامەیەك و مەحكوم كردنی بیرویاوەڕی ناسیۆنالیستی وبشك و بەرچاو تەنگ.

٣- مەحكوم كردنی كردەوە چەوتیەكانی ئەحمەد تۆفیق.

٤- پێوەندی نێزیك و دۆستایەتی لەگەڵ پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق و حیزبی كۆمۆنیستی عێراق، حیزبی دیموكراتی كوردستان لەپێوەندی نێوان پارتی و حیزبی كۆمۆنیست دا دەبێ بێ لایەنی و دۆستایەتی خۆی بپارێزێ.

٥- پێوەندی نێزیك و هاوكاری لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران.

٦- هەوڵ دان بۆ دەركردنی رۆژنامە وەك ئۆرگانی حیزب.

٧- هەوڵ دان بۆ ئامادەكردنی كۆنگرە یان كۆنفرانسی حیزبی.

٨- روون كردنەوەی وەزعی رەحمانی قاسملۆ.

نامەكەم دا بەقاسمی سوڵتانیان و رام ئەسپارد كارێكی وا بكا ئەو نامەیە بدرێ بەغەنی بلوریان، هەروەها نامەیەكیشم نووسی بۆ كۆمیتەی شاری مەهاباد كەلەگەڵ وسێن مەراغەیی شەریكە دوكانم حیساب بكەن و هەر پارەیەكی وەبەر من دەكەوێ چوار سەد تمەنی لێ بدەن بەیوسفی رێزوانی با كاسبی پێوە بكا، هەرچی ماوە بیدەن بەخێزانم و بینێرن بۆ كوردستانی عێراق.

وەزعی ماڵ و منداڵم دوای چونم بۆ عێراق

پاش ئەوە كەرۆژی ٢٩ی ژانویەی ١٩٥٨ شاری مەهابادم بەجێ هێشت دایكم نەخۆش بوو، منداڵێكی چوار مانگەمان هەبوو، بەجێ هێشتنی پیرە دایكێكی

نەخۆش و ژنێکی جوان و جحێڵ و منداڵێکی چوار مانگە بێ کەس و بێ سەرپەرشت داخ و دەردێکی گران بوو، بەڵام لەڕێگای پاراستنی شەرەف و کەرامەت و ناو و پرستیژی حیزب دا، فیداکاریەکی کەم بوو.

پاش ڕۆیشتنی من زۆری پێ ناچێ دایکم بەنەخۆشی دەچێتەوە ماڵە خوشکم و لەوێ بەدەرد و داخەوە سەردەنێتەوە، خێزانم هەڵدەستێ دەچێتەوە نەغەدە ماڵە بابی، بەو هیوایەی لەوێ بمێنێتەوە و لەمەهاباد بەتەنیا لەخانودا نەبێ، بەڵام بابی ڕای ناگرێ تەنانەت ناهێڵێ شەوێکیش لەماڵیان بێ، ناچار شەوێ دەچێتە ماڵە حەمەدی خانمێ کەیەکێك لەئەندامانی تێکۆشەری حیزب و جوامێر و گەورە پیاوی ناوچە و دۆست و هاوڕێیەکی دڵسۆزی من بوو، شەو لەوێ دەمێنێتەوە و بەیانی دەگەڕێتەوە بۆ مەهاباد.

لەسەر ڕێگای نەغەدە– مەهاباد لەگوندی دورگە دەچێتە ماڵی خوشکم، بەو هیوایەی تا خەبەرێك لەمن دەزانێ ماوەیەك لەوێ بێ، سەید عەزیزی زاوام ڕای ناگرێ، ناچار دەگەڕێتەوە مەهاباد و بەتەنیا لەخانویەك دا دەژی.

لێرەدا پەندی پێشینان چەند جوان وە ڕاست دەگەڕێ کەگوتراوە:

(خزم و دۆست و برادەر لەتەنگانەدا دیاری دەدەن)

لەو ماوەیەدا لەمەهاباد بێجگە لەچوکەڵی گەوهەری هیچ کەس نەپرسیاریان لێ دەکا و نەسەریان دەدا، چوکەڵ لەحەساری ماڵی وەستا غەفوری پینەچی ژورێکیان بۆ دەگرێ و خێزانم لەگەڵ منداڵێك لەو حەسارەدا دەژین.

کاتێك نامەکەی من دەگاتە مەهاباد برادەرانی حیزبی بەخێزانم ڕادەگەیەنن کەئامادە بێ بچێ بۆ عێراق، پارەیەکی بۆ لەوسێن مەڕاغەیی وەردەگرن و بەمنداڵەوە سواری ماشێن دەبێ و شەو دێتە نەغەدە، لەنەغەدە دیسان بابی ڕای ناگرێ شەوێ لەماڵە کاك سادقی پێشنماز دەمێنێتەوە، برادەرانی نەغەدە (حەمەدی خانمی، کاك سادق و سەعیدی پێشنماز، سدیقی عەلایی) پیاوێکی ڕەگەڵ دەخەن دەینێرن بۆ خانێ ماڵە سەید حەمەدی زەرگەتەنی، سەید حەمەد یەکێك لەو پیاوە جوامێرانەی ناوچەی پیرانان بوو، لەهەوەڵی زیندووکردنەوەی

رێکخراوی حیزب ببوە ئەندام و بەگیان و مالّ تێ دەکۆشا، پیاوێکی ئاقلّ و بەڕێز و لەلای خەلّك قسەی دەڕۆیشت، سەید حەمەد چەند رۆژێك خێزانم لەمالّێ رادەگرێ و پاشان کوڕەکانی خۆی لەگەلّ دەنێرێ بۆ گوندەکانی (گولّاوێ) (مولّکی شێخ عوبیدیلّای زینوێ) خێزانم لەمالّە حەمەدەمینی زینەبێ چەند رۆژ دەمێنێتەوە، هەرچەند تۆزێك خزمایەتیمان هەبوو بەلّام وەك خێزانم دەیگێڕاوە هەر ئەوەندە بووە دەریان نەکردوە، وەك ژنێکی بێ کەس و لێ قەوماو چاویان لێ کردووە، پاش چەند رۆژ خێزانم حەمەدەمین هەلّ دەپێچێ کەپیاوێك بەکرێ بگرێ و بینێرێتە زینوێ شێخی، لەو ناوەدا مالّێکی مەڕدار کەتاولّیان لەگەلّی حاجی برایمی پشتی کۆنە لاجان دەبێ خێزانم لەگەلّ خۆ دەبەن بۆ کوێستانی حاجی برایم.

لێرەدا ناتوانم زەحمەت و کوێرەوەری و بێ کەسی خێزانم بێنمە سەر کاغەز، ژنێکی شارستانی، غەریب، منداڵێکی شەش مانگ بەئامێزەوە، بەچیاو کەژی کوێستانی حاجی برایم دا بڕوا، بێ گومان نووسین و نیشاندانی چیرۆکێکی دەوێ، چەند شەو لەکوێستان لەو مالّە دەمێنێتەوە کەس نابێ تا زینوێ شێخی لەگەلّی بچێ، پاش چەند رۆژ کابرایەکی خەلّکی حاجی ئۆمەران گا جوتی لێ ون دەبێ، لەگا جوت دەگەڕێ رێگای دەکەوێتە تاولّی ئەو مالّە کەخێزانمی لێ بوە، پێی دەلّێن ئەو ژن و منداڵە لەگەلّ خۆت بەرە بۆ زینوێ پارەیەکیشی لێ وەرگرە.

کابرا مالّی ئاوەدان بێ، بیست تمەن لەخێزانم وەردەگرێ و لەگەلّ خۆی دەیهێنێ بۆ زینوێ شێخی.

من پێشتر نامەم بۆ کاك مستەفای کوڕی شێخ عوبەیدوللّا نووسیبوو کەخەبەرێك لەمالّە سەید حەمەدی بزانێ، ئەگەر خێزانم لەوێ بێ بنێری بیهێنن بۆ زینوێ، لەولاشەوە سەید حەمەدی زەرگەتەنی خەبەر دەنێرێ بۆ کاك مستەفا کەبەدوای دا بنێری.

لەو رۆژەدا خێزانم لەگەلّ کابرای حاجی ئۆمەران بەرەو زینوێ دێ کاك مستەفاش دوو سواران دەنێری بۆ گوندی گولاوێ بەدوای خێزانم دا.

نوێژی شێوان لەودیوی ماوەت لەنێزیك بەردی تەشی رێسی، سوارەکان تووشی کابرا و خێزانم دەبن، دەپرسن ئەوە ژنی کێیە و بۆ کوێ دەچێ؟

– دەچێتە زینوێ ماڵە شێخی، لەتاوڵەکانی حاجی برایم بوە لەگەڵ خۆم هێناوە.

. لەخێزانم دەپرسن، دەڵێ خەڵکی لاجانێم و دەچمە ماڵە شێخی، سوارەکان دەڕۆن پاشان بیردەکەنەوە دەڵێن بێگومان ئەوە خێزانی کەریمی حیسامییە، با بگەڕێینەوە پێی بڵێین کەبەدوای ئەودا دەچین.

دەگەڕێنەوە جارێکی دیکەش لەخێزانم دەپرسن: راستیمان پێ بڵێ، ئێمە دەچین بەدوای خێزانی کەریمی حسامی دا دەڵێن لەگوڵاوێیە، کاك مستەفای شێخی ئێمەی ناردوە، ئەگەر خۆتی، با ئەو رێگایەمان نەکەوێتە بەر؟ خێزانم بڕوا دەکات و سواری دەکەن دەچنە زینوێ مالّی شێخ عوبەیدوڵڵا، لەرادەبەدەر رێزی لێ دەگرن و بەخێرهاتنی دەکەن.

برادەرێکی خەڵکی رایەت لەبەغدا تەلیفۆنی بۆ کردم:

– مزگێنیم دەیە خێزانت هاتوە لەزینوێ لەماڵە شێخییە، لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق بڕیارمان دا کەمن بچم بۆ زینوێ خێزانم لەگەڵ خۆم بێنمە بەغدا، ئەویش بچێ بۆ سولێمانی خەبەرێکی وڵات بزانێ.

سواری ماشێن بووم بۆ هەولێر و لەوێشەوە بەرەو زینوێ لەدەربەندی رایەت تووشی کاك عەبابەکر بووم، عەبابەکر کادرێکی پارتی و کورێکی زۆرباش و دەمێك بوو یەکترمان دەناسی، عەبابەکر کورێکی پێشکەوتوخواز و تێگەیشتوو بوو، دانیشتین تۆزێك قسەمان کرد، ناکۆکی پارتی و کۆمۆنیستەکان گەیشتبوە ناوچەی باڵەکانیش، هێندێك دەستی گلاو هەبوون کەئاگری کێشەی نێوان حیزبی کۆمۆنیست و پارتی دیموکراتیان خۆش دەکرد، بەراشکاوی بەعەبابەکرم گوت: دوژمنایەتی حیزبی کۆمۆنیست بەقازانجی کورد نییە، هەرچەندی پێت دەکرێ کارێکی وا بکە لەم ناوچەیە ناکۆکی پەرە نەگرێ.

گوتی: لەتۆڵەی ئەم ئامۆژگاریانە مزگێنیت دەدەمێ کەخێزانت و کوڕەکەت لەماڵی خدری مام رەسووی بون، چووم بەخێرهاتنم کردبون، دیاربوو خەبەرەکە راست بوو، یەکجار شاد و کەیف خۆش بووم.

خێزانم لەگەڵ منداڵەکەی لەمانگی جۆزەردانی ١٩٥٩ گەیشتبونە کوردستانی عێراق، چوومە زینوێ و بەدیداریان شاد بووم، لام وایە شادی حەقی خۆم بوو لەدایك و باب و منداڵ هەرچی هەم بوو ئەم دوانە بەسەڵت و قوڵتی نەجاتیان ببوو، ئێستا گەیشتبوینەوە یەك، چەند رۆژ لەزینوێ لەماڵە برادەری قەدیمی و خۆشەویستم خدری رەسوی شێخ محەمەدی مامەوە، خەڵکی زینوێ لەرادەبەدەر پیاوەتیان نواند هەر رۆژە ماڵێك بانگی دەکردین، ماڵە شێخ عوبیدوڵاش لەماڵی خۆمان فەرزتر بوو.

پاش چەند رۆژ مانەوە لەزینوێ، لەگەڵ خێزانم سوار بوین بەرەو بەغدا.

لەکەڕادە الشرقیە خانوبەکمان گرتبوو خانوبەکی گەورە، حەسارێکی پڕ لەدارە خورما و گوڵ و سەوزایی سەگێکی لەجسنی گورگی تێدا بەجێ مابوو، دیاربوو خانوی دیپلۆماتی ئینگلیسی بوە کەپاش شۆڕش چۆڵی کردووە.

بێجگە لەئەحمەد تۆفیق مەلا باقی و عەزیزی فەلاحی و حەمەی حاجی سەعیدیش لەو ماڵەدا دەژیان، پاش گەڕانەوەم بۆ بەغدا ئەحمەد تۆفیقیش دوای چەند رۆژ لەسەفەر گەڕایەوە، بەپێچەوانەی سەفەری جارانی دەم و لووتی تێك نابوو، باسی سەفەر و کوردستانی بۆ نەگێڕاینەوە، بەتایبەت لەگەڵ من قسەی نەدەکرد، پێم سەیر بوو، ئێمە نێوانمان زۆر خۆش بوو، پاشان بەهۆی مەلا باقیەوە بۆم دەرکەوت ئەو نامەی من بۆ غەنی بلوریانم نووسیبوو قاسمی سولتانیان لەگەڕانەوەدا دابوی بەهاشمی حوسێن زادە کەبیدا بەغەنی، پاش ئەوەی کەمن مەهابادم بەجێ هێشتبوو هاشمی حوسێن زادە ببووە بەرپرسی کۆمیتەی مەهاباد، هاشم لەجیاتی ئەوە کەنامەکەی من بدا بەغەنی، نامەکە دەخوێنێتەوە و راست بۆ ئەحمەد تۆفیقی دەنێرێتەوە.

ئیتر لەوکاتەوە ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ من وەک کێرد و پەنیری لێ هات، رۆژانە بەتەنیا وەدەردەکەوت دەچوە لای پارتی و لای مەلا مستەفا و شەیتانی دەکرد، لەماڵەکەش نان و چێشتی لەئێمە جیا کردەوە.

رۆژێك چوومە ماڵی مەلا مستەفا، سالحی خوارزای مەلا مستەفا هاتە لام و گوتی: بەخوا ئێمە تۆمان بەکوردێکی دڵسۆز دەزانی نەمانزانی بوو تۆش لەگەڵ قاسملۆ دەستەی نەژاد و هەمزە عەبدوڵڵا و شیوعیەکانی، زۆرم پێ سەیر بوو چونکە من تاقە جارێکیش تا ئەودەم لەگەڵ مامۆستا هەمزە و نەژاد دانەنیشتبووم، هیچ کەسم لەشیوعیەکان نەدیبوو، دیاربوو شەیتانی ئەحمەد تۆفیقە.

گوتم: کاك سالح من کوردێکی دڵسۆزم کەسیش لەخۆم بەنیشتمانپەروەرتر نازانم، هەر کەسێکی ئەو قسەی بەئێوە گوتوە درۆ دەکا، من بیروباوەڕێکی پێشکەوتوخوازم هەیە دوژمنی شیوعیش نیم.

ئاخرەکەی رۆژێك رەحمانی قاسملۆ بانگی کردم گوتی با بچینە لای برایم ئەحمەد، ئەودەم مامۆستا برایم ئیتر کرابوو بەسکرتێری پارتی و لەبارەگای خەبات حوکماتی دەکرد، لەگەڵ کاك رەحمان لای مامۆستا برایم، پاش چاك و خۆشێکی سارد رەحمان گوتی:

کاك برایم ئێمە خەبەرمان داوە چەند برادەرێکمان لەئێرانەوە بێن هەتا ئەوان دێن کەس حەقی نییە بەناوی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان قسە بکات، تکایە ئێوەش یارمەتی بەتوند بوونی ناکۆکی نێو ئێمە مەدەن.

مامۆستا برایم ئەحمەد لەوڵام دا گوتی: ئێمە ئەحمەد تۆفیق بەنوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان دەناسین، ئێوە شەو و رۆژ لەگەڵ هەمزە و نەژاد دژی پارتی کار دەکەن، ئێوە لەگەڵ شیوعیەکانن، بێجگە لەئەحمەد تۆفیق ئێمە هیچ کەسی تر بەنوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان ناناسین.

کاك رەحمان گوتی: کاك برایم من ئەحمەد تۆفیقم وەک نوێنەری حیزب بەئێوە ناساندوە، ئێستاش هەر من دەڵێم کەئەو نوێنەری حیزبی دیموکرات نییە.

کاك برایم گوتی: (ئێمە خۆمان باشتر دۆست و ناحەزی خۆمان دەناسین، ئێوەش بەنوێنەری حیزب نازانین).

هەستاین وەدەرکەوتین چوینە مالّی مەلا مستەفا ماوەیەك بوو قاسملۆ سەری مالّی مەلا مستەفای نەدابوو، لەپێشدا مەلا مستەفا پرس و رای پێ دەکرد، زۆری خۆشدەویست، هەر ئەو بەکاك نوری شاوێسی گوتبوو کەلەوەزارەتی کار مەعاش بدا بەخێزانی، بەلّام لەبەر هاتوچۆی رەحمان بۆ کن مامۆستا هەمزە و نەژاد و خەسرەو تۆفیق، وەدوزمانی و شەیتانی ئەحمەد تۆفیق، مەلا مستەفا پشتی تێ کردبوو.

ماوەیەك لەدیوەخانێ دانیشتین پاشان رەحمان بەمەلا مستەفای گوت: ئەگەر وەختمان بدەیەی پێمان خۆشە شەوێك هەموومان لەلای تۆ کۆببینەوە باسی وەزعی خۆمان بکەین، لەولاشەوە مەلا باقی و عەزیزی فەلاحی و حەمەی حاجی سەعیدیش نامەیەکیان بۆ مەلا مستەفا نووسیبوو داوای کۆبوونەوەیان کردبوو کەمەلا مستەفا بەسەری رابگا.

شەوی ١٩٥٩/١٠/٦ هەموومان لەماڵە مەلا مستەفا کۆبوینەوە، لەپێشدا مەلا مستەفا لەبارەی کوردایەتییەوە بڕێکی قسە کرد، پاشان ئەحمەد تۆفیق هەڵی دایە، بەراستی تا ئەودەم پێم وانەبوو مرۆڤێکی تۆسقاڵێك ویژدانی هەبێ، ئاوا راستی و شەڕەف و کەرامەت بخاتە ژێر قاچی و بەئاشکرا درۆ بکا (بەلّام ئێستا پاش بیست ساڵ کەئەم بیرەوەریانە دەنووسمەوە بۆم دەرکەوتوە کەزۆرکەس لەسیاسەت دا درۆ، فرۆفێڵ، بوختانی بێ شەرمانە بەهاوڕێی خۆی بەزیرەکی دەزانێ) تا ئەو دەم هەروەك گوتم تاقە جارێکیش لەگەڵ مامۆستا هەمزە و نەژاد و کاك رەحمان لەمیواندارییش دا بەشداریم نەکردبوو، بەلّام ئەحمەد تۆفیق گوتی: ئەو کاك کەریمە شەو و رۆژ لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا و نەژاد رەحمان کۆبوونەوەی هەیە، بەمحەمەدی حاجی سەعیدی گوت: ئەوە لەگەڵ شیوعیەکانە و قەتیش ئەندامی حیزب نەبووە، بەعەزیزی فەلاحی گوت: ئەوە لەخۆوە رای کردووە خۆی بەحیزبەوە هەڵپەساردوە قەت کاری بەسیاسەت نەداوە، بەرەحمانی قاسملۆی

گوت ئەوە ئەندامی حیزبی تودەیە دەیەوێ حیزبی دیموکرات لەکوردایەتی بشێوێنێ، شەو و رۆژ لەگەڵ هەمزە و نەژادە.

مەلا مستەفا کەناوی نەژادی دەبیست تێك دەچوو، گرژ دەبوو، هەر غەزەبی لەنێوچاوان دەباری.

رەحمان گوتی: (راستی ئەوەیە ئەحمەد تۆفیق لەحیزب یاخی بوە دەمێکە بڕیار دراوە کەبگەڕێتەوە بۆ ئێران، ئەو نوێنەری حیزب نییە، ئێمە کاروباری حیزبی خۆمان لەنێو خۆمان دا چارەسەر دەکەین، ئەو قسانەی ئەحمەد تۆفیق هیچی راست نین و درۆیە).

حەمەی حاجی سەعید گوتی:

بەمن دەڵێ ئەندامی حیزب نییە، بەڵام من هەموو کەس دەزانێ کەلەناوچەی سەردەشت تێکۆشانم هەبوە، حەپس کراوم، تەنانەت کاتێك ئەوانە لەچیا بوون، گیسکم بۆ دزیون کەبرسی نەبن.

مەلا مستەفا گوتی: من ئەحمەد تۆفیق بەنوێنەری حیزبی دیموکرات دەناسم.

من گوتم: ئێمە دەبێ نوێنەری حیزب دیاری بکەین، ئەگەر وابێ ئێمە مەجبورین بەیانێك دەربکەین و کردەوەکانی ئەحمەد تۆفیق بۆ خەڵك روون کەینەوە.

کەوام گوت مەلا مستەفا تورە بوو گوتی: ئەو کارە بکەن بەیانتان لەسەر دەردەکەم، بەخائینی کوردتان دەناسێنم، لەعێراق وەدەرتان دەنێم، گوتم: کورد ئێمە بەخائین ناناسێ لەعێراق وەدەرنانیش زۆر گرینگ نییە کردەوەکانی ئەحمەد تۆفیق خیانەت بەگەلی کوردن.

کاك رەحمان گوتی: کاك کەریم تورە بووە ئێمە بەیان دەرناکەین ئێستا کەتۆ وا بڕیار دەدەی با وابێ.

هەستاین وەدەرکەوتین، ئیتر لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق بەجارێك پێوەندیمان نەما، ئەو دەم رەحمانی قاسملۆ لەگەڵ پەرۆیزی حیکمەت جو ئەفسەری فڕۆکەوانی ئەندامی حیزبی تودەی ئێران لەسالحیە خانویان گرتبوو پێکەوە دەژیان.

رۆژێك كاك مستەفای برای حاجی مەحمود ئاغای پشتدەری كەلەبەغدا دەیخوێند و لەگەڵ خوشكێكی دەژیا، بۆ نان خواردن بانگی كردبوین، لەگەڵ خێزانم چوبوٚینە مالّی كاك مستەفا، لای ئێوارێ كەگەڕاینەوە جیرانەكەمان گوتی: خۆ ئێوە مالّتان لێرە رۆیشتوە كەس لێرە نەماوە، پێمان سەیر بوو كەدەچینە ژوور خانوی رەق و تەق هیچی تێدا نەماوە.

پاش چوونی ئێمە بۆ مالّی كاك مستەفا، ئەحمەد تۆفیق لۆریەك بەكرێ دەگرێ و لەگەڵ مەلا باقی و یەك دوو حەمبال مالّەكە بار دەكا و دەیبا.

هەرچی لەخانوەكەدا دەبێ دەیبا، كتێبخانەیەكی زۆر باشمان هەبوو هەمووی كۆكردبوونەوە و بردبونیە مالّی تۆفیق وردی.

ئێمە بەسەر مالّی چۆڵ و هۆڵ دا هاتبوینەوە، ژوورەكەی ئێمە داخرابوو پێ خەف و شتومەكی خۆمانی تێدا مابوو، هیچ نەدەكرا، بەیانی لەگەڵ عەزیزی فەلاحی چوینە مالّی سەید عەزیزی شەمزینی، بەسەید عەزیزم گوت: ئێوە لەجیاتی یارمەتی بەیەكێتی ئێمە، بەپتەوكردنی خەباتی گەلی كورد لەكوردستانی ئێران ناكۆكی ناو ئێمە قوڵتر دەكەن، پشتی ئەحمەد تۆفیق دەگرن كەبەناوی حیزب ئابڕوی حیزبی دیموكرات بەرێ، ئێمە خانویەكی حیزبیمان هەبوو، دوێنێ ئەحمەد تۆفیق هاتوە تالّانی كردووە و هیچی تێدا نەهێشتووە، دیارە ئێوە پشتیوانی لێ دەكەن.

سەید عەزیز لەجیاتی ولّام دانەوەی من زۆر بەناحەق و بێ شەرمانە هێرشی بردە سەر پێشەوا قازی محەمەد، ئیتر من هەستام گوتم بەهەڵە چوم، تۆ بۆیە نابێ باسی پێشەوا بكەی، لەوێڕا چومە مالّە قاسملۆ، رەحمان گوتی دەچمە لای مەلا مستەفا و شتومەكی حیزبی لێ دەستێنمەوە، بەلّام هەر قسە بوو ئیتر ئەو لەلای مەلا مستەفا قەدری نەمابوو.

شپرزەیی ژیان و نەخۆشی منداڵ

سەرباری ئەم وەزعە ناڵەبارە نەخۆشی کەمالی کوڕم لەرادەبەدەر ئێمەی پەرێشان کردبوو، لەوکاتەوە کەگەیشتبوە عێراق نەخۆش بوو، زەرد و لاواز و زگ چوونی بوو، زۆرجار دەمبردە نەخۆشخانەی منداڵان بڕێك تۆز و چەند حەبیان دەدایە و چاری نەدەکرا، پارەیەکی وام نەبوو کەببەمە لای دوکتۆر داو و دەرمانی تەواوی بۆ بکڕم، رۆژانە بەروتی لەحەسارەکە دەسوڕاوە، هەرچی لەعەرزی دیتبای لەزاری دەنا، رۆژێك مێرولەیەکی گەورەی دەس دابویە و بۆ زاری بردبوو، مێرولەکە بەلێوی دا نوسا و گەستی، کەمال زیڕاندی و بەزەحمەت مێرولەمان لەلێوی کردەوە، خودا خێری بنووسێ لەو کاتەوە ئیتر هیچ شتێکی لەسەر زەوی هەڵ نەدەگرتەوە.

شایانی باسە لەو دەمەدا دوکتۆر فەرەیدونی کەشاورز ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران لەیەکێتی سۆڤیەت هاتبوە دەر و لەبەغدا گیرسابۆوە، بەهۆی مەلا مستەفاوە کرابوو بەپەنابەری سیاسی و سەرۆکی نەخۆشخانەی منداڵان بوو لەبەغدا، مانگێ ٣٠٠ دینار مەعاشی وەردەگرت، رێبەرایەتی حیزبی تودەی بەخیانەت و بەترسەنۆك تاوانبار دەکرد و خۆشی بەپاك و شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی گەلانی ئێران دادەنا، نامەی سەر ئاواڵەی بۆ ئەیزینهاویر سەر کۆماری ئەمریکا دەنووسی، دژی رێبەرایەتی حیزبی تودە قسەی دەکرد و خەریك بوو چەند کەسێك لەخۆ کۆکاتەوە و شتێك پێکەوە نێ، هاتووچۆی مەلا مستەفای زۆر دەکرد و ئەویش لەناکۆکی نێوان مەلا مستەفا و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق دا دەوری ناپاکی خۆی گێڕابوو.

چەند جار کەمالم بردە لای تەماشای دەکرد و دەرمانی زۆری بۆ دەنووسی، رۆژێك پێم گوت: دوکتۆر من پارەم نییە ناتوانم ئەو دەرمانانە بکڕم، لەوڵام دا گوتی: من دەرمان دەنووسم هیچی دیم پێ ناکرێ.

تەنانەت ناچار بووم بۆ کڕینی ئەو دەرمانانەی کەفەرەیدونی کەشاورز بۆ منداڵێکی کوردی ئێرانی نووسیبوو داوای پارە لەمیرحاج بکەم و پێنج دیناری لێ وەربگرم.

رۆژێك منداڵەكەم بردبوە نەخۆشخانەی منداڵان لە (باب المعظم)، لەگەڕانەوەدا بۆ كەڕادە شازدە فلوسم نەبوو كەسواری ئوتوبوس بم، ماڵەكەی ئێمە زۆر دوور بوو، بەگەرمای بەغدا و بەمنداڵەوە نەدەگەیشتمەوە، سواری ئوتوبوس بووم و منداڵەكەم لەسەر كۆش دانا، زۆری پێ نەچوو جابی هات و داوای پارەی بلیتی كرد كەشازدە فلوس بوو.

گوتم: دەبی ببەخشی پارەم نییە.

– نابێ... پارەت نییە وەرە خوارێ.

– نایەمە خوار... منداڵی نەخۆشم پێیە... بەو گەرمایە دەمرێ.

كابرا دەستی هەڵ نەدەگرت، عەرەبێك لەپەنا من دانیشتبوو گوێی دابوە دم بەدمەی من و كابرای بلیت فرۆش، لەكابرا دەر هەڵ بوو، دینارێكی هێنا دەرێ بەسینگی كابرای دادا و گوتی: بگرە، لەعنەت لەخۆت و لەشازدە فلوست و لەجمهوریەت و لەدار السلامت، (ئەو دەم بەبەغدایان دەگوت دار السلام)، شەرم ناكەی دەڵێی دابەزە، ئەو پیاوە ئەگەر پارەی هەبێ چۆن دەڵێ شازدە فلوسم نییە، كوێری ئەو منداڵە نەخۆشە نابینی.

كابرا دەستی هەڵگرت و منیش بەمنداڵی نەخۆشەوە گەیشتمەوە ماڵێ، ئەو باسە لێرەدا بۆیە پێویست بوو، لەكاتێك دا پارتی (طليعة الشعب الكردي) وەزیری لەدەوڵەت دا هەبوو، ئەحمەد تۆفیق وەك نوێنەری حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران سەروبنی عێراقی راو دەكرد و شەو و رۆژ دەستی لەگەڵ مەلا مستەفا و مودیری ئەمنی عام بوو، رەحمانی قاسملۆ وەك رێبەری حیزبی دیموكرات و نوێنەری حیزبی تودە و مامۆستای زانستگا، دوكتۆر فەرەیدونی كەشاورز وەك تێكۆشەری ئێرانی و سەرۆكی نەخۆشخانەی منداڵان، مەلا مستەفاش وەك سەرۆكی هەموو كوردی چارەرەشی دنیا لەبەغدا كۆببوونەوە، ئەمە نموونەی ژیانی كوردێكی تێكۆشەر و لێ قەوماو بوو پاش بیست سالّ تێكۆشانی سیاسی و حەپس و دەربەدەری.

رۆژێك چوومە مالّی قاسملۆ باسی وەزعی شپرزەیی خۆمانم کرد و گوتم: ئاوا ناژیم و دەبێ کارێك بدۆزمەوە، رەحمان گوتی ناتوانی کار بدۆزییەوە، با بزانین مانگێ بەچەندی بەڕێ دەچن ئێمە دەتان دەینێ، خوشکە نەسرینی خێزانی قاسملۆ قەڵەمی دەست دایە و دەستی کرد بەنووسین، رۆژێ دەبێ چەند نان بخۆین، حەوتوی چەند جار گۆشت بخۆین لەگەڵ وردە شتی دیکە بەگەورەیی و بەسەخاوەتی خۆی گەیاندیە مانگی دوانزدە دینار، بەو حیسابە دەبوایە من و خێزانم و منداڵێك رۆژی بەچوار سەد فلوس بەڕێ بچین، دیارە عەزیزی فەلاحیش بێ کاروبار دەسوڕاوە و ببوە سەرباری ژیانی ئێمە.

من ئەو دەم ئەم بڕیارەی رەحمانی قاسملۆم پێ هەنگاوێکی گەورە و پیاوەتیەکی مەزن بوو، نەم زانی بوو کەقاسملۆ بەناوی کاری حیزبی و بەناوی یارمەتی بەئێمە پارەی لەدوکتۆر رادمەنیش سکرتێری حیزبی تودە وەرگرتبوو، پێم وابوو لەگیرفانی خۆی ئەو پارەمان دەداتێ و زۆریشی لێ مەمنون بووم.

دیاربوو بەدوازدە دینار ئێمە نەدەژیاین گەلێك رۆژ بەنانی وێشك و خاڵی دەمانبردە سەر، ناتوانم ئەوەی بشارمەوە کەگەلێك رۆژان لە (ساحە النصر) دەچووم لەلای جگەر فرۆشییەك سەمونێکم دەخوارد، پارەم نەدەدا و دەڕۆیشتم، جاری وا هەبوو سەموونەکەم بەجگەرەوە بۆ مالّێ دەبردەوە.

لەم ناوەدا چوومە لای کاك حەسەنی قزلّجی کەلەکن وەستا برایمی وێنەگر کاری دەکرد کاك حەسەن نامەیەکی بۆ نووسیم و داوای پەنابەری سیاسیم کرد، بەگوێرەی یاسای تازەی کۆماری عێراق ئەوانەی بەتاوانی سیاسی لەوڵاتی خۆیان دەربەدەر ببون، دەیانتوانی لەعێراق داوای پەنابەری بکەن و حکومەتی عێراقیش پەنایان دەدا، نامەکەم دا بەوەزارەتی نێوخۆی عێراق و بەئیدارەی ئەمن، ئادرێسی خۆم مالّە مەلا مستەفای بارزانی دابوو، ژمارەیەکیان دامێ و گوتیان بڕۆ پاشان لێت دەگێڕینەوە.

لێرەدا ناکرێ پیاوەتی و جوامێری کوردێکی ئێرانی بەناوی بێجان کەلەگەڵ مەلا مستەفا چووبوە یەکێتی سۆڤیەتی و گەڕابۆوە بۆ عێراق لەبیری بکەم، ئەو پیاوە

زۆرجار یارمەتی دەداین، خێزانی کەژنە روسێك بوو رۆژێك هات و خێزانمی لەگەڵ خۆی بردە ئۆرزدیباك و جلی تەواوی بۆ کڕیبوو.

لەئێران چ باس بوو

سمایلی قاسملۆ کەخوێندکارێکی زانستگا بوو، هاتبوە کۆڕی تێکۆشانی سیاسی و کادرێکی لێهاتوو تێکۆشەری حیزبی و دۆستێکی نێزیکی ئەحمەد تۆفیق بوو، ساڵی ١٩٥٩ لەعێراقەوە بۆ تێکۆشانی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لەناوچەی بانە دەگیرێ.

سمایلی دەبەنە شاری بانە لەوێوە دەیبەن بۆ تاران، سمایل نەك هەر هەرچی دەیزانێ دەیڵێ و ئیقرار دەکا، بەڵکو لەگەڵ مەعموری ساواك دێتە کوردستان و تەواوی ڕێگاوبانی هاتوچۆی کادرەکانی حیزبی و ماڵی ئەندامان و حەشارگەی کادرەکان بەساواك نیشان دەدا، سازمانی ئەمنیەتی ئێران پاش ئەوە کەلەهەموو نەخشە و تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات شارەزا دەبێ و ئەندامان دەناسێ، لەمانگی خەزەڵوەری ١٩٥٩ پەلاماڕێکی توند و بەربڵاو بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات دەس پێ دەکا، سەرهەنگ ئەمجەدی و سەرهەنگ زیبایی دوو جەلادی بەناو بانگی سازمانی ئەمنیەت سەرۆکایەتی ئەو هێرشەیان لەکوردستان پێ دەسپێردرێ، لەسەرانسەری کوردستان لەشارەکانی سنە، بانە، سەقز، بۆکان، سەردەشت، خانێ، مەهاباد، میاندواو، ساین قەڵا، نەغەدە، شنۆ، ورمێ، شاپور، دەس دەکەن بەراونان و گرتنی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات و نێزیکەی دووسەد و چل کەس دەگرن و بۆ بەندیخانەکانی تەورێز و تارانیان دەبەن، ئەشکەنجە و ئازار و داخ کردنی ئەو ڕۆڵانە لەنووسین نایە و هەر دەبێ لەزمانی خۆیانی ببیسین.

لەگەڵ ئەو هێرشە سەدان کەسیش لەئەندامانی حیزب بۆ ئەوەی لەدەس سازمانی ئەمنیەت نەجاتیان بێ رایان کرد و ڕوویان کردە کوردستانی عێراق، ئەم کارەساتە دڵتەزێنە دەرفەتی پتری بۆ هەڵسوڕان و جموجۆڵی ئەحمەد تۆفیق پێك هێنا،

بەتەنیا بەناوی حیزب بەیانی بڵاوەکردەوە، ئاوارەکانی کەرووبان کردبووە کوردستانی عێراق لەسولێمانی گلی دابونەوە و بەنێوی کۆمۆن لەخانوبەك دا دەژیان و سیستمێکی پۆلیسی بەسەردا زاڵ کردبوون، نەی دەهێشت هیچ کەسیان لەسولێمانیەوە بۆ بەغدا و شارەکانی دیکەی کوردستان سەفەر بکا، تەنانەت دەبوایە بۆ نێو شاری سولێمانیش ئیجازە وەربگرن.

لێرەدا ناکرێ پیاوەتی و چاکە و هاوەردی و جوامێری خەڵکی سولێمانی لەبیر بکەین، ئەوەی خەڵکی سولێمانی دەگەڵ لێقەوماوەکانی حیزبی دیموکراتیان کرد لەوزەی پێ نووسی من دا نییە و هەر دەبێ لەعاست ئەوانەوە کورتنوش بەرین.

لەم ناوەدا هێندێك لەکادرەکانی حیزبی بەنهێنی نامەیان بۆ من نووسی و داوایان کردبوو کەبچمە سولێمانی لەسەر ئەم وەزعە شپرزەیە راوێژ و تەگبیر بکەین، من دەرەتانی سەفەرم نەبوو پسولەیەکم بەدەستەوە نەبوو کەبتوانم سەفەری پێ بکەم، چومە لای کاك رەحمانی قاسملۆ گوتم: ئەو برادەرانە کەدەربەدەر بوون ئێستا هەموویان لەسولێمانی کۆکراونەوە، ئەحمەد تۆفیق رێگایان نادا کەسەفەر بکەن یان نامە بنووسن یان رێ و شوێنێك بۆ کاری سیاسی دابنێن، زۆر پێویستە بچیە سولێمانی سەرێکیان لێ بدەی قسەیان لەگەڵ بکەی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباریان کۆمیتەیەکیان بۆ پێك بێنێ.

کاك رەحمان یەك دوو رۆژ خۆی بوارد و پاشان هەستا چوە سولێمانی، باش بوو برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی لەسەفەری خۆی ئاگادار کردبوو، لەسولێمانی چوبووە هوتێلێك، برادەرانی حیزبی کۆمۆنیست بەجێگایان دەزانی، ئەحمەد تۆفیق وەك جندۆکە لەبیسمیلا بترسێ ئاوا لەپێوەندی ئێمە لەگەڵ ئەو برادەرانە دەترسا، هەمیشە چەند کەسی دەست و پێوەندی خۆی دەنارده نێو شار کەبزانێ من یا کاك رەحمان چوین بۆ سولێمانی یان نا، یان ئەگەر یەکێك لەبرادەران بەئیجازەی ئەو دەهاتە بەغدا، جاسوسێکی وەدوا دەخست کەبزانێ داخوا لەگەڵ ئێمە پێوەندی هەبووە، چاوی بەئێمە کەوتووە یان نا!

ئەسعەدی خودایاری کادرێکی تێکۆشەر و فیداکار و ژیری حیزب بوو بەقوربانی ئەو دڵ پیسی و ترسەنۆکیەی ئەحمەد تۆفیق، ئەسعەد پاش سێ ساڵ زیندانی کەئازاد را، خەریکی کاسبی بوو، هاتوچۆی عێراقی دەکرد بۆ کاسبی، هەموو جارێ کەسەفەری دەکرد دەچوو سازمانی ئەمنیەتی ئاگادار دەکرد، بەڵام هەموو جاریش دەهات بەمنی دەگوت کەچۆتە سازمانی ئەمنیەت و ئیجازەی سەفەری لێ وەرگرتوون، هەروەها چۆنیەتی ئەم پێوەندییەی بەغەنی بلوریانیشی رادەگەیاند.

پاش پەلاماری سازمانی ئەمنیەت ئەسعەدی خودایاریش رادەکا و دێتە قەڵادزە و ناچێتە نێو کۆمۆنی راکردوەکانی سولێمانی، ئەسعەد هاتە بەغدا و چاوی بەمن و بەکاك رەحمان کەوت، لەگەڕانەوەدا بۆ ناوچەی قەڵادزە، ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ چەند کەس دارودەستەی خۆی وەدوای دەکەوێ و ئەسعەد دەکوژن، وەك بڵاوبۆوە خەریك بوون کەقاسمی سوڵتانیانیش بکوژن، بەڵام وەك دەیان گوت مام جەلال لەفریای هاتبوو نەجاتی دابوو.

کاتێك ئەحمەد تۆفیق دەزانێ کەرەحمانی قاسملۆ چۆتە سولێمانی و لەهوتێلە، سولێمانی موعینی دەنێرێتە لای تا بزانێ لەچی دەگەڕێ و بۆ هاتۆتە سولێمانی، بەداخەوە ئەو دەم سولێمان کەوتبوە داوی ئەحمەد تۆفیق و لەقسەی ئەو دەرنەدەچوو، دەچێتە لای کاك رەحمان و دەس بەقسان دەکا، تۆزێکیش دژی تەك رەوی ئەحمەد تۆفیق دەدوێ، کاك رەحمان دەڵێ هاتووم برادەران ببینم و قسەیان لەگەڵ بکەم و بزانم چ دەکەین، سولێمان دەڵێ: زۆر کارێکی باشە بەیانی ئێمە چاوەڕوان دەبین کەبێیە کۆمۆن و قسە بۆ برادەران بکەی، لەولاشەوە دەچێ قسەکان بۆ ئەحمەد تۆفیق دەگێڕێتەوە، ئەحمەد دەکەوێتە ئاژاوە نانەوە و هان دانی برادەران بۆ بەگژ داچوونی قاسملۆ ئامادەیان دەکا.

رۆژی دوایی کاك رەحمان هەڵدەستێ بەتەنیا دەچێ بۆ خانوی برادەران کەبەناوی کۆمۆن لەوێ دا دەژیان، پێشتریش ئەحمەد تۆفیق هەمووی بۆ کۆبوونەوە ئامادە کردون، کاتێك کاك رەحمان دەچێتە ژوور، پێش ئەوەی کەدابنیشێ و بەخێرهاتن بکا، ئەحمەد تۆفیق راست دەبێتەوە و دەڵێ:

کاکە، براینە، ئەو کەسەی ئێوەی تووشی ئەو رۆژە کردووە، برا و دۆست و خزمی ئێوەی بەگرتن داوە، ئەوەتا لەبن دەستانە، جا دەڵێن چی و چی لێ دەکەن خۆتان دەزانن، هێندێك لەو کەسانەی ساویلکە و تێ نەگەیشتوو، راست دەبنەوە و دەس دەکەن بەهەرا و بەقسەی ناحەز بەقاسملۆ، کاك ڕەحمان کەوا دەبینێ هەڵدەستێ کەوەدەرکەوێ، پێشی پێ دەگرن و دەڵێن: ئەوە کاری حیزبی نییە و ئێمە دەبێ دانیشین گوێ بۆ قسەکانی رابگرین بزانین دەڵێ چی.

لەم چەقە و هەرایەدا دوو برادەری ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق دەگەنە ئەم خانووە، ئەوان بەیانی زوو دەچنە هوتێل سەری کاك ڕەحمان بدەن، خاوەن هوتێل دەڵێ چۆتە کۆمۆن بۆ لای برادەرەکانی، ئیتر وەشك دەکەون و بەگورجی دەچن بۆ کۆمۆن.

لەپێشدا ئەحمەد تۆفیق دەرکەوان دا دەنێ کەنەهێڵن کەس بچێتە ژوورێ، کابرای دەرکەوان پێشیان پێ دەگرێ و دەڵێ: کۆبوونەوە هەیە نابێ کەس بچێتە ژوور، ئەوان گوێ نادەنێ وەژوور دەکەون، کاك ڕەحمان لەگەڵ خۆیان دەبەنەدەر و نەجاتی دەدەن. (ئێستا کەئەم بیرەوەریانە دەنووسمەوە، بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر ئەو برادەرانەی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق نەبان، خوا خێریان بنووسێ، ئێستا ئیتر کەس نەبوو لەکوردستان بۆ دیموکراسی و خودموختاری خەبات بکا!).

کاك ڕەحمان گەڕاوە بۆ بەغدا و گوتی: ئەگەر برادەرانی حیزبی کۆمۆنیست نەبان بێ گومان تەمای کوشتنیان تێ کردبووم و لەبەینیان دەبردم، پاش گەڕانەوەی کاك ڕەحمان لەسولێمانی ئەوانەی لەکۆمۆن کۆببونەوە کۆمیتەیەك لەپێنج کەس پێك دێنن کەبێتە بەغدا لەگەڵ من و کاك ڕەحمان قسە بکا، ئەندامانی کۆمیتە بریتی بوون لەسولێمانی موعینی، ئەحمەد تۆفیق، عەولای عیزەت پور، یوسفی ڕێزوانی و ڕەشیدخانی کیوەرۆ، ئەوانە هاتنە لای من بەڵام ئەحمەد تۆفیقیان لەگەڵ نەبوو، گوتیان کۆمیتەیەکمان پێك هێناوە کەلەم ناکۆکیە بکۆڵێتەوە، گوتم: ئەگەر دەسەڵاتی ئەوەتان هەیە تاوانبار سزا بدەن، ئەحمەد تۆفیقیش ئامادە دەکەن لەکۆبونەوەدا دانیشێ ئامادەم لەسەر ئەساسی ئەو نامەیە کەبۆ غەنی

بلوریانم نووسیوە هاوکاریتان بکەم، ئەگەر تەنیا هاتون لەمن بکۆڵنەوە بەخاوەن سەلاحیەت و نازانم، گوتیان دەڕۆین پاشان دێینەوە، رۆیشتن بەڵام قەت نەمدیتنەوە، پاش گەڕانەوەی قاسملۆ لەسولێمانی سازمانی ئەمنیەتی عێراق بەکاك ڕەحمانی ڕاگەیاند کەدەبێ لەماوەی چەند ڕۆژدا لەعێراق وەدەرکەوێ، دیارە ڕەحمان خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە کردبوو، بلیتی فڕۆکەی کڕیبوو، بێ ئەوەی ڕۆژی سەفەری بەمن بڵێ.

ئەحمەد تۆفیق کەهاتبوە بەغدا، بێجگە لەئەندامانی کۆمیتە چەند کەسی دیکەشی لەگەڵ خۆ هێنابوو، شەو دەچێتە سەر مالّی قاسملۆ داوا دەکەن دەرگایان لێ بکاتەوە، کاك ڕەحمان کەدەبینێ بەو نیوەشەوە گاڕانێك لەدەرگا دەدەن و دەیانەوێ بچنە ژوور، دەرگایان لێ ناکاتەوە، ئیتر بەیانی دەچێتە فڕۆکەخانە و ڕۆژی یەکی مارسی ١٩٦٠ لەگەڵ خێزانی سواری فڕۆکە دەبن و بەرەو پراگ پێتەختی چیکۆسلواکی تێ دەتەقێنن، پاش ڕۆیشتنی قاسملۆ کەمال مەزهەر بەناونیشانی (بۆچی مەقالەیەکی لەسەر دەرکردنی قاسملۆ لەڕۆژنامەی ژین دا بڵاوکردبۆوە).

هەر ئەو ڕۆژە دوای ڕۆیشتنی کاك ڕەحمان لەمالّەوە دانیشتبووم و ئاگام لەسەفەری ئەو نەبوو، دیتم پەرۆیزی حیکمەت جۆ، کەلەگەڵ کاك ڕەحمان دەڕیا و پێکەوە خانویان گرتبوو، لەمیوان داری و ڕابواردن دا پێکەوە بوون، لەتاران دۆست و هاوڕێی یەکتر بوون و هەردوکیان پێوەندیان بەڕێبەرایەتی حیزبی تودەوە هەبوو لەمالّێ وەژوور کەوت، گوتی ڕەحمان ڕۆیشت هەر بەتوشی ڕانەگەیاند، دوکتۆر ڕادمەنیش هەزار دۆلاری بۆ ناردبوو کەبیدا بەئێوە بۆ خەرجی ژیان. (ئەودەم چوکەڵی گەوهەری و مامۆستایەکی سەردەشتی بەناوی یوسفی ئەنوەری برادەرێکی ئازربایجانی و عەزیزی فەلاحی و حەمەی حاجی سەعیدی کەنەچووبونە لای ئەحمەد تۆفیق لەبەغدا بوون زۆرجار دەهاتنە لام و جاروبار ئەگەر شتێك هەبا پێکەوە دەمانخوارد) پەرۆیز گوتی ڕەحمان بەتۆی نەگوتوە کەپارەتان بۆ هاتووە هیچیشی بۆ بەجێ نەهێشتوون، نامەیەك بنووسە بۆ ڕادمەنیش من بۆی دەنێرم.

کاتێك پەروێز ئەوەی گوت کەوتمە نێو گێژاوی فیکر و سەرم لەچەند مەسەلە سوڕ مابوو:

یەکەم هەڵوێست و فڕوفێڵی قاسملۆ، ئەو جارێك بەمنی گوتبوو کەنامەم نووسیوە بۆ رادمەنیش کەپارەیەکمان بۆ بنێرێ، بەڵام پاشان قەت نەیگوت کەپارەم بۆ هاتووە، ئەو دوازدە دینارەی مانگانە دەیدا بەئێمە پێم وابوو لەگیرفانی خۆی دەمداتێ، چەند رۆژ پێش رۆیشتن پەنجا دیناریشی دابوومێ کەفرە مەمنونی بووم.

دوهەم هەڵوێست و ناڕاستی پەروێزی حیکمەت جۆ، ئەو زانیبوی ئەو پارە هاتوە لەگەڵ کاك رەحمان شەو و رۆژ پێکەوە دەژیان، بەڵام جارێك بەمنی نەگوتبوو کەرادمەنیش پارەی بۆ ناردون.

سێهەم ئەو برادەرە لەکۆنەوە لەگەڵ قاسملۆ دۆستی گیانی بوو، لەبەغدا دەستیان لەگەڵ دەستی یەك بوو، بەڵام هەر لەگەڵ کو قاسملۆ رۆیشت، پاش مله دەستی کرد بەغەیبەت و هاتبوو منی هان دەدا کەنامە بۆ رادمەنیش بنووسم و دژی قاسملۆ وەخۆ کەوم، لەوانە سەیرتر ئەوەبوو کاتێك دادەنیشتین باسی مارکسیزم و ئەخلاقی شۆڕشگێڕی و نەخشەی شۆڕش لەئێران خانوی پڕ دەکرد.

بەپەروێزم گوت: زۆر عەیبە تۆ ئێستا ئاوا باسی رەحمان دەکەی، ئێوە دۆستی قەدیمین، پاشان بۆچی لەو ماوەیەدا کەرەحمان لێرە بوو جارێك باسی ئەم پارەت نەکرد، جارێك لەژیانی منت نەپرسی، ئێستا کەرەحمان رۆیشتوە هاتوی من هان دەدەی کەدژی رەحمان بنووسم؟ من نامە بۆ رادمەنیش نانووسم، هیچ پێوەندیم بەرادمەنیشەوە نییە، ئەو پارەی داوە بەرەحمان رەنگە هەر بەشی بلیتی فڕۆکەی کردبێ.

گوتی: ئیتر لەو سەعاتەوە هاتوچۆت ناکەم، عەلائەدینێکیشت لەماڵە رەحمان هێناوە، ئەوە هی منە و دەبێ بم دەیەوە.

– هاتووچۆ دەکەی ناکەی جەهەندەم، گوو بەنوری چراکەشت فەرموو هەڵی گرە و بڕۆ.

پەروێز عەلائەدینی هەڵگرت و وەدەرکەوت، ئێمە بێ چرا ماینەوە.

کۆمۆنی سولێمانی

زۆری پێ نەچوو ئەوەی لەسولێمانی لەناوی کۆمۆن ساز کرابوو لەبەر یەك بڵاو بوو، هێندێ لەهەڵاتوەکان گەڕانەوە و خۆیان تەسلیمی حکومەتی ئێران کردەوە، هێندێ لەشارەکانی عێراق بڵاوبوون، عەولای عیزەت پور و یوسفی ڕێزوانی هاتبوونە بەغدا پەروێزی حیکمەت جو یارمەتی پێ دەکردن و خەریك بوو بیان نێرێتەوە ئێران و ڕێکخراوی حیزبییان پێ زیندوو بکاتەوە ئاخرەکەشی هەر عەولای عیزەت پوری ناردەوە و لەئێران گیرا.

لەو ماوەیەدا حەسەنی ئەردەهالی برادەرێکی ئازەربایجانی کەپێکەوە ماوەیەك لەزیندان ببوین ڕای کردبوو هاتبوە عێراق و لەبەغدا لەماڵی ئێمە گیرسابۆوە، لەباری بەڕێ چوونەوە وەزعی ژیانمان باش نەبوو، بەڵام لەباری ڕوحی و هاوفیکری و هاودەردی و برایەتی زۆر ڕێك بوین و خۆشمان ڕادەبوارد.

لەبیرمە ڕۆژێك لەگەڵ حەسەنی ئەردەهالی بەشەقامی ئەبونەوازدا دەڕۆیشتین گوتمان با ماسییەك بکڕین و بیبەینەوە بیخۆین، چووینە سەر ماسی کابرای ماسی فرۆش گوتی بەدینارێك، ماسییەکی باش بوو، گوتم حەسەن پارەکەی بدەیە با بڕۆین، حەسەن تۆزێك ڕاما دیاربوو دیناری بەپارەی ئێران ورد دەکردەوە، ئەودەم دینار بیست و چوار تمەن بوو، لەئێران شتی وای نەدیبوو گوتی: ئەدە من نەجە یرمی دویر تمەن با لغە ویرم، واتە: کوڕە من چۆن بیست و چوار تمەن بەماسی بدەم.

– وردی مەکەوە، بیست و چوار تمەن نییە، دینارێکە بیدە و بڕۆین.

زۆر پێکەنین، حەسەن پارەکەی دا و ڕۆیشتین.

داخی لەوە گرانتر ئەوەبوو کەزۆر لەبرادەرانی حیزبی کەئاوارەببون دەهاتنە لام، نامەیان بۆ دەنووسیم داوایان دەکرد ڕێگایەك بدۆزمەوە و تەنانەت لەباری بەڕێ چوون و ژیانەوە داوای یارمەتیان دەکرد، منیش هیچم لەدەست نەدەهات، لەبەغدا

بەسترابوومەوە، سەفەرم پێ نەدەکرا، چاوەڕوان بووم کەبڕیاری پەنابەری سیاسیم بدرێ لەعێراق قبوولّم بکەن، ئەودەم تۆزێك دەستم بکرێتەوە و بتوانم هەڵسوڕێم.

ڕۆژێك خەبەریان دامێ کەکۆمیسیۆنی پەنابەرانی سیاسی کۆبۆتەوە و پێویستە ئامادەبی، بەهەڵکەوت لەگەڵ کابرایەکی قەرەقشڵاخی شارۆیران لەکۆمیسیۆن ئامادە بووین، ئەو کابرایە بەناوی ئەحمەد شایی جان چاپەزی کاوسێنی ئاغای قەرەقشڵاخی بوو، لام وایە ساڵی ١٩٤٩ بوو خەبەر بڵاوبۆوە کەئەحمەدی چاپەزی کاوسێنی چوار هەزار تمەنی دزیوە و هەڵاتوە، ماوەیەك بەدوای دا سوڕانەوە بێ شوێن بوو، ئەحمەد پارە دەبا و دەچێتە تاران، لەوێ دەبێتە گروبانی ئەرتەشی، ژنێکی فارس دەخوازێ، ساڵی ١٩٥٨ سی هەزار تمەن پارە دەدەن بەئەحمەد کەبیبات بۆ ئیدارەیەکی حکومی، ئەحمەد وەك پیاوان پارە و ژنەکەی هەڵدەگرێ و دێتە عێراق و لەگوندی (خەلان) لەماڵی شێخ عەلائەددین دەگیرسێتەوە، ماوەیەك لەوێ دەبێ، پاشان کوڕەکانی شێخی دەیهێننە بەغدا و داوای پەنابەری سیاسی بۆ دەکەن.

کۆمیسیۆنی پەنابەری سیاسی کەلەسێ کەس پێك هاتبوو بانگی کردمە ژوورێ و لەبارەی ژیان و خەبات و رابردووی سیاسی من پرسیاری زۆریان کرد، منیش ئەوەی دەمزانی و ئەوەی بەسەرم هاتبوو بەراستی بۆم باس کردن، پاش من ئەحمەدیان بانگ کرد، پاشان هەر یەك ژمارەیەکیان داینێ و گوتیان پاش حەوتوویەك لەئەمنی عێراق سەر بدەنەوە، کاتێك چوومە ئەمنی عێراق دیتم ئەحمەد بەپەنابەری سیاسی قبوڵ کرابوو، بەمنیان گوت تۆ قبوڵ نەکراوی پێویستە لەعێراق وەدەرکەوی.

گەڕامەوە چوومە ماڵی مەلا مستەفا، بەمەلا مستەفام گوت: پەنابەری من ڕەد کراوەتەوە، پۆلیس گوتویە دەبێ لەعێراق بچمەدەر، ئەگەر دەرم بکەن جێگام نییە دەبێ بچمەوە ئێران، مەلا مستەفا گوتی: چۆن شتی وا دەبێ خەتای خۆتە، بانگی کرد ماشێنیان بۆ هێنا و سوار بوو منیشی سوار کرد و بۆ ئەمنی عام،

لەرێگا گوتی: ئەتو بۆچی... قاسملۆ خائینە، هەمزە خائینە، نەژاد خائینە تۆ چت لەقاسملۆ داوە.

گوتم من قەت لەگەڵ هەمزە و نەژاد نەبووم، مەسەلە قاسملۆ نییە، ئەحمەد تۆفیق لەرێبازی حیزبی ئێمە لای داوە، تۆ پشتی دەگری، ئەگەر بۆیە لەگەڵم دێی تا لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق هاوکار بم، زۆر سوپاست دەکەم تەشریفت نەیە، ئەوەی ئەحمەد تۆفیق دەیکا کوردایەتی نییە، بەزیانی کوردە، لەگەڵ بیروباوەڕی من نایەتەوە.

هیچ قسەی نەکرد تا گەیشتینە ئیدارەی ئەمن، پێشوازیان لێ کرد راست چووینە لای عەبدوالمجید مودیری ئەمنی عام، مەلا مستەفا گوتی:

لەبەر سالّح هاتوم، کۆمیسیۆنی پەنابەری قەبوڵی نەکردووە، ئەوە چ کۆمیسیۆنێکە، من سالّحم ناساندووە، چۆن دەری دەکەن؟

مودیری ئەمن گوتی: شتی وا نابێ، خاترجەم بە من بۆ خۆم دەچم بۆ وەزارەتی داخیلە، خاترجەم بە جێ بەجێی دەکەم، گەڕاینەوە.

رۆژی دوایی نامەیەکم بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نووسی و لەهەڵوێستی پارتی سەبارەت بەحیزبی دیموکراتی کوردستان و پشتگیری لەئەحمەد تۆفیق رەخنەم گرت، هەروەها لەنامەکەم دا داوام لێ کردن کەکارێکی وا بکەن لەعێراق دەرنەکرێم و بمێنمەوە.

دوای رۆژێك كاك عەلی عەبدوڵڵا تەلیفۆنی لێ کردم کەبچمە بارەگای پارتی، کەچووم لەئیدارەی رۆژنامەی خەبات دوکتۆر مراد عەزیز و عەبدوالرحمنی زەبیحی دانیشتبوون چاوەڕوانی من بوون، مام جەلال لەگەڵ چەند کەسی دیکە لەولاتر دانیشتبوون.

زەبیحی گوتی: نامەکەت لەمەکتەبی سیاسی خوێندراوە، من و دوکتۆر مراد هاتوین لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە قسەت لەگەڵ بکەین.

– فەرموو قسەی من هەر ئەوەندەیە کەئێستا ئێوە لەحکومەت دا بەشدارن وەزیرتان هەیە، بۆ ئێوە عەیبە کەمن لەعێراق دەربکرێم، ئەوە بیست ساڵە لەحیزبی دیموکرات دا تێدەکۆشم.

گوتیان ئێمە ئەحمەد تۆفیق بەنوێنەری حیزب دەناسین.

گوتم ئەحمەد تۆفیق نوێنەری حیزب نییە، لەرێبازی حیزب لای داوە، لێرە خەریکی گێرەشێوێنیە، پاشان من داوای یارمەتی مانەوەم لەعێراق لەئێوە دەکەم.

دوکتۆر مراد گوتی: تۆ دژی پارتی، ئێمە دەتوانین لەبیست و چوار سەعات دا لەعێراق وەدەرت بنێین.

لەگەڵ قسەی مراد ئیتر من ئاگرم گرت، گوتم: من باش دەزانم کاری پۆلیسی و خەیانەتو لەدەس دێ، ناپیاو بن ئەگەر ئەوەی نەکەن، بێ منەت بن، لەزیندانی شادا بڕزم پێم لەوە باشترە بەقسەی ئێوە لەعێراق رام بگرن.

مام جەلال وەدەنگ هات و گوتی:

– میوانی... ئەگەر میوان نەبای ئەو قسانەم لێ قبوڵ نەدەکردی.

– میوان نیم، من لەکوردستانم، هەموو بەشەکانی کوردستانیش بەنیشتمانی خۆم دەزانم، هەر ئەوەندەشت پێ دەکرێ بەپۆلیسی عێراق لەعێراق دەرم بکەی، بێ منەت بن دەزانم کارتان هەر ئەوەیە، هەر ئاواش کورد ئازاد دەکەن.

کابرایەکی زەلامە ئامێزێك شاڵی شینی لەپشتێ هاڵاندبوو (پاشان زانیم سەید حەمەدەمینی عەبابیلە بوو) راست بۆوە و گوتی: تەك خوا مەبارەکی نەکا، چۆن ئاوا کوردستانمان بۆ ئازاد دەکەن؟ کابرا لەبەر چنگی شا و ژاندارمی ئێران هەڵاتوە و پەنای بۆ ئێرە هێناوە، ئێستا ئێوە هەڕەشەی دەرکردنی لێ دەکەن، ئەویش بەپۆلیسی عێراق، ئەوەیە ئەم کوردایەتیەی ئێمە وەدوای کەوتوین؟ ئەی بەزیادم نەکرد.

گوتم کاك سەید خۆت ناڕەحەت مەکە، کوردایەتی هەر ئەوەیە، ئیتر وەدەرکەوتم، لەپێشدا چووم زۆر گەڕام لە (شارع الکفاح) نێزیك (قصر البیض) خانویەکم

دۆزیەوە، ئەرمەنییەك ژوورێكی هەبوو مانگێ بەشەش دینار لێم بەكرێ گرت، هێندێ شت و مەكمان هەبوو گوێستمەوە، چوكەڵی گەوهەری جێگای نەبوو لەگەڵ من دەژیا، یوسفی ئەنوەری و یوسفی رێزوانی و عەزیزی فەلاحی و حەمەی حاجی سەعیدی بەماڵەكەیان دەزانی.

دوای رۆژێك چومە لای عەونی یوسف كەوەزیری پارتی بوو، پاش چاوەڕوانیەكی زۆر نۆرەم وەبەركەوت چوومە ژوورێ، پێش ئەوەی من قسەی لەگەڵ بكەم مام جەلال هات، كەچاوی بەمن كەوت هەر بەسەر پێوە سەری بردە بن گوێی عەونی یوسف و سرتەیەكی لەگەڵ كرد و رۆیشت.

پاشان من بەعەونیم گوت: بەمنیان راگەیاندووە لەعێراق بچمەدەر ئێستاش جەنابت وەزیرێكی كورد بەڵكو كارێكی وا بكەی دەرم نەكەن.

– بۆ ناچی لەهەولێر وەك كادری پارتی ئیش بكەی، حكومەت لەوێ قەت نات دۆزێتەوە.

– نابم بەكادری پارتی، من كوردی ئێرانم كارم بەشەڕە چەقەی پارتی و شیوعی نییە.

– كەوا بوو تۆ شیوعی.

– شیوعی نیم، بەڵام دوژمنایەتی شیوعی بەقازانجی كورد نازانم، لەرێكخراوێك دا كار ناكەم كەلەگەڵ شیوعیەكان كێشەی هەبێ.

– باوكم بەخوا من چم لەدەس نایێ، ئەمە ئەوامیری حكومەتە.

– سوپاس.. زۆرباشە، وەدەركەوتم.

وەزعی ژیانم زۆر خراپ بوو، پارەم نەبوو كەمالی كوڕم تا دەهات نەخۆشیەكەی توندتر دەبوو، زۆرجار لەگەڵ دایكی دەمانگوت: ئەگەر بمرێ ئاسودە دەبین.

رۆژێكیان ناچار بووم چوومە لای وەستا برایمی وێنەگر بەڵكو پێنج دینارم بەقەرز بداتێ، پێشتر هاتووچۆی وەستا برایمی مان دەكرد، كاك حەسەنی قزڵجی لای ئەو كابرایە كاری وێنەگری دەكرد، لەجیاتی ئەوە كەیارمەتیم بدا و پارەم بەقەرز بداتێ دەستی پێ كرد:

– باوکم ئێوە کەس نازانێ چ دەکەن، لەئێران حیزبی تودە هەیە، بۆ لەگەڵ ئەو ئیش ناکەن، ئەوەتا حەبیب (پەرویزی حیکمەت جۆ) لێرە نوێنەری حیزبی تودەیە، پارەت نییە بۆ ئێواران لەم پەنا شاریعە سێو جگەر نافرۆشی، کاسبی عەیب نییە...' بۆچی ئەمانی تر ئەوە لەگەڵ حەبیب ئیش دەکەن... بەخوا پارەم بەدەستەوە نییە.

ئەم وەستا برایمە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست بوو، بەڵام وادیاربوو هەر بەشی ئەوەندە لەمارکسیزم تێگەیشتبوو کەکورد نابێ بۆ خۆی بیر و باوەڕی مارکسیستی هەبێ و پێشکەوتنخواز بێ، حەتمەن دەبێ لەژێر قامچی کۆمۆنیستێکی تورك و فارس و عەرەب بێ و بەوانەوە ببەستڕێتەوە، کابرا ئەوەندە تێ نەگەیشتبوو کەئەو دەم پەرویزی حیکمەت جۆ هاتبوە بەغدا و دژی رێبەرایەتی حیزبی تودە دەجوڵایەوە، چەند کەسی لێ قەوماوی وەك عەولای عیزەت پور و یوسفی رێزوانی لەخۆ کۆکردبۆوە و دەیویست لەعێراقەوە بەهۆی ئەوانەوە لەئێران حیزب ساز بکا، ئەوانیش لەبەر ناعیلاجی رەگەڵ ئەو کەوتبوون، لەدنیادا کۆمۆنیستی نانی کەم نەبوون!

چەتەی ئەمین رەواندزی

کاتێك قاسملۆ لەبەغدا بوو لەگەڵ مالّی ئەمین رەواندزی رەحمەتی ببووە ئاشنا و هاتووچۆیان هەبوو، منیش بەم بۆنەوە لام وایە یەك دوو جار چووبوومە مالّیان و چەتەی کوڕی ئەمین رەواندزیم دەناسی، کوڕێکی باش و تێگەیشتوو بەمالّەکەی منی دەزانی، رۆژێکیان بەیانی زوو بێ خەبەر وەژوور کەوت، چایەکمان خواردەوە پاشان لەوەزعی ژیان و رابوردووی تێکۆشانی من پرسیاری کرد، پرسیار و قسەکانی وەك ئەوە دەچوون کەپێی ئەسپێردرابێ ئەم شتانە لەمن بپرسێ، بەتەواوی ولّامم داوە و رۆیشت لەو ماوەیەدا کەزانیم کۆمیسیۆنی پەنابەرانی سیاسی داواکەی منی رەتکردۆتەوە، ئەو بەڵێنی دابویان بەمەلا مستەفا هیچ نەتیجەی نەبوو، چوومە وەزارەتی داخیلە لای کاك (هادی چاوشلی) ئەو دەم

یاریدەدەری وەزیری نێوخۆی عێراق بوو، زۆر پیاوانە بەخێرهاتنی کردم، نەی دەناسیم بانگی کرد چایان هێنا، پاشان وەزعی خۆم بۆ باس کرد و گوتم: دەرکردنی من دەستی پارتی تێدایە، هەستم کرد زۆر تێك چوو بانگی سکرتێرەکەی کرد و گوتی: بڵێ (دۆسیەی سالّح تۆفیق لاجی سیاسی ئێرانی بێنن)، ئەوەندە پێ نەچوو دۆسیەکەیان هێنا لەپێشیان دانا گوتی: کەس نەیەتە ژوور.

پاش ئەوەی لاپەڕە کاغەزەکانی ئەودیو ئەودیو کرد، تاوێك راما و گوتی:

– کاکی خۆم... لەبەینی خۆمان بێ و لەگەڵ کەس باسی مەکە، بڕیاری وەزیری داخیلەیە کەتۆ دەبێ لەعێراق دەربکرێی، هیچ رێگای نییە، تۆ خۆت فیکرێك بەحاڵی خۆت بکەوە.

فرە سوپاسم کرد و وەدەرکەوتم.

چوومە لای کاك حەسەنی قزڵجی و نامەیەکم بەعەرەبی بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێتی نووسی، پاش ئەوەی کورتەی ژیان و بەسەرهاتی خۆم روون کردبۆوە، داوام کردبوو کەرێگا بدەن بچمە یەکێتی سۆڤێتی و وەك پەنابەرێکی سیاسی لەوێ بژیم.

هەر لەو کاتەدا نامەیەکی ئەوتۆم بۆ باڵوێزخانەی بولغارستان و ئەڵمانی دیموکراتی و چیکۆسلواکیا و رومانی و لهیستان و مەجارستان نووسی.

ئیتر لەماڵێ وەدەرنەکەوتم نەم دەوێرا وەك جاران بچم بگەڕێم، وەزعی ژیانمان ئەوەندە خراپ بوو، هێندێك رۆژ تەنیا نانێکی وشکمان دەخوارد نەخۆشی کەمالی کورپشم ببوە داخ و سەرباری ژیانێکی تاڵ ناچار چوومە لای کاك محەمەدی زێرینگەر و داوای دەدینار قەرزم لێ کرد، پیاوانە بەرووپەکی خۆش دە دیناری دامێ، باشبوو، بۆ چەند رۆژ توانیمان رۆژێ جەمێك شتێکی گەرم بخۆین، ماڵی مەسیحی دراوسێشمان لێمان خافڵ نەبوون.

لەم ناوەدا رۆژێك بەیانی چەتەی ئەمین رەواندزی هاتە ماڵەکەمان چایەکی خواردەوە و پاشان بیست و چوار دیناری هێنا دەرێ و گوتی بۆتۆیان ناردوە،

پاشان گوتی کاك نافیع یونس لەچاپخانە دەبێ، ئەگەر کارێکت هەبوو دەتوانی بچیە لای ئەو.

لەو نامانەدا کەبۆ باڵوێزخانەی وڵاتانی سۆسیالیستیم نووسیبوو، ئادرێسی خۆم دوکانی (محەمەدی زێڕینگەر خەڵکی مەهاباد) دیاری کردبوو کاك محەمەد تەلیفۆنی هەبوو، ماڵە ئەرمەنیەکەی جیرانیشم تەلیفۆنیان هەبوو، دەیتوانی ئەگەر کارێك هاتە پێش خەبەرم بداتێ.

پاش نووسینی ئەو نامانە رۆژێك چوومە لای (محەمەدی مەهدی جواهیری شاعیری گەورەی عەرەب) ئەو دەم رۆژنامەیەکی دەردەکرد بەناوی (الرای العام)، وەزعی خۆم بۆ باس کرد، گوتم: کوردێکی ئێرانیم پاش چەند ساڵ حەپس و تێکۆشانی سیاسی مەجبور بوم لەئێران رابکەم و پەنام بۆ کۆماری عێراق هێناوە و ئێستا دەرم دەکەن، محەمەد مەهدی جواهیری لەرۆژی دوایی دا سەرمەقالەیەکی زۆر توندی لەرۆژنامەدا نووسیبوو، هێرشی بردبوە سەر دەزگا دەوڵەتیەکان و نووسیبووی: ئەم هەنگاوەی ئەمن و وەزارەتی داخیلە بۆ کۆماری عێراق ریسوایی و ئابڕووچوونە.

پاش ئەوە ئیتر رۆژانە لەماڵێدا دادەنیشتم و چاوەڕوانی چارەنووس بووم.

حەمەی حاجی سەعید هەروەك باسمان کرد، کاتێك هاتبوە بەغدا داوای پەنابەری سیاسی کردبوو، پاشان کەئێمە هاتینە عێراق هاتەوە نێو ئێمە و لەحاست بیرووباوەڕی سیاسییەوە پێشکەوتنخواز و ئەوەندەی تێ گەیشتبا مارکسی بیری دەکردەوە، لەئێرانیش خەباتی کردبوو، لەسەر ناکۆکی بیرووباوەڕ ئەحمەد تۆفیق لەویشی هەڵپێچابوو، ناچار لەهوتێلێك دەژیا، رۆژێك گرتبویان و بردبویانە مەرکەزی پۆلیس کەرەوانەی ئێرانی بکەنەوە، یا بەزاراوەی عێراقیەکان (تەسفیری) دەکەن، لەماڵێ دانیشتبووم جیرانەکەمان بانگی کردم گوتی تەلیفۆن بانگت دەکا، دڵم خۆش بوو لام وابوو لەباڵوێزخانەی وڵاتانی سۆسیالیستی وڵامێکم بۆ هاتۆتەوە، کەچوومە سەر تەلیفۆن حەمەی حاجی سەعید بوو، گوتی: ئەوە

لەمەرکەزی پۆلیسەوە تەلیفۆن دەکەم گرتویانم و بەناوی ئێرانی دەیانەوێ لەقەسری شیرین تەحویلی ئێرانم بدەنەوە.

لەکاتێك دا من بۆخۆم لەترسی پۆلیس وەدەرنەدەکەوتم هەستام و چوومە مەرکەزی شورتە کەبێگانەیان تەسفیر دەکرد، لەوێ نەیان دەناسیم چوومە ژوور و لای مودیری پۆلیس سلاّوم کرد و گوتم لەبەر (جەمال تۆفیق) هاتوم، لێرە داوای پەنابەری کردوە، بڕیار وایە لەئاخری مانگ کۆمیسیۆنی ئەمن و وەزارەتی داخیلە لەئیشەکەی بکۆلّنەوە، ئێستا ئێوە گرتوتانە و دەتانەوێ تەسفیری بکەن، کابرا بێ ئەوەی لەمن بپرسێ تۆ خۆت چکارەی گوتی دەبێ کەفیل بدا، گوتم من بۆی دەبمە کەفیل، بانگی پۆلیسێکی کرد گوتی کەفالەت لەو ئاغایە وەرگرە و جەمال تۆفیقی بدە دەستی.

کابرای پۆلیس شتێکی نووسی و من ئیمزام کرد، حەمەیان لەزیندان هێنا دەرێ و گوتیان بڕۆ، حەمە گوتی: نیو سەعاتی دیکە نەهاتبای رۆیشتبوم.

حەمەی حاجی سەعیدم نەجات دا، بەلاّم چارەنووسی خۆم تاریك بوو نەم دەزانی چم بەسەر دێ، رۆژێك تەلیفۆنیان بۆ کردم کەبچمە چاپخانەی حیزبی کۆمۆنیست و کاك نافع یونس ببینم ئەوە هەوەلّ پێوەندی من بوو لەگەلّ حیزبی شیوعی عێراق، کاتێك چووم نەژاد لەوێ بوو، گوتی بچۆ بالّوێزخانەی ئالّمانی دیموکراتی لەوێ داوایان کردوی، کاتێك چوومە بالّوێزخانە، یەکی ئالّمانی کەعەرەبی دەزانی گوتی: تۆ نامەیەکت نووسیبوو ولاّمی هاتۆتەوە، لەئالّمانی دیموکراتی قبولّ کراوی دەتوانی بچییە بەرلین.

– من پاسپۆرت و پارەی بلیتی تەیارەم نییە، چۆن بچم؟

– بچۆ لیسێ پاسێ وەرگرە و بێنە ئێمە ویزات دەدەینێ.

گەڕامەوە چوومە ئیدارەی ئەمنی عێراق، بردیانمە لای عەبدوالمجید مودیری ئەمن، کەچاوی بەمن کەوت گوتی: تۆ لەکوێی ئەوە ماوەیەکە لێت دەگەڕێین، چەند جار لەمالّە مەلا مستەفامان پرسیوە، دەلّێن بەجێگای نازانین.

– خانوەکەم لەشاریع النضال نێزیك ئیدارەی ئێوەیە.

– تۆ پێویستە لەعێراق بچیە دەر، ناتوانی لێرە بژی.

– پارەم نییە، پاسپۆرتم نییە، ئێوە سواری فڕۆکەم کەن بۆ کوێ دەخوازی بمنێرن.

– تۆ لەئێرانەوە هاتوی، ئێمە دەتنێرینەوە بۆ ئێران، ئەگەر بۆ خۆت بڕۆی لیسێ پاسیت دەدەینێ کوێ دەخوازی بڕۆ.

– سێ مانگ مۆڵەتم بدەن جێگایەك دەبینمەوە، پارەیەك پەیدا دەکەم و دەڕۆم.

– سێ رۆژ مۆڵەتت دەدەین ئەشێ پاش سێ رۆژ لەعێراق وەدەرکەوی.

پاش چەقەیەکی زۆر لەسەر پازدە رۆژ رێك کەوتین کەلەعێراق بچمە دەر.

گوتی: دەبێ کەفیل بدەی.

– من بێگانەم کەس ناناسم، لەبەغدا کەفیلم نییە.

– نابێ، ئەشێ کەفیلی پێنج هەزار دینار بدەی کەلەعێراق بچیەدەر.

ناچار بووم تەلیفۆنم کرد بۆ کاك خەسرەو تۆفیق و پێم گوت: ئێستا لەئیدارەی ئەمن راگیراوم، کەفیلی پێنج هەزار دیناریان دەوێ.

هەرگیز لەبیرم ناچێ، ئەوەندەی پێ نەچوو زۆر پیاوانە کاك خەسرەو گەیشتە ئیدارەی ئەمن و کەفالەتی پێنج هەزار دیناری نووسی.

بەمودیری ئەمنم گوت: ئێستا لیسێ پاسیم بدەنێ تا بتوانم لەوڵاتێك ویزا وەربگرم، نامەیەکی نووسی بۆ ئیدارەی سەفەر و جنسیە، کەچوومە ئەو ئیدارەیە داوای وێنەیان لێ کردم، هاتمە دەر لەگەڵ خێزانم و منداڵەکەمان چووینە دوکانی کاك هەژاری شاعیر کەلە شاریع الکفاح دوکانی وێنەگری هەبوو.

کەچووینەژوور، کاك هەژار گوتی: (کورە ئەوە لەچی دەگەڕێی؟ هەرئێستا ئەحمەد تۆفیق و سالحی خوارزای مەلا مستەفا و پۆلیسێك بەدوای تۆدا دەگەڕان، دەیانگوت لەئیدارەی ئەمن وێستویانە و خۆی شاردۆتەوە).

گوتم تازە هیچیان پێ ناکرێ، هاتوم وێنەمان بگری لەسەفەر و جنسیە لیسێ پاسیمان دەدەنێ و دەچینە ئاڵمانی دیموکراتی، وەك پەنابەری سیاسی قبوڵ کراوین، کاك هەژار زۆری پێ خۆش بوو، برادەرێکی کۆیی بەناوی غەفور لەگەڵ

کاك هەژار کاری دەکرد، ئەندامی پارتی بوو کەبۆم گێڕاوە بڕێکی جنێو بەڕێبەرەکانی پارتی دا و هێندێك قسەی دیکە و گوتم کاك غەفور ناڕەحەت مەبە، کۆردایەتی ئاوایە.

لێرەدا ناکرێ قسەیەکی خۆشی ئەم غەفورە نەگێڕمەوە:

ڕۆژێك لەدوکانی کاك هەژار بووم برای غەفور بەنێوی جەلال بێتوشی هاتە ژوور، بەغەفوری گوت دەچمەوە شیمال هیچ کارت نییە؟ غەفور گوتی کورە شیری مریشکەکانی کۆیە چاوت کۆرە کا لۆ ئەرێی شیمال لۆ نارێی کوردستان، دیاربوو جەلال شیوعی بوو، واتێگەیشتبوو ئەگەر بڵێ کوردستان زمانی لاڵ دەبێ.

بەکورتی کاك هەژار وێنەی گرتین و ئێستا ئەم وێنانە لەم لاپەڕەیەدان.

وێنەی لاپەڕە ١٠٢،١٠٣

ڕۆژی ١٩٦٠/٤/١٦ لەئیدارەی سەفەر و جنسیە لیسێ پاسی عێراقیان دامێ کەسەفەر بکەم چوومە، باڵوێزخانەی ئاڵمانی دیموکراتی وێزایان دامێ و بەکونسوڵم گوت:

– من پارەم نییە ئەگەر ئێوە بلیتم بۆ نەکڕن ناتوانم سەفەر بکەم.

– من ناتوانم ئەم کارە بکەم، بەمن گوتراوە تەنها ویزات بدەمێ، بۆ بلیت دەبێ لەبەرلین بپرسم، چەند ڕۆژی تر سەربدەوە، وەدەرکەوتم و چوومەوە ماڵ تا چەند ڕۆژی تر.

قسەیەکی جەرگبڕ

ئەو ماوەیەی لەبەغدا بوین، بێجگە لەوەی کەلەباری بەڕێ چوونەوە شپرزە بووین، کەسیشمان نەدەناسی، کەس نەبوو هاتووچۆی بکەین، تەنیا یەك دوو جار دەچوینە ماڵی کاك هەژار و ماڵە ئەمین ڕەواندزی لام وایە دوو جار بانگیان کردین، ئەوەش بۆ خۆی ببوە سەرباریکی ژیان.

کاتێك ویزای ئاڵمانی دیموکراتیم وەرگرت چوومەوە ماڵێ، بەخێزانم گوت ویزایان داومێ ئیشەکەمان تەواو بوە، خێزانم لای وابوو تەنیا من دەڕۆم و بەجێی دێڵم،

بەچاوێکی ناهومێدی و پڕ لەئاوات و هیوا وەک کەسێکی لێ قەوماو دەستی لەعەرز و ئاسمانان بڕابێ چاوی پڕ بوون لەئاو و گوتی:

– ئەدی من چی لێ دەکەی؟ بەجێم دێڵی؟

بەبیستنی ئەو قسە کزەم لەجەرگی هاتوو لەلایەک هەستم کرد بەئەوین و حەز و خۆشەویستی خێزانم، لەلایەکی دیکەش ترس و ناهومێدی و لێ قەوماوی کەدایگرتبوم، غارم دایە و لەئامێزم گرت، بەکوڵی گریانەوە گوتم:

– چۆن بەجێت دێڵم؟ لەکن کێ بەجێت دێڵم؟ قەت لەتۆ جیانابمەوە، پێکەوەین، ها وەرە تەماشا کە لیسێ پاسەکەمان رەسمی تۆ و کەمالیشی پێوەیە، خێزانم هاتەوە سەر خۆ بەڵام لەهەموو ژیانم دا هەر کاتێك ئەو دیمەنەم وەبیر هاتبێتەوە کزەم لەجەرگی هاتووە.

پاش ئەوە کەلەبالۆێزخانەی ئاڵمانی دیموکراتی ویزایان دامێ گەڕامەوە بۆ لای کاك نافیع یونس پێم گوت: ویزایان داومێ بەڵام بلیتی فڕۆکەمان نییە و ناتوانین سەفەر بکەین.

کاك نافیع گوتی: دەکرێ بەسەیارە بچنە لوبنان و لەبێروتەوە بەپاپۆڕ بچنە ئاڵمان، دیارە رێگایەکی دوورە، بەڵام چاریش نییە.

گەڕامەوە ماڵێ و چاوەڕوانی بڕیاری بالۆێزخانەی ئاڵمانی دیموکراتی بووم کەکەنگی لێم دەگێڕنەوە و بلیتم بۆ دەکڕن.

رۆژی دوایی بەیانی لەسەر نان و چا بووین دیتم چەتە وەژوور کەوت، حەفتا دیناری بۆ هێنا بووم، گوتی ئەوە حیزب بۆی ناردووی کەتا لوبنان بەسەیارە و لەوێشەوە بەپاپۆڕ سەفەر بکەی.

یارمەتیەکی زۆر گەورە بوو، سێ مانگ بوو کرێ خانووم نەدابوو، لەسەر سەفەر بووم و هیچیشم شك نەدەبرد، لەوکاتەدا حەفتا دینار پارەیەکی زۆر بوو، بەتایبەت لەباری مەعنەوییەوە یارمەتی حیزبی کۆمۆنیست بەکوردێکی دەربەدەری غەیرە کۆمۆنیست، ئەوە تەنیا هەڵوێستی ئینتەرناسیۆنالیستی و دڵسۆزی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی نیشان دەدا.

پشویەکمان هاتبۆوە بەرێ، چاوەڕوانی بڕیاری باڵۆێزخانەی ئاڵمانی دیموکراتی بووم، ڕۆژێك لەدووکانی کاك محەمەدی زێڕینگەرەوە تەلیفۆنیان بۆ کردم کەبچم بۆ باڵۆێزخانەی چیکۆسلواکیا، کاتێك چووم گوتیان بلیتی فڕۆکەت بۆ هاتوە لەدەفتەری فڕۆکەوانی هۆڵەندا ئامادەیە.

پاسپۆرتەکەت بێنە، ویزات دەدەینێ دەتوانی بۆ پراگ سەفەر بکەی.

مزگێنیەکی خۆش بوو، گەڕامەوە بەبرادەرانی حیزبی کۆمۆنیستم ڕاگەیاند کەلەچیکۆسلواکیەوە بلیتی تەیارەم بۆ هاتوە، دە دینار بەکاك محەمەدی زێڕینگەر قەردار بووم، چووم قەرزەکەم داوە ڕۆژی ٢٨ ئەوریلی ١٩٦٠ چوومە باڵۆێزخانەی چکوسلواکی ویزام وەرگرت و لەشیرکەتی (K.L.M) بۆ ڕۆژی سێ مانگ جێگام گرت، چومەوە ماڵ و بەخاوەن ماڵەکەم گوت: ئێمە دوو ڕۆژی تر سەفەر دەکەین، ئەوە کرێ خانووی سێ مانگم بۆ هێناوی زۆر سوپاست دەکەم و ماڵئاوایی دەخوازم.

خاوەن ماڵی مەسیحی لەوڵام دا گوتی: من وەزعی تۆ دەزانم کرێ خانووم ناوێ، بەو کەماڵە چکۆلەی دەبەخشم، هیوادارم سەفەرت خێر بێ.

شت و مەکی ماڵێ هەرچی هەمان بوو بۆ چوکەلێ گەوهەری و یوسفی ئەنوەریم بەجێ هێشت، گوتم پێکەوە بژین و منیش هەوڵ دەدەم بەڵکو لەرێگایەکەوە یارمەتیەکتان پێ بکرێ، چووم ماڵ ئاوایم لەکاك حەسەنی قزڵجی خواست و چاوەڕوانی ڕۆژی سی مانگ بووم.

ڕۆژی ١٩٦٠/٤/٣٠ لەگەڵ خێزانم و منداڵێکی نەخۆشی بچکۆلانە لەفڕۆکەخانەی بەغدا سواری فڕۆکە بوین و لەچنگ ڕاونانی برا کوردەکان ڕزگار بوین.

فڕۆکە شەو لەژنێو مایەوە، لەسەر حیسابی شیرکەت بردیانینە هوتێلێك، منداڵەکەمان برسی بوو دەگریا، ئێمەش زمانمان نەدەزانی نەمان توانی داوای خواردن بکەین، ناچار لەژنێوەوە تەلیفۆنم کرد بۆ پراگ.

لەگەڵ کاك ڕەحمانی قاسملۆ قسەم کرد و گوتم گەیشتوینە ژنێو، بەڵام کەمال برسیەتی و ناشتوانین حاڵیان بکەین کەنانمان بدەنێ، وشەیەکی فەرانسی پێ

گوتم کەئێستا لەبیرم نەماوە چ بوو، چۆن بەگارسۆنم گوت، نانیان بۆ کەمال هێنا، پاشان خۆشمان چوینە رەستۆران و نانمان خوارد.

بۆ بەیانی رۆژی هەوەڵی مانگی مای (جێژنی کرێکارانی جیهان) بوو لەچیکۆسلواکیا کار راوەستا بوو، فڕۆکەخانەش کاری نەدەکرد، ناچار فڕۆکە لەژنێو هاتوو لەزوریخ مایەوە، تا لای ئێوارێ لەوێ بووین، لەئێوارەدا سوار بووین و لەفڕۆکەخانەی پراگ دابەزین.

کاك رەحمانی قاسملۆ لەگەڵ دوو کەس لەبەرپرسانی خاچی سووری چیکۆسلواکیا هاتبونە فڕۆکەخانە، پاش بەخێرهێنان سواری ماشێنیان کردین و بۆ نێو شار، بردیانین بۆ (هوتێل ئەمبەسادۆر) لە (ڤاسلافسکی نامیستێ)، پێیان گوتین ئێوە لێرە میوانی حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلواکین لەم هوتێلە هەرچی دەخۆن و دەخۆنەوە لەسەر حیسابی ئێمەیە تەنیا ئیمزای دەکەن.

چیکۆسلواکیا و ژیانێکی تازە

چۆن گەیشتمە چیکۆسلواکیا؟

لەلایەڕەکانی پێشوودا باسم کردووە کەنامەیەکم بۆ هەموو وڵاتانی سۆسیالیستی نارد و داوام کرد کەبەپەنابەری سیاسی وەرم بگرن، چاوەڕوانی وڵام بووم کەبالۆێزخانەی ئاڵمانی دیموکراتی بانگی کردم و گوتی دەتوانی بچیە بەرلین بەڵام لەبەر بێ بلیتی تەیارە مابوومەوە، پاش چەند رۆژ لەچیکۆسلواکیاوە ویزا و بلیتی فڕۆکەم بۆ هات، کاتێك گەیشتمە پراگ کاك رەحمان گوتی: بەختەکەت بەکار بوو، من چەند جار لەگەڵ دکتۆر رادمەنیش قسەم کرد، ناچارم کردن نامە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلواکی بنووسن کەویزات بۆ بنێرن، نامەکەیان نووسیبوو، بەڵام مەسەلەی بلیتی تەیارە دژوار بوو، بەخۆشییەوە لەپڕ (رەحیمی ناموەر) پەیدا بوو کەدەگەڕاوە بۆ بەغدا، واتا حیزبی تودە دەینارده عێراق.

گوتی: ٥٠٠ دۆلارم پێیە بلیتی تەیارەشم هەیە، دەس بەجێ بەتەلیفۆن بەدوکتۆر رادمەنیشم گوت: بەرەحیمی ناموەر بڵێ بەو پارەی کەپێیەتی بلیت بۆ کەریمی

حسامی بکڕین و بێتە ئێرە، پاش باسێکی زۆر رازیم کرد و بەتەلیفۆن بەرەحیمی ناموەری گوت: کە ٥٠٠ دۆلارەکە بدا بەمن، وەرم گرت و چووم بلیتم کڕی و ناردم بۆ بەغدا.

دیارە زۆر سوپاسی کاک رەحمانم کرد و هەروەها سوپاسی حیزبی تودەش کەیارمەتیان دابووم.

ئەودەم کاک رەحمانی قاسملۆ وەک ئەندامی حیزبی تودە گەڕابۆوە بۆ چیکۆسلواکی و لەپراگ لە (هوتێل ئەوروپا) دەژیا.

رۆژی دوایی کەگەیشتینە پراگ بەکاک رەحمانم گوت منداڵەکەمان زۆر نەخۆشە و پێویستە بچێتە لای دوکتۆر.

کاک رەحمان بەخاچی سووری راگەیاند و بەیانی ماشێنێك هاتوو لەگەڵ خوشکە نەسرین خێزانی کاک رەحمان کەمالمان برد بۆ خەستەخانە، دوکتۆر هاتوو منداڵەکەی لەئێمە وەرگرت و بردی، ئێمە لەژوورێك چاوەڕوان بووین، پاش دوو سەعات دوکتۆرێکی ژن هات، بەخێرهاتنی کردین و گوتی:

– لێرە خۆتان بەغەریب مەزانن، وەک نیشتمانی خۆتانە، هیوادارم بەخۆشی رابوێرن، بەڵام بەداخەوە ناچارم خەبەرێکی ناخۆشتان بدەمێ، کوڕەکەتان زۆر نەخۆشە، لەوانەیە دوو ساڵ لەخەستەخانە بێ، ئێوە دەتوانن رۆژەکانی حەوتوو بێن لەبەر پەنجەرەوە چاوتان پێ بکەوێ، چونکە لێرە هاتنە ژوور بۆ نەخۆشخانەی منداڵان قەدەخەیە.

خێزانی کاک رەحمانی قسەکانی دوکتۆری بۆ گێڕاینەوە، دایکی کەمال دەستی کرد بەگریان و گوتی: لەئێران دەیانگوت لەوڵاتانی سۆسیالیستی دەوڵەت منداڵان لەدایك و بابی دەستێنێ و کەس منداڵی لەلای خۆی نییە، دیارە راست بوو، ئەوەتا منداڵەکەیان لێ هەستاندین.

دڵخۆشیم داوە و گوتم وانییە، دەبێ زۆریش سوپاسیان بکەین کەکوڕەکەمان بۆ چاك دەکەنەوە.

گەڕانەوە بۆ هوتێل، بەڵام فیکری کەمال هەر لەسەرمان دا بوو، هوتێلێکی یەکجار زۆر خۆش و هەموو شتێك مشە بوو، ئێمە زمانمان نەدەزانی ناوی چێشت و خواردەمەنی چیکی مان نەدەزانی، بەئینگلیزی جارێك بەگارسۆنمان گوتبوو (چیکن)، ئیتر هەموو جەمێك گارسۆن بێ ئەوەی پرسمان پێ بکا مریشکی بۆ دێناین، ئەوەندەمان مریشك خواردبوو کەم مابوو هێلکە بکەین!

جاروبار دەچوینە لای کاك رەحمان و خوشکە نەسرین، ناوی خواردنیان بۆ نووسیبووین و کەم کەم فێر دەبووین.

مانگێك بوو گەیشتبووینە پراگ، خێزانم چووە نەخۆشخانە و رۆژی ١٩٦٠/٦/٣ کچێکی بوو ناومان نا شلێر، لەبەرئەوە کەخانومان نەبوو، منداڵی بچوکیش نەدەکرا لەهوتێل بێ، پاش چەند رۆژ کەدەبوایە خێزانم لەنەخۆشخانە بێتە دەر، بردیان بۆ (کرچ).

کرچ شوێنێکی دەوروبەری پراگ بوو کەدایك و منداڵی بێ جێیان لێ رادەگرت، باخێکی گەورە بینا و خانووی زۆر جوان و خۆش، ئاسایشگایەکی فرە خۆش و سازگار بوو، دوکتۆر و مامان و سیستەرای زۆری لێ بوون، چوونی (کرچ) خێزانمی مەجبوور دەکرد فێری زمان بێ، دوکتۆر مامۆستایەکی بۆ دیاری کردبوو دەرسی پێ بڵێ و فێری نووسین و خوێندنەوەی بکا، هەر ئەوە وای کردبوو کەلەپێش مندا فێری چیکی ببێ.

من بەتەنیا لەهوتێل مابوومەوە، لەو رۆژەوە کەمندالەکەمان بردبوە نەخۆشخانە، راست ٣٦ رۆژ تێ پەڕیبوو، لەنەخۆشخانەوە تەلیفۆنیان کردبوو بۆ خێزانی کاك رەحمان کەبچین کەمال وەرگرینەوە.

لەگەڵ خوشکە نەسرین چوومە نەخۆشخانە، کەمال لەگەڵ منداڵان گەمەی دەکرد، من نەمناسییەوە، خێزانی کاك رەحمان لەدوورەوە کەمالی ناسی و رای کرد لەئامێزی گرت، کەمال قەڵەو ببوو وەك تۆپ دەجولاوە، جلی خاوێنیان کردە بەر و دوکتۆر هات، هەر ئەو دوکتۆرە بوو کەرۆژی هەولێ پێی گوتبووین کەدەبێ دوو ساڵ لەنەخۆشخانە بێ.

لەپێشدا بەخێرهاتنی کردین و گوتی: ببورن ئێمە لەهەوەڵەوە باش لەنەساخیەکەی نەگەیشتبوین، پاشان بۆمان دەرکەوت کەنەخۆشیەکەی تەنیا برسیەتی بووە، خواردنی تەواوی نەبوە، ریخۆڵەی وێك هاتوون ئێمە لێرە تەنیا پیشکوت و شیرمان داوەتێ، ئێستا ئەوە دەیبینن کوڕێکی جوان و قەڵەو و بزۆزە.

کەمالمان وەرگرت و بۆ هوتێل گەڕاینەوە پاش چەند رۆژ کەمالم بردە یانەی منالآن و رۆژەکانی شەموو یەك شەموو دەم هێناوە لای خۆم و دەچووین لەکڕچ سەری دایکی کەمالمان دەدا.

پەیوەندی لەگەڵ حیزبی تودە لەئەورووپا

من لەئێران ئەندامی حیزبی تودە نەبووم، بەڵآم هاوکاری نێزیکی حیزبی دیموکرات و حیزبی تودە جۆرێك بوو لەئەندامانی حیزبی تودە لەکوردستان لەتێکۆشان و شانە و کۆبوونەوەکانی حیزبی دیموکرات دا بەشدار دەبوون، حیزبی تودە لەکوردستان رێکخراوی تایبەتی خۆی نەبوو، رێکخراوی حیزبی دیموکراتی لەکوردستان بەرێکخراوی خۆی دەزانی، ئەندامانی حیزبی دیموکراتیش لەتاران و لەشارەکانی تری ئێران وەك ئەندامی حیزبی تودە لەتێکۆشان و شانە و کۆبوونەوەکانی حیزبی تودەدا بەشدار دەبوون، هەروەك لەپێشوودا باسکرا کاك رەحمانی قاسملۆ وەك کادرێکی حیزبی تودە ناردبوویانە کوردستان کەلەباری رێکخستن و پەروەردەکردن و رێنوێنی یارمەتی بەحیزبی دیموکراتی کوردستان بکا، ئەو دەم حیزبی دیموکرات پەیڕەو و پرۆگرامێکی نەبوو، لەژێر دروشم و سیاسەتی حیزبی تودەدا کار دەکرا و لەراستیدا سیاسەتی حیزبی تودە لەکوردستان بەڕێوە دەچوو.

پاش کودێتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٩٥٣ زۆربەی کادر و ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دیموکرات گیران و یان رایان کرد و دەربەدەر بوون، کاك رەحمانی قاسملۆ کەوەك ئەندامێکی حیزبی تودە هاتبوە کوردستان و چاوی بەوەزعی کوردستان

کەوتبوو، لەپڕ ستیژ و نفوزی حیزبی دیموکرات ئاگادار ببوو، لەنێو کادرەکانی حیزبی دیموکراتیشدا کەسی لەخۆی خوێندەوارتر و زیرەک تر نەدیبۆوە، لەلایەک پێوەندی ئەندامانی لەگەڵ حیزبی تودە پاراستبوو، لەوکاتەدا لەتاران دەگیرێ، پاش چەند رۆژ راگرتن دێتە دەرێ و لەگەڵ چەند کەس لەئەندامانی حیزبی دیموکزات کۆمیتەی سەرکردایەتی پێک دێنێ و بەروالەت پێوەندی لەگەڵ حیزبی تودە دەپچڕێنێ، پاشان سەید عەولای ئیسحاقی ساز دەکا کەبچنە ئەوروپا لەبارەی یەکێتی و رێک کەوتن لەگەڵ حیزبی تودە وتوێژ بکەن، لەئەوروپا لەگەڵ سەید عەولای ئیسحاقی تێک دەچن و دووبەرەکیان لێ پەیدا دەبێ، ئیسحاقی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و کاک رەحمان لەپراگ دەمێنێتەوە.

پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی عێراق (١٩٥٨)، کاتێک مەلا مستەفا دەگەڕێتەوە بۆ عێراق لەپراگ لادەدا، کاک رەحمان دەچێتە لای مەلا مستەفا و پاشان بەتەگبیری دوکتۆر رادمەنیش دێتەوە عێراق.

لەو ماوەیەدا کاک رەحمانی قاسملۆ لەپراگ دەبێ، ئەویش وەک ئەندامانی دیکەی حیزبی تودە دەکەوێتە نێو گێژاوی ناکۆکی و دووبەرەکی رێبەرانی حیزبی تودە و لایەنگری لەدوکتۆر رادمەنیش دەکا.

من کەگەیشتمە پراگ لەناکۆکی و دەستەبەندی نێو حیزبی تودە بێ خەبەر بووم، پاش چەند رۆژ ئەندامانی حیزبی تودە کەزانیبویان یەکێک لە ولاتەوە هاتووە، یەک یەک و دوو دوو دەهاتنە لام و هەرکەس بەشێوەیەک باسی رێبەرایەتی دەکرد.

هەوەڵ کەسی ئێرانی تودەیی کەلەپراگ هاتە لام، سەرگورد پۆلاد دژ ئەفسەری پێشووی ئەرتەشی ئێران و ئەندامی رێکخراوی ئەفسەرانی حیزبی تودە بوو، رۆژێک لەگەڵ خێزانی هاتنە لام، زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردم و هێندێک باسی ولاتیان پرسی، پاشان بێ ئەوەی من بناسن دەستیان کرد بەغەیبەت و هێرش بۆ سەر رێبەرایەتی حیزبی تودە، لەباسی دووبەرەکی و دەستەبەندی قسەی پرۆپۆچ هیچیان تێدا نەهێشتەوە، پاشان هاتنە سەر کاک رەحمان، گوتیان بەپاسپۆرتی

خێزانم لەئێران هاتۆتە دەرێ و هاتۆتە ئەورووپا لێرە پاسپۆرتەکەی نەداوینەوە و دەستی بەسەردا گرتووە.

من گوتم: رێبەرانی حیزبی تودە ناناسم، بەڵام کاك رەحمان باش دەناسم، لەکوردستان بوە، ئەندامێکی تێکۆشەر و کادرێکی بەرزی حیزبی تودەیە، لەگەڵ دوکتۆر رادمەنیش سکرتێری حیزب نێوانی خۆشە، کەباسی رادمەنیشم کرد ئاگریان گرت و ئەوەندەی دیکەش بەدکتۆر رادمەنیش و کاك رەحمان دا هاتنە خوار، هەستان گوتیان ئێمە لە (ژیتنا) دەژین، ئەگەر کارێکت هەبوو بەچاوان وەرە لامان.

رۆژی ١٩٦٠/٥/١٨ یەکێك بەناوی (سهرابی) هاتە لام، خۆم ناساند و گوتی: من لێرە نوێنەری حیزبی تودە و بەرپرسی رێکخراوی ئێرەم هەر کارێکت هەبێ تەلیفۆنم بۆ بکە چەند رۆژی دیکە کۆبوونەوەی حیزبیمان دەبێ، پێویستە تۆش بەشداری بکەی.

– من ئەندامی حیزبی تودە نیم، تەنیا حیزبی دیموکرات هاوکاری هەبووە لەگەڵ حیزبی تودە چۆن دەتوانم لەکۆبوونەوەکانی حیزبی دا بەشدار بم؟

– بۆ رۆی سیاسی نامەی بۆ من نووسیوە کەتۆ وەك ئەندامی حیزبی دەتوانی لەکۆبوونەوەکانی ئێمەدا بەشدار بی.

– زۆرم پێ خۆشە و بەشدار دەبم.

ئەویش بەخێرا خۆی هێندێك دڕی کاك رەحمان قسەی کرد و بەدکتۆر رادمەنیش دا هاتە خوارێ، بۆم دەرکەوت کەلایەنگری کیانورییە.

چەند رۆژێك پێ چوو لەهوتێلەکەی خۆم دانیشتبووم کاك رەحمان هات، گوتی: (احسان طبری) هاتوە لەهوتێلی حیزب میوانە، با بچین سەرێکی بدەین، پێم خۆش بوو ناوبانگی (طبری) م بیستبوو، نووسراوەکانم خوێندبوونەوە، حەزم دەکرد چاویشم پێی بکەوێ، لەگەڵ کاك رەحمان چووینە هوتێلی حیزب، زۆر بەگەرمی بەقسەی خۆش بەخێرهاتنی کردین، لەرادەبەدەر لەمنی پرسی، لەمندالّەکانی پرسیم، لەبارەی وەزعی ئێران و کوردستان پرسیاری کرد، پاشان

گوتی تۆ لێرە لەگەڵ هاوڕێیانی ئێمە فەرقت نییە، ئێمە لەئێرانیش لەگەڵ حیزبی دیموکرات فەرقمان دانەناوە، خۆ هاوڕێ رەحمان باش دەزانێ.

پاشان گوتی: ئێمە وابەباش دەزانین کەتۆ مەدرەسەی بەرزی حیزب بخوێنی هەرچۆنێك بێ کوردستان پێویستی بەکادری مارکسیستی هەیە، ئێستاش دەرفەتێکە لەوێ بخوێنی، پاش هێندێك قسە و باس هەستاین لەگەڵ کاك رەحمان وەدەرکەوتین.

رۆژی دوایی (سەهرابی) هات و گوتی: فەرموو با بچین بۆ کۆبوونەوە.

– کۆبوونەوەی چی؟

– کۆبوونەوەی سالانەی رێکخراوی چیکۆسلواکییە، لەشارەکانی دیکەشەوە هاتوون.

– رۆیشتین بۆ کۆبوونەوە، نێزیکەی ٢٥ کەس ئەندامانی حیزب ئامادە بوون بەرنامەی کۆبوونەوە ئەوەبوو کەباسی تێکۆشانی سالانەی رێکخراو بکرێ و بەرپرسی رێکخراو هەڵبژێرن.

لەبەرئەوە کەلەکۆبوونەوەی پێشوودا نەیانتوانی بوو بەرپرسێك هەڵبژێرن کەس نەبوو راپۆرتی سالانە پێشکێش بکا.

کاتێك (احسان طبری) گوتی با (سەهرابی) وەك نوێنەری حیزب راپۆرتی کاری خۆی بدا، بوو بەهەرا، دەیانگوت (سەهرابی) نوێنەری بۆ رۆی سیاسییە، ئێمە هەڵمان نەبژاردووە، با راپۆرتی خۆی بدا بەبۆرۆی سیاسی.

چەند کەس پرسیاریان لە احسان طبری کرد ئەوە کێیە، چۆن بەشداربوە، ئەندامی حیزبە یان نا؟

طبری گوتی: ئەندامی حیزبە و تازە لەئێرانەوە هاتووە.

رووبان تێ کردم کەباسی وەزعی ئێران بکەم، منیش ئەوەی دەمزانی لەگەڵ هێندێك رەخنە لەرێبەرایەتی حیزبی تودە باسم کرد پاشان گوتم: کاك رەحمانی قاسملۆ بۆ لەکۆبوونەوەدا نییە؟

یەك دوو كەس هەڵیان دایە گوتیان قاسملۆ ئەندامی حیزب نییە، لەپارەكەوە رۆیشتووە لەگەڵ حیزبی كوردی عێراق هاوكاری دەكا، پولاد دژ توند هێرشی بردە سەر قاسملۆ یەك دوو كەسی دیكەش لێیان وەردەگرتەوە.

گوتم ئەوە ئوسوڵی كاری حیزبی نییە، دەبوایە بانگ بكرێ ئەگەر كەسێك رەخنەی هەبوو بەرەو رووی باسی بكا.

احسان طبری گوتی: (هاوڕێ قاسملۆ ئەندامی حیزبە دەبوایە بۆ كۆبوونەوە بانگ بكرێ، ئێستا كەبانگ نەكراوە قەی ناكا).

من كەتازە لەوڵات هاتبوومەدەر، جۆرێكی تر لەحیزبایەتی دەگەیشتم، لەو كۆبوونەوەیە سەرم سوڕما كەدیتم ئەندامانی حیزب كاریان بۆتە یەكتر پەلاماردان و تاوانبار كردن و بەباكردنی كای كۆن.

احسان طبری گوتی: هاوڕێ حسامی لەو وەزعە ناڕەحەت مەبە، دووری لەنیشتمان، دووری لەخیانەت و تێكۆشان ئەو دم بەدمە و شەڕە چەقەی لێ پەیدا دەبێ.

پاش ئەوەی لەتاوانبار كردنی یەكتر و رێبەرایەتی حیزب ماندووبوون، نەیانتوانی هیچ كەس وەك بەپرسی رێكخراو هەڵبژێرن، طبری گوتی ئەگەر وایە بۆ رۆی سیاسی بەرپرس و نوێنەری خۆی دیاری دەكا.

بەتەنیا لەهوتێل ئەمبەسادۆر مابوومەوە، گەلێك رۆژان دەچووم لەكرچ سەری خێزانم دەدا، رۆژەكانی شەموو یەك شەموو كەمال دەهاتەوە لام و لەگەڵ ئەو خۆم دەخافڵاند.

كاك رەحمان كەم كەم ئەلف و بێی چیكی بۆ نووسیبوومەوە و فێری زمانی چیكی دەكردم، خۆشم خەریك دەبووم كەفێری زمان بم، زۆرجاران لەگەڵ خۆی دەی بردم بۆ شوێنە مێژووییەكانی پراگ، وەك مۆزەی شۆڕش (كلیمینت گوت والد)، مۆزەی میللی كۆشكی سەركۆمار (هراد چانی) وەشوێنی دیكە، نووسراوەكانی بۆ دەخوێندمەوە و لەروون كردنەوەی هۆش و بیرم دا تەئسیری زۆر هەبوو.

لەپێوەندی لەگەڵ ئەم کارەی کاك رەحمان دا شتی سەیرم هاتە بەرچاو، رستمی یەکێك لەئەندامانی حیزبی تودە کاتی خۆی لەمەهاباد ئەفسەری بچوك بوو، پاش گرتنی ئەفسەرانی حیزبی تودە رای کردبوو هاتبوە چیکۆسلواکی و لەشاری برنۆ دەژیا، رۆژێك هاتە سەردانم پاشان وەدەرکەوتین بسوڕێینەوە، لێم پرسی قەت چوویە مۆزەی شۆڕش؟

خەباتی حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلواکی بەجوانی نیشان دەدا.

لەوڵام دا گوتی: نا نەم دیوە.. با بچین بزانین لەکوێیە؟

پێم سەیر بوو ئەو برادەرە چەند ساڵ بوو لەچیکۆسلواکی دەژیا جارێك نەچوو بوو ئەو مۆزەیە ببینێ، لەکاتێك دا من تازە چووبووم کاك رەحمان ئەو وێنانەی نیشان دابووم، چووینە مۆزە، پەیکەری (گوتوالد) رێبەری حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلواکی لەسالۆنی یەکەم دانرابوو، پرسی:

– ئەوە کێیە؟

– وەك کاك رەحمان بۆی باس کردبووم گوتم: ئەوە (کلیمینیت گوتوالدە) رێبەری حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلواکی و یەکێك لەپیاوە بەرزەکانی جوڵانەوەی کۆمۆنیستی جیهانە، کرێکاری کانگای خەڵوز بووە.

بەگاڵتە و توانجەوە گوتی:

– بگو رضا روستای ماست دیگە، واتا (بڵێ رەزا روستایی ئێمەیە).

رەزا روستا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە و سکرتێری سەندیکای کرێکارانی ئێران و ئەندامی سکرتاریەتی فیدراسیۆنی کرێکارانی جیهان بوو.

لەپراگ هەوەڵ کارم ئەوە بوو کەمەسەلەی ژیانی چەند برادەرێك لەگەڵ کاك رەحمان باس بکەم و بەلکی کارێکی بکەین یارمەتیەکیان پێ بکرێ.

چونکە ئەحمەد تۆفیق تێی هەڵپێچابوون، لەکۆمۆن دەری کردبوون وەزعی ژیانیان زۆر خراپ بوو، پێم گوت نامەیەك بۆ دکتۆر رادمەنیش بنووسێ و داوای یارمەتی لێ بکا، گوتی: نامە نووسینی ناوێ، من چل دینارم بۆ ناردوون گوتم بیدەن بەعەزیزی

فەلاحی ئەویش بیانداتێ، کەوای گوت من گوتم عەزیز ئەو پارەیە بەئارەق دەدا و ناشیان داتێ.

بەدوای ئەوە دا نامەیەکم بۆ دکتۆر رادمەنیش نووسی داوام لێ کرد کەعەبدوڵای عێزەت پور و یوسفی رێزوانی و یوسفی ئەنوەری بێنە دەرێ بخوێنن، لەنامەکەدا نووسیم ئەو کارە یارمەتیەکی گەورە دەبێ بەحیزبی دیموکراتی کوردستان.

یەک یەک لەبرادەرانی حیزبی تودە دەهاتنە لام کاریان ئەوەبوو رەخنە لەرێبەرایەتی حیزبی تودە و حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلواکی، گوتیان رۆژنامەکانی ئێرە دژی شای ئێران هیچ نانوسن و تەنانەت تەعریفی شاش دەکەن، من هیچم نەگوت چونکە لەو رۆژەوە کەگەیشتبوومە پراگ بێجگە لەرەخنە و غەیبەت هیچی دیکەم لەو برادەرانە نەبیستبوو، تازەش لەئێرانەوە هاتبوم پێم وابوو کەوڵاتانی سۆسیالیستی حەقیان نییە قازانجی خۆیان لەبەرچاو بگرن یان دەبێ بەهەوای چەند کەسی راکردوو سەما بکەن.

رۆژی ٢٥ی مارسی ١٩٦٠ دکتۆر رادمەنیش وڵامی نامەکەی منی دابۆوە و نووسیبوی: لەبارەی ناردنی پوڵ وەیارمەتی بەهاوڕێیانی کورد لەعێراق وەک بەئێمەیان راگەیاندوە ئەو دوو سەد دۆلارەی کەبەهۆی هاوڕێ ئەنوەری (رەحمانی قاسملۆ) ناردوومە، لەعێراق گەیوەتە دەس کەسێک کەئارەق خۆرە و بەشی زۆری ئەو پوڵەی بۆ خۆی هەڵ گرتووە کەمێکی داوە بەوانی تر تکایە ئادرێسێکم بۆ بنێرە کەئەم گیروگرفتەی نەبێ.

لەنامەی دکتۆر رادمەنیش دەردەکەوت کەکاك رەحمان پارەی لێ وەرگرتووە هێندێکی ناردووە بۆ بەغدا بەڵام نەگەیوەتە دەس ئەو برادەرانەی کەدەبوایە وەری بگرن، رۆژی ١٩٦٠/٦/١ یوسفی ئەنوەری لەبەغداوە نامەیەکی بۆ نووسیبووم کەوەزعی شپرزەی برادەرانی نیشان دەدا، لەنامەکەدا نووسیبووی: کاك عەولای عیزەت پور بۆی نووسیبوم کەوەزعی یەکجار نارەحەتە جنێو پێ دان بەچاوی سووك تەماشاکردن پارە پێ نەدان ئاوایە وەزعی ئەو برادەرانە، نووسیویەتی کەزۆر بەتوندی نامە بۆ ئێوە بنووسم.

هەرچەند لەبارەی هێنانی یوسفی رێزوانی و عەولای عێزەت پور و یوسفی ئەنوەری بۆ ئەوروپا یەك دوو نامەی دیکەم بۆ رێبەرایەتی حیزبی توده نووسی بەڵام گوێیان نەدامێ، ئەو برادەرانە زۆریان ناچار بوون بچنەوە ئێران و خۆیان تەحویل دەنەوە و بکەونە زیندان، عەولای عێزەت پور لەگەڵ پەروێزی حیکمتجو کەوت و ناردیەوە بۆ ئێران و گیرا، هێندێکیش لەعێراق بڵاوبوون و زۆر بەشپرزەیی ژیانیان و دەبردە سەر، ئێمەش لەگەڵ کاك رەحمانی قاسملۆ لەپراگ خەریکی ژیانی خۆمان بوین و بەکردەوە لەگەڵ حیزبی توده بووین.

هەوای نوێنەرایەتی

رۆژێك لەپراگ کاك رەحمانی قاسملۆ (ئەو دەم هێشتا دکتۆرای وەرنەگرتبوو، بۆیە وشەی دکتۆر بەکار ناهێنم) بانگی کردم گوتی:

– مەسەلەیەك هەیە پێم خۆشە پێکەوە قسەی لێ بکەین.

چوومە لای کاك رەحمان، پاش دانیشتن و هێندێك ئاخافتن گوتی:

رەحیمی قازی نامەی بۆ نوسیوم دەڵێ حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئازربایجان خەریکن رێك کەون و ببنە یەك حیزب، دەیانەوێ لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش وتوێژ بکەن کەوابوو ئێمە لەگەڵیان بکەوینە وتوێژ و کێ هەیە لەمن و تۆ موستەحەق تر کەبەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان قسە بکا و لەگەڵ حیزبی توده یەکێتی پێك بێنێ.

گوتم نەزەری تۆ چییە؟

– قسەی کاك رەحیمی راستە حیزبی توده لەگەڵ فیرقە رێك دەکەوێ و دەبن بەیەك، روسەکان پێیان دەکەن، کەوابوو ئێمە بۆ چی نەیکەین؟

– من لام وایە ئێمە هیچمان لێرە نوێنەری حیزبی دیموکرات نین، بەتایبەت کاك رەحیمی قازی ئەوە ١٥ ساڵە لەوڵات دوورە، چۆن دەتوانێ بەناوی حیزبی دیموکرات قسە بکا، من بەتەواوی موخالیفم، یەك گرتن لەئەوروپا تەنیا بۆ وەدەست هێنانی ناوی رێبەرایەتی و دابەش کردنی کورسییە.

– ئێستا ئەوان لەباکۆ رۆژنامەی کوردستان بەناوی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاودەکەنەوە.

– با کوردستان بڵاوبکەنەوە بەڵام نەئەو رۆژنامەیە ئۆرگانی حیزبی دیموکراتە و نەئەوانیش رێبەری حیزبن.

قسەکانمان دوایی هات، ئیتر نازانم چی وڵامی کاك رەحیمی قازی داوە، لەو سەرو بەندەدابوو دکتۆر رادمەنیش هاتە پراگ، لەهوتێل بووم کاك رەحمان تەلیفۆنی بۆ کردم گوتی:

– دکتۆر رادمنیش لێرەیە قەرارە سەعات چوار لەهوتێل ئەوروپا بێتە لای من، تۆش وەرە لێرە دادەنیشین، ئەو دەم کاك رەحمان بەژن و منداڵەوە لەهوتێل ئەوروپا دەژیان، پێش سەعات چوار چوومە هوتێل زۆر پێ نەچوو دکتۆر رادمەنیش هات، هەوەڵ جار بوو سکریتێری گشتی حیزبی تودەی ئێرانم دەبینی، پیاوێکی بێ فیز لەسەرخۆ هەر لەوکاتەشدا مرۆڤێکی تێ گەیشتبوو بوو.

هێندێك باسی ئێرانمان کرد، لەقسەکانی دەردەکەوت کەجەرگی بۆ ئەم وەزعە دەسووتێ، من مەسەلەی یارمەتی بەبرادەرانی کەلەعێراق مابوونەوە و هێنانی چەند برادەر بۆ ئەوروپا بۆ خوێندن هێنامە گۆڕێ دکتۆر رادمەنیش لەوڵام دا گوتی:

– ئەو مەسەلە بۆ ئێمەش لەگۆڕێ دایە، ئێمە دەبێ لەگەڵ برادەرانی حیزبی دیموکرات بگەینە نەتیجەیەك واتە ئەم وتووێژەی بۆ یەك گرتن لەپێشەوە دەس پێ کرابوو درێژە پێ بدەین.

کاك رەحمان لەو بارەوە هیچی نەگوت، پاشان بەرادمەنیشی گوت: خێزانم نامەی بۆ ئێوە نووسیبوو داوای کردبوو کەبەئەندامی حیزبی تودە وەری بگرن تا ئێستا وڵامی نەدراوەتەوە، من داوا دەکەم کەخێزانم بەئەندامی حیزبی تودەی ئێران قبوڵ بکەن.

دکتۆر رادمەنیش گوتی:

– بەڵێ.. ئێمە نامەکەمان وەرگرتوە، بەڵام جوابی چی بدەینەوە، خێزانت ئێرانی نییە، چیکە خەڵکی چیکۆسلواکییە، چۆن دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی تودەی ئێران.

– ئێستا ئەو پاسپۆرتی عێراقی پێیە وەک بێگانەیەک لێرە دەرس دەخوێنێ ئێستا ئەو ئیتر بەچیک ناناسرێ.

دکتۆر رادمەنیش گوتی:

– ئیتر ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، کاری خۆتانە، چۆن دەخوێنێ بەچ پاسپۆرتێک و بەچ ناوێک لێرەیە ئەوە خۆتان دەیزانن.

پاشان رووی لەمن کرد گوتی:

– ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کەتۆ مەدرەسەی بەرزی حیزب بخوێنێ خۆت دەزانی هەموو کەس ناتوانێ بچێتە ئەو مەدرەسەیە.

کاک رەحمان گوتی منیش هەر لەسەر ئەو باوەڕەم.

– زۆرباشە ئێمە نامە بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلواکیا دەنووسین.

دانیشتنەکە بەبێ باس و لێکۆڵینەوە لەبارەی ئێران و هاوکاری حیزبی دیموکرات و حیزبی تودە کۆتایی پێ هات.

چوونی ژێتنا

پاش ئەوە کەنێزیکەی دوو مانگ لەهوتێل بووم، خێزانم لەبەر منداڵەکە نەیدەتوانی بێتەوە هوتێل من بەتەنیا لەهوتێل مابوومەوە، مانەوەی من لەهوتێل بۆ ئەندامانی حیزبی تودە کەلەپراگ بوون و بەشی زۆریان لە (ژێتنا) دەژیان، ببوە هۆی ئیرەیی و گەلێکی پێوە ماندوبوون، زۆرجار بەنوێنەری حیزبیان گوتبوو: بۆچی ئێمە لەژێتنا دەژین و کەریم لەهوتێل رادەبوێرێ؟

ناحەقیان نەبوو، چونکە بێجگە لەو قسە و باسانە و شەڕە دندووکە و ئیرەیی بەیەک بردن کاری دیکەیان نەبوو، نوێنەری حیزب ئەفسەرێکی ژاندارمری

حکومەتی ئێران بوو پیاوێکی زۆر باش و بەڕاستی کۆمۆنیستێکی واقعی بوو لەپراگ بەنێوی (دایی) دەناسرا، نێوانمان زۆر خۆش بوو، رۆژێك پێی گوتم:

– برادەرانی چیك گۆتوویانە هەتا خانووت دەدەنێ خێزانت دێتەوە لات تۆش بچی لەژێتنا بژی.

ژێتنا شەقامێك بوو لەپراگ لەنێزیك مەیدانی (ڤاسلاڤسکی) خانووی ژمارە چوار، نێزیکەی ٢٠٠ ژووری بچوکی ٢ کەسی هەبوو، لەسەردەمی رێژیمی بۆرژوازیدا واتە پێش ئازادی چیکۆسلواکی هاتنە سەر کاری حیزبی کۆمۆنیست ئەم شوێنە ژنی خراپی تێدا ژیاون و فاحشەخانە بووە.

پاش رووخانی رێژیمی سەرمایەداری ئەم ژنانەیان بۆ کارخانە و شوێنی کارکردن ناردوون و بڵاوەیان پێ کردون خانوەکەش ببوە دەوڵەتی.

لەپێشدا پەنابەرە سیاسیەکانی یۆنانیان لەم خانوە نیشتەجێ کردبوو، دوایەش ئێرانیەکانیشیان بردبوە ئەو خانوە و لەوێدا دەژیان، دەرکەوانێکیان بۆ دانابوون، هەرکەس پاش سەعات دوازدە چووباوە دەرگای لێ نەدەکردەوە.

کابرای دەرکەوان دەتگوت خانووی خۆیەتی و لێیان بڕیوە، هەمیشە رووگرژ و تووڕە و تۆسن وەك سەگی درِ وابوو.

جارێکی (دایی) دەیگێڕاوە دەیگوت شەوێك کارم هەبوو ناچار بووم تا دوای سەعات دوازدە نەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ خانوەکەم کەگەیشتمە بەر دەرکێ نەم وێرا زەنگ لێ بدەم، دەمزانی کابرا وەك سەگ بەگژم دادێ، لەپێشدا گوتم چار نییە، لەبن دەرگا خۆم مات دەکەم تا دەبێتە رۆژ، پاشان بیرم لەشتێکی تر کردەوە، هەر لەپەنای دەرگای ژێتنە تەلیفۆنێك هەبوو، چووم تەلیفۆنم لەکابرا کرد، لەخەو راپەڕی و تەلیفۆنی هەڵگرت هەڵوێ گوت و من تەلیفۆنەکەم دانا و زەنگی دەرگام لێ دا، کابرا هات دەرگای کردەوە، گوتم ببەخشە کارم هەبوو وەدرەنگی کەوتووم.

کابرا گوتی: تۆ قەی ناکا سەگ بابێك تەلیفۆنی کرد و لەخەوی راپەڕاندم نازانم ئەو سەگبابە کێ بوو.

ملم حیز کرد و دەنگم نەکرد چوومە ژوورێ.

بەکورتی منیشیان بردە ژێتنا و ژوورێکیان دامێ، بەڵام زۆری پێ نەچوو لەشەقامی (مانیسیڤا) خانوویان دامێ و خێزانم لەگەڵ منداڵەکەی هاتەوە و جێ گیر بووین. ٠

بێ دیپلۆم بۆ زانستگا

لەبەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانم دا باسی ئەوەم کردووە کەمن نەچوومە مەدرەسە و لەدەبیرستان نەم خوێندبوو دیپلۆم و بەڵگەی خوێندەواری مەدرەسەم نەبوو، ئەوەی دەمزانی هەمووی لە (مەکتەبی خەڵک) دا فێری ببوم ئەو چەند مانگەی لەپراگ بووم کاك رەحمانی قاسملۆ لەبارەی دەستوری زمانەوە گەلێکی یارمەتی دابووم، لەبارەی زمانەوە فێری زۆر شتی کردبووم و تۆزێك لەدەستوری زمان حاڵی دەبووم، بەم حاڵەش دەبوایە لەتەمەنی سی و شەش ساڵیدا بچمە زانستگا و ببم بەخوێنکار و دەرس بخوێنم، ئاشکرایە لەو تەمەنەدا بۆ کەسێکی ریشەی خوێندن و فێربوونی مەدرەسەی نەبووبێ زۆر دژوارە، لەزانستگاش لەم تەمەنەدا بەزەحمەت خوێندکار وەردەگرن بەڵام من پەنابەری سیاسی بووم، بۆ وەرگرتن لەزانستدا داوای دیپلۆم و بەڵگەی خوێندنیان لێ نەکردم، بەتایبەت حیزبی تودەی ئێرانیش ناساندبوومی.

بەکورتی لەزانستگای پراگ لەکۆرسی زمان ناوم نووسی و هەوەڵی سپتامبری ١٩٦٠ لەگەڵ خوێندکارانی بێگانە لەزانکۆی زمان دەستم کرد بەخوێندنی زمانی چیکی.

لەژیانم دا کاتێك بڕیارم دابێ کارێکی بکەم هەمیشە بەشێل گێری بەورەی بەرز و بەبیروباوەڕەوە دەگڵ راچووم و تەواوم کردووە، مەسەلەی خوێندنەکەشم ئاوا بوو، دیتم زمانەکە زۆر زەحمەتە زۆر کەمی تێ دەگەم و لەسەرەتاوە هەر تەقەم لەسەری دەهات، بەڵام بڕیارم دابوو کەبخوێنم ئیتر شەو و رۆژ خەریك دەبووم و نەم دەهێشت کاتم بەفیڕۆیی بچێ.

هەرچەند مرۆڤ لەتەمەنی هەورازیش دا بێ بەڵام دیسان خوێندکاری خوێندن لەنێو خوێندکارانی گەنج بەتایبەت لەجێی وەك پراگ نەك هەر ناخۆش نییە بەڵکو مرۆڤ دەبووژێنێتەوە.

لەوکاتەدا ئیتر مالّمان هەبوو خێزانم لەکرێ گەڕابۆوە، بەڵام ئەو مەعاشەی وەك خوێندکارێك وەرم دەگرت فرە کەم بوو بەشی ژیانی نەدەکردین خێزانم بڕیاری دا منداڵەکان لەیانەی منالّان دابنێ و کار بکا، لەکارخانەیەکی رادیۆ سازی کاری دیتەوە و دەستی بەکار کرد، مەعاشی هەردووکمان بەشی دەکردین و وەزعی ژیان و بەڕێ چوونمان خراپ نەبوو.

پاش ئەوە کەچەند جاری دیکەش لەبارەی یارمەتی بەو برادەرانەی کەلەعێراق مابوونەوە لەبارەی هێنانی عەولّای عیزەت پور و یوسفی رێزوانی و یوسفی ئەنوەری بۆ ئەورووپا نامەم بۆ رێبەرایەتی حیزبی تودە نووسی و جوابیان نەدامەوە، ئیتر وازم هێنا بەڵام قەتیش ئەوانم لەبیر نەچۆوە.

سەرگەردانی و پەرش و بڵاوی ئەو کوڕە باشانە لەگەڵ بەشخوراوی نەتەوەکەم، هەمیشە فیکر و هۆشی ئازاردراوم.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا

لەمانگی ئوتی ١٩٦٠ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا لێی گێڕاینەوە کەلەپێنجەمین کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپادا بەشدار بین، کۆنگرە لەبەرلینی رۆژئاوا دەگیرا لەگەڵ کاك رەحمانی قاسملۆ چووینە بەرلینی رۆژهەڵات، کاك رەحمان دەیویست چاوی بەرێبەرایەتی حیزبی تودە بکەوێ، لەقەرارێکی پێشوو دابنابوو چاومان بەکیانوری و فروتن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە کەوت، تۆزێك لەوەزعی ئێران پرسیاریان لەمن کرد پاشان گوتم:

– هاوڕێ کیانوری ئێوە بۆچی وڵات و بەجێ هێشتوە ناگەڕێنەوە بۆ ئێران و تین و تاوێك وەخەبات بدەن و رێکخراوەکانی حیزبی تودە زیندوو بکەنەوە؟

– چۆن بگەڕێینەوە؟ وەزعی ئێران ئێستا بۆیە نابێ، پاشان ڕێگای گەڕانەوە نییە، بەکوێ دا بگەڕێینەوە؟

– ئەگەر بتانەوێ بگەڕێنەوە ڕێگا پەیدا دەبێ، دەکرێ بەئەفغانستاندا بچنەوە.

– تۆ ڕێگای ئەفغانستان شارەزای؟ شەش شەو و شەش ڕۆژ دەبێ بەپێیان بەڕێگادا بڕۆی تا دەگەیە شارێکی ئێران.

– قەیدی چییە من چەند شەو و ڕۆژ بەپێیان ڕۆیشتووم تا گەیشتوومە عێراق، پاشان ئەگەر ئێوە بوون بەئەندامی حیزبی تودە قەراری ئەوەتان کردبوو کەهەر لەئاڵمان بن و بەسواری ماشێن بگەڕێن؟

ڕفیق کیانوری قسەکانی منی بەدڵ نەبوو، پاشان لەلای ئەندامانی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی گوتبووی: حسامی پسر خوبی است ولی کمی از مرحله پرت است، واتا: (حسامی کوڕێکی باشە بەڵام گێرەی لەهەولێر دەگەڕێ).

پاش دیتنی کیانوری و فرۆتن کەهەستم پێ کرد دیتنێکی زۆر دۆستانە نەبوو لەگەڵ کاك ڕەحمان چووینە بەرلینی ڕۆژئاوا، کەچووینە ئەو شوێنەی لەپێشدا بۆ کۆنگرە دیاری کرابوو دیتمان کەسی لێ نییە، ئادرێسێکی دیکەیان نووسیوە و بەدەرگایانەوە داوە.

ئێمە شارەزا نەبوین لەهەموو خراپتر مارکی ئاڵمانی ڕۆژئاوامان پێ نەبوو کەسواری تاکسی بین و بچینە شوێنی کۆنگرە.

تووشی کابرایەکی بووین، کاك ڕەحمان بەئاڵمانیەکی کەدەیزانی پرسیاری شوێنەکەی کرد، کابرا ئادرێسەکەی پێ گوتین، گوتی سواری (ئوبان) بن لەفلاّن ئێزگە وەرنە خوارێ، کاك ڕەحمان گوتی پارەمان نییە بلیت بکڕین، کابرا وەك پیاوان دەری هێنا بەشی بلیت پارەی داینێ، کاك ڕەحمانیش پاکەتە سیغارێکی ڕووسی پێ بوو کەڕەسمی (لایکا)ی لەسەربوو، ئەو سەگەی کەهەوەڵجار لەیەکێتی سۆڤیەتی ناردبوویان بۆ ئاسمان، دای بەکابرای ئاڵمانی، کابرا ئەوەندە شاد بوو دەتگوت سەگەکەی بەزیندوویی دراوەتێ، گوتم کاك ڕەحمان ئەو کابرایە زۆر پیاو بوو، یا ئاڵمانی نەبوو یا کرێکارێکی زەحمەتکێش بوو!

شوێنی کۆنگرەمان دیتەوە نێزیکەی شێست کەس خوێندکار و نەخوێندکار بەشدار ببوون.

رۆژی ٢٢ی مانگی ئوتی ١٩٦٠ کۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا بەرەسمی دەستی بەکار کرد لەو کۆنگرەدا دکتۆر کامەران بەدرخان لەپاریسەوە هاتبوو، ئیحسان نوری پاشا لەتارانەوە هاتبوو، کاتێك ئیحسان نوری پاشا وەژوور کەوت بەسرودی ئەی رەقیب پێشوازی لێ کرا.

کاتێك کامەران بەدرخان هات کاك رەحمان گوتی ئێستا بەگژم دادێ بەڵام باشە رەنگە نەم ناسێتەوە دەڵێم من نەبووم کاکم بوو.

قسەی کاك رەحمان وەراست گەڕا، کامەران بەدرخان هات لەنێوانی من و کاك رەحمان دانیشت پاش ئەحواڵ پرسی و ناسینی قاسملۆ گوتی:

ئەگەر تۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردت تێك نەدابایە، ئێستا وەزعی کۆمەڵە شتێکی تر دەبوو، ئێوە لەئاست کۆمەڵەوە تاوانبارن.

کاك رەحمان گوتی: میرم ئەوە من نەبووم کاکم بوو، ئەو دەم من لەئەورووپا نەبووم.

مەسەلە چ بوو؟

ساڵی ١٩٤٩ رەحمانی قاسملۆ، ئەحمەدی قاسملۆ، نورەدین زازا، عیسمەت شەریف و چەند کەسی دیکە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد پێك دێنن کەناوەندەکەی لەسویس بووە، پاشان ئیرەجی ئەسکەندەری لەپاریس بەرەحمان و ئەحمەدی قاسملۆ دەڵێ کەپێك هێنانی ئەو کۆمەڵەیە لەسەر بناخەی نەتەوەیی لەگەڵ (مارکسیزم) نایەتەوە، ئێوە دەبێ بچنە نێو یەکێتی خوێندکارانی ئێرانی کەسەر بەحیزبی تودە بوو، ئەوانی دیکەش هەرکەس لەگەڵ خوێندکارانی وڵاتی خۆیان هاوکاری بکەن، ئەو دەمە دەوڵەتی ئێران بورسی خوێندکارانی رەحمانی قاسملۆی بڕیوە، حیزبی تودە هێناویەتە پراگ و لەچیکۆسلواکیا بورسی خوێندکاری بۆ وەرگرتوە، بەڵام بەیاننامەی لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیشی پێ بڵاو کردۆتەوە.

بەم جۆرە پاش ئەوەی کەبرایانی قاسملۆ بەیاننامەی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بڵاو دەکەنەوە ئیتر کۆمەڵە نامێنێ، تا ساڵی ١٩٥٦ جارێکی تر خوێندکارە نیشتمانپەروەرەکانی کورد لەلەندەن کۆمەڵەیان دامەزراندۆتەوە.

لەکۆنگرەی پێنجەم دا نوێنەری یەکێتی خوێندکارانی جیهانی، یەکێتی لاوانی جیهانی، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، نوێنەری یەکێتی خوێندکاران و یەکێتی لاوانی عێراق بەشدار بوون، کۆمەڵەیەکی کوردستانیش لەلایەن چەند کەسی هۆڵەندییەوە دامەزرابوو نوێنەری ئەوانیش بەشدار بوو، لەراستیدا ئەگەر بەواقع تەماشا کرابایە، لەجیاتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا دەبوایە بگوترێ: کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانی عێراق، سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.

چونکە وەک لەدوایەدا باسی دەکەین، وەلەتەواوی کردەوەکان و سیاسەتی کۆمەڵەش لەساڵانی دوایی دا بەجوانی دەردەکەوێ کۆمەڵە هەمیشە سیاسەتی پارتی بەڕێوەبردووە هەرگیز کوردستانی نەبووە.

دەستەی بەڕێوەبەری کاروباری کۆنگرە هەڵبژێردرا و بەسرودی ئەی رەقیب دەستی بەکار کرد، پاش راپۆرتی سکرتێر و وتاری نوێنەران هاتە سەر باسی بەرنامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا.

دوو رێباز، دوو هەڵوێست لەکۆنگرەدا دەبینرا، یەکیان رێباز و هەڵوێستی ئەم خوێندکارە کوردانە بوو کەئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بوون و زۆر کەم هاتبوون، سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لەبارەی بەشداربوونی ئەندامە کوردەکان لەکۆمەڵە و لەکۆنگرەدا روون نەبوو، لەپێشدا نوێنەری حیزب لەئەورووپا رایگەیاندبوو کەئەندامەکانیان بەشداری نەکەن پاشان لێکیان دابۆوە کەتەریک بوونیان لەکۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی دا کارێکی راست نییە، لەعێراقەوە خەبەریان دابوو کەبەشداری کۆنگرە بن، بەڵام ئیتر درەنگ ببوو لەوڵاتەکانی ئەورووپای رۆژهەڵات بێجگە لەئاڵمانی دیموکراتی ئەوانی تر نەیانتوانی بوو بگەنە کۆنگرە.

زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی بەشدار لەکۆنگرەدا سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوون کەڕێباز و هەڵوێستێکی جیاوازیان هەبوو، کۆمۆنیستەکان لەکەمایەتی دا بوون، بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە کەدەیانزانی زۆربەی بەشدارانی کۆنگرە لەگەڵ ئەوانن، کەمتر ڕێگایان دەدا کەلەسەر مەسەلەکان وتوێژ بکرێ، پتر لەسەر ئەوە سوور بوون کەدەنگ وەربگیرێ.

نمونەیەکی سەیر:

باسی ئەوە هاتە گۆڕێ کەداخوا لەئێراندا بەختیاری کوردن یا کورد نین؟

کەمال فوئاد و وریا ڕەواندزی و هێندێکی تر دەیان گوت بەختیاری کوردن، کاك ڕەحمانی قاسملۆ بەجوانی ڕوونی کردەوە کەبەختیاری کورد نین، خۆشیان پێ کورد نییە، ئەو باسە درێژەی کێشا ئاخرەکەی گوتیان دەبی دەنگ وەرگرین.

ئێمە گوتمان ئەوە شێوەیەکی ڕاست نییە، بەدەنگ دان کەس نابێتە کورد، فایدەی نەبوو کورد بوونی عەشیرەتی بەختیاریان خستە دەنگەوە، بەزۆربەی دەنگ لەکۆنگرەی پێنجی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا بەختیاری بوو بەکورد.

هەر بەو بۆنەوە بەندی یازدەیان لەبڕیارەکانی کۆنگرەدا پەسەند کرد کەدەڵێ: چونکە کۆنگرەی خوێندکارانی کورد زۆربەی قسە و نووسراوەکانی وەك بەرنامە و بڕیارەکانیش بەعەرەبی بوون دەقی بەندی یازدە بەعەرەبی دەگێڕینەوە.

(يطالب الموءتمر الحكومة الايرانية ان تعترف رسميا بأن كردستان ايران اتنولوجيا وجغرافيا تضم من الجنوب الى الشمال المقاطعات والمناطق التالية مقاطعة لورستان بما فيها بەختيار...)

واتا: کۆنگرە داوا لەحکومەتی ئێران دەکا بەچەشنی ڕەسمی دان بەوە دابنێ کەکوردستانی ئێران لەبارەی ڕەگەزی و جوغرافیایی لەخوارەوە هەتا سەروو ئەم ناوچە و هەرێمانە دەگرێتەوە: هەرێمی لوڕستان بەبەختیارییەوە.

کۆنگرە بڕیارێکی دیکەی پەسەند کرد کەداوا لەحکومەتی ئێران دەکرا کەلەکوردستانی ئێران قوتابخانەی کوردی بکاتەوە.

عەولا خانی سەیفی قازی خوێندکارێکی کوردی ئێرانی هەستا و گوتی: پێشنیار دەکەم کۆنگرە داوا لەحکومەتی ئێران بکا کەلەکوردستانی ئێران قوتابخانەیەکی عەرەبی بکاتەوە، بۆ ئەوە کەخوێندکارە کوردەکانی ئێرانی فێری عەرەبی بن تا ئەگەر هاتنە کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا بتوانن لەقسە و ئاخاوتن و بەرنامە و بڕیارەکانی کۆنگرە تێ بگەن!

بەرنامەی کۆنگرە

لەسەر بەرنامەی کۆمەڵە باسێکی فرە توند و دوور و درێژ دەس پێ کرا، هەرچی ئێمە و برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بووین لەسەر ئەو باوەڕە بووین کەکۆمەڵەی خوێندکارانی کورد رێکخراوەیەکی دیموکراتی و پێشکەوتوخوازە پێویستە خەباتی دژی ئیمپریالیستی دژی ئیستعماری لەپڕۆگرامی کۆمەڵەدا بگونجێندرێ، ناکرێ رێکخراوەیەك خۆی بەدیموکرات– پێشکەوتنخواز بزانێ، بەڵام لەپڕۆگرامی خۆیدا باسی دژایەتی ئیستعمار و ئیمپریالیزم نەکا.

کەمال فوئاد و رێبەرانی دیکەی کۆمەڵە کەسەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوون دەیانگوت: پێویست نییە لەبەرنامەدا باسی ئیستیعمار و ئیمپریالیزم بکەین، بەتایبەت خوێندکارەکانمان لەوڵاتانی رۆژئاوا دەخوێنن و باسکردنی پێ ناوێ، لەسەر ئەو مەسەلەیە کێشەیەکی زۆر کرا، من بەکەمال فوئادم گوت: ئەگەر بەڕاستیتان نەبێ وشەیەکی دژی ئیستعماری هەر تێ بخەن، ئێستا تەنانەت وڵاتەکانی ئیستعماریش جاروبار دژی ئیستعمار و ئیمپریالیزم دەدوێن.

پاش ئەوە کەهیچ مەنتیق و بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نەبوو کەنیشانی بدەن لەبەری نایانەوێ خەباتی دژی ئیمپریالیستی لەبەرنامەی کۆمەڵەدا بگونجێ گوتیان دەنگ وەردەگرین.

بەزۆربەی دەنگ خەباتی دژی ئیمپریالیزم و ئیستعماریان لەبەرنامەی کۆمەڵە دەرهاویشت، هەرچەند بەندەکانی بنەڕەتی پڕۆگرامی کۆمەڵە جوان و پێشکەوتنخوازن، بەڵام باس نەکردنی خەباتی دژی ئیستعماری لەرێکخراوەیەکی

دیموکراتی خوێندکاری دا، بەلای منەوە کەم و کوڕیەکی گەورە بوو، لێرەدا بەرنامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا کەلەکۆنگرەی پێنجەم دا پەسەند کرا بەعەرەبی دەنووسینەوە:

دستور جمعيه الطلبة الاكراد فى اوروبا

اولا: الاسم: جمعية الطلبة الاكراد في اوروبا

ثانيا: الاهداف الاساسية:

١– توطيد الصلات بين الطلبة الاكراد في اوروبا وتنظيم الالتقاءات الدورية بينهم.

٢– تحقيق التعاون المادي المتبادل بين الطلبة الاكراد في اوروبا.

٣– تنمية الثقافة الوطنية الكردية والعمل لصالح الشعب الكردي ومسألته الوطنية.

٤– تعريف العالم على ثقافة الشعب الكردي ووطنه كردستان واوضاعه ومسألته الوطنية.

٥– تقوية روح التعاون والصداقة بين الطلبة الاكراد وطلبة البلدان الاخرى، والاتصال بالمنظمات الطلابية وغير الطلابية من وطنية وعالمية والتعاون معها ضمن اهدافنا ومصالحنا المشتركة.

٦– تأييد نضال كافة الشعوب من اجل تحررها الوطني وتقرير مصيرها بنفسها بما فيها شعبنا الكردي.

لێرەشدا لەسەر نێوەرۆکی بەندی ٥یش موناقەشە کرا، ئێمە دەمانگوت پێوەندی بەرێکخراوەکانی خوێندکاری پێویستە دیاری بکرێ، رێکخراوی خوێندکاری ئەوتۆ هەن دروست کراون بۆ بەربەرەکانی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەجیهاندا، پێوەندی گرتن لەگەڵ ئەوانە بەقازانجی جوڵانەوەی کورد نییە، بەڵام ئەوەشیان قبوڵ نەکرد و بەزۆربەی دەنگ سەپاندیان.

هەر لەکۆنگرەدا بەئەندامی کۆمەڵە وەرگیرام پاشان لەپراگ بەئەندامی بەرێوەبەری کۆمیتەی لق هەڵبژێردرام.

چوونی زانستگا (مەدرەسەی بەرزی حیزب)

لەکۆرسی زمان باش دەچوومە پێش لەئیمتیحان دا نمرەی باشم وەرگرت، لەو ماوەیەدا کەکۆرسی زمانمان دەخوێند دەیان بردین بۆ شوێنە مێژووییەکان چیکۆسلواکیا، دەیانگێڕاین، جێگای مێژوویی و فەرهەنگیان پێ نیشان دەداین خوێندکاری بێگانە لەهەموو ولاتانەوە هەبوون سەفەرەکان خۆش دەگوزەران، لەوچانی هاوینیشدا خەریکی فێربوونی زمان بووم، لەلقی کۆمەڵشدا لەپراگ جاروبار کۆدەبوینەوە و لەسەر زۆر مەسەلەکان ناکۆکیمان دەبوو.

کورەکانی ئەندامی لق هەموویان سەر بەپارتی بوون بیروباوەڕی تەسك و بێ تەجروبە و تەنانەت هێندێکیان بێ بیروباوەڕیش بوون، بەڵام هەموویان لەسەر بەربەرەکانێ لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی عێراق یەکیان دەگرتەوە.

رۆژی هەوەڵی سپتامبەری ١٩٦١ چوومە زانستگا ئەمجارەش بووم بەخوێندکارێکی رەسمی و بەرنامەی دەرس و دەفتەرچەی خوێندکاری کارتی چوونە زانستگام وەرگرت.

بەرنامەی دەرسەکانم بۆ ساڵی ٦١-٦٢ بریتی بوو لە:

١- مێژووی جولانەوەی کرێکارانی جیهان.

٢- پێوەندییەکانی نێو نەتەوایەتی.

٣- ئابووری سیاسی.

٤- ماتریالیزمی دیالێکتیك و ماتریالیزمی مێژوویی.

٥- سیاسەتی فەرهەنگی.

٦- مێژووی حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلواکی.

٧- زمانی چیکی.

دیارە ئەم دەرسانە بۆ کەسێکی رابوردوی خوێندنی مەدرەسەیی نەبێ هاسان نین، بۆ ئەوەی بتوانم لەکاتی خۆیدا ئیمتیحانەکانم بدەم و وەدوا نەکەوم، بڕیارم دا بەشێل گێری خەریك بم.

لەزانستگا لەگەڵ برادەرێکی چیك بەناوی (شتیپان کوبلیها) کەبەرپرسی حیزبی پۆلی ئێمە بوو ژوورێکیان دابوومێ پێکەوە دەژیاین، ئەو برادەرە گەلێکی یارمەتی

دام، زۆر کەم دەچوومەوە مالێ رۆژێ ١٢ سەعات بەڵکو پتر خەریک دەبووم و دەم خوێندەوە وای لێ هات نەخۆش بووم دکتۆر خوێندنەوەی زۆری لێ قەدەغە کردبووم، دایناببو تەنیا رۆژی شەش سەعات خەریکی دەرس و خوێندنەوە بم، کوبلیها کتێبەکەی لێ وەردەگرتم و دەچووین بیرەمان دەخواردەوە.

لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد

لەهۆڵەندا کۆمەڵەیەک بەناوی (کۆمەڵەی کوردستانی دوەڵی) پێک هاتبوو بەڕێوەبەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد نووسراوە و چاپەمەنی ئەو کۆمەڵەیەی دەنارد و دەینووسی بڵاوی بکەنەوە.

من لەکۆمیتەی لق دا پێشنیارم کرد نامەیەک بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبەری بنووسین کەوەزعی ئەو کۆمەڵەی هۆڵەندیمان لێ روون کاتەوە، ئەم کۆمەڵەیە چییە، سەری بەکوێوە بەندە و چۆن دامەزراوە؟ نامەکە نووسرا بەڵام کۆمیتەی بەڕێوەبەری نەک هەر وڵامی نەداوە، بەڵکو لەپڕ رایگەیاند کەکۆنگرەی شەشی کۆمەڵە ئەم ساڵ لەهۆڵەندا لەئامیستیردام دەبەسترێ.

بێجگە لەوە، زۆر لەخوێندکارە کوردەکانی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لەپراگ داوایان کردبوو کەبین بەئەندامی کۆمەڵە، کۆمیتەی لق وەری گرتبوون بەڵام بەگوێرەی بەندی چواری پڕۆگرامی کۆمەڵە کەئەویشیان بەزۆربەی دەنگ سەپاند بوو، دەبوایە دەستەی بەڕێوەبەری گشتی لەسەر بڕیاری کۆمیتە لق لەبارەی وەرگرتنی ئەندام موافەقەت بکا، دیارە ئەوەش هەربۆیە بوو کەئەندامەکان لەبێژنگ بدەن، پاش دوو مانگ کەئێمە نامەمان نووسیبوو جوابیان نەداوە، کۆنگرەی شەش نێزیک دەبۆوە دیارە نەیاندەویست کەئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست لەکۆمەڵەدا وەربگیرێن و لەکۆمەڵەدا بەشداربین.

بۆ هەڵسەنگاندنی بڕیاری کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی لەمەڕ بەستنی کۆنگرە لەئامیستیردام و وڵام نەدانەوە لەبارەی وەرگرتنی ئەندامی تازە رۆژی

١٩٦١/٥/٢٧ کۆمیتەی لق کۆبۆوە، لەوێدا من پرسیم بۆچی کۆنگرە جارێك لەوڵاتەکانی سۆسیالیستی نابەسترێ؟

لەوڵام دا گوتیان بەڕێوەبەری گشتی زۆری هەوڵ داوە بەڵام لەوڵاتانی سۆسیالیستی جێگا و ڕێگامان نادەنێ.

من دەمزانی وا نییە، لەیەك دوو ڕێگاوە دەس بەکاربوون بۆ ئەوەی ڕێگا بدرێ کۆنگرەی شەشی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەپراگ ببەسترێ پاش هەوڵ و تەقەڵایەك کەبرادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقیش یارمەتیان دەدا، یەکێتی خوێندکارانی جیهانی بەڵێنی دا کەهەموو دەرەتانی بۆ بەستنی کۆنگرە پێك بێنێ، من بەگورجی نامەیەکم بۆ دکتۆر وریا ڕەواندزی نووسی کەوا هێندێ بەشی نامەکە لێرەدا دەگێڕمەوە:

برای خۆشەویستم کاك وریا پاش سڵاوێکی گەرم چوونکە هەر ئادرێسی تۆم لەلایە بیروڕای خۆمت بۆ دەنووسم و چاوەڕوان دەبم زوو وڵام بدەیەوە.

١- وەك دەزانین (کۆمەڵێکی کوردستانی دوو وەلی) لەهۆڵەندا لەم وڵاتە خێرخواز و ئازادی بەخشە! دامەزراوە، دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە هیچیان کورد نین، تەنیا لەرێی خوادا بۆ ئازادی کورد تێ دەکۆشن! زۆرباشە... مالیان ئاوابێ، هەر لەئێستاوە بیروڕای خۆم لەسەر ئەوان دەرنابڕم.

هەرکەس بەراستی خزمەتی بزوتنەوەی کورد بکا، پێشوازی لێ دەکەم، بەڵام ئەوەش هەیە من وەك ئێوە هەرکەس ناوی کوردی هێنا فریوی ناخۆم، چونکە نەتەوەی ئێمە زۆرجار دەستی بەئاگر سووتاوە، ئێوە تا ئێستا لەسەر چۆنیەتی پێکهاتنی ئەم کۆمەڵەیە بەیانێکتان دەرنەکردوە، بیروڕای خۆتان دەرنەبڕیوە، هەر چونکە ناوی کوردستان دێنێ، دەڵێن گۆڤارەکەیان بفرۆشن و بڵاوی بکەنەوە، لەکاتێکا دەبوایە ئەندامانی کۆمەڵە لەپێکهاتنی ئەم کۆمەڵەیە ئاگادار بکەن، بێجگە لەوە مانگێك لەمەوبەر بۆ ئێوەمان نووسیوە بەڵام وڵامتان نەداوەتەوە.

٢- مەسەلەی جێگای کۆنگرە کەبڕیارتان داوە لەئامیستردام ببەسترێ بۆ هەمووکەس بۆتە جێگای پرسیار، من بەسەربەستی بیروڕای خۆم لەو بارەوە بۆ

ئێوە دەنووسم، چونکە ناتوانم لەکۆنگرەدا بەشدار بم، ئەگەر نامەکە تووڕەی کردن لەکۆنگرە بیخوێننەوە، نازانم بۆچی هەموو دنیا لەکۆنگرەی خوێندکارانی کورد وەتەنگ هاتوە بێجگە لەهۆڵەندا، (پێتەختی ئەم دەوڵەتی کەبۆ ئازادی گەلان و نەمانی ئیستعمار تێ دەکۆشێ!) ئێوە باش دەزانن کەهۆڵەندا یەکێك لەم پێنج دەوڵەتانە بوو کەلەکۆڕی نەتەوەیەکگرتوەکان لەبارەی نەمانی ئیستعمار دەنگی مۆخالیفی دا، ئێستا ئەوە رازی بوە کۆنگرەی کۆمەڵەیەك لەوڵاتەکەی بگیرێ کەدەیەوێ مافی نەتەوەکەی لەتورکیا و ئێرانی هاوپەیمانەکانی بستێنێ، بەڕاستی پیاو سەری لەکردەوەکانی ئێوە سوور دەمێنێ، ئێستا ئەو فیکرە بۆ من هاتۆتە پێش کەبەخۆڕایی نەبووە ئێوە وشەی (دژی ئیستعمار)تان لەمەنهەج و پڕۆگرامی کۆمەڵەدا نەدەمەزراند چونکە نەتاندەویست دەست لەوڵاتە ئیستعماریەکان هەڵبگرن، بەو حاڵەش دەڵێن یەکێتی قوتابیانی عالەمی ئیعترافمان پێ ناکا، کاك وریا.. ئێوە لەپڕۆگرامدا ناوی ئیستعمار ناهێنن بەکردەوەش خۆتان بەوانەوە چەسپاندوە بەهیوای ئەوەن لەسایەی وانەوە حەقی کورد بستێنن، من وادەزانم ئێوە بۆ هەڵبژاردنی ئامیستیردام بۆ موئتەمەر دوو مەبەستتان هەیە، هەوەڵ ئەوەیە ناتانەوێ رەوشی خۆتان نیسبەت بەئیستعمار و وڵاتەکانی ئیستعماری روون بکەنەوە، دووهەم ئەوەیە کەهەموو ئەندامانی کۆمەڵە ناتوانن بۆ هۆڵەندا بێن، چونکە ئەم پارەی مەسرەفی هۆڵەندا بەهەموو قوتابیەك نادرێت و هەم ئیمکانی پاس و ویزا بۆ هەموو قوتابیەکی کورد نییە، لەم دوو مەبەستە زیاتر چی دی تیا بەستە نییە.

کاك وریا بەراستی دەڵێم کەئەم کردەوانەی ئێوە نەك هەر خزمەت بەئامانجی کۆمەڵە ناکا بەڵکو زەربەی گران لەکۆمەڵە دەدا و زیانی بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی هەیە، ئێوە ناتوانن هیچ قوتابیەکی تێ گەیشتووی کورد قانیع بکەن، لەکاتێکا نیوەی ئەندامانی کۆمەڵە لەشەرق دەخوێنن، تا ئێستا یەك کەرەت موئتەمەر لەوڵاتەکانی ئەوروپای شەرقی نەگیراوە.

بەڵام لەهۆڵەندا کەقوتابی کوردی لێ نییە، موئتەمەر دەبەستن، جا لەسەر ئەم کردەوانەش بۆ فریوی قوتابیە سادەکان ئەڵێن یەکێتی قوتابیانی عالەمی یان یەکێتی گەنجانی عالەمی بەئەندامان قبوڵ ناکا، بەڵام زۆر ئاشکرایە ئێوە ناتانەوێ کۆمەڵەی ئێمە لەم رێکخراوە پێشکەوتوو دیموکراتیانە ببێت بەئەندام، بەعەقیدەی من باشترە زووتر بیرێك لەوەزع و حاڵی جیهان و وەزعی خەباتی نەتەوەکەمان بکەنەوە.

لەکۆبوونەوەی ١٩٦١/٥/٢٧دا کاتێك کەلیژنەی لق لەسەر ئەم کردەوانەی ئێوە باسی دەکرد، برادەرانی کەکوێر کوێرانە دیفاع لەئێوە دەکەن وتیان زۆریان هەوڵ داوە لەوڵاتەکانی ئەورووپای رۆژهەڵات جێگایان بۆ موئتەمەر نادەنێ، ئەمە درۆیەکی شاخدارە، من جێ بەجێ لەسەر ئەم مەوزوعە ئیقدامم کرد، ئێستا من تەعەهود دەکەم ئێوە ئەگەر بتانەوێ لەپراگ ئەم ساڵ موئتەمەر بگرن، هەموو جۆرە یارمەتی ئێوە دەدەن، وەقاعە و جێگا و رێگا و ویزا و هەموو جۆرە کۆمەکێك و پێ دەکرێ، ئەم پارەی لەسندوقی کۆمەڵە لەهۆڵەندا بۆ قاعە و پڕوپاگەندە و شتی تر مەسرەفی دەکەن لەسندوقی کۆمەڵەدا ئەمێنێتەوە، وەدیارە بەستنی موئتەمەر لەپراگ هەم بۆ وەزعی سیاسی کۆمەڵە و هەم ناسینی دواڕۆژی یەکێتی قوتابیانی عالەمی تەئسیری گرینگی هەیە، وەهەم برادەرانی کەبۆ موئتەمەر دێن مەسرەفیان بەنیوە دەبێ، ئیتر بۆ ئەم پێشنیارەی من کەبەراستی ئامادەم هەموو ئەرکێکی موئتەمەر لەپراگ وەئەستۆی خۆم بگرم هیچ بیانووتان نامێنێ وەبەیانی ناتوانن بەقوتابیان بڵێن کەجێگای ترمان نەبوو، هیوام وایە بەزوویی لەبەرخاتری قازانجی کۆمەڵە قەراری پێشوو هەڵ وەشێننەوە و ئێمە ئاگادار بکەن تا بۆ تەحزیراتی موئتەمەر ئیقدام بکەین.

٣- زیاتر لەدوو مانگان کەزۆر لەبرادەران داوایان کردووە ببنە ئەندام، لیژنەی لق بڕیاری قبوڵی داون و بۆ ئێوە ناردراوە کەوڵام بدەنەوە، بەڵام تا ئێستا وڵام نەدراوەتەوە و ئەم برادەرانە لەوەزعی خۆیان حاڵی نین، نازانم کارو هێندە زۆرە کەناتوانن وڵام بدەنەوە یان ئەندامی تازەو گەرەك نییە.

باشترە ئەم نەقسەش لابەرن و بەزووبی ولاّم بدەنەوە
چاوەنواڕی ولاّمی گورج و فەوریم
برات کەریم

دەقی نامەکە دەری دەخا کەئەو دەم لەژێر تەئسیری کوردی نووسینی برا کوردەکانی عێراق دا کوردی نووسینم تەواو نەزانیوە و لەباری ڕێزمان و ڕێنووس و وشەوە هەڵەی زۆر تێدایە.

پاش ماوەیەک کاک وریا ڕەواندزی نامەیەکی تایبەتی بۆ نووسیبووم لەبارەی (کۆمەڵی کوردستانی دوەڵی) وە نووسیبووی:

١- مەسەلەی جەمعیەتی کوردستانی دوەڵی: لەو کەسانە پێک هاتووە کەئێوە لەبەرلین چاوتان پێ کەوتن، بەگوێرەی بیروباوەڕی ئێمە (بەتایبەت هی خۆم) ئەم کۆمەڵەیە زۆر دوورە لەو شتانەی کەباسی ئەکەی، وەپێکهێنانی وەبوونی زۆر پێویست، ئەو نشریەی دەری ئەخا شتی باشی تیایە... ئێستا مەسەلەی پارە مومکینە فیکری لێ بکەیەوە، برام مانگێ ئێمە (کۆمەڵە) چاردە دیناری ئەداتێ، وەنێزیکەی ٢٨ دینار مامۆستا بەدرخان بۆی ڕەوان ئەکات، ئەویش چەند ئەندامی خۆی هەیە، بەم حاڵە کابرا ئیشی خۆی ئەباتە ڕێگا. (لەم بابەتە زۆر حەز ئەکەم کەچەند تەعبیرێکی کەزۆرجار لەلایەن هەندێ کەس بەکارئەهێندرێت لەجێگای خۆی بەکاربهێنرێت).

٢- لەبەر چەند سەبەبێک بەتایبەت بۆ ئەوەی زۆر برادەران ئامادەی کۆنگرەی شەشەم بن ئەوە بڕیاردرا کەلەئاڵمانیا بگیرێت (وابزانم لەهانۆڤەر ئەگیرێت) چاوەڕێ نامەی کاک کەمال ئەکەین: (دوای بەیان دەرئەچێت).

٣- مەسەلەی هۆڵەندا و کۆنگرە گرتن ئەوەبوو چونکە قەول وابوو جێگا بۆ نووستن وەقاعە گرتن سەهل و ئەرزانە، کاک کەریم ئەو خەیاڵەی کەئەیکەی زۆر بێ جێگایە! ئەو کوردەی کەدەست بۆ ئیستعمار درێژ ئەکات لەناومان نییە خۆت زۆر چاک ئەمە ئەزانی بەڵام چاوت دائەخەی لەم شتە، کورد زۆر شتی لەئیستعمار

دیت، بەچی رووبەکەوە کورد دەست بۆ ئیستعمار درێژ ئەکات، یەکی تر ئەم نامەیەی بنوسی بایە ئەمزانی چۆن ولاّمی بدەمەوە.

بەلاّم ئەم نامە تایبەتییە کەبۆت ئەنووسم چونکە ئەزانم کەئینسانێکی باشی و بەهەلّە چووی..

کاك وریا لەنامەکەیدا هێندێ شتی تری نووسیبوو کەبەپێویستی نازانم بیانگێڕمەوە، چونکە دکتۆر وریام بەئینسانێکی باش و پاك دەزانی.

بەدوای نامەی کاك وریادا رۆژێك برادەرێکی ئەندامی کۆمیتەی لق نامەی دوکتۆر کەمال فوئادی دامێ، نامەکە کرابۆوە و دیاربوو خوێندوویانەتەوە نامەکە زۆر دوور و درێژ بوو، باسی ئەحمەد تۆفیقی کردبوو کەوەك حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوە لەکوردستان خەبات دەکا باسی ئەو نامەیەی خۆی کردبوو کەلەوەلاّمی رۆژنامەی کوردستانی تاران دا نووسیبووی لەنامەکەدا ئێمەشی بەکۆمۆنیست دانابوو نووسیبووی (ئێوە کۆمۆنیستەکان بێگانە پەرستن) نامەیەکی سەیر بوو دوکتۆر قاسملۆ نامەکەی لێ وەرگرتم بەداخەوە پاشان لێم وەرنەگرتەوە کەدەقەکەی لێرەدا بلاّو بکەمەوە.

بەلاّم لەوەلاّمی دکتۆر کەمال فوئاد دا نامەیەکی دوور و درێژم نووسی و بەسەر ئاوالّەیی دام بەکاك عەولای ئەندامی کۆمیتەی لقی کۆمەلّە لەپراگ کەبۆی بنێرێ.

لەنامەکەدا بۆ دکتۆر کەمال فوئادم نووسیبوو: سەری پاکەتەکەم نەبەستوە تا برادەرەکانت بیخوێننەوە، کاك کەمال... کەسێك سکرتێری گشتی کۆمەلّە بێ نامەی ئاوا بۆ ئەندامێکی کۆمەلّە نانووسێ، بەلاّم وادیارە کەسێکی لەسیاسەت دا ئەوبەر ئەم بەری کرد، پاکی و ئامانەتی قەلّەمیشی نامێنێ، کاتێکی لەدادگای نیزامی ریژیمی پەهلەوی دا مەحاکەمە دەکرام سەرهەنگی ئەرتەشی شاهەنشاهی بەناوی سەرهەنگ هادەوی کەسەرۆکی دادگا بوو پێی دەگوتم: تۆ بێگانە پەرستی هەر بەتاوانی بێگانە پەرستی بەسێ سالّ مەحکوم کرام، ئێستا تۆش کەسکرتێری گشتی کۆمەلّەی پێم دەلّێی: بێگانە پەرست، جا پێم نالّێی لەگەلّ سەرهەنگی ئەرتەشی ئێران من چۆن فەرقتان بکەم؟ کاك کەمال تۆ بەکۆمۆنیستەکان دەلّێی

بێگانە پەرست، بەڵام تاقیکردنەوە نیشانی داوە کۆمۆنیستەکان لەگشت وڵاتانی جیهان لەهەموو کەس نیشتمانپەروەرترن، تۆ لات وایە کۆمۆنیستەکانی کورد لەکانادا رێژیمی سۆسیالیستی دادەمەزرێنن؟ نا... دەیانەوێ هەر لەکوردستان دای بمەزرێنن، تۆ دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتی و وڵاتانی سۆسیالیستی بەبێگانە پەرستی دادەنێی، بەڵام من شانازی پێوە دەکەم..

نامەیەکی دوور و درێژ بوو پێویست ناکا هەمووی بنووسمەوە، ئیتر لەکۆمەڵەی خوێندکارانی کورد دا بەشدار نەبووم، چونکە هەر ئەو دەم تا ئێستا ئەم یاداشتانە دەنووسم لام وابوو، لام وایە کەئەوانەی بەناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا کۆبوونەوە وەناوی کۆمەڵەیان داناوە هەریەکە سەر بەحیزبێکی کوردستانی عێراقن و نەیانتوانیوە کوردستانی بن، هەر دەستەی سیاسەتی حیزبەکانی سەربەخۆیانیان بەڕێوەبردووە، نەیانتوانیوە خوێندکارەکانی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان لەکۆمەڵێکی خوێندکاری دا کۆبکەنەوە کەدیموکرات و پێشکەوتنخواز و کوردستانی بێ ئامانجی لەئەورووپا خزمەت بەمەسەلەی کورد بێ بەگشتی نەك بۆ حیزبێك بەتایبەتی.

لەزانستگای حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلواکی دەرسەکانم درێژە پێدەدا لەسایەی تێکۆشانی شێل گێر و خوێندنەوەی بەردەوامم توانیم ئیمتحانەکان بەبێ دواکەوتن لەکاتی خۆیدا بدەم، سالّی دوایش وەپاش نەکەوتم، لەکاتێکدا خوێندکاری دیکەی بێگانەش لەو زانستگایە دەیانخوێند، سالّێك وەدواکەوتن لەسالّی ئاخردا لەسەر (هێندێ بەشی ئیسلاحاتی زەوی و زار لەئێراندا دیپلۆمەم نووسی و بەنمرەی بەرز قبولّ کرام) رۆژی ٢٩ی جۆزەردانی ١٩٦٤ دیپلۆمی لیسانسم وەرگرت، لەبەرئەوە کەلەدەرس و ئیمتحانەکانم دا سەرکەوتوو بووم، بەڕێوەبەری زانستگا پێشنیاریان کرد کەدرێژە بەخوێندن بدەم و دوکتۆرا وەربگرم، بڕیارم دا کەبەبێ پسانەوە خەریکی دەورەی دوکتۆرا بم.

بەڵام لەم بەینەدا هێندێ رووداوی دی هاتنە پێش کەپەکی درێژە پێدانی خوێندنیان خستم، کاك عەلی گەلاوێژ کەلەرادیۆ پەیکی ئێران کاری دەکرد ئەندامی بەڕێوەبەری فیرقەی دیموکراتی ئازربایجان بوو لەباکۆ.

پێش یەك گرتنەوە، نێوانی فیرقەی حکومەت و حیزبی تودە زۆر خۆش نەبوو، کاك عەلی گەلاوێژ لەکۆنفرانسی فیرقەدا دژی رێبەرانی حیزبی تودە قسەی کردبوو، ئەوانیش لێیان وەدڵ گرتبوو، پاش یەکگرتنەوەی فیرقە و حیزبی تودە ئیرەجی ئەسکەندەری ببوە بەرپرسی تەبلیغاتی حیزبی، هەوەڵ کاری ئەوەبوو کەکاك عەلی گەلاوێژ لەرادیۆ دەربکا و بینێرێتەوە باکۆ رفیق ئیرەج دەیگوت لەبەرخاتری مەلا مستەفا ئەوەم کردووە، چونکە مەلا مستەفا قینی لەعەلی گەلاوێژە و لەبەر دەنگی ئەو گوێ ناداتە رادیۆکەی ئێمە !

ئیرەجی ئەسکەندەری رۆژێك هاتە پراگ و گوتی: پێشنیار دەکەم بچی لەرادیۆ پەیکی ئێران کار بکەی، ئەوە بەقازانجی جوولانەوەی کوردە.

– بەشەرتێك دەچم کەلەبارەی بڵاوکردنەوەی دەنگ و باسی کوردستان و وەزعی کورد و یادی رۆژە مێژووییەکان و یادی شەهیدانی کوردستان دەسەڵات و سەربەخۆیی تەواوم هەبێ، دیارە وتارە ئەساسی و گشتیەکانی فارسی لەسەر وەزعی سیاسی ئێران و جیهان و دژی رێژیمی شا و بەشی ئێدەئولۆژی بەکوردی بڵاو دەکەینەوە.

– بەڵێ بەڵێ... هەر دەبێ وابێ ئێمە قەت پێشی بڵاوکردنەوەی دەنگ و باس و مەسەلەی کوردستانمان نەگرتووە ئەوان خۆیان خۆ بەکوردەوە ماندوو ناکەن، گەلاوێژ هیچ ئاگای لەکوردستان نییە ئیختیاری تەواوت دەبێ رەفیق قزڵجی نەخۆشە و بەتەنیایە هەر لەبەرخاتری ئەو ئەم کارە قبوڵ بکەی.

– ئێستا ناتوانم بڕیار بدەم، پاشان وڵامتان دەدەمەوە.

لەو بارەوە لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ تەگبیرم کرد، گوتی لام وایە ئەگەر بچی کارێکی باشە، گەلاوێژ و کاك حەسەن هیچ باسی کورد ناکەن ئەگەر تۆ بچی لانی کەم

دەتوانی لەسەر وەزعی کوردستان زۆر شت بنووسی لەسەر رۆژە مێژوویيەکانی کورد وتار بڵاو بکەیەوە.

هەرچەندە لەپراگ وەزعی ژیانمان تەواو رێك و پێك ببوو لەگەڵ ژیانی پراگ رێك کەوتبووین، کەمالی کوڕم سالّی هەوەڵ دەچووە قوتابخانە لەزمانی چیکی سەر راست ببوین سەبارەت بەوە کەبتوانم لەدوورەوەش بێ، خزمەتێك بەئەدەب و زمانی گەلەکەم بکەم، هێندێ لەمێژووی خەباتی نەتەوەکەم وەبیر خەڵك بێنمەوە، لەباری سیاسەتی جیهانی و باری رێبازی خەبات میللەتەکەم شارەزا بکەم، بڕیارم دا کەنامە بۆ حیزبی تودە بنووسم و ئامادەیی خۆم بۆ کار لەرادیۆ پێکی ئێران رابگەیەنم.

لەپێش ئەوەدا بێمە سەر باسی سەفەر بۆ رادیۆی پێکی ئێران و بەو سەفەرەش بەرگی دووهەمی بیرەوەریەکانم کۆتایی پێ بێنم بەپێویستی دەزانم هێندێك رووداو و قسە و باسی ئەو چەند سالّەی لەپراگ بووم بیانگێڕمەوە.

هێندی رووداو و قسە و باسی پراگ

سالّی ١٩٦١ لەکوردستانی عێراق لەنێوان گەلی کورد و حکومەتی عێراق شەڕ دەست پێکرا، هەوەڵین ئەنجامی ئەو شەڕە کودەتای فەوریيەی بەعسیەکان بوو کەحەمامی خوێنیان لەعێراق بەرپا کرد.

کەمالی کوڕم منداڵێکی چوار سالّە بوو، منداڵێکی ژیر و وریا و قسەخۆش لەژوورەکەی ئێمە وێنەیەکی پێشەوا و یەکی لینین هەڵواسرا بوون، کەمال هەموو رۆژێ دەیپرسی ئەوە کێیە؟ دەمانگوت هاوڕێ لینینە، هەر لەو سالّەدا هاوڕێ جەمال حەیدەری شەهید هاتە پراگ کەبۆ بەغدا دەگەڕاوە، هەر ئەو سەفەرە بوو کەچۆوە عێراق و بەدەستی فاشیستەکان شەهید کرا، هاوڕێ جەمال ئەو شانازییەی دا بەئێمە رۆژێك هاتە مانّ و پێکەوە نانمان خوارد کەوەژوور کەوت هێشتا هەر بەپێوە قسەمان دەکرد، کەمال هاتە ژوورێ و پرسی بابە ئەوە کێیە؟

– هاوڕێیەکی خۆمە.

تەماشای کرد و گوتی: بەزمانی چیکی (تۆنێنی ژاد نی سودروە، تادی یێ سودروە لینین)، واتا: ئەوە هاوڕێ نییە ئەوەتا هاوڕێ لینین.

شەهید جەمال لەئامێزی گرت و ماچی کرد و گوتی: باوکم راست دەکەی هەر ئەو هاوڕێیە، هاوڕێ جەمال سەفەری کرد و بەداخەوە نەمدیتەوە.

منیش کوردم

شەڕ لەکوردستان گەرم ببوو هێزەکانی کورد سەرکەوتنیان وەدەست دەهێنا، رۆژنامەکانی ئێران کەتازە خەریك بوون دەست بخەنە نێو شۆڕشی کورد، دەنگوباسی شەڕیان بڵاودەکردەوە، هەواڵدەری وەرزشی رۆژنامەی کەیهان، کابرایەکی فارسی تارانی هاتبوە پراگ، هاتووچۆی ماڵی خزمێکی دەکرد کەئەفسەرێکی ئەندامی حیزبی تودە و دراوسێ ئێمە بوو.

رۆژێکیان دانیشتبووین کابرای فارس گوتی: ئاغای حسامی منیش کوردم، باوەڕ ناکەی؟ بەراستی کوردم.

– تۆ فارسی و خەڵکی تارانی کەی بوویە کورد؟

– نا، با پێت بڵێم، پورم ژنی گۆرانەکانی کرمانشانە!

گوتم قەی ناکا، ئەگەر جولانەوەی کورد بڕێکی تر سەردەکەوێ، زۆر کەسی وەك تۆ دەبنە کورد.

ئەوکاتەی لەزانستگا بووم هەمیشە فیکری وڵات و وەزعی کوردستان ئازاری دەدام، گوێم دەدا رادیۆ پەیکی ئێران کەلەلایەن حیزبی تودەوە بڵاودەکرایەوە، کاك حەسەنی قزڵجی و کاك عەلی گەلاوێژ لەبەشی کوردی رادیۆکە کاریان دەکرد، هیچ شتێکیان لەسەر کورد و مەسەلەی کورد بڵاو نەدەکردەوە، یەك دوو جار نامەم بۆ کاك حەسەنی قزڵجی نووسی و داوام لێ کرد کەلەسەر وەزعی کوردستان، بێ بەشی خەڵك زوڵم و زۆرداری ژاندارمە و سیاسەتی دەوڵەت بەرامبەر بەگەلی کورد وتار بڵاوبکاتەوە، کاك حەسەن لەوڵام دا بۆی نووسیبووم: ئێمە دەبێ وتارە فارسیەکان بکەین بەکوردی و بڵاویان بکەینەوە حەقی هیچی دیکەمان نییە.

ناچار نامەیەکم بۆ بۆرۆی سیاسی حیزبی تودە نووسی، لەبڵاونەکردنەوەی دەنگ و باسی کوردستان و وتار لەبارەی وەزعی کورد و یادی رۆژە مێژوویییەکانی گەلی کورد، رەخنەم گرت، لەتاریخی ۱۹٦۱/۸/۲ ئیرەجی ئەسکەندەری بەرپرسی تەبلیغاتی حیزبی تودە بەژمارەی ۳۹۲ نامەیەکی بۆ نووسیم کەوا دەقی نامەکە بەفارسی بڵاودەکەمەوە.

رفیق عزیز حسامی، اگر چه جواب نامه، مورخ ۱۹٦۱/٦/۱٦ شما بتاخیر افتاد ولی مضمون نامه، شما در موقع خود مورد مطالعه وبررسی لازم قرار گرفته است، تذکر شما مبنی براینکه گفتارهای رادیوی ما بەزبان ازربایجانی وکردی باید مطالب اختصاصی به ازربایجان وکردستان داشته باشد تذکر کاملا صحیحی است، ولی اگر تاکنون نتوانستەایم این نکته رادر تبلیغات رادیوی خود مراعات کنیم بعلت انست که اخبار خاص ازربایجان وکردستان باندازه کفی در دسترس ما نیست، هر وقت که این نقص مرتفع تقاضا داریم که هر وقت اخبار واطلاعات خاص مناطق مذکور بدست اوردید یا عین انهارا برای ما بفرستید ویا مقالات در زمینه انها برای گفتارهای رادیو تهیه وارسال دارید، موفقیت شما را خواهانیم.

ایرج اسکندری

لەپراگ کاك نوری شاوێسی رەحمەتی وەک نوێنەری شۆڕش هاتبوە ئەوروپا رێگای کەوتبوە پراگ، لەگەڵ کاك نوری هەمیشە نێوانم خۆش بوو بەحەق جێگای رێز و ئیحترام بوو، رۆژێك هاتە مااڵێ و گەلێك قسە و باسمان کرد کاتێك دەڕۆیشت گوتی:

– لەوانەیە بەیانی سەفەر بکەم، کارێك، قسەیەك، خزمەتێك، ئامادەم ئەنجامی بدەم.

– گەلێك سوپاس، تەنیا تکایەکم هەیە لەگەڕانەوەدا لەجیاتی من سوپاسی پارتی بکە کەلەعێراق دەریان کردم، چونکە ئەگەر ئەوەیان نەکردبایە، بێگومان منداڵەکانم لەبرسان دەمردن.

کاك نوری گوتی: ئێمە لەگەڵ ئێوە خراپەمان کرد، پێم خۆشە لەبیر خۆتی بەرییەوە.

نامە گۆڕینەوە لەگەڵ برادەران

لەو ماوەیەدا کەلەپراگ بووم، لەگەڵ دکتۆر رەحیمی قازی لەباکۆ پێوەندیمان دامەزراند، گەلێك جار نامەمان بۆ یەکتر دەنووسی، لەدوورەوە سەبارەت بەوەزعی کوردستان و بێ بەشی گەلی کورد دەردی دڵمان دەکرد جارجارە لەڕێبەرایەتی حیزبی تودە و بڕێك هەورازتریش رەخنەمان دەگرت و بۆڵەبۆڵیشمان دەکرد، نامەکانی دکتۆر رەحیمی قازی یەکجار زۆرن و لەرادەبەدەر لەباری زمان و نێوەڕۆك و دەستخەتەوە شیرین و جوان و پڕ مانان.

بەڵام لەبەرئەوە لەنامەکان دا مەسەلەی شەخسی و دۆستایەتی و قسەی خۆمانە و سیاسی تێکەڵ کراون، لەبڵاوکردنەوەیان خۆ دەبوێرم، هەروەها نامەکانی کاك عەلی گەلاوێژیش کەزۆر جوان و برایانەن بڵاو ناکەمەوە هەر ئەوەندەی لێ زیاد دەکەم کەنووسراوەکانی کاك رەحیمی قازی و کاك عەلی گەلاوێژ لەم دوور وڵاتیەدا تا رادەیەکی زۆر تاسەیان دەشکاندم.

لەسەر مەسەلەی کورد و کەم و کوڕی لەسیاسەتی ڕێبەرانی حیزبی تودەدا هەمیشە لەگەڵ بۆڕۆی سیاسی حیزبی تودە لەنامە نووسین دا بووم، خودا هەڵناگرێ ئەوانیش هەموو جارێ وڵامیان دەدامەوە و رەخنەکانیان دەسەلماند بەڵام سیاسەتەکە قاڵبی گرتبوو نەدەگۆڕا.

لەژێر تەئسیری راپەڕینی گەلی کورد لەعێراق دا، برادەرانی حیزبی تودەش هاتنە سەر ئەو باوەڕە کەجموجۆڵێك بکەن و ڕۆژنامەیەکی کوردی بڵاو بکەنەوە، بۆ ئەو کارە دەبوایە لەدکتۆر قاسملۆ و من کەڵك وەرگرن، چەند جار ئەو باسە هاتە گۆڕێ، ئێمە لامان وابوو ڕۆژنامەکە بەناوی کوردستان دەربچێ، ئەوان دەیانگوت (مەردوم بەکوردی بێ)، ئێمە دەمانگوت: بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی حیزبی

دیموکراتی کوردستان بێ، ئەوان دەیانگوت: ئێستا وەزعی حیزبی دیموکرات ڕوون نییە، لەعێراق ئەحمەد تۆفیق بەناوی حیزب دەدوێ.

ئاخرەکەی هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەدکتۆر ڕەحیمی قازی و کاک عەلی گەلاوێژ و دکتۆر سوڵتانی وەتەمیشی بانگ بکرێن و کۆبوونەوەیەکمان هەبێ و ڕێگایەکی ڕاست بدۆزینەوە.

لەبەهاری ساڵی ١٩٦٣ برادەرانی حیزبی تودە کۆبونەوەیان لەپراگ ساز کرد، بەڵام تەنیا کاک عەلی گەلاوێژیان هێنابوو، پاش دوو ڕۆژ باس و لێکۆڵینەوە هاتینە سەر ئەو بڕیارە کەڕۆژنامەکە بەناوی کوردستان لەلایەن (دەستەی نووسەرانەوە) بڵاوبکرێتەوە، بڕیاردرا کەدکتۆر قاسملۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بێ، پاش ئەو بڕیارە کاک عەلی گەلاوێژ کەبەهیوای سەرنووسەری هاتبوو، گوتی: من بەشداری ناکەم، باسێکی زۆرمان بوو ملی نەدا، پاشان چوینە ماڵی ئێمە باسەکەمان داگیرساندەوە، ئاخرەکەی کاک عەلی مان ڕازی کرد کەبەشداری بکا، بەڵام هەر قسە بوو، کاک عەلی گەڕاوە ئێستاش هیچ بەشداریەکی لەدەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان دا نەکرد.

ساڵی ١٩٦٣ کاک محەمەدی موهتەدی بۆ خوێندن هاتبوە فەرانسە، لەوێوە لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ پێوەندی گرتبوو، ڕۆژێک دکتۆر قاسملۆ پرسی کەسێک بەناوی محەمەدی (موعتەدی) دەناسی کەتازە لەئێرانەوە هاتۆتە پاریس.

گوتم: ئەگەر (موعتەدی) بێ ناینناسم، بەڵام ڕەنگە موهتەدی بێ و لەوانەیە کوڕی حاجی ڕەحمان ئاغای ئیلخانی زادە بێ.

لام وایە پایزی ١٩٦٣ بوو کاک محەمەدی موهتەدی هاتە پراگ، تازە لەئێرانەوە هاتبوو، بەقەولی کاک حەمەدەمینی سراجی (هەڵمی لێ هەڵدەستا) شۆڕشگێڕێکی تۆخ هەر ئاوری دێنا.

کاک محەمەد چەند ڕۆژێک لەپراگ مایەوە و پاشان گەڕایەوە بۆ پاریس، دیتنی کاک محەمەد و پاشانیش نامە گۆڕینەوەمان بەڕاستی شادی دەکردم، لەگەڕانەوەدا

هێندێك كتێبم دایە لەگەڵ خۆی بردن، لەپاریسەوە نامەیەكی بۆ نووسیبووم، سەبارەت بەقسەی خۆش و شیرینی نامەكە ئەوا دەقی لێرەدا بڵاو دەكەمەوە.

كاك محەمەد داوای لەدكتۆر قاسملۆ كردبوو كەبۆی جێ بەجێ بكا بێ لەپراگ بخوێنێ، لەرادەبەدەر لەزەوق و بەرقی سەرمایەداری بێ زار ببو.

دەیگوت، شاری پاریس زەلكاوی دنیای سەرمایەداریە.

دەقی نامەی كاك محەمەدی موهتەدی

برای گەورە و بەڕێزم كاك كەریم، هیواداری سلامەتی و سەركەوتنتانم، لەمیواندارى و مهرەبانیتان زۆر مەمنونم خودا بتان پارێزێ بۆ یارمەتیدانی هەموو برادەرێكی كورد، هەرچەند ماوەیەكی كەم لەخزمەتتان دابووم، بەڵام ئیرادەتم زۆر پەیدا كرد، هەروەها سوپاسێكی زۆر بۆ ئەو كتێبانەی دایتینی چونكە بەراستی كۆمەكێكی گرینگ بوو، كتێبەكان جێی زۆر سرنج و بەهرەن، بەڵام هەر بەو جۆرەی بۆ خۆتان فەرموتان پیاوی دەوێ تێ بگا و كەڵكی لێ وەرگرێ، بەبێ جێ نازانم ئەو نەقلەتان بۆ بگێڕمەوە:

رەسوڵ ئاغای وەرمەزیار هەبوو، رەنگ بێ بیناسن، بەرەحمەت بێ كابرایەك بوو قسەخۆش و مەجلیس خۆش، نەقڵ و نەزیلە و مەتەڵۆكەی زۆر دەزانین و سەودایەكی میرزایانەی باشی هەبوو، لەو ئاخری عومری دا كەچاوی نوری نەمابوو، بۆ خوێندنەوەی شانامە و شتی وا تووشی هەڵە دەهات، عەینەكێكی بەهەزارداو و ناو وەدەست كەوتبوو، جا دیارە لەو حاڵەدا عەینەكەكەی چەندە بەلاوە بەڕێز و خۆشەویست بوە، رۆژێك ئاغایەك لام وایە برایم ئاغای ئەمبار دەبێ، بەمیوانی دێو لەگەڵ ئەوەش هیچ سەوادی نابێ بەتۆپزی عەینەكەكە لەرەسوڵ ئاغا دەستێنێ و لەگێرفانی دەنێ، رەسوڵ ئاغا زۆر پەشێو دەبێ، پێی دەڵێت: رەسوڵ ئاغا عەینەكێك ئەوەی ناوێ، بنێرە لەتەورێز عەینەكێكی دیكەت بۆ بێنن، رەسوڵ ئاغا دەڵێ: برا من لەبەر ئەوە ناڕەحەت نیم عەینەكەكەم چوە،

بەڵام ئەو کابرایە ئاخر هیچ سەوادی نییە، مەگەر هەر پێی بترێ! هیوادارم ئێمە وامان لێ بەسەر نەیێ و بەباشی سرنجی بدەینی و تێی بگەین.

برات محەمەدی موهتەدی ٦٤/١/٢١

لەماوەی شەڕ لەکوردستانی عێراق دا بۆ وەرگرتنی خەبەر و ئاگاداری لەوەزعی شەڕ لەگەڵ گەلێك دۆست و ناسیار پێوەندیم هەبوو، نامەم دەگۆڕییەوە ١٩٦٣/٣/١٩ ئەنوەر دلّسۆز لەمۆسکۆ را نامەیەکی بۆ ناردبوم بەشە سیاسیەکەی ئاوا دەست پێ دەکا:

... مسألەی عێراق: نازانم دێتە بیرت یان نا؟ هاوین پێم گوتن کەئەمریکا خەریکی گۆڕینی وضعی عێراقە، ئەوەی کەئێستا کوردەکان دەیکەن بۆ مصلەحەتی ئەمریکایە!!

دێتە بیرت؟

قوربان حزبی البعث لەگەڵ هەموو کۆنەپەرستەکانی عەرەبی عێراق بۆ روخاندنی عبدالکریم قاسم دەستیان خستوە دەست یەك ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە پارتی کوردستانی عێراق سالێك و نیو خەریکی شەڕی لەشکری عێراق بوو بۆ روخاندنی قاسم هەموو جۆرە کارێکی کرد، بەهەموو لایەك قاسمیان روخاند!! لەگەڵ روخاندنی قاسم شیعاری لەناوبردنی کۆمۆنیستەکانی عێراقیان هەڵگرت، هەروا فعلا بەهەموو هێزێکی خۆیان خەریکی لەناوبردنی کۆمۆنیستەکانن.

ئەم کردەوەی پارتی چ سوودی میللەتی کورد بوو؟ چەند خزمەتی ئیمپریالیستی کرد، ئێستا ئەمە مومکنە بزاندرێ!! نازانم کاکە ئەنوەری (مەبەستم دوکتۆر قاسملۆ)ە، ئێستا دەڵێ چی؟ گویا مەلا مصطفی اتفاقی لەگەڵ عبدالسلام عارف کردوە، گویا عبدالسلام عارف هەموو حەقی کوردی دان پێ ناوە!! چەند راستی لەمەدا هەیە نازانم بەڵام ئەوەی ممکنە پێش بینی لێ بکرێ ئەوەیە:

امریکا پاش ئەوەی عبدالکریمی لەناوبرد و مەیدان بۆ نۆکەرەکانی خۆی پاك بووە مەلا مصطفی ش لەناو دەبا، حکومەتی عبدالسلام ایستا هەر خەریکی

هەڵخەڵەتاندنی کوردانە بۆ (کسب وقت) انجا هەر بەهۆی حکومەتەکانی عبدالسلام و تورکیا و ایران و سوریا ملا مصطفی لەناو دەبەن.

کاك ئەنوەر دڵسۆز لەگەڵ ئەو نامەیە بەبرادەرێکی عەرەب دا دوو بوتڵی ڤۆتکا بۆ ناردبووم بەڵام برای عەرەب لەرێگا خواردبونیەوە و لەجیاتی ڤۆتکا (العفو)ی بۆ هێنابووم.

لەم بەینەدا لەگەڵ کاك حەسەنی قزڵجی یادی هەرە زیندو بێ نامەمان دەگۆڕییەوە، زۆر تامەزرۆی دەنگ و باسی وەزعی عێراق بوو، هێندێ خەبەرم بۆ نووسی بوون، لەوڵام دا ئەم نامە شیرین و جوانەی بۆ ناردبوم، بەیادی هەمیشەیی ئەو دەقی نامەکە لێرەدا بڵاو دەکەمەوە:

برای شیرینم کاك کەریم رۆژباش/ هیوادارم ساخ و سلامەت و بەکەیف بی، لەکاری دیپلۆمەکەت دا زۆر زۆر مۆفق بیت زۆر سڵاو لەبرا ژنم دەکەم و چاوی برازاکانم ماچ دەکەم، نامە شیرینەکەت گەیشت و چاومی روون و دڵمی فێنك کردەوە، ماوەیەك بوو لەمەڕ نیشتمانە چارە رەشەکەمان دەنگ و باسێکی وا گیر نەدەکەوت دڵخۆش کات و بێ دەنگ کرابوو بەئەخباری کوشتاری گەلە مەضلومەکەمان، جا سەبارەت بەمە ئەو شتانەی تۆ نووسیبوت زۆری دڵنیا کردین، وەنامەکەت لەراستی دا وەکو خۆمان دەڵێن پێ و قەدەمی خێر بوو، رۆژێك دوای گەیشتنی ئەو وتارێکی زۆر دڵسۆزانە لەرۆنامەی پراودا دا دەرچوو، سەرلەنوێ کونی دەنگ و باس و نووسینی جەراید لەمەڕ گەلەکەمان کراوە لەو گەلە کۆمەگی و عیل جاریەی کەهەموو سەگ و گورگی بەعسی و استعمار و سەنتوی شاهەنشاهی گورسیل لەمیللەتی کوردیان کردوە، غەیری ئەم وڵاتە انسان دۆستانە پشت و پەنایەکمان نیە، وەلەحەقیقەت دا ئەم خەباتەی ئێستا لەکوردستان مفخرەی مێژووی خەباتە و هێجگار زۆر جێگەی ئومێد و هیوایە کەبەئامانج بگات و بەسەگ و گورگی استعمار و ارتجاع حاڵی بکات کەکوردیش وەکو خەڵکی تر حەقی ژیانی هەیە، کاکە گیان، تۆ لەو بەرەگەیە دای، خەڵك دەبینی و دەنگ و باست دەس دەکەوێ، رەجا دەکەم لطفا

جاروبار کاغەزم بۆ بنوسە و چ دەبیسی بۆمان بنووسە با بزانین چ سەگ بەحەوشیەك بەو بەعسیە فاشیستیانە دەکەین..

ئەوەی کاك حەسەنی قزڵجی لەو نامەیەدا باسی دەکا کە... وتارێکی زۆر دڵسۆزانە لەرۆژنامەی پراڤدا دەرچووە، ئەوەبوو کەلەمانگی گەلاوێژی ١٩٦٣دا دەوڵەتەکانی ئەندامی پەیمانی سەنتۆ لەئیزمیر کۆبوونەوە و نەخشەی ئەوەیان کێشا کەتورکیا و ئێرانیش دەست بخەنە نێو کاروباری کوردستانی عێراق، بەگوێرەی ئەم نەخشەیە کەبە (عەمەلیاتی دەجلە) ناو نرابوو، دەبوایە لەشکری تورك لەلای موسڵ و لەشکری ئێرانیش لەلای سولێمانیەوە بێنە کوردستان و راپەڕینی کوردستانی عێراق سەرکوت کەن.

هەواڵدەری تاسی سۆڤێتی بەیاننامەی ڕەسمی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤێتی بڵاوکردبووە و ڕۆژنامەی پراڤداش چاپی کردبوو، وتاریشی لەسەر نووسیبوو، لەبەیاننامەکەدا گوترابوو: هەموو مرۆڤێکی شەریف و تەواوی ئەو کەسانەی ڕێز لەمەبادی کۆری نەتەوە یەکگرتوەکان دەگرن ناتوانن لەئاست سیاسەت و کردەوەی وەحشیانەی حکومەتی عێراق دژی گەلی کورد دەنگی ئیعتراز و توڕەیی خۆیان بەرز نەکەنەوە، لەبەین بردنی کورد بێ تاوانەکان و کوشتاری نیشتمانپەروەرانی عێراق تووڕەیی و بێ زاری گەلانی یەکێتی سۆڤێتی توندوتیژ کردوە، گەلانی سۆڤیەت پشتیوانی تەواوی خۆیان لەخەباتی ڕەوای گەلی کورد لەعێراق بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی ڕادەگەیەنن.

٩ی مانگی گەلاوێژی ١٩٦٣ ئاندرە گرومیکو وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەبارەی کارەساتەکانی سەرووی عێراقەوە بیرخەرەوەیەکی دا بەدەوڵەتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا، ئەو حکومەتانەی وریا کردەوە کە:

دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتی لەبەرامبەر دەست تێ وەردان لەگیروگرفتەکانی نێوخۆی عێراق دا دەست لەسەر دەست دانانێ.

هەر لەم بوارەدا و لەباس و پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کوردستانی عێراق، دکتۆر ڕەحیمی قازی لە ١٩٦٢/٨/١٠ نامەیەکی بۆ نووسیم دەڵێ:

کاکە، لەچۆنایەتی نێو نەتەوەکانی ئەمڕۆی جیهان دا مەسەلەی کورد لەهەموو مەسەلەیەك تێکەڵ و پێکەڵ تر و چەتون تر و ئاستەمتڕە، جا لەبەر ئەمە مارکسیستەکانی کورد (ئەمە قسەی تۆیە) لەچۆنایەتیەکی زۆر سەخت و نالەباردا هەڵکەوتوون، لەسەر یەك بیروڕای من ئەوەیە کەلەحەلی ئێستادا چ لەئێران و چ لەعێراق و تورکیا بزۆتنەوەی گەلی کورد نابێ لەبزوتنەوەی گەلانی تری ئەم وڵاتانە جیا بێت، هەم بەگوێرەی دروشمی و هەم بەگوێرەی سەرۆکایەتی کردنی، بۆ ئەمەش بەبێ شك سیاسەت و تاکتیکی دروستی حیزبە مارکسیستەکان شەرتێکی بنچینەییە. (بەداخەوە جارێ تا ئێستا حیزبەکەی خۆمان لەم رێگەیە زۆر دوورە و ناشیەوێ خۆی نێزیك کاتەوە).

بەڵام ئەگەر بەتایبەت عێراق لەبەرچاو بگرین پێویستە بڵێم کەلەعێراق بزوتنەوەیەکی ئاوا لەمێژ بوو چاوەڕێ ئەکرا. (ئامانجم پاش شۆڕشی چواردەی تەموزە)، ئەگەر لەرۆژی یەکەمەوە بەگوێرەی تاکتیك و دروشمێکی دروست ئەم بزوتنەوەیە دەست پێ ئەکرا بێ شك تا ئێستا سەرکەوتنێکی بەدێمەنی وەدەست ئەخست و ئەو هەموو خوێنەش نەدەڕژا، جیا لەمە لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری عێراق دا گەلی کورد و کوردستان دەورێکی زۆر گرینگ و گەورەی هەیە، بۆ ئێمە مانان گەلێك جێگەی هومێدە کەحیزبی شیوعی عێراق لەمە گەیشتووە و لەسەر مەسەلەی کورد تاکتیکی دروستی لەبەرچاو گرتووە، بەڵام بەداخەوە لەچەند بەڵگەیەکی پارتی دا ئەبینم کەلەم حەلە عاستەمەدا پەلامار براوەتە سەر حیزبی شیوعی کەچی ئەمە هیچ بەسوودی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی گەلی کورد نییە، وەدەست هێنانی خودموختاری لەعێراق گرینگیەکی زۆر گەورەی ئەبێ بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان و بۆ تەواوی نەتەوەی کورد...

کاك عەلی گەلاوێژیش هەر لەم بوار و باسەدا ١٩٦٣/٩/٨ نامەیەکی بۆ ناردبووم و نووسیبوی: (لێرەدا پێویستە بڵێم لەباری رێنوس و رێزمانیەوە دەستم لەم نامانە نەداوە و دەقەکەیان نووسراونەوە).

برای خۆشەویستم کاك کەریم گیان، لەهەستی برایەتی و دۆستایەتی تۆ زۆر زۆر مەمنون و متشکرم، برای بەڕێز ئەوانەی نووسیبوت هەمووی دروست بوو، درۆیان لەگەڵ کردین، ویستیان بەفریومان بەرن، بەڵام ئێمە فریومان نەخوراد بەقولی مشهود خودا لە سلطان محمود گەورەترە، هیوادارم خەباتی پیاوانەی ملتی کورد بالاخرە بەم بێ خبرانە حاڵی بکات کەلەگوێ گادا نوستن و چاو لەحقیقەت نوقاندن ناتوانی صدمە بەکوردان بگەیێنی، بەڵکو ماڵی ئەو کەسە وێران ئەکات کەچاوی نوقاندوە و گوێ خۆی ئاخنیوە، ئێمە کەدەڵێین گەلەکانی ئێران برای یەکن و طالعیان بەیەکەوە مربوطە لەرووی درۆزنی و ریاکاریەوە ئەم قسەیە نالێین، بەڵکو بەسەر پایەی مسلك و عقیدەیەك ئەم بیرە هاتۆتە وجود، بەڵام بعضە حرکات ورفتار و اگواریك ئەم یەکەتیە شل ئەکاتەوە و تاو و تەوژمی حرارتی یەکەتی گەلەکانی ایران سارد ئەکاتەوە کە البتە زۆر جێگای تاسف و داخە.

کاتێك لەجیاتی نوێنەرانی واقعی گەل چند کەسێکی لەگەڵ بێ خەبەر خۆیان وەپێش خەن و بەنوێنەری گەل دەست بۆ کردەوەی نادروست درێژ کەن، خۆ بەخۆ گەلەکانی تر بۆ خاطری حق و عدالت مجبور ئەبن یا لەشوێن نوێنەرانی واقعی گەل بگەڕێن و بیاندۆزنەوە، یا ئەگەر ئەو کارەیان بۆ نەکرا حسابی خۆیان بەرۆشنی ببینن و بزانن لەگەڵ چ کەسانێك سەر و کاریان هەیە، وضعی کوردستانەکە بەو جۆرەی تۆ نووسیوتە ازوقە کەمە، داو و دەرمان دەس ناکەوێ، مەزرا و حاصلات و دێهات سوتاوە و صد هزار نفر دەربەدەر بوون..

لەم ماوەیەدا من و دکتۆر قاسملۆ زۆرمان هەوڵ دەدا لەگەڵ ئەو برا کوردانەی کەلەباکۆ و لەمۆسکۆ دەژین کۆبینەوە و چاومان پێك بکەوێ و بناخەی خەباتێکی راستەقینەی پێشکەوتوخواز دۆستی وڵاتانی سۆسیالیستی حیزبی توده دابمەزرێنین، بەداخەوە ئەوەندە کۆبونەوەش کەوتبوە بەردەستی رێبەرانی حیزبی توده، ئەوانیش نەیاندەویست کۆبینەوە، بەجیا لەگەڵ یەکتر قسەیان لەگەڵ دەکردین، دوکتۆر قاسملۆ کەبەرەسمی ئەندامی حیزبی توده بوو هەوڵی

ئەوەشی دەدا کەلەئەوروپا شتێك بەناوی حیزبی دیموکرات ساز بێ، ئەو دەیویست هەم تودەیی بێ و هەم دیموکرات، دکتۆر رەحیمی قازی و کاك عەلی گەلاوێژ لەلایەك ئەندامی سەرکردایەتی فیرقەی ئازربایجان بوون، لەلایەکی دیکەش بەناوی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لاپەڕە رۆژنامەیەکیان بڵاودەکردەوە، کاتێك فیرقەی دیموکرات و حیزبی تودە یەکتریان گرتەوە، لاپەڕە کوردیەکەیان داخست، ئەوانیش بایان داوە بۆ کوردایەتی.

دوکتۆر رەحیمی قازی ١٩٦٢/١٢/١٥ نامەیەکی بەم شێوەیەی بۆ نووسیبوم:

برای بەرز و بەڕێز و خۆشەویستم کاك کەریم گیان: ئەو دوو مانگەی کەلەنەخۆشخانە بووم ماوەی ئەمەم هەبوو کەبڕێك زۆرتر و هێندێك قوڵتر لەمەڕ کاروباری خۆمان و چارەنووسی گەلەکەمان لەچاخی ئێستادا بیر بکەمەوە، جا هاتمە سەر ئەمە کەبەتێکڕایی نامەیەکی دوور و درێژ و پوختە و هەموو لایەکی بۆ ناوەندی هینەکەی خۆمان (مەبەستی حیزبی تودەیە) بنووسین، رووبەکیشی بۆ ناوەندی گەورەکەی خۆمان کەنێومان ناوە کەعبەی خۆمان بنێرین، بەکورتی ناوەرۆکی ئەم نامەیە بەم جۆرە ئەبێ: گرینگی چلۆنایەتی نیشتمانەکەمان لەرووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لەزوفی ئەمڕۆکەدا، پێویست بوونی پەرەپێدانی رێکخراوەکانی سیاسی لەوێ بەشێوەیەکی تازە، چۆنایەتی ئەمڕۆکەی وەنەبوونی هیچ جۆرە هۆیەکی تەبلیغاتی لەلایەن خۆمان و ناوچەی سۆسیالیزمەوە، پەرەسەندنی تەبلیغاتی هەموو لایەکی دوژمن بۆ هەڵەکردنی گەلەکەمان لەرێگەی خەباتی بەڕێ و جێ سیاسەتی ناوەندی هینەکەی خۆمان لەسەر مەسەلەی کورد، کەم و کورتیەکانیان، هەڵە و بەسەرچوونەکانیان، دووانی یەك یەکی ئێمە مانان لەگەڵ سەرۆکەکان لەسەر ئەم مەبەستە، (چ ئێمە لێرە و چ ئێوە لەوێ)، لەپاش پێك هاتنی یەکێتی وادە و گفت و دڵسۆزیەکانیان لەقسە بەولاوە چ نەبوە، تا ئێستا هیچیان نەکردوە پەیکی ئێران بەکوردی نەبوونی لەمە باشترە.

پێشنیارەکانی ئێمە ئەوانە دەبن: بەر لەهەموو شت کۆبوونەوەیەکی هەموو لایەکیمان بۆ پێك بێنن بەبەشداربوونی هەیئەتی سەرۆکایەتی هەلمان بدەنێ بەکوردی بنووسین و چاپی بکەین و...

جا براکەم ئەگەر بەمانە رازی، خوا لێت بێ رازی، ئیمزای خۆت بخە پاڵ ئیمزاکەی قازی، جا ئەودەم با دوژمن هەر ببێ ناڕازی، ئەگەر پێویستە شتێکی لەسەر زیاد بکرێ یا کەم بکرێ بینووسە، نووسراوەکە بەسێ زمانی کوردی و فارسی و رووسی ئەبێت، پێویستە هەموومان ئیمزای بکەین، یانی ئێمە و ئێوە و هینەکانی پەیك، ئەوان رازین جا ئێستا ماوە رازی بوونی ئێوە، دەنا هەموو شتێك حازرە، براکەم لەبەرئەوەی کەئەتۆ و کاك رەحمان لەیەك جوێ ناکەمەوە، ئیتر ناوەرۆکی ئەم نامەیە بۆ وی نانووسم، بەیەکەوە بیخوێننەوە بەزووترین کات وڵامم بۆ بنووسنەوە تا بۆتان بنێرم.

پێشنیارەکانی دکتۆر رەحیمی قازی لەلایەن ئێمەوە بێ وڵام مانەوە، ئەوەندە کوردەی کوردستانی ئێران کەلەئەوروپا بووین هەروا لێك دوور و بێ بەرنامە رامان دەبوارد هیچمان لەسیاسەتی حیزبی تودە سەبارەت بەمەسەلەی کورد رازی نەبووین، حیزبی تودەش ئامانجی ئەوەبوو لەرێگای ئێمەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان بکاتە لقی حیزبی تودەی ئێران ئەویش لەئەوروپا.

ناخۆش نییە وتەیەکی دکتۆر رادمەنیشی رەحمەتی سکرتێری حیزبی تودەی ئێران بگێڕمەوە: جارێك لەسەر مەسەلەی کورد باسێکمان هەبوو بیروڕامان لێك دوور بوو، لەوڵامی قسەکانی من دا گوتی: من پێم سەیرە کۆمۆنیستەکانی کورد وا بیر ناکەنەوە.

پرسیم کێن ئەو کۆمۆنیستە کوردانەی کەوا بیر ناکەنەوە؟ دەرکەوت مەبەستی حەمەی حاجی سەعیدە، ئەو کوردە کۆمۆنیستەیان دۆزیبووە حیسابی کوردیان لەسەر قسەی ئەو دەکرد، ئەوە لەکاتێك دا کەدکتۆر رادمەنیش بەراستی مرۆڤێکی راست و دڵسۆز و بڕوای بەمەسەلەی کورد و مافی دیاری کردنی چارەنووس هەبوو.

دیسان کاك محەمەدی موهتەدی

کاك محەمەد پاش ئەوەی لەفەرانسە زمانی خوێندبوو، نەیتوانی لەوێ دربژە بەخوێندن بدا، دەیویست بچێ لەولاتە سۆسیالیستەکان دەرس بخوێنێ، دیارە لەسەفەری یەکەمدا بۆ پراگ لەگەڵ دکتۆر قاسملۆ باسی کردبوو، لەتاریخی ١٩٦٤/١٢/٢١ نامەیەکی بۆ ناردبووم ئەوەش دەقی نووسراوەکەیەتی:

برای خۆشەویست کاك کەریم هەموو کاتێکتان خۆش، هیوادارم ساخ و بەکەیف بن، بەینێکە نامەیەکم بۆ ناردون هەرچەند جوابم وەرنەگرتەوە بەڵام چونکە دەمەوێ بۆ کارێك یارمەتیتان لێ بخوازم، چی دی راناوەستم و چاوەڕوانی ناکەم، جا ئەگەر وەختتان هەیە فەرموو گوێ راگرن با عەرزتان کەم:

ئەو وەختی هاتمە پراگ لەبابەتی چوونم بۆ یەکێتی سۆڤیەت پرسیارم کرد، کاك رەحمان ئاوای گوت: مەداریك و داخوازی پێشکەشی سەفارەت بکە ئەوان جواب دەدەنەوە و هیچ حەوجێ بەدەخالەت و یان یارمەتی نییە.

منیش چەندێك لەوەی پێش (تا ئێستا راوەستابووم بۆ ئەوەی دەوری کەلاسی زمانی فەرانسی تەواو بکەم و زەحمەتی هاتنە فەرانسەم بەخۆڕایی نەچێ) چوومە سەفارەت و وابەستەی فەرهەنگی م چاو پێ کەوت، دەگەڵی دوام و مەسەلەی خۆم بۆ شەرح کرد، کورتەی قسەکانی ئەوە بوو: ئێمە نێوانمان لەگەڵ ئێران خۆشە!! هەروەها ناوەندی زانیاریمان هەیە، ئەگەر دەتانەوێ بچن سۆوییەت وا باشە وەدەبێ لەپێشدا بچیە لای سەفارەتی ئێران وەئەوان ناوی تۆ بدەن بەئێمە!! من گوتم ئەوە قسەیەکی قۆرە و ئەمن ناتوانم بچمە لای سەفارەتی ئێران و غەڵەتی وا بکەم، کاکی خۆم زۆرت سەر نەیشێنم قسەی ئاخری کابرا ئەوەبوو (هەرچۆنێك بێ ئێمە ناتوانین دەست بدەینە ئەو کارە ئەگەر دەتوانی بۆ خۆتان نامە بۆ یەکێتی لاوانی سۆوییەت بنووسن و حاڵیان بکەن، رەنگە ئەوان یارمەتیتان بدەن)، ئادرەسی ئەو رێکخراوەی دامێ.

من لەنووسینی نامە دەستم راگرت، چوونکە پێم وانەبوو نامەکەم جوابێکی بەکەڵکی هەبێ، وام بەباش زانی ئێوە ئاگادار بکەم (وا تێ نەگەن قسەکەی ئێوەم

لەبیر کردوە کەدەتانگوت مۆسکۆ کاروانسەرا نییە) نازانم ئیمکان هەیە بۆ ئێوە لەو بابەتەوە یارمەتیم بدەن یان نا؟ ئاشنایەك، رۆشنایەك، ناسیارێك نییە بتوانێ یاریدەمان بدا، خۆ ئەلعان ئێوە بۆخۆتان لەنێو جەرگەی ئیشەکان دان! تکا دەکەم لەو بابەتە ئاگادارم کەن.

دیارە ئەگەر ئیمکان هەبێ هەتا زووتر ئیشەکە جێ بەجێ بێ باشترە.

چونکە وا ئێستا ئیشم لەپاریس تەواو بووە، چاوەڕوانی ساز بوونی سەفەرەکەم دەکەم، ئەگەر بەم بۆنەیەوە زەحمەتتان دەدەم تکایە ببورن، من خۆم هیچم نییە خودا جەزاتان بداتەوە.

خەبەرێکی تازەم لەوڵاتی نییە، ئەوانێ هەڵاتبوونە عێراقی تاق تاق و جوت جوت خەریکن دەگەڕێنەوە، نێوان ناخۆشی ئەوانە لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و پشت گرتنی ئەحمەد تۆفیق لەلایەك مەلا مستەفاوە دەلیلێکە لەسەر گەڕانەوەیان.

لەپاریس ئەو بەیانەی دکتۆر نورەدین زازا کەناردبووی بۆ کۆمەڵەی دەوڵەتانی بێ لایەن بڵاوکراوە، نازانم دیوتانە یان نا، دوو ریزی بەتەنێ باسی ئێران دەکا لەشەش لاپەڕ، بەڵام دکتۆر بەدرخان بەوەش ناڕازی بوو دەیگوت مانای چییە باسی ئێران بەخەراپ دەکەن! چاوەڕوانی وڵامتانم

برات محەمەد

کاتێك کەئەو نامەیەم پێ گەیشت ئیتر لەپراگ نەمابووم و چووبوومە سۆفیا، بەڵام ئەوەی پێم کرا یارمەتیم دا کەکاك محەمەد بێ لەپراگ بخوێنێ.

دکتۆر قاسملۆ نامەیەکی بۆ نووسیم و گوتبووی: ئێستا کەخەریك دەبین رۆژنامە دەربکەین، باشترین رێگا ئەوەیە بەبرادەرانی تودە بڵێن کاك محەمەدی موهتەدی بێننە پراگ بخوێنێ، هەم دەرسەکەی دەخوێنێ و هەم لەکاری رۆژنامەکەش یارمەتی من دەدا، وادیارە کوردیش باش دەزانێ، من بۆ بۆرۆی سیاسی دەنووسم، ئەگەر لەتۆیان پرسی تۆش بڵێ با کاك محەمەدی بێننە پراگ.

بەدوای ئەودا رفیق کام بەخش نامەیەکی بۆ نووسیبووم دەڵێ: رفیق قاسملۆ برادەرێکی کوردی بەناوی محەمەدی موهتەدی ناساندوە و داوا دەکا بیهێنین

لەپراگ دەرس بخوێنێ، ئەگەر تۆ دەیناسی و پێشنیاری رفیق قاسملۆ تەئیید دەکەی، ئێمە بۆ هێنانی ئەو هەنگاو داوێین.

لەولاّم دا نووسیمەوە: کاك محەمەد دەناسم لاوێکی رووناك بیر و کوردی زانە و زۆرم پێ باشە بێ لەپراگ بخوێنێ.

پاشان کاك محەمەد لەسەر حیسابی حیزبی تودەی ئێران بورسی بۆ وەرگیرا و هاتە پراگ و دەستی کرد بەخوێندن و لەکاروباری رۆژنامەی کوردستان دا لەنووسین و لەراپەڕاندن هاوکاری دەکرد، هەرچەند دکتۆر قاسملۆ وەدواکەوتنی چاپ و بلاّوکردنەوەی رۆژنامەی بەسەر ئەو دادێنا و دەیگوت تەنبەلّە.

عوبێدیلای بارزانی

هاوینی سالّی ١٩٦٣ رۆژێك لەپڕ دکتۆر جەمیل شەرەف تەلیفۆنی بۆ کردم گوتی: مەلا مستەفا هاتۆتە پراگ ئەوە لەهوتێل ئەندریایە.

واقم وڕما، گوتم شتی وا نییە... درۆیە کێ وای گوتوە؟

– درۆ نییە، ئەوەی تەلیفۆنی بۆ کردووم خۆی دیتویەتی، ئێستا ئەوە لەهوتێلە.

– باشە... ئەوە دەچم بۆ هوتێل، تەلیفۆنت بۆ دەکەمەوە، مالّی ئێمە لەهوتێل نزیك بوو کەچووم تەماشام کرد عوبەیدی کوڕی مەلا مستەفا لەگەلّ کچێکی قژ زەردی چاوشینی جوان لەپێش باری ئارەق فرۆشی دانیشتووە و بادەی لەبەردەمە، کەچاوی بەمن کەوت ناسیمی، بەخێرهاتنم کرد، گوتی کاکە ئەگەر کارت بەمنە دوای نیوەڕۆ وەرەوە.

– هیچ کارم بەتۆ نییە، بەمنیان گوتبوو مەلا مستەفا لێرەیە، نەمزانی تۆی خەریکی خواردنەوەی، ئیتر رانەوەستام و وەدەرکەوتم.

چەند رۆژ پێ چوو دکتۆر جەمیل شەرەف هات، گوتی: پیس قەوماوە، عوبەیدی مەلا مستەفا لێرەیە، لەباوکی زویر بووە، چۆتە مۆسکۆ، لەوێ گیر نەبووە هاتۆتە ئێرە، تووشی قاحپەیەکی چیك بووە، هەرچەندی بلّێی جوان و لەبارە، کچەتیو بردویەتە هوتێلێکی دەرەوەی پراگ، پازدە رۆژ لەوێ رای گرتوە چوار هەزار

دۆلاری پێ بوە پێی خەرج کردووە، کەلەوێ پولّی نەماوە هێناویەتەوە پراگ، لەهوتێلێکی دیکە ژووری بۆ گرتووە، یەك ساعات بەجێی ناهێلّێ.

منیان دیتەوە رادۆیەکم هەبوو لێی وەرگرتووم داویە بەکچەکە، هەزار و دوو سەد کرۆنیشی پارە لێ وەرگرتووم، هیچی نییە، چووم بەدکتۆر قاسملۆم گوتوە چۆتە لای، قەولی پێ داوە کەبچێ بەچیکەکان بلّێ، کوڕی بارزانییە میوانی بکەن و رای بگرن هەتا دەڕوا، بەلّام ئەوە چەند رۆژە خۆی لێ شاردۆتەوە هیچ خەبەری نییە.

دکتۆر قاسملۆ چووبوو بەئێرەجی ئەسکەندەری گوتبوو کەکوڕی مەلا مستەفا لێرەیە، وا باشە ئێوە داوا لەبرادەرانی چیك بکەن کەمیوانداری بکەن و رای بگرن، ئەو کارە پێوەندی حیزبی تودە لەگەلّ مەلا مستەفا باش دەکا، دیارە ئێرەج بەچاوانی پێ گوتبوو بەلّام خستبویە پشت گوێ.

قاسملۆش کەهیچی بۆ نەکرابوو خۆی لەعوبێد بواردبوو.

بەجەمیلم گوت: من کارم پێ نییە چوومە لای بەخێرهاتنی بکەم لەبەر ئارەق خواردنەوە ئاگای لەهیچ نەبوو کەیفی خۆیەتی.

جەمیل رۆیی، پاش سێ رۆژ تەلیفۆن زەنگی لێدا، کەهەلّم گرت عوبێدی بارزانی بوو:

– کاك سالّح رۆژباش.

– کێیە قسە دەکا.

– عوبەیدم، ئەبێ ببوری ئەوە دەمەوێ دێمە مالّتان.

– فەرموو مالّی خۆتە.

زۆری پێ نەچوو عوبەید لەگەلّ دکتۆر جەمیل شەرەف هاتنە مالّێ، بەخێرهاتنم کردن و عوبێد گوتی:

– کاك سالّح بەر لەهەموو شت برسیمە.. بڕوا بکە دوو رۆژە نانم نەخواردووە پارەم نەبووە.

خێزانم کەگوێی لەم قسانە بوو گوتی: ئەی ڕۆ... جا چۆن وادەبێ... ئەدی بۆ نەدەهاتی ئێرە، بەهەڵکەوت نان و چێشتێکی باشمان هەبوو نانمان خوارد و عوبەید گوتی:

– کاك سالح پیسم لێ قەوماوە، ئەوە بیست ڕۆژە پترە لێرە چاوەڕوانی تیلگرافێك بووم لەسویسراوە، پێویستە بچمە سویس، برادەرێك چاوەڕوانم دەکات، بەڵام چۆن بچم؟ پازدە ڕۆژ لەدەرەوەی پراك لەهوتێلێك بووم جانتا و لیباس و هەموو شتێکم لەو هوتێلە بەجێ ماوە، ناتوانم بچم بیانهێنمەوە پارەی هوتێلم نییە پارەیەکی زۆریشە، هاتومەوە پراگ ئەوە چەند شەوە لەهوتێلێك دەخەوم لەوێش هیچ پارەم نەداوە، توشی قاحپەیەك بوم قەت نیو سەعات لێم خافڵ نییە، ئێستا بەدزی هاتومە ئێرە، کاك ئەنوەریش (مەبەستی دکتۆر قاسملۆیە) خۆی لێ شاردومەوە، بیتاقەی تەیارەم هەیە بەڵام ناتوانم بڕۆم.

گوتم دەتەوێ بڕۆی بۆ سویس را؟

– چۆن نامەوێ، ئەوە دووجار برقیەیان بۆ لێداوم و چاوەڕوانیم دەکەن، بەڵام چۆن بڕۆم؟

گوتم جارێ ئەو کراسەت داکەنە با بۆت بشۆن کراسێك و لیباسم بۆ هێنا دەبەری کا، پاشان گوتم تۆ لێرە بنوو، من لەگەڵ جەمیل دەچم جانتا و شتەکانت بۆ دێنمەوە، مەیانبە بۆ هوتێل، جێگات بۆ ڕیزیرو دەکەم، دەچین سواری فڕۆکەت دەکەم و بڕۆ.

عوبێد گوتی ئەگەر ئەوە بکەی هەتا مردن لەبیرم ناچێ.

دکتۆر جەمیل شەرەف ماشێنێکی هەبوو سوار بووین چووین بۆ هوتێلەکە لەدەرەوەی شاری پراگ، بەخاوەن هوتێلم گوت بۆ جانتا و شتوومەکی عوبێد هاتووم، (دیارە عوبێد بەناوێکی ئەرمەنی وەك کرێکارێکی کارخانەی باتا پاسپۆرتی وەرگرتبوو) کابرای خاوەن هوتێل گوتی ئەوە حیسابی نەداوە و ڕۆیشتووە.

من کارتی مەدرەسەی حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلواکیم پێ بوو کەلەوێ دەمخوێند، گوتم لەهوتێلی حیزب میوانە، ریزی حیسابەکە بدە بەمن بۆت دەنێرین، کابرا دەستی کرد بەحساب، حیسابێکی چوار هەزار کرۆنی دا دەستم، کاغەزم لێ وەرگرت و جانتا و شتوومەکی عوبێدمان هەڵگرت و گەڕاینەوە، کەهاتینەوە پراگ عوبێد لەمالّی ئێمە لێی نوستبوو، هەستا و کەچاوی بەجانتاکانی کەوت گەشکە بوو.

گوتم ئێستا کەی دەتەوێ سەفەر بکەی؟

– هەرکاتێ تەیارە هەبێ دەڕۆم.

تەلیفۆنم کرد بۆ دەفتەری فڕۆکەوانی چیکۆسلواکیا، گوتم بۆ بەیانی جێگایەك بۆ زیوریخ رابگرن پاش سەعاتێك بلیتی دێنم، عوبێد لەخۆشیان حەپەسا بوو، گوتی: باشە ئەم هوتێلەی ئێرە چ لێ بکەم چوار شەوە ژوورێکی دوو نەفەریمان گرتووە، پارەشمان نەداوە.

گوتم بەیانی سەعات دە تەیارە دەڕوا، زوو هەستە کچەکە بنێرە دەروو خۆت لەهوتێل بە، من سەعاتی نۆ دێم بانگت دەکەم، سێ سەد کرۆنم دا بەعوبێد گوتم: ئەمشۆ قاحپەکەت سەرخۆش کە و باسی سەفەریش مەکە، جەمیل شەرەف گوتی: رادیۆکەی من تێدا دەچێ، قەی ناکا.

بلیتم لەعوبێد وەرگرت و چووم جێگام بۆ سەعاتی دەی بەیانی رێزیرو کرد بەگوێرەی قەراری دامان نابوو عوبێد بەیانی کچەتیو هەڵدەستێنێ دەڵێ:

تۆ بچۆ سەرێکی مالّێ بدەوە منیش لەهوتێل چاوەڕوان دەبم.

لەگەڵ دکتۆر جەمیل شەرەف سەعاتی نۆ چوینە هوتێل جانتا و شتوومەکی عوبێد لەمالّی ئێمە خستبوومانە ماشین و ئامادەی رۆیشتن بووین، چوومە ژوور عوبێد چاوەڕوان بوو، بەکابرای هوتێلم گوت ئەگەر کچەکە هاتەوە بڵێ لێرە چاوەڕوان بێ، ئێمە سەعات دوازدە دەگەڕێینەوە، وەدەرکەوتین تەلیفۆنمان کرد بۆ دکتۆر قاسملۆ کەئەوە عوبێد دەڕوا، دەچین بۆ مەتارِ، ئێمە گەیشتینە فڕۆکەخانە، دوکتۆر قاسملۆش هات، لەوێ نەیان دەهێشت ئێمە بچینە ژووریّ و عوبێد بەڕێ

بکەین، ئەویش لەترسان پێی چەقاندبوو، دەیگوت لەگەڵم نەیە ژووڕێ ناڕۆم، ناچار ئەوجاریش کارتی مەدرەسەم بەکابرای پۆلیس نیشان دا و گوتم میوانی ئێمەیە بەڕێی دەکەین.

پۆلیس ڕێگای دا من لەگەڵ عوبێد چوومە ژووڕێ، دکتۆر قاسملۆ و جەمیلیش لەدەرەوە مانەوە، دانیشتین بیرەیەکمان خواردەوە، عوبێد سوار بوو لەڕۆیشتن دا گوتی: ئەگەر پیاو بم لەبیرم ناچێ.

عوبێد فڕی و نەجاتی بوو، نازانم کچەتیوی قاحپە لەگەڵ کابرای هوتێلچی چیان کرد، دکتۆر جەمیل شەرەف رادیۆیەك و هەزار و دووسەد کرۆنی چوو، منیش دەمزانی عوبێد ئەو پیاوە نییە چاکەی لەبیر بمێنێ، چونکە تەجروبەم هەبوو.

بەرگی دووهەمی بیرەوەرییەکانم لێرەدا کۆتایی پێ دێنم بەهیوای ئەوە کەلەبەرگی سێیەم دا خوێنەرانی بەڕێزی کورد لەرووداوەکانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٩٤٧ و ٤٨ی کوردستانی ئێران و گەلێك رووداوی نێو جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئاگادار بکەم.

کەریمی حسامی

پێرست

پێشەکی ٣٥٧
هاتنەدەر لەزیندان ٣٥٩
بێ کاری و پەل و پا بۆ بەڕێ چوون ٣٦٥
سەفەری سەر شایی ٣٧٢
سەفەری عێراق ٣٧٥
دیسان لەدوکانی بەتاڵ ٣٨٥
ئیستواری ئەرتەشی شاهەنشاهی ٣٩٠
گەزی ئیسفەهان و ئەفسەری ئەمریکایی ٣٩٦
دەربەدەری و دووری لەنیشتمان ٣٩٩
کتێبخانەی گەلاوێژ ٤١١
بەرەو بەغدا ٤١٣
تودەییەکان لەبەغدا ٤٢١
سەرسوڕمانێك ٤٢٢
وەزعەکە شپرزەتر دەبوو ٤٢٣
وەزعی ماڵ و منداڵم دوای چونم بۆ عێراق ٤٢٦
لەئێران چ باس بوو ٤٣٨
چەتەی ئەمین رەواندزی ٤٤٩
قسەیەکی جەرگبڕ ٤٥٤
چیکۆسلواکیا و ژیانێکی تازە ٤٥٧
پەیوەندی لەگەڵ حیزبی تودە لەئەوروپا ٤٦٠
کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا ٤٧٢
بەرنامەی کۆنگرە ٤٧٧
لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ٤٨٠

منیش کوردم ٤٨٩
نامە گۆڕینەوە لەگەڵ برادەران ٤٩١
دەقی نامەی کاك محەمەدی موهتەدی ٤٩٣
دیسان کاك محەمەدی موهتەدی ٥٠١
عوبێدیلای بارزانی ٥٠٣

لەبیرەوەریەکانم

بەرگی سێیەم

١٩٦٥-١٩٧٠

بەرکولێکی پێویست

بەپێویستم نەدەزانی بۆ ئەم بەشەی بیرەوەریەکانم پێشەکی بنووسم، بەڵام چەند بیر و تێبینییەك هانیان دام کەئەم خاڵانەی خوارەوە روون کەمەوە.

١- لەم بەشەی بیرەوەرییەکانمدا، باسی قۆناخێکی گرینگی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستانی ئێران و خەباتی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دەوری کەسانی تێکۆشەر و ئاسایی هاتۆتەگۆڕێ، رەنگە لەم راپەڕین و تێکۆشان و هەڵسو کەوتەدا زۆر کەس دەوری گرینگ و لەبار و یا نالەباریان بووبێ، راستەوخۆ یا لەلاوە پێوەندیان هەبووبێ بەڕووداوەکانەوە و من لێیان ئاگادار نەبم.

هەروەك لەسەرەتای بیرەوەرییەکانم دا باسم کردووە، من تەنیا باسی ئەو رووداوانە دەکەم کەراستەوخۆ پێوەندیان بەخۆمەوە هەبووە و دەستم تێیاندا بوە و ئاگاداریان بووم و بەنووسراوە یا لەنێزیکەوە سەروکارم لەگەڵیان هەبوە، جا ئەگەر کەسێك، برادەرێك بۆ روون کردنەوەی پتری خەباتی ئەم قۆناغە و ئەم رووداوانە ئاگاداری پتری هەبێ و بۆم بنووسێ و بەپێویست بزانی تۆمار بکرێن ئەوە گەلێك سوپاسی دەکەم ئەگەر بەنووسراوە بۆم بنێری، بێگومان لەبەشەکانی داهاتوی بیرەوەرییەکانم دا دەیان نووسمەوە.

٢- لەبەرئەوەی لەکتێبی کاروانێك لەشەهیدەکانی کوردستانی ئێران دا باسی زۆربەی شەهیدەکانی ئەم قۆناغە کراوە، ئیتر دووپاتە کردنەوەی ناوی ئەو شەهیدانەم پێ زیادی بوو.

٣- وەك لەدەقی ئەم بەشەدا دەردەكەوێ، وێڕای شاد بوون بەدیداری هاوڕێیانم پاش دە ساڵ دووری، گەڕانەوەم بۆ عێراق و سەفەرەكانم و شەهید بوونی هاوڕێیانی خۆشەویست و دامركانەوەی ڕاپەڕینی چەكدارانە، هەموویان بۆ من پڕ بوون لەمەترسی و لەناڕەحەتی و لەخەم و پەژارە، بەم بۆنەوە سوپاسی هاوسەری بەڕێز و خۆشەویستم دەكەم كەبۆ گەڕانەوەی نێو برادەران و درێژەپێدانی خەبات و هاتووچۆ هاندەرم بووە و سەبارەت بەگەڕانەوەی من بۆ لای برادەران و بۆ نێو كۆڕی تێكۆشان، خەم و پەژارەی تەنیایی و مەترسی لەبەین چوونی من و نان بڕین و ئاوارەیی گرتۆتە ئەستۆ و بەژیانێكی پڕ لەترس و نیگەرانییەوە منداڵەكانی عاملاندوە و نەی هێشتووە زمانی زگماكی خۆیان لەبیر بكەن.

٤- بەپێویستی دەزانم پڕ بەدڵ سوپاسی ئەو هاوڕێیانە بكەم كەبەناردنی نامە و خەبەر و بەراگرتنی پێوەندی، كاتی خۆی لەرووداوەكان ئاگاداریان كردوم و چەند گۆشەیەكیان لەلاپەڕەی مێژووی خەباتی گەلەكەمان روون كردۆتەوە كەوا لەبیرەوەرییەكانی منداڕەنگیان داوەتەوە.

٥- هەروەها سوپاسی كاك ناسری ئیبراهیمی دەكەم كەلەئامادەكردنی ئەم بیرەوەرییانەدا زەحمەتی زۆری كێشاوە و یاریدەی داوم.

هەروەها سوپاسی ئەو هاوڕێیانەش دەكەم كەبۆ ڕاستكردنەوەی هەڵەكان و پێ داچوونەوە زەحمەتیان كێشاوە و لەزۆر بارەوە یارمەتیان داوم.

كەریمی حسامی

بەرەو چارەنووسی تازە

وەك لەبەرگی دووەم دا باسكرا، پاش وەرگرتنی دیپلۆم لەزانستگا، ئامادەیی خۆم نیشان دا كەبچم لەرادیۆی پەیكی ئێران كار بكەم.

رۆژی ١٥ی مانگی ئوتی ١٩٦٤، خێزانم و منداڵەکانم لەپراگ بەجێ هێشت و بەرەو شوێنی کاری تازەم سواری فڕۆکە بووم، لەفڕۆکەخانە کاك حەسەنی قزڵجی و کاك حەمیدی سەفەری چاوەڕوانم بوون، ئەودەم ڕێبەرایەتی حیزبی توده لەکاك عەلی گەلاوێژ تووڕە ببوو و بردبوویانەوە باکۆ، کاك حەسەن پیر و نەخۆش بەتەنیا مابۆوە، بەچوونی من لەرادەبەدەر شاد بوو.

منیش کەجارێ هەر بەسەڵت و ڕەبەن لەوێ بووم، پاش تەواوبوونی کار لەگەڵ کاك حەسەن دادەنیشتین، نان و چێشت و خواردنەوەیەکمان ساز دەکرد و قسە خۆش و بەتام و چێژەکانی کاك حەسەنیشمان دەکردە ئاوێتە و سەد ئەوەندە دانیشتنەکەی خۆش دەکردین.

لەبەر نەبوونی خانوو لەجێ کاری تازەم، ناچار منداڵەکانم لەپراگ مابوونەوە، کاتێ سەفەرم دەکرد، خاچی سووری چیکۆسلواکی بەڵێنی دا، هەتا منداڵەکانم دەگوێزمەوە و دەیان بەمە لای خۆم، مەعاشی زانستگایان هەر بداتێ، دیارە لەلای حیزبی کۆمۆنیستی چیکۆسلواکیشەوە بەخاچی سوور گوترابوو.

دوو مانگ پاش سەفەری من، نوێنەری حیزبی تودە لەپراگ وەك پیاوان چوو بوو بەخاچی سووری گوتبوو: کەریمی حسامی لەو شوێنەی کاری لێ دەکا، مەعاشی باش وەردەگرێ، دەتوانێ بۆ منداڵەکانی بنێرێ، پێویست ناکا ئێوە لێرە بیاندەنێ، کابرا بۆ ئەوە کەمنداڵەکانم زوو بڕۆن و خانوەکەی منی بدەنێ ئەو ئەرکە پیرۆزەی بەجێ گەیاندبوو!

خاچی سوور لەسەر قسەی نوێنەری حیزبی برا، مەعاشی منداڵەکانی منی بڕیبوو.

وکتۆر قاسملۆ نامەیەکی بۆ نووسیم و ڕووداوەکەی بۆ باس کردبووم، نووسیبووی: یان زوو منداڵەکان بەرە لای خۆت، یان هەتا درەنگ نەبوە، وەرەوە دکتۆراکەت بخوێنە، با کاتی زانستگا بەخۆڕایی نەڕوا.

لەم بەینەدا کەمن بۆ خانوو حەولم دەدا، منداڵەکانم لەپراگ بێ پارە مابوونەوە، نەمدەتوانی پارەیان بۆ بنێرم، دکتۆر جەمیل شەرەف وەک پیاوان چووبوو دووِ هەزار کرۆنی دابوو بەمنداڵەکان و تۆزێ فەرحانی پەیدا ببوو.

ئاخزەکەی مەسەلەی خانوو عیلاج کرا، خانویەکی چۆڵ و رەق و تەقیان پێ نیشان دام کاك حەمیدی سەفەری کەبەرپرسی رادیۆ و نوێنەری حیزبی تودە بوو گوتی:

تۆ بچۆ منداڵەکانت بێنە، تا دەگەڕێیەوە من مەسەلەی ئەسباب و موبیل و کەلوپەلی مااڵێ جێ بەجێ دەکەم، گەڕامەوە بۆ سۆفیا، چوومە سەر خاچی سوور و گلەییم کرد، گوتیان نوێنەری حیزبی خۆتان هاتوە گوتوویە کەریم مەعاشی هەیە.

ئێمە بەهیوای ئەوەی کەحەمیدی سەفەری موبیل و کەلوپەلی مااڵمان بۆ ئامادە دەکا، هەرچی هەمان بوو دامان بەخاچی سووری چیکۆسلواکیا، پیاو هەق بێژێ، ئەوانیش ٥ هەزار کرۆنیان دایێ.

پارەی دکتۆر جەمیل شەرەفمان بەسوپاسەوە دایەوە و ١٩٦٤/١٢/٢ بەقەتار بەرەو شوێنی تازە کەوتینەڕێ.

برادەرانی چیك لیسە پاسییان بۆ ساز کردبووین و گوتیان ڤیزای مەجارستانی ناوێ نیوەشەو گەیشتینە سنووری مەجارستان بێ ڤیزا، پۆلیسی مەجارستان وەك پیاوان دایان بەزاندین، شەو، سارد، چۆڵ و هۆڵ، جانتا و شرە و برەمان لەقەتاردا رۆیشت و ئێمەش ماینەوە، لای بەیانی ماشێنێك پەیدا بوو، سواری کردین بۆ براتیسالاوا، لەگەاڵ فەرمانبەرێکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سلۆڤاکی لەمەدرەسەی حیزب بووین، راست چووین لەمااڵی ئەو، وەژوور کەوتین، کابرا واقی ورما، بەاڵم زۆر پیاوانە وەك کوردێکی نان بدە، بەخێراتنێکی گەرم و قاوڵتیەکی باش و پاشان لیسی پاسێ کانی بردە

قونسوڵخانەی مەجارستان، ڤیزای وەرگرت و هەتا لای ئێواری میواندارى و ئێوارێ سوارى قەتارى کردین و کەوتینەڕێ، بۆ ڕۆژى دوایى گەیشتینە سۆفیا.

کاتێک دەچینە خانوو، سێ ژوورى چۆڵ، چوار کورسى ڕەق و تەق و دوو قەرەوێڵەى منداڵان و هیچى تر، بەجارێ لەسەفەر و لەکار و لەهەموو شت پەشیمان بوومەوە، بەتایبەت کەلەپراگ مانگێکى گەلێک خۆش و پڕ فەرش و مۆبلى جوان و ژیانێکى باشمان هەبوو، جا وەرە ئەو جار هەموو ڕۆژێ خۆ لەبەر پرتە و بۆڵەى خێزانم ڕاگرە، سەرەڕاى ئەوەش، کاتێک چووین جانتایان وەرگرینەوە، یەک دوو بلوز و کراسى خێزانم دزرابوون، سەرى جانتایان کردبۆوە و دەریان کێشابوونە دەرێ.

یەک دوو جار بەرەفیق سەفەریم دەگوت: مۆبل و کەلوپەلى مانمان بۆ وەربگرێ، دەیگوت: داوام کردووە، جواب نادەنەوە.

ڕۆژێک بەناچارى چوومە لاى بەرپرسى پێوەندى لەگەڵ حیزبى تودەى ئێران لەکۆمیتەى ناوەندى حیزبى کۆمۆنیستى بولغاریا، بەخێرهاتنى کردم، تۆزێ باسى وەزعى کوردمان کرد، وەزعى مانڵ و منداڵەکانى پرسى.

گوتم: زۆر خراپین، بەتایبەت من لەپراگ ژیانى پراگم هەبووە، لێرە لەژوورى ڕەق و تەق داین، مات بوو، گوتى: چۆن مۆبل و فەرش و کەلوپەلى مانیان بۆ نەهێناون؟ دەمێکە گوتوومە.

بانگى بەرپرسى بەشى مانى کرد و گوتى: هەر ئێستا لەگەڵ هاوڕێ حسامى بچوو، بزانە چییان دەوێ بیکڕە و بیبە مانیان.

کابرا ڕەگەڵم کەوت و هەرچى بۆ مانێکى سێ ژوورى و چوار کەس پێویست بوو، کڕیمان و بووین بەئاوەدانى، ڕۆژى دوایى کاک حەسەن هات و کەچاوى بەمانى فەرش کراو و مۆبلە کەوت، واقى ورما و گوتى: ئەمە چییە؟

نەقڵەکەم بۆ گێڕاوە، گوتى: باش باشت کردوە، ئەو کابرایە پێى نەگوتوون.

لەو سەروبەندەدا کەتازە گەیشتبوومە بولغارستان، نامەی یەکێك لەبرادەرانم پێگەیشت لەگەڵ بەیاننامەیەك بەناوی (کۆمیتەی ساخ کەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان) بەداخەوە بەیاننامەکە لای حەسەنی قزڵجی مایەوە و دەستم نەکەوتەوە.

ئەو برادەرانەی حیزبی دیموکرات کەلەعێراق مابوونەوە، ناکۆکییان کەوتبوە نێو و نەیانتوانیبوو پێکەوە هاوکاری بکەن، چەند کەس لەبرادەران بەناوی: کاك هاشمی اقل الطلاب ناسراو بەقادر شەریف، کاك حەسەنی رستگار، کاك مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی، کاك سەعید کوێستانی، کاك حوسێنی مەدەنی لەبەیاننامەیەك دا لاڕێی و لادانی عەولای ئیسحاقی ناسراو بە ئەحمەد تۆفیقیان روون کردبۆوە، بەڵام پاش بەیاننامەکە داروودەستەی ئەحمەد تۆفیق بەپشتیوانی کاربەدەستانی شۆڕشی کوردستانی عێراق کەوتبوونە راونان و چەك کردن و بەندکردنی ئەو برادەرانە و تووشی کێشە و چەرمەسەری یان کردبوون.

من لەسەفەری تازە و کاری تازە تەنیا بەوەندە دڵخۆش بووم کەلەرادیۆی پەیکی ئێران دا بتوانم تا رادەیەك دەنگوباسی شەڕ لەکوردستانی عێراق بڵاو بکەمەوە و جنایەت و تاوانی رێژیمە خوێنمژەکان لەقاو بدەم، لەسەر وەزعی ئێران و کوردستانی ئێران دەنگوباسی گەیشتوو بڵاو بکەمەوە.

بەڵام لەدەستەی نووسەرانی رادیۆش دا زۆرجار تووشی ناکۆکی و دم بەدمە دەبووم، زۆر لەئەوان دژی ئەوە بوون کەخاریج لەبەرنامەی گشتی رادیۆ، باسی کوردستان بکەین، کاك حەسەنی قزڵجی لەو بارەوە داخ لەدڵ بوو، هەر پیشی دەخواردەوە، منیش بەو شەرتە چووبووم لەرادیۆ کار بکەم کەهەرچی بیزانم و بینووسم لەسەر وەزعی کوردستان بڵاوی بکەمەوە، چەند جار لەو بارەوە نامەم بۆ بۆرۆی سیاسی حیزبی تودە نووسی، ١٩٦٥/٥/١٠ ئیحسان تەبەری کەئەودەم بەرپرسی تەبلیغاتی حیزبی تودە بوو، هاتە رادیۆ، من لەکۆبوونەوەی دەستەی

نووسەران دا باسەکەم هەڵگیرساند و داوام لەتەبەری کرد ئەرکی بەشی کوردی رادیۆی پەیکی ئێران روون بکاتەوە.

– ئیحسان تەبەری وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی تەبلیغات گوتی:

بەرنامەی کوردی رادیۆی پەیکی ئێران دوو ئەرکی لەسەرشانە:

١– ئەرکی سەرەکی بەرنامەی کوردی، یارمەتییە بەجوولانەوەی گشتی ئێران و کوردستانی ئێران بەتایبەتی.

٢– یارمەتییە بەجوڵانەوەی گشتی کورد و کوردەکانی عێراق بەتایبەتی.

بەو بڕیارەی تەبەری ئێمە دەستمان کرایەوە و ئیتر هەرچی لەسەر مەسەلەی کورد و دەنگ و باسی کوردستان وەگیرمان کەوتبایە بڵاومان دەکردەوە.

لەکوردستانەوە دەنگ و باسی کەم دەگەیشتن، جاروبار یەکی دوو کەس بەئادرێسی رادیۆ پەیکی ئێران نامەیان دەنووسی، دەنگ و باسی کوردستانیان دەنارد و رادیۆ بڵاوی دەکردنەوە.

یەک لەو کەسانە بەرێکوپێکی نامەی دەنارد و بەکوردی و بەخەتی لاتینی دەینووسی و هەرجارە لەشارێکەوە دەیخستە پۆست بەناوی (پێکۆڵ) ئیمزای دەکرد، هەموو جاریش بەناو سڵاوی منی دەگەیاند، هاوکارانی رادیۆ پێیان سەیر بوو، کابرا چۆن من دەناسێ، بەڵێ لەناوونیشانی ئەو برادەرە بێ خەبەر بووم، ساڵی ١٩٧٩ کاتێک پاش ٢٢ ساڵ گەڕامەوە بۆ کوردستان، رۆژێک لەگەڵ یەک دوو هاوڕێ لەمەهاباد دەچوومە کتێب فرۆشی ئاغای موفەقی کاتێک لەوێ هاتمە دەر، یەکێک هات و سڵاوی کرد و بەگەرمی دەستی لەناو دەستم نا و گوتی (پێکۆڵ) سڵاوت عەرز دەکا.

من وەبیرم هاتەوە کە (پێکۆڵ) کێ بوو، بەگەرمی چاک و خۆشیم لەگەڵ کرد و لێک جیا بووینەوە، پاشان هاوڕێکانی لەگەڵم بوون گوتیان پێمان ناخۆش بوو لەسەر شەقام لەگەڵ ئەو کابرایە راوەستای و قسەت لەگەڵ کرد.

– بۆچی، ئەوەش کوردێکە، من ناینناسم، هاتوە سڵاو دەکا، جوابی نەدەمەوە؟ چۆن شتی وا دەبێ؟

– ئاخر ئەوە هاتووچۆی ساواکی دەکرد.

بۆم دەرکەوت کەرەش بینی جۆرێك لەنێو خەڵك دا بڵاوبۆتەوە کەهەرکەس جارێك بۆ ساواك چووبێ یا بەزۆری بردبیان بۆ ئیدارەی ساواك خەڵك بەخراپیان زانیوە، دیارە ساواکیش بەئانقەست خەڵکی بردوە بۆ ئیدارە یان یەکێکی بانگ کردووە لەگەڵ ئەفسەرێك لەشەقام هاتووچۆی پێ بکا، بەم جۆرە خەڵکی لەیەکتر دڕ دۆنگ و بەد گومان کردووە.

ئەو برادەرەی کە پێیان وابوو هاتوچۆی ساواکی کردوە خزمەتی زۆری بەرادیۆی پەیکی ئێران دەکرد، دەنگ و باس و نامەی زۆری بۆ دەناردین کەهێشتا نووسراوەکانی لەلای من راگیراون و نیشتمانپەروەری ئەو برادەرە دەردەخەن، ئێستاش کەئەم یادداشتانە دەنووسم و کوردستان لەژێر چەکمەی پاسدارانی ئیسلام دا پشوی لێ بڕاوە، ئەم برادەرە نامە و دەنگ و باسم بۆ دەنێرێ و نیشتمانپەروەری خۆی دربڕێ پێ دەدا.

رۆژنامەی کوردستان لەئەورووپا

لەژێر تەئسیری شۆڕشی کوردستانی عێراق رێبەرایەتی حیزبی تودەش کەوتە بیرکردنەوەی مەسەلەی کورد، لەلایەك دەیبینی کەمەسەلەی کورد لەکوردستانی عێراق دەنگی داوەتەوە، حیزبی کۆمۆنیستی عێراق نەك هەر بەقسە و بەتیۆری، بەڵکو بەکردەوە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد شان بەشانی هێزە دیموکراتیەکانی کوردستان خەبات دەکا، لەئێرانیش دەنگ و باسی راپەڕین و تەقە لەکوردستان بڵاو دەبوونەوە، رێبەرایەتی حیزبی تودە سەرەڕای ئەوەش لەئاست مەسەلەی نەتەوایەتی بڕیاری لێ براوی نەبوو، هەموو هەوڵ تەقەڵایان

هەر ئەوەبوو کەبەهۆی کاك عەلی گەلاوێژ و کاك رەحیمی قازی کەهەردووکیان ئەندامی فرقەی دیموکراتی ئازربایجان بوون، وەبەهۆی دکتۆر قاسملۆ و کاك حەسەنی قزڵجی و من، یەکێتی رێکخراوەیی حیزبی تودە و حیزبی دیموکراتی کوردستان دابین بکەن، هەر بەقسە لەئەوروپاوە حیزبی دیموکرات وەك فرقەی ئازربایجان بکەن بەرێکخراوی حیزبی تودەی ئێران لەکوردستان، لایان وابوو بەدەرکردنی ئاگادارییەك مەسەلەی یەکێتی دوو حیزب تەواو دەبێ و دەبڕێتەوە.

یەك دوو جار دکتۆر قاسملۆ کاك حەسەنی قزڵجی و منیان کۆکردەوە و کاك عەلی گەلاوێژیان لەسۆفیەتەوە هێنا و ئاخرەکەی هاتینە سەر ئەوە کەرۆژنامەیەکی کوردی دەرکەین، لەپێشدا لەسەر ناوی رۆژنامەکەی ناکۆکی هەبوو، ئەوان دەیانگوت: ناوی رۆژنامەکە (مەردوم بێ بەکوردی)، ئێمە دەمانگوت بەناوی (کوردستان بێ) ئەوان دەیانگوت رۆژنامەکە (بڵاوکەرەوەی حیزبی تودەی ئێران) بێ ئێمە دەمانگوت: (بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی حیزبی دیموکراتی کورستان بێ) پاش باسێکی زۆر هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەبەناوی کوردستان لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە بڵاو بکرێتەوە، دکتۆر قاسملۆ بەسەرنووسەری رۆژنامە و کاك عەلی گەلاوێژ و کاك حەسەنی قزڵجی و بەندە بەدەستەی نووسەران دیاری کران، لەهەمووی سەیرتر ئەوەبوو رێبەرایەتی حیزبی تودە رەفیق ئەردەشیری ئاوانسیانی دانابوو بەبەرپرسی سیاسی رۆژنامەکە، کەنەیەك وشەی کوردی دەزانی نەحەوسەڵەی ئەوەی هەبوو بزانێ چی تێدا نووسراوە!

رۆژنامەی کوردستان لەرێبەندانی ١٩٦٥ تا خاکەلێوەی ١٩٧٠ بیست و شەش ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە، من و کاك حەسەن زۆربەی وتارەکانمان دەنووسی، دکتۆر قاسملۆ وتاری دەنووسی دەینارد و لەباری زمانەوە کاك حەسەن رێك و پێکی دەکرد، من وتارەکانم ماشین دەکرد و دەمان نارد بۆ چاپخانە کاك

محەمەدی موهتەدی کەتازە لەسەر حیسابی حیزبی تودە هاتبوو لەپراگ بخوێنێ لەباری نووسین و بڵاوکردنەوە یاریدەی دکتۆر قاسملۆی دەدا و رۆژنامەکە بڵاو دەبۆوە، لام وایە دکتۆر مارف خەزنەداریش یەك دوو جار مەقالەی بۆ رۆژنامەی کوردستان دەنارد.

راستە رێبەرایەتی حیزبی تودە بەیارمەتی دانی بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی کوردستان یارمەتیەکی زۆری بەهێنانە گۆڕی مەسەلەی کورد دەکرد، لەرۆژنامەکەدا لەهەموو بارێکەوە جووڵانەوەی کورد باس دەکرا، لەگەڵ دەستەی نووسەرانی کوردستان لەسەر وەزعی کورد و زیندوو کردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان قسەمان دەکرد و بڕیاریان دەدا، بەڵام بەداخەوە بڕیارەکان لەسەر کاغەز دەمانەوە، بڕیار درابوو هەر سێ مانگ جارێك بۆ رۆی سیاسی حیزبی تودە لەگەڵ دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان کۆببێتەوە، بەڵام جاری وا دەبوو شەش مانگیش کۆبوونەوەکە نەدەکرا، بێ جێ نابێ لەو بارەوە هێندێ بەشی نامەیەکی دکتۆر قاسملۆ بێنمەوە کەبۆ منی نووسیبوو، دکتۆر قاسملۆ وەك سەرنووسەری رۆژنامە کاری بڵاوکردنەوەشی وەئەستۆی خۆ گرتبوو، دیارە لەبەر کاری زۆر جاروبار بڵاوبوونەوەی رۆژنامەکە وەدرەنگێ دەکەوت، من نامەیەکم بۆ نووسیبوو لەوێدا گوتبووم: وادیارە رۆژنامەکەت داخستووە، لەوەڵام دا دکتۆر قاسملۆ بۆی نووسیبومەوە:

دەقی رێنوس و رێزمانی دکتۆر قاسملۆ کەبەبێ گۆڕان بڵاوی دەکەمەوە.

... با بێمە سەر رۆژنامەکە، لەپێشدا دەبێ بڵێم کەرۆژناکە توقیف نەکراوە، بەڵام بەراستی وەزعێکی زۆر نالەبار و ناخۆشیان پێك هێناوە، جارێ مەسەلەی کۆبوونەوەکە قەرار بوو لەمانگی دیسامبری سالّی ١٩٦٦ تەشکیل بێ هەتا

ئێستا وەپاش کەوتوە، ئێستاش مەعلوم نییە چۆن دەبێ، من زۆرم پێ سەیرە کەئەوانە ناتوانن پاش سێ مانگ تەقەللا سێ کەس لەشورەوی بێننە دەرێ!

قەرار ئەوە بوو ٢٥ی مانگ لەپراگ کۆبوونەوەکە پێک بێ، بەڵام لەشورەوی را خەبەر هات کەنابێ، چیکەکانیش گوتیان هەتا سێ مانگ ئیمکانیان هەیە، طبریش خەبەری ناردبوو کەسێ مانگ ناتوانێ رابوەستێ چونکە دەچێ بۆ مەرەخسی رادەمەنیشیش قەرار نەبوو بێ بۆ کۆبوونەوەکە، من دیتم ئەو هەموو زەحمەتە خەریکە بەخۆڕایی دەڕوا، گوتم با پاش سێ مانگ لەئاڵمان تەشکیل بێ.

ئێستاش قەرارە ئەگەر جێ بەجێ بوو تا ١٥ی مانگی گەلاوێژ لەئاڵمان تەشکیل بێ، ئەگەریش نەبوو لەپاش ١٥ی مانگ ئەردەشیر دەچێتە مەرەخەسی، دەکەوێتە مانگی سپتامبر! بەنەزەری من بۆ ئەوانە مەسەلەی کورد و هەروەها رۆژنامەی کوردستان وەک شتەکی زۆر دەرەجە چوار و پێنجە! بێجگە لەوە وەزعی رۆژنامەکە زۆر شپرزە بوە، وەزعی ئێرە ئەمنی زۆر ناڕەحەت کردوە! فکری لێ بکەوە کەهەتا ئێستاش تصمیماتی کۆبوونەوەی سۆفیامان نەدیوە، لای گرنگ تری مەسەلەش ئەوەیە کەبەراستی من زیدی ئەوەم کەرۆژنامە هەر بەم جۆرە بێ ناو و نیشان بڵاو بێ، لەهەموو لایەکیش هەر بەناسیۆنالیست و مونحەریف مان دەزانن (بەتایبەتی من)! جا دەڵێم با کۆبوونەوەکە ساز بێ ئەو شتانە حەل کەین ئینجا تکام ئەوەیە باسی ئەو شتانە هەتا کۆبوونەوەکە دەگەڵیان مەکە!

وەک لەنامەی دکتۆر قاسملۆش دەردەکەوێ، بەراستی رێبەرایەتی حیزبی تودە لەسەر بڕیاردان و هەنگاو هاویشتن بۆ بەگژ ڕاچوونی مەسەلەی کورد دامابوو، نەی دەتوانی ساخ بێتەوە و بڕیاری لێ بڕا و بدا، تەنیا خەریکی ئەوە بوو کەبەهۆی ئەم چەند کوردە ئاوارەی لێقەوماو، کەبەقەولی یەکێک لەتێکۆشەرانی

جولّانـەوەی کۆمۆنیسـتی بـوون بـە (کۆمۆنیسـتی نـانی) مەسـەلەی حیزبـی دیموکرات چارەسەر بکا و بیکا بەرێکخراوی هەرێمی حیزبی تودەی ئێران.

دەگەڵ ئەو هەوڵ و بیرکردنەوەیە قەیدی نـەدەکرد ئەگـەر بـەکردەوەش هێنـدێ هـەنگاوی ئـەوتۆیان هاویشـتبا، کـەکوردەکانی دڵنیـا کردبـا و بـۆ لای خـۆی راکێشـابان، ئێمـە هـیچ، خـۆ ئـەو چـەند کـوردەی لەیـەکێتی سـۆڤیەتی بـوون و سالّەهای سالّ لەگەڵ فرقەی ئازربایجـان هاوکاریـان کردبـوو باشـییان دەناسـین، بەڵام پێوەندی ئـەوانیش لەگـەڵ رێبەرایـەتی حیزبـی تـودە پێوەندیـەکی سـاخ و رفیقانە نـەبوو، چـاو خشـاندنێك بەنامـەی ئـەو برادەرانـە کـەبۆ منیـان نووسـیوە پێوەندی رێبەرایەتی حیزبی تودە لەگـەڵ ئـەو برادەرانـە بـەجوانی نیشـان دەدا، بێ جێ نابێ چەند نامەیەکی ئەو برادەرانە لێرەدا بخەمە بەرچاو.

نامەی کاك رەحیمی قازی تەئریخی ١٩٦٢/١/١٢

پاش چاك و خۆشی برایانە دەنووسێ:

روستا و بوقراتی قەدەرێك بوو لێـرە بـوون، روسـتا پرسـیاری کـرد کەبیسـتومانە ئەتۆ بەپێچـەوانەی یـەکێتی حیزبـەکانی، ئـەوە راسـتە؟ لـەوەڵام دا گـوتم: ئـەمن بەپێچـەوانەی یـەکێتی راسـتەقینە و پتـەو و برایانـەی حیزبـەکان نـیم، بۆخۆتـان ئاگادارن کەبۆ رێککەوتنی یەکێتی فرقە و تودە رۆڵێکی گەورەم کایە کرد.

بـەڵام ئـەمن بەپێچـەوانەی شـێوە و چەشـنی تێکۆشـینی سـەرۆکایەتی حیـزبم، وەلەسـەر ئـەو بـاوەڕەم کەچەشـنی تێکۆشـینی سـەرۆکایەتی حیـزب لەتـەواوی رووەکان ئەبێ لەرەگو ریشەوە بگۆڕدرێت، وەهـەروەها لـێم نووسـین کـەداخرانی رۆژنامـەی (کوردسـتان) لـەپاش ١٥ سـاڵ دەرچـوون لەلایـەن تـودەوە یـەکێك لەسـەهوەکانی هـەرە گەورەیـە کـەتودە لـەکاتی دوور لەنیشـتمان تووشـی بـوە، وەنیشتمانپەروەرانی کورد ناڕازی ئەکات[1].

---

(1) کوردستان– مەبەست ئەو رۆژنامەیە کەلەباکۆ لەلایەڕێکی رۆژنامەی ئازربایجان بڵاودەکرایەوە.

کاکە گیان، ئەو قسانە فایدەی نییە، با خۆمان بەوانەوە ماندوو نەکەین، وەخەریکی خوێندن و تێکۆشین و خۆمان بین، چونکە هەروەک لەکوردەواریدا ئەڵێن: هەتا ئەو بایە لەو کونەوە بێت هەروا ئەبێت.

هێندێ بڕگەی نامەی دووەمی کاك ڕەحیمی قازی

تەئریخی: ١٩٦٢/٨/١٠

کاك ڕەحیم پاش ساخ و سلامەتی قسەی جوان شیرین لەبارەی بزوتنەوەی گەلی کوردەوە نووسیبووی:

کاکە، لەچۆنایەتی نێو نەتەوەکانی ئەمڕۆکەی جیهاندا مەسەلەی کورد لەهەموو مەسەلەیەك تێکەڵ و پێکەڵ تر و چەتون تر و عاستەم تڕە، جا لەبەر ئەمە مارکسیستەکانی کورد (ئەمە قسەی تۆیە) لەچۆنایەتیەکی زۆر سەخت و نالەباردا هەڵکەوتوون، لەسەر یەك بیروڕای من ئەمەیە کەلەحەلی ئێستادا چ لەئێران و چ لەعێراق و تورکیا بزوتنەوەی گەلی کورد نابێ لەبزوتنەوەی گەلانی تری نێو ئەم وڵاتانە جیا بێت، هەم بەگوێرەی دروشمی وە هەم بەگوێرەی سەرۆکایەتی کردنی، بۆ ئەمەش بەبێ شك سیاسەت و تاکتیکی دروستی حیزبە مارکسیستەکان شەرتێکی بنچینەییە. (بەداخەوە جارێ تا ئێستا حیزبەکەی خۆمان لەم ڕێگەیە زۆر دوورە و ناشییەوێ خۆی نێزیك کاتەوە).

هێندێ بەشی نامەیەکی تری کاك ڕەحیمی قازی

تەئریخی: ١٩٦٢/١٢/١٥

کاك ڕەحیم نامەیەکی جوان و تەواو سابلاخی یانەی بۆ نوسیبووم و لەبارەی مەسەلەی کوردی ئێرانەوە دەڵێ:

کاکە گیان، ئەو دوو مانگەی کەلەنەخۆشخانە بووم ماوەی ئەمەم هەبوو کەبڕێك زۆرتر و هێندێك قوڵتر لەمەڕ کاروباری خۆمان و چارەنووسی گەلەکەمان

لەچاخی ئێستادا بیر بکەمەوە، جا هاتمە سەر ئەمە کەبەتێکڕایی نامەیەکی دوور و درێژ و پوختە و هەموو لایەکی بۆ ناوەندی هینەکەی خۆمان (مەبەستی حیزبی تودەیە) بنووسین، رووبەکیشی بۆ ناوەندی گەورەکەی خۆمان کەنێومان ئاوە کەعبەی خۆمان بنێرین، بەکورتی ناوەرۆکی ئەم نامەیە بەم جۆرە ئەبێ: گرینگی چلۆنایەتی نیشتمانەکەمان لەرووی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتییەوە لەزروفی ئەمڕۆکەدا، پێویست بوونی پەرەپێدانی رێکخراوەکانی سیاسی لەوێ بەشێوەیەکی تازە، چۆنایەتی ئەمڕۆکەی وەنەبوونی هیچ جۆرە هۆیەکی تەبلیغاتی لەلایەن خۆمان و ناوچەی سۆسیالیزمەوە، پەرەسەندنی تەبلیغاتی هەموو لایەکی دوژمن بۆ هەڵەکردنی گەلەکەمان لەرێگەی خەباتی بەرێ و جێ. سیاسەتی کۆمیتەی ناوەندی هینەکەی خۆمان لەسەر مەسەلەی کورد، کەم و کورتیەکانیان، هەڵە و بەسەرچوونەکانیان، دووانی یەك یەکی ئێمە مانان لەگەڵ سەرۆکەکان لەسەر ئەم مەبەستە، (چ ئێمە لێرە و چ ئێوە لەوێ)، لەپاش پێك هاتنی یەکێتی وادە و گفت و دڵسۆزیەکانیان لەقسە بەولاوە چ نەبوە، تا ئێستا هیچیان نەکردوە پەیکی ئێران بەکوردی نەبوونی لەمە باشترە.

پێشنیارەکانی ئێمە ئەوانە دەبن: بەر لەهەموو شت کۆبوونەوەیەکی هەموو لایەکیمان بۆ پێك بێنن بەبەشداربوونی هەیئەتی سەرۆکایەتی هەلمان بدەنێ بەکوردی بنووسین و چاپی بکەین، ئەگەر پێویستە شتێکی لەسەر زیاد بکرێ بینووسە، نووسراوەکە بەزمانی کوردی و فارسی و روسی ئەبێت، پێویستە هەموومان ئیمزای بکەین، یانی ئێمە و ئێوە و هینەکانی پەیك، براکەم لەبەر ئەوەی کەتۆ و کاك رەحمان لێك جوو ناکەمەوە ئیتر ناوەرۆکی ئەم نامەیە بۆ وی نانووسم...

نامەی کاك عەلی گەلاوێژ

تەئریخی: ١٩٦٣/٩/٨

کاك عەلی گەلاوێژ لەوەڵامی نامەیەکی من دا ئەو نامەیەی بۆ نووسیبوم کەلەباری زمان و رێنوس و رێزمانەوە بەبێ دەس لێدان بڵاوی دەکەمەوە:

... برای بەڕێز ئەوانەی نووسیبوت هەمووی دروست بوو، درۆیان لەگەڵ کردین، وێستیان بەفریومان بەرن، بەڵام ایمە فریومان نەخوراد بەقولی مشهود خودا لە سلطان محمود گەورەترە، هیوادارم خەباتی پیاوانەی ملتی کورد بالاخرە بەم بێ خبرانە حاڵی بکات کەلەگوێ گادا نوستن و چاو لەحقیقەت نوقاندن ناتوانی صدمە بەکوردان بگەیێنی، بەڵکو ماڵی ئەو کەسە وێران ئەکات کەچاوی نوقاندوە و گوێ خۆی ناخنیوە، ایمە کەدەڵێین گەلەکانی ئێران برای یەکن و طالعیان بەیکەوە مربوطە لەرووی درۆزنی و ریاکاریەوە ئەم قسەیە نالێین، بەڵکو بەسەر پایەی مسلك و عقیدەیيك ئەم بیرە هاتۆتە وجود، بەڵام بعضە حرکات ورفتار و اگواریك ئەم بیکەتیە شل ئەکاتەوە و تاو و تەوژمی حرارتی بیکەتی گەلەکانی ایران سارد ئەکاتەوە کە البتە زۆر جێگای تاسف و داخە.

کاتێك لەجیاتی نوێنەرانی واقعی گەل چند کەسێکی لەگەل بێ خەبەر خۆیان وەپێش خەن و بەنوێنەری گەل دەست بۆ کردەوەی نادروست درێژ کەن، خۆ بەخۆ گەلەکانی تر بۆ خاطری حق و عدالت مجبور ئەبن یا لەشوێن نوێنەرانی واقعی گەل بگەڕێن و بیاندۆزنەوە، یا ئەگەر ئەو کارەیان بۆ نەکرا حسابی خۆیان بەرۆشنی ببینن و بزانن لەگەڵ چ کەسانێك سەر و کاریان هەیە.

نامەی کاك رەحیمی قازی

تەئریخی: ١٩٦٣/٥/٣٠

کاك رەحیم لەنامەیەکی دوور و درێژدا پاش باسی کۆنفرانسی فرقەی دیموکرات و ناخۆشیان لەگەڵ حیزبی توده دەنووسێ:

... جا ئێستا یانی لەپاش ئەو بەزم و هەرایە بێ شك من بۆ لای ئێوە نابەن، وەبەتەواوی هێزی خۆیانەوە هەوڵ ئەدەن من لەکاروباری تێکۆشینی رۆژانە وەدوور بخەن، بەڵام وەرن وەك پیاوان لێك هەڵ نەبڕێین و بێ پرس و رای یەکتر دەست بۆ هیچ کارێك درێژ نەکەین، با وریا بین وەنەهێڵین ناکۆکی و ناتەبایی مان بخەنە نێو، یانی ئەبێ کارێکی وا بکەین کەلەحیسابمان بهێنن و هەست بەمە بکەن کەئێمە یەکین و بەبێ یەکتر قامك لەئاوێ ڕۆ ناکەین.

جا ئێستا بۆخۆتان، یانی تۆ و کاك ڕەحمان بیرێك لەسەر ئەم وتانەی من بکەنەوە خۆ شوکر هەموومان لەناحیەی سیاسیەوە شای ئێران بێ لغاو ئاو ئەدەین و هیچ هەوجێ بەوە ناکات یەکتر نەسیحەت بکەین، بەڵام شتێك هەیە، ئەویش ئەمەیە کەهەموومان لەبەرامبەر دەستەیەك هەڵکەوتووین کەسیاسەتەکەیان لەسەر مەسەلەی گەلەکەمان دروست نییە...

کۆنگرەی دووی حیزبی دیموکراتی کوردستان

پاش ئەوەی کەدووبەرەکی لەنێوان ئەندامانی حیزبی دیموکرات کەلەکوردستانی عێراق بوون پەیدا دەبێ، ئەو برادەرانەی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق لەژێر سێبەری شۆڕشی کوردستانی عێراق دا مابونەوە لەسەرماوەزی ١٩٦٤ لەسونێ (ناوچەی پشدەر) کۆنگرەی حیزب دەبەستن، دیارە هێندێك لەئەندامانی حیزب لەو برادەرانەی کەلەگەڵ سیاسەتی ئەحمەد تۆفیق یەك نەبوون وەك مەلا ڕەسوڵی پێشنماز، حەمەدەمینی سراجی، سمایلی شەریف زادە، حەسەنی ڕەستگار، ویستویانە بچن لەکۆنگرەدا بەشدار بن، بەڵام ئەحمەد تۆفیق چەکداری لەسەر ڕێ داناون و نەی هێشتووە بەشداری بکەن.

هاوینی ساڵی ١٩٦٥ چەند کەس لەبرادەرانی حیزبی لەکوردستانی عێراقەوە بڕیارەکانی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بۆ ناردم، هەر لەو سەروبەندەش دا دکتۆر ڕادەمەنیش بڕیارەکانی کۆنگرەی لەحەوت لاپەڕەی

ماشین کراو دا بۆ ناردبووم داوای کردبوو بۆیان بکەم بەفارسی دیارە تەواوی ئەو حەوت لاپەڕە ناکرێ لێرەدا بییان هێنمەوە و جێ یان پێ بگرم، بەڵام دیسان هێندێ بەشی بڕیارەکان لێرەدا دێنمەوە.

دەستپێکی کۆنگرە ئاوایە:

دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەناو لوتکە چیاکانی زاگرۆس، بەژێر بەفر و باران و بۆرانەوە بەریزی تەقەی ٢١ گوللە و رەشاش بەیادی ئەو هەڤاڵە سەربەرز و تێکۆشەرانەی کەلەناو رەشەچاڵی بەندیخانەکانی (حکومەتی تاران)دان، سکوتی ناو دۆڵ و شیوەکانی شکاند... لەپاش خوێندنەوەی سورەتی فتح (انا فتح نا لکە...) لەلایەن هەڤاڵێکی نوێنەر، سروودی خەباتی نەتەوەیی کورد (ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان) لەلایەن پۆلێك نوێنەری کۆنگرە خوێندرایەوە، کۆنگرە لەژێر دروشمی (یەکێتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتی) لەپێناوی خەبات و ئازادی و رزگاری کورد و کوردستان ئەو رێزە مەبەست و بڕیارانەی خوارەوەی دا:

١- کۆنگرە بەبڕیاری گشتی تەئیدی راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی کرد.

٢- بەدەنگی گشتی تەئیدی شەشەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بڕیارانی ئەو کۆنگرەی کرد.

٣- بڕیاری لەسەر تەئیدی سیاسەت و هەڵوێستی گورج و هەڵسورانی بەرێوەبەرانی پێشووی حیزبی دا بۆ پشت گیری لەشۆڕشی کوردستانی گەرمێن.

٤- نوێنەران بەگشتی سوپاس و تەقدیری ناوەند و بەرێوەبەرانی حیزبی کرد بۆ دەوری دڵسۆزی و هەڵسوڕیان بەیارمەتی ماددی و مەعنەوی و گیانی بەشۆڕش لەکوردستانی گەرمێن.

٥- کۆنگرە ئەو ریزە بڕیارانەی خوارەوەی لەمەڕ جاسوس و خائینەکان و دەستە بەندی و حیزب سازەکانی گێرە شێوێن و ناحەزی ریزی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەرکرد.

. الف- کۆنگرە بەیانی بەرواری ١٣٤٣/٧/١٢ی حیزبی تەئید کرد کەلەناو ئەو بەیانەدا لەژێر عینوانی (لادان و سەر شێواوی چەند خۆپەرستی ناجوان مێر بەناوی کۆمیتەی ساخ کەرەوە) دەستە بەندییەکانی دژی حیزبمانی تێدا ناو براوە مەحکوم کران، وەحوکمی خائینی دا بەرامبەر بەرۆربەی هەڵسوڕ و بگێڕەکانی ئەو تاقم و دەستانە، وەچەند کەسی لەوانە بەجاسوس و بەکرێ گیراو ناسین.

ب-.....

لەبەندی (ب)دا بڕیارێکی درۆ و بوختان و بێ شەرمانە دژی دکتۆر قاسملۆ دراوە کەبۆیە نابێ لاپەڕی بیرەوەرییەکانی پێ رەش کەمەوە.

لەبەندی ٩ی بڕیارەکەدا گوترابوو: کۆنگرە توڕەیی و ناڕەزایی دەربڕێ بەرامبەر بەهەڵوێستی کورد و شانەی (مەکتەبی سیاسی پێشووی دەرکرا و برایم ئەحمەد و دار و دەستەکەی) بۆ ناحەزی کردن لەگەڵ کادرە تێکۆشەرەکانی حیزبمان لەسەر داوای دەزگای جاسوسی حکومەتی تاران (ساواك) و پەیمانی سەنتۆ بەهۆی جاسوسانی ناسراو وەك سەرهەنگ عیسا پەژمان، سەرهەنگ مەنصور پور، سەرهەنگ مدرسی و عباسی ئارام و هاتووچۆی ناوبراوان بۆ ماوەت و گردەڕەش و ئیساوێ و مالومە...

لەبەندی ١٤ی بڕیارەکانی کۆنگرەی دووەا گوتراوە: لەمەڕ مەسەلە و گیروگرفتی ئەرز و ئاغا و رەعیەت کۆنگرە داوا لەگەلی کورد و بەتایبەتی خەڵکی لادێکان و وەرزێران دەکا کەبەخەباتی یەکگرتوو هەموو ئەرزی نیشتمان و کوردستان رزگار کەین و شۆڕشی ئەرزی نەتەوایەتی لەژێر دروشمی یەکێتی، خەبات،

سەربەخۆی و دیموکراتی بکەینە یەک، ئەودەم بەپێی بڕیاری کۆنگرە و مادەی سی و نۆهەمی پڕۆگرام کەدەنووسێت: حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەیە کەزەوی و زار و کشتوکاڵ، دار و دەوەن و ئاوەکانی کوردستان مافی نەتەوەی کوردە و مافی رەنێو هێنان و دابەشینی ئەرز بەتایبەتی لەمافە تایبەتییە هەرە گرنگەکانی حکومەتی دیموکراتیکی کوردە کەبەهۆی بەڕێوەبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەدی دێت، ئەو کاتەیە کەحاکمیەتی نەتەوایەتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ئەرز و ئاو و زەوی و زار و دارستان بەش دەکات و بەو پێیە مەسەلەی گیروگرفتی ئەرز جێ بەجێ کەین.

تەواوی خوێندنەوەی بەیاننامەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەپێشەوا قازی محەمەد بە (کەم فامی سیاسی کۆمەڵایەتی) تاوانبار دەکا ئەوەندە بێ سەر و پێیە مرۆڤ دڵی بەحاڵی کورد دەسووتێ کەجاروبار چارەنووسی میللەتێك دەکەوێتە دەست کێ و چی بەسەر دێ!

دیسان لەگەڵ برادەرانی تودە

هەرچەند رێبەرایەتی حیزبی تودە دەرەتانی ئەوەشیان پێك هێنابوو کەئێمە چەند برادەرێکی کورد لەئەوروپا رۆژنامەی کوردستان بەزمانی کوردی بڵاو بکەینەوە و لەنووسین و بڵاوکردنەوەی مەتڵەبەکاندا سەربەخۆ بووین، بەڵام دیسان بێ بڕیاری لەسەر مەسەلەی کورد و هەنگاو نەهاویشتن بەرەو هێنانە گۆڕی ئەو مەسەلە لەچاپەمەنییەکانی حیزبی تودەدا ئێمەی ناڕەحەت دەکرد و هەمیشە گلەیی و گازوەندمان هەبوو.

کاك حەسەنی قزڵجی زۆرجار دەیگوت: زۆرم پێ سەیرە برادەرانی تودە ئێستا نەحکومەتیان بەدەستە و نەسفرەیان بۆ کورد راخستوە، بەقسە دەتوانن خەڵکی کورد بۆ لای خۆیان رابکێشن، بەداخەوە ئەویش ناکەن.

لەسەر ئەو مەسەلەیە من هەمیشە لەگەڵ رێبەرانی حیزبی تودە لە دم بەدمە و نووسین دا بووم، ئەم نامەیە کەبەفارسی نووسیومە و دەقی نووسراوەکەش هەر بەفارسی لێرەدا دێنمەوە، نمونەیەکی بچوکی دم بەدمە و رەخنەی دۆستانەی منە لەسەر وەزعی کورد و کوردستان.

بوروی کمیتە مرکزی حزب تودە ایران

رفقای محترم ضمن تقدیم عرض سلام لازم دانستم یا داوری زیر را بعض برسانم چنانکه اطلاع دارید شماره بهمن ماه روزنامه مردم با موفقیت چاپ و منتشر گردید، از اصلاحات شاه گرفته تا ویتنام و هاوانا، وشهید شدن کلهر دانشجو صفحات روزنامه مردم را مزین نموده‌اند. ولی از یادبود بیستمین سال دوم بهمن ماه ۱۲۳۵ جنبش دمکراتیك کردستان خبری نبود.

جای بسی تاسف است از ارامش وخلیل ملکی گرفته تا بورژوازی ملی و غیر ملی، سوسیالیست و روحانی و حزب ملل اسلامی اسم ومقام انها و دفاع از ایشان در مطبوعات وبرنامه های حزب تودە ایران بطور بارز مشهود است، از گونگو وانگولا امریکای لاتین گرفته تا پاکستان و عدن و عمان و بحرین در روزنامه مردم مورد تفسیر قرار میگرند، ولی از جنبش دمکراتیك خلق کرد در ایران کەبارها مورد تائید خود حزب قرار گرفته و بەبخشی از جنبش ضد امپریالیستی خلقهای ایران از ان یاد کردەاید اسمی برده نمی شود، نمی توان این پدیده را تصادفی دانست زیرا موقعی کە شعار درود بە خلق کرد از شعارهای فرقه دممکرات ازربایجان بمناسبت بیست سالگی بە دستور رهبری

حزب حزف میشود، معلوم است یادبود جنبش دمکراتیك خلق کرد دیگر برای رهبری حزب مطرح نخواهد بود.

یا اینکه در تقویم بهمن ماه روزنامه مردم از یورش به دانشگاه گرفته تا کشته شدن یك دانش اموز وتولد یك شاعر گنجانده میشود ولی دوم بهمن ماه ۱۳۲۵ کردستان اقلا بعنوان یك واقعه هم در ایران: حساب نمی اورند.

بعقیده من روز دوم بهمن ماه کردستان اگر برای تهیه کنندگان تقویم روزنامه مردم باندازه، یورش بدانشگاه در تاریخ مبارزات ضد امپریالیستی خلقهای ایران اهمیت نداشته است و به عنوان یك روز تاریخی شایسته یادبود یا درج در تقویم روزنامه مردم تصور نشده است، در نزد ازادیخواهان ایران و بویژه در نظر خلق کرد یك روز پتر افتخار تاریخی تلقی میشود و الهام دهنده، مبارزه ضد امپریالیستی خلق کرد بشمار میرود.

اجرای این سیاست تا چه اندازه برازنده، یك حزب مارکسیست لینینیستی و به وەحدت عمل و همکاری نیروهای ازادیخواه و ضد امپریالیستی خلقهای ایران کمك میکند، اینده قضاوت خواهد کرد.

باتقدیم احترام: حسامی ۱۹٦٦/۳/۱۲

نامەی شەهید سولەیمانی موعینی

دەنگ و باسی هەرا و راپەڕین لەکوردستانی ئێران دەگەیشتە ئەوروپا، پاش بەستنی کۆنگرەی دووی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەنێو ئەندامانی حیزب دا ناکۆکی پەیدا دەبێ، شەهید سولەیمانی موعینی لەگەڵ دەستەیەکی چەکدار وەك کادری ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئێران و بەچەکەوە لەکوردستان دەسووڕێتەوە و تێ دەکۆشێ هەر لەو کاتەدا ڕۆژنامەیەکیش بەناوی (ڕۆژ ئۆرگانی لقی سێ حیزبی دیموکرات) بەڕۆنیۆ بڵاو دەکاتەوە، برادەرانی لەکوردستان بوون سێ ژمارەیان بۆ من ناردبوو،

لەنێوەرۆکی رۆژنامەکە لەنامەی کاك سولەیمانەوە دەردەکەوێ کەسولەیمانی موعینی کاتێکی لەکوردستانی ئێران بووە هیچ پێوەندی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و دار و دەستەکەی نەماوە و سیاسەتێکی سەربەخۆی گرتۆتە پێش.

کاك حەمەدەمینی سراجی و شەهید سمایلی شەریف زادە و سالاری حەیدەری و چەند لەبرادەرانی تر کەباڵی چەپی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون لەو کاتەدا لەکوردستانی عێراق لەناوچەی پشتدەر دەمێننەوە، بەڵام لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق نێوانیان نابێ.

زستانی ساڵی ١٩٦٦ بەهۆی برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقەوە نامەیەکم بۆ هات، لەپێچانەوە و ژاکان و چڵکنیەوە دیار بوو ئەو نامەیە لەدوورەوە هاتووە و ماوەیەکی زۆر لەرێگادا بووە، نامەکەم کردەوە خەت و ئیمزای شەهید سولەیمانی موعینیم ناسی، ماوەیەك لەخۆشیان حەپەسام چاوم روون بۆوە، مات بووم، کاك حەسەنی قزڵجی کەلەلام دانیشتبوو پرسی:

– ئەوە چییە؟ بۆ وا مات بووی؟ لەکوێوە هاتووە؟

– نامەی سولەیمانی موعینییە.

– بەخوای کارێکی باشی کردووە، ئا توخوا بزانە چ دەنووسێ، لەچی دان، باس و خەبەریان چییە؟

– نامەکەم کردەوە و دەستم کرد بەخوێندنەوەی، ئێستاش لێرەدا دەقی نامەکە بەبێ دەست لێدان و دەسکاری رێنوس و رێزمان بەئامانەتەوە دەینوسمەوە.

نامەی شەهید سولەیمانی موعینی

نەسرەوتن تا سەرکەوتن

بۆ هاوڕێی لەمێژینە و خۆشەویستم کاك کەریمی حسامی، وێڕای سڵاوێکی برایانە و ئاگرین هیوادارم ساغ و سەربەرز بێ بۆ تێکۆشان لەرێگای ئازادی گەلی هەژار و

چەوساوەمان دا، برا گیان نامەوێ بەرێگای دیپلۆماسی گەل فریوانەدا بدوێم، تەنیا بەشێوەی کوردەواری پەتی و بەزمانێکی برایانە و خۆمانی دەمەوێ تۆزێك بدوێم ئەویش نەبەو مانایەی تۆ تووڕە بکەم بەلکە تەنیا بەنامەیەکی برایانە و گاڵتەوگەپی ناوخۆیی دابنێ کەکاتی خۆی لەتاران دامان نابوو، بەو رۆژانە کەهەستان و بزوتنەوە سەرخۆشی کردبووین ئارامان لێ برابوو هەر دەچوینە پێش بەبێ تورمز بەرەو دوژمن لێدانمان دەخوارد، سەرمان دەتاشرا، پیوی هەموو شتمان لەخۆ دابوو تێ نەدەوەستاین بەبێ لێ پرسینەوە لغاوی خۆمان دابوە دەستی سواری بێ انصاف کەبێ بەراورد بەسەر هەموو پاردە و پەرژینێك دا مەیدانیان پێکەوە دەپێچا، جارجار تۆ بەسەرمان دا دەهاتی کەبچین ئەو هەشتا تمەنە دراوەی کەخانمی ئاسوری بەناوی کرێ خانوو لەئێمەی گل دابۆوە وەری گرینەوە، خانمی زار شڕ و دەم درِاو بۆ قازانجی خۆی چی بەسەر دێناین و تۆ چۆن دەبەزی و راد دەگرد.

پەردە گۆڕا دنیایەکی رەش و تاریك شەوە زەنگێکی سامناك و ترسێنەریان پیشان داین بۆیان ساز کردین، بۆیان دروست کردین بەدەستی خۆیان لەو زەلە و گۆمەیان هاویشتین، لەجیاتی بمانهێننەوە دەر پێیان دەگوتین سەرتان بەدەرەوەیە جوانتر خۆتان قوم بکەن و لەزەلی نەمان دا نقوم بن دنیای مستی گرێ گرێ مان ورەی شێرانەیان پێ نەهێشتین جیهانی چیرۆکی فیستیوالّی تۆیان کردە دنیایەکی شین و گابۆڕ و بەسەر دادانی قولی و وەلی کەوتینە ژێر کاوڵاشی زبر و سەر گوێلکان، لەسابلاخ خۆمان گرتەوە، سەرمان لێ سووڕ مابوو نەمان دەزانی چ بکەین، پێمان وابوو دیسان هەر دەبێ مستمان گرێ کەین و ناوچاوانمان تێك بنێین ئیتر کارمان تەواوە وەختایەك لەو کاتەدا تۆ بەنەقڵ و نەزیلان سەرگەرمت کردبووین لەماڵە خانمە خانمی بۆ هەر قسەیەك چیرۆکێکت دێناوە و مەسەلەیەکی کوردەواریت دەخستە بەر چاومان قاقامان بەری رۆژی

دەگرت خەبەرمان بۆ هات چل داخ یان بە مەحمودی خسرەوییەوە ناوە لەسەر بەیانێکی کەبلاومان کردبۆوە، ئەو جار زانیمان قولی[٢] ئەو قولییە نەماوە دەبوایە هەر ئەو دەم خۆمان ساخ کردباوە کەبابە هەیاران ئەو هەڵتوز داتوزەی ئێمە وەك دەعبای ناو قەفەس وایە، بەڵام هەر تێ نەگەیشتین ئەمما دەترسین، ترس بەجۆرێك، ئاگات لێ بوو بەچ شەوێك راپەڕین و هەڵاتین کەتۆ چەکدارمان بووی، بازوکەی تانك شکێن تەوەر داسێکت پێ بوو کەگورگ نەمانخوا، بەفری بەسریمان بەو شەوە بڕی، لەقاوەخانەی سارد و سڕدا سەرمان کردەوە، بەیانی وەك ئێسکی موکان بەفرمان دەبڕی و بەحاڵ خۆمان گەیاندە قەرەبلاخ، مەبەستم ئەوەیە ئەوانەت لەبیر ماوە یان بڵێم نانی جوتیاری قەرەبلاخ لەئەوروپا رەشت کاتەوە و ژیانی پڕ لەچەرمەسەری وان خوا گیرت کا کەخۆت لەخۆشی و کەیف هاویشت و مەیدانت چۆڵ کرد، پێت وابوو ژن و منداڵت بژین لەگەل و نەتەوەیەك باشترە، یا ئەو دەم ئەستێرەیەکی رووت نەبوو، دوای ئەستێرەی شانست کەوتی و دۆزیتەوە، بەڵێ ئەوروپا خۆشە بەتایبەتی ناو گەلێکی ئازاد و بەختیار، دوور لەچەوسانەوە ئەمما ئەوەندە لەزەتەی نییە کەبەترس و لەرزەوە نان دەخۆی و قسە و باسێکی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ ئینسانێکی چەوساوە و بەشخوراو دەکەی وەمژدەی بەیانی روون و ئازادی پێشکەش دەکەی.

مام حەمە کەریم بەڵێ وایە با لەخۆشت بگۆڕی بۆ سۆزی تاقە فەردی نالێ پشیلە دەمی ناگاتە گۆشتی دەڵێ سوێرە، نا وانییە منیش هەر لەو سالانەی کەباسکرا دنیای دەرەوەم بۆ خۆش بوو، ئەمما نەمگۆڕیەوە چونکو دەبێ:

گر چرخ بکام ما نگردد کاری بکنیم تا بگردد

بژین، کۆڵدان قوچاندن سەر دەرباز کردن بۆ زگ و ژێر زگ هەوڵدان، خۆ دەراویشتن و چوون بۆ دنیای خۆشتر و لەدنیای خون بێ خەبەر بوون نابێتە نان

---

(٢) مەبەست لەحکومەتی شایە.

و ئـاوی گـەل، مـرۆڤ نابێتـە مرۆڤێکـی تێکۆشـەر بەهـەڵاتن، فەلسـەفە هەرچـەند بناوان و بنجێکی هەبێ وەعەمەل نایە هەڵدەوەشێ، ئـەو فەلسـەفەیە دەچەسـپێ کەلەسـەری بـێ شـوێن بەشـوێن کـوز بـەکوز چـیا بەچـیا بیگێـڕێ و بـەراوری لێ وەربگرێ، جا لێرەدا وەنەبێ مەبەستم ئەتۆ بێ، ئەگەر هەر تـۆ بـێ چـارەت دێ، ئەمما هەر تۆ نی، پازدە بیست هەزار نـان خـۆر و سـەربار بـای دەدەن و زگیـان تێر دەکەن و ژێر زگیان وەك ژێر زەرگـی دەرویشـەکانی سـەیدی زەنبیـل وەکـار دەخـەن و لـەهیچ ناوەسـتن، (هەرچـی لەپێشـم تێـی کێشـم) بۆتـە گـەورەترین فەلسەفە، شەو و رۆژ و جاربەجار ئەگەر کەوتنەوە سەر شعور دەستێك بـەسمێڵ دا بێنن و دەڵێن دەبێ پرولتاریـا رزگـار بـێ و ئێـران ببێتـە بەهەشـتی رزگـاری و ئازادی وادەکەین و وا بچێت، ئەمما توخوا ئەگەر لینین زیندوو بێتەوە چییان پـێ دەڵێ، خـۆ ئەگـەر پیـاوێکی خـەیاڵی بـین بـۆ دەبـێ ئـاوا روحـی لینینـی گـەورە لەگۆڕدا ناڕەحەت بکـەین، کـوا لیـنین گوتویـەتی سـەرکردایەتی حیزبـی گـەلێکی ئـازاد نـەکراو بچـێتە نێـو مانگـێ لـەوێڕا مزگێنـی ئـازادی بەئـەمواجی رادیـۆ یـا جەوهەری سەر کاغـەز ئـەویش دەنگـی هەیـە و رەنگـی نییـە بەشـەپۆڵی رادیـۆی بەمورسی تۆ کەدەڵێ H–یو–ال... ئـەویش ئەگـەر رادیۆکـە پـارازیتی نەکەوێتـە سەری رزگار بکا، یـا رابـەرانی پرۆلیتاریـا ئـەو چـینەی کەلەسـەر شـان و بـاهۆی لەسەر بیر و راوێژ دنیایەکی نوێ ساز دەکرێ و گـەورەترین جیهـان بینـی سـەدە بەژمار هاتوە و دیت ئـاوا لێ قـەوماو و بـێ سـەرەو بـەرە بـن، ئێمـە بـەو هـەموو سەرقاڵی خۆمان غەمی وانیشـمان بەسـەرەوە بـێ و رێگـای رزگاریـان بـۆ خـۆش بکەین.

پەردە گۆڕا دنیایەکی لەنەزەر زۆرانەوە گۆڕا مارکسیزم کەوتە ژێـر پێـی جـەلابان و ناوەندی چاڵ و دەریای قزلقەڵا، رابەر و مابەر تاقەتیان لێ بـڕا، وەك سـکەیەکی قەڵب دەستیان کرد بەدامالێن و فڕێدانی چەکی مارکسیزم و عەمەلـەن فرۆشـتیان

بەدوژمن، بەجارێك دوژمنیان دەولّەمەند و بەهێز کرد، وایان لێ کرد ئیتر هیچی دەگەلّ نەدەکرا، ئێمەش ئەو کوڕە نەبوین پیاوەتی خۆمان بەدنیا نیشان بدەین، وەك پیرێژنان بەر بوینە ورتە ورت و زکر و تەهلیلە و خۆ بەقەزا و قەدەر سپاردن، ئەو پیاوە باش نییە یەکی دی باشە، تا سەرمان بەگۆمی دا چوو چوار دەست و پێ کەوتینە دەست و داوی دوژمنی بێ روحم و قەردار، دەلیّدە و لیّدە و هاو هاوار، ئەوەی جەوهەری هەبوو مارکسیزمی بوو گەل چووبوە ناو مێشك و خوێنیەوە وێ کەوت و ماوە و زیانی دیت و سەقەت بوو، ئەوەی عیلمی مارکسیزمی بۆ سوودی خۆی لەگیرفانی نابوو، بێجگە لەئافەرین چەپۆکێکی پێ دانەدرا بز بز بەقونە دزە دەهاتەوە مالّی خۆی بەریشی پرۆلیتاریا پێ دەکەنی، سرت خور پەردە هەلّدراوە، با بچینە کۆبوونەوە، بڕۆ بۆ قزلقەلاّ، وەرە دەرێ چەقۆیەك لەگیرفان دا، ئایا حیزبێکی شۆڕشگێڕ بیروباوەڕێکی بەقسە شۆڕشگێڕانە دەبێ وابێ؟ پاش وەی دە بەیان دەرکرا لەسالّی ١٣٣٣ کە شرایطی عینی و ذهنی ئامادەیە تازە پەشیمان بینەوە بلّێن ئامادە نییە، مەگەر شرایط نابێ ئەو پێشڕەوانە بیخولّقێنن و دروستی کەن یا هەر دەبێ هوردوی سوور بێتەوە جا رزگار بین.

ئامانجم لەو قسانە ئەوەیە نەبادا رابوردوت لەبیر چوبێتەوە وەبیرت خەمەوە ئێستاشت بخەمە بەرچاو لەسەر ئەوڕۆ قسە بکەی و بەرنامە داڕێژی، هەر رابردوو دوژمنمان لەبیر چوبۆوە، دەممان لەدەمی یەك نا، ئەوە مونحەریفە ئەوە لای دا سازش کارە، ئەوە بیرویاوەڕی سەرمایەداری پەیدا کردوە، ئەوە ناسیۆنالیستە، ئەوە شۆڤێنیستە، ئەوە متعصب و نەزانە، بەلّێ دەورەیەکیش بەوە گوزەرا تا بانگی چەکدارانە درا لەو میدوە بۆ ئێمە لەو دیو بەرژەوەندیەکی باش بوو کەقولی[٣] بەهێزە ئێمە حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەبێ ڕێکخراوێکی

(٣) قولی- مەبەستی رژێمی شایە.

شۆڕشگێڕمان هەبێ، لەبەرامبەر ئەو دوژمنە سەرسەختە کەچوار فیشەکی لەخۆ داوە با ئێمەش بیکەینە پێنج فیشەك یەکمان لێ دەگرێ چواران بگرین، دووەمان لێ دەکوژێ دەی لێ بکوژین، دەستمان کرد بەو بەزم و هەرایە بەشێوەیەکی کەبۆ خۆمان دەمانزانی فێری ببوین خوێندبومانەوە عەمەلمان کرد، بەرەبەرە روحی میللەتمان زیندوو کردەوە، لەبەرامبەر قولی و پیاوەکانی دا راوەستاین، لەسەر ویستی خەڵك حیزبمان نیشان دا، گوێ و لوتی فسوسەکانمان بڕی، مەحکەمەمان لەوڵات دانا بۆ خائین و فسوس، ترسی لەحیزب زیاتر بوو تا قولی، ناچار کشانەوە ئێستا لەدەرەوە لەزۆربەی ناوچەکان شکایەت و چەکداری ئێمەی لەسەرە، هەر ناتوانێ بێتە دەر مەگەر بەپاپانەوە و خاتری عەباس و حسێن نەبێ، لەسەر یەك وایە، وەزعی ناوخۆشمان دیارە باشە کەوایە ئەمما دیسان ماومانە، چونکو سەرە خەر و پیاوی کەلە و لی کەوتو و خۆ بین هەر ماوە کەدەیانەوێ وەك رابردوو بەبێ مقصد لێ خوڕن لغاو هەڵ ناگرن ئەمما هەرچی دەکەن بۆ هەر جێگایەك دەڕۆن، یا وەك کەری غەریب سەر لەهەر دەرگایەك دەنێن لغاویان بۆ حازر کراوە، لوشکان داوێن ئەمما لمبۆزی مبارکیان شکاوە برەم برەم و بگرە و دەرکەی جاران نەماوە، ماخولیا بوون و پەکیان کەوتوە، لەحاڵی دەستەو ئەژنۆ دانیشتن دان و بەو زوانە یخ دەخۆن، زەمینەی هەموو شتمان ئامادەیە، هەر تەنیا لەسەر مەسەلەی ئەو دیو راوەستاوین لایەکی وەلایەکی کەوێ دیلە زەرد[٤] دەزگای قولی وەزەلزەلە دەخەین، ئەو ترس هەرایەی هاویشتویەتە دڵی خەڵك بەتایبەتی لەدەرەوە نایهێڵین، بەدرێژایی سنوور تەنیومانە، بەجارێك بەسەری دا دەڕوخێنین بەڵام تا ئەو دەم حەز دەکەین هەموو لایەك بەشداریمان بکەن تا نەتیجە زۆرتر بی، ئەگەر ئەوانیش نەیکەن ئێمە بەبیروباوەڕێکی جوان و اصولی کەهەر خۆمان لەبەرچاو نییە

(٤) دیلە زەرد– مەبەستی رژێمی شایە.

لەجاران جوانتر دێینە مەیدانی عەمەلەوە جا ئەوانی دی هەرچی ئارەزوی هەبێ با بێتە سەر حازری قبوڵی دەکەین، فیدایی زۆرە، ئەمما بەنیسبەت ئەوەی دەیکەین بەناشکوری نەبێ زۆر تەواو نین، دیسان هەر خۆ کۆ دەکەینەوە.

ئەوەی بوو بوو، دەنا لەسەگ و گورگەکانی قوڵی تەواوی دەکەین و بەخۆیانیانەوە دەنێن، بۆ ئەو مەتڵەبە رۆژنامەیەکمان بۆ ناردن لەوێدا لەو گۆشانە دراوە جا ئەگەر پێت دەکرێ بۆمان بخوێنەوە، دەزانم وایە و قسەشت رەواجە، لەدوارۆژدا شتێکت پێ دەکرێ بۆمان، ئەمما مام حەمە کەریم ئەگەر شەهید بوین غەمان مەخۆ مەڵێ بەخۆڕایی چوو ئێمە دەمانەوێ رێگا خۆش کەین حیسابمان کردوە لەبەرامبەر هەموو هێزی قوڵی بەرهەڵستمان پێ دەکرێ و دەتوانین گەورەترین زەربەتی لێ بدەین کەلەو دوو هەزار و پێنج سەد سالّەدا وای لێ نەدرابێ و تەئسیرێکی قوڵی هەبێ لەهەموو ولّاتی قوڵی کەبەئی خۆی دەزانێ، ئێمە زۆر نارەحەتین دەمانەوێ کاروباری ئەو دیو یەکجاری تەواو بێ، جا ئێمەش شان بشەکێنین باوەڕیشت هەبێ لەعیلمی خۆمان بەتایبەتی ئەمنی کەللەپڕ لانادەین بۆ عیلم تەجروبە دروست دەکەین هەروا کەشکی نییە زانایانە و عادلانە بەبێ ئەوەی خۆمان لەبەرچاو بێ دێینە مەیدانەوە.

ئەو قەدەرە چوومە ولّاتەکەت دوو شەو لەرادانە مامەوە، ئەگەر وەبیرت بێتەوە چیرۆکێکت بۆ گێڕامەوە هەر لەبیرمە، برادەرەکانت لەنەغەدە سەلامەتن سلّاویان پێ دەگەیاندی، ئێمە کەچوین بۆ ئەو ناوچەیە دوو لەل شێست چەکدار بووین جەولەمان کرد ئەو برادەرانەمان لەدەرەوە دیت، هاتن بۆ لامان، وەزع زۆر زۆر باشە ئێ ناوچەکان بەتایبەتی ناوچەی موکریان و تەواوی سنورەکان تا دێتەوە نێزیکی لای ئێوە، ئەمما ئەگەر نێزیك بیتەوە ئەوەی مقصودە خەبەرت بۆ دەنێرم، سلّاوی برادەرانی ئەوێ دەگەیەنم، زۆر سەلامم هەیە بۆ براژن، بلّێ برا و مراکانی هەموویان ساخ و سلامەتن، لەپۆلّا قایمترن لەجاران زۆر دلّگەرم تر

سلاّویان بۆی هەیە، چاوی منداڵەکانت نازانم چی و چت هەیە ماچ دەکەم، دیارە ولاّمی نامەکەش ئەگەر نارد‌ەوە بەهۆی هاوڕێیانی حیزبی شیوعی لقی کوردستان لەعێراقدا بۆم دەنێرییەوە.

سەربەرزیت ئاواتمە، بەهیوای سەرکەوتن.

برات سولەیمانی موعینی یا فایق ئەمین

١/ رەزبەری ١٣٤٤ هەتاوی

بەخوێندنەوەی نامەی کاك سولەیمان، جارێك و دوو جار حاڵەتی جۆر بەجۆرم بەسەردا هات، لەلایەك خۆشحاڵ بووم کەهاوڕێ و برادەرێکی فرە خۆشەویست پاش چەند ساڵ دووری نامەم بۆ دەنووسێ.

لەلایەکی ترەوە ناڕەحەت بووم کەسولەیمان هەموو رەوەندی دوورکەوتنەوەی منی نەنووسیبوو، بەڵام گوتبووی (مەیدانت چۆڵ کرد).

لەلایەکی تر خەفەتی گەورەم ئەوەبوو کەهومێدێکیان بەمن بوو بۆ یارمەتی لەکاتێکا هیچم لەدەست نەدەهات، تەنانەت برادەرانی حیزبی تودە رێگایان نەدام کەرۆژنامەکەی سولەیمان لەرادیۆ دا باس بکەم و بیخوێنمەوە.

ئەو شەوە لەگەڵ کاك حەسەنی قزڵجی تا سەعاتی دوازدە دانیشتن و داخ و خەفەتی بێ بەشی و بێ کەسی کوردمان دەخوارد، هاتمە سەر ئەوە کەداوا لەرێبەرایەتی حیزبی تودە بکەم پاسپۆرتێکم بۆ ساز بکەن و بلیتی تەیارەم بۆ بکڕن تا بچمەوە عێراق و لەوێوە خۆم بگەیەنمەوە برادەران، کاك حەسەن وەك پیاوێکی دنیا دیتو لەگەڵ ئەو بیرەی من یەك نەبوو، دەیگوت مااڵ و منداڵت بەهیوای کێ بەجێ دێڵی، پراگت لەبیرچۆتەوە پاش دوو مانگان منداڵەکانت برسی بوون، کاری وا پەلەی ناوێ.

ئاخرییەکەی خۆم پێ رانەگیرا، ١٩٦٦/١/٢ نامەیەکم بۆ دکتۆر رادمەنیش سکرتێری حیزبی تودە نووسی و تۆزێکیش لەناوەڕۆکی نامەی کاك سولەیمان

ئاگادارم کرد، تکام لێ کرد کەپاسپۆرت و بلیتم بۆ ساز کەن و رێگام بدەن بگەڕێمەوە سەرێك لەبرادەران بدەم.

هەر لەو کاتەشدا وڵامی نامەی کاك سولەیمانم نووسیەوە و لەرێگای هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقەوە بۆم نارد، لێرەشدا دەقی وەڵامی نامەی کاك سولەیمان بڵاو دەکەمەوە.

دەقی وەڵامی نامەی کاك سولەیمان

هاوڕێ و برای ئازیزم کاك سولەیمان

نامەکەی ناردت نامە بان چاوم، بەناوت قەسەم بۆتان نەماوم، سولەیمان گیان هەر وەك خەون ببینم وابوو، کەنامەکەتم وەرگرت هێشتا نەم کردبۆوە زانیم نامەی تۆیە، کەکردمەوە و چاوم بەدەست خەتت کەوت گەشامەوە.

ئاواتیشم هەر ئەوەبوو کەئێوە ئاوابن، ئێستا دەمەوێ لەچەند بەش دا وەڵامت بدەمەوە، بەر لەوە کەدەست بەنووسین بکەم، دەمەوێ هەر بەسوننەتی راستی و پاکی کەلەخۆمی دا شك دەبەم و ویژدانیشم بەو ئاسودەیە، پێت بڵێم نیازم ئەوە نییە بەنووسینی ئەم وڵامە دڵت بێشێنم، نیازیشم ئەوە نییە کەخۆ رابنێم، مەبەستیشم نییە داخوا ئێوە گاڵتە بەقسەکانم دەکەن یا بەقسە و بیروباوەڕی هاوڕێیەکی حیزبی لەجەرەیان دووری دەزانن و ئەگەر بەکار هات کەڵکی لێ وەردەگرن.

هیوام وایە کاتت بێ نامەکەم بخوێنیەوە و سەرنجی بدەی، با نامەی هاوڕێیەکیش بێ وەك تۆ دەنووسی (مەیدانی چۆڵ کردبێ).

الف- سولەیمان گیان! ئەوانەی تۆ لەلاپەڕەی هەوەڵ و دووهەمی نامە جوانەکەت دا بوو بیرەوەری نووسیوتن، هەمووم لەبیرن و هەرگیز لەبیرم ناچن،

نەك هەر ئەوانە بەڵکو هەموو ئێوارە و سبەینان ژیان و وەزعی رابردووم لەگەڵ ژیانی ئەو وەرزێرانەی کەئەوەی قەرەبلاغ نمونەیان بوو دەخەمە بەرچاوم.

وەزعی دژوار و ناڕەحەتی ئێوەشم دێتە بەرچاو، بەرچاوم تاریك دەبێ و دەڵێم با بچم گوێ بدەمە رادیۆ بزانم بەڵکو باسی کوردستان بکات.

دەنووسی (نانی وەرزێری قەرەبلاغ رەشت کاتەوە)، بەڵام دڵنیام رەشم ناکاتەوە، چونکە نە خەتابارم کەلەوان دوورم، نە لەبیرم بردونەوە، تەنیا وەرزێری قەرەبلاغ نەبوو کەبەقسەی من بەو زستانەی وڵاخی سواری دەدا بەتۆ و برای خۆی دەگەڵ دەخستی تا بتگەیێنێتە سەر جادە و دەرباز بی، هەزاران وەرزێری کورد چونکە دەیانزانی من ژیانم بۆ خزمەتی ئەوان تەرخان کراوە، بەقسەی من خۆیان لەئاور دەخست، بەڵام تۆ!

براکەم! وادیارە چونکە لەلایەك زۆرت کوێرەوەری دیوە و لەلایەکی دیکەشەوە وەك دەنووسی ئێستا چەکدارت لەدەورەن، شتت لەبیرچۆتەوە، یا بڵێم نەتوێراوە خۆ لەراستی بدەی، تۆ لەسەرەتاوە هەموو رابردووەکانم وەبیر دەخەیەوە، بەڵام کەگەیشتیە سەر قەرەبلاغ واز لەبیرەوەرییەکان دێنی و دەنووسی: تەنیا تۆ بووی لەمەهاباد خۆت راگرت، نانووسی: دوایە کەوتیە زیندان و سێ ساڵ لەبەندیخانە دا نمونەی خەبات و خۆڕاگری و دڵگەرمی هاوڕێیان بووی.

نانووسی: لەزیندانیش دا وچانت نەدا، سەرت بۆ پۆلیس و بۆ دەزگای قوڵی دانەنواند، دەیان هاوڕێی باشت لەزیندان ئامادە کرد و بۆ دەرەوەت ناردن.

نانووسی: لەزیندان دا بووی، باب و خێزان و منداڵت مرد و پیرە دایکت سێ ساڵ لەماڵان دەسوڕاوە و ئەوانە هیچیان ئیرادەی تۆیان کز نەکرد.

کاك سولەیمانی نانووسی: کاتێك لەزیندان هاتیە دەر بێ وچان درێژەت بەخەبات دا، کاتێك داوایان لێ کردی کەلەرادیۆ مەهاباد دژی گەل و حیزب قسە بکەی

نەچوویە ژێر بار، تەسلیم نەبووی، دایکی نەخۆش و منداڵی پێنج مانگەت بەجێ هێشت و بۆ گەرمێن هاتی.

کاتی هاتنت بۆ گەرمێن ئەوانەی بەناوی حیزب لەحوقەبازی و درۆ و لادان وا نوقم ببوون، لایان وابوو قارەمانێکیان هاتۆتە لا.

کاك سولەیمان نانووسی پاشان پەردە گۆڕا:

کاتێکی دیتت کەبەناوی حیزب ئابڕوی حیزب و گەلی کورد دەبەن ویژدانت قبوڵی نەکرد و نامەیەکی چەند لاپەڕەت بەهۆی قاسمی سوڵتانیانەوە (کەمال) کەئەودەم وەزیری دەستە راست بوو، بۆ هەڤاڵانی ئەودیو نارد و ئەسپاردت بیدەن بەکەچەڵ (مەبەست غەنی بلوریانە) لەو نامەیەدا وەك تێکۆشەرێکی بەشەڕەفی حیزبی راستەقینەی وەزعت نووسیبوو، بەڵام دەستەبەندی نەی هێشت نامەکەت بەکەچەڵ بگا، بۆ (حیزب)یان[٥] ناردەوە، تێیان هەڵ کێڵای.

سولەیمان گیان دەمەوێ ئەوانەت وەبیر بێنمەوە هەتا نامە و بیرەوەرییەکانت تەکمیل بکرێن، دەی نانووسی ئەو ژنەی تۆ کەباب و برا و مامی لەهەموو کاتێکا وەك پێشمەرگە وابوون، ئەو منداڵەی کەبەپێنج مانگی لەبەر دەزگای قوڵی دەربەدەر ببوو، لەبەغدا برسی دەبوون و گەلێك رۆژ نانی وشکیان نەبوو.

نانووسی ئەگەر کاتی نانخواردن منداڵەکەت دەچووە دیوی (حیزب)! پێش خزمەتەکە (مەلا باقی) دەستی دەگرت و وەدەری دەنا.

نانووسی بەوەش وازیان نەهێنا و شەپی ئەعصابیان دەست پێکرد کەگۆیا ژنەکەم سیلی هەیە هەڤاڵان! دەگرنەوە.

کاك سولەیمان نانووسی: بەوەندەش وازیان نەهێنا، بەهۆی پۆلیسەوە کەوتنە کار، ئەحمەد تۆفیق (حیزب) لەگەڵ ئەو مەکتەبە سیاسیەی کەئێستا پەلاماری دەدەن کلکیان لێك هاڵاند و پۆلیسیان بەدوادا دەگێڕا کەبت دۆزنەوە.

---

(٥) حیزب، مەبەست ئەحمەد تۆفیقە.

نانووسی پەردە گۆڕا، ئێمە هەڵاتین و هاتین بۆ عێراق، چونکە کاریان پێمان هەبوو، لەپێش دا کەبەدەرکراو خۆ دۆڕاو ناویان دەبردین کراین بەوەزیری دەستە چەپ، بەڵام هیچ نەمان گوت ئەو کەریمەی کەهەموومان دەیناسین لەکوێیە و بۆچی وای لەگەڵ دەکرێ.

کاك سولەیمان چاوەڕوان بووم لەنامەکەت دا ئەوانە بنووسی، ئەوانەشم وەبیر خەیەوە، جا ئەو دەم دڵخۆش دەبووم، دەمگوت شوکر ئەوە یەکێك پەیدا بووە کەهەموو شتێکی لەبیر ماوە.

ویژدان وەخەبەر هاتوون، بەڵام بەداخەوە تۆ ئەم واقعیەتەت نەنووسیون، تەنیا دەنووسی (مەیدانت چۆڵ کرد) بەڵام نانووسی بۆ چی و سەبەب چ بوو؟

دەنووسی: پێت وابوو ژن و منداڵێك بژین لەگەل و نەتەوەیەك باشترە، کاك سولەیمان تۆ باش دەزانی من جارێك باب و دایك و ژن و منداڵم کردە قوربانی گەل و میللەت، ئەوەش پاداشتم بوو.

سولەیمان گیان بێجگە لەوە هومانیزمیش بۆ هەموو تێکۆشەرێك پێویستە، مەسەلە ئەوە نەبوو ژن و منداڵم دەمرن یا دەژین، مەسەلە ئەوەبوو دەیانویست بەدیاری بۆ دەزگای قوڵیم بنێرنەوە، دەستم نەدەگەیشتەوە کوردستانیش.

تۆ ئەوەت نەنووسیوە کەبۆچی ئەحمەد تۆفیق و سالحی خوارزای مەلا مستەفا و پۆلیسێکی عێراق بەدوام دا دەگەڕان و بمگرن، چم کردبوو؟

هەر ئەوە نەبوو کەدەمگوت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ حیزبێکی پێشکەوتوو، دژی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم و دژی بیروباوەڕی ئانتی کۆمۆنیستی بێ؟

ئەوانەت نەنووسیون، بەڵام تۆ باش دەزانی کەمن نانی بەترس و لەرزیشم خواردووە، نەترساوم، قسە و باسی ئازادیشم بۆ وەرزێرەکان کردووە.

ئەوانە بوون بەشی هەولّی نامەکەم لەمەڕ بیرەوەری و رۆژگاری رابردوو، ئەوانەم بۆیە نووسین کەنامەکەی تۆ تەکمیل بێ و تۆش لەبیریان نەبەیەوە.

ب- دێمە سەر باسی بەشی دووهەمی نامەکەت

برام دەنووسی: گر چرخ بکام ما نگردد- کاری بکنیم تا بگردد

چەندە جێگای هومێد و خۆشییە بۆ هەموو کوردێك، لاوەکانی کورد هەر دەبێ ئاوا بن، بەڵام تۆ لەبارەی خۆتانەوە واتە کورد و کوردستانەوە قسە دەکەی، یەك سەر دەست بەرەخنە و مەحکوم کردنی ١٠-١٥ هەزار هەڵاتوو دەکەی، زۆر خۆت بەوانەوە ماندوو دەکەی، لام وایە بێ جێ نابێ کەبڵێم:

بەتۆ چی (لێرەدا مەسەلەیەکی سەیری دێهاتیم لەلایە، بەڵام درێژە) بڕوام بەوە هەیە کەخۆتان ئێستا خاوەن تەجروبەن، لام وایە زیانی نییە کەتەجروبەی منیشی لێ زیاد بکەن، ئەویش ئەوەیە بەخەڵکەوە ماندوو مەبن.

ماڵە محەمەدی دوو ئەوەندەش هەڵدەهاتن، کابرا هەڵاتوە، وازی هێناوە، وای پێ باشە، ئێوە بۆچی بەمەوە ماندوون؟ ئەگەر ئەوان هەڵ نەهاتبان کوردستان خودموختاری وەردەگرت؟ بەخەڵکەوە ماندوو بوون، پەلاماردان، داخوا یارمەتی بەکاری ئێمە دەکا؟ لات وانەبێ من دیفاع لەهەڵاتوان دەکەم، لەبەر ئەوە نییە، بەڵام لام وایە ئەوڕۆ هەرکەس دەبێ خەمی خۆی لەبەر بێ، بەتایبەت کورد.

ئەوان ئەوە لەسەر ئاخوڕی خۆلا دەلەوەڕێن، رێبەری پڕولیتاریان، پێشقەرەوەڵی خەباتن، ئەگەر پارازیت نەبوو دەنگی دوو سێ خۆ بەخێوکەران دێت، وایان پێ باشە، بەئێمە چی؟ ئەوەی لەنووسراوە و چاپەمەنیەکانتان دا بەرچاو دەکەوێ، لام وایە نەرۆژیەتی، نەیارمەتی بەکاری ئێوە دەکا.

ئەگەر پێتان بکرێ کەڵکیان لێ وەربگرن چەند باشتر دەبێ، خۆزیا ئێستا ئێوەش رادیۆیەکی ئاوا بەپارازیتتان هەبایە و دەنگی خۆتان بەدنیا راگەیاندبا، چەندە باش دەبوو، خۆ کەلك وەرگرتن لەوانە مانای ژێردەستی و تەسلیم بوون

نییە، بەڵام بەداخەوە وادیارە هێشتا تەئسیری (لوشك هاویشتنی) بێ جێ و ناەبار لەنێوتان دا بەهێزە.

ج- سولەیمان گیان! پاش حکایەتێکی زۆر کەباسی خەڵکە و هەروەك خۆت دەنووسی: بەهەموو سەرقاڵی خۆمان غەمی وانیشمان بەسەرەوەیە، دەنووسی: ئێستات بخەمە بەرچاو، لەسەر ئەوڕۆ قسە بکەی و بەرنامە دارێژی.

لەپێش دا دەڵێم زۆر سوپاست دەکەم، هەر دەبوو ئاواش بێ و زۆرتریش بۆم بنووسی، بەڵام بەداخەوە من لەئێوە دوورم.

لەدوورەوە هەرچی بڵێم، رەنگە هێشتا لالەوەڕی ئاواتان لەگەڵ بێ کەبڵێ کابرا خۆی لەئەوروپایە و بەقەولی تۆ (لەکەیف دا دانیشتوە و قسەش دەکا).

خولاً بکەم خۆت لەو لالەوەڕانە نەبی!

بەڵام دیسان هەر قسە دەکەم و بیروڕای خۆمتان بۆ دەنووسم، وردە وردە دێمە سەر ئەسڵی مەتڵەب، ئەوانەی نووسیوتن لەبارەی ئامادەیی و پەرداخیەوە جێگای هومێدە و خۆشی و سەربەرزییە، بەڵام لەسەر ئەو باوەڕەم.

١- هەر هەنگاوێك لەو بارەوە بنێن، باشترە بەپرس و را و پەسەندی سەرۆکی شۆڕش مستەفا بارزانی بێ، لەهەلومەرجی ئەوڕۆدا بزوتنەوە بەبێ پرس و پەسەندی ئەو هەڵەیە، خۆ سووتاندنە، هیوادارم ئەوەتان بەباشی لێك دابێتەوە، بناخە و بنچینە و دەست بەکاربوون باشترە بەرەزای ئەو بێ.

٢- باسی ئامانج و داخوازێ سیاسی و تاکتیك و ستراتیژی دەکەم.

سولەیمان گیان دەمەوێ دووپاتەی کەمەوە مەبەستم لەو قسانە ئەوە نییە خۆ رابێنم و خۆ بەزۆرزان و دم راست بزانم، بەڵکو هومێد بەئێوە وەقسەی خستووم، وێ دەچێ ئێوە نامەکەم فرێنش بدەن، بەڵام دیسان با قسەکانی خۆم بکەم، چونکە لەبڕیاری کۆنگرەکەتاندا ناوی کەسانی دیکەم چاو پێ کەوت کەبەجاسوس و دزی و دژی حیزب ناسرابوون و دەرکرابوون، بەڵام شوکر ناوی

خـۆم چـاو پـێ نەکـەوت، بەداخـەوە ئامـانج و سـتراتیژی و تـاکتیکی کـۆنکرێتم لەچاپەمەنیەکانی ئێوەدا نـەدیوە، ئـەوەی زۆر بەرچـاو دەکـەوێ، ئامانجەکـەتان (هێنانە سەر کاری حکومەتی میللی!! دکتۆر مصـدقە) ئـەم دروشمـە وێـڕای لار بوونەوەتان بـۆ لایـەنگری لـەبورژوازی ئێـران لەنووسـراوەکانتاندا خـۆ دەنوێنـێ، پێویستە بڵـێم ئەوەنـدە دروشمێکـی کـۆن و هەڵەیـە کەهـەر نابـێ باسـی بکـرێ، بەتایبەت بۆ کورد، ئەو مصدقەی کەئێستا ئێوە بۆ هێنانەوە سەر کـاری خـەبات دەکەن، کاتێك کەلەسەر حوکم بوو چی بۆ کورد کرد؟ مەسەلەی میللـی لەئێرانـدا هێنـا گـۆڕێ؟ اعتراقـی بـەکورد کـرد؟ چـاپەمەنی کـوردی ئـازاد کـرد؟ ئەسـڵەن بورژوازی ئێران بـەمیللی و بەسـەگبابییەوە قـەت کـوردی بەنەتەوەیـەکی جیـاواز زانیـوە؟ رەنگـە ئێـوە بڵاوکـەرەوەکانی هـەڵاتوەکانی جەبهـەی میللـی کـەم بخوێننـەوە، سـەردەمێك (ئێرانـی ئـازاد) کـەئۆرگانی جەبهـەی میلـلییـە، حیزبـی تودەی ئێرانی پەلامار دەدا کەبۆچی دەنووسـی (خلقهـای ایـران) دەبـێ بنووسـی (خلق ایران) بڵاوکەرەوەیەکی دیکەیان هاواری دەکرد و دەیگـوت: نابـێ یارمـەتی کوردەکـانی عێـراق بـدرێ، چـونکە بـۆ ئێـران زەرەرە پاشـان داوای کوردسـتانی ئێرانیش دەکـەن، بـەکورتی ئەوەیـە نـاوەڕۆکی بیروبـاوەڕ و سیاسـەتی جەبهـەی میللی لەسەر کورد.

بەداخـەوە لـەکۆنگرە مێژوویـیەکـەتان دا! وەهـا بـەو لایـەدا کـەوتوون کـەجێگای ترس و داخە، ئەو تەعریفـەی ئێـوە بـەخۆڕایی و بـێ جـێ لـە (جەبهـەی میللـی و مصـدقی کـەبیر!!)تان کـردووە، خۆشـیان بـڕوا ناکـەن کـەوابن، سـەیر ئەوەیـە کـەئێوە چـاپەمەنی حیزبـی دیمـوکرات بـۆ تـەعریفی جەبهـەی میللـی تـەرخان دەکـەن، بـەڵام رابـەرانی پێشـووی حیزبـی دیمـوکرات و یـار و یـاوەری تـەواوی شۆڕشگێڕ و زەحمەتکێشانی جیهان یەکێتی سۆڤیەتی پەلامار دەدەن.

سولەیمان گیان لێرەدایە لەو بەشەی نامەکەت وەشك دەکەوم کەدەنووسی:

سەرەخەڕ و پیاوی کەڵە و لێ کەوتوو خۆ بین هەر ماون کەدەیانەوێ وەک رابردوو بەبێ مقصد لێ خوڕن، لغاو هەڵ نەگرن، ئەمما هەرچی دەکەن بۆ هەر جێگایەک دەڕۆن یا وەک کەری غەریب سەر لەهەر دەرگایەک دەنێن لغاویان بۆ حازر کراوە لوشکان داوێن، ئەمما لمبۆزی مەبارەکیان شکاوە، ماخولیا بوون، پەکیان کەوتوە، دەستەو ئەژنۆ دانیشتوون و بەو زوانە یەخ دەخۆن، ئەوانە خۆی جێگای هومێدن، بەڵام لەوەزعی کۆنگرەکەتان وا دەردەکەوێ کەوانییە.

بەراستی هێشتا بێ لغاو و سەرەڕۆ زۆر، لەرابردوو تەجروبەتان وەرنەگرتووە ئەو هەموو زەبرەی لەسیاسەت و بەدەنی حیزبی دیموکراتیان داوە، پێیان بەس نییە، ئێستاش بەناوی کۆنگرە ئاوا بۆ زەلکاو شۆڕدەبنەوە کەبەجارێک حیزبی دیموکراتی کوردستانی تێدا نوقم دەکەن، تەنانەت دوژمنانی کوردیش جوڵانەوەی مەهاباد بەنوختە تحول لەمێژووی خەباتی کورد دا دەزانن، بەڵام ئێوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی وەزع و هەلومەرجی ئەودەم، بەبێ لێکۆڵینەوەی وەزعی ئەودەمی ئێران و جیهان، رێبەرانی حیزبی دیموکرات بەقسەی قۆڕ و قولومبە مەحکوم دەکەن، رەخنەیان لێ دەگرن و لەگەڵ (قەدەم خێر) بەراوردیان دەکەن، هەر بەوەش لغاو ناگێڕنەوە، بەگژ (مالّی گەورەش دا دەچن)، ئەوڕۆ لەهەموو نوختەیەکی دنیا گەلەکان بەیارمەتی و پشتیوانی ئەوان بۆ رزگاری خۆیان رادەپەڕن و لەیارمەتی هەراوی ئەوان کەلک وەردەگرن، بەڵام ئێوە کەدیوار بەدیواری ئەوانن و دەتانەوێ بەخێر لەبەرامبەر دەزگای قولی دا راپەڕن لەمصدق تەعریف دەکەن و رەخنە لەیەکێتی سۆڤیەتی دەگرن کەئەوەندە بێ مانایە تەنیا بەو کەسانە دەکرێ کەبەناوی حیزب! هیچ چەپەڵیەیەک نەما نەیکەن، تازە ئەگەر ئەو تیۆریە غەڵەتەش قبوڵ بکەین و بڵێین وەک .....ی ناو جۆگە لەهەموو لایەک دەلەوەڕێن کەلەدنیای ئەوڕۆدا بۆ میللەتانی ژێر دەست مەحاڵە دیسان رەخنەگرتن لە مالّی گەورە قازانجێکی تێدا

نییە، دەردێك دەوا ناکا، یارمەتی بەئێمە ناکە، تەنیا دوژمن پێ خۆشحاڵ دەبێ، جا کەوابوو ئایا لەو بارەوە ئەگەر بتانەوێ لەوێ خۆ بەلایەنگریش نیشان نەدەن، بێ دەنگ بوون باشتر نییە؟ بەڵام بەداخەوە هێشتا تەئسیری لوشك هاویشتن و بێ لغاویتان لەنێو دا بەقوەتە بۆیە وا دەکەونە ئەو بارەوە.

٣- ئێوە بۆ ئەو کارە مەزن و گرنگەی کەخەریکن لەسەر خێران دەستی بدەنێ پاش هیوا و هومێد بەخۆتان و بەگەلی کورد لەکوردستان، دەبێ لەمەیدانی ئێران و جیهاندا دۆست و دوژمنی خۆتان دیاری بکەن و حسابییان لەسەر بکەن و لێکی بدەنەوە، من لەسەر ئەو باوەڕەم لەمەیدانی جیهانیدا دۆست و یاریدەدەری هەموو میللەتێکی ژێر دەست (مالّی گەورە) و کەس و کاری ئەوانن. بەحەق هەموو گەلێك بۆ ئازادی خۆی چاوی لەیارمەتی ئەوانە.

لەمەیدانی ئێرانیش دا بێجگە لەزەحمەتکێشانی ئێران و لەو هەڵاتوانەی کەئێوە هەموو سەروبەندی مەبەستەکان دێننەوە سەر ئەوان، گەلی کورد دۆست و یاریدەدەرێکی دیکەی نییە.

ئەو جوملەیەی تۆ زۆر جوانە کەدەنووسی: (ئێمە بیروباوەڕێکی جوان و ئوسوڵی کەهەر خۆمان لەبەرچاو نییە لەجاران جوانتر دێینە مەیدانی عەمەلەوە) ئەوە سیاسەتێکی راستە، بەڵام نابێ هەر بەقسە بێ دەبێ بەکردەوە ئەو سیاسەتە بەهێزە بکەن، رەخنەگرتن و پەلاماردان، وەك لەکۆنگرەکەتاندا پێشوو بەرەڵا کردووە، یارمەتی بەمەسەلە ناکات، باشترە ئەوان رابکێشن کەلکیان لێ وەرگرن، ئەودەم ئەوانیش بەو هەموو ناتەواوی خۆیانەوە، لەبەرامبەر سیاسەتی راستی ئێوەدا لام وا نییە دووریتان لێ بکەن، بۆ کاری وا گەورە هەرچەندی دۆستان زۆر بێ کەمە، لەو بارەوە پتر لەسەری ناڕۆم، نەوەك لالەوەڕی واتان لەنێو مابێ بڵێ ئەوە پیاوی ئەوانە.

بەڵام ئەوە بیرۆڕای خۆمە، رابردوو هەڵوێست و کردەوەی منی نیشان داوە و دواڕۆژیش دەری دەخات.

٤- ئێمە سەر باسی ئامانج و تاکتیک و ستراتیژی، لام وایە زۆری لەسەر ڕۆیشتم و لامداوە، لەنووسراوەکانی ئێوەدا زۆر باسی ڕووخاندنی ڕژێم و پەلاماردان و زەبر لێ وەشاندن و شتێ وا دەکەن، دیارە هێزی ئەوتۆ شک بەرن جێگای شانازییە، بەڵام نابێ تەنیا مەبەست و ئامانجی ئێوە شەڕ و کوشتن و زەبر لێ دان بێ، لەوانەیە ئەو هێزەتان هەبێ، بتوانن مست لەلاچەنەی قولی رابگرن، بەڵام پێویستە داخوازە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کوردیش بێننە گۆڕێ، من لەسەر ئەو باوەڕەم کەگەلی کورد نابێ بۆ ئەوە خۆ بەکوشت بدا، تاڵان بکرێ، دێهاتی بسوتێنرێ، ئەوە چییە، قانونی ئەساسی و مەشروتە پیسە، زیندوو دەکرێتەوە. یا کۆنە کالیاری مصدق دێتەوە سەر کار، یا بورژوازی میللی بەحکومەت دەگا! یا بیست میلیۆن فارس و تورک قولی خۆیان بڕوخێنن، کورد کەخەبات دەکا دەبێ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی لەبەرچاو بێ کەئەوڕۆ لەهەموو شت بێ بەشە.

ئێوە لەڕۆژنامەی دواییدا مەسەلەی حکومەتی فیدرالّتان هێناوەتە گۆڕێ ئێمەش لەڕۆژنامەی کوردستاندا چەند وتارمان لەسەر نووسیوە، بەڵام ئەوە ستراتیژی کوردە، ناکرێ یەکسەر بۆی باز بدەی، پێویستە هێندێ دروشمی کۆنکرێتی تاکتیکی دنیا پەسەندانە داوا بکرێن، لام وایە ئەگەر قولی ئەو هێزە ببینێ، ئەوەندە ئەحمەق نییە خۆ تووشی ئەو پەت پەتێنە بکا، بەتایبەت وەزعی چەند ساڵی ئەودیو تەئسیری هەبووە، پێویستە ئەو دروشمە تاکتیکییانە بێنە گۆڕێ وەک: ناسینی زمانی کوردی، خوێندن بەزمانی کوردی لەقوتابخانەسەرەتاییەکان، ڕۆژنامە و چاپەمەنی کوردی، ئازادی حیزبی دیموکراتی

کوردستان، ناسینی کوردستان بەواحدێکی رەسمی، ئازادی گیراوە سیاسییەکان و...هتد.

ئەوانە ریزە مەبەستێکن تاکتیکی و دنیا پەسەندانە، تەواوی دنیا لەو مافە دیموکراتیانە پشتیوانی دەکا، دەکرێ هێندێ دروشمی دیموکراتیش بۆ سەرانسەری ئێرانیش رەگەل ئەو داخوازانە بخرێن، خەڵک لەو مەبەستانە حاڵی بکرێ، داوای ئەو مافانە بکرێ کەرەشەکانی ئەفریقاش هەستاندوویانە، لەپێش دەست بەکاربوونداپێویستە ئەم داخوازانە بەدنیا رابگەیەندرێ، نەک هەر کوتوپڕ دوو پۆست و سەربازخانە پەلامار بدرێن بۆ ئەوە قوڵی بڕوخێ و مصدق بێتەوە!

بەداخەوە هیچ یەک لەو دروشمانە لەنووسراوەکانتان دا نابینم، پێویستە بەوردی سەرنجی هەموو ئالۆگۆڕ و سیاسەتی قوڵی بدەن.

سوڵەیمان گیان، هەرچەند تۆ لەمنت نەویستبوو بیرورای خۆم سەبارەت بەوەزعی سیاسی دەربڕم، بەڵام من زۆر یا کەم لەوەزعی وڵات دەکۆڵمەوە، تا ئێستاش لەبەر نەبوونی ئادرێس و نەزانینی شوێنتان نەمدەتوانێ هیچتان بۆ بنووسم، ئەوانە بوون نەزەری من لەسەر خەباتی پیاوانەی ئێوە.

٥- جارێکی دیکەش لەناردنی ئەم نامەیە سوپاستان دەکەم، زۆر سڵاوی برادەران دەگەیەنم، سڵاو لەباوك و براکانی خێزانم دەکەم، کاك سوڵەیمانی هەرچەند بەقەولی تۆ (مەیدانمان چۆڵ کردووە) بەڵام دیسان لەخزمەت بەنەتەوەکەمان هەدامان نەداوە، لەناساندنی گەلی کورد لەبڵاوکردنەوەی وتار و شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لەدەرکردنی رۆژنامە بەزمانی کوردی لەئەوروپا.

بەڵام لەسەر ئەوەشەوە زۆرم پێ خۆشتر بوو وەپێم خۆشترە کەئێستا لەکوردستان بام، لەنێو گەلەکەم لەگەڵ ئێوە قسەی قۆڕمان کردبا، بەڵام چ بکەم لەبەر بێ پاسپۆرتی بەسترامەوە، ئەگەر ئێوە لەو بارەوە هیچتان بۆ

دەکرێ زۆرم پێ خۆشە بۆ گەڕانەوەم بۆ لای ئێوە اقدام بکەن، تەنیا کۆنە پاسپۆرتێك دەتوانێ من بگەیەنێتەوە لای ئێوە، بۆ ئەوەی کەبتوانین رۆژنامە و چاپەمەنییەکانی ئێوە بخوێنینەوە دەست بەکار بووم، جا نازانم چۆن دەبێ، ئێوە خۆشتان لەو بارەوە اقدام بکەن، چەندە باش دەبێ کەنووسراوەکانی ئێوە بڵاو بکرێتەوە نەك هەر زیانی نییە بەڵکو قازانجیشە، لەم دوایەدا لەو بارەوە بۆتان دەنووسم، ئەگەر ئادرێسی دیکەش هەبێ پێوەندیمان زیاتر دەبێ و رەنگە پتر کەڵك وەربگرین.

دەستەکانت دەگوشم، سڵاو لەهەموو برادەران سەرکەوتنتان ئاواتە خوازم.

براتان: کەریم

پاش ئەو نامەیەی من وادەرکەوت کەکاك سولەیمانی موعینی نامەیەکیشی بۆ حیزبی تودەی ئێران و لەرێگای ئەوانەوە نامەیەکیشی بۆ حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتی ناردوە لەتەئریخی ۱۲/ فەوریەی ۱۹٦٦ دکتۆر رادەمەنیش نامەیەکی بۆ ناردبووم کەوا دەقی نووسراوەکە بەفارسی لێرەدا دێنمەوە.

رفیق عزیز حسامی، پس از عرض سلام نامه، ٦٦/۱/۲ شما رسید از اظهار لطف شما متشکرم، درباره، سفر شما به ایران همانگور که باشما قبلا، مذاکره شده است موافقات وجود دارد، اشکال کار پیدا کردن جانشین برای شما در رادیو است، که تاکنون همواره با اشکالاتی همراه بو ده‌است، در باره نامه سلیمان موعینی بوسیله حزب کمونیست عیّراق اطلاع داده شد که ما اماده برای مقالات با اینها هستیم، این ملاقات میتواند در عیّراق یا در سوریه ویا در لبنان صورت گیرد منتظر پاسخ انها می باشیم، نامه ای را که برای حزب کمونیست شوروی فرستاده بودند برای حزب مذبور ارسال شد، اگر شما وسیله مستقیمی دارید میتوانید مراقب بالا رابگ اطلاع سلیمان موعینی و همراهان ایشان برسانید، در

بارە، مسائل دیگر چون رفیق اسکندری عازم انجا هستند خوا هشمند است با ایشان مطرح سازید، موفقیت شمارا همواره اروزومندم.

(رام)

ئەنوەر دڵسۆز و دەنگ و باسی تازە

لەهاوینی ئەو ساڵەدا بوو کاك ئەنوەر دڵسۆز لەسۆفیا پەیدا بوو لەفڕۆکەخانەی سۆفیا خۆی بەنوێنەری مەلا مستەفا ناساندبوو گوتبوی لەعێراقەوە هاتوم و میوانی کەریمی حسامی دەبم، پۆلیس تەلیفۆنی لێ کردم لەناو و وەزعی کاك ئەنوەری پرسی، گوتم وێزای بدەنێ و دێتە مالّی من، پۆلیس وێزای چەند رۆژی دابویە، زۆری پێ نەچوو کاك ئەنوەر بەتاکسی گەیشتە بەر دەرکێ، کەوەدەرکەوتم چاوم بەجانتایان کەوت هەستم بەوە کرد کەکاك ئەنوەر بۆی دەرچووە، چەند رۆژ لەمالّی ئێمە میوان بوو، بەدرێژی باسی وەزعی کوردستانی ئێرانی دەکرد، دەیگوت: مراد شیرێژ هەزار کەسی دەگەڵە و چەند شەڕی کردوون، باسی ئەوەی کرد کەراپەڕیوەکانی کوردستانی ئێران لەناوچەی خانێ پاش شەڕێکی تونـد لەگەڵ هێزەکانی ئێران روو دەکەنە ناوچەی باڵەکان لەکوردستانی ئەودیو، ئەحمەد حاجی بارزانی لەگەڵ پۆلێك ژاندارم و پەلێك بارزانی لەگوندی (ئالانی) دەورەیان دەدەن و یەکیان دەکوژن و سێ کەسیشیان دەگرن و دەیاندەنەوە بەعەجەمان، هەر سێکیان لەخانێ لەدار دەدەن، کاك ئەنوەر دەیگوت: مەلا مستەفا بەتەواوی لەگەڵ شا دەستی تێکەڵ کردووە و دژی جوڵانەوەیە لەکوردستانی ئێران، دەیگوت شۆڕشی کورد لەکوردستانی عێراق تامی نەماوە، بەتەواوی لەبەر دەستی حکومەتی ئێران دایە، هەر بۆیەش بەجێم هێشتوە و دەچم بۆ مۆسکۆ.

ئێمە ئەو دەم قسەکانی کاك ئەنوەر دڵسۆزمان بەدڵ نەبوو، لامان وابوو مەلا مستەفا سیاسەتێکی سەربەخۆ و نیشتمانی هەیە، ئەنوەر دڵسۆز دەیگوت: ماوەیەکە لەبارەگای بارزانی نێزیکم و ئێوە بەهەڵە چوون.

پاش نامەی دکتۆر رادەمەنیشی ئیرەجی ئەسکەندەری هاتە رادیۆ مەسەلەی گەڕانەوەم بۆ کوردستان لەگەڵ باس کرد، ئیرەج لەوەڵام دا گوتی: راستی ئەوەیە کاك حەسەنی قزڵجی ناتوانێ بەتەنیا رادیۆ پەیکی ئێران بەشی کوردییەکەی بەڕێوەبەرێ کەسیشمان وەگیر ناکەوێ یارمەتی بدا و تۆ سەفەر بکەی.

لەگەڵ ئەوەش کەشەڕ لەکوردستانی عێراق توند بوو، رادیۆی دەنگی گەلی عێراق ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق تەواوی بەرنامەکانی خۆی بۆ دەنگ و باسی شەڕ و دیفاع لەگەلی کورد و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکانی شۆڕشی کوردستان تەرخان دەکرد، بەڵام رادیۆ پەیکی ئێران بەهەڵکەوت جاروبار باسی شەڕی کوردستانی عێراقی دەکرد، بەڵام باسی رووداوەکانی کوردستانی ئێرانی هەر نەدەکرد، زۆربەی رۆژان لەدەستەی نووسەران دا کێشەم ساز دەکرد و داوام دەکرد کەدەبێ باسی وەزعی کوردستانی ئێران بکەین، حەمیدی سەفەری بەرپرسی رادیۆ بەو بیانوە کەلەمەرکەزەوە پێی نەگوتراوە دژی پێشنیاری من دەوەستا و باسی کوردستانی ئێران نەدەکرا!

ناچار بووم لەو بارەوە نامەیەك بۆ رێبەری حیزبی تودەی ئێران بنووسم و دەقی نووسراوەکەش لێرەدا دێنمەوە.

رفقای محترم بوروی کمیتەی مرکزی حزب توده، ایران.

سلامهای مرا بپذیرد، لازم میدانم نظر خود را درباره، وضع برنامەی کردی رادیو پیك ایران درباره، اوضاع کردستان عراق باطلاع برسانم.

در این موقع باری دیگر مسئله کرد در عراق توجه محافل سیاسی جهان را بخود جلب نمود واخبار مکرر در باره، شروع جنگ، ارسال نیروهای دولت عراق به کردستان، تهیه واستعمال گاز در جنگ علیه نیروهای انقلابی کرد تشجیع و تسلیح سواران جاش همه، اینها نشان میدهند که دولت عراق میخواهد جنگ خانمان سوزی را در کردستان تجدید نماید، پر واضح است جنگ فعلی کردستان جنگ بین دمکراسی و دیکتاتوری بین جبهه دموکراسی و ارتجاع است صحت این نظر از تمام مطبوعات وانتشارات و گفتار رهبران حزب کمونیست عراق و رادیوی انها و مقالات منتشره در روزنامه پراودا به چشم میخورد.

مدتی است که رادیوی رفقای عراقی برنامه‌های خود را به مسائلی که در کردستان میطذرد، به عهد شکنی های دولت عراق، به توطعه‌های پی در پی علیه خلق صلح دوست کرد در کردستان عراق، به افشاء نقشه‌های مهیلان و ظالمان علیه خلق کرد، به تلاش دولت عراق برای نزدیکی با دولت ایران، به تلاش و تحریکات امپریالیستها و ارتجاع برای تجدید جنگ در کردستان اختصاص داده اند، همچنین درباره، وجدت نیروها ملی در کردستان تبلیغ میکنند.

برای نمونه کلیه اعلامیه‌های بارزانی ومندرجات روزنامه خه‌بات ئورگان پارت دموکرات کردستات در رادیوی صدای مردم عراق پخش میشود.

ولی در تمام این مدت برنامه‌ی رادیوی پیك ایران نه تنها بزبان فارسی به‌لکه بزبان کردی هم در اینمورد بسیار ناچیز بوده است، ممکن است شما بگوئید این مسئله به عراق و به رفقای عراقی مربوط است، ولی بنده مسئله را از جنبه‌های دیگر مطرح میکنم.

اولا، حوادثی که در کردستان عراق میطذرد با وزعی که در انها پیش امده و مرکز تجمع همه، نیروهای مترقی عراق شده است از جبه، داخلی عراق خارج

شده ومسئله مربوط به خاور میانه است، زیرا پیروزی و تحقق خواسته‌های انقلابیون کرد که مورد تائید و موافقت حزب کمونیست عراق هم هست، به معنی پیروزی نیروهای دموکرات در خاور میانه و پایگاه دموکراسی در ان منطقة است.

ثانیا، از این نظر که ایران جزء کشورهای خاور میانه بشمار میرودو هر تغییر و تبدلی که در اوضاع این منطقه بوجود بیایدر در وضع داخلی ایران بی تاثیر نخواهد بود، مسئله کرد در کردستان عراق مستقیما، در کردستان ایران تاثیر خواهد طذاشت وبهم مربوط میباشند.

ثالثا، این پرسش برای من مطرح است، اساسا، به نظر شما جنبش جنبش خلق کرد در کردستان عراق یك جنبش مترقی است یا خیر؟ اگر جنبش مترقی است پس چرا نباید بحد لزوم و بطور سریح از ان پشتیبانی کنیم؟

چرا ما از پارتیزانهای امریکای لاتین گرفته تا قبرس و افریقا در هر جائی که جرقه‌ای ترکید از ان پشتیبانی میکنیم ولی همینکه مسئله جنبش کردستان عراق پیش میاید کلمات **ونظریات** از قبیل: (باحتیاط، بغرنج، دسیسه پیمان سنتو، جریانات خاور میانه و...) سبز میشوند جالب این است که اولا، مسئله مترقی بودن جنبش کردستان عراق وعادلانه بودن خواسته‌های خلق کرد از نظر حزب کمونیست عراق یك مسئله حل شده است، در ثانی پشتیبانی نیروهای مترقی جهان بویژه کشورهای سوسیالیستی از جنبش خلق کرد در کردستان عراق و همچنین اقدامات خصمنانه وعهد شکنان و توطعه گرانه حکومت فعلی عراق با جنبش کردستان و روش **چد** دموکراسی **وچد** ملی ان رژیم دیگر ارزشی این قبیل کلمات را از بین برده است.

با همه، این نه رهبری حزب توده ایران و نه دستگاههای تبلیغاتی ان نه تنها وظیفه، خود را در برابر جنیش کردستان انجام نداده‌اند، بلکه قصور هم ورزیده

اند، انهم ناشی از نداشتن عزم راسخ و اراده، متین دسگاه رهبری در مقابل حوادث داخلی و خارجی است بویژه در باره، مسئله کرد.

برای نمونه مدت چهار سال است در همسایگی کشور ما جنگی در گرفته است طرف نظر از اینکه ماهیت جنگ چیست، ولی جنگی است که مستقیما، روی قسمتی از هم میهنان ما تأثیر میطذارد، تابحال صدها نفر از کردهای ایران دوش به دوش برادران خود در عراق جنگیده‌اند، در این مدت بعلاوه حزب کمونیست عراق که نظریات خود را صریحا (بیان داشته و عملا) هم اقدام نموده است، این مسئله در جلسات احزاب کمونیست کشورهای عربی و جلسات سازمانهای دموکراتیك و محافل مترقی جهان مورد بحث قرار گرفته و اعلامیه‌های متعدد هم در ان باره، صادر شده است ولی هنوز از طرف کمیته مرکزی حزب توده، ایران صراحتا در این باره، اظهار نظری نشده است.

تبلیغات حزب در اینمورد نتوانسته روش صریح و قاطعی در پیش گیرد.

مسئله این نیست که ایا ضروری است برنامه‌های ما مرتبا در باره، کردستان عراق سخن پراکندگی نماید و یا اینکه خاموش باشد، یا اینکه مانند حزب کمونیست عراق هر روز در این باره گفتار پخش نماید، صحبت بر سر این است که ایا نظر رهبری حزب توده ایران در باره، جنگ کردستان عراق چیست؟ جهت گیریش در اینمورد چگونه است؟ اگر این مسئله روشن گردد انوقت دستگاه تبلیغاتی حزب باسانی میتواند در وقت لازم گفتار لازم را در این باره پخش نماید.

پیشنهاد میکنم رهبری حزب توده، ایران در باره، مسئله، بدین مهمی صراحتا، نظر خود را ابراز دارد و رهنمودهای لازم هم به رادیو داده شود.

با تقدیم احترام: حسامی

چەند نامەی تازە گەیشتوو

پاش ئەوەی کەلەنێو ئەندامانی حیزبی دیموکرات ناکۆکی پەیدا دەبێ کاك سولەیمانی موعینی دەگەڕێتەوە بۆ ئێران، برادەرانی حیزب ئەوانەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە و چەپ و دیموکراتیان دەبێ، کۆ دەبنەوە و (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان) دادەمەزرێنن، دامەزرێنەرانی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە: (حەمەدەمینی سراجی، سمایلی شەریف زادە، مەلا ئەحمەدی شەلّماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە، مەلا عەولّای عەبدولّلّاهی ناسراو بە سەرباز، سالاری حەیدەری، سەننارى مەمەدی، سەعید کوێستانی ناسراو بەکاوە) لەو دەمیدا سەنارى مەمەدی لەگەلّ هێندێك لەدەروپشتی خۆی هاتبوە کوردستانی عێراق و لەسیدەکان بنکەیەکی کردبۆوە و پێوەندی لەگەلّ برادەرانی تر گرتبوو لەدامەزرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەشدار بوو.

خەبەری دامەزرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی لەپێشدا بۆم هاتبوو بەلّام بەهاتنی نامەی کاك سەعید کوێستانی ئیتر لێم روون بۆوە کەلەکوردستانی ئێران جولّانەوەیەکی قولّتر لەکایەدایە.

لەوکاتەدا نامەی کاك سەعید کوێستانیم پێ گەیشت لە ٤٥/٦/١٢ نووسرابوو، ئەوەش دەقی نامەکەیە:

هاوڕێی بەڕێز کاك کەریم حسامی، لەگەلّ سلّاوی گەرم و گوڕ دەستت دەگوشم و ساخی و سەلامەتیت بەئاوات دەخوازم، بەخۆشییەوە ئەو رۆژانە کۆبوونەوە بەنێوی (کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان) شتێکمان پێکهێنا و بەسەرکەوتوویەوە کۆتایی بەکارەکانی هێنا، خوا لە (پاراستن) بمانپارێزێ زۆر شت هەیە دەبێ بیزانی و بەنامە ناکرێ.

کۆمیتەکەمان لەحەوت کەس لەکوپە باشەکان پێکهاتووە کەناکرێ لەبەر نەبوونی ئەمنیەت نێویان بنووسرێ تا بۆخۆت دێی و بەتێکڕایی چاومان پێک دەکەوێت، زۆر بەشەخسی تۆ هیوادارین و بەتەواوی لەسەرت ساخ بووینەتەوە و حیسابت لەسەر دەکەین، لەسەر کاك رەحمانی قاسملۆ زۆرمان قسە کردووە، بەبڵاوکردنەوەی قسەکانی ئەحمەد تۆفیق کەدەڵێ ناوبراو گیراوە و دۆڕاوە، هێندێك وەزعی ناوبراو بۆ ئێمە تاریکە، هیوادارین بەتەحقیقاتی زیاتر بەهەموو لایەکمان ئەو مەسەلە روون کەینەوە دیارە نەزەری تۆ بۆ ئێمە لەسەر ناوبراو گرنگە، هیوادارین بێ تعصب لەو بارەوە تەحقیقات بکەی و نەزەری خۆتمان پێ رابگەیەنی، دوایی بڕیاری خۆمان دەدەین.

کاکە گیان پەیکەکە بەپەلەیە و راناوەستێ بەڵکو زوو بگەڕێیەوە لەنێزیك باسی تەواوت لەگەڵ بکەین و بڕیار و بەرنامەی کاری خۆمانت لەگەڵ باس بکەین لەکۆتاییدا سەرکەوتنت ئاواتەخوازین، هیوادارین لەکارەکانمان دا بەپشت ئەستووری رەفیقی وەك تۆ سەرکەوتوو بین و هەر وا بەسەرکەوتنی گەلی کورد تەواو بێت.

برای بچوکت: سەعید کوێستانی

هێندێك درەنگتر نامەیەکی کاك سولەیمانی موعینیم پێ گەیشت لەگەڵ نامە وتارێکی ناردبوو داوای کردبوو کەلەرادیۆدا بیخوێنینەوە، هەروەها رەسمێکی سیامەندی کوڕی ناردبوو، نووسیبووی هیوادارم لەگەڵ کەمالی کوڕت لەسەنگەرێك دا بۆ ئازادی کوردستان تێ بکۆشن.

بێ ئەوەی پرس بەکەس بکەم وتارەکەم بەدەسکارییەکەوە لەبەشی کوردی رادیۆ پەیکی ئێراندا خوێندەوە، ئەوە دەقی نووسراوەکەی لێرەشدا دێنمەوە.

پۆلا دەشکێ بەلام ناچەمێ

خەباتی پڕ لەکۆسپ و تەگەرەی گەلانی ئێران بەناو گۆمی پڕ خوێن و سامناك دا بەرەو پێش دەڕوا، کۆششی بەرین بۆ پێش خستنی کاروانی ئازادی و دیموکراسی ساتێك لەسرەوتن نەکەوتوە، بیری ئازادی لەژێر چنگی دێوی رەشی ئیستبداد و کۆنەپەرستی مێشکی دەکوڵێ و بەرەو ئاوات هانی دەدا.

ژیانی نابەسامان و چەوت و چەوێڵ کۆمەڵی داوەشاندووە و باری هەژاری و چارەڕەشی رەنج بەران کەبەهۆی دەسەڵاتدارانی (هیئت حاکمە) کەبەسەر خەڵکەکەی ئێراندا سەپاوە بەبەرچاودا دێت و دەچێت، داو و تەڵەکەی ئیمپریالیزم هەموو رۆژێ هەزاران کۆسپ تێك دەدا و سەدان بیرتیژ و ماف خوراو دەخاتە بەند و قەرازەوە.

وەرگێڕکەیی و خۆفرۆشی حکومەتی شا بەدوژمنی بەشەرییەت یانی دڕندەی بەدفەڕی ئەمریکا رۆژ بەرۆژ شوێنەواری مالّ وێران کەرانەی زیاتر دەردەخا، جیاوازی چینایەتی و ژیانی برسیەتی و نەخۆشی و بێکاری مەودای بەرین بۆتەوە بەناو ناتۆی سەیر سەیر لەپێشەوە چوونی بەرهەمی نەتەوایەتی و رەنج کێشان بەرگری دەکرێ، لەنێو شەپۆلی پڕ تەوژمی ئەو شێوە ژیانە لەناو خەباتی ژیان و مردن دا لەنێوانی بەشخوراوان و داگیرکەران دا حەولێکی بەرچاو دەبیندرێ کەبێ شك هەموو خەباتکار و تێکۆشەرێك دەخاتە ئەو باوەڕە زانستییە کەبەبێ یەکێتی و خۆ لێك بەستنی هەموو لایە بەشێوەیەکی رێك و پێك لەقاڵبێکی بزووتنەوەیەکی گشتی دا نەبێ چاری ئەو بارە نالەبارە ناکرێت.

دوژمن دەمێکە سنگی لێ بڕیوینەوە رێگای مەیداناری لێ گرتووین، هەڵوێستی توند و تیژ سەرکوتانێ حکومەتی فاشیستی تاران لەرۆژی کۆدێتای خائینانەی ٢٨ی مرداد تا بەئەوڕۆ بەبێ پسانەوە و پشودان بەهۆی گرتن و ئازار و تیرەباران و هەزاران فرت و فێڵی سیاسی بەئامۆژگاری ئەمپریالیزمی ئەمریکا

کردویە و دەیکا، دیسان هەموو کۆرپو کۆمەڵێك دەخاتە سەر ئەوباوەڕە زانایانە کەبەشێوەی چۆك دادان و بێ دەنگی هیچ گۆیەك لەمەیدان نەچێتە دەر دەبێ لەتیۆری خەباتی چەکدارانە پەیڕەوی بکرێت، لەهەموو سوچ و کەلێن و قوژبنێك سەر لەدوژمن بشێوێندرێ و بنکۆڵ بکرێت، بەباوەڕی بنەڕەتی و راستی (مشروتیەت) لەگەڵ دوژمن بدوێن.

لەولاشەوە چاوگێڕانێك بەسەر رابردووی گەلانی دیل و ژێر چەپۆك و تێبینی بیرکردنەوە لەسەر جوڵانەوەکانی ئازادیخوازانەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بۆ قەڵاچۆکردنی خێرای ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ئێمە بەسەر ئەو راستیە دادەخا کەدەست و بردمان سەرکەوتنی تێدایە و دەستە و ئەژنۆ دانیشتن و خۆ بەقەزا و قەدەر سپاردن نەتەنیا رۆژ بەرۆژ دوژمن بەهێزتر دەکا بەڵکو مێژوویەکی رەش و سەرشۆڕانە پێك دێنێ.

قوڵتر لەهەموو ئەوانە لەناو جەرگەی ئیمپریالیزم سێنگی ئازادی دادەکوترێ و گەلێکی چۆك لەبەرامبەر هەژدیهای حەوت سەری ئەمریکا لەوێتنامی قارەمان قوت کردۆتەوە و ئەو چۆکەی بەئیستیعماری فەرانسەی دادا ئیمپریالیسزمی ئەمریکاش تووشی چارەنووسێکی زۆر لەوە شومتر دەکا.

ئیمڕۆ لەئێراندا کەئیمپریالیزمی ئەمریکا بەهۆی حکومەتی چلکاوخۆری شا دەوری ئاغایەتی دەگێڕێ و ماوەی هیچ پشوودانێکیان بۆ کەس نەهێشتۆتەوە هەموو تێکۆشەرێکی ئازادیخوازی خستۆتە سەر ئەو باوەڕە کەهەموو خەڵکەکانی ئێران و کۆڕ و کۆمەڵێك دەبێ لەبەرەیەکی زیدی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستی یەك بگرن و بەخۆ ئاڕاستەکردن و هاتنە مەیدانەوە لەدوژمن بدرێت.

هەر ئەو ئاوات و بەرژەوەندەیە کەبیری تیژی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بن کۆڵ دەکا تا دیوارێکی پۆڵایی لەبەرهەڵست و فیداکاری پێك بێنن

و بەکردەوە بەدوژمن بسەلمێندرێ کەبەپێچەوانەی ئەو بیروباوەڕە ژاراوی و ئازار و ئەشکەنجەیە دەتواندرێ گرنگترین بەرهەڵست و پایەداری پێك بێ.

هاوڕێ مەلا مەحمودی ئەحمەد زادە (زەنگەنە) لەو رووکارە گەشانەی رۆژ بوو کەلەدەمێکەوە چەکی بەدەستەوە گرتبوو خەڵاتی مردنی لەبەر خۆ کردبوو و مەیدانی لەدوژمن تەنی بوو هیچ کات و ساتێك هەدادانی نەبوو خەو و خۆراکی لەخۆ حەرام کردبوو، شەو و رۆژ لەپیلانی سەرکەوتن بەسەر دوژمن دا بوو، لەتەواوی ئەو شەڕانەی کەتێدا بەشدار بوو ئەستێرەیەکی گەش و روونـاك بوو لەریزی تێك بەزیوی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانی ئێراندا.

سیاسەتی چەوساندنەوەی گەل و زۆر لێکردن و پێدادان و راونان و ئیمان بەرەوت و رێگای زانایانەی حیزبەکەی کردبوویە قەڵایەکی نەرووخ و راوەستاو کەلەکاتی شەڕدا بەرەنگار بوون لەگەڵ دوژمنی بەگۆڤەند و داوەت دەزانێ، لەناو ئاواڵە پێشمەرگەکانیدا قاوە لەو شەڕانەی کەبەگژ پێشمەرگە فیداکار و دڵسۆزەکاندا هاتوون، کاك مەلا مەحمود وریاتر و نەبەزانە سنگی کردۆتە قەڵغان، چاوی نەترساوە ئامبازی دوژمن بۆی بووە و راوی ناوە.

داخی گرانمان تیری ئەجەل و گوللەی وێڵ لەرۆژی جومعە ٢١/ رەزبەری ١٣٤٧ هەتاوی سەعاتی هەشتی سەر لەبەیانی لەشەڕێك دا بەرابەری کاك مەلا مەحمود و چەند هەڤاڵە پێشمەرگەیەك لەگەڵ هێزی تاڵانبەری ژاندارم لەسەر جادەی بەیرەم لەچەند کیلۆمیتری شاری قارەمانی مەهاباد روی دابوو بەقۆچی قوربانی گەلە بەشەرەفەکەی و بەو سوێند و پەیمانەی کە دابووی وەفادارما بەپەرۆشەوە ئاواتی سەرکەوتنی بردە ژێر گڵ.

تەرمی قارەمانی کورد ئەو جوستە لەکار دەرهاتووە کەلەژێر باری بەفر و باران و بەستەڵەك و هەڵدێر، لەژێر پاڵەپەستۆی باران و کڕێوە و رنوو گێژەوی تەرزەی کوێستانان بەسەر شاخ و زەرد و ماهی چیا بەرزەکانی کوردستان دا

لێك هالاّ و تەنرا بوو، بەراستی دیمەنێکی دوژمن بەزیوی پەیدا کردبوو، لەپێش ماشینێکی ئەرتەشی قایم کرا، ماوەی سێ رۆژان بۆ تۆقاندنی خەڵکی بەشەرەفی کورد لەشاری سابلاّخ و خانێ و نەغەدەدا گێڕایان و سەروانێك بەقەوڵی خۆیان وتاری خەڵك ترساندنی بلاّو دەکردەوە و دادپەروەری شاهانە و دۆستایەتی ئاریا مهری بەگەلی کورد نیشان دەدا، بەو خۆ نیشاندانە مەزنە ئەوەی بیردەخستەوە کەهەتا حکومەتی شای ئاریا مهر ژیانی شاخ و کێوێش بەکەس رەوا نابینی کەخەڵکی کورد ناچارن بۆ پارێزگاری لەشەرەف و وێژدانی گەلەکەیان ژیانی چۆڵ پەرستی دوور لەئاوەدانیان هەڵبژاردووە شورەیەکی پۆڵاینیان لەبەرهەڵست پێکەوە ناوە لەشکریان دەباتە سەر و تەرمی بێ گیانیان لەبەرچاوی زیندوان دا دەگێڕێ.

ساڵی ١٣٤٦ بەرامبەری ١٩٦٧ زاینی لەمێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ساڵی راپەڕین و بەرهەڵستە دژی ئیمپریالیزم و ئیستیبداد و دیکتاتۆریەت، ساڵێکە کەناوی زۆر شەهیدمان چوونە مێژووی کورد و کوردستانەوە کەپێویستە ناوی شەهیدانی ئەو ساڵمان بلاّو بکەینەوە.

برایمە سووری محەمەد دەلاوەیی خەڵکی ناوچەی خانێ لەو پێشمەرگە نەترس و نەبەزانە بوو کەلەشەڕی هەندرێن لەجەبهەی ئاکۆیان ناوبانگی دەرکرد و باشترین فیداکاری نواند، لەبەهاری ئەوساڵ دا لەشەڕێکی کەلەپشتی خانێ دەستی پێ کرد و لەشکری پێنجی خانێ بەتۆپەوە چووە سەر پێنج پێشمەرگە و دەرفەتی نەهێنا و چەند جاران هۆردووی شایانەیان سەرەوژێر کردەوە بەچەشنێکی لەگیان بردووانە لەگەمارۆی ئەو هێزە بێ هێزە هاتنە دەر پەنایان بۆ گوندی ئالانە برد، بەڕیزی رەشاشی کۆنە پۆلیسێك تەرمی ئەو قارەمانە بێ وێنەیە لەخوێن دا شتڵ بوو، سەرلەنوێ لەشی بێ گیانیان گەڕاندەوە شاری خانێ،

نمایشیان پێ دا و هاوڕێ بریندار و بەردەستکراوەکانی خرانە بەر ئازار و ئەشکەنجە.

لەهەوڵی هاوینی ئەو ساڵدا لەپەلامارێکی کەمێزی رەشی شایانە هێنایە سەر گوندی دۆڵەنی لەناوچەی پیرانان لەشەڕێکدا لەنێوان پێشمەرگە و ئەو هێزە پێک هات هاوڕێ محەمەدی دەرۆیش ئەحمەد تازە ژاندەرمەی شنۆیە کەیەکێک لەو پێشمەرگە بەبیروباوەڕەی حزبمان بوو و لەشەڕی هەندرێن لەجەبهەی ئاکۆیان قارەمانەتی خۆی سوور کرد بوە لەناز ئاوا شوێنی شەڕ شەهید کرا ئەو ئازایەتیەی لەشەڕی هەندرێن نواندی توانی لەمەڵبەندی خۆیدا دەری بخا.

عەبدوڵڵا گرۆێ خەڵکی داوداوێ هەڵکەواو و چاو سوری ناوچەی سوێسنایەتی کەبەتێکۆشانی بێ باکانەی نمونەی فیداکاری بوو لەناو دڵ و هەناوی جوتیارانی کوردستان کەبەخوێنی دڵ پەروەردەیان کردبوو پێشکێشی حیزبیان کردبوو لەبۆسەیەکدا لەنێزیک پاسگای دەوڵەت بەناوی جاسوسان نابویانەوە تەنیا وەگیریان خستبوو شەهید کرا.

بیری ئازایەتی و لەخۆ بوردنی کاك وەسمان خەڵکی قروچەی لاجان زەحمەتە لەبیرمان بچێتەوە کەبەدەستی گوردانی ئاڵوەتان لەپشتی ئاوەدانی کاولانی ناوچەی مەنگوڕان شەهید کرا.

ئەوە تۆمارێکی گەشە لەمێژووی خەباتی خوێناوی گەلەکانی ئێران کەلێك جیا ناکرێنەوە.

ژیانی بەئاسایش لەئێراندا هیچ مانا و ناوەڕۆکێکی نەماوە حکومەتی دار و شکنجە هەوای ئێرانی ژاراوی کردووە، پشوی لەتێکۆشەران بڕیوە ئەو خەباتکارانە ناچارن بۆ پارێزگاری لەشەرەف و ئینسانیەتیان پرەنە چەك پەنا بۆ لێرەوار و شاخ و ئەشکەوت بەرن بەژیانی چەرمەسەری و دەرد و ناسۆر رازین بەڵام حکومەتی سەربەستراوی ئێران دەیەوێ ئەو چەشنە ژیانەش ژێر پێ خا

بەهەروژم و کوشتن و برین ئەو دەنگەش خاپور کا بەڵام خەیاڵی خاوە نازانێ ئەو برپار و خۆ لێك بەستنە بەرهەمی زۆر و زۆرداری خۆیەتی بەهەموو هێزی شەیتانی خۆی توانای بێ دەنگ کردن و زاڵ بوونی نییە و لەسەر ئەو باوەڕەین کەبەرهەمی ئەو سیاسەتە توند و تیژە قین و کوڵ و کۆی گەل هەڵدەستێنێ و هەموو گەلەکانی ئێران لەسەر ئەو ئامانجە بەرەیەکی زیدی ئەمپریالیستی و کۆنەپەرستی پێك دێنن و شان بەشانی یەك بۆ دیموکراسی لەئێراندا تێ دەکۆشن بەدەنگێك رادەبن کەئەو دەنگە دەنگی گەلانی ئازادی ئێرانە.

لەکۆتایی دا روو دەکەینە ئەو شەهیدانە و دەڵێین هاوڕێیان بەمەرگتان لەناو گەلتان تەنیوەتەوە و گۆڕی بەجێ ماوتان هێزی دڵ و سۆمای چاومانە و باشترین بەڵگەیە کەقەبالەی کوردەواری پێ مۆر کراوە.

پێشمەرگە و هاوڕێیانی مەلا مەحمود و شەهیدان لەپۆڵا رەقتر و سەخت ترن پەیمانیان داوە رێك تر و بەئیمان تر هەر بەو رێگا پان و بەرینەدا بڕۆن کەشەهیدانمان کوتاویانە تا سەرکەوتنی دوایی.

– شورەیی و سەرشۆڕی بۆ حکومەتی سەر بەستراو دیکتاتۆری تاران.

– بمرێ ئەمپریالیزمی ئەمریکا دوژمنی خوێن خۆری گەلان.

– سەرکەوێ یەکیەتی و تەبایی گەلانی ئێران لەپێناوی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی دا.

– سەربەرزی بۆ تێکۆشەرانی راستەقینەی ئێران دژی رێژێمی دیکتاتۆری ئێران.

– شانازی بۆ تێکۆشەران و پێشمەرگە قارەمانەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان.

– سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی ئێران.

هاوڕێتان، سیامەند

مانگی رەشەمەی ١٣٤٦ هەتاوی

پڵ و پا بۆ گەڕانەوە

لەو سەروبەندەدا کاك چوکەڵی گەوهەریش لەهاوڕێکی تێکۆشەر و دۆستێکی نێزیکم بوو یەك دوو جار نامەی بۆ دەنووسیم داوای دەکرد هەرچۆنێك بێ سەرێك لەکوردستان بدەمەوە، نامەی برادەران و دەنگ و باسی گەیشتوو ئاراو قارای لێ هەڵگرتووم، بێجگە لەوە کەهاوڕێیانی حیزبی تودە دەرەتانی سەفەرم بۆ پێك بێنن هیچ رێگای دیکەم نەبوو، کاك حەسەنی قزڵجیش لەبەر تەنیایی و نەبوونی هاوکار و نەخۆشی خۆی رازی نەبوو سەفەر بکەم، ئاخرەکەی ١٩٦٧/١/٢ نامەیەکی دیکەم بۆ دکتۆر رادمەنیش نووسی و بەتوندی داوام لێ کرد کەهۆی سەفەرم بۆ پێك بێنن بچمەوە کوردستان و چاوم بەکاك سولەیمان و هاوڕێیانی تر بکەوێ.

لەم بەینەدا کاك حەمەدەمینی سراجیش نامەیەکی بۆ حیزبی تودە نووسیبوو، برادەرانی حیزبی تودە لەژێر تەئسیری دەنگ و باسی کوردستان و نامەی سولەیمان و حەمەدەمین هاتبونە سەر ئەو باوەڕە کەخراپ نییە سەرێك لەکوردستان بدەم.

لەبانەمەڕی ١٩٦٧دا بەتەلیفۆن پێیان راگەیاندم کەبچمە ئەڵمان و چاوم بەدکتۆر رادمەنیش بکەوێ.

چەند رۆژ لەلایەزیك بووم، چەند جار لەگەڵ دکتۆر رادمەنیش و ئیرەجی ئەسکەندەری و کامبەخش کۆبوومەوە و لەسەر وەزعی کوردستان و سەفەر وتوێژمان کرد، ئاخرەکەی گوتیان: هاتوینە سەر ئەو باوەڕە کەسەفەرێك بکەی، هاوڕێیانی کورد ببینێ و بزانی وەزعیان چۆنە، قەرارێکیان لەگەڵ دابنێ کەلەعێراق یا لوبنان چاومان بەیەکتر بکەوێ، بەڵام نامانەوێ قاسملۆ لەو سەفەرە ئاگادار بێ.

گوتم ئەم سەفەرەم زۆر پێ خۆشە، لام وایە کەڵکی زۆر دەبێ، بەڵام نازانم بۆچی قاسملۆ لەم باسە هەڵداوێرن؟ من وای بەباش دەزانم کەقاسملۆ لەو سەفەرە ئاگادار بێ و راوێژیشی پێ بکەن، دکتۆر رادمەنیش گوتی: لەسەر قاسملۆ تەجروبەمان هەیە، ئەو ئەندامی حیزبی تودە بوو، ئێمە ناردبوومانە کوردستان، بەڵام هۆی بنەڕەتی لێك پچڕانی حیزبی تودە و حیزبی دیموکراتی قاسملۆ بووە.

دێتم لەسەر رۆیشتنی ناوێ، من لەخولاّم دەویست سەفەرم بۆ هەڵکەوێ، گوتیان ئێستا بچۆوە، پاش چەند رۆژی تر پاسپۆرتت بۆ ساز دەکەین، خەبەرت دەدەینێ و سەفەر بکە.

گەڕامەوە بۆ سۆفیا مەسەلەی سەفەرم بەکاك حەسەن گوت، کاك حەسەن لەلایەك پێی خۆش بوو سەفەر بکەم، لەلایەکی تر لەبەر ماندووبوون و تەنیایی زۆری بەدڵ نەبوو.

گوێم نەدا قسەکانی برادەرانی حیزبی تودە، نامەیەکم بۆ دکتۆر قاسملۆ نارد و باسی سەفەر و وتوێژم بۆ نووسی.

رۆژی ٥ی ئەورێلی ١٩٦٧ کاك حامیدی سەفەری پێی گوتم: وێزای ئەڵمانت بۆ هاتووە کەسەفەر بکەی، چەند رۆژی تر بلیتت بۆ دەگرن خۆت ئامادە بکە، هاتمەوە ماڵێ و مەسەلەی گەڕانەوەم بۆ کوردستان لەگەڵ خێزانم هێنا گۆڕێ، لەپێشدا زۆر ناڕەحەت بوو، بیری لەتەنیایی و بێ کەسی خۆی دەکردەوە، پاشان گوتی: لەو هەلومەرجەدا برادەرانی کوردستان چاوەڕێی تۆن، قەی ناکا سەفەر بکە، بەڵکو بتوانن بەهەموو لایەك لەئێراندا کارێك بکەن.

١٠ی ئەورێلی ١٩٦٧ کەمالی کوڕم نەخۆش کەوت، دکتۆر یەکسەر ناردی بۆ خەستەخانە، زۆری پێوە ناڕەحەت بووین، بەتایبەت کەلەسەر سەفەریش بووم دەبوایە بەنەخۆشی بەجێی بێڵم.

رۆژی ١٢ی ئەوریلی ١٩٦٧ کەمالم بەنەخۆشی لەخەستەخانە بەجێ هێشت و بەرەو ئەڵمان سواری فڕۆکە بووم، لەفڕۆکەخانەی بەرلین چاوەڕوانم بوون سواری ماشێنیان کردم بۆ لایپزیك، پێنج رۆژ مامەوە، چەند جار لەگەڵ بۆرۆی سیاسی حیزبی تودە کۆبوومەوە، لەلایپزیك چاوم بەپۆلاێ کوڕی شێخ مارفی بەرزنجی کەوت، داوای لێ کردم کەبەبرادەرانی تودە بڵێم بەڵکو لەلایپزیك ئیمکانی خوێندنی بۆ پێك بێنن، من داخوازەکەی ئەوم بەجێ گەیاند، بەڵام بەداخەوە دیار بوو هیچیان نەکردبوو.

رۆژی ١٧ی ئەوریلی ١٩٦٧ لەبەرلینەوە بەرەو لوبنان سواری فڕۆکە بووم، پاش شەش سەعات لەفڕۆکەخانەی قبرس دابەزیم، ئەو دەم ئەو فڕۆکەخانەی ئێستا نەبوو، لەدەشتێك چەند تەختە و کورسی داندرابوو مەعموری فڕۆکەخانە چاویان لەپاسپۆرتی خەڵك دەکرد چوار کەس بەپەتێك پیلکانی فڕۆکەیان رادەکێشا کەخەڵك دابەزن، زگم بەخۆمان سوتا، هەر لەوێ کاغەزێکم بۆ کاك حەسەنی قزڵجی نووسی، باسی وەزعی فڕۆکەخانە و چارەڕەشی کوردم بۆ باس کرد، بۆم نووسیبوو: قبرس موستەعمەرە بوو، لەسایەی موستەعمەرە بوونی ئێستا دەوڵەتە، ئەوەش وەزعی فڕۆکەخانەیەتی، بەڵام ئێمە چین و لەکوێین؟

پاش پشودانێك فڕۆکە هەستا و لەفڕۆکەخانەی بیروت دابەزی، رۆژی دوایی چوومە باڵیۆزخانەی عێراق و بۆ پازدە رۆژ ویزام وەرگرت، سواری تاکسی بووم چوومە شام، رۆژێك لەدیمەشق مامەوە پاشان بەئوتوبوس بەرەو بەغدا کەوتمەڕێ، ئەو دەم ئوتوبوس بەبیابانێکی بێ جادە و رێگادا دەڕۆیشت، شەو دایدا بارانە و بەیانی لەقوپێك کەئاوی بارانی تێدا وەستابوو ئوتوبوس ئاسیە بوو، چەند ئوتوبوس بەدوای یەك دا کۆبوونەوە، رێگای چارە ئەوەبوو بەپاڵ پێوەنان ئوتوبوس بێننە دەر.

موسافیرەکان بەتێکڕایی دابەزیبوون و پاڵیان پێوە دەنا، کابرایەکی میسری بیجامەیەک لەبەر و کەوشێکی سەرپێیان لەپێ دا و خاولێکی بەملی دادابوو لەقاهیرەوە دەچووە کوێت، زیاد لەهەموو کەس لەو لا راوەستابوو یارمەتی نەدەکرد، کابرایەکی سووری چوە لای و گوتی: تۆ بۆ نایەی پاڵ پێوەنێی و یارمەتیمان بکەی، نازانم کابرای میسری چی ولاّم داوە، کابرای سووری دایگڕایە و جا وەرە لێدە، ملیان دەبەر ملی یەک نا و لەنێو قوڕاو دا یەکتریان هەڵدەشێلا، سەیر ئەوە بوو کەس لێکی نەدەکردنەوە، کابرای سووری دەیگوت: سەی کوڕی سەی پێت وایە زەمانی وەحدەیە سواری سەرمان بن و ئاغایەتیمان لەسەر بکەن؟ بەکورتی رۆژی ١٢ی مانگی ئەپریلی ١٩٦٧ گەیشتمە بەغدا لە حافظ قاضی چوومە هوتێل بەشار، هوتێلێکی فەقیرانە بەناوی وسێنی کەریمی خاوەن مولّک خەڵکی شنۆ ژوورێکی بەتەنیام گرت، بەیانی چوومە دوکانی یوسفی رێزوانی لەبەغدا جەدیدە.

یوسف وەک رەوشتی هەمیشەیی بەر لەهەموو شت دەستی کرد بەکروزە کروز و لێ قەوماوی و بەیت و باوی پیرێژنانە، لەکاتێکدا دوکانی وێنەگری هەبوو ژیانێکی باشی بۆ خۆی پێک هێنابوو.

گوتم وەختی ئەو حیکایەتانە نییە، یەکێک پەیداکەین بینێرینە قەڵادزە نامەیەک بۆ کاک سولەیمان و سمایل و حەمەدەمین بنووسم، ئاخرییەکەی عەبەی کوڕی حەمە سەر شکاوی رەحمەتیمان دیتەوە، حەمە سەرشکاو یەکێک لەئەندامانی حیزبی دیموکرات و کادرێکی تێکۆشەر و هەڵسوڕی ناوچەی شنۆ بوو، لەزەمانی کۆماری دیموکراتی کوردستان دا، ئەویش لەگەڵ زۆر کەسی تر رای کردبوو هاتبوە کوردستانی ئەودیو، لەکەرکوک بەدەستی کابرایەکی خۆفرۆش و خائین شەهید ببوو، عەبەی کوڕی لەسولەیمانی مابۆوە پاشان هاتبوە بەغدا لەچێشتخانەیەک کاری دەکرد، نامەیەکم بۆ کاک سولەیمان و کاک حەمەدەمینی

سراجی و کاك سمایلی شەریف زادە نووسی، داوام لێ کردن بەزووترین کات بێنە بەغدا چاوەڕوانم.

عەبە وەك پیاوان کاغەزی تاقەت کرد و کەوتەڕێ، پاشان چوومە هوتێل سامان کاك رەحمانی چایی چێم دیتەوە، کاك رەحمان دۆست و برادەرێکی کۆن و گەلێك خۆشەویستی من بوو، پیاوێکی جوامێر و دۆستێکی بەراستی پاش رووخانی کۆماری دیموکراتی کوردستان لەنەغەدە بەقاچاخی تفەنگی کڕیبوو لێی دە قۆلە کەوتبوو، یارمەتیم دابوو تفەنگەکەم بۆ دەرباز کردبوو، کاك رەحمان ئەوەی لەبیر نەدەچۆوە، سەردەمێك مالّی لەزینوێ شێخی بوو دۆستایەتیەکەمان لەرادەبەدەر پتەو و راستەقینە بوو.

کاك رەحمانم دیتەوە پێم گوت خەبەر بداتە کاك سەعید کوێستانی و چوکەلّی گەوهەری کەلەناوچەی حاجی ئۆمەران بوون گیر نەبن بێنە بەغدا.

چەند رۆژ چاوەڕوانی گەڕانەوەی عەبە و وەلاّمی کاك سولەیمان و سمایلم دەکرد، رۆژێك لەنێزیك شۆریجە تووشی مامۆستا تۆفیق وردی بووم.

مامۆستا وردیم لەکۆنەوە دەناسی، بێ بەخێرهاتن و چاك و خۆشی قوت بوو گوتی:

– ئەوە بۆ هاتویەوە؟ بۆ هاتویەوە ئێرە؟ باوکم ئێرە ئەم بەقورەگیراوە جێگای زانا و دکتۆر و نووسەر و ئەدیب و شاعیران نییە، جێگای ئەو کەسانە نییە، وەك خۆم بنووسن و شیعر بڵێن.

– جا کەوابوو کاك وردی نەزانام نەدکتۆرم، نەنووسەر و ئەدیبم، نەوەك تۆ شیعر دەڵێم، جێگای خۆمە.

وردی دەستی لێ هەڵ نەگرتم، بردمی بۆ دوکانی کابرایەکی فەیلی، لەوێ چایەکم خواردەوە دیاربوو کابراش وەك وردی شاعیر بوو، کابرا هێنایەدەر شیعرێکی خوێندەوە و مامۆستا وردی گوتی ئەمەش وەك خۆم شاعیرە.

مالّ ئاواییم لێ کردن و چوومەوە هوتێل.

دوای چوار رۆژ کەچوومەوە دوکانی یوسفی رێزوانی کوڕێکی لاو چاك لەوێ دانیشتبوو، نەم ناسی، یوسف گوتی:

– عەبە هاتۆتەوە، سمایل و سولەیمانی نەدیوە، توشی ئەمیری قازی بووە، کاغەزەکەی تۆی داوە بەئەمیری قازی، ئەویش نامەیەکی بۆ نووسیوی، ئەوەش نامەی ئەمیری قازییە.

یوسف لەگەڵ ئەو قسانە پێ دەکەنی، هەستم کرد ئەو کوڕە جوان چاکە دەبێ سمایل بێ.

سمایل پێکەنی و راست بۆوە گوتی: چیدی خۆم پێ ناگیرێ، ئامبازم بوو یەکترمان دەئامێز گرت، تاوێك مات بووین و قسەمان پێ نەدەکرا، پاشان دەستمان پێ کرد، لێم پرسی:

– وەبیرت دێ لەمەهاباد لەسەر خوانچە دانیشتبووی لەگەڵ رەحیمی سولّتانیان هاتم دەمویست شیش گوریەت لێ بکرم، گوتت خاڵە کەریمی حسامی دەناسی؟

– لەبیرمە، زۆرجار گێڕاومەتەوە، پاشان گوتی عەبە نامەکەی تۆی دابوو بەئەمیری ئەو بۆ منی نارد، کاك حەمەدەمین و سولەیمان چوون بۆ گەڵاڵە، مونتەقیمی قازی لەلایەن شۆڕشەوە گیراوە، عەبەم نارد بۆ گەڵاڵە بۆ ناوپردان، بەڵکو بتوانن بێن بۆ ئێرە، دەی جارێ بزانە کاك ئەمیر چی بۆ نووسیوی.

نامەی کاك ئەمیرم وەرگرت و دەستم کرد بەخوێندنەوەی، ئەوەش دەقی نامەکەیە کە ١٩٦٧/٥/٣ نووسیویە.

برای بەڕێز و خۆشەویست کاك کەریم

پڕ بەدڵ بەخێرهاتنەوەتان دەکەم، هیواداری ساخی و سەلامەتیتانم بوی بەگوڵە بەهارە، بەڵام گوڵە بەهارەی شەش ساڵ جارێك، لەو هەموو کێشە و هەرایە دا بەدەیان جار کەباشترین هەل بۆ گەڕانەوەتان ئەگەر بۆ جارێکیش بێ دەست

دەکەوت، کەچی هیچ، دەی با لەوانە بگەڕێین، چونکە ئەو راز و گلەییانە بەنامە ناکرێ، کەوابوو دیسان دەڵێم بەخێربێیەوە، بێ شک بەقەت دنیایەک لەمزگێنی گەڕانەوەتان خۆشحاڵ بووم و تەنیا بۆ چاو پێ کەوتنتان لەهەر چەشنێك با دەهاتم، بەڵام بەداخی گەورە و گرانەوە ناکرێ جا هۆ و سەبەبەکەشی ئەگەر لەهەڵگری نووسزاو بپرسی بەباشی بۆت روون دەبێتەوە و ئیدی پێویست بەلێدوانی بەنامە ناکا.

بڵێ بزانم ئێستا چۆنی و چیمان بۆ ئەنجام دەدەی؟ نامەیەکی سێ چوار کەلیمەییتان– بەتۆ و کاك عەبدوڵڵا– بۆ نووسیوین، لەجیاتی شتمان بۆ روون کاتەوە، خۆی بۆتە گرێ، چۆن وا دەبێ؟ باشە بڵێین نەت دەزانی برا چوکەی خۆت وا لێرە و لەچاوپێکەوتنی دۆست و برادەرانیش بۆت روون نەبۆوە کەگەیشتومە ئەو ناوە، خۆ دەتزانی حەمەدەمین لێرەیە و لەوێدا بۆچی هیچ نەدواوی، بەناشکوری نەبێ کاکە عەبۆش چی وای لەحاڵ و هەواڵ پێ نەبوو، لەهەر حاڵ دا بێ هەموو شتێك بەتێکڕایی هەوڵی ئەوەمان دا کەچاومان پێت بکەوێ و بێینە لات، بەڵام هەر ئەوە دەکرا کەدەیبینی، ئێستاش لەوانە گەڕێین، هەوڵی ئەوەمان بۆ بدە کەپاسێکمان دەست کەوێ، جارێ با ماوەیەك لەوڵاتاندا بخولێینەوە، ئەوسا هەموو شتێك جێ بەجێ دەبێ، ئەوەم هەر بەگاڵتەیە و دەبێ پاسمان بۆ جێ بەجێ بکەی، بەتەواوی پەکی خوێندنەکەمان کەوتووە و دەشزانی (نەزان چی لەدەست نایە) دیارە ئەوڕۆش لەسایەی خواوە یان بڵێین لەسایەی تێکۆشانەوە تەنیا ئێوەن کەپێویستە لەکاتێکی وا عاستەم دا دەستی یاریدەمان بۆ درێژ بکەن، دەکرێ و ناکرێشم قبوڵ نییە، با پێت بڵێم، من ئەوە لێرەم و پاش پازدە رۆژی تر پاسێکی شەق و نوێم دەوێ کەقوقوی کەڵەبابی نەبیستبێ، جا پاش مانگێك لەدوای گەیشتنی پاسەکە لەوێ تا خوا حەز بکا

دەردی دڵ دەکەین و خەبەر و هەواڵی وات بۆ دەگێڕمەوە مەگەر هەر خوا بزانێت.

کاکە گیان: نازانم چاوم پێت دەکەوێ، یان نا، بەڵام وەکی برایەکی باش داوامە لەگەڕانەوەت دا سڵاو و حورمەتی برایانەم بەکاك رەحمان بگەیەنی..... بەختیاریتان ئاوتەخوازم.

براتان: ئەمیر

سەنگەسەر ١٩٦٧/٥/٣

کاك ئەمیر لەنامەکەیدا باسی برادەرێکی کردبوو کەدرۆی دەگەڵ کردبوو، نووسیبووی (بەڵای منەوە درۆیە، درۆش هەر درۆیە) نەم ویست لێرەدا ئەو بەشە بنووسمەوە.

نامەی کاك ئەمیری قازی لەو کاتەدا کەچاوی روون کردمەوە لەرادەبەدەریش ناڕەحەتی کردم، جا وەرە برادەرێك، هاوڕێیەك، دۆستێکی خۆشەویست ئەو هەموو هیوایەی بەتۆ بێ، ئاوا بەتێڕادیوی داوای شتت لێ بکا، تۆش هیچت لەدەست نەیە، بەراستی داخ و خەفەتێکی گەورە بوو.

لەنامەی کاك ئەمیر بۆم دەرکەوت کەئەو برادەرانەی ناچار لەکوردستانی ئەودیو مابوونەوە یا ناچار بوون بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ئێران، دەمێك بووە خەریکی ئەوە بوون ئەگەر بۆیان بکرێ بێنە ئەوروپا و لەوڵاتێك بخوێنن، چونکە کاك حەمەدەمین و سمایلی شەریف زادە و سالاری حەیدەریش پێشتر هاتبوونە بەغدا و لەبالۆێزخانەی میسر داوای ویزا و پاسپۆرتیان کردبوو کەبۆ خوێندن بچنە ئەو ولاتە، بەڵام سەرنەکەوتبوون.

کاك سمایلی شەریف زادە لەگەڵ خۆی نامەیەکی کاك حەمەدەمینی سراجی هێنابوو، کاك حەمەدەمین نووسیبوی:

برای هەرە خۆشەویستم کاك کەریم گەیشتنی نامەت و هاتنتان بۆ بەغدا پڕ بەدڵ ئێمەی شاد کرد، ئەو چەند شەوەی کەدەنگت نەدەهات وتمان چۆتە سەفەر یان رابواردن، بەڵام چا بوو هەر سەفەر بوو ئەویش سەفەرێکی وا پێویست.

برا گیان هێنەری نامە دوێنێ ٥/٣ گەیوەتە سەنگەسەر، ئێمەش ئەوڕۆ لەرێگا دیومانە، زۆر ماندووین ئیشی سەیر سەیر هاتۆتە گۆڕێ کەبرامان بۆتان روون ئەکاتەوە، هەر لەبەر ئەو ئیشانەش ئەمن نەمتوانی دەبێ دیسان بگەڕێمەوە باڵەك.

ئەوە برامان کاك سمایل هاتە لاتان، لەهەر بارێکەوە جێگای بڕوایە و دەتوانی دەگەڵی بدوێی، ئەگەر توانیشت مانەوەت بخەیە دواوە تا ١٤ی مانگ ئەمنیش دێم و پێکەوە دەدوێین، دەنا ئەوە خۆت و ئەوە کاك سمایل، منیش زۆر زۆرم پێ خۆشە بدبینم ئەگەر ڕێ بکەوێ، لەزمانی مەڕا لەهەموو برادەران و هاوڕێیان بپرسە، داخوازی یەکێتی و سەرکەوتنمە.

برات: محمد امین

١٩٦٧/٥/٤

وەك پاشان بۆم ڕوون بۆوە کاك حەمەدەمین و سولەیمان دەچنە گەلاڵە و دەیانەوێ ئیجازە لەئیدریس بارزانی وەربگرن کەبێن بۆ بەغدا، لەوکاتەدا مونتەقیمی قازی لەلایەن شۆڕشەوە دەگیرێ، بارەگای بارزانی پێی وادەبێ سولەیمان موعینی مونتەقیمی قازی ناردۆتە هەولێر بۆ لای حکومەتی عێراق کەیارمەتیان پێ بکا، سولەیمانی ترسی ڕێ دەکەوێ دەگەڕێتەوە بۆ دۆڵە ڕەقە و لەوێ وە ڕوو دەکاتەوە کوێستان، حەمەدەمینیش ئیجازە نادرێ بێ بۆ بەغدا.

من لەگەڵ کاك سمایل ڕۆژانە لەبەغدا دەسووڕاینەوە و یان دادەنیشتین باسمان دەکرد، هەوڵی ئەوەم دەدا کەلەو کاتەدا ناکۆکی وەلا بنێن و هەموویان یەك بگرنەوە، لانی کەم پێشنیارم کرد کەلەگەڵ سولەیمان و قادر شەریف (هاشمی

اقـل الطـلاب) ببنـەوە یـەك، کـاك سمایـل وەك رووناکبیرێکی شۆڕشـگێڕی بـێ تەجروبـە، تـا رادەیـەکیش لـەژێر تەئسـیری تیـۆری مـائوی رەحمەتیـدا ئـەوانی بەکۆنەپەرسـت و بەناسیۆنالیسـت دەزانـی و رێکـەوتنی لەگـەڵ ئـەوان رەد دەکردەوە.

خەبەرم دا قادر شەریف لەسولەیمانییەوە بێتـە بەغـدا چـاوم پـێ بکـەوێ، پـاش دوو رۆژ کاك هاشمی اقل الطلاب هاتە بەغدا، پاش بەخێرهاتن و چاك و خۆشـی و باسـی رووداوەکـانی ئێسـتای کوردسـتان پێشـنیارم کـرد کـەکاتی دووبـەرەکی و ناکۆکی نییە، رۆژی یەك گرتنەوەیە، با هەموومان پێکەوە یـەك بگـرین و دەسـت بەکار بین، بەڵام دیتم سەد رەحمەت لەسمایلی شەریف زادە، کاك هاشم تـەواوی برادەرانـی دیکـەی بـەخائین و خـۆفرۆش دەزانـێ، بێجگـە لـەوە زۆر بەپـەلـە بـوو بگەڕێتەوە بۆ سولەیمانی، من کەدەمێك بـوو بـرادەرانم نـەدیتبو قـادر شـەریفیش گیر نەدەبوو گـوتم بـا لانـی کـەم لەگـەڵ سمـایلی شـەریف زادە شـەوێك پێکـەوە دایان بنێم و یەکتر ببینن و هەموومان پێکەوە نان بخۆین.

یوسـفی رێزوانـی کەشـارەزا بـوو رەسـتورانێکی خۆشـی دیتـەوە و ئێوارەیـەك کۆبوونەوە دەستمان کرد بەخواردن و خواردنەوە و قسەی خۆش، کاتێك تـەواو بووین بانگی گارسۆنم کرد و حیسابەکەم دایە، کاك هـاشمی اقـل الطـلاب گـوتی: (لێیدە لەدۆلارەکانی رادمەنیشی) تەماشام کرد کـابرا گێـرەی لەهـەولێر دەگـەڕێ هەر بەو شەوە لێك جیا بووینەوە و بەداخەوە یەکترمان نەدیتەوە.

مـن هـەر چـاوەڕوانی هـاتنی کـاك سـولەیمان و حەمـەدەمینی بـووم، رۆژی ١٩٦٧/٥/١٢ نامەیەکی کاك سولەیمانی موعینیم پێ گەیشت.

کاك سولەیمان نوسیبووی:

هاوڕێی تێکۆشەر و لەمێژینەم کاکە شیروان

لەپاش سڵاوێکی هاوڕێیانە و بەتین خەبەرم وەرگرت کەتەشریفتان لەسەر لێگیرانەوە و پێشنیاری من لەلایەن هاوڕێیانی هـ.ا.ح.ت. ایران هاتوون بۆ بەغدا بەڵام بەداخەوە ماوەی مانەوەتان کەم بوو ئێستا بەهەر جۆرێك بێ هەڵکەوتی سیاسی ئێران وا دەخوازێ کەبەهەر جۆرێك بێ درێژە بەمانەوەتان بدەن، یا زووتر لەرێگا و جۆرێکی تردا بگەڕێنەوە، حەتمەن چاوت بەمن بکەوێ کەمەسائیلی کوردستان و ئێران بەتایبەتی تاران زۆرە کەدەبێ بڕیاری نیهائی بۆ بدەین، ئێستا کەوەزعی حیزب لەچنگی (حیزب)[1] هاتۆتە دەر و رێگامان لێ داخستووە هەروەها وەزعمان لەسەر یەك لەسەرەوە نارێك و پێکە و تاقمێك دەخوازن سەر لەنوێ کلکی کێشراوی (حیزب) بەچریش بۆی تێکخەنەوە ئەو هەموو فیداکاری و هەتا قوربانی دانی ئێمە بێ بەرهەم بێڵنەوە، بەسرنج دانە سەر ئەو وەزعە ناوخۆیەی حیزب پێویستە چاومان لەو سنورانە پێك بکەوێ، هەرکات توانیت داخیلی کوردستان بی، دەتوانی بێی بۆ لای سونێ لای برایان ئەوانیش دەتوانن بەزوترین کات لەمن بگێڕنەوە بێم بۆ لات، بۆ ئەو مەبەستە من زۆر زوو پێوەندیان لەگەڵ دەگرم تا وەزعی تۆم بۆ روون بێتەوە، من لەدەوروبەری حدود دەمێنمەوە چاوەڕوانی وڵامت دەکەمەوە، دڵنیابە وەزع بەمراد دەچێتە پێش، برایەتی قەدیم قایمتر زیندوو دەکەینەوە بۆ هەموو لایەك، تۆ پێویست بوو پێوەندیت لەگەڵ من بەهۆی برایانی فەرعی عێراق گرتبا نەك بەو شێوەیەی کەئاشکرا بێ، هەموو جۆرە ئەشخاسی بێ بەند و باوەڕ، ئۆپۆرتۆنیست هەستیان پێ کردبا یانامەیان کەوتبا دەست وەك فلاّن.... کەس کەنوێنەری حیزبە ! ! (ا–ت) و جناح راستی حیزبی دیموکراتی کوردستان

---

(1) حیزب– مەبەستی ئەحمەد تۆفیقە.

تقویت دەکا و بەڕێوەی دەبا، لەوەی بەولاوە تکایە پەیوەندی لەڕێگای فەرع یا کاك سراجی ئاگادار بێ و بەس ئەگەر پێویستی بەهاوڕێیان کرد بۆتان دیاری ذەکرێ لەعێراق.

سەربەرزیتان ئاواتمانە.

برات: سولەیمان

١٩٦٧/٥/١٢

هەتا ١٩ی بانەمەر ١٩٦٧ لەگەڵ کاك سمایلی شەریف زادە لەبەغدا مامەوە، شەو و رۆژ پێکەوە باسمان دەکرد و بەخۆشی رامان دەبوارد، من لەسەر ئەوە سوور بووم هەتا دەکرێ لەکوردستانی عێراق بمێننەوە لەگەڵ بارزانی تێکی نەدەن، بەڵام کاك سمایل لەژێر تەئسیری نوسراوەکانی دار و دەستەی برایم ئەحمەد و مام جەلال کەبەربەرەکانی بارزانیان دەکرد لەو بارەوە لەگەڵ من هاودەنگ نەبوو، دەیگوت دەبێ زووتر بچینەوە ئەودیو و دەست بەتەقەی بکەین.

لەگەڵ سمایل هێندێ ناوی رەمزی و بەقەستی مان دانا، برپاردرا کەبەناوی (شێروان، ئاشنا، سالح، شنۆیی) نامە بنووسن، منیش بەناوی (ئاسۆ سەعید، سیروان) نامە بۆ ئەو بنووسم، لەپۆستخانەی قەڵادزە برادەرێکی نیشتمانپەروەر هەبوو نامەکانی بەئەمانەتەوە بەرێ دەکرد.

لەو ماوەیەدا لەبەغدا لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق پێوەندیم گرت، هێندێ دۆست و برادەری کۆنم دۆزینەوە، لەسەر راسپاردەی من کاك سەعید کوێستانی و چوکەڵی گەوهەری هاتنە بەغدا چەند رۆژ پێکەوە بووین، لام وایە یارمەتییەکی زۆر بچووك و برایانەم پێ کردن چەند رەسممان پێکەوە گرت کەوا لەو کتێبەشدا دەبیندرێن، هێندێ قەرار و مەدار و نیشانەی رەمزم

لەگەڵ دانان، ئادرێسی مـاڵێم دانـێ کەنامـەم بـۆ بنووسـن، رام ئەسـپارد لـەئێران لەگەڵ هێندێ برادەر و دۆستی کۆن پێوەند بگرن.

ئەوان لەسبەر ئـەو بـاوەڕە بـوون کەسـولەیمانی مـوعینی راسـت ناکـا و ئێسـتاش بەفیتی ئەحمەد تۆفیق هەڵ دەسووڕێ، باسی نا بەسامانی شۆڕش و دەست تـێ وەردانی حکومەتی ئێرانیان دەکرد لەکاروباری شۆڕشی عێراقدا.

دەیانگوت ئێمە لەنێو جەرگەی شۆڕش داین، شۆڕشی کورد نەماوە، ئێستا شـای ئێران بەڕێوەی دەبا، کوردستانی عێراق بۆتـە راوگـەی سـاواکی و جاسوسـەکانی رێژیمی شا.

لەو بارەوە باسێکی زۆرمان کـرد، لەسـەر ئـەو بـاوەڕە بـووم کەئـەوان نابـێ خـۆ لەکاروباری شۆڕشی کوردستانی عێـراق هـەڵقوتێنن، کاریـان بەگازنـدە و رەخنـە گرتن نەبێ، پێویستە ئەوان خۆیان بپارێزن.

گەڕانەوە بۆ ئەورووپا

رۆژی ١٩ی بانەمەری ١٩٦٧ لەبەغداوە گەڕامەوە بۆ شـام، چـەند رۆژ لەدیمەشـق لەمالّـە دکتـۆر جـەمیل شـەرەف بـووم، چـاوم بەقـەدری جـەمیل پاشـا کـەوت هەروەها لەگەڵ قەدری جانی شاعیر یەکترمان ناسی، برادەرێکی دیکـەی کـوردی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرم لەمـەتاری دیمەشـق دیتـەوە کەپاشـان لەسـەفەرەکانی دواییدا زۆری یارمەتی دام.

رۆژی ٢٣ بانەمـەر لەشـامەوە سـواری فڕۆکـە بـووم بـۆ بـەرلین، لەبـەرلین چـاوم بەئێرەجی ئەسکەندەری کەوت پاش باسی سەفەرەکەم پێشنیارم کرد کـەحیزبی تـودە یارمـەتی بـەو برادەرانـە بکـا، ئێرەجـی ئەسـکەندەری گـوتی: لەگـەڵ پێشنیاری تۆ موافیقم، ئەسڵەن ئێمە لەبارەی مەسەلەی کـوردەوە کەمتەرخـەمی

مان کردوە، لەکۆبوونەوەی خۆمان دا باسی دەکەم پێویستە یارمەتیان پێ بکرێ.

رۆژی ٢٧ی بانەمەر گەڕامەوە بۆ سۆفیا بێجگە لەوەی کەمندالّەکان گەلێك شاد و خۆشحاڵ بوون، کاك حەسەنی قزڵجیش لەرادەبەدەر کەیف خۆش بوو. لەگەڵ گێڕانەوەی سەفەر و دیتنی بڕادەران و بارودۆخی بەغدا و کوردستان، کاك حەسەن دەگەشاوە و لەوەش سەری سووڕ مابوو دەیگوت: چۆن لەو بەغدایە نەجاتیت بووە و گەڕاویەوە !

پاش گەڕانەوەی من لەبەغدا کارەساتەکان زۆر بەگورجی و خێرا روو دەدەن و دێنە پێش، کاتێك سولەیمانی موعینی دەگەڕێتەوە بۆ دۆڵە رەقە، ئیتر لەوێ گیر نابێ و بەرەو سنووری کوردستانی ئێران مل پێوە دەنێ، بارزانیەکان پەلێکی پێشمەرگە وەدوا دەخەن کەبیگرن، بەڵام نایگەنێ و دەرباز دەبێ.

لەو لایەشەوە حەسۆ میرخان کاك حەمەدەمینی سراجی و هاوڵّەکانی لەسەنگەسەر دەخاتە ژێر چاوەدێری و ڕێگانادا لەسەنگەسەر وەدەرکەون و بۆ هیچ کوێ ببزوون، کاك حەمەدەمین لەگەڵ هاوڕێیانی دەکەونە راو تەگبیر و لەوە دەترسن کەبیانگرن و بیاندەنەوە بەحکومەتی ئێران، بەتایبەت کەمونتەقیمی قازیان گرتبوو دابوویانەوە بەئێران، ئاخرەکەی شەوێك کاك حەمەدەمین لەگەڵ سێزدە کەس چەك و شرپە و برپەی خۆیان دەست دەدەنێ و بەرەو کوێستان تێی دەتەقێنن.

بەگوێرەی نامەی کاك سمایلی شەریف زادە کە ١٩٦٧/٦/٢٢ بۆ منی نووسیوە ئەشێ رۆیشتنی ئەوان دەوروبەری ١٩٦٧/٦/٢٠ بووبێ.

کاتێك گەڕامەوە بۆ ئەوروپا و لەگەڵ ئیرەجی ئەسکەندەری قسەم کرد، نامەیەکم بۆ کاك سمایلی شەریف زادە نووسی و لەبیروڕای ڕێبەرایەتی حیزبی تودە ئاگادارم کردن. (کەبەداخەوە لەقسە دەرنەچوو).

نامەیەکیشم بۆ بۆرۆی سیاسی حیزبی تـودە نـارد و داوام کـرد کەکۆبوونەوەیـەک بەبەشداری دکتۆر قـاسملۆ و کـاك حەسـەنی قزڵجـی و مـن پێـك بێـنن تـا لەسـەر وەزعـــی کوردســـتانی ئێـــران و رووداوەکـــانی تـــازەی کوردســـتان و یارمـــەتی بەبرادەرانی وێ راوێژ بکەین و هەنگاو باوێین.

پاش ماوەیەك نامەی کاك سمایلم پێ گەیشت، ئەمەش دەقی نامەکەیە.

کـاك سـاڵح گیـان نامەکـەتان گەیشـت، زۆر شـادی کـردین، بەداخـەوە نـەناردنی قەرزەکـەی دکتـۆری ئامۆزاتـان (دکتـۆر قـاسملۆ کـەخۆی بـەجیا نامـەی بـۆ نووسیبوو) ئێمەی خستە پەرۆشەوە، ئەم هەواڵەشم بەهۆی کاکە (خەسـرەو)ەوە لەرۆژی ١٩٦٧/٦/١ پێ گەیشـت و تـا رادەیـەك بـوو بـەهۆی کەسـادی کاروبـاری کەسابەتەکەمان، کاکە گیان خۆتان بەباشی ئاگاداری وەزعی کار و کاسـبی هـەن و بەباشیش ئەزانن ئەگەر بێتو نەهەلومەرجی لەبار هەبێ و نەکرپار، وەزعەکـە تـا رادەیەك ئاڵۆز ئەبێ، لەلایەکی ترەوە خۆتان لەدنیای کەسابەت ئاگادارن، هـەموو کات تاجری دەوڵەمەند تێ ئەکۆشێ بـۆ لـەناوبردنی تاجرەکـانی تـر و بەتایبـەتی ئەگەر بێـت و تـاجرێکی فـرە دەوڵەمەنـد و بـەهێز وەك (مچـە) لـەئارادابێ، وەزع هێندەی تـر شـپرزەتر ئـەبێ، ئێسـتاکەش ئێمـە ئاوهامـان لێ هـات، بـێ بـازاڕی، ئاڵۆزی و زەخت لەهەموو لاوە، هەڕەشە لێ کردن ناچاری کردین کـەدەرگای ئـەم دوکانە تارادەیەك دابخەین و بی گوێزینەوە بۆ شـوێنێکی تـر و بەتایبـەتی ئێسـتا کەگەرما هارووژاوە خێڵەکەمان بارکەین و بەرەو کوێستان کۆچ بکەین، ئاشـکرایە پـاش لێکدانەوەیـەکی دووری تاجرانـە ئـەم رێگەیـەمان بـەدوایین رێگـەی ژیـانی کەسابەتەکەمان زانی.

کاکە گیان رەنگە ئەم سەفەرەی ئێمە دوور و درێژ بـێ بشـزانی کـەبۆ؟ جـا بۆیـە داوات لێ ئەکەم هەتا ئاگادارتان نەکەمەوە نامەم بۆ مەنێرە.

سالّح گیان ئەگەر دەست بدا ئەوا رەنگە بێمە لاتان، چونکە ئەم سەفەرە زۆر پێویستە، ئەوەش بزانە ئەم سالّ کوێستان زۆر سارده و بۆ تواندنەوەی بەفر پێویستی بەئاگر و گەرما و رەعد و بەرق هەیە، توخوا لێگەڕێ با لەتواندنەوەی ئەم سەهۆڵ و بەفرانە ئێمەش بەشێکمان پێوە هەبێ، کاکە گیان دەستەکانت بەگەرمی ئەگوشم، گەرمترین سڵاو بۆ هاوڕێکانت، سڵاو بۆ دکتۆری ئامۆزات چاوەڕوانی نامەمان بکە، بەهیوای دیتنتان.

برات: ئاسۆ سەعید

١٩٦٧/٦/٢٢

کاك سمایل لەگەڵ ئەم نامەیە دوو نووسراوەی بچوکیشی بۆ منداڵەکانی من ناردبوو کەهەروا بەخەتی خۆی بۆ یادگار لێرەدا چاپیان دەکەم.

پاش ماوەیەك نامەیەکی کاك حەمەدەمینی سراجیم پێ گەیشت کەوەزعەکەی پتر روون کردبۆوە، دەقی نامەی کاك حەمەدەمین لێرەدا چاپ دەکرێ:

برای خۆشەویستم کاك سالّح

ئاواتەخوازم سلامەت و سەربەرز بیت، پتر لەمانگ و نیوێکە چاوەڕوانی نامە یا خەبەرێك لەئێوە یان دکتۆر رام ئەکەین، بەڵام بەداخەوە هیچ لایەکیان نییە، تا رادەیەك ئەو بێ هەواڵیتان ئێمەی نیگەران کردووە، ئاخر ئاشنا گیان خۆت نازانی لەکاتی وادا هەر رۆژێك سالێکە و هەر مانگەی دەیان سالّ؟

خۆ من تا ئێستا هەر لەو ماوەیەدا نامەیەکی دوور و درێژیشم بەکاکە شوان دا بۆ ناردووی، بەڵام دەترسم لەئەم لا و ئەو لا چون و خۆگنخاندنی کاکە شوان یان نامەکە نەگا یا زۆر درەنگ بگا، لەهەرحاڵ دا بۆ دڵنیایی بوون ئەو نامەشم بۆ ناردی.

براگیان، ئەوەی ئەم ساڵ گەرما بەسەرمانی هێنا تا ئێستا نەبینراوە، بەناچاری بارگە و بنەی یەکجاریمان بەرەو کوێستانەکانی خۆمان تێك نا، سەرەڕای بەفر و سەرما و سۆڵی زۆر دیسان کوێستان بۆمان باشتر بوو تا گەرمێن.

جێگات خاڵی، بەفری ئەمساڵ بەفکری کەس دا نایە کەتەواو بێ، لەزۆر شوێن تازە هەڵزە و بیزا سەر دێننەدەر، لەسەروبەندی گەڕانەوەی کوێستانمان بابە گەورە (مام شەریف)[٧] کەوتە برۆبیانو و هەڕەشەیەکی زۆر کەوابکەم و وابچێ بەچەشنێك ئێستاش تەنانەت بەپیاوەکانی لەکوێستانان دەگەڵ ماڵە قوڵی[٨] خەریکی ناڕەحەت کردنمانن.

کەس چاوەڕوانی کردەوەی وای لەمام شەریف نەدەکرد کەلەئاخر و ئوخری عومردا ئاوا ناکۆکی بخاتە ناو تایفەیەك، تا ئێستا پتر لە سی کەسی ئێمەی گرتووە و داویەتەوە دەست قوڵی، هەر ئەو ئاکارە ناشیرنە و ناپیاوانە گەرمێنی لێ تاڵ کردین و بەرچاومان چۆڵ کرد.

سەیرە، کەهاتە سەری چاك و خراپ ناناسێ، شتی وا دەکا کەردێن سپی تایفەیە زۆر دوورە و ئابڕووی خۆی پێ دەچێ لەهەموو لایەك.

من بۆیە ئەوەم نووسی کەئێوە هەرچۆنێك بەباشی ئەزانن ئامۆژگاری بکەن کەدەست لەو ئاکارە گاڵوانە هەڵگرێ و ئامۆژگاری کەن بۆ هاتنە خوار لەکەری شەیتان، دەنا هاوکاری ئەو و پیاوەکانی لەگەڵ ماڵە قوڵی لەکوێستانەکانی ئێمەدا هەروەها گرتنی کوڕەکانی ئێمە و دانە دەست قوڵی هیچ بۆ ئەو ناهێڵێتەوە و رەنجی عومری بەبادا دەدا، لەنامەکەی کەبەکاکە شوانم دا نووسیوە بەوردی لەو بابەتە دواوم، وەزعی ئێمە لەگەڵ بابەگەورە[٩] وەك نەقڵی ورچەکە و مەلەوانەکەی لێ هاتووە کەدەگێڕنەوە: ورچێك بۆ ماسی گرتن

---

(٧) مام شەریف- مەبەست مەلا مستەفایە.

(٨) ماڵە قوڵی- مەبەستی ئێرانە.

(٩) بابەگەورە- مەبەستی مەلا مستەفایە.

لەلێواری چۆمێك دەگەڕا، لەپڕ لێوارەكە رووخا و ورچ تێ كەوت، چۆمەكە چۆمی بەهار بوو بەتەوژم ورچی راداو هێنایە خوار، چۆم بەسەر دێیەك دا دەڕۆی، چەند كەس لەتەپكێك راوەستابوون چاویان لەچۆمەكە دەكرد، لەپڕ یەكێك چاوی بەورچەكە كەوت نەیزانی ورچە، بەوانی تری نیشان دا هەموو هاتنە سەر ئەوەی كەپێستە پەنیرە ئاو هێناویەتی، یەكێك لەوان كەمەلەوانێكی قۆچاخ بوو بەپەلە خۆی ڕووت كردەوە و گەیشتە سەر پێستە پەنیر بەڵام پێستە پەنیر نەبوو، مام ورچ بوو، مام ورچ تا چاوی بەمەلەوانەكە كەوت دەستی لەئەستۆ كرد و بەری نەدا و پێكەوە شۆڕبوونەوە، برادەرەكانی مەلەوان قەراخە و قەراخ دەهاتن تا پێستە پەنیری لێ وەرگرن كەدیتیان پێستە پەنیر مەلەوانی بەدووی خۆیدا دەبا، بانگیان كرد برا وازی لێ بێنە، وەرەوە قورسە بۆت نایەتە دەر، مەلەوانی گرفتار لەجوابدا وتی خواتان لێ رازی بێ، خۆ من لەمێژە دەستم لەو بەرداوە ئەوە ئەوە كەدەست لەمن هەڵناگرێ، ئێستاش ئێمە نێزیكەی دوو مانگە دەستمان لەمام شەریف بەرداوە، بەڵام ئەو تەنانەت لەكوێستانەكانی باب و باپیریشمان شان بەشانی پیاوەكانی قوڵی خەریكی لێ گەڕان و ئازاردانمانە، بەڵام تاكەی دەتوانێ وابكا، بڕوا ناكەم تەمەنی زاڵم زۆر بێ، با ئەوڕۆش قازانجی كاتی هەردوولا (مالّە قوڵی و مام شەریف) لەوەدابێ كەلەگەرمێن و كوێستان دەستی مە ببەستن، بەڵام لەدواییدا دەردەكەوێ كەقوڵی كڵاوێكی ناوەتە سەر مام شەریف كەهەتا ئەژنۆی گرتووە.

دەی لەدكتۆری خۆمان خەبەرێك نییە؟ لەزمانی ئێمە ڕا لێی بپرسە، خۆ لەكاك حەسەن پتر لەحەوت ساڵە بێ خەبەرم، ڕەنگە هەر لەبیری چووبمەوە بەڵام من لەبیرم نەكردووە، گەلێكی لێ دەپرسم.

كاك سالّح، سەرەڕای ناكۆكی تایفە و دووبەرەكی و هاوكاری مام شەریف و قوڵی، كوێستان تا بڵێی خۆشە، دەگەڵ سێمانی (مەبەستی سولەیمانی

موعینییە) بووینەوە یەك مالّ و تاولّمان یەکە و چارەنووس یەك، ئەوەش بەهۆی بەباش زانین و هان دانی زیاتری مالّی کاکە شوان بوو، زۆر لەبرای چاو کز دەپرسم ز چاوی منالّەکانت ماچ دەکەم، هەر شاد بێ.

برات: محەمەد ئەمین– ئەحمەد

١٩٦٧/٧/١٨

پاش وەرگرتنی ئەو نامەیە بۆم دەرکەوت کەپاش گەڕانەوەی حەمەدەمین و سمایل بۆ کوردستانی ئێران لەگەلّ سولەیمانی موعینی بوونەوە یەك و خەریکی پەرەپێدانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستانن.

لەئەوروپا لەگەلّ ئەوەی کەئێمە رۆژنامەی کوردستانمان بلّاودەکردەوە، دکتۆر قاسملۆ هەولّی دەدا کە (کوردستان) ببێتە ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئێمە بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەئەوروپا قسە بکەین و رۆژنامە بلّاو بکەینەوە، ئەو کارەی کەکاك رەحیمی قازی و کاك عەلی گەلاوێژ لەباکۆ کردبوویانە، دیارە برادەرانی کەلەکوردستان بوون ئەوان خۆیان بەحیزبی دیموکراتی کوردستان دەزانی و بەکردەوەش هەر وابوو، من لەو بارەوە لەسەرەتاوە لەگەلّ دکتۆر قاسملۆ هاودەنگ نەبووم.

پاش وەرگرتنی نامەی کاك حەمەدەمین چاوم بەدکتۆر رادمەنیش کەوت، وەزعی کوردستانم بۆ باس کرد، دکتۆر رادمەنیش گوتی: تێکۆشەرە کوردەکان با رێگای راستی خەبات بدۆزنەوە، نەخشەی کاری خۆیان بکێشن، ئێمەش هاوکاریان دەکەین و یارمەتیان دەدەین، لەسەر رۆژنامەی کوردستان گوتی: ئێمە لامان وایە مەسەلەی کاری تەشکیلاتی کوردستان لەکادری رۆژنامە جیابکرێتەوە.

٢٨ی ئوتی ١٩٦٧ نامەیەکم بۆ دکتۆر قاسملۆ نارد و دەنگ و باسی کوردستانم بۆ نووسی و لەسەر وەزعی رۆژنامە و کاری تەشکیلاتی بیروڕای خۆم راگەیاند.

لەنامەی دکتۆر قاسملۆ دا نووسیبووم: لام وایە مەسەلەی تەشکیلاتی کوردستان نابێ بەرۆژنامەکەوە ببەسترێتەوە، دەبێ ئیعتراف بکەین کەناکرێ لەدەرەوە پاش سالّەها دووری لەولّات بەقسە لەئەوروپاوە رێبەرایەتی گەلی کورد بکرێ، ئەوانەی ئێستا لەباریکی دیژواردا بەشاخانەوە دەگەڕێن، حەقیانە کەرێبەرایەتی ئەوروپا قبوڵ نەکەن، ئوسوڵیش هەر وایە، لام وایە سەبارەت بەم وەزعەی کەئێستا لەکوردستاندا هەیە مەسەلەی سیاسی و تەشکیلاتی کوردستان لەدەرەوەی چوارچێوەی رۆژنامەکەدا باس بکرێ، ئەوە بەو مانایە نییە کەرۆژنامەکە بۆ هەمیشە لەکادری تەشکیلاتی و رێکخراوەیی بەدوور بێ، مەبەستم سەروبەندی ئێستایە، پێم خۆشە بەدرێژی نەزەری خۆتم بۆ بنووسی.

هەڵوێستی برادەرانی حیزبی تودە دکتۆر قاسملۆی ناڕەحەت کردبوو، لەلایەک ئەو ئەندامی حیزبی تودە بوو، لەلایەکی تریشەوە بڕوایان پێ نەدەکرد و لەسەر وەزعی کوردستانیش راوێژیان پێ نەدەکرد.

دکتۆر قاسملۆ لەتەئریخی ١٩٦٧/٩/٩ نامەیەکی بۆ من نووسی کەوا دەقی نامەکەی لێرەدا بڵاودەکەمەوە.

کاك کەریم رۆژباش، کاکە گیان نامەکەت و هەروەها مەقالەکان گەیشتن زۆر سوپاست دەکەم، دیارە ئەخباری عێراقم زۆر پێ ناخۆش بوو، بەڵام نەزەری خۆت نەنووسیبو بۆچی مەلا مستەفا وادەکا، تۆ کەلەوێ بووی دیارە باشتر دەزانی بۆچی ئەو چەند سالّە شتی وای نەکردبوو بەجارێك ئاوا دوژمنایەتی دەگەڵ ئەو کوردە ئێرانیانە دەکا کەلەعێراق بوون، تکا دەکەم نەزەری خۆت لەسەر ئەوە بنووسە.

دیسان پێم ناخۆش بوو کەکاك حەسەن لەخەستەخانەیە، زۆر سڵاوی لێ بکە و هیوادارم هەرچی زووتر بەساخ و سەلیمی لەخەستەخانە بێتەدەر.

لەسەر رۆژنامەکە وا دیارە باش لەیەکتر حاڵی نین ئێمە ئەو رۆژنامەمان هەر بۆ ئەوە ناوێ کەرۆژنامەیەکە و هەیە مەبەست لەدەرهێنانی رۆژنامەکە شتێکی تر بوو، لەپاشان زۆر رووداوی وا هاتە پێش کە دەگەیەنێ سەرۆکەکانی تووە و ئێمە (دیارە مەبەستم لەپێشدا خۆمە) نەزەرمان یەك نییە.

دووەم ئەوەیە کەئەوان هەزار شت دەکەن کەپێوەندی بەکورد و کوردستانیش هەیە، هەر لێشمان ناپرسن، تۆ ئەگەر نەزەرت ئەوەیە کەئەو گیروگرفتانە بەیەکەوە پێوەندیان نییە کەیفی خۆتە ، من نەزەرم وانییە.

ئەوە لەمانگی مای ١٩٦٦ قەرارمان داوە شەش مانگ جارێك وەئەگەر نەبوو سالّی جارێك کۆبوونەوەی گشتی رۆژنامەکە پێك بێت، ئێستا سالّێك و پێنج مانگە کۆبوونەوەکە دیار نییە !

شتێکی تر، ئاخری ئەو مانگە کۆبوونەوەی تەبلیغاتی لەلایێزیك تەشکیل دەبێ، لەنووسراوەکانی خۆیاندا باسی رۆژنامە دەکەن، رۆژنامەکە بەهی خۆیان دەزانن بەڵام لەئێمە مانان بانگ ناکەن، ئەگەر لەبیرم نەچووبێ خۆت پێزارەکە رەخنەت لێ گرتبوون، گوتبویان جارێکی دیکە بانگتان دەکەین من سێ هەفتە لەبەرلین بووم چەند جار خەبەرم بۆ ناردن بەڵکو بیانبینم، نەتیجەی نەبوو، بۆ خۆم بۆ تەبەری تەلیفۆنم کرد وتی دێم بۆ دیتنت، دیسان هەر نەهات، ئێمە وامان لێ هاتووە کەوەك ئالەتی دەست هەرچی پێیان خۆش بوو دەگەڵمان بکەن، لەپاشان بۆچی؟ جا ئەو هەموو تەقەڵایە بۆچییە؟ یا لێمان دڵنیان (دیسانی باسی خۆم دەکەم) ئەو دەم دەبێ بەپیاویشمان بزانن ئەگەر وانییە و لەهەموو جێگا بەناوی ناسیۆنالیزم ناومان دەبەن هەزار قسەی تریشمان لەسەر دەکەن، شێت نەبووین دڵی خۆمان بەرۆژنامەیەك خۆش بکەین، ئەویش رۆژنامەیەك کەناتوانێ لەچوارچێوەی بیروباوەڕی کۆنی سەرۆکەکان بچێتەدەر.

ئەو باسە دوور و درێژە لەسەر کوردستان لەمێژە حازرە، بەڵام بەراستی نازانم بۆیان بنێرم، ئەگەر یەکترمان دیت دەتاندەمێ ئێوە تەماشای بکەن. من پێشنیارم کردووە هەتا ئاخری ئەو مانگە تەشکیل بێ، کەلەپاشان دەرس دەست پێ دەکا بۆ من زەحمەتە بتوانم سەفەر بکەم.

برات: رەحمان

١٩٦٧/٩/٩

پاش ئەوە کەراپۆرت و بڕیارەکانی کۆنگرەی دووی حیزبی دیموکراتمان پێ گەیشت و دیتمان شتێکی بێ مانا و دوور لەواقعیەت هەروەها پەلاماری پێشەوا، رێبەرانی حیزبی دیموکرات و یەکێتی سۆڤیەتی تێدایە، هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەشتێکی دوور و درێژ و مەنتقی لەسەر بنووسین، نووسینەکە کاک رەحمان وەئەستۆی خۆی گرت، هەرچەند وەک لەو نامەیەشدا دەنووسی:

(باسەکەی لەمێژە حازر کردووە)، بەڵام ئێستاش نەهیچمان دیت و نەزانیمان چی نووسیوە؟

لەمانگی سێپتامبری ١٩٦٧ برادەرانی کەلەناوچەی حاجی ئۆمەران بوون خەبەریان دامێ کەعەولاغای پشتدەری ئامێر هێزی بالّەک، سوارە سەکری ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان گرتوە و داویەتەوە بەحکومەتی ئێران، لەلایەکی ترەوە نامەم بۆ هات کەعەبدولوەهاب ئەتروشی ئامێر هێزی خەبات شەش ئەندامی حیزبی دیموکراتی لەتەوێلّە گرتووە، مەلا رەحیمی وردی ناسراو بەمیرزا ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەلّبژێردراوی کۆنگرەی دوو کاتێک ویستویانە بیدەنەوە بەحکومەتی ئێران ئیعتیرازی گرتوە، عەبدولوەهاب ئەتروشی ئەمری کردووە تەقەی لێ بکەن و کوشتویانە، پێنج کەسەکەی دی بەناوانی ئەسکەندەر عەلی، محەمەد موئمنی، تۆفیق مستەفا، حەبیب ئەبابەکر، جەعفەر ئەبابەکر تەسلیمی حکومەتی ئێرانی کردونەوە.

ئەو کردەوانە دەنگ و باسی تر کەلەکوردستانەوە دەگەیشت گومانمان لەوە دا نەمابوو کەرێبەرانی شۆڕشی عێراق بۆ رازی کردنی حکومەتی شا ئەوە لەگەڵ کوردی ئێران دەکەن و بەجارێك کەوتونە ژێر دەسەلاتی ساواکی ئێران، بەڵام لەسەر ئەوەشەوە ئێمە لەرۆژنامەی کوردستاندا پشتیوانیمان لەمەلا مستەفا و شۆڕشی کورد دەکرد و بەتوندی بەگژ دار و دەستەی برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی دا دەهاتین و لەسەرمان دەنووسی.

لام وایە لەئاخر و ئۆخری مانگی ئوتی ١٩٦٧ بوو نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجیم پێ گەیشت، نامەیەك بوو بەرێگای هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقدا بۆی ناردبووم، نامەکە زۆر دواکەوتبوو، نامەیەکی دوور و درێژە، بەڵام بۆ روون بوونەوەی رووداوەکان وەك تەئریخ دەقی نامەکە بڵاو دەکەمەوە.

زۆر خۆشەویستم ئاشنا گیان

نازانی چەند تاسەی دیتنی تۆ و برادەرانم هەیە، بڕوا بکە چاو بەچاو کەوتنی ئازیزان روون و گەش دەبێتەوە، سەفەری ئەو دواییانەت لێکی نزیك کردبووینەوە، بەڵام هەروەك ئاگاداری کەند و کۆسپی لای مە بەرگری هاتنی کرد بۆ لاتان..... هەر لەسەروبەندی نووسینی ئەم نامەیەدا بەپۆستە نامەیەکم بۆ ناردی تا توێژیکت لەرووداوەکانی پاش گەڕانەوەت بخەمە بەرچاو بزانم هیچت لێ هەڵگڕاندوە یان نە، بەڵام بەهۆی کاکە شوان ئەوە ئەو نامەیەم بەدرێژی بۆ نووسی تا تۆ و برادەران ئاگاداری کار بن.

دەبێ کاك سمکۆ بەوردی لەبەغدا لەگەڵتان دوابێ، کەهەڵوێستی مە بەرامبەر بەبرادەرانی کوێستانی و هەروەها شۆڕش چۆن بووە، ئێمە شۆڕشمان بەشۆڕشی خۆمان زانیوە و دەیزانین، نەبەو نیازەی کەلەمەڵبەندێکی کوردنشین هەڵگیرساوە بەڵکو لەبەرئەوەی کەلەسەرەتاوە دروشمی هێنانە سەرکاری حوکمێکی دیموکراتی لەعێراق و سەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد

هەڵگرتووە، ئەوانەش ئەو داخوازانە نین کەپشتیان نەگیرێ، بێجگە لەوانەش ئینسانی ئازادیخواز ئازادی هەموو وڵاتێکی ژێر دەست بەهی خۆی دەزانێ و هەر وڵاتێکی رزگاربووش بەماڵە خۆی دەناسێ، سەرەڕای هەموو شتێك هەر لەزەمانی شۆڕشی چاردەی تەموزی ١٩٥٨ تەنانەت پێشتر لەوەش بۆ کوردان باو بووە لەهەر لایەك توندیان لێ گرتوون پەنایان بۆ لای تر بردووە، زۆربەی ئەو ئاوەش ئێوە و برادەرانی پاش ئێوە رشتیان کەعێراق بەپەنا و پەسیوێکی باش بزانن بۆ لێ قەوماوانی سیاسی، جوڵانەوە جۆر بەجۆرەکانی بیروبڕوا تا کوێ توانیویەتی ئێوە پێکەوە بلکێنێ یا لێکیان جیاکاتەوە، ئەوە شتێکی جیایە و پێوەندی بەخۆمانەوە هەیە.

ئێمە ئەحمەد و فایەق و جەماعەتمان لۆمە دەکرد کەلەپلەی هەوەڵ لەبیروباوەڕی پێشوو لایان داوە و لەپلەی دووەم دا بەعێراقەوە چەسپاون کەئێرانیان لەبیرچۆتەوە، لەکاتێکدا بۆ ئێمە تێکۆشانی سیاسی و رێکخراوەیی لەوڵاتدا مەرجێکی بنەڕەتی و پێویستە، ئەو ناکۆکیانە هەر مان، ئەحمەد و فایەقیش لێك جیابوونەوە، فایەق خۆی بەلای چەپ دا هێنا و ئەحمەدیش لای راست. ئێمە بەهۆی سابقەی زەهنییەوە بڕوامان بەفایق نەدەکرد و لێی دوور بووین، لەپێوەندی ئەو دواییانەی مونتەقیمی قازی لەهەولێر بەحکومەتەوە و راکردنی فایەق ئاگاداری.

هەر پێش ئەو پێوەندییە لەلایە عەبدولوەهاب ئەتروشی ئامیر هێزی خەبات پێنج برادەری کادر و ئەندامی حیزبی بەگوێرەی بروسکەی ئیدریس بارزانی بۆ عەبدولوەهاب لەلای پێنجوین گیران، راکردنی فایەق کەهیچ پێوەندێکی بەوانەوە نەبوو، کرا بەبیانوو بۆ تەحویل دانەوەی ئەوان بەحکومەتی ئێران، هەر دوا بەدوای ئەوە برادەرێکی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەم و لێ پرسراوی لقی چواری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەنێوی مەلا رەحیم لەگەڵ

کادرێکی هەرە باش و پاکی لای بانە کەپتر لە سێ ساڵ بوو دانیشتبوو خەریکی کاسبی بوو گیرفان و ئەوانیش درانەوە بەئێران، مونتەقیمی قازیش هەر دراوە بەئێران، دیسان پێنج برادەری کادر و پێشمەرگەی ئێرانیان لەباڵەك گرت و تەحویلیان دانەوە، وای لێ هات جەنجەڕی شۆڕش بێ هیچ حیسابێك چاك و خراپی وەبەر دەدا و دەیدانەوە دەست ئێران، تا حەوتوێك لەمەوبەر پتر لەسی کەس پەناهێنی سیاسی کورد بۆ عێراق دراونەوە دەست ئێران.

لەسەروبەندی تەحویل دانەوەی مونتەقیم، من و برادەرێك بۆ وتوێژ لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی و هەروەها مەکتەبی تەنفیزی چووبووینە لای باڵەك، پاش دیتن زۆر بەئاشکرا درکاندیان کەبۆ برادەرانی ئێرانی دانیشتووی عێراق تاقە دوو رێگا هەیە، یا توانەوە لەناو شۆڕش دا و دەست لەئێران هەڵگرتن، یا چوونەوە ئێران و دەست لەعێراق هەڵگرتن، دەنا ئێمە رێگا نادەین کەسێك پەنای بۆ ئێمە هێنابێ بچێ لەئێراندا خەریکی حیزبایەتی بێ، ئێمەش جوابی ئەو پێشنیارەمان وەدواخست تا برادەران دەبینین، ئاشکرایە شتی وا بەمە قبوڵ نەکراوە و ناکرێ، ناچار بەرەبەرە خۆمان کێشاوە نێو ئێران.

شۆڕشیش بەداخوازی ئێران پێش گەڕانەوەی ئێمە پتر لە ٢٥٠ پێشمەرگەی لەگەڵ عەشیرەتی مامەشی بەشی عێراق و هەموو کوێخا مەنگوڕەکانی عێراقی لەئێراندا وەدوای فایەق و جەماعەتەکەی خست کەشان بەشانی ژاندارم و جاشەکانی ئێرانی و سەرباز و ئەفسەر و مەعمورەکانی سازمانی ئەمنیەت بەدوایدا دێهات و کێوەکان بپشکنن و بەزیندوویی یان بەمردویی بەدیاری بۆ ئیدریس بارزانی بێننەوە، پێشمەرگەی شۆڕش بەپانایی پتر لەپەنجا کیلۆمەتر بەدرێژایی کێوەکانی نێزیك خانێ تا لای بانە دێ بەدێ گەڕان و بێجگە لەتف و لەعنەتی خەڵك چی تریان دیاری نەهێناوە.

ئەو کردەوە دڵی هەر ئینسانێکی بەشەرەفی لەئێران و عێراقدا بریندار کرد کەحکومەتی ئێران سەرەڕای ٢٥٠ تا ٣٠٠ هەزار سەرباز و ٢٠ هەزار ژاندارم و هەزاران جاشی بەکرێ گیراو، بارزانی و پێشمەرگەی قارەمانی کوردستانی عێراق بەد نێو کا و بیانکاتە دار دەست و قوڵە چوماخ، ئەو کردەوە گڵاوە قسەی ئیدریس بارزانی وەڕاست گێڕا کەلەبرادەرێکی ئێمە هەڕەشەی کردبوو، گوتبوی: هەرکەسی ئێرانی هاتووچۆی ئەودیو بکا لاقی ئەپەڕێنین و تەنانەت تا تاران پێشمەرگەی وەدوا دەخەین و دەیگرین و سزای دەدەین، بەڵام بۆ ئەوانەی کەخۆیان بەخاوەنی بیروبڕوا دەزانن ئەو هەڵوێستە توندوتیژە تا چ رادەیەک دەتوانێ کاریگەر بێ؟ لام وایە هیچ، وەک بوێژێکی فارس دەڵێ:

رەسم و رە ازادی یا پیشە نباید کرد

یا انکە ز جان بازی اندیشەنباید کرد

دیسان ئێمە پێش گەڕانەوەمان بۆ گێڕانەوەی فایەق زۆر تێکۆشاین تا وابکەین یان بگەڕێتەوە، یان وا بجووڵێتەوە ناڕەحەتی نەبۆ خۆی و نەبۆ خەڵک و نەبۆ شۆڕش بخوڵقێنێ، فایەق لەسەر راسپاردنی برادەران تا لەتوانای دا بوو خۆی پاراست، دیسان پاش دوو جار دیتنی لەلایەن برادەرانمانەوە لەئێران بەوە گەیشتین کەلەئەم دیو یا ئەو دیو ئێمە کۆبوونەوەیەک پێک بێنین و بۆ بەڕێوەبەرێتی و هەڵبژاردنی بەڕێوەبەران تصمیم بگرین، هەرکاتێک بەڕێوەبەرانی هەڵبژێردراو بڕیاری گەڕانەوەی فایەق بدەن با لاشی سوور بێ کەتەحویلی ئێرانی دەدەنەوە چوون بڕیاری بەڕێوەبەری لەسەرە، بۆ عێراق بگەڕێتەوە، بەڵام پەلە پەلی شۆڕش لەتەحویل دانەوەمان زۆر لەبرادەرانمانی خستە فیکری گەڕانەوە و تا وای لێ هات بێ حیساب کەس شەوێ رەحەت نەبوو کەسبەینێ دەیگرن یان نە، ئا لەم کاتەدا ئێمە بڕیاری چوونەوەی ئامێزی چیا بەرزەکانی کوردستانی ئێرانمان دا بەتێکڕایی، کاکە شوان لەمێژ بوو داوای یەکگرتنەوە

دەگـەڵ فایـەقی لێ دەکـردین و گەڕانـەوەی ئێـران، تەنانـەت مەکتـەبی سیاسـی پارتیش سوور بوو لەسەر یەکێتی لەگەڵ فایـەق (بـێ گەڕانـەوە)، بـەڵام ئێمـە تـا شۆڕش هەڵوێستی بەرانبـەر بـەبرادەرانی ئێرانـی بـێ وەبەرچـاو خسـتنی چـاك و خراپ نەگۆڕێ هەر سوور بووین لەسەر کاری جیاوازی خۆمـان تـا دڵنیـایی تـەواو پەیدا کردن لەفایـەق، ئـەمما شـاڵاوی دەسـت و پـێ بەسـتن و تـەحویل دانـەوە، ئێمەی هێنا سـەر دوو رییـانی دانیشـتن و چـاوەڕوانی کـۆت و زنجـیر بـوون، یـان چـوونەوە و پیـوی هـەموو چەشـنە ناڕەحەتیـەك لـەخۆ هەڵسـوون، ئێمـە رێگـای دووهەممان هەڵبژارد.

هـەر کەگەڕاینـەوە و برادەرانمـان گرتـەوە کۆبوونەوەیـەکمان پێـك هێنـا بـۆ هەڵبـژاردنی سـەرۆکایەتی و دارشـتنی پلاتفـۆرمی کـار، بـۆ بەڕێوەبەرایـەتی ٢١ (بیست و یەك) کەس دیاری کران کەلەوانە یەکیان ئێوەن، پاش بڕێك چەقەچـەق هەڵواسرانی دکتۆر (مەبەستی دکتۆر قاسملۆ) بەستراوەتەوە بەشـاهیدێکی دیکـە کەلەکۆبوونەوەدا نەبوو، بەڵام ئەویش لەصدیق ئازەری بیستووە کەتا سـەرەتای ساڵی ١٣٤٥ لەمەڕ دکتۆر فریوی ئەحمەدی خـواردووە، بـەڵام لـەو دەمـەوە بـۆی دەرکەوتووە کەئەحمەد راست نەبووە و تاوانبـار کردنـی کـاك ڕەحمـان بـێ جـێ بوە، جا ئـەو شـاهیدەی ئـاخری لەسـەدا و سـەد لەگەڵمانـە و ئێمـەش هـەر وەك توانیومانە جەماعەت رازی بکەین کەناتوانین تـا کـۆنگرەی سـێهەم لەبـەر هـەموو لایـی نـەبوونی کۆبوونـەوە بـەنێوی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان ئـیش بکـەین بەڵکو هێنامانە سەر ئەوەی کەبـەنێوی (کۆمیتـەی ئینقلابـی حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان) دەبێ دەست بـەکار بێـنن، هـەروەها بڕیـاری گشـتی درا کـەئۆرگانی کۆمیتـەی ئینقلابـی بـەنێوی (تیشـك) بـێ، دیسـان هـەروەهاش توانامـان هەیـە

کەدکتۆر و هەر برادەرێکی باشی تر بخەینە کۆڕمانەوە و کەڵکی لێ وەرگرین[١٠]، چونکی لامان ئاشکرایە بەڕێوەبەری هەرچەند لێ زان و پاک و بەکار بێ، بەو

(١٠) لێرەدا پێویستە ئاوڕێک وەسەر کتێبی (جوولانەوەی میللی کورد) نووسراوی (کریس کۆچێرا) رۆژنامەنووسی فەرەنسی بدەین کەبەیارمەتی دکتۆر قاسملۆ نووسیویەتی، ناهید بهمن پووریش بەشێکی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و کتێبی (جومعە)ش لەژمارەکانی ١٩و٢٠و٢١دا ئەو بەشەی چاپ کردووە، لەئەوروپا (انتشارات اسماعیل شریف زادە) لەژێر ناوی (کوردستان و جەمهوری مەهاباد) لەگەڵ ڕوون کردنەوەیەک چاپی کردۆتەوە.
بێجگە لەوە کە (ڕوونکردنەوەی انتشارات اسماعیل شریف زادە) راست نییە و هەڵەی تێدایە، نووسینی کریس کۆچێراش لەمەڕ ڕووداوەکانی ئەو سەروبەندەی کوردستانی ئێران چەند ناڕاستی و هەڵەی تێدایە کەباسیان دەکەین.
١- مەسەلەی خودموختاری جمهوری کوردستان، ڕاستییەکەی ئەوەیە کۆماری دیموکراتی کوردستان ناوەکەی کۆماری خود موختاری نەبوو، بەڵکو ئارمی کۆماری کوردستان (حکومەتی میللی کوردستان) بوو کەلەهەموو سەر دەرگای ئیدارەکانی دەوڵەتی نووسرابوو، بێجگە لەوە هیچ یەک لەنووسەرانی بێگانە کەباسی کارەساتی ساڵەکانی ١٩٤٦/٤٥ی کوردستانی ئێران دەکەن، کۆماری کوردستان بەخود موختار ناو نابەن.
٢- کریس کۆچێرا دەنووسێ: شێخ ئەحمەدی بارزانی پاش هاتنی بۆ ئێران هەتا کۆتایی کۆماری مەهاباد لەنێزیک نەغەدە دانیشتوو کچی یەکێک لەسەرۆکەکانی قەرەپەپاخی لەخۆ مارە کرد.
ئەوە ڕاست نییە، شێخ ئەحمەد هەرگیز کچی قەرەپەپاخی مارە نەکرد و تا ماوەیەکی زۆری لەگوندی قونقەڵا نێزیک مەهاباد دادەنیشت نەک لەنێزیک نەغەدە.
٣- هەوەڵین ژمارەی گۆڤاری ڕێگا لەخەزەڵوەری ١٣٢٧ واتە دیسامبری ١٩٤٨ (نەک هەوەڵی ساڵی ١٩٤٨ وەک کۆچێرا دەنووسێ) لەلایەن غەنی بلوریان و کاک حەسەنی قزڵجی بڵاوکرایەوە.
٤- عەبدوڵڕەحمانی قاسملۆ ئەندامی کۆمیتەی مەهاباد نەبووە (وەک کۆچێرا دەنووسێ) ناویراو وەک کادرێکی حیزبی تودەی ئێران بۆ هاوکاری لەگەڵ حیزبی دیموکرات لەلایەن حیزبی تودەوە ناردرابووە مەهاباد.
کۆمیتەی مەهاباد بەپێچەوانەی نووسینی (کۆچێرا) پێنج کەس بوون نەک شەش کەس.
٥- کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دیموکرات لەسونێ ساڵی ١٩٦٤ بەپێچەوانەی کریس کۆچێرا قازی محەمەدی بە (خەیانەت) تاوانبار نەکردووە، تەنیا هێندێک لەکادرەکانی بەخەیانەت و جاسوسی تاوانبار کردبوو، سەبارەت بەپێشەوا و ڕێبەرانی حیزب و کۆماری مەهاباد، کەم فامی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەڕێوەبەرانی ئەو کاتەی حیزبی بەکارهێناوە.
٦- هەروەک لەنامەی حەمەدەمینی سیراجی یا ڕەوەند دەردەکەوێ بەپێچەوانەی نووسینی کۆچێرا یەکەم ئەندامی کۆمیتەی ئینقلابی یازدە کەس نەبوون، لەپێشدا دامەزرێنەران حەوت کەس بوون، پاش یەکگرتنەوە دەگەڵ سولەیمانی موعینی ٢١ کەس بۆ ڕێبەرایەتی هەڵبژێردران. دووهەم عەبدوڵڕەحمانی قاسملۆ هەروەک ڕەوەند دەنووسێ هەڵ نەبژێردراو. بەڵکو هەڵبژاردنی ئەو بەستراوەتەوە بەشاهیدی برادەرێک کەلەکۆبوونەوەدا نەبووە.

ئەندازەش ئیش باشتر دەچێتە پێش، هەر لەبەر ئەو نوکتەش بڕیارمان داوە کەلەداهاتوش دا هەر برادەرێکی باشی لێ وەشاوەی پاک بەمەرجێ پاڵ پشتی دەنگی زۆربەی ناوەندیەتێ و ئامادەیی تەواوی خۆی دەتوانێ ببێتە ئەندامی بەڕێوەبەری کۆمیتەی ئینقلابی (نەک بیرۆی سیاسی)، جا ئێوە زۆر لەپێشن و حەقی خۆتانیشە، ئێستا وەک مەسەلەی مەشهور (ئەوە گۆ و ئەوە مەیدان)، بزانین تا کوێ دەڕۆین.

دەی برا، ئێوە هەر بەجارێک، خەبەرتان بڕا، نەئەتۆ و نەکاکە (رام) هەر لەکولەکەی تەڕیشدا باستان نەما، ئێمە زۆر بەهیوای گەڕانەوەی تۆ یا هاتنی کاکە (رام) بووین، بەڵام بیانوی رووداوی شەڕ لەنێوان دەوڵەتە عەرەبەکان و ئیسرائیل بۆ ماوەیەکی نا مەعلووم بوو بەکۆسپ کەپەکی یەکتر دیتن و ووتوێژمان بخا، ئێمە سەرمان لەئیشی برادەرانی دەرەوە سووڕ ماوە، بەڵێ ئیمڕۆ ئەو ناکۆکیەی کەلەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگۆڕێ دایە، گرینگترین و پڕ مەترسیترین رووداوی پاش شەڕی عالەمی دووهەمە و بەردەوام بوونی هەوێنی خەستی شەڕی گەورەی سێهەم دەبێ، بەڵام دەربڕینی هەڵوێستی حیزبێک بەرامبەر بەو شتە ئەویش پاش ئەوەی بەرەی کۆمۆنیستی لاگرێ لایەک و بەرەی ئیمپریالیستی جیا لەفەرانسە کەهەڵوێستێکی خراپی نییە ئەوانی تر لاگرێ لای ترن، رێگا تا رادەیەکی زۆر بۆ حیزبی تودە دەکاتەوە، مەگەر خەونی خۆش خۆش دیترابێ، دەنا بۆ حیزبێکی وشیار رووداوەکانی خاریج هەرچەند گرنگ و پڕ مەترسی بن، بەڵام دیسان نابنە هۆی لۆکە لەگوێ ئاخنین بەرامبەر بەباری

۷- بەپێچەوانەی کریس کۆچێرا سولەیمانی موعینی کاتێکی گیرا و شەهید کرا لەسەفەری ئەوروپا نەدەگەڕاوە، سولەیمان هاتبوە عێراق چاوی بەهاوڕێیانی و بەژن و منداڵەکەی بکەوێ، حەسۆ میرخان لەسەنگەسەر دەستی بەسەردا گرتبوون و نەی دەهێشت بڕۆن.

۸- بەپێچەوانی کریس کۆچێرا حیزبی دیموکراتی کوردستانێ ئێران سالی ۱۹۷۳ قەت (کمک تسلیحاتی) لەدەوڵەتی عێراق وەرنەگرتووە و دژی بارزانیش نەجووڵاوەتەوە.

ناوخۆی ولاّت، ئیمرۆ ئەوەی لەکوردستانی ئێران رادەبرێ لەمێژووی خەباتی گەلەکەماندا نەبووە، لەلایەك حکومەت خەریکی خۆ ئامادەکردنێکی بەرینە و رۆژانە بەفڕۆکە و هێلی کۆپتەر تەنانەت ئاسوودەیی لەگەزۆکەر و گەلّ کەرانیش بڕیوە و هەر خەریکی کەشفیاتە، پەیتا پەیتا ئاغا و کوێخا و پیاوە خۆفرۆشەکانن کەبۆ رەزائیە و مەهاباد و سەردەشت بانگ دەکرێن، دەیانلاوێننەوە و داوای وەرگرتنی چەکیان لێ دەکەن بۆ لەبەین بردنی چەتەکان!! ئینسانە باشەکانی دانیشتووی دێهاتیش جیا لەجنێو و هەڕەشە و گوڕەشە و گرتن لەلایەن میرییەوە چی تریان وەبەر ناکەوێ، لەلای تریشەوە هەر ئێستا کەبەگوێرەی فەرمانی بارزانی ئەو دەستە پێشمەرگانەی خوارەوە کەنێزیکەی ٣٠٠ کەس دەبن لەسنوورەکاندا مۆڵیان خواردووە و چاوەڕوانی ئەمری سەرۆکن بۆ لەسەر ڕا خۆ دە ئێران کوتانەوە: دەستەی ملازم ئەحمەد، دەستەی مام وسو دزەیی، دەستەی گورکۆی یەزیدی، دەستەی عەبدولاّ ئاکۆ، دەستەیەك تێکەلاّو لەبارزانی و جەماعەتی مەحمودی حەمەڕەش.

ئا لەم کاتە ناسکەدا بەتایبەتی بۆ ئێوە هەر سەعات و دەقیقەیەك قیمەتی تەواو نابێ و خافلّ بوون زیانێکی بێ ئەژماری هەیە، هەق نییە لەم هەلومەرجەدا وەك کەو سەر لەبەفر نێین و ئاگامان لەدەوروبەرمان نەبێ، پێویستە بەشوێن ڕووداوەکاندا بگەڕێین و چاو نەتروکێنین و لەخشتە بچینە پێش نەك دووڕە پەڕێز ڕاوەستین، هەم دیسان لەوەختی وادا نێزیکی و ئامۆژگاری و یارمەتی ماددی و مەعنەوی ئەرکی سەرشانی هەر تێکۆشەرێکی بەراستی ڕێبازی ئازادی و دیموکراتیەتی ئێرانە، ئێمە داواتان لێ دەکەین بەزمان، بەقەلەم و بەهەموو چەشنە توانایەکتان شان بەشانمان بوەستن بۆ بەرەنگاری دام و دەزگای کۆنەپەرستی ئێران، هەروەها وشیار کردنەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق بەتایبەتی بارزانی لەچەوتی سیاسەتی تەحویل دانەوەی

پەنابەرە سیاسیەکانی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەحکومەتی ئێران، هەروەها دەربڕینی مەترسی تەواو کردن لەو هەڵوێستە کەبەپێشمەرگە بەشەرەفەکانی کوردستان دەوری ژاندارم و سەرباز و جاشە چلّکاوخۆرەکانی ئێران دەبینن و ئەنجامی ئەو کارە خزانە ئامێزی گلّاوی رۆژئاوا دەبێ رووبی کەنەوە کەحکومەتی ئێران سەرەڕای پتر لە ٢٥٠ تا ٣٠٠ هەزار سەرباز و ٣٠ تا ٤٠ هەزار ژاندارم و هەزاران جاش نیازی هەرە گەورەی لەکێشانی پێ بارزانی و پێشمەرگە بۆ چارەسەر کردنی ئەو مەسەلەیە هێنانە خوارێ ناو و ناوبانگی بارزانی و شۆڕشەکە بەبەکرێ گیراوی ئێرانیان بەکورد و نەتەوەکانی تری ئێران بناسێنێ و لەپێش چاوی عالەمیان بخا وەك تا رادەیەکی زۆر لەو پیلانە سەرکەوتوە ئەوڕۆ لەئێراندا بارزانی پووچاندەوە، تەنیا گرتنە پێشی رێگایەکی عاقلّانە دەتوانێ ئەو پەلّەیەی لەداوێنی شۆڕش بەتایبەتی بارزانی بشواتەوە.

بڕا گیان قسە زۆر و ماوە کەم ناچارم چیتر نەنووسم و چاوەڕوانی هاتنان بم بۆ دلّی کێوەکانی کوردستانی ئێران یا ناردنی جواب، هەر کارێکتان هەبێ کاکە شوان ئامادەیە رای پەڕێنێ، ئەگەر هاتیشن، ئەوان پێمان رادەگەیەنن دەتان بینەنەوە، تکایە لەنێو قەندیل بەهۆی نامەکەتان کەبۆمن و ئەمیرت نووسیبو، ئەمیریش نامەکەی بەدوو سێ کەس دابوو کەبزانن قەندیل کێیە؟ ئێستا بێ ئەوە بزانن قەندیل کێیە؟ کەوتۆتە سەر زاران کەقەندیل خەریکی پێوەندییە، چاو بپۆشن و تخی کەن، دەتوانی بەنێوی (سەهەند) بەکاکە شوان دا هەر کارێکت بوو رای ئەسپێرێ بەئێمەی رادەگەیەنن، سەرکەوتن بۆ گەلە و رووەشی بۆ دوژمنانی گەل.

براتان: هەڵۆ

١٩٦٧/٧/١٦

تەقەڵا بۆ گەڕانەوەی کوردستان

رۆژی ۱۹٦۷/۹/۲۹ لەنامەیەك دا بەدکتۆر رادەمەنیشم راگەیاند کەبرادەران گەڕاونەوە بۆ کوردستانی ئێران و لەکۆبوونەوەیەك دا منیان بەئەندامی رێبەرایەتی هەڵبژاردووە و داوایان کردوە کەبگەڕێمەوە بۆ کوردستان، پێشنیار دەکەم کۆبوونەوەیەك بەبەشداری دکتۆر قاسملۆ و کاك حەسەنی قزڵجی و من لەگەڵ بۆڕۆی سیاسی حیزی تودە پێك بێ و رێگا بدەن بەیەکجاری بگەڕێمەوە بۆ کوردستان.

شەشی ئۆکتۆبری ۱۹٦۷ دکتۆر رادەمەنیش بەتەلیفۆن گوتی: لەو کاتەدا کۆبوونەوەمان بۆ ساز نابێ، پێشنیار دەکەم سەفەرێکی دیکە بکەی بۆ عێراق، لەگەڵ برادەرانی کورد پێوەندی بگری و قەرار و مەدارێك دابنێی بۆ چاوپێکەوتنمان.

رۆژی ۱۱ی ئۆکتۆبر پاسپۆرتیان بۆ ناردم و بڕیار درا سەفەر بکەم، رۆژی ۱۲ی ئۆکتۆبەر نامەیەکم بۆ دکتۆر قاسملۆ نووسی و لەوەزعی برادەران و لەگەڕانەوەی خۆم بۆ بەغدا ئاگادارم کرد.

رۆژی ۱۹٦۷/۱۰/۱۵ چوومە لوبنان و لەوێشەوە بەرەو بەغدا کەوتمەڕێ و رۆژی ۲۰ی ئۆکتۆبەر گەیشتمە بەغدا، وەك جاران چوومە هوتێل بەشار لەحافظ القاضی هەر ئەو رۆژە لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیست پێوەندیم گرت و داوام کرد رادیۆیەکم بۆ بنێرن، ئێوارەیەك کاك عەزیز محەمەد تەلیفۆنی کرد ئەحوالّی پرسیم، رۆژی دوایی کاتێك گەڕامەوە هوتێل، رادیۆیەکیان لەژوورەکەم دانابوو، ئێوارێ کاك عەزیز تەلیفۆنی کرد گوتی: لام وایە رادیۆیان بۆ ناردووی گۆیا لەوێ نەبووی لەژوورەکەیان داناوە.

گوتم: رادیۆکە لێرەیە، بەڵام پەیکی ئێران ناگرێ.

– برا دەبوایە پێشتر بڵێی تا بەشەریکەکە گوترابا بەو شەرتە دەیکڕین کەرادیۆ پەیکی ئێران بگرێ! دەنێرین بۆت بگۆڕنەوە.

بەیانی هاتن رادیۆکەیان برد و گۆڕیبوویانەوە رادیۆیەکی تۆشیبای زۆر باشیان بۆ هێنابووم، ئەم رادیۆیە تا ساڵی ١٩٨٤ وەك شتێکی بەنرخ و پیرۆز لەماڵی ئێمەدا دەپارێزرا.

هەروەك جاران گورج نامەیەکم نارد بۆ کوردستان و داوام لەبرادەران کرد کەجێگایەك دیاری بکەن تا بچم چاوم پێیان بکەوێ.

ئێوارەیەك چوومە ماڵێ مامۆستا حەمزە عەبدوڵڵا حەلاوە خانی خێزانی شێخ لەتیفی نەمر لەوێ بوو، قسەمان دەکرد و چایمان دەخواردەوە، لەپڕ حەلاوەخان گوتی: ئەرێ مامۆستا ئەوە پیاوە دەنگ ناخۆشەکەی پەیکی ئێران نییە؟ خۆم وام زانی زۆر سەحەت گرانە، کوڕە خۆ زۆر ئێسك سووکە هەموو رۆژێ گوێمان لەدەنگی نەبێ ئارام ناگرین، لەوێ حەلاوە خانم ناسی، ژنێکی بەڕێز رووناکبیر و لەسااڵکانی دواییدا هاتووچۆمان هەر هەبوو.

لەماڵە مامۆستا حەمزە بووم مام جەلال هات، بەگەرمی چاك و خۆشیمان کرد و باسمان دامەزراند، مام جەلال گلەیی لێ کردین کەلەرۆژنامەی کوردستاندا دژی ئەوان دەنووسین، منیش لەسەر هەڵوێستی ئەوان سەبارەت بەشۆڕشی کوردستان بیروڕای خۆم راگەیاند، مام جەلال گوتی: دەبێ بچینە لای ئێمە پێکەوە نان بخۆین، شەو چوینە ماڵەکەی ئەو لەخانویەکەی گەورەدا ژیانێکی پێشمەرگەیی هەبوو، قەرەوێڵێك و چەند پێشمەرگە و خانوی چۆڵ، پێم خۆش بوو لەژیانێکی ئاوادا دەژی، مام جەلال گوتی: خەریکم بچم بۆ یۆگوسلاوی لەکۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورددا بەشدار بم، پێم خۆشە ئێوەش لەگەڵم بێن و بەشداری بکەن.

گوتم: بەداخەوە ناتوانم، چاوەڕوانی برادەران دەکەم دەمەوێ بیانبینم.

رۆژێك بەیانی هێشتا لەخەو هەڵنەستابووم مامۆستا زەبیحی لەهوتێل بەشار وەژوور کەوت، گوتی: مام جەلال ئەوە لەفڕۆکەخانەیە، سەفەر دەکا بۆ یۆگۆسلاوی دەیگوت پێم خۆشە چاوم پێ بکەوێ، هاتووم لەدوات، ئێستا چاوەڕوانتە، سواری ماشێنی کردم بۆ فڕۆکەخانە مام جەلال بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، فوئاد رکابی و چەند کەسی تری لەلا بوون، هاتبوون بەڕێی بکەن، بەوانی ناساندم وەك تێکۆشەرێکی کوردستانی ئێران، پاشان گوتی: ئەوە فڕۆکە هەیە با سوار بین بچینە بێلگراد، پاش دوو رۆژ کۆنگرە تەواو دەبێ دەگەڕێنەوە.

دیار بوو من نەمدەتوانی ئەو سەفەرە بکەم، بەناچاری داوای لێبوردنم کرد، پاش رۆیشتنی مام جەلال لەگەڵ مامۆستا زەبیحی هاتمەوە هوتێل، داوام لێ کرد کەپسولەیەکم بدەنێ تا بتوانم بچمە سولەیمانی و قەڵادزە، ئەودەمی پسولەی ئەوان وەك وەرەقەی حکومەت وابوو، مامۆستا زەبیحی گوتی: بەبرادەران دەڵێم لێت دەگێڕمەوە، ئێستاش نەپسولە هەبوو نەلێی گێڕاینەوە.

میواندارای عیزەدین مستەفا

تازە لەحیزبی کۆمۆنیستی عێراق دووبەرەکی ساز ببوو، عزیز الحاج جیا ببۆوە و رێگای خیانەتی گرتبووە پێش، بەداخەوە هەندێك لەکادرەکانی حیزبی لەگەڵی چووبوون و دکتۆر (عیزەدین)یش رەگەڵ کەوتبوو، کاك محەمەدی مەلا کەریم پێی گوتبوو کەمن هاتوومە بەغدا و لەهوتێل بەشارم، رۆژێك عیزەدین کوت و پڕ وەژوور کەوت، پاش چاك و خۆشی دەستی کرد بەقسەی دژی حیزبی کۆمۆنیست.

رۆژێکیان کاکە حەمە هات و گوتی: عیزەدین ژنی هێناوە بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ بانگی کردووی، من دێم و پێکەوە ئەچین، بەڵام باوکم تۆ زمانت تۆزێ

هەڵەیە، نەکەی باسی ژنی جوان و ناحەزی ئەوروپا بکەی، نانی خۆمان دەخۆین و قسە دەکەین.

چووینە سەر بانگێشتنەکە، میوانداریەکی ڕێك و پێك و نان و خوانێکی کوردانە، بەڵام بەداخەوە لەبۆچوونی مەسەلەکاندا یەك نەبووین و دەمەتەقەمان بەردەوام بوو.

ئەو ماوەی لەبەغدا بووم خەبەرم دا کاك سەعید کوێستانی و مەلا محەمەدی خدری و چوکەڵی گەوهەری هاتنە لام، چەند ڕۆژ پێکەوە بووین، دەنگ و باسی نێو شۆڕش و بارودۆخی کوردستانی ئێرانیان بۆ باس دەکردم، هەروەك رابردوو لایان وابوو شۆڕشی کوردستانی عێراق لەژێر دەسەڵات و چاوەدێری حکومەتی شا دایە، دەیانگوت نێو شۆڕشی کوردستان پڕ بووە لەجاسوسی عەجەم و ساواك و ئەفسەری ئەرتەشی ئێران.

ئێوارەیەك لەگەڵ مەلا محەمەدی خزری باقلاوەمان کڕی و شەو لەهوتێل خواردمان، نیوەشەو مەلا محەمەد وەهاوار کەوت، هەموو لەشی دەلەرزی، ئارەقەی دەکرد حەجمینی لێ هەلگیرا بوو، هەر پێم دەکرا لیباسەکانی لێ بگۆڕم، بەیانی زوو بردمە لای دکتۆر، دەرزی لێدا و هێندێ دەرمانی بۆ نووسی، خولاو ڕاستان پاش ڕۆژێك مەلا محەمەد هاتەوە سەرەخۆ و نەجاتی بوو.

ڕۆژێك لەحافظ القاضی دەگەڕام، چاوم بەکۆمەڵە پیاوێك کەوت، چڵکن شان و پیل داکەوتوو، سەر و ریش هاتوو، لەسەر و پۆرێ چڵکن و کڵاوی ئارخ چن زانیم کوردی لای خۆمانن، لێیان چوومە پێش و بەخێرهاتنم کردن و گوتم:

عەیب نەبێ خەڵکی کوێن؟

– خەڵکی زینوێ شێخین.

– ئێوە خەڵکی زینوێ نین، لەسەروکلاو و دیارە کوردی ئێرانن.

یەکیان هەڵی دایە گوتی: ئەرێ تۆ کاك کەریمی حسامی نی؟

– نا... کاك کەریم کێیە؟

– کاکە بەخولاّی هەوی، هەموو ئێواران گوێمان لەدەنگت نەبێ نانمان پێ ناخورێ.

– کەوابوو یەکترمان ناسیوەتەوە، بەلاّم پێتان ناخۆش نەبی لەچلّکنی پا وادیارە دەچنە حەجێ.

– بابم چت لێ وەشێرین، بەخولاّی چاکت ناسیوین.

– کەوابوو فەرموون با بچینە هوتێلەکەی من بڕێك قسە بکەین.

چووینە هوتێل و ناردم پێنج شەش کیلۆ پرتەقالّیان هێنا، خزم کەوتنە سەر دەتگوت قەت پرتەقالّیان نەدیوە، باسی کوردستان و باسی هەرای فایەق و مراد شێرێژ و چەکدارم لێ پرسین، دەیانگوت: بابم بەخولاّی لەهەموو کوردستان هەن، خەلّکیان لەگەلّە، عەجەم لێیان دەترسن، پێیان دەلّێن چەتە، پاشان دەنگ و باسی هێندێ براەری ناسراوم لێ پرسین، بەکورتی دوو سێ سەعات گەلێك بەخۆشیم رابوارد، دەتگوت لەکوردستانم.

تا ماوەیەکی زۆر لەبەغدا بووم وەلاّمی براەران نەهاتەوە، جارێك ویزاکەم درێژ کردبۆوە، نەم دەتوانی پتر لەعێراق بم، لەگەلّ یوسفی رێزوانی قەرارم دانا کەئەگەر نامەی کاك سولەیمانی موعینی و سمایلی شەریف زادە هاتەوە دەست بەجێ بۆم بنێرێ، رۆژی ١٩٦٧/١١/٢٧ گەڕامەوە بۆ سۆفیا.

پاش گەڕانەوە براەرانی حیزبی تودە داوایان لێ کردم کەلەهەموو بارێکەوە پێشنیار و بیروڕای خۆم بۆیان بنووسم، ئەوەی لەدەفتەری بیرەوەریەکانم دا ماوە بەکورتی ئەوانەی خوارەوەن کەبێگومان درێژتر بۆم نووسیون:

١– بەر لەهەموو شت یارمەتییەکی تەواوی ماددی بەهاوڕێیانی حیزبی دیموکرات بکرێ.

٢- رێگا بدەن من و یەك دوو کەسی تر بچینەوە کوردستان و لەگەڵ کاك سولەیمان و جەماعەت هاوکاری بکەین.

٣- سێ چوار کەس لەو کەسانەی کەئەوان دیاری دەکەن بیانهێنن بۆ دەرەوە بۆ ماوەیەکی کەم فێری هێندێ شتی سەرەتایی بن و بگەڕێنەوە بۆ وڵات.

٤- لەکوردستانی عێراق ئیمکانی چاپکردن و بڵاوبوونەوە هەیە، کاری چاپەمەنی کوردی لەوێ دەست پێ بکرێ.

٥- لەبارەی تەبلیغاتییەوە راپەڕینی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکرات بەحیزب و کۆڕە نێو نەتەوەییەکان بناسێندرێ، رادیۆ پەیکی ئێران دەنگ و باسی راپەڕین و بەیاننامە و نووسراوەکانی ئەوان بەتەواوی بڵاو بکاتەوە.

٦- تێکۆشان لەنێو خوێندکارانی کورد لەئەوروپا دەست پێ بکرێ، دکتۆر قاسملۆ لەگەڵ کاك محەمەدی موهتەدی دەتوانن ئەو کارە بکەن.

لەپێشنیارەکاندا نێوەرۆکی کۆمیتەی ئینقلابی و جوڵانەوەی کوردستانی ئێرانم روون کردبۆوە کە: لەجووڵانەوەی کوردستانی ئێران دا سەرۆکایەتی بەدەست دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەتان نییە، حیزبی دیموکراتی کوردستان یا کۆمیتەی ئینقلابی بیروباوەڕی ئانتی کۆمۆنیستیان نییە، خەڵك لەکوردستانی ئێران لەریژێمی شا ناڕازییە و پشتی جوڵانەوە دەگرن.

بەداخەوە رێبەرایەتی حیزبی تودە لەقسەکردن دا لەگەڵ هەموو پێشنیارەکانم موافیق بوو، بەڵام هەموویان هەر لەسەر کاغەز مانەوە و بەکردەوە هیچ هەنگاوێکیان بۆ ناوێژرا.

نامەی کاك سولەیمان و کاك حەمەدەمینی سراجی

رۆژی ١٩٦٧/١٢/١٥ نامەی ئەو برادەرانەم پێ گەیشت کەهەوەڵی مانگی دیسامبر نووسیبوویان، ئەمەش دەقی نامەکەیانە.

برای زۆر خۆشەویستم کاك کەریم شیروان هیوامان خۆشی و بەختەوەری ئێوە و هەموو برادەرانە ئێمە بەدوای هاتنتان دا بەرەو سولەیمانی هاتین، بەڵام بەداخەوە بەهۆی درەنگ گەیشتنی نامەکەتان هەروەها ناخۆشی رێگا نێزیکەی بیست رۆژ پاش ئەو ماوەیەی کەدیاریتان کردبوو گەیشتینە شار، جا ئێستا زۆر تاسەی دیداری ئێوە و کاك (رام)مان هەیە، کاك سولەیمانیش لەگەڵمایە و گەلێکی سڵاو بۆ هەموو لایەکتان هەیە، چاوەڕوانی هاتنتانین بەپەلە بۆ ئێرە.

برات: محەمەد ئەمین

١٩٦٧/١٢/١

کاك شێروان گیان لەبەرئەوە ئێمە لەحەوت خوانی رۆستەم گوزەراوین و لەهەڵکەوتێکی زۆر باریك و ناسك داین لەو دیو و ئەو دیو تکایە ئەگەر بڕیارتان دیدارە بەیەکجاری لەگەڵ کاك (رام) تەشریفتان بێ لەهەرحاڵ زۆر بەبێ سەبری چاوەڕوانتان دەکەین بەبوون و نەبوون بەپەلە وەڵامەکەمان بەعینوانی برادەراندا بۆ رەوانە بکەوە، پێشەکی ئیتر سەربەرزیتان

برات: سولەیمان

هەر لەو سەروبەندەدا بوو نامەیەکی دیکەم لەلایەن کاك سەعید کوێستانییەوە پێ گەیشت، دیارە کاغەزەکە زووتر نووسرابوو، بەڵام درەنگ گەیشتە دەستم.

کاك سەعید دەنووسی:

برای گەورەمان کاك کەریم– شیروان لەگەڵ رێز و سڵاو هیوادارم هەموو وەختێك سلامەت و سەرکەوتوو بی، کاکەگیان نامەوێ زۆر درێژە بەهەواڵ بدەم تەنیا کورتەیەك لەبەسەرهاتی ئێستای برادەران و وەزعی ناهەمواری ئێرەت بۆ باس دەکەم.

هەروەك لەنامەکانی پێشودا بەدرێژی باسی پێك هاتنی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان کراوە و ئاگاداری، لەبەهارێ دا هەڤاڵمان کاك

سەننار بەتەنیایی بڕیاری دابوو کەبچێتەوە ئێران و دەست پێ بکات، کاتێك ئەو خەبەرەمان زانی خاڵەمین و سمکۆ و سالاریش لەخەلان بوون، ئێمە بەتێکڕایی ئەو چوونەوەمان پێ باش نەبوو هیچ بەڵکو بەکارێکی هەڵەمان دانا، بەپەلە کاك سالارمان بۆ لای سیدەکان نارد کەسەننار بگێڕێتەوە، بەڵام بەداخەوە پاش دوو سێ رۆژ نامەیەکی سالار هات کەلەوێدا رای گەیاندبوو چوونەوەمان لەمانەوە لەکوردستانی عێراق باشترە، ئیستدلالی بەمائو هێنابۆوە کە (دوژمن بەبڕی کاغەزییە و دەبێ لێی دەی) ئەوە رووداوی دوو مانگ لەوە پێشە، بەڵام دوێنێ ئێوارێ خەبەرم بۆ هات سالار وا لەمەهاباد لەماڵی خۆیانە و کاك سەننارى بەپەلەش ئەوە لەتارانە و هەردووکیان لەگەڵ حەوت چەکدارى تر خۆیان بەدەستەوە داوە، جوزئیاتی مەسەلە نازانم بۆچی وایان کردووە.

٢- پێڕێ حەسۆ میرخان مەفرەزەیەکی ناردووە خاڵەمین و سمکۆیان لەسونێ ڕا داگیڕاوە بەرەو قەڵادزێ وادیارە ئێرانی بڕیاردەر رازی نییە برادەرانی ئێمە لەسنور بن، هەربۆیەش کاك حەسۆ ئەو کارەی کردووە، من جارێ هەروا لەجێگای خۆمم، نازانم چم بەسەر دێ، پاراستن چوارچاو و گوێ قوڵاخ سەری لێ لەسوێ ناوین اللهم محافظ، کاکەگیان زەحمەتە لەدەستی (پاراستن) رزگاریمان بێت، باوەڕ بفەرموو شەو کەدەنووین تا بەیانی دە جار لەخەو رادەپەرین پێمان وایە هاتوون بمان پێچنەوە، جگە لەمانەوە و مات بوون و هیچ رووناکاییەکی دیکەمان نییە نازانین چبکەین، کاکە گیان لەسەر بڕوایەکی کەهەمانە و قەولێکی بەیەکترمان داوە جارێ ناچارین هەر لەجێگای خۆمان بمێنینەوە و تا ئێستاش پێوەندیمان پێکەوە باشە و جاروبار یەکتر دەبینین.

ئاوارەش هەر لەو ناوچەیە و لەنێو خەڵکەکەدایە، باوەڕبکە ئەو کەمتر لەئێمە لەخەتەر دایە.

ئەوانە شتی تازە بوون کەئاگادارت دەکەم جا ئەگەر مام و تووشی قەزا و قەدەر نەبووم ئەوە کارێکی وا دەکەم لێرە لەگەڵ برادەران نەمر نەژی رابوێرین، ئەگەر راویان ناین، یان سەربەنیستیان کردین ئەوە شتێکی تر، پێم خۆشە ئەوەندەش بزانی کەوەزعی ئێمە لێرە چ لەباری ژیانەوە، چ لەباری مەترسییەوە، واتە رفاندن و لەناوبردن و تەسلیم کردنەوە بەئێران و گرتن لەوپەڕی پەرێشانی دایە خوا روحم بکات، سڵاوی هەموو لایەک دەگەیەنم.

برات: کاوە

پاش ئەوەی کەنامەی کاک سولەیمان و کاک حەمەدەمینم پێ گەیشت بەتەلیفۆن لەگەڵ کامبخش قسەم کرد و پێم گوت: برادەران هاتوونە عێراق و نامەیان نووسیوە چاوەڕوانی دیتنی رێبەرایەتی حیزبی تودەن.

گوتی: لەگەڵ هاوڕێیان تەگبیر دەکەم و پاشان لێت دەگێڕمەوە، رۆژی ١٩٦٧/١٢/١٧ رەفیق کامبخش تەلیفۆنی کرد و گوتی: وابباشە گیر نەبی بچیە بەغدا، چاوت بەبرادەران بکەوێ، ئەگەر رادەمەنیش لەوێ مابوو ئەوە باشە ئەگەر نەمابوو برادەران رابگرە هەتا ئێمە یەکێکمان دێت و چاومان پێیان دەکەوێ.

رۆژی ١٩٦٧/١٢/٢٢ چوومە بێروت، لەوێ گیر نەبووم چوومە شام، رۆژی ٢٣ی دیسامبر لەشامەوە بەتاکسی بەرەو بەغدا کەوتمەڕێ، لەمەفرەق سنوری سوریا و ئوردون لەشکری عێراق هەڵی دابوو، ئەودەم گوێا بۆ شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل و پشتیوانی لەلەشکری عەرەب، حکومەتی عێراق لەشکری ناردبووە ئەو مەڵبەندە، بەڵام دەرکەوت عێراق ئەو لەشکرەی بۆ پیلانی دژی سوریا و فەلەستینیەکان ناردووە، کەگەیشتینە راست لەشکری عێراق گروبانێکی عێراقی دەستی هەڵێنا و لەگەڵمان سواری تاکسی بوو، لەرێگا گوتی با قسەیەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە: شەش مانگ بوو لەئوردون بووم نەچووبومەوە ماڵێ،

ئیجازەم وەرگرت کەبچمەوە سەرێکی منداڵان بدەم، شەش منداڵی سەروپێچکەم هەن، ماڵەکەم لەگوندێکی نێزیک بەغدایە، سێ کیلۆمەتر لەبەغدا دوورە، تاقە ژوورێکمان هەیە هەموومان لەوێ دەژین، لەبەغدا چوومە دەرمانخانەیەک چوار پێنج حەبی خەوم کڕی، کەگەیشتمەوە دراوسێ و دۆست و ئاشنا پێمەوە هاتن، هەتا درەنگ میوان دانیشتن، پاشان منداڵەکان لەخۆشی هاتنەوەی باوکیان نەدەنوستن، چبکەم، لەخولآم دەویست بنوم، ناچار حەبەکانم هێنادەر و دە لێمونـاد دا تواندمـەوە و دام بەمنـداڵان خـەویان لێ بکـەوی، زۆری پـێ نەچـوو منداڵان بەلادا هاتن و خەویان لێ کەوت، مەیدانم بۆ چۆڵ بوو، بەیانی کەهەستاین یەک منداڵ جولّەی ناکا و هەموویان دەڵێی مردوون، بەپەلە ماشینێکم پەیدا کرد بۆ خەستەخانە، دکتۆر کەتەماشای کردن گوتی دەرماندا بوون، راستیەکەم بۆ دکتۆر گێڕاوە، گەلێك پێکەنی، هەناوی منداڵەکانی شوشتەوە و گەڕاینەوە بۆ ماڵێ، گوتمان ئەوجار چ دەکەی، دەرمانیان بۆ دەکڕی؟

– هەر لەئێستاوە بیر لەوەی دەکەمەوە !

گەیشـتمە بەغـدا رادەمـەنیش لەبەغـدا نـەمابوو، خەبـەرم دا سـوڵەیمان و حەمەدەمین رۆژی ٢٨ دیسامبر هاتنـە بەغدا، هەڵکـەوتێکی خـۆش و لـەبار بـوو پاش چەند ساڵ دووری بەراستی بۆ هەرسێکمان ئەو چاوپێکەوتنە مایەی شادی و گەشانەوە بـوو، دەستمان کرد بەقسـە و باسـی کۆن و نـوێ، گوتیـان تـۆ تـا ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستانی، بڕیار دراوە هەموو کارێك لەگەڵ تۆ بەئاگاداری تۆ بکـەین، ئێمـە هـاتوین لەپلـەی یەکەمـدا چـاومان بەڕێبەرایـەتی حیزبـی تـودە بکـەوێ، ئەگـەر ئـەوان ئامـادەبن دەمانەوێ وەك دوو حیزب هاوکاری بکەین، داوایان لێ دەکـەین لـەباری مـاددی و مەعنەوییەوە یارمەتیمان بدەن، ئەگەر دەستمان بەوان رانەگەیشت، یـان ئـەوان

ئامادەی هاوکاری نەبوون و یارمەتیان نەداین، کۆمیتە بڕیاری داوە لەگەڵ حیزبی بەعس پێوەندی بگرین و لەگەڵ ئەوان قسە بکەین.

پاش باسێکی زۆر، شی کردنەوەی بارودۆخی شۆڕشی کوردستان و ناوچە لەو بیروباوەڕەم پەشیمان کردنەوە کەپێوەندی لەگەڵ بەعس بگرن، گوتم ئەوەندەی من بزانم و برادەرانی حیزبی تودە لەگەڵ من باسیان کردووە دەیانەوێ هاوکاری بکەن و لێمان نێزیک بنەوە، بێجگە لەوە لەو هەلومەرجەدا پێوەندی لەگەڵ بەعس بەقازانج نییە، باشتر وایە هەوڵ بدەین هەرچۆنێک بێ مەلا مستەفا رازی بکەین و یان لانی کەم بێ لایەنی بکەین کەلێمان نەدا، پاش گۆڕینەوەی بیروڕا هاتنە سەر بڕوای من و بڕیارمان دا چاومان بەکاک دارا تۆفیق بکەوێ.

ڕۆژی ٣ی ژانویەی ١٩٦٨ چووینە مالّی دارا تۆفیق، پاش هێندێ قسە و گۆڕینەوەی بیروڕا بڕیارمان دا کەکاک دارا بچێتە لای مەلا مستەفا و بیدوێنێ و هەوڵ بدا کەمەلا مستەفا دەست لەدژایەتی ئێمە هەلّگرێ.

پاشان دەیانویست بچنە بالّوێزخانەی چین و گوایا داوای پێوەندی لەوان بکەن، ئەو دەم بیروباوەڕی چەوتی مائوئیستی خۆی گەیاندبۆوە نێو شاخ و داخی کوردستانیش، من بەتوندی دژی ئەوە راوەستام، ئەوانیش بەوە رازی بوون کەپێوەندی لەچین لەئاژاوە بەدەر خێری تێدا نییە، هەر لەوێ نامەیەکیان بۆ برادەران نووسی کەلەگەڵ لایەنگرانی چینی کەلەڕێگای جەلال تالّەبانییەوە چووبوونە کوردستان پێوەندی نەگرن.

بڕیارمان دا من بگەڕێمەوە بۆ سۆفیا و کارێکی وا بکەم لەگەڵ دکتۆر رادەمەنیش و دکتۆر قاسملۆ بچینەوە بەغدا، یان پاسپۆرتیان بۆ سازکەین ئەوان بێنە ئەوروپا، وامان دانا ئەوان بچنەوە سولەیمانی هەتا من خەبەریان دەدەمێ لەسولەیمانی بن، ڕۆژی ١٩٦٨/١/٥ لەبەغداوە گەڕامەوە بۆ سۆفیا.

پێشتر بڕیار درابوو کە ١٠ی مانگی ژانویەی ١٩٦٨ بۆ لێکۆڵینەوەی وەزعی رۆژنامەی کوردستان لەپراگ کۆبوونەوەیەک بکەین، قەرار وابوو کاک عەلی گەلاوێژ دکتۆر سولەیمانی وەتەمیشیش لەسۆفیەتەوە بێن، رۆژی ٦٨/١/٩ لەگەڵ کاک حەسەنی قزڵجی چووینە پراگ، کاک عەلی گەلاوێژ و دکتۆر سوڵتانیش هاتبوون کەلەکار و نووسینی رۆژنامەدا هاوکاری بکەن، دکتۆر رادەمەنیش و کامبخش لەلایەن حیزبی تودەوە کۆبوونەوەیان رێك خستبوو. کاک عەلی گەلاوێژ ئامادە نەبوو هاوکاری بکا، ئەوەی من هەستم پێ کرد لەوە ناڕەحەت بوو کەبۆچی ئەو نەکراوە بەسەرنووسەری رۆژنامە و دکتۆر قاسملۆ دیاری کراوە، هێندێکیش لەوە تووڕە بوو کەلەرادیۆ پەیکی ئێران لایان بردووە، کۆبوونەوە بەهێندێك بڕیاری (کەقەت نەهاتنە جێ) کۆتایی پێ هات، بۆ ئاوێتەی ئەو باسە با باسێکی خۆشیش بگێڕینەوە.

من برادەرێکی چیکم هەبوو پێکەوە لەمەدرەسەی حیزب بووین نێوانمان زۆر خۆش و یەك ماڵ بووین، بەو بۆنەوە بڕیاری دا شەوێك هەموومان بانگێشتن بکا، لەچێشتخانەیەکی زۆر خۆشی پراگ جێگای گرتبوو، کچەکەی ئەو دەستە خوشکێکی هەبوو لەگەڵ خۆی هێنابوو، دکتۆر قاسملۆ کەزۆر حەز لەگاڵتە و مەجلیسی خۆش دەکا بەکچەکەی گوت: ئەو برادەرە واتا کاک عەلی گەلاوێژ لەسۆفیەتەوە هاتووە ئەتۆش رووسی دەزانی میوانی ئێمەیە لەگەڵی ببە رەفیق، کچ لەلای کاک عەلی دانیشت و دەستیان کرد بەئاخافتن پاش ماوەیەك دکتۆر قاسملۆ لەکیژەکەی پرسی: گەیشتوونە کوێ، شتێکتان بۆ دەکرێ؟

– تازە گەیشتووینە راوە ورچ!

کاک عەلی دەستی پێ کردبوو باسی چیاکانی قەفقازی بۆ دەکرد گوایا لەو چیایانە خەڵك راوە ورچێ دەکا!

تۆزێك پێکەنین و دانیشتنەکەمان بەخۆشی تەواو بوو.

گەڕانەوە بۆ بەغدا

لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کەمن بچمەوە عێراق و خەبەر بدەم کاك سولەیمان و حەمەدەمین بێنە بەغدا، پاشان دکتۆر رادەمەنیش و دکتۆر قاسملۆش بێن، ڕۆژی ٢٦ی ژانویەی ١٩٦٨ چوومە بەغدا، خەبەرم دا بەبرادەران ئەوانیش هاتن، ڕۆژی ١٧ کاك دارا تۆفیق لەهوتێل هاتە لام، گوتی: مەلا مستەفا گوتویە ئەوان چوونە کۆشکی سەرکۆمار و لەگەڵ حکومەتی عێراق پێوەندیان گرتووە.

من لەسەر بڕیاری پێشوومان لەسەر ئەوە سور بووم کەئەو خەبەرەیان بەدرۆ گەیاندۆتە مەلا مستەفا، شتی وا نەبووە، کاك دارا قەناعەتی هاتبوو، تەواو بڕوای بەئێمە دەکرد، بەڵام سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لەژێر تەئسیری حکومەتی ئێران دا بۆ لێدانی کوردەکانی ئێران لەبیانوو دەگەڕا.

لەگەڵ هاوپێیانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق پێوەندیم گرت و داوام لێ کردن کەجێگایەکمان بۆ دیاری بکەن کەهەتا کۆبوونەوەمان تەواو دەبێ لەوێ بژین، ڕۆژی ١٩٦٨/٢/٥ دکتۆر رادەمەنیش هاتە بەغدا و هەر ئەو ڕۆژە هاتە لای ئێمە واتە ئەو شوێنەی کەبرادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بۆیان دیاری کردبووین، دکتۆر رادەمەنیش پێشنیاری کرد کەبەیانی لەئەبوو نەواز لەرەستورانێك پێکەوە نان بخۆین، ڕۆژی دوایی سەعات دە لەشوێنی دیاری کراو چوار کەسی کۆبوونەوە و دەستمان بەقسان کرد.

دکتۆر رادەمەنیش گوتی: پێم خۆشە لەسەر بارودۆخی وڵات و کار و تێکۆشانی خۆتان ڕاپۆرتێك بنووسن و پێشنیارتان دیاری بکەن تا ئێمە تەماشای بکەین و بەگوێرەی ئەو بتوانین، بڕیار بدەین.

کاك سولەیمان گوتی: ئێمە ڕاپۆرت نانووسین، ئێمە لەلایەن ڕێکخراوێکی سەربەخۆوە هاتووین لەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێران پێوەند بگرین و

باس بکەین، لەو باس کردنەدا ئێوە وەزعتان بۆ روون دەبێتەوە، ئێمەش لەبیرەوپای ئێوە تێ دەگەین.

دکتۆر رادەمەنیش ئیتر لەسەری نەڕۆیشت، چاوەڕوانی دکتۆر قاسملۆ بووین هەتا ئەویش پەیدا بوو، سولەیمان دژی ئەوە بوو کەقاسملۆ بەشداری بکا، زۆرم هەوڵ دا تا رازیم کرد دکتۆر قاسملۆ بەشداربێ و سولەیمانیش بەرەو روو بیدوێنێ، لەو بەینەدا ئەو برادەرانەی لەزینوێ شێخی بوون، کاك سەعید کوێستانی و مەلا محەمەدی خزری و چوکەڵی گەوهەری هاتنە بەغدا و لەگەڵ ئەوانیش یەك دوو کۆبوونەوەمان هەبوو، لام وایە جارێکی لەگەڵ دکتۆر رادەمەنیشیش دانیشتین، ئەوانیش لەسەر وەزعی کوردستان و خەبات لەئێران بیروڕای خۆیان دەربڕی.

ڕۆژی ١٩٦٨/٢/٩ کۆبوونەوەی ڕەسمی لەنێوان نوێنەرانی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەرایەتی حیزبی تودە پێك هات، بەشداربوەکان بریتی بوون لە سولەیمانی موعینی، حەمەدەمینی سراجی، دکتۆر قاسملۆ، دکتۆر رادەمەنیش و کەریمی حسامی، من پێشنیارم کرد کەیوسفی ڕێزوانیش بەشدار بێ، پێشنیاری من بەزۆربەی دەنگ ڕەت کرایەوە.

پێش ئەوەی دەست بەئاخافتن بکەین کاك سولەیمانی موعینی گوتی: پێم خۆشە بزانم دەستەی نوێنەرایەتی لەهەردوك لاوە کێن؟ ئەوەندەی پێوەندی بەکۆمیتەی ئینقلابییەوە هەیە کاك کەریم و کاك حەمەدەمین و من بەشدارین پێم خۆشە دکتۆر رادەمەنیش نوێنەرانی خۆیان بڵێ.

دکتۆر قاسملۆ ڕووی کردە سولەیمان و گوتی: کاك سولەیمان باشترە ئێمە لەسەر یەکتر روون بینەوە، پێم خۆشە بزانم ئێستا بیروڕات لەبارەی منەوە چۆنە؟

کاك سولەیمان گوتی: پاش دیتنی کاك کەریم لەسەر تۆ هیچم نییە، بۆم روون بۆتەوە ئەوەی لەسەر تۆ گوتراوە هەو نەبووە.

دکتۆر رادەمەنیش گوتی: لەلایەن حیزبی تودەی ئێرانەوە من و دکتۆر قاسملۆ ئەوە لێرە ئامادەین.

بەرنامەی کاری کۆبوونەوە بەم جۆرە پەسەند کرا:

١- هەڵسەنگاندن و شی کردنەوەی چوونەوەی سولەیمان و برادەرانی تر بۆ ئێران و شێوەی کار و تێکۆشانیان.

٢- مەسەلەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و شێوەی زیندوو کردنەوەی ڕێکخراوەکانی ئەو حیزبە.

٣- بەرنامە و کاری سیاسی و نیزامی.

٤- ویست و داخوازی نوێنەرایەتی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکرات و یارمەتی حیزبی تودەی ئێران.

پاش چوار ڕۆژ باس و لێکۆڵینەوە و ئاخافتن بێجگە لەڕۆژنامە بەتێکڕایی دەنگ لەسەر هەموو مەسەلەیەك ڕێك کەوتین، مەسەلەی ڕۆژنامەوە ئەوەبوو دکتۆر قاسملۆ دەیویست ئەو ڕۆژنامەی کوردستان کەئێمە لەئەوروپا دەرمان دەکرد، ببێتە ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کاك سولەیمان و حەمەدەمین بەتوندی لەدژی ئەوەبوون کەڕۆژنامەیەکی لەئەوروپا دەردەچێ زمانحاڵی حیزبی دیموکرات بێ.

ئەوەی من ئەودەم لەدەفتەری بیرەوەرییەکانم دا نووسیومن ئەو بڕیارانەی خوارەوە بوون:

- بڕیاردرا کەحیزبی تودەی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕەسمی بناسێ، بەو شەرتەی کەحیزبی دیموکراتی کوردستان لەژێر ڕێبەرایەتی مارکسیستەکانی کورد دا بێ.

– ئەو هێزە چەکدارەی کەئێستا لەکوردستانی ئێران هەیە رابگیرێ و بەهێزتر بکرێ و بۆ کاری سیاسی و رێکخراوەیی تێ بکۆشێ.

– بەرنامەی حیزبی دیموکرات لەگەڵ بەرنامەی حیزبی تودە دژایەتی نەبێ.

– هەردووك حیزب بەبێ راوێژ لەگەڵ یەکتر لەسەر مەسەلەی کورد لەگەڵ هیچ حیزب و حکومەتێك پێوەندی نەگرن.

– کارێکی وا نەکرێ کەمەلا مستەفا بهاروژێندرێ، هەوڵ بدرێ کەلەبارزانی وەنێزیك کەوین، بۆ ئەو مەبەستە کاك کەریمی حسامی بچێتە لای مەلا مستەفا کەخۆشی رای ئەسپاردووە بچێتە لای (مەلا مستەفا بەکاك دارا تۆفیقی گوتبوو کەبچمە لای).

– حیزبی تودە یارمەتی مادەی و سیاسی و فەننی و مەعنەوی بەحیزبی دیموکرات بکات.

– دکتۆر قاسملۆ بۆ عاملاندنی کادری سیاسی بگەڕێتەوە کوردستان.

من ئەو بڕیارانەم بەکورتی و بەپەلە لەدەفتەری بیرەوەرییەکانم دا یاداشت کردوە، بەڵام پاش کۆبوونەوە بڕیار درا کەدکتۆر قاسملۆ و کاك حەمەدەمین پێکەوە بەیاننامەیەك بنووسن و بیهێنن لەکۆبوونەوەی دوایی دا پەسەند بکرێ. دەقی بەیاننامەکە بەخەتی کاك حەمەدەمینی سراجی بەم جۆرەیە کەبەفارسی بڵاوی دەکەمەوە

در اوایل ماه فوریه ۱۹٦۸ جلسه مشورتی مرکب از هیئت نمایندگی بیروی حزب توده ایران و کومیته، انقلابی حزب دمکرات کردستان تشکیل شد، چند روز ادامه داشت، پس از تبادل اراء و مذاکرات مفصل در بارهء همهء مسائل مورد نظر جلسه بهنتایج زیر رسید:

۱– در بارهء خط مش سیاسی حزب دمکرات کردستان.

نمایندگان کمیته انقلابی حزب دمکرات کردستان در بارهء خط مش سیاسی این حزب وجنبش مسلحانه ای که اغاز شده توضیحات مفصلی دادند، پس از اظهار نظر شرکت کنندگان جلسه روشن شد ککه در خطوط اصلی خط مش ساسی حزب دمکرات کردستان و حزب تودهء ایران هیچ گونه اختلافی وجود ندارد.

این خطوط به ترتیب زیر خلاصه میشود:

الف- حزب تودهء ایران و حزب دمکرات کردستان نهضت خلق کرد را در کردستان ایران جزئی از جنبش عمومی خلقهای ایران میدانند، حزب دمکرات کردستان مبارزه مشترك همهء خلقهای ایران علیه امپریالیست و رژیم ضد دمکراتیك و ضد ملی شاه را هدف اصلی خود میشمارد.

ب- حزب تودهء ایران و حزب دمکرات کردستان نهضت ملی خلق کرد را جزء لانفك نهضت دمکراتیك خلقهای ایران میدانند، برانداختن رژیم ارتجاعی شاه وتامین دموکراسی و ازادیهای دمکراتیك و حقوق انسانی برای همهء مردم ایران هدف مشترك هر دو حزب میباشید.

ج- هر دو حزب با اصل لنینی حق تعین سرنوشت ملتها بدست خود اعتقاد راسخ دارند و بر انند که خلق کرد مانند خلقهای ایران حق دارد سرنوشت خود را بدست خود تعیین کند شعار ملی حزب دمکرات کردستان ایران عبارت است از تامین حقوق ملی خلق کرد در کردستان ایران در حدود چهار چوب کشور ایران این هدف بشکل اتحاد داو طلبانهء خلقهای ایران در ایجاد دولت واحد (اتحاد فدراتیو) تجلی خواهد کرد.

د- هر دو حزب معتقدند که در کردستان ایران دهقانان نیروی عمدهء انقلاب را تشکیل میدهد، هیچ جنبشی نمی تواند در کردستان پیروز شود مگر اینکه شعار واضح و مشخص بنفع دهقانان بدهد، تنها با جلب دهقانان و زحمتکشان دیگر کردستان بەسوی انقلاب است که میتوان انرا عمیق نمود و جنبش ملی راتبدیل

به یەك جنبش وسیع دمکراتیك اجتماعی کرد، برای این هدف باید شعارهای صریح مربوط به دهقانان از تقسیم اراضي گرفته تا عدم پرداخت قسط خرید و اجاره بهای زمین بسته به شرایط هر محل داده شود.

۲- در بارهء قیام مسلحانه:

هر دو حزب نظر دادند که نهضت مسلحانه‌ای که هم اکنون در کردستان ایران بوجورد امده نتیجهء فشار ارتاج ایران بخلق کرد و سرکوب هرگونه اظهار وجود برای دفاع از حقوق ملی و دمکراتیك خلقهای ایران است، هر دو حزب این قیام مسلحانه رایك اقدام اجتناب ناثذیر تلقی میکنند و انرا عمل **مپبتی** میدانند و از فداکاری رفقائیکه توانسته‌اند مواضع جنبش مسلحانه‌را حفظ نمایند تقدیر میکنند، با در نظر گرفتن شرایط موجود هدف عبارت استاز حفظ این جنبش مسلحانه تقویت سیاسی وتشکیلاتی ان، پرورش کادرها، اماده کردن زمینه فکری در بین مردم کردستان ایران و سراسر ایران برای بسط و توسعه، ان به مناطق دیگر کردستان ایران وایران بطور کلی، علاوه بر شرایط عینی و انقلابی برای این کار ضرورت دارد که سازمانهای حزبی در کردستان احیاء و تقویت شوند، در شهرها نیز هسته‌ها و سازمانهای حزبی بوجود بیایند انوقت میتوان بتدریج و بدون دستپاچگی مبارزهء مسلحانه را توسعه داد.

۳- در بارهء شکل سازمانی فعالیت در کردستان:

الف- طرفین موافقت کردند که در کردستان ایران به اسم حزب دمکرات کردستان فعالیت شود و سازمانهای این حزب احیاء گردند.

ب- هر دو حزب معتقدند که در چهارچوب کشور ایران باید همهء سازمانهای مارکسیستی در حزب واحد طبقهء کارگر ایران، حزب تودههء ایران کرد ایند. حزب دمکرات کردستان باید هم از نظر سازمانی و هم از نظر سیاسی و فکری خود را برای چنین وحدتی اماده کنند، با در نظر گرفتن شرایط و امکانات

موجـود در کردسـتان بایـد در وهلـه اول رهـبری مارکسیسـتی بـا برنامـهء مارکسیستی کرد.

ج- هیئت نمایندگی حـزب دمکـرات کردسـتان اظهـار داشـت کـه مسـئلهء وحـدت سازمانی حزب سراسری ایـران را در نخسـتین کنفـرانس یـا کنگـرهء خـود مطـرح خواهد کرد و کوشش خواهد نمـود کـه موافقـت کنفـرانس یـا کنگـره را بـرای بـه تحقق رساندن این وحدت جلب کند.

د- قرارشد روزنامه، کردستان فعلا به سبك سابق خـود در اروپـا بـه انتشـارخود ادامه دهد.

هـ- تا هنگامیکه وحدت سازمانی عملی نشده، طرفین موافقت کردنـد کـه دربـارهء همهء اقدامات مهم سیاسی مربوط به جنبش خلق کـرد و تماسـهائیکه در اینمـورد با نیروها و سازمانهای سیاسی چه در داخل و چه در خارج ایران بعمـل میایـد بـا همدیگر مشورت کنند و موافقت یکدیگر را برای چنین اقـدامات و تماسـهائی جلـب نمایند.

و- طرفین موافقـت کردنـد شـرایطی بوجـود بیاورنـد کـه رابـط و تمـاس مرتـب و دائمی در بین انها برقرار گردد.

٤- در بارهء خواستهای حزب دمکرات کردستان:

١- هیئت نمایندگی حزب دمکرات کردستان از حزب تودهء ایران میخواهد که:

الف- برای تربیـب کادرهـا در کردسـتان ایـران کمـك هـای لازم را بعمـل بیاورنـد، برای ترتیب کادرهای حزبی اموزش اصول کار سازمانی و پـرورش سیاسـی انسـان کلاسهائی کوتاه مـدت (یـك مـاه و دو مـاه) در کردسـتان ایـران و عـراق تشـکیل شود.

ب- عدهای از رفقای کرد برای ترتیب نظامی فنی برای مـدت ٣ تـا ٤ مـاه بخـارج اعزام شوند.

ج- از پزشکان عضو حزب توده ایران بویژه جراحان خواسته شود که برای کمك به جنبش مسلحانه خلق کرد به کردستان ایران بروند.

د- هر سال عده‌ای دانشجوی کرد (در حدود ٥ نفر) انتخاب و برای تحصیل به کشورهای سوسیالیستی فرستاده شوند.

۱۱- کتاب و نشریات مارکسیستی بزبان فارسی و کردی تهیه و برای کردستان ایران ارسال گردد.

۱۱۱- یك دستگاه ماشین تحریر و پلی کپی تهیه و در اختیار حزب دمکرات کردستان طذاشته شود.

۱۷- برای تهیهء لوزام دیگر در شرایط فعلی ضرورت فوری برای حفظ نهضت مسلحانه در کردستان ایران دارد از قبیل فشنگ (دستگاه فشنگ پر کن) دینامیت و همچنین اسلحه اقدام شود.

۷- رادیو پیك ایران به نهضت مسلحانهء خلق کرد توجه مخصوص مبذول دارد و بویژه در برنامهء کردی خود هدفها و شارهای این جنبش را پخش کند و خلقهای ایران را توجیه نماید و تبلیغات ارتجاع ایران و امپریالیست را خنثی سازد.

۷۱- علی لحساب یك کمك مالی فوری به حزب دمکرات کردستان ایران بشود و برای اینده کمك و مستمری مرتبی در نظر گرفته شود، خواست حزب دمکرات کردستان اینست که حد اکثر کمك باید بعمل اید بطوریکه در وهله اول سروسامانی بوضع کادرهای حرفه‌ای و خانواده‌هایشان به زندانیان و خانواده‌هایشان همچنین به پیشمرگ ها داد، واضح است که با توسعه جنبش کمك مادی نیز وسعت خواهد یافت.

لەبەیاننامەکەدا بەدەست خەتی دکتۆر قاسملۆ ئەم برگەیەش نووسراوە:

هیئت اجرائیەء حزب تـودەء ایـران، رفقـای موجـود در بغـداد مـتن و روح بیانیـه، مشترك فوریه، ۱۹٦۸ را کاملا تائید میکنند، عقیده دارنـد کـه در شـرایط کنـونی این بیانیه، میتواند اساسی برای تعیین روابط دو حزب قرار گیرد.

پاش ئـەو بەیاننامەیـە دکتـۆر رادەمـەنیش یارمەتیـەکی نەغـد و باشـی دا بـەکاك سـوڵەیمان و کـاك حەمـەدەمین، پاشـان لەگـەڵ کـاك سـەعید کۆیسـتانی و مـەلا محەمـەدی خـزری و کـاك چـوکەڵ کۆبوونەوەیـەکمان کـرد بڕیارمـان دا کـەکاك سـەعید و مـەلا محەمـەد لـەلای زینـوێ شـێخی بمێننـەوە و لـەرێگای برادەرانـی حیزبی کۆمۆنیستەوە لەگەڵ جولانەوەی چـەکدار لەکوردسـتانی ئێـران پێوەنـدی رابگرن و منیش لەروورداوەکان ئاگادار بکەن.

مـن پێشـنیارم کـرد کەنەگەڕێمـەوە بـۆ ئـەوروپا لەگـەڵ کـاك حەمـەدەمین و سـوڵەیمان بچـمەوە کوردسـتان، دکتـۆر رادەمـەنیش و دکتـۆر قـاسملۆ دژی پێشنیاری من بوون، دکتۆر رادەمەنیش لەبەرئەوە کـەرادیۆ پـەیکی ئێـران پـەکی دەکـەوێ و کـاك حەسـەنی قزڵجـی بەتـەنیا کـاری بـۆ نـاکرێ، دکتـۆر قـاسملۆش دەیگـوت نابـێ هـەر ئـاوا مـاڵ و منـدااڵت بەهـەوا بـەجێ بێڵـی، تەجرووبـەی چیکۆسلواکیت هەیە، ئەگەر قەرار بێ بگەڕێنـەوە بـۆ کوردسـتان دەبـێ لەپێشدا وەزعی ژیانی منداڵەکانت روون بێ و دابین بکرێ.

مەسـەلەیەکی تـر کەلەکۆبوونـەوەدا بڕیـاری لەسـەر درا ئـەوەبوو کەسـوڵەیمان و حەمەدەمین لەو سەفەرەدا نابێ لەگەڵ مائوئیستیە ئێرانییـەکان کەهاتبوونـە لای مام جەلال پێوەندی بگرن و یا هاوکاریان بکەن.

پاش تەواوبوونی کۆبوونەوە شەوێك هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیسـت کـەکاك عـەزیز محەمەدیش لەگەڵیان بوو، هەر لەو ماڵە بەبۆنەی تـەواوبوونی کۆبوونـەوەی ئێمـە دانیشتنێکیان رێکخست و شەوێکی خۆش و دانیشتنێکی برایانـەمان بـردە سـەر، دکتۆر قاسملۆ لەبـەر کـاری زانسـتگا پـاش کۆبوونـەوە گـەڕاوە بـۆ پـراگ، مـن و

دکتۆر رادەمەنیش چاومان بەدارا تۆفیق کەوت، دکتۆر رادەمەنیش نامەیەکی بۆ مەلا مستەفا نووسی و دارا ناردی پاش چەند رۆژ مەلا مستەفا داوای کردبوو کەرادەمەنیش بچێتە لای، دەستێك جلی کوردیمان بۆ پەیدا کرد و لەگەڵ کاك دارا بەرەو چیا کەوتەرێ، لام وایە پێنج رۆژی پێ چوو، لەگەڕانەوەدا بێجگە لەوە کەلەچاوپێکەوتنی مەلا مستەفا رازی و دڵخۆش بوو، دەتگوت جەبهەی شەڕی شکاندوە، بەو زستانە چوویوە شاخی و ژیانی پێشمەرگایەتی دیبوو، سەری سووڕمابوو، دەیگوت:

مەلا مستەفام دڵنیا کردووە کەجوڵانەوەی کوردستانی ئێران دژی ئەو نیە، ئەویش هەستی بەوە کردووە (جەریانێك) لەپشت ئەو جوڵانەوەیە راوەستاوە.

بەڵام بەداخەوە (جەریان) قەت لەپشت جوڵانەوە رانەوەستا.

مەلا مستەفا بەرادەمەنیشی گوتبوو کەمنیش بچم بۆ لای، بەداخەوە لەو سەفەرەدا بۆم نەکرا و ٢٦ی فوریەی ١٩٦٨ گەڕامەوە بۆ سۆفیا.

پاش گەڕانەوەی ئێمە کاك سولەیمان برادەرێك دەنێرێ بۆ سەنگەسەر کەهەواڵێکی خێزانی بزانێ و ئەگەر بکرێ بیهێنی بۆ سولەیمانی، بەڵام حەسۆ میرخان کابرا دەگرێ و گەلێکی لێ دەدا و رێگا نادا ژن و منداڵی سولەیمانی موعینی لەسەنگەسەر بێنەدەرێ.

بەپێچەوانەی بڕیارەکانی کۆبوونەوە کەهەتا گەڕانەوەیان کەس نەیان بینێ و پێوەندی لەگەڵ کەس نەگرن، کەدەچنەوە سولەیمان کاك حەمەدەمین لەگەڵ مائوییستە ئێرانیەکانی کەمام جەلال لەبەکرەجۆ کۆی کردبوونەوە و دەیویست لەکوردستان شۆڕشی پڕولیتاریان پێ بکا پێوەند دەگرێ و تەنانەت یەکێکیش بەناوی (کورش لاشایی) کەپاشان چۆوە تاران و بوو بەساواکی لەگەڵ خۆی دەباتەوە بۆ کوردستان، بێجگە لەوە مام جەلالیش لەلایەکی دیکەوە هەوڵ دەدا کەئەوانەی بەروالەت شۆڕشگێڕن و لایەنگری بیروباوەڕی مائوییستی بۆ لای

خۆی رابکێشێ، پێوەندی کاك حەمەدەمین بوو بەهۆی ئەوە کەبڵاوبێتەوە سوڵەیمان و حەمەدەمین لەرێگای مام جەلالەوە لەگەڵ حکومەت پێوەندیان گرتوە.

کاك سوڵەیمان و حەمەدەمین هێشتا نەگەڕابوونەوە بۆ کوردستانی ئێران و هەر لەسوڵەیمانی بوون، لەرێگای برادەرانی مام جەلالەوە نامەیەکی سمایلی شەریف زادەم بۆ هات، نامەکە بەجوانی دەری دەخا کەسمایل بەبێ ئاگاداری سوڵەیمان و حەمەدەمین پێوەندی لەگەڵ مائوییستەکانی بەکرەجۆ گرتوە، ئەمەش دەقی نامەی شەهید کاك سمایلی شەریف زادەیە.

ئاشناگیان- دەستەکانت بەگەرمی ئەگوشم بەتینترین سڵاوی شۆڕشگێڕەکان وەربگرە، ماوەیەکی زۆر لێك بێ خەبەرین، ئێستا کەوا دەرفەتمان بۆ پێك هات ئەم نامەیەم بۆ نووسی، ئاشناگیان هەر کەلەبەغا گەڕامەوە وەزع شێوا بوو، لەسەر بڕیاری برادەران لەگەرمێن بارمان کرد و بەرەو کوێستان کۆچمان کرد رۆژێك پێش کۆچ کردنمان لەگەرمێن ڕا نامەیەکم هەر بەناونیشانی ئەم نامەیە بۆ بەڕێ کردی و تیا رووبم کردبۆوە کەمچە بەتەواوی کەوتۆتە باوەشی ئێران و ئاغاکەی، لەمەدا هیچ شکمان نەماوە هەر بەدەستوور و لەسەر داخوازی ئێران بوو کەدەستی کرد بەگرتن و تەحویل دانەوەی هەموو لایەنی پان و بەرینی برادەران، جا نازانم ئێوە بیروڕاتان چییە؟ بەداخەوە ئەو جەناحەی (کاکە شوان) کەپشتی مچە ئەگرێ بەتەواوی لەسەر مەسەلە روون نین، تێبینی: لەم ئاخریەدا کاکە شوان ئینشقاقی تێ کەوتووە و بۆتە دوو جەناح، بەڵام هەڵوێستی جەماعەتی (مام) بەرانبەر بەئێمە زۆرباشە و بەئاشکرایی و بەراشکاوی پشتیوانی خۆیان لەئاست ئێمەوە دەردەبڕن[11].

([11]) ئەوە لەکاتێکدا کاك سمایل ئەوە دەنووسی کەلەبەغدا چەند جار بەمامۆستا زەبیحی و جەماعەتی مام جەلالم گوت کەپسولەیەکم بۆ ساز کەن پێی بچمە کوردستان و چاوم بەوان بکەوێ، بەڵام ئێستاش جوابیان نەدامەوە.

ئاشناگیان هەر کەهاتینەوە بڕیارمان دا لەسەر هاتنەوەی تۆ، وابزانم برادەر (م) لەلایەن ئێمەوە ئێوەی ئاگادار کردوە، ئێوەش ئەبێ لەم بارەوە ئیقدام بکەن، ئەوڕۆ تۆفانێکی بەتەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری وڵاتەکەمانی داگرتوە و کۆمەڵانی خەڵکی هاتونەتە سەر ئەوەی کەتەنیا ڕێگەی ڕزگاری دەست دانە چەك و وەشاخان کەوتنە، نەك هەر بۆ نەتەوەی ئێمە بەڵکو ڕێگەی ڕزگاری هەموو نەتەوەیەکی ژێر دەست و چەوساوەکان هەر ڕێگەی ڕاپەڕینی چەکدارانەی کۆمەڵانی زەحمەتکێش واتە (شەڕی پارتیزانییە) کەلەپێشا ئەبێ لەدێهاتەوە دەست پێ بکرێ و کۆمەڵانی هەراوی جوتێرە تێکۆشەرەکان هان بدا بۆ خەباتی چەکدارانە.

لەم بارەیەوە نامەیەکم بۆ (بیرۆ) نووسیوە بەزمانی فارسی جا ئەگەر پێیان گوتی بزانە نامەی منە و بیروڕای خۆم بۆ دەرخستوون جا نازانم وەڵام و هەڵوێستیان چۆن ئەبێ، حکومەت کەوتۆتە توندوتیژییەوە، لەلایەك خەڵکی سوێند و تەڵاق ئەدا کەنان نەدەن بەپێشمەرگەکان و یارمەتیان نەدەن و لەلایەکیش بەشێوەی ئەمریکایی یان بەهێڵی کۆپتیر تەعقیبی برادەران ئەکەن. لەهەر لاوە جاش دروست ئەکا و خۆ قایم ئەکا، پۆستەکان لەسەر سنور نەفەراتیان زۆر ئەکا و دەیەوێ هەر پاسگایەك هێڵی کۆپتیرێکی لێ بێ، هێندێ هەواڵ هەن کەوادەرئەخەن حکومەت بەنیازە لەسەرە بەهاردا لەلایەك زمانی کوردی و لیباسی کوردی یاساخ بکا و زمانی فارسی و لیباسی پەهلەوی بخاتە کایەوە، لەلایەکی ترەوە دەست بکا بەگرتن و تەبعید کردنی نیشتمان پەروەران، دەنگی خۆتان بەرز کەنەوە و رای گەیەنن و خەڵکی ڕوون کەنەوە.

ئاشناگیان– ئەوەتان بخەمە بەرچاو کەلەسەرەبەهاردا تفەنگچیەکانی (مچە) بۆ تەعقیبی ئێمە ئەهاتنە دیوی کوێستان و ئێستاکەش ئەم مەسەلەیەمان هەر

لەبەرچاوە کەلەدواڕۆژدا ئەگونجێ لێمان نەگەڕێ و ئەمەش بەکرێ گیراوی ئەم کابرایە دەرئەخا.

کاکەگیان قەرار وابوو کە (کۆمەڵە)یەک لەخوێندکارەکانی خۆمان پێک بێنن جا نازانم هەوڵ و تەقەڵاتان چی لێ هاتۆتەوە و بەکوێ گەیشتووە، بۆ هاوڕێ (ژیان)[١٢]یشم دووپاتە کردۆتەوە، هەوڵی بۆ بدەن، لەناردنی نامە، ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب، ڕامەوەستە و دەنگ و باسیشمان بۆ بنووسە، دیسان لەقوڵایی دڵەوە سڵاوی گەرم، شلێر و کەمال ماچ ئەکەم، ئەحوالی خوشکە خەجیجە ئەپرسم.

براتان: سیروان

ڕێ بەندانی ٤٦

ڕووداوەکانی تازە

پاش ئەوە کەکاک حەمەدەمین و سولەیمانی موعینی ماوەیەک لەسولەیمانی گیر دەبن، حەمەدەمین دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و سولەیمان لەسەر هێنانەوەی خێزانی لەسولەیمانی دەمێنێتەوە، جارێکی دیکەش برادەرێک دەگڕێ و تەنانەت ئەو پارەشی لێ دەستێنێ کەسولەیمان بۆ خێزانی ناردبوو، کاک سولەیمان دێتە سەر ئەو باوەڕە کەنامەیەک بۆ کاک ئیدریس بارزانی بنووسی، نوسخەیەکیشی لەو نامەیە دەگەڵ وێنەیەکی سیامەندی کوڕی بۆ من ناردبوو بۆ سۆفیا، کەوا دەقی نامەکەی بڵاو دەکەینەوە.

نامەی سولەیمانی موعینی بۆ ئیدریس بارزانی

بەڕێز کاک ئیدریس بارزانی:

پێشەکی سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە لەهەموو لایەک، ئەوەی سورە و باوکت لەرابردوودا شارەزایە، خەبات و کۆڵ نەدان و ڕەنج و ئازار و ئەشکەنجە و

---

(١٢) مەبەست کاک محەمەدی موهتەدیيە.

دەربەدەری و تاڵ و سوێری شەونخونی و چیا و چۆڵ و ئیمان بەبیروباوەڕ و گەل، لەو مەیدانی کردەوە و شۆڕش و کارزاری ژیان دا وای قاڵ کردووم و تواندوومیەوە کەلەکوردایەتی و حیزبایەتی و دوژمنایەتی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و ناحەز بەولاوە حەز لەهیچ ژیانێکی تر نەکەم و بۆی بەپەرۆش نەبم، لەماوەی بیست ساڵ خەباتی بێ وچان و زیندان و دەربەدەریم بەتەئسیری خاو و خێزان و برادەرانم ئەوەندەم توانا پەیدا کرد لەژیانم دا ئەوەندە دڵی خۆم رازی بکەم دەزگیرانێك پەیدا بکەم، پاش موخالیفەتێکی زۆری داگیرکەری کوردستان بەپەلە گوێستمەوە و بەرهەمی ژیانی تایبەتی کورپێکم بێ بەڵام دوژمن وچانی پێ نەدام کەوتمە زیندان، سێ ساڵ ئەو ژنە چاوەڕوانی ئازادی منی کرد، پاش ئازاد بوونم ئەو بەرهەمە پێك هات، چاوم پێ نەکەوت دوور خرامەوە پاشان رام کرد بۆ کوردستانی عێراق لەماوەی چاردە ساڵ ژن و منداڵی لەپێناوی بیروباوەڕ و ئازادی گەلی کورد تەنیا سێ مانگ چاوی بەمن کەوت منی عەودالی کوردستان تا پار چاوم نەبەخێزان و نەبەمنداڵم کەوتووە، تازە گەیشتبوە ئێرە، دوو مانگ بوو لەناو جەرگەی دوژمن و داگیرکەردا خۆی گەیاندبوە وڵاتی ئازادکراو و کوردستانی ئازاد کەمێردەکەی چاردە ساڵان هەوڵی بۆ داوە و بەردی بناغەی بۆ داناوە، زۆر شاد و بەختەوەر بوو، بەڵام کاتی بیستی برادەری مێردەکەی بەبێ تاوان گیران و هەڵاتیان وێ کەوت و مێردەکەی ماوەی خواحافیزی نەبوو، بەبێ ئیمکان لەدەریای غەریبایەتیدا کەس ناناسێ بەجێ ماوە و لەپاشان تاڵان کرا و سوکایەتی بەسەر هات، مات و حەیران و گێژ ماوە، تەنیا گریان و قوڕپێوان ئەیتوانی دڵخۆشی بداتەوە، لەو وڵاتە کەکەس ناناسێ رای کرد و هاتە سەنگەسەر و لەوێ بەدەست بەستراوی مایەوە، کاتێك ئێمە جوتیارێکی هەژارمان نارد کەپارەیەکی پێ بگەیەنێ، کاك حەسۆ گرتی و تەحویلی حکومەتی داگیرکەری ئێرانی داوە، ئێستاش کەئێستایە

لەژێر دار و ئازاردان دا شەو و رۆژ دەکاتەوە، شەش منداڵ و دایکی پیر و خێزانی برسیەتی هەڕەشەیان لێ دەکا، ئەوەی کورد پەروەران فریای نەخەن نپیانە بیخۆن، ویستمان لەقەڵادزە بێ هەتا بتوانین پێ رابگەین، بەهۆی دۆستانی کوردپەروەر هەوڵمان دا بەڵام لەلایەن حەسۆوە هەموو جەریمە کران و پارەیان لێ ئەستێنرا، تا ناچار بەهۆی باوەڕپێکراوێك وەزعی خۆمان و خاو و خێزانمان هێنا گۆڕێ و لێتان دڵنیا بووین، کەسێکمان بەناوی محەمەد مەنگوڕ بەنهێنی راسپارد، بەڵام کاك حەسۆ ئەویشی گرت و لەبەندیخانەدا ئەوەندەی ئازار داوە لەپیاوەتی کەوتووە و ئێستاش هەر نەخۆشە و ئەنالێنێ، ناچار سەرلەنوێ پێمان راگەیاندن بەڕێزتان و باوکت وەعدەی تەواوتان دا کەئەو ژنە رزگارە و ئێمە کارمان پێ نەداوە، موافەقەتتان کرد کەرای گوێزین، پاش دڵنیایی تەواو کەبەحەسۆ راگەیەندراوە، نامەیەکی دۆستانەم بۆ حەسۆ نووسی و بۆم روون کردەوە کەئەو ژن و منداڵە یا خۆی بۆم بنێرێت یا تەحویلی راسپاردەی بدات، تکام لێ کرد کەئەو نامەیە بەنهێنی بمێنێتەوە و قەزیەکە ئاشکرا نەبێ، لەوەڵام دا بۆی نووسیوم تۆ بەقسەی جڵەوبڵە هەستاوی پیاوی وانی نامەکەشی لەرۆژی جێژن دا کەهەموو کەسی سەنگەسەر و پێشمەرگە لەوێ بوون خوێندوویەتەوە و کابرای ئازار داوە و پاش پشکنین و هەڕەشە کەنەچێتە لای منداڵەکانی من، بەڕێی کردۆتەوە، هەروەکی نووسیومە لەپێناوی شەڕەفی نەتەوەکەمدا ژن و منداڵم مەبەست نییە هەر ئاوام، بەڵام لەبەرئەوە کوردی ئێران دەزانێ لەپێناوی کوردایەتیدا ئەو ژنە رەنجی داوە و رەنج بەخەسار بووە، منیش پێی قەرزدارم، هەربۆیە لێی ئەپرسمەوە و پێوە ماندووم، لام وایە هیچ قانون و عورفێکی دواکەوتوانە و عەشیرەتی و یا قانونی زۆردار و داگیرکەریش هێندە لەژنان ناپرسێ و پێوەی ماندوو نییە، عەجبا بۆ ئێوە بۆتە مشکلەیەك و خەڵکی ئێران و عێراق پێ وابێ کەدەستی بەسەردا گیراوە و بەردەست و دەست

بەسەرە، کوردێکی ئێران و کەس و کارم توانای نەبێ لەو ژن و منداڵە بەندییە بپرسێتەوە و ئەوانیش تـرس و وەحشـەتێکیان لێ بنیشـێ کەلەداگیرکـەر وا نەترسابن و ئەم حاڵە بەمردن و سووکایەتی بزانن.

لەو لایەشەوە حەسۆ میرخـان لەبـەر ئـەوە نـەکا ئـەو ژن و منداڵـە بەشـەو راکـا، ئاڵتون و جل و بەرگی وەك بارمتە لێ بگێڕێتەوە و تەحویلی سەید رەسوڵی بـدا و چـوار دەوری لەجاسـوس خەبـەر چـین بتـەنێ، ئـاخر نابـێ بـزانین ئێمـە چـیمان کردووە؟ ئەگەر گوێا ئێمەش تاوانبـارین ئـەو ژن و منداڵـە غـەریب و بـێ گوناحـە چـییان کـردووە؟ مـن ئەگـەر سـوچ و خیانـەتێکم لـەخۆدا شـك بردبـا، ئـەو ژن و منداڵەم نەدەهێنا و یان ئەگەر هێنام دەرفەتی ئـەوەم هـەبوو بـۆ هـەر شـوێنێکی ئـارەزووم هـەبا رام گوێسـتبا، ئـەوەش هـەر دەلیلـی راسـتی و کوردپـەروەری ئێمەیە.

براگیان ئەوەی گوێ بیس بووی لەشوێنی بـاوەڕپێکراوی خۆمـان بۆمـان هـاتووە لەسابلاغ قاوە گوێا سـازمانی ئەمنیـەت هـەوڵ دەدا کەئـەو ژنـە لەدەسـتی ئێـوە وەربگـرێ و بـەفێڵ بـی باتـەوە و تۆڵـەی رابـردووی منـیش لـەو ژنـە خاکسـارە بکاتـەوە، ئـەوە مـن لەهـەموو لایەکـەوە خێـزانم لەمەترسـی دایـە و هەڕەشـە لەویژدانم ئەکا و پیلانـی دوژمـن چـاوەڕوانیم دەکـا، هەرچـەندە لـەپێناوی ئـەڤین بەرێگا و خەباتم دا ئەویش هەر شانازییە بۆ من بەدەستی دوژمن نەك کورد.

جا من سەر دەرناهێنم لـەو کـارەی کـەبۆ ژنێـك و دوو منـاڵ لـەگۆڕێ دایـە، هـەر ئەوەندەم تکام هەیە هەروەکی لەدوو لاوە وەعدەتان داوە کەرزگاری بکەن ئـەوە بەقـەولی خۆتـان وەفـا بکـەن، نامەیـەك بنووسـن وەلاّمـم بدەنـەوە تـا کەسێکی بەدوادا بنێرم بەبێ دەنگی لەشوێنێکی بێ سەر و سـەدا و لەدەسـتێکی ئـەمین دا بێ، حەسۆش ئاگادار بکەن چـی تـر سیاسـەتم لەگـەڵ نـەکا، کوردانـە و مەردانـە بێتە پێش، چونکە من حەزناکەم دڵی کوردپەروەران لەئێران و عێراق لـەوە زیـاتر

موتاسیر بێت و چیرۆکی لێ دروست بکەن و دوژمن و نەیار و ناحەز پێ شاد بن، وەك نمونە بەناوی ئاکارێك بێخەنەروو خۆی پێ گیف بدەن و لەولایەشەوە ویژدانم قبوڵ ناکا بۆ ژنێك چی تر کوردی هەژار بخەمە مەترسی لێدان و تەحویل دانەوە، پاش ناهومێد بوون لەو محاوەلەیە و نووسینی ئەو نامەیە ئەگەر ولاّمێکی راستم دەست کەوت ئەوا بۆی ئەنێرم، ئەگەر بێ ولاّم مامەوە پەیمان ئەدەم واز لەو ژنە بێنم ئیتر لێی نەپرسمەوە بۆ ئەبەد و چی تر پێوە ماندوو نەبم، هەر رووداوێك لەناردنەوە بۆ ئێران و تەسلیم بەدوژمن بەلایەك مەسئولییەتەکەی ئەخرێتە سەر شانی ئێوە، جا خۆتان و شەڕەفی کوردایەتیتان بەرامبەر بەژن و دوو منداڵی ئێخسیر و بێ تاوان.

لەئاخریدا ئەبێ ببوری کەهیچ کەسمان شك نەبرد دۆستێکی موتمەئین و دڵسۆز بێ بەرانبەرتان کەئەو نامە بەنهێنی بدا بەئێوە ئەو برادەرانە نەبێ کەحەولمان دا و وەسیلەمان پێکەوەنا، چاوەڕوانی ولاّمتان ئەکەم بەحورمەتەوە.

فایەق ئەمین

١٩٦٨/٤/١٥

بەشوێن رووداوەکاندا

پاش ئەوە کەماوەیەکی زۆر کاك سولەیمان لەسولەیمانی دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی کەخێزانی لەچنگ حەسۆ رزگار بکا، خۆشی دەکەوێتە داوی قالە تەگەرانی و سەری تێدا دەچێ، قالە تەگەرانی کابرایەك بوو لەناوچەی بانە دەستی لەقاچاخچیەتی و دەستبڕی خەڵك دا کرابۆوە، لەلایەك لەگەڵ ساواك و حکومەتی ئێران هاوکاری دەکرد، هەر لەو کاتەشدا هاوکاری بەشی پاراستنی دەزگای شۆڕشی کوردستان بوو، لەگەڵ حکومەتی عێراقیش پێوەندی هەبوو.

کاك سولەیمان پێشتر لەڕێگای ئەحمەد تۆفیقەوە قالە تەگەرانی دەناسی و دەیەوێ بەهۆی ئەوەوە بگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئێران.

هەرچەند ئەم هاوڕێیانەی کەسولەیمان و حەمەدەمینیان لەشاری سولەیمانی راگرتبوو، وەپاراستبوویانن، پێی دەڵێی کەقالە تەگەرانی جێگای بڕوا نییە و کابرایەکی گومان لێ کراوە، بەڵام کاك سولەیمان گوێ ناداتێ و بڕیار دەدا لەگەڵ قالە تەگەرانی بگەڕێتەوە.

پێشتر خەبەری گەڕانەوەی خۆی بۆ برادەران دەنێرێ، کاك سمایلی شەریف زادە لەگەڵ هێندێك پێشمەرگە بۆ پێشوازی لەکاك سولەیمان بەرەو سنووری عێراق دێن، بەڵام بەداخەوە نەك هەر سولەیمان وەرناگرێتەوە و بەدیداری یەکتر شاد نابن، خۆشی بەهۆی خۆفرۆشی کوێخا شەریفەوە دەکەوێتە داو و لەگەڵ پێنج هاوڕێی تر شەهید دەبن.

ئەوەی لەبارەی پیلانی رێبەرایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق بۆ گرتنی سولەیمانی موعینی زانراوە تا ئێستا هەر ئەوەیە کەقالە تەگەرانی سولەیمان و خەلیل شەوباشی سواری ماشێن کردووە و بردوویە سووك و هاسان داویە بەصدیق ئەفەندی، ئەویش گورج سولەیمانی پێچاوەتەوە و بردوویە بۆ بارەگای بارزانی، ئیتر پاش چەند رۆژ ژاندارمری ئێران تەرمی سولەیمانی بەشارەکانی کوردستاندا گێڕاوە، تەرمی خەلیل شەوباشیش تا ئێستا بێ سەر و شوێن ماوەتەوە.

هەرچەند دەزگای (پاراستن) و (بارەگای بارزانی) هەوڵیان دا کەجنایەتەکەیان سەرپۆش بکەن و وای نیشان بدەن کەگوایا سولەیمان لەشەڕ لەگەڵ ژاندارمەدا کوژراوە، بەڵام زۆر زوو بۆ هەموو کەس روون بۆوە کەسولەیمانی موعینی راستەوخۆ بەفەرمانی بارەگای بارزانی کوژراوە.

رۆژی ١٩٦٨/٥/٢٩ هاوڕێیەکی بەنرخ و دۆستێکی خۆشەویستم بەناوی (جوامێر) یان (حاجی نوری قادر) نامەیەکی بەپەلە بۆ ناردبووم کە ١٩٦٨/٦/٩ بەدەستم گەیشت ئەوەش دەقی نامەی کاك جوامێرە.

بـرای خۆشەویسـت و بـەڕێزم کـاك کـەریم رۆژتـان بـاش، دەسـتەکانت ئەگوشـم هـەواڵی دایکـی کـەمال ئەپرسـم، چـاوەکانی کـەمال و شـلێر مـاچ ئەکـەم، زۆر بەپەرۆشەوە ئەحوالی کاك سەعید[١٣] ئەپرسم.

گیانەکەم ئەگەر هـەواڵی بـابی سـیامەند[١٤] ئەپرسـی ئـەوا بـەدڵێکی پـڕ لـەداخ و ناسۆرەوە، بەقوڵپی گریانەوە کەنیشانەی خەمباریە نەك لاوازی ئـەڵێم کەئێستا لەژیان دا نەماوە و نێزیکەی ١٥ رۆژە کۆچی دوایی کردووە.

پاش ئەوەی لـەو سـەری مانگـەدا لای ئێمـە گەڕایـەوە صـیحەتی زۆر بـاش بـوو، بەڵام کەگەیشتە ئەودیوی شار تووشی نەخۆشـی بـوو، ناردیـان بـۆ خەسـتەخانە لەوێ بەدەستی ئەو دکتۆرە تاوانبـارەی کەژنەکـەی راگرتبـوو، شـریقەی لێ درا و ناجیح نەبوو گیانی سپارد و لـەو نەخۆشـییە دەربـاز نـەبوو، ئینجـا درایـەوە بـۆ مەهاباد، لەوێ بەداخەوە ئەڵێن کەسێ رۆژ بەمردوویی لەمزگەوت مایـەوە تـا ئـەو خەڵکـە چـاوی پـێ بکـەوێت و دوعـای لەسـەر بخـوێنن و تـەنبێ بـن پـاش ئـەوە لەلایەن خزم و کەس و کار و هەموانـەوە زۆر بـۆی دڵگیر بـوون بـەخاك سـپێررا، بەڵام براکەی پێشان گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان بەساخ و سـلامەتی، رۆڵێکـی بـاش یـاری ئـەکات و صـیحەتی زۆر باشـە، یـەعنی کـاك حەمـەدەمین کەئـەویش زۆر سەلامتان لێ ئەکات و لەدەمێکەوە نەم دیوە بـەڵام ئـەزانم کـەوەزعی زۆر باشـە و ئەحوالتان ئەپرسێ، بێگومان بەمردنی بابی سیامەند زۆر دڵتەنگە.

بـرای خۆشەویسـت و بـەڕێزم بـەم نێزیکانـە نامەیـەکی دوور و درێـژ و چـەند دیاریەکت بۆ ئەنێرم، هەرچەند ئەم نامەیەم بێگومان زۆر دڵگیرتان ئەکات.

ئەبێ ئەوەش بزانی لەم باسەی بۆم کـردن کـێ خـەتابارە، هـەر ئەوەیـە کـەخۆت زۆرباش دەزانی بۆ خزمەتی کوێستان ئەوەی کرد کەبێگومان نابـێ چاوپۆشـی لێ بکرێت و ئەبێ ریسوا بکرێت، دیارە ئەوەش خۆتان دەیزانن.

---

(١٣) مەبەست کاك حەسەنی قزڵجییە.

(١٤) مەبەست کاك سولەیمانی موعینییە.

بـرای خۆشەویسـت بـابی کـەمال گیانەکـەم بـەم نێزیکانـە بەدرێـژی بەسـەرهاتی دڵسـووتێنی بـرا خۆشەویسـتەکەی خـۆت بـۆ دەنووسـم کەپیاسـە و گفتوگـۆی جارانمان پێکەوە لەبەغدا بۆ بیرەوەری وەچۆتە کۆڕی یادگارەوە..

ئیتر لەکۆتاییدا سەرلەنوێ دەستەکانتان ئەگوشم ئومێد دەکەم کە مچەتان لـەیاد نەچێ کەئەو کـارە ناپەسـەندە و کۆسـپە گرانـەی تـووش کـردین و مەرەزەکـەی خواردین بێ ئەوە کەوەفا و بەقای بۆ بەڵێنی خۆی ببێت و بەو کـارە گـەورەترین سـوودی بـە حەمەهـەتیو[١٥] گەیانـد، چـاوەڕوانی نامـەی ئایندەم بکـەن کەبـەم نێزیکانە بۆتان ئەنێرم، هیوادارم بەم نێزیکانە هەواڵتان ببینم.

برای دڵسۆزتان: مکتب الحاج نوری قادر

١٩٦٨/٥/٢٩

پاش ئەوەی نامەکـەم بەدەسـت گەیشـت بەتـەلیفۆن لەگـەڵ دکتـۆر رادەمـەنیش قسەم کـرد و داوام لێ کـرد کـەرێگا بـدەن بگەڕێمـەوە بـۆ کوردسـتان، مـن بـەبێ ئیجـازە و یارمـەتی ئـەوان سـەفەرم پـێ نـەدەکرا نـەویزای سـەفەریان دەدامـێ نەبلیتم بۆ دەکـڕدرا نەپاسـپۆرتم هـەبوو دکتـۆر رادەمـەنیش گـوتی ئێمـە لەسـەر سەفەری تـۆ مـوافقین، بـەڵام هـاوڕێ قزڵجـی دەڵـێ بەتـەنیا نـاتوانم کـاری رادیـۆ بەڕێوەببەرم، راوەستە تا بیرێکی لێ بکەینەوە.

رۆژی ١٩٦٨/٦/٢٤ نامەیەکی بەپەلەی یوسفی رێزوانی و چوکەڵی گەوهـەریم پـێ گەیشـت، هـەر ئەوەنـدەیان نووسـیبوو: سمـایلی شـەریف زادە و سـولەیمانی موعینی نەماون و لەژیاندا نین.

٢٦ ژوئینـی ١٩٦٨ نامەیـەکی کـاك محەمـەدی موهتـەدیم بـۆ هـات هـەر داخ و حەسرەت و خەفەتی لێ دەباری، کاك محەمەد نووسیبووی:

برای بەڕێز کاك کەریم رۆژباش

---

(١٥) مەبەست رێژیمی شایە.

ماوەیەکی زۆرە لێتان بێ خەبەرم، چاوەڕوان بووم کەلەبابەتی وەزعی ولاتی ڕا ئاگادارم دەکەی، چونکە ئێوە تەماستان هەیە و هاتووچوتان هەیە، کەدیتم بێ دەنگن قەرارم دانابوو کەپاش خەلاس بوونی ئیمتیحانات نامەیەکی زۆر دوور و درێژتان بۆ بنووسم و هەرچۆنێك بێ بۆ قسە و باس بێم بۆ لاتان بۆ بولغارستان، بەلام وەك دەبینن ئەوا پێش تەواوبوونی ئیمتیحانات و لەو جەنگەی دەرس خوێندن دا نامەتان دەنێرمە خزمەت، ئەویش بەدلێکی زۆر تەنگ و پەڕۆشەوە بەئەعسابێکی شلەقاو و تێك چوون.

کاکەگیان خولاً بکەم راست نەبێ، بەلام ئەوە هەر ئەلعان نامەیەکی مستەفا نورانیم وەرگرت کەدەلێ: گۆیا نامەیەکی بۆ هاتوە کەدەوڵەت جاشێکی زۆری لەعەشایر ساز کردووە، سمایلی شەریف زادە و سولەیمانی موعینی و مراد شیرێژ و ئەحمەدی عەلی عەجەم و چەند برادەری شەڕکەری دیکەش کۆژراون.

گۆیا موسافیرێکیش هاتوە و دەلێ کەبەچاوی خۆم مەیتی سێ کەسی دیوە کەلەمەهاباد هەلاوەسرابوون، ئەگەر ئەوە راست بێ بەراستی زەرەرێکی زۆر قورس و گەورە و خەمێکی زۆر قوڵ و ناخۆشە بۆ هەموو لایەکی.

براگیان ڕەنگە نەزانی چەندە ناڕەحەت و بەپەلەم دەستم بۆ هیچ کارێك ناچێ، ناتوانم دەرسیش بخوێنم، زۆرم تکایە بەخێرایی لەوەزع وەك دەزانن ئاگادارم کەن، ئەگەر هیچ خەبەرتان نییە هەر نامە بنووسن قەیدی نییە، چاوەڕوانم، پاش خەلاس بوونی ئیمتیحان نامەیەکی درێژتان دەنێرمە خزمەتی، سەریشتان هەر لێ دەدەم، بۆ کاك حەسەن بەقەت دنیایەك عەرزی سلاو و دەست ماچ کردنم هەیە، سلاو بۆ خوشکە خەجیج و چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم.

برات: محەمەد

١٩٦٨/٦/١٥

من دوو رۆژ پێشتر نامەم بۆ کاك محەمەد نووسیبوو، لەوەزع ئاگادارم کردبوو، بەڵام پێش ئەوەی نامەکەی منی پێ بگا، ئەو بەپەلە نامەی بۆ من ناردبوو.

هەوەڵی ژوئیەی ٦٨ نامەیەکی دیکەم بۆ دکتۆر رادەمەنیش نووسی خەبەری کوشتنی مراد شیرێژ و چەند پێشمەرگەیەکی دیکەم بۆ نارد، لەنامەکەدا نووسیبوم: ئاخر ئێوە بەیاننامەیەکی هاوبەشیتان لەگەڵ ئەو برادەرانە نووسیوە، ئێستا ئەگەر یارمەتیشیان پێ ناکەن، لانی کەم دەنگوباسی ئەم کوشتارە و ئەم جینایەتە با لەرادیۆ دا بڵاو کەینەوە.

سەرەتای مانگی ژوئیەی ١٩٦٨ نامەیەکی (مەلا محەمەدی خزری)م بۆ هات کەپاش بیست رۆژ بەدەستم گەیشتبوو، ئەوەش دەقی نامەی (پیرۆت) مەلا محەمەدی خزری.

هاوڕێی بەڕێز کاك شیروان، پێشەکی گەرمترین سڵاوی شۆڕشگێڕانەت پێشکەش ئەکەم و هیوادارم ساخ و سەرکەوتوو بی، هاوڕێی خۆشەویستم، لام وایە هەواڵی ئەم کارەساتە نالەبارەت نەزانیوە کەلایەن بەقەولی قادر شەریف زوحاکی قەڕنی بیستەمەوە بۆ سەر گیانی لەشی کادرە خەباتکەرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئێستا کەئەو نامەیە دەنووسم سەعات سێ و نیوی پاش نیوەڕۆیە لەدەرگەڵەم.

چۆنیەتی کارەسات:

١- لە ١٩٦٨/٥/١٠ لەگوندی ئازادی هەواڵی گێڕانی هاوڕێی شەهید سولەیمانی موعینی هات، بەڵام بۆمان روون نەبوو لە ٥/١٣ لەگەڵ هاوڕێ تیکان[١٦] چوین بۆ گەڵاڵە، لەوێ چاومان بەئەمیری قازی کەوت، لەپاش چاك و خۆشی کردن ئەمیر گوتی: دیارە هەواڵی فایەق ئەفەندیتان هەیە.

([١٦]) مەبەست سەعید کۆیستانییە.

منیش گوتم نا، گوتی: بەڵێ لەسیتەك نێزیك سولەیمانی، صدیق ئەفەندی گرتوویەتی و بروسکەی کردوە بۆ مەکتەبی تەنفیزی و سیاسی و بارزانی کەفایەقم گرتوە، من بەچاوی خۆم بروسکەکەم دیوە و لەو رۆژانەدا بەخزمەتتان دەگا.

ئەوەندەی گوت و بەپەلە گوتی خواحافیز دەبێ برۆم بەڵام دێمەوە، ئیتر من و هاوڕێ تیکان زۆر شێواین، بەڵام چار چییە؟

٢- وابوو لەرۆژی ١٩٦٨/٥/٢١ لەزینوێ هەواڵی لەدار بەستنی جەنازەی هاوڕێی شەهیدی رێگای ئازادیمان بیست.

٣- لەپاشان کەوتینە پرسین و تەحقیقات کەچۆن شەهید کراوە و چۆن تەسلیم بەحکومەتی کۆنەپەرست و خوێن مژ و هەژارکوژ کراوەتەوە، وەکو زانیمان شەوی ٦٨/٥/٢٠ هاوڕێی سەربەرز و بەشەرەف لەدیلمان لەمالی بارزانی گوللە باران کراوە هەر ئەو شەوەش ئاگاداری هاتوچۆی ترومبێلەکان بووین لەئێران بۆ خوارێ و گەڕانەوەیان، وابوو هاوڕێی دلێر بەشەهیدی جەنازەکەیان تەسلیمی حکومەت کردووە.

٤- حکومەت چی کرد؟ هەر ئەو شەوە جەللادەکانی ئەرتەشی پوشالی شا لەحدودی پۆستی تەمرچیان، تەرمی هاوڕێ فایەق بەهێلی کۆپتێر دەبەن بۆ لای سەردەشت، رۆژی ٥/٢١ سەعات ٩ دەیگێڕنەوە بۆ خانێ، کاتێ هێلی کۆپتێر دەگاتە سەر خانێ دەست دەکا بەهەرا و فڕوفیشاڵی ناجوامێرانە بەمیکرۆفۆن بەم جۆرە: دەڵێ کەجەنابی سەروان... (ئەو سەروانەی هەتا ئێستا لەناو ئەرتەش دا وجودی نییە و لەدایك نەبووە) لەشەڕێکی چەند سەعاتەدا لەگوندێکی نێزیك سەردەشت لەگەڵ خائین سولەیمانی موعینی و چەند نەفەر چەتە پێك هەڵپڕژان، لەئەنجامدا سولەیمانی موعینی کوژرا و هاوڕێکانی رایان کرد تەنانەت نەیانتوانیوە چەکەکەشی لێ بکەنەوە، تەرمەکەی هاوڕێی شەهید

کراومـان چـۆنیان رازانـدبۆوە؟ بـەم جـۆرە: کلاشـینکۆفیان لەگـەڵ دوو رەخـت فیشەك و دووربـین و رادیـۆ خستبویانە ملـی، لەبنکـەی حـاجی عمـران (سـنوری ئێران) گەوجانە وەکو وشتری ناو پەمۆ خۆیـان چـاو دەنـوقێنن پێیـان وایـە ئـیتر کەس نایان بینێ.

٥- لەپاشان حکومەتی دیکتاتۆر و خوێن مژ لەخانێ دەیکەن بەشـایی و دەهـۆڵ و زورنا لێدان بـۆ ئـەوە کەیـەکێ لـەموبارزانی رێگـای ئـازادی کـوژراوە خوێنیـان خواردۆتەوە.

٦- لەدوایی رۆژی ٥/٢٢ بەهێلی کۆپتێر تەرمەکـەی هەڵـدەگرن و دەیبـەنـەوە بـۆ مـەهاباد بـۆ ئـەوەی بیگێـڕن بـەناو کوچـە و خەیابانانـدا، لـەوێوە بـۆ شـارەکانی تەورێز و مەراغە و سـنە و کرماشـان، بـەڵام کاتـێ دەنگـی هێلـی کـۆپتێر لەسـەر ئاسمانی شاری مەهاباد دێ و هەواڵی هێنانـەوەی تـەرمی بـرای خۆیـان دەبیسـن کەبەگوللـەی کـوردێکی خـائین بـەحقوقی هـەر ئینسـانێك بەتایبـەت گـەلی کـورد شەهید کراوە، خەڵکی مەهاباد، خـەڵکی قارەمـان، ئـەو مـەهابادەی رۆڵانـی وەك قازی محەمەد و سەدری قازی و سـەیفی قـازی... پـەروەردە کـردوە، بـەتێکڕایی دوکانـان تەختـە دەکـەن و ڕوو دەکەنـە خیابـان و ئـاگری تـوڕەیی و غـەزەب بەرامبەر حکومەتی دیکتاتۆری لەنێو چاوانیان دیار دەکا و بەئاشکرا بەحکومـەت رادەگەیـەنن کەئەگـەر بێـت و هـەر جـۆرە تـەوهین و بـێ حورمەتیـەك بەتـەرمی براکەمان سولەیمانی موعینی بکرێ قبـوڵ ناکـەین هـەتا ئێمـەش وەکـو ویمـان لێ نەیـە کاتێـك حکومـەت دەزانـێ ریسـەکەی بۆتـەوە خـوری و هـەموو نەخشـە و پیلانەکانی خـۆی و بارەگـای بـارزانی بەتـەواوی کەشـف بـووە، ناچـار رەئیسـی سازمانی ئەمنیەت ئیجازە وەردەگـرێ لەخـەڵکی مـەهاباد و ڕوو دەکاتـە خـەڵك و دەڵێ: ئەی دانیشتوانی شاری مەهاباد راستی ئەوەیە سـولەیمانی مـوعینی ئێمـە نەمانکوشتوە، لەلایەن کەسێکەوە کوژراوە کەئێوە بەسـەرۆك و پشـتیوانی گـەلی

کوردتـان دەزانـی و جارەهـا تـەزاهوراتتان لەسـەر دەکـرد، هـەر بەدەسـتی ئـەو سەرۆکی شەریفە کوژراوە، بەمردویی تەسـلیمی ئێمـەی کردۆتـەوە، ئەگـەر ئێمـە بمـان گرتبـا نـەمان دەکوشـت، چـونکە حکومـەت عادلـە و بـەزەیی هەیـە، یـان حکومی زۆری دەدا یان پاش ماوەیەك دەی بەخشی، ئێستاش بـزانن کەدەوڵـەت هیچ خراپەی نەکردوە، وەرن تەرمی خۆتان وەربگرنەوە و بینێژن.

زۆر بەحورمەتەوە خەڵکی شاری مەهاباد، مەهابادی قارەمان بـەپیر و گەنجـەوە، بەژن و منداڵەوە روو دەکەنـە تەرمەکـە و زۆر بەتەشـریفاوەتەوە دەی هێننـەوە، بۆ بەیانی تـەواوی شـاری مـەهاباد بەمەدرەسـەیی و ئیـداری و تەنانـەت زۆربـەی دانیشـتوانی گونـدەکانی نێزیـك شـار هـاتبوون بـۆ تەشـریعی جـەنازەی رۆڵـە بەشەرەف و سەربەرزی شەهیدی رێگای ئازادی گەلی کورد و گـەلانی ئێـران کـاك سولەیمانی موعینی، بەپێی هەواڵی گەیشتوو لەشاری مەهاباد تـا سـێ رۆژ پـاش ناشتنی هاوڕێ فایەق دوکان و بازاڕ بەباشی نەبووە.

ئایا بەشەهیدکردنی هاوڕێ فایەق بـارزانی وازی هێنـا؟ بـەڵێ، لـەپاش چـەند رۆژ تێ پەڕ بوون بەسەر شەهید کرانی فایەق ئـەمین دا، هـاوڕێ تیکـان ژن و منـدالّی نەخۆش بوون بردبوونی بۆ هەولێر و من چووبووم بۆ رەواندز بۆ دەفتـەر نفـوس، لەسەعاتی یەکی پاش نیوەڕۆ رۆژی ١٩٦٨/٥/٢٨ کەگەیشتمەوە ئازادی، لەلایـەن پۆلیسەکانی سەر وەسازمانی ئـەمنی ئێـران (سـەعید مصـیفی)یەوە گـیرام و بـێ ئەوەی بزانم بۆچی گیراوم بردیانم بۆ بەندیخانەی خەلان.

ئێسـتا تیکـان نەگـەڕابۆوە، بـەڵێ مـن گـیرام و زۆر بـەبێ حورمـەتی خسـتیانمە ژوورەوە و گـیرانم شـتێکی ئیعتیـادی نـەبوو، هـەر هێنـدەم هەسـت پـێ کـرد کەدەیانەوێ بەدەست بەستویی تەسلیمی حکومەتی ئێرانم بکەنەوە، هاتووچـۆ و وتوێژ لەگەڵ من قەدەغە بوو، بۆ بەیانی خێزانم بـەگریان و چـۆنێکی بـۆ رێگایـان دا چاوم پێ بکەوێ، پرسیاری تیکانم لێ کرد کەهاتۆتەوە یان نە؟

گـوتی: ئێـوارێ هاتۆتـەوە، بـەڵام پۆلیسـی سـەعید مصـیفی فـەوری گەیشـتونە سەریان، دەرگا داخرابوو، داوای تیکانیان کردوە، لەپاشـان تیکـانیش بـەدەرگای پشـتەوە دا رای کـردووە و بەردەسـتیان نەکـەوتوە، پـێم گـوت هـەر زوو بـەهاوڕێیانی حیزبـی شـیوعی راگەیـەنێت کـەوا مـن گـیراوم و چـارێکم بکـەن، هەروەها کاغەزێکم بۆ هـەژار نووسـی کـەدەبێ بـۆ منیـان گرتبـێ؟ چ خیانـەتێکم کـردووە؟ برایـانی حیزبـی شـیوعی زۆر بەپـەرۆشـەوە هـەوڵ و تەقـەڵایان دا و بەهـەموو جێگایـەکیان راگەیانـد کەئـەوە ئەنـدامێکی تـری حیزبـی دیموکراتیـان گرتـوە و دەیانـەوێ تەسـلیمی حکومـەتی ئێرانـی بکەنـەوە، هـەروەها لەلایـەن لیژنەی هەرێمی کوردستان و حیزبی شیوعییەوە نامەیەکیان نووسی بۆ مەکتـەبی سیاسی و مەکتەبی تەنفیزی کەبۆ دەبێ ئـەو کـارە ناڕەوایـە کەلـەهیچ قـانونێکی ئینسانی و دووەڵی دا نییە لەگەڵ ئینسانێکی موبارزی رێگای ئازادی بکـرێ، گوێـا مەلا محەمەدی ئەندامی حیزبی دیمـوکراتی کوردسـتانتان گرتـوە، ئـەوە دۆسـتی ئێمەیە چۆن ئەبێ بەحکومەتی ئێرانی تەسلیم بکەنەوە.

لەپاش مانەوەی چەند رۆژ لەبەندیخانەی خەلان تەقەڵای برایانی حیزبـی شـیوعی گەیشتە ئەو جێگایە کەهەر جۆرێك بـێ مـن بـەردەن، رۆژی ١٩٦٨/٥/٣١ حـاکمی تەحقیقی ئیستیخبارات حەمـەی عـەزەدۆم هـات بـۆ تـەحقیقات، لـەپێش ئـەوەی شتم لێ بپرسێ وای زانی منیش هەر وەك ئـەو بەئوسـوڵی ئینسـانی شـارەزا نـیم، داوای وەی لێ کردم کـەمن هەرچـی دەزانم پێـی بڵـێم ئـەویش مـن تەشـریق بکـا، بەڵێ پاش چـەند سـەعات وتوێـژ کـە نـاتوانم هـەموتان بـەوردی بـۆ بنووسـم تـا چاوپێکەوتن، داوای هاوکاری بوونی ئیستیخباراتی لێ کردم، من وتم هەموو ژیـانی خۆم بۆ خزمەتی ئینسان تەرخان کردووە بەتایبەتی گەلی کـورد، هـەروەها گـوتم رابردووی من نیشان ئەدا کەمن جگە خزمەتکارێکی گەلی کورد شـتێکی تـر نـیم و دیسان تاکو هەم بەنەوعی ئینسان خزمەت کردن بەوەزیفەیەکی وێـژدانی دەزانم،

خاصە گەلی کوردی دواکەوتومان، بەرامبەر بزوتنەوەی علیە مصالحی کورد لەهیچ فیداکارییەك درێغی ناکەم.

بەڵام ئایا دەیویست خزمەتی کورد بکەم؟ نەخێر وەکو دەرکەوت فێری طرزورویەی پۆلیسی دەکردم و دەیویست خەیانەت بەرێباز بکەم و بەرهەمی ئەو خزمەتەی ئەو دەیویست بەربەرەکانی نەوع دۆستان بکەم و بەهەر نرخێك بێ هاوڕێی بەشەرەف و خۆشەویستی خۆمان کاك تیکان و گزینك تەسلیمی دەزگای فاسیدی سازمانی ئەمنیەت (کەناوبراویان کردووە بەوەکیلی خۆیان) بکەم.

بەڵێ ئەوەیە کردەوەکانی ئەوان، هاوڕێ تیکان هێشتا مەعلوم نییە لەکوێیە و ئەمن هەر لەلایەن برایانی حیزبی شیوعیم و نیازم وایە بڕۆم بۆ بەغدا، هەوالّی برایانی ئەو دیو نییە هەر هێندە دەزانم کەلەبەندیخانە هاتمە دەرێ ئەو رۆژە بوو کەزانیم لەخانێ تەرمی مراد شیرێژ و هاوڕێیەکی تریان کەلەشاردا شەهید کران لەدار بەستون، چاوەڕوانیتان ئەکەین، زۆر زوو هاتنت بۆ ئێرە پێویستە بەهەر جۆرێك بێ بێی بۆ ئێرە بەڵام منداڵەکانم هەر لەئازادین، ئیتر چی دیت سەر نایەشێنم، چاوەڕوانی تۆ یا نامەتان دەکەم، هەر خۆش بی.

هاوڕێتان: پیرۆت

١٩٦٨/٦/١٠

هاوڕێ جوامێر کەئەو نامەیەی بۆ ناردبووم نووسیبوی: هاوڕێی بەڕێز ئەوە ئەم نامەیەم بۆ ناردن، هیوادارم ئەهمیەت بدەن بەم مەسەلەیە و پشت گوێ نەخرێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە لەئەوروپا لەسەر مەسەلەکە نەڕۆیشتین، هەرچەند دەمانزانی کەسولەیمان بەئاشکرا بەدەستی شۆڕشی عێراق کۆژراوە و ئەوەی لەکوردستانی عێراق هەیە، ئیتر بەقسەی ساواك و حکومەتی ئێران بەڕێوە دەچێ، بەڵام دیسان لایەنگریمان لێ دەکرد، تەنانەت جارێك رەخنەشمان لێ نەگرت، حیزبی تودە کەپاشان لەسالّی ٧٤دا شۆڕشی کوردستانی بەخائین

دادەنا، لەبەرانبەر جینایەتەکانی سالّی ٦٧–٦٨ لەگەلّ تێکۆشەرانی کوردی ئێران، دمی هەلّ نەپچڕاو رێگای نەدا کەلەرادیۆ پەیکی ئێران دا باسی بکەین، جەماعەتی مەکتەبی سیاسی کۆنیش کەدژی مەلا مستەفا پالّیان بەحکومەتی عێراق دابوو، ئەوانیش بەهیچ جۆر باسی کوشتنی سولەیمانی موعینییان نەکرد، تەنیا رۆژنامەی (طریق الشعب) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، کوشتنی سولەیمانی موعینی بەتوندی مەحکوم کردبوو، لەئەوروپاش کاك محەمەدی موهتەدی بەناوی کۆمەلّەی خوێندکارانی کورد لقی چیکۆسلواکیا لەبەیاننامەیەکدا ئەم تاوان و کردەوە ناحەزەی شۆڕشی کوردستانی عێراقی بەتوندی مەحکوم کردبوو.

هاوینی ١٩٦٨ فیستیوالّی لاوانی جیهانی لەسۆفیا پێ تەختی بولغارستان بەسترا، دکتۆر قاسملۆ کاك محەمەدی موهتەدی رەگەلّ دەستەی لاوانی حیزبی تودەی ئێران خستبوو ناردبوویە سۆفیا بۆ بەشداری لەفیستیوالّ، ٢٧ ژوئیەی ١٩٦٨ کاك محەمەد گەیشتە سۆفیا بەلّام خولاّ هەلّ ناگرێ ئەو چەند رۆژەی لەوێ بوون نەکاری بەفیستیوالّ بوو نەبەکورد چاك بوو چەند رۆژێك سەیری فیستیوالّی کرد و هیچی تر، تەنانەت رۆژێك قەرار بوو لەکۆبوونەوەیەکی دا لەسەر مەسەلەی کورد قسە بکا، هێندێك نووسراوەی لەو بارەوە لەمن وەرگرت، بەلّام دیار بوو هەر نووسراوەکەی وەرگرتبوو هیچی دیکە.

کاك نوری شاوێسی رەحمەتی وەك نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەفیستیوالّدا بەشدار بوو، بڕیار وابوو رۆژی کردنەوەی فیستیوالّ پاش تەواو بوونی ئاهەنگەکە بێتەوە مالّی ئێمە، منداڵەکانی من (کەمال و شلێر) جلی زۆر جوانی کوردیان دەبەر کردبوو، برا کوردەکانی کوردستانی عێراق لەگەلّ خۆیان بردبوون بۆ فیستیوالّ، کاتێك دەستەی لاوانی کورد گەیشتنە مەیدانی فیستیوالّ و کەمال و شلێریان بەجلی کوردییەوە وەپێش خۆ دابوو، ئیتر تەواوی

وێنەگر و رۆژنامەنووس رژانە سەریان و دەستیان کرد بەوێنەگرتن و بەجارێك سەرنجی خەڵکی راکێشا.

کاتێك گەڕاینەوە ماڵ هێشتا جلەکانیان نەگۆڕی بوو، کاك نوری شاوێس کاك جەوهەری برای و کاك محەمەدی موهتەدی و برادەرێکی دیکەش هاتبوونە ماڵێ، کاك نوری گوتی: باوکم کوردەکە شانسی هەیە، بەختی ئێمە لەم کاتەدا عائیلەیەك لەسولەیمانیەوە هاتۆتە سۆفیا، منالّەکانی بەجلی کوردییەوە سەرنجی ئەم جەماهیرەیان راکێشابوو، هەزار وێنەیان لێ گرتن، جوانترین وەفدی ئەم فیستیوالّە بوون، من هیچم نەگوت، بانگی منداڵەکانم کرد کەلەژووری خۆیان بوون بێن بەخێرهاتنی میوانان بکەن، کاتێك هەر بەو جلی کوردییەوە هاتنە ژوورێ کاك نوری واقی وڕما و حەپەسا گوتی: ئەوە چییە کاك کەریم؟

– ئەوە منالّەکانی سولەیمانین کەتۆ دیتوتن و باسییان دەکەی.

هەستا هەردووکی ماچ کردن، کاك محەمەدی موهتەدی وەك لەدەرفەت بگەڕێ تا مەسەلەکە باس بکا گوتی: ئاخر برا کورده عێراقیەکان لایان وایە هەر ئەوان کوردن، بۆیە ئاوا بۆ خزمەت بەشا کوردی ئێران دەکوژن.

کاك نوری گوتی: لام وایە کەس ئەو کارەی پێ باش نەبوە، بەڵام هیچ ناکرێ، با مەسەلەکە قوڵتر نەبێ.

کاك محەمەد گوتی: جا لەوە قوڵتر، مەسەلەکە زۆر قوڵ بوە، ئێستا لەئێران مەلا مستەفا بە (شا پەسەند) دەناسرێ.

کاك نوری تورە بوو گوتی: تحدی لەو کەسە دەکەم باسی مەلا مستەفا بکا.

کاك محەمەد گوتی: کاك نوری تورە بوونی ناوێ، ئێوە دەمانکوژن و نابێ باسیش بکەین، شای ئێرانیش هەر ئەوەمان لەگەڵ دەکا، بۆ ئێمە فەرقی شای ئێران و مەلا مستەفا چییە؟

من نەمهێشت باسەکە درێژە بکێشێ، باسەکەمان گۆڕی.

لەکوردستانی ئێران

پاش شەهید بوونی سمایلی شەریف زادە و سولەیمانی موعینی و مراد شیرێژ و هاورێکانیان گرتنی مەلا ئاوارە، کاك حەمەدەمینی سراجی بۆ ئەوەی گوێا بێ لەعێراق یا لەدەرەوە بۆ پەیدا کردنی یارمەتیەك چەنگە کرێیەکی بکا، برادەرانی خۆی بەجێ دێڵێ و دەگەڕێتەوە بۆ عێراق، لەوێ بەتێلگراف داوای چاو پێ کەوتن لەدکتۆر رادەمەنیش دەکا، هەر لەو کاتەشدا دکتۆر قاسملۆ لەلایەن رێکخراوی حیزبی تودەوە لەپراگ دەچێتە ئەڵمان، رادەمەنیش داوای لێ دەکا کەبچێتە بەغدا و چاوی بەحەمەدەمین بکەوێ، پاش گەڕانەوە رۆژی ٦٨/٢٦ بەکاك محەمەدی موهتەدی دا نامەیەکی بۆ نوسیبوم، ئەوەش دەقی نامەکەیە.

کاك کەریم رۆژباش دوو مانگ لەمەوبەر کەنامە تونـد و تیژەکەی تۆم وەرگرت جوابم بۆ نووسیبوی بەڵام جوابەکەم نەنارد، ئێستاش هەر جوابەکە ماوە بەڵام تازە ناینێرم.

دوو هەفتە لەمەوبەر رادەمەنیش لەلایێزیك داوای لێ کردم لەتەرەف سازمانی حیزبی چیکۆسلۆفاکیەوە چوویووم بۆ ئەوەی کەسەرێکی عێراق بدەم چونکە کاك حەمەدەمین تێلگرافێکی ناردبوو داوای مولاقاتی کردبوو، منیش مەجبور بووم هەموو بەرنامەی مانگی ژوئیە تێك دەم و سەفەر بکەم، سەفەرەکەش وا بەپەلە بوو کەنەمتوانی تەماست لەگەڵ بگرم، دوو رۆژ پێش رۆیشتن تەلیفۆنم کرد و هەتا نیوەشەویش چاوەڕوان بووم بەڵام جواب نەبوو.

چووم و کاك حەمەدەمینم دیت، زۆر سڵاوت لێ دەکا، هەروەها دارا و خەسرەو و کاك یوسف زۆر سڵاویان هەیە، کاك حەمزە لەبەغدا نەبوو، کەسی تریشم نەدیت.

کاك محەمەد تەفسیلاتەکەت بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام منیش بەکورتی هێندێ شتت بۆ دەنووسم.

١- سولەیمان بەدەستی پێشمەرگەی مەلا مستەفا کوژراوە، مەلا مستەفا دەڵێ خەریك بووە راکا کوشتوویانە! ئەوەش دەڵێ کەگۆیا دیسان تەماسی گرتوە دەگەڵ حکومەتی عێراق و لەقەسری جەمهوری دیویانە! دیارە ئەوە هەموو بەهانەیە، نامەی دوایی سولەیمان ماوە کەبۆ براکەی عەبدوڵڵا نووسیویەتی و لەنامەکەڕا دیارە کەئەو رێیەی کەئێمە بۆمان داناوە قبوڵی کردووە.

٢- سمایلی شەریف زادەش زۆر قارەمانانە کوژراوە، ئەویش هەر بەداخەوە لێی دراوە لەلایەن کابرایەك بەناوی کوێخا شەریفەوە، هەروەها مراد شیرێژ کوژراوە، مەلا ئاوارەش خۆی تەحویل داوە[١٧].

٣- وەزعی هاورێیانمان باشە، خەڵك زۆر پشتیوانیانە، بەڵام جاش زۆر بووە نێزیکەی ١٢٠٠ کەس جاشی حکومەتن، سەعید کوێستانیش چووە خۆی تەحویل داوە، مەلاکەش (مەبەست مەلا محەمەدی خزرییە) چۆتە لای پیاوانی مەلا مستەفا و هەموو شتێکی ئیعتراف کردووە، کاك چوکەڵیان زۆر ئازار داوە بەڵام هەر لەجێگای خۆیەتی.

---

(١٧) پێویستە ئەوە روون بکەینەوە: مەلا ئاوارە بەهۆی حەسەن سەلکی خەڵکی دیوالآن دەچێ لەگەڵ ژاندارمە وتوێژ بکا، بەڵام لەوێ دەگیرێ، پێشمەرگەکانی کەلەگەڵی دەبن کاتێك خەبەر دەزانن کەگیراوە، دەوری گوندی دیوالآن دەدەن و دەست دەکەن بەتەقە و بڕیار دەدەن کەنەهێڵن ژاندارم بیبەن مەلا ئاوارەی رەحمەتی خەبەریان دەداتێ کەتەقەی مەکەن ئێمە خەریکی وتوێژین، کاتێکی پێشمەرگەکان بڕوا ناکەن و تەقە درێژە پێ دەدەن دوو نامەیان بۆ دەنووسێ، ئەوەش دەقی نامەکانە:

برایان دیسان دووپاتی دەکەمەوە توخوا بۆ خاتری خوا بۆ خاتری ویژدانتان تەقە مەکەن، ئێمە لەناودەچین، ئەگەر لەوە زیاتر درێژە بەتەقە کردن بدەن حەتمەن حەتمەن ئێمە لەناودەچین و دەکوژرێین، براتان (جەمال).

نامەی دووەەم: برایان کاوە، میرزا باپیر، میرزا کەریم، میرزا رەشید و باقی برایانی دیکە، دووبارە پێتان رادەگەیەنم ویژدانتان هەبێ، شەرەفتان هەبێت بۆ خاتری خودا چیدی تەقە مەکەن کورە ئێمە تا ئێستا زۆر زۆر باشین رەنگە بڵێن ئەوە خەتی مەلا ئاوارە نییە، لەبەرئەوەی زۆر ناڕەحەتم بەتەقەکردنتان بۆیە جوابم بۆ نانوسرێت، نیشانەمان ئەوەیە کەنەهێنی شەوترادیمان شۆڕش بوو، لەولای مالآن توشتان بووین، قەرەنی بەتوندی کاك رەحمانی دەنگ دا، ئەی هاوار بۆ وادەکەن بۆ بەفیڕۆ ئێمە لەدەست دەدەن، هەر بمێنینەوە باشترە، ئەگەر بۆ مەتانە تەقە راگرن، ئەگەر مەبەستیشتان لەناوچوونی ئێمەیە ئەوە ئارەزووی خۆتانە، ئەوە ئاخرین نامەیە کەبۆتان دەنووسم. (جەمال)

٤- پاش موناقەشەیەکی دوور و درێژ لەگەڵ کاك حەمەدەمین و یوسف، هاتینە سەر ئەوە کەتەنانەت ئەگەر دەستەی جەلال یا دەوڵەتی عێراق هەموو شتێکیشمان بۆ بکەن دیسان پێوەندی دەگەڵ ئەوان زۆر خەتەرە چونکە مەلا مستەفا بیزانێ لەولاوە پەلامارمان دەدا، دیارە هاوڕێیانمان زۆر پێویستیان بەپارە و چەك هەیە، جا تا چ رادەیەك کاك رام بۆیان جێ بەجێ دەکا نازانم.

٥- من زووتر گەڕامەوە لەوەختی کۆدێتا دا لەبەغدا بووم بۆ ئەوە پێش ئەوەی کاك رام سەفەر بکا ببینم، بەڵام ویزای ئەڵمانیان بۆ نەناردبووم ئەوڕۆش خەریك بووم کەدیسان هەر سەفەر بکەم بەڵکو کامبخش ببینم بەڵام دیسان ویزا نەهاتووە، بەرامم گوت رۆژێك راوەستێ هەتا من بتوانم ببینم و مەسەلەکە زۆر موهیمە بەڵام حازر نەبوو.

٦- بەکورتی هاوڕێیانمان زۆر پێداویستیان بەکۆمەك هەیە، جا من هاتمە سەر ئەوە کەئەو کۆمیسیۆنەی دایان ناوە بۆ چی باشە؟ خۆ شوکر شەش مانگە چاومان بەیەکتر نەکەوتوە، بەداخەوە رادەمەنیشم نەدی دەنا مەسەلەکەم دەگەڵ حەل دەکرد، ئێستا پێشنیارم ئەوەیە کەمن پاش ٢٠ی ئوت کەرادەمەنیش گەڕایەوە دەچم بۆ لایپزیك، ئێوەش کارێکی وا بکەن کەبێنە ئەوێ ئەگەر کاك حەسەنیش نەتوانێ تۆ هەر وەرە، بەنەزەری من دەبێ کەمێك توند و تیژ بن لەگەڵیان.

٧- لەسەر رۆژنامەکە کاك حەمەدەمین گوتی: قەراریان ئەوەیە کەرۆژنامەکە دەتوانێ بیروباوەڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاو بکاتەوە بەبێ ئەوەی ناوی لەسەر بێ، چونکە خۆیان دەیانەوێ رۆژنامەی ئۆرگان لەکوردستان بڵاو بکەنەوە.

٨- قەراریان داوە کەبۆ ئەگەر موافیق بی بگەڕێیەوە بۆ کوردستان و منیش جارێ قسەکەریان بم لەدەرەوە، پێم وایە باری گرینگ هەر ئەوانەن، جارێ هەر خۆشی و سەرکەوتنی ئێوەم ئاواتە.

برات: رەحمان

١٩٦٨/٧/٢٦

ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێران لەئەورووپا

لەئەورووپا بەیارمەتی خوێندکارە کوردەکانی کوردستانی ئێران ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێرانمان پێك هێنابوو، بڕیار وابوو شازدەی مانگی ئوت لەشاری مونیخ کۆبوونەوەی ئەو ڕێکخراوەیە پێك بێت، بەڵام دکتۆر قاسملۆ بۆی نووسیبوم کە ١٢ و ٢٢ی مانگی سیپتامبر کۆبوونەوەی ڕێکخراو پێك بێ، پێم خۆشە پێش کۆبوونەوە سەرێکی لایپزیك بدەین و لەگەڵ برادەرانی تودە قسە بکەین، تا ئێستا ویزایان بۆ نەناردبووم، دەجار زیاتر چوومە سەفارەتی ئەڵمان کەم کەم ئیدی گاڵتەم پێ دەکەن، ئەگەر تەماست هەیە پێیان بڵێ ویزام بۆ بنێرن، من تەماسم لەگەڵیان نییە.

من پاش نامەی دکتۆر قاسملۆ یەك دوو جار بەتەلیفۆن داوام لەرادەمەنیش کرد کەکۆبینەوە و سەبارەت بەو قەرار و مەدارەی کەلەبەغدا بەستومانە بڕیار بدەین، ڕۆژی ١٩٦٨/٩/١٤ لەگەڵ کاك حەسەنی قزڵجی چووینە ئەڵمانی دیموکراتی، دکتۆر قاسملۆش هات، کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ دکتۆر ڕادەمەنیش و کامبخش، ئێرەجی ئەسکەندەری پێك هێنا، بەرنامەی کاری کۆبوونەوە بریتی بوو لەلێکۆڵینەوەی نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجی و دیاری کردنی ڕێبازی دوایی.

پاش خوێندنەوەی نامەی کاك حەمەدەمین و قسەکانی دکتۆر قاسملۆ کەتازە لەلای حەمەدەمین گەڕابۆوە، هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەلەهەلومەرجی ئێستادا درێژەپێدانی شەڕ و جولانەوەی چەکداری بەقازانج نییە، واباشترە کەهاوڕێیانی کوردستانی ئێران کارێکی وا بکەن کەبتوانن لەکوردستانی عێراق خۆ بگرنەوە و کاری تەشکیلاتی بکەن، هەروەها لەگەڵ مەلا مستەفا پێوەند بگرین و رازی بکەین کەدەستیان لێ نەدا، پاش ئەو کارە جا ئەودەم باسی ئەوە بکرێ کەچۆن یارمەتیان پێ بکرێ، بڕیاردرا کەبۆ ئەو مەبەستە من سەفەری بەغدا بکەم.

زۆر ئاشکرابوو کەرێبەرایەتی حیزبی تودە لەسەر مەسەلەی کوردستان ناتوانێ بڕیار بدا و نایەوێ یارمەتیشیان پێ بکا، بەقەولی کاك حەسەنی قزلجی: ئەو نووسین و بێرەو بەرە و کۆبوونەوە هەموو راوی سەر کاغەزە و هیچی تر.

پاش ئەو کۆبوونەوەیە ئێمە بۆ سۆفیا گەڕاینەوە، ئەو دەنگ و باسەی لەکوردستان دەگەیشتن هەموویان باسی شکان و ناخۆشی و بێ یار و یارمەتی تێکۆشەرانی کوردستانی ئێران بوو، کاك حەمەدەمینی سراجیش بەهیوای پێوەندی گرتن لەگەڵ حیزبی تودە و بەجێ گەیاندنی ئەو قەول و قەرارەی کەلەگەڵ رادەمەنیش کردبوومان و بەهیوای گەڕانەوەی من و دکتۆر قاسملۆ چەکدارەکانی بەجێ هێشتبوو هاتبوە بەغدا هەموو رۆژی نامەیەکی دەنووسی و داوای گەڕانەوەی ئێمەی دەکرد، ئەوەی پێوەندی بەمنەوە هەبوو، من کارمەندی رادیۆی حیزبی تودە بووم، بەبێ یارمەتی ئەوان بەبێ رێگادانی ئەوان نەمدەتوانی سەفەر بکەم، پیاو حەق بڵێ ئەوان دەیانگوت ئەگەر کەسێکی تر بۆ رادیۆ پەیدا بێ، ئێمە رێگای گەڕانەوەت ناگرین، بەڵام بەداخەوە بۆ حیزبی چینی کرێکاری سەرانسەری ئێران دەنکە کوردێك قات بوو وەگیر نەدەکەوت، کاك حەسەنی قزلجیش نەخۆش بوو دەیگوت بەتەنیا ناتوانم کار بکەم، من بەو جۆرە دەقۆڵە کەوتبووم.

دکتۆر قاسملۆش کەلەکۆبوونەوەی مانگی فوریەی ٦٨ی بەغدا بڕیار درابوو بۆ عاملاندنی کادری سیاسی بچێتەوە کوردستانی عێراق، بەو سەفەری دوایەی هەر وەك لەو نامەیەیدا کەبۆ منی نووسیبو لەجیاتی چوونەوە خۆی کردبوو بە (قسەکەریان لەدەرەوە).

کاك حەمەدەمینی سراجی هەر پاش گەڕانەوەی دکتۆر قاسملۆ ٦٨/٧/٢٤ نامەیەکی بۆ من ناردبوو کەوا دەقی نامەکە لێرەدا دەنووسمەوە:

برای زۆر خۆشەویستم کاك کەریم، هیوادارم تەمەنت درێژتر بێ بۆ پتر خزمەت کردن، نێزیکەی ٢٠ رۆژ لەمەوبەر لەنامەیەکدا کەبۆ محەمەدم نووسیبو رام گەیاندبوو کەبەزویی نامەیەکیش بۆ ئێوە ئەنووسم، لەبەر پێویستی هاتنی هەرسێك[١٨] لا، پاشان بەرقیەیەکمان کرد کەپێویستە بۆ دیتنی دایکی برادەرمان کەنەخۆشە هەرسێ لا بگەڕێنەوە، بەڵام چۆن بوە کەتەنیا یەکیان گەڕاوەتەوە، ئەمە شتێکە ئەبێ ئێوە باشتری بزانن، تەنانەت برادەری گەڕابۆوەش (مەبەستی دکتۆر قاسملوە)، دەڵێ: کەبۆ ئیشێکی تر چووبوومە لایان، ئەویش[١٩] وتوویەتی: داوایان کردووم خۆشم ئیشم هەیە، حیسامیش لەبەر نەساخی قزڵجی ناتوانێ سەفەر بکا، ئێستا نازانم کێ بنێرم، برادەریشمان (مەبەستی دکتۆر قاسملوە) وتویەتی مادام کەس نییە من ئەچم و هاتووە، جا لەبەر ئەم چاوەڕوانی کردنە نەکرا نامە بنووسم تائێستا کەوا بۆت ئەنووسم، دەی قەیدی ناکا شێخ سلامەت بی! هەوالّی مامۆستا مەلا حەسەن چۆنە؟ لەزمان هەمووان پا دنیایەکی سلاّو بگەیەنە.

بڕا گیان دواکەوتنی رۆژنامەکە جێگای داخە، وادیارە تەگەرە لەلایەن برادەرمانەوەیە کەقسەکانی پێشووی دووپاتە ئەکاتەوە، دەی بڕا زۆر لەمەڕ

---

(١٨) مەبەست دکتۆر رادەمەنیش و دکتۆر قاسملۆ و منە.

(١٩) مەبەست دکتۆر رادەمەنیشە.

تۆوە دواوین، خزمەکان زۆریان پێ خۆشە کەخوێندنت تەواو کردووە بگەڕێیەوە ناویان باشترە، جا چۆنت بۆ ئەلوێ ئەوە خۆت باشتر ئەزانی بەڵام لەهەر حاڵ دا جێگات زۆر زۆر خاڵییە، کاك کەریم گیان چاوی کەمال و شلێر ماچ ئەکەم زۆر سڵاوی براژنم و برادەران هەموویان ئەگەیەنم، ئیتر هەر بژیت

برات: ئەحمەد حەسەن مینە

١٩٦٨/٧/٢٤

بەگوێرەی پێشنیاری دکتۆر قاسملۆ کۆبوونەوەی رووناکبیرانی کوردی ئێرانی ٢١ و ٢٢ی مانگی سیپتامبر لەمونیخ پێك دەهات، منیش دەبوایە بەشدار بم، رۆژی ٢٠ی مانگ لەپیزیکەوە سواری قەتار بووم بۆ مونیخ، کاتێکی چووبوومە ئەڵمان لەفڕۆکەخانەی سۆفیا و بەرلین نەم هێشتبوو مۆری رۆیشتن و هاتن لەپاسپۆرتەکەم بدەن، لەئەڵمان ویزای چوون و هاتنەوەیان دامێ.

لای بەیانی بوو گەیشتمە سەر سنووری ئەڵمانی رۆژئاوا، پۆلیسی ئەڵمانی رۆژهەڵات هاتە سەر و تەماشای پاسپۆرتەکەی کرد، تۆزێکی هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد چۆوە خوارێ و پاش تاوێك هاتەوە سەرێ و گوتی: جانتاکەت هەڵگرە و وەرە.

چار نەبوو، لەگەڵ پۆلیسی ئەڵمانی رۆژهەڵات هیچ ناکرێ لەئەڵمانی زیاتر هیچ زمانێکی دیکە نازانن، ئەگەر بشزانن قسەی پێ ناکەن، ناچار هاتمە خوار، خانویەك بەرامبەر بەپاسگای پۆلیس لەوێ قوت ببۆوە، دوو نێو تەختی رەق و تەقی تێدا بوون، دەرگایان کردەوە و لەوێیان کردم، دانیشتم و چاوەڕوانی بەسەرهاتی دوایە بووم، زۆری پێ نەچوو دەرگا کراوە ژنێکی جوان و لەباریان بەدوو جانتاوە دەژورێ کرد، ژن لەوێ دانیشت و بەئینگلیزی پرسی خەڵکی کوێی؟

– ئێرانیم بەڵام لەبولغارستانەوە دێم.

– بولغاری دەزانی؟

– بەڵێ دەزانم.

– تۆ لەکوێوە دێی و بۆچی دایان بەزاندووی؟

– لەئەسڵ دا یۆگۆسلاویم.

– کەوابوو با بەیۆگسلاوی قسە بکەین، چونکە ئینگلیزیەکەی من تەواو نییە، بە یۆگۆسلاوی و بولغاری دەستمان کرد بەئاخافتن و زۆر باش تێك دەگەیشتین.

گوتی: لەکانادا شووم کردوە، خوشکم لەلایپزیکە و هاتووم بچم بۆ لایپزیك، هەر وام زانی وەك وڵاتی رۆژئاوا بێ ویزا دەتوانم بچم، ئێستا دەڵێن دەبێ تێلگراف بکەین بۆ وەزارەتی دەرەوە ئەگەر وەڵامیان داوە و رێگایان دا دەتوانی بڕۆی، خانم دەیگوت ئەڵمانی زۆر باش دەزانم بەڵام (گۆوەریش سربسکی، گۆوەریش قسێلێم سووێتێ) واتە: ئەگەر یۆگۆسلاوی بزانی لەهەموو دنیا قسە دەکەی.

گوتم: ئەوە شانسی منە دایانبەزاندووی، ئێستا من ئەڵمانی نازانم، نازانم بۆچی دایانبەزاندووم با بچین پێیان بڵێ، با لەخۆم بگەم.

– بەو شەوە لێیان گەڕێ، زۆر بەپەلەی؟ جارێ با شەرابێك بخۆینەوە.

یۆگۆسلاوی بزانی لەهەموو دنیا دەتوانی قسە بکەی.

خانم جانتای کردەوە، بوتڵە شەرابێکی هێنادەر و هێندێ گۆشتی قوتوی هێنا و گوتی: سەری بکەوە، سەرمایە، با گەرم دابێن.

گوتم: تازە هەر ناپرسم بۆ رایان گرتوم، خولاً بکا وا زوو وڵامی تۆش نەیەتەوە.

دەستمان کرد بەشەراب خواردنەوە، خانم راستی دەکرد گەرم داهاتین، زۆری پێ نەچوو بانگیان کرد، کەگەڕاوە لێم پرسی:

– بۆچی بانگیان کردی؟

– نازانی؟ بۆچی ژن بانگ دەکەن؟

بەکورتی تا سەعات ٨ی بەیانی لەگەڵ خانم لەو ژوورەدا بەشەراب خۆمان گەرم کردەوە، منیش قۆدکام پێ بوو هێنامە دەر و دەستمان پێ کرد.

بەیانی گوتم وەرە ئەوانەم بۆ تێ بگەیەنە بۆچی منیان راگرتوە، خانم نەی دەویست، دەیگوت: هەتا لێرەم نابێ بڕۆی، ئاخرەکەی چووینە سەر پۆلیس، دەیانگوت: بۆ پاسپۆرتەکەت مۆری هاتنە ژووری ئەڵمانی پێوە نییە بەڵام ویزای چوون و هاتنەوەی ئەڵمانیات هەیە، بەهەزار حاڵ تێم گەیاندن کەبۆ خۆم نەم ویستوە مۆری لێ بدەن، جارێکی دیکە دەژوورێیان کردینەوە، خانم ئەم جارە نەك هەر بەزمانی یۆگۆسلاوی دەنازی زمانی ئەڵمانیشی لێ زیاد کردبوو، هەر تاوێك نا تاوێك دەیگوت:

– ئەگەر من نەهاتبام چت دەکرد؟

– شەو بەتەنیا لەم ژورەدا رەق هەڵدەهاتم.

نێزیك سەعات یازدە بوو بانگیان کردم پاسپۆرتەکەیان وێ دامەوە گوتیان ئێستا قەتار دەگاتێ سوار بە و بڕۆ.

ئەم جار ژنەکە دەیگوت مەڕۆ بەتەنیا بەجێم مەهێڵە.

– ئێستا ڕۆژە هاتوچۆ زۆر دەبێ، بەتەنیاش بی قەی ناکا من دەبێ بڕۆم بەڵام لام وایە ئەو شەوەم لەگەڵ تۆ لەبیر ناچێ، قەتار هات خواحافیزیم لەخانمی کانادایی کرد و بەدەست ڕاوەشاندن لێك جیا بووینەوە.

دوو ڕۆژ لەمونیخ لەسەر تێکۆشان و ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێران قسە و باسمان بوو، ئەم ڕێکخراوەیە تا ماوەیەك بۆ لەقاو دانی جینایەتی ڕێژیمی شا سەبارەت بەکوشتاری ئازادیخوازانی کورد لەکوردستانی ئێران، دەرکردنی هێندێ بەیان و نووسراوە لەسەر مەسەلەی کورد و وەڵام دانەوەی نووسینە چەوتەکانی چاپەمەنی ئێرانیەکان دەورێکی باشی هەبوو، لەکۆبوونەوەی ڕێکخراودا کەهەموویان خوێندکار و گەنج و دۆست و ناسیاوی یەکتر بوون قسەی

خۆشیش دەکران، چەند کەس لەخوێندکارە کوردەکانی ئێرانی کەهاتبوونە ئەورووپا بۆ ئەوەی کەبەشۆڕشگێڕ بناسرێن رەگەڵ تاقم و دەستەی مائویستە ئێرانییەکان کەوتبوون و زۆر بەمەسەلەی کوردەوە ماندوو نەبوون، یەکێك لەوانە کاك مستەفای نورانی کەشۆڕشگێڕێکی زۆر تۆخ بوو هەر کەباسی کورد و کوردستان دەکرا دەیگوت: رفقای ئازربایجانی بەکورتی سەد جار رفقای ئازربایجانی دوپات دەکردەوە، کاك محەمەدی موهتەدی لێ وەدەنگ هات و گوتی: هەتیوە ئەوە چ رفقا، رفقایەکتە دەبڵێ عەجەمی مەراغە و بڕایەوە.

دیارە کوتانی حیزبی تودەش و دڵسۆزی بۆ خەڵکی لێ قەوماوی چیکۆسلواکی هەمیشە مەزەی قسە و باسە خۆشەکان بوو، دکتۆر حەسەنی شەتەوی بەدکتۆر قاسملۆی گوت: ئەو هەموو قسانەی لەسەر چیکۆسلواکیا دەیکەی، بیانکە بەکتێبێك لەئەڵمانی ٥٠ هەزار مارکت دەدەنێ، دکتۆر گوتی قەت شتی وا ناکەم، شەتەوی گوتی: زۆر سەیرە تۆ بەخۆڕایی زمانت راناوەستێ بەڵام بەپارە نایکەی.

ڕۆژی ٢٣ی سیپتامبری ١٩٦٨ گەڕامەوە بۆ سۆفیا کەهاتمەوە نامەیەکی کاك عەلی گەلاوێژم بۆ هاتبوو کەلە ٣ی مانگی سیپتامبر دا نووسیبوی.

ئەمەش دەقی نامەکەیە.

بڕای بەڕێز و خۆشەویستم کاك کەریم گیان، هەموو کاتێکی خۆت و مااڵ و منداڵت باش هیوادارم سلامەت و بەکەیف بی و بەماڵ و منداڵەوە ڕۆژگارێکی خۆش رابوێری ئێمە هەموو سلامەتین دوو سێ ڕۆژ لەمەوبەر لەحەسانەوەی هاوین گەڕاینەوە، ئەو ساڵ و پار یەکجار ماندووببوم حەسانەوەی ئەم هاوینە تەواو زیندوی کردوومەوە، بەبیستنی خەبەری کوژرانی برادەرەکان دڵم زۆر سووتا، بەراستی تا کەی ئەبێ هەر بمان کوژن و بمان کوژن؟ بەو جۆرەی

رەوتی کارەکان نیشان ئەدا ئەم خوێنرێژییە بەم زوانە کۆتایی نایە، ئیتر ئەوە جیایە بەواتەی حافظ: (دستی از غیب بیرون ایدو کاری بکند).

لەو بڕیارانەی درا و خۆت ئاگات لێیە ئەسەرێك دیار نییە، مەنسوبیەتی حیزبی و سیاسی رۆژنامەکە دیاری نەکرا و لەبەر ئەوەش رۆژنامەکە تەبعەن هەروا لەحاڵی تەعتیل دایە، هیچ شتێکی تریش نەکراوە مومکینە کراوە و من ئاگام لێ نییە، بەهەرحاڵ وانابێ رەنگە دەرفەت و ئیمکان کەم بێ و نەزەری من دروست نەبێ، بەهەرحاڵ هیوادارم هەنگاوی عەمەلی دابنرێ.

برات: گەلاوێژ

١٩٦٨/٩/٣

رێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێران لەو سەروبەندەدا سەنەد و بەڵگەیەکی بەناوی (طرح تحلیلی اوضاع ایران وارزیابی ها) بڵاوکردبۆوە و گەڵاڵەکەی بۆ رادیۆ پەیکی ئێران ناردبوو، لەدەستەی نووسەرانی رادیۆدا باسێکی زۆری لەسەر کرا و بڕیارەکانی دەستەی نووسەران بۆ رێبەرایەتی حیزبی تودە ناردراوە، بەڵام لەبەرئەوەی من لەزۆر مەسەلەدا بیروڕا و بۆچوونم لەگەڵ دەستەی نووسەرانی رادیۆ یەکی نەدەگرتەوە و نەشم دەتوانی لەئاست کەم و کوڕی ئەم گەڵاڵەیە وەك کەسێکی سیاسی بێ دەنگ بم، ناچار لە ١٩٦٨/٩/١٢ نامەیەکم بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودە نارد کەهەر وا لێرە بەفارسی بڵاوی دەکەمەوە.

بوروی کومیتەی مرکزی حزب تودە ایران

ضمن سلام، طرح تحلیلی که طبق رهنمودهای پلنوم ١٢ از جمع بندهای طذشته اماده شده است میتوان گفت که قسمتهای تحلیلی اوضاع ایران و ارزیابیها همان تکرار مکراتی است که بارها در مقالات و طرح و تزها و شعارهای کمیتەی مرکزی

گفته شده است، باضافه بخش ۳ و ٤ که سرشار از یاس و عدم تحرك و پاسیفی و انواع دلایل شکستیگی و نا امیدی و دست روی دست گذاشتن است.

به نظر من نواقصات و نارسائیها که در طرح حاضر موجود است بیشتر از سیاست و خط مشی رهبری حزب ناشی است، باینکه در جلسه رادیو دربارهء ظرح مذبور بحثهائی شده و اصلاحاتی هم پیشنهاده شده است، ولی چون نظر من در بارهء پارهء مسائل بانظر رفقا مخالف است لازم میدانم موختصری از نظریات خود را بیان دارم.

۱– در بخش اول (تحلیلی از وضع رژیم) سالهاست در مقالات وتزها رهنمودهای حزب همین تجزیه و تحلیل بعمل امده‌است، تبلیغات حزب بطور کلی روی همین تجزیه و تحلیل ها و افشاء گریها دور زده است، باینکه در این بخش هم جنبه‌های نارسا بچشم میخورد.

۲– در صفحه حزب ما خواستار حل مسئله بسود اکثریت دهقانان... بحق این سیاست را (سیاست ارضی شاه) مورد انقاد خلال قرار داده‌است، و در صفحه ۱۱ در مقابل حزب ما از لحاظ دادن شعارهای مناسب و یافتن اشکال متناسب بسیج معنوی وتشکل دهقانان را مطرح میکند، باید گفت که حزب هنوز برنامهء صحیحی مسئله ارضی را نداشته و شعار بسیج معنوی و مناسب را هم نداده است، اغلب شعارها که دربارهء مسئله ارضی در رادیو داده میشوتد، رفیق نویسنده به ابتکار خودش شعارهارا انتخاب مینماید که گاها طبق نظریان طرح موجود شعارها ماجراجوئی و بلواگری هتند، سردرگمی در شعار ارضی حزب کاملا بچشم میخورد.

۳– در صفحه ۱۲ از این جمله حزب ما برژیم کنونی یەك رشته اعتراضات اصولی را دارد نمیتوانم اظهار تاسف نکنم، ازپلنوم یازدهم تا پلنوم دوازدهم قریب ۳ سال میگذرد، جالب است رهبری حزب از برجستگی راه قهر امیز انقلاب از اینکه

نیروهای اپوزیسیون دیگر هم از حزب ما بنتیجه انقلاب در ایران رسیده‌اند از کلمات و جمعلات نظیر برچیدن بساط رژیم کودتا یکدفعه با برگشت عجیبی به یك رشته اعتراضات اصولی رسیده است! در حالیکه در وضع سیاسی و اجتماعی ایران، در سیاست داخلی ایران بسود دمکراتی هیچ تغیری حاصل نشده‌است.

باید گفت ان اعتراضات که رهبری حزب طبقهء کارگر ایران برژیم دارد بعضی از نویسندگان ایرانی در داخل ایران در بارهء رژیم ابراز میدارند، ولی چون انها در زیر چنگال رژیم هستند و مانند رهبری حزب تودهء در اروپا در امنیت بسر نمی برند، ممکن است با این صراحت اعتر اضشانرا بیان ندارند.

٤– در بخش دوم (وضع مردم و ناخرسندی شدید) صفحه ١٦، با وجود عدم رضائیت در سراپای جامعه و با وجود کلیه شرایط دشوار و ناخر سندی صحبت از نبودن وضع انفجاری یا انقلابی در ایران میشود، و پس از نشان دادن سد عظیم در راه انقلاب و جنبش اظهار امیدواری میشود که وضع بدین منوال نخواهد بود و دوران اعتلای نهضت امیدواری مشود که وضع بدین منوال نخواهد بود و دوران اعتلای نهضت در اینده، دور یا نزدیك به ناگزیر خواهد رسید، در سراپای این جملات یا و نا امیدی بچشم میخورد، این دوران اعتلاء نهضت می و ضطور رسید؟ یك حزب انقلابی مارکسیستی باید در راه اعتلاء نهضت بکوشد انرا بوجود بیساورد، تسریعش کند یا اینکه منتظر حوادث باشد و ٣ سالّ یکبار طرح تحلیلی را منتشر نماید؟

٥– صحفهء ٢٣ وضع انقلابی و راه انقلاب، در اینجا نخست پرسش در بارهء وضع انقلابی در ایران و جهت یابی راه انقلاب ایران مطرح شده‌است، ولی بجای جواب باین سوال کنتکرت یعنی درباره، وضع ایران بجواب (دعاوی ماجراجویانه در بارهء وضع همهء جهان) پرداخته است، وبعد از تشریح نظریات ماجراجویانه

مینوید، گذشت زمان صحت موضعگیری حزب ما را تاکنون ثابت کرده و در اینده بیش از پیش ثابت خواهد کرد.

میتوان پرسید مگرتزهای پلنوم یازدهء حزب در بارهء برجستگی راه قهرا میز انقلاب برچیدن رژیم کودتا و ان حرارت انقلابی، پخش کتاب چگوارا و غیره تا .مدت موضعگیری حزب نبود؟ در اینجا این توهم بوجود میاید که انموقع در داخل کمیتهء مرکزی چند نفر درست یا نادرست دم از انقلاب زدهاند و برای اینکه بقیهء هم از انها عقب نمانند تصمیم انقلابی گرفته اند، بعدا که طرف را کنار زده و اب از اسیاب افتاده، دیگر از راه برجستگی انقلاب قهرا میز و برچیدن بساط رژیم یکمرتبه به اعتراضات اصولی اکتفاء نمودند، در بارهء وضع انقلابی که بگفتهء لنین تکاء شده، ایا رهبری حزب در شرایط فعلی که حد اکثر نارضایت مردم موجود است برای تسریع انقلاب، تهیج نیروهای انقلابی و تدارك عمل انقلاب، وکوشش برای سرنگون کردن رژیم فعلی حه نقشهء وفعالیتی را دارا میباشد؟ یا اینکه بعلت نبودن شرایط عینی و ذهنی چشم به رحمت ایزدی دوخته و فعلا به اعتراضات اصولی اکتفاء مینماید؟ وهرگونه اشکال مبارزه را ولواینکه بمنظور دفاع باشد بلواگری، ماجراجوئی و چپ نمائی محسوب مینماید؟ رهبری حزب از شعار جمهوری دمکراتیك ۳ سال قبل به حکومت مشروطه دمکراتیك رسیده است، ایا رهبری حزب میخواهد از شاه و گردانتگان رژیم حکومت مشروطه دمکراتیك بسازد یا اینکه رژیم فعلی باید سرنگون شود؟

٦- صفحهء ۲۵ هدفهای تاکتیکی و استراتیژیکی

متاسفانه از همان ستون اول یاس، نا امیدی، عدم تحرك و منتظر شدن شرایط عینی و ذهنی فوق العاده بچشم، میخورد، تا جائیکه پائین تر سرنوشت مبارزه را بسیر **حوادث** و جریان تاریخ میسپارد و مینوید تاریخ نشان خواهد داد که این مبارزه تا کی بطول خواهد انجامید.

پائین تر در انتقاد از عناصر راست نوشته شده: بامر بسیج انقلابی تودەها، افشاء رژیم چد ملی و چد دمکراتیك، با لا نگه داشتن سطح هیجان انقلابی جامعه توجه ندارند، ولی ایا رهبری حزب تودهء ایران در امر بسیج انقلابی تودەها و با لا نگه داشتن سطح هیجان انقلابی جامعه چه اقدامی را کرده است؟

۷- در باره وضائف مبرم سیاسی:

هیچ کدام از این شعارها وضائف تازەای را نشان نمیدهند سالهاست مردم ایران تکرار مکرر این حرفها را از رادیو میشنوند بدون پشتیبانه سازمانی و اقدام انقلابی امید بتحقق این خواستها تنها خودرا راضی نگه داشتن و دلخوش کردن است.

۸- خوب است لطف فرموده اید درست در موقعی که در کردستان ایران جنبش مسلحانه برپا است و ازادیخواهان کرد در راه تحقق هدف انقلابی و ازادی بدست دژخیمان از پا در میایند یك سطر از صفحه ۲٦ طرح تحلیلی را به برنامه مارکسیستی لینینیستی حزب طبقهء کارگر دربارهء حل مسئله ملی اختصاص داده اید، ولی انهم انقدر گنگ نارسا و اب بردار است که بهتر بود هیچی نمیگفتید و یکدفعه خود را از شر این مسئله راحت میکردید، باید پرسید: این خلقها کدامند؟ تامین حقوق فرهنگی یعنی چی؟ نظر مارکسیستها در اینباره چیست؟ اداره مختراانه امور خویش چیست وغیره؟

۹- وظائف مبرم تشکیلاتی:

این قسمت تا اخر نگفتنش برای نهضت بمراتب مفیدتر بود، بعلاوه اینکه پولیس خوب میتواند از ان استفاده کند و به متد مبارزه حزب پی ببرد، یاس و نومیدی بحدی این صفحات را پر کرده است جای تاسف میباشد، درخاتمه بنظر من انچه از فحوای مطالب طرح تحلیلی بنظر میرسد عبارت است از: یاس عدم تحرك انقلابی، سپردن سرنوشت نهضت بسیر تاریخ، تکرار مطالب دائمی با خذف مفاد

انقلابی به بهانه تجزیه و تحلیل علمی و شرایط عینی و ذهنی، امیدوار بودن به جریان خود بخودی و بالاخره مهارت زیاد در تهیهء طرح و سرهم بندی جملات و پرسش و پاسخ **مپبت** و منفی، بطور کلی در روح برخورد بمسئلهء مبارزهء فعلی در ایران جنبهء یاس و پاسیفیستی کامل بچشم میخورد.

با تقدیم احترام: حسامی

۱۹٦۸/۹/۱۲

دیسان بەرەو بەغدا

پاش گەڕانەوەم بۆ سۆفیا دکتۆر رادەمەنیش تەلیفۆنی بۆ کردم و گوتی حەمەدەمین نامەی نووسیوە، داوای کردووە کەچاوی بەمن بکەوێ، تکایە تۆ سەفەرێك بکە بزانە وەزع چۆنە و حەمەدەمین چی دەوێ.

رۆژی ۹ی مانگی ئۆکتۆبری ۱۹٦۸ بەرەو بەغدا کەوتمەڕێ و رۆژی ۱۱ی و ئۆکتۆبر گەیشتمە بەغدا، لەهوتێل ئاراس بەناوی موهەندیس سەعید خەڵکی سولەیمانی ژوورێکم گرت، پاشان چوومە دوکانی یوسفی رێزوانی لەجێگا و شوێنی کاك حەمەدەمینم پرسی، یوسف گوتی: لێرەیە بەڵام نازانم لەکوێیە، هێندێك شەو دێتە مالّی ئێمە، بەڵام جێگای خۆی بەمنیش نەگوتوە و نازانم لەکوێ دەژی، زۆرم پێ سەیر بوو قەرارم لەگەڵ دانا کەئەگەر چوە مالّی وان بۆ هوتێل تەلیفۆنم بۆ بکا، پاش دوو رۆژ حەمەدەمینم دیتەوە، ئەو ماوەیە کەهاتبوە بەغدا هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیست لەمالێکیان دانابوو، لەگەڵ هیچ کەس پێوەندی نەبوو، تەنانەت بۆ رۆژنامە کرێنیش نەدەهاتە دەر هێندێك کتێبی مارکسیستی بەعەرەبی لەلای خۆی دانابوو موتالای دەکرد، شەوانە وەدەردەکەوت بەپێ یان بەلا رێ دا دەچووە مالّی یوسفی رێزوانی، ئەگەر یوسف خەبەرێکی لەدوکان وەگیر کەوتبا بۆی دەگێڕاوە، یان ئەگەر لەقەڵادزەوە

هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیست خەبەرێکیان بۆ هێنابایە دەنا سێ مانگ بوو لەوەزعی کوردستانی ئێران بێ خەبەر مابۆوە، لەو ماوەیەدا چاوی لەوە بوو کەحیزبی تودە یارمەتی پێ بکا، لەقسەکانی وا دەرکەوت کاتێک زستانێ گەڕاوەتەوە بۆ ئەو دیو بەبرادەرانی گوتوە کەلەبارەی چەک و پێداویستی دیکەوە یارمەتیمان پێ دەکرێ، هەر بەو هیوایەش پاش شەهید بوونی سمایلی شەریف زادە و سولەیمانی موعینی دەگەڕێتەوە عێراق و لەبەغدا لەم خانوە خۆی مەڵاس کردبوو، کاتێک حەمەدەمینم دیتەوە نامەیەکی رادەمەنیشم دایە کەنەمزانی چی بۆ نووسیبوو پاشان کەوتینە وتوێژ، پێم گوت: تۆ ئێستا وەک سەرکردەی ئەم جوڵانەوەیە ناسراوی مانەوەت لەبەغدا کارێکی جوان نییە، بڕیاری کۆبوونەوەی لایپزیکم پێ گوت کەلەسەر راپۆرتی دکتۆر قاسملۆ گیرابوو، ئەوەش بریتی بوو لە: راگرتنی خەباتی چەکدارانە، کێشانەوەی برادەران بۆ کوردستانی عێراق، هەوڵدان بۆ رازی کردنی مەلا مستەفا کەدەستیان لێ نەدا و کۆکردنەوەیان لەناوچەیەک، پاشان پێشنیارم کرد کەپێکەوە بچینەوە کوردستان و بچینەوە نێو برادەران و بەگوێرەی وەزعی ئەوێ و بیروڕای برادەران بڕیار بدەین.

کاک حەمەدەمین بەهیچ جۆر نەهاتە ژێر باری گەڕانەوە بۆ کوردستان، دەیگوت: هیچ ڕێگای پێوەندی لەگەڵ برادەران نییە، ناتوانین بچینەوە کوردستان، برادەرانیش بڕوا بەمەلا مستەفا ناکەن و هیچیان نایەنەوە بۆ کوردستانی عێراق، من بۆ خۆشم مادام یەکێتی سۆڤێتی بەمەلا مستەفا ئەسپێرێ بڕوای پێ ناکەم، ئێمە لەو ئاخافتن و دمە تەقەدا بووین کەخەبەریان هێنا مەلا ئاوارە و هاوڕێکانی لەسەردەشت ئیعدام کراون، من ئەو شەوە تا ڕۆژ خەوم لێ نەکەوت، تا لای نیوەشەو لەسەر چوونەوە بۆ کوردستان لەگەڵ حەمەدەمین کێشەم بوو بەڵام ملی رانەکێشا، شەهید بوونی برادەرانی، نەبوونی هیچ یارمەتی و کۆمەکێک

بەجارێك تاساندبوی، رۆژی دوایی پێشنیارم کرد با لەسەر وەزعی کوردستان و کوشتاری خەڵك و پەلاماری ژاندارم و جاش و ئەرتەش بۆ سەر گەلی کورد بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەك بڵاو بکەینەوە، کاك حەمەدەمین ئەوەشی بەدڵ نەبوو دەیگوت:

یەکەم چۆن ئێمە دەتوانین بەناوی حیزب بەیان دەرکەین، دووهەم ئەودەم لەوانەیە خەڵك بزانێ ئەمن لێرەم، من پێم چەقاند لەسەر بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، هەر ئەو رۆژە بەکوردی بەیاننامەیەکم نووسی کاك حەمەدەمین کردی بەفارسی و پاشان بۆیان کردین بەعەرەبی، چوومە لای هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیست بەرۆنیۆ بەیاننامەکەیان بۆ راکێشاین، نوسخەیەکمان دا بەرۆژنامەی (الثورە) ئۆرگانی حیزبی بەعسی عێراق، نوسخەیەکیشمان دا بەجەماعەتی جەلال تاڵەبانی و داوامان لێ کردن کەچاپی بکەن، ئەودەم ئەوان لەبەغدا رۆژنامەی (النور)یان بڵاودەکردەوە، بەڵام ئێستا و ئێستاش نە بڵاویان کردەوە نە هیچیان لەسەر کوشتنی برادەرانی ئێمە نووسی.

پاشان چوومە لای کاك دارا تۆفیق و لەبارەی گەڕانەوەی برادەرانمان بۆ کوردستانی عێراق قسەم لەگەڵ کرد، هاتینە سەر ئەو بڕیارە کەنامەیەك بۆ مەلا مستەفا بنووسم و کاك دارا بیبا و وەڵامیش بێنێتەوە، لەگەڵ کاك حەمەدەمین باسم کرد و گوتم نامەیەك بۆ مەلا مستەفا دەنووسم، کاك حەمەدەمین دژی ئەوە بوو کەنامە بۆ مەلا مستەفا بنووسم، پاش ئەوەی من پێم چەقاند و نامەکەم نووسی، کاك حەمەدەمین خۆی ماندوو کرد نامەکەی لەدەفتەری خۆی دا نووسیەوە و لەلای خۆی رای گرت، منیش رونووسی نامەکەم هێشتەوە ئێستا ئەوە دەقی نامەکە کەرۆژی ١٩٦٨/١٠/٢٩ بۆ مەلا مستەفای بارزانیم نووسیوە لەم لاپەڕەدا دەینووسمەوە.

بۆ سەرۆکی بەڕێز مستەفا بارزانی

پاش سڵاو و ئیحترامێکی زۆر و هیواداری سەربەرزی و سەرکەوتنتان، لەبەر ئەوە کەهاتن بۆ لای ئێوە و لەنێزیکەوە پێشکێش کردنی دەردی دڵ و داخوازییەکان کۆسپێکی گەورەیە و هەروا بۆ ئێمە بەهاسانی دەست نادا، پاش ئاخافتن و تەگبیر لەگەڵ کاك دارا تۆفیق بڕیارم دا ئەم نامەت بۆ بنووسم.

من لەسەفەرەکانی پێشوشم دا زۆر بەئاوات بووم کەبتوانم بێمە خزمەت و پاش ساڵەها دووری و دەربەدەری چاوم بەدیتنی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان و پێشمەرگە و سەرۆکی شۆڕش روون بێتەوە، بەڵام بەداخەوە بۆم هەڵ نەکەوت.

پێویست بەگوتن نییە کەمەبەستی هاتن و راسپاردن و نووسینی ئێمە و ئەو چەند کوردە ئێرانیانەی کەمەجبور بەدەربەدەری و دووری لەنیشتمان بووین، بێجگە لەخزمەت بەنیشتمان و بەشۆڕشی کوردستان بەسەرۆکایەتی ئێوە شتێکی تر نییە، ئێمە کەنەماتوانیوە بەکردەوە لەناو ریزی شۆڕش دابین و لەنێزیکەوە خزمەت بکەین، لانی کەم لەدەرەوەی وڵات ئەوەی لەتوانامان دا بووبێ بۆ پشتیوانی و دیعایە بۆ شۆڕش و لایەنگری لەهەڵوێست و سیاسەتی سەرۆك درێغیمان نەکردووە.

وەك دەزانی ئێمە لەکوردستانی ئێران رابوردوویەکی تێکۆشان و خەباتمان هەبووە، هەربۆیەش دەربەدەری هەندەرانین، دیارە ئەوە خۆی بەسە کەناتوانین و نەمانتوانیوە لەئاست وەزعی کوردستانی ئێران بێ لایەن و بێ عەلاقە بین و لەگەڵ ئەم هاوەڵانەی لەکوردستانی ئێران خەباتیان کردوە و خەبات دەکەن پێوەندیمان نەبێ، بەڵام پێوەندی و عەلاقە و تەقەڵای ئێمە و برادەرانی کوردستانی ئێرانیش لەسەر ئەم بناخە و رێبازە بووە کەلەکات و هەلومەرجی ئەوڕۆی کوردستاندا هەموو تێکۆشانێك پێویستە تەرخان بکرێ بۆ خزمەت بەشۆڕشی کوردستانی عێراق، ئێمە لامان وابوە، ئێستاش لامان وایە ئەرك و

وەزیفەی هەموو کوردێکی بەشەرەف ئەوەیە کەبۆ بەهێزکردنی شۆڕش و پشتیوانی لەسەرۆکی شۆڕش تێبکۆشێ، ئێمە لەهەموو کاتێکدا بەنووسین و بەکردەوە لەسیاسەتی ئێوە پشتیوانیمان کردووە، لامان وابووە تەنیا ئەم سیاسەت و ڕێبازە لەوەزعی ئەمڕۆی کوردستاندا دەتوانێ شۆڕش و دەستکەوتەکانی بپارێزێ، من چەند جاری دیکەش لەو بارەوە لەگەڵ کاك دارا و برادەرانی دیکە قسەم کردووە.

لام وایە برادەرانی ئێمە و لاوە خوێندکارەکانی کورد کەلەکوردستانی ئێرانەوە هاتبوونە ناو شۆڕش، ئەوانیش هەر ئەو مەبەستەیان هەبووە وەتەنیا بۆ خزمەتِ بەشۆڕش هاتبون، بەڵام بەداخەوە نەك هەر ئیمکانی خزمەت، تەنانەت ڕێگای مانەوەشیان لەناوچەی ئازادکراوی کوردستاندا نەدرایە، بەڵکو بەکوشتن و دەرکردن و دانەوە بەحکومەتی ئێران پاداشیان درایەوە، من نامەوێ لێرەدا شەخسی سەرۆك تاوانبار بکەم، بەڵام ناشتوانم ئەوەش وەبیر نەخەمەوە کەزۆر کەسی ناپاك و لاڕێ خۆیان خزاندۆتە نێو شۆڕش و توانیویانە خۆ لەکاربەدەستە موخلیسەکانی شۆڕش نێزیك کەنەو، وەبەهۆی ڕاپۆرت و خەبەری بەدرۆ نیازە گلاوەکانیان ئەنجام بدەن و ئینسانە موخلیس و خزمەتگوزارەکانی شۆڕش بسڵەمێننەوە و توشی زەحمەت و بێزاریان بکەن.

من نامەوێ لەو بارەوە لەمەڕ وەزعی ناو خۆی شۆڕش لەسەر کوردستان قسە بکەم، بەڵام ئەو کارەی لەگەڵ برادەرانی کوردی ئێران کراوە و زۆر لەبرادەرانی ئێمە بەناحەق لەلایەن شۆڕشەوە کەدەبوو پەنا و داشداری هەموو کوردێکی موخلیس بێ، کوژراون و دراونەوە بەئێران، من نالێم تەواوی ئەو کەسانە بێ خەتا بوون بەڵام ئینسانی بێ خەتا و موخلیس و خزمەتکاری شۆڕشیش زۆر بوون، من دەزانم لەناو هەموو جوڵانەوەیەك دا کەم و کوڕی دەبێ، نامەوێ لەم بارەوە ڕێگا بەسەرۆکی شۆڕش نیشان بدەم، ئاشکرایە هەر سیاسەت و هەر

کردەوەیەکی بەقازانجی شۆڕش بێ، پشتیوانی لێ دەکەین، هەر بۆیەش بـۆ ئێمـە جێگای داخە هێندێ کەس لەناو شۆڕش دا کاری ئەوتۆ دەکەن کەفڕی بـەئاکاری شۆڕشەوە نییـە و دەبێتـە هـۆی نـاڕەزایی و بێـزاری خـەڵک لەشـۆڕش، بـۆ ئێمـە چەندە جێگای داخە کەدەبینین لەکوردستانی ئێران زۆربەی خـەڵک کەپشـتیوانی شۆڕش بـوون و کوردسـتانی عێراقیـان بـەهیوا و ئـاواتی رزگـاری زانیـوە، ئێسـتا تـوڕە و نـاڕازین، لام وایـە کەئەمانـە بـێ تەئسـیر نـین و لـەکاروبار و بـەردەوامی شۆڕش دان.

ئەو برادەرانەی کەکوردستانی ئازادکراویان لێ وەتەنگ هات و مـەجبور بـوون روو بکەنەوە چـیا و کـەژەکانی کوردسـتانی ئێـران، هـەرگیز بەتـەمای ئـەوە نـەبوون کەکارێك بکەن بەزەرەر و زیانی شۆڕش بێ و دژی قـازانجی شـۆڕش بجوڵێنـەوە، من لەخۆوە بۆ پاکانە ئەم قسانە ناکەم، تەواوی نامە و بەڵگەکانی ئـەم برادەرانـە دەری دەخەن کەمەبەستیان ئـەوە نـەبووە دژی شـۆڕش کـار بکـەن و یـا لەگـەڵ دوژمنانی شـۆڕش دۆسـتایەتی بکـەن و پێوەنـدیان هـەبێ، هـەر ئەوەنـدە بەسـە لەزستانی رابردوودا برادەرانی حیزبی ئێمە کەهاتبوون چاویان بەئێمە بکەوێ، بـۆ ئـەوەی دوژمنـانی شـۆڕش نـەتوانن بیاندۆزنـەوە مـاوەی سـێ مـانگ لـەژوورێ نەهاتنەدەر، لەتەواوی وتوێژ و قەرار و مەدارماندا هـەموومان لەسـەر ئـەو بـاوەڕە بووین کەنابێ هیچ کارێکی دژی شۆڕش لەکوردستانی ئێران بکـرێ ئێمـە بڕوامـان بەوە هەیە، وە بۆ قازانج و مەسڵەحەتی کاتی ئەو بڕیارەمـان نـەداوە، بەداخـەوە ئێمـە نـەمانتوانی ئـەو دەم بێینـە لات و تـەواوی راز و نیـازی خۆمـان لەگـەڵ سەرۆکی شۆڕش باس بکەین، لەسەر داخوازی خۆت (رام)[٢٠] کـەخۆت دەتناسـی هاتە لات، دەمەوێ لێرەدا ئەوەش روون کەمـەوە هـاتنی (رام) بـۆ لای ئێـوە، یـا پێوەندی ئێمە لەگەڵ ئەو بەو مانایە نەبوو، وەنییە کەئێمـە لەکوردسـتانی ئێـران

(٢٠) مەبەست دکتۆر رادەمەنیشە.

بۆ حیزبی تودە کار دەکەین یا رێکخراوەی ئەوین، بەهیچ جۆر وانییە بەڵام برادەرانی ئێمە لێیان قەومابوو، شۆڕشی کورد کەدەبوایە جێگای هومێد و پەنای کوردە ڵێ قەوماوەکان بێ سنووری ڵێ گرتبوون و راوی نابوون، ئەوانیش لەسەر بیروباوەڕێکی راستی کوردایەتی نەیاندەویست لەگەڵ دوژمنانی شۆڕش پێوەندی بگرن، لەم ناوەدا لەهەموو رێکخراوەیەك باشتر هەر حیزبی تودە بوو کەئێمە پێوەندی لەگەڵ بگرین، سیاسەتی حیزبی تودە بۆ ئێمە روون بوو، وەك حیزبێکی کۆمۆنیست مافی میللەتی کوردی بەرەسمی دەناسی، لەبەرامبەر هەموو دوژمنێکیش دا پشتیوانی لەشۆڕش و لەسەرۆك کردووە.

بەڵام بەداخەوە هاتنی ئەویش فایدەی نەبوو، راپۆرتی بەدرۆ کەدەدرێ بەئێوە دیارە کاری خۆیان دەکەن، لێرەدا دەمەوێ مەسەلەی فایەق[٢١] وەبیر بێنمەوە، من پاکانە بۆ رابردووی فایەق ناکەم، بەڵام لەو کاتەوە کەلەگەڵ ئێمە پێوەندی گرتووە، فایەق بەهیچ جۆر لەگەڵ دوژمنانی شۆڕش پێوەندی نەبووە، راپۆرت بەئێوە دراوە کەفایەق چۆتە لای دوژمنانی شۆڕش، لێرەدایە کەدەردەکەوێ دەستی ئەوتۆ خۆی خزاندۆتە ناو شۆڕش و خۆی نێزیك کردۆتەوە کەجەنابت بڕوای پێ دەکا هەرچەندە بەدرۆش بێ، دوژمن توانیویە لەم رێگایەوە لەناو شۆڕش بۆ خراپ کردنی سومعەی شۆڕش کار بکات، ئەم راپۆرتەی کەبەدرۆ بەمەبەستی خراپ بەئێوە دراوە و دەدرێ، بوو بەهۆی کوشتنی فایەق و دوابەدوای ئەو کوشتنی زۆر لەبرادەرانمان لەئێراندا، لەکوردستانی ئێران بوو بەهۆی کوشتار و ئیعدامی دەیان کوردی زەحمەتکێش و تێکۆشەر و بێ سەرپەرشتی دەیان خاو و خێزان.

من جارێکی دیکەش بەراشکاوی عەرزت دەکەم برادەرانی ئێمە بۆیە نەچووبوونەوە کوردستانی ئێران کەشەڕ بکەن، ئێمە باش دەزانین تا مەسەلەی

---

(٢١) مەبەست سولەیمانی موعینییە.

شۆڕشی کوردستانی عێراق سەرنەکەوێ، نابێ لەهیچ بەشێکی دیکەی کوردستان هەرا ساز بکرێ، ئێمە باش دەزانین هەموو کوردێکی بەشەرەف لەهەر شوێنێ بێ، پێویستە خزمەت بەشۆڕش بکا، بەڵام هەروەک گوتم ئەم برایانەی ئێمە لێیان قەومابوو، تووشی ئەم کوژران و بەڵایە هاتن، من لام وایە ئێوە وەک سەرۆک و باوکی هەموو کوردێک جێگەی خۆیەتی بۆ ئەم رۆڵانە دڵت بسووتێ و بێ گومان هەر واشە.

ئێمە زۆرمان تەقەڵا دەدا کەنەهێڵین دەستی دوژمنانی شۆڕش بکەوێتە ناو کوردستانی ئێران و لەوێ دژی شۆڕش کار بکەن، بەڵام بەداخەوە سیاسەتی ئێوە لەئاست برادەرانی ئێمە بۆتە هۆی ئەوە کەدوژمنانی شۆڕش بتوانن دەست بگەیەنن ئەودیو، ئێمە کەموخلیس و دۆستی شۆڕشین رێگامان نییە کەبچینە ناوچەی شۆڕش، رێگامان نییە لەگەڵ هاوەڵانی خۆمان پێوەندی بگرین و هاتووچۆیان بکەین تا نەهێڵین لەداوی دوژمنانی شۆڕش بکەون، ئێمە تەئمینمان نییە کەئەو برادەرانە بانگ بکەینەوە بۆ ناوچەی شۆڕش و ئێوە لەشوێنێك دایان بنێن، وای لێ هاتووە دوژمن بەهێلی کۆپتێر هاتووچۆ دەکا، پارە و چەك بۆ ئەو دیو دەنێرێ، بەڵام ئێمە کەهەمیشە پشتیوانی شۆڕش بووین ناتوانین بەناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا بڕۆین کەدەماندەنەوە بەئێران یان دەمانکوژن، گوناهمان هەر ئەوەندەیە کەپشتیوانی لەئێوە دەکەین، وەزعێکی وا هاتۆتە پێش ئەو برادەرانەی ئێمە کەبەڕاستی زۆر ئینسانی باش و خاوێن و موخلیسیان لەناودایە ناچار بن رەگەڵ ئازاوەچیەتی دوژمنانی شۆڕش بکەون.

خۆت باش دەزانی کەسێك کەناچار بوو، حکومەتی ئێران هێرشی بۆ هێنا، لەلایەن شۆڕشی کوردەوە تەئمینی نەبوو، سنووری لێ گیرا، چارە و عیلاجی نامێنێ پاڵ وەدوژمن ئەدا، ئێمە و هاوەڵانی لەکوردستانی ئێران تا ئەمڕۆ هەوڵمان داوە کەئەم کارە روونەدا، هەوڵمان داوە کەدیعایەی دوژمن لەئاست

شۆڕش تەئسیر نەکاتە سەر کوردەکانی ئەودیو، بەڵام بەداخەوە مەوقیفی شۆڕش لەئاست ئەم برادەرە موخلیس و نیشتمانپەروەرانەوە نەگۆڕاوە و هەر عیناد و زەخت و رقە بەریە.

لەسەر ئەم روون کردنەوەیە و پاش ئەم کوشتار و هێرشەی حکومەتی ئێران ئێمە بڕیارمان دا جارێکی دیکەش موڕاجەعە بەئێوە بکەین، وەزع و مەسەلەکە لەگەڵ ئێوە باس بکەین و وەک سەرۆک و رابەرێکی کورد کەبەراستی مەسئولیەتێکی گەورەت لەئەستۆیە چارەی مەسەلەکە لەتۆ بخوازین.

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین وەداوا لەئێوە دەکەین کەرێگا بدەی ئەم برادەرانەی کەئێستا لەکوێستانن بۆ مەنتیقەی شۆڕش بگەڕێنەوە و لەشوێنێکی کەبۆ خۆت بۆیان دیاری دەکەی دانیشن، ژیان و بەڕێ چوونیان لەلایەن شۆڕشەوە تەئمین بکرێ، بۆ ئەم مەبەستە رێگا بدرێ بەئێمە هەر کەسێکی خۆت پێت باشە و بەرواى پێ دەکەی لەناوچەی شۆڕشەوە پێوەند لەگەڵ برادەران بگرێ و ئیقناعیان بکا بۆ ناوچەی شۆڕش بگەڕێنەوە، وەک خۆت دەزانی لەم ماوەیەدا برادەرانی ئێمە لەلایەن کاربەدەستانی شۆڕشەوە زۆریان غەدر لێ کراوە، کوژراون، دراونەوە بەئێران و ئەم کارە بۆتە هۆی بێ بڕوایی و بەد گومانی، جا بۆیە تکا دەکەین کەخۆت شەخسەن لەم بارەوە دەخالەت بکەی و لەسەر وەعدە و قەولی تۆ ئیتمینان و دڵنیایی پەیدا دەبێ، ئەگەر پێویستە و ئێوە بەپێویستی دەزانن هەرکەسێکی تۆ پێت باش بێ بێتە خزمەتت و لەو بارەوە قسەت لەگەڵ دەکا.

من جارێکی دیکەش دووپاتەی دەکەمەوە کەتەواوی ئەم تەقەڵا و تێکۆشانەی ئێمە تەنیا بۆ ئەوەیە کەبەڵکو ئێمەش بەتۆرەی خۆمان خزمەت بەشۆڕش بکەین و نەهێڵین کوردەکانی ئێران ببنە ئالەت و دار دەستی دوژمنانی شۆڕش و دژی

شۆڕش کەڵکیان لێ وەربگیرێ، بۆ ئەنجامی ئەم مەبەستە داوای کۆمەك و پشتیوانی لەئێوە دەکەین، چاوەڕوانی وەڵام دەکەم.

کەریمی حسامی ١٩٦٨/١٠/٢٩

ئەم نامەیە بێجگە لەشێوەی رێنووس و رێزمانەوە کەتەواو نییە، کاکڵی هەڵوێست و بیروباوەڕی ئێمە سەبارەت بەشۆڕشی کوردستانی عێراق دەردەخا، رووداوەکان نیشانیان دا ئێمە و زۆر هێزی دیکەش لەزۆر بارەوە بەهەڵە چوونبوین، حکومەتی ئێران دەستی خستبوە نێو شۆڕشی کوردستانی عێراق و لەزۆر بارەوە، وەلەزۆر ناوچان بەکەیفی خۆی هەڵی دەسووڕاند.

پاش دوو رۆژ کاك (دارا تۆفیق) گەڕاوە بۆ بەغدا، بەداخەوە مەلا مستەفا قبوڵی نەکردبوو کەچەکدارەکانی کوردستانی ئێران بێنەوە کوردستانی عێراق و لەناوچەی شۆڕش دانیشن.

لەلای دیکەوە چ باس بوو

پاش کۆنگرەی دووی حیزبی دیموکراتی کوردستان نێوانی ناخۆشی لەنێو ئەندامانی حیزب دا پەیدا دەبێ، کۆمەڵێك لەوانە وەك لەلایەڕەکانی پێشوودا باسکرا دەکەونە ژێر فشار و راونان و گرتنی شۆڕشی کوردستانی عێراق، ناچار دەبن بگەڕێتەوە بۆ کوێستان و بۆ پارێزگاری خۆیان چەك دەست بدەنێ کۆمەڵەکەی دیکە لەنێو شۆڕش دەمێننەوە، پاش ماوەیەك ئەحمەد تۆفیق کەبەسکرتێری حیزب ناسرا بوو، لەلایەن شۆڕشەوە دوور دەخرێتەوە بۆ ناوچەی بادینان، کاك ئەمیری قازی برادەرانی دیکە لەخۆ کۆدەکاتەوە و بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان ناهێڵێ بڵاوەی بکەن، پاش ئەوەی کەهێندێك لەئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەلایەن عەبدولوەهاب ئەتروشییەوە دەگیرێن و

دەدرێنەوە بەئێران، نێزیکەی سی (٣٠) کەس لەئەندامانی حیزب نامەیەك بۆ سەرۆك بارزانی دەنووسن کەوا لێرەدا دەی هێنینەوە.

سەرۆك مستەفا بارزانی زۆر بەحورمەت: ١٩٦٧/٦/٣

بەڕێز و حورمەتەوە، بێ شك ئاگادارن سێ مانگ لەمەوبەر جەماعەتێکی پێنج کەسی لەبرادەرانی ئێمە بەناوی ١- ئەسکەندەر عەلی. ٢- محەمەد موئمین. ٣- تۆفیق مستەفا. ٤- حەبیب ئەبابەکر. ٥- جافر ئەبابەکر. لەلایەن عەبدولوەهاب ئەتروشی فەرماندەی هێزی خەباتەوە دەسگیرکران و لەبیارە خرانە زیندانەوە، ئەو دەست درێژییە بەشێوەیەکی گشتی لەناو ئێمەدا بوو بەهۆی ناڕەحەتی و بەشارەزاییەکی کەلەو بارەوە لەرابردوودا بەرچاو بوو، بۆ روون بوونەوە لەسەر بناوانی سەبەبی ئەو دەست درێژییە هەروەها شکایەت لەعەبدلوەهاب ئەتروشی موڕاجەعەی مەکتەبی تەنفیزی کرا، بەپێی هەواڵێکی کەلەو بارەوە پێمان گەیشت گوایا دەبێ لەلایەن مەکتەبی تەنفیزییەوە چەند جار بەبروسکە ئەمری بەردان یان ڕەوانە کردنیان بۆ ناوچەی گەلاڵە درابێ، جا لەکاتێکدا کەئێمە چاوەڕوانی بەربوون و ناردنیانمان دەکرد بەداخی گەورەوە خەبەری تەسلیم کردنەوەی ناوبراوان بەحکومەتی ئێرانمان پێ گەیشت، فەرماندەی هێزی (خەبات) پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەی عەسکەری و گەڕانەوەی بەئێراندا بەگەیشتنەوەی ناوچەی بیارە، بەسەیارەی شۆڕش، بەپێشمەرگەی کوردەوە، وەك دیاریەك پێشکێشی مەرزەبانی حکومەتی کردن لەنەوسود، وەهەر بەدوای تەسلیم کردنەوەی ئەو برادەرانەدا کەناومان لەسەرەوە هێنا شالاوی تری دەست پێ کردووە و هەواڵی کۆمیتەی ناوەندی حیزبمان میرزا ئەحمەد- کەبۆمان روون نییە هەر بەتەنێیە یان نە- بەشێوەی زیندانی لەسورە دزێ ڕا گواستویەتە مەرۆێ و لەوێڕا ڕەوانەی بیارەی کردوە کەنازانین چی بەسەر هێناوە، تەنانەت

کاتی رەوانەکردنی لەمەڕێ پا بۆ بیارە ئیجازەی پێ نەدراوە چاوی بەماڵ و منداڵیشبی بکەوێ، ئێمە جیا لەوەی کەبەسەر سووڕمانەوە هەڵوێستی کورد فرۆشانەی عەبدولوەهاب ئەتروشی مان وەرگرت ئەو کردەوانە بەشتێکی دوور لەئینسانیەت و پیاوەتی و خورەوشتی لەمێژینەی کورد دەزانین، لەجێیەک کەقانونی جەنگەڵیش کەپەنای ئینسانی سیاسیدا لەتەسلیم کردنەوەی بەدوژمن خۆ دەپارێزێ، شۆڕشی کورد لەکوردستانی عێراق کەشۆڕشێکی حەق خوازانە و ئینسانییە بێ شك ئێمەش هەر وای دەناسین و ناسیومانە، سەرەڕای ئەوەش کەبەپێی پێڕەوی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستانی عێراق پەنا و مااڵی هەموو کوردێکی لێ قەوماوە کەبەهۆی جوڵانەوەی سیاسی تەرکە وەتەن بێت، عەبدولوەهاب ئەتروشی لەپەنای قازانج و مەنافیعی خۆیدا بەنێوی بەرژەوەندی و مەسڵەحەت برادەرانمان دەکاتە دیاری و پێشکێشی دوژمنمانی دەکاتەوە.

ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە ژیانی سیاسی ئەوڕۆی ئێمە ژیانێکی تایبەتییە و سیاسەتی دەستەبازی و تەفرەقەمان بەسەردا سەپاوە و بێ شك لەزروف و حاڵی ئەوڕۆی خۆماندا ناتوانین کەسێك یا کەسانێك بەرپرس و مەسئوڵی کردەوەمان بەتێکڕایی بناسین و هەر کەس لێ پرسراوی کردەوەی شەخسی و فەردی خۆیەتی بەچاکە و خراپە، لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕش بەخاوەن مەسڵەحەت و خاوەن دەسەاڵت دەزانین بۆ هەموو چەشنە لێکۆڵینەوە و سزادانێکمان– بەپێی حەق و عەدالەت– لەکاتێکدا کردەوەی دژی مەساڵحی شۆڕش لەهەریەک لەئێمە ڕوو بدات.

ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کەمەنافیع و مەساڵحی شۆڕش لەسەرەوەی هەموو مەنافیع و مەساڵحێکی تر و بەوپەڕی هێزمانەوە مەسڵەحەتمان پاراستووە و دەشی پارێزین و هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە تا ئێستا خۆمان بەخاوەن خزمەت بۆ شۆڕش زانیوە و دەزانین، کەوابوو هۆ و سەبەبی موعامەلە و سەودا پێ

کردنمان لەلایەن عەبدولوەهاب ئەتروشییەوە چییە؟ لەحاڵێکدا ئینسانین و مەڕ و بزن نین.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئەو مەسەلە گرینگە بخەینە بەرچاو کەتەسلیم کردنەوەی برادەرانمان بەو شێوە نالەبار و ناحەزە جیا لەوەی شتێکی غەیرە ئینسانییە کورد لەکوردستانی ئێران دەخاتە مەترسییەوە.

ئێمە کەلەخوارەوە ناومان هاتوە بەنێوی پەنابەرانی سیاسی کورد لەکوردستانی ئێران لەگەڵ دەربڕینی توڕەیی و ناڕەزایی توند لەسەر ئەو کردەوە نالەبارانە بەچەشنی خوارەوە داخوازیمان پێشکێش دەکەین:

١- داوامانە فەرماندەیی شۆڕش وەک خاوەن مافی سیاسی لەدەستی زوڵم و تەعەددای عەبدولوەهاب ئەتروشی و نمونەکانی پارێزگاریمان بکات و بەشێوەی ئینسانی موعامەلەمان لەگەڵ بکرێ و تەئمینی ژیانی سیاسیمان لەپەنا شۆڕش دا هەبێ.

٢- داوامانە حیساب لە عەبدولوەهاب ئەتروشی بکێشرێ و بۆمان روون بکرێتەوە هۆ و سەبەبی تەسلیم کردنەوەی برادەرانمان لەلایەن ناوبراوەوە چییە؟

٣- داوا لەمانە فەرماندەیی شۆڕش میرزا ئەحمەد و ئەو کەسانەی لەگەڵی دان و لەم دواییانەدا لەلایەن عەبدولوەهابەوە رەوانەی بیارە کراون بەزووترین کات بەر لەوەی سەودای دووهەمیان پێ بکات بەسلامەتی بگێڕدرێنەوە نێو مااڵن و منداڵیان و لەحاڵێکدا حیساب لێ کێشان لەگۆڕێ دا هەبێ لەناوچەی گەاڵڵە لێکۆڵینەوە و پرسیاریان لەگەڵ دا بکرێ.

٤- بۆ ئەوەی بۆ هەموو کەس دەرکەوێ شۆڕش هەر لەسەر بنج و بناوانی خۆیەتی و ماف و ژیانی ئینسانی و سیاسی بەڕێز و حورمەتەوە چاو لێ دەکا، جێ بەجێ کردنی داواکانمان بەپەلە و بەزوویی داواخوازین.

وێنە بۆ: مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێز.

وێنە بۆ: مەکتەبی تەنفیزی بەڕێز

سی (٣٠) ئیمزا

ئەو دەستەی لێ قەوماو و هەڵاتوو کەکاك ئەمیری قازی کۆی کردبوونەوە و بەناوی حیزبی دیموکرات کاریان دەکرد، جاروبار لەسەر کردەوەکانی کاربەدەستانی شۆڕشی کوردستانی عێراق و هەروەها لەئاست سیاسەتی کوشت و بڕ و کردەوەی شەیتانانەی حکومەتی ئێران سەبارەت بەشۆڕشی کوردستانی عێراق نامەیان بۆ سەرۆك بارزانی نووسیوە و سەرۆکایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراقیان وریا کردۆتەوە.

لەکاتێکدا کەحکومەتی خوێنڕێژی ئێران کوردستانی پەلاماردا و لەهەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێران دەستی کرد بەگرتن و دوورخستنەوە و کوشتاری نیشتمانپەروەرانی کورد، ئەم دەستەیە بەناوی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان نامەیەکیان بۆ سەرۆك بارزانی نووسیوە کەوا ئێمە دەقی نامەکە لێرەدا بڵاو دەکەینەوە:

سەرۆك بارزانی زۆر موحتەرەم: ١٩٦٨/١٠/٢١

بەحورمەتەوە:

وەکو ئاگادارن پەلاماری حکومەتی ئێران مەڵبەندی کوردەواری لەکوردستانی ئێران جارێکی تر بەپان و بەرینی گرتۆتەوە و لێدان و حەبس و کوشت و بڕی کوردی بێ دیفاع و بێ دەسەڵات لەوڵاتەکەماندا بەشێوەی تووندتر و بێ ڕەحمانەتر لەهەموو پەلامارێکی رابردوو دیسان دەستی پێ کردۆتەوە.

ئێمە لەگەڵ ئەوەی کەهەر لەزوەوە بەپێی حاڵ و وەزعێکی کەلەکوردستانی ئێراندا پێک هاتبوو چاوەڕوانی ئەو رۆژەمان دەکرد و بەتیکرار قیادەی شۆڕشمان ئاگادار کردوە ئەو پەلامارە بەشتێکی مودبیر و بەنەخشە دەزانین کەدەزگای حاکمەی ئێران لەسەر ئەساسی (لەئاوی لیخن ماسی گرتن) پێوە هەستاوە، هێرشی نوێ حکومەت پاش گەڕانەوەی سپهبد ئویسی لەسەردانی مەهاباد بۆ تاران دەستی پێ کرد، سپهبد ئویسی فەرماندەی گشتی ژاندارمەری ئێران بۆ هەڵسەنگاندن و شارەزایی زیاتر دەوری ٢٥ رۆژ لەمەوبەر خۆی گەیاندە مەهاباد و بەزۆر پیاوە خاوەن نفوزەکانی موکریانی لەتالاری فەرهەنگی مەهاباد کۆکردەوە، ناوبراو لەنوتق و خیتابەیەکی هەڕەشاوی کەبە بۆنەوە کردی بەئاشکرا نیازی دەزگای حاکمەی دەربڕی، تەنانەت بەسەراحەت و بێ پەردە رای گەیاند کەکورد عامە خائین بەشاهەنشا و تەواویەتی ئەرزی ئێرانە بۆیە حەق و مافی ژیانی نییە، من هەر لەئێستاوە ئەمر لەراوەستاندنی هەموو پرۆژەیەکی ئاوەدانی و ئیسلاحاتی لەناوچەکانی کوردنشین دەدەم.

پێنج رۆژ پاش گەڕانەوەی فەرماندەی ژاندارمەری بۆ تاران شاڵاوی ژاندارم ناوچەکانی کوردەواری داگرت و لێدان و گرتن و کوشتن بەشێوەی گشتی و لەسەر ئەسڵی (بێ باوەڕی و بێ ئیعتیمادی بەکورد) چاك و خراپ، پیر و جحێڵ درایە بەر قۆنداخی تفەنگ و زیندانەکانیان لێ ئاخندرا تەنانەت ژنیش بێ بەش نەمانەوە، تا ئێستا بێجگە لەنێزیکەی ١٢٠ کوردێك کەخۆیان گەیاندۆتە کوردستانی رزگارکراو هەروەها بێجگە لەوانەی کەلەترسی تەعزیب و کوشتن بەچیاوەن، زیاتر لەهەزار کەس تەنیا لەناوچەی موکریان لەچینە جۆر بەجۆرەکانی کورد بەتایبەتی چین و تەبەقەی مەلا و عولەمای دینی بەتێکڕایی خراونەتە ژێر داری شکنجە و حەبس کەجیا لەمەلا مستەفای پەسوی کەلەژێر داردا پشتی شکاوە و مردووە چارەنووسیان بۆ ئێمە روون و معلوم نییە.

هێرشی بێ شەرمانەی حکومەتی ئێران گەیشتۆتە رادەیەک کەبەبێ ترس و خۆف بەبێ هیچ لێ پرسین و مەحکەمەیەک کورد وەکو بەرخ سەردەبڕێ.

نمونەی ئاشکرای ئەو حاڵە حەسەن خورخورەیی گەورکان کەبەرۆژی روون لەبەر چاوی سەتان کوردی مەهابادی کەبەزۆری لێدان و گۆیا بۆ ئەوەی عیبرەت گرتو بن بۆ مەیدانی رەمی راکێشکراون لە (بازاڕی حەیوانان) گوللەباران کرا.

شاڵاوی دوایی حکومەتی ئێران ترس و ئیرهابێکی ئەوتۆی خستۆتە کوردستانەوە هیچ کوردێك هیوا و هومێدی ژیانی ناسەرسەنگەکەی پێشووشی پێ نەماوە، ئێمە کەبەئەوپەڕی پەرۆشەوە و دەس لەسەر دەستی بێ دەسەاڵتی دەرۆانینە حاڵی پەشێو و مەینەت باری ئەورۆی گەلی کوردمان لەکوردستانی ئێران، ئەو پەلامارە درندانەیە تەنیا هەر بەنیازی کوشتنی ئیحساسات و خەفەکردنی هەستی نەتەوایەتی و تواندنەوەی گەلی کورد بەمەبەستی بەرگری هەمیشەیی لەجوڵانەوەی رزگاریخوازی مسۆگەری دواڕۆژی کورد لەکوردستانی ئێران نازانین، بەڵکو بەشتێکی مدبر و تاکتیکێکی مەنفوری دەناسین کەرووی ژەهراوی راستەوخۆ لەشۆڕشی پێرۆز و حەق خوازانەی گەلەکەمان و سەرکردایەتییە دڵسۆزەکەیەتی کەهەر لەزووەوە جێ و رێی بۆ خۆش کراوە و دەزگای دیعایە و تەبلیغاتی حکومەتی ئێران بەهەرچی تواناوە زوڕنای بۆ لێدەدا، ئەو هەوڵ و تەقەاڵیەی دوژمنی فێڵ باز شتێکی شاردراوە نییە و دەست و پێوەندەکانی لەمێژە بەئەرکەوە هەستاون و دەهۆڵی بۆ دەکوتن کەگۆیا: شۆڕشی حەوت ساڵەی گەلە قارەمانەکەمان لەکوردستانی عێراق ئەنگوستیلەی قامکی دەزگای حاکمەی تاران و کوتەکی پۆاڵینە بۆ هەموو چەشنە سەربزێوی و جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازی لەکوردستانی ئێران هەرکات و زەمان کەحکومەتی ئێران بەپێویست و لازم بزانێ، روون و ئاشکرایە ئەو سیاسەتە گاڵوە دەیانەوێ دڵ و دەروونی لیپا و لیپ لەهەست و باوەڕی

بەتین و بەهێزی کورد لەکوردستانی ئێران بەرامبەر بەشۆڕشە پیرۆزەکەمان ساردکەنەوە و لەلای تڕەوە شۆڕشمان هەڵقوڵاو و گەشەی دەروونی گەلە چەوساوکەمانە شۆڕشێکی حەق خوازانە و نەتەوایەتییە، بەشتێکی سازکراو بۆ ڕێزە مەبەست و مەسالحێکی تایبەتی و شەخسی بناسێنن.

نمونەی ئاشکرای ئەو دیعایانەی کاربەدەستانی ئێران فەرمایشی! سەرتیب صیادیان ڕئیسی سازمانی ئەمنیەتی ڕەزائیەیە کەلەسەرەتای هێرشەکەی دواییدا بێ پەردە بڵاوی کردۆتەوە و ئەفرموی! ! (ان یاخی سابق اکنون در اختیار ماست انشاءالله روزی میرسد که به استانداری کرکوك منصوبش کنیم)، پەلاماری درندانەی دوایی کاربەدەستانی ئێران بۆ مەڵبەندی کوردەواری لەکاتێکدا دەستی پێکرد کەهەرچی لەباخەڵ و گیرفانیان دا هەبوو لەو دیعایە ژەهراویانە بڵاویان کردبۆوە و جێیان بۆ هێرشەکەیان بەلای خۆیانەوە ڕێك و پێك کردبوو.

ئێمە لەگەڵ باوەڕی تونـد و قوڵمان بەشۆڕش و پارێزگاری لەمەسالحی لەسەر ئەو باوەڕەین ئەو پەلامارە بەپێی حیساب و شارەزایی بۆ چەند مەبەستی تایبەتی هاتوە:

یەکەم- لێدانی کورد لەکوردستانی ئێران و کۆتایی پێ هێنان بەهەر جوڵانەوە و سەربزێویەك بۆ هەمیشە یان لانی کەم بۆ ماوەیەکی درێژ و تولانی.

دووهەم- لێدانی زمنی شۆڕش بەشێوەی فێڵبازانە کەپیشە و کردەوەی خاص و لەمێژینەی دەزگای حاکمەی ئێرانە، حاڵ خاڵی نییە لەکاتێکی وا ناسك دا کەئەو شاڵاوە غەیرە ئینسانیە لەپەنا گوێی شۆڕشی حەوت ساڵە و چەسپاوی کوردستانی عێراق هاتۆتە سەر ناوچەکانی کوردەواری لەکوردستانی ئێران قیادەی شۆڕش یا نیسبەت بەو پەلامار و شاڵاوە بێ لایەن و هەست دەمێنێتەوە یا حاڵەتێکی ئیعتیراز و ڕووی گرژ دەنوێنێ، لەرچاو کردنی شێوەی یەکەم

سەرکەوتنی سیاسەتی دیعایەی کاربەدەستانی ئێران لەدژی شۆڕشەکەمان و سەرکردایەتییە دڵسۆزەکەی بەرچاوە و گرتنی شێوەی دووهەم لێدانی مەسڵەحەتی شۆڕش.

سێهەم- بێ شك لەحاڵەتێکی هوجومی وە کورد لەکوردستانی ئێران چ جێ و پەناگەیەك غەیری شۆڕش و کوردستانی رزگارکراو شك نابا رووی تێ بکا و خۆی لەدار و قەمچی ژاندارم بشارێتەوە، پاش ماوەیەك داوای تەسلیم کردنەوەی ئەوانە لەشەخسی سەرۆك دەست پێ دەکا، لێرەشدا حاڵ حاڵی نییە یا تەسلیم دەکرێنەوە کەلەو حاڵەدا ئامانج و مەبەستی پیسی حکومەتی ئێران کەلێدان و سووك کردنی شەخسیەتی شەخسی سەرۆك بارزانییە لەدەرەوە و لەناوخۆدا یان لەتەسلیم کردنەوە خۆ دەبوێری کەلەو سورەتەدا بڕوبیانو بۆ خۆ لەمەسالێحی شۆڕش دزینەوە دێتە گۆڕێ، جا لەپلەیەکی وا ئەستەم و باریك دا و لەحاڵەتێك دا کەگەلی چەوساوەمان لەکوردستانی ئێران تووشی ئەو پەلامارە بێ شەرمانەیە هاتووە و بەپانەوە کەوتۆتە ژێر دار و قامچی ژاندارمی کاربەدەستانی ئێران، وەك مەسئول و بەرپرس لەچارەنووسی گەلی کورد بەگشتی لەجەنابتان چارە دەخوازین و داوامانە بەئەوپەڕی تواناوە بۆ نەجات دانی هاوڵاتیەکانمان لەکوشت و بڕ و زیندان و شکنجەی دەزگای غەداری حاکمەی ئێران تێ بکۆشن.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
جێگای مۆر

برادەرانی حیزبی دیموکرات لەم نامەیەدا جوان بۆ مەسەلەکە چوون و لێکیان داوەتەوە، حکومەتی ئێران لەوکاتەدا کەدەیویست جوولانەوەی کورد لەکوردستانی ئێران سەرکوت بکا، هەر لەو کاتەش دا دەیویست شەخسیەتی بارزانی بێنێتەخوار و لەبەرچاوی خەڵك سووکی بکا، بەڵام سەرۆکایەتی شۆڕشی

کوردستانی عێراق وەها نەکەوتبوە ژێر حکومەتی ئێران کەهەستی نەتەوایەتی تێدا مابێ و گوێ بداتە ئەم نووسراو و هاوارە.

ئەمە نامەیەکی دیکەیە، کەبۆ بارزانیان نووسیوە، لەو نامەیەدا بەجوانی دەردەکەوێ کەحەسۆ میرخان سەنەد و بەڵگە و نووسراوە و دار و نەداری حیزبی بردوە و تاڵانی کردوون، ئەوانیش چوونە لای بارزانی، ئەویش وەعدە و بەڵێنی پێ داون کەبیان دەنەوە، بەڵام درۆیان لەگەڵ کردوون و نەدراونەوە.

ئەمەش دەقی نامەکەیە

بۆ سەرۆك بارزانی زۆر محترم

١٩٦٨/١١/١٨

بەحورمەتەوە:

لەسەرنامەمان بەبەرواری ١٩٦٨/٨/١ بۆ جەنابتان و وەعدە و وەعیدێکی مساعد کەبەنێوی سەرۆکایەتی شۆڕش لەوڵامدا بۆ بووژانەوەمان وەرمان گرتەوە– ئەگەرچی تا ئێستە هیچ بەندێك لەداواکانمان نەهاتۆتەدی– بۆ وەرگرتنەوەی اسناد و مدارکی حیزبی مان مراجەعەی حەسۆ میرخان فەرماندەی هێزی کاوەمان کرد کەدوو ساڵە ناوبراو دەستی بەسەردا گرتووە و بێ هیچ هەق و سەلاحیەتێك لەلای خۆی راگیری کردووە.

پاش ماوەیەك خۆ بواردن لەتەسلیم کردنەوەیان بەنوسراو ئاگاداری کردین کەگوایا دەبێ سوتین رابن!

ئێمە لەگەڵ ئەو مەترسیە کەاسناد و ئەوراقی حیزبیمان موعامەلەی پێ کرابێ بەسەرسوڕمانەوە دەڕوانینە ئەو کردەوانە کەبەنێوی دەسەلاتی شۆڕش لەگەڵمان کراوە و دەکرێ و لێمان روون نییە و هۆ و سەبەبی هاندەر بۆ ئەم چەشنە موعامەلانە لەچ پێناوێك دایە.

ئێمە هەرچی کردمان نێوێکمان بۆ تاوانی دوایی کەون کردنی اسناد و ئەوراقە و مدارکی بیست و سێ ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بێت بۆ نەدۆزراوە و نازانین لەگەڵ کام اصل و مبداء و قانونێکی کوردایەتی دەگونجێ؟

بۆ ئاگاداری بەپێویستمان زانی بەو هۆیەوە بەجەنابتان رابگەیەنین.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان

جێگای مۆر

وێنە بۆ: مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تەنیا هاواریان نەبردۆتە بەر سەرۆکی شۆڕش، بەڵکو (مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان)یشیان ئاگادار کردوە، بەڵام لەپارتی دیموکرات و لەشۆڕشی کوردستانی عێراق دا، مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و حیزب هەر ناویان هەبوو بەبێ نێوەرۆك و دەسەلآت.

نەك هەر ئەوە، لەو کاتەدا کەرێژێمی شا کوردستانی ئێرانی پەلامار داوە لەجەلدیان سێدارەی بۆ نیشتمانپەروەرانی کورد هەڵخستوە و گەلێکیش دەربەدەر بوون و کوردستانی بەروالەت ئازادکراویان بەپەنا و پشتیوانی خۆ زانیوە و پەنایان هێناوەتە بەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کەسەرۆکایەتیەکەی لەنێو شۆڕش بووە و ماوەی هەشت ساڵ هەموو هەوڵ و تەقەلآ و تێکۆشانی یارمەتی بووە بەشۆڕشی کوردستان و بەبارزانی، وەك لەم لیستە دەردەکەوێ لەتەواوی ناوچەکان بەگوێرەی فەرمانێکی گشتی ئامیر هێزەکانی پێشمەرگە چەکیان کردوون و چەکەکانیان لێ هەستاندوون.

دیسان ریزی چەکەکانیان لەگەڵ نامەیەك بۆ (جەنابی سەرۆك بارزانی) ناردووە بەڵام بێ جواب ماوەتەوە، تەنانەت پاش ساڵی حەفتاش کەهەموو دەستەکان

یەکیان گرتەوە و کۆنفرانسی سێ پێك هات، مەسەلەی ئەم چەکانە هەر لەگۆڕێ دا بوو، بەڵام ئێستا و ئێستاش هەر خوران.

لیستی چەکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەلەلایەن شۆڕشەوە وەرگیراوە جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ ئاگاداری

ژمارە	چۆنیەتی چەك (تفەنگ)	بەکێ بووە	دەمانچە	ژمارەی فیشەك	تێبینی
١	سمینوف	اسکندر هەورامی	کەمالی	روون نییە	لەهێزی خەبات (عەبدولوەهاب)
٢	برنوی وەسەت	توفعە هەورامی	—	— —	— —
٣	پێنج تیری ئەستێرە نیشانی روسی	محەمەد موئمین	—	— —	— —
٤	—	میرزا ئەحمەد	چاردەخۆر	— —	— —
٥	—	حبیب هەورامی	لامای گەورە	— —	— —
٦	١١ خۆری انگلیسی	علی پیران	—	—	لقی ٤ی پ.د.ك
٧	— —	محەمەد میرزا عەولا	—	— —	— —
٨	رەشاش برین	صالح رەشاش	—	— —	هێزی کاوە (حەسۆ میرخان)

٩	- -	ڕێبوار	-	- - -	- -
١٠	عقـــــــد ٢ (هاوەن)	-	-	- - -	- -
١١	هۆڵنـــــــدەی دوخان	قەیماس	-	- - -	- -
١٢	بڕنۆی دڕێژ	قەدر لاجانی	-	- - -	- -
١٣	- -	محەمەد مەنگوڕ	-	- - -	- -
١٤	١١ خـــــۆری شەواقی	عەبدوڵڵا نانەوا	-	- - -	- -
١٥	١١ خـــــۆری شەواقی	ســـــــالار عەبدوڵڕەحمان	-	١٥٠	هێـــزی کـــاوە (حەسۆ میرخان)
١٦	کەلاشینکۆف	کاوە	-	- - -	- -
١٧	شەش تفەنگی جۆربەجۆر	بەشـــەش کـــەس لەجەماعـــــەتی کاوە	-	- - -	- -
١٨	بڕنۆی دڕێژ	کریم نەستانی	-	١٥٠	هێـــزی کـــاوە (حەسۆ میرخان)
١٩	- -	ئەحمەد نستانی	-	١٥٠	- -
٢٠	٥ خـــــۆری انگلیزی	ڕەســـــــــوی مامەڕەش	-	١٠٠	- -
٢١	- -	خدر گەورك	-	رووت	- -

				نییە	
٢٢	برنۆی وەسەت	سیمان	–	= =	= =
٢٣	١١ خـــــۆری شەوافی	عەبـدوڵڵای مـام سەعید	–	= =	هێـــزی بالّـــەك (عەبـدوڵڵا ئاغـای پشدەری)
٢٤	١١ خـــــۆری انگلیزی	مونتەقیم قازی	–	= =	= =
٢٥	هۆڵنـــــدەی دوخان	ئەحمەد بارام	–	= =	= =
٢٦	برنۆی درێژ	مراد رەسوڵ	–	= =	= =
٢٧	١١ خـــــۆری انگلیزی	فقی رەسوڵ	–	= =	= =
٢٨	ئسترلینك	حاصل	–	= =	= =
٢٩	٥ خـــــۆری انگلیزی	صالّح لاجانی	لامـــــای گەورە	= =	بەتالیۆنی بیتـوێن (عەلی شەعبان)
٣٠	هۆڵنـــــدەی دوخان	عومەر حەسەن	چاردەخۆر	= =	= =
٣١	١١ خـــــۆری انگلیزی	حەمە سور	–	= =	= =
٣٢	برنۆی وەسەت	عەبدوڵڵا بایز	چاردەخۆر	= =	= =
٣٣	كەلاّشینكۆف	عەزیز ئەحمەد	= =	=	= =

				=	
٣٤	برێوەبەری دڕێژ	محەمەد ئەمین رەسوڵ	–	= =	= =
٣٥	= =	شێخە ئیسماعیل	–	= =	= =
٣٦	= =	تۆفیق حاجی سکر	–	= =	= =
٣٧	= =	سلێمان کەرتەشان	چاردەخۆر	= =	= =
٣٨	= =	عەبدوڵڵا	–	= =	= =
٣٩	برێوەبەری دڕێژ	برایم کەریم	چاردەخۆر	= =	= =
٤٠	برێوەبەری دڕێژ	نوری	–	١٥٠	هێزی دەشتی هەولێر (فارس باوە)
٤١	برێوەبەری دڕێژ	پیرە باب	–	٢٦٠	= =
٤٢	رەشاش	قەرەنی	–	٢٦٠	= =
٤٣	١١ خۆری انگلیزی	رەشید	–	١٠٠	= =
٤٤	= =	سیمان	–	١٠٠	= =
٤٥	تەیارە شکێن	وەهاب	–	١٠٠	= =
٤٦	١١ خۆری انگلیزی	جلال	–	١٠٠	= =
٤٧	= =	مراد	–	١٥٠	= =

٤٨	یایلی	میرزا صدیق	–	١٠٠	– –
٤٩	برێتو خۆر	میرزا حسین	–	١٠٠	– –
٥٠	برێتوی درێژ	مەلا بایز	–	١٥٠	– –
٥١	برێتوی درێژ	محەمەد شەلمان	–	ڕوون نییە	– –
٥٢	برێتو خۆر	فەتاح	–	– –	– –
٥٣	برێتو وەسەت	سیفوڵڵا	–	– –	– –
٥٤	– –	عوسمان	–	– –	– –
٥٥	سمینوف	خدر بایز	–	– –	– –
٥٦	٥ خـــــۆری انگلیزی	خلە قەزا	–	–	–
٥٧	حەوت تفەنگی جۆر بەجۆر	هـی جەماعـەتی ســـــــلێمان کەرقەشان	ڕوون نییە	– –	– –
٥٨	هۆڵنـــــــدەی دوخان	کەریم ڕەشاش	–	– –	بەتالیۆنی بیتـوێن (عەلی شەعبان)
٥٩	١١ خـــــۆری انگلیزی	میرزا لەتیف	–	١٠٠	هێـــزی کـــاوە (حەسۆ میرخان)
٦٠	ام ١ ئەمریکی	حەسەن دیوالآنی	–	ڕوون نییە	لیژنـەی ناوچـەی قەلادزە
٦١	تەیارە شکێن	عەبدوڵڵا	–	–	– –

				-	
٦٢	بدل برتو	خدری مێرێ	-	روون نییە	لیژنەی ناوچەی قەڵادزە
٦٣	٥ خۆری روسی	خدری مێرێ هێناویەتی	-	- -	- -
٦٤	ئیسترلینك	قادر عەلی	-	- -	- -

هەموو بەتێکڕایی لەتفەنگ و دەمانچە و فیشەك ئەمەی کەبۆمان روونە بەچەشنی خوارەوەیە.

تفەنگ	دەمانچە	فیشەك
٦٤ (شەست و چوار)	٨ (هەشت)	٢١٢٠ (دوو هەزار و سەد و بیست)

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان

١٩٦٩/٢/١٨

جێگای مۆر

نێـوەڕۆکی ئـەم نامانـە تـا رادەیـەکی زۆر رووناکی دەخەنـە سـەر هەڵوێسـتی شۆڕشـی کوردسـتانی عێـراق، لەپێوەنـدی لەگـەڵ کوردەکـانی بەشـەکانی تـری کوردستاندا، هەروەها لەمێژووی ژیانی کوردەواریدا چەند شت نیشان دەدەن:

یەکـەم- دڵسـۆزی و فیـداکاری کوردەکـانی ئێـران، بەتایبـەت ئەنـدامانی حیزبـی دیموکرات سەبارەت بەجوڵانەوەی کوردستانی عێراق.

دووهـەم- خۆفرۆشـی هێنـدێ لـەئامێر هێـز و کاربەدەسـتی بـەرزی جوڵانـەوەی کوردستانی عێراق و لـەژێر پـێ نـانی هەسـتی نەتەوایـەتی و تەقـەڵا بـۆ قـازانجی شەخسی.

سێهەم: بێ دەسەڵاتی کوردەکـانی ئێـران و بەهەڵـە چـوونیان، لـەجیاتی ئـەوەی کەلـەم هەلومەرجـە کـەڵك وەربگـرن و یـەکێتی خۆیـان بپـارێزن و خـەریك بـن لەکوردستانی ئێراندا رێکخراوەیی حیزبی خۆیان بـەهێز بکـەن و میللـەتی خۆیـان وشـیار بکەنـەوە، هـاتن لەکوردسـتانی عێـراق تووشـی دووبـەرەکی بـوون و یـا توشـیان کـردن و دەسـتە دەسـتە بـوون، هـەموو توانـای خۆیـان بـۆ یارمـەتی بەشۆڕشی کوردستانی عێراق تەرخان کرد، ئەوانیش لـەجیاتی یارمەتیـدانیان بـۆ بەهێزبوونی جوڵانەوە لەکوردسـتانی ئێـران، دەسـتیان خسـتە نـاو و دابڕدابڕیـان کردن و پاشانیش بەگرتن و کوشتن پاداشیان دانەوە.

بەڕاستی برا کوردەکانی کوردستانی عێراق ناکۆکی و ناتەبایی خۆیان خستە نێـو کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستانیش، ئەوە نـەك هـەر لەسـاڵەکانی شۆڕشـی کوردستانی عێراقدا، بەڵکو زیان و ئاکـامی ئـەو دووبەرەکییـە لـەرۆژ و سـاڵەکانی دوایشدا لەنێو گەلی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردسـتان رەنگـی دایـەوە، لـەم لێ

قـەومان و دەربەدەریـەدا پـاش کـوژرانی سمـایلی شـەریف زادە و سـولەیمانی مـوعینی و هاوڕێکانیـان چـەکدارەکانی تـر سـەریان لێ شـێوابوو پـەڕەوازەی کوردستانی عێراق بـوون، هێندێکیان وەك دەستەی سـاڵح لاجـانی کەوتنـە بـەر دەسـتی شۆڕشـی کوردسـتانی عێـراق و تەسـلیمی ئێـران کرانـەوە و لەجەلـدیان گوللـە بـاران کـران، هێندێکیشـیان تووشـی دەسـتەی جـەلال تاڵـەبانی بـوون کەهێشـتا بـەناوی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و مەکتـەبی سیاسـی کاریـان دەکرد، ئەوانیش لەم دەربەدەرانە دەستەیەکیان بۆ لای خۆ راکێشا و (لیژنـەیان) بۆ دانان و پێیان راگەیاندبوون کە: بەبێ ئاگاداری ئەوان لەم دیو و لـەو دیـو هـیچ کارێکی نائاسایی نەکەن، هـەروەها ئـەو ئیشـانەی راسـتەوخۆ لەلایـەن مەکتـەبی سیاسییەوە پێیان ئەسپێردرێ جـێ بـەجێی بکـەن، لـەم رێنـوێنی و رێـك و پێـك کردنە و گرتنەوەدا، ئەوانیش لەشەڕی دژی شۆڕشـی کوردسـتان دوو کەسـیان لێ بەکوشت دان.

ئەمەش نامەی (پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان– مەکتـەبی سیاسـی)یە بـۆ پێـنج کەس لەکادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارە: ٦٩٤

مەکتەبی سیاسی رۆژی: ١٩٦٩/١٢/٣١

بۆ برایانی بەڕێز:

١– مەلا قادر

٢– مەلا کاوە

٣– فەتحوڵڵا هەورامی

٤– مەلا بایز

٥– مەلا عەبدوڵڵا

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە:

پاش ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ هەڤاڵان مەلا قادر و کاوە و مەلا عەبدوڵڵا کردمان و دوای لێکدانەوە و ورد بوونەوە لەئەوزاعی ئێستای خۆتان (هەڤاڵانی چەکداری حیزبی دیموکراتی کوردستان) و تەبیعەتی خەباتکردنتان و پێویستی بوژاندنەوەی حیزب لەو دیو ئەم برپارانەمان دا:

١- لیژنەیەك لەهەر پێنجتان پێك دێت بەناوی (لیژنەی بوژاندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان).

٢- یەکێك لەناو خۆتان بۆ لێپرسراوی لیژنەکە هەڵببژێرن و ئاگادارمان بکەن.

٣- ئیش کردن و هەڵسوڕاندنی کار و فرمانەکانتان بەم جۆرە ئەبێ:

الف) ئەو برا چەکدارانەی ئەو دیو رێك ئەخەن کەحاڵی حازر بەیەکەوەن.

ب) هەوڵ ئەدەن پێوەندی بەخەڵکی ئەو دیوەوە ئەکەن بۆ دۆزینەوە و پەیداکردنی ئەندام و لایەنگر و دۆست بەنیازی بوژاندنەوەی حیزب لەوڵاتدا.

ج) وەکو ئاشکرایە بەشێوەیەکی گشتی خەباتی رزگاری هێنەری گەلانی ئازادیخواز یەك زنجیرەی بەیەکەوە بەستراوە، بەتایبەتی خەباتی گەلی کورد لەئی ئەو گەلانە جیا ناکرێتەوە کەحاڵی حازر بەیەکەوە لەچوارچێوەی یەك نیزامی حوکم دا ئەژین، بۆیە هەوڵدان بۆ یەکخستنی خەباتی گەلی کورد لەو دیو لەگەڵ خەباتی گەلانی تری ئێران کارێکی سوودبەخش و پێویستە، لەبەر هەموو ئەوانەی سەرەوە پێویستە هەوڵ بدەن پێوەندی لەگەڵ هەموو بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی ئەو دیودا پەیدا بکەن.

د) بەبێ ئاگاداری ئێمە نابێ هیچ کارێکی نائاسایی- چ لەم دیو و چ لەو دیو- لەخۆتانەوە بکەن.

ح) ئەبێ بەگیانێکی برایانە و رەوشتێکی خەبات کەرانە کەلەرێکخراوی حیزبێکی شۆڕشگێڕی وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستان بوەشێتەوە، بەیەکەوە بژین و ئیش بکەن، وەئەگەر خوا نەخواستە خیلافێك لەنێواناندا یان ئیختیلافێك لە

(وجهات النظر) دا رووی دا ئەوە مەسەلەکە وەکو هەیە ئەی هێننە لای مەکتەبی سیاسی بۆ یەکلاکردنەوە و بڕیار لەسەردانی.

و) ئەو ئیشانەی راستەوخۆ لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە پێتان ئەسپێردرێ جێ بەجێی ئەکەن.

ز) ئەو برایانەی چەکدارن و لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندان وەکو پێشمەرگە پێوەندیان بەفەرماندەی هێزی ئەو شوێنەوە ئەبێت کەتێیدا ئەژین. وەلەهەموو حقوق و واجیباتێکدا لەپێشمەرگە جیا ناکرێنەوە.

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو سەرکەوتن و زاڵ بوون بەسەر دوژمنانی کوردستاندا.

م.س

جێگای مۆر

تێبینی: بۆ پێوەندی کردن بەمەکتەبی سیاسییەوە پاشان هەڤاڵێکتان بۆ دەست نیشان دەکەین.

مالّە (مەکتەبی سیاسی) ئاوا بێ، دیسان باش بوو نەی گرتبوون و چەکی نەکردبوون و بۆ یەکێتی و زیندوو کردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی رێنوێنیشی کردبوون، بەڵام تاقم و دەستەی زۆر شۆڕشگێڕی ئێرانی کەهەر کەسە بەهەوایەك سەمای دەکرد راست و چەپ بەیاننامەیان بڵاو دەکردەوە و بۆ سمایلی شەریف زادە و جوڵانەوەی کورد! قوڕیان دەپێوا، بێ ئەوەی لەباری ماددی و مەعنەوییەوە بەقەت دەنکە جۆیەك یارمەتی بدەن.

وادیارە مێژوو دوپات دەبێتەوە لەو دەمەدا کەئەم بیرەوەریانە بۆ ژێر چاپ ئامادە دەکرێن، دیسان حیزبی دیموکرات دووبەرەکی لێ پەیدا بووە و جوڵانەوەی کورد لەکوردستانی ئێران بەرەو لاوازترین گیروگرفتی نالەبارتر دەڕوا، دیسان حیزب و رێکخراوی جۆر بەجۆری وەك موجاهید و رای کارگەر و ئەقڵیەت و حیزبی کۆمۆنیست و تاقم و دەستەی دیکە گوێا بەناوی دڵسۆزی بۆ

جولانەوەی کورد کەوتوونەتە چالاکی و قولتر کردنی دوویەرەکی و ناکۆکی و لەخۆشی لەت بوونی حیزبی دیموکرات شایی دەگێڕن، بەڵام لەئاست بۆمبارانی کیمیاوی شاری هەڵەبجە لەکوردستان و قڕکردنی پێنج هەزار کەس لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە قڕ و قەپ دەکەن و دەنگیان لەبەر نایەتەدەر، (ڕەنگە لەبەر سەربەخۆیی و ئیستیقلالی فیکر و بڕیار و کردەوە بێ)!!

گەڕانەوە بۆ ئەوروپا

پاش گەڕانەوەی کاک دارا تۆفیق لەلایەن مەلا مستەفاوە، ڕۆژی ١٩٦٨/١٠/٢٣ چووینە لای هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیست و لەگەڵ ئەوان مەسەلەکەمان باس کرد، لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە: درێژە پێدانی جولانەوەی چەکداری لەو هەل و مەرجەدا کەمەلا مستەفا سنوری لێ گرتوون و لەهیچ لایەکەوە یارمەتیان پێ ناکرێ، کارێکی ڕاست نییە و خۆ بەکوشت دانە، ئێمەش بەداخەوە دەرەتانی ئەوەمان نییە کەیارمەتی بکەین کاک کەریم ئەحمەد گوتی: کاتی خۆی بەفایەقمان گوت کاتی ڕاپەڕینی چەکدار نییە و مەلا مستەفا لێتان دەدا، فایەق گوتی هیچ عیلاجمان نییە و ناتوانین لەنێو شۆڕش بمێنینەوە.

لەبارەی شەهید بوونی سولەیمانی موعینییەوە ڕۆژنامەی (طریق الشعب) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لەژمارەی تەموزی ١٩٦٨ خۆیدا لەژێر ناونیشانی (ئەوەی دەکرێ بەقازانجی کێیە؟) خەبەری کوشتنی کاک سولەیمانی بلاوکردبۆوە و نووسیبوی: کوشتنی تێکۆشەری شۆڕشگێڕی ئێرانی بێزاری و تووڕەیی دژی ئەم کارەساتە داخ دارە بەتوندی مەحکوم دەکا و سەرەخۆشی لەحیزبی دیموکراتی کوردستان و لەتەواوی خەباتگێڕانی دژی حکومەتی شای بەکرێ گیراوی ئیمپریالیزم دەکا و کارەساتی کوشتنی فایەقی

تێکۆشەر بۆ ئاگاداری کۆمەڵانی خەڵك بڵاو دەکاتەوە، بێگومان ناوی شەهید فایەق لەلاپەڕی مێژووی شۆڕشگێڕانی ئێراندا تۆمار دەکرێ.

من جارێکی دیکەش لەگەڵ کاك حەمەدەمین مەسەلەی گەڕانەوە بۆ کوردستانم هێنا گۆڕێ و هەوڵێکی زۆرم دا پێکەوە بچینەوە بۆ کوردستانی ئێران، فایدەی نەبوو کاك حەمەدەمین نەهاتە ردایە، ناچار رۆژی ١٠ مانگی نوامبر بەئوتوبوس بەرەو شام کەوتمەڕێ، لەشام چاوم بەقەدری جەمیل پاشا کەوت، هەرچەند پیر ببوو زۆر بەخۆشی و بەگەرمی پێشوازی لێ کردم، گوتی: زۆرم پێ خۆشە یەکێك لەپاشماوەکانی کۆماری مەهاباد دێتە لام، پاش قاوە خواردنەوە بەیاننامەیەکم بەزمانی عەرەبی دایە و نەختێك باسی بارودۆخی کوردستانمان کرد و مااڵ ئاوایم لێ کرد، پاشان قەدریجانی رەحمەتی و محەمەد زولفوم دیت و چەند بەیاننامەیەکم لەبارەی وەزعی کوردستانەوە دانێ، لەوێوە چوومە لوبنان و لەبیروت چاوم بەمامۆستا بڵند حەیدەری و کاك مستەفا جاف کەوت، شەو لەمااڵی کاك مستەفا جاف دانیشتین باسەکەمان لەسەر وەزعی شۆڕشی کوردستان و رووداوەکانی ئەودەمی کوردستانی ئێران بوو.

رۆژی ١٩٦٨/١١/١٥ هاتمەوە سۆفیا، کاك محەمەدی موهتەدی بەیاننامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی لقی چیکۆسلواکیا بۆ ناردبووم، لەسەر کوشتنی سوڵەیمانی موعینی زۆر بەتوندی وەدەنگ هاتبوو تاوانبارەکانی مەحکوم کردبوو، رۆژی دوایی لەگەڵ دکتۆر رادەمەنیش پێوەندیم گرت و داوام لێ کرد کەبەیاننامەی حیزبی دیموکرات لەمەڕ کارەساتی کۆژراوەکانی کورد لەرادیۆ بخوێنرێتەوە، هەروەها تەواوی دەنگ و باسی کوردستانی ئێران و جینایەتەکانی ریژیمی شا و کوشت و کوشتاری کوردەکان لەرادیۆ پەیکی ئێران بخوێنرێنەوە، بێجگە لەوە پێشنیارم کرد کەحیزبی تودەی ئێران نامەیەك بۆ حیزبە

کۆمۆنیستەکانی جیهان بنووسێ و داوای پشتیوانی و لەقاودانی جینایەتی ڕێژیمی شا بکات.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران لەمانگی نوامبری ١٩٦٨دا نامەیەکی بۆ گشت حیزب و ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی جیهان نووسیبوو، داوای لێ کردن کەبۆ پێشگری لەکوشتاری دیموکراتەکانی کورد و جینایەتی حکومەتی ئێران لەکوردستان دەنگی بێزاری بەرز کەنەوە.

لەنامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێراندا گوترابوو: حکومەتی دژی نیشتمانی و دژی دیموکراتیکی ئێران بۆ ترساندن و پێشگری لەخەباتی گەلی کورد کەبۆ وەدەست هێنانی مافی خۆی خەبات دەکا، دەستی بەکوشتار و پەلاماڕێکی هەرا و کردووە، زیاتر لە ١٢ هەزار ژاندارم و لەشکرێك لەهێزە چەکدارەکانی بەبیانووی پڕوپوچ لەسەرانسەری کوردستان دەستیان بەگرتن و کوشتاری نیشتمانپەروەرانی کورد کردووە، لەماوەی دوو مانگی دواییدا دەیان کەس لەئازادیخوازانی کورد بەبێ موحاکەمە لەشارەکانی جیاوازی کوردستان ئیعدام کراون، لەبەرامبەر ئەم جینایەتەدا ناتوانین بێ دەنگ بین، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران لەئێوە و لەتەواوی ڕێکخراوە دیموکراتی و ئازادیخوازەکانی دنیا داوا دەکا کەلەدژی ئەم کردەوە غەیرە ئینسانیەی حکومەتی ئێران ئیعتیراز بگرن، بۆ ڕزگاری گیراوە سیاسییەکانی کورد و ئازربایجانی و تەواوی گیراوە سیاسییەکانی ئێران تێ بکۆشن.

وەدەنگ هاتنی حیزب و هێزە ئازادیخوازەکانی دنیا لەسەر گەلی کورد

پاش بڵاوبوونەوەی نامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران لەلایەن حیزب و ڕێکخراوە دیموکراتەکانی دنیا دەنگی بێزاری دژی جینایەتی ڕیژیمی ئێران لەکوردستان بەرز بۆوە.

رۆژنامەی (نیپ– سابات چاك) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی سۆسیالیستی کرێکاری مەجارستان لەژمارە ٢٢ی مانگی نوامبر ١٩٦٨ دا لەژێر ناونیشانی (ئیعتیراز دژی لافاوی کوشت و بڕ لەئێراندا) نووسیبووی: جارێکی دیکەش هێزەکانی چەپ کەوتوونە بەر پەلاماری ڕێژیم، پتر لە ١٢ هەزار ژاندارم و فەوجێکی لەشکر بەکوردستانی ئێران وەر بوون و بۆ سەرکوت کردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دەستیان بەکوشتار کردووە، تەنانەت کاربەدەستانی دەوڵەتی خۆشیان ئیعتیراف دەکەن کەلەماوەی دوو مانگدا، دەها کەسیان لەدیموکراتەکانی کورد لەشارەکانی جیاوازی کوردستان گوللەباران کردووە، پتر لە ٢٠٠ کەسی دیکە لەنیشتمانپەروەرانی کورد چارەنووسێکی ڕەش و تاڵ چاوەنواڕیانە، ئێمەش لەگەڵ تەواوی ئەو کەسانەی کەلەئاست گرتن و کوشتنی نیشتمانپەروەرانی ئێرانی ئیعتیراز دەکەن، دەنگی خۆمان بەرز دەکەینەوە و داوا دەکەین نیشتمان پەروەرەکانی کورد و تەواوی گیراوە سیاسیەکانی ئێران ئازاد بکرێن.

ڕۆژنامەی فەرانسەوی لۆمۆند لەژمارە ١٦ی نوامبری ١٩٦٨دا نووسیبووی:

هێندێ لەنیشتمانپەروەرەکانی کورد گیراون، لەدادگای نهێنی دا، بەبێ ئەوەی ئیجازەی دیفاع و قسەکردنیان بدرێتێ، مەحکوم و گوللەباران کراون، ڕێکخراوی خوێندکارانی ئێران لەشاری مونیخ لەگەڵ یەکێتی خوێندکارانی سۆسیالیست لەئاڵمانی ڕۆژئاوا، لەبەیاننامەیەکدا دژی گرتن و کوشتنی ئازادیخوازانی کورد و دانانی دادگای سەحرایی لەکوردستان دەنگی ڕەخنە و بێزاریان بەرز کردۆتەوە.

ڕۆژنامەی مۆرنینگ ستار ئۆرگانی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئینگلستان لەژمارە ٦ی مانگی دیسامبری ١٩٦٨ دا نووسیبووی:

دەوڵەتی ئێران دژی گەلی کورد دەستی داوەتە پەلامارێکی هەراو، بۆ ئەو پەلاماره ۱۲ هەزار ژاندارم و فەوجێکی نیزامی خستۆته کار، ژمارەیەکی زۆری لەنیشتمانپەروەرانی کورد گرتووە و دەیان کەسی لێ ئیعدام کردوون.

رۆژنامەی ناوبراو داوای کردبوو دژی کردەوەی غەیری ئینسانی حکومەتی ئێران ئیعتیراز بگرن و ئازادی گیراوە سیاسییەکان داوا بکەن.

رۆژنامەی سۆسیالیست لیدر چاپی گلاسکۆ، لەژمارەی ۳ی نوامبری ۱۹٦۸دا پاش لێکۆڵینەوەی وەزعی ئێران لەمەڕ کوشتاری ئازادیخوازانی کورد نووسیبووی: لەبەهاری رابردوودا سمایلی شەریف زادە لەگەڵ چەند نیشتمانپەروەری کورد لەبانە بەدەستی سەربازەکانی ریژێمی ئێران کوژراوە، لەمەڕ کوژرانی ئەوانە تەنانەت تاقە وشەیەکیش لەچاپەمەنی ژێر سانسۆردا بڵاو نەکراوەتەوە، ۲۲ی مانگی سێپتامبر هێندێکی تر لەئازادیخوازانی کورد بەبوختانی پوچەڵی (ڕێ گرێ) لەدادگای نیزامی دا مەحکوم و گوللەباران کراون، ئێمەی سۆسیالیست نابێ هاوپەیوەندی خۆمان لەگەڵ خەباتی خەڵکی ئێران بۆ ئازادی لەبەرچاو نەگرین.

گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزم ئۆرگانی تیئۆرێکی حیزبە کۆمۆنیست و کرێکارانی دنیا، لەژمارە یەکی ساڵی ۱۹٦۹دا نووسیبووی:

لافاوێکی تازەی ئیعدامی کوشت و بڕ و گرتنی دیموکراتەکانی ئێرانی کەوتۆتەڕێ، تەنیا لەم چەند مانگی دواییدا دەها کوردی دیموکرات ئیعدام کراون، دەزگا ڕەسمییەکانی ئێران بەئانقەست خەبەری گرتن و ئیعدامەکان بڵاو ناکەنەوە، لەکوردستان دەیان کەس گوللەباران کراون، حکومەتی ئێران نیشتمانپەروەرانی کورد بەچەتە و ڕێگری تاوانبا دەکا، بەڵام لەراستیدا ئازادیخوازانی کورد لەسەر ئەوە گوللە باران دەکرێن کەداوای دیموکراسی بۆ

ئێران و لەماف و مەسلەحەتی گەلی کورد دیفاع دەکەن و دژی ئیمپریالیزم تێ دەکۆشن.

رۆژنامەی ال سیگلۆ ئۆرگانی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی شیلی لەژمارە ٢٧ی نوامبری ١٩٦٨دا نووسیبووی: ئێمە لەمەڕ ئێران شارەزاییەکی زۆرمان نییە، ئەوەندە نەبێ دەزانین ئەم ولاتە یەکێك لەکانگا مەزنەکانی نەوتە لەدنیادا، مۆلۆپۆنەکانی ئەمریکای شیمالی دەستیان کێشاوەتە ناو، لەوێ سوود و قازانجێکی ئەفسانەیی وەدەس دێنن، ئەو مۆنۆپۆلانە بۆ قازانجی خۆیان و بەستنەوەی ئێران، حکومەتێکی کۆنەپەرستیان بەسەر ئەم ولاتەدا سەپاندووە، ئەرکی ئەو حکومەتە سەرکوتکردنی دیموکرات و نیشتمانپەروەرەکانە، لەئێراندا موخالیفەکان ئیجازەی هیچ شتێکیان نییە، هەرکەس زمانی بۆ رەخنەگرتن بگەڕێ، دەیخەنە بەندیخانەوە، گرتن و نەفی کردن گەیوەتە رادەیەکی ئەوتۆ کەزەحمەتە باوەڕ بکرێ، زوڵم و زۆری رێژیمی ئێران بەوە نابڕێتەوە، لەم دواییەدا کوشت و بڕی خۆیان لەسەر کوردەکان توند و تیژتر کردووە، کوردەکان کەوتوونەتە بەر هەموو جۆرە زەبر و زەنگێکی حکومەتی نیوە فاشیستی ئێرانەوە، حکومەتی ئێران دەیەوێ ئەو فەرهەنگەی کەبۆ کوردەکان بێگانەیە بەسەریاندا بسەپێنێ، وەوەك کەمایەتیەکی میللی لەناویان بەرێ، وەلامی کوردەکان بۆ ئەو بێ عەدالەتیە خەباتێکی بێ وچانە کەبۆ پاراستنی میللیەت و دیفاع لەژیانی خۆیان دەیکەن، هێزە چەکدارەکانی حکومەتی ئێران خەریکی پەلاماردان و کوشتاری کوردەکانن لەشارەکانی کوردستان کەوتوونەتە بەر پەلاماری قشون و ژاندارمەکان کەلەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بەکوردستان وەرکراون، تەنیا لەماوەی دوو سێ مانگی دواییدا دەیان کەس لەدیموکراتەکانی کورد کەوتوونە بەر ئازار و جەزرەبەی وەحشیانە و کوژراون، کوشتاری وەحشیانە درێژەی هەیە، هەر کەس موخالیفی رێژیم بێ دەکەوێتە

بەندیخانەوە، لەوانەش خراپتر ئەوەیە کەحکومەتی ئێران هەوڵ ئەدا کوردەکان لەناوبەرێ، وا دێتە بەرچاو کەرەوتی سیاسی حکومەتی ئێران فەوتاندنی کوردەکانە، بەجۆرێکی ئەوتۆ کەشوێنەواری نەتەوایەتی کوردەکان نەمێنێ، یا ژیانیان بەتەواوی تێك بچێ، نابێ ئەو جینایەتە بێ دەنگەی لێ بکرێ، پێویستە لەقاو بدرێ.

رۆژنامەی ئونێتا ئۆرگانی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا، رۆژنامەی ئاوانتی ئۆرگانی حیزبی سۆسیالیستی ئیتالیا، رۆژنامەی ناسیۆن چاپی ئیتالیا، خۆپیشاندانی خوێندکارە ئێرانییەکانی دانیشتووی ئیتالیایان دژی جینایەتی ریژێم لەکوردستان بلاو کردبۆوە.

رۆژنامەی ایل پارتێتۆ چاپی ئیتالیا لەژمارەی ٢٨ی ژوئینی ١٩٦٩ دا نووسیبووی: کوردستان ناوچەیەکی ئێران سالی ١٩٦٨ بەهۆی راپەڕینی وەرزێرانەوە ٢٢ کەسی لێ ئیعدام کرا، سەرلەنوێ کەوتۆتەوە بەر پەلاماری فاشیستی ٥٠ کەس لەزەحمەتکێش و رووناکبیرانی کورد بەتاوانی تێکۆشانی شۆڕشگێڕی گوللەباران کراون، پاش کوشتن تەرمی ئەوانیان لەمەیدانی شارەکان بەخەڵك نیشان داوە، ئاشکرایە کەوەك هەمیشە کوشت و بڕ و فشاری کۆنەپەرستەکان بێجگە بەپەرەگرتنێ جوڵانەوەی رزگاریخوازی و نێزیك بوونەوەی رۆژی ئازادی نەتیجەیەکی تری نابێ.

رۆژنامەی ئونیتا لەژمارەی ٢٦ی مانگی ئۆکتۆبری ١٩٦٨دا نووسیبووی: خۆپیشاندانی خوێندکارانی ئێرانی دانیشتووی ئیتالیا لەگەڵ خۆپیشاندانی لاوانی ئێرانی لەشارەکانی پاریس، لەندەن، نیویۆرك، کۆڵن و بۆن دەست پێ کراوە، ویستوویانە بیروڕای گشتی جیهان لەکوشتار و جینایەتەکانی رێژیم ئاگادار بکەن، خوێندکارە ئێرانییەکان پەردەیان لەسەر ئیعدام و گوللەبارانی نیشتمانپەروەرانی کورد لاداوە.

ئێمە لەئاست ئیعدام و گوللەباران و گرتنی نیشتمانپەروەرانی کوردی ئێرانیِ ئیعتیراز دەکەین.

رۆژنامەی (تەریق الشعب) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لەژمارەی هەوەڵی نوامبری ١٩٦٨دا لەژێر سەرخەتی (ئیعتیرازی ح.ك.ع لەئاست کردەوەی رەشەکوژی و زەبر و زەنگی حکومەتی شاهەنشاهی ئێران دژی میللەتی تێکۆشەری کورد) نووسیبووی: ریژێمی شا لەشارەکانی خانێ، شنۆ، مەهاباد، جەلدیان، دەستە دەستە نیشتمانپەروەرانی کورد ئیعدام دەکا، بەگوێرەی دەنگ و باسی گەیشتوو لەئێرانەوە، حکومەتی شا لەشار و دێهاتی کوردستان رەشەکوژی و گرتن و راونانی ئازادیخوازانی کوردی دەست پێ کردووە، مانگی خەڵك دەپشکنن، خەڵکی بێ تاوان دەگرن، بەم جۆرە دەیانەوێ نیشتمانپەروەرانی کورد کەدژی سیاسەتی رەگەزپەرستی حکومەتی ئێران بەربەرەکانی دەکەن، سەرکوت بکا و بیان ترسێنێ، حیزبی کۆمۆنیستی عێراق دژی جینایەتەکانی شا لەسەرانسەر ئێران بەتوندی ئیعتیزار دەکا.

رۆژنامەی (رێگای کوردستان) ئۆرگانی کۆمیتەی ئیقلیمی کوردستان– حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، لەژمارە ٥ی نوامبری ١٩٦٨دا نووسیبووی: تاوان و کوشت و بڕی تاقمەی حاکمەی ئێران بەسەرۆکایەتی شا لەدژی هەموو گەلانی ئێران، بەتایبەت دژی گەلی کوردی چەوسێنراوە و بێ بەش لەئازادی لەهیچ کەس وون نییە، دەربەدەر کردنی هەزاران کەس بەتاوانی تێکۆشانی سیاسی و بێ بەش کردنیان لەپشوودان لەهەوای نیشتمانداء، بڵاوکردنەوەی رایەڵکەی مەترسی داری پۆلیسی، راونانی نیشتمانپەروەران، بێ بەش کردنی گەلانی غەیرە فارس لەمافی نەتەوایەتی و نەخوێندن بەزمانی زگماك، ئەمانەن خاسیەت و کردەوەکانی رێژیمی ئێران.

رۆژنامەی ناوبراو پاش بڵاوکردنەوەی ناوی هێندی لەشەهیدەکانی کورد نووسیبووی: بەڵێ ئەمانەیان شەهید کرد، بەڵام داخوا گرتن و کوشتنی تێکۆشەران دەتوانێ کاروانی خەباتی گەل و میللەتان بوەستێنێ؟ داخوا ئەم جۆرە کردەوانە دەبن بەهۆی رزگاربوونی زاڵم و زۆردارەکان و ئەوانەی خوێنی گەل دەمژن؟ بێگومان ناتوانێ، سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدەکانی ڕێگای ئازادی کوردستان.

رۆژنامەی (ئاڵای کرێکاران) بڵاوکراوەی کۆمیتەی مەحەلی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لەسولەیمانی، لەژمارە ٤ی مانگی نوامبری خۆیدا بەناوونیشانی (زوڵمی نەتەوایەتی لەکوردەکانی ئێران) نووسیبووی: لەهەموو جێگایەك باس هەر باسی تاوان و جینایەتی سازمانی ئەمنیەتی ئێران لەکوردستانی ئێران، گرتن، ئازاردان، هەڵاوەسین، سوتاندنی خانووی وەرزێرەکان، کار و پیشەی رۆژانەیە، بۆچی؟ چونکە کوردەکان لەپێناوی سەرەتایی ترین مافی ئینسانی دا خەبات دەکەن.

بڵاوکەرەوەی (پەیمان) ئۆرگانی دیفاعی (کۆنفیدراسیۆنی جیهانی خوێندکارانی ئێرانی) لەژمارە ١٣ی خۆیدا نووسیبووی: ڕێژیمی دژی گەلی شا، سەرەڕای ئەوە کەئیدعای سەقام گرتوویی دەکا، لەهەموو جۆرە نواندن و پیشاندانێکی ئیرادەی خەڵك دەترسێ، لەراپەڕینی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان ترسی ڕێ نیشتووە، هێزێکی چەکداری لەرادەبەدەری بۆ ئەو ناوچەیە ناردووە، کوردستان و بەشێکی ئازربایجان کراوەتە ناوچەیەکی نیزامی، ریژیمی شا دەیەوێ بوهوروژمی عەسکەری خەباتی گەلی کورد سەرکوت بکا، هەر لەو کاتەشدا هەوڵ دەدا کەنەهێڵێ خەباتی چەکدارانەی گەلی کورد لەدنیا دەنگ بداتەوە، مەعمورەکانی ساواك و ئەرتەشی لەبانەمەڕی ١٩٦٨دا ١٢ کەسیان لەتێکۆشەرانی کورد شەهید کرد، بۆ ترساندنی خەڵك تەرمی کۆژراوەکانیان بەشارەکاندا دەگێڕا و

بەخـەڵکیان نیشـان دەدا، کوشـتاری وەحشـیانە و شـێوەی فاشیسـتی ڕیـژێم ئیرادەی خـەڵکی کوردسـتانی تێك نەشـکاند، لـەو کاتـەوە جـەلادەکانی خـەڵکی ئێـران بەدڕندەییـەکی پـترەوە ئـەم ناوچـەیەیان پـەلامار دا، جینایـەتیان کـرد، بیچـمی ڕاسـتەقینەی خۆیـان نیشـان دا، مـەعمورەکانی سـازمانی ئەمنیـەت پـتر لەهەزار کەسی خەڵکی کوردستانیان گرتوە، دەیان کـەس لـەئازادیخوازانی کـورد لەدادگای سەحرابی دا موحاکەمـە و ئیعـدام کـراو، زۆر کەسـیان لـەماڵی خۆیانـدا کوشتوە، بەگوێرەی ڕاپۆرتی (گاوالێری) پارێزەری ئیتاڵیـایی ئەنجومـەنی حقـوق زانانی دیموکرات، حەفتا کەسیان لەکوردستان کوشتوە، مەعمورەکانی سـازمانی ئەمنیـەت مـاڵی خـەڵکیان ئـاگر تـێ بـەرداوە، زۆر لـەئازادیخوازانی خـەڵکی ئـەم ناوچـەیە ڕایـان کـردووە و دەربـەدەر بـوون، خـەڵکی کوردسـتان لەسـەر و مـاڵی خۆیان ئەمین نین.

بڵاوکـراوەی (خەبەرنامـە) سـەر بەجەبهـەی میللـی لـەژمارەی مـانگی بـەفرانباری ١٩٦٨دا نووسیبووی: خـەباتی گـەلی کـورد لـەژێر پـەردەی بـێ دەنگـی دەزگـای تەبلیغاتی ڕۆژئاوادا درێـژەی هەیـە، لەکوردسـتانی ئێـران خـەڵك دژی زوڵـم و زۆر ڕاپەڕیون، بـەپێی نووسـراوەی ڕۆژنامـەکانی سـەر بەحکومـەتی ئێـران تـا ئێسـتا دەیان کەس کوژراون، تەرمی کوژراوەکانیان بەشارەکانی سـەقز و بانـە و بۆکـان و مـەهاباد دا گێـڕاوە، لافـاوی سـەرباز و چـەك بـۆ کوردسـتان وەرێ کـەوتووە، ڕۆژنامەکانی ئێران خـەباتگێڕەکان (بـەدز و چـەتە) نـاو دەبـەن، لەشـکری ئێـران سەرانسەری کوردستانی داگرتووە، شێوەی جینایەت و کوشـت و بـڕی لەشـکری ئەمریکا لەوێتنام لەگەڵ خـەڵکی بـێ بەشـی کوردسـتان بـەکاردەهێنرێ، دێهـاتی کوردستان لەزەوی و لەهەوا بەئاگر وێران کراون.

سناتۆر وەکیل (جـان کـۆئین تـۆ) سـەرۆکی شـورای کۆمۆنیسـتەکانی شـارەوانی شـاری وینیـز لـەئیتاڵیا لەنامەیەکـدا بـۆ باڵوێزخانـەی ئێـران لـەڕۆم نووسـیبووی:

لەلایەن شورای کۆمۆنیستەکانی شاری وینیزەوە نیگەرانی و ئیعتیرازی خۆم لەئاست هەڵوێستی دەوڵەتی ئێران سەبارەت بەنیشتمانپەروەران و گیراوە سیاسییەکان و ئازادیخوازانی کورد کەهەموویان مەحکومی دەوڵەتی ناوەندین رادەگەیەنم، دەمانەوێ خەبەری راست لەمەڕ چارەنووسی گیراوەکان بڵاو بکرێتەوە، دەمانەوێ دادگای عادی و گشتی بەدیار پارێزەرانی نێو نەتەوایەتییەوە دابمەزرێت.

جوڵانەوەی تازەی کۆمۆنیستی ئێران لەرێ بەندانی ١٩٦٩دا، بەیاننامەیەکی بڵاو کردبۆوە لەوێدا گوترابوو: ئێستا چەند مانگە کوشتار و رەشەکوژی لەکوردستان حەشر دەکا، ژاندارمەکان، سەربازان، کۆماندۆکان، گروهی زەریەت، چریکی بەکرێ گیراو لەدێهاتی کوردستان دەستیان کردووە بەکوشتار و تاڵان، دەستە دەستە نیشتمانپەروەرانی کورد بۆ بەندیخانە و ئازارگا و تەبعیدگا و مەیدانەکانی ئیعدام دەنێرن، تەنیا لەماوەی پێنج مانگی رابردوودا لەمەهاباد، بۆکان، سەردەشت، شنۆ، نەغەدە، خانێ، بانە، پاوە، کرمانشان، راوەنسەر و سنە و دێهاتی دەوروبەر پتر لە سی هەزار کەس گیراوە، هەر لەو ماوەیەدا سەدان کەس بۆ ناوچەکانی ئاو و هەوا ناخۆش بۆ لای کرمان و رۆخەکانی خواروو دوور خراونەوە، زۆر لەتێکۆشەرەکان لەژێر ئازار و جەزرەبەدا شەهید کراون، تەرمی کوژراوەکان بەشارەکاندا دەگێڕن.

ئێمە داوا لەخەڵکی ئێران دەکەین کەلەخەباتی ئێستای کوردستان پشتیوانی بکەن.

رۆژنامەی شعلەی جنوب ئۆرگانی تشکیلاتی خوزستانی حیزبی تودەی ئێران لەژمارەی مانگی بەفرانباری ١٩٦٨دا نووسیبووی: لەماوەی دوو مانگدا ٢٦ کەس لەبرا کوردە ئازادیخوازەکانی ئێران کەلەکوردستان بەئازادیخواز و نیشتمانپەروەر ناسراون گوللەباران کراون، تەرمی ئەو قارەمانانەیان

بەشارەکانی کوردستاندا گێڕاوە تا خەڵك چاوترسێن بکەن، ڕێگای هەموو چەشنە ئیعتیراز و بەربەرەکانیەك ببەستن، سەرەڕای ئەم کوشتارە بێ شەرمانەیە، قولە چوماغەکانی حکومەتی خائینی شا وازیان نەهێناوە دەستیان کردووە بەگرتنی بەکۆمەڵی زۆر لەبرا کوردەکانمان، بەندیخانەکانی تەورێز، ورمێ، مەهاباد، خانێ لەرۆڵە نەبەز و نیشتمانپەروەرەکانی وڵاتەکەمان پڕ کراوە، مەرگ و جینایەت بااڵی ڕەشی بەسەر دوو ناوچەی سەربەرزی وڵاتەکەماندا کێشاوە، شەمشەمە کوێرەکانی ژاندارم و قازاخ کەبەبۆنی خوێن سەرخۆش دەبن، لەسەر وێرانەکانی بەشەی گرینگی وڵاتەکەمان هەڵدەپەڕن، هاونیشتمانان! لەیادی دڵسووتێنی پارچە جگەرەکاندا، لەفرمێسکی بەخوێی باوکە پیرەکان و ئافرەتە بێوەژنەکان و بێ کەس و لێ قەوماوەکانی ئەم برا شەهیدانەمان بیر بکەنەوە، مۆری بێ دەنگی لەدم و زاران بکەنەوە، لەکارگا و کارخانە، لەمەدرەسە و زانستگا، لەدێهات و لەشار لەهەر جێگایەك هەن، دەنگی ڕەخنە و ئیعترازی خۆتان بەرز کەنەوە لەگیانی ئەو تێکۆشەرانەی کەبۆ سەربەخۆیی و ئازادی وڵاتەکەمان کەوتونەتە کونەپەشی بەندیخانەوە دیفاع بکەن لەم قارەمانانەی کەبۆ سەلماندنی حەق و مافی نەتەوایەتی خۆیان، بۆ ئازادی زمانی زگماکی خۆیان خەباتیان کردووە و گیانی خۆیان لەپێناو ناوە بەچاکە یاد بکەن، نابێ دەستەوئەژنۆ دابنیشین و لەئاست ئەو جینایەتانە بێ دەنگ بین، سڵاو لەگیانی پاکی سولەیمانی موعینی، شەریف زادە، مەلا ئاوارە و تەواوی ئەو شەهیدانەی کەلەڕووداوەکانی ئەم دواییەدا گیانی خۆیان لەڕێگای ئازادی و گەلەکانی ئێراندا بەخت کردووە، سڵاوی گەرم بۆ گیراوە قارەمانەکانی کوردستان و ئازربایجان و هەموو گیراوە سیاسیەکانی ئێران.

مانگنامەی (مەردوم) ئۆرگانی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران لەژمارەی مانگی نوامبری ١٩٦٨دا نووسیبووی:

داگیرکردنی نیزامی کوردستان، پەلاماری بێ رەحمانە بۆ سەر نیشتمانپەروەرانی کورد ئیعدام و گوللەبارانی دەیان ئازادیخوازی کورد یەکێك لەوەحشیانەترین کردەوەی ریژیم بوو لەم دواییانەدا، ریژیمی شا بەخۆڕایی هەوڵی دەدا، تا ناوەڕۆکی سیاسی کوشتاری ئەم دواییەی کوردستان لەبیروڕای خەڵك بشارێتەوە و ئەو نیشتمانپەروەرانەی کەگیانیان لەرێگای نیشتمان دا بەخت کردووە بەدرۆ بە (ئاژاوەچی و چەتە) دابنێ، بەڵام کێ بڕوای بەم درۆیانە کرد، لافاوی رەخنە و ئیعتیراز کەپاش ئەم کوشتارە بەتایبەتی لەدەرەوەی وڵات کەوتەڕێ، جارێکی دیکەش بیچمی فێڵاوی ریژیمی شای بەدنیا نیشان دا.

رۆژنامەی کوردستان کەلەئەوروپا بڵاودەکرایەوە لەژمارەی ٢٢ ئوتی ١٩٦٩دا لەژێر ناوونیشانی (پەلاماری خوێناوی ریژیمی شا) نووسیبووی: ریژیمی شا بەشێوەیەکی فاشیستی لەگەڵ گەلی کورد دەبزوێتەوە، کامە نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز بێ، کێ داوای مافی خوراوی گەلی کورد بکا بەشی زیندان و سێدارەیە، تەرمی بێ گیان و بەخوێن شەلاڵی لاوانی کورد بەسەر شەقامەکاندا دەگێڕن، زیندانەکانی ورمێ، تەورێز، خوڕەماوا، قزل قەلا، قەسری قەجەر لەکوردە نیشتمانپەروەرەکان پڕ کراون، دادگای تایبەتی نیزامی دەستە دەستە تێکۆشەرانی کورد بەرەو مردن دەنێرێ، هیچ دایکێکی کورد لەترسی هێرشی شەوانەی سەرباز و سازمانی ئەمنیەت خەوی لەچاوی ناکەوێ، کوردستان کراوەتە ناوچەیەکی نیزامی و زیندانێکی گەورە بۆ چوار ملیۆن گەلی کورد، کوشتاری ئازادیخوازانی کورد و بەکارهێنانی شێوەی فاشیستی ناتوانێ گەلی کورد چاوترسێن بکا و کۆڕی خەباتی پێ چۆڵ بکا، خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادی نەتەوایەتی و دامەزراندنی ریژیمێکی دیموکراتی لەئێراندا، خەباتێکی عادلانە و پیرۆزە، هەموو گەلانی ئێرانی و هێزە پێشکەوتووەکانی دنیا لەو خەباتە پشتیوانی دەکەن.

رێکخراوی رووناکبیرانی کوردی ئێرانی لەدەرەوە لەبەیاننامەیەکدا نووسیبووی:
جینایەتەکانی ریژیمی دیکتاتۆری شا لەکوردستان درێژەی هەیە، بەدەستووری شا رۆڵە بەشەرەفەکانی گەلی کورد بەناوی (ئەشرار) لەکوردستان ئیعدام دەکەن، دادگای زەمانی شەڕ لەکوردستان دادەراوە، تێکۆشەرانی گەلی کورد کەلەئازادی و شەرەفی ئینسانی خۆیان دیفاع دەکەن، وەك سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ ژێر داری ئیعدام دەنێرن، یا بەگوللەی ژاندارمەکان دەکوژرێن، تاوانی ئەو کەسانەی کەبەدەستی جەلادەکانی ریژیمی شا دەکوژرێن تەنیا ئەوەیە کەبۆ خەڵکی ئێران ئازادیان دەوێ و لەپێناوی وەدەست هێنانی دەسەڵاتی میللی دا خەبات دەکەن، بۆ گەلی زەحمەتکێشی کوردستان داوای نان و زانیاری و لەش ساخی دەکەن، دەیانەوێ منداڵەکانیان بەزمانی زگماك بخوێنن، زیاتر لەهەزار کەس لەئازادیخوازانی کورد بۆ بەندیخانەکان ناردراون دەیان کەسیان لەئازادیخوازانی کورد بەئیعدام مەحکوم کرد، بەندیخانەکانی ئازربایجان و تاران و شارەکانی خواروی ئێران لەئازادیخوازانی کورد پڕ کراون.
بەیاننامەکە پاش ئەوەی کەناوی ٤٨ کەسی لەشەهیدانی کورد بڵاوکردبۆوە داوای لەبیروڕای دیموکراتی دنیا کردبوو کەلەدژی جینایەتەکانی ریژیم لەکوردستان دەنگی خۆیان بەرز کەنەوە.
ئێمە لەرادیۆ پەیکی ئێرانداتەواوی ئەو بەیاننامە و نووسراوەی رەخنە و ئیعتیرازی حیزب و رێکخراوەکانمان بڵاوەکردەوە.
پاش دوو رۆژ نامەیەکم بۆ کاك عەلی گەلاوێژ و دکتۆر سوڵتانی وەتەمیشی نووسی، داوام لێ کردن کەوەدەنگ بێن، هاواریك بکەن شتێك بنووسن، بەڵام بەداخەوە لەولاوە کەس دەنگی لەبەر نەهاتەدەر، کاك عەلی گەلاوێژ لەوەڵامی نامەی منداً بۆی نووسیبووم:

بـرای خۆشەویستم کـاك کـەریم گیـان چـەند رۆژ لەمەوبـەر نامەکـەت گەیشـت، لەلایەکەوە زۆر شاد بـووم بـەوەی کەخەبـەری سـلامەتی تـۆ و منداڵـەکانتی تێـدا بوو، لەلایەکی تریشەوە خەبەری تێك شکان و کـوژران و گیرانـی کوردەکـان لەحـەد بەدەر پەرۆشی کردم، یەکجار زۆر دڵم تەنگ بوو بەوەی کەنووسیبووت، زیـانێکی وا لەخـەباتی گەلەکـەمان دراوە کەبـەدە سـاڵیش جێـی پـڕ نابێتـەوە، کاکـەگیان ئەمن لەسووچێکی دوورکەوتووی ئەو وڵاتە دانیشتووم و خەریکی کـاری عیلمـیم، خەریکی شتێکم کەئەسڵەن بۆ ئەوە لەکوردستان وەدەرنەکەوتبوم، پێشـمەرگەی لەکوێ ئەکادیمی و کاری زانسـتی لـەکوێ؟ بـەڵام چـارەنووس ئەمـەی هێناوەتـە سەر رێگـام، ئێـوە کەلەناوەنـدی کارەکـان نێـزیکن و لەجـەزیانی بەسـەرهاتەکان ئاگـادارن دەبـێ ئێتلاعـاتێکی زۆرتـان ببـێ و بـۆ چـارەی مەسـەلەکە رێگایـەك و پێشـنیارێك بەسـەرۆکایەتی خۆتـان رابگەیـەنن، بەراسـتی مـن لـەم وەزعـە زۆر قەڵسم، زستانی رابردوو بۆچی ئێمەیان کۆکردەوە؟ نەتیجەکەی کوا؟ بۆچی هـیچ ناکەن؟ ئەو پرسیارانە و دەها پرسیاری تر لەمێشکما خول ئەخوات و بۆ هیچیان وەڵام نادۆزمـەوە، کاکـەگیان ئێـوە کەلـەوێن حەرەکـەتێك بکـەن و شـتێك بڵـێن، ئـەگینا ئێمـە لـەم رێگـا دوورەوە چـمان پـێ دەکرێـت؟ مەخصوصـەن وەزعـی بەندەی خۆت کەخۆت بەباشی لێی ئاگاداری.

بەبۆنەی جێژنی مەزنی ئۆکتۆبر پیرۆزباییت لێ دەکەم، ئـاواتم ئەوەیـە کەدەسـتی بەزەبری رێگای لینین ئەم گەلەی سەگ و گورگە لەسەر کوردستان راونـێ ماچـت دەکەم.

برات: عەلی گەلاوێژ

١٩٦٨/١١/٣ باکۆ

لەم بەینەدا هەر خەبەرێکی لەسەر کوردستان پێمان گەیشتبا لەرادیۆ پەیکی ئێران بڵاومان دەکردەوە، وتارمان دەنووسی، ئیعتراز و رەخنەی رێکخراو و حیزبە پێشکەوتوخوازەکانی جیهانمان لەو بارەوە بڵاودەکردەوە.

رۆژی ١٩٦٩/٢/١ دکتۆر رادەمەنیش و دکتۆر قاسملۆ هاتنە سۆفیا، دکتۆر رادەمەنیش لەو ماوەیەدا چووبوە عێراق و چاوی بەکاک حەمەدەمینی سیراجی کەوتبوو، پاش گەڕانەوەی کاک حەمەدەمین نامەیەکیشی بۆ نووسیبوو، دکتۆر رادەمەنیش دکتۆر قاسملۆشی لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆ سۆفیا کەلەگەڵ من و کاک حەسەنی قزڵجی باسی وەزعەکە بکەین و رێگایەک بدۆزینەوە، رۆژی ٢ی فوریە لەکۆبوونەوەیەکی رەسمی دا لەسەر وەزعی کوردستان و سەفەری دکتۆر رادەمەنیش و نامەی کاک حەمەدەمین باس دەست پێ کرا، دکتۆر رادەمەنیش باسی چاوپێکەوتنی حەمەدەمینی کرد و گوتی: هەرچەندی هەوڵم لەگەڵ داوە کەلەعێراق بمێنێتەوە، قبوڵی نەکردووە و نایەوێ لەعێراق بمێنێتەوە، ئەسڵەن روحییەی تێک چوە، پاشان نامەی کاک حەمەدەمین خوێندرایەوە، لەنامەی خۆیدا پێشنیاری کردبوو کەحەمەی حاجی سەعید و محەمەدی موهتەدی بچنە عێراق و لەگەڵ یوسفی رێزوانی کاری کوردستان بکەن، خۆشی بێتە ئەوروپا بخوێنێ، کۆبوونەوە بەهەڵوێستی کاک حەمەدەمین داخ و پەرۆشی دەربڕی و بڕیاردرا کەمن بچمەوە عێراق و لەوێوە خەریکی کاری کوردستان بم، لەبڕیارەکەدا گوترابوو پاش چەند مانگ دکتۆر قاسملۆش بگەڕێتەوە، حەمەدەمینیش بێتە سۆفیا لەرادیۆ پەیکی ئێران کار بکا، لەسەر رۆژنامەی کوردستان بڕیار درا هەروەک پێشوو بڵاو بکرێتەوە.

من ئامادەیی خۆم بۆ گەڕانەوەی کوردستان راگەیاند و گوتم لەعێراق گیر نابم یەکسەر دەچمە کوردستانی ئێران و ئەو برادەرانەی ماون کۆیان دەکەمەوە، بڕیار درا کەپاسپۆرتێک بۆ کاک حەمەدەمین ساز بکرێ و بێتە دەرێ، رۆژی

دوایی دکتۆر رادەمەنیش گوتی کاك حەسەنی قزڵجی گوتویە من بەتەنیا کاری رادیۆم پێ ناکرێ، کەریم نابێ سەفەر بکا هەتا یەکی دی نەیەتە جێگای ئەو، بەم پێیە سەفەری تۆ جارێ پەکی دەکەوێ.

رۆژی ١٩٦٩/٢/٥ نامەیەکم بۆ کاك حەمەدەمین نووسی کەوێنەی خۆی بنێرێ تا پاسپۆرتی بۆ ساز بکەین، لەو ماوەیەدا ئیتر من لەکاك حەمەدەمین بێ خەبەر بووم، رۆژی ٢٢ی ئەیلولی ١٩٦٩ دکتۆر رادەمەنیش نامەیەکی بۆ نووسیبوم لەوێدا گوتبووی پاسپۆرتی حەمەدەمینم داوە بەدکتۆر قاسملۆ کەبۆی بنێرێ، هەروەها نامە بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی بولغارستان نووسراوە کەحەمەدەمین بۆ خوێندن و بۆ کارکردن لەرادیۆدا قبوڵ بکەن، تۆش سەفەر بکەی، پاسپۆرتی حەمەدەمین ئەگەر بتوانی لەگەڵ خۆت ببەی.

لەو ماوەیەدا پاسپۆرتی حەمەدەمین دەقۆڵە کەوت، دکتۆر قاسملۆ دابووی بەبرادەرێکی عێراقی کەبیدا بەحەمەدەمین، ئەو برادەرە نەیتوانیبوو پاسپۆرتەکە بگەیەنێ، حەمەدەمینیش زۆر بەتوڕەیی پەیتا پەیتا نامەی دەنووسی.

رۆژی ١٤ی مانگی مای دکتۆر رادەمەنیش بەتەلیفۆن گوتی حەمەدەمین تیلگرافی کردوە کەبچم بۆ بەغدا، من پێم ناکرێ ئەو سەفەرە بکەم، تکایە تۆ بۆ چەند رۆژێك بچۆ بزانە چی دەوێ، لەبەر نەساخی کاك حەسەنی قزڵجی سەفەرەکەم وەدوا کەوت، رۆژی ٢٩ی مانگی مای کەوتمەڕێ و رۆژی ٣١ی مانگ گەیشتمە بەغدا و کاك حەمەدەمینم دیتەوە، دەستی کرد بەگلەیی بەتایبەتی لەدکتۆر قاسملۆ، دەیگوت: لێرە زاری جەوالی بۆ کردوینەوە و بەڵام هیچ، پاسپۆرتەکەشیان داوە بەو ئێستا بێ شوێنە.

تۆزێك هێنامەوە سەرخۆ، گوتم وەك پیاوان لەم خۆشارڕەوەکینە وەرە دەرێ تۆ رێبەرایەتی جوڵانەوەت لەئەستۆ بووە، خۆت بناسێنە دەست لەو نامە نووسین و

تیلگرافانـه هـەڵگره، چـووینه لای هاوڕێیـانی حیزبـی کۆمۆنیسـت و مـن ئـەم داخوازانەم هێنا گۆڕێ:

١- دەرەتانی چاپکردنی رۆژنامەیەکی مانگانەمان بۆ پێك بێنن.

٢- جێگایەك بۆ من لەبەرچاو بگرن کەبتوانم بەشێوەی نهێنی تێیدا بژیم.

٣- بۆ ناردنی حەمەدەمین بۆ دەرەوە یارمەتیمان بدەن.

برادەران گوتیان بەمەکتەبی سیاسی رادەگەیەنین و پاشـان وەڵامـت دەدەینـەوە لەو ماوەیەدا خەبەرمان زانی کەچەکدارەکانی کوردسـتانی ئێـران پـاش سـەفەری حەمەدەمین و ئیعدامی مەلا ئاوارە ناچار بوون بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی عێـراق، دەستەی سالّح لاجانی، حەوت کەس دەچنە مەڵبەندی شـۆڕش، لـەوێ دەگیرێـن و دەدرێنەوە بەحکومەتی ئێران و لەجەلدیان ئیعدام دەکرێن، ئەوانی دیکـە دێنـە لای مـام جـەلال لەبـەکرەجۆی رایـان دەگـرێ و لەهـەموو بارێکـەوە بەباشـی یارمەتیان دەدا.

ئەوانەی هاتبوونە بەکرەجۆی چەند جار هاتبوونە بەغدا ویسـتبویان حەمـەدەمین ببینـنەوە، بـەڵام خـۆی پـێ نیشـان نـەدابوون، مـن چـوکەڵی گەوهـەریم نـارد بـۆ سولەیمانی کەچاوی پێیان بکەوێ و کارێکی وا بکات چـەند کەسـیان بێنـە بەغـدا بیانبینم، چوکەڵ کاوە و مەلا سمایلی دیبـوو ئـەوانیش ١٩٦٩/٧/٧، نامەیـەکیان بۆ حەمەدەمین نووسیبوو گلەییان لێ کردبـوو کەبۆچـی خـۆی لێ شـاردووینەوە و خۆمـان نیشـان نـادا، کـاك حەمـەدەمین دڕی ئـەوەبوو کـەمنیش بیـانبینم، کۆمیتەیەکمان لەحەمەدەمینی سـراجی و چـوکەڵی گەوهـەری و یوسـفی رێزوانـی دامەزراند کەپێوەنـدی لەگـەڵ چـەکدارەکانی بـەکرەجۆ بگـرن و نـەهێڵن بـڵاوەی بکـەن و تووشـی شـەڕیش نـەبن لەگـەڵ شۆڕشـی کوردسـتان، بڕیارمـان دا ئـەو کۆمیتەیە کار بکا هەتا بەیەکجاری من دەگەڕێمەوە.

رۆژی ۱۹٦۹/۷/۷ گەڕامەوە بۆ سۆفیا و پاش چەند رۆژ ئەو نامەیەم بۆ رێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێران نووسی:

هیئت دبیران حزب توده ایران

ضمن تقدیم عرض سلام، رفقا باید این اصل را از نظر دور ندارند، که توجه به جنبش کرد مسئله ضروری است، مسئله بسیار بغرنج است، درست است که فعلا جنبش در کردستان ایران سرکوب شده است، ولی این بدین معنی نیست که مسئله در کردستان حدت خود را از دست داده است، گروههای زیادی هریەکی برای هدفهای معینی چشم به کردستان دوختەاند بطوریکه مشاهده امیشود کسانیکه دیروزبنوشتن کلمەء (خلقهای ایران) اعتراض میکردنند امروز برای جنبش مسلحانەء کردستان اشك تمساح میریزند، شست نفر از رفقای مسلح ما پیش جلال طالبانی رفته وبعید نیست در گام گروه (توفانی یا تودەء انقلابی) بیانقتند، همەء این جریان مارا وا میدارد که توجه بیشتری به قضیەء کردستان معطوف داریم، ولی متاسفانه کار وفقای کمیتەء مرکزی در این مورد هم مانند سایر کارهایش عبارت است از سستی، عدم قاطعیت، تصمیم نەگرفتن و بالاخره روشن نبودن خط مشی است.

مدت یکسال است مسئله رفیق محمد امین حل نشدەاست، رفیق محمد امین به کلی مایوس و رنجیده خاطر شدەاست، از نحوەء کار شما اینطور بر میاید که نمیخواهید در انجام این مسئله قاطعیت بخرج دهید، کویا رفقای بلغاری برای تحصیل محمد امین مدارك تحصیلی خواستەاند، کسی نبوده و یا اگر بوده نخواستەاست به رفقای بلغاری بگوید کسی که از میدان جنگ و کشتارگاه رژیم ایران جانش بسلامت بدر برده باشد مدارك تحصیلی را از کجا بیاورد، ایا این رفقای که حالا درجەء دکتورا گرفته و به رهبری طبقەء کارگر ایران هم رسیدەاند

دارای مدارك تحصیلی بوده‌اند؟ این شیره بروکراسی، و حل نه‌کردن مسائل معلوم نیست چه عواقبی را به بار خواهد اورد.

در باره‌ء کمك نه‌کردن به رفقا، رفقای ما به این عقیده رسیده‌اند که حزب توده‌ء ایران به منظنه‌ء روز نان میخورند، موقعیکه جنبش در حال اعتلا است و سازمان و افراد مسلح موجود میباشند، به تکاپو میا افتند و عده و وعیدمیدهند، اعلامیه مشترك مینویسند، بعدا که عده‌ای کشته شدند، جنبش سرکوب شد نوعی دیگر رفتار میکنند، قول و قرارها را به دست فراموشی میسپارند، پیشنهاد میکنم در باره‌ء مسئله کردستان تصمیمات جدی و قاطعی اتخاذ نمائید.

١٩٦٩/٧/١٤

پاش ئەو نامەیە ١٧ی مانگی ژوئیە ئیحسان تەبەری هاتە سۆفیا لەگەڵ کاك حەسەنی قزڵجی گلەییمان لێ کرد لەوڵامدا هەر وەك خسوسیاتی ئەو بوو گوتی حەقتانە ئێمە لەسەر مەسەلەی میللی ساخ نەبووینەوە، ئەو ماوەی کەلەوێ بووی لەسەر مەسەلەی کورد و جینایەتی ریژیم لەکوردستان سێ وتاری نووسی کەلەرادیۆ بڵاو کرانەوە.

من ئیتر لەحەمەدەمین و لەدکتۆر رادەمەنیش بێ خەبەر بووم تا رۆژی ١٩٦٩/٩/١٥ دکتۆر قاسملۆ نامەیەکی بۆ نووسیم و دەڵێ: چاوم بە (رام) کەوتوە، دەڵێ هەموتان ناسیۆنالیستن، بۆچی لەبەغدا کۆمیتەتان دامەزراندووە؟ دەبێ وەزعی خۆتان روون کەنەوە یانی دەس لەحیزبایەتی دیموکرات هەڵبگرن، قەرارە پاش گەڕانەوەی لەسەفەر چاوی بەتۆ و بەکاك حەسەنیش بکەوێ.

لەو بەینەدا کاك حەمەدەمین چەند نامەی بۆ نوسیم لەهەمووی هەر هاواری پاسپۆرت و گلەیی مانەوەی لەبەغدا بوو، لەنامەیەکی دواییدا کاك حەمەدەمین

نووسیبووی: کەچاوم بە دکتۆر جەلال (کورش لاشایی) تودەی ئینقلابی کەوتوە و ڕاتۆتەلام، بەڵام بەڵێنی هیچم پێ نەداوە، چاوەڕوانم بزانم بیرووڕای ئێوە چییە؟

ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/١٨ نامەیەکی دوور و درێژم بۆ حەمەدەمین نارد کەوا هێندێ بەشی لێرەدا دەنووسمەوە:

برای بەڕێزم کاك فاتیح (ئەو دەم حەمەدەمین ناوی فاتیح بوو) نامەی ١١/٢٩م پێ گەیشت، نووسیوتە لەمەڕ ئیشی ئەو برادەرانە، من کەلەوێ بووم لەو بارەوە قسەمان زۆر کرد، نەمانتوانی ڕێگایەك بدۆزینەوە، لام وایە ئەگەر لەوێ بمێننەوە و ڕەگەڵ شەڕ و هەڵای عێراق دژی مەلا مستەفا نەکەون زۆرباشە، ئەگەر تێ وەربدرێن دیارە زۆر جێگای داخە، بەڵام وادیارە نەك هەر نەپارێزراون بەڵکو تۆشیان تێ وەرداوە، تۆ ماوەی دوو ساڵ خۆت لەژوورێك دا مەڵاس دابوو خۆت لەوە دەپاراست کەتووشی ئەو بەزمە نەبی، خۆ ئەگەر ویستبات لەگەڵ دکتۆر جەلال (کورشی لاشایی) وتوویژ بکەی ئیتر دوو ساڵ خۆ مات کردنت بۆ چی بوو؟ خۆ زۆر باشتر بوو بچی میوانی خاوەن ماڵەکە بی (مەبەست حکومەتی عێراقە) ئەو دەم دژی ئەوە بووی، دەتگوت ئەوان پرس بەدەستەی جەلال دەکەن، ئێستا تۆ چووی لەگەڵ تۆکەری تۆکەران وتوێژت کردووە، نازانم ئەوان چییان پێ دەکرێ لەجنێودان و بێ حەیایی زیاتر؟ لەگەڵ هێندێ بەرەڵا قسەت کردوە کەکاریان هەر جنێودان بەحیزبی شیوعی و یەکێتی سۆڤێتی و خەڵکی دیکەیە، نەهیچیان کردوە نەهیچیان پێ دەکرێ.

خۆت دەزانی من هەمیشە دژی پێوەندی و هاوکاری لەگەڵ ئەم تاقمە ئێرانییە بووم کەخۆیان هاویشتۆتە ئامێزی مام جەلال و لەژێر سێبەری ئەودا لاقی خەڵك دەگرن، لام وایە ئەوانە نەئێستا و نەلەدواڕۆژدا لەئێراندا گوڵ ناکەن، هەر ئەو ڕێگایەیان لەبەرە کەتاقمی عەزیز الحاج گرتیەبەر.

رەنگە بڵێی لەم وەزعە تەکلیف چییە؟ بەلای منەوە بۆ ئینسانی سیاسی ئەو مەسەلانە دێنە پێش، سیاسیەك دەبێ زۆر دوورتر و قوڵتر بیربکاتەوە، پێوەندی لەگەڵ تاقمی ئێرانی کەلەئامێزی مام جەلال دان، یانی دووری لەحیزبی کۆمۆنیستی عێراق کەبەقازانجی جولانەوەی رزگاریخوازی ئێمە نییە، پێوەندی لەگەڵ ئەوانە بۆ دابین کردنی چەند هەڤاڵێك، یانی چوونە نێو زەلکاوی ئۆپۆرتۆنیستی تا ملان، تازە بۆچی دەبێ هەر کەسێکی راست بۆوە سەودامان پێ بکا و بەدوو بەیاننامەی خوێڕی چاومان بنوسێنین، سیاسەت قۆرت و شکانی تێدایە، کەسێك سەردەکەوێ کەنەپۆشەکێ و بای رەگوێ یان نەکەوێ، بەکورتی من لەگەڵ پێوەندی و وتووێژ لەگەڵ ئەو تاقمە موخالیفم کاك حەسەنیش موخالیفە، بەڵام ئەو زۆری پێ خۆشە خۆت سەربەست و سەربەخۆ وێڕای پێوەندی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست کار بکەی.

لەسەر وەزعی خۆم: داوام کردووە کەرێگام بدەن بگەڕێمەوە، کاکەگیان بەقسە لەدووڕەوە خەبات خۆشە، ئێستا من لەئەوروپام و لەشێنەیی دا ئەو قسانە دەکەم و دەنووسم، زەحمەتم لەبەر نییە، بەڵام ئەگەر بەکردەوە کارێك بکەم ئەو دەم دەزانم وایە.

کاك رەحیم[۲۲] نایەوێ ئیعتیراف بکا کەئێمە لێرە هیچمان لەدەس نایە، ئاخر ئەو لای خۆی قسەکەری رەسمی ئێوەیە! من نامەم بۆ نووسی و داوام لێ کرد کەهەردووکمان بگەڕێینەوە، وەڵامی نەدامەوە، من بەبێ رێگادان و یارمەتی حیزبی تودە ناتوانم سەفەر بکەم، وەزعەکەمان ئاوایە، هەتا خۆ دەگرین رێگای دیکەمان نییە، لەبیرت نەچێ بەبۆنەی ۲ی رێبەندانەوە بەیانێك دەربکەی.

رێبەرایەتی حیزبی تودە نەك هەر بۆ یارمەتی برادەران و بەجێ گەیاندنی قەول و قەرارەکانیان هەنگاویان نەهاویشت، بەڵکو کەوتبوونە پەڵپ و بیانوش.

---

(۲۲) مەبەست دکتۆر قاسملووە.

رۆژێك لەپڕ نامەیەكیان بۆ رادیۆ ناردبوو كەگوایا بەشی كوردی پەیكی ئێران حكومەتی عێراقی پەلامار داوە، لەكاتێكا سرف درۆ بوو، كاك حەسەنی قزڵجی گوتی: ئەوە سەرەتای پەڵپ و بیانوە، پیاو ئەگەر بەدەستی خۆی پەت بكاتە ملی خۆی ئاوا دەبێ، كاك عەلی گەلاوێژیشیان بەو بیانوە دەركرد گوایا مەلا مستەفا رقی لێیەتی.

گوتم: بەجەهەندەم لەخولاّم دەوێ لێرە دەرم بكەن و نەجاتیم بێ بچمەوە نێو برادەران، لەو بەینەدا مەسەلەی گرینگ ببوو بەپاسپۆرتی حەمەدەمین.

رۆژ نەبوو نامە نەنووسێ كەپاسپۆرت چی لێ هات، پاسپۆرت بەدەست برادەری عێراقیەوە دەقۆلە كەوتبوو، برادەرانی چەكدار تووشی بەكرەجۆ ببوون و جەماعەتی تودەی ئینقلابی كەوتبوونە ناویان.

لەولاّمی نامەكانی كاك حەمەدەمین دا نامەیەكم بۆ نووسیوە كەروونویسی لەلای خۆم ماوە و بەداخەوە تەریخی لەسەر نییە، لێرەدا كورتەی نامەكە دەنووسمەوە:

.... بەكورتی وەك كەلاكی كەوتوو هەر كەس دەیەوێ بۆ لای خۆی رامان بكێشێ، نازانم چمان بەسەر دێ، هەروەك زۆرجار پێم گوتوی دووپاتی دەكەمەوە ئێمە ئەوانەی لەئەوروپاین (با هەر خۆم بڵێم بەڵكو خەڵكی تر بەقسە لەمن پیاوتر بن) لەكەلاكیش خراپترین، هەتا لەئاست باری ژیان و جولاّنەوە دەستمان لەژێر باری خەڵك دا بێ تروتۆپ بەكار نایە، هیچمان لەدەست نایە، لەم رۆژانە لای كاك حەسەن بووم، پاش ئەوەی كەهیچ رووناكیمان نەدەدی پەنام بردە بەر خودا دەپاڕامەوە یا منداڵەكانم بكوژێ سەڵت بمەوە یا نەجاتم بێ و رێگای ژیانی منداڵەكانم بۆ بكاتەوە.

ئێوە شوكر وا نەكەوتوونە ژێربار، راستە وەزعی ژیانتان باش نییە، بەلاّم ژێر دەست نین، خودا ئەوەی ئێمە بەنسیب یوسفی رێزوانی بكا بێتە ئەوروپا و ببێتە

ژێر دەست، ئێوە دەتوانن بەلارە لاریش بێ ئالای ئەم جولانەوە شۆڕشگێڕییە بەرز رابگرن، تێ بکۆشن هەرچۆنێك بێ لەگەڵ دیوی خۆمان پێوەند رابگرن با لەگەڵ باقە کەسێکیش بێ، ئەگەر بتوانن لەسەر سنوور فەقێ برایم بدۆزنەوە، جاروبار خەبەرێکتان بکەوێتە بەردەست، رەنگە ئەم کارە دژوار بێ، بەڵام دەکرێ، پێویستە تۆ لەم وەزعەی دوو ساڵ بێیە دەرێ، ئەم کورانەی بەکرەجۆ وریا بکەیەوە، تازە لەخەباتی چەکدار کەوتووین، دەبێ بۆ لای عاملاندن و سازماندان بچین، لینین دەڵێ: پێویستە بەسەر تەواوی شکلەکانی خەبات دا زاڵ بین و بتوانین لەهەموو دەرەتانێك کەڵك وەرگرین.

هەوڵ دان بۆ رۆژنامەیەکی مانگانە یەکێ لەئەرکە گرینگەکانی رۆژە....

کاك حەمەدەمینی سیراجی لەئەوروپا

پاش نامە نووسین و هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، کاك حەمەدەمین پاسپۆرتەکەی کەوتە دەست، دکتۆر ردمنیش چووبووە بەغدا حەمەدەمینی ناردبوو بۆ سۆفیا، قەولی پێ دابوو کەلەیەکێك لەوڵاتەکانی سۆسیالیستی بخوێنێ، کاك حەمەدەمین تەلیفۆنی بۆ من کرد کە ۱۹۷۰/۲/۱۵ دەگاتە سۆفیا، لەولاشەوە دکتۆر رادەمەنیش خەبەری دابوو بەجەوانشێر نوێنەری حیزب و ئەندامی دەفتەری سیاسی کەوا حەمەدەمین دێ بۆ سۆفیا، بەڵام ئەو کابرایە کەدەیزانی ئەو مەسەلە پێوەندی بەمنەوە هەیە و دوو ساڵە لەهاتوچۆ دام بەمنی نەگوتبوو کەحەمەدەمین بۆ سۆفیا دێ، رۆژی ۱۵ی فوریە چوومە فرۆکەخانەی سۆفیا کەدیتم بەهرامی دانش ئەندامی حیزبی تودە و کارمەندی رادیۆ لەفرۆکەخانەیە، پاش سڵاو و ئەحوالٌ پرسی لێم پرسی چۆنە هاتووی؟

گوتی: برادەرێك لەئەوروپارا دێ دەیبەم بۆ هوتێلی حیزب منیش گوتم زۆرباشە برادەرێك لەبەغداوە دێ پێکەوە دەگەڕێینەوە، کابرا واقی ورما گوتی: چۆنت زانیوە یەکێك لەبەغداوە دێ؟ پێکەنیم گوتم: زۆر سەیرە ئەوە دوو ساڵە

لەهاتوچۆی بەغدادا نیم؟ ئەی چۆن نازانم برادەرێکی من دێ کەئەندامی حیزبی دیموکراتە.

– عجیب چرا اینطور بمن نگفته بودند.

– کارهای شما همەاش اینطور است.

زۆری پێ نەچوو فرۆکە گەیشت و کاك حەمەدەمین بەجانتایەکی زلەوە گەیشتە سۆفیا، یەکترمان ماچ کرد و کابرا لەوێ حەپەسابوو.

ئاخری پێم گوت ئەو برادەرە تودەییە و لەبەر تۆ هاتوە، بەرفیق دانشم گوت: لەگەڵ ئێمە دێیەوە یا چاوەڕوانی موسافیری ئەوروپا دەبی، گوتی:

– اقای حسامی مارا مسخره کردەاید.

بەکورتی گەڕاینەوە بۆ سۆفیا و لەهوتێلی حیزب جێگایان بۆ کاك حەمەدەمین راگرتبوو، چەند رۆژێك لەسۆفیا بوو لەسەر قەول و قەراری دکتۆر رادەمەنیش دەبوایە بچێتە لایپزیك، بەڵام لەپڕ رێبەرایەتی حیزبی تودە پێیان گوت ئەگەر بۆ خۆی دەچێ وەك توریست کەیفی خۆیەتی دەنا ئێمە میوانی ناکەین، ئەو سەروبەندە بوو کەکۆمیتەی مەرکەزی حیزبی تودە خۆیان خۆش کردبوو کەدکتۆر رادەمەنیش وەلا بنێن، ئەوکەسەی کاتی خەباتی چەکدارانە ئەو هەموو هەوڵ و تەقەڵایەیان بۆ بینینی دەدا، ئێستا لەسەر ئەوەشەوە کەسکرتێری حیزب ناردبووی، رێگایان نەدەدا بچێتە لایپزیك، من داوام لێ کردن کەبلیتی فرۆکە بۆ دکتۆر قاسملۆ بکرن بێتە بولغاریا و چاومان پێك بکەوێ، ئەو پێشنیارەشیان رەت کردەوە، دکتۆر قاسملۆ بەخەرجی خۆی هاتە سۆفیا، چوار نەفەری من و دکتۆر قاسملۆ و کاك حەسەنی قزڵجی و حەمەدەمین لەماڵی ئێمە دوو رۆژ دانیشتین و لەوەزعی رۆژهان کۆڵیەوە، هاتینە سەر ئەو بڕیارە کەکاك حەمەدەمین بۆ بەغدا بگەڕێتەوە.

پاشان دکتۆر قاسملۆش بچێتە بەغدا و لەگەڵ حیزبی بەعس کەپاش یازدەی ئازار بوو پێوەندی بگرێ، پاشان منیش بگەڕێمەوە.

رۆژی ٢٠ی مارسی ١٩٧٠ کاك حەمەدەمین زۆر بەنابەدڵی و بەتووڕەیی گەڕاوە بۆ بەغدا، پاش ماوەیەك دکتۆر قاسملۆش دەچێتە عێراق و لەوێ لەگەڵ حەمەدەمین و یوسفی رێزوانی دەچێتە لای مەلا مستەفا، لەگەڕانەوەدا ١٩٧٠/٤/١٥ نامەیەکی بۆ نووسیم لەنامەکەدا دەڵێ:

برای خۆشەویستم کاك کەریم رۆژ باش

دوێنێ لەعێراق گەڕامەوە، هەموو دۆست و برادەر سڵاوت لێ دەکەن، هەروەها سڵاویان هەیە بۆ کاك حەسەن.

١- لەبەغدا دوو جار لەگەڵ رادەمەنیش دانیشتین، ئێمە نەزەرمان ئەوەبوو کەئەو پێك هاتنەی فوریەی ١٩٦٨دا بەینی ئێمە و ئەوان لەبەغدا ئیمزاکراوە ئیعتیباری هەیە، بەڵام رەفتاری زۆر نالەبار و بێ مانا بوو، لەپێشدا گوتی: بۆ هاتوی؟ لەپاشان گوتی مەچنە لای مەلا مستەفا، ئەگەر هەر دەچن تەنیا پیرۆزبایی پێ بڵێن باسی شتی تر مەکەن، ئاخر جاریش کەدیمان گوتی: خەرجی سەفەری تۆ نادەم، چونکە بەبێ ئیجازەی ئێمە هاتووی، وەدرکاندی کەکاغەزێکی نووسیوە بۆ بۆرۆ کە (ئەگەر هێندێ شەرت هەیە) جێبەجێیان نەکەم حەقم نییە سەفەر بکەم! منیش زۆر تووڕە بووم پێم گوت: ئەو رەفتارە جێگای داخە و دڵنیام پەشیمان دەبیەوە.

پاشان دکتۆر قاسملۆ لەبارەی چوونی بۆ لای مەلا مستەفا و دیتنی مەکتەبی سیاسی پارتی نووسیبووی: ئەوە کەمەلا مستەفا موافەقەتی کردووە کوردە ئێرانییەکانی لای جەلال تاڵەبانی بێنەوە ناوچەی شۆڕش، لەنامەکەیدا باسی ئەوەی کردبوو کەهەتا کۆنگرە یان کۆنفرانس کۆمیتەیەکی کاتی بۆ رێك و پێك کردنی کاروباری حیزبی دیموکرات لەو کەسانە پێك بێ:

(ئەمیری قازی– هێمن– حەسەنی رەستگار– عەولای حەیاکی– حەمەدەمینی سیراجی– یوسفی رێزوانی– کەریمی حسامی– عەبدولڕەحمانی قاسملۆ) ئەرکی دانانی بەرنامەی حیزب بەمن و بەدکتۆر قاسملۆ ئەسپێردرابوو.

لەو ماوەیەدا لەرێبەرایەتی حیزبی تودەدا ئاڵوگۆڕ پێک هات، دکتۆر رادەمەنیشیان لابرد و ئیرەجی ئەسکەندەری بەسکرتێری حیزب هەڵبژێردرا، ٣٠ی سیپتامبری ١٩٧٠ دکتۆر قاسملۆ هاتە سۆفیا، لەسەر مەسەلەی دانانی بەرنامەی حیزبی دیموکرات و رێبازی خەبات و گەڕانەوەمان بۆ عێراق قسەمان کرد، ڕۆژی ١٢ی ئۆکتۆبری ١٩٧٠ بۆڕۆی تازەی حیزبی تودەی ئێران داوای کردبوو کاك حەسەنی قزڵجی و ئەمن و دکتۆر قاسملۆ بچینە ئەڵمان، ڕۆژی ٧٠/١٠/١٥ لەگەڵ ئیرەجی ئەسکەندەری کەسکرتێری یەکەمی حیزبی تودە بوو وەکامبخش ئەندامی بۆرۆ کۆبوونەوەمان هەبوو، دکتۆر قاسملۆ باسی سەفەری خۆی کرد بۆ بەغدا، پاشان ئێمە باسی رێباز و بەرنامەی حیزبی دیموکراتمان کرد، ڕەفیق ئەسکەندەری گوتی: هەیئەتی دەبیرانی حیزبی تودە کۆدەبێتەوە و بەیانی باسی لەسەر دەکەین.

ڕۆژی ١٩٧٠/١٠/١٦ بەیانی ئیرەجی ئەسکەندەری و کامبخش لەلایەن هەیئەتی دەبیرانی حیزبی تودەوە لەگەڵ ئێمە سێ کەس (کاك حەسەنی قزڵجی، دکتۆر قاسملۆ و من) کۆبوونەوە، ئیرەجی ئەسکەندەری گوتی:

هەیئەتی دەبیرانی حیزب لەکۆبوونەوەی خۆیدا لەسەر پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکرات ئەو بڕیارانەی داوە.

١– هاوالآنی حیزبی دیموکراتی کوردستان تێ بکۆشن کەحیزبی دیموکرات لەجەریانی دژی کۆمۆنیستی و دژی سۆڤێتی بەدوور بێ.

٢– سیاسەت و ڕەوتی دژی حیزبی تودەی ئێران نەگرێتە پێش.

٣– لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی پێوەندی باشی هەبێ.

٤- حیزبی دیموکرات خۆی بەبەشێك لەجوڵانەوەی رزگاریخوازی سەرانسەری ئێران بزانێ.

٥- پاش پێك هێنانی رێکخراوەیەکی ئەوتۆ، حیزبی تودەی ئێران ئەم حیزبە بەرەسمی دەناسێ و بەهەموو تواناوە پشتیوانی لێ دەکات.

دکتۆر قاسملۆ گوتی: حیزبی دیموکرات بێجگە لەو رێبازە، رێبازی دیکەی نییە.

دەقی ئەم برپیارانە وەك برپیاری هەیئەتی دەبیرانی حیزبی تودەی ئێران بەخەتی کاك حەسەنی قزڵجی نووسرایەوە، هەموومان واتە (ئیرەجی ئەسکەندەری، کامبەخش، حەسەنی قزڵجی، دکتۆر قاسملۆ و کەریمی حسامی) ئیمزامان کرد، برپیار وابوو نوسخەیەك لەم برپیارانە لەلای ئێمە بمێنێتەوە، رەفیق ئیرەج گوتی: فۆتۆکۆپی دەکەین و بۆت دەنێرم.

جارێکی تر کەرەفیق ئیرەجم دیتەوە داوای فۆتۆکۆپی برپیارەکانی کۆبوونەوەی ١٦ی ئۆکتۆبرم لێ کرد، لەوەڵامدا گوتی: دەزانی نوسخە ئیمزا کراوەکە ون بوە، بەڵام برپیارەکان یادداشت کراون.

١٩٧٠/١١/٢٢ نامەیەکم بۆ هەیئەتی دەبیرانی حیزبی تودە نووسی و داوام کرد کەزووتر بگەرێنمەوە بۆ عێراق.

پاش کۆبوونەوەی ئەڵمان لەگەڵ برادەرانی حیزبی تودە، ئیتر دکتۆر قاسملۆ گیر نابێ و دەگەرێتەوە بۆ عێراق، ١٩٧٠/١٢/٤ نامەیەکی بۆ نووسیبووم، لەوێدا دەڵێ:

هەروەك لەنامەی پێشوودا نووسیومە، تۆ خەبەریان بدەیە و وەرە بۆ ئێرە، ئەوان مەجبور دەبن یەکێك بۆ رادیۆ بێنن، دیارە هەرچی زیاتر ئیسرار بکەی کەکارەکەت بۆ جێ بەجێ بکەن باشترە، رێگا ئەوەیە خۆت بەتەلیفۆن دەگەڵ ئیرەج قسە بکەی، بەنامە مەسەلەکە بەم زوانە جێ بەجێ نابێ، چونکە ئەوەی نیمانە پیاوی بەکار و کادیرە، ئەگەر کارەکانت جێ بەجێ کرد لەسەر بلیت گیر

مەبە، خەبەرمان بدەیە بلیتت بۆ حەوالّە دەکەین، برادەران هەموو سلّاویان هەیە، جارێ هەر بژی.

رۆژی ۱۹۷۰/۱۲/۱۳ دکتۆر قاسملۆ لەبەغداوە نامەیەکی دیکەی بۆ ناردم و ئەم جارە دەنووسێ:

برا گیان زۆر پێ ویستە کەگیر نەبی هەرچی زووتر خۆت بگەیەنیە بەغدا، چونکە بەڕاستی کارمان زۆرە، وەزعێکی وەها تایبەتیش هاتۆتە پێش کەپێویستە تۆ لێرە بی و مەسئولیەتی کاری تەشکیلاتی بخەیە سەر شانی خۆت. چاوەڕوانی نامە و هاتنتین.

من چاوەڕوانی ولّامی برادەرانی تودە بووم، ۱۹۷۰/۱۲/۲۵ جەوانشێر کەبەرپرسی رادیۆ ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو گوتی: برادەرانی بولغاری دەپێشدا رازی نەبوون مندالّەکانت لێرە بمێننەوە، پاشان گوتوویانە دەبێ حیزبی تودە نامە بنووسێ، بەلّام حیزبی تودە کەی ئەو نامەیە دەنووسێ مەعلوم نییە.

بەم جۆر لەبەر چارەسەر نەکردنی وەزعی مندالّەکانم گەڕانەوەم بۆ عێراق وەدوا کەوت، برادەرانی لەبەغدا بوون بەتایبەت دکتۆر قاسملۆ، کاك حەمەدەمینی سیراجی پەیتا پەیتا نامەیان دەنووسی داوای گەڕانەوەیان دەکرد، رۆژی ۱۹۷۱/۱/۲۸ جەوانشێر لەپلینۆمی حیزبی تودە گەڕایەوە گوتی: رێبەرایەتی حیزب لەسەر ئەو باوەڕەیە کەتۆ نابێ بچیەوە بۆ بەغدا، گوتم: من ئەندامی حیزبی تودە نیم، پاشان ئێمە لەبەلّگەیەکی ئیمزاکراودا لەگەلّ هەیئەتی دەبیران رێك کەوتووین کەحیزبی دیموکراتی کوردستان زیندوو بکەینەوە.

جەوانشێر گوتی: چونکە تۆ لەرادیۆی ئێمەدا کارت کردووە بەتودەیی ناسراوی، ئێمە دژی گەڕانەوەی تۆین بۆ عێراق، ئەگەر خۆشت دەگەڕێیەوە ئازادی، بەلّام ئێمە بەحیزبی کۆمۆنیستی بولغار و حیزبی کۆمۆنیستی عێراق رادەگەیەنین

کەهیچ پێوەندیت لەگەڵ ئێمە نییە، لەبارەی مالّ و منداڵی تۆش ئێمە هیچ ئیقدام ناکەین، ئیتر خۆت دەزانی.

قسەکانی جەوانشێرم لەگەڵ کاك حەسەنی قزڵجی هێنا گۆڕێ، کاك حەسەن گوتی: چارەنووسی خۆت و منداڵەکان، خوێندنی منداڵەکان لەگۆڕێ دایە توشی ئیحساسات مەبە، پاشان قسەی لێ دەکەین.

گەڕامەوە مالّ باسەکەم بۆ دایکی کەمال گێڕاوە، زۆر ناڕەحەت بوو، دەستی کرد بەگریان و گوتی: ئەو برادەرانە ئەوەندە نامەت بۆ دەنووسن بڕوایان بەتۆیە لەچیاکانەوە هیوایان بەتۆ بوو بچیەوە لایان، ئێستاش گوێ مەدەیە بگەڕێوە لای ئەوان، ئێمە بەجێ بێڵە و هەرچی دەبێ با ببێ.

منداڵەکان گوێیان لەقسە و باسی ئێمە بوو هاتنە پێشێ و پرسیان: بۆ ناهێڵن سەفەر بکەی؟ ئەگەر سەفەر بکەی بۆ دەرت دەکەن، شلێر جاروبار هێشتا بەزمانی چەکی قسەی دەکرد گوتی: تاکڵێ نێنێی چێستۆ واتە (ئەوە شەرافەتمەندانە نییە).

شەوی ٣٠ی ژانویەی ١٩٧١ کاك حەسەنی قزڵجی هاتە مالّمان پاش قسە و باس گوتی: ئەو مەسەلەیە نیگەرانی ناوێ لەهیچ کوێ رووناکایی نییە، چار چییە؟ پارەتان نییە کار و شوغڵێکتان لەدەست نایە چ دەکەن؟ لەبەغدا کەم مابوو لەبرسان بمرن، کەس هەبوو ئاورێکتان وێ بدا؟ خۆت ناڕەحەت مەکە.

گوتم: خۆم نامەیەك بۆ حیزبی کۆمۆنیستی بولغارستان دەنووسم و دەگەڕێمەوە.

خێزانم گریا و گوتی: کاك حەسەن تاکەی بۆ ژیان سەرشۆڕ بین و لەخەڵکی خۆمان دوور بین، باشترە بگەڕێتەوە و ئێمەش هیچمان لێ نایە.

کاك حەسەن گوتی: فایدەی نییە بەبێ حیزبی تودە بولغارەکان هیچ ناکەن.

ئەو شەوە بەناڕەحەتی لەگەڵ کاك حەسەن جیا بووینەوە، نامەیەکی دیکەم بۆ ئیرەجی ئیسکەندەری نووسی و ئاخری مانگی مارسی ١٩٧١ بۆ زیندووکردنەوە و ڕێك و پێك کردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەو برادەرانەی لەعێراق بوون، بەرەو بەغدا بەفڕۆکە کەوتمەڕێ.

لەفڕۆکەخانەی بەغدا لەگەڵ پێشوازی گەرمی کۆمەڵێك لەدۆست و برادەرانی حیزبی بەرەو ڕووبووم.

هیوادارم خوێنەری بەڕێز لەبەرگی چوارەمی بیرەوەرییەکانمدا لەگەڵ تێکۆشانم لەحیزبی دیموکرات دا و کارەسات و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شارەزا بێ.

ڕەسم و بەڵگەنامەکان

بەڵگەی ژمارە ٢٢

دەقی وەرگێڕاوەی بەیاننامەی دوو قۆڵی نێوان نوێنەری کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی تودەی ئێران:

لەسەرەتای مانگی فیوریەی ١٨٦٨ کۆبوونەوەی ڕاوێژی دەستەی نوێنەرایەتی بیرۆی سیاسی حیزبی تودەی ئێران و کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێك هات، چەند ڕۆژ درێژەی هەبوو، پاش گۆڕینەوەی بیروڕا و وتوێژی بەردەوام لەبارەی گشت مەسەلەکانی بەرچاو، کۆبوونەوە گەیشتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١- لەبارەی ڕێبازی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

نوێنەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەدرێژی ڕێبازی سیاسی ئەو حیزبە و جوڵانەوەی چەکداری کەدەست پێکراوە، ڕوونیان کردەوە، پاش دەربڕینی بیروڕای بەشداربوەکانی کۆبوونەوە، دەرکەوت کەلەخەتی

بنچینەیی رێبازی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی تـودەی ئێرانـدا هیچ ناتەباییەك نییە، ئەم خەتانە بەم جۆرەی خوارەوە کورت دەکرێنەوە:

ئەلف- ح.ت.ا و ح.د.ك بزوتنەوەی خەڵکی کورد لەکوردسـتانی ئێـران بەبەشـێك لەبزووتنـەوەی گشـتی گـەلانی ئێـران دەزانـن .ح.د.ك خـەباتی تێکڕایـی گـەلانی ئێران دژی ئیمپریالیسـت و ریـژیمی دژی دیمـوکراتی و دژی گـەلی شـا بـەئامانجی بنەڕەتی خۆی دەزانێ.

ب- ح.ت.ا و ح.د.ك بزوتنـەوەی میللـی گـەلی کـورد بەبەشـێکی جیانـەبژوەی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلانی ئێران دەزانن، رماندنی ریژیمی کۆنەپەرستی شـا و دابین کردنی دیموکراسی و ئازادیـە دیموکراتیـەکان و مـافی ئینسـانی بـۆ هـەموو خەڵکی ئێران ئامانجی هاوبەشی هەر تك حیزبە.

ج- هەر تك حیزب لەسەر ئەو باوەڕەن کەگەلی کورد مافی خۆیـەتی وەك هـەموو گەلانی ئێران چارەنووسـی خـۆی بەدەسـتی خـۆی دیـاری بکـا، دروشمـی میللـی ح.د.ك بریتییـە لـە: دابـین کردنـی مـافی نەتەوایـەتی گـەلی کـورد لەکوردسـتانی ئێران، لەسـنوری چوارچـێوەی وڵاتـی ئێرانـدا، ئـەو ئامانجـە بەشـکلی ئیتحـادی داخوازانـەی گـەلانی ئێـران لـەپێك هێنـانی یـەك دەوڵـەت دا (اتحـاد فـدراتیو) خۆدەنوێنێ.

د- هەر تك حیزب لەسەر ئەو باوەڕەن کەلەکوردسـتانی ئێرانـدا وەرزێـران هێـزی گرینگی شۆڕشن، هیچ جوڵانەوەیەك لەکوردستان بەبێ بەرزکردنـەوەی دروشمـی روون و ئاشـکرا بـەقازانجی وەرزێـران ناتوانـێ سـەربکەوێ، تـەنیا بەراکێشـانی وەرزێران و زەحمەتکێشانی دیکەی کوردستان بـۆ لای شـۆڕش، دەکـرێ قـوڵتری بکـەی و جوڵانـەوەی میللـی بکـەی بەبزووتنەوەیـەکی بـەرینی دیمـوکراتی کۆمەڵایەتی، بۆ ئـەو ئامانجـە پێویسـتە دروشمـی روون بـۆ وەرزێـران بـەگوێرەی

بارودۆخی هەر ناوچەیەك، لەدابەشكردنی زەوییەوە بگرە تا نەدانی قیستی زەوی و ئیجارە بەرز بكرێتەوە.

٢- لەبارەی راپەڕینی چەكدارانە:

هەر تك حیزب لەسەر ئەو باوەڕەن كەبزوتنەوەی چەكداری ئێستا كەلەكوردستانی ئێران ساز بووە، ئەنجامی فشاری كۆنەپەرستی ئێرانە بۆ سەر گەلی كورد و سەركوت كردنی هەموو چەشنە خۆ نواندنێكە بۆ بەرگری لەمافی میللی و دیموكراتی گەلانی ئێران، هەر تك حیزب ئەم راپەڕینە چەكداری بەهەنگاوێكی بەسەر دابڕاوی دەزانن بەكارێكی لەباری دادەنێن و دەستخۆشانە لەو هاوڕێیانە دەكەن كەتوانیویانە هەڵوێست و بزوتنەوەی چەكدارانە بپارێزن، بەلەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی ئێستا، ئامانج بریتییە لە: پاراستنی ئەو جوڵانەوە چەكداریە، بەهێزكردنی سیاسی و رێكخراوەیی ئەو، پەروەردەكردنی كادرەكان و ئامادەكردنی زەمینەی فكری لەنێو خەڵكی كوردستانی ئێران و سەرانسەری ئێراندا بۆ پەرەپێدانی ئەو بۆ ناوچەكانی تری كوردستانی ئێران و ئێران بەچەشنی گشتی، سەرەڕای بارودۆخی بابەتی و شۆڕشگێڕی بۆ ئەو كارە پێویستە رێكخراوەكانی حیزبی لەكوردستان زیندوو بكرێنەوە و بەهێز بكرێن، لەشارەكانیش بنكە و رێكخراوی حیزبی پێك بێنن، ئەو دەم دەكرێ وردە وردە و بەبێ شێواوی خەباتی چەكدارانە پەرە پێ بدرێ.

٣- لەبارەی شكلی رێكخستنی تێكۆشان لەكوردستان:

ئەلف- هەر تك لا رێك كەوتن كەلەكوردستان بەناوی حیزبی دیموكراتی كوردستان خەبات بكرێ و رێكخراوەكانی ئەو حیزبە زیندوو بكرێنەوە.

ب- هەر تك حیزب لەسەر ئەو باوەڕەن كەلەچوارچێوەی وڵاتی ئێراندا هەموو رێكخراوە ماركسیستییەكان لەحیزبی چینی كرێكاری ئێران حیزبی تودەدا كۆببنەوە، حیزبی دیموكراتی كوردستانیش لەباری رێكخراوەیی و سیاسی و

فیکری دەبێ بۆ ئەم یەکێتییە خۆی ئامادە بکات، بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستا لەکوردستان پێویستە لەپلەی یەکەم دا رێبەرایەتی مارکسیستی لەحیزبی دیموکراتی کوردستان دابین بکرێ، پاشان وردە وردە بکرێ بەحیزبێکی مارکسیستی بەبەرنامەی مارکسیستییەوە.

ج- دەستەی نوێنەرایەتی ح.د.ك رای گەیاند کەمەسەلەی یەکێتی رێکخستنی حیزبی سەرانسەری ئێران لەهەوەلێن کۆنفرانس و یا کۆنگرەی خۆیدا دێنێتە گۆڕێ و تێ دەکۆشێ کەهاوەنگی کۆنفرانس یان کۆنگرە بۆ ئەنجامی ئەم یەکێتییە وەدەست بێنێ.

د- بڕیار درا رۆژنامەی (کوردستان) جارێ هەر بەشێوەی پێشوو لەئەوروپا بڵاو بکرێتەوە.

ح- تا ئەو کاتەی کەیەکێتی رێکخراوەیی پێك نەهاتوە، هەر تك لا رێك کەوتن لەبارەی هەموو هەنگاوە سیاسییە گرینگەکان کەپێوەندیان بەبزووتنەوەی خەڵکی کوردەوە هەبێ و هەر پێوەندییەکی لەو بارەوە لەگەڵ هێز و رێکخراوە سیاسییەکانی دەرەوە و ژوورەوە دەگرێ و پێکەوە راوێژ بکەن و بۆ هەنگاو نان و پێوەندی گرتنی ئاوا رێك بکەون.

و- هەر تك لا رێك کەوتن هەل و مەرجێك پێك بێنن کەپێوەندی بەردەوام و رێك و پێك لەبەینیان دا بەرقەرار بێ.

٤- لەبارەی داخوازییەکانی ح.د.ك:

١- دەستەی نوێنەرایەتی ح.د.ك داوا لەحیزبی تودە دەکا کە:

ئەلف- بۆ پەروەردەی کادر لەکوردستان یارمەتی پێویست بکا، بۆ پەروەردەی کادرەکانی حیزبی فێرکردنی رێ و شوێنی کاری رێکخستن و پەروەردەی سیاسی کلاسی ماوە کورت (یەك مانگە و دوو مانگە) لەکوردستانی ئێران و یان عێراق ساز بکرێ.

ب- هێندێ لەهاوڕێیانی کورد پەروەردەی نیزامی و فەننی بۆ ماوەی سێ تا چوار مانگ بۆ دەرەوە بنێردرێن.

ج- داوا لەدکتۆرەکانی ئەندامی حیزبی تودە بکرێ بەتایبەت لەجەڕاحان کەبۆ یارمەتی دانی بزووتنەوەی چەکداری گەلی کورد بچنەوە کوردستان.

د- هەموو سالّێ هێندێ خوێندکاری کورد (نێزیکەی پێنج کەس) بۆ خوێندن بنێردرێتە ولاتانی سۆسیالیستی.

١١- کتێب و بلاّوکراوەی مارکسیستی بەزمانی فارسی و کوردی ئامادە بکرێن و بۆ کوردستان بنێردرێنەوە.

١١١- دەزگایەکی ماشێنی نووسین و پولی کۆپی بۆ ح.د.ك ئامادە بکرێ.

١٧- بۆ ئامادەکردنی ئەو شتانەی کەبۆ هەلومەرجی ئێستا پێویستن، بۆ پاراستنی بزووتنەوەی چەکدارانە لەکوردستانی ئێران بۆ چەك و تەقەمەنی هەنگاو بهاوێژرێ.

٧- رادیۆ پەیکی ئێران بەتایبەت سەرنج بداتە جولاّنەوەی چەکداری گەلی کورد بەتایبەت لەبەرنامەی کوردی دا ئامانج و دروشمەکانی ئەو جولاّنەوەیە بلاّو بکاتەوە و گەلانی ئێران وریا بکاتەوە و تەبلیغاتی کۆنەپەرستی ئێران و ئیمپریالیزم پوچ کاتەوە.

٧١- یارمەتییەکی مالّی بۆ ح.د.ك.ا بکرێ و بۆ داهاتووش یارمەتی بەردەوام و رێك و پێك لەبەرچاو بگیرێ، وبستی ح.د.ك ئەوەیە پێویستە ئەوپەڕی یارمەتی بکرێ بۆ ئەوەی لەپلەی یەکەمدا وەزعی کادرەکان و خاوخێزانی گیراوەکان و پێشمەرگە رێك و پێك بکرێ، لەگەلّ پەرە گرتنی جولاّنەوە یارمەتی ماددیش پەرە پێ بدرێ.

پێڕست

بەرکولێکی پێویست ٥١٣
بەرەو چارەنووسی تازە ٥١٤
رۆژنامەی کوردستان لەئەوروپا ٥٢٠
کۆنگرەی ٢ی حیزبی دیموکراتی کوردستان ٥٢٨
دیسان لەگەڵ برادەرانی تودە ٥٣١
نامەی شەهید سولەیمانی موعینی ٥٣٣
دەقی وەڵامی نامەی کاك سولەیمان ٥٤٢
ئەنوەر دڵسۆز و دەنگ و باسی تازە ٥٥٤
گەیشتنی چەند نامەی تازە ٥٥٩
پڵ و پا بۆ گەڕانەوەی عێراق ٥٦٧
گەڕانەوە بۆ ئەوروپا ٥٧٩
تەقەڵا بۆ گەڕانەوەی کوردستان ٥٩٨
میواندارى عیزەدین مستەفا ٦٠٠
نامەی کاك سولەیمان و کاك حەمەدەمینی سراجی ٦٠٣
گەڕانەوە بۆ بەغدا ٦١٠
رووداوەکانی تازە ٦٢٢
بەشوێن رووداوەکاندا ٦٢٦
لەکوردستانی ئێران ٦٣٩
رێکخراوی رووناکبیرانی کوردی ئێران لەئەوروپا ٦٤٢
دیسان بەرەو بەغدا ٦٥٤
نامە بۆ سەرۆکی بەڕێز مستەفا بارزانی ٦٥٧
لەلای دیکەوە چ باس بوو ٦٦٣

گەڕانەوە بۆ ئەوروپا..... ٦٨٤
وەدەنگ هاتنی حیزب و رێکخراوە ئازادیخوازەکانی دنیا لەسەر گەلی کورد
..... ٦٨٦
کاك حەمەدەمینی سراجی لەئەوروپا ٧٠٧
بەڵگە و ڕەسم و نووسراوەکان..... ٧١٤